تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

# دیوانی عارفی ربّانی، شیخ احمدی جزیری

مه‌شهور به:

# مه‌لای جزیری

قدس سره العزیز

«هه‌ژار» شه‌رحی لی کردوه

# دیوانی عارفی ربّانی، شیخ احمدی جزیری

## مەشهور بە: مەلای جزیری

قدّس سرّه العزیز

«هەژار» شەرحی لێ کردوە

سروش
تهران - ۱۳۶۱

خیابان استاد شهید مطهری، نبش خیابان شهید مفتح، ساختمان جام‌جم
چاپ اول: ۱۳۶۱
حروفچینی: لاینوترون انتشارات سروش
این کتاب در پنج‌هزار نسخه در شرکت چاپ پنگوئن چاپ و در شرکت افست (سهامی عام) صحافی شد.
همهٔ حقوق محفوظ است.

بسم الله الرحمن الرحيم

## هاوزمانه ئازیزەکەم!

خۆت لەمن باشتر دەزانی، کە ئێمەی کورد، چەند گەلێکی هەژارو هەناسە ساردین. چەند لەکاروانی ژیارو شارستانی، بەجێماوین. ترسێنراوین، رەتێنراوین، بەشخوراوین. وا پترلە هەزارساڵە خراوینە ناو چاڵەوەو قەتیس ماوین. دەرەتانی رزگاربونمان بۆ نەماوە. داگیرکەران هەردەمەی بەناوێکەوە بەناوی دین، بەبیانوی هاونەژادیەوە، راویان کردوین، خواردویانین، بەیەکتر سپاردویانین، کوشتویانین، بە هەزاران دەردیان بردوین. تەنانەت رێگە نەدراوین هەتا ژیاوین بەزمانی خۆمان هاوارکەین. ئەو مافە رەوایەی کە خوا، بۆ بەندەی خۆی رەوا دیوە، کورد خۆرانێ کە بە خۆیان گوتوە موسوڵمان و خودا پەرست بە نارەوایان زانیوە. لەروژیش ئاشکراترە کە قەباڵەی بون‌و مانی هەمو گەلان لەم سەرزەمینە زمانە. ئەگەر زمان لەناو درا، بون‌و مانیش لەناو دەچێ.

ئێستا کە لەم برانەوەی چەرخی بیستا هەوای ئازادی‌و رزگاری هەڵیناوین‌و هەوڵ دەدەین ئێمەش وەك گەلانی دیکە، خواپێداو بین‌و ناوێکمان لەدنیا هەبێ. چاوەچاوین بەخەباتمان بگەینە بستوی ئاواتمان‌و خۆمان رەگەڵ کاروانی گەلانی ئازاد بخەین... هاوار بکەین: کاکە بەجێمان مەهێڵن، ئێمەش گەلێکین وەك ئێوەو شێوەمان لەخۆتان دەکاو بائێمەش وەك ئێوە بژین.

لێمرونە لێمان دەپرسن: کواپێناستان؟ تاباوەریتان پێ بکەین. نازانم دەبێ چی بڵێین؟ پێناس زمانە، فەرهەنگە، مێژوی کەونارا و تازەیە، وێژەو شیعرو ئەدەبیاتە، بە هەمو لك‌و پوپیەوە. بەناشکوری خودا نەبێ ئێمەی کڵۆڵ‌و چارەرەش، تائێستا بۆمان نەلواوە، زمانە بەستەزمانەکە بەتەواوی لەشوێنێکدا کۆ کەینەوە. بێتاریخین؛ هەرچی دەربارەی کوردەوە لە تاریخاندا نوسراوە هیچی بەزمانی کورد نەبوە. ئەمەواتا هەرکوردێکی لەعارەبی‌و فارسی‌و ترکی تێنەگەیوە ئاگای لەمێژوی خۆی نیەو ژینامەی رابردوەکانی، بەگوێچکە ئاشنا نەبوە.

هەمو چەرخێك، بەسەتان‌و هەزاران بوێژمان هەبوە. بەڵام بە فەرمودەی **حاجی قادر** «لەبەر بێ

دەفتەری ون‌بون‌و فانی». ئەگەر تاك وتەرایەکیان، لێرو لەوێ بەسەر زارانەوە ماون‌و بەیەکجاری نەفـەوتاون و دەماودەم بەئێمە گەیون؛ تێیان ناگەین، هەوڵیش نادەین تێبگـەین‌و بزانین ئـەو کەلەپورەی کە بۆئێمە بەجێماون چەند بەنرخن.

هەزاران کوردی وا هەیە، لە وێژەو مێژوی گەلاندا هێند شـارەزان بونە دەریا. بەڵام لەمەر ئەدەبیات‌و فەرهەنگی کورد، تڵپاتی تەڕیش شـك‌نابەن. رەنگـە بڵێن جـا ئێمە وەکو خـۆت گوتت داگیرکەر ڕێگەی نەداوە خـذمەت بەخـۆمان بکـەین‌و پەرە بە زمانەکە بدەین!! چـارمان چیە؟ من عەرزیان دەکەم وا نیە. جـولەکە دو هەزارسـاڵان دەربەدەرو لانەوازبون. زمان‌و ئـەدەبیاتەکەیان پاراستوە. یا بەگفتی حاجی قادر: ئەرمەنی بەخەتی خـواری، ئـەوە هیچ کە زمانەکەی پاراسـتوە، بگرە پەرەشی پێداوە. دەی ئەوانیش وەکو ئێمە کەئێستا لێمان قەوماوە، لێقەوماو بون.

جا با ئیستا لە لۆمەو سەرکۆنەگەڕێین، ئەوی چو، چو. مردو بەگریان‌و شیوەن ناژیتەوە. ئیستا چی بکەین؟ چۆن خۆمان زیندو کەینەوە؟ دەسا با شنگڵ لەخۆدەین. ئەم چـەند بەڵگـە پەرپوتانەی کەپێناسـی زیندویەتی گەلی کوردە، کۆ کەینەوە. هەر خـوێندەواریکـی دڵسـۆز بەپێی توانا، لە سوچێکەوە بۆی بچێ. ئـەدەبیاتی کەونارامان، ژینامەی رابردوەکانمان بزانین‌و بیان‌کەینە مایەی شانازی. زمانە شیرینەکەمان بەتەواوی بخەینە سەر قاقەزان‌و لەنەزانی رزگارمان بێ.

دەسـا وامن بەپێی توانای هەژارانەم، خـەریك دەبم: دیوانی مەلای جـزیری شـی‌کەمەوەو بەکوردیەکی خۆماڵیانەی کە ئەمرۆ لەناومان باوە، شەرح بکەم... گوتم بەگوێرەی توانای خـۆم. واتا ئـەوەندی دەیزانم دریغ ناکەم. چـونکە دەزانم جـزیری زۆر لەوە بەمایەترە، کە هەژاریکـی کوڵەوار لەخوێندندا لەو عیرفانە صوفیانەیەو لەو دڵداریە گەرمو پرشنگدارە کە لای مەلای جزیری بو سەر دەر بکـا. بۆیە لەبەر خـوێندەوارە کوردەکان دەپاڕێمەوە یاریم بدەن خـەڵەتم بۆ راسـت کەنەوەو لە هەرکوێدا ڕێم هەڵە کرد بم‌گەڕێننەوە راستەڕێ، خوا راستەو، راستی لێخۆش دێت.

# کوردو خدمەت بە ئیسلام

ئەگەر توزێك بەوردیو پشو درێژی، کتێبە مێژوییەکانی چاردە چەرخی ئیسلامەتی بپشکنینو وەخوێنین. نوسەرانو بەهونەران، وێژەوانانو هۆزانان... ئەوانەی کە زۆر خذمەتیان بەدینی ئیسلام کردوەو لە ناو هەمو موسوڵمانان ناوو ناوبانگیان کردوە، لەبەر چاوانیان رابنێین، سەرنج بدەین کە هەریەك لەو موسوڵمانە زانایانە بەبنیچە لەکام گەل بونو لەکام نیشتمان گوراون. ئەوسا بۆمان دەردەکەوێ، کە بەشی کورد لەم ناوەدا هەتا چەندەو چەندی دەستە چیلەی زانست، خستوتە سەر ئەو گرو بڵێسە پاكو پیروزەی ئیسلامەتی. بروانیە هەر کتێبخانەیەك سەتان کتێب دەربارەی ئیسلامەتیەوە، لەنوسەرانی کوردەوە دێتە بەر چاو، بەعارەبی، بەفارسیو ترکی نوسراونو خاوەنەکانیان کوردبونو هەر نەشیان فەرموە کوردین.

**ئیمام محمدی غەزالی** فەرمویەتی: دینی ئیسلام لەسەر سێ ستون وێستاوە. ئەگەر خودا ئەو سێ کوڵەکەی نەدابا؛ لەوانەبو تێك بتەپێ. ئەم سێ دیرگە ئەستورانەش «**دینەوەری**»و «**ئامێدی**»و «**شارەزوری**» بون. کام موسوڵمانی خوێندەوار هەیە هەر کوێرە سیوادێکی بێ: ناوی پیاوی بەناوبانگی وەکو **ئیبنوخەلەکان، ئەبوالفیدا، ئیبنوحاجیب، ئیبنوصەلاح**، هەرسێ **ئیبن ئەثیرە** کانی بڵیمەتو سەتان ئیبنو ئەبوی دیکەی نەبیستبێ، کە کوردبونو بە عەرەبی نوسیویانە؟ کام دەشتەکیو شوانە وێڵەی نەخوێندەوار، لە هەمو دنیای ئیسلامدا دەس دەکەوێ کە ناوی **ئیبنوسیرین**ی نەبیستبێ. ئەو کابرایەی داهێنەری خەونامەیەو لە خەون لێکدانەوەدا هەتا ئێستا هاوتای نەبوە. کێ دەزانێ ئەو زیرەكو بڵیمەتەی کە خەونامەی هەمو روژێ سەر بەهەمو ماڵی موسوڵماندا دەکاو خەونیان بۆ لێك دەداتەوە، کوڕە کوردەو خەڵکی مەڵبەندی باڵەکە لە کوردستانی عیراقداو ئێستاش گوندێك لەجێگەی سیرین ئاوایەو ناوی بەرسیرینی هەیە.

خەلەکانی نیشتمانی مێژونوس **ئیبنوخەلەکان** لە نێوان هەولێرو کوێە هەڵکەوتوە. **ئیبنوحاجب** کە واتا کوڕی پەردەدار. لەجزیری ئیبنو عومەر ژیاوەو کوڕی پەردەداری میربوە کە

جزیریش مەڵبەندێکە لە کوردستانی سوریە.

پێی ناوێ لەسەری بروّم. ئەگەر بە دورو درێژی، ناوی هەمو ئەو کوردانەی کە لەرێی زانستو هونەر لەدرێژایی هەزارو ئەوەندە ساڵدا لەرای ئیسلامدا کوشاونو ناویان تێدا دەرکردوە، بیرخەمەوە؛ وشتر لەبنیا نرکەی دێ.

هەر دور نەروّین لەم چەند چەرخانەی دواییدا کەسانی وەك مەلا عەبدوالله بێتوشی، **ئیبنولحاج و ئەبوبەکری موصەننیف و مەلاجامی** و صەتان کوردیوا هەڵکەوتون، کە بونەتە مایەی شانازی عەرەبو پێشرەوی موسوڵمانان بون.

هەر لەم چەرخی بیستەمەدا، سەتان کەسی وەك **زەرقلی** خێوی کتێوی **الاعلام، ئەحمەد شەوقی** کە نازناوی امیرالشعرای عەرەب زوانانی پێ درا، **رصافی** شاعری عەرەب کە کوتەڵی لە بەغدایە بو چەقاوە. مێژونوس: **محمد کورد عەلی، عەبباس مەحمود عەققاد** کە بە ماموستای بێهاوتای وێژەی تازەی عەرەب زمانان ناسراوە. چیروك نوسانی بەناوبانگ لەمیسرو دنیای عەرەبدا: **مەحمود تەیمور، عایشە تەیمور** کە کورد بونو بونە جێی شانازی عەرەبو کورد هیچ بەهرەی لێ نەدیون!!

## با بزانین بوچیو لەبەر چی؟

زوربەی ئەو پیاوە گەورانەی کە باسکرانو کران بە نمونەی مشتێك بو خەڵوارێك؛ یان هەر لەناو عەرەباندا لە دایك بونو لەناو عەرەب زمانانداپەروەردە بونو جیا لەزمانی عارەبی فێری زمانێك نەکراون. یا خو خوّیان لە زمانە زگماکەکەیان شاردوتەوەو بەو زمانەی کە پەرەو رەواجی هەبوە، نوسیویانە. نوسراوەکان کە زور بەنرخو هێژابون عەرەب زوان پێی خەنیبونو کتێب خانەکانی خوّیان پێ رەنگاندونو بە شانازی گوتویانە ئەو کەسانەی کە ئەوەندە خزمەتیان بەزمانەکەمان کردوە بە عارەبیان دەژمێرینو هەرکەسیش دەڵێ وا نەبو، تێر ئاوی سارد بخواتەوە!! (دکتور طه حوسین؛ ئەو زانا بەناوبانگە کوێرەکەی میسری. لە بیرەوری ئەبوعەلی سینادا لە وتارێکا گوتی: ئەبوعەلی سینا بە عەرەبی نوسیویەتیو ئێمە بە عەرەبی دەزانین. جا با ئێرانیەکان هەر هاوارکەنو بڵێن لەخوّمانە).

دە ئوبالٌ بەستوم هەقیانە. زمان پێناسی گەلانە. هەرکەس لە هەر رەگەزێك بێ، بە هەر زمانێك باخێوێ یان بنوسێ، دەگەڵ خاوەن زمانەکە بوتە یەكو ئەشێ بەربەی ئەو بپێوێ. راستت دەوێ کەسانیوا وەك تاڵان کرابن وایە. بەرهەمەکەی خەڵك دەیباو منەتیشی لێ نازانونو ناشی ناسنو بەهرەی بە بێگانە دەگاو خزمی خوّی هەڵاواردوە.

بونمونە حاجی قادری هەر زیندو کە دیتویە عەزرەتی کاك ئەحمەدی شیخ، کتێبی شەرعو وەعظەکەی کە ناوی ناوە: مەکتوبات، بە زمانی فارسی داناوە؛ ویستویە بەگژیا بچێ، نەی وێراوە. زور بە خشکەو دە پەردەدا لە سێ بەیتا گەیاندویەو فەرمویەتی:

وەك مریشكێك كە بەختی نەیهێنێ  بێتو جوچكەی مراوی هەڵبێنێ
هەر بگاتە كەناری جۆگەلەیەك  نایەتەشوێنی، بمرێ، جوجەڵەیەك
ئەم لەوشكانی ئەو لەناو ئاوە  تێ دەگا... درانی پێ ماوە

جا ئەگەر حاجی قادری نەمر. ئەوەندە بۆ كوردی نوسین بە تاسە بوەو بەلایەوە كفر بوە كوردێك بزانێ بنوسێو بەزمانی كوردی نەنوسێو تەوس‌و توانجی تێ گرتون. ئێمە هەر دەربارەی كەسێك كە وەكو كاك ئەحمەدی شیخ لەناو جەرگەی كوردا ژیاوەو بە تەما بوە ئاموژگاری كوردان بكاو دە قورعان‌و حەدیثانیان بگەیەنێ. كەچی بچێ بەزمانێك بۆیان بنوسێ كە تێ نەگەن. حەق دەدەین بە حاجی قادر. نەك دەربارەی هەمو كەس لەو نوسەرانەی كە بەزمانی بێگانە كتێبیان هەیەو بە خۆیان نەگوتوە كوردین. وەك كورد دەڵێ: پیاو نابێ جوانان بشكێنێ. یان وەك دەڵێن با قسێكیش بۆ دز بكەین. ئەگەر توزێك بە وردی‌و لە سەرە خۆیی رابردوی ئەو پێشینانەمان، تەرزی ژیانیان، باری رامیاری‌و كۆمەڵگای كە ئەوانی تیا ژیاون، بێنینە بەر چاوی خۆمان بۆمان روشن دەبێتەوە كە زۆریش خەتابار نەبون. هەركامێك لە ئێمەی ئەمروش وەك ئەوان باین؛ ناچار بوین وەك ئەوان بكەین.

زۆر لەو نوسەرە گەورانە وا رویداوە دایك‌و باوكیان لەبەر نەداری‌و هەژاری یان لەترسی دارکاری‌و بێگاری زۆردار، سیپاڵە شرەی ناو ماڵیان بە كۆڵیانەوە گرتوەو بەرەو وڵاتی غەریبی بگرە هاتم. لە وڵاتانی كەس نەناس گیرساونەوە. لە رێی بژێوی منالیان رەنجیان داوەو زۆر بە هەژارانە ژیاون. دیارە منالی ئەوانە فێری زوانی منالانی دەوروبەری خۆیان دەبن. یان منال لە وڵاتی نامۆ پای ناوەتە سەر دنیاوە. دایك‌و باوك خواخوایانە كورەكەیان فێری زوانی ئەوانە بێ. كە ئەو كاریان لە لا دەكاو هەوڵبدا بەچكە ئاغا تێ بگەن‌و تێیان بگا.

بۆ نمونە چیرۆكی دولەو كوردانە دەگێڕمەوە.

پەیام نێرێكی گوڤاری **روزالیوسف** وتوویژی دەگەڵ **عەبباس مەحمود عەققاد** دا كردبو. یەك لە پرسەكان ئەمە بو: تۆ لەكام مەڵبەندی میسرا لە دایك بوی؟ عەققاد گوتی: كچم من میصری‌نیم، كوردم. باوكم خەڵكی دیاربەكر بو، چەرچی ئاوریشم فرۆش بو. كەڵافە ئاوریشمی دیناو لە میصر دەیفرۆشتەوەو بەوە دەژیاین. دواجار لە چەرچی گەریەتی وازی هێناو دەگەڵ دایكم ئێمەشی هێنا قاهرەو بە یەكجاری نیشتەجێ بوین. خوێندمو پێ گەیشتمو بومە نوسەر بە عارەبی. كەڵافەش چونكە لای عارەب عوقدەی ناوە نازناوی خۆم كردە عەققاد.

جارێكی‌تر، رۆژنامە نوسێكی دیكە، ئەو پرسیارەی لە **شیخ عبدالباسط عبدالصمدی** قورعان خوێنی ناوداری میصری كردبو. كە تۆ لە كام عەشیرەتی. گوتبوی باوكی من كوردێك بو لە ژیانی ئاوارەیی دا هاتبوە شاری قاهیرەو ببوە مجێوری مزگەوت‌و من لە میصر لەدایك بوم.

جا ئیستا چخوابەرداره گلەیی لە عەققاد بكەین، بۆچی بەكوردی نەنوسی؟ یان بە عبدالباسط بێژین: كوا مناجاتی بەكوردیت؟

پێویسته له بیرمان نەچێ؛ مرۆ وەك فرشته نیه، كه بژیوی نەبێو بژی. هەمو كەسێك وردو درشتو خاوو گشت، چكەوتبێته ناو چاڵا،یان حەوتەبەقە باڵا بێ؛ نانو ژیانێكی هەر دەوێ. بەرگو پێڵاوی گەرەكە. ئاتاجی ئەنواو بانێكە له بۆرانی بپارێزێو شەوانە تێیدا بسرەوێ. هەموكەس بۆ كەرستەی ژین پێویستە ئەرك بكێشێو چەند بۆی دەلوێ بۆ خوشی ژیان بكۆشێت. هونەرمەند هونەری دەرخاو پلەو پایەی خۆی وەسەرخا.

دەسا با لێكی دەینەوە: ئەو كوردە خاوەن جەوهەرەی دەبەر حوكمی عەرەبو تورك و فارسدا. نوسینی بە زمانەكەی خۆی نەك هیچكەس پەرەی پێ نەدا، بگرە بەتاوان حەساو بێ؟

ئەگەر سواری سەری خۆی بێو لەسەر كوردی نوسین سوربێ؛ كێ ئافەرینی لێ دەكا؟ كێ كتێبەكەی لێ دەكڕێ؟ بەچی بژی؟ بەچی جێگەی لە كۆمەڵگادا خۆش بكات؟ دەپێناوی كوردی نوسیندا بیگرن. كێیە لەسەری وەجواب بێت؟ كوردی خزمی؟! ئەوان بۆخۆیان لەچاڵدان پێویستیان بەخەڵكی هەیە دەستیان بگرێ.

رەنگە ئێستا لەبەرخۆتەوە بپرسی: گەلۆ ئێمەش وەك عەرەبو تورك و فارس موسوڵمانین، خاون بڕوا بە قورعانین. بۆچی ئێمە زمانمان لێ قەدەغەیەو ئەو برا موسوڵمانانە بەزمانی خۆیان دەنوسن قەیدی نیە؟!.

وەڕامەكەشت ئەمەیە:

---

دەستوری ئیسلامی بەراست كەقورعانە دەڵێ: موسوڵمانان بران. پێغەمبەری خودا فەرموی: هەرگیز عەرەب لە ناعەرەب زلتر نیە. كێ لە گوناه بە پارێزترە لە لای خودا بەرێزترە.

سەلمانی فارسی ناوێك، كەس نەناسو روتو پێخواس كۆیلەی زەلامێ جولەكە، لای پێغەمبەر لە خزمە نیزیكەكانی بەرێزتربو. فەرموی سەلمان كەسی منە.

لە دوای كۆچی پێغەمبەریش هەتا نیزیكەی چل ساڵێك كەس گوێی نەدەدا بە نەژاد، بە خوێن، بە نەجیمیو نانەجیمی. هەر لە خوا ترسان مەرجبو بۆ گەورەییو قەدرو حورمەت. بەڵام بە هەزار داخەوە هەر لەو ساوە حوكم كەوتە دەست بەرەی ئەمەویەكانو پادشایەتی بە كەلەپور لە ناو ئیسلامدا دامەزرا. برایەتی گەلانی ئیسلام توایەوەو بەناخی هەردا رۆییە خوار. كار بوبە زۆردارو بێزۆر. هەركەس، هەرتیرە، هەربەرەی دەستەڵاتی وەدەس كەوت خۆیو خزمو هاونەژادی بڵند كردو وەكو ئاژەڵ لە هاودینە نامۆیەكانی دەڕوانی. خەلیفەكانی ئەمەوی ئەگەر تەرمێكیان بدیبا، دەیان پرسی: كێیە؟ ئەگەر دەیانگوت قورەیشە، هاواریان دەكرد خزمەرۆ. ئەگەر بیان گوتا عەرەبە، دەیانگوت لە هۆز كەمی كرد. بیانگوتایە عەرەب نیەو موسوڵمانە، دەیانگوت ها، ماڵی خوایە دەیداو دەشی سێنێتەوە.

دراو خۆشبێو مەلا خۆشبن؛ درۆ كردن بەزمانی پێغەمبەرەوەو بە بوختان حەدیث هەڵبەستن، لە توڵەكە هەزرانتربو. گوتیان پێغەمبەر فەرمویە: خوا لە ناو جانەوەراندا، ریزی لەبابە ئادەمنا. لە زاروزیچی ئادەمدا، هۆزی عەرەبی هەڵبژارد. لە ناو هەمو هۆزی عەرەب، قورەیشی زۆر پەسند

کردو کردیه گەورەی بەرەی مرۆ.

گوتیان عەرەب دەگەڵ ناعەرەبدا هاو کوف نیە. واتا ئەگەر ژنێکی دەشتەکی عەرەب، میرد بە یەکی وەکو ئەبوعەلی سینا بکا دروست نیە. چونکە پایەی ژنی عەرەب زۆر لەوپلە بەرز ترە. گوتیان پێمێرد لەناو گوردا، بە عارەبی مردوی ناعەرەب دەدوێنن، جا با مردو کونە ترکێکی بیلمەز بێ. گوتیان لە رۆژی قیامەتا هەمو کەسێك دەبێ عارەبی بزانێ دەنا بەشەق دەری دەکەن. گوتیان، گوتیان... و...

کاری خۆ بەزل زانینو نەژاد پەرستی عارەبی خاوەن دەستەڵات، هەر بەوەندەوە نەوەستا کە بڵێ: دەبێ بە عارەبی فێربنو بەس. گوتیان: هەرکەس بڕوای وابێ دەتوانێ بەزانستو خوا پەرستی بگاتە رێزی عارەبان. کافر دەبێو نێویان لێ دەنێین (شعوبی). و لەسەر ئەو تومەتە گەورە بش کوژرێن، بە فیڕۆ دەرۆن.

جا وەختێ حاڵ ئەو حاڵەبیو دنیاو دینی هەمو کەسێك، بە عەرەبی نوسین بەندبێو بە عەرەبی گوتن بژیو لە قەبرو قیا مەتیشماندا، عەرەبی نەزانین لاڵبین؟ چۆن دەکرێ گلەیی بکەین کە فلانکەس بۆچی نەیگوتوە عەرەب نیم. یان فیسارکەس بۆ بە زمانی خۆی نەنوسی؟! جا نەك هەر کورد بگرە هیندیو فارسو ترکو ئەفغانیو گەلانی تریش، کە ژێر چەپۆکەی عەرەب بون؛ خوێانو زمانەکەیان لەبیر خوێان بردۆتەوەو بەختەوەریان ئەو کەسە بوە کە بتوانێ خوی وا بە عەرەب نیشاندا کە بە عارەبی بزانن - هیچ نابێ پێمان سەیر بێ کە پیاوێکی زاناو دانای وەك صاحیبیبنی عەبباد کە لە چەرخی چوارەمی کۆچیدا ژیاوە؛ بڵێ نارۆانمە ئاوێنە چونکە بیچمی ئێرانیەکم نیشاندەدا، بێزم لەخۆم دەبێتەوە. یان شیخ محمدی زاهید، کە نازناوی تاجالعارفینی هەبوەو باپیری ئەو شیخ حیسامالدین چەلەبیەبوە کە مەولانا جەلالالدین لە مەثنەوی پێی هەڵدەڵێ، لە هۆزی گاوانی کوردو لە سەرەتای چەرخی شەشەمیندا ژیاوە. فەرمویەتی: «شەو کورد بومو هەر کردیە رۆژ بوم بە عەرەب».

هەوڵدان بۆ بونە عەرەب، یان فیڕبونی زمانی پاراوی عەرەب کە قورعانی سەرینچاوەی دینەکەمان بەو هاتوە. ئەوەندە کاریگەر بوە، کە یەکجاری خۆمان لەبیر بەرێتەوەو کەس ئاور وە سەر زمانو رەچەڵەکو نەریتی نەتەوایەتی نەداتەوە.

ئەگەر لە پاش نەمانی عەباسیەکانو نەژادپەرستانی عارەب؛ گەلانی فارس یان تورك یاخۆ موسوڵمانانی تر، دەپاڵ عەرەبی فیڕبوندا، زمانی زگ ماکی خۆشیان ژیاندۆتەوە هەر خزمەتیان بەزمانی قورعان کردوە. بەو زمانەی کە عەرەبی نەزانەکان زانیویانە قورعانیان بۆ تەفسیر کردون.

حەدیسیان پێ وەرگێڕاوە، هەڵبەستو پەخشانەکانیان، با بە عارەبیش نەبوبێ هەر باسی خودا ناسینو قورعان بە پیرۆز زانینبوە. کە دیتوشیانە ئیمانیان بە دەکارکرنی زمانیان لەدەست نادەن. هێدی هێدی مێژوی نەتەوایەتی خوێان، ئەدەبیاتی میراتی رابردوەکانیان. هێناوەتە سەر کاغەزو شناسنامەی سەربەخوێیی نەتەوەی خوێان سازداوەو پێی بونە پیاو.

بەڵام بەناشکوری ناڵێم! ئێمەی کوردی موسوڵمانی بەستەزمانی هەمیشە ماف پێشێل کراو، قەت عاسمانی ساومان نەدی. شەشەکان یان رەمەزان بو. بەشمان هەر ژەمی بێنان بو، ئاغاکانمان ئەگەر عەرەب یان تورك یاخۆ فارس‌بون، هەرچەند بە دەم گوتویانە: ئێمە برای دینی‌تان‌و موسوڵمانین‌و هەمو پەیڕەوی قورعانین. لەراستیدا خواردویانین. تەنانەت زمانەکەشمان لەلای ئەوان بویتە مایەی گوناهباری. کورد هەرگیز لە هیچ کاتێکدا لە ژێر حوکمی ئەو موسوڵمانە جوانانە! نەی وێراوە تەفسیری قورعانی خوداش بەزمانی کوردی بنوسێ. چجای باسی ژان‌و کوانی دەردی ژیرڕدەستەیی‌و پەستی‌و دادو هاوار لەدەس برایانی هاودین بە زمانە خواپێداوەکەی لە بارەگای خودا رانێ. کورد ئەگەر پێی خوێندرابێ، هەرگیز بە زمانی خۆی نەبوە. زمانی خەڵکی خوێندوە. ئەگەر جەوهەرو هونەری لەپاڵ خۆیدا شکبردوە؛ ناچاربوە بەزمانی لەخۆی بێگانە نیشانیدا. ئەوکابرایەی لەبەرحوکمی فارس یان تورك یان گەلێکی دیکە دایەو جگەلە زمانی ئاغاکەی، زمانێتر رەواجو برەوی نیە. ئەگەر بەتەمابێ بژی‌و مایەی بژیوی پەیداکا. گەرەك بەزمانی رەواجدار رمێنێك بۆخۆی پەیداکا. وا دەبینین کە هەزاران لە نوسەرو هونەرمەندانی بەچکە کورد، لە فارسی‌و ترکی‌و عەرەبی‌و تەنانەت روسی نوسیندا، خاوەن ناون‌و لە زمانە زگماکەکەشیان بەش بڕاون.

بەڵێ ئەو داگیرکەرانە موسوڵمانە بەدەمانە ویستویانە گەلی کوردمان، کە خاوەنی کوردستانە بتوێننەوەو توانەوەشی بەنەمانی زمانیەتی. تا بتوانن کوردستانی داگیرکراو بەیەکجارەکی قوتدەن‌و مالخوراو بەکۆی زوخاڵ بێ.

بەڵام خواستی خودای گەورە، دەگەڵ ویستی ئەو گەلە کوردخۆرانەدا، یەکتریان نەگرتوتەوە. لە هەر دەورو زەمانێکدا، لەکوردستان چەند کوردێکی وا هەڵکەوتون؛ کە بە زمانە خودا پێداوەکەی خۆیان، بە شیعری ناسك‌و پاراو، لە بەر خودا پاڕاونەوەو ئاسەواری بایەخداری وەهایان لێ بەجێماوە کە بە لافاوی زۆرداران نەروخاوەو هێندە خۆش‌و دڵبزوێن بون، گەلی کورد لەناو دڵیاندا هەڵیان گرتوەو سینە بەسینەو دەستاو دەست، باب بە رولەو پیاو بە نەوەی خۆی ئەسپاردون. بەڵگەی مان‌و نەتوانەوەی زمانەکە لەناو شیعرو ئاسەواری ئەو چەند کوردە بڵیمەتە، گەیشتوتە دەستی ئێمەو ئێستا زۆر بە شانازی دەڵێین: ئێمەش خاوەنی زمان‌و ئەدەبیاتی گەشەدارین‌و دەتوانین بە خۆمان بیژین: ئێمەش چتین...

یەك لەو پیاوە کەڵەپیاوە بەناوانەی کە بونە هۆی نەکوژانەوەی بڵێسەی گڕی بەتینی زمانمان، **شیخ ئەحمەدی جزیری** بو. ئەگەر لە نیوە بەیتێکیا فەرمویەتی: «شەوچرای کوردستانم» زۆر دوروستەو هیچ گومانی تێدا نیە.

ئەو شەوچرا تیشکدەرەی کە خودا لە رۆژگارێکدا، بۆ گەلی کوردی ناردوە؛ لەسێ لاوە تیشکی‌داوەو تاریکی لەسەر رەواندوین. یەکەمینیان، خودا ناسینی بەراستی، کە ناومان لێناوە عیرفان. دوهەمینیان، شیعری تەڕی دڵدارانە واتا غەزەل. بەشی سێهەم، هەرچەندە خۆی ئەو

نیازەشی نەبوبێ. دەکار هێنانی زمانی خودا پێداوی خـوێەتی کە کوردیەو زمانەکەی بەشـیعری ناسك‌و دڵگـر بۆ هەڵگـرتین. چـۆنە لەناو هەزاران‌و هەزاران کوردی خـوێندەوار، کە هامدەوری جزیری بون؛ ئـەو پیاوە بڕیاری داوە هەڵبەسـتی بە کوردی بڵێو بەڵگـەی هەرگیز نەمردنی لەناو دڵی هەمو کوردی خوا پەرستا کەبیناسن تۆمار بکا؟

وەرامەکەی زۆر هاسانە. مەلا لە قورعان‌و حـەدیث شـارەزای بێهاوتا بوە. زانیویەتی خـودای گەورە هەر وەك دە عارەبی دەگا، لەو زمانە کوردیەش دەگا کە خـۆی بە بەندەی بەخشـیوە. رازو نیاز دەگەڵ خوادا، بە هەر شێوەو زمانێك بێ فەرقی نیە.

مەلا لە پلەی عیرفاندا گەیشتۆتە چڵە پۆپە، دەگەڵ خودا تێکەڵ بوەو بە فەرمودەی ئـەولیایان، گەیوەتە وەحدەتول‌وجـود. عارف کە گەییە ئـەو پایە، ئیتر دنیاو قیامەت‌و خـۆشی‌و ناخـۆشی‌و هەژاری‌و سامان داری، لای ئەو نرخـی پوشـە کایەکی نامێنێ. لە هەر چیەکی رادەمێنێ خـودای تێدا بەدی دەکا. وەکو حافظ پێمان دەڵێ:

لەمەیخانەی‌مەجوسان‌رۆشنی‌خواهاتەبەرچاوم  دەبڕوانەچتۆتیشکێ‌لەکوێداخۆی‌نیشانداوم

مەلا لە شێعریکیا دەڵێ:

مینەت ژخودایێ کو بعەبدی خۆ مەلایێ  ئیکسیری غەمی عیشق نە دینارو درەم دا

کەسێ کە سوپاسی خوا دەکا لە جێگـەی دینارو درەم، ئیکسـیری ئـەوینی هەیە، کێ دەتوانێ حوکمی لێ‌پکا واهەستە یان وا دانیشە.

دەبا بزانین ئەو ئەوینە پاك‌و بەنرخ‌و هێژایەی یەکسەرە یا دوسەرە بو؟ واتا ئەوینی خودابو، یان دڵداری کیژێکی خەڵکی دنیابو. یان هەردولا؟... ئـەو کەسـانەی لەعیرفـان زۆر شـارەزابون‌و لە هەرچی سەرزەمینی‌بێ تەکیونەوەو سـەرتاپا هەر بۆ خـودابون. لایان وایە ئـەو رێبوارەی کە ئـەم رێگە دژوارە دەگرێتە بەرێ، دەبێ خۆی بۆ ئامادە بکات. دەبێ دڵی بە ئەوینی مەجـازیەوە خـەریك بکا تا وا نەرمو ناسك ببێ، کە بتوانێ سۆزی ئەوینی خودایيش وەخۆ بگرێ.

مەولانای رۆمی فەرمویە: صوفی کە عیشقی مەجازی نەچێشتبێ گایەکی مێزەر بەسەرە.

جامی دەڵێ: لاوێك داوای لە پیاوێکی خودایی کرد، لە عیرفـاندا مامۆسـتای بێ. لێی پرسـی: هەرگیز گیرۆدەی داوی ئەوینی جوانان بوی؟ گوتی: نەخێر. گوتی: برۆ ببە عاشق. ئەوسا وەرە تا بە شاگردت وەرگرم.

مەلای ئێمەش، کە بێگومان لە عیرفاندا، مەلا جامی‌و مەولانای رۆمی بەلخیشی پێ راناگەن. لەو فێرگە سەرەتاییەوە، ملی لەو سەفەرە ناوە. دڵی داوە بە کیژە کوردێکی نازدار کە خوای گەورە هەرچی جوانیو هەرچی نیشانەی صەنعەتی بێ چون‌و وێنەی خوێەتی بەوی داوە. کورەی ئـەوینی مەجازی، دڵی مەلای قاڵ کردوەو خشت‌و خـاڵی سـوتاندوەو دوبارە دای رشـتۆتەوە. تا بە پاکی‌و بەوپەری ئامادەییەوە بچێ بەپیر ئـەوینی خـودای تاکەوەو لەو کرەوە کرگاری بێتە بەرچـاوان‌و لە جۆگەوە پێ هەڵگەرێ تا دەگاتەوە بناوان‌و لە سۆنگەی دڵۆپە ئاوێك، دەریا بە چاوان ببینێ. ئەوسا

بۆ هەتاهەتایە تێکەڵ بە دەریا بێتەوەو بەرەو بەژ نەگەڕێتەوە.

ئێستا بۆمان دەردەکەوێ، کە بۆ مەلا هەستی گەرمی دەرونی خۆی بە کوردی بۆ هۆندوینەوە. هیچ‌گا چاوی لەوە نەبوە، ڕێزو قەدری لە سایەی نوسینەکانی لە لای خەڵك بۆ پەیدا بێ. ماڵی دنیاو ئافەریمو بارەقەڵڵای خەڵکی لەلای ئەو هیچ نرخی نەبوە. لە ڕێزی ئەو کەسانە بوە کە دەڵێن مانای ئایەتی «هەردوك سۆلەکەت فڕێدە» کە خوا بە موسای فەرموە. واتا دنیاو قیامەتیشت لەبیر بچێ. نە بۆ بەهەشت چون خواناس بە، نە لە ترسی جەهەندەمێ. نە بۆ قەدرو ڕێز لە ژیاندا. ئەو ئەویندارى خودایەو؛ خواش لە کوردیەکەی تێدەگا. بە ڕواڵەتیش ئەویندارى کیژە کوردێکی جوان‌چاکە. کە صنعەتی یارى گەورەی، لە روخسارى ئەودا دیوەو پێی‌هەڵدەڵێ... بە کیژە کوردا هەڵدانیش خۆناشێ بە کوردى نەبێ. دەبێ هیچ نەبێ بە خەیاڵ لەلای وابێ ئەگەر یارە دنیاییەکەی، ناڵەی دڵی ئەو ببیسێ، کەمێك لەزۆرێك تێبگا. بۆیەش دەڵیم: یارى دنیای بە ڕواڵەتی. چونکە سەرلەبەر دیوانی شیعرى مەلا بپشکنی هەمو شیعرو هەڵبەستێکی، هەم غەزەلە هەم عیرفانە. وەهای ئەم دوە لێکداوە کە نازانی مەبەستی سەرەکی‌کامە. واتا ئەوینی مەجازى وا بۆتە عیشقی حەقیقی، کە هەرگیز لێك هاوێر نەبون. لە مەنزڵگای وەحدەتول وجودیشی‌دا، خودای لە تیشکی روخسارى ئەو کیژە کوردەدا دیوە. دەیسا با مەلا بناسین...

# مەلای جزیری:

## عارف و شاعری پایە بەرزی کورد .

چەندین چەرخە ناوی ئەو خواناسە گەورەو شیعرەکانی، لە چوار قورنەی کوردستاندا، بە سەردەمو زارانەوە. شەوانی هەینی لەمزگەت، لە کوبونەوەی دەرویشان، لە تەکیەکان، لە بەزمی مەولودنامەدا، شیعری مەلا گولی سەرسەلەی جڤاتە.

هەمو کوردیکی خوینەواری خودا پەرست؛ ناوی ئەو پیاوە خواناسەی، لە دلدا جی کردوتەوە. بەلام تا ئەم ئاخرو ئوخریانەش، کەس ئاوری وەسەر ژینامەی ئەو شیخە نەداوەتەوە. لە سەرەتای ئەم چەرخەوە، جاروبارە لیرو لەوی، چەند کەسیك بوی تیکوشاون، کە بیناسن وبزانن کەنگی ژیاوەو چون ژیاوە. جا چونکە زور درەنگ بوی چون، ژینامەی ئەو پیاوە گەورە، هیند ئالوزو پرگری و گرفنچك بوە؛ کە زوری زانایی دەوی تا باش بومان ئاشکرابی. مەلا کەی ژیاوەو چون ژیاوەو کەی هاتوتە سەر دنیاوەو کەی کوچی دوایی کردوە؟...

بەگشتی ئەو نوسەرانەی کە دەربارەی مەلا دواون. لە سەر ئەمەندە پیك هاتون: کە ناوی «شیخ ئەحمەد» بوەو خەلکی جزیرو بوتانە، کە شاریکە لە کوردستانی تورکیاو کەوتوتە بن چیای جودی. ئەو جودیەی کە گەمیەی نوح پیغەمبەری لی گیرساوەو ناوەکەی لە قورعان‌دایە.

لە سەر ئەمەندەش پیك هاتون، کە نازناوی لەشیعردا، جارجار مەلا، جارجار مەلی، هیندیك جاریش «نیشانی» بوە. مەلاو مەلیکەی ئاشکران؛ کە بە مانای زانا لەعیلمی عەرەبین. بو نیشانی‌یەکەشی دەلین: نیشان یان ئامانجی تیرە، کە مەلا نیازی وابوە: بەتیری ئەوین پیکراوە یان مەبەستی خالی سەر گونای یار بوە، کە کرمانجان بە خال دەلین نیشان. واتا خوی بەو خالەوە ناو ناوە کە لە رومەتی سەلماوە دیاری داوە.

ئیتر لەسەر دیاری دانی دەورانی ژیانی مەلاو هاتنە دنیاو کوچ کردنی، زوریان قسە تیك‌گیراوەو لەسەر زورشت پیك نەهاتون.

ئەوا ئیمە هەرچی میژو نوسەکانی خویی‌و نامو لەو بارەوە نوسیویانە، بو ئیوەی دەگیرینەوە.

بیرو بڕوای هەژارانەی خۆشمانتان لەبەردادەنێین. بەهومێدم کە ئێوەی خوێندەواری ژیر، بتوانن ژینامەی مەلا لەو ناوەدا رون کەنەوە. مامۆستا **عەلائەدینی سەجادی**، خوا دەس بە عومریەوە بگرێ. لە مێژوی ئەدەبی کورددا، زوربەی بڕوای جۆربەجۆری مێژو نوسانی پێشە خۆی تۆمار دەکا. کە بۆتانی رادەگوێزم:

لەژێرناوی جزیریدا ماموستا عەلائەدین، ژمارەی ١٤٠٧-١٤٨١- ی داناوە کە وادیارە لای‌وابوە، لە چەرخی پازدەی میلادی، مەلا ژیاوە، واتا بەو حەسابە دەبێ، تەمەنی حەفتاو چوار سال رابردبێ جا مردبێ. ئەم جار هاتوە زۆر رەنگین‌و سەنگینانە، پێشەکیەکی دەربارەی مەلا نوسیوە، کە لە راستی‌دا زۆر جوانەو لەپاش ئەو پێشەکیە دەڵێ: بولبولی سەرچڵی ئەم داستانە، ناوی شیخ ئەحمەد، کوڕی شیخ محمدە. لە جزیرا بۆتان «گزرتادوقردو» هاتۆتە دنیاوە. هەر لەو شارەش مردوە.

بەڵام هەرچەندە وەك گوتمان ساڵی بون‌و نەمانەکەی بەژمارە لەبن ناوەکەی نوسیوە. کەچی هەر لەم باسەی خۆیدا، خودی استاد عەلائەدین پێمان دەڵی: لاپەڕەی مێژوی ژیانی شیخ ئەحمەدی جزیری، زۆرتاریکە. توژینەوەو وردبونەوەی، زۆر وزانایانەی دەوێ. دەسا وامن بۆگەیشتن بە ئامانجێك، هەرچی دەربارەی ژیانی شیخ ئەحمەدەوە نوسراوە. لە کتێبە مێژوە کەی خۆمدا کۆم کردەوە. لام وایە رەنگبێ ئەوساکە مێژوی ئەوپیاوە هێژایە توزێك باشتر رون بێتەوە.

دوکتور **بلەچ‌شیرکۆ**- بلەچ شێرکۆ ناوی نهێنی خوا لێ خۆشبو، جە لادەت عالی بەدر خانە- لەکتێبی، «القضیەالکردیە»دا دەڵێ: مەلای جزیری، ناوی شیخ ئەحمەدو خەڵکی بۆتانە. لە ساڵی ١١٦٠ میلادی‌دا لە شاری جزیرو بۆتان مردوە، شیعری زۆری لەغەزەل‌و الهیات‌و عرفان‌دا هەیە.

مامۆستا **ئەمین زەکی بەگ**، بە رەحمەتبێ. لە هەردو کتێبەکەی‌دا واتا «مێژوی کوردو کوردستان»و مێژوی خاوەن ناوانی کورد «مشاهیر الاکراد»دا دەڵێ: مەلای جزیری ناوی شیخ ئەحمەدە. لە دوانیمەی سەدەی شەشەمی کۆچی‌دا، لەروژگاری دەستەڵاتی عیمادالدین، کە فەرمانرەوای موصل بوە ژیاوە. دیوانی شیعرەکانی خۆی بۆ فەرمانرەوای (تەوریز)ی کە ناوی، خانی خانان بوە، بە دیاری‌و پێشکەش ناردوە. کەچی هەر ئەو مێژو نوسەش لە شوێنێکی‌تر فەرمویە: مەلا کەوتۆتە دوای جامی. واتا لە پاش مەرگی مەولانا عبدالرحمانی جامی، مەلا ژیاوە. کە ئەم دو ریوایەتانە هەرگیز یەکتر ناگرنەوە. چونکە جامی لە چەرخی نۆهەمی کۆچی ژیاوە.

مامۆستا **محمدعەلی‌عەونی** رەحمەتی. کە ناودارانی کوردی ئەمین زەکی بەگی بە عارەبی وەرگێڕاوە. دەربارەی ژیانی مەلاوە چەند پەڕاوێزێکی هەیە. لە یەکێکداوای نوسیوە:

ئەو شیعرانەی، کە لە دیوانی جزیری، ناوی سەعدی‌و حافظو جامی تێدایە. هیچیان شیعری جزیری نین. ئاوەکین‌و لاوەکی، هەروا سەربەخۆ رەگەڵ دیوانیان خستوە.

ماموستای روژ هەڵات ناسی روس: **ئۆگستژابا** لە کتێبە ناودارەکەیدا، کە بەناوی حکایاتی کوردە، دەربارەی جزیری ئێژێ: مەلا خەڵکی جزیری ئیبنو عومەرە، لە دەورانی عیمادالدینی زەنگیدا، واتا لەنێوان ساڵانی ٥٤٠-٥٥٦ دا ژیاوە. ماموستا عەلاءالدین لە یەکەم چاپی مێژوی ئەدەبی کوردیدا، لەروپەر ١٦١، بایداوەتەوە سەرباسی ماموستا عەونیو فەرمویە: بەرلەوە باسی ژینامەی مەلای جزیری تەواوکەم. چەند بەیتێکی گرانی مەلای جزیریم، کە خوم مانام نەدەزانین، نارده میسریٚ بوٚلای ماموستا **محمد عەلی عەونی**؛ کە بوٚمیان لێك بداتەوەو بە پەلە بیان نێرێتەوە. ماڵم هەقە زوٚر پیاوەتی دەگەڵ کردم. روٚژی ٩٥١/٥/٤ وەرامەکەم بوٚهاتەوە. جیا لە مانای شیعرەکان، دەربارەی ژیانی مەلاش شتێکی نوێی بوٚ نوسیبوم‌و فەرموبوی: دەمێك ساڵە هەر خەریکم کە دەربارەی ئەو شیعرانەی لە دیوانی جزیریداو، ناوی سەعدیو حافظو جامی دەهێنیٚ دەتوٚژمەوە.

داخوٚ راست هەر هی مەلابون؟ یاخوٚ بەناوی ئەوەوە خراونە ناو دیوانەوە. تا خواوراستان، لەم ئاخر ئوٚخریانەدا، چاوم بە دەسخەتێك کەوت کە لەساڵی ١٣٢٢ کوٚچیدا نوسیویانەو لەکوردستانی جەنوبی، ماوەتەوە. لەپێشەکی ئەو دەسخەتە ژینامەی مەلا نوسراوە. تیا دەڵیٚ: «شاعیری بەرێز جزیری، هاو زەمانی سوڵتان محمد فاتیحی عوسمانی بو. کە وابو ئەبیٚ جزیری، لە پیاوە ناودارەکانی سەدەی نوٚهەمی کوٚچی بێت. ئیتر گومانم نەماوە ئەو شیعرانەی کە تیاندا ناوی سەعدیو حافظو جامی هێناوە، هی مەلایەو لاوەکیو دەسەرخراو نین. دیسان ماموستا سەجادی لەسەر ئەم باسەی خوٚی دەڕواو دەڵیٚ: روٚژهەڵات ناسی ئەڵمانی **فوٚن هارتمان** ساڵی ١٩٠٤ میلادی، دیوانی مەلای جزیری کە لە برلین لەچاپ داوەو بە خەیاڵیش وێنەیەکی سیمای جزیری کێشاوەو خستویەتە سەر بەرگەکەی ئەویش دەربارەی ژیانی مەلا هەروەك ژابای ئی زانیوە. سەجادی لەپاش ئەوهەمو باسو خواسە هەمە جوٚرە بوٚرو زوٚرەی رایگوێزاوە. ئەمجا بوٚخوٚی بیروڕای خوٚیمان پیٚ دەڵیٚو فەرمویەتی: مەلا لەناو قصیدێکدا، بەیتێکی هەس، بەم جوٚرەیە:

گەر لوءلوئی مەنثور ژنەظمیٚ تە دخوازی  وەر شیعری مەلیٚ بین تە بە شیرازی چحاجەت؟

گەلوٚ، نیازی لە شیرازی، سەعدی بوە یا نە حافظ؟ حافظ ساڵی ١٣٩١ میلادی بە رەحمەتی خودا چوە. ئەگەر مەبەستیش سەعدییە ئەویش خەڵکی سێزدەهەم سەدەی میلادە. کە وابو، ئەو ریوایەتەی کە گوتویە مەلا لە چەرخی دوازدەهەمی میلادا لە دنیا دەرچو، پوچ دەردەچیٚ. لە لایەکی تریشەوە، وا دەزانین کە مەولانا عبدالرحمانی جامی، ساڵی ٨٧٧ کوچی (١٤٧٢ میلادی) لە کوردستان رابردوەو لە هەولێرەوە رەدبوەو بوٚ حەج چوە. لە باسی سەفەرەکەیدا. لە شوێنێکدا فەرمویەتی: لە جزیر چومە دیاری پیاوٚیٚ پیر. نیوە پیاوێکی دیش هەبو لە حەریر. وا دیارە پیرە مێردەکە مەلای جزیری بوبیٚو لەو کاتەشدا، عەلی حەریری لە تافی جوانیدا بوە، بوٚیە بە نیوەپیاوی ناودەباو دەبیٚ جامی ئەو دو کەسەی بەکەیفیٚ بوبیٚ، بوٚیە باسی کردون.

خۆ دیاریشـه تا پیاو له تەمەنی شـێصت سـاڵانە تێ نەپەڕێ، بە پیرەمێرد ناوی نابەن. کە وابێ دەبێ دەوروبەری ساڵی ٨٢٠ ی کۆچی پێی نابێتە سەر دنیاوە.یان توزێ کەمتر، یا زیاتر.

خۆ ئەگەر ئەمین زەکی بەگ، بەڵگەی ژیانی جزیری، لە چەرخی شەشـەمی کۆچـی دو بەیتی ناو دیوانەکەس. کە بە خـەیاڵ لای وایە دۆزیویەتەوەو بێگومانە. ئێمە دەڵێین: نەی‌پێکـاوەو لەم دوبەیتەی نەزانیوە. با بزانین چون؟!

مەلا لەشوێنێکا فەرمویە:

ئەی شەهەنشاهی موعەظظەم حەق نیگەهداری تەبێ

سورەیی «انافتحنا» دەور ماداری تەبێ

لە شوێنێکی تریشا، لە سەرەتای قەسیدەیەکا دەڵێ:

خانی خانان لامعی نەجماتە هەر پڕنور بێ  کەشتی‌یا بەختی‌تە ئەز بایی موخالیف دوربێ

ئەمین زەکی پێ دادەگرێ، کە ئەم شەهەنشا زەبەلاحـەو ئـەو خـانی خـانانە، لە زەمانی دەستەڵاتی ئەتابیك عیمادالدین زەنگی‌دا، کە فەرمانرەوای موصل بوە، لە تەورێز حـوکمی کردوە. مەلا ئەو دو بەیتانەی خۆی دەگەڵ دو قەسیدەکەدا بۆ خانی خانان ناردوە. ئەتابیك عیمادالدینیش، لە چەرخی شەشەمی کۆچی ژیاوە. کەوابو مەلای جزیریش دەبێ خەڵکی ئەو چەرخە بێ.

مامۆستا ئـەمین زەکی‌بەگ، هیچ بۆی رون نەکردوینەوە؛ ئـەو خـانی خـانانە کێ‌بوە؟ کەی لە تەورێز بەو ناوە حاکمێك هەبوە؟ مەلا کاری بە خـانەکەی تەورێز چبوە؟ تا بە شـیعر باسـی بکـا. ئەمجار ئەم واتەی شاهەنشاهە هەر بۆ شێرە کوللەی خـەڵکـی ئێران، بویتە نازناو، هەرگیز خـانی والی تەوریز، نەی‌وێراوە بەوناوەوە خۆی نیشان‌دا. ئێمە دەبێ بۆ ناوی خـان لە تورکیا پتر بڕوانین تا ئێران. بۆ نمونە بۆچی نابێ مەبەستی مەلا لەو خانە، سوڵتان محمد خانی فـاتح‌بێ کە لە سـاڵی ٨٥٥ را تا ٨٨٦ سوڵتانی ئەستەنبوڵ بوەو ناوی خەلیفەی ئیسلامی لەخۆ ناوە؟ یان بۆچ سـوڵتان بایەزید خانی دوهەم نەبێ کە ٨٨٦ چـویتە سـەر تەختی پاشـایی‌و تا ٩١٢ ی کۆچـی ماوەتەوە. ئەگەر هەربشڵێن شاهەنشا، مەبەست حـاکمی ئێرانە؛ خـانی تەورێز ئـەوناوەی لێ ناوەشـێتەوە، بۆچی نەڵێین مەبەستی مەلا لەوناوە، سوڵتان حوسێن بایقرایە کە لە تەیموریەکان بوە لە چەرخـی ٩ تا سەرەتای چەرخی دەیەم بەسەر ئێران‌را دەگەیشت؟

جا وەك مامۆستا سـەجـادی، لەم بۆچـی‌و چـدەبویانەی هەڵدەکرێنێ؛ وا دەنوێنێ کە دەبێ، بە هەمو بەڵگان، جزیری لە چەرخـی نۆهەم لە سـاڵانی نزیك ٨١١ دا هاتبێتە ناو ژیانەوەو لە دەوری ٨٨٦ دا بە رەحمەتی خوا شادبوبێت. ئەمجار مامۆستای سەجادی، بۆ پوچاندنەوەی ئەو قسەی کە وتراوە: مەلا لە چەرخی شەشەمدا باوی بوەو هەر لەو چـەرخـەدا مردوە. بەڵگـەیەکی تری هەیە، کە بەراستی جێ سەرنجـە. دەڵێ: ئـەگەر چـاوێك بە کتێب‌و پەڕاوەکانی دەورانی پێش مغـولاندا بخشێنین؛ لە هیچ شوێنێك توشی وشەی مەلا نابین. پیاوە گەورەکانی دینی‌و هۆزانەکانی ئـاینی، نازناوی خواجەیان هەبوە یان پێیان گوتون: مەولانا.

مغوله‌کان که وڵاتی موسوڵمانانیان گرتوەو خۆیان بونە هەمەکارە، بەپیاوی زاناو ڕێبەری دینی خۆیان گوتوە؛ **لاما**. دیارە هەمیشە ژێردەستان، دەیانەوێ لە هەموشت لاسای خاوەن دەستەڵاتان بکەنەوە. ئەوانیش بە خواجەی خۆیان گوتوە لاما. وردە وردە دو پارچەکەی ئەم وشەیە جێگەیان گورێوەتەوەو لاما لێمان بوتە مالاو مایەکەش هەڵقرچێنراوەو مەلاکەی لێ سازدراوە. جا ئەگەر لەپاش مغولان، هێندێك کوڵکە خوێندەواری غەیرە عەرەب، پینەیان پێدا گرتوەو گوتویانە ناوی مەلا، لە میلئی عەرەبانەوە پەیدابو. کە واتا پڕ. یانی ئەگەر گوتیان مەلا وەك پێی بڵێن پڕ لە عیلمو دارماڵ لە زانستی وایە؛ بە هەڵە چون. چونکە عەرەب بە زانیاران ناڵێ مەلا. ناوی موللا لەناو عەرەباندا هەیە، بە مامۆستای قوتابخانەی مناڵانی جزمی عەممە خوێن دەڵێنو توزێك گاڵتە پێکردنیشی تێدایە.

سەجادی لەدوای ئەم باسەش لەسەر وتار دەرواو دەڵێ: بۆ رون‌بونەوەی ژینامەی مەلا زۆرم حەول‌و تەقەلا دا. لە هەمو کەسم دەپرسی. لە هەرکەس هەرچیەکم دەبیست دەمنوسیەوە. لەم پرسیارو تێکۆشانە زۆرانەمدا دەسنوسێکی دیوانی مەلای جزیریم وەدەس کەوت. کە لە ساڵی ١٣٢٨ کۆچێدا پیاوێ وەناو عبدالقادری ئامێدی نوسیویەتیو لە پێشەکی دیوانەکە ژینامەی مەلای جزیری بەم جۆرەیدا دێنوسیوە:

جزیری ناوی ئەحمەدەو فرزەندی شیخ محمدە. ساڵی ١٤٠٧ میلادی لەشاری جزیری بوتە لەناو بنەماڵەیەکی هۆزی بوختی، چاوی بەژیان هەڵیناوە. باب‌و باپیرانی مەلا هەمو شیخی سەربەرماڵ بون‌و سەر بە شێوەی نەخشبەندی. ئەحمەد کەبێچوە مەلابوە، بە منداڵی لەلای بوکی خۆی خوێندوە. بە لاوەتی وەك هەمو فەقێلەی دیکەی کوردەواری، بەرەو خوێندن دەرکەوتوەو گەلێك شارودێ گەڕاوەو لەزۆر سەرچاوەی جۆربەجۆر، پاراو بوەو تەمەنی سیودوساڵ بو. کە لای مەلا «تەها» ناوێك، لە فێرگەی گوندی «ستریاس» ئیجازەنامەی وەرگرتو لە گوندێك بەناوی «سەربا» کە نیزیکی دیاربەکرە، دامەزراوەو بوتە دەرس بیژی دینی. لەوێشەوە چوتە مەڵبەندی «حەسەن کێف»و لەوێش دەرسی گوتوتەوەو زۆری مەلای پایەبەرز، پێ گەیاندون. لەنەکاوێك، تیری ئەوینی خودایی، دڵو دەرونی پێکاوەو قودرەتی خوا لە چاوی کچە کوردێکدا خۆی نیشانی مەلا داوەو لەوسایەوە بوتەعارفێکیدڵدار. یان دڵدارێکی خوداناسو سەرەنجامی ئەو ئەوینە دڵ تەزێنو پڕلەتینە، کارێکی بەسەر هێناوە، کە خۆیو دنیاو قیامەتی وەلا ناوەو دەستی لە تەدریس بەرداوەو هەر بە هەڵوەدایی ژیاوە. تا لە ساڵی ١٤٨١ میلادیدا، کە حەفتاو چوارساڵ ژیاوە بەرەو ژیانی بێ خەزانی دنیای هەرمان بارگەی سەفەری تێکناوەو لە شاری جزیر **نێژراوەو** هەتا ئێستاش گۆری پڕلەنوری مەلا، جێ زیارەتی حەشاماتەو لە لایەن دڵدارانەوە، لەسەر **قەبری** گوڵبارانە. سەجادی پاش ڕاگوێزانی ئەو ژینامە هەمەجۆرەو لێکجیاوازو سەرەو**لێژو پڕ لە** کوستو هەورازانە، کە خۆشی پێمان دەفەرموێ: زۆر چەتونە، قسەی راستو بێگر**ێمان لەو** ژینامانە دەس کەوی!! نە نەکاو با دەداتەوەو سەروسیماو بیچمو کەسمی مەلای جزیری

باس‌ده‌كاو فه‌رمويه‌تی:

دمو چاوی سپی‌و سوربو، قه‌د زراو بو، چاوی گه‌شی هه‌ر پرشنگی به‌رێ ده‌كرد، بروێ ره‌ش‌و كه‌وانی بو، تویڵی ته‌سك‌و رومه‌تێكی پان‌و پۆرو ریشێكی سپی‌و ته‌نك‌و خشپیلانه‌و كه‌پۆیه‌كی كورتی هه‌بو.

رانك‌و چۆخه‌ی ده‌به‌ر ده‌كرد، ریشوی جوانی له مێزه‌ره‌كه‌ی هه‌ڵ ده‌به‌ست. هه‌تا بڵێی، مه‌شره‌ف خۆش‌و قسه خۆش‌بو. هه‌مو كه‌سێك خۆشی ده‌ویست. له دواروژانی پیریشدا، كه‌وای شۆری ده‌به‌ردابو، زۆریشی لێ ده‌وه‌شاوه. هه‌ر ده‌گه‌ڕی‌و قه‌له‌نده‌ری ببوه خوی‌و نه‌ی‌ده‌كرا ده‌ستی لێ به‌ردا.

كه‌سیش نه‌بو له‌و ده‌مه‌دا به كاكه سه‌جادی بێژێ: ئه‌رێ قوربان، تۆیه‌ك كه ئێستاش نه‌تزانی، ئه‌و شاعیره له چه‌رخی شه‌شه‌مدا ژیاوه، یان له سه‌ده‌ی نۆیه‌مین‌دا. چۆنت زانی ره‌نگی رانك‌و چۆغه‌كانی‌و ریشوی بادراوی شه‌ده‌كه‌ی وا باس بكه‌ی؟ ئه‌و باسه‌ی كه تۆ لێی ده‌كه‌ی، وا ده‌رده‌خا كه هه‌زار جار شه‌ڕه كه‌وچكتان كردبێ‌و له ناو حوجره‌ی فه‌قێكاندا له په‌نا یه‌كتر نوستبن‌و له‌سه‌ر به‌شه نان‌و دۆیه‌ك به‌گژ یه‌كتری‌دا چوبن‌و ئاشت بوبنه‌وه.

ئیتر ماموستا سه‌جادی، له‌پاش ئه‌و ورده كاریانه! چه‌ند چیرۆكی گوێ ئاگردانی لادێشمان، له‌و باره‌وه بۆ باس ده‌كا، كه ئه‌مانه‌ن:

مه‌لا ته‌مه‌نی سی‌ساڵ بو ـ واتا دوساڵ به‌رله خوێندن ته‌واو كردن ـ له‌دێی «دێرهان»، له نزیك قه‌ڵای حه‌سه‌نكێف. ده‌چێته سه‌ر زه‌ماوه‌ندی ئیجازه‌نامه‌ی فه‌قێیه‌ك. كیژو لاوانی ئه‌و ناوه‌ش، هاتونه‌وێ كه له‌و دیلان‌و به‌زمه‌دا به سه‌یرانه‌وه هاوبه‌ش بن. سه‌لما ناوێك، كیژی حاكمی حه‌سه‌ن‌كێف؛ كه ناوی مه‌لیك كامیل بو ـ ده‌گه‌ڵ ده‌سته خوشكانی خوی، هاتبونه سه‌یری ئه‌و به‌زم‌و ئاهه‌نگه. مه‌لا كه‌سه‌لما ده‌بینێ، به یه‌كجاری هه‌رچی چه‌ندساڵ‌و زه‌مانه فێری بوه له‌ده‌ست ئه‌دا. به‌زه‌یی خودای بێ هاوتا له سیله‌ی چاوی سه‌لماوه دڵی مه‌لا بۆ خوی ده‌باو یه‌كجاره‌كی له بون‌و نه‌بونی ده‌كا. له باری ئه‌وینداری‌دا، قه‌یسه شێته‌كه‌ی عامیری‌و پیری سه‌نعان ده‌سك‌و گوڵیان له‌دو ده‌كرد. ذكرو فكری شه‌وو روژی، هه‌ر بیر له سه‌لما كردن‌و هه‌ر ناوی سه‌لما بردن بو.

له سایه‌ی عیشقی مه‌لاوه ناوی سه‌لما كه‌وته سه‌ر هه‌مو زمانان‌و له هه‌مو ده‌رو كوڵانان، باس هه‌ر باسی چاوی سه‌لماو تاووتینی دڵی مه‌لای دڵداری بو. ئه‌م باسه گه‌یشته‌وه میر. زۆر دڵگیر بو. چۆن مه‌لایه‌كی هه‌رجایی‌و هه‌ژارو بێكه‌س‌و بێ‌ناو، رێی ده‌كه‌وێ ئه‌وینداری كیژی من بێ؟ ناوی له‌ناو حه‌شامه‌تا بزرینگێنێ؟! مه‌لا بگرن تا بیكوژم. خێره‌ومه‌ندو كه‌یخوایان، تكایان برده به‌ر میرو تێیان گه‌یاند، كه ئه‌و پیاوه پیاوی خوایه‌و له خوا به‌ده‌ر كه‌س ناناسێ‌و ئه‌گه‌ر ناوی سه‌لما ده‌با، خوا له چاوی جوانی سه‌لمای كیژی تۆدا به‌دی ده‌كا. میر بۆ راستی‌و چه‌وتی قسه‌ی لاگیرانی مه‌لا، ده‌كه‌وێته ئه‌زمون‌و تاقی كرنه‌وه. ده‌زانێ وه‌ك ده‌ڵێن وایه‌و ئه‌و خواناسه حیا له

خـــوا، چیتری بەبیردا نایەو لەپەڵەو هەڵەی دنیایی‌و داوێن پیســـی‌و هەرزە کاری نەك هەر بێزارو بەبێزە، بگـرە هەرگیز بە دڵیشـیا تێپەڕ نەبوە. واز لە کوشـــتنی دەهێنێ تەنانەت هێندێك کەس دەڵێن: میر مەلای لاواندۆتەوەو بۆ ماوەیەك لەلای خۆی حاواندۆتەوەو دڵی چـۆتە سـەر ئـاکاری پاك‌و لەباری ئـەو پیاوەو بەڵینی داوە، کیژەکەی لێمارەکاو پارەو دراوی داوەتێ کە بچـێ جلکـی بۆبکرێ‌و بوك وەگوێزێ.مەلا بە پوڵی زۆرەوە، روی کردۆتە شاری موصل. هەمو بازاری گەڕاوەو بەبێ ئەوە هیچ بکـرێ گەڕاوەتەوەو پوڵەکەی گێراوەتەوە. میر گوتویە: بۆ بە دەسـتی واڵاو بەتاڵ گەڕایتەوە؟ مەلا لەجواباگوتویە: میرم، سەرانسەری راسـتە بازارو قـەیســەری موســڵ گەرام. هەزاران توپ کیمخواو خاراو خامەك‌و مەخمەرو داراو ئـەتڵەس‌و دەسـرەی سـرکەیی‌و حـەریرو ئاوریشمم دیتن. بەڵام هیچیان بە برّوای من شیاوی بەژن‌و باڵای تەرزو رێکی سەلما نەبون. ئەو قوماشەی، بۆ بەژنی سەلما دەس‌بدا لە هەمو دنیادا نیە.

دەماودەمیش دەگێڕنەوە، کە مەلا لە شـــاری جـــزیر ئێوارانە چـۆتە ناو گۆرســـتانەوەو پاڵی وەکێڵێکی مەڕمەڕ داوەو رازونیازی دڵدارانەی دەگەڵ خودای خۆی کردوە.

پیرێژنێکی جـزیری، هەر کە مەلای دیوە دەڕوا بۆ گورسـتان؛ هەویرەکەی خـۆی شـێلاوەو چاوەنوڕی مەلا بوە، کەی کێلەکە بەجێ دێڵێ. هەر کە مەلا بەرەو ماڵان هاتۆتەوە. ژنە دەرفـەتی هێناوەو ئـەنگـوتکە هەویرەکانی بە مەڕمەڕەکەوە داوە. کێلە مەڕمەڕ، کە بەتینی دەرونی ئـــەو ئەویندارە، وەك تەندوری سورەوەبوی نێڵ دراوی لێ هاتوە. نانەکانی برژاندوە.

وا لێرەدا گردەوەکۆیی سەجادی، کە لە مەرژینامەی مەلا، لە مێژوی ئەدەبی کوردا هێناویەتی، دەبرێتەوە.

کتێبێکی دیکـەش هەیە بەعارەبی. بە قـەڵەمی ئـەحمەد کوری مەلا محمدی بۆتانی زڤنگـی - مفتی باژێری قامیشلی - لە سوریا. شەرحێکە لە سەر دیوانی هەڵبەستەکانی جـزیری‌و ناوی ناوە: «العقد الجوهری فی شرح دیوان الشـیخ الجـزری». واتا: گەر دانەی گەوهەرین، لە شـەرحـی دیوانی شیخی جزیری‌دا.

نوسەری کتێب بەرلەوە مانای شیعرەکانی مەلا بە عەرەبی لێداتەوە، ژینامەی مەلای هێناوە بە عەرەبی کردویەتە پێشەکی شەرح نامەکەی.

لە دوای ئەوە کە سوپاسی سەیدا غەلائەالدین دەکا. چونکە بەهرەی لە مێژوی ئەدەبی کوردی وەر گرتوە، دەڵێ: هەرچەند مامۆستا سەجادی ماڵم هەقە رەنجی زۆریشی کێشاوەو بۆ دۆزینەوەی ژینامەی جزیری، ماندوبوەو گەلێك شتی پڕبایەخی دەس‌کەوتوە. بەڵام من بەش بە حـاڵی خـۆم، هیچ سەبوریم پێیان نایەو دڵ ئاویان لێ ناخواتەوە. ئەوا بۆخۆم، لە لێکۆڵینەوەی فـرەو پشکنینی شیعرەکانی دیوانەکەی، شتێکم هەڵکراندوە. کە پێم‌وایە بەڵگـەی راسـتن بۆ دینەوەی رۆژگارانی ژینی مەلاو لێم رونە کە من زۆر باشتر لە مامۆستا عەلاءالدین ئەم مەتەڵەم هەڵێنابێ‌و وەستایانەتر بۆی چوبم. ئەمجا دەس پێدەکاو دەڵێ:

مەلا لە شوێنێك فەرمویە:

ژرەعنا نێر گزێن تەی مەستو خونریز  زەمان بو عەهدی جەنگ ئەنگیزی چەنگیز

لەجێیەکیش ناوی تەیموری لەنگ دەبا. لە شیعرێکیشدا دەڵێ:

ژ حافظ قوطبی شیرازی، مەلا ئەر فێم بکی رازی. لە بەیتێ دیش داگوتویە:

ژرەنگی سەعدیو جامی.

کەوابو، مەلا بێگومان کەوتوتە دوای چەنگیزەوەو تەیموریشی جێهێشتوە، کە یەکەمیان لە ٦٢٥ و دوهەمینیان لە ساڵی ٨٠٧ کۆچی فەراقی رەشی لێ بڕاوە. حافظیش جامی گوتەنی ساڵی ٧٩٢ ی کۆچی لەدنیا کۆچی کردوە. جامیش کە لە دیوانەکەدا ناوی هەیە دیارە پێش مەلا کەوتوە.

ئەوکەسانەی وتویانە، ئەو شیعرانە هین مەلا نین. وادیارە لەوێژەوانیو شیعر ناسین، کۆڵەوار بون. چونکە هەرکەس هەروا توزێك لە مرخو چێژەی هەڵبەستەی مەلای جزیری تێ گەیبێ، سور دەزانێ کە ئەم شیعرانە هی مەلانو مافی کەسیان پێوە نیە.

هەرکەسێکیش شارەزای فەرمودەکانی سەعدیو حافظو جامی بێت، زو تێدەگا کە مرخی مەلای جزیری چەند لەوانەوە نزیکەو چەندە نرخی بۆ داناون. سەرەڕای هەمو ئەمانەش، هەڵبەستێکی مەلا هەیە بە عارەبی. لەسەر بەندەکەیا دەڵێ: یارامی قلبی بسهام النظرات. هیهات نجاتی. ئەی ئەوکەسەی بە تیلەی چاو دڵت وەبەر تیران داوم. تازە دەرناچم فەوتاوم.

کێش‌و رەوتی ئەو هەڵبەستەی تەواو لاسای هەڵبەستێکی ماموستا ئەحمەد پاشایە، کە وەك بوێژێکی ناودار، هەتا ساڵی ٩٠٢ ی کۆچی لە وڵاتی ترکاندا ژیاوە. مسیۆ ژابا‌و ئەمین زەکی کە دەڵێن مەلا لە نیوەی چەرخی شەشەمیندا ژیاوە؛ ئەو ناوی عیمادالدینە لێی تێك داون. ئەوان هەردوك هەر عیمادالدینی زەنگی، فەرمانرەوای شاری موسڵیان ناسیوە. کە لە چەرخی شەشەم ژیاوە. بیستویانە کە وا عیمادالدین ناوێك، دەگەڵ مەلا دۆستیو شناسایی هەبوەو شیعریان پێك گوریوەتەوە. دەی کەوابو عیمادالدین هەریەکێکە. ئەویش لە بەرەی زەنگیەو ئەتابەکێك بو لە موسڵ. موسڵیش لە جزیر نزیکەو رەنگە ئەو فەرمانرەوایە، دەگەڵ ئەو پیاوی خودایە نێوانێکی خوشیان بوبێت.

بەڵام خۆم لە توژینەوەمدا، بۆم دەرکەوت، کە ئەو پیاوەی بەو ناوەوە دەگەڵ مەلا شیعر شیعرێنی کردوە، ناوی زەنگی لێ نەنراوە. پێی وتراوە عیمادالدینی جزیری. گش لەمێژو شارەزایەك باش دەزانێ، کە عیمادالدینی زەنگی کوری ئاق سنقرناو بوەو هەرگیز لە جزیر نەژیاوەو کەسیش هەرگیز پێی نەگوتوە عیمادالدینی جزیری. ئەوا عیمادالدینە کە: قت. دەچینە سەر خانی خانان، کە ئەمین زەکی لای وایە فەرمانرەوای تەوریز بوەو مەلاشیعری بۆناردوەو بە بەژنو باڵای هەڵدەڵێ. بەراستی ئەمەش هەڵەیە... هەرچونکە ناوی تەوریزێ لە شیعرەکەدا هاتوە، هێندێك لە مێژو نوسانی وەسەر تەڵە پەراندوە.

ئەگەر ئێمە بە تەواوی لە شاری جزیری بۆتان شارەزابین، وەکو من بۆخۆم شارەزام: زۆر بە هاسانی دەیزانین، کە ئەو هەڵبەستە رەنگینەی خانی خانانی تێدایە باسی فەرمان‌رەوای کوردی شاری جزیرا بۆتانە. بابزانین بوچ:

شاری جزیری کەونارا، کە پاتەختی دەسەڵات داری کورد بوە. زۆر ئاوەدان‌و زۆر جوان‌و زۆر لە بارو تەیار بوە. وەك ئێستاش شوێنەوارەکەی نیشان‌دەدا. وارشێکی بە هەر چواردەورا کێشراوە، بەردی وارش لە مەرمەڕی تاشراو بوە. بەشی زۆری ئایەتەکانی قورعانیٚ، لەو سەربەردە مەرمەڕانە هەڵکەنراوە. سورەتەکانی فاتیحاو ئەنعام‌و ئیننا فەتەحناو ئەو عەشەرەی ئایەتەلکورسی تێدایە: زۆر زەق نەقاری کراون. کە زۆر بەودم زانراون‌و ویستویانە لەپیتی ئەو سورەتانە، خوا شارەکەو موسوڵمانانی شارەکە، لە بەڵایان بپارێزیٚ. ئەگەر هەڵبەستەکەی مەلا بە وردی بخوێنینەوە سور دەزانین، کە مەبەستی لەشوێنی خانی خانانی جزیرەیەو مەبەستی لە خانی خانان میری جزیرو بۆتانە.

دەبڕوانە فەرمویەتی: «ئایەتەل‌کورسی‌و ئەنعام هەیکەلاتۆخیٚ تەبن». یان فەرمویە: «سورەیی ئوممول‌کیتاب ماداری حەضرەت سوربیٚ».

یاخۆ لەو قەسیدەیە کە میری جزیریٚ بە ناوی شاهەنشای موعەظظەم، ناو دەبا دەڵیٚ: «سورەیی ئیننا فەتەحنا دورو ماداری تەبیٚ». کە ئەم ئایەتانە، دەگەیەنیٚ لە دەوری وارشی شارن‌و مەبەست شاری جزیرەیە، ئەگەر مەلا میرەکەی خۆی پەسند بداو بە ناوی خانی خانان‌و شاهەنشای زلی ناوبەریٚ، چی‌تیایە؟ بەڵگەی هەرە ئاشکراتر هەر لەو هەڵبەستەدا هەیە. لە پەسنەکەی میردا دەڵیٚ: «گەرچی دەر ئیقلیمی رابیع هاتە تەختی سەڵتەنەت». خۆ دیاریشە جوغرافی زانانی پێشین، درێژی‌و پانی زەمینیان بە حەو بەش دابەش کردبو. هەر بەشەی ناوی ئیقلیم بو. شاری جزیر لەو دابەش دابەشێنەدا. لەسەر ئیقلیمی چوارەمبو. ئەمجار ئەو بەیتەی کە ناوی تەورێزی تێدا هاتوە، هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت، کە روی قسە دەحاکمی تەورێزیٚ بیٚ. نەخێر. مەلا ویستویە لە خوا بخوازیٚ ئەو میرە کوردەی جزیریٚ کە رەواج بە ئیسلام دەداو فەقیٚ‌و مەلای زۆری هەیە، دەرسی قورعان‌و حەدیثان دەڵێنەوە؛ خوا هەر باڵادەستتری بکاو دەڵیٚ: لە خودام تەڵەبە. تۆ کە لە شاریکا دەژی لە ئیقلیمی چوارەم دایە، خاوەنی حەوت ئیقلیمان‌بی. جگە لە هەمو کوردستان، تەوریزیش بێتە بەر حوکمت خاوەنی مولکی خوراسانیش خۆی بداتە بەر داڵدەی تۆ.

نە تەنیٚ تەبریزو کوردستان لبەر حوکمیٚ تەبن

صەد وەکی شاهی خوراسانیٚ دفەروارییٚ تەبیٚ

دەبابزانین عیمادالدینەکە کیٚبو، کەوا ئەو چەند مێژو نوسە لە ناسینی بە هەڵە چون؟! هەتا ساڵی هەزارو پێنج کە **شەرەفخانی بدلیسی**، لە نوسینی شەرەفنامەکەی بۆتەوە. دیارە میرێك لە جزیر هەڵنەکەوتوە ناوی عیمادالدین بوبێت. چونکە نەك هەر لە جزیرە، لە هەر سوچێکی کوردستان، بەرلە ساڵی هەزارو پێنج میرو دەستەڵاتدار بوبێت. شەرەفخان ناوی نوسیوەو دەشەرەفنامەی ئاخنیوە.

دەیسا منیش لە چەند دیوانی دەسخەتی خەڵکی جۆراوجۆرا دیومە، کە ئەو دۆستەی دەگەڵ مەلا شیعر شیعرێنی کردوە، عیمادالدین جزیریە.

لە دەورانی شەرەفخانی مێژونوسداو لە ساڵانی هەزار هەتا هەزارو پێنج، میری جزیرو بۆتانێ میر شەرەفی کوری ئەبدال، لە میرانی خانەدانی ئازیزان‌و باپیری بەدرخانیان بو. هەروەك ناوی میرشەرەف بو، خان شەرەفیشیان پێ دەگوت.

میر شەرەفخانی بدلیسی لە شەرەفنامەکەی خۆیدا، زۆر بە خان شەرەف هەڵدەڵی: دەڵێ: زۆر پیاوێکی دەستو دڵو دەرون پاکە. فەقێو مەلای زۆر خۆش دەوێن. زۆر مەدرەسەو مزگەوتی تازەی لە شاری جزیر سازداوە کە یەکێك لەو مەدرەسانە مزگەوتی سوری پێ دەڵێن. لە پە نای شورەی شارەوەو کەوتۆتە لای رۆژ واکەی. مەوقوفەجاتێکی زۆرو پرداهاتی، بۆ ئەو مزگەوتە داناوە. کە لە پاش نەمانی خۆشی مزگەوت هەر لە برەودابێو هەر فەقێو مەلای تێدابێ.

دەیسا کەسیش گومانی لەوەدانیە کە شیخ ئەحمەدی جزیری، لەو مزگەوتە دەرس بێژو پێش نوێژ بوەو گەلێك مەلای لەوێدا ئیجازە داوەو دیارە هەر لەوێش مردوەو هەر لەو مزگەوتەش نێژراوە.

ئیستا ئەگەر مەلای عارف، مەلای شاعیرو ئەویندار، مژۆڵی چاومەستانی کورد؛ بە تیرەبێ ئامانەکەی خان‌شەرەفی بشبهێنێ. بۆناسینی خانی‌مەلا کە هەر دەبێ خان‌شەرەف بێ چی دەمینێ؟؟ دەبرۆانە ئەم شیعرەی مەلا چەند جوانە، کە فەرمویە:

خەفەوان رەشاندن دڵخەدەنگ ـ تەشبیهی‌تیرێن خان شەرەف.

جا دەشبێ ئەو عیمادالدینەی کە زۆر ئاشنای مەلا بوە، خزمو کەسی خان‌شەرەف بێو لە جزیرێ دەگەڵ مەلا بوبن بە دۆستو شیعریان بۆیەکدی نوسیبێ.

سەرباری ئەو بەڵگانەشم، شتێکی سەرنجراکێشی دیکەش هەیە. لە هەمو دیوانەکانی جزیری‌دا، وتوویژی شاعیرانەی نێوان مەلاو فەقێ تەیران دەست دەکەوێ. فەقێ‌تەیران بەشیعرنامەی نوسیوەو مەلاش جوابی فەقێی هەر بە شیعرداوەتەوە. فەقێ تەیران، لە هۆنراوەیەکی خۆی‌دا، لەژێر ناوی: «دلۆرابە، دلۆرابە» مێژوی ئەورۆژە دەنوسێ کە ئەوەی تێدا نوسیوە. لە نیوە بەیتێکا دەڵێ:

هەزارو چل‌و یەك چونە. ئیتر من تەواو لێم رونە، مەلا لە ئاخرو ئۆخری سەتەی دەیەمی کۆچیدا هاتۆتە مەیدانی ژیان‌و مەودایەکی تەواویشی لە چەرخی یازدە بڕیوەو هیچ بە دوریشی نازانم کە هەمو نیوەی ئەو چەرخەش زیندو بوبێت. هێندێکیش بەولاوە چوبێت. واتا ژینامەی دەسخەتی عبدالقادری ئامێدی، کە عەلاءالدین دیویەتی، دەبێ راست بێ کە مەلا حەفتاو چوار ساڵ تەمەنی لە دنیا بوبێ. لە دەوری هەشتای چەرخی دە هاتبێتە سەر دنیاوەو لە نێوان پەنجاو شیصت پلەش، لە چەرخی یازدە مردبێ.

شەرح نوسی بە عارەبی، کە ئەم چەند بەڵگە رونەمان دەربارەی دەورانی ژیانی نیشان دەدا؛

دێته سەر باسی چۆنیەتی زانستو بڵیمەتیەکەی. دەڵێ: مەلا لە هەر دوازدە عیلمەکاندا دەریایەکی بێ پەی بوە. لە زانینی زمانەکانی عارەبیو فارسیو ترکی تاقە سوارەیە لەمەیدان. بەو سێ زمانەو بە کوردیش ـ کە هەر زمانی خـۆی بوە ـ هەڵبەسـتو هۆنراوی هەیە، کە بۆ رەوانیو پاراوی تاکیان نیە. دیوانەکەی بۆیەکەمجـار لە برلینی ئـەڵمانیا، چـاپ کراوە. زۆر جـاری دیش لە ئەستەمبوڵ، لە کوردستان، لە روسیاش دیسان چاپ کراوەتەوە. رۆژ هەڵات ناسـان لە لاوە، زۆر بەجێ گەورەی دەزانن. دەشڵێ مەلا کە دەرس بێژی مزگەوتی سوری جـزیر بو؛ پاش مەرگیشـی لەژێر زەمینێك هەر لەو مزگەوتی سورە نێرژاوەو زیارتگایە.

پێشەکی شـەرحـی عارەبیش، دەربارەی ژینامەی مەلا کۆتایی هات. منی وەرگێری هەژاریش چەند قسێکم هەیە بیکەم.

ئەگەر ژابا، فـۆن هارتمانی ئـەلمانی، یان ئـەمین زەکیو بلەچو عەلی عەونیو مامۆسـتا عەلا سەجادی، بەرلە ژینامە نوسینی ئەو عارفە. دیوانەکەیان بەوردی خوێندبایەوە؛ تەنیا ئەو شـێعرەی کە باسی تیرەکانی خانشەرەفە، بەسبو کە بۆیان دەرکەوێ، مەلا لە چـەرخـی یازدەدا زیندو بوە. ئەو گۆرەی تێیدا نێژراوە ژێرزەمینی مزگەوتێکە، کە خان شـەرەفـی جـزیری لە پاش هەزارەمی کۆچی سازی داوە. ئیتر ئەو هەمو شـێوانو ئـاڵۆزبونەی تێ نەدەچـو. قسـە هێنانو بردنی پێ نەدەویست.

قسەی دوهەمم ئەمەیە: لە ساڵانی ١٩٥٦ را ماوەی سێ سـاڵ، بۆخـۆم ماڵم لە گوندێك بو لە جزیرەی ابن عمر، لە کوردستانی سوریە. کە ناوی «قبور البیض» ەو لە نزیك شاری «قـامیشلو» هەڵکـەوتوە. دەگەڵ مەلاو شـاعیرانو وێژەوانانی ئـەو ناوە هاتو چـۆی یەکترمان دەکرد. لێم دەبیستن، مەلا عبدالسلام ناوێك خەریکە دیوانی مەلا بە عەرەبی شـەرح دەکا، دەشـیان گوت زۆر مەلای چاکەو کرمانجیش بەشێوەی بۆتان باش دەزانێ، چونکە خـۆی خـەڵکـی بۆتانە. بەڵام زۆر روتو نەدارە، هیچ ئاشتەبای خـوا شـك نابا. لە حـوجرەی مزگەوتێکدایە سـەڵتو سپات. مەلا ئەحمەدی زڤنگی کە بۆتە مفتی قامیشلیو ئەو مزگەوتەشـی بەدەسـتەو ـ خـوا نەیبری ـ زۆریش داراو دەوڵەمەندە. خێر بە مەلا سـەلام دەکاو نانو چێشـتی بۆ دەنێرێ. دەمانگـوت: خـوا خیری بنوسێ.

مەلا سەلام ساڵی ١٩٥٨ مرد. پاش ماوەیەك شەرحـی دیوانی جـزیری بە عارەبی لەچـاپ درا.. مەلا ئەحمەدی زڤنگی مفتی لە شاری قامیشلوی لەسـەر بەرگەکەی نوسـرابو. وێنەیەکی جـوانی مفتیش دەبیندرا. ئیتر یادێك لە مەلا سـەلام نەکرابو. وەباڵ بەسـتوی ئـەوانەی کە من لێم بیستون. مفتی لەجیاتی شۆرباکەی کتێبی مەلا سەلامی بەناوی خۆی لەچـاپ داوە. جـائێستا کە ئەو جەنابەش وەك مەلا سـەلام بۆتە خـۆڵو هەردوك چـونە بەر بەزەیی خـودای گەورە. من سوپاسی مفتیش دەکەم، کە ئـەم گەنجینە بەنرخـەی لەدەس نەمان پاراسـتوەو نەیهێشـتوە لەناو بچـێ. دوامین قسـەم، پاڕانەوەیە لە لاوان، لە پیاوانی وێژەوانی کوردی زانی لە شـیعری

ئەویندارانەو باری عیرفانی شارەزا. لەوکارەدا کە من شانم وەبەر داوە، دەستم بگرن. سەرنج بدەن، بزانن لەکوێدا هەڵەم، خواراییم بۆ راستکەنەوە، با بە کۆششی هەموانی، کارێك بکرێ دیوانی مەلای جزیری وەك پێویستە، هەمو کوردێکی خوێندەوار لێی تێبگا. کێ هەرتێبینیەکی هەبێ، با بە نامە بۆم بنوسێ، تا بەوپەڕی سوپاسەوە، بیخەمە ناو پەڕاوێزی دیوانەوە. خۆشیتان لەخوا دەخوازم. ئەوا ئێوەو ئەوەش دیوانی جزیری بەشەرحەوە.

**هەژار**

٥٩/١١/٢٤

# فهرست


| ناوی قەصیدە | یەکەم لەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| هەرێ مەیگێڕ | نەوایا موطریبو چەنگێ فغان ئاویتە خەرچەنگێ | ٣ |
| ئیکسیری ئەوین | ئیسمی تەیە مەکتوب ددیوانی قیدەمدا | ٨ |
| مَشاطەی حوسن | مَشاطەیی حوسنا ئەزەل چەنگالی زولفان تابدا | ١٣ |
| موغبەچەیین مەی‌فرۆش | موغ بەچەیین مەی فرۆش هەر سەحەرێ تێن سەما | ١٩ |
| غەمو شادی | چین‌چین کرن زولفێن سیا کەسك ئەتلەسی دیبا قەبا | ٢٧ |
| دڵی یەخسیر | دلبەر شکینا شەککەرەك فَقُلْتُ یاروحی متیٰ | ٣٤ |
| ئاگری جیایی | بناری فیرقەتێ صوهتم ژفەرقی سەر حەتا پێدا | ٣٨ |
| دوعا | سەری زولفاتە بکوللابی دوعا | ٥٨ |
| دیدار | دەستی قودرەت کوهلاڤیت ژبەژناتە نیقاب | ٦٢ |
| پیاڵەی لێواولێو | لله‌الحمد ژیارێ مە ددەست جامە لەبالەب | ٦٨ |
| رەنجو گەنج | شاه بقەصدا کوشتنا من رمهەژاندن راستو چەپ | ٧٣ |
| منی قەرەبەخت | من ددل کوڤان هەزاران داغو کەیبەر بێحیساب | ٧٩ |
| راستو چەپ | لەو سەحەر جەولان ددت بایی صەبایی راستو چەپ | ٩١ |
| چەپو راست | نێرگزین شەنگ دمەستن چەپو راست | ١٠٠ |
| گوڵباران | گەر ژوێ حوری سرشتێ عیشوەیەك ئیظهار بت | ١٠٤ |
| ئیکسیری ئەوین | قەڵبی مە شوبهی زێر ژفەیضا تە جەلا گرت | ١١٥ |
| یار ئاگاداره | مەحبوب ددلدا مە بە ئەڤراز چحاجەت؟ | ١٢٤ |
| هونەر مەرجە | کەس بدادا مە نەپرست گلەو داد چکەت؟ | ١٢٩ |
| بەشی ئێمە | ئەووەل کویارێ دامە یەك ذەررەیەك عینایەت | ١٣٥ |
| گران ناز | عەرعەر خەراما بقەددو قامەت | ١٤٠ |
| رەنجی بێوەر | عومرێ ضایعبو مەبێ دلبەر عەبەث | ١٤٤ |

| ناوی قەصیدە | یەکەم لەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| یار ببینە | نامی عەنبەر شکەنی بێت ژعەنبەر مەکە بەحث | ١٤٨ |
| بازاری جیهان | توسەحەرگە بە تەماشا وەرە بازاری حُدوث | ١٥٥ |
| سەولی ناز | شمشادی خەرامو سەروی عەنناج | ١٦٤ |
| سەروەری جوانان | دل ژعیلاجیٚ کو بدەرکەت میزاج | ١٧٠ |
| مەی چارەیە | دیسا ژنو بیٚحالە دل ساقی وەرین جاما زوجاج | ١٧٣ |
| رازداری | پورٚ مەکەاِسراف دقەتلیٚ مُباح | ١٧٨ |
| حوسنا موقەددەس | حەیف دقەیدا خاكو گیل بت عارفی چالاك روح | ١٨٢ |
| کلیلی دلٚ | عیشقیٚ کو بدەن بەیەك دو ئەرواح | ١٨٩ |
| نالەی دلٚ | ئاهیٚ ژدەردی دل دکت هەرچی کودی ئازاری چەرخ | ١٩٣ |
| شەپالا شەنگ | دلبەریٚ ئیروٚ سەحەر ئاڤیتە جەرگیٚ من دودوٚخ | ٢٠١ |
| چداوەتە | هەیهەیە رەقصو سەمایا تە چخوەش بەستیەیە چەرخ | ٢٠٥ |
| دەریایەکە | سیرری وەحدەت ژئەزەل گرتیە حەتتا بە ئەبەد | ٢٠٨ |
| جیٚژنە پیروٚزە | عیدەوو هەرکەس ژدیداراتە لیٚ پیروٚزە عید | ٢١٣ |
| دادو مەدەد | نەی شەککەرا گەردن ژعاج دیسا ژرەشتوزیٚن صەمەد | ٢١٩ |
| سەفینەی مەی | ئاه ژدەستی ویٚسریٚ دل بمەییٚ حەواله کر | ٢٢٣ |
| حەجی گەورە | دەری مەیخانەیا عیشڤیٚ سەحەر عارف زیارەت کر | ٢٢٦ |
| هەمیشە بەهار | خەلقوٚلمن کن شیرەتیٚ ئەو دلبەرا زەررین کەمەر | ٢٣١ |
| مەستی ئەبەدی | جانا ژجەمالاتە موقەددەس قەبەسم ئەز | ٢٣٥ |
| دلٚ دەریایە | طورم بدلو پەیرەوی موسایم ئەز | ٢٣٩ |
| عیشقی مەجازی | عاشق ئەر جارەك ژبالا لیٚبدەت بەرقا مەجاز | ٢٤٤ |
| کوژراوی چاو | ژرەعنا نیٚرگزیٚن تەی مەستو خونریز | ٢٥٠ |
| شەوو روٚژ | تودزانی بخودیٚ من تو خەیالی شەبو روز | ٢٥٥ |
| ئاویٚنەی دلٚ | شاهیدی جیلوەنوما قودسییی فەیروزە لیباس | ٢٥٩ |
| زوننار بەس | دل یەکە دیٚ عیشق یەك بت عاشقان یەكیار بەس | ٢٦٤ |
| گولاگەش | ئیروٚ مەلا سەراپا لەو تیٚك بو مە ئاتەش | ٢٦٨ |
| شەهیدی ئەوین | شەبی قەدریٚ لمە رەوشەنکە تو روحی وەرە خوەش | ٢٧٤ |
| رەقصی مەستانە | سەلوا سەهی قەد خەمملی لەو کەمملی مەستانە رەقص | ٢٧٩ |
| وەصلی گیان | مەژبل حوسنو جەمالیٚ چغەرەض؟ | ٢٨٣ |
| عەنبەر بار | دیسا لبەدری کاتبی کیٚشا ژنو ژەنگاری خەط | ٢٨٧ |
| شەپولی خویٚن | خون کو ژدل بمەوج بیٚت ئەشکی رەوان مەتیٚنە خەط | ٢٩٣ |
| ئاگری رەوان | بیٚ لەبی لەعل «مەلا» من ژمەیا ناب چحەظ؟ | ٣٠٣ |
| موبتەلای زولف | سەر ددت ئاوی کەوثەری زەمزمەو سەمای زولف | ٣٠٧ |
| فینجانا صەدەف | ئیروٚ ژشەهکاسا سوریٚ مەی هاتە فینجانا صەدەف | ٣٢١ |
| تانە لەگولٚ | نازکا من دسەمایی بسەر ئەنگوشتی عەقیق | ٣١٦ |


بستەشەش

| ناوی قەصیدە | یەکەم لەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| لەعلێن شەفەق | من‌دی ژغەفلەت جام دکەف شاهی نەجەف دل کر هەدەف | ٣٢٠ |
| یەك‌و یەك | دلبەرا من سەحەری هات بتۆخو بیەدەك | ٣٢٦ |
| پارەی جەرگ | تعالیٰ‌الله زەهی حوسنا موبارەك | ٣٣١ |
| چاوی بەڵەك | نازکەك من سەحەریٚ دی بجەمالا خوە نەوەك | ٣٣٤ |
| دڵ پەرەنگە | کو ئیشارەت بیشارەت بدرت نەغمەیی چەنگ | ٣٣٩ |
| دەرمانی دەردان | گەر بدیا ئەو صەنەما سور جەمیل | ٣٤٤ |
| بادەی ئەبەدی | شاهیدی قودسی نیشان حوسنە ژرەمزا ئەزەل | ٣٤٩ |
| مەنصورە دل | ئیروٚ ژرەمزا دیم دوریٚ مینەت کومن مەسرورە دل | ٣٥٣ |
| زەکات بەعەبد | شەربەتا لامو بیان ئەز بەحەیاتیٚ نادم | ٣٥٧ |
| فینجان‌و جام | عیدەوو داعالەمیٚ بانگی صەفایی خاص‌و عام | ٣٦٠ |
| جەذبەیا عیشقیٚ | دانەیێن عەنبەر لنەسرینان رەشاندن خال خام | ٣٦٢ |
| نەترك‌و بازن | رەمزێن تە دجانان نە بەئەندازە درازن | ٣٦٥ |
| دەینی بوٚسە | مەلا مەلگەردنا دلبەر ژنو صەد بوسە ماین دەین | ٣٦٩ |
| چیروٚکی جوانیت | من‌دبەر (قالوٚا بَلیٰ) باطن ڤەویرا بو ئەڤین | ٣٧٣ |
| کەمان کشاندن | صەنەمیٚ ژقەوسی ئەبرو دوهیلالی نەو نوماندن | ٣٧٧ |
| دەردی دوری | خەشمیٚ لفەقیران مەکە زو پادشەهیٚ من | ٣٨٠ |
| دور ناکەوین | ئەز نزانم سەبەبیٚ یار چرّا دور کرین | ٣٨٣ |
| پێتا ئاتەشیٚ | ئیروٚ ژحوسنا دلبەریٚ دیسا هیلاك‌و سەرخوەشین | ٣٨٧ |
| ئاتەش پەرەسین | وەرە جانم کو چنازك وەرەسین | ٣٩٣ |
| هەستی هەرشاندن | پەیوستە دوئەبرو لمە مەحبوب کشاندن | ٣٩٧ |
| نازو خەشمان | شوٚخو شەنگی زوهرە رەنگی دل ژمن‌بر دل ژمن | ٣٩٩ |
| دیمیٚ بخال | مەلەو فینجان لسەر دەستە کو مەهتابا هیلال ئەبرو | ٤٠٣ |
| خەمرا حەلال | من دی سەحەر شاهی مەجەر لەبسی دبەر مەخموربو | ٤٠٧ |
| بەختی دەروێشان | ددەستدا یەنگیەگ نوبار من‌دی ئەو کەمان ئەبرو | ٤١٢ |
| ماهی نەو | وی سپێدە ژبورجی قەوس ئەبرو نوماندن ماهی نەو | ٤١٤ |
| جەردەی دڵان | ژرەمزی دلبەریٚ دیسان لمن باطین ڤەژین دەردە | ٤١٦ |
| عیشق‌و جەذبە | دلبەری سەرداری خوبان ئەز نزام ئاگاه هەیە | ٤٢٣ |
| سینە کەبابە | فەلەکا ئەطلەسیٚ سەرگەشتە دجاما مە حوبابە | ٤٣٠ |
| دەردی بیٚدەرمان | موحبەتیٚ میحنەت دزورن حوبدبیم بیٚشك بەلایە | ٤٤٠ |
| تونگی شەکر | طوررەیی تابدار عەنبەر کە | ٤٥٣ |
| داڤا دل | یاریٚمە پورٚ نیشان‌و سورٚ سیما ژدور دیم کەوکەبە | ٤٥٩ |
| زولفان شەکە | ئەی شاهیدی قودسی! ڤەکە بەندیٚ ژنیقابیٚ | ٤٦٦ |
| بەهیشتا ئیرەمیٚ | هیڤی‌و تەوقە دکم ئەز ژخودانا حەشمیٚ | ٤٧٠ |
| کوٚڤانا گیان | غەما عیشقیٚ پەریهتم ئەز حەبیبا غەمرەوین کانیٚ؟ | ٤٧٤ |

| ناوی قەصیدە | یەکەم لەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| سەمەن سایان | بحوسنا (أحسن التّقویم) و ظاهیر صورەتی ذاتی | ٤٨٠ |
| خەیالی خال | ئەی نەسیمی سەحەری! ما دمەجالا صبەهی | ٤٩١ |
| خەدەنگا ئاوڕان | ئیروٚ ژنو پورئاتەشم دیسا ژرەمزا دلبەریٚ | ٤٩٥ |
| سولطانی بوتان | لاتی حوسنیو شەهی خوبانی | ٥٠١ |
| چینو ماچین | مزگین ژمەرا بیتە ژسور شیرینی | ٥٠٥ |
| پەسنی میری بوٚتان | ئەی شەهنشاهی موعەظظەم! حەق نیگەهداریٚ تەبیٚ | ٥١٠ |
| دیسان پەسنی میرشەرەف | خانی خانان لامیعی نەجماتە هەر پرنور بیٚ | ٥١٥ |
| بەیانی باش | (صَبَاحُ الخَیر) خانی من شەهی شیرین زەبانیٚ من | ٥٢٠ |
| بتی جوانان | صەنەما سور ژصەمەد شەوق ژحەق دایە وجودیٚ | ٥٢٤ |
| تیری نیگا | یارامَی قلبی بِسهٰامِ اُللَّحَظاتِ هَیْهٰات نَجاتی | ٥٣٠ |
| چرای کوردستان | پور ژدینا تە غەریبم خانم | ٥٣٤ |
| یەلمومی عیشقیٚ | الله سەحەرگاها ئەزەل | ٥٤١ |
| چارین | سیٚ چارین لە مەلای جزیری | ٥٥٨ |
| شیعر دز | قەوی مەشهورە کوناقیٚ تە مەلا خەمسە عەشەر | ٥٦٠ |
| وتوویژی مەلاو میرعیماد | سەلاما من ئەنا خوانی | ٥٦٢ |
| وەلامووەرامیفەقیوجزیری | سوئالامن حەقیری؟ | ٥٧٤ |
| غەزالی شەپال | دل ژمن بر دلبەرەك زیبا قەبا | ٥٨٦ |
| جوتیٚك روگە | شیوەیی دلبەری بزان سوننەتە شیوە عیشوە فەرض | ٥٨٨ |
| دینبەر | والله ژهەردو عالەمان من حوسنی جانانە غەرەض | ٥٩٢ |
| جَنَّةُالماویٰ | یارَبْ این گُلدَستەئی یانَرگِسِ رَعنا است این | ٥٩٤ |
| هەر توم بەسە | کەس نەدیە سەحەرگەهە کوچنازك وەرەسی تو | ٥٩٧ |
| چاوی دەرەش | دلبەری سەرداری خوبان ئەزنزام ئاگە هەیە؟ | ٦٠٢ |
| گولی بیٚدرك | ئیروٚ مەدی وەقتی سەحەر | ٦٠٨ |
| ئاخ جودایی | قیٚ فیرقەتیٚ ئەبتەر کرین | ٦١٤ |
| فرشتەی بەشەری | صەنەما سوٚر ژصەمەد نەیشەکەرا لەب ژنەبات | ٦١٨ |
| سویند بەباڵا | ئەی نەسیمی صبەهی! ما دجەمالا سەحەری | ٦٢٤ |

مینەت ژخودایێ کو بعەبدی خۆمەلایێ
ئیکسیری غەمی عیشق نەدینار و درەم دا

«مەلای جزیری»

## قەصیدەی یەکەم

# «هەرێ مەیگێر!»

١ نەوایا موطریبو چەنگێ فغان ئاۋیتە خەرچەنگێ
وەرە ساقی حەتا کەنگێ نەشۆیین دل ژڤێ ژەنگێ

٢ حەیاتا دل مەیا باقی بنۆشین‌دا بە موشتاقی
«الاٰ یٰا أَیُّهٰاالّساقی أَدِر کاساً وَنٰاولهٰا»

**مانای وشەکان:**

**نەوا:** ئاواز؛ **موطریب:** بەزمگێڕ؛ **چەنگ:** ئامرازێکی‌موزیکە؛ **فغان:** هاوار؛ **ئاۋیتن:** هاویشتن؛ **خەرچەنگ:** قرژاڵ ـ برجێك‌لەعاسمان؛ **ساقی:** مەیگێر؛ **حەتا:** هەتا؛ **ژڤێ:** لەوێ. **حەیات:** ژیان؛ **باقی:** هەرماو؛ **دا:** تا؛ **موشتاق:** بەتاسە؛ **الا:** هەرێ؛ **ایهالساقی:** هۆی‌مەیگێڕ؛ **ادر:** بگەڕێنە؛ **کاسا:** پیاڵەیەك؛ **وناولها:** بیشیدە.

**مانابەتێکرایی:**

دەنگ‌و صەدای چەنگی بەزم‌گێر، جۆش‌و خڕۆشی گەیاندە عاسمان. دەمەیگێر وەرە، هەتاکەی دڵمان لەوژەنگە نەشۆینەوە؟ ئەومەیە کە هەرهەیەو قەت نافەوتێ، با بەتاسەوە بێخوێنەوە. هەرێ مەیگێر، دەبا پیاڵەکەت بگەرێ‌و بیشمان‌دەرێ.

٣ کو کاتب دیمێ جەدوەل‌کەت شکستەخەت موسەلسەل کەت
ژیەك حەرفان موفەصصەل‌کەت کی‌یەوێ موشکلێ حەل‌کەت؟

٤ دزانی رودو عود ئەووەل چتاڤیتن سرود ئەووەل؟
«کە عشق آسان نمود اول ولی افتاد مشکلها»

**مانای وشەکان:**

**کو:** کە؛ **کاتب:** نوسەر؛ **دیم:** روخسار؛ **کەت:** بکات؛ **شکستە:** شکاو؛ **موسەلسەل:** بە زنجیرە؛ **ژیەك:** لەیەکتر؛ **حەرف:** کەنار؛ **حەرف:** پیت؛ **افتاد:** کەوت؛ **مشکلها:** چەندئیشکال.

**مانا بەتێکرایی:**

هەرگا نوسەری ئەزەلی ـ کە خودایە ـ خەتوخاڵی روخسار دابرێژێ، بسکان چینچین‌کاو بە زنجیرەیان بکاو لاجانگان لێك جیاکاتەوە؛ کێ دەتوانێ ئەو دژواریە چارە بکات کە توشی ئەویندار دێ؟ تۆ دەزانی رودو عود کە دو کەرستەی موزیکن هەر سەر لە هەوەڵەوە بە گۆرانی گوتویانە: دڵداری سەرەتاکەی هاسانە، بەڵام زۆری دژواری لەدوە.

شیاوی باسە: کە خەتی شکستەو موسەلسەل دو جۆرە شێوە خەتن.

**٥ ژمیهراوێ شەفەق سەعدێ شرین لەعلێ، شەکەر وەعدێ**
**دنالم شبهەتێ رەعدێ عەجیبم لێ ژوێ جەعدێ**

**٦ کە دلرا تاب هر چینش بکفری میبرد دینش**
**«ز تاب جعد مشکینش چەخون افتاد در دلها»**

**مانای وشەکان:**

**میهر:** خۆشەویستی؛ **شەفەق:** تیشك؛ **سەعد:** پیرۆز؛ **سەعد:** ناوی ئەستیرەیەکە سەعدالسعودیشی پێ دەڵێن، دیتنی بە ودمە؛ **شرین:** شیرین؛ **لەعل:** لاڵ، لێوی یاری پێ شبهاوە؛ **وەعد:** بەڵێن؛ **شبهەت:** وەکو؛ **رەعد:** گرمەی هەور؛ **عەجیبم:** سەیرماوم؛ **لێ:** بەڵام؛ **ژڤێ:** لەو؛ **جەعد:** موی لول‌خواردو؛ **تاب:** پێچ. چین. بەسەریەکدا هاتو؛ **بە کوفری:** بۆ کافربونێك؛ **میبرد:** دەبا؛ **دینەش:** دینی ئەو؛ **مشکین:** وەك میشك رەش‌و بۆن خۆش؛ **خون:** خوێن، **دەر:** دەناو؛ **دلها:** دڵان

**مانای تێکرایی:**

لە خۆشەویستی ئەو کەسەی کە تیشکی روخساری وەك شەبەقی ئەستێرەی سەعدالسعود، بە ودمو پیتەو لێوی شیرینی بەرەنگی لاڵەو گفتو بەڵێنی وەك شەکر لەدم دەباری. وەك هەورەتریشقە دەنگی ناڵەم بەرزە. بەڵام دیسان سەیر ماوم لەو کەزی‌و پرچە لولانە کە هەر چینەی، دڵی عاشق بەرەو کفرێك رادەکێشێ. ئای کە لە تاوی پێچی کاکوڵی چین لەسەرچینی رەش‌و بۆن‌خۆشی میشك ئاسایی چەندەخوێن تزاوەتە دڵانەوە!!.

**٧ دڤێ طاقێ، دڤێ خانێ مەعەیش‌و ئەیمەنی کانێ**
**کەسێ دەستدەت ژ دەورانێ نیهالەك ڤێ گولستانێ**

**۸ در آغوشش چو می‌آرد که از دل جانش بسپارد**
**«جَرَس فریاد می‌دارد که بربندید مَحمِلها»**

**مانای وشه‌کان:**

**دڤێ:** ده‌ناو؛ **طاق:** که‌وانه‌یی. طاق لێره‌دا عاسمانه که له به‌رچاو به‌تاق هاتۆته‌وه؛ **خان:** کاروانسه‌را؛ **مه:** ئێمه؛ **عه‌یش:** ژیان؛ **ئه‌یمه‌نی:** بێ‌ترسی‌و هێمنایه‌تی؛ **کانێ:** کوانێ؛ **ده‌وران:** رۆژگار؛ **نیهال:** تازه‌نه‌مام؛ **ڤێ:** له‌وێ؛ **گولستان:** باغی گوڵان؛ **ئاغوش:** باوه‌ش؛ **چومی‌ئارد:** که ده‌هێنێ؛ **که از دل:** که له دڵه‌وه؛ **جانش:** گیانی؛ **بسپارد:** ته‌سلیم بکا؛ **جَرَس:** زه‌نگوڵه؛ **فریاد:** هاوار؛ **فریاد می‌دارد:** ده‌نگ بڵند ده‌کا؛ **بربندید:** هه‌ڵبه‌ستن؛ **مَحمِلها:** بارگه‌کان.

**مانا به‌تێکرایی:**

له‌ژێر ئه‌م عاسمانه پشت چه‌ماوو که‌وانیه‌داو له‌و کاروانسه‌رای دنیایه‌دا، ژیان‌و بێ‌ترسی له‌کوێ بۆ ئێمه ده‌ست ئه‌دا؟ پیاو له هه‌مو ماوه‌ی ژیانیدا تێ ده‌کۆشێ، که ده‌ستی بگاته تازه نه‌مامێك له باغی گوڵانداو ده‌باوه‌شی بگرێ‌و گیان‌و دڵی پێ بسپێرێ. که‌چی له‌پر به‌رله‌وه‌ی به ئاوات بگا ده‌نگی زه‌نگی کاروانی مه‌رگی دێته گوێ. که رابن واده‌ی سه‌فه‌ره‌و بارگه‌و بنه بپێچنه‌وه.

**۹ به قورئانێ، به ئایاتێ ئه‌گه‌ر پیری خه‌راباتێ**
**ببێژت سه‌جده‌بن لاتێ مریدێن وی دبن قاتی**

**۱۰ مُرید اَربی بَصَر نبود، ز فرمانش بدر نبود**
**«که سالك بیخبر نبود ز راه و رسم منزلها»**

**مانای وشه‌کان:**

**خه‌رابات:** مه‌یخانه؛ **پیری‌خه‌رابات:** له زاراوه‌ی سۆفیانه‌دا پیری ته‌ریقه‌ته؛ **سه‌جده:** سوژده؛ **لات:** ناوی بتێك بوه له‌ناو عه‌ره‌ب؛ **موریدێن:** مریدان؛ **قاتی:** گوێ‌رادێرو به‌رفه‌رمان؛ **ئه‌ر:** ئه‌گه‌ر؛ **به‌صه‌ر:** چاو، بینایی؛ **نبود:** نه‌بێ؛ **سالك:** رێبوار؛ **راه و رسم:** رێو شوێن.

**مانا به‌تێکرایی:**

سوێند به قورعان‌و ئایه‌تان؛ ئه‌گه‌ر پیری ته‌ریقه‌تێ به مریدان بڵێ ده‌بێ سوژده بۆ بت به‌رن، مریدی راست هه‌رگیز له گفتی ده‌ر ناچن. چونکه ئه‌گه‌ر چاوی دڵیان، کوێر نه‌بێ ده‌زانن ئه‌و پیره که رێگه‌ی به‌ره‌و خودا برێوه شاره‌زای ته‌واوی هه‌یه‌و هه‌رگیز توشی هه‌ڵه‌یان ناکا.

**۱۱ شه‌ڤێ ظولمات‌و ده‌ریایێ ژمه‌وجان قه‌ط خه‌به‌ر نایێ**
**شکه‌ستی که‌شتیا بایێ عه‌جاجێ ڤێ شه‌فه‌ق دایێ**

**١٢ ژحەرفان ماهوسالێما نەهات دەرشکلێ فالێ ما**
**«کجا دانند حال ما سبکباران ساحلها»**

**مانای وشەکان:**

**ظولمات:** تاریکی؛ **مەوج:** پێل؛ **قەط:** هیچ، هەرگیز؛ **شکەستی:** شکاو؛ **کەشتی:** گەمیە؛ **عەجاج:** گەردەلول و گێژەڵوکە؛ **حەرف:** پیتی ئەلف وبێ
شکل: وێنە؛ **شکل:** چەتونی؛ **فال:** نیازگرتن لە ئاکامی خۆش؛ **کجا:** لەکوێ؛ **دانند:** دەزانن؛ **سبکبار:** بارسوك؛ **ساحل:** کەناراو.

**مانا بەتێکرایی:**

شەو تاریکە، لە دەریادا قەتیس ماوین. گەردەلول گەمیە بادەوانیەکەی تێکشکاندوین. هارەو هاژەی شەپۆلان، وەسەر دەنگی هاوارکردنمان کەوتوەو کەس گوێی لە هاوارمان نابێ. کەوتینە فاڵ گرتنەوە، پیتی ناوەکانمان، دەگەڵ ساڵو مانگی لە دایکبونمان لێك دایەوە. ئەویش باشی نەهێنا. دەسا ئێستا ئەوانەی سوکبارن و لە کەناراوان حاواونەوە، چۆن دەزانن ئێمە چەند پەرێشانین؟...

**١٣ مەرا ژەوول چبر؟ خامی، کشاند آخر بە بەدنامی**
**ژرەنگی سەعدی و جامی ژ شوهرەت پێ حەسین عامی**

**١٤ بدەنگ و بانگ و ئاوازی دبێژت نەغمە یا سازی**
**«نهان کی ماند آن رازی کزو سازند محفلها؟»**

**مانای وشەکان:**

**مەرا:** منی؛ **ژەووەل:** لە سەرەتاوە؛ **چبر:** چی بردی؛ **خامی:** کاڵی و کرچی؛ **کشاند:** کێشای؛ **بە بدنامی:** بۆ ناو زراڵن؛ **ژرەنگی:** لەچەشنی؛ **شوهرەت:** ناوبانگ؛ **پێحەسین:** هەستیان پێکرد؛ **عامی:** خەڵکی رەمەکی؛ **نەغمە:** ویرەویر. نیهان. وەشاردو؛ **راز:** نهێنی دڵ؛ **کزو:** کەلەو؛ **سازند:** سازبدەن؛ **محفل:** کۆری بەزم.

**مانا بەتێکرایی:**

هەر لە سەرەتاوە، چی منی بەودەردە برد؟ کاڵی و کرچی خۆم نەبێ!! بە ناپوختەیی ملم لەکار نا، تا وام لێهات. شۆرەتی بەدناویەکەم، وەك شۆرەتی ناوی چاکی سەعدی و جامی دنیای تەنیەوەو هەموکەس بەو ناو زراڵنەی منی زانی و ئێستا کۆڕی بەزمی پێ دەگیرێ و لە هەمولا باسم دەکەن. دەئیتر چۆن دەتوانم نهێنی خۆم وەدەر نەخەم؟

١٥ ژحافظ قوطبی شیرازی مەلا فەهم ئەر بکی رازی
بئاوازی نەیو سازی ببن بەرچەرخ پەروازی

١٦ تُزَدْ منْ حُبّهِا الصَفْویٰ بِهِ اَهْلُالهویٰ نَشْوی
مَتیٰ ماتَلَق مَنْ تَهْویٰ دَعِ الدُنیا وَ اَهمِلها.» یان: و اَمْهِلها»

**مانای وشەکان:**

**قوطب:** تەوەرە؛ **قوطب:** پیری هەرە پایەبەرز لە تەریقەتدا؛ **فەهم:** زانین، تێگەیشتن؛ **نەی:** بلوێر؛ **چەرخ:** عاسمان؛ **پەرواز:** فڕین؛ **تزد:** بوت زیاد دەکرێ؛ **من:** لە؛ **حب:** خۆشەویستی؛ **ها:** ئەو مێوینە؛ **صفوی:** پاکیو پاکژی؛ **بە:** بەو خۆشەویستیە؛ **هوی:** ئەوینو دڵداری؛ **نشوی:** سەرخۆشو مەست؛ **متی:** کەی؛ **ما:** کە؛ **تلق:** توشبوی؛ **من تهوی:** ئەوەی کە دڵبەرتە؛ **دع:** وەلابنێ، تەرکە؛ **اهملها:** وازی لێ بینە، گوێی مەدەرێ؛ **امهلها:** وچانی بدەیە.

**مانا بەتێکرایی:**

هۆی مەلا، ئەگەر تۆش وەك قوطبی شیراز حافظ شتێکت لێ حاڵی ببێ؛ بە گوێگرتن لە ئاوازی بلوێرو ساز دەفڕێیە تەشقی عاسمانێ. لە ئەوینی ئەو دڵبەرە کە دڵداران سەرخۆش دەکا. پاکی دڵو دەرونیشت بۆ زیاد دەبێو گەشە دەکا. هەروەخت توشی دڵبەر بوی، ئیتر دنیا وازلێبێنەو تەرکی بکە.

## قصیدەی دوهەم

# "ئیکسیری ئەوین"

### "پەسنی پێغەمبەر درودی خودای لێ بێ"

**١ ئیسمی تەیە مەکتوب ددیوانی قیدەمدا**
**حەرفك قەلەمی عیلم بتەقویم رەقەمدا**

**مانای وشەکان:**

**ئیسم:** ناو؛ **تە:** تۆ؛ **مەکتوب:** نوسراو؛ **قیدەم:** هەرەپێشین؛ **تەقویم:** رێكو لەباری؛ **رەقەمدان:** خەتدان.

**مانا بەتێکرایی:**

ئەی محمد (ص)، ناوی تۆ بەرلە هەمو ئافەریدەیەك، لەدیوانی خوادا نوسراوە. بنوسی زانیاری خودا زۆر بەرێكوپێکی پیتەکانی ناوی تۆی لەسەروی هەمو ناوانەوە خەتداوە.

**٢ ئەشکالو خەطێن دائرەیی نوقطەیی عیلمن**
**ئەڤ نەقشو میثالێن دخەیالاتی عەدەمدا**

**مانای وشەکان:**

**ئەشکال:** شکڵان؛ **خەتێن:** خەتان؛ **دائرە:** جەغز؛ **نوقطە:** خاڵ؛ **نەقش:** نەخش؛ **میثال:** وێنە؛ **عەدەم:** نەبون.

**مانا بەتێکرایی:**

زانایی خودا هەر لە بناواندا کە شکڵو خەتی جەغزی بەدیهێنانی دارشتوە. ناوی تۆی کردۆتە نوختەی ناوەندی دائرەی بونو هەربیچمو وێنەیەکی هەبوە یان لەوە بەولاوە دەبێ بەدەوری

ئەونوختەیەدا خول دەخۆن‌و تەواف دەکەن.

**٣ میم مەطلەعی شەمسا ئەحەد ئایینە صیفەت کر**
**لامیع ژعەرەب بەرق لفەخخاری عەجەمدا**

**مانای وشەکان:**

**مەطلەعی شەمس:** خۆرهەلات؛ **ئەحـــەد:** تاك‌و تەنیا؛ **ئـــایینە:** ئـــاوێنە؛ **لامیع:** تروسکـــەدەر؛ **بەرق:** بروسکە؛ **فەخخار:** سواڵەت؛ **عەجەم:** غەیرە عەرەب.

**مانا بەتێکرایی:**

خوای گەورە پیتی میمی محمدی کردە ئاوێنە ئـاسای بەر رۆژی تیشـکدەری تاقـانەیی خـــۆی. تیشکی خوای یەکتا لەو ئاوێنەوە کە محمدە لە وڵاتی عەرەبەوە بریقـەی بە غەیرە عەرەبان گەیاند کە تا ئەوسا وەك سواڵەت وابون. ئەوانیشی گەش کردەوە.

**٤ دا شاهیدی ئەسما بەهەمی وەجهی بناسین**
**یەك مەستی صەمەدکر بەیەکی نەقشی صەنەمدا**

**مانای وشەکان؛**

**شاهید:** ئاگاداری مـەبەست؛ **ئەســما:** ناوان؛ **هەمی:** هەمو؛ **وەجـــە:** بار،لا؛ **بناســـین:** لێتێبگـــەین؛ **صەمەد:** بێنیاز؛ **کر:** کرد؛ **صەنەم:** بت.

**مانا بەتێکرایی:**

تیشکی خودا، لەو ئاوێنەوە کە محمد(ص) بو دایە دنیا. جا بۆئەوە ناوە زۆرو جۆربەجۆرەکانی خـودا، هەریەکە جێگەی خۆی بگرێ‌و مانایان وەدی‌بێت‌و ئیرادەی چۆنە بێتەجێ؛ هێندێك خەڵکی بەتینی تیشکی خودایی سەرخۆش‌و مەستی ئەوینی خودایەتی، بێنیازو کارساز کرد.

هێندێکیشیانی والێکـرد کە بەو تیشکـە چـاویان لەبەر ئـاوێنەکە باش هەڵنەیەو لەباتی دیداری خودا بتەومتیان وەبەرچاو بێ‌و گومرا بن.

**٥ یەك گرتیە زولفیٚ ئو یەکیٚ خال نومایی**
**ئایینە بئەسکەندری‌و جام بجەم دا**

**مانای وشەکان:**

**گرتیە:** گرتویەتە؛ **زولف:** کەزی؛ **نومایی:** نیشانی‌داوە.

**مانای تێکرایی:**

ئەمبەیتە، بەیتی چوارەم تەواو دەکا. دەڵێ: هەروەك هێندێك بونە ئەویندارى خودا لەتیشکی ئاوێنەکەوەو هێندێك چاویان گرێی کردو بتیان بۆخۆیان هەڵبژارد؛ هێندێکیشی بە کەزیو خاڵانەوە گیرۆدە کرد. هەر ئیرادەی خوا خۆیەتی کە ئاوێنە دەنێتە دەس ئەسکەندەرو جام دەکاتە بەشی جەمشید.

**٦ ئەرواحی موقەددەس شەبی قەدران تە دخوازن**
**نورا تەیە میصباح دقیندیلی حەرەمدا**

**مانای وشەکان:**

**ئەرواح:** گیانان؛ **موقەددەس:** پیرۆز؛ **شەب:** شەو؛ **قەدر:** حورمەت، ڕێز؛ **شەوی قەدر:** شەوێکە لە ڕەمەزاندا، کە قورعانی تێدا هاتۆتە خوارێ بۆ پێغەمبەر. هەرکەس لەو شەوەدا نزابکا، خودا تکای دەگرێ. **نور:** تیشکو روناکی؛ **میصباح:** چرا؛ **قیندیل:** جێ چرای هەڵواسراو؛ **حەرەم:** شوێنێکە کە لازمە ڕێزی لێبگیرێو کاری چاکی تێدا بکرێ. حەرەم لیرەدا بەمانا ماڵی کابەیە.

**مانا بەتێکرایی:**

هەمو گیانانی پیرۆزو ممبارەك، لە شەوانی لەیلەتولقەدردا، کە نزای تێدا ڕەوا دەبێ؛ هەر تۆیان نیازەو تەنیا ئاواتەخوازن کە بە دیدارت شاد بین. ئەوتیشکەی لە چرای ماڵی کابەوە بڵاوە کە لەناو جێ چرادا هەڵواسراوە تیشکی تۆیەو هەمو ڕۆشناکیهەر لەتۆرایە.

**٧ داوەقتی لیقایێ بتە حەیبن دبەقایێ**
**من نەقدی دلو جان دفەنایێ بسەلەمدا**

**مانای وشەکان:**

**وەقت:** کات؛ **لیقا:** توشهاتن؛ **بتە:** بەتۆ؛ **حەی:** زیندو؛ **بەقا:** هەرمانو نەفەوتان؛ **نەقد:** نەغدینە؛ **فەنا:** لەناوچون؛ **سەلەم:** پێشفرۆش.

**مانا بەتێکرایی:**

ئەیدۆست، وامن دەستم لەژیانی دنیا بەرداوەو هەر لەئێستاوە نەغدینەی گیانو دڵم بۆ شادبون بە دیداری تۆ پێشفرۆش کردوە. کە هەرگا دەستم بەتۆ رابگاو بە دیدارت شادبیم، لە پلەی هەرمانو نەفەوتاندا بمێنمەوە.

**٨ یاقوت فروشان دکەف ئەلماس شکەستن**
**ئەڤ صەفحەیی ئەلماسی کو نەققاشی رەقەم دا**

**مانای وشە:**

**کەف:** لەپی دەست؛ **نەققاش:** دەس رەنگین؛ **صەفحە:** روکار؛ **رەقەم:** خەتدان؛ **شکەستن:** شکاندیان.

**مانا بەتیکرایی**

ئەو سیماو روخسارەی کە لە سپیەتیدا رەنگی ئەلماسی لەبرەو خستوەو دەس رەنگینی خودای داهێنەر خەتی داوە؛ کارێکی وای بەسەر دنیاو خەلکی دنیا هێناوە، کە گەواهیر فروشان لە عەزرەتو ئاواتی ئەو هێندیان دەستی خوێان رێك گوشیوە، کە ئەلماسیان بەو هەمو سەختیەوە لە ناو لەپدا شکاوەو وردو خاش بوە.

**٩ یارەب ژ چرو لەب بئەنایاتە گوشایم**
**سُبْحَانَكَ لَنْ أُحصِیَ فی شأنِكَ حَمْداً**

**مانای وشەکان:**

**یارەب:** خوایە؛ **ژچرو:** بەچ روێکەوە، چون حەددم هەیە؛ **لەب:** لێو؛ **ئەنا:** پەسنو پێدا هەلدان؛ **گوشایم:** هەلپچرم؛ **سُبْحَانَكَ:** پاکی بوتویەو تو لەوە بەرزتری؛ **لَنْ أُحصِیَ:** هەرگیز بوم ناژمیرڕدرێ؛ **فی شأنِكَ:** دەربارەی تو؛ **حَمْد:** سوپاسو پەسن.

**مانا بەتێکرایی:**

خوایە من ئەبێ چیبمو چون رێگە بدەم بەخوم کە بەتودا هەلبلێم؟ تو زور لەوە بالاتری کە سوپاسو باسی کارو کردەوەی جوانی تو، لە دەست من بێت. هەرگیز نامکرێ بەرانبەر بە گەورەییت شتێك بلێم کە شایانی گەورەییو مەزنایی تویێ.

**١٠ مینەت ژخودایی کو بعەبدێ خو مەلایێ**
**ئیکسیری غەمی عیشق نە دینارو درەم دا**

**مانای وشەکان:**

**ئیکسیر:** بە توزو دەرمانێك دەلێن کە ئەگەر بەسەر مسی سورەوەبوی داکەی دەبێتە زێڕ؛ **دینارو درەم:** پولو پارە.

**مانای بەتێکرایی:**

منەت بارو سوپاسگوزاری ئەو خودایەم، کە لەباتی پول‌و پارە، ئیکسیری خـەمی ئـەوینی داوە بە مەلای کوێلەی خوێ.

## قصیدەی سێهەم

# «مَشّاطەی حوسن»

**١ مَشاطەیی حوسنا ئەزەل چەنگالی زولفان تاب دا**
**دا عشق هل بت پێل بە پێل قەلبیٚ مەپیٚ جەلاٚبدا**

شیاوی باسە کە ئەگونجیٚ ئاخر بەیتەکە «**قەلبی مەپیٚ قولابدا**» یان «**قەلبی مە،لیٚ جەلابدا**» بیٚ؛ کە هەر یەکەیان، واتا یەکی تایبەتی دەگەیەنن

**مانای وشە:**

**مَشاطە:** شانەکەر، بوکجوان‌کەر، رازێنەوە؛ **حوسن:** جوانی؛ **ئەزەل:** هەرەپێشو؛ **چەنگال:** ئاڵقە، چنگال؛ **زولف:** کەزی؛ **تاب:** داویان پێچدان؛ **دا:** هەتا؛ **عشق:** ئەوین؛ **هل‌بت:** بەرزبێتەوە؛ **هل:** مەوج، شەپوٚل؛ **قەلبیٚمە:** دڵی‌مە؛ **جەلاب:** کەوی بنە، (ئەو کەوەی کە راوکەر لە حەشاردا دای دەنینەوە و دەخوێنیٚو کەوی دیکە بە دەنگیەوە دێن‌و دە داو دەکەون)؛ **جەلاب:** جەلاد (کورد بە میرغەزەبی سەربڕ دەڵێن). جەلاب، وەك لەو بەیتە فولکولوریەدا هاتوە کە دەڵیٚ:

دوچاوی مەستت بونە جەلاٚبم  پیٚیان بفرمو نەدەن عەزابم

خوٚ ئەگەر قولاپیش بیٚ، ئەوە هەر قولاپەکەی خوٚمانەو بەئاسنی سەر گوٚچانی دەڵێن. وێش دەچیٚ، جُلاب بی‌و هەر بە مانای قولاپ هاتبیٚ کە ئەمەش لەهجەیەکی وڵاتی عەرەبە و لە هێندێك جێگە، بە تایبەتی لە میسرو عراق قاف دەکرێتە جیم. لە باتی قاعد؛ **دەڵێن:** جاعد؛ **پەی:** دوایی.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئەو رازێنەوەی کە جوانی هەرە بەرێی رێکوپێك دەکرد، یاخوٚ جوانی رازێنەوە هەر لە روٚژی بناوان‌دا، قولاپەیان ئاڵقەی کردە داو یان پێچی دا تا ئەوین وردەورده وەك شەپوٚلی لەدوای شەپوٚل بوٚی سەرکەوی و دەو داوە با دراوە کەوی‌و پێوە بیٚ؛ تەواو وەك حکایەتی راوکەری بەداو، بەڵام فەرقەکە لێرەدایە کە راوکەر کەوی بنەیان داناوە و لێرەدا هەر جوانی داوەکە دڵی بەرەو خوٚی کێشاوە و ئەو پەندەی پیٚ داوە.

یاخۆ پێچی ئەو زولفە ئاڵقە ئاڵقەیە دڵی ئێمەی خستوەتە شـوێن جـەلادەوە. یاخـۆ دڵی ئێمەی بەر قولاپ داوە.

**٢ حوسنا حەبیبو لوتفی‌یار ئاڤیتە دل عشقا غەدار**
**لەو سەلب کرژێ اختیار وێ حوسنێ ئەڤ ئیجابدا**

**مانای وشە:**

**حوسن:** جوانی؛ **حەبیب:** دۆست؛ **لوتف:** ناسکی؛ **ئـاڤیتە:** هاویشـتیە؛ **غەدار:** خـاوەن زۆر و داگیرکەر؛ **سەلب:** زەوت؛ **کر:** کرد؛ **ژێ:** لەو؛**اِختیار:** دەسەڵات؛ **وێ:** ئـەو؛ **ئیجـابدان:** واویسـتن؛ **ئیجـابدا:** واهەڵ دەگرێ.

**مانا بەتێکڕایی:**

جوانی‌و ناسکی ئەو دڵبەرە، ئەوینی خاوەن زۆرو داگیرکەری خسـتە دڵەوە. جـوانی‌و ناسکـی بونە سەبەب کە عشقی زۆردار، بە دڵمبزانێو هەرهات هەمو اِختیارێکی لە دەست دەرهێنام. ماڵم حەقە ئەو جوانیە کە من ئەیزانم، هەڵ دەگرێ کە هەر خۆی صاحیب اِختیار بێ.

**٣ من دی سەحەر زَلفێن دەمەست هاتن سەما احرام بەست**
**چون سەجدە یا خالی‌ب قەست لەو حاجبان میحرابدا**

**مانای وشە:**

**من‌دی:** ئەمن دیتم؛ **سەحەر:** بەربەیان؛ **زُلفێن:** دوزُڵف، بسکی لە هەر دولاوە؛ **هاتن‌سەما:** دەسـتیان بە سەما کردن‌و هاتو چۆکرد؛ **چون سەجدەیا:** چونە سەجدە بردن بۆ خـاڵ؛ **بەقـەسـت:** بەنیەت هێنانەوە **لەو:** لە بەرئەوە؛ **حاجب:** بروٚ؛ **حاجبان:** دوبروٚ؛ **میحرابدا:** خۆیان بۆ کردن بە میحراب.

**مانا بەتێکڕایی:**

لە بەرەبەیان‌دا، کە هێشتا نوێژی سبەینە مابو؛ یارم دیت بسکـەکانی دە لەرینەوە و وەکو مەسـت‌و سەرخۆشان تلیان دەداو رادەژان. لە کزەبای بەیانی کە بای بسکـانی پێ دەڵێن ـ کەوتنە رەقص و سەماوە. لە ناکاو بو پەرەستنی جوانتر لە خۆیان کەوتە بیرو بەرگی تەوافیان سـازداو نیەتیان هێنا کە لە ناو میحرابی بروٚیان‌دا سوژدە بەرنە بەر خاڵی نێوان چاوو ئەبروٚیان.

**٤ روح‌و رەوانێ من حەبیب دیسا ب تەلبیسا رەقیب**
**رەنجیدە کر مسکین غەریب تەرکا دلێ ئەحباب‌دا**

**مانای وشه:**

**روح‌و ره‌وان:** گیان؛ **حه‌بیب:** گراوی؛ **ته‌لبیس:** حیله‌و فه‌ندو فێڵ‌و گزی؛ **ره‌قیب:** چاو چنۆك‌و شوفار. **ره‌نجیده:** دڵشکاو؛ میسکین: هه‌ژار؛ **غه‌ریب:** ئاواره؛ **ئه‌حباب:** دۆستان.

**مانا به‌تێکڕایی:**

ئه‌م یاره خۆشه‌ویسته‌که مایه‌ی گیان‌و ژیانمه، ئه‌وا دیسانه‌وه له زمان شڕی‌و گزی‌کاری شوفارو چاوچنۆکانه‌وه، دڵی یارانی به جێهێشت‌و هه‌ژارو ئاواره‌کانی دڵ شکسته‌کرد.

**٥ مه‌حبوب‌و ره‌یحان پڕ گولاڤ که‌ر کرل من جه‌رگ‌و هه‌ناڤ**
**زه‌هرا هه‌لاهل بوده ناڤ له‌و ساقی ئه‌و جوللاب دا**

**مانای وشه:**

**مه‌حبوب:** خۆشه‌ویست؛ ره‌یحان: ریحانه؛ **پڕ:** دارماڵ یان زۆر؛ **گولاڤ:** گوڵاو؛ **که‌ر:** لەت؛ **که‌رکر:** لەت لەت کرد؛ **ل‌من:** له من؛ **هه‌ناڤ:** ده‌رون. ئه‌م به‌یته له دیوانه چاپ کراوه‌کان دا، وانوسراوه که ئێمه نوسیومانه. به‌ڵام من لام وایه له باتی ره‌یحان، **راح** بوبێ‌و به راحێن که‌وتبێته شێعره‌وه. راح‌به باده ئه‌ڵێن‌و راحێن جه‌معه. واتا شه‌رابه‌کانی. چونکه وا ماناکه‌ی ڕێك‌و له‌بارتر دێته‌وه؛ **زه‌هر:** ژه‌هر؛ **هه‌لاهیل:** سه‌مێکی زۆر به قه‌وه‌ته. گوایه شیره‌ی گیایه‌کی کوشنده‌یه؛ **ناڤ:** ناو؛ **ساقی:** مه‌ی‌گێڕ، ئاودێر؛ **جوللاب:** گوڵاوێکه که به شه‌کر یان هه‌نگوین شیرین کرابێ.

**مانا به‌تێکڕایی:**

یار که‌وا ده‌مێ ئێمه‌ی به جێ هێشت، که‌وتینه حاڵێکه‌وه که شه‌رابی پڕ گوڵاویش، وه‌ختێ مه‌ی‌گێڕ بۆی تێ‌کردین له باتی ئه‌وه پێی وه‌که‌یف بێین، لێمان بو به ژه‌هر و ده‌ت گوت ژه‌هری هه‌لاهل ده‌خۆینه‌وه. هه‌ر خواردمانه‌وه، جه‌رگ‌و هه‌ناومان له‌ت‌و په‌ت بو.

**٦ وان ده‌ست‌و زه‌ندو ساعدان مه‌ی دانه شیخ‌و زاهدان**
**مه‌ستی ب چه‌شمی شاهدان ئه‌و نیرگزا سیراب دا**

**مانای وشه:**

**وان:** ئه‌وان؛ **زه‌ندو ساعد:** قۆڵ‌و باسك؛ **شیخ:** پیری ته‌ریقه‌ت؛ زاهید: سۆفی ته‌رکه دنیا؛ **مه‌ستی:** سه‌رخۆشی؛ **چه‌شم:** چاو؛ **شاهید:** ئاگادار؛ **نیرگز:** نه‌رگس؛ **سیراب:** تورت و تێراو

**مانا به‌تێکرایی:**

ئه‌و مه‌چه‌ك‌و باسکه ناسکانه، که یار مه‌ی پێ ئه‌دا به شیخ‌و سۆفیان تامه‌ست بن؛ ئاگاداران و

دڵوشیاران، هەرلە ڕێگەی چاوەوە مەست بون‌و دیتنی چاوی مەستی یار ـ کە وەك نیرگزی تێراوە ـ هۆشی لێساندن.

**٧ میسکێ ڕەشاندی ئەز دەبێم وان نوقتەیان هن بونە کێم**
**لێ خەتی ڕەیحانی ل دیم کاتب ژنو ئیعراب دا**

**مانای وشە:**

**میسك:** موشك، ئەو بۆنە خۆشەی لە ناوکی جۆرە ئاسکێك پەیدا دەبێ؛ **ڕەشاندی:** پرژاندی؛ **ئەز:** من؛ **دبێم:** دەبێژم، دەڵێم؛ **وان نوقتەیان:** ئەو نوختانە؛ **دیم:** رومەت‌و ڕۆخسار؛ **کاتب:** نوسەر؛ **اِعراب:** سەرو بۆر بۆ کردن، یان راست کردنەوەی هەڵە.

**مانا بەتیکرایی:**

هەرچەندی بیر لە نەقش‌و نیگارو جوانی‌و لەباری ئەو رومەت‌و روخسارە نازدارە دەکەمەوە، دەکەومە سەر ئەو بیرو خەیاڵەوە کە دەڵێم. واوێدەچێ لەپێشدا هاتبن بۆ ئەوە سپیاییە ساکارەکەی بنەخشێنن، میشکی ڕەشیان لێپرژاندوە، تابینە ئەو خاڵەرەشە بۆن‌خۆشانە. لەپاشان کە ڕۆانراوە خاڵەکانیان بەکەم زانیوەو ویستویانە نەخش‌و نیگارەکە تەیارتر بێ‌و دیمەن ڕێك‌و لەبارتر خۆی بنوێنێ. نوسەر کەمەبەستی قەڵەمەوەشێنی هەوەڵە، هاتوە بەخەتی ریحانی کەمایەسی خاڵانی لەبەین بردوەو ئێستا ئەم خەتە ریحانیە کە لەو روخسارەدایە، دەگەڵ خاڵە ڕەشەکان ڕێك کەوتونەوەو، روخساری یار لەوپەڕی جوانی‌دایەو هیچ هەڵەو کەمایەسی تێدا بەرچاو نایە.

**٨ نازك قەدا نورین بەشەر ئەو بو ل‌من نەقشی بەصەر**
**دینا خەیالی هەر سەحەر ناڤ دیدەیی بێ خواب دا**

**مانای وشە:**

**نازك‌قەد:** بەژن باریك، بەژن زراو؛ **نورین:** نورانی، شەفاف؛ **بەشەر:** پێست، (یان بنیادەم)؛ **ئەو بو ل‌من:** ئەو لەمن بوەبە؛ **نەقش:** نەخش؛ **بەصەر:** چاو؛ **دین:** دیتن؛ **دینا:** دەیهێنا؛ **سەحەر:** بەیانی؛ **ناڤ:** ناو؛ **دیدە:** چاو؛ **بیخواب:** خەوزراو.

**مانا بەتێکرایی:**

ئەو پێست شەفافە (یان ئەو بەشەرە بەژن باریکە) لێم بۆتە نەقشی چاوم. وەك بیبیلەی چاومی لێهاتوە. هەمو بەیانیان هەر خەیاڵی ئەو دێتە بەرچاوی لەخەو تۆراومەوە.

**٩ ئەو تلّی‌یێن نازك رەقیق،  پُردامە فینجانا عەقیق**
**ئەو بادەیا نورین رەحیق  مینەت بەمن وەهاب‌دا**

**مانای وشە:**

**تلّی:** قامك؛ **نازك:** ناسك؛ **رەقیق:** باریك؛ **پڕ:** زۆر (یان دارماڵ)؛ **فنجان:** پیاڵە؛ **عەقیق:** یاقیق، بەردێکی بەقیمەتەو شاعیران شەرابیان پێ تشبیە کردوە؛ **بادە:** شەراب؛ **نورین:** نورانی، شەفاف؛ **رەحیق:** خالص‌و بێ‌خڵتەو بۆن خۆش؛ **مینەت:** منە؛ **وهاب:** زۆر دەهندەو بەبەخشش.

**مانا بەتێکرایی:**

یار بەو قامکە ناسك‌و باریك‌و لەبارو شوشانەی خۆی زۆر فنجانی لەشەرابی رۆشنی بێ‌خڵتەو صاف‌و بۆن‌خۆش، دەرخوارد دام. زۆر منەکارو منەت‌بارم کە ئەو بەخشندە دەست بڵاوەم دەست کەوتوە.

**١٠ دا خەف نەبت بەژنافەری  مەی هاتە شەهکاسا سُری**
**مینەت کو ئیرۆ دیم دوری  دیسا شەرابا ناب‌دا**

**مانای وشە:**

**دا:** هەتا؛ **خەف:** نادیاری؛ **نەبت:** نەبێت؛ **بەژ نافەری:** بەژن‌و باڵای بەلەنجەو لار؛ **شەهکاسە:** شاکاشی؛ **سُر:** ڕاز و نهێنی؛ **ئیرۆ:** ئەمرۆ؛ **دیم‌دور:** روخسار بەوێنەی مرواری؛ **دیسا:**دوبارە؛ **ناب:** خالص؛

**مانا بەتێکڕایی:**

بۆئەوە بەژن زراوی بەلەنجەولار هەر لەبەر چاومان بێ‌و خۆمان لێ نەدیو نەکات؛ بادەی داینێ‌و مەی رژایە ناو هەناوەوەو خۆی گەیاندە دڵەوە کەدڵ وەك شاکاشی رازو نیازان وایە، یان ئەودڵەی کە دەفری ڕازداری خودایە. منەت‌بارم کەوا ئەمرۆ ئەو روخسار وەك دورە، دیسانەوە شەرابی بێ‌خڵتەی داینێ.

**١١ مەی هاتە فینجانا صەدەف  کەس دێ قەخۆت ئیرۆ بخەف**
**ساقی ب چەنگ‌و نای‌و دەف  فەرفوری‌یا مەهتاب دا**

**مانای وشە:**

**مەی:** بادە؛ **هاتە:** چوە ناو؛ **فینجان:** دەفر؛ **صەدەف:** گوێ ماسیلکە، جێگەی مرواری؛ **دێ:** دەبێ؛ **قەخۆت:** بخواتەوە؛ **ئیرۆ:** ئەمرۆ؛ **بخەف:** بەدزی؛ **ساقی:** مەیگێڕ؛ **چەنگ:** ئامرازێکی موسیقیە؛ **نای:** بلوێر: **دەف:** دەفە؛ **فەرفوری:** پیاڵەی چینی؛ **مەهتاب:** مانگەشەو، ترێفە.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئەوا شەراب کرایە ناو دەفری صەدەفینەوە. کەسی وا هەیە ئەمڕۆ بە دزی بخـواتەوە؟ نەخێر نیە. چە وەختی خۆ شاردنەوەیە؟ ئەوا مەیگێر دەگەڵ آوازەو دەنگی چەنگـو دەفەو بلوێر، پیاڵەی چینی پڕلەشەراب دەگێرێ کە شەرابەکە لەرەنگی تریفەی مانگە.

**١٢ عیدەو حبیبێ نەذرە لێ  یان دێ بقوربان بێ مەلێ**
**یارەب ببینم ڕۆژ هِلێ  سکّین ددەست قەصّاب دا**

**مانای وشە:**

**عید:** جەژن؛ **حەبیب:** دۆست؛ **نەزرە لێ:** نەزری لەخۆگرتوە؛ **یان:** یعنی؛ **دێ:** دەبێ؛ **ب قـوربان بێ:** بە قوربانی بێ، ببێتە قوربانی بۆئەو؛ **مەلێ:** مەلا؛ **یارەب:** ئەی خوایە؛ **سکّین:** چەقۆ؛ **ددەست:** دەدەستی.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئەوا جێژنەو یار لەخۆی گرتوە، قوربانی بکاو مەلای هەڵبژاردوە کە بیکاتە قـوربانی. هەی خـوایە دەی ببینم ڕۆژ هەڵبێو چەقۆی لەناو دەستی قەصابدا ببینمو ئەو هەلە پیرۆزەم لەکیس نەچـێ. جا چە لەوە خۆشترە ببمە بەڵا گەردانیِ باڵای ئەو نازدارە.

## قصیدەی چوارەم

# موغ بەچەپین مەی فرۆش

بۆ ئەوە کە لە پوختەی مەبەستی جزیری لەم قەسیدە چوارەمەی تێ بگەین، پێ ویستی‌مان بە کورتە پێشەکیەك هەیە. ئەویش ئەمەیە:

صوفیایەتی، یا وەك لە ئێراندا باوە و پێی ئەڵێن فەلسەفەی عیرفان؛ چەندین دەرەجەو پلەی هەیە. کە یەکێك لەوانە خۆ گوم کردن‌و دەگەڵ خوا تێکەڵ بونە. صوفی گەیشتۆتە حاڵەتێك کە جگە لەخودا، هیچ شتێکی وەبەرچاو نەهاتوە. هەر ئافەریدەیەك کە هاتۆتە بەرچاوی، بە تیشك دانەوەی ئاوێنەی نوری خوای داناوەو بەلایەوە سێبەرێکە ئەو دەیبینێ‌و ماك‌و بنچینەکە، کەوانە کردنی ذاتی ئافەرینندەیە. جا بەم قۆناغە گوتراوە: «مەنزڵگەی فنافی‌اللهی». واتا: توانەوە لە خوادا. هەر ئەم اصطلاحە بە «وحدت مطلق»یش ناو براوە. جا ئەو صۆفیە، کە گەیشتۆتە ئەم پلە بەرزە، هەرچیەکی دیوەو هەرچی بە دڵیا تێ‌پەڕیوە. هەر بەخودای زانیوەو من‌من‌و تۆتۆیی‌و خۆم‌و خۆیی لەنێوان‌دا نەماوە. واتا: ئەگەر هێندێك لەو صۆفیانە وەك حوسێنی کوری مەنصوری هەلاج، سەید ئەحمەدی روفاعی، بایەزیدی بەستامی‌و زۆری تریش کە لەم وتارەدا ناگونجێ هەمویان ناوبەرین لەکۆڕی جەزم بون‌دا گوتویانە من خودام! مەبەستیان کفرکردن نەبوە، ئەوانە خۆیان بەتنۆکێك دیوە لەناو دەریایەکی بێ پەی‌و بێ سەروبن‌و ئەو تنۆکەش هەر پاژێك لەو دەریایەیەو ئەگەر گوتویەتی «من دەریام»، راستی گوتوە. تنۆك لەناو دەریادا دەتوانێ بڵێ دەریام. پاژ دەتوانێ خۆی بەناوی گش ناوبنێ‌و هەرکاتێ جزء خۆی بەناوی کل بناسێنێ عەیبی لێ ناگیرێ. جا ئەوصۆفیە کە بە پەیژەی خواناسین‌دا، ئەوەندە سەردەکەوت کە پای ئەنایە سەرپلەی تێکەڵاوی لەگەڵ خوادا؛ نەك هەرخۆی بەخوا دەهاتە بەرچاو بگرە هەرچێکی ئەیدیت، خوای تیا بەدی ئەکرد.

**شیخ سعدی** لەم بارەوە دەڵێ:

موحَد همان بیند اندر اَبل  که در خوبرویان چین و چگل

یانی کابرا که دەگاته پایەی ایمان به وحدتی مطلق، چه بروانێته بیچمی ناقۆڵای وشترو چه بڕوانێته بەژن‌و باڵای ڕێکی لاوچاکان‌و روپاکانەوە جگه له تیشك‌و ڕۆشناکی خوا هیچ نابینێ‌و جگه لەخوا به بەرچاوو دڵی‌ئەو انایه.

جا ئەگەر شیخ ئەحمەدی جزیری خۆمان، وشتری پێ‌جوان نەبوە، یاخۆ لەو شاخو بەردو چڕو هەردەی جزیری بۆتان، وشترێك نەبوە که سەرنجی رابکێشێ! بەدیمەنی شۆخو شەنگی سەلمای کیژی میرەوە، گرتویەو نوری‌خوا لەگۆشەی چاوی مەستی سەلماوە خۆی نیشانداوەو بەرەو خۆی کێشاوەو حاڵەتی جەذمەی پێ‌داوەو خۆی لەکۆری بەزمی مەیگێڕاندا دیوە، که دەستی بەزەیی خوا پڕی پێ‌داکردوەو بردویەو لەبارەگای بەرزی خۆیا جێگەی بۆ کردۆتەوەو تنۆك له دەریای ماك‌و بنچینەدا تواوەتەوەو بۆتەوە به تنۆکه ئاوەکەی هەمان سەرچاوەکە. جا ئێستا که ئەم پێشەکیەمان بەسەرچڵی پێشکەش‌کرد، ڕەنگه هاسان‌تر لەم قەسیدە بگەین. دادەی با بزانین ئەڵێ چی؟

**١ موغ بەچەیین مەیفرۆش  هەر سەحەرێ تێن سەما**
**باده خوران نۆش نۆش  مانه لدۆرێ جەما**

### مانای وشەکان:

**موغ:** مەلای زەردەشتی؛ **بەچە:** منداڵۆکە؛ بەڵام «موغبەچە» بەتێکڕایی بەو مناڵە دەمروتانەیان گوتوە که مەیگێڕی مەیخانەکان بون؛ **مەی‌فروش:** مەیخانەچی؛ **هەرسەحەری:** هەر بەیانیەك یان (هەموبەیانی یەك)؛ **تێن:** دێن؛ **سەما:** هەڵپەڕکی‌و دیلان؛ **بادەخوران:** شەراب فرکەران؛ **نوش‌نوش:** دەگەڵ خواردنەوەی پیاڵە بەدوی پیاڵەدا ـ یان (بەگوتنی نۆشت بێ‌نۆشتبێ)؛ **مانه:** ماون؛ **لدۆرێ:** لەدەورە؛ **جەما:** کۆمەڵ.

### مانا بەتێکڕایی:

شەرابخۆرانی زۆر لەزەبر،شەوو ڕۆژ له مەیخانەدا بەسەر دەبەن‌و ئەوەنده له جۆشن که له بەرە بەیانانیشدا بەزم‌و ئاهەنگ سستی‌و کزی بەسەرا نایه! جا له بەرەبەیاندا، کاتێ ئەو مەیگێڕە لوس‌و سادانه لەناو کۆڕی سەرخۆشاندا سوڕ ئەدەن‌و بەزم گەرمە. شەرابخۆرانی هاودەم‌و هام‌پیاڵەش پتر گەرم دادێن‌و پیاڵە بەشوێن پیاڵەدا، شەراب فڕدەکەن‌و بانگاوازی «نۆشتبێ نۆشتبێ» لەو ناوەدا، دەنگ ئەداتەوەو بەتێکڕایی‌له دەوری سەماو ڕەقصی ئەو مەیگێڕە لوس‌و پوسانه، کۆ دەبنەوەو تێیان ڕائەمێنن.

**٢ هن گولی بو عەنبەرن  هِن دشیرین ئەسمەرن**
**هن گوهەری دانەیین  میثلی سوهەیلی سەما**

**مانای وشەکان:**

**هن:** هێندێك؛ **گول:** گوڵ؛ **بو:** بۆن‌وبەرامە؛ **عەنبەر:** شتێکی زۆر بۆن خۆشە کە لەناو ورگی جۆرە ماسیەکدا دەس دەکەوێ؛ **گوهەر:** گەوهەر؛ **دانە:** بێوێنە؛ **مثل:** وەکو؛ **سوهەیل:** ئەستێرەی سیوەیل؛ **سەما:** عاسمان.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئەو منداڵە لوسە مەیگێرانە، هێندێکیان گوڵن‌و بەرامەی عەنبەریان هەیە. هێندێکیان گەنمرەنگی دڵکێشن. هێندێك وەك گەوهەری تاقانەوان‌و بەوێنەی ئەستێرە سیوەیلەکەی عاسمان، تیشك ئەدەنەوە.

**٣ هِن زەری‌نە پڕ سورن سەرب پەرن دیم دورن**
**من کو دِچەرخێ وەدی صەبرو قەرارم نەما**

**مانای وشەکان:**

**زەری:** سەوزە رەنگ؛ **پڕ:** زۆر،یان (تژە)؛ **سور:** دڵکێشی‌و جاذبیّت؛ **سەرب‌پەرن:** پەڕیان لەسەریان داوە - یان (سەرب پۆرن. کاکوڵیان هەیە)؛ **دیم:** ڕومەت‌و دەم‌وچاو؛ **دور:** مرواری درشت؛ **کو:** کە؛ **چەرخ:** کۆزوکۆڕ؛ **وە:** وەها؛ **دی:** دیت.

**مانا بەتێکڕایی:**

هێندێکیش لەو مەیگێرانە سەوزە لە رەنگ‌و خوێن‌شیرین‌و دڵکێشن. کاکوڵیان هەیە. یاخۆ: پەڕیان لەسەریان داوە بۆجوانی، دەم‌و چاوو روخساریان، وەك مرواری درشت، صاف‌و ڕوناکە. کاتێ من لەکۆڕی بەزمدا ئەو دیمەنەم، بەرچاو کەوت؛ ئیتر بەجارێك آرام‌و ئۆقرەم لێ هەڵگیرا.

**٤ صەبرو قەرارم کوبر جان‌و جگەر هور دِکِر**
**ظولمی وەرەنگ کی دِکِر جان دِبرو دل تەبا.**

**مانای وشە:**

**صەبرو قەرار:** ئۆقرەو ئارام؛ **کو:** کە؛ **بر:** بردی؛ **جان:** هم لەش هم‌روح؛ **جگەر:** جەرگ؛ **هور:** ورد؛ **دِکِر:** دەکرد؛ **دبر:** دەبرد؛ **تەبا:** دەگەڵ.

**مانا بەتێکڕایی:**

دیسان مەلا، بای‌داوەتەوە سەر ئەو باوەڕە کە باسی‌کرا. بەڵام لێرەدا، جارێ چوارچێوەیەکی

ئامانەتی بۆ دروست کردوە. ئەم دیمەنە جـوانەی رەقص‌و سـەمای ئـەو مەیگێڕە خـونچیلەو خوێن‌شیرینانەی بە تیشکێکی جوانی سەلما، داناوەکە خودی سەلماو جوانیەکەش، هەر پاژێکـن لە دەریای نوری خواو لێرەدا هەمو جوانیەکان، لەوسەرچاوەدا بەدی ئـەکرێن. جـا ئـەفـەرموێ: کاتێ من ئارامو صەبرم لەدەست دەرچو کە دیارە سەلما بە تاڵانی بردبو. بەوەندەشـەوە نەوەسـتا، گیان‌و جەرگیشمی هەنجنی. ئـاخر بابەبڕوانن کێ تائێسـتا ناهەقـی وای کردوە، کە گیان بەرێ‌و دڵیشی لەگەڵ بەرێ‌و هیچ بۆتاڵان کراوەکە نەهێڵێتەوە؟!

مەلا تائێرە دێتـو گورجێ هۆشی خـواناسینەکەی لەم بێهـۆش بونەدا وشـیار ئـەبێتەوەو بەرپەرچی قسەکەی خۆی ئەداتەوەو ئەڵێ: ماڵ وێران، ئەم من‌من‌و تۆتۆیەت لەچـی‌یە؟ تۆچـی، تاگیان‌و دڵێکـت هەبێ‌و یار بیبا؟ هەرچـی هەیەونیە، هەر خـۆیەتی: گیان‌و دڵێك کوا من بڵێم هی‌منە؟ هەر خۆیەتی کەگیان‌و دڵە. ئەفەرموی:

٥ جان‌و دلێ من ئەوە حور وەشێ من ئەوە
پادشەهێ من ئەوە ئەز لدەرێ‌وی گەدا

**مانای وشە:**

**حور:** حۆری، جوان چاکی چـاوڕەش؛ **وەش:** ئـاسایی؛ **ئـەز:** من؛ **لە دەرێ‌وی:** لەدەرگای ئـەو؛ **گەدا:** پارسەك‌و سواڵکەر.

**مانا بەتێکڕایی:**

گیان‌و دڵی من ئەوە. رەنگ حۆریەکەی من هەر خۆیەتی. پاتشـای من هەر ئـەوە. من لەدەرگای ئەوا، گەدایەکی ڕۆت‌و هەناسە ساردم

٦ یارێ کودی ئەم گەدا دەست بەدەستێ مەدا
ئەم بەسەمایێ برین رەقص‌و سەما ژێ وەما (یان ـ سەماژی وەما)

**مانای وشە:**

**یارێ:** یارەکە؛ **کودی:** کاتێدیتی؛ **ئـەم:** ئێمە؛ **مە:** ئێمە؛ **سـەما:** عاسـمان،یان رەقص؛ **برین:** بردین؛ رەقص‌و سـەما: هەڵپەرکی‌و بەزم، یان ـ هەڵپەرکی‌و عاسـمان؛ **ژێ:** لەو؛ **ژی:** یش؛ **وەما:** هەروەهاما، یان ـ بەجێ‌ما.

**مانا بەتێکڕایی:**

تا پێم‌وابو من منم‌و گیان‌و دڵێکم هەیە کە بە تاڵان براوەو ڕۆژێك لەڕۆژان، خـاوەنی شـتێك بوم.

ئەوا سەرگەردان‌و بێدەرەتان مابومەوە. بەڵام کە لە جەرگەی بێهۆشیدا هۆشم هاتە بەرو تێگەیشتم کە نەمن هەمو نەجەرگو هەناوو گیان هی‌من‌بوەو من جگەلە گەدایەکی هەناسە ساردی لەبەر ئاستانەی یار کەوتو، شتێك‌نیمو هەموشت هەر خۆیەتی. ئەوسا یار کەدیتی من‌بە گەدایی خۆم زانیوە، بەزەیی بزوت‌و دەستی خستە ناو دەستمەوەو منی بردە ناو کۆڕی بەزمەکەوەو بە چونی منی گەدا رەقص‌و ئاهەنگ هیچ‌تێك نەچو. لەپێشدا چۆن‌بو، هەروەك خۆی‌ما.

یان ئەڵێ: دەستی خستە ناو دەستمو منی بەرز کردەوەو بەرەوژوری بردمو گەیاندمیە جێگایەك‌و پلەیەك لەقەدرو عێزەت، کە سەهلە رەقص‌و بەزمی سەر عەرز؛ عاسمانیش لەوپلەیە بەجێ‌ماو نەوی‌تر خۆی دەنواند. واتا بەقەولی سعدی:

مرۆ دەگاتە شوێنێك مەگین خودا لەوێ بێ
بنۆڕ چپایە بەرزیت هەر هێندەیە خودا نی

**٧ گۆتە مە دوڕ دانەیی ئەم ژتەوو تو ژمەیی**
**لەوب حەقیقەت یەکین مەسئلە بێ‌شوبهە ما**

**مانای وشە:**

**گۆتەمە:** بەئێمەی‌گوت؛ **دوڕدانە:** دوڕی تاقانەوبێ‌وێنە؛ **ئەم ژتە:** ئێمە لەتۆ؛ **تو ژمەیی:** تۆ لەئێمەی؛ **لەو:** بۆیە؛ **بحەقیقەت:** لەراستی‌دا؛ **مەسئەلە:** مەسەلەکە؛ **بێ‌شوبهەما:** بێ گومان‌و رۆشن بووە.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئەو گەوهەرە تاقانەو بێچونە، بە ئێمەی گوت: ئێمە لەتۆین‌و تۆ لە ئێمەی. هەر بۆیە ئەگەر راست بیر بکەیەوە ئەزانی کەئێمە یەکێکین‌و من‌وتۆیەك لەگۆڕی‌دا نیە. ئیتر مەسئلەلەکە لەلای‌من تەواو رۆشن بووەو هیچ گومان‌و دودڵیم نەما.

**٨ دامە بدەستی سری جاما ژرەنگی دوری**
**جەذبە گەها جان‌و دل پر شەو شاندن هەما**

**مانای وشە:**

**دامە:** دای بەئێمە؛ **بدەستی سری:** بە دەستێکی نادیاری؛ **جاما:** پیاڵەی؛ **ژرەنگی:** بەوینەی؛ **دوڕ:** مرواری درشت؛ **جەذبە:** حاڵەت لێ‌هاتن؛ **گەها:** گەیشت؛ **پر:** گەلێك، یەکجار زۆر؛ **شەوشاندن:** شێواندنی؛ **هەما:** هەروەها، بەبێ‌ئەوە خۆم ئاگا بکەم.

**مانا بەتێکڕایی:**

یار کەمنی گەیانده بەزمی بارەگای خۆی و تێی گەیاندم که هیچ فەرق‌و جیاوازیەك له نێوان‌دا نیەو پەردەی گومان‌و دودڵی منی لەنێوان لابردو باشی تێگەیشتم مەسەله چیە؛ ئەوسا به دەستی نادیاری لەمن‌را ـ یاخۆ به دەستی پڕله جاذبێتی خۆی پیاڵەیێکی دایه دەستم، که تەواو وەك‌مرواری ئەینواند. هەرکه پیاڵه گەیشته دەستم جەذبه خۆی گەیاندمێ‌و بەیەکجاری گیان‌و دڵمی ئاڵۆزو پەرێشان کردو ناشتوانم هۆی هاتنی ئەو حاڵەته بەیان‌کەم.

**٩ باده مەنۆشی ژدەست چومە ژخۆ مامە مەست**
**قەطرە بەبەحرێ گیا بەحر بەعەینی خۆما**

**مانای وشه:**

**باده:** شەراو؛ **مەنوشی:** ئێمە خواردمانەوە؛ **ژ دەست:** له دەست؛ **چومە ژخۆ:** لەخۆ چوم، بورامەوە؛ **مامە مەست:** بەمەستی مامەوە؛ **قەطرە:** تنۆك، دڵۆپ؛ **بەحر:** دەریا؛ **گیا:** گەیشت؛ **عەینی‌خۆ:** هەروەك خۆی.

**مانا بەتێکڕایی:**

بادەمان لەدەستی ئەو گەوهەرە تاقانەیە وەرگرتو خواردمانەوە، دڵم بورایەوەو کەوتمە سەرخۆشیەکی بێبرانەوە. واتا: تنۆکە ئاو، گەیشتەوە دەریاو دەریاش هەروەکوخۆی ما. بەمن هیچ زیادو کەمی نەکرد و بە لێڵایی من لێڵ نەبو. دەپێشدا هەر پاژێك له دەریا بومو ئێستاش دەگەڵ دەریادا تێکەڵ بومەوەو دەریا منەو من دەریام.

**١٠ گوش بەعامی مەدە تەرکی مودامێ مەدە**
**اکثرهُمْ فیْ غُمیٰ اغلَبُهُمْ فیْ عَمٰا**

**مانای وشه:**

**گوش:** گوێ؛ **عامی:** خەڵکی ڕەمەکی؛ **مودام،یان ـ مەدام:** شەراب؛ **أکْثَرُهُم:** زوربەیان؛ **فی:** لەناو؛ **غُمی:** بێهوشی؛ **اغْلَبُهُمْ:** غاڵبەیان؛ **عَمٰا:** کوێری؛

**مانا بەتێکڕایی:**

مەلای جزیری دوای ئەوە کەخۆی لەو پله بەرزەیەی خواناسین‌دا دیتوەو کورد گوتەنی: کەڵەشێری خۆی‌بە لەپەوە لێناوە، ئاورێك وەسەر خەڵك دەداتەوەوئاموژگاری ڕێڕەوانی تەریقەت دەکا، که نەچن گوێ بدەنە ئەو خەڵکە ڕەمەکیە که لایان وایەئافەریدە له خوا جیایەو به من‌من

خۆیان هەڵدەمسێنن‌و ڕێڕەوانی ڕاستە قینەیان، بەرتەوس‌و پلار داوەو ناوو نیرتکەی کفرو لەڕێگە لادانیان پێوە دەلکێنن.

دەڵێ: نەکەی دەغیلەگوێ لەو ئاپۆرە نەزانانە بگری‌و تەرکی بادە نۆشیەکەی بەزمی ئێمە بکەی. ئەوانەی ئەو لۆمەو لەقەمانە هەڵدەبەستن، زوربەیان تۆزقاڵێك هۆش‌و بیریان‌نیەو غاڵبەیان هەر تەواو کوێرو کوترن‌و رەش‌و سپی لێك ناکەنەوە.

**١١ حەرف ژیەك بونە فەصل گەر ببەری وان بئەصل**
**حەرف دبت یەك خەتەك خەت کونەما نوقطە ما**

**مانا بەتێکڕایی:**

ئەم مەوجوداتەی کە هەیەو هەبوەو دەبێ؛ هەموی لەیەك نوختەی سەرەتایی‌یەوە پەیدایە. نوختەی سەرەتایی (واتا نوقطەی مبدأ)، ئەزەلی‌یەو ئەبەدی‌یە، هەربوەو هەر دەبێ‌و گۆڕانێکی بەسەردا نایەو. ناسوێ‌و لەبەین ناچێ. جا لەو نوختە سەرەتاییەوە، هێڵ‌و خەت کشاوەو هێڵ‌و خەتیش پارچە پارچە کراوەو پیتی لێ پەیدا بوەو ئەو پیتانە بونەتە درۆشمی هەمو مەوجوداتی جوراوجۆرو هەمەڕەنگە. ئێمە ئەگەر بێتو ئەوانە بەرینەوە سەر عەصل‌و ماك؛ پیتەکان دەبنەوە بە هێڵ‌و ئەگەر بە بناوانی هێڵەکەدا بڕۆین، توشی نوختەو خاڵی سەرەتایی دەبین. ئەگەر ئەو خەتەش کە پیتەکانی لێ پێك هاتوە نەمێنێ، ئەو خاڵە سەرەتاییە هەر وەك خۆیەتی‌و هەر لەجێگەی خۆیەتی‌و دوبارە دەتوانێ ببێتە ماکی خەت‌و خەت ببێتە رەگەزی پیت‌و پیت دوبارە بەشکڵی جیاواز خۆبنوێنن.

جا کەوابو، بۆ کەسێکی کە بەسەر راستی‌دا بکەوێ‌و باشی لێك‌بداتەوە؛ ئەوی حەسابی بۆ دەکرێ‌و ئەوی لەڕاستی‌دا ماکی هەمو پیت‌و خەتێکە. ئەو نوقطە ئەزەلی‌و ئەبەدیەیەو چیتر نیە. واتا وحدت مطلقە و جگە لە خوا شتێکی‌تر حەساوی بۆ ناکرێ.

**١٢ وحدەتی موطلەق مەلا نورە دقەلبان جەلا**
**زۆر دڤێ مەسئەلێ ئەهلی دلان شوبهە ما**

**مانای وشە:**

**حەرف:** پیت؛ **ژیەك:** لەیەکتر؛ **بونەفەصل:** جوێ بونەوە؛ **گەر ببەری:** ئەگەر بەریەوە؛ **وان:** ئەوان؛ **بئەصل:** بۆ سەرماك‌و بنچینە؛ **دبت:** دەبێتە؛ **یەك خەتەك:** تاکە خەتێك؛ **کو نەما:** ئەگەرنەما؛ **نوقطەما:** نوقطە ماوە.

**مانای وشه:**

**وحدت:** یەکایەتی؛ **موطلق:** بێ بەندو چەندو چون؛ **جەلا:** مشتو ماڵ، یان ـ سورمە؛ **زۆر:** گەلێك؛ **دڤـێ مەسئەلێ:** دەو مەسئەلەیەدا؛ **شوبهە:** گومانو دودڵی.

**مانا بەتێکرایی:**

ایمانو باوەڕی بەو یەکیەتی بێ چـەندو چـونو بەندو بارە هۆمەلا! تێشکێکـە دڵان مشـتو ماڵ دەکات. یان نورێکە هەر وەك سورمە، چـاو ڕون دەکاتەوەو خشـتو خـاڵی لێ لادەدا. ئـەو باوەڕەش، دڵی ڕێڕەوانی راستی ڕون دەکاتەوەو پڕۆپوشی پڕۆپوچی لێ رادەماڵێ.

بەڵام، بەو دەرەجەی ایمانو باوەڕی گەیشتنە، هەروا کارێکی سوكو هاسان نیەو زۆری دەوێ تا ڕێبواری ڕێگەی خواناسین دەیگاتێ. بەشێکی زۆرو زەبەندە لە ئەهلی دڵو ڕێڕەوانی تەریقـەت، هێشتا نەگەیشتونە سەر راستەڕێگەو لە بیابانی دودڵیو گوماندا سەرگەردانن.

## قصیدەی پێنجەم

# «غەم و شادی»

**١ چین‌چین کرن زولفێن سیا  کەسك ئەتلەسی دیبا قەبا**
**ایدی نیشان نابن خویا  تێکەل کرن لازم صەبا**

**مانای وشەکان:**

**چین:** گنج؛ **کرن:** کردن؛ **زولفێن:** زولفان؛ **سیا:** رەش؛ **کەسك:** سەوز؛ **ئەتلەس:** نەوعێك پارچە؛ **دیبا:** حەریر؛ **قەبا:** کەوا؛ **ایدی:** ئیتر؛ **نیشان:** خاڵ؛ **خویا:** ئاشکرا؛ **صەبا:** شنەبای بەیانی.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئەو یارە جوانە، سەوزە پۆشەی کەوا حەریرە، ئەوەندەی ئەو زولفە رەشانە گنج‌گنج کرد کە بونەتە لەمپەری دیمەنی خاڵی روخساری، لێشم ڕونە ئـەوە کاری شـنەی بەیانە کە ئـەو بسکـە لولانەی تێکەڵ کردون‌و بەسەر روخساری یاری دارژتون‌و ئێمەی لە دیتنی خاڵان بێبەش کردوە.

جامن وەنەبێ بوختان بەبای بەیان بکەم:

**٢ من دی صبا دایی سەحەر  ماداری بەدرێ کر دوکەر**
**قەوس‌و قەزەح ژێ هاتەدەر  دیسا بەزولفانرا تەبا**

**مانای وشە:**

**من دی:** من دیتم؛ **صەبا:** سروە؛ **دایی‌سەحـەر:** شـەوەکی لێی‌دا؛ **ماداری:** دەورەو خـرایی؛ **بەدر:** مانگـی چاردە؛ **کر:** کرد؛ **دوکەر:** دولەت؛ **قەوس‌و قەزەح:** کوڵکە زێڕینە، **ژێ:** لەو؛ **دیسا:** دیسان، یان ـ دایسا؛ **بە زولفانرا:** بە زولفانەوە؛ **تەبا:** دەگەڵ.

**مانا بەتێکرایی:**

من بەچاوی خۆم دیتم لە بەرەبەیاندا، بای بسکان، ئەو بسکە رەشانەی هەژاندو خستیەسەر روخساری یارو وەك ئەوەم هاتە بەرچاو، کە مانگی چاردەی کردبێتە دو لەتەوە. هەر ئەو شنەبایە کە لەهاتن‌دا، بۆ جاروبارەیەك کەمێك لەو بسکانەی سەر روخساری کە دەلەراندەوە، تیشکی کوڵمی یار جارو بارە لەپەنا زولفانەوە خۆی دەنواندو دیمەنی زەردایی ئەو تیسماڵکە تیشکە دەگەڵ دیمەنی ئەتڵەسی کەسك‌و حەریری رەنگاورەنگی بەرگی‌یار تەواو دیمەنی کوڵکە زێرینەیان هەبو. کە لەپەنا هەورەوە، دیاری ئەدەن‌و نابێ لەبیریشمان بچێ کە بسکەکانی وەك ئەو هەورە وابون کە رۆژیان نەدیو کردبو.

شیاوی‌باسە: مەلا لەوشیعرەدا ئیشارە بە موجزاتێکی پێغەمبەر (صلعم) دەکا، کە مانگی کردوەبە دوکوتەوە. واتا لەو دیمەنەدا، موجزەکە دیسان خۆی نیشان داوە؛ بەڵام ئەمجارە لەزولف‌و روخساری سەلماوە. پیاو وەختێ چاوی بە موجزات دەکەوێ دەبێ صلواة لێداو سەلامبڵێ. بۆیە ئەفەرموێ:

**٣ ئیرۆ ژمە لبەدرا تەمام عەنبەر فشان بن صەد سەلام**
**ئەی هُدهُدی شیرین کەلام اهلاً وَسَهلاً مَرْحَبا**

**مانای وشە:**

**ئیرۆ:** ئەمرۆ؛ **ژمە:** لەئێمە؛ **ل:** لە؛ **بەدر:** مانگی پڕ؛ **تەمام:** تەواو؛ **عەنبەر:** بۆنێکی خۆشە؛ **فشان:** پژێن؛ **هُدهُد:** پەپو؛ **شیرین کەلام:** گفت‌و لفت خۆش؛ **اهل:** ئاشنا؛ **سەهل:** هاسان‌و روحسوك؛ **مرحبا:** جێ‌گوشادە.

**مانای بەتێکڕایی:**

لە کتێبەکانی ئاینی‌دا هاتوە کە سلێمان پێغەمبەری پادشای جولەکەکان، جگەلە ئادەمیزاد، هەمو جانەوەرێکیش لەدنیادا سەری وەبەرباری هێناوەو لەبەر فەرمانیدا لارەمل وێستاون. ئەویش زمانی دێوو درنجو درندەو پەرندەو چەرندەی وەك زمانەکەی‌خۆی زانیوە. ئەم سلێمانە دڵی چوەتە سەر شاژنی سەبا کە لە حەبەشەی ئێستادا بوە. ئەم دڵداریەش، لەقسەی پەپوێکەوە دەستی داوە کە بۆی گێراوەتەوەو گوتویە: قوربان پاشازادەیەکی مێچکەی زۆرجوانم لەسەبا دیوە کە جگە لە جوانیەکەی هێندەو هێندە زێڕو زێوی هەیەو تەنانەت ئەو تەختەی کە لەسەری دائەنیشێ لەزێڕی خالیسەو ئەگەر ئەوەت دەس کەوێ خەنی دەبی.

سلێمان نەدیتە عاشقی ئەو کیژە بوە کە ناوی بەڵکیس خانم بوەو هەر پەپوی کردۆتە دەڵاڵی نێوان‌و نامەی پێدا ناردوە بۆ بەڵکیس کە مێردی پێبکا. پەپو لەو دەڵاڵیەدا سەر کەوتوە، ئەمجار

دیتویانه که هێنانی ئەو کێژە لەم ڕێگە دورەوە زۆر دژوارە؛ چی‌بکەن چاکە؟ دێوێکی بنیچە جندۆکە، هەستایەپێ‌و گوتی: خەمت نەبێ، بەرلەوە تۆ لەو مەجلیسە هەستی من دەچم تەختو بەڵکیس خانمت‌بۆ ئەهێنم. پەکێکی‌تر کە لەو زاناتربو، گوتی: من بەرلەوە چاوت بتروکێنی، ئەو تەختەت بۆ ئەهێنم. سلێمان دیتی وا تەختە دانراوەو وا بەڵکیسە بۆی رازاوەتەوەو روبەروی دێت. ئیتر لەو ساوە، ناوی پەپو بەسەر زمانی نوسەران‌و شاعیرانەوە گەڕاوەو ئەگەرێ‌و ئەیکەن بە رازداری خۆیان‌و بەودا دەردی دڵ ڕادەسپێرن بۆ یارە دور دەستەکانیان.

مەلای جزیری دوای ئەوە ئەو موجزاتەی دیوە کە مانگی چاردە بۆتە دوکەرت‌و زوڵفە رەشەکان بەدەم باوە، بەسەر روخساری یاردا، دەلەرێنەوەو بۆنی عەنبەرو گوڵاو لەوناوەدا بڵاوە! دەست دەکا بە صلاوەت لێدان‌و سەلام ناردن. دەفەرموێ: ئەمرۆ لەئێمەوە صەد سەلام لەو مانگە تەواوە عەنبەرو گوڵاو پژێنەبێ. ئەوسا دەستەو دامێنی پەپو دەبێ، کە ئەوە خوایە مل‌بداو نامەی مەلا بۆ سەلما خانم بەرێ. جا دێ دەپێشدا، باسی جوانی‌و نەجیمزادەیی سەلمای بۆ دەکا تا ئەگەر نامەکەی برد یاربناسێ‌و بیداتە دەست خۆی دەڵێ: ئەی پەپوی گفت‌و لفت شیرین! یاخوا بەخیر هاتی، تۆ وەك کەس‌و کاری خۆمی، زۆر رەزا سوکی، جێگەت لەسەر سەران‌و لەسەر چاوان. تۆ ئەبێ بزانی کە:

٤ من دلبەرەك وەك دورّ هەیە مەحبوبی شیرین سورّ هەیە
حوسن‌و جەمالەك پورّ هەیە بەلقیس صفەت مەسکەن سەبا

**مانای وشە:**

**دلبەرەك:** گراویەك؛ **دورّ:** مرواری تاقانە؛ **مەحبوب:** خۆشەویست؛ **سورّ:** دڵکێشی و جاذبیّت؛ **حسن و جەمال:** جوانی‌و لەباری؛ **پورّ:** زۆر؛ **بلقیس صفەت:** بەلکیس ئاسایی؛ **مەسکەن:** ماڵ؛

**مانا بەتێکڕایی:**

پەپوگیان! من دڵ رفێنێکم هەیە، وەك دورّ وایە. خۆشەویستێکم هەیە، تابڵێی رەزا شیرین‌و پڕلە جاذبیت‌و دڵکێشی‌یە. هەرچەندی دڵ حەزبکا، جوان‌و لەبارە، وەك ئەو بەڵکیسەوایە کە ماڵەکەی لەشاری سەبا بو (یانی‌ئەویش پاشازادەیەکە، لە بەڵکیسی‌سلێمان کەمتر نیە). دەبێ چیت‌بۆ سلێمان کرد، ئەوەش بۆمن بکەی. جا هەروەك جوانی‌و نەجیمزادەییە کەیم پێ‌گوتوی، پێویستە هێندێك لەئاکارو کرداریشی بزانی:

٥ شوخ‌و شەپالا مەی پەرەست ئەو زالما هشیارو مەست
فی نامەیی خەف دی قدەست فی طَیّها نَشرُالنّبا

**مانای وشه:**

**شوخ:** شەنگ؛ **شەپال:** بەژن‌وباڵا شوش‌و باریك؛ **زالم:** زۆرکار؛ **هشیار:** بەئاگا؛ **مەست:** سەرخۆش؛ **ڤی:** ئەو؛ **خەف:** بەنهێنی؛ **دی:** بدەی؛ **ڤدەست:** بەدەست؛ **فی:** لەناو؛ **طیهـا:** لۆچی‌دا؛ **نشر:** بڵاو کردنەوەو درکاندن؛ **نبا:** خەبەرو دەنگ‌و باس.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئەو شازدە بەڵکیس ئاساییەی من، شەنگ‌و شۆخێکی بەژن شوش‌و باریکەو لە پەستا شەراب دەخواتەوە. زۆرداریکە زۆری لە وشیارو مەستان دەکاو هیچ کەس، لە زوڵمی ئەو رزگار نیە. یا، ئەو زۆرداره هەم وشیارە هەم مەستە. چاوەکانی مەستەو دڵی تابڵێی وشیارە.

جا مام پەپو گیان! ئەوا بەو پێو شوێنە، کە من بۆم دانای، بەو تاریفە کەمن کردم، تۆ دەتوانی بیناسی. ئەوا دەمەوێ نامەیەك‌و چەند راسپێریەکت پێدا بنێرم. نامەکەم کە پێچاوەتەوە لەناو لۆچو لایەکەی دا دەنگ‌و باسی کەساسی خۆمی تەواو تێدا درکێندراوە. بەڵام دیسان بەزمانیش.

**٦ بێژئەو شرینا سورْ پەری دورْ دانەیا ئەزموشتەری**
**کاعەهدو پەیمانا بەری؟ بێفایدە چون شوبهی هەبا**

**مانای وشە:**

**بێژ:** بێژە؛ **سورپەری:** دڵکێش وەك فرشتە؛ **دورْدانە:** دوزی تاقانە؛ **ئەز:** من؛ **موشتەری:** کڕیار؛ **کا:** کوا؛ **بەری:** پێشو؛یان (خالص)؛ **شوبە:** وەکو؛ **هەبا:** ئەو توزقاڵە توزانەن کە لە دەوری تیشکی خۆری ناو کولا نچکەی مالْ دەهاڵێن.

**پوختەی مانا:**

پەپوی دەمو راوێژ خۆشی شیرین زوان، تۆش دوای تەسمیل کردنی کاغەزەکە؛ لەزمان منەوە بەو خوێن شیرینەی کە وەك فرشتە دڵکێشەو دورْدانەیەکە کە من بەگیان‌و دڵْ بومە کڕیاری بێژە: کوان بەڵێن‌و گفتی پێشوی؟ یان (کوانیْ مەرجو پەیمانە بیْ غەوشەکانی؟ بۆ نەماون؟) بۆچی هەموی بیْجیْ دەرچون‌و لەبەهرە کەوتن‌و وەك ئەو توزقاڵە توزانەیان لیْهات، کە لەدەوری کۆڵەکە تیشکی ناومالْ دەهاڵێن‌و بەچاو دەبیندرێن‌و بەدەست ناگیرێن‌و وەبەردەست نایەن؟

هەروەها لەبیرت نەچیْ ئەوەیشی لەزمان منەوە پیْ بڵیْ کە:

**٧ مە دڤیْ پەری یا دل بەری لیْ هەی بئوسلوبا بەریْ**
**لیْ کەفش بەبێتە پەنجەریْ بیْوو بچت تەشبیهی با**

**مانای وشه:**

**مەدڤی:** ئێمەدەمانەوێ؛ **پەری:** فرشتە؛ **لێ:** بەڵام؛ **هەی:** هەر؛ **ئوسلوب:** ڕەوشت؛ **بەرێ:** پێشو؛ **لێ:** لەو؛ **کەفش:** کەشف، دیاری؛ **تەشبیهی:** وەکی.

**مانا بەتێکڕایی:**

عەرزی بکە، ئێمە وەنەبێ گلەمان لەوبێ، کە ئەو بە جوانی خۆی دڵی بردوین. نەخێر، ئێمە بەدڵ ویستومانەو دەشمانەوێ کە دڵمان بەتاڵانی فرشتەیەکی وەها ناسکو نازدار بڕوا. بەڵام دەشمانەوێ کە لە بەرانبەر ئەم دڵ بردنەدا، ئەویش ـ هەر وەك جاری جاران دەیکرد ـ جارەو بارەیەك لە پشت پەنجەرەو دودەری کۆشکو تەلاری خونکاریەوە لەکاتی ڕەوتی سوكو لەبارو بەلارو لەنجەیدا ـ کە وەك با لەتیفو شەفافە ـ واپکا چاوێکمان لە دورەوە پێی بکەوێ. ئیتر لەدڵ بردن، گەردنی خۆشو ئازا بێو ئێمە چیترمان لەو ناگەرەکە.

**٨ دلبەر مەجالا نامەدی ناسی کونشیانا مەدی**
**نونەك مخالف تێ نەدی هَلْ قَلْبُهٰا نَحوْی صَبٰا**

**مانای وشەکان:**

**مەجال:** وەخت؛ **دی:** دیتی؛ **نشیان:** ناونیشان، مۆرو امضا؛ **نون:** کەمایەسی، (وەك لە کوردی خۆشماندا؛ **دەڵێن:** نون لە چاوی مندا هەبێ لەودا نەبو)؛ **مخالف:** پیچەوانە؛ **تێ:** تێدا؛ **هەل:** دەرکەوت، یان (آخۆ)؛ **قَلْبُهٰا:** دڵی ئەو کیژە؛ **نَحوْی:** بەرەومن؛ **صَبٰا:** مەیل کردنی دڵدارانە.

«مانای ئەم بەیتەو بەیتی دواین پێکەوەن»

**٩ نەی شە کەرا سپی دەستو زەند زانم مەجالا نامە خۆند**
**لیڤان تەبەسسوم کر ژقەند ماسَت کَبٰانِ فیْ رُبٰا**

**مانای وشە:**

**نەی شە کەر:** قامیشی شەکر؛ **دەستو زەند:** قوڵو مەچەك؛ **زانم:** دەزانم؛ **مەجالا:** وەختێك؛ **خۆند:** خوێندیەوە؛ **لیڤان:** لێوان؛ **تەبەسسوم:** بزە؛ **کر:** کرد؛ **ژقەند:** لەقەند؛ **ماسَتْ:** لارایەوە؛ **کَ:** وەکو؛ **بان:** جۆرەدارێکی لوسو لەبارو شۆخو شەنگە. زوربەی بوێژانی عارەب، بەژنو باڵای یاری خۆیان، بەو شبهاندوە؛ **فی:** دە؛ **رُبا:** تەپوڵکە.

**مانای هەر دوك بەیتی هەشتەم و نۆیەم بەتێکڕایی:**

ئەوینداری بەتاسە، دوای ئەوە کە نامەی بە پەپودا ناردوەو چاوە نۆڕی هاتنەوی ئەکات؛ هەمو ئاواتی ئەوەیە، نامەبەر بە موژدەوە بگەڕێتەوەو یار دڵی نەرم بیێو بەزەی پێدا بێتەوە. جا دێنێ

دیمەنی یار وەك خۆی ئارەزو ئەكا، ئەهێنێتە بەرچاوی خـەیاڵو لەبەر خـۆیەوە خـۆی دڵداری ئەداتەوەو دە ورتێنێو دەڵێ:

لێم ڕونە دڵبەرم كە نامەی منی دیوە، لە خەتو امضـاكەمەوە زانیویە كە ئـەوا من ناردومە. كە خوێندویەتەوەو دیتویە هەر گلەو گازندەیەكی كە من لەوم كردوە راستەو دروو شـتی پێچـەوانەی ئەدەبم تێدا نەنوسیوە، بێگومان بەزەی پێما هاتوەو مەیلی دڵی روی كردوتە منەوە. یان لەخـۆی دەپرسێ، توبڵێی دڵی بەرەو ئێمە بزوتبێ؟ لە خۆشیانا باوەر ناكەم.

بەڵێ دەزانم ئەو بەژنو باڵایەی كە لەراستیو شیرینیدا، وەك قـامیشە شـەكر وایە؛ كاتێ بەو دەستو مەچـەكە سپیانەی خـۆی، نامەكەی منی وەرگرتوەو خـوێندوتەوە، لێوە شـەكر بارەكانی بزەیان هاتوتە سـەرو خـۆی ڕاژاندوە بەڵام چـون ڕاژاندنێك؟ وەك نەمامی داری بان كە لەسـەر تەپوڵكەیەك شین بوەو شنەبا دەیلەرێنێتەوە، وابوە.

مەلا لەو خـەیاڵە خـۆشانەدا ژیاوە كە نامەبەر گەڕاوە تەوەو موژدەی پێ داوە كە كارەكە پێك هاتووەو بەختی دڵدار گرتوویەتی، دەڵێ:

**١٠ قاصد ب مەقصودا مەهات با مژدەو ئەمرو بەرات**
**نیشان هەنارن هەم خەلات شەهزادەیا گولگون قەبا**

**مانای وشە:**

**قـاصد:** ڕاسپاردە؛ **ب:** بە؛ **مەقصـود:** مراز؛ **مە:** ئێمە؛ **مژدە:** مزگێنی؛ **ئـەمر:** فـەرمان؛ **بەرات:** نامەی ڕەزامەندی سەروەران؛ **نیشان:** نشانەو یادگاری؛ **خەڵات:** دیاری شایانە؛ **هەنارن:** ناردن.

**مانا بەتێكڕایی:**

راسپاردەكە پەپو بو، چونم ئارەزو بو وا هاتەوە. مزگێنی بەمراد گەیشـتنی پێدام. فـەرمانی قبوڵو نامەی ڕەزامەندیو نیشانەو خەڵاتی بو هێنام، كە ئەو شازدە، كەوا گوڵ گوڵیە بوی ناردبوم.

**١١ ئیرو مەجال لێ هاتو وەخت دیسا جوان بومن دەرخت**
**ئەو لامعا دایی ژتەخت ماكانَ بَرْقاً خُلَّبا**

**مانای وشە:**

**ئیرو:** ئەمڕو؛ **مەجال:** وەخت، هەل؛ **وەخت:** كات؛ **دیسا:** جاریتر؛ **جوان:** جحێل؛ **درەخت:** دار؛ **لامع:** بروسكەدەر؛ **ژ:** لە؛ **دایی:** دای؛ **ماكان:** نەبو؛ **برقـاً:** بروسكـەیەك؛ **خُلَّب:** فـریودەر؛ **بەرقـی خُلَّب:** بەو بروسكەیە دەڵێن، كە لە هەورە دروزنەوە دیار ئەداو بارانی بەشوێندا نایە.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئـەمڕۆ هەڵو دەرفـەت بۆمن ڕەخســاوە. وا لە پاش پیری بەومژدەیە کە لەوە بەولاوە یار لە پەنجەرەی کۆشکەوە خۆی نیشانم دەدا؛ لەشـم کەوەك داری گەندەڵی لێ هاتبو، گەڕایەوە تافـی جوانیمو بومەوە بە نەمامێکی شلو شەنگ. چـابو، شــوکور، ئــەو بروسکــەیەی کە لە تەختی شـازادەی دڵبەرمەوە بەرەو من هاتوە، بروسکـەی هەورە درۆزنە نیەو ڕاســتە، بارانی بەزەیی بەشوێندایەو فریوو مریو دەئارادا نەبو.

**١٢ سەلوی ڕوان زەرَین وەرەق چیچەك مەلیٰ دین صەد نەسەق**
**یاقوُتها یَخکی الْشَفَق یَخکی عُقوداً کوْکبا**

**مانای وشە:**

**سەلو:** سەرو، سەوڵ؛ **ڕەوان:** ڕێكو بێگرێو قـوڕت؛ **زەرَین:** زێڕین؛ **وەرەق:** پەلك؛ **چیچـەك:** گوڵ؛ **مەلیٰ:** ئێمە لەو ـ یان (مەلا)؛ **دین:** دیتن؛ **نەسەق:** جـوڕبەجـوڕی، بەتەرتیب دانراو؛ **یاقـوت:** بەردێکـی سوری بەقیمەتە؛ **یَخکی:** دەنوێنێ؛ **شەفـەق:** سـورایی ئـاسوڵە دوای زەردەپەڕ؛ **عقد:** گەردانەو لیزگە؛ **عقود:** جەمعی عقد؛ **کَوْکَبْ:** ئەستێرە.

**مانا بەتێکڕایی:**

بەڵێ، موژدەو بەڵێنە کە ڕاستبو. ئێمە لەو بەژن وەك سەروی ڕەوانی پەلکە زێڕینە، صـەد جـورە گوڵمان چاو پێ کەوتن، کە بەتەرتیبو ڕێكو پێکـی لێی ببونە خشـڵو خـەمڵ. یاقــوتەکانی ناو خشــڵەکان، لاســایی ســورایی ئــاسوگی دوای زەردەپەڕیان دەکردو دەناو لیزگەدا دەتگوت ئەستێرەنو کراونە گەردن بەندو لیزگەی بەرمورەکانی.

## قصیدەی شەشەم

# «دڵی یەخیر»

**١ دلبەر شکینا شەککەرەك  فَقُلْتُ یاروحی متی**
**گۆ من حەتا خاطر هەبت  من‌گۆ چ‌کم ئەز با هەتا**

**مانای وشەکان:**

**شکینا:** شکاندی؛ **شەککەرەك:** شەکرێك؛ **فَقُلْتُ:** منیش گوتم؛ **یا:** هۆی؛ **روحی:** گیانی‌من؛ **متی:** کەنگێ؛ **گۆ:** گوتی؛ **خاطر هەبت:** وازم لێ بێت؛ **من‌گۆ:** من‌گوتم؛ **چ‌کم:** چەبکەم؛ **ئەز:** من؛ **با:** دەگەڵ.

**مانا بەتێکڕایی:**

دڵبەرم شەکرێکی لە لێوان باری (واتا بە لەبزی شیرینی خۆی، بەڵێنی دامێ کە بەیەك دەگەین). گوتم: گیانە شیرینەکەم کەی ئەم بەڵێنە دێتە جێ؟ لە وەراما فەرموی: کەنگێ خۆم وازم لێ هەبێت، ئەودەم. گوتم: من چە لەو کەنگێیە بکەم؟ خوا ئەزانێ ئەو کەنگێیە کەنگێ دەبێ.

**٢ زولفان تو بەس چین‌چین  بکە بسکێن موقابل دین بکە**
**پێشکێشی یەك زولفەك تەبن  مولکی خوتەن تەختی خەتا**

**مانای وشە:**

**زولفان:** کەزیان؛ **بسك:** پێ چوکە؛ **موقابیل:** بەرانبەر؛ **دین:** شێت، یان ـ دیتن؛ **یەك زولفەك:** تاقەزوڵفێك؛ **خوتەن و خەتا:** ناوی دومەملەکەتە کە ئاسکی میسکیان هەیە.

**مانا بەتێکڕایی:**

تۆ ئەگەر پێك گەیشتنەکەمانت حەواڵە بەو رۆژە کردوە کە خۆت کەنگێ حەز بکەی‌و من ئەبێ لە

چاوەنوڕێدا رای‌بوێرمو به تاووتوێی ئارەزوی بەسەرچونی ئـەو کەنگـێیە بتلێمەوە؛ هیچ نەبێ بۆ ئەوە تا ئەو رۆژە بمێنم، تۆ ئەو کەزیانەت هێندە چین‌چین مەکە. ئـەو بسکـانە نیشـان مەدە، با بە یەکجاری شێت نەبم. یا ـ ئەو بسکـانەت وامەکە هێندە لە هاتوچـۆدا بێ کە وەك شـێتان ئـارامو ئۆقرەیان لێ هەڵگیراوەو پیاو شێت دەکەن.

رەنگە تۆ خۆت نەزانی ئەو کەزیانەی‌تۆ چەند نازدارو بەنرخـن، مەملەکەتی خـەتاو خـوتەن کە هەواری ئاسکی ناسکن، بە خڕوپڕی دەکرێنە پێشکەشی تاکە داوێك لەو زوڵفانەت.

٣ دل‌بەندی داوا زولفەکی کەفتی کەمەندی ئولفەکی
هَلْ فی یدالمَفْتونِ شَیْ أوکَیْفَ أصنعْ یافَتی

**مانای وشە:**

**بەندی:** گراو؛ **داو:** هەودا؛ **کەفتی:** کەوتوە؛ **ئولف:** خـۆشەویسـتو هۆگر؛ **هل:** ئـاخۆ؛ **فـی:** لەناو؛ **یَدْ:** دەست؛ **مەفتون:** شێواوی دڵداری؛ **أو:** یان؛ **کَیْفَ:** چۆن؛ **أصنعْ:** بکەم؛ **یافَتیٰ:** هۆی جوان.

**مانا بەتێکڕایی:**

وا دەردەکەوێ، تازەلاوێکی لە دەردی ئەوین بێ‌خەبەر، سەر کۆنەی مەلای کردوە کە ئەم کارەی تۆ دەسـتت داوەتێ، لەتۆ ناوەشـێتەوەو باش وایە لەم دڵداریە واز بێنی؛ مەلا لە وەرامیا دەڵێ؛ کورم، ئاخر چـۆن دەس هەڵگـرم؟ دڵە ئـەوا لە داوی زوڵفێکدا گیری کردوە، دەسـتم پێ راناگا. کەمەندی عشـقێك لەدوری دڵ هاڵاوە، کە هەرگیز رزگاری نابێ. پیاویش کە دڵی لەلای خـۆی نەما، سەری لێ‌دەشێوێ‌و شێت ئەبێ. دەباشـە تۆ خـۆت بڵێ، شـێتو دێوانەی دڵداری، چـی لەدەست دێ بیکا؟ یان ـ هەر لە خۆت دەپرسم، من دەتوانم چـی بکـەم؟ لێم رونە حـەقـی من ئەدەی کە شـێت بم؛ بەڵام کە دەڵێم دڵ لەداوی زولفـانی هاڵقـاوە، پێم نەگوتی زولفـەکان چین‌و چۆنن. گوێ بگرە تابزانی:

٤ زُلفێن بتی شیرین لەبان ژەهرینە شوبهەت عەقرەبان
لێ‌من ژبسکا پڕگری ایرۆ تنێ گرتن دوتا

**مانای وشە:**

**زُلفێن:** زولفان؛ **بت:** خوای دەسکرد؛ **شیرین‌لَبان:** لێوشیرینان؛ **ژهرینە:** ژهردارن؛ **شوبهەت:** لەگوێن؛ **عقربان:** دوپشکان؛ **لیَ:** لەو،یان ـ بەڵام؛ **ژ:** لە؛ **پر:** زۆر؛ **گری:** گرێ؛ **ایرۆ:** ئەمرۆ؛ **تنێ:** تەنیا؛ **گرتن:** گرتیان، یان ـ گرتمیان؛ **دوتا:** دوهەودا.

**مانا بەتێکڕایی:**

یاری من بۆتە بتی لێوشیرینو جوان چاکانو وەك خوای جوانی، دەیپەرستن. ئاڵقەی زولفی کە وەك کلکی دوپشك هەڵگەڕاونەوە، بۆ کوشتنی تەماشاکاران، لە چوزەی دوپشك ژەهراوی‌ترو گوژەرترن. تاکە تاڵێك لە گوشتنی عاشقان یەکاویەکە، بەڵام چلەمن دەکەی کەمن بەتەنیا گیرۆدەی دولق لەوتاڵە زوڵفە پڕ لەگرێیانە، یا ـ ئەو دو زولفانەم.

**٥ نسبت پەری زیبایە ئەو وەك نێرگزا یەك‌تایە ئەو**
**یامَنْ رَأیٰ خِلّیِ فَهَلْ یُشبی بِشَیً قٰامَتٰا**

**مانای وشە:**

**نسبت:** لەحاند؛ **پەری:** فرشتە؛ **زیبا:** جوان؛ **نێرگز:** نەرگس؛ **یەکتا:** تاقانە، **یامَنْ:** ئەی کەسێکی؛ **رأیٰ:** دیتی؛ **خِلّیِ:** دۆستم؛ **فَهَلْ:** ئاخۆ؛ **یشبیَ:** دەشبهێندرێ؛ **بشیً:** بەشتێك؛ **قامت:** بەژن‌وباڵا

**مانای بەتێکڕایی:**

ئەویارەی من، لەراست فریشتەی راگری، لەو جوانترە. لە بەژن‌و باڵای تورت‌و شلکی بڕوانی، وەك لقە نیرگزێك،یان ـ وەك نێرگزێکە، کە لەناو نیرگزجاردا گوڵی سەرتۆپەو تاقانەی بێ‌هاوتایە.

لێرەدا مەلا هەست دەکا کە تەشبیە کردنی جوانی‌و بەژنی یاری بەفریشتەو نێرگز، جێگەی خۆی نیەو ئەوپەسن‌و تاریفە، لە قەدری یار کەم دەکا. لەبەر ئەوە پەشیمان دە بێتەوە هاواردەکاو دەڵێ: بابە، هۆی ئەو کەسەی یاری منت دیوە، وەباڵ بکێشە، داخوا هیچ شتێکی وا لە دنیادا هەیە کە ئەو بەژن‌و باڵایەی پێ تەشبیە بکرێ؟!

اشارەت بەو ئایەتەیە، کە دەفەرموێ: «هیچ شتێك نیە کەوەك خوا بێ» مەلا ـ وەك گوتمان ـ لەپلەی «وحدت مُطلق»دا خوای لەهەموشتدا بەدی کردوە، کەمەعلومە سەلماش هەر بەو پێ‌و دانە هاتۆتە بەر چاوی، دەڵێ: ناتوانم بڵێم وەك هیچ شتێك دەچێ.

**٦ مە ژبوغچەیا یار زەیَنی بێ‌پرس یەك سێڤەك چنی**
**وَبِمٰا جَنَیْتُ جَنْیتی اَلْقَتْ عَلَیَّ جِنایَتا**

**مانای وشە:**

**مە:** ئێمە؛ **ژ:** لە؛ **بوغچەیا:** باغچەی؛ **زەیَنی:** نواری،یان ـ رازاوە؛ **یەك‌سێڤەك:** تاقەسێوێك؛ **جنیت:** گوناهم کرد،یان ـ چنیم؛ **جَنیە:** چنراو، لێکراوەوە؛ **أَلْقَتْ:** هاویشتی؛ **عَلَیَّ:** سەرمن؛ **جنایتا:** تۆمەتی تاوانباری.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئەم بەیتە وەرامی پرسیارێکی، لاوە سەرزەنشت کارەکەیە، کە پرسیویە؛ باشە زیادلەو «ماخلق‌الله»یە بۆچی تۆ لەو کەمەندە پڕگرێیە هاڵقاوی‌و دەرەتانت بۆ نەماوەو شێتو شەیدا کراوی؟ دەفەرموێ: من روانیمە باغچەی یار کە بە هەمەرەنگە رازاوەتەوە، ئیتر هۆشم لەخۆم بڕاو بەبێ ئەوە پرسی پێ بکەم، سەر بەخۆ چوم سێوێکم چنی‌و لەسەر ئەم هەڵە کاریەم، منی بە گوناهبار داناوەو ئێستا دەبێ تاوانەکەی ببژێرم.

لە کتێبە ئاینی‌یەکاندا دەڵێ: خوا بە ئادەمی گوت: لە بەهەشتا ئازادی هەرچی دەکەی‌و هەرچی دەخۆی؛ تەنیا تخونی ئەو دارە مەکەوە کەمن لێم حەرام کردوی. زۆرکەس دەڵێن داری سێوبوەو بابە دەم لەسەر دنەدان‌و فریودانی دایکەوا، کە ئەویش شەیتان لەخشتەی بردبو، سێوێکی لە دارەکە چنی‌و خوا لەسەر ئەو کارە سەربە خۆیەی دەری کردە سەر دنیاو توشی شەڕەشەقی ژیانی کرد.

مەلاش نیازی لە سێو چنینەکە، مەمك گوشین بێ! یاخۆ، ماچ لە کوڵمە رفاندن بێ؛ ئەم حیکایەتی بابە دەمو دایکەوایەمان، وەبیر دێنێتەوەو دەڵێ: هەر کەس بەبێ پرسی خاوەنی دەست بۆ کارێك بەرێ، دیارە سەری لێ شێواوەو ئەگەر سەر شێوا، دڵیش دەشێوێ‌و شێتی، سواری سەری پیاو دەبێ بینەقاقەی رێك دەکوشێ وەك من بەسەرم هاتوە.

## قصیدەی حەوتەم

# «ئاگری جیایی»

**١ بـنارێ فیرقەتێ صوهتم ژفەرقی سەر حەتا پێدا**
**خەدەنگا غەفلەتی نوهتم ژبەرقا لامیعا تێ دا**

**مانای وشە:**

**نار:** ئاگر؛ **فیرقەت:** جیایی؛ **صوهتم:** سوتام؛ **ژ:** لە؛ **فەرقـی‌سـەر:** تەپڵی سـەر؛ **حـەتا:** هەتا؛ **پێ:** پا؛ **خەدەنگ:** تیر، ناوی دارێکی سەختو پتەو کە تیریان لەو دەتاشی. بەو هوێەوە خـەدەنگ، هەر بوتە ناو بو تیریش؛ **غەفلەتی:** لەناکاو؛ **نوهتم:** پێکامی؛ **بەرق:** بروسکە؛ **لامیع:** بریقەدار؛ ورشەدار.

**مانا بەتێکڕایی:**

بەبێ ئەوە هیچ ئـاگام لەخـوم بێ، کوتوپڕو لەناکاو تیری جیایی یار پێکـامی. تیری جـودایی بە ورشەو گرشەیەکبو، کە وەك بروسکە لێی دامو گڕی لێ بڵند کردمو سەر تاپامی سوتاندو کردمیە خوڵەمێش.

**٢ خەدەنگا فیرقەتێ رەعدە دلێ ئەو غەفلەتی لێ دەت**
**دبیژم وەر جەبەل بت ئەو بکەربت وێ دگاڤێ دا**

**مانای وشە:**

**خەدەنگ:** تیر؛ **رەعد:** هەورەتریشـقە؛ **غەفلەتی:** کتوپڕ؛ **دبیژم:** دەڵێم؛ **وەر:** حتێ‌ئـەگەر؛ **جـەبەل:** کێو؛ **بت:** بێت؛ **بکەربت:** لەت لەت دەبێ؛ **وێ:** ئەو؛ **دگاڤێدا:** هەر لەجێ، فوراً.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئایەتێك لە قورعانی پیرۆزدایە، کە فەرمویە:

«ئەگەر ئێمە ئەم قورعانەمان ناردبایەتە سەر کێوێك؛ دەت دی کە لە ترسی خودا، سەری کز کردوەو قەڵشی بردوەو لەبەر یەك چوە. ئەم مەسەلانە بۆ خەڵك ئەهێنینەوە، شایەتا بیر بکەنەوە.»

مەلا دەیەوێ تێمان بگەیەنێ، کە هەیبەتی جیا بونەوە لە یاریش لەوانەیە ئەگەر بکەوێتە دڵی کێوەوە، لەبەر یەکی هەڵ دەتەکێنێ. دەفەرموی:

تیری جودایی لەیار وەك هەورە تریشقەیە؛ ئەمما هەورە تریشقەیەکی زۆر لە زەبرو حەستەم. ئەگەر کتوپڕ لە هەردڵێك بدات، من دەڵێم ئەگەر ئەو دڵە دڵ نەبێو کێوبێ، هەر دەست بەجێ لەتو پەت دەبێو لەبەریەك دەچێ.

**٣ هەچی فیرقەت نەدی هجران نەبێ من داغو کەی لێنە**
**ژبل دەربێ دهجرانێ فیراقا روحو جان کێدا**

**مانای وشەکان:**

**هەچی:** هەرچی، هەرکێ؛ **فیرقەت:** جیایی؛ **نەدی:** نەدیت؛ **هجران:** دور کەوتنەوە، ئاوارەیی؛ **نەبێ:** نەڵێ، نەبێژێ؛ **داغ:** داخ؛ **کەی:** داغ؛ **ژ:** لە؛ **بل:** بێجگە، غەیر؛ **دەرب:** زەربەت وێکەوتن؛ **روح:** گیان؛ **جان:** گیان.

**مانا بەتێکڕایی:**

کەسانێکی کە هیچ لە دەردی دڵو ئەویندارى نازانو بە دەردی دور کەتنەوە لەیار دوچار نەبون، نابێ بڵێن ئێمە داخ کراوی خەمانینو دەردو ئازارمان دیتوە. بێجگە لە دەردی دور کەتنەوە لەیار، هیچ ژانێك نیە کە روحو گیان لێك جیا کاتەوە. لێرەدا پێویستی بە درێژەدانێك هەیە.

بە اصطلاحی صوفیانو ئەوانەی لە ناسینی خوادا وردەکارن، فەرقێك لەنێوان روحو نفسدا هەیە، کە لە فارسیدا بە «جان»و «روان» تەعبیر کراون. روح سەرچاوەو ماکی ژیانە. نوێنەری ئافەریدگاری توانایەو هیچ گۆڕانو نەمانی بەسەردا نایە. گیان، یان نەفس، نوێنەرێکی خزمەتکارەو لەلایەن روحەوە پێی سپێراوە، کە کارگای لەشی زیندو بەرێوە بەرێت. ئەویش هەتا سەرێکەو هەرگا روح ارادە بکا، دەس لەکار هەڵدەگرێو ژیان دەپوچێتەوە. جا صوفیەکانو لەپێش ئەوانیشدا، پەیرەوانی مانی، زۆرجار دەردی دڵیان لەوە کردوە کە لەروحی ماکو بنچینە، کە ئەویش پاژێکە لە ذاتی خودا جیا بونەوە. هەمیشە پاڕاونەوە کە زۆر زو ئەو لەشە قورێنەیان، کەبۆتە قەفەسی گیانیان، لەبەین بچێو بچنەوە مەوتەنی هەرە پێشوی گیانی گەورە. ئەوانە هەتا لەسەر دنیا بون، خۆیان بە غەریبو ئاوارە زانیوەو دەردی دڵیان لە هجرانو دوری کردوە. لە

شێعری صوفیانەی عارفان‌دا، زۆر لەم نمونەیەمان دێتە بەرچاو. هەر وەك لە سەرەتای «مثنوی مولوی»دا کە لە زمان بلوێرەوە پێمان دەڵێ:

زێدی من قامیشەڵان‌و گوێ چەمە  دابڕاوم بوێە ناڵەو زاڵەمە

٤ ژهەر بێ داغو بێ دەردێ مەپرسن میحنەتا عیشقێ
چزانن بێ خەبەر ژانا دلێ داغو کەسەر تێدا

**مانای وشە:**

**ژهەر:** لەهەر؛ **داغ:** داخ؛ **دەرد:** ئازار؛ **میحنەت:** پەژارە؛ **عشق:** ئەوین؛ **چزانن:** چدەزانن؛ **بێ‌خەبەر:** ئاگالە هیچنا؛ **ژان:** ئێش؛ **کەسەر:** غەمو حەسرەت.

**مانا بەتێکڕایی:**

وەك لە کوردی‌دا مەسەلەو دەڵێن «تێر ئاگای لە برسی نیە»؛ مەلاش دەفەرموێ نابێ لە کەسێکی کە هەرگیز عاشق نەبوەو تیری ئەوین نەی پێکاوەو بەداغی دڵداریەوە هەڵ نەچزاوە، بپرسن: ئەرێ بۆمان باس‌کە داخوا دەردی دڵداری چۆنە. کەسێك دەزانێ دەردی ئێمە چیە، کە بۆخۆی عاشق بوبێو بەدەردی ئەوینەوە تلابێتەوە. بە دەردی **بابەتایر** گوتەنی:

وەرن سوتەدڵان گەردین هەم ئایوم  کە دەردی سوتەدڵ دڵ‌سوتە زۆنۆ

٥ کەسێ میحنەت دی‌و فیرقەت ڤەخواری جورعەیا هیجرێ
گری وان تێ بحالی من دڤێ هیجران‌و زەجرێدا

**مانای وشە:**

**کەسێ:** کەسێك؛ **میحنەت:** پەژارە؛ **دی:** دیت؛ **فیرقەت:** جیایی؛ **ڤەخواری:** خواردیەوە؛ **جورعە:** قوم، فڕ؛ **هیجر:** دوری؛ **گری:** گریان؛ **وان:** ئەوان؛ **تێ:** دێت؛ **دڤێ:** دەئەو؛ **هجران:** ئاوارەیی؛ **زەجر:** ئازارو کوڵ.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئەمن ئێستا هەزار هاوار بکەم، ئەوانەی بەدەردی ئەوین‌و دوری یارەوە نەچزاون، نازانن من چیمە. بەڵام ئەو کەسانەی کە عاشق بونو لەیار دور کەتونەوەو ژاراوی دوری دیداری یاریان بە گەرودا چوە ئەگەر چاویان بە من بکەوێ، کەوا لە دیداری یار بێبەش‌و ئاوارە بوم؛ گریانیان بۆ حاڵی من دێتو دەزانن چیم بەسەر هاتوە.

٦ بداما موحبەتێ بەندم خەدەنگا فیرقەتێ دل نوهت
بشوبهی مورغی نیم بەسمەل دهەڤ وەرتێم دخونێدا

**مانای وشەکان:**

**دام:** داو؛ **موحبەت:** خۆشەویستی، دڵداری؛ **بەند:** ئەسیر؛ **خەدەنگ:** تیر؛ **نوهت:** پێکای؛ **شوبهی:** وەکو؛ **مورغ:** مەل؛ **نیم بەسمەل:** نیوە بسم‌اللە، تازە سەر برّاو (لە فارسیدا بەحاڵی حەیوانێکی کە تازە سەری دەبڕن و هێشتاگیانی دەرنەچووە و پەلەقاژەو باڵەفڕەی گیان دانیەتی، دەڵێن: نیم بەسمەل، چونکە، سەربڕ لەوەختی سەربڕینەدا دەڵێ: بسم‌اللە. جا یانێ سەری بڕیوە بەڵام هێشتا تەواو لە سەربڕین نەبوتەوەو بسم‌اللەکەی تەواو نەگوتوە.) **دەهەڤ:** تێکەوە؛ **وەرتێم:** دەگلێم؛ **دخونێدا:** دەخوێنێدا.

**مانا بەتێکڕایی:**

گراوی داوی دڵداریم. تیری جیا بونەوەم لەیار، دڵی پێکاوم. وەك باڵندەی تازە سەربڕاو، پەلەقاژەمەو دەخوێنی خۆمدا دەگەوزم.

٧ بروسکا باطنی دادل دپێتی سینەوی وەربو
کودێ بێتن تەبیتا دل دناڤ وێ نارو پێتێ دا

**مانای وشە:**

**بروسك:** بروسکە؛ **باطنی:** نادیاری؛ **پێت:** گڕوبڵێسە؛ **سینە:** سینگ؛ **وی‌وەربو:** لێهاڵا؛ **کو:** کوا، لەکوێ؛ **دی:** دەبێ؛ **بێتن:** ببێت؛ **تەبیت:** ئۆقرەو ئارام؛ **نار:** ئاگر.

**مانا بەتێکڕایی:**

بروسکەیەکی نادیاری لە دڵمیدا، دەگەڵ بڵێسەی ئاگری سینەم لێك هاڵان و گڕی ناو هەناوم ئەوەندی بو، ئەوە ندەی تریشی هاتە سەر. جا ئێستا دڵ چۆن لەناو ئەو هەمو بڵێسەو ئاگرەدا ئۆقرەو ئارامی بۆ دەمێنێ؟

٨ ژئولفێ شوبهەتی زولفێ مەدام لەو بێ قەرارم ئەز
کوجانێ من عەزیز ئیرۆ چوو دل وێ دئولفێدا

**مانای وشە:**

**ئولف:** هۆگری و مەیل؛ **شوبهەت:** وەکو؛ **زولف:** کەزی؛ **مەدام:** هەمیشەو دایم؛ **لەو:** بۆیە؛ **بێقەرار:** بێئۆقرەو ئارام؛ **ئەز:** من؛ **کو:** کە؛ **جان:** گیان؛ **عەزیز:** بەریزو هێژا، **ئیرۆ:** ئەمڕۆ؛ **چو:** ڕۆیشت.

**مانا بەتێکرایی:**

لەتاوو توێی دڵداریەکی کە هەمەو هەمیشەو دایم وەك کەزیەکانی یارم لە لەراژانو هاتو چۆدامو هیچ ئۆقرەو ئارامم نیە. بۆیەیە کە یارە بەنرخەکەم ئەمڕۆ رۆیشتو دڵیشم کە هۆگری خۆی بوەو هەرگیز لێی دور ناکەوێتەوە، دەگەڵی رۆیشتوە.

**٩ ژمەحبوب دورکرم چەرخێ فەلەك وی پڕ هەلاڤیتم**
**نزانم دێ لکو دەت من دەڤێ دەورانو چەرخێ دا**

**مانای وشە:**

**مەحبوب:** خۆشەویست؛ **کرم:** کردم؛ **چەرخ:** گەردونە؛ **فەلەك:** زەمانە، عاسمان؛ **پڕ:** زۆر؛ **هەلاڤیتم:** هەڵیهاوێشتم؛ **نزانم:** نازانم؛ **دێ:** دەبێ؛ **لکودەت:** لەکوێ بدات؛ **دڤێ:** دەو؛ **دەوران:** سوڕ؛ **چەرخ:** خول.

**مانای بەتێکڕایی:**

گەردونەی گەردون، دژی من سوڕاو زۆری هەڵتەکاندمو هەڵی هاویشتمو لەیاری خۆمی جوێ کردمەوە. هێشتا نازانم دەبێ لەو چەرخو خولەدا بەکوێمدا بداتو بەکام پەلمەوە بکاو چ پەندێکم بەسەر بێنێ؟.

**١٠ حەبیبی بێ خەتا کوشتم بدەربا فیرقەتی ئاخر**
**ژوێ رۆژێ دزانی من کویار ئەو تیر لجەرگێدا**

**مانای وشە:**

**حەبیب:** خۆشەویست؛ **بێخەتا:** بێسوچو تاوان؛ **کوشتم:** کوشتمی؛ **دەرب:** زەبر؛ **فیرقەت:** جیایی؛ **ژوێ:** لەوێ؛ **دزانیمن:** مندەمزانی؛ **کویار:** کەیار؛ **ئەوتیر:** تیرەکەی؛ **جەرگ:** جگەر.

**مانای بەتێکڕایی:**

بەبێئەوە هیچ سوچو گوناهێکم لێ روبدات، یاری خۆشەویستم، دوری خستمەوەو بەزەبری دەردی دوری منی کوشت. من هەر لەرۆژی هەوەڵێوە کەیار بەتیری دڵداری پێکامی، دەمزانی ئەم دەردەم بەسەر دێتو لە دوارۆژدا گەرەکە، نرخی ئەو شادیو خۆشیە بژمێرمو لەدوری دیداری یاردا بە عەزرەتو ئاواتەوە، گیانی ئامانەتی بسپێرم.

مەلا لەم چەند بەیتانەدا، ئیشارە بەو بڕوایە ئەکا کە دەڵێن: لەرۆژی بناواندا (رۆژی ئەزەل)، خودای مەزن، روحی هەمو ئافەریدەکانی ساز داوەو بە دیداری خۆی شاد کردون. بەڵام بۆ

مەبەستێکی تایبەتی ـ کە ئیرادەی خوێەتی ـ هەریەك لەو گیانانەی ناردوێتە ناو قالبێکی قورێنو گڵینەوەو خستونیەتە سەر دنیاو بە رواڵەت تەنیا ماونەوەو روژێك دێت، کە دوبارە دەچنەوە شوێنی پێشویانو گەرەکە حیساب‌و کتابی روژگاری ژیانی سەرزەوی، بدەنەوە. جا هەرگیانێك لەو گیانانە، کە لەماوەی ئەم ژیانە دنیاییەدا، نەکەوتوێتە ناو تاریکایی دنیا پەرستیو بەرچاوی رونەو بیر لە رابردوی هەرە پێشوی خوی دەکاتەوە، هەمیشە بە عەزرەتو ئاواتی ئەو روژەیەکە بگاتەوە بارەگای خوا. هەر بەو مانایە خواجە حافظی شیرازی دەڵێ:

«کاتێ کە لە مەیخانەدا، سەرخوش‌و کەلەلا کەوتبوم؛ دەنگێکی نادیاری لە غەیبەوە مژدەی پێدام کە: هوی شابازی بەرزە نواری باڵا نشین! ئەم قوژبنە مەینەت ئاوایە، جێگەی تو نیە. تو نازانی کەوا لەسەر برجەکانی تەختی خوداوە، فیتوت بوڵێ دەدەن‌کە بە فیتی خوت بزانیو بچیەوە. من نازانم تو چیتە والەناو ئەو جێگەداوانەدا، ماتەت هەڵگرتوە.»

١١ گەلو دیسا ببینم ئەز چرایی وەصڵەتێ هلبت
بصوژم شوبهی پەروانێ دبەر وێ نورو شەوقێدا

**مانای وشە:**

**گەلو:** خەڵکینە، ئاخو؛ **دیسا:** جارێکیتر؛ **ئەز:** من؛ **وەصڵەت:** پێك‌گەیشتن؛ **هلبت:** هەڵبێ؛ **بصوژم:** بسوتێم؛ **شوبهی:** وەکو؛ **پەروانە:** پەپولە؛ **نور:** روناکی؛ **شەوق:** تیشك.

**مانا بە تێکڕایی:**

توبڵێی جارێکی تریش، ئەوهەلەم بو بڕەخسێ؛ بەدیداری یار شادو شوکور ببمەوەو چرای پێك‌گەیشتن، دوبارە هەڵ بێتەوە؟ ئەوسا وەك پەپولە، بەدەوری گڕی چرادا بێمو باڵو پەڕم هەڵپروزێو بسوتێمو ببمە شەهیدی رێگای دڵداری؟

١٢ بەدەربێ کەو کەبا صوبحێ ل مەشرق زوهرە طالع بت
زوحەل دوربت بشەش برجانو وندابت دغەربێدا

**مانای وشە:**

**بەدەربێ:** وەدەر کەوێ؛ **کەوکەب:** ئەستێرە؛ **صوبح:** بەربەیان؛ **مەشریق:** خور هەڵات؛ **زوهرە:** ئەستێرەیەکی زور گەشە؛ **طالع:** هەڵاتو؛ **برج:** مەنزڵی ئەستێرە؛ **زوحەل:** ئەستێرەیەکی گەروکەو دەڵێن شومو نەحسە؛ **وندا:** گوم؛ **بت:** بێت؛ **غەرب:** خورنشین.

**«مانای ئەم بەیتەو بەیتی دواییین پێکەوەن»**

**١٣ ژقوندوس زوهره پەیدابت ژهەندس موشتەری بێت دەر**
**سپێدەی دەت ثورەییایێ شەفەق دەت قامەتی پێدا**

**مانای وشە:**

**قوندوس:** تاریکایی توندو خەستی شەو؛ **هەندس:** شەوی زۆر تاریك؛ **زوهرەو موشتەری:** دو ئەستێرەی گەرۆکن؛ **سپێدە:** سپیایی بەرەبەیان؛ **ثورەییا:** هێشوە ئەستێرەی کۆ؛ **شەفەق:** شەبەق، روناکایی ئاسۆ؛ **قامەت:** بەژن‌وباڵا.

**مانای ئەو دو بەیتە بە تێکڕایی:**

شاعیر خۆی لەناو تاریکە شەوی ناهومێدیدا دەبینێتو تەنهـا تروسکـە هومێدێکـی لەسـوچی دەرونی‌دا ماوە کە دنەی ئەدا ئاوات بخوازێ بە وەختێکی کە دوبارە بە دیداری یاری شادو شـوکۆر ببێتەوە. دەڵێ: توبڵێی ئەو دەمە ببینمەوە کە لەو تاریکاییە خەستو خـۆڵەدا، لەپڕ ئـەسـتێرەی زوهرە لەلایەکەوە بدرەوشێتەوە، ئەستێرەی موشتەری، گرشەوورشەی بێت، ئەستێرەی زوحەل- کە مایەی نەحسی‌و شومی‌یە - لەئـاسۆ ئـاوا بێو بەد بەختیم ببڕێتەوە. ئـەسـتێرەی بەرەبەیان، شەوق‌و شەبەقان بخاتە عاسمانەوەو سپیایی بەرەبەیان هێشوی ئەستێرەی پێرو مشت‌ومالێ بکـاو لەشەوێکی وا خۆش‌دا، بەژن‌و باڵای خـۆشەویسـتم، خـۆنیشان بداتو من لەو تاریکـایی دوری‌و ئاوارەییە رزگار بکات؟

**١٤ ژشەوقی ئەبروان بنمێت هلال دیسا دقەوسەینان**
**ژخاوەر بێتە خورشیدی ظەلام وەربت دنوری‌دا**

**مانای وشە:**

**شەوق:** مەیل؛ **ئەبرو:** بروٚ؛ **بنمیت:** بنوێنێ؛ **هلال:** مانگی‌یەکشـەوە؛ **قـەوس:** کەوان؛ **قـەوسـەین:** دوکەوان؛ **خاوەر:** خۆر هەڵات؛ **خورشید:** خۆر؛ **ظەلام:** تاریکایی؛ **وەربت:** لەبەین بچێ؛ **نور:** رۆشنایی.

**مانا بە تێکڕایی:**

بۆ ئارەزوی دیداری یار، بەشەرتێك ئـەو خـۆی دەرخـا هەمو شـتێك دەکەونە هەڵپە بۆ دیتنی. هەرچـەندە من دەڵێم بەیان بەربێ، بەڵام هیچ دورنیە کە مانگـی یەکشـەوە لە دولاوە بۆ لاسـایی بروٚکانی کەوانە بداو بێتە بەر چاو. خۆر زۆر زو لە روٚژهەڵاتەوە بۆ سەیرانی بەژن‌و باڵای ئەو سـەر لە ئاسۆگ بەرز کاتەوە. ئەوسا تاریکایی شەوو تاریکایی بەختی من، بە یەکجاری لەبەین دەچـن‌و لە ئارادا نامێنن.

**١٥ ب وەردان زەیینین گولشەن چەمەن‌دا لالە بشکفتن**
**بنەفش‌و چیچەکان قیکرا شەفەق‌دا یەك درەوضێدا**

**مانای وشە:**

**وەرد:** گوڵی‌گوڵاو؛ **زەیینی:** رازایەوە؛ **گولشەن:** گوڵجار، گوڵستان؛ **چەمەن:** مێرگ‌و مێرخوزار؛ **لالە:** گوڵەمێلاقە؛ **بشکفتن:** پشکوتن؛ **بنەفش:** وەنەوشە؛ **چیچەك:** گوڵی‌دەشت لە هەمو جۆرێکی؛ **قیکرا:** هەمو پێکەوە؛ **شەفەق:** شەوق‌و روناکی؛ **دایەك:** دایان بە یەکتر؛ **رەوضە:** باغچەی گوڵان.

**مانا بەتێکرایی:**

وادیارە عاشقی ئاوارە، لەپاش ئاوات خوازتن‌و بە خەیاڵ، خۆش کردنی دنیا بۆ دیداری یاری ـ کە هێشتا هەر ئاواتەو بۆی بەدی نەهاتوە ـ دیسانەوە دەکەوێتە گلەیی کردن لە بەختی رەشی خۆی‌و دەیەوێ دڵی یار بۆدیدارێك، نەرم بکا. ئەمجارە باسی فەصڵی بۆ دەکا، کەوا بەهارەو دنیا رازاوەتەوەو تەنیا ئەوی کەمە کەمایەی دڵخوشی بۆ دروست بێ. دەفەرموێ:

ئەوا لەم کژی بەهارەدا، کە هەرەمەی گوڵانە، گوڵی‌گوڵاو بونەتە خشڵی دەشت‌و دەرو گوڵزاریان رازاندۆتەوە. گوڵەمێلاقە، مێرگ‌و مێرخوزاریان داپۆشیوە. هەمو جۆرە گوڵێك، کە وەنەوشەش یەکێکە لەوان، لە باخچۆڵان‌دا پشکوتون‌و بەرانبەر بەیەك چەقیون‌و روناکایی دەدەن بەیەکتر.

**١٦ سەحەرگەە عەندەلیب مەستن ژبهنا وەردو بشکۆژان**
**شوبە توتاگ‌و گوێینان دەنالین ئەم دفرقێدا**

**مانای وشە:**

**سەحەرگەە** : بەرەبەیان؛ **عەندەلیب:** بولبول؛ **مەست:** سەرخۆش؛ **بهن:** بۆن؛ **وەرد:** گوڵی‌پشکوتو؛ **بشکۆژ:** خونچەگوڵ؛ **شوبە** : وەکی؛ **توتاك:** مەلێکە شەو هەتا رۆژ ناخەوێ‌و هەردەڵێ «توت، توت»؛ **گوێن:** مەلێکە شەو هەتا رۆژ ناسرەوێ‌و ناڵەی دێ‌و جارجار حیلەیەك دەکا کەوەك دەنگی گریان دەچێ؛ **دنالین:** دەناڵێنین؛ **ئەم:** ئێمە؛ **دفرقێدا:** لە جودایی‌دا.

**مانا بە تێکرایی:**

لەم بەهارە خۆشەدا، کەدەشت‌و دەر بەگوڵ‌و خونچە رازاوەتەوەو بولبولان ـ کە ئەویندارى گوڵانن ـ هەمو بەیانیان، لەبەر بۆن‌و بەرامەی گوڵان مەست‌و سەرخۆش دەچریکێنن؛ چە خوا بەر دارە منی چارەرەش‌و کڵۆڵ، وەکو توتاك‌و گوێن، شەو هەتا رۆژ بگریم‌و بناڵێنم‌و لە دیداری یار بێبەش بمێنم.

**١٧ ل کەلبێ ئاستانێ خۆ نەپرسی قەط حەبیب جارەك**
**گەلۆ نائینە بیری ئەم دڤێ نیچیرو راوێدا**

**مانای وشە:**

**کەلب:** سەگ؛ **ئاستانە:** دەرگانە؛ **قەط:** هەرگیز؛ **حەبیب:** خۆشەویست؛ **گەلۆ:** خزمینە، ئاخۆ؛ **ئەم:** ئێمە؛ **دڤێ:** دەو؛ **نیچیر:** راو؛ **رَاو:** شکار،

**مانا بەتێکرَایی:**

وەخت کە بەهار بێو هەرەمەی گوڵان بێ؛ دیارە میرو شازادە دەبێ بچنە راوشکارێ. باشە! شازدەکەی مەلاش دیارە لەو وەختە خۆشەدا، چۆتە راو. ئەدی چۆنەکە جارێك لەجاران، هەرگیز بۆ ئەو راوشکارانە، سەگی ئاستانەی خۆی وەبیر نەهاتۆتەوە، کە رەگەڵ خۆی بخاو بەدیداری خۆی دڵشادی بکات؟

**١٨ دزانم شەهسەوارێ من غەزالەكوی دفتراکێ**
**بە جایی صەیدی ئەز بوما دوێ فتراكو بەندێدا**

**مانای وشە؛**

**شەهسەوار:** سەر توپی سواران؛ **غەزال:** کەژاڵ، ئاسك؛ **وی:** وا؛ **فتراك:** بەن سامۆرتە؛ **صەید:** نیچیر؛ **ئەز:** من؛ **بوما:** ببوایەم؛ **دوێ:** لەناو ئەو؛ **بەند:** بەن.

**مانا بە تێکرَایی:**

شاعیر کە جارێك خۆی بەسەگی ئاسانەی یار دادەنێو گلەیی لە بەختی خۆی دەکا کە یارەکەی وەبیری نەهاتۆتەوە، کە بیباتە راوشکارێ؛ جارێکیتر بیری دەرَواتە ئەو دەشتو دەرە، کە سوکەڵە سوارەکەی خۆشەویستی رَاوی لێ دەکاو ئەوسا بەبیریدا دێ کە بۆ جوانێکیوا، بێگومان ئاسکی دەشت زۆر منەتبارن کە ببنە نیچیری. کەوابو، ئێستا هیچنەبێ ئاسکێك ئەو خۆشیەی دیوەو بۆتە نیچیری یارو بەبەن سامۆرتەی زینەکەیەوە، تەکەتەکی دێت، دەڵێ: سور دەزانم، سوکەڵە سوارە خۆشەویستەکەم، ئێستا کەژاڵێکی بەبەن سامۆرتەوە گیرداوە. ئەی صەد خۆزیا من بومایە لە جێگەی ئەو ئاسکەو بەو بەن سامۆرتەوە هەڵاوەسرابام.

**١٩ چ حەددی صەد هەزار جانبن دفتراکا حەبیبێ من**
**کو صەد جەمشیدو کەیخوسرەو غولامن سەر دڤێ رێدا**

**مانای وشه:**

**چەددی:** ڕێی ناکەوێ؛ **فتراك:** بەن سامۆرتە؛ **حەبیب:** خۆشەویست؛ **جەمشیدو کەیخوسرەو:** دو پادشای بەناوبانگی ایران بون؛ **غولام:** نوکەر؛ **دڤێ:** دەئەو.

**پوختەی مانا:**

مەلا لەپڕ، هۆشی دێتەوە بەرەخۆو دەبینێ کە لەو ئاواتە خوازیانەیدا زۆر لە بەڕەی خۆی پتر پێی ڕاکێشاوە. گورجێگ پەشیمان دەبێتەوەو دەڵێ:

نەك من، بەڵکو صەد هەزار گیانیش پێکەوەبن، هەرگیز ڕێیان ناکەوێ ئەوەندە بەرزەفڕی بکەنو ئاوات بخوازن، کە لەبەن سامۆرتەی ئەو شاسوارەدا بەند بکرێن. بگرە صەتانی وەك جەمشیدو کەیخوسرەو لەو ڕێگەدا خوڵامەتی دەکەن، هەر ئەوەندە یار بە دیدارێك بیان لاوێنێتەوە.

**٢٠ دده هسالان ملازم مامو یارێ رونەدا جارێك**
**وەگەرنە یار ئەگەر رودەت هەیە جارەك دسالێدا**

**مانای وشە:**

**ملازم:** هەمیشە ئامادەی خزمەت؛ **مام:** مامەوە؛ **وەگەرنە:** ئەگینا؛ **رودەت:** روبدا؛ **هەیە:** ممکنە.

**مانا بە تێکڕایی:**

مەلا لێرەدا دەکەوێتەوە گلەو گازندە لە بەختی ڕەشی خۆیو دەڵێ:

گریمان ڕێم ناکەوێ بمباتە ڕاوێ؛ گریمان ڕێم ناکەوێ بڵێم دەبەن سامۆرتەکەیدا بم. بەڵام من کە ماوەی دەساڵی ڕەبەق لەبەر دەرگاکەی کەوتومو هەرگیز روم لێ وەرنەگێڕاوە، نەدەبوایە جارێك لەجاران رومبداتێو بملاوێنێتەوە؟ خۆ ئەگەر بڵێم ئەو لەبەر کاری زۆری نەی پەرژاوە، ڕاست ناکەم؛ چونکە ئەو خۆ لێ بواردنەی منەی ئەگەر بە ئانقەست نەبا، دەیتوانی هیچنەبێ ساڵێ جارێك ئەحواڵێکم بپرسێو بە ڕوپێدانێك، بەسەرم بکاتەوە.

**٢١ دلۆ مزگینە من شابە کو سولتانێ مەدێ بیتن**
**ژمن باوەرکە پەیغامێ سەحەر مزگین بەمن پێدا**

**مانای وشە:**

**دلۆ:** ئەی دڵ؛ **مزگینە:** مژدەیە؛**شابە:** شادبە؛ **کو:** کەوا؛ **سولتان:** خونکار؛ **دێبیتن:** لێبڕاوەبێ؛ **ژمن:** لەمن؛ **باوەر:** بڕوا؛ **پەیغام:** وەڵام؛ **سەحەر:** بەرەبەیان؛ **بەمن پێدا:** بەمنیدا.

**مانا بەتێکڕایی:**

باوەڕی صۆفیان وایە، کە پیاو هەتا خۆی بەهیچ بزانێ؛ خوا ئاوڕی لێ ناداتەوە. وەختێك کە خۆی لەبیر بچێتەوە، ئەوسایە کە بەزەیی خوا بەسەری دەکاتەوە.

مەلا تا ئارەزو دەکا کەیار دیداری لێبکاو لەگەڵ خۆیا بەرێ بۆ راوو چیو چی... **مانای ئەوەیە** خۆی بەشتێك دەزانێو هەتا خۆشی بەشتێك بزانێ، لەلای خوا بەهیچ حیساب ناکرێ. بەڵام کە دەبینێ لەماوەی دەساڵدا، هیچ لێی نەپرسراوە؛ ئەوسا بۆی دەر دەکەوێ کە ئەم خۆ بینییە بۆتە لەمپەر لەنێوان دڵدارو یاردا. لەو خۆ بە شت زانینە پەشیمان دەبێتەوەو سەری کزی، لەسەر ئەژنۆی هەژارانەی ئەنێتەوەو جگە لەیار هەمو شتێکی، **تەنانەتخۆشی**، لەبیر دەچێتەوەو بە سەرکزیەوە دەپاڕێتەوە. یار بەزەی پێدا دێتەوەو بەخۆپێنیشاندانێك دەی لاوێنێتەوە. مەلا مژدەی ئەو دیدارە بەدڵەمەینەت بارەکەی ئەداو ئەڵێ:

ئەی دڵ مژدەت پێدەدەم، شادبە. ئەوا خونکاری نازدارم بڕیاری داوە بێتە دیدارم. باوەڕم پێبکە راست دەکەم؛ چونکە لەبەرەبەیاندا؛ پەیام نێری صەبای صاڵحان ئەو مزگێنیەی بەمن داوەو تەواو جێگەی بڕوایەو هیچ گومانو دودڵی تێدانیە.

**٢٢ شوکور بیناهی یامن هاتو یەعقوب دیدە رەوشەنبو**
**ببویا یوسفی میصری ل کەنعانێ بەصەر پەیدا**

**مانای وشە:**

**شوکور:** سوپاس؛ **بیناهی:** روناکی چاو؛ **دیدە:** چاو؛ **بو:** بۆن؛ **کەنعان:** مەڵبەندێکە لەفەلەستین؛ **بەصەر:** هەم چاو هەم دیتن؛ لەم بەیتەدا مەلا، چیرۆکی یاقوبو یوسفمان بیر دەخاتەوە، کە یوسف لە یاقوب پێغەمبەری باوکی دور کراوەتەوە. باوك لە تاوی کوڕ، کوێربوە. لەپاش چەند ساڵان کە براکانی یوسف چونە میصر بۆ گەنمکرینو یوسف لەوێ کاربەدەستی دەوڵەتبو. گەنمی دانێو کراسەکەیخۆی بۆباوکی نارد. باوك بەبۆنی کراسی یوسف، چاوەکانی چاك بونەوە.

**مانا بەتێکڕایی:**

زۆر سوپاس یارم کە روناکایی چاوەکانمە هاتە دیدارمو چاوم بەدیداری رۆشن بۆوە. دیداری ئەویش هەروەك کراسەکەی یوسف، بەبۆن چاوی باوکی بینا کردەوە، منیش کە لەسوێی دیداری دنیا لەبەر چاوم تاریكببو بەدیتنی، تەمو تانەم لەسەر رەویو رون بومەوە.

**٢٣ نەسیمی سونبولو سێڤان سەحەردا حەبسو زیندانێ**
**ڤەبو قفلا مەبێ مفتە زرنگینی ژقفلێدا**

**مانای وشه:**

**نەسیم:** شنەبا؛ **سونبول:** گوڵی سمڵ؛ **سێڤ:** سێو؛ **سەحەر:** بەربەیان؛ **حەبس:** گرتوخانە؛ **ڤەبو:** کرایەوە؛ **مفتە:** کلیل؛ **زرنگینی:** زرنگانەوە.

**پوختەی مانا:**

ئێمە کە لەدوری یار وەك ئەسیری ناو حەبس‌و زیندانان وابوین؛ لە بەرەبەیاندا شنەبایەك کە بەسەر پرچەکانی وەك گوڵی سمڵ بۆن‌خۆش، بەسەر کوڵمە سورەکانی سێوئاسایی‌دا هاتبو، ئێمەی گرتەوە. حەبس‌و زیندان لەلای ئێمە نەما. دڵی قفڵ دراومان، بەبێ‌کلیل کرایەوەو بەڵکە لەخۆشی ئەو شنەبایە بۆن‌خۆشە زرینگە لەقفڵەوە هات. واتا، لەخۆشیان قفڵیش کردیە هاوار.

**٢٤ فیراقی شەو بئاخر چو سپێدە کەفش بو دیسا**
**مەریخا نەحس ئاڤابو خویابو رۆژ دشەرقێدا**

**مانای وشە:**

**فیراق:** دوری؛ **سپێدە:** بەرەبەیان؛ **کەشف:** دیاری؛ **دیسا:** دیسان؛ **مەریخ:** ئەستیرەیەکە بەشوم ناوی دەرکردوە؛ **نەحس:** شوم؛ **خویا:** ئاشکرا؛ **شەرق:** خۆرهەڵات.

**مانا بەتێکرایی:**

شەوی دوری لە دیداری‌یار، دوایی هات. بۆجارێکی‌تریش ئۆخەی ئەوا بەیانی پێك‌گەیشتن پێ‌گەیشت. زۆر سوپاس، ئەستێرەی نەحسی بەختمان لەئارادا نەماو رۆژی طالعمان لەرۆژهەڵات، هەڵات‌و خۆی ئاشکرا کرد.

**٢٥ دچەرخێ وەك نجوم دیمدوڕ سەما هاتن قیرانا یەك**
**هەییڤا بەدربو ئەو سورپەری من‌دی درەقصێدا**

**مانای‌وشە:**

**چەرخ:** عاسمان؛ **چەرخ:** زەمانە؛ **چەرخ:** سوڕدان‌و خول خواردن؛ **نەجم:** ئەستێرە؛ **نجوم:** ئەستێرە گەل؛ **دیم:** روخسار؛ **دوڕ:** مرواری درشت؛ **سەما:** عاسمان؛ **سەما:** هەڵپەرکێ؛ **قیران:** بەرانبەری‌و لێکنزیکی؛ **هەییڤ:** مانگی‌عاسمان؛ **بەدر:** مانگی چاردە؛ **سورپەری:** وەك پەری لە دلکێشان‌دا؛ **رەقص:** هەڵپەرکێ.

**مانا بەتێکرایی:**

یاری خۆم دەگەری هەڵپەرکێ‌دا دیت کە سورێ دەدا. کۆزی هەڵپەرکێکە، پڕی‌بو لەکیژی جوانی

روخســـار وەك مرواری. دەهاتنە بەرانبەری یەکترو لێك نزیك دەبونەوە. کە روانیم یاری من کە وەك پەری دڵ رفێنە دەوکۆڕی رەقصەدا هەر دەتگوت مانگـــی چـــاردەیە دەناو ئـــەســـتێراندا، لەعاسمانی جوانیدا چەرخ دەدا.

**٢٦ ژوادی ئەیمەنی دلبەر نزام ئەنگوشتەك ئیظهار کر**
**کو خۆش ئەنوارو بەرقن ئەو تەجەللابون دطورێدا**

**مانای وشە:**

**ژوادی:** لەشیوی؛ **ئەیمەن:** راستە؛ **ئەیمەن:** جێگـــەی هەرەپیرۆز؛ **نزام:** نازانم؛ **ئـــەنگـــوشت:** قـــامك؛ **ئیظهار:** دیار؛ **کو:** کەوا؛ **خۆش:** جوان؛ **ئەنوار:** رۆشنایی گەل؛ **بەرق:** بروسکە؛ **تەجەللا:** دیاردە؛ **طـور:** کێوێکە لە دەشتی سینا.

مەلا ئیشارە بە چیرۆکی موسا پیغەمبەر دەکا. کە وەختێك ژنەکەی زەیســتان بوە، ویســتویە بچـــێ بزوتە ئاگرێکی بۆبینێو ئاگری بۆبکاتەوە. گەیوەتە ناو شیوەڵەیەك لە کێوی طور. خوا بانگـــی لێ کردوە، کە تۆ لە پیرۆزترین شیوی طوردای، کەوشـــان داکەنە. هەروەها موســـا بەخـــوای گوتوە: دەمەوێ بتبینم. خـــوا فەرمویە: نامبینی، من خۆم نیشـــانی کێوی طـــور دەدەم، ئـــەگەر خـــۆی لەبەر دیداری من راگرت، توش وادەکەم بمبینی. خوا خۆی نیشانی کێوی طـــور داوە، کێو ســـوتاوەو موســـا دڵی بوراوەتەوەو لەســـەرڕا بەربۆتەوە.

**مانای بەتێکرایی:**

ئەو هەمو روناکاییە جوانانە، ئـــەو هەمو بروسکـــەدانە کە لەو بەرەبەیانە خـــۆشەدا بۆعاشـــقان بۆتەدیمەن دەبێ چبێ، چقەومابێ؟ نازانم، تۆبڵێی یاری دڵرفێن قامکێکی نیشانی کێوی طوردابێ، کەوا ئێمە وەك موسا دڵمان دەبورێتەوەو بەرودا دەکەوین؟!

**٢٧ قیرانا زوهرەیی من دی دبەر عەقدا ثورەییایێ**
**ژپەروینان دبێژم عەکسە هێژ کەفتی دجامێدا**

**مانای وشە:**

**قیران:** بەرانبەر هاتنی دو ئەستێرە؛ **زوهرە:** ئەســتێرەیەکی گەشـــە؛ **دی:** دیت؛ **عەقـــد:** گەردانە؛ **ثورەییا:** هێشوە ئەستێرەی کۆ؛ **پەروین:** ئەســـتێرەی ناو هێشـــوە ئـــەســـتێرەی کۆ؛ **دبێژم:** دەڵێم؛ **عەکس:** تیشکدانەوە؛ **هێژ:** هێشتا؛ **جام:** پیاڵەی بادە نۆشین.

**مانا بەتێکڕایی:**

لەو هەڵپەرکێیەدا، کچەکانی ترم وەك لیزگەی گەردن بەندێك هاتنە بەرچـاو، کە لەجـوانیدا بەکۆ

ئـەســتێرە دەشــبهێندران. بەرانبەر بەمانگــی روی یارم دەبون‌و تیشکیان لەو وەر دەگرت. من کەمەستی شەرابی ئەو جوانیەم، دەڕوانم پیاڵەکەم هەروا بریقـەی ئـەسـتێرانە لێیەوە دیارە. من دەڵێم تیشکدانەوەی روی یارمە کە داویەتە ئـەو ئـەسـتێرانەو ئـەوانیش تیشکیان داوەتە پیاڵەی بادەی منەوە.

**٢٨ حبیبێ عەزمی موحبەت کر دجامان لەو شەڕاب ئانی.**
**دلی من دی دو صەییادان ژبوریانا بەری وێدا**

**مانای وشە:**

**حبیب:** خۆشەویست؛ **عەزم:** لێبڕان، قەصد؛ **صـوحبەت:** هاودەمی؛ **لەو:** بۆیە؛ **شـەراب:** مەی؛ **ئـانی:** هێنای. **دی:** دیت؛ **صەییاد:** نچیرەوان؛ **بوریان:** بریانی، گۆشتی‌برژاو؛ **بەری‌وێدا:** لێی‌ڕوانی.

**مانا بەتێکڕایی:**

خۆشەویستەکەم، ویستی ببێتە هاودەمو هاونشینم. بۆ ئەوە بوکە شەرابی دەناو پیاڵان‌دا هێنا؛ یانێ چاوە مەستەکانی نیشاندام. دڵم دەس‌بەجێ هەسـتی‌کرد کە دو ڕاوکەر ـ واتا چـاوەکانی ـ تێیەوە دەڕوانن دەیانەوێ بۆ مەزەی مەسـتیەکەی خـۆیان بیکـەنە بریانی. «سـالم» لەوبارەوە دەڵێ: وەی‌وەی چ مەجلیسێ‌بو دوێنێ! لە دیدەوو دڵ دڵبەر شەرابی گێڕا؛ سالم، کەبابی هێنا

**٢٩ ب تولێن ئاستانێ‌را ڤەخۆندم میر ب دەرگاهێ**
**بڤێ چاڤێ حەبیب دیتم شوکور ئەڤ شەفقە مەولێ‌دا**

**مانای وشە:**

**تول:** تولە، سەگی پچوك؛ **ئاستان:** بارەگا؛ **ڤەخۆندم: خوێندمیەوە؛ بڤی:** بەو؛**دیتم:** دیتمی؛ **شەفقـە:** رحمو بەزەیی؛ **مەولێ:** مەولا، سەروەر.

**مانا بەتێکڕایی:**

خودایە ئەی سەروەری سەروەران، زۆر سـوپاس بۆتۆ، کە بەزەییت بەمن‌دا هات‌و کارێکـت کرد، دڵبەرم من بە تولەی دەرگانەی خۆی حیساب بکاو بەخـوێنێتەوە، منی‌هەژار لەدەرگای میرێکـی‌وا دەسەڵات‌دار، ڕێگا بدرێمو یارم بەوچاوی خۆشەویستیەوە لێمبڕوانێ.

**٣٠ ژشکلێ ئەبروێن ساقی هلاتن صەد هیلال ایرۆ**
**وە بەدرەك من مقابل دی ئیشارەت من ژعەکسی‌دا.**

**مانای وشه:**

**ساقی:** مەیگێر؛ **هلاتن:** هەڵاتن؛ **هیلال:** مانگی‌یەکشەوە؛ **ئیرۆ:** ئەمرۆ؛ **وە:** وەها، ئاوا؛ **بەدر:** مانگی شەوی چاردە؛ **مقابل:** بەرانبەر؛ **دی:** دیت؛ **ئیشارەت:** ئیشارە؛ **عەکس:** تیشکدانەوە.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئەمڕۆ کە یار روخساری نیشان‌دا، صەد مانگی یەکشەوە بۆ لاساکردنەوەی بروکانی ئەو مەیگێڕە چاومەستە، لە ئاسۆگ سەریان دەرێنا. هەروەها، مانگی چاردەشم دیت، کە بەرانبەر بە رومەتو هەنیەی وێستابو. من ئیشارەتی روخساری یارم لە تیشك بەخشینی بەمانگی چاردە پێگەیشتو زانیم دەرکەوتوە تا بی‌بینم.

**٣١ بزەهرێ خۆی شەریف خۆندم کو خدمەتکاری دێرینی**
**تەپڕ جەورو جەفا دینە سلوکو سەعیو جەهدێدا**
**لەهێندێك نوسخەدا (بە زاری خۆی شیرین) هاتوە.**

**مانای وشە:**

**زەهر:** زار،دەم؛**شەریف:** ممبارەك؛ **خۆندم:** بانگی لێکردم؛ **کو:** کە؛ **پر:** زۆر، زیاد؛ **جەوروجەفا:** دەردوئازار؛ **سلوك:** رێڕۆیشتن.

سلوك لە زاراوەی صوفیاندا، پلەپلە بەرەژور چونە بەرەو خودا؛ تا دەگەنە مزڵگەی توانەوە لەخوادا کە فەنا فی‌اللای پێدەڵێن. ئەم پلانەش بریەتین‌لە: **توبە، کۆشش، تەنهایی، دورەپەرێزی، لەخواترسان، دنیافرێدان، بێدەنگی، تکاو هی‌تریش... سەعی:** رویشتنی بەپەلە؛ **سەعی:** کۆشش؛ **جەهد:** تەقەلاو هەوڵ.

**پۆختەی مانا:**

یارم‌بەدەمی‌پیرۆزو شیرین‌زمانی‌خۆی، منی‌دواندو فەرموی‌کەتۆ خدمەتکاری لەمێژینەی منی. تۆ لەرێگەی خدمەتی منداو بۆ گەیشتن بەمن، زۆر ماندو بوی‌و زۆرت کۆشش‌و تەقەلا کردوە.

**٣٢ بچین وەردان ژگولزاران کو ئەغیاران بەدەست خارن**
**ژمەخصوصانی دەرگاهی دو عامن ئەو دهجرێدا**

**مانای وشە:**

**بچین:** بچنە؛ **وەرد:** گوڵ؛ **گولزار:** گوڵجار؛ **ئەغیار:** بێگانە، غەوارە؛ **خار:** درو، چقل؛ **مەخصوص:** تایبەتی؛ **دەرگاه.** : دەرگا؛ **عام:** ساڵ؛ **هجر:** دوری‌دیدار

**مانا بەتێکڕایی:**

تۆ ئەوا دوساڵە، دەردی دوری دەکێشی‌و هەڕ بەتەمای دیدار بوی‌و خۆت راگرتوە. چاکت‌کردوە، لەوە بەولاوە دەت‌کەم بە خوڵامی تایبەتی بەر دەرکی بارەگای خۆم. ئەوەندەش بزانە کە ئەوانەی غەوارەن‌و لەئێمە بێگانەن، لەدنیادا، جگە لە درکو دال، چیان وەدەست نەکەوتوە. ئەوا تۆ گەیشتیە ناو باغو باغچەی ئاوات. دەسا دەس‌کە بە گوڵچنین لە گوڵجارێ ئارەزودا.

**٣٣ بەتەشریفا خو ئەز خوندم ژلوطفێ بەندە نیشان‌کر**
**خەلات‌و شەفقەوو دلدان شوکور خوازین کو باخوێدا**

**مانای وشە:**

**تەشریف:** گەورەکردن؛ **تەشریف:** گەورەیی؛ **خو:** خوی؛ **خوندم:** خوێندمیەوە، لاواندمیەوە؛ **لوطف:** التفات‌و نەرمی؛ **بەندە:** کوێلە؛ **خەلات:** بەخشش؛ **شەفقە:** محیبەت‌و خوشەویستی؛ **دلدان:** دڵدانەوە؛ **باخوێ:** خودا.

**مانا بەتێکڕایی:**

بەگەورەیی خوی، گەورەی کردم. بە نەرمیو التفاتەوە، منی کوێلەی خوی نیشانە کرد. ئەو هەمو بەخشش‌و التفات‌و روخوشیو دڵدانەوەو لاواندنەوەی کە لە یارم دیت؛ لەهونەرو کردەوەی من بەدەرەو تەنیا خودایە بەزەی پێمدا هاتوەو خوێندومیەوەو بەسەری کردومەوە، زۆر سوپاس‌گوزارم لەخودا.

**٣٤ مە هادر سەجدەیا شوکرێ لوێ عەردێ مقەددەس بر**
**بموژگانێن خوە دورسوفتن ئەنی مالی لعەردێدا**

**مانای وشە:**

**مە:** ئێمە؛ **هادر:** حازر، دەس‌بەجێ؛ **سەجدە:** سەر وەسەر عەرز کردن بو کرنوش؛ **شوکر:** سوپاس: کەسێک‌کە خوا خوشی زوری دەداتێ، سوژدە دەباو ناوی سوژدەی شوکرە. **عەرد:** زەمین؛ **موقەددەس:** پیروزو ممبارەك؛ **بر:** برد؛ **موژگان:** مژوڵ؛ **دور:** مروارى درشت؛ **سوفتن:** سون، کون‌کردن؛ **ئەنی:** توێڵ، ناوچاوان.

**پوختەی مانا:**

من لە خوشیان کە یار بە سەری کردمەوەو بە غوڵامی خوی حیساب کردم؛ هەر دەستبەجێ لە حوضوردا، سوژدەی شوکرم برد. لەسەر ئەو زەمینە پیروزە کە وەك شیوە پیروزەکەی کیوی طور

بو؛ پیاو له هەرکوێ بە خوا بگا، ئـەو شـوێنە پیرۆزە. بە مژۆڵان مرواری فـرمێسکانم دابێشـتو دارشت. ناوچـاوانم لەعەرز ماڵیو عەرزەکەم بەناوچـاوانم ماڵیو گەسکـمدا، بەڵام گەسگـەکەم تویڵمبو.

**٣٥ هەیا بیناهیيا چەهڤان بوتو عوززایو لاتی من**
**توئی پیشبەر سجودا من سەحەرگاهان دخەلوێدا.**

**مانای وشە:**

**هەیا:** ئەی؛ **هەییا:** وەرە؛ **بیناهی:** سوما؛ روناکی چاو؛ **چەهڤ:** چاو، دیدە؛ **بوت:** بت؛ **عوززا:** بتێكبوە لە ماڵی کابە؛ **لات:** بتێكبوە لە ماڵی کابە. **پێش‌بەر:** قیبلە، روگە؛ **سجود:** سـوژدەگەل؛ **سـەحـەرگاهان:** بەرەبەیانان؛ **خەلوە:** جێگەی تەنیایی؛ **بینایی‌چاوان:** ناوە بو خودا.

**مانا بەتێکڕایی:**

وەرە ئەی روناکی چاوانم، ئەی بینایی چاوان. وەرە ئـەی کەسـێکی کەمن توم کردۆتە بتو دەت پەرستمو لەجێگەی عوززاو لات کە بتپەرستان دەیان پەرستن؛ من تو دەپەرستمو وازم لە هەمو شـتێك هێناوە، جگـە لەتو. تو روگەو قیبلەی منی. من کە هەمو بەرەبەیانان بو کڕنوشـت سەردەنێمە سەرزەوینو سوژدە دەبەم. روم دەتویەو لەشوێنی تەنیاییدا توم دەگەڵی.

**٣٦ لبال عیلمی تە مەعلومە ژژینێ من تو مەقصودی**
**فیدای جانێ مەدێ جانبت دقەستا وەصلو دینێدا**

**مانای وشە:**

**لبال:** لەکن، لەلای؛ **عیلم:** زانست؛ **تە:** تو؛ **مەعلوم:** دیاریو ئاشکرا؛ **مەقصود:** مەبەست؛ **جان:** گیان؛ **فیدا:** قوربان، گوری؛ **قەست:** نیاز؛ **وەصل:** پێك گەیشتن؛ **دین:** دیتنو چاو پێکەوتن.

**مانا بەتێکڕایی:**

پێی ناوێ منبڵێم. خودایە، ئەی یار. ئـەی بینایی چـاوان. هەمو شـتێك خـوت دەیزانی. لەبەر زانستی تودا ئاشکرایە کە لە ژیاندا، جگە لەتو نیازێکم نیە. من دەمەوێ لەرێگەی تودا ـ کە گیانی بەراستیم توی ـ گیانم فیداکەم. هەر ئەوەندە بەو هومێدەوە بم کە بەتو بگەمو بتبینم.

**٣٧ بحوسنا خو ئیلاهی کی بسەهمو هەیبەتی دینێ**
**نجومو کەوکەبێ لامیع ژبالا تێن بە بەژنێدا**

**مانای وشه:**

**حوسن:** جوانی؛ **ئیلاهی:** خوای‌من؛ **کی:** بکەی؛ **سەهم:** سامو ترس؛ **هەیبەت:** مەترسی؛ **دین:** دیتن؛ **نجوم:** ئەستێرەگەل؛ **کەوکەب:** ئەستێرە؛ **لامیع:** بریقەدار؛ **بالا:** لای‌سەرو؛ **بەژن:** باڵا.

**مانا بەتێکڕایی:**

خودایە بەو جـوانیەی خـوت کەی کە بەشێکت داوە بە دڵبەرمو بەو هەیبەتو مەترسـیو دڵە لەرزەیەکەی، کە لە دیتنی ئـەو جـوانیەتدا لەروی دڵبەرم دەیبینمو بەو دیدارە لەو بەژنو باڵا ڕێکەدا، نیشانمان دەدەی. ئەو خشڵانەی دەبریقێنەوەو لەسەررا تا خوار لە بەژنی یاردا، وەك ڕێزی ئەستێرە دەدرەوشێنەوە. کە ئەوانەش هەمو پاژێكو بەشێکی کەمن، لەجـوانیتو، کە لەو بەشـی یارمت داوە.

**٣٨ بخالین وەردو نەسرینان ژقودرەت خەط کشاندی لێ**
**بتەرحا نیرگزا عیلی سەحەرگاهان نەسیم لێدا**

**مانای وشە:**

**خال:** خاڵی سەررو؛ **وەرد:** گوڵی سوری محمدی؛ **نەسرین:** گوڵیکی سپیە؛ **قودرەت:** توانایی؛ **قودرەت:** کاری خودا؛ **خەت کشاندی لێ:** خەتت لێ کێشاوە؛ **تەرح:** چوزە، چل؛ **نیرگز:** گوڵیکی سپی بۆن خۆشە؛ **عیل:** بڵند؛ **عیل:** عاشیرەت؛ **نەسیم:** شنەبا.

**مانای تێکڕا:**

خوایە، بەجوانی بەژنو باڵای یار کە جوانی خۆتە داوتەتێ. بە خاڵەکانی روخسـاری چـە ئـەوانەی لەسەر کوڵمەی سوری ـ کە وەك گوڵی گوڵاون ـ چە ئەو خاڵانەی لەسەر لاجـانگو بەر گەردنت ـ کە لاجانگو ژێرچەنەی وەك نەسرین وان ـ کە بە قودرەتی خۆت نەخشاندوتن. خودایە سـوێندت دەدەم بەو بەژنو باڵایە کە وەك چڵە نێرگزی شلكو بڵندەو لەچاو هەمو جوانانی عاشیرەتدا گوڵی سەرتوپە. ئـەو چڵە نێرگزەی کە بەشـنەبای بەیانان دەلەرێتەوە. یان ئـەو بەژنە شـلکەی کە بە هەناسەی عاشقانەی ئێمە دەهەژێت؟.

**٣٩ کوتولی ئاستانێ دور نەکی ئیدی ژدەرگاهێ**
**ژبا خوێ قی‌رجو ناکین دبابێ لوطفو رەحمێدا**

**مانای وشە:**

**کو:** کە؛ **تولێ:** توڵەی؛ **نەکی:** نەکەی؛ **ئیدی:** جارێکی‌تر، تازە؛ **باخوێ:** خـودا؛ **قـی:** ئـەوەی؛ **رجـو:**

تەمەننا، داوا؛ **باب:** دەرگا؛ **باب:** بابەت؛ **لوطف:** التفات؛ **رەحم:** بەزەیی.

**پوختەی مانا:**

خودایە، سوێندت ئـەدەم بەجـوانی یارم. بە بەژن‌و باڵای. بەو خـاڵانەی پێت نەخشـاندوە، کە هەموشیان توزێکە لە نمونەی جوانی خۆت. دڵم مەشکێنەو جارێکی‌تر دورم مەخەرەوە لە دەرگای خۆت‌و با هەر توڵەی بەر دەرگانەی تۆ بم.

خـودایە، ئـەو تەمەننایەم تەنیا لەوەیە کە هومێدم بە لوطف‌و رەحمەتی تۆ هەیە. دەنا دەزانم عەبد حەقی نیە ئاواتی خۆی لەبەر خودا دانێ‌و بڵێ بیکە.

لێرەدا مەلا ئەو قسەی صوفیانەمان بیر دەخاتەوە کە: خـودا بەرانبەر بەهیچ نایدا. تەنیا ئـەگەر بەزەی بەکەسێکدا هات، دەروی خێری لێ‌دەکاتەوە. نوێژو تاعەت نابن بەهۆی بەخششی خودا.

٥ ٤ **تو ناری فیرقەتێ زانی دکارم ئەز تەحەممول کم**
**دباری کوهی قەندیلم بلاقیلم دعشقێدا**

**مانای وشە:**

**نار:** ئاگر؛ **فـرقەت:** جیایی، جـودایی؛ **دکارم:** دەتوانم؛ **ئـەز:** من؛ **تەحەممول‌کم:** هەڵگـرم؛ **دبار:** کێو؛ **کوهی:** کێوی؛ **قەندیل:** ناوی کێوێکەلەکوردستان؛ **بلاقیل:** بێ‌قسەوباس؛ **عیشق:** ئەوین، دڵداری.

**مانا بەتێکڕایی:**

خودایە هەرچەندە وای‌دا بنێم کە من کێوی قەندیلم، هیچ گلەو متەقیشم لە دڵداریدا قەت نەبوبێ. ئایا من چیتر دەتوانم تاقەتی جودایی بێنم؟ خوایە تۆ بۆخـۆت دەزانی ئـاگری جـودایی چـەند بە تەوژمو بێ ئامانە. دەشزانی خۆ لەبەر راگرتنی تەنانەت لە وزەی چیای قەندیلیش‌دا نیە.

مەلا ئیشارە بەو ئایەتە دەکا کە خوا فەرمویە:

ئەگەر ئەم قـورعانەمان ناردبایەتە سـەر چیا. دەت دیت بەذەلیلی لەترسی خـودا لەت‌لەت بوەو لەبەریەك چوە.

٦ ٤ **زەهی دەردی مەزن فیرقەت جگەرسوت ئاتەشی‌دا دڵ**
**جیهی صەبرێ نەما چەندان فەرەج من دی دصەبرێدا**

**مانای وشە:**

**زەهی:** پەك، چزۆر؛ **دەرد:** ژان؛ **مەزن:** زل؛ **فیرقەت:** جودایی؛ **سوت:** سـوتا؛ **ئـاتەش:** ئـاگر؛ **جیە:** جێگە؛ **چەندان:** هێندە؛ **فەرەج:** فەرحانی؛ **صەبر:** حەوسەڵەو پشو درێژی.

**مانای تێکڕایی:**

ئاخ لەژانی گرانی جودایی چی‌پێکردم. جەرگی سوتاندم، ئـاگری دەدڵ بەردام. بەڵێ زۆرم صـەبر کردو لەصەبری زۆرەوە گەیمە فەرحانی. بەڵام ئیتر تازە کە دڵو جگەرم ئـەوسـا سـوتاوە، دڵیش جێگەی صەبرە ئاگری گرتو بو بەخوڵەمێش، ئیتر جێگـەی صـەبرکردنە کەشـم نەماوە. دەسـا خودایە دیسان توشی جوداییم مەکەوە.

**٤٢ مەلا بێ قامەتا یەکتا قیامەت من بە چەهڤان دی**
**فیراقێ روسیا بن‌تە. ژمن جانی شیرین جێدا**

**مانای وشە:**

**قامەت:** بەژن؛ **یەکتا:** بێوێنە، (نەمامی تاقانە)؛ **فیراق:** جودایی؛ **روسیا:** روڕەش؛ **جێ:** جیا، جودا.

**مانا بەتێکڕایی:**

هۆی مەلا ـ وەك شـاعیرانی‌تر خـۆی دەدوێنێ ـ بێ بەژن‌و باڵای‌یار کە وەك نەمامی تاقـانەو بێوێنەیە، من قیامەتم بەچاوان دیت. ئەی جودایی، روت رەش‌بێ، تۆ بوی کەگیانی شـیرینمت ـ کەیارە ـ لێ جیا کردمەوە.

## قصیدەی هەشتەم

# «دوعا»

**١ سەری زولفاتە بکوللابی دوعا**
**هاتە دەستی مە بجەللابی دوعا**

**مانای وشە:**

**کوللاب:** قولاپ؛ **دوعا:** نزا؛ **جەللاب:** کێشەر؛ **جەللاب:** بەو کەوە دەڵێن کە دەناو حەشاردا دەیشارنەوەو کەوی پێ راو دەکەن.

**پوختەی مانا:**

ئەیار، ئێمە دوعامان کردو دوعاکەمان وەك کەوی ڕاو، وەك قولاپو داو، سەری زوڵفی ئاڵقەی قولاپ ئاسایی تۆ کەوتە دەستمان.

**٢ صوفیی خەلوەنشین بێنە سجود**
**هەردو برهێن تەنە میحرابی دوعا**

**مانای وشە:**

**خەلوەنشین:** چلەکێش؛ **برهە :** برۆ.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئەی یاری دڵرفێن، ئەو تاقی برۆیانەی تۆ پیرۆزترین میحرابن کە هەر کەس بەرانبەریان راوەستێو دوعابکا دەس لەجێ قبوڵ دەبێ. با صوفیە چلەکێشەکانیش بەرەو ئەو برۆیانەت سوژدە بەرن، تا شتێکیان لە قودرەتی خودا لێ حاڵی ببێ.

٣ عەرضی کی دێبکرم صورەتی حال
کو تویی قیبلەیی ئەربابی دوعا

مانای وشە:
دێبکرم: بکەم؛ صورەتی‌حال: باسی چۆنیەتی خۆم؛ کو: کە؛ قیبلە: روگە؛ ئەرباب: خاوەنان.

پوختەی مانا:
باس‌و خواسی چۆنیەتی خۆم، جگە لەتۆ لای کێ بدرکێنم. کە هەر خۆتی روگەی نیازو ئاواتانی.

٤ ژدوعائی قەدەحەك دەر دەستە
هەرسەحەر مەستی مەیی نابی دوعا

مانای وشە:
قەدەح: پیاڵە؛ دەر: دەناو؛ مەیی ناب: شەرابی بێخەوش.

پوختەی مانا:
لەسایەی پاڕانەوەم لەدەرگات، هەمو بەیانیان، مەست‌و سەرخۆشم‌و لەبادەی بێ غەوشی یادی تۆیە، ئەو سەرخۆشیەم.

٥ گولی ئیقبال ژگولزاری قەبول
مەچنی‌بو دشەکەرخابی دوعا

مانای وشە:
ئیقبال: روتێکردن، بەخت؛ شەکەرخاب: خەوی خۆش، شیرین خەو.

پوختەی مانا:
من کە هێندە بەکزی‌و کەنەفتی لەبەرت پاڕامەوە تاخەو بەلای‌دا بردمەوە. لەخەوما دیتم کەنزام قبوڵ بوەو گوڵی بەختم پشکوتوەو گوڵچنینم لە گوڵزاری قبوڵ کردنت بە نەسیب بوە.

٦ بەردو برهێن تە ب ئیخلاس‌و یەقین
مەدبر سەجدە ب ئادابی دوعا

**مانای وشه:**

**برهـ :** بروٚ؛ **ئیخلاس:** دڵپاکی؛ **یەقین:** بێگومانی؛ **مەدبر:** ئێمە دەمان برد؛ **ئاداب:** ڕێوشوێن.

**پوختەی وتار:**

من وام بەخوٚم هەسـت کرد، کە بە دڵو یەقین سـوژدەم دەبردە بەر میحـرابی ئـەو دو بروٚیانەتو بەدامو دەستوری دوعاوە دوعام دەکرد.

**٧ ژدلەك صافی تو میحراب ببین**
**سەجدەیەك لازمە دەربابی دوعا**

**مانای وشە:**

**ژ دلەك صافی:** لە دڵێکی صافەوە؛ **لازمە:** پێویستە؛ **دەربابی:** لەبابەتی؛

**مانا بەتێکڕایی:**

ئەگەر بە دڵێکـی پاك و بێخـەوش، بڕوانیە ئـەو بروٚ میحـرابیو کەوانیە؛ دەزانی کە بوٚ پاڕانەوەو نیازگرتن، پێویستە سوژدەیەکی بوٚ بەری.

**٨ مە ددل عوروەتی وثقایە بدەست**
**ژ ئەنایاتە سەر ئەلقابی دوعا**

**مانای وشە:**

**مە:** ئێمە؛ **ددل:** دەدڵدا؛ **عوروە:** دەسکەگوزە، دەسکیهەرچی؛ **وثقا:** هەرەقایم؛ **ئەنا:** مەدحوپێهەڵگوتن؛ **ئەلقاب:** نازناوان.

**پوختەی مەبەست:**

من کە مەدحی توٚدەکەمو ناوت دەبەم؛ ناوی توٚ، سەروەری هەموناوو نازناوانە. ناوی خوٚت دەکەمە تکاکار لە دوعا کردندا. دەسـتم بە دەسکـی هەرەقـایمەوە گرتوەو هەرگیز تڵنادەمو لەرێگـە لا ناکەوم.

**٩ ژ ئەزەل یەك جیهەتی دایە مەلێ**
**هەرمە ئیخلاصە ژ ئەسبابی دوعا**

**مانای وشه:**

**ئەزەل:** هەرەپێشو؛ **یەك جیهەتی:** یەكلایەنی؛ **مەلێ:** مەلا؛ **هەرمە:** ئێمەهەر؛ **ئەسباب:** هۆ.

**مانا تیکرا:**

هەر لە رۆژی بناوانەوە، خـوا یەکتاپەرسـتی داوە بە مەلا. هۆیەکی کە دەبێتە مایەی پارانەوەمان، ئەو ئیخلاص‌و دڵپاکیەمانە.

# قەسیدەی نۆهەم

# «دیدار»

١ دەستی قودرەت کو هلاڤیت ژبەژناتە نیقاب
لجەمالا جەبەروتی مەنەمان پەردە، حیجاب

**مانای وشە:**

قودرەت: توانایی؛ هلاڤیت: هاویشتی، هەڵی‌ماڵی؛ نیقاب: سەرپۆش؛ جەمال: جوانی؛ جەبەروت: دەستەڵات؛ حجاب: لەمپەر.

**پوختەی مانا:**

لەوساوە کەوا دەستی بەهێزو توانای، سازدەری زەوی‌و عاسمانان، بەژنی تۆی هێناوەتە ئاراوەو پەردەی نێوانی لەناو لاداوەو خۆی بەئێمە نیشان داوە؛ ئێمە جوانی خوای گەورەمان لە روخساری تۆدا بەدی‌کردوەو بۆ دیتنی جوانی ئەو پەروەردگارە تواناو خاوەن دەسەڵاتە، هیچ پەردەو لەمپەرمان لەناودا نەماوە.

٢ لگولێن تەی تەرو نازك کو سەحەر گرتی خوناف
دئەباریق‌و قنینان ژحەسەد صوهتی گولاب

**مانای وشە:**

گولێن: گوڵان؛ تەرونازك: شەق‌وتورت؛ خوناڤ: شەونم، ئاونگ؛ ئەباریق: جەمعی ابریق، لولێنە؛ قنینە: دەفری‌شوشە؛ حەسەد: ئێرەیی؛ صوهتی: سوتاو؛ گولاب: گوڵاو.

**مانا بەتێکڕایی:**

لەوەتا سەرگوناتۆ کەوەك پەلکە گوڵی ناسك‌و تورت‌و تێراو وان- لەبەرەبەیاندا شەونمیان

پەڕیوەتە سەر؛ گوڵاو کە شیرەی گیانی گوڵانەو دەزانێ نەگەیشتوّتە بارتەقای ئەو شەوبمە ـ کە بەسەر کوڵمەکانتەوەیە ـ لەبەر ئێرەییو چاونەزێری لەداخو حەسرەتان، لەناو تونگەی لوتەدارو لەناو شوشاندا، سوتاوە.

**٣ عەینی کافوریە مەشرەب مە ژحوسنا تەیی صاف**
**لەو ژعیشقاتە ددلدامە قەبو عیلمی عوباب**

**مانای وشە:**

**عەین:** کانی؛ **عەین:** هەروەك؛ **کافور:** شیرەی دارێکە زۆرتر لەچینو ژاپۆن دەڕوێ. ئەویش وەك دارەبەنی وڵاتی خۆمان، لەلەدەکرێو شیرە دائەداو دوایە وشك دبێتەوە. رەنگی زۆرسپیە، بۆنی خۆشە، بۆ داودەرمان بەکاردەبرێ. بە لاشەی مردویەوە دەکەن تا زۆر زو بۆن نەگرێ. خوا لە قورعاندا دەفەرموێ: «لەو دنیا کارچاکان، لە پیاڵەیەك دەخۆنەوە کە ناوەرۆکی پیاڵەکە، کافوریشی تێکەڵاوەو لە کانیەك تێراودەبن کە هەرگا بیانەوێ هەڵدەقوڵێ»؛ **حوسن:** جوانی؛ **صاف:** بێخەوش؛ **لەو:** بۆیە؛ **عیشق:** ئەوین؛ **قەبو:** کرایەوە؛ **عیلم:** زانست؛ **عوباب:** دەریای بەشەپۆڵو شەپۆلی دەریا؛ **عوباب:** ناوە بۆ کتێبێکی فەرهەنگی عارەبی کە «صغانی» بیستبەرگی نوسیوە بۆی تەواو نەکراوە. (صغانی، ناوی ابوالفضایل حسن کوڕی محمد بو. لە نێوان ساڵانی ـ ١١٨١ و ١٢٥٢ ی ـ میلادیدا ژیاوە. لە شاری لاهوری هندوستان هاتوّتە دنیا. لەشاری غەزنە خوێندویەو لە بەغدا مردوە. دو فەرهەنگی عارەبی نوسیوە؛ یەکێکیان ناوی: «التِکْلَمة والذَیل والصِلَة» واتا: تەواوکەرو پەڕاوێزو پێك‌گەیاندن بوە. ئەویتریان، «اَلْعُبابُ الزاخر واللُبابُ الفاخِر:» دەریای پڕو سەرڕێژ یان، شەپۆلی سەرڕێژکەری دەریاو کاکڵە خۆشەکان. ئەو فەرهەنگەی تاپیتیمیم هێناوەو بۆی تەواو نەکراوەو مردوە. فەیروز آبادی، قاموسەکەی خوی، لەسەر داروپەردوی ئەم دوکتێبەوە هەڵناوە.

**مانا بەتێکڕایی:**

لەوساوە ئێمە ڕێگامان دراوە کە لەجوانی بێگەردو بێخەوشی توّ بروانین؛ خۆمان لە بەهەشتا دەبینینو لەڕێزی پیاوچاکان داینو لەو سەرچاوە بەهشتیە، تێراو دەبین کە کافوری لەگەڵا تێکەڵاوە. هەر بۆیەشە کە دەرگای دەریای زانست بەڕوی دڵماندا کراوەتەوەو دڵمان لەزانایی خواناسیندا دەریایەکە شەپۆلئەداتو سەرڕێژ دەکات. یان، لەسایەی دیداری توّوە، ئێمە زانستێك روی تێکردوین کە زۆر لەناوەرۆکی کتێبی العبابی صغانی زیاترە.

**٤ مەژسەر چەشمەیی حەیوان قەدەحەك صافی قەخوار**
**ناگەهی لەذذەتو ذەوقامە بصەد جلدی کیتاب**

**مانای وشە:**

**سەرچەشمە:** سەرچاوە؛ **حەیوان:** ژیان؛ **قەدەح:** پیاڵە؛ **صاف:** رونو دور لە لێڵایی؛ **قەخوار:** خواردەوە؛

**ناگەهی:** ناگاتە؛ **لەذذەت:** خۆشی؛ **ذەوق:** چێژە؛ **جلد:** بەرگ؛ **کتاب:** کتێب.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئێمە لەسەرچاوەی ئاوی حەیاتێ پڕی پیاڵەیەکی رون‌و رەوانمان خواردۆتەوە؛ خۆشی‌و چێژەیەکی کە ئێمە هەستمان پێ‌کردوە، بە صەد بەرگ کتێب باسی‌بکەین هێشتا دوایی نایە.

**٥ لەو دچەنگێ مە دخونێ کو دعشقا تە بساز**
**مە ببەژناتە دخونن نەی‌و قانون‌و روباب**

**مانای وشە:**

**لەو:** بوێە؛ **کو:** کە؛ **دخونێ:** بانگدەکا؛ **نەی:** بلوێر؛ **چەنگ، ساز، قانون، روباب:** هەریەکە آمرازێکی موسیقان؛ **بساز:** بساچینە، ئاشنابە.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئەوینی تۆو دیتنی دیداری تۆ، وەك ئاوی‌ژیانە، کە مردن لەناو دەباو تامو چێژەی لە باس‌کردن نایە. واتازە تێدەگەم، کە بۆچی گوێ لە هەر ئاوازو ئامرازێکی موسیقی دەگرم تێکڕا هەر دنەم ئەدەن‌و ئامۆژگاریم دەکەن: کە تۆ دەگەڵ ئەوین ئاشنابەو دەست لە دڵداری بەرمەدە.

**٦ قەهوە یا تەلخ دگەل زەهری هەلاهیل ب دەری**
**مەژدەستی تەمبارەك شەکەر ئامیزە خوشاب**

**مانای وشە:**

**قەهوە:** مەی؛ **قەهوە:** قاوە؛ **تەلخ:** تاڵ؛ **زەهر:** ژەهر؛ **هەلاهیل:** گیایەکە شیرەکەی ژەهرێکی زۆر حەستەمە؛ **بدەری:** بدەیەی؛ **مە:** بۆمە؛ **مبارەك:** پیرۆز؛ **شەکەرئامیز:** شەکراوی؛ **خوشاب:** خۆشاو.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئەگەر تۆ ژەهری هەلاهیل بکەیەناو قاوە ـ یان شەرابی زۆر تاڵەوە ـو بڵێی بیخۆرەوە؛ چونکە دەستی پیرۆزی تۆی وێ‌کەوتوە، بەلامەوە لە خۆشاوی شەکراوی شیرین‌ترو خۆشترە.

**٧ قولزومی عیشقێ ژبایێ خۆ موخالیف دەمەکی**
**دهەماماتی عەجاجی مەل سەر دەستی غوراب**

**مانای وشه:**

**قولزوم:** دەریا؛ **عیشق:** ئەوین؛ **بای‌موخالیف:** بای‌پێچەوانە؛ **دەم:** تاو؛ **هەمام:** راتڵەکاندنی‌با؛ **عەجاج:** گیژەڵوکەو گەردەلول؛ **غوراب:** جورێك گەمیەی بەبادەوەی پێشوبوە.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئێمە سەردەمێك لەدەمان، لەناو دەریای پڕلە توڤانـدا، وەبەر گێژو گەردەلولێ کەوتوین‌و بەدەم بای موخالیفەوە رەتمان دەبردو دەستەڵاتمان بەسەر گەمیەکەمادان نەما. گەمیەکەمان ئێمەی بەسەر دەستی خۆیەوە گرتبو. بای پێچەوانە دەی‌رەتاندو سەرمان لێشێوابو.

**٨ سەحەری خضری عینایەت کو برین چەشمەیی دل**
**بجیهانێ مە نەظەردا کو جیهان عەینی سەراب**

**مانای وشە:**

**خضر:** سەوز؛ **خضر:** خدری زیندە. خدری زیندە یانێ، کەسکی نەمر. گوێا یەکێك لە خۆشەویستانی خودا، گەیشتوتە سەرچاوەی ئەو ئـاوەی کە هەرکەس بیخـواتەوە، هەرگیز نامرێ. واتا وەك سـەوزەگیایەك وایە کە هەرگیز وشك‌و سیس نابێ‌و هەمیشە کەسکـە؛ **عینایەت:** بەسـەرکردنەوەو ئـاگاداری؛ **برین:** بردینیە؛ **چەشمە:** سەرچـاوە؛ **جیهـان:** دنیا؛ **نەظـەر:** روانین؛ **عەین:** بەتەواوەتی؛ **عەین:** کانی؛ **سـەراب:** تراویلکە، لە بیابان‌دا، پیاو لەدورەوە شتێك دەبینێ بەئاوی دەزانێ؛ بەڵام ئاوێك لە ئـارادا نیەو چـاوی فـریو دەخوا بەوە دەڵێن سەراب‌و بەکوردی پێی دەڵێن **تراویلکە.**

**مانا بەتێکڕایی:**

ئەم تاکەشیعرە، تەواو کەروکلکـەی شـیعری پێشـوە کە فـەرموی: لە دەریادا، بەر گێژەڵوکە کەوتین‌و گەمیەکەمان با دەیڕەتاندو بەسەرگەدانی مابوینەوە. دەڵێ: شەوێکـی زۆر حـەستەممان دەرباز کرد، تا لە بەرەبەیاندا، روحـم‌و بەزەی خـوا، لێمان بوبە خـدری زیندەو لە توڤـان رزگاری کردین‌و دەستی کێشاین تا بردینیە سەرچاوەی دڵ؛ کە هەر چـاوەی دڵیشـە ئـاوی ژیانی تێدایەو ئێمە پێی نازانین.

ئـەوسـا کە تماشـای دنیامان کرد، بەو هەمو دەریاو وشکـانیەوە کە هەیەتی، هەمومان تەواو بەسەراب‌و تراویلکە هاتە بەرچاوو زانیمان چاومان فریوی خواردوە.

**٩ بحوبابێ مەبە مەغرور وەهە سەر گەشتە «مەلا»**
**باڤبەر کەفتی‌یە وی بێهودە سەرگەشتە حوباب**

**مانای وشه:**

حوباب: بڵقی سەرئاو؛ مەغرور: لەخۆبایی؛ وەهە: ئـاوا؛ سـەرگەشـتە: سـەرگەردان؛ قْبەر: وەبەر؛ کەفتی: کەوتو؛ بیْهودە: لەهیچیْ، بەخۆرایی.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئەی مەلا! ژیانی ئەم جیهانە، وەك بڵقی سەرئاوە. بڵقی سـەرئـاو، بایەکی چـۆتە ناو، کەوا هەڵی مساندوە. ژیانی جیهانیش هەر وەك بڵقی سەرئـاو، بادی هەوایەو هەروەك بڵق، بە باڵیْدەرکەوتن دەپوچێتەوە. ژیانیش کە نەفەسێکیداو نەهاتەوە لەناو ئەچیْ. جا ئاگات لە خۆت بیْ، بڵقی سەرئاو هەڵت نەخەڵەتێنیْو بەژیانی دنیایی، بایی نەبی.

**١٠ وەیە هودهود ژسەبا بێتو بزانین چیە حال**
**کو لحالیْ مە غەریبان نەسوئالو. نەجەواب**

**مانای وشە:**

وەیە: رەنگەهەیە؛ هودهود: پەپوسـڵیمانە؛ سـەبا: شـوێنێکبوە لە یەمەن کە بەڵکیس بەرلەوە بێتە ژنی سلێمان پێغـەمبەر، لەویْ ژیاوە. (باسـی سـڵیمانو بەڵکیسو دەڵاڵیە کەی پەپومان لەپێشـدا کردوە.)؛ غەریب: ئاوارەی نیشتمان؛ سوئال: پرسیار؛ جەواب: وڵام.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئێمە لەنیشتمانی راستەقینە، دورخراوینەوەو لەم جیهانە ئامانەتیەدا بەئاوارەیی ماوینەوە، نە کەس لێمان دەپرسـیْ چـۆنیو نە وڵامێکمان بۆ دەنێرن کە دڵمان خـۆش کا. هومێدمان هەیەو رەنگـە پەپوی پێوقەدەم پیرۆز، مژدەیەکمان لەسەباوە بۆبهێنیْو دەخـۆمان بگـەین کە چـۆنیو چـۆن دەبین.

**١١ هەردو برهێن تەنە میحرابی چە ئیمانو چە کوفر**
**بودو نابود کویەکن ئەڤ چثەوابو چە عیقاب**

**مانای وشە:**

برە: برۆ؛ تەنە: تۆن؛ ئیمان، باوەڕی؛ کوفر: بیْ ئـەمەگی؛ بودونابود: بونو نەبون؛ ثەواب: پاداشـت؛ عیقاب: تۆڵەوسزا.

**مانای بەتێکڕا:**

رێبوارانی رێگەی خواناسین، بەقۆناغێکدا تیْپەڕ دەبن. کەقۆناغی لەخـوا داونبونی پیْدەڵێن. لەم

پلەیەدا، بەردو دارو گیاندارو بێگیان، بەلایانەوە هەموی هەر خوا دەپەرستێ. ئەوانەی کە بەرواڵەت، کافرن‌و سەجدە دەبەنە بەر بت؛ لەلای ئەوان سەجدەکەیان بۆ خودایە. چونکە باوەڕی‌و ناباوەڕیش هەر لەلایەن خوداوە بەبەندە دراوەو هەر فەرمانی خۆیەتی، بەجێ هێندراوە. لایان‌وایە پاداشتی چاکەو سزای خراپەش، هەر شتێکی ظاهری‌و رواڵەتی‌یەو کەسێکی فەرمانی ئەوی پێك‌هێنابێ ـ فەرمانەکە هەرچیەك بێت ـ ناشێ دەردو ئازاری لەسەر ببینێ و هەروەك لەمەو بەریش باسمان‌کرد، صوفیانی پایە بەرز، دەڵێن: یار هەموی هەر رەحمەت‌و خۆشی‌یەو رەحمەت لە هەرکوێ هەبێ ئازاری لێنیەو خوداش لە هەمو جێگەیەك هەیە. کەوابو عەزاب نابێ هەبێ. زۆرجار لەگفتەی صوفیان‌دا توش دەبین کە دەڵێن: ئەوەی شیخ لەخانەقادا بوی دەگەڕا ئێمە لە گۆشەی مەیخانە توشی بوین... و...

مەلا لەم بەیتەدا، ئەم بڕوایە دەخاتە بەرو دەڵێ:

هەر ئەو دو بروێەی راست‌و چەپی توێە کە بونەتە سوژدەگای باوەڕدارو بێباوەڕانی رواڵەتی. ئیتر کوفرو ئیمان دەبڕێتەوەو تێکەڵ دەبن. بون‌و نەبون ئەگەر هەیەو ئەگەر نیە، هەر لە خۆتەوەیە؛ پاداشتی باش‌دانەوەو سزادان، چۆن لێك جوی دەکرێنەوە؟!

## ١٢ وەرە نیشانی «نیشانی» دەخوە بێپەردە سەحەر
## لێ ژخونێ بکە پەرهیز کو شەهیدان چەحیساب

**مانای وشە:**

**نیشانی:** نیشانەی تیران؛ **نیشانی:** تَخَلُّصی مەلا لە شیعردا؛ **بێ پەردە:** ئاشکرا؛ **لێ:** بەڵام؛ **خون:** خوێن؛ **پەرهیز:** پارێز؛ **شەهید:** کوشتەی ریگەی هەقانیەت؛ **حیساب:** ژمارە؛ **حیساب:** لێ پرسینەوە.

**مانا بە تێکڕایی:**

ئەی یار وەرە، دە بەرەبەیانان‌دا، خۆت نیشانی ئەم نیشانەی تیرانەی خۆت بدە. بەڵام هەر من نیم کە شەهیدی تیری ئەوینی توم؛ کوژراوانی ئەو ریگەیە، لەژمارە بەدەرن‌و هەموش لەریی هەق‌دا کوژراون‌و خوێنیان لە بەردەڕوا. ئەگەر هاتیە سەردانمان، توزێك بەپارێزوە وەرە، نەوەك خوینی ئێمە پەڵاویت بکاو دەشزانی کە شەهید لێ پرسینەوەیان بونیە.

## قصیدەی دەیەم

# «پیاڵەی لێواولێو»

**١ للەالحمد ژیاریٚ مەددەست جامە لەبالەب**
**ژلەبی نوشی پەیاپەی ددل ایلهامە لەبالەب**

**مانای وشە:**

**للەالحمد:** شوکور بۆخوا؛ **ژیاری:** لەیارەوە؛ **مە:** ئێمە؛ **جام:** پیاڵە؛ **لەبالەب:** لیپاولیپ؛ **لەب:** لێو؛ **نوش:** رەواقی هەنگوین؛ **پەیاپەی:** لەسەریەك و بیٚپسانەوە؛ **ایلهام:** لەغەیبەوە خەبەر بەدلٚ گەیشتن.

**مانا بە تێکڕایی:**

سوپاس بۆخوا، کەیار ئێمەی خوێندۆتەوەو بەلێوە شیرینەکانی ـ کەهاوتای رەواقی هەنگوینن ـ ئێمەی لاواندۆتەوەو لەوساوە جامو پیاڵەی لیپاولیپمان لەئەوین هاتۆتە دەستو دڵمان پڕبوە لە موژدەو خەبەری غەیبی.

**٢ د ریٚیا وان خەتو خالان کو نەحەرفێن قەلەمینە**
**مە ژفەیضا تەیە مەستانە رەوان چامە لەبالەب**

**مانای وشە:**

**ری:** ریٚگە؛ **وان:** ئەوانە؛ **خەتوخال:** خالٚومیل؛ **حەرف:** پیت؛ **قەلەم:** بنوس؛ **فەیض:** بەرەکەت، سەرریٚژ؛ **رەوان:** بیٚگریٚو قۆرت؛ **چامە:** شیعرو هەڵبەست؛ **لەبالەب:** لێواولێو.

**مانا بە تێکڕایی:**

ئەوخالٚو خەتەی لەروخساری تۆ دێتە بەرچاو، کاری قەڵەمی نوسەرو نەقاشان نیە. خوای گەورە

بەدانستە رژتونی. من کە دڵم داوەتە ئەوینی ئەوانە، بەپلەو پایەیەك گەیشتوم کەلە بەرەکەتی ئەوانەوە کە ریژەوی کردوە سەر خۆشمو شیعرەکانم ئاوا رەوان‌و بیگریو قورتن‌و بەسەر لیوانەوە دەگەڕێن.

**٣ مەستی شەهکاسیٚ مە یا جاذبەیی روح دذات (یان ـ ددات)**
**روح دزانت کوژبەر لە ذذەتی عیشق مامە لەباڵەب**

**مانای وشە:**
**شەهکاسە:** شاکاشی؛ **جاذبە:** کیشەر؛ **روح:** گیان؛ **ذات:** خوی؛ **کو:** کەوا؛ **لەذذەت:** خۆشی؛ **مامە:** ماوم.

**مانا بە تیکڕایی:**
لەو بادەیە ـ کە روح و گیان بەرەو خۆی دەکیشیٚ ـ من بە شاکاشی فڕم کردوە. نەك تەنها لەش‌و ئەندامم تەزیوەو بڵیم وەك خەڵکی رەمەکی سەر خۆشم؛ بگرە گیانیشم بەو لەزەتەی زانیوەو دەزانیٚ کە من لەو خۆشی دوبارەیەی ئەویناوی‌دا بە لیپاو لیپی ماومەوە.

**٤ نیرگزا مەست ژبالا چەمەنا سونبول‌و گول تیٚ**
**قەدەحی تازە بەدەستی خوە تنیٚ دا مە لەباڵەب**

**مانای وشە:**
**بالا:** بەژن؛ **بالا:** سەرو، ژورو؛ **چەمەن:** چیمەن؛ **سونبول:** سمڵ؛ **تیٚ:** دیٚ؛ **تیٚ:** تیٚدا؛ **تازە:** هەرەباش؛ **تنی:** تەنیا؛ **دامە:** دای‌بە ئیمە؛ **لەباڵەب:** لیواولیو.

**پوختەی مانا:**
بەژن‌و باڵای یارم، وەکو میرگ‌و میرخوزاریکە کە هەمو جوڕە گوڵیکی جوان‌و بۆن خۆشی تیدایەو لەوانەدا گوڵی رومەتی‌و سونبولی کەزیەکانی‌و لە سەروی هەموا نیشەوە، نیرگسی چاوە مەستەکانی، بەجوانی خۆ دەنوینن. دیتنی چاوەکانی، بۆمن وەك ئەوە وابو کە پیاڵەیەك شەرابی هەرە باشی دابیتە دەستمو پڕ بە پڕ مەست‌و سەرخۆشی کردوم.

**٥ وەحدەتی صرفەمە مەشرەب تە چەایکسیری وجود**
**ئەم لەباڵەب چە لەباڵەب بخوە هەم جامە لەباڵەب**

**مانای وشه:**

**وەحدەت:** یەکاڵایی؛ **صیرف:** بێخەوش؛ **مەشرەب:** ئاوخۆرە؛ **مەشرەب:** مەبەستو مەرام؛ **تە:** تۆ؛ **اکسیر:** ئەو دەرمانەی کەمس دەکا بەزێڕ؛ **وجود:** بون؛ **جام:** پیاڵە؛ **جامە:** لیباس، کراس.

**مانا بە تێکڕایی:**

ئێمە بە هەمو باراندا، لەگەڵ یارا تێکەڵین‌و بوینە یەکێك و لەسەر چاوەی خالیص‌و بێگەردو رون تێراو دەبین. تازەکارمان لەوە دەرچوە کەماموستاو پیری دەستگیر، اکسیری خوێانمان لێ خەرج‌کەن‌و مسی وجودمان، بکەنە زێڕ. ئێمە زێڕی خالیصین، ئێمەوەها پڕبوین لە ئەوینی یەکیەتی لەگەڵ خوادا، سەرباری خۆمان بگرە کراسە کەشمان لە ئەوین سەر ریژ دەکاو لیپاو لیپە.

**٦ شەمع‌و پەروانە بەذاتێ خوە ژحالی مە ددورن**
**ئاتە شەك صیرفە ژعیشقاتە قەقەستامە لەبالەب**

**مانای وشە؛**

**شەمع:** مۆم؛ **پەروانە:** پەپولە؛ **بەذاتێخو:** لەخودی خۆدا؛ **ددورن:** پەرتن؛ **ئاتەش:** ئاگر؛ **صیرف:** تەواو بێخەوش؛ **قەوەستان:** گیران؛ **قەوەستان:** هەستانەوە؛ **قەوەستان:** داوەستان.

**مانای بە تێکڕایی:**

چیرۆك‌و بەسەرهاتی مەلە ئەوین‌دا، بەهیچ جۆر نابێ دەگەڵ ئەویندارى پەروانەو مۆم، باسی بکرێ‌و بڵێن‌وێك دەچن. گڕی شەم جوانە بەڵام هەر دەمێکە، یان بەفوێك دەکوژێتەوەیان بە توانەوەی مۆم، دەبڕێتەوە. پەپولە دڵدارێکی گیانبازە بەڵام، بەباڵ سوتانێك لەئەوین دەتە کێتەوە. گڕی روخساری یاری‌من، لەگڕی شەم، تیشك هاوێژترەو هەرگیز بەهیچ باو توانەوە یەك، لەناوناچێ. من جێگەیەکم نیە بڵێم بەگڕی ئەوین دەسوتێ؛ چونکە هەر خۆم ئاگری روتم‌و لەوئاگرە نەمرانەم کە هەرگیز، کوژانەوی بۆنیەو لەعیشق پڕوداوەستاوو راوەستاوم.

**٧ قەدەحەك تازە ژعیشقێ د ئەزەل دامەحەکیمی**
**ژێ دنوشین هەی‌و هەی هێ بەخوە جامامە لەبالەب**

**مانای وشە:**

**قەدەح:** پیاڵە؛ **تازە:** زۆرباش‌و عالی؛ **ئەزەل:** هەرەپێشو؛ **دامە:** دای‌بەئێمە؛ **حەکیم:** زۆرزانا؛ **حەکیم:** دەسەڵاتدار؛ **حەکیم:** بژیشك‌و لقمان؛ **ژێ:** لێ؛ **دنوشین:** دەخوێنەوە؛ **هەی‌وهەی:** دایم‌و دەرهەم؛

بەخوە: بۆخۆ؛ جام: پیاڵە.

**مانا بەتێکڕایی:**
زانای هەرەگەورەو چارەسازی بێوێنە، هەر لە ڕۆژی بناواندا، لەشەرابی هەرەباشی ئەوینی خۆی، پیاڵەیەکی پێداوم؛ کەدایمو دەرهەم لێی دەخۆمەوەو پێی سەرخۆش دەبمو پیاڵە هەروە کە خۆیەتی پڕاوپڕەو هیچی لێکەم نەبوتەوەو نابێتەوە.

**٨ جارە کی گوهتی نیشانینە مەلایی (یان: نیشانی نەمەلایی) وەرەپاقێ**
**ئەوەدخواست مەژدلو جانو دەهەن کامە لەبالەب**

**مانای وشە:**
**جارەکی:** جارێك؛ **گوهتی:** گوتی؛ **نیشانینە:** نیشانەکانی؛ **نیشانی:** تَخَلُّصی مەلا لەشیعردا؛ **مەلایی:** مەلایەتی؛ **پاقێ:** بهاوێژە، فڕێبدە؛ **جان:** گیان؛ **دەهەن:** دەم؛ **کام:** مراد؛ **کام:** ناودەم.

**مانا بە تێکڕایی:**
ئۆخەی، جارێك لەجاران‌دا بە مراد گەیشتم. یار دواندمیو فەرموی: وەرە بەقسەم بکەوناوو لەقەبی نیشانیو مەلایەتی، لەکوڵ خۆت بکەوە. چونکە **ناو و لەقەم**، نیشانەی ئەوەیە کەتو شتێك هەیو خۆتیان پێوە ڕادەنێی. لەبارەگای ئێمەش‌دا، هەرکەس خۆی بەشتبزانیو ناوونیشان بۆخۆی دانێ، ڕێگەی نادرێو بەهیچ حیساب ناکرێ. توئەگەر دەتەوێ ئێمەت هەبێ، ئەبێ، خۆت لەبیربچێتەوەو ناوونیشانی بونت، کوێربێتەوە. بەڵێ ئەوە ئەو پەڕی ئاواتم بو، کە پێك هاتووەو بەدڵ هەر ئەمەم ویستوە. لەوە تائەم فەرمانە شیرینەم بیستوە، گیانو دڵو دەمم، پڕە لەشیرنایەتی بەمراد گەیشتن.

**٩ تەدزانم، تەدبینم کوتوئی نوری وجودی**
**الله الله ژچ نورە دسەرا یامە لەبالەب**

**مانای وشە:**
**تە:** تۆ؛ **دزانم:** دەزانم؛ **دزانم:** دەناسم؛ **کو:** کە؛ **نور:** روناکی، تیشك؛ **وجود:** بون؛ **الله‌الله:** پەك ماشاالله؛ **سەرا:** ماڵ.

**مانا بە تێکڕایی:**
ئەوا مەلایەتیم فڕێ داوە؛ هەمو نیشانەی بونم هاویشتوتە ناوچاڵی نەبونەوە. ئێستا جگەلە تۆ، کەس ناناسم. جگە لە تۆ هیچ نابینم. تێگەیشتوم کە بون تیشکێکی روناکی تۆیە. صەد ماشاالله.

لەو روناکیەت کە لە خانوی جێ ژیانی ئافەریدەکانتدا، ولەعەرزو عاسمان تیشکی داوەتەوە.

١٠ ژعینایەت نەظەری خاصە کوهەر میصرەعو بەیتەك
قەدەحێن ئابی حەیاتێنە دشیعرا مە لەبالەب

**مانای وشە:**

عینایەت: چاولێبون؛ نەظەر: لێروانین؛ خاص؛ تایبەتی؛ میصرەع: نیوەشیعر؛ بەیت: شیعرێکی دو میصرەعی؛ قەدەح: پیالە؛ ئابی‌حەیات: ئاوی ژیان.

**مانا بە تێکڕایی:**

دیارە یار بەچاوی مەرحەمەتو بەزەیی لە منی روانیوەو التفاتێکی تایبەتی، دەر بارەی من هەیە. ئەگینا ئەوە خوڕایی نیە کە هەر تاكو لەتێك لەشیعری من، بارتەقای پیالێکی پراو پر لە ئاوی حەیاتێ دێنەوە.

## قصیدەی یازدەمین

# «ڕەنج و گەنج»

**١ شاه ب قەصدا کوشتنامن رم هەژاندن راستو چەب**
**دامە چەشمێ قەهرو خەشمێ ڕەل دلدا کو ئەدەب**

**مانای وشە:**

**شاه:** خونکار؛ **قەصد:** نیاز؛ **کوشتن:** مراندن؛ **رم:** رمب؛ **هەژاندن:** ڕای‌ژاندن؛ ڕای‌تڵەکاندن؛ **سەبەب:** هۆ؛ **دامە:** دای بەئێمە؛ **چەشم:** چاو؛ **قەهر:** تورەیی؛ **خەشم:** ڕق؛ **کو:** کە.

**مانا بە تێکڕایی:**

یارم کە خونکاری هەمو جوان‌و نازدارانە، مژۆڵەکانی بە تورەییەوە تروکاندن؛ کەبۆمن وەك ئەوە وابو، بەرمبان لەمن راسابێ. بەچاوی تورەیی و غەضە بەوە، تماشای کردمو دیارە مەبەستی ئەوە بو، کە لە خذمەتیا بە ئەدەب تربم. هەرچەندە من خۆم لامۆایە هیچ بێ‌خذمەتیەکم نەکردوەو هۆی تورەیی ئەوم پێك نەهێناوە. بەڵام هەروەك جوانی‌و دڵنەرمی ڕەوشتی یارە، هەر وەهاش، قەهرو تورەییش یەکێك لە صیفاتی ئەوە. کەوابو، نابێ ئێمە سەبەب بپرسین.

**٢ کوشتی‌یین دیدارو دینێ بێ‌خەتا هەر دەهصەدن**
**هەر سەحەر دیسا ژنو وێن تێنە کێرێ صەد جەلەب**

**مانای وشە:**

**کوشتی:** کوژراو؛ **دیدار:** چاویێ کەوتن؛ **دین:** تماشا، دیتن؛ **بێ‌خەتا:** بێ‌سوچ؛ **دەهصەد:** هەزار؛ **ژنو:** سەرلەنوێ، لەسەرڕا؛ **تێنە:** دێنە؛ **کێر:** چەقۆ؛ **جەلەب:** گەلە، کەرك.

**مانا بەتێکڕایی:**

وەنەبێ هەرمن بەتەنیا بێسوچو هەڵە لەرێگەی دیداری یاردا، بەرتورەیی کەوتبمو کوژرابم؛ هەزاڕانی وەكمن کە ئارەزوی دیتنی یاریان کردوەو لە رێگەی خۆشەویستیدا ـ کەبەلای ئەوانەوە هیچ گوناهێکی تێدا نەبوە ـ کوژراون. لەسەر ئەو حاڵەش را، ئەو کوشتنە هێندە خۆش و مایەی بەختەوەریە کە هەمو سبەینان، سەرلەنوێ صەد صەد گەلە دڵدار بە داو خوازی خۆیان دێنە بەر کێردو دەیانەوێ، لەو رێگەدابمرن.

**٣ دێ ژچەرخی پەنجەمین بیتن تەنەززول کەت مریخ**
**میثلی شەمسێ گەر کشینیتن لوان تیغێن غەضەب**

**مانای وشە:**

**دێ:** بێگومان، هەرئەبێ؛ **چەرخ:** عاسمان؛ **تەنەززول:** هاتنەخوار، داگەڕان؛ **مریخ:** ئەستێرەیەکە بەقسەی ئەستێرەناسانی پێشو، لەعاسمانی پێنجەمەو کێردێکی خوێناوی لەدەستایەو شەڕو شوڕی دنیا، ئەو دەی نێتەوە؛ **مثل:** وەکو؛ **شەمس:** خۆر؛ **کشی‌نیتن:** هەڵبکێشێ؛ **تیغ:** تیخ؛ **غەزەب:** توڕەیی.

**مانا بە تێکڕایی:**

هەر ئێمەی دڵداری سەر زەوەی نین کەمنەی کوشتن، بەتیخی توڕەیی و قەهری یار دەکەین؛ بەڵکو ئەگەر یاری خونکارم، تیخی غەضەبی خۆی بەرەو مریخو خۆر راتڵەکێنێ؛ مریخ لە عاسمانی پێنجەم و خۆر لەعاسمانی چوارەمەوە، بەرەو زەمین دێنەخوارو منەت بارن کە وەبەر تیخی یار بکەون و ئەو بەختیاریەیان بەنصیب بێ.

**٤ هەر مەجالا ئەو دجەنگێ بێتو رەت هەر جارەکی**
**راستو چەپ دێ بێختن صەد صەد بەمزراق و قەصەب**

**مانای وشە:**

**مەجال:** کات؛ **مەجال:** شوێنی هاتوچۆکردن؛ **جەنگ:** شەڕ؛ **رەت:** بروات؛ **دێبیختن:** مەعلوم دەکەوێنێ؛ **مزراق:** نێزە؛ **قەصەب:** درێژوکەی ناوکلۆر وەك قامیش و حەیزەران و...؛ **قەصەب:** رمبی درێژ کە لەدار حەیزەران بوە.

**٥ روستەم و جەمشیدو خالید، حەمزە یاشێری عەلی**
**ئافەرین یاشە هسەواری تورك و رمبازی عەرەب**

**مانای وشه:**

**روستەم:** پاڵەوانی خەیاڵاتی ئێرانە؛ **جەمشید:** پادشایەکی کۆنی ئێرانە، کە کورد پێی دەڵێن (جەمشێر)؛ **خالید:** خاڵندی کوڕی وەلید، هەواڵێکی پێغەمبەربوە. **حەمزە:** ئیمام هەمزە، مامی پێغەمبەر؛ **عەلی:** ئیمامی عەلی، کە بەشێری خوا بەناوبانگە؛ **ئافەرین:** ئافەریم، لەمنت کەوێ؛ **یا:** هوێ؛ **شەهسەوار:** سەرتوپی سواران؛ **رمباز:** رمبوەشێن.

**مانای شیعری چوارو پێنج:**

لەهەر مەیدانێکدا، خونکاری نازداری من، تاقەجارێك بێتو بچێتو شەڕبکا؛ بەزەبری نێزەی مژۆڵانو باڵای بەرزو شوشو باریكو نەرمونیانی ـ کەوەك رمبی حەیزەرانە ـ صەتانو هەزارانی وەك روستەمو جەمشێرو خاڵندو عەلی، خۆی لەبەر ناگرنو بەراستەو چۆپەدا دایان دەپاچێو لەمەیدانەدا تخێڵ دەبن. ئەی هەزار ئافەریر، بۆتۆ ئەی شاسواری تورکانو سەرتوپی رمب وەشێنانی عەرەب.

**٦ لێلتولێ ئاستانێ چخبوان لەعلان کرن**
**دەرگەهێ فەتحێ ڤەبو ئیرۆ ل مەهجوران عەجەب**

**مانای وشە:**

**لێ:** بەڵام؛ **تول:** سەگی چکۆڵە؛ **ئاستان:** ئاسانە؛ **چخ:** بەترکیانی دەرکەوە. کورد ئەم وشەیە بۆ دەرکردنی سەگ بەکاردەبەن؛ **لەعل:** لاڵ، بەردێکی بەقیمەتە. شاعیران لێوی یاریان پێ شبهاندوە؛ **فەتح:** کرانەوە؛ **فەتح:** بەئاوات گەیشتن؛ **ڤەبو:** کرایەوە؛ **مەهجور:** بەجێ هێڵدارو؛ **مەهجور:** تەرك کراوو دور خراو؛ **عەجەب:** سەیرو سەمەرە.

**مانا بە تێکڕایی:**

شتی زۆر سەیرو سەمەرە، ئەوەیە کە خونکاری من، بەو هەمو سامو هەیبەتەوە کە وەك گوتمان، ئەگەر بەقەهرەوە دەمریخو رۆژ راخوری، سەر بەرەو ژێر دێنە بەر دەستیو هەزاران پاڵەوانی بەناوبانگ لەروی ئەودا خۆناگرنو هەر لەجێ لەمەیدان تخێڵ دەبنو سلار دەبنەوە؛ هەر بەو تورەییەوە، بەو لێوە وەك لەعلانەی خۆی چغەی لە تولەی ئاسانەی خۆی ـ کەمنم ـ کرد. بۆمن بەخێر گەڕا. دەرگای مرادانم بەروداکرایەوەو لەپاش هەڵپەسێرانو خۆتێ نەگەیاندن، بەدیداری شاد بومەوەو بەوتێ راخوڕینە، لاواند میەوە.

**٧ بەندەیی صادق سەحەر ئامانجی رەشتو زێن خوەکر**
**من بقەولی دژمنان دەت بەرخەدەنگان بێ سەبەب**

**مانای وشه:**

**بەندە:** کوێلە؛ **صادق:** کارو قسە راست؛ **ئامانج:** نیشانە؛ **رەشتوز:** دەبان، دەبانی دەم رەش؛ **دەت:** دەداتە؛ **خەدەنگ:** تیر.

**مانا بە تێکڕایی:**

لە بەرەبەیان‌دا بو، کەیار منی بە تماشایەك لاواندەوەو کوێلەی بێ‌خەوشی خۆی، بەسەر کردەوە. منی کردە نیشانەی تیخی دەبانی تازە ساوی بروٚ رەشەکانیو مژوٚڵە جەرگ برٚەکانی. دوژمنان وایان زانی یار برٚیاری داوە بێ‌هیچ سەبەبو هوٚیەك من بداتە بەر تیرانو لەدیداری خوٚی ناهومێدم بکا؛ بەڵام ئەو دوژمنانە، زوٚر بەهەڵەدا چون.

**٨ لەشکری قەهرو غەمان وێ چون حەصارا دل بکن**
**کَعبەو بَیتالحرامە لێ بنوربیتن (یان: دێ نەبورتلێ) رەجەب**

**مانای وشە:**

**لەشکر:** سوپا؛ **قەهر:** خەفەت؛ **غەم:** پەژارە؛ **چون:** چلوٚن؛ **حەصار:** ئابلوٚقە؛ **کعبە:** ماڵی‌خوا؛ **بیتالحرام:** مەککە؛ **لێ:** لەوێ؛ **بنوربیتن:** روناك بێت؛ **دی‌نەبورت:** هیچ‌گا رانابرێ؛ **رەجەب:** مانگێکە لە مانگانی ساڵی عارەبیو یەکێکە لەو چوار مانگەی کە حەرامیان وەپا شڵ خراوەو عارەب، لەو چوار مانگەدا یەکتریان نەدەکوشتو نەدە چونە تاڵانو برٚوٚی یەکتری. سێ مانگەکەی تریش، مانگی ناو جێژنانو قوربانو محەرٚەم بون.

**مانا بە تێکڕایی:**

دوای ئەوە کەیار بەلێوی مبارەکی خوٚی، چغەی پێ گوتومو دوای ئەوەکە چاوم بەچاوو برٚوٚیانی رون بوٚتەوە؛ تازە چوٚن لەشکری خەمو مەینەت، دەتوانن دەوری دڵم بدەنو توشی ناهومێدیم بکەنەوە. دڵی‌من بوٚتە مەککەو ماڵی کابەو هیچ هێزێك ناتوانێ ئازاری پێ‌بگەیەنێو هەتا هەتا من‌ودڵم لە رەجەبە مانگ‌داینو هەرگیز مانگی رەجەبی ئێمە دوایی نایەتو هەمیشە روناكو مایەی روناکی دڵە.

**٩ سفتی‌یین پرلەعلو مەرجانان ب موژگانان حەتا**
**دیدە رەوشەن بو ب دینا دیم دوری سیمین غەبەب**

**مانای وشە:**

**سفتی:** سماو؛ **پر:** زوٚر؛ **لەعلو مەرجان:** دوجوٚرە گەوهەری رەنگ سوورو ئاڵن؛ **موژگان:** مژوٚڵ؛ **دیدە:** چاو؛ **رەوشەن:** روناك؛ **دین:** دیتن؛ **دیم:** روخسار؛ **دور:** مرواری درشت؛ **سیمین:** زێوین؛ **غەبەب:** بەرچێلە.

**پوختەی مانا:**

من‌کە دەڵێم چاوم بەدیداری یار روناك بۆتەوەو شانازی برینی تیری مژۆڵانم بەنصیب بوەو خۆشەویستی‌و التفاتی‌یار لەناو دڵمدا، جێگیرەودڵم لەو ساوە بۆتە ماڵی خودا، تازەخەم حەددی نیە بێتە ناوی. نابێ وا بزانن کەئەم هەمو خۆشیەم، بەمفەت‌و مەرحەبا دەس کەوتوە؛ نەخێر، لەو رێگەدا زۆرم دەردکێشاوە. زۆر فرمێسکی ئاڵ‌و خوێن رەنگم ـ کە بەلەعل‌و مەرجان دەشبهێندران ـ بەسەرنوکی مژۆڵان‌دا هێناوەو دام باراندوەو وەك ئەوە وابوە کە لەعل‌و مەرجان، بەمژۆڵان بسمم. پاش ئەو هەمو گریان‌و زەجر کێشان‌و لاڵانەوە، یار بەزەی پێماهاتۆتەوەو رێگەی داوم بڕوانمە ئەو روخسارەی ـ کەوەك دوڕ وایە ـ وبە تماشای ئەو بەرچەنە زێوینە، بەختەوەر ببم.

**١٠ ای قەخضریٚ رادڤێت ئاڤا حەیاتی بت نەصیب**
**دی ب سەعی‌و جەهد یەکسان بن ل بال‌وی روزو شەب**

**مانای وشە:**

**ای:** ئەوی، ئەوکەسی؛ **قەخضریٚرا:** دەگەڵ خدری؛ **دڤێت:** دەوێ؛ **بت:** ببێت؛ **نصیب:** بەش؛ **دیٚ:** گەرەکە؛ **سەعی:** کۆششت؛ **جەهد:** تەقالا؛ **یەکسان:** بەرانبەر؛ **ل‌بال:** لەکن؛ **روز:** رۆژ؛ **شەب:** شەو.

**مانا بە تێکڕایی:**

کەسێك بەتەمابێ، رەگەڵ خدری زیندە کەوێ‌و بگاتە سەرچاوەی ئاوی حەیاتێ‌و مەرگ لە خۆی دورخاتەوە؛ گەرەکە لە رێگە رۆیشتن‌دا ماندوبونی لەبەر چاو نەبێ‌و شەوو رۆژی بەخەیاڵ دا نەیەو هەرگیز هیچ سات‌و کاتێك، لە کۆششت‌و ماندو بون وچان‌نەدات.

**١١ خدمەتا پیری موغان دیٚ کەت کەسیٚ مەقصودە مەی**
**شیشەوو جاما زوجاجی ای دڤێت دیٚ رەت حەلەب**

**مانای وشە:**

**پیری موغان:** خاوەن مەیخانە؛ **کەت:** بکات؛ **مەقصود:** نیاز، مراز؛ **مەی:** شەراب؛ **شیشە:** مینا، بلور؛ **جام:** پیاڵە؛ **زوجاج:** شوشە؛ رەت: بروات؛ **حەلەب:** شارێکە لەسوریا کەقەدیم بەشوشەی چاك مەنشور بوە.

**مانا بە تێکڕایی:**

کەسێکی تامە زرۆی فرکردنی شەرابە، لەسەریەتی خذمەتی مامە پیرەی خاوەن مەیخانە بکات. کەسێکی بەتەمایە پیاڵەو جامی شوشەی بلورینی هەبێ، دەبێ رێگەی حەڵەب بگرێتە بەر.

## ١٢ جەوری هیندیێ دیێ کشێنت هەر کەسی طاوس دڤێت
## گەوهەرو دوررا یەتیم بێ تەرکی سەر تێتن طەلەب

**مانای وشە:**

جەور: ئازار؛ **هیند:** هیندوستان؛ دیێ: گەرەکە؛ **کشینت:** بکێشێ؛ **دوررایەتیم:** مرواری تاقانەی ناو صەدەف؛ **طەلەب:** داوا، خواستن.

**مانا بە تێکڕایی:**

ئەو کەسەی بەنیازە تاوسی هەبێ، دەبێ رێگەی چونە هیندوستانی وەبەرچاو نەیەو گەرەکە خۆی لەو رێگەیەدا، ماندوکا. کەسێکی کە ئارەزویەتی، گەوهەرو مرواری تاقانەی وەدەست کەوێ، دەبێ خۆی بخاتەناو دەریاوەو ترسی خنکان فرێدا. ئەگینا بەبێ تەرکی سەرکردن، هەرگیز بەمراد ناگات.

## ١٣ غەفلەتی ئەو کەششفی شیر دەست ب دەست هاتن جگەر
## گو: غەبینەت یا «مەلا» میسکین مەلێ کەرکر کەزەب

**مانای وشە:**

**غەفلەتی:** لەناکاو، کتوپڕ؛ **کەششفی:** خۆی دیاریدا؛ **دەست ب دەست:** لەسەر یەکو بێوچان؛ **جگەر:** جەرگ؛ **گو:** گوتی؛ **غەبینەت:** حەیف، ئەی بێچارە؛ **یا:** ئەی؛ **کەر:** لەتو کوت؛ **کەزەب:** جەرگ؛ **مسکین:** هەژار.

**مانا بەتێکڕایی:**

بەڵێ وەك گوتمان، دڵدار لەسەریەتی لەرێگەی یاردا، زۆرخۆی ماندوبکاو تەرکی گیانو سەربکا. بەڵام نابێ لایوابێ کەیاریش لە سەریەتی لە بەرانبەر ئەو ماندو بونو جزیاکێشانەی دا، توڵەی بۆبکاتەوە. دیداری یار لە نرخاندن و کڕیار بەدەرەو بەدورە. عاشق دەبێ وەظیفەی خۆی کە جزیاکێشان وژانوایشانە پێك بهێنێو ئەوسا چاوی لە بەزەییو روحمی یاربێ. نەك لای وابێ دەبێ حەق و کرێی ماندو بون وەرگرێ. من کە دەڵێم زۆرگریاوەو زۆر برژاوم، چاوم لەوە نەبو کەیار بۆم بەحیساب بێنێ. بەڵام خۆی بەزەی پێمدا هاتەوەو لەپڕونەکاوێك، خۆی نیشاندامو شیری بروو تیری برژانگ لەجەرگم هاتنە دەستو بێوچان دایان پاچیو هێزیان لێبڕیم. یارکەمنی وا بە کەساسیو کەنەفتی دیت ئاوری بەخێری لێ دامەوەو فەرموی: ئەی بێچارە، مەلای هەژارو کڵوڵ! بەزەبری تیرو شیری ئێمە لەتو کوتکرا.

## قصیدەی دوازدەهەمین

# «منی قەرە بەخت»

**١ من ددل کوڤان هەژارن داغو کەیبەر بێحیساب**
**میحنەتا وەردێن بخارن وین ددلدا صەد نوشاب (یان، نەشاب)**

**مانای وشە:**
**کوڤان:** دەردوحەسرەت؛ **کوڤان:** کوان‌و برین؛ **کەیبەر:** برینی جورەتیرێکی دەم وەك چەقو؛ **میحنەت:** پەژارە؛ **وەرد:** گوڵ؛ **خار:** چقڵ، درو؛ **نوشاب:** تیر؛ **نەشاب:** چنگ لێگیرکەر.

**مانا بە تێکڕایی:**
کەسێکی ئارەزوبکا کە لە گوڵان نزیك‌بێتەوەو لەدیمەن‌و بۆن‌و بەرامەیان کەیف بکا گەرەکەتێ هەڵچەقان‌و ژانی درکانیش قبول‌بکات. ئەو گوڵەی من‌ویستومە بۆی بچمو لێی نزیك ببمەوە هەروەك بۆخۆی سەرتۆپی گوڵانە چقڵ‌و درکی دەوریشی لەچاو درکان تیری دەمپان‌و گوێزانن جا شتێکی ئاشکرایە کەمن لەرێگەی گەیشتن بەم گوڵەتاقانەیە هەزاران برین‌وژان وداغو سەرەتیرم دەدڵداماوەتەوە.

**٢ صەد نوشابن من ددل ایرۆ ژخارێن صوڕ گولان**
**یەك بیەك پەیکان چەڤی بون چونە جەرگێدا کولاب**

**مانای وشە:**
**نوشاب:** تیر؛ **ئیرۆ:** ئەمرۆ؛ **خارێن:** چقڵان؛ **صوڕ:** سور؛ **پەیکان:** سەرەتیر؛ **چەڤی:** چەمیو؛ **کولاب:** قولاپ.

**مانا بەتێکڕایی:**

بەڵێ من کەویستومە لەسورەگوڵان نزیك ببمەوە، ئەمرۆدەبینم کەصەد تیر لەدڵم هەڵچەقیوەو سەری هەمو تیرەکانیش پەرچیان خواردۆتەوە. بەقولاپە چنگیان لەناو جەرگو هەناوم گیر کردوە.

**٣ پۆڕ بوان جەرحان خۆتیرن لۆ کووی دەرمان دەکەن**
**شەربەتو ئاڤا حەیاتێ شەککەرو قەندو گولاب**

**مانای وشە:**

**پۆڕ:** پڕ؛ **جەرح:** برین؛ **لۆ:** کابرا؛ **لۆ:** هەی ماڵ ئاوا؛ **کو:** چون؛ **شەربەت:** دەرمانیتراو؛ **ئاڤاحەیاتێ:** ئاویژیان؛ **شەککەر:** شەکر؛ **گولاب:** گوڵاو.

**مانا بە تێکڕایی:**

ئەمبەیتە، وەك وەرامێکە بۆ سەر کۆنەکارێك کە گوتبێتی: ئەم هاوارەی پێ ناوێ بچۆلای بژیشکان، بەتۆزە شەربەتێك، چاکت دەکەنەوە. مەلا دەڵێ:

ئەو هەمو برینە ی کە، لەجەرگو دڵمەو هەمو برینێکیش پڕە لە تیرو سەرە تیرو نەهاتونە دەر، چۆن بەشەربەتو گوڵاو وشەکراو وقەنداو، چاریدەکرێ. کابرا بەخوا ئاوی حەیاتیشم بەگەرودا کەن، تازە من خۆش نابمەوە کارم کراوەو دەر دمکاریە.

**٤ گەر دو صەد پەیکان دنیڤا دل بوان دێ خۆش بوان**
**هەر دەما کەوکەب بدینا نەجمو پەروین بێحیجاب**

**مانای وشە:**

**گەر:** ئەگەر؛ **پەیکان:** سەرەتیر؛ **نیڤ:** ناوەند؛ **بوان:** بیان؛ **خۆش:** چاك؛ **دەم:** کات؛ **کەوکەب:** ئەستێرە؛ **نەجم:** ئەستێرە؛ **پەروین:** هێشوی ئەستێرەی کۆ؛ **حیجاب:** پەردە؛ **حیجاب:** روپۆش، لەمپەر.

**مانا بە تێکڕایی:**

**ئەگەر دەڵێم دەردی من لەوانەنیە بە بژیشکو حەتارو لوقمانان عیلاجی بکرێو ئاوی حەیاتیش، دەهانام نایە، مانای ئەوەنیە کە ئیتر رێگەی چارە، بەتەواوی بەستراوەو درگای هومێدی چابونم لێ داخراوە. نەخێر، ئەگەر من بەبێ پەردەو روپوش چاوم بە بەژنو باڵای ئەو سورە گوڵەی خۆم رون بباوەو خشڵو پرپرەو سسڵەکانی، بەژنیم بدیتبا کە هەر وەك ئەستێرە و هێشوی کۆ، لەعاسمانی جوانی ئەودا، دە درەوشێنەوە؛ لێم رونە ئەگەر دوصەد سەرەتیریشم دە نێوە راستی دڵ**

هەڵچەقیبا، دەستەو لەجێ برینیان کوێر ئەبونەوەو گۆشتەزونیان دەهێناوەو حەلەمم لێ دەبڕاو وەك گوێزی ئازام لێ دەهاتەوە.

**٥ زوهرەوو عیقدا ثورەییا کەششفی بون ئەو دشەرق**
**سایەیا بەختێ مە دایی مال سەر پەردەو نیقاب**

**مانای وشە:**

**زوهرە:** ئەستێرەیەکی زۆرگەشی گەرۆکە؛ **عیقد:** گەردن بەند؛ **ثورەییا:** گەلە ئەستێرەی کۆ؛ **کەششفی:** دیاردە؛ **شەرق:** خۆرهەڵات؛ **سایە:** سێبەر؛ **بەخت:** ئیقبالێ؛ **دایی:** کەوتەسەری؛ **مالسەر:** لەسەری مایەوە؛ **پەردە:** لەمپەر؛ **نیقاب:** روپۆش.

**مانا بە تێکڕایی:**

من کە دەڵێم ئەگەر یارم بەبێ پەردەو ئاشکرا بدیتبا، خەمم لەدڵ دەبڕان؛ مانای ئەوەنیە کەیار خۆی لەمن پۆشیوە. نەخێر، یار هەمیشەو لەهەمو شوێنان، حازرو بەرچاوە. بەڵام ئەوە بەختی رەشی منە، کەنەی هێناوەو بوەتەلەمپەرلە نێوان‌من‌ویاردا. ئەستێرەی‌زوهرەو گردن‌بەندی گەلە ئەستێرەی کۆ ـ کەمرازم لە خشڵەکانی بەژنیەتی ـ لەعاسمانی باڵای یاردا، لەو لایەوە کە رۆژی روخساری لێ هەڵدێ، دیارو تروسکەدارن. بەڵام بەختی رەشم ـ وەك هەورێکی رەش ـ داوەستاوەو سێبەری کردۆتە نێوان‌و ناتوانم بی‌بینم.

شیاوی باسە «سعدی شیرازی»ش لە شوێنێکا دەڵێ:

دۆست پتر لە خۆم، نزیکی خۆمە. بەڵام ئەوەمنم کە لەو دورم. چی‌بکەم! کێ‌وا هەیە حاڵی بکەم؟ کەدۆست لە تەنیشتمە وەیەو من لێی تەریکم.

**٦ واژگون دەوری نومامن چەرخو بایێ لەو لەبان**
**کەوکەبان سەیرا موخالیف گرتو تێکل‌کر حیساب**

**مانای وشە:**

**واژگون:** بەراوەژو؛ **دەور:** گەڕ؛ **نوما:** نواندی؛ **چەرخ:** عاسمان؛ **چەرخ:** سوڕدان؛ **چەرخ:** ئامرازی هەڵپێچان؛ **با:** باو؛ **با:** سوڕو خول؛ **با:** رەوشت؛ **لەولەب:** لوڵەپ؛ **قرقرە:** قرقرە؛ **کەوکەب:** ئەستێرە؛ **سەیر:** گەڕیان؛ **موخالیف:** پێچەوانە؛ **تێکەڵ:** ئاڵوز؛ **تێکەڵ:** لێکدراو؛ **حیساب:** ژمارە.

**مانا بە تێکڕایی:**

لە بەد بەختی‌و کڵوڵی من، سوڕی گەردون پێچەوانەو بەراوەژو بوتەوە. باوی لوڵەپەکان، بەباری

نائاسایی دایه. ئـەسـتێرەکان، کەمن بەختی خـۆم لێوە دەدیتن، هەموی ڕێگـەیان تێك داوەو بەتەواوی سەرم لێ شێواوەو حیساب‌و میسابم لەدەست دەرچوە.

**٧ قێك کەتن شەمس‌و زوحەل ئیرۆ دبورجا عەقرەبێ**
**سەیف چو دەستێ مریخێ مولکی‌دل لەو بو خەراب**

**مانای وشە:**

**قێك‌کەتن:** یەکدیگیربون؛ **شەمس:** خۆر؛ **زوحەل:** ئـەسـتێرەیەکی گەرۆکەو بە نەحس ناسـراوە؛ **بورج:** مەنزڵگەی مانگ‌و ڕۆژلە عاسماندا؛ **عەقرەب:** دوپشك؛ **عەقرەب:** چەند ئـەسـتێرەیەکن لەعاسـمان کە لە دورەوە وەك دوپشکێك دێنە بەرچاو. مەنزڵگەیەکی عاسمانن بۆمانگ‌و ڕۆژ لە حیسابی ئەستێرەناس‌و نجـوم گەران‌دا؛ **سەیف:** شیر، شمشێر؛ **مریخ:** ئەستێرەیەکی گەرۆکە. ئەستیرە ناسانی قەدیم، بە خـوای شـەڕو ئاژاوەو خوێن ڕشتنیان دەزانی‌و شکڵەکەیان وەها دەهاتە بەرچاو کە کێردێکی لەدەسـتایە. دڵۆپە خـوێنی لێ دەتکێ؛ **لەو:** بۆیە؛ **مولك:** ماڵ؛ **خەراب:** وێران‌و خاپور.

**مانا بە تێکڕایی:**

بۆ چارەڕەشی من، ئەمڕۆ خۆرو زوحەل، دەناو بورجـی عەقـرەبـدا، گەیشـتونەتەیەك؛ کە بەهەمو حیسابان بەڵگـەی نەگبەتی‌و بەد بەختی‌یە. مریخ کە کێردێکـی لە دەسـتابو، دەبوە مایەی خـوێن ڕژان لە جیهـاندا. ئێسـتا بۆ کڵۆڵی‌و نەگبەتی من، کێردەکەی بەشـیر گۆریوەتەوە. ماڵی دڵم بۆیە بەیەکجاری وێرانە.

**٨ لەو تەنەززول کر مریخی نەوبەچو دەورازوحەل**
**چو طەرەف میهرا سوپیهرێ نەززلی عەردان عەذاب**

**مانای وشە:**

**لەو:** بۆیە؛ **تەنەززول:** هاتنەخوار؛ **تەنەززول:** بۆسەلماندن؛ **نەوبە:** نۆرە؛ **دەور:** باو؛ **طەرەف:** لا؛ **میهر:** خۆر؛ **میهر:** خۆشەویستی؛ **سوپیهر:** عاسمان؛ **نەززلی:** دابەزی؛ **عەرد:** سەرزەمین؛ **عەذاب:** ئازار.

**مانا بە تێکڕایی:**

هەر لە بەختی ڕەشی منەوە بو، کە مریخی خـودای خـوێن ڕێژی‌و ئـاژاوە، لە پلەی فیزی خـۆی دابەزی‌و سەلماندی کە زوحەلی نەحسیش، دەورێکـی دەنەکبەتی من‌دا هەبێ‌و لەم کارە سـاتەدا، هاریکاری مریخ بێ. لەو لایشەوە خۆرکەجێگەی هومێدو هانایانەو پشتم بە مەحەبەتی ئەو قایمە، لەعاسماندا خۆی لێ خستمە لایەکەوەو لامڵێ ناکاتەوەو سەرئـەنجـام هەرچـی دەردو ئـازارو ناخۆشی بو، ڕوی کردە سەرزەمین‌و وڵاتانی گش‌تەنیەوە.

٩ لەو ب شەش بورجان عوطارید ژافتابێ دور بو
لێ زوحەل بو موشتەری آڤیتە چەرخێ ئینقلاب

**مانای وشە:**

**عوطارید:** ئەستێرەیەکی گەروکە بەحیسابی نجوم گەرانی پێشو، لەعاسمانی دوهەمدا دەخولێتەوە؛ **ئافتاب:** خۆر،کەبەو حیسابەی پێشو، لە عاسمانی چوارە مادەگەرێ؛ **زوحەل:** ئەستێرەیەکی گەروکە، کەبە شومی مەشهورە؛ **موشتەری:** ئەستێرەیەکی گەروکە. ئەستێرە ناسانی قەدیم دیانگوت لەعاسمانی شەشەمدا، خول ئەخوا؛ **موشتەری:** کرێار؛ **چەرخ:** عاسمان؛ **ئینقلاب:** هەڵگەڕانەوەو ژێرو ژور کردن.

**مانای بە تێکڕایی:**

بەختیمن، کەوتوتە رەشاییەوە. بوێە وادەبینم کە عوطارید بە شەش مەنزڵ لە خۆر، دور کەوتوتەوە. خۆدیارە ئەگەر ئەم دوانە لێك نزیك بن، مژدەی خۆشی وشادیان، پێوەیە. جا کە عوطارید دور کەتوتەوە لە خۆر؛ زوحەلی نەحس‌و نەگبەتبار لە خۆر بوتە کرێارو بەنزیك بونەوەی خۆرو زوحەلە، ئاژاوە کەوتوتە عاسمانەوەو مایەی بەختەوەری خەڵکی زەمین بەرئاوەژو بونەتەوەو هەموشتێك لەباری خۆی ترازاوە.

١٠ شەوۆشی نەظما نجومان هەیئەتا چەرخو بروج
لەو ل وەضعەك دەر نەتیتن ماەو زوهرەو ئافتاب

**مانای وشە:**

**شەوۆشی:** شیواو، ئاڵۆزبو؛ **نەظم:** رێكوپێکی؛ **هەیئەت:** بیچمو تەرز؛ **هەیئەت:** زانستی ئەستێرەگەری؛ **چەرخ:** عاسمان؛ **بروج:** گەلە بورج؛ **بورج:** مەنزڵگەی مانگو خۆر لەعاسمانا؛ **لەو:** بوێە؛ **وەضع:** بار، حاڵەت؛ **دەرنەتیتن:** نایەتە دەرەوە؛ **ماه:** مانگ؛ **زوهرە:** ئەستێرەیەکی گەریدەیە؛ **ئافتاب:** خۆر.

**مانا بە تێکڕایی:**

لیزگەی هۆنراوەی رێكوپێکی ئەستێرەکان، شێواوو ئاڵۆزە. بیچمو تەرزی بورجەکان لەعاسمان‌دا، بەرانبەر بەزانستی ئەستێرە ناسین. هیچی لە جێگەی خۆی‌دا نەماوەو شیرازەیان لەبەریەك هەڵوەشاوە. هەرلەمەش رایە، کە لەبەر چاوی من، مانگو زوهرەو خۆریش ـ کەجاران لەجێگەیەکی دیاریەوە هەڵدەهاتن ـ ئێستا رێگەیان گۆڕیوە.

١١ مونقەلیب من دی مەنازیل ڤاژی ئەو سەیرێ دکن
یەك بیەك خون ژێ دبارن ئاتەش‌و لەمعو شیهاب

**مانای وشه:**

**مونقەلیب:** وەرگەڕاو؛ **مەنازیل:** گەلەمەنزل؛ **مەنزل:** قوناغی ئەستێرە؛ **قاژی:** بەرئاوەژو؛ **سەیر:** گەڕان؛ **خون:** خوێن؛ **ژیٚ:** لیٚ؛ **ئاتەش:** ئاگر؛ **لەمع:** تروسکە؛ **شیهاب:** پریشکەی ئەستێرە.

**مانا بە تێکڕایی:**

من وام دیت کە مەنزڵگەی ئەستێران، بارەو باربون. گەڕانی ئەستێران، بەپێچەوانەی پێشون. لەهەمو ئەستێرەیەك، هەرواخوێنو تروسکەو پریشکە دا دەبارن.

**١٢ زوهرە چەنگی ئەؤ سواژدی ئەو ژی چەنگ ئاڤیتە چەنگ**
**خۆش لە پیٚ قانونی وی گوە دەتو قانونو روباب**

**مانای وشە:**

**ئەستێرەی زوهرە:** لەبەرچاوی ئەستێرە ناسانی کۆندا، لە بیچمی کیژۆ لەیەكدابو کەسەمادەکاو چەنگ دەژەنیٚ؛ **چەنگ:** ئامرازێکی موسیقایە؛ **روباب:** ئامرازێکی موسیقایە.

**مانا بە تێکڕایی:**

زوهرەی چەنگ ژەن، کە ئەوشەرو کێشەو خوێن داباریٚنو ئاگر ڕێژانو ئاورینگ هێنانی ئەستێرەانەی دیت، پەنجەی هاویشتە چەنگەوەو هەوایەکی غەریبو خەمباری لیٚدا. دەسا توٚش ئەی کڵوڵی داغدار! پەیڕەوی لەڕێوو شوێنی زوهرە بکەو بوٚ لابردنی خەمان گویٚ لەدەنگی خوٚشی قانونو روباب، بگرە تاکوڵی دڵت پتر جوٚش‌بدات.

**١٣ ئەز دبێم ئاخر زەمانە دیٚ قیامەت رابتن**
**لەو شەڤا طاری کشاندی‌یو نهیشت ئەسوەد غوراب**

**مانای وشە:**

**ئەزدبێم:** من دەڵێم؛ **ئاخرزەمان:** بڕانەوی دنیا؛ **قیامەت:** هەستانەوی پاش مەرگ؛ **رابتن:** رابیٚ؛ **لەو:** بوٚیە؛ **شەڤاطاری:** شەوی تاریك؛ **کشاندی:** کێشای؛ **نهیشت:** نیشتەوە؛ **ئەسوەد:** رەش؛ **غوراب:** قاڵاو.

**مانا بە تێکڕایی:**

من دەڵێم دەمی بڕانەوی دنیا، داهاتوەو بیٚگومان قیامەتمان لیٚڕادەبیٚ. هەر بوٚیەشە کە تاریکایی شەوە زەنگمان بەسەر داکشاوەو دەڵێی قەلەرەشەمان، بەسەرەوە نیشتوٚتەوەو باڵەکانی

بەسەرمان‌دا، شۆڕ کردۆتەوەو ناهێڵێ لەهیچ لایەکەوە چاومان بەروناکی بکەوێت.

١٤ خۆش لمن عالەم سیاه ما ستێرو کەوکەب قەط نەمان
ئەز ژقێ روژێ دترسام ئاخری زوکر شتاب

**مانای وشە:**

**عالەم:** دنیاو هەرچی تێی‌دایە؛ **سیاه:** رەش؛ **ستێر:** کەوکەب: ئەستێرە؛ **قەط:** هەرگیز؛ **ئەز:** من؛ **ژقێ:** لەوی؛ **ئاخری:** سەرەنجام؛ **کر:** کردی؛ **شیتاب:** پەلە.

**مانا بە تێکڕایی:**

هاوارە لەمن، دنیای روناك‌و خۆشی‌جاران، لەمن رەش هەڵگەڕاوەو لەتاریکاییەوە پێچراوە. هەرچەندی دەڕوانم، قەط ئەستێرەیەك لەعاسماندا نابینم کە دڵی خۆمی پێ خۆش‌کەم. دەمێك بو، لەوە دەترسام کەتوشی ئەو روژە رەشەبم. ئەوا سەرەنجام توش بومو ئەوروژی لێی‌دەترسام بەپەلەو هەڵە داوان هات.

١٥ ئەڤ نە ئەو ئیقلیمە یا شەمس‌و کەواکیب تێ ب سەیر
ئەز نەوێ عەردێ دبینم یاکولێ ئەو ماهتاب

**مانای وشە:**

**ئەڤ:** ئەم؛ **ئیقلیم:** مەڵبەند؛ **یا:** ئەوی؛ **شەمس:** خۆر؛ **کەواکیب:** گەلەستێرە؛ **تێ:** تێدا؛ **سەیر:** گەڕان. **ئەز:** من؛ **وێ:** ئەو؛ **عەرد:** زەمین؛ **کو:** کە؛ **ماهتاب:** مانگەشەو، تریفە.

**مانا بە تێکڕایی:**

ئەو مەڵبەندەی ئیستا منی تیام، باومڕ ناکەم ئەو مەڵبەندەکەی جاران‌بێ کە بەروژ خۆرو بەشەو ئەستێرە لە عاسمانەکەی‌دا، لەهاتوچوو گەڕان دا بون.

من هیچ ئەو سەرزەویەی چارانم وەبەرچاو نایە کە تریفەی مانگ، روناکی دەکردەوە.

١٦ جینو طەیارەك مەدی وەربو دمن وندا کرم
دامە بەر پەنجەو کولابان هەلفراندم وەك عوقاب

**مانای وشە:**

**جن:** جندوکە؛ **طیار:** فرندەی لەزەبز؛ **مەدی:** ئێمەدیتمان؛ **وەربو:** تێوروکا؛ **وندا:** گوم؛ **کرم:** کردم؛ **پەنجە:** چرنوك؛ **کولاب:** قولاپ؛ **عوقاب:** هەڵو.

**مانا بە تێکڕایی:**

منی وا داماوو سەرگەردان لەناو ئاریکایی، ئەنگوست لەچاوا بەخۆم نەزانیبو. دیتم لەپڕو نەکاوێك جندۆکەیەکی زۆر فرندە خۆی لورکردمێو تێمورو کاو بەر چرنوكو چنگاڵی خۆیدامو وەك هەڵۆ بردمیو گومی کردمو خۆم لێون بو.

**١٧ سوفلەوی اینامو ئاۋیتم زەمینا ظولمەتێ**
**لێکو هشیارم گەلۆ یان خەونەمن دیتی بخواب**

**مانای وشە:**

**سوفلەوی:** بەجنۆکەو شەیتانان دەڵێن کە گوایە خەڵکی دنیای خوارەوەنو پەستن؛ **سوفلەوی:** سەربەرەوخوار؛ **اینام:** هێنامی؛ **ئاۋیتم:** هاویشتمیە؛ **ظولمەت:** تاریکایی؛ **لێ:** بەڵام؛ **هشیار:** بەئاگا؛ **گەلۆ:** خزمینە، هەیاران؛ **من‌دیتی:** من دیتومە؛ **خواب:** خەو.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئەو جنۆکە باڵدارە کە دەمن رۆهاتو لەناو چنگورکی خۆیدا؛ دایپۆشیمو بردمی سەربەرەو ژێر هێنامیو هاویشتمیە ناو وڵاتی تاریکستانەوە. بەڵام نازانم ئاخۆ ئەوەی من دیومە، خەونەو من لەخەوا وام بەسەر هاتوە، یاخۆ لە ئاگاداریو بێداریدام؟ لێم رون‌نیە. تۆبڵێی خەون‌بێو بێدار بونەوەی بەشوێندا بێ؟!

**١٨ دێوی مەلعونو منافق ای خودێ رورەش کری**
**ما ببالا هەلکشیتن عاقیبەت چی‌بت صەلاب**

**مانای وشە:**

**دێو:** نەوعێ جنۆکەی بێفەڕو بەگەڕو بەهێزە کە عیفریتیشی پێ دەڵێن؛ **دێو:** لێرەدا مەبەست نەفسە؛ **مەلعون:** نەحلەتی؛ **منافق:** دوڕو؛ **خودێ:** خودا؛ **ما:** ئێمە؛ **ما:** بۆچی دەبێ، سەبەب چیە؛ **بالا:** بەرزی؛ باڵان؛ **عاقیبەت:** دوایی؛ **صەلاب:** چوارمیخەکێشان؛ **صەلاب:** سەختیو رەقی.

**مانا بەتێکڕایی:**

دێوی نەفسی نەحلەتی و دوڕو، ئەو نەفسە بەدکارەی کەخوا روی رەش کردوەو بە نەحلەتی کردوە. چۆن دەبوایە ئەم هەلە دەستخاو ئێمە بەفریو هەڵفرێنێو ئەو کەتنەمان بەسەر بێنێ؟...

جاکەمن لەبێئاگاییدا ئەوەم بەسەر هاتوە، دەبێئاخرو عاقیبەتەکەی چۆنم چوارمیخە بکێشێو بەکام عەرزیسەختو رەقەنمدا بدات؟!

١٩ ئەهرەمەن تەعلیمی دابو، ئەبیەضی دەست تێ هەبو
پوڕ بڤی تەعلیمو رایێ هاتبو، چوبو، خیطاب

**مانای وشە:**

**ئەهرەمەن:** شەیتان؛ **تەعلیم:** فێرکردن؛ **ئەبیەض:** سپی؛ **ئەبیەض:** ناوی جندۆکەیەکی بەدکارە کە دۆستی نزیکی شەیتانەو پادشای گەورەی جندۆکانە؛ **پوڕ:** زۆر؛ **را:** تەگبیر؛ **خیطاب:** وتوویژ.

**مانا بە تێکڕایی:**

نەوسی بەدکارم کە منی بەو دەردە بردوە، کارەکەی لەخۆیەوە نەکردوە؛ شەیتانو پادشای جندۆکە بەدکارەکان، دەمێك بو خەریكبون نەوسم لە خشتە بەرنو دەگژمنی راکەن. زۆریان وتوویژ لەنێواندا لەسەر ئەم مەبەستە هاتبو چوبو. تاپێك هاتبونو نەفسی منیان تەعلیم دابو کە چیم دەگەڵبکاو ئەویش دەرسی ئەوانی لەمن دەکار کرد.

٢٠ سەرسەری عیللەت نزانی سیحر یا ئەبیەض دکەت
پوڕ غەلەط ئەرزان مەدی دەرحەق خوە ئەو عالی جەناب

**مانای وشە:**

**سەرسەری:** بەسوك و هاسان گرتنو گوێ نەدان؛ **عیللەت:** هۆ؛ **سیحر:** جادو؛ **ئەبیەض:** پادشای جندۆکەی بەدکار؛ **پوڕ:** زۆر؛ **غەلەط:** هەڵە؛ **ئەرزان:** کەمنرخ؛ **عالیجەناب:** پایەبەرز.

**مانا بە تێکڕایی:**

ئێمە هەرچی بەسەرمان هاتوە، خەتای خۆمان بوە. لەبارەگای ئەو یارە پایەبەرزەدا جێگەمانبو دیاری کرابو؛ بەڵام ئێمە قەدرمان نەزانیو لامان وابو التفاتی کەمەو کەوتبوینە گلەو گازندە. ئەم دودڵیو بەنرخ نەزانینەی بونمان لەسایەی ئەودا، ئێمەی لەرێگە دەربردو گەیشتینە حاڵێك کە شەیتانو جنۆکە ظەفەرمان پێ بەرن.

٢١ ئاه ئەییامێن ویصالێ وەهکوخۆش بورینو چون
ئەو شەرابا عەیشو نۆشی ما لەپێش بەرمن سەراب

**مانای وشە:**

**ئاه:** ئاخوداخ؛ **ئەییام:** رۆژان؛ **ویصال:** پێك گەیشتن؛ **وەهکو:** پەکوکە؛ **خۆش:** بەپەلە؛ **بورین:** رابران؛ **چون:** رۆیشتن؛ **شەراب:** بادە؛ **عەیش:** ژیان؛ **نۆش:** خواردنەوە؛ **ما:** مایەوە؛ **سەراب:** تراویلکە.

**مانا به تێکڕایی:**

ئاخو داخم بۆ ئـەو ڕۆژانەی کە لەیارەوە نزیکبوم‌و لە خـۆشیەکدا ڕام دەبوارد کە قـەدرم نەزانی. داخەکەم ئەو خۆشگوزەرانی‌و عەیش‌و نۆشەی ئەودەم، ئێستا کەوەك تراویلکەیەك دێتە بەرچاوم‌و کەبۆی‌دەچم، بەناهومێدی دوچار دەبم‌و نەماوە. پەکو لەو ڕۆژە خۆشانەی تەمەنم کە چـەند بەپەلە ڕابردن‌و لەبەین چون.

**٢٢ شەربەتا شیرین لەبان زەهرا هەلاهیل بو دناڤ**
**لەو بناریٚ فیرقەتیٚ ئاخر لمن دل‌کر کەباب**

**مانای وشە:**

**شەربەت:** خۆشاو؛ **لەب:** لێو؛ **زەهر:** ژەهر؛ **هەلاهیل:** گیایەکە شـیرەی زۆر کوشـندەی هەیە؛ **ناڤ:** ناو؛ **نار:** ئاگر؛ **فیرقەت:** جودایی؛ **کەباب:** بریان.

**مانا به تێکڕایی:**

وادیارە ئەو شەربەتەی کەمن لە لێو شیرینانەوە پێم‌گەیشت‌و خواردمەوە، ژەهری هەلایلی تێدابو. بۆیە ئاخرو عاقیبەتەکەی وام بەسەرهات کە توشی دەردی جودایی‌بوم‌و بەئاگری دوری لەیار، دڵم برژاو بوبە بریانی.

**٢٣ هودهودەك خۆش‌طەبع من ئیرۆ دڤیٚ هەروەك نەسیم**
**دا ببال دلبەر هنارا بانیادیسا جەواب**

**مانای وشە؛**

**هودهود:** پەپوسلێمانە؛ **خۆش‌طەبع:** مرخ‌خـۆش؛ **ئیرۆ:** ئـەمرۆ؛ **نەسـیم:** شـــنەبا؛ **ببال:** بۆکن؛ **هنارا:** بناردایە؛ **بانیا:** بی‌هێنایە؛ **دیسا:** هەمیسان؛ **جەواب:** وەرام.

**مانا به تێکڕایی:**

ئەو پەڕی ئاواتم ئەوەیە کە ئەمڕۆ پەپو سلێمانەیەکی خۆش‌گفت‌و لفت‌و قسەرەوان‌و قالب سوك، کە لە ڕەوتا وەك سروەی بەیان، نەرم‌و نیان‌و خۆشرۆبیٚ، دەستم بکەوتایەو بم‌ناردایەتە لای یارم‌و ڕاسپێری‌و دەردی دڵی‌خۆم، بەودا بناردایەو لەوسەریشەوە وەرامی یاری بۆ بهێنامایەوە.

**٢٤ عەرضی حالی من بگوتایە بعینوانی ئەدەب**
**ئاستان بکرا زیارەت چەترو سەیوان‌و طەناب**

**مانای وشه:**

**عەرض:** شاندان؛ **حال:** چلۆنایەتی؛ **عەرضی حال:** باسی چلۆنیەتی؛ **عینوان:** دامو دەستور؛ **ئەدەب:** ژیری؛ **ئاستان:** دەرگانە؛ **زیارەت:** دیدەنی؛ **زیارەت:** ماچ کردن؛ **طەناب:** رستە چادر.

**مانا بە تێکڕایی:**

ئەو قاصیدە سوك باڵو خۆش رەوتە، بگەییایە سەراو پەردەو چادرو رەشماڵی یارەو زۆر بەژیریو عاقڵانە، سەردەرانەو لاشیپانەی دەرگانەکەیو چەترو سەیوانو رستەی رەشماڵەکەی ماچبکردایەو ئەوسا باسی کەساسیو بێکەسی منی بۆبکردایە.

**٢٥** **دا دچەشمان من وەرێنا خاکی هەروەك توتیا**
**یا حەبیب پێلێ نهایی بانیاوی ئەو توراب**

**مانای وشە:**

**دا:** هەتا؛ **چەشمان:** چاوان؛ **وەرینا:** کردبا، کێشابا؛ **خاك:** خۆڵ؛ **توتیا:** دەرمانێکی چاوانە، چاو رونو گەش دەکاتەوە؛ **یا:** ئەوەی؛ **حەبیب:** خۆشەویست؛ **نهایی:** ناویە؛ **بانیا:** بیهێنابا؛ **توراب:** گڵ.

**مانا بە تێکڕایی:**

ئەو راسپاردەیە، دوای ماچ کردنی دەرکو لاشیپانەو سەیوانو چەترو رستەچادرو دوای گەیاندنی راسپێریو باسکردنی کەساسی من؛ لەو خاکەی کەیار پێ خوستیکردوە، توزێکی بۆمن بەدیاری بهێنابایەوە کەمن وەك توتیا، دەچاوەکانی خۆم بکێشاباو چاوم گەشو روناك ببونایەتەوە.

**٢٦** **هەرکەسێ رابێ دبەحثێ جارەکی مەهدەر بکەت**
**خەیری هەفتێ حەج ددێرت بەلکو بیهتر ئەو ئەواب**

**مانای وشە:**

**رابێ:** هەستێ؛ **بەحث:** باس؛ **مەهدەر:** تکا؛ **خەیر:** چاکە؛ **هەفتێ:** حەفتا؛ **حەج:** چونی ماڵی خودا؛ **ددێرت:** دەیبێت؛ **بەلکو:** تەنانەت؛ **بیهتر:** زیاتر؛ **ئەواب:** پاداشتی چاکە.

**مانا بە تێکڕایی:**

من ئەوەندە کەساسو بێچارەو مستەحەقی بەزەییم، ئەگەر کەسێك هەستێو بچێ لەلای یار باسی کەساسیو کڵۆڵی من بکاو تکاشی لێبکا کە ئاورێکی بەخێرم لێ بداتەوە؛ لێم رونە وەك حەفتا حەجی کردبێ وایەو تەنانەت دەتوانم بڵێم کە خێرەکەی لەحەفتا حەجیش زیاترە.

**٢٧ وەعدە دابو دێ شەهیدکم وێ بشیرێخۆی شەریف**
**مانەبێ ئیرۆ پەشیمان ئەو ژتەدبیرا صەواب**

**مانای وشە:**

**وەعدە:** بەڵێن؛ **دێ:** دەبێ؛ **وی:** ئـەوی؛ **شـەریف:** پیرۆزو بەرێز؛ **مانەبێ:** نەکا بێ؛ **تەدبیر:** تەگبیر؛ **صەواب:** راستو دروست.

**مانا بە تێکڕایی:**

دەمەوێ ئەوکەسەی ئەو خێرە دەکاو بۆم دەبێتە تکاکار لەلای یار، وەبیری بهێنێتەوە کەیار وەختی خۆی بەڵێنی دابو. فەرموبوی مەلای بەشیری پیرۆزی خۆم دەکوژمو دیاریشـە کوژراوی دەسـتو شیری ئەویارەم دەرەجەی شەهیدانی هەیە. نەکابەهیچ باران لەو بەڵێنە خۆش‌و تەگبیرە راسـتو دروستەی خۆی پەشیمان بێتەوە تکا بکەن کە ئەو بەڵێنە بەجێ بهێنێ‌و لەو شـەهیدبونە بێبەشـم نەکات.

**٢٨ شەرحی حالی من «مەلا» نارەت بەیاضی هێ تەمام**
**قێ سەوادێ گەرچی هەردەم ژێبرن صەد انتخاب**

**مانای وشە:**

**شـەرحـی حـال:** ژینامە؛ **نارەت:** نارّوات؛ **بەیاض:** سپیایەتی؛ **بەیاض:** دەفتەری شـیعران؛ **بەیاض:** پاك‌نوس؛ **سـەواد:** رەشـایی؛ **سـەواد:** پێش‌نوس؛ **هەردەم:** هەمو کاتو سـات؛ **ژێ:** لەو؛ **برن:** بردن؛ **انتخاب:** هەڵبژاردن؛ **انتخاب:** لێرەبەمانا هەڵبژاردەیە.

**مانا بە تێکڕایی:**

ئـەی مەلا، باس‌و خـواسی عیشـق‌و دڵداری‌و سـوتان‌و برژانت، هەرگیز بەتەواوەتی پاك نوس ناکرێ. چونکە فریای پاك‌نوسینەوە ناکەوی‌و هەر پێش‌نوسـەکەی دایەو دەرهەم دەسـتاودەسـت دەکاو لەهەمو سات‌و کاتان‌دا بەصەتان هەڵبژاردەی لێبەرێ دەکرێ.

## قصیدەی سێزدەهەم

# «راست و چەپ»

١ لەو سەحەر جەولان ددت بایی صەبایێ راستو چەپ
سوسنو سونبول بەمەستی بێن سەمایێ راستو چەپ

**مانای وشە:**

لەو: لەبەر ئەوە، بۆیە؛ جەولان: هاتنو چـون؛ ددت: دەدات؛ بای‌صـەبا: شـنەبای بەیان؛ سـوسن: سوێسنە؛ سونبول: گوڵی‌سمڵ؛ مەست: سەرخۆش؛ بێن سەمایی: وەسەما کەون، بڕەقصێن.

**پوختەی مانا:**

بسك‌و کەزی‌و پرچۆکەی ئەو نازنینە دڵ رفێنە، لە بۆن‌خـۆشی‌دا، برەو بەری، سـوێسنەو سـمڵن‌و چونکە بونەتە هاوسای لاجانگ‌و هەنیەی وەك مانگی ئەو شۆخە، دەگەڵ ئەوەشا کە بۆن‌خۆشن، مەستی جوانچاکی لاجانگ‌و هەنیەشن. شنەبای بەیان کەدەنگوێ، دەیەوێ ئـەو بسـك‌و کەزیانە کەوا مەستی جوانی لاجانگن، بەراستو چەپەدا بخـاتە سـەماو هاتو چـۆوەو ئـەویش لەو دیمەنە کەیفی خۆی تەخت‌کات‌و نیازی تریشی‌هەیە. وەك:

٢ دا ژمیحرابا دونونان سەجدە بەت ئەسوەد حەجەر
دل بەمیزان ماهی نەو ئەبرۆ نومایی راستو چەپ

**مانای وشە:**

دا: هەتاکو؛ ژمیحرابا: لەمیحرابی؛ میحـراب: بەو کەوانەیە دەڵێن کە لەلای ڕۆگەی ناو مزگەوت دەدیوار کراوەو مەلا لەوێوە پێش‌نوێژی بۆ خـەڵك دەکا کە بەکوردی میعـراویشی پێ دەڵێن؛ نون: یەکێکـە لە پیتەکانی ئەلفـو بێتکە کە هێندێك لە نوسەرانی پێشـو، وەك کەوانێك هەڵیان دەخسـتەوە. نون نوختەیەکی

هەیە. زۆر لە شاعیران بروی ماشـــقەو گراوی خـــۆیان بە نون شـــبهاندوەو خـــاڵی ناو کەوانەی بروّیان بەنوختەکە ناو بردوە؛ **سەجدە:** سـەر لەسـەر زەوین دانان، بۆ ڕێز لێنانی ئـافەریدەگارو دەســەڵات داران؛ **بەت:** بەات؛ **ئەسوەد:** رەش؛ **حەجەر:** بەرد؛ نیاز لە ئەسوەد حـەجـەر، ئـەو بەردە رەشـەیە کە دەماڵی کابە گیراوەو خەڵك «حَجَرُ اَلْاَسْـوَدْ»ی پێ دەڵێن، ئـەو بەردە زۆر پیرۆزو ممبارەکە. حـاجیەکان لەســەریانە ماچی‌کەن، ئەگینا حەجەکەیان ڕێك‌نایە. ئەگەر حاجی لەبەر ئاپۆرەی خەڵك نەتوانێ دەمی بگـاتە ئـەو بەردە رەشە، دەبێ هیچ نەبێ دەستی پانەویان نیشانی بەردەکە بداو ئەوسـا لەپی دەســتی خــۆی ماچبکـا. هەر بۆیەشە کە دەبێ لەباتی پشتی دەستی حاجیان، کەتازە لەحەج دێنەوە بەری دەستیان ماچ بکـرێ. واتا ئـەو جێگەیە ماچکەن کە نیشان بەردەکە دریاوە.

نیازی مەلا لێرەدا خاڵی ناو کەوانەی بروی سەلمایە؛ کە لەلای ئەو لە بەردە رەشـە بریقـەدارەکەی ماڵی کابە پیرۆزتر بوە؛ **میزان:** تەرازو، بورجێکـە لە عاسـمان، میزان واتا ڕێك‌و بەرانبەر؛ **ماهی‌نەو:** مانگـــی یەکشەوە؛ **ئەبروّ:** بروّ؛ **نومایی:** خۆبنوێنی، بێتە بەرچاو.

**پوختەی مانا:**

سروەی بەرەبەیان ـ کەبسك‌و پرچۆکەی ئەو نازداری باوانەی راژاندو خستنیە جوڵان‌و هاتو چـۆ ـ مەبەستی ئەمەبو ئەو بسك‌و پرچـۆکانە کە بەســەر هەنیەو روخسـاری یاردا پەرژو بڵاو بیون‌و بیونە هەوریك کە بەری روّژو مانگی ڕومەت‌و هەنیەیان گرتبو، لادرێن. ئـەوسـا بروّکانی یار ـ کەوەك نونی کەوانی‌و پێڵەی خـەت خـۆشە هەرە لە زەبرەکانن ـ خـاڵە رەشـــەکانی ناو کەوانەی بروّ، کە بونەتە نوختەی هەرە جـوان‌و دڵرفێن؛ بەلادانی بسـك‌و کەزیەکان دەرکەون‌و بێنە بەرچـــاوی عاشقان. بەڵێ بروّکانی یار، لە تەرزو بیچمدا وەك نون، بەڵام لەباریکـی‌و خـۆشەویسـتی‌دا، وەك مانگی یەکشەوەن کە بەعاسمانی ساماڵی هەنیەوە، گیرساونەوە. ئـەو دو مانگـەیە کشـەوەیەش هەر یەکە خاڵێکی رەشی بریقـەداری گرتۆتە ناو کەوانەی خـۆیەوەو دەکرێ بڵێین ئـــەســـتێرەی هاورێن. جا لادانی ئەو بسکانە لەراستو چەپەوە لە لایەن بای بسکانەوە کارێکـی‌وای کردوە کە دڵ چاوی بەو دوبروّ میحرابی‌یە، رون بێتەوەو لە خۆشیانا سوژدەی شوکر بەرەو ئەو خاڵە رەشـانە بەرێ کە لەناو کەوانەی بروّدا جێگیرن‌و هیچ چەپێکیان دەبەر بەردەرەشە پیرۆزەکەی کابەدا نیە.

**٣ دل ژبسکا فلفلین‌بو فر ددا خالا سیا**
**شەهپەرێ زولفا شەپاڵێ دال دایێ راست‌و چەپ**

**مانای وشە:**

**فلفل:** ئیسیوەت؛ **فلفلی:** وەك ئیسۆ ت رەش‌و تیژی زمان سوتێن، زۆر لە شاعیرانی پێشو، بسکـی رەش‌و خاڵی‌رەشی ماشقەی خۆیان بەفلفلێ‌شبهاندوە؛ **فلفلی:** موی لیك‌هاڵاوو بەئـاڵقە داویسـتاوو مونجدار؛ **فـر:** فڕین‌و باڵ گرتنەوە؛ **فردان:** بەرەو شتێك فڕین؛ **شەهپەر:** شاباڵ؛ **شەپال:** جـوانی خـوێن شـیرین‌و رەزا سوك؛ **دال:** پیتێکی خواری نیوە ئاڵقەیە لە ئەلف‌و بێتکەدا.

**پوختەی مانا:**

دڵ کە زۆر لەمێژبو دیل‌و زنجیر کراوی داوی بسکی ڕەشی ئاڵقەو مۆنجداری ئەو نازدارە بو، کاتێ سروەی بەیان ئەنگوَت‌و بسکەکانی لەسەرڕو لاداو میحرابی بڕوو خاڵی ڕەشی ممبارەك، دەرکەوتن. هەلی بە دەرفەت زانی، خۆی لە زیندانی بسکان ڕزگار کرد، وزاقی خۆیدا، فرکەی کرد خۆی بگەیەنێتە بەر داڵدەی خاڵی ڕەشی ناو کەوانەی میحرابی بڕۆیان‌و لەپەنای ئەواندا بحەسێتەوەو بەسوژدە بردن بۆ ئەو خاڵانە، شوکری ڕزگاربون بکا. بەڵام ئاواتەکەی بۆ پێك نەهات؟ سەری زولفی یار ـ کەوەك شاباڵی پەری وانە ـ کەوتنە شوێن دیل‌و یەخسیری ڕاکردوی خۆیان‌و لەڕاستەو چۆپەوە لە ڕەنگی پیتی دال بۆی چەمانەوەو بە ئاڵقە ئابلۆقەیان‌داو نەیانهێشت لە ئاین وەرگەڕێ‌و ڕوگە بگۆڕێ. گورجێ گرتیان‌و خستیانەوە گرتوخانەکەی پێشوی.

٤ **عالەمەك ویرانی زولفێن‌تە ژ ڕەنگی عەنبەری**
**چەرخ‌و پەروازێ ددەن جارەك لبایێ ڕاستو چەپ**

**مانای وشە:**

**عالەم:** جگە لەخوا هەموشت؛ **عالەم:** خەڵکی سەر دنیا؛ **عالەمەك:** عالەمێك، واتا خەڵك‌و حەشاماتێکی زۆر؛ **ویران:** کاول، خراپ؛ **زولفێن:** کەزیەکان؛ **تە:** تۆ؛ **ژڕەنگی:** لەگوێنی، وەکو؛ **عەنبەر:** شتێکی ڕەشی بۆن خۆشە، لەورگی جۆرەماسیەك‌دا دێتە بەرهەم؛ **چەرخ:** سوردان؛ **پەرواز:** هەڵفڕین؛ **جارەك:** هەلێك؛ **لبایێ:** لەبەربا.

**پوختەی مانا:**

هەرچەند جارێك، کە بای بسکان، ئەو کەزی‌و پەرچەمە ڕەشانەی تۆ ـ کە لەڕەنگ‌و بۆن‌و بەرامەدا، لە عەنبەر دەکەن ـ دەجولێنێ‌و دەخاتە سەماوەو لەچەپ‌و ڕاستەوە ڕایان دەژێنێ‌و باڵیان پێ دەگرێ‌و سوڕیان پێ دەدا؛ حەشاماتێکی زۆرو زوربە لەتاو وتوێی دیمەنی جوانیت، ماڵ وێران‌و خانە خەراب دەبن‌و ئاگریان تێ دەچێ‌و دەبنە پوش‌و پەڵاشێك، بەدەم باوە سوڕ دەخۆن‌و باڵ دەگرنەوەو بەڕاستەو چەپەدا دەکەون.

٥ **خەنجەرو تیرو تەبەر بارین شبە بەرق‌و بروسك**
**میصری‌یان لامیع ژ ئەڵماسان ددایێ ڕاست‌و چەپ**

**مانای وشە:**

**تەبەر:** بیور، تەور؛ **بارین:** دابارین؛ **شبهی:** وەکی؛ **بەرق:** هەورەتریشقە؛ **بروسك:** بروسکە؛ **میصری:** شیری دەسکاری میصری‌یان؛ **لامیع:** ورشەدار؛ **ئەڵماس:** بەردێکی بەنرخە؛ **ددایێ:** دەیدایێ، لێی‌دەدا.

**پوختەی مانا:**

بروٚکانی یارم، بەوشـیرە میصـری‌یانە دەمێنن کە وەسـتاکاری زوٚر دەسـت رەنگین، هەڵیان دەخەنەوەو هێندە بەنرخو خوٚشەویسـتن کە بالچـوغەیان بەئـەڵماس دەڕازێننەوە. یاخـوٚ وەك شیرێك‌وانە کە وەسـتاکاری میصـر، دەمو دوخیان لە ئـەڵماس دارژتوەو هەروا لە دورەوە بریقـەو گرشەی دێ.

جا کاتێ کە شنەبا بسکـی لەراندەوەو بروٚ دەرکەوتن؛ حـەشـاماتی دڵداران هەسـتیان کرد کە رێژنەبارانی خەنجەرو تیرو تەوریان بەسەردا دەباریٚو ورشەی بروٚی تازە ساویان، بەشـیریك زانی کە لە میصر کراوەو لەئەڵماس دارژاوەو لەراستو لەچـوٚپەوە، گرتونیە بەرو لەبریسکـەو ورشـەدا نوقمی کردونو وەك بریسکەی عاسمان هەڵیان دەپروکێنیٚو دەیانکاتە قەرەبروت.

**٦ طەیرکو عیقدو شورابو نەترکو بەرگو وەرەق**
**هەر بلەرزو جەذبەیێن یاقوتی تایێن راستو چەپ**

**مانای وشە:**

**طەیر:** بالندە؛ **طەیرك:** خشڵێکی ژنانەیە کە وەك کوٚتر دەچیٚو لەزێڕ دەکریٚ؛ **عیقـد:** گەردانە، گەردن‌بەند؛ **شوراب:** گوڵینگەو پڵپڵەو لەرزانە؛ **نەترك:** گوٚبەروٚك؛ **بەرگو وەرەق:** خشڵی زێڕن لەشکڵی گەڵاو پرپرەو پەرەنگ؛ **لەرز:** لەرین؛ **جەذبە:** کێشان، حاڵات لێهـاتنی دەروێشـان کە ئێمە، جـەزم بونی پیٚئـەڵێین؛ **یاقوت:** بەردێکی بەنرخی رەنگ‌ئاڵە؛ **تا:** هەوداو لیزگە.

**پوختەی مانا:**

کاتێ بای‌بەیان، زولفی یاری بەراستو چەپدا هەژاندو چاوو بروٚو هەنیەو لاجـانگو کوڵمو خـاڵی ئەویارە شەپاڵەی، خستە بەرچـاو، نەك هەرئێمەی دڵدارو گیروٚدەی ئـەوینی ئـەو نازدارە، توشـی شـێواویو ماڵوێرانیو حـاڵ‌لیٚهاتن بوین، بگـرە خشـڵە بیٚگیانەکانی، گەردنو بەروٚكو جلکـەکانیشـی ـ کە زێڕو بەردی بەقیمەتو ئـاوریشمن ـ دەگەڵ راژانی بسکـان بەدەم باوە، ئەوانیش کەوتنە راژانو سەماوەو ئەوانیش وەك ئێمەی ئەویندارو بریندار، ئـارامو ئـوٚقرەیان لیٚ هەڵگیراوەو جـەزمەیان لیٚهاتوە. برٚوانە لەخشـڵەکانی کە بریەتین لە کوٚتری‌زێڕ، گەردانەی یاقوت، گوٚبەروٚك، لاسـەرەو گوڵو پەرەنگـی گوارە. تەنانەت ئـەو هەودا ئـاوریشمانەش کە گەردن‌بەندو خشڵی دیکەی پیٚ هوٚندراونەوە. گوڵینگەو لەرزانەکانیشی لەتاوی دیمەنی روخسـاری دەلەرێنەوەو بەراستەو چوٚپەدا تل‌دەخوٚنو اختیاریان لەدەس دەرچوە.

**٧ بشکوین بەندا گریبانیٚ ژرٚەنگی کەوکەبان**
**بەرقو تیروٚژێن ژخورشیدیٚ ڤەدایی راستو چەپ**

**مانای وشه:**

**بشکوین:** هەڵپشکوتن، دەمیان کردەوە؛ **بەنداگریبانی:** دوگمەی بەرکۆژە؛ **ژرەنگی:** هەروەکو؛ **کەوکەب:** ئەستێرە؛ **بەرق:** درەوشین؛ **تیروژ:** تیشك؛ **خورشید:** خۆر؛ **ڤەدایی:** داییەوە.

**پوختەی مانا:**

یەخەی کراس داخرابو، زلفو کەزیش بەسەر سنگو بەرۆکدا هاتبو دایان پۆشیبو. دوگمەکانی یەخە، لەناو ئەورەشایی کەزیانەدا دەتروسکانەوە دەتگوت ئەستێرەنو لەشەوی تەواو تاریکدا، زریوە زریویانە. لە راستیشدا، ئێمەی دڵداری کڵۆڵو هەژار، کەوتبوینە شەوەزەنگی ئەنگوست لەچاو هەر چاوەنوارٚ بوین لە سوچێکەوە روناکایی هومێدێك بەدی بکەین. خواو راستان سروەی صەبای سالحان ئەنگوت، زلفی لەراستو چەپەوە لادان. یەخەو بەرۆکی ڕاتڵەکاندو دەرزیو دوگمەی بەرۆکی ترازاند، رۆژی روناك لەئاسۆی بەرویٚوە دەرکەوتو تیشکی لاجانگو کوڵمەو هەنیانیش لەچەپو راستەوە، ئاراستە بونو لەپاش شەوی ناهومێدیٚ رۆژی هومێدو خۆشیان هەڵاتو هەژارانی چاوەنوار خەڵات کران.

**٨ کەوکەبو قەوسو قوزەح، لوئلوئی بەندا حەیدەری**
**تێن طەوافا زولفو خالێن دلڕوبایی راستو چەپ**

**مانای وشە:**

**کەوکەب:** ئەستێرە؛ **قەوس:** کەوان؛ **قوزەح:** بڵقی سەراو؛ **قەوسو قوزەح:** پەلکە زێڕینە، کۆلکەزێڕینە؛ **لوئلوء:** مرواری؛ **بەندا حەیدەری:** خشڵێکی ژنانە کە بریەتیە لە لیزگە لیرەیەك لەنیوەی کڵاو وسەرپێچی سەردەدریٚو بوٚیەش ئەو ناوەی لیٚنراوە، چونکە هەوەڵجار لەناو هۆزی حەیدەرانلوی کورد دا بوٚتە باو. ئێستا لەناو کوردەکاندا بەژێرچەنەو لاسەرەی لیرەو زێڕیش هەر دەڵێن بەندا حەیدەری، کە زۆرجارانیش جەواهێراتیش کراوەتە نیٚوانی لیرەکان؛ **تین:** دێن؛ **طەواف:** لە دەورەگەڕانو سوڕدان؛ **زولف:** کەزی؛ **خالێن:** خاڵان؛ **دلروبا:** دلٚرفێن.

**پوختەی مانا:**

ئێمە هەروەك گوتمان، عالەم کە بەمانا هەمو ئافەریدەیەکە، حەیرانو سەرگەردانی ئەو جوانیەن کەیار هێناویەتە بەربارو بەرکار. ئیتر کار لەوە دەرچوە کە ئێمەی گیانداری دڵدارو هەژار گرفتاریبینو ببرٚیتەوە. نەخێر، تەنانەت خشڵەکانی بەریشی شێتو مالٚویٚرانو سەرگەردانی ئەو جوانیەن. توٚ لەکاتی هەنگوتنی شنەبای بەیانا، وەردو برٚوانە کە چوٚن گیرەو لاسەرەو گەردانەکانی ـ کە لە زێرو جەواهیراتنو بەرەنگی پەلکەزێڕینە لە حەوت وێنە دەنوێنن ـ دەوری سەری زولفو خاڵان دەگەرێنو دەیانەویٚ ئەو زولفە رەشانە ـ کە وەك پەردەی ماڵی کابەن و ئەو خاڵانە ـ کە

جوانترو پیرۆزتر لە بەردە رەشەکەی حاجیانن - زیارەت بکەن.

**٩ دل دخونت زولفو خالان دیمو بالایین ژنور**
**هەر بەقانون موژدەیا غەیبی ژنایی راستو چەپ**

**مانای وشە:**

**دخونت:** بانگ دەکا؛ **دیم:** رومەتو کولمە؛ **بالا:** بەژن؛ **نور:** روناکی؛ **قانون:** دامو دەستور؛ **قانون:** ئامرازیکی موسیقایە؛ **موژدە:** مزگینی؛ **غەیب:** نادیار؛ **نای:** بلوێر.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر بێتو بەدڵێکی رونو وشیارەوە، گوێ لە ئاوازەو لۆرەی بلوێر بگرینو بتوانین وەك پێویستە تێی بگەین؛ تێ دەگەین کە بلوێر لە دنیای نادیارەوە لەراستو چەپمانەوە مزگینی بەدڵان دەداو بانگیان لێ دەکا کە هەر دڵێك بەئاواتەوەیە توشی بەختەوەری بێت، با ئالودەو گیرۆدەی ئەو زلفو خاڵەو رومەتو بەژنو باڵایە بێت کە لە نوری خودا دروست کراون.

**١٠ زەنگی‌یان جەوشەن قەبەستن پێش‌بەری جوقا حەبەش**
**دابرستن یەك بەیەك چون بەرلیوایی راستو چەپ**

**مانای وشە:**

**زەنگی:** تیرەیەك لە قولە رەشەکانن کە لەلای زەنگبارەوە هاتون. زەنگی لەشیعری شاعیرانی کۆن‌دا، هەمیشە نیشانەی دڵرەقی‌و بێ‌بەزەیەتی‌یە؛ **جەوشەن:** زرێ، ئەم وشەیە لەرەگەزدا کوردی‌یەو **گەوچن** بوە. واتا بەئاڵقە چندراو. لەپاشان عەرەب وەریان گرتوەو گافیان کردۆتە جیمو چیمیان کردۆتە شینو بەماڵی خۆیان زانیوە؛ **قەبەستن:** دایان بەست، لەخۆیان شەتەکدا؛ **پێش‌بەر:** رۆبەرو؛ **جوق:** دەستە، تیپی لەشکر؛ **دابرستن:** دارژانە، هەڵیان‌کردە؛ **لیوا:** ئاڵا؛ **حەبەش:** واتا خەڵکی حەبەشە کە ئەوانیش تیرەیەك لە قولەرەشەکانن.

**پوختەی مانا:**

کەزی‌و بسکەکانی یارم، لەرەشی‌و دورەبەزەیی‌دا، دەمێنن بە دو لەشکر کە لە زەنگی‌و حەبەشان پێك هاتبن‌و بۆشەڕۆبێك‌دادان بەرانبەر بەیەك. تیپێك لەلای راستەوەو جوقەیەك لەلای چەپەوە ڕێزیان بەستبێ، وابو. کاتێ شنەبا لەراندنیەوە وەك ئەوە دەچو کە ئەو دو لەشکرە دڵرەقە، دابڕژێنە یەکتری هەرلایەش کە بەئاڵقەو مۆنج بون، وەك زرێیان دەبەر کردبێ دەهاتە بەرچاو. هەر لەشکرەبۆ ئەو هێرشە خۆیان‌دا بەر ئاڵای گەردنی کێل تا بەفەرمانی سەرکردەی هەمو نازداران دەگژیەك رابچن.

## ١١ چینگ‌چینگا بشکوان ئاوازو دەنگی زەرگوان
## صەد مەلایك گۆهددن بەر وێ نەوایێ راستو چەپ

**مانای وشە:**

**چینگ‌چینگ:** جرینگەو زرینگە؛ **بشکۆ:** دوگمە، لێرەدا نیاز لە رزانەیە؛ **ئاوازو دەنگ:** خـرینگو هۆر؛ **زەرگۆ:** گۆی زێرین، مەنگوڵەو خرینگە؛ **مەلایك:** فرشتەی خودا؛ **گوهـ :** گوێ؛ **نەوا:** دەنگو صەدا.

**پوختەی مانا:**

دو لەشکری زوڵفان لەراستو چەپەوەبە ئاڵقەو مۆنج زرێیان لەخـۆیان شـەتەك داوەو چـونە بەر ئاڵاوەو بەدەم باوە تێك چرژاون، ئەم شەڕە، مارشـی شـەڕیشـی دەوێ. شـەقو هۆڕی ترازانی دوگمەو زرینگەو جرینگەی لەرزانەکانو خرینگو هۆڕی گوبەرۆکی زەردی زێڕین، کە ئـەوانیش بەدەم شنەوە دەلەرانەوە، ببوە مارشی ئەو تێك‌چرژانو پێك هەڵپرژانە. جـا وەرەو تماشـاکە چـەند خـۆشە زلفو کەزی بەودیمەنە لەبارو دڵتەزینەوە، لەسـەر کوڵمو لاجـانگی وەك رۆژو مانگ بلەڕینەوەو خرینگو هۆری سسڵەو پڵپڵەو لەرزانەو خرینگەو مەنگوڵەو چرپەی ترازانی دوگمەکانی بەروێ بێتەگوێ. نەك ئێمە بۆ گوێگرتنو سەیر کردنی ئەو دیمەنو ئەو دەنگە گیان‌پەروەرە، منە دەکەین بەڵکو فرشتەکانی خوداش کرومات گوێیان بۆبیستنی ئـەو دەنگـەو دیتنی ئـەم رەنگـە هەڵخستوە و هاتونە تماشایە.

## ١٢ لەو ژعیشقا وێ دنالن بازنو بەرگو وەرەق
## جەذبەیا دلمن ژرەمزا وان‌گەهایێ راستو چەپ

**مانای وشە:**

**لەو:** لەبەر ئـەوە، بۆیە؛ **عیشـق:** ئـەوینو دڵداری؛ **دنالن:** دەناڵێنن؛ **بازن:** مەچـەك بەند؛ **بەرگ:** پەلك؛ **وەرەق:** گەڵا، نیاز لەبەرگو وەرەق ئـەو پەرەنگو پرپرانەیە کە لەشکڵی گەڵادار دروسـت کراونو وەخـۆ خراون؛ **جەذبە:** جەزمەو حاڵێهاتنی دەروێشانە؛ **رەمز:** نیشانەو بەڵگە؛ **وان:** ئەوان؛ **گەهایێ:** گەیشتێ.

**پوختەی مانا:**

من کە خرمەی بازنەو مەچـەك‌بەندو زرینگـەی پرپرەو پەرەنگـم لە قـوڵو بازنو بەرۆکی یارەوە بیستو بەدڵو داو گوێی‌دڵم دایە؛ تێگەیشـتم کە ئـەو بێگیانانەش، دڵیان داوە بەو دڵبەرە خـوێن شیرینەو ئەوانیش وەك هەمو دڵدارێکی دڵسوتاو لە ئەوینی ئەو جوانە دەناڵێنن. ناڵەی ئەوان بۆمن بوبە دنە دەرێك کە منیش توشی جـەزمە لێهـاتنو لەهۆش چـون ببمو دەردی دڵداری لەراسـتو چۆپەوە بم‌گرێتە ناو خۆیو دەرەتانم لێببڕێ.

## ١٣ زوهره‌و عیقدا ثوره‌ییایی دشه‌رقیٚ که‌ششفین له‌یله‌تول‌قه‌دریٚ ژمه‌غریب په‌رده دایی‌ٚ راستو چه‌پ

### مانای وشه:

**زوهره:** ئه‌ستێره‌یه‌کی گه‌ریده‌ی زۆر گه‌شه؛ **عیقد:** گه‌ردانه؛ **ثوره‌ییا:** هێشوه ئه‌ستێره‌ی کۆ؛ **شه‌رق:** خۆر هه‌ڵات؛ **که‌ششفی:** که‌شفبو، دیاری‌دا؛ **له‌یله‌تول‌قه‌در:** شه‌وی هه‌ره پیرۆزه له‌لایه‌ن موسلمانانه‌وه که له‌و شه‌وه‌دا قورعان بۆ پێغه‌مبه‌ر، به خه‌ڵات هاتوه‌و په‌رستنی خودا له‌و شه‌وه‌دا خێری نوێژو رۆژوی هه‌زار مانگی هه‌یه؛ **مه‌غریب:** خۆرنشین؛ **په‌رده:** له‌مپه‌ر؛ **دایی‌ٚ:** پێی‌دادا.

### پوخته‌ی مانا:

گه‌ردنی یارم که له‌سپایه‌تی‌و روناکی‌داندا وه‌ك ئه‌ستێره‌ی زوهره‌یه، گه‌ردن‌به‌نده مرواریه‌که‌ی ملی وه‌ك هێشوی ئه‌ستێره‌ی کۆیه که له‌دوری زوهره هاڵابی‌ٚ. ئه‌و گه‌ردن‌و گه‌ردانه‌یه له‌لای رۆژی روخساره‌وه ـ واتا ئه‌و جێگه‌ی رۆژی لی‌ٚهه‌ڵدی‌ٚ ـ هاتنه به‌رچاو. به‌ڵام شه‌وه‌زه‌نگی زولفه‌کانی، له‌و شوێنه‌وه که تیشکی روخسار ده‌برێته‌وه‌و به خۆرنشین حه‌ساو ده‌کری‌ٚ، که ئه‌و شه‌وی زولفانه‌ش هیچ چه‌پێکی ده‌به‌ر له‌یله‌تول‌قه‌دردا نیه؛ به‌سه‌ر گه‌ردندا په‌رژو بڵاو بون‌و له‌راستو چه‌په‌وه په‌رده‌یه‌کی ره‌شیان له‌به‌ر زوهره‌و پیرۆی گه‌ردن‌و گه‌ردانه گرته‌وه‌و دیمه‌نه‌که‌یان له‌به‌رچاو، ون‌کردین.

## ١٤ زوهره ره‌نگی ماهو خورشیدی‌ٚ ژباڵا وی‌ٚنما له‌و دو که‌وکه‌ب چونه قێرا ئیستیوایی‌ٚ راستو چه‌پ

### مانای وشه:

**زوهره:** ئه‌ستێره گه‌شه‌که؛ **ره‌نگی:** هه‌روه‌کو؛ **ماهو خورشید:** مانگ‌و خۆر؛ **باڵا:** به‌ژن، لای‌سه‌رو؛ **نما:** نواندی، دیاری‌دا؛ **له‌و:** بۆیه؛ **که‌وکه‌ب:** ئه‌ستێره؛ **قێرا:** ده‌گه‌ڵ؛ **ئیستیوا:** راستایی، خه‌تی ئیستیوا ئه‌و خه‌ته‌یه که رۆژ له‌نێوه‌راستی عاسماندا ده‌یداته‌به‌ر.

### پوخته‌ی مانا:

له‌لای سه‌روی به‌ژنی یاره‌وه، هه‌نیه‌ی وه‌ك مانگ‌و کوڵمه‌ی وه‌ك خۆرو گه‌ردنی صاف‌و سپی‌و بی‌ٚگه‌ردو گه‌شه‌داری‌وه‌کو زوهره خۆیان نواند. ئه‌م پێکه‌وه ده‌وشانه‌وه‌ی ئه‌و سی‌ٚ روناکی‌ده‌رانه، بو به هۆی ئه‌وه که دو ئه‌ستێره ـ نیاز له دوئه‌ستێره‌یان لاجانگی یارن یان جوته مه‌مکی هه‌نارن ـ راست وێستان‌و خه‌تی ناوه‌ڕاستیان له‌چه‌پ‌و راسته‌وه گرته‌به‌ر.

**١٥ بێته ئەیوانێ ژخلوێ حوریا قودسی سروشت**
**صەد هەزاران حۆری قودسی تێن لیقایێ راستو چەپ**

**مانای وشە:**

**ئەیوان:** هەیوانو بەربێلایی؛ **خلو:** بەتاڵ؛ **خلوە:** جێگەی تەنهایی؛ **حۆری:** کیژی بەهەشت؛ **قودسی:** ممبارەکی خودایی؛ **سروشت:** ماکەوئاکار؛ **حۆری قودسی:** کیژە جوانەکانی ناو بەهەشت؛ تێن: دێن؛ **لیقا:** توشبونو دیدەنی.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر بێتو جارێك لەجاران، ئەو جوان چاکەی یاری من کە یەکێکە لەو کیژە بەهەشتیانە کە لەپاکی دروست کراونو ئاکاری پیرۆزو ممبارەکن، لە گۆشەی تەنهایی دەرکەوێو بێتە بەر هەیوانو سەیوانی ماڵە گەورە؛ نەك هەر ئێمە ئاپۆرەی دڵداران، بگرە بەصەتان هەزار لە کیژەکانی ناو بەهەشتی خوداش، بە سینەباز لە بەهەشت باز دەدەن. بۆ ئەوە بێنە دیدەنی دیداری یاری ئێمەو لەراستەو چۆپە دەوری لێ دەدەن.

**١٦ ما «مەلایێ» ئەز لەبی لەعل ئابی حەیوان بت نەصیب**
**قودسیان راگرتیین دەستێ دوعایێ راستو چەپ...**

**مانای وشە:**

**ما:** توبلێی، ئاخۆ ئەبێ؟؛ **ئەز:** لە؛ **لەب:** لێو؛ **لەعل:** بەردێکی بەقیمەتە کەزۆر لە شاعیران بەلێوی یاریان شبهاندوە؛ **ئاب:** ئاو؛ **حەیوان:** ژیان؛ **بت:** ببێت؛ **نەصیب:** بەش؛ **قودسی:** ئەو فرشتانەی کە لە عاسمانەدان؛ **راگرتیین:** رایان گرتوە (یان، **راکردیین** واتا: بڵندیان کردوە)؛ **دوعا:** نزاو پاڕانەوە.

**پوختەی مانا:**

ئەوەندە بە ذەلیلیو هەژاری لەبەر خودا پاڕاومەتەوە، کە جارێك لە عومراتمدا ئەو لێوە ناسكو لەعلرەنگانە، راموسمو ئاوی ژیانو نەمردنیان لێهەڵمژم. کە مەلائکەتەکانی عاسمانیش بەزەییان بەمنی کڵۆڵدا هاتۆتەوە. ئەوانیش هەمو بۆ یاریدەی من دەستی نزایان بەرز کردۆتەوە. لەراستەو چۆپەوە بۆم دەپاڕێنەوە کە نزام رەوابێ.

هۆی مەلا توبلێی خوا ئەو ئاواتەت پێك بهێنێو جارێك لەو لێوە سوروئاڵە ـ کە وەك یاقوتو لاڵە ـ مژێك بمژمو بەو ئاوی حەیاتەی کە لەلێوی ئەودایە منیش لەمردن رزگارم بیێو ببمە خدری زیندەیەك؟

## قصیدەی چواردەهەم

# «چەپ و راست»

**١ نێرگزین شەنگ دەمەستن چەپو راست**
**ساقیان جام ددەستن چەپو راست**

**مانای وشە:**

**نێرگز:** نەرگس؛ **شەنگ:** شۆخ؛ **مەست:** سەرخۆش؛ **ساقی:** مەیگێڕ؛ **جام:** پیاڵە.

**مانا بە تێکڕا:**

چاوەکانی یارم ـ کە وەك نەرگزی شۆخو شەنگن ـ چە چاوی راستو چە چاوی چەپی مەستو خومارن. پیاو لە دیتنیان مەستو سەرخۆش دەبنو بەراستەو چەپەدا دەکەون. دوچاوەکانت وەك دو مەیگێڕی شۆخو شەنگو چەلەنگ بەراستەو چەپەدا مەی دەگێرنو سەرخۆشو کەلەلامان دەکەن.

**٢ راستو چەپ تێن جگەرو سینە کولاب**
**عەرعەرین شەنگ دلەستن چەپو راست**

**مانای وشە:**

**تێن:** دێن؛ **جگەر:** جەرگ؛ **سینە:** سینگ؛ **کولاب:** قولاپ؛ **عەرعەر:** دارێکی ئازادەو زۆر راستو شەنگ هەڵدەچێ، شاعیران بەژنی یاریپێ دەشو بهێنن؛ **لەستن:** کورت کراوی وشەی **(لەیستن)** لەیستن واتا رقصو سەما کردنو خۆ بادان بە لارو لەنجەوە.

**مانا بە تێکڕایی:**

لە وەختێکدا کیژە قەد باریکەکان ـ کە بەژنو باڵایان وەك داری عەرعەر شەنگو شلو شۆخن ـ

دەستیان بە رەقص‌و سەما کردن کردو بەراستەو بە چەپەدا خۆیان بادەداو دەلەرانەوە؛ جەرگ‌و سینەو هەناوی عاشقان وەك وەبەر بارانی تیران کەون، وابون‌و بەراستەو چەپەدا دەکەوتنە مەیدانەوە. مژۆڵیان وەك قولاپ لەجەرگان گیرکەن وابون.

**٣ توخ‌و عالا کو خویا بون ژعەجەم**
**عەرەبان تیپ شکەستن چەپ‌و راست**

**مانای وشە:**

**توخ:** نیشانەی سەرکردەیی مغولان بوە، کە بریەتی بوە لە چەپکێك موی یاڵی ئەسپ‌و بنەکەی دەزێڕ گیراوە؛ **عالا:** ئاڵا؛ **خویا:** ئاشکرا؛ **تیپ:** دەستەی لەشکر؛ **شکەستن:** شکان؛ **عەرەب:** لە راوێژی شاعیراندا، بە شتی رەش رەنگ دەڵێن. زۆریان زولفی رەشی یاریان بە عەرەب شبهاندوە. عەجەم لەشیعری شاعیراندا بە رەمزی سپیەتی داندراوە.

وا دیارە مەلا دەیەوێ بڵێ: یار بەدەستی سپی‌و ناسکی، زولفی لەسەر ڕو لاداوە. رەنگە نیازی لە توخ شانە، یان، کەزی بەندی زێڕبێ. نیازی لە ئاڵا سەرپۆشی رەنگاورەنگ بێ.

**مانا بە تێکڕایی:**

یار بەدەستە سپیەکانی، کە زولفە رەشەکانی لەسەرڕو لاداو شانەی زێڕی دەبسکان گیراند. دەستەدەستەی زولفان بەسەریەکدا شکان‌و چین‌چین‌بون.

**٤ بەر قەشەرقی دسەحەر وەستاین**
**هیندوێن روژ پەرستن چەپ‌و راست**

**مانای وشە:**

**بەر قەشەرقی:** رو بەرۆژ هەڵات؛ **سەحەر:** بەیانی‌زو؛ **هیندو:** خەڵکی هیند؛ زۆر لە شاعیرانی کۆن خاڵی رەش‌و بسك و زلفی یاری خۆیان بە هیندو شبهاندوە، چونکە بەلای ئەوانەوە هیندو کافرن‌و کافریش بەرەنگی رەش کە نوری ئیمانی تێدانیە ناسراوە.

**مانا بە تێکڕایی:**

لەبەرەبەیاندا ئەو زولف‌و بسکەرەشانەی یارم کە بەلای راست‌و لای چەپی روخساری دا هاتبون، هەر دەت‌کوت ئەو بسکانە لەو هیندی یانەن کە رۆژ دەپەرستن‌و بەیانیان بەرەو رۆژ دەبن‌و کرنوشی بۆ دەبەن. چونکە روخساری یار وەك رۆژەو لاجانگی وەك سپایی بەیانی پێش تاو هەڵاتەو ئەو بسکانە وەك هیندوی رۆژپەرست، پێستەرەشو کافری بێ بەزەیین دەگەڵ عاشقان.

**٥ قەیسەری رومێ لسەر حەددی فەرەنگ**
**توڤو زنجیر ڤەبەستن چەپو راست**

**مانای وشە:**

**قەیسەر:** لەقەبی ئمپراتوری روم. روم سەرزەمینی تورکیای ئێستا؛ **سەرحەد:** سنور؛ **فەرەنگ:** فەرانسە یان ئوروپا بەگشتی؛ **توق:** ئاڵقەی ئاسنین؛ **ڤەبەستن:** بەستنیەوە.

**مانا بە تێکڕایی:**

بسك‌و کەزی یارم کە بە زنجیرە چین بەچین‌و ئاڵقە ئاڵقە دەوری روخساری سپی‌و ناسکیان داوە؛ بەوە دەشبهێندرێ کە قەیسەری رۆمێ دەوری وڵاتی فەرەنگانی بەزنجیرو ئاڵقەی لەشکر دەورە دابێ.

**٦ هەردو دەستێن خۆ حەمایل شەڤەکێ**
**مە ژبو یارێ دخۆستن چەپو راست**

**مانای وشە:**

**دەستین:** دەستان، دودەست؛ **حەمایل:** بەندی شمشیرو بەندی نوشتە کەدەمل دەکرێو بە تەنیشت دا دێتەخوار؛ **شەڤەکێ:** شەوێك.

**مانا بە تێکڕایی:**

ئێمە هەمو، ئاواتو نیازمان هەر ئەوەبوە کە تەنیا شەوێك لە ژیانماندا هەردوك دەستو باسکمان، لە گەردنی یار وەك حەمایەڵ هاڵاباو لەراستو چەپەوە بەخۆمانەوە کوشیبا.

**٧ ڤە«مەلێ» سورێ پەری‌یا حوری سرشت**
**صەد مەلەك دەست بدەستن چەپو راست**

**مانای وشە:**

**ڤە:** ئەوە؛ **ڤەھ** : عەجەبا؛ **مەلێ:** مەلا؛ **سورێ:** دڵکێشی‌و رۆحسوکی؛ **پەری:** جندۆکەی جوان؛ **حوری:** کیژی بەهەشتی چاوڕەش؛ **سرشت:** رسکان.

**مانا بە تێکڕایی:**

ئەوە (یان، سەیرە) مەلا تۆ ئاواتی دەستەملان بونی بخوازی. ئەو پەریە دڵکێشەی کە وەك حوری بەهەشت خوڵقاوە. هەمیشە صەد خذمەتکاری کچی پاکی وەك فریشتەی خودا دەستیان

بەدەستیەوە یەتی لەراستو چەپەوە پاسەوانی لێدەکەن و چاوی لێخافڵ ناکەن تا وەگیر تۆ کەوێو دەستە ملانی ببی.

## قصیدەی پازدەهەم

# گوڵباران

١ گەر ژوێ حوری سرشتێ عیشویەك ئیظهار بت
دی ببت ناری خەلیلواللەو دوژەه ساربت

**مانای وشە:**

**گەر:** ئەگەر؛ **ژوێ:** لەومێوینە؛ **حوری سرشت:** وەك حوری رسکاو؛ **عیشوە:** نازو غەمزە؛ **ئیظهار:** دیاری‌دان؛ **دێ:** بێشك؛ **ببت:** دەبێت؛ **نار:** ئاگر؛ **خەلیل:** دۆست؛ **خەلیلوالله:** دۆستی خودا. نیاز لە خەلیل‌الله برایم پێغەمبەرە؛ **دوژەه:** جەهەننەم؛ **سار:** سارد؛ **بت:** بیێ.

**مانای تێکڕایی:**

ئەگەر ژیانمان جەهەننەم بێ،یان وەك برایم پێغەمبەر دەناو ئاگر هاوێژرابین، بەو مەرجە ئەو حوریە جوان‌چاکە، بە نازەوە گوشەیەکی چاومان بو دەرخاو لێمان بڕوانێ؛ ئاگر بە دەردی ئاگرەکەی برایم دەچێو تەنانەت جەهەننەمیش‌بێ، بێشك ساردوسڕ هەڵدەگەڕێ.

مەلا لەو شیعرەدا باسی برایم پێغەمبەرمان بیردەخاتەوە کە نەمرود بە تاوانی بتشکاندن خستیە ناو ئاگرەوەو خودا فەرمانی بەئاگردا کە ساردو سەلامت بەو ئازاری مەدە. دەڵێ: منی‌دڵدار، خۆمو دڵەکەم کەوتوینە ناو ئاگری ئەوینێکەوە کە هیچ لە ئاگری نەمرودو بگرە لەئاگری جەهەننەمیش کەمتر نیە. جا ئەگەر خوای کردبا ئەو نازداری باوانە بەو چاوانەی بەنازێکەوە لێی‌روانیبام لێمرونە ئاگرو گرپەی دڵی منیش، بە دەردی ئاگرەکەی برایم سارد دەبۆوە، بەڵکە ئەگەر جەهەننەمیشم لە دڵدا بوایە تینی دادەمرکا.

٢ وەر ژبەر پەردێ یەدی بەیضا بە موعجیز بێتە دەر
شەمس‌و کەوکەب دێ هلین عالەم تژی ئەنوار بت

**مانای وشه:**

**وەر:** وە ئەگەر؛ **ژبەر:** لەپشت، لەبن؛ **پەردێ:** پەردەیرا؛ **یەدی بیضا:** دەستی سپی؛ **موعجیز:** ئەوی کەسی تر نیەتی؛ **شەمس:** خۆر؛ **کەوکەب:** ئەستێرە؛ **دێهلین:** هەڵدێن؛ **عالەم:** هەمودنیاجگە لەخوا؛ **تژی:** پڕ؛ **ئەنوار:** ڕۆشنایی گەل.

**مانا بە تێکڕایی:**

مەلا دەیەوێ، دەستی حەزرەتی موسامان وەبیر بێنێتەوە کە موجزات بوەو هەرگا ناویەتە باخەڵی و دەری هێناوەتەوە لەسپایەتیا شۆقی داوەتەوە.

گوتمان ئەگەر لێی‌روانیبام ئاگری دڵم دادەمرد، خۆ ئەگەریش دەستە سپی‌و ناسکەکەی کە چەپێکی دەبەر دەستە موجزاتە کەی‌موسا دانیە، لەودیو پەردەوە دەرێنێ‌و پیشانی دنیای بدا، وەك هەمو ئەستێرەو خۆر، وێکڕا هەڵاتبن‌و روناکایی بدا ئاوا هەمو دنیا پڕدەبێ لە روناکی‌و شۆق دانەوە.

**٣ وەر ژعەکسی خەمری‌یان قەوس‌و قەزەح دەت یاسەمین**
**دێ گولو ڕەیحان ببارن، تێك‌و تێك گولزار بت**

**مانای وشە:**

**عەکس:** تیشكدانەوە؛ **خەمری:** پارچە قوماشێکی سورە کە ژنان پرچی‌سەر تویڵیانی پێ گرێ دەدەن؛ **خەمری:** ئەو پەرچوکانەیە کە بەسەر تویڵدا دێن‌و لە ناوەراستی هەنیەدا هەڵدەپاچرێن؛ **قەوسو قەزەح:** کۆلکە زێڕینە؛ **دەت:** بدات؛ **یاسەمین:** گوڵی یاسەمەنە کە زۆر سپی‌و زۆربۆن خۆش‌و زۆر ناسکە؛ **دێ:** بێشك؛ **تێك‌و تێك:** سەر لەبەر، گشتلە گشت؛ **گولزار:** گوڵجارڕ؛ **بت:** ببیت.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر روخساری یارم ـ کە وەك سەرپەڕی گوڵی یاسەمەنە، سپی‌و ناسکەو لەبۆن خۆشیدا لەو زیاترە ـ تیشك بداتە دەسرۆکەی سوری لە هەنیە گرێدراوی. یان‌تیشك بداتە ئەو پرچوکانەی کە بەسەر تویڵی‌دا هاتون‌و لە ڕەشی‌یان دەبریقێنەوە. ئەوسا تیشك بداتەوەو تیشکەبگەرێتەوە بۆسەر گۆنای‌یار کەوەك پەڕی سورە گوڵە. ئەوەندە ڕۆشنایی ڕەنگاورەنگ پەیدا دەبن کە کۆلکە زێڕینەی لێ دروست دەبێ. کۆلکە زێڕینەش، نیشانەی پاش‌بارانەو بارانەش هۆی شین‌بونی گیاو گوڵو ریحانە. کەوابو هەر کەیار روی نیشان‌بداو خەمری‌و پرچوکان روناك‌بکات‌و ئەوانیش تیشکی بگەرێننەوە، هەمو دنیا سەرلەبەری دەبێتە گوڵجارڕو لە هەمو شوێنان گوڵ‌و ریحانە بەبارەو خۆشی‌و گەشی دادەباری.

٤ شەمع دێ جان‌دەت ژشەوقێ بێتەبەر صوبحێ نەفەس
نارت ئاخر گەر بەمویەك بەحسی زولفا یاربت

**مانای وشە:**

**شەمع:** مۆم؛ **دێ:** بی‌شـك؛ **جـان:** گیان؛ **دەت:** بدات؛ **بێتەبەر:** بچتەوە بەر؛ **صـوبحێ:** سـبەینێ؛ **نەفەس:** هەناسە؛ **نارت:** ناگاتە؛ **ئاخر:** دوایی؛ **گەر:** ئەگەر؛ **بەحس:** لێدوان؛ **زولف:** کەزی.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر هەر لە هەوەڵی شەوێڕا، دەس‌بکرێ بەباسی تاقە مویەك لە زولفی‌یار شەو خـەلاس دەبی، بەرەبەیان هەناسە دەدات‌و رۆژدەبێتەوە مۆم دەتوێتەوەو دەکوژێتەوە. بەڵام تاریفی جـوانیو درێژی ئـەو تەنیاموە، هەر درێژەی پێ‌دەدرێ‌و بەکەس نابڕێتەوە. هەر لەم مانایەدا، شـاعیرێکی فـارس گوتویە: رۆژی قیامەت کەدەڵێن درێژیەکەی هەزارساڵە، چـی دەگەڵ دڵی پڕلە گازندەی ئێمە پێ دەکرێ؟! ئەوا سەری زولفی تۆ، بەداستانی دڵداری ئێمە کورت بۆتەوە.

«نالی خۆشمان، چەند خۆشی فەرموە کە دەڵێ:

هەر پەرچەم‌و پیشانی‌یە فکری شەوو رۆژم  هەر گەردن‌و زولفە ئەمەلی دورو درێژم

٥ سیلسیلا بەحبسێ ژخونا دل بەران زولفا بەچین
دێ خەتا بت ناڤی میسك ئەر نافەیی تاتار بت

**مانای وشە:**

**سیلسیلە:** زنجیرو زنجیرە؛ **ژخونا:** لەخوێنێ؛ **بەران:** لەسـەرئـەو؛ **بەچین:** چیندار؛ **خـەتا:** غەڵەت؛ **ناف:** ناو، اسم؛ **میسك:** میشك؛ **ئەر:** ئەگەر؛ **نافە:** ناوکی ئاسکی میشـك؛ **خـەتا:** ناوەبۆ مەڵبەندەکانی باکوری چین. کە ئێستا بریەتیە لە مەنچوری‌و مغولستان‌و تورکسـتانی رۆژهەڵاتی؛ **تاتار:** ناوی عەشـایرێکی‌تورکە کە بە وڵاتەکەشیان تاتار یادەڵێن؛ **میسك:** نەوعێك ئـاسك هەیە، کە لە هەڵاتن‌و ماندوبونی زۆرەوە، خـوێن دەناوکیەوە دەتزێ‌و خـوێنەکە رەش هەڵدەگەرێ‌و وشـك دەبێتەوەو وەك دەناو کیسـەیەك دابێ، بەناوکیەوە تەکەتەکی دێ‌و لەدوایی‌دا، لە غاردانداا لێی دەکەوێت. ئەو خوێنە وشك هەڵاتوە، عەطرێکی زۆر بۆن‌خۆشەو ناوی لێ‌نراوە؛ **میسك:** یان، **میشك** یان، **موشك.** جـا وا زانراوە کە ئـاسکی دەشـتەکانی چین‌و خـەتاو تاتارستان میسکی هەرەچاکیان لێ‌بەرهەم دێت.

مەلا لەو بەیتەدا، گاڵەی کردوە. زۆر لە وشەکانی، دوجار دەبێ مانا بکرێن؛ **خەتا:** هەم وڵاتی خەتا، هەم غەڵەت؛ **چین:** هەم وڵاتی‌چین، هەم چین‌چین‌بون‌و بەسەریەکدا شکانی موی کەزی.

**پوختەی مانا:**

خوێنی دڵی دڵداران، کە لەتاوی کەزیە رەشە پڕچینە چین لەسەرچینەکەی ئەو نازداره، هەڵقوڵاوەو

رژاوەو بەو تاڵە زولفانەوە بەندە؛ ئەوەندە لەسایەی زولفی تووە بۆنی خۆش‌بوە کە هەرکەسێك باسی میشکی ناو ناوکی ئاسکی چین‌و خەتاو تاتار بکاو بڵێ‌ئەو خوێنی دڵەو ئەو میشکی ئاسکە وەك یەکن، غەڵەت دەکاو بە هەڵەدا چوە. بۆنی خوێنی دڵمان بەهەوای زولفت هەزارقات لەبۆنی خوێنی وشك هەڵاتوی ناوکی ئاسکی میشك خۆشترە.

٦ طەوقی گەردەن حەلقەیی زوننارى زولفا یارى من
دى‌کلیتا کەلبى عشقیٚ حەلقەیا زوننار بت

**مانای وشە:**

**طەوق:** قەڵادەی مل؛ **حەلقە:** ئاڵقە؛ **زوننار:** کەمەر بەندی ئاوریشمی خاچپەرستان؛ **کلیت:** کلیل، هاچەر؛ **کەلب:** سەگ.

لەم بەیتەدا مەلا، داستانی شیخی سەنعان‌مان بیردەخاتەوە، کە بۆکچێکی خاچپەرست، دەستی لەدین هەڵگرت. قورعانی سوتاند. شەرابی خواردەوە. زوننارى بەست. بوبە بەرازەوانی ماڵی دڵبەری. مەلا دەگەڵ ئەوەشدا کە وەفاو ئەمەگی شیخی سەنعانی بەرانبەر بەگڕەی ئەوین بەلاوە پەسندە؛ خۆی لە ئەویندا‌ریدا ئەمەگدارتر نیشان دەداو دەڵێ‌من خۆم بەسەگی ئاستانەی دڵبەر دەزانمو ئاواتم ئەوەیە قەڵادەی ملمو قفڵو ئاغزونەکەی لە ئاڵقەیەکی زوننارى بەژنی یار بێ. جا چونکە پرچو کەزی یاری من لەناو قەدی هاڵاوەو احتیاج بە کەمەربەندی ئاوریشم‌نیەو هەر زولفە پڕچینەکەی جێگەی زوننارى بۆ پڕ کردۆتەوە من‌ئاڵقەی زولفیم بەنصیب دەبێ. ئەگەر راستیشت دەوێ قفڵ‌وکلیلی قەڵادەی سەگی ئاستانەی عیشقیٚ هەر دەبێ ئاڵقەی زولف بێ. زۆر لە صوفیان دوعایان کردوە کە خودایە، واپکەی وەك سەگ وەفادار بم.

**پوختەی ماناکە:**

با تۆقی‌گەردنم ئاڵقەی زوننارى زولفی یارم‌بێ. ئاخر هەر دەبێ قفڵی قەڵادەی سەی عیشقیٚ ئاڵقەی ئەو زوننارە بێ، کە زولفیەتی. «مەحوی» دەڵێ:

دەگەڵ دەستی مەلا رێك ناکەوێ زوننارى زولفی یار
وەکو شیخ ئیختیاری مەزهەبی تەرسا نەکەم چبکەم؟!

مەولەوی تاوەگەوزیش فەرمویە:

بێ‌تەناب زولف مەحبوب نەگەردەن  حەیفەن وەقابض گیان تەسلیم کەردەن

٧ عەقدی ئیحرامیٚ دعیشقیدا کوپیری عیشق بەست
دی چغەم گەر خەرقە رەهنی خانەیی خەممار بت

**مانای وشە:**

**عەقد:** نیەت هێنان؛ **ئیحرام:** رۆژانی جەنگەی حەج کە حەجاج جلکی خۆیان فڕێ دەدەن‌و پەشتەماڵو

فوته دەبەر دەکەن؛ **پیری عیشق:** مامۆستاو ڕێبەری عاشقان، (یان، ئەوی لە عیشقێدا پیربوە)؛ **بەست:** دابەست؛ **دی:** ئیدی، ئیتر؛ **چغەم:** قەیدی چیە، چدەبێ؛ **خەرقە:** باڵاپۆشی پڕپینەی دەروێشان؛ **رەهن:** بارمتە؛ **خانە:** ماڵو دوکان؛ **خەممار:** بادە فرۆش.

مەلا دەیەوێ تەریقەتی خۆی، لە تەریقەتی وشکە سوفیە رواڵەتبینەکان، جیا کاتەوە. دەڵێ: ئەوان دەچنە حەج. نیەتی ئیحرام دادەبەستن. بۆ ئەوە دەوری ماڵی کابە بدەن جلکەکانیان دادەکەنن و تورێ هەڵدەدەن. ئێمەش بەشوێن پیری تەریقەتی عیشقدا حەجی خۆمان هەیە. کابەی ئێمە ماڵیار نیە، بەڵکو خودی یارەو یارەکەش لەهەمو جێگا هەیەو لە هەمو ئاقارانەوە دیارە... لە حەجی خۆماندا، ئەگەر پیری تەریقەت نیەتی ئیحرام دادەبەستێو ئێمەش پەیڕەوی لێدەکەین. هەموشتێکمان تەنانەت دنیاو قیامەتو ئاواتی بەهەشتو ترسی جەهەننەمیشمان تورهەڵدەدەینو تەنیاو تەنیا یارمان لەبیرەو یار دەپەرستینو هیچیتر. جا لەوەختی وادا کە خەرقەو مەرقە، فرێ دەدرێو تازە نامان گەرەکە، چی ئەبێ ئەگەر ئەو خەرقەیە لە دوکانی شەراب فرۆشدا، لە گرێوی شەراب داندرابێ؟! بگرە لەوەچاترە کە بەخۆرایی فرێی بدەین. ناشبێ لۆمەی شێخیسەنعان یامن، یاهەر ئەویندارێکی راستی دیکە بکرێ کەچۆن جبە بەزوننار دەگۆڕینەوە. بەلای ئێمەوە یار، لە هەمو شوێنێکەو هەموشت نوێنەری یارە. حافظ شیرازی کە یەکێك بوە لە دەستەی ئەو دڵدارانە دەڵێ: لە مەیخانەی زەردەشتیاندا نوری خودا دەبینم.

## ٨ گەزمەیەك قەوسێ شەڤین عاشق بەنیڤا دل کەڤت
## دێ ژجان دەستان بشوت خاسما کەڤان نوباربت

**مانای وشە:**

**گەزمە:** سەرەتیری چەقوێی؛ **قەوس:** کەوان؛ **شەڤێن:** دەشەوێدا؛ **شەڤین:** چەماو؛ **نیڤ:** ناوەراست؛ **کەڤت:** بکەوێ؛ **دێ:** بێشك؛ **ژجان:** لەگیان؛ **دەستان بشوت:** دەستان دەشوا؛ **خاسما:** خۆبە تایبەتی، مخصوصا؛ **کەڤان:** کەوان؛ **نوبار:** هەوەڵجار؛ **نوبار:** کچێکی تازە مەمکی خڕکردوە.

**پوختەی مانا:**

ئەوینی راستەقانی (عیشقی حەقیقی) کارێك بەسەر ئەویندار دێنێ کە ئەوە هیچ هۆش و دینی لێدەستێنێ، بگرە هەر خودی خۆشی لەبیر نامێنێو دەبێتە زیندوێکی مردو یان مردوێکی زیندو. ئەوانەی بەئاگری ئەم ئەوینەوە نەتلاونەوە، نازانن خەبەر چیە... ئەگەر سەرە تیرێکی عشقێ لە بروێەکی کەوانی چەماوەدا، لە نیوەشەوێکا ناوەندی دڵی دڵدارێك بپێکێ. ئەو دڵە دەس بەجێ دەست لەگیانی خۆی دەشوا. خۆ نەخوازەو بەتایبەتی کە ئەو تیرە لە کەوانی بروێ کیژۆڵێکی تازە مەمك خڕکردو دەرچێو ئەوە هەوە لجاریش بێ کە دڵەکەی کردوتە نیشانە. چونکە هەوەل نیگای

پێك گەیشتنی دڵدارو دڵبەر هەرگیز شوێنەواری کوێر نابێتەوە. ئەو هەوەڵ تیری نیگـایە، لە هەمو برینگەرێك کاریگەرترەو لای عاشق پیرۆزترین شتە. مەولەوی تاوەگەوزی دەفەرموێ:

بێزام خەدەنگ مژەی مەهروان  نەنگەن وەسارای قیامەت لوان

واتا پیاو برینی تیری مژۆڵی مانگ روخسـارانی پێوە نەبێ، زۆر شـەرمو شـورەییە بڕوا بۆ دەشـتی قیامەت

**٩ وەر ژقەوسەینان بەمیزان بێتەدەر جۆتەك خەدەنگ**
**دێ جگەربت پارەپارە، سینە تارو مار بت**

**مانای وشە:**

**وەر:** وەئەگەر؛ **ژقەوسەینان:** لە دو کەوانان؛ **بمیزان:** بەرێكوپێکی؛ **جۆتەك:** جوتێك؛ **خەدەنگ:** تیر؛ **جگەر:** جەرگ؛ **بت:** دەبێت؛ **پارەپارە:** لەتلەت؛ **تارومار:** تەرتوتونا.

**پوختەی مانا:**

گوتمان ئـەگەر سـەرەتیرێك لە کەوانی برۆوە وەناوەندی دڵکەوێ، دڵ دەسـت لەگیان دەشـوا تیرێك لە کەوانەوە واتا ئەگەر گۆشەی تاکە چـاوێکمان بداتێ. ئـەدیئـەگەر یار چـاومان پێ هەڵێنێو بە هەردوك چاوە مەستەکانی لێمانبڕوانێ، ئەوسا دوتیر بەرەو هەناومان دێنونیشانەش ئەپێکن. چونکە میزان کراونو سێرە پێگیراون. ئەو کاتە جگە لەوە دڵ دەسـت لەگیان دەشـوا، هەم جەرگیش لەتلەت دەبێو هەم سینگو هەرچی لەبن سـەرپۆشـی سـنگدایە، دادەفـەتێو تەرتو تونا دەبێ.

**١٠ خون ژمیلاکێ بدەربا خەنجەرێ گەربیتە دەر**
**بو شەهیدی عیشق ئیدی دێ ژکو هشیار بت**

**مانای وشە:**

**خون:** خوێن؛ **میلاك:** جەرگو هەناو؛ **دەرب:** لێدان؛ **شەهید:** کوژراوی رێگەی راسـت، (یان، کوژراوی خۆشەویست)؛ **ئیدی:** ئیتر؛ **ژکو:** لەکوێ؛ **هشیار:** لەسەر هۆش.

**پوختەی مانا:**

ئەوانەی بەدەردی ئەوین دوچار نەبونو ئاگایان لە حاڵی من نیە، لۆمەم دەکەن کە بۆچی هۆشـت لەسەر خۆتنیە؟ بۆوڕاوەدەکەی؟ بۆباسی زوننارو شەرابو مەراب دەکەی؟ کورە ئـاخر کەسـێکی بەخەنجەری تازەسـاوی گۆشـەی برۆومژۆڵی دڵبەرێکـیوا نازدار جـەرگو هەناوی کەوتبێتە

دەشتەوەو بوبێتە شەهیدی ڕێگای ئـەوین؛ چـۆن دەتانەوێ هۆشـی دنیای دەسـەردا بمێنێو وەك ئێوەی بێ خەبەر پێتان خۆشە، بتان دوێنێ؟؟!

**١١ دێژوان لەعلان شفایی دل بقانون تەلبە کت**
**دا ئیشارەت خۆش بکن هەرچی کەسی بیمار بت**

**مانای وشە:**

**دێ:** لازمە، واباشە؛ **ژوان:** لەوان؛ **لەعل:** گەوهەرێکی ڕەنگ ئاڵە شاعیران لێوی ئاڵی گەشی یاریان، پێ شبهاندوە؛ **شفا:** لە نەخۆشی چاك بونەوە؛ **قانون:** ڕێوشوێن؛ **تەلبە:** داوا؛ **کت:** بکـات؛ **ئیشـارەت:** دوان بەدەست یا بەچاو؛ **خۆش:** ساغ؛ **بکن:** بکەنەوە؛ **بیمار:** نەخۆش‌و لەش‌بەبار.

نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ، کە «ئـەبوعەلی‌سـینا» یان «ابن‌سـینا»، بۆ حـەکیمی زانین لە هەمو کەس بەناوبانگتر بوەو بە نمونەی حـەکیمی هەرە گەورە، ناوی هاتوە. ئـەبوعەلی سـینا، سـێ کتێبی بەناوی: «ئیشارات»، «قانون»، «شفا» نوسیوە. مەلا ناوی ئەو کتێبانەشـی بردوەو هەریەك لەوناوانە دوجـار دەبێ مانایان لێدرێتەوە.

**پوختەی مەبەست:**

ئێمە کە تائێستا هەر باسـی تیر وەدڵ کەوتن‌و جـەرگ لەتبون‌و هەناو بەخـەنجـەر دەر هاتنمان کرد؛ نابێ لامان وابێ کە دڵبەر هەر وازی لە جزیادان‌و کوشتن‌و بڕینەو دڵخـۆشی بە دیمەنی زام‌و برینە. نەخێر یار هەروەك دەردمان بۆ دەنیرێ دەرمانیشـی لەلایە. ئـەو بریندارو لەش بەبارەی کە باری گرانی دڵداری لەسـەرشـانەو باری هەژاری لەسـەر لێوانەو هێندە دەردی گرانە، کە بەکتێبەکانی ئەبوعەلی سینا، ئیشارات‌و شفاو قانون چاری نایە. چـاریان والای جـوتە لێوی ئـاڵی بەرەنگـی لاڵن. بزەیەکی ئـەولێوانە، دەرمانی هەمو دەردانە. هەرکەسـێ دەردەدارە، بالەبەر ئـەو لێوانە بپاڕێتەوە تا لەش‌ساغی بەسەر بگرێتەوەو لە هەمو کەس چاکتر بێتەوە.

**١٢ بولبولی مەجروحی عیشقێ تاقەتا خاران نهن**
**دێ کولاڤا ڕیشی‌سینە بشکوەك بێ خار بت**

**مانای وشە:**

**مەجـروح:** زامدار؛ **کولاڤ:** چنگـورکی باڵندەی ڕاوکەر؛ **ریش:** زام؛ **بشکـۆ:** خـۆنچەگوڵ (یان، گلوکی داری بەری)؛ **خار:** درك؛ **تاقەت:** تابشت؛ **نهن:** نیە.

**پوختەی مەبەست:**

دەست لە لۆمەم هەڵگـرن. بولبولێکـی کە دڵی زامداری تیری ئـەوینە، هێندە دڵناسـك بوە، کە

تاقەتی تێڕاچونی دڕوی سەرکۆنەو لۆمەی ئەغیاری پێوە نەماوە. بەڵکو ئەگەر خۆنچە گوڵێکی بێدڕکیشی، وەسینگی کەوێ، وەك بەچنگورکی باڵداریکی گۆشتخۆر لێیدرابێ، دەروشێ. واتا، گوڵیشیوێ کەوێ بریندار دەبێ. لێرەدا چیرۆکی مەنصوری هەلاجمان بیر دەخاتەوە. کە خەڵك بەردو تیریان تێدەگرت. جونەیدی بەغدادی کە هەواڵو هاودەردیبو، خونچە گوڵێکی پێدادا. هاواری کرد. گوتیان: بۆتیر ناناڵی، چۆن لەگوڵ دەناڵی. گوتی گوڵێك دوست پێتدا بدا، لە هەزار تیرو شیری بێ خەبەران بەژانترە.

١٣ هەر دڵێ بازی صیفەت دێ صەیدێ تەیهو نك وەبێ
فەررو پەروازی هومایو پەنجەیی شنقار بت

**مانای وشە:**

**بازی:** بازی راوێ **صیفەت:** رەوشتو ئاکار؛ **دێ:** بێشك؛ **صەید:** نچیر؛ **تەیهو:** سوێسکە؛ **نك:** کن؛ **وە:** ئێوە؛ **فەرر:** شکۆو گەورەیی؛ **پەرواز:** فڕین؛ **هوما:** پیرۆزە، باڵداری بەختەوەری؛ **شنقار:** شمقار، کە وەك باز دەچێو لەباز گەورەترو بەهێزو گورتترەو لەراو چابكترە.

**پوختەی مەبەست:**

هەردڵێکی کە ئاکاری لەناو خەڵکا، وەك ئاکاری بازەدەناو مەلانداو چاوی لە بەرەژور چونەو بەرزە فڕو بەدەمارەو ڕێگەی خۆی باش شارەزایە؛ حەزو منە دەکا کە تەنانەت بۆسوێسکەیەکی ئاستانەی توش بێتەنێچیر، هەر ئەوەندە لە توزنیك بێو جارێك چاوی پێت بکەوێ. چونکە دەزانێ نێچیری بەردەستی تو حەتتا ئەگەر سوێسکەیەکیش بێ، شکۆو پایە بەرزی پیرۆزەی پیرۆزو هێزو گورو چابکی شمقاری وەگیر دەکەوێ.

١٤ یار دێ حاکم بتن قەولی رەقیبان گوهنەکت
شاهی مولکی دلبەری دێ فاعیلەك موختار بت

**مانای وشە:**

**بتن:** بێ؛ **دێ:** دەبێ؛ **قەول:** گفت؛ **رەقیب:** چاو نەزێرو شوفار؛ **گوهنەکت:** گوێچکە؛ **نەکات:** نەکات؛ **فاعیلی موختار:** خاوەن دەسەڵاتی بێپرسورا. هەرچی بیەوێ بیکاو کەس نەتوانێ چۆنو بۆچی پێبڵێ.

**پوختەی مانا:**

شکایەتم لەوانە نیە کە لای یار خراپەم دەڵێن. بۆرە گلەییم لە یارە، کە بۆچی ڕێگا دەدا لای ئەو خراپی من بڵێن. ئەویارە کە هەر خۆی حاکمە و دەبێ حاکمی مولکی دڵبەری کاران بە کەیفی

خۆی بکاو گوێ نەداتە بوڵەو شەیتانی کردنی کەس.

**١٥ دل بەظولمێ ناسوژێ غەنجو خەتو خالن ددل**
**خەیرخواهی دەولەتێ میری ژوان گوهدار بت**

**مانای وشە:**

**ناسوژێ:** ناسوتێ؛ **غەنج:** ناز؛ **خەتو خال:** خاڵومیل؛ **خەیر خواه:** چاکە خواز؛ **گوهدار:** گوێدێر.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر گازندەم هەیەو خۆم ناوناوە دڵسوتاوی ئەوینێ، مانای ئەوە نیە زوڵمو ناهەقیەکم لێکرابێ. نەخێر، دڵیمن کە پڕە لە نازو خەیاڵی خەتو خاڵیدڵبەر و ئەوانەش هەموی خێرو خۆشین؛ ئاگرو سوتان ناتوانێ روبکاتە دڵمەوە لەبەر ئەوان. بەڵام خۆ دیارە نازو جوانی ئەو کە خەیاڵیان لە دڵمایە، پایەداری ئەو جوانیە دەخوازنو بۆ خونکاری موڵکی عیشق، خێر خوازن، باگوێ لەوان بگرێو ئەو دڵەی کە هێلانەی نازو خۆشەویستی خەتو خاڵی ئەوە توزێك بلاوێنێتەوە.

**١٦ تەیریدل بێ توعمەیەك (یان، بێتەمعەیەك) نایێتە دەست شەهزادەیان**
**قوشچیئێ شاهین ددەستێ دێ دبێ ئازار بت**

**مانای وشە:**

**تەیر:** باڵدار، مەل؛ **توعمە:** چێژە؛ **تەمعە:** تەماح؛ **قوش:** باشوکە: **قوشچی:** بازەوان؛ **دێ:** لازمە، پێویستە؛ **دبێئازاربت:** بێئازاربێ.

**پوختەی مانا:**

شازادەو نەجیمزادەکان، لە راوکردنی مەلاندا، رێو شوێنیان وایە کە تەماح وەبەر مەلان دەنێنو چێشکەیان دەدەنێ تا بکەونە داویانەوەو راویان بکەن. بازەوانی شازادان، کە بازیان شاهێنی لە سەر دەستە، دەبێ مەلی راوکراو ئازار نەداتو بە نەژاکاوی بیداتە دەست ئاغاکەی خۆی.

جا کە منو دڵم بە خۆشی خۆمان بوینە نچیری خەتو خاڵو ئاڵووالای تو، پێویستە توش لە رێوشوێن کەنار نەگری. تەماحێکمان وەبەر بنێی. تامی دەمی دڵمان بەگفتێکی شیرن خۆش بکەی. کارێك بکەی کە ئازار نەبینینو بەدەستی نەزانانەوە نەژاکێین.

**١٧ بەندەیی باخۆی بەقێت دێ مەیلی سیمو زەر نەکەت**
**داعەتایا پادشاهان بێحەدو ئەژمار بت**

**مانای وشه:**

**بەندە:** کوێلە؛ **باخوی:** خودا، خـودان؛ **دێ:** پێویسـتە؛ **سیمو زەر:** زێوو زێڕ؛ **عەتا:** بەخشش؛ **پادشـاه:** خونکار؛ **حەد:** سنور؛ **ئەژمار:** ژمارە.

**پوختەی مانا:**

وادیارە مەلا لەوەندە داوایەشی لەیار پەشیمان بوتەوە. دەڵێ من کوێلەم. کوێلەش ئەگەر خودایان خودانیخوی بوێ، نابێ زێڕو زێوو دنیاو خوشی خوی‌لێداواکا. چونکە ئەو دەمە بو خوشەویستیە خالیسەکەی شـەریك پەیدا دەکا. ئـەگەر کوێلە هیچـی داوانەکردو هەر بو رەزای خـاوەنی کاری کردو چیتری نەگرتە بەرچاو، لەلای خـونکاری خـاوەنی زور بەرێز دەبێو بەخششـی لەسـنورو هەژمار بەدەری بەسەردا دەبارێنێو لەخەمو پەژارەی دەردێنێ.

**١٨ سار دبت دل ما بصەد جەورو جەفایان ذەررەیەك**
**عیشق طەبعەت نارە هنگیدێ بچت دژواربت**

**مانای وشە:**

**سار:** سارد؛ **دبت:** دەبێ؛ **ما:** مەگەر؛ **ذەررە:** توزقاڵ؛ **طـەبعـەت:** مزاجو تەبیات؛ **نار:** ئـاگر؛ **هنگـی:** هەرچەندە؛ **دێبچت:** خەریكبێ، بەردەوام بێو پێوەبچێ؛ **دژوار:** چەتونو سەخت.

**پوختەی مانا:**

جا ئەوە گوتیشم ئازار دەبینم. جا ئەوە پاڕاشمەوە کە گوێ بو شـوفارو چـاونەزێران مەگرە. بەڵام ئایا ئەگەر صەد ئـەوەندەش ئـازارو دەردبچێژم، مەگەر دڵم لەئـەوین سِـارد دەبێتەوە؟ نەخێر توزقاڵێکیش چیە، سارد نابێتەوە. چونکە مزاجی ئەوین ئـاگرینەو بڵێسـەی ئـاگر هەتا بچـێو بەردەوامبێ، بەرزترو بەتینترو دامرکانی دژوارترو سەختتر دەبێ.

**١٩ لەشکری عالەم مەگەر یەکسەر تەدوژمن بن «مەلا»**
**غەم بەمویەك ناکشینی گەر تەدلبەر یاربت**

**مانای وشە؛**

**مەگەر:** گریمان، فەرزەن؛ **یەکسەر:** سەرلەبەر، بەگشتی؛ **تە:** لەتو؛ **غەم:** کەسەر؛ **ناکشـینی:** ناکێشـی؛ **تە:** تو.

**پوختەی مانا:**

مەلا گلەیی کردن لە لومەکەرانو لە جـەورو ئـازارکێشان، شـتێکی زیادە. تو کە دڵت داوە بەو

دڵبەرە، گریمان تەواوی هۆردوی دنیا بێتە دوژمنت. تۆ لەخۆشی ئەوینداریەکەت قەت بەقەد تۆزقاڵێکیش خەم ناخۆیو کەسەر هەڵناگری. پیاو یاری وای هەبێ چۆن گوێ بە دەردو ئازار دەدات؟

«مەحوی» دەفەرموێ:

لەسەرتۆم دوژمنە دنیا قەضیّە مانیعول جەمعە

کە تەرکی تۆنەکەم تەرکی هەمو دنیا نەکەم چبکەم

## قصیدەی شازدەهەم

# ئیکسیری ئەوین

١ قەلبیٚمە شوبهی زێر ژفەیضاتە جەلا گرت
ما روسیەهو صیفرصیفەت رەنگی صەفا گرت (یان، رەنگی صەدا گرت)

**مانای وشە:**

**قەلب:** دلٚ؛ **قەلب:** قەلٚبو بەدەلٚ؛ **شوبە:** وەك؛ **فەیض:** بەرەکەت؛ **جەلا:** مشتومالٚ؛ **صیفر:** مس؛ **صەفا:** صافیو روٚشنی؛ **صەدا:** ژەنگ؛ **ما:** ئایا؛ **ما:** مایەوە.

**مانا بە تێکڕایی:**

دلٚی ئێمەی قەلٚبو دەغەزدار، کە وەکو مسی ژەنگاوی لەژێر باری گوناهان دا رەش هەلٚگەڕابو، ئێمەی توشی روەرەشی کردبو. لەئاوڕوێدانی پڕ بەرەکەتی توٚرا، وەکو زێڕی مشتو مالٚ کراوی لیٚ بەسەر هات. (یان، ئاخوٚ قەت رویداوە شتێکی مسئاسایی رەش هەلٚگەڕاو ببێتە زێڕی صاف؟ بەلٚیٚ دلٚی من ئەو مس ئاساییەبو کە لە بەرەکەتی توٚوە کراوە بە زێڕی بیٚ خەوش.

٢ تەشبیە بجەدوەل مە دنیڤ ئاتەشی عیشقیٚ
دل قەلبیٚ حەقیقەت بتو ئیکسیریٚ هەما گرت

**مانای وشە:**

**تەشبیە:** وێچون؛ **جەدوەل:** جۆگەلەیبچوك؛ **نیڤ:** ناوەند؛ **ئاتەش:** ئاگر؛ **عیشق:** ئەوین؛ **قەلب:** وەرگەڕان؛ **حەقیقەت:** راستینە؛ **هەما:** بەهاسانی، هەروەها.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئێمە دەناو ئاگری ئەویندا تواینەوەو وەك ئاوی ناو جوگە ڕەوان بوین‌و دڵمان کەوەك مسی ژەنگاوی‌و ڕەش وابو، وەرگەڕا بە تواوەیەکی بێ‌خەوش‌و ئەوسا بەهاسانی ئیکسیری ئاوردانەوەو بەزەیی توێ وەرگرت‌و کرا بە زێڕی صاف‌و دورلە قەڵبی‌و دەغەڵی.

**٣ سالیك کی‌یە؟ هاتی ژمەجازی ب حەقیقەت**
**صورەت نەشوناسی‌یو بەمەعنی نەفەنا گرت**

**مانای وشە:**

**سالیك:** ڕێڕەو، ڕێبوار؛ **هاتی:** هاتو؛ **مەجازی:** ڕواڵەتی؛ **صورەت:** شکڵ؛ **مەعنا:** ناوەڕۆك؛ **فەنا:** لەناوچون، تێداچون.

**مانا بەتێکڕایی:**

ڕێڕەوانی ڕێگەی خوداناسین کێن؟ ئەوانەن کە بەئەوینی دنیاییەوە گیرۆدەبون‌و لە جوانیەکی کە خوا بە دڵبەرانی داوە، کەوتونەتە سەر ئەوینی ئەو جوانی دەرەو بونە دڵداری خوداو ئەوسا بە تەواوی لەناو ئەوینی خوایی‌دا، تواونەوەو هەروەك نەبوبن، وایان بەسەرهاتوە کە پێیان دەڵێن «فەنا فی‌اللا» بون. بەڵام ئەو کەسانەی کە هەر بەدەم دەڵێن خواناسین، بەڵام نەخودایان لەشکڵی جوانان دا دیوەو نە بەباطن گەیشتونە تاوانەوە لەئەوینی خودایی‌دا بەڕێڕەو حیساب ناکرێن.

**٤ تەنها نەلمن لامیعی حوسناتە شەفەق‌دا**
**عالەم بخوەوێحوسنو جەمالێ دخوەدا گرت**

**مانای وشە:**

**لامیع:** بریقەدەر؛ **حوسن:** جوانی؛ **شەفەق:** روناکی کەنارەی عاسمان؛ **شەفەق:** بەزەیی؛ **عالەم:** جگە لەخوا هەموشتێك.

**مانا بە تێکڕایی:**

من وتم لە بەرەکەتی توٚ، مسی ڕەش‌و ژەنگاوی بوم، بومەزێڕی صاف. گوتم صوٚفی بەراستی کەسێکە توٚلەروی دڵبەراندا بەدی دەکاو دەبێتە عاشقی خوٚت‌و لەتوٚدا، دەتوێتەوە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە هەرمن هەستم بەجوانی تو کردبێ‌و بەس. هەرچی هەیەو ئافەریدەی توٚیە وەکو من، بریقەی جوانی توٚی دیوەو جوانی‌و دڵرفێنی توٚ، هەمو دنیای داگرتوەو توٚی کە بەزەت بە

کەسێکدا بێت، لە ئەوینی رواڵەتەوە دەیخەیە سەر ئەوینی راستینی خواپەرستیو دەیتاوێنیەوە.

٥ تەیغون دەدەستیتە زەهی دەولەتو ئیقبال
هەرچی تەبری دام دتۆرا خوەهوما گرت

**مانای وشە:**

**تەیغون:** وادیارە مەلێکی دەشتی بێت کە راو دەکرێ. بەڵام من لە فەرهەنگاندا، نەم دیتەوە. وا بیردەبەم، تەیهو بێ کە تەیهو بە سوێسکە دەڵێن...؛ **زەهی:** های لەو، ئای چەند؛ **دەولەت:** بەخت؛ **اقبال:** روداو، بەخت؛ **دام:** داو؛ **تۆڕ:** داوی بەگەوی هەراو؛ **هوما:** پیرۆزە. کەمەلێکی ئەفسانەیەو گوایە سێبەر لە هەرکەس بکا، دەبێتە فەرمانڕەوا.

**مانا بە تێکڕایی:**

سوێسکە بکەوێتە ناو دەستی تۆ دەبێ بە بەختو سەرکەوتنی خۆی بنازێ. هەرچی بە داوی تۆ بگیرێو بکەوێتە تۆڕی تووە، خۆی بە هوما دەزانێ. دەیسا چلەوە خۆشترە، پیاو گیرۆدەی داوی تۆ بێ.

٦ جانێ خوە مەکر دانەیی داڤا کوڤەدایی
ئاهو صیفەت ئەو پێ حەسیا راهی خەطاگرت

٧ عەنقا نەشکارا کەسە داڤان تو بچین ڤەر
داڤا کو لعەنقا توڤەدی بادی هەوا گرت

**مانای وشە:**

**جان:** گیان؛ **دانە:** دەنك؛ **ڤەدایی:** نراوەوە؛ **ئاهو:** ئاسك، مامز؛ **حەسیا:** هەستی کرد؛ **خەطا:** هەڵە؛ **خەطا:** مەڵبەندێکە؛ **عەنقا:** سیمرغ؛ **شکار:** راو؛ **بچینڤەر:** هەڵ بچنەوە، کۆکەرەوە؛ **بادی هەوا:** خۆرایی و هیچ.

**مانا بە تێکڕایی:**

ئێمە بەتاسەوە ویستمان گیانمان بەو دانەو داوەوە بکەین کەنراوەتەوەو ببینە نێچیری تۆو بەبەختی خۆمان بنازین. بەڵام بەداخەوە گیانمان وەك ئاسکی سڵ، بەبێ ئەوە بزانێ ئەو دەداو کەوتنە، چەند مایەی بەختەوەریو شانازیە؛ هەر هەستی بەداوکرد رەویەوەو خۆی گەیاندە مەڵبەندی خەطاو رێگەی هەڵەی گرتەبەرو لەقەی لەبەختی خۆیدا، ئێمە بەهەڵە چوبوین، کە بە خەیاڵی خۆمان، دەتوانین ببینە نێچیری بەردەستی تۆ. واتا ئێمە داومان دەنایەوە کە ئەو

بەختەوەریەمان دەسکـەوێ. بەڵام زۆر بەهەڵە چـوبوین. هاتنە ناو تۆڕی‌تۆ، وەك ئـەوە وایە، کە ئێمە سیمرغ بەداو بگرین. دەیسـا داوو بەهانە کۆ کەرەوە سـیمرغ بۆتۆ ناگیرێ‌و هەرکەس داو بۆ سیمرغ بنێتەوە هەربا بەدەسـتو دەم لەپوش دەبێ... خـودا ئـەگەر بۆخـۆی ئیرادە نەکا، بەندەی لەخۆی نزیك بکاتەوە، هەمو فێڵ‌و ئاواتی بەندە بەخۆڕایی دەچێ.

**٨ هەرکەس سەحەرێ طالبی تشتەك ب چەمەن هات**
**هن سوسن‌و هن سونبول‌و هن زولفی دوتا گرت**

**مانای وشە:**

**هەرکەس:** هەمو کەس؛ **سەحەر:** بەرەبەیان؛ **طالب:** داخواز؛ **تشت:** شـت، چـت؛ **چـەمەن:** مێرگ، چیمەن؛ **سوسن‌و سونبول:** سویسنەو سمڵ دو گوڵن؛ **زولف:** کەزی؛ **دوتا:** دولایەنە.

**مانا بە تێکڕایی:**

بەختەوەری‌و بەش‌و بەهرە، لە خـواوەیە. هەمو کەس لەسـەرەتادا، لە بەرەبەیانی هەبون‌و ژیاندا، بەئـاواتی شـتێکەوە کە تاسـەی گیانی بشکێنێ رویان کردە مێرگ‌و چیمەنی دنیاوە. هێندیکیان سوێسنەو هێندێك سمڵیان چنی‌و هێندێك دەستیان لەدولاوە بەکەزی یارەوە گیرساوە.

«نالی» شاعیری گەورەمان لەم بارەوە دەڵێ:

سەهم‌و نەصیب ئەصڵیە، باسی گیاووگڵنیە  توتنە خەرجی سوتنە مۆدنە ماچی لەب دەکا

**٩ دەستێ مە سەحەر گرت‌و برین سەیرێ حەبیبێ**
**فی‌الحال رەقیبی ژحەسەد لەرزەووتا گرت**

**مانای وشە:**

**سەیر:** گەران‌و تەماشا؛ **حەبیب:** خۆشەویست؛ **فی‌الحال:** دەستەو لەجێ؛ **رەقیب:** چاونەزێر؛ **حـەسـەد:** ئێرەیی؛ **لەرزەووتا:** نوبەتێ.

**مانا بە تێکڕایی:**

یاری خـۆشەویسـت، لەو بەرەبەیانەدا بەزەی بەمنا هاتەوە، لاواندمیەوە، دەسـتی گرتم‌و بردمیە گەڕان‌و تماشای گوڵان. دوژمنی چاو نەزێر هەر کە ئـەمەی دیت، لە داخـان‌و لە بەغیلی‌و ئێرەیی نوبەتێی هاتێ‌و دەلەرزی. لیرەدا مەلا، چیرۆکی ئادەم‌و حەوامان دەخاتەوە بیر کە خودا بەهەشـتی پێدان‌و شەیتان فریوی‌دان‌و توشـی نەگبەتی ژیانی سـەردنیای کردن. کە ئـەم مەبەسـتە، لە شیعرەکانی دوایی‌دا پتر رۆشن دەبێتەوە.

١٠ لەو کەبکی خەرامان کو دکۆزێ لقەبو هات
شاهێنی قەضایێ بتەغافول ژخوە راگرت

مانای وشە؛
کەبك: کەو؛ خەرامان: بەلەنجەولار؛ کۆز: حەشارگە؛ قەبو: قاسپە؛ قەضا: حوکمی خودا؛ تەغافول: خۆگێل کردن.

مانا بە تێکڕایی:
ئەو کەوەکە لەخۆشی نزیکبونەوەی لە خۆشەویست، کەوتبوە لەنجەو لارکردنو دەحەشارگەدا، دەیقاسپاندو تەواو خۆی لەبیر کردبو. پەنجەی قەضا ـ وەك شاهێن کە دەکەو رۆ دەبێ ـ رۆی بۆیەو گرتیو بردی.

١١ زینهار کەسی دەست بەبت ئەرقەمی سەروێ
بێ عیشوەیی لەعلان نە بتەسلیم ژها گرت

مانای وشە:
زینهار: دەغیلە؛ ئەرقەم: ماری جنجیر؛ سەرو: داری سەوڵ؛ عیشوە: ئیشارەتی بەنازەوە؛ تەسلیم: خۆ بەدەستەوە دان؛ ژها: هەژدیها.

مانا بە تێکڕایی:
دەغیلە هۆشتان لە خۆتان بێ. هەرکەسێك بە هەرپایە یەك بگات، ناشێ لە خۆی بایی بێتو جگە لە خۆتەسلیم کردن بەیارو چاوەنۆڕی کردنی فەرمان لە لێوە لەعلەکانی، هیچ کارێك ئەنجام بدات. ئەو کەسەی دەستی دەگاتە زلفی یار کە وەك ماری جنجیر لەو بەژنو باڵای وەك سەوڵەی هاڵاوە ـ ئەگەر بەبێ ئاگاداریو ئیشارەتی لێوی یار بێ، وەك ئەوە وایە کە خۆی گیرۆدەی هەژدیها کردبێ. لێرەدا شاعیر یادێك لە مارەکەی بەهەشت دەکا، کە شەیتان کردیە جاشی خۆیو بابە دەمی پێ فریودا.

١٢ صەبرێ بەری شیرینە وەئوستادی خەبەردا
لەو دل مەبە تەحلییو غەمان خورەمو شاگرت

مانای وشە:
صەبر: پشو لەسەر خۆیی؛ لەو: بۆیە؛ تەحلی: تاڵی؛ خورەم: خۆش؛ شا: شاد.

**مانا به تێکڕایی:**

ئێمەی کە دەستمان گەیشتبوە زولفی یارو لە باخچەدا دەستی گرتبوین‌و سەیرانی پێ دەکردین‌و قەدری ئەو نیعمەتەمان نەزانی‌و لەخۆمان بایی‌بوین‌و ملمان لە نافەرمانی ناو بێ ئەوە گوێ بدەینە ڕێو شوێنێك کە یار بۆی دیارێ کردبوین، بزوتینەوە. لەجیاتی زولف ـ کە وەك مار لە بەژنی یار هاڵابو ـ بێتە بەردەستمان، بوینە گیرۆدەی هەژدیهای دەردو بەڵایان. بەڵام بە فەرمودەی مامۆستا صەبرو، پشو لەسەر خوێی با تاڵیش‌بێ، بەری شیرین ئەدات. وابۆیە ئێمەش دڵی خۆمان بەتاڵی‌و خەمانەوە خۆش کردوەو چاوەنۆری ئەو بەرە شیرینەین کە داری صەبر بیدات.

**١٣ هەر نەشتەرو شۆکێن کو حەبیبێ‌مە لدلدا**
**من یەك بەیەك‌و تێك لدەردێ خۆە شیفا گرت**

**مانای وشە:**

**نەشتەر:** تیخی برین درێن؛ **شۆك:** درك‌و چقڵ؛ **تێك:** هەموی بە تێکڕایی.

**مانا بە تێکڕایی:**

بە هومێدی ئەو دەمەی کە داری پشو لەسەرخوێی، بەری شیرینم بۆ بدات؛ وامن هەر نەشتەرو درکێك کە لەلایەن یاری خۆشەویستەوە چەقاوەتە دڵمەوە، بە مایەی خۆش بونەوەو چاك بونی دوارۆژی دەزانم.

**١٤ عاشق ژغەمێ سایەی وێ جامێ طەلەب کر**
**پر عەقلێ ددێرت مە ژقسمی حوکەما گرت**

**مانای وشە:**

**عاشق:** ئەویندار؛ **سایە:** پەنا، پەسیو؛ **وێ جامێ:** ئەو پیاڵەیەی؛ **پر:** زۆر؛ **ددیرت:** وەدی دێنێ؛ **حوکەما:** هۆزانان.

**مانای تێکڕا:**

ئەو عاشقە، پەنای لەو پیاڵەی غەم هێنە داوا کردو هانای پێبرد. لێت رون بێ زۆر عاقل‌و زانایەو ئێمە ئەو دەرسەمان لە شارەزایان‌و هۆزانان وەرگرتوە. غەم خواردن لەرێگەی عیشق‌دا، دڵ پڕدەکا لە عەقل‌و زانایی.

١٥ صەفصەف نەتنێ گەزمە دبارن ژکەڤانان
دل کاکولو زولفان دکەمەندێ بتەبا گرت

**مانای وشە:**

تنێ: بەتەنیا؛ گەزمە: تیر؛ کەڤان: کەوانی تیر هاویشتن؛ تەبا: پێکەوە.

**پوختەی مانا:**

ئەو خەمەی کە ئێمە بەدڵ ویستومانەو خۆمان داوەتە ژێر پەنایەوە، لەچەند لاوە دەوری داوین. تیری مژۆڵ لەلای کەوانی برویانەوە بۆمان دادەبارن. جا نەك هەر ئەوەندە، بگرە کاکۆڵو کەزیش بە جوتە دڵمیان لەناو کەمەندا شەتەك داوە.

١٦ دێوانە هەرێ تێتە دڤێ سسلەو بەندێ
کو موستەحەقە خوسرەوی خوبان بجەزا گرت

**مانای وشە:**

دێوانە: شێت: هەرێ: بێگومان، چاری ناچار؛ تێتە: دێتە؛ دڤێ: دەنێو ئەو؛ سسلە: زنجیر، سسڵە؛ بەند: بەستن؛ موستەحەقە: رەوایەتی؛ خوسرەو: پاتشا؛ خوب: جوان چاك؛ جەزا: سزا، جزیا.

**مانا بە تێکڕایی:**

ئەوکەسەی شێتی دەستی ئەوینە، بێگومان دەبێ لەشی گیانو دڵی بخرێتە ناو ئەو زنجیرەی زولفانەوەو شەتەك درێ. سەرداری جوانچاکان، سزای ئەوانەی لە ئەوینی ئەودا شێت بون، لە زنجیر شەتەکدانی دا ناوە.

١٧ پەیوەستە دوفێرس ژمەرا دابەرزین دل
زولفان بەچەپو راست لئۆغلمە جەما گرت

**مانای وشە:**

پەیوەستە: پێکەوە نوساو؛ پەیوەستە: هەمیشە؛ فێرس: ئازا لە شەڕو کوشتاردا؛ دابەرزین: هەڵکوتانە سەر، راسان؛ ئۆغلمە: تێکەڵ بەیەکبونی شەڕ کەران؛ جەم: تەنیشت، کن؛ جەما: کۆ، توپەڵ.

**مانا بە تێکڕایی:**

دو برۆی پەیوەستو پێکەوە نوساو، یاخۆ بەبێ وچان دو برۆکانی ـ کە لە دڵدار کوشتن زۆر ئازاو بەکارن ـ هەڵیان کردە منی دیوانەی دڵداری، کەبمگرنو بەسزای خۆم بگەیەننو لەناو زنجیری

کەزی‌و بسکاندا، بەبەستنەوە. کەزیەکانیش لەراستەو چەپەوە هاتنە نزیك بسکانەوەو لە گرتنی مندا یاریدەیان دەدان‌و لەو ناوەدا پەلەقاژەو خۆراپسکانی من‌و هێرشی ئەوان مەیدانی جەنگی مەغلوبەی پێك هێنابو.

## ١٨ قەوسی دو هیلالان کو لسەر بورجی ئەسەد بت بوشوهرە دعامی عەمەل ئەنگوشت نوما گرت

### مانای وشە:

**قەوس:** کەوان؛ **هیلال:** مانگی یەکشەوە؛ **ئەسەد:** شێر؛ **بورجی ئەسەد:** چەند ئەستێرەیەکن، کە لە دورەوە وەك شکلی شێر دیارن‌و پێنجەمین قۆناغی مانگانەی خۆرە؛ **شوهرە:** ناوکردو؛ **عامی:** مەردمی رەمەکی؛ **عەمەل:** کار؛ **ئەنگوشت:** قامك؛ **ئەنگوشت نوما:** بە ئیشارەی قامك نیشان‌دان.

### مانا بە تێکڕایی:

ئەم بگرەو بەردەو هێرش‌و راسانی بروێان‌و پەلامار‌دانی زولفان، بۆ شەتەك‌دانی دڵی منی‌دڵدار لە زنجیردا ـ کە وەك مەیدانی جەنگی مەغلوبەوابو ـ کارێکی ئەوەندە سەرسوڕێن‌و سەیربو کە مەردمی رەمەکیشی هێنابوە سەیرانی. بەڵام عەجایبە کە لە گرتنی مندا نەبو؛ لەوەدابو کە دەیان دیت کەوانەی دومانگی یەکشەوە پێکەوە لە بورجی ئەسەددا خۆیان نیشانداوە. چونکە بورجی ئەسەد مەنزڵگای روژە نەمانگ. دو مانگی یەکشەوەش هەرگیز بەیەکەوە لە ئاسۆ نەبینراون. ئەم روداوە هەمو مەردمی سەرسام کردبو، بە قامك ئیشارەتیان بۆ دەکرد. مەبەستی شاعیر لە بورجی ئەسەد، ناو چاوانە. «اسد» بە حیسابی ئەبجەد شێست‌و پێنجە. «جبین» کە بە عارەبی بە تویڵ دەڵێن بەو حیسابە شێست‌و پێنجە. هەروەها «هنی»: هەنی کە بە کوردی بەتویڵ دەڵێن، شیست‌و پێنجە. کەوابو پوختەی ماناکە ئەمەیە: دو بروی کەوانی کەوەك مانگی یەکشەوە لەسەر تویڵی یاری نازەنین دیاری دەدا، خەڵك هەمو حیکایەتی لەتبونی مانگیان وەبیر هاتەوە کە بە موعجیزەی پێغەمبەر لە ئیشارەتی قامکیەوە، لەتبو. بۆیە ئەم دیدارە، ناوبانگی بەناو خەڵکا بڵاو بۆتەوە.

## ١٩ شیعراتە «مەلا» سیحری شەکەرریزە بە موعجیز زانم ژلەبێ لەعل تەئەڤ لەفظو ئەدا گرت

### مانای وشە:

**سیحر:** جادو؛ **شەکەر ریز:** شەکر هەڵرێژ؛ **موعجیز:** موجزات؛ **زانم:** دەزانم؛ **لەفظ:** ئەو قسەی لەدەم دەردەچێ؛ **ئەدا:** دەربڕینی وشە.

**مانا بە تێکڕایی:**

ئەی مەلا، شیعری تۆ موجزات دەکاو سیحرێکە شەکری لێ دەباری. دەزانم شـیعری‌وا، لە وزەی خۆتی تەنهادا نیە. لە خـــۆشی‌و یادی لێوی ئـــاڵی وەك لالێ ئـــەو قســـانەت بۆ هاتوە. دیارە ئیشارەتێکیشی بۆ ئەو ئایەتە تێدایە کە فەرمویە: وادەبێ دەربڕینی‌وتە کاری سیحراوی دەکا.

شاعیری خوا لێ خۆشبو «سالم» دەڵێ:

هەمو ئەشعاری دوشینم بەیادی لێوی نوشین بو

دەچەسپا لێو بەسەر یەکدا حیکایەت بەس کە شیرین بو

## قصیدەی حەقدەهەم

# «یار ئاگادارە»

**١ مەحبوب ددڵدا مەبە ئەڤراز چحاجەت؟**
**عەنقا ب خوە بێتن فرو پەرواز چحاجەت؟**

**مانای وشە:**

**مەحبوب:** خۆشەویست؛ **ئەڤراز:** هەوراز؛ **ئەڤراز:** هاوراز؛ **حاجەت:** نیاز؛ **عەنقا:** سیمرغ؛ **پەرواز:** هەڵفرین؛ **پەرواز:** باڵ لێك کردنەوە.

**مانا بە تێکڕایی:**

یاری خۆشەویست، لەناو دڵدا جێگیر بوە. پێی ناوی بۆی بڕوانمە بەرزایی عاسمان، (یان، بەهەورازو ڕێگەی دژواردا بۆی بگەڕێم). سیمرغێك کە ئاواتی من‌بو بی‌بینم، خۆی هاتۆتە لام. ئیتر کارم بەوە نیە هەڵودای دیتنی‌بەو باڵ بگرم.

**٢ نەی دورە حبیبیٚ مە چفەریادو فغان کین**
**وی گوە ل ضەمیرا دلە ئاواز چحاجەت؟**

**مانای وشە:**

**فەریاد:** هاوار؛ **فغان:** هەراو داد؛ **کین:** بکەین؛ **گوە:** گوی؛ **ضەمیر:** دڵ، وەشارتوی دەرون؛ **ئاواز:** بانگ.

**مانای تێکڕایی:**

یاری‌مە لە ئێمەوە دور نیە. ئیتر هەراو دادو هاواری بۆ لی بکەین. ئەو وەشارتوی ناو دەرونمانی

گوێ لێیە. بۆچی بەقەو بانگی کەین.

**٣ گۆ سوختە مورادا خوە ژمن طەلبەکە ئیرۆ**
**من‌گۆ ژکەریم طەلبەو داخواز چحاجەت؟**

**مانای وشە:**

**گۆ:** گوتی؛ **سوختە:** تازە فەقێلە؛ **مورادا:** نیازی دڵ؛ **طەلبە:** داوا، طەڵەب؛ **ئیرۆ:** ئەمڕۆ؛ **کەریم:** دڵاوا، بەخشندە؛ **داخواز:** مەبەستو نیاز.

**مانا بە تێکڕایی:**

گوتی: ئەی تازە شاگرد، چیت، گەرەکە داوای بکە، تابۆت پێك‌بێنم:
گوتم: لە دڵاوایان داوا کردنی شت پێویستنیە. بەخشـندە بەبێ داوا لێکـردن نیازی هەژاران پێك دێنن. نزیك بەمشیعرە، «مەولەوی» چەند شیرینی فەرموە:

یاخەلیل دەخیل کێ‌عادەت کەردەن  تۆشەوە دەرماڵ کەریمان بەردەن

مەلا دەیەوێ بڵێ: خوایە هەرچەند فـەرموتە لێم بپاڕێنەوەو چیتان دەوێ بخـوازن؛ بەڵام تۆ کە لە وەشارتوی دڵمان ئاگاداری پێویستناکا ئێمە بڵێین. تۆ خۆت زاناش‌و بەخشندەشی.

**٤ من ناله رەفیقن غەمو تەخلینە موصاحیب**
**فەریاد ئەنیسی‌منە دەمساز چحاجەت؟**

**مانای وشە:**

**تەحلی:** تاڵی؛ **موصاحیب:** هاوڕێ؛ **ئەنیس:** خەم رەوێن؛ **دەمساز:** هاودەم.

**مانا بە تێکڕایی:**

رەنگە هێندێك لۆمەم بکەن، کە بۆچی بەتەنیا دەژیمو گۆشـە گیرمو هەواڵو هاوڕێمنین... ئـەی نازانن من ناڵە هاواڵمەو پەژارەو تاڵی هاوڕێمەو هاوار هاودەنگیمە. ئیتر کارم بەپیاوی هاودەم چیە؟

**٥ دلدان‌و نەوازش چنە دوشنام بەسن من**
**پر دەردو جەفا حورمەت‌و ئیعزاز چحاجەت؟**

**مانای وشە:**

**نەوازش:** لاواندنەوە؛ **چنە:** چین؛ **دوشنام:** جوێن؛ **پڕ:** زۆر؛ **جەفا:** ئازار؛ **ئیعزاز:** بەگەورە گرتن.

**مانا بەتێکڕایی:**

من هیچ چاوم لەوەنیە، کەس بەلاوێنێتەوەو دڵم بداتەوە. چونکە خۆم بە کەمتر لەوە دەزانم کە کەس بەلاوێنێتەوە.. بە جێو پێدانیش بەسەر کرێمەوە هەر زۆرە. کەسێکی کە وەك من، لە دەردو ئازار دارماڵێ، کوا کاری بە حورمەتگرتن و قەدر لێنان دەمێنێ. هەمو تەمەنم بە هەژاری و خاکەساری رابراوەو هەرگیز وەبەرچاوان نەهاتوم. وەهاش فێری ئەم ژیانە بەژانە بوم کە هەرگیز ئارەزو ناکەم بەژیانێکی تری بگۆرمەوە.

**٦ صوحبەت بەمەی و چەنگ حبیبێ مە بڤێتن**
**فەریادو فغانی مە نەبەس ساز چحاجەت؟**

**مانای وشە:**

**صوحبەت:** هەواڵەتی، هاودەمی؛ **بڤێتن:** بیەوێ؛ **مەنەبەس:** ئێمەی بەسە؛ **سازو چەنگ:** دو ئامرازی موسیقان.

**مانا بە تێکڕایی:**

ئەگەر یار لە کۆڕی بەزمدا ـ کە مەی و موزیکی بۆ ئامادەیە ـ ڕێگەی من بدات بچمە لای؛ گریان و هاواری من، جێگەی سازو چەنگی بۆ پڕدەکاتەوەو لەبەر سۆزی دەرونی من، دەنگی موزیك دەر ناچێ.

**٧ رازێن مە چحاجەت وەکو غەمماز بزانن**
**نەشکێن مە بەسن دیدەیی غەمماز چحاجەت؟**

**مانای وشە:**

**راز:** نهێنیدڵ؛ **غەمماز:** چاوداگر. ئەوانەی بۆ ئاشکرا کردنی سوری خەڵك چاو لەیەکتر دادەگرن؛ **نەشك:** فرمێسك؛ **دیدە:** چاو.

**مانا بەتێکڕایی:**

ئەوانەی لە ئاژاوە دەگەڕێن و دەیانەوێ بەچاوداگرتن رازی من دەخەڵك بگەیەنن؛ با هیچ خۆیان ماندو نەکەن. فرمێسکی چاوی من شایەتیم لێ دەدەن، کە من ئەویندارم. هیچ احتیاج بە اشارەی چاوی چاوداگران نیە.

**٨ هەر لەحظە چحاجەت کو بنازان بکوژی من**
**جانا ژخوە قوربانێ تەمە ناز چحاجەت؟**

**مانای وشه:**

**لەحظە:** چاوتروکانێك؛ **لەحظ:** تماشا؛ **جانا:** گیانە؛ **ژخوە:** خۆ بەخۆ، لە خۆمەوە؛ **تە:** تۆ.

**مانا بە تێکڕایی:**

چپێویستە هەمو ساتو کاتان بەروانینی پڕلەنازەوە من بکوژی؟ گیانە ئەوە ئاشکرایە کەمن بومەتە قوربانیتۆ بەبێ ناز کردنیش. ئیتر نازی بۆچیە؟ واتا: مردو مردوە، تازە کاری بەچەك نیە کە بکوژرێت.

**٩ تاچەند بەهیجرا خۆ تومن تەجرەبە ئینی**
**زێڕێ ژخوە خالیص محەكو گاز چحاجەت؟**

**مانای وشە:**

**هیجر:** دوری؛ **ئینی:** دێنی؛ **خالیص:** بێ خەوش؛ **محەك:** بەردی ئەزمونی زێڕ.

**پوختەی مانا:**

تاکەی و تاچەند تۆ من بە دورخستنەوە لە دیداری خۆت، دە ئەزموی؟ تابزانی لە دڵداریدا چەند بە ئەمەگمو چەند لە بەر دەردی دوری خۆڕاگرم. کە لێشت رونە من وەك زێڕی بێخەوش - لەدڵداریدا - بێ عەیبم. زێڕی صاف احتیاجی بە لە محەکدانو بەگاز لێ هەڵکراندن نیە.

**١٠ حاجەت نیە جانا یەدی بەیضا بەدەر ئانین**
**ئینکار ددینەدا نەبت ئیعجاز چحاجەت؟**

**مانای وشە:**

**یەد:** دەست؛ **بەیضاء:** سپی؛ **بەدەر ئانین:** دەرهێنان؛ **ئیعجاز:** موجزات.

**پوختەی مانا:**

گیانەکەم پێویست نیە تۆش وەك موسا بە موعجیزە، دەستی بەسپیەتی لە گیرفانی دەرهێنا، تا فیرعەونی پێ لە ئینکار کردن بگیرێتەوە؛ موعجیزە بۆمن بکەیو دەستی سپیت دەرخەی. چونکە من بڕوای تەواوم هێناوەو هیچ گومانم لە دڵدا نەماوەو هیچ کارم بەموجزە نواندن نیە تا بیمە خاوەن باوەڕ.

**١١ ئەسراری ئەزەل دێ دئەبەد بێنە ظهوری**
**ئەنجامی سەرئەنجام ژئاغاز چحاجەت؟**

**مانای وشە:**

**ئەسرار:** نهێنی‌یەکان؛ **ئەزەل:** هەرە پێشو؛ **ئەبەد:** هەرە پاشین؛ **ظهور:** دیاری دان، ئاشکرا بون؛ **ئەنجام:** پێك هێنان؛ **سەرئەنجام:** ئاخری کار؛ **ئاغاز:** دەس پێکردن، سەرەتا؛ **دێ:** حەتماً دەبێ.

**مانا بەتێکڕایی:**

نهێنیەکانی هەوەڵ کە خوا بڕیاری داون؛ بێگومان لە دوا ڕۆژدا، هەر دێنە دی. پیاو ناشێ هەر لە سەرەتاوە لای‌وابێ دەبێ بەسەرهاتی خۆی لە دواڕۆژدا یان لە پاش مەرگ بزانێت. نیازی شاعیر ئەوەیە کە خودا بۆ بەندەو ژیانی دنیاو قیامەتی بڕیاری خۆی داوە. ماندوبونی بەندە بۆ زانینی چارەنوسی خۆی بەرلە هاتنی بێسودو بەهرەیە.

**١٢ گەر لوءلوئی مەنثور ژنەظمێ تە دخوازی**
**وەر شیعری «مەلێ» بین‌تە بەشیراز چحاجەت**

**مانای وشە:**

**لوءلوء:** مرواری؛ **مەنثور:** پەرژو بڵاو، نەسمراو؛ **مەنثور:** پەخشان، بەرانبەر بەشیعر؛ **نەظم:** هۆندنەوە؛ **نەظم:** شیعر؛ **مەلێ:** مەلا؛ **شیراز:** شارێکە لە ئێران زێدی سەعدی‌و حافظو گەلێك لە شاعیرانی ترە.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر تۆ دەتەوێ مرواری هێشتا نەسمراوت لەهۆندراوەدا دەس کەوێ؛ وەرە بڕوانە شیعری مەلا. ئیتر کارت بەسەر شیرازو بوێژانیەوە چیە؟

## قصیدەی هەژدەهەم

# «هونەر مەرجە»

**١ کەس بدادا مە نەپرست گلەو داد چکەت؟**
**تە نەبت دادرەسەك بێهودە فەریاد چکەت؟**

**مانای وشە:**

**گلە:** شکایەت؛ **داد:** هاوار؛ **داد:** عەدالەت.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر هیچ کەسێك بەدادمان نەگاو لێمان نەپرسێتەوە، شکایەتو هاوار چی دەکا؟ تۆ ئەگەر فریا رەسێکت نەبێ، هاواری بێفایدە چیت بۆ دەکا؟

**٢ بەشرینێ نەگەهت دەست ئەگەر رۆستەم بت**
**دێ بەبازوو ملان شوبهەتی فەرهاد چکەت؟**

**مانای وشە:**

**شرین:** شیرنی بەرانبەری تاڵ؛ **شیرین:** ناوی دڵبەری فەرهاد؛ **نەگەهت:** نەگات؛ **رۆستەم:** پاڵەوانی چیرۆکی ئێرانی؛ **بازو:** باسك؛ **مل:** شان؛ **شوبهەت:** وەکو؛ **فەرهاد:** دڵدارە بەردبڕەکەی شیرین؛ **شیرین:** کیژە ئەرمەنیەك بو ببوە ژنی خوسرەوی پەرویزی، پاشای ئێران؛ **فەرهاد:** کوردێکی کەڵهورێ بەردتاشی ملهورێبو، دڵی چوبوە سەر شیرین.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر خوا برێار بدا کار پێك بێت، بە باری نەرمیو بەبێ تاڵی چێژتنیش بە ئاواتت دەگەیەنێ.

بەڵام ئەگەر بڕیاری خوای لەسەر نەبێ، کار بە زۆرەملی پێكنایە. نەك هەر فەرهاد بە زۆری شان‌و باهوو باسكی بەهێزی؛ بگرە ئەگەر روستەمیش بوایە ـ كە لەو پاڵەوانتر بوە ـ هێشتان دەستی نەدەگەیشتە یارە شیرینەكەی كە شیرین بوە.

**٣ فاعیلەك لازمە دا فیعل‌و ئەثەر پەیدا بت**
**گەرتو حەدداد نەبت كورەیی حەدداد چكەت؟**

**مانای وشە:**

**فاعیل:** كرگار؛ **لازم:** پێویست؛ **فیعل:** كر؛ **ئەثەر:** شوێنەوار؛ **پەیدا:** ئاشكرا؛ **حەدداد:** ئاسنگەر؛ **تو:** هیچ.

**پوختەی مانا:**

شاعیر دەیەوێ تێمان بگەیەنێ كە ئەگەر دەڵێ تا خوا نەیدا، زۆری بازو بەكار نایە. مانای وانیە تۆ هیچ نەكەی خوا دەیدات... نەخێر ئەشێ تۆ زۆر تەقەلا بدەی‌و هەمو هێزی خوت بۆ بەدی‌هێنانی ئاواتت بخەیە كار. ئەوسا چاوەنۆڕی بەزەی خوا بی كە بە ئاواتت بگەیەنێت.

دەڵێ: دەبێ كارگەرێك هەبێ تا كارو كردەوەكەی بێتە بەر چاو. ئەگەر هیچ ئاسنگەرێك نەبێت كە ئاسن بوكتێ‌و بیكاتە ئامراز، تەنیا كورەی ئاسنگەر چی پێ دەكرێ؟ دەبێ یەكێك نێڵی‌بداو ئاسنی تێدا سوركاتەوە.

**٤ مومكینەك دێ هەبتن داكو طەلەب حاصل بت**
**صەیدو نێچیر كو نەبت تولەیی صەییاد چكەت؟**

**مانای وشە:**

**مومكین:** شیاوی وەدی هاتن، رەوا؛ **دێ:** دەبێ؛ **هەبتن:** هەبێت؛ **دا:** تا؛ **طەلەب:** نیاز؛ **حاصل:** پەیدا؛ **صەید:** نێچیر؛ **نێچیر:** راو؛ **تولە:** سەگی چكۆڵەی راوێ؛ **صەییاد:** نێچیروان.

**پوختەی مانا:**

ئەم قەسیدەیە، رێوشوێنێك بۆ بیرو بڕوای مرۆ، بەرانبەر بە كارو بارو نەوی بون‌و بەرزبونی لەدنیاو قیامەتا، دادەنێ‌و پێمان دەڵێ:

پیاو دەبێ خوابناسێ‌و هاواری بەرێتە بەرێ‌و بەتەمای ئەوبێ. ئەگەر خوا فریارەس نەبێ. هیچ كارێك ناچتە سەر. خوا كەیفی لێبێ، بە بێ زەحمەتی زۆریش بە ئاواتت دەگەیەنێ. نابێ ئەوی دەتداتێ، هەر لە زۆری بازوی خۆتی بزانی. ناشبێ لات وابێ تا كارنەكەی دەت داتێ. خوا

فەرمویە: (هەرچی پیاو بۆی نەکۆشێ، پێی‌ناگا). ئەمجار دەبێ بۆ کارێك هەم کۆشش بکەی‌و هەم پەنا بەخوا بەری کە بۆت پێك بێنێت کە لەوانەبێ پێك‌بێت. نەك شتی محاڵ داواکەی‌و شوێنی کەوی. ئەگەر راوکەر نەبێ‌و نێچیر نەبێ، تۆڵە قەندی دەبێ بەتەمای گرتنی چی‌بێت؟

**٥ هەر گل‌و سەنگ دبتن زێڕ ب تەدبیری حەکیم**
**قابلییەت کونەبت حیکمەتی ئوستاد چکەت؟**

**مانای وشە:**

**حەکیم:** زۆر زاناو حیکمەت زان؛ **قابلییەت:** شیاوی؛ **ئوستاد:** مامۆستا.

**پوختەی مانا:**

دەبێ بۆ پێك‌هاتی ئاوات، خوا پشتیوان بێ. خۆشت زۆر ماندوکەی، ئارەزوی وات هەبێ کە محاڵ نەبێ؛ دەبێ خۆشت ئەوەندە لێهاتو بی کە شیاوی پێك هاتنی ئەو ئاواتە بی. ئەوا وەك بیستومانە، زانای وا هەن لە گل‌و بەرد، زێڕ دەر دەخەن. بەڵام ئەگەر گڵەکەیان بەردەکە لەوتەرزە نەبن کە زێڕیان لێ‌پەیدا دەبێ، زانایی مامۆستای زانا، بە هیچێ دەچێ. دەبێ شیاوی فێربونیش بیت.

**٦ کان بگەوهەر چبکەت گەوهەر ئەگەر پاك نەبت**
**تو بەصیرەت تەنەبت سیرەتی ئەجداد چکەت؟**

**مانای وشە:**

**کان:** کانگا؛ **گەوهەر:** گەواهێرات؛ **گەوهەر:** جەوهەرو هونەر؛ **تو:** هیچ؛ **بەصیرەت:** بینایی؛ **سیرەت:** رەوشت؛ **سیرەت:** ژینامە؛ **ئەجداد:** باپیران.

**مانا بە تێکڕایی:**

سەرەڕای هومێد بە خواو کۆششی خۆت‌و شیاوی‌و قابلیەتت بۆ گەیشتن بە مراز، ئەشێ پاك‌و بێ خڵتەش بیت. نەك بەتەمابی کە لەسایەی جێ بەرزی باب‌و باپیرانەوە دەتوانی بە دەرەجەیەك بگەی.

ئەگەر گەوهەر بۆخۆی صاف‌و بێ غەوش نەبێت؛ کانگاکەی چۆنی صاف دەکا؟ ئەگەر خۆت هێزی بینایی دڵت نەبێ؛ رەوشت‌و ژیانی باپیران چت بۆ ناکا.

**٧ زێرو زیوەر دکرن جەلبی قلوبان حاشا**
**حوسنو سورٚ ذاتی نەبت قامەتی مەییاد چکەت؟**

**مانای وشە:**

**زیوەر:** خشلٚ؛ **جەلب:** هێنان؛ **قلوب:** دڵان؛ **حاشا:** نەخێر هەرگیز؛ **حوسن:** جوانی؛ **سور:** دڵکێشی؛ **ذاتی:** خوٚیی؛ **قامەت:** بەژن؛ **مەییاد:** بەلارو لەنجە.

**پوختەی مانا:**

هومێد بەخوا، قابلیَتْ، دلٚ صافی، پێویستن لە تەریقەتدا، نەجیبایەتی کارناکا. هەروەهاش بە رواڵەت خوٚنیشاندانو بەریشو پرچو جبەو تەزبێحیش هیچ ناکرێ. کیژێك کە بوٚخوٚی جوان نەبێت بە زێرٚو خشلٚ وەخوٚ خستن، ناتوانیٚ دڵان بەرەو خوٚی راکێشیٚ.

**٨ عاشقی مەست بەعیشقیٚ نیە حاجەت بەمەییٚ**
**واردی واردی ئەحوال بئەوراد چکەت؟**

**مانای وشە:**

**عاشق:** ئەویندار؛ **مەی:** بادە؛ **وارد:** شارەزا؛ **وارد:** بەئاو گەیشتو؛ **وارد:** ئازاو نەترس؛ **ئەوراد:** کومەڵی ویرد؛ **ویرد:** دوعای بن لێوان.

**پوختەی مانا:**

ئەوانەی گەیشتونەتە سەرچاوەی ئاوی مرادو شارەزای حالٚو باڵی تەریقەتن، کاریان بە ویردو دوعا خوێندنی بن‌لێوان نیە. ئەوکەسەی بەبادەی ئەوین سەرخوٚشە، کاری بە شەرابخواردنەوە نیە. مەبەست ئەوەیە، ویرد خوێندنو لەبن لێوانەوە بوٚڵەبوٚڵ کردن، وەك مەی خواردنەوە بوٚ مەست بونە. جا پیاو کە ئاوا مەستی ئەوین بو، نیازی بە شەراب چیە؟!

**٩ تەغەرەض قیك کەتنا یەك وَلی‌یەك مورشید بت**
**سالیك‌و طالبی ئیرشاد بە بەغداد چکەت؟**

**مانای وشە:**

**غەرەض:** مەبەست؛ **قیك کەتن:** توش بون؛ **وەلی:** پیاوی خوا؛ **مورشید:** رێ شاندەر، شارەزای کار؛ **سالیك:** رێبوار؛ **ارشاد:** رێشاندان.

**مانا به تێکڕایی:**
تۆ ئەگەر مەبەستت گەیشتن بە پیرێکی دەستگیرو ڕێشاندەر هەبێ؛ دەبێ بۆی هەڵوەدابی‌و داوای بکەی. ئێتر کارت بەشوێن‌و جێ هەواری مشایخانی بەناوبانگ نەبێ. بۆ نمونە لات وانەبێ، بەغدا ـ کە جێگەی گەیلانی‌یە ـ دەردت دەرمان دەکا.

**١٠ جەهدەئو سەعی‌و طەلەب بێ ئەثەرەك صافی نەهن**
**تونەبێ پەردەنشین چاکرو قەوواد چکەت؟**

**مانای وشە:**
**جەهدە:** کۆشش؛ **سەعی:** دواکەوتن‌و تەقەلا؛ **طەلەب:** خواستن؛ **ئەثەر:** نیشانە؛ **نەهن:** نین؛ **تو:** هیچ؛ **پەردە نشین:** مەبەست لە پیاوی گەورەیە کە پەردەدارو دەرکەوان‌و لەشکریان هەبێ؛ **چاکر:** نۆکەر؛ **قەوواد: قائدان؛ قائد:** سەرکردەی لەشکر.

**پوختەی مانا:**
لە کۆشش‌و تەقالادا، بۆ دۆزینەوەی پیر؛ تا نیشانی تەواوت دەس نەکەوێ، ناشێ خۆت دەگرێوی کەس بنێی... هەروا سەربەخۆ هەرکەس وتی پیری تەریقەتم، باوەڕ مەکە. نیشانی هەیە. جا هەروەك پەردەدارو سەکردەی لەشکر، نیشانەی بونی فەرمانڕەوایەکن کە لەپشت پەردەوەیە؛ ئاکارو ڕەوشتی پیریش نیشانەی ڕاستی‌و ناڕاستیەتی. ئەگەر میر نەبێ، **نۆکەرو سەرکردەبۆهەن؟** چدەکەن؟

**١١ چئەثەر دێ لبەری خارە بکەت قەطرەیی ئاب**
**قەلەمی مە بدوسێ قەطرەیی زوهها د چکەت؟**

**مانای وشە:**
**بەر:** بەرد؛ **خارە:** زۆر سەخت؛ **قەطرە:** تنۆك؛ **ئاب:** ئاو؛ **زوهها:** وشك؛ **د:** دێ، دەبێ.

**١٢ دێ ژحەق جاذیبەیەك دل بگرت وەرنە «مەلا»**
**ژ ئەزەل گەرتو هیدایەت نەبت ئیرشاد چکەت؟**

**پوختەی مانای ئەو دو بەیتە:**
مەلای جزیری دوای ئەوە کە ڕێوشوێن بۆ هەڵوەدای ڕێگەی خواناسین‌و صوفیایەتی دیاری دەکاو چەند مەنزڵێکی لەبەر دادەنێ؛ کە دەبێ: بە تەمای خوا دەس پێ بکا، شیاوی ئەو کارەبێ،

دڵصافو بێخەوش بێ، بە باب‌و باپیران نەنازێ، لای وانەبێ بەرگی دەرۆیشی بەهرەی بۆ دەدا، بەدنیادا بگەڕێ تا دەگاتە پیری دەستگیر، نیشانەی خواناسی لەپیر ببینێ. ئەوسا هومێدی هەبێ کە لەپلەی صوفیاندا، جێگەی دەکرێتەوە. دوبارە بادەداتەوە سەر بێ ئیختیاریەکەی بەندەو دەڵێ: ئەگەر خودا هەر لەرۆژی بناوا نەوە بڕیاری نەدابێ کە تۆ لە ڕێزی خوا ناسان دەبی؛ من پێت بڵێمو نەڵێم، تۆ زۆریش خۆت ماندوکەی، هەر ناگەیە مراز. بەبێ بەزەییو ئیرادەی خوا، ئەو پەندانەو ڕێوشوێنانە، وەك تنۆکە ئاوێکە کە وەبەردی رەق بکەوێ. قەڵەمی من بە دوسێ تنۆکەی وشك کوا دەتوانێ هیچ کارێك بکات؟ پێویستە کێشەرێك لەلایەن خواوە دڵت رابکێشێ. ئەوسا ئەم ڕێگەیە بگریە بەرو بی‌بەیتە سەر.

## قصیدەی نوزدەهەم

# «بەشی ئێمە»

**١ ئەووەل کویاریٚ دامە یەك ذەررەیەك عینایەت**
**قیسمەت مە خەمرو جامە ددەفتەرا هیدایەت**

**مانای وشە:**

**کو:** کە؛ **دامە:** دای بەئێمە؛ **یەك ذەررەیەك:** تاقە توزکالٚیك؛ **عینایەت:** بەسەرکرنەوە؛ **قیسمەت:** بەش؛ **خەمر:** شەراب؛ **جام:** پیالە.

**پوختەی مانا:**

هەر لە سەرەتاوە کەیار توزیٚك ئێمەی بەسەر کردەوەو ئێمەی خوێندەوە؛ لەناو سیایی‌و پەراوی شارەزایانی ریٚگەدا، بەشی ئێمەی شەراب‌و پیالەی بەزەیی خوٚی دیاری کرد. واتا ئێمەی مەستی بادەی ئەوینی خوٚی کردو لە روٚژی ئەزەلەوە بەمەستی خولٚقاین.

**٢ حوسن‌و جەمالی جانان نادیٚرتن توپایان**
**هەرچی نەبت بیدایەت ئەصلا نەهن نیهایەت**

**مانای وشە:**

**حوسن:** جوانی هەندام؛ **جەمال:** جوانی لە بیچم‌و لە ئاکاریشدا؛ **جانان:** یار، دلبەر؛ **جانان:** گیانان؛ **نادیٚرتن:** نیەتی؛ **تو پایان:** هیچ برانەوەیەك؛ **بیدایەت:** سەرەتا، دەس‌پیٚك؛ **ئەصلا:** بەهیچ جوریٚك؛ **نیهایەت:** دوایی هاتن.

**پوختەی مانا:**

ئەوینی ئێمە هەمیشە لە گەرم‌و گوڕیدایە. چونکە ئێمە کە دەڵێین عاشقی فڵانە کیژین، عاشقی روحین. واتا عاشقی ئەو کەسەین کە روحی ئەوی داوەو خوای تێدا بەدی دەکەین. جا کەوابو چونکە خوای ئەزەلی لەبەرچاوەو هەرچی دەس پێکرانی نەبێ، دوایی‌هاتن‌و بڕانەوەشی نیە؛ عیشقی مە، هەرگیز دوایی نایەو کاری تەنیا بە جوانی روخسار نیەو یار هەمیشە لەبەرچاومان هەر ئەو جوانەیە کە هەوەڵ ڕۆژ دیتومانە.

**٣ فەیضا عولومی حیکمەت جاما صەدەف کوگێرا**
**مە ژدەستی موغبەچان دیت بەمەصحەف‌و بئایەت**

**مانای وشە:**

**فەیض:** سەر ڕێژکردن؛ **عولوم:** زانستان؛ **حیکمەت:** زانستی راست‌و بێگرێ، فەلسەفە؛ **موغبەچە:** بەچکە مەلای زەردەشتی، بریەتیە لە شاگرد مەیخانەچی؛ **مەصحەف:** قورعان.

**پوختەی مانا:**

ئێمەی کە لە هەمو جوانیەکدا، هەر خودا بەدی دەکەین‌و هیچ شتێکی ترمان وەبەرچاو نایە؛ لە مەیخانەدا، کە شاگرد مەیخانەچیە جوانەکان، پیاڵەی لەصەدەفی پڕشەرابیان دەگێڕا، لە شەرابەکەیاندا ڎەمان‌دی کە فەلسەفەو حیکمەتی خواناسینی لێ هەڵدەرژێ‌و ئەو زانستانەمان پێ‌دەڵێ کە لە قورعان‌و ئایەت‌دا، هەیە. یان، سوێند بە قورعان‌و ئایەت لە شەرابی مەیخانەدا، تیشکی خودا دەبینین.

حافظی نەمریش لەوبارەوە دەڵێ:

لە مەیخانەی موغان‌دا ڕۆشنی خوا دێتە بەرچاوم

چلۆن تیشکێ لەچۆن شوێنێك دەبینم؟ سەیرە، سوڕماوم

**٤ عارف حەتا نەنۆشێ ژدەستی مەی فرۆشێ**
**غائیب نەبو ژهۆشێ پەیدا نەکر ویلایەت**

**مانای وشە:**

**عارف:** خواناسی بەراست؛ **حەتا:** هەتا؛ **ویلایەت:** شێخایەتی.

**مانا بە تێکڕایی:**

کەس ناتوانێ سەر بەخۆ، بەبێ ئەوە لەلای پیری تەریقەت فێری ڕێو شوێنی راستین ببێ،

پێبگات. بۆ ئەو کەسەی کە ڕێبواری ڕێگەی خوداناسینی بەراستیە، پێویستە شەرابی ئەوینی خودا، لە دەستی پیری تەریقەت بخواتەوەو بەتەواوی خۆی لەبیر بچێتەوەو خۆپەرستی بتوێتەوە، ئەوسا هومێدی هەبێ کە بکەوێتە پلەی دۆستانی خوداوە.

**٥ گوناهی زوهدو طامات هلناگرت خەرابات**
**کەسێ بڤێ دەرێ رەت دڤێ بکت ریعایەت**

**مانای وشە:**

**زوهد:** تەرکە دنیایی؛ **طامات:** وریّنەو قسەی هەلەق مەلەق کردن؛ **خەرابات:** مەیخانە؛ **ڤێدەرێ:** بەولایەدا؛ **رەت:** بڕوات؛ **ریعایەت:** هۆش پێوەبون، موراعات.

**مانا بە تێکڕایی:**

لەو مەیخانەی ئەوینی خودایەدا، نەرێگە بۆ قسەی دور لەمانای حاڵ لێ هاتوان هەیە، نە سەر کزکردنو خۆ لە خۆشی دورکردن باویەتی. لەوێدا هەرچی هەیە سەرخۆشیو دڵخۆشییە. خۆ بەکزو کەنەفت نیشاندانو قسەی لابەلاکردن، گوناهن لەوێدا. هەرکەس دەیەوێ ڕێگەی تێ بکەوێ دەبێ ئاگای لەدامو دەستوربێو موراعاتی ئەدەب بکا.

**٦ عیشقێ ژهەردو چەشمان ئەووەل ددل ئەئەر کرد**
**لێ ذەررە ذەررە ئاخر صۆتن کرو سیرایەت**

**مانای وشە:**

**چەشم:** چاو؛ **لێ:** بەڵام؛ **ذەررە:** کەموسکە، قورسایی مێرولەی وردی زەرد؛ **صۆتن:** سوتان؛ **سیرایەت:** گیرۆیی، تەنینەوە.

**مانا بە تێکڕایی:**

ئەوین لەسەرەتا، لەرێگەی هەردوك چاوانەوە کەوتە دڵو شوێنی تێدا کردەوە. بەڵام هەروا هێدی هێدیو تۆزە تۆزە، گڕی دەدڵ بەرداو سوتاندیو سوتانەکەش تەنیەوە بۆ دەرونو هەناوان.

**٧ شاکی‌السلاح هەردەم بە کوشتنا «مەلێ» هات**
**گازندەیان ژکی‌کم ژکی بکم شکایەت؟!**

**مانای وشە:**

**شاکی‌السلاح:** پرچەك؛ **هەردەم:** هەمودەمان؛ **گازندە:** گلەیی؛ **ژکی:** لەکێ.

**مانا بە تێکڕایی:**

یاری من، کە تەنیا هەر ئەو دەناسمو هەموو هاوارو هانام هەر دەبەمە بەر ئەو؛ هەمو دەمان بەبێ وچان، بە پرچەکی ـ واتا: بەمژوڵان، بەچاوان، بەبروٚیان، بەروخسار، بەقەدو باڵاو زولفو خاڵان، کە چەکی هەرە بەکارن ـ دێتە کوشتنی مەلا، کە خوٚم بم. دەیسا ئەگەر فەرمانڕەواو پەنادەر بوٚخوٚی ئازارمبدا، مَن لەلای کێ گلەبکەم؟ شیکایەتم بەرمە بەر کێ؟ هەر خوٚی دەبێ دادی‌من لەخوٚی بستێنێ.

**٨ جاما دەدەستی شاهید ژەنگێ ژدل دشوٚتن**
**پیری موغان ژرەندان وەهوەدکر ریوایەت**

**مانای وشە:**

**شاهید:** یار، گراوی؛ **دشوٚتن:** دەشوا؛ **رەند:** لەزاراوەی عارفاندا، بە کەسێك دەڵێن کە تێکەڵ بەخوا بوەو جگە لەخوا گوێ بەهیچ شت لەدنیاو قیامەت نادا؛ **ریوایەت:** گێڕانەوەی قسە.

**پوختەی مانا:**

لە پیری موغان ـ کە نیاز پیری تەریقەتە ـ بیستومە. ئەویش لەوانەوە کە تەواو تێکەڵ بە خوا بون‌و هیچیان جگە لەخوا لەبیر نیە، وای‌گێڕاوەتەوە: کە ژەنگی‌دڵ، تەنیا بەو پیاڵە مەیە دەشوٚرێتەوە کە لە دەستی یار وەردەگیرێ.

**٩ ئەطواری عیشق‌و مەستی، ئەسراری بوت‌پەرستی**
**تەقریری صەد ریوایەت ناکەت لبوٚ کیفایەت**

**مانای وشە:**

**ئەطوار:** طەوران؛ **طەور:** حاڵەت؛ **تەقریر:** گێڕانەوەو باس کردن؛ **کیفایەت:** بەس؛ **بوت:** بت، نیاز دڵبەرە.

**پوختەی مانا:**

حاڵاتی ئەویندارى‌و سەرخوٚشیمان بەو ئەوینەو نهێنیەکانی یارپەرستن، بەگێڕانەوەی صەد داستانیش تەواو نابێ‌و بوٚ تێگەیاندنی بێ ئاگایان، بەش ناکا.

**١٠ لیطمَئِنَّ قَلبی عَینُ‌الیَقینْ دبەخشت**
**عینُ‌العیان دڤێتن کافی‌نهن درایەت**

**مانای وشه:**

**لِيَطْمَئِـنَّ:** تا خـاترجەم بێ؛ **قَلْبی:** دڵم؛ **عَيْنُ‌الْيَقين:** بێگومانیو بڕوای تەواو؛ **عَيْنُ‌الْعَيان:** دیداری بێپەردەو بەئاشکرا؛ **کافیٰ:** بەس؛ **نهن:** نین؛ **درایەت:** زانست.

**پوختەی مانا:**

لەقورعانا دەفەرموێ: برایم پێغەمبەر گوتی: خـودایا نیشـانمدە چلۆن مردو زیندو دەکەیتەوە. خـوا فـەرموی: بۆچـی باوەڕت نەکردوە کە پێم دەکرێ؟ گوتی: بەڵێ باوەڕم کردوەو دەزانم مردوت پێ زیندو دەکرێتەوە. بەڵام دەمەوێ نیشانمدەی تا دڵم ئاو بخـواتەوەو خـاترجەم بم. خـوا فـەرموی: چوار مەلان، لە بەریەك هەڵوەشـێنەو لەسـەر هەر کێوێك پاژێکیان لێدانیو ئـەوسـا بانگیان‌کە بەغار بەرەو خۆت دێنەوە.

شاعیر دەگەڵ وەبیرهێنانەوەی ئەم مەبەسـتە، پێمان دەڵێ: نهێنیەکانی دڵداریو یارپەرسـتن، هەر بەوەندە پێك‌نایە کە بڵێی دەزانم. یان وا ریوایەت کراوەو باوەڕم کردوە. نەخێر خـودا بە ئاشکرا دیتنو دەگەڵ خودا تێکەڵ بونە کە دڵ خـاترجەم دەکاو ئـەم حـاڵەتەش هەر بۆ خـواناسە بەراستەکان دەست ئەدا.

**١١ میریو پادشاهی مویەك لنك «مەلایی»**
**نادم بـمولکی عالەم یەك‌ذەررە یەك عینایەت**

**مانای وشە:**

**مویەك:** تاڵێك‌مو؛ لنك: لەکن؛ **عالەم:** هەموشت جگە لەخوا.

**پوختەی مانا:**

هەمو دنیاو هەرچی خوا دروستی کردوە، لەلای من تۆزکاڵێك لە بەسەر کردنەوەو لاواندنەوەی یار ناهێنێ. میریو خونکاری دنیایی لەکن منی مەلا نرخی تاڵێك‌موی نیەو بە هیچی ناکڕم.

# قصیدەی بیستەم

## «گران ناز»

١ عەرعەر خەراما بەقەددو قامەت
یەك بوسە دامە بەصەد قیامەت

**مانای وشە:**

**خەرام:** لارو لەنجە؛ **قەدو قامەت:** بەژن‌و باڵا؛ **بوسە:** ماچ؛ **قیامەت:** ڕۆژی زیندو بونەوە.

**پوختەی مانا:**

ئەو یارە جوانە ـ کە بەژن‌و باڵای وەك داری عەرعەر، ڕاستو بێ‌گرێیەو لارو لەنجە دەکا ـ تا ماچێکی دامێ، ئەوەندەی جزیاو ئازارپێ چێشتم کە بارتەقای دەردو ئازاری صەد ڕۆژی قیامەتو ترس‌و لەرزەکەیەتی.

٢ یەك بوسە بەخشی ئەووەل بئیحسان
ئاخیر لمن کر جورم‌و غەرامەت

**مانای وشە:**

**ئیحسان:** چاکە کردن؛ **جورم:** گوناه؛ **غەرامەت:** تاوان.

**مانا بە تێکڕایی:**

ماچی دامێ‌و سەر لە هەوەڵەوەلام وابو هەر چاکەم دەگەڵ دەکاو هیچی‌تر. بەڵام دەرکەوت کە زۆرم تاوان بژاردەوەو کەوتمە بەر سزای گوناهکارانەوەو لە ڕێگەی ئەویندا، بەدوی ئەوماچەدا هەزاران تاڵی‌و زەبونیم کێشا.

**٣ ژ ژەنگو زەرقیٚ تادل بشوٚتن**
**جاما صەدەف بین رەندو کەرامەت**

**مانای وشە:**
**زەرق:** ریاو مەرایی؛ **بشوٚتن:** بشوات؛ **بین:** بهێنە؛ **رەند:** زوٚرباش؛ **کەرامەت:** قەدرو ریز.

**پوختەی مانا:**
مەیگیرٚ ئەو پیاڵە صەدەفیە پرٚلەو مەیەی کە هەم جوانو باشەو هەم پیاوی دەباتە پلەی قەدرو حورمەتەوە؛ بیٚنەو بمانەدەریٚ. تا ژەنگی دلٚو نەنگی دورٚویەو منافقی، لە دلٚمان بشواتەوە.

**٤ ژهەردو چەشمیٚن تەی مەستو خونریز**
**نورادو چەشمان کیٚدی سەلامەت؟**

**مانای وشە:**
**چەشم:** چاو؛ **تە:** توٚ؛ **خونریز:** خوێن‌ریژ؛ **نور:** روٚشنایی؛ **سەلامەت:** دورلە نەخوٚشی.

**مانا بە تیٚکرٚایی:**
ئەی یار! ئەی روناکایی دو چاوەکانم! کیٚ هەیە لە دنیادا، لە دەست ئەو دو چاوە مەستو عاشق کوژەی توٚ بە سەلامەتی دەرچیٚ؟

**٥ لدەردو ئیٚشان پەیکانو نیٚشان**
**مە ژهەردو چەشمان کفشن عەلامەت**

**مانای وشە:**
**دەرد:** نەخوٚشی؛ **ئیٚش:** ژان؛ **پەیکان:** سەرەتیر؛ **نیٚش:** پیٚوەدان؛ **کفش:** دیاری، کەشف؛ **عەلامەت:** نیشانە.

**پوختەی مانا:**
ئەو بەپەیکان پیٚکانەو ئەو پیٚوەدانەی کە دوچاوە مەستەکانت توشی منیان کردوە، ئەوەندە کاری‌گەربون، کە لە هەمو گیانی مندا، شوٚینیان کردوەو برینو جیٚ پیٚوەدان نیشانەی کاری چاوی توٚمان بوٚ دیاری دەکا.

٦ ریسوایی عیشقیٚ تەنها نە ئەز بوم
کەس دی زەمانان حوب بیٚ مەلامەت؟

**مانای وشە:**

**ریسوا:** ناو زرّاو؛ **ئەز:** من؛ **حوب:** خوٚشەویستی، دڵداری؛ **مەلامەت:** سەرکوٚنە.

**مانای تێکرّایی:**

هەر تەنیا من نەبوم کە لەسەر دڵداری ناوم بزرّیٚو لوٚمەم بکریٚ؛ هیچکەس لەهیچ دەورو زەمانێکدا، دڵداری بیٚ سەرکوٚنەو لوٚمەی نەدیتوە.

٧ دوسەجدە فەرزن فی‌الحال ب‌بین‌بەر
دەما خویابن ئەو قەددو قامەت

**مانای وشە:**

**سوجدە:** سوژدە، بوٚ کوٚرنوش سەر نانەزەوی؛ **فەرز:** هەرە پێویست؛ **فی‌الحال:** دەس‌بەجیٚ؛ **خویا:** ئاشکرا.

**پوختەی مانا:**

هەرگا ئەو بەژن‌و باڵایەی یارمان بوٚ دەرکەویٚو خوٚمان لیٚ ئاشکرا بکا؛ لەسەرمان فەرزە دو سەجدەی بوٚ بەرین. سەجدەیەك بوٚ پەرستنی ئەو کە شیاوی پەرستنە. سەجدەیەك لە شوکرانەی دیتنی بەژن‌و باڵاکەی.

٨ دا عەیبی رەندان نەکی بەبادی
(نُفُوسُ قَوْمٍ بِهَا تَسامَتْ)

**مانای وشە:**

**دا:** وشەیەکە بوٚ شیار کردنەوە، دەغیلە؛ **رەندان:** ئەو سەرخوٚشانەی گویٚ بەدام‌و دەستور نادەن؛ **نەکی:** نەکەی؛ **بەبادی:** بەبادەیٚیٚ، بەشەراب خواردن، (یان، بەبادا بدەی)؛ **نفوس:** گیانان؛ **قەوم:** کوٚمەڵ؛ **بِها:** بەوی؛ **تَسامَتْ:** بەرزەوە بو.

**پوختەی مانا:**

دەغیلە نەکەی عەیب لە رەندان بگری کە شەرابی دڵدارانەیان خواردوٚتەوەو سەرخوٚشی ئەوینن‌و

به لۆمەو لەقەمەوە عەیبو عاریان بەبادا بدەیو بەگوێی خەڵکی رابگەیەنی. چونکە ئەو بادەیەی ئەوان خواردویانەتەوە، گیانی زۆر لە کۆمەڵو پیاو چاکانی پێ بەرز بۆتەوە.

**٩ «مەلا» لعمری بی فەیدە بوری**
**کیشا بزور ئان قەهرو نەدامەت**

**مانای وشە:**

**بوری:** رابرا؛ **زور:** زیاد؛ **زور:** زۆری؛ **قەهر:** خەمو خەفەت؛ **نەدامەت:** پەشیمانی.

**پوختەی مانا:**

مەلا! داخی گرانی هەر ئەوەیە کە تەمەنی بێبەهرە رابراو دنیا بەزۆری توشی ئەو هەمو خەمخواردنو پەشیمانی لە کردەوەی رابراوی کردوە.

## قصیدەی بیستویەکەم

# «ڕەنجی بێوەر»

**١ عومرێ ضایعبو مەبێ دلبەر عەبەث**
**وەی تەقێ عومرێ مەبوری بەرعەبەث**

**مانای وشە:**

**عومر:** تەمەن؛ **ضایع:** خەسار؛ **مە:** ئێمە؛ **عەبەث:** فیڕۆ؛ **وەی:** هەی مغابن؛ **تەقی:** لەو؛ **بوری:** رابرد؛ **بەر:** سەر.

**پوختەی مانا:**

تەمەنمان بەبێیار، بە خەسار چوە. داخم بۆئەو ژیانەمان‌کە بەفیڕۆمان‌دا.
«خەییام» ئەم مەبەستەی لە چوارخشتەکیەکدا هێناوەو دەڵێ:

حەیفم لەدڵێ دێ کە بەبێ سوتمانە دڵداری تیا نەکردوە هێلانە
هەر ڕۆژێ کەبێ دڵبەرو بێ دڵداری بێ نرخە، پڕو پوچە، زیانی ژیانە

**٢ دل ئەمانەتدا بەنائەهلان نەدی**
**لێ بەنائەهلان مەدا گەوهەر عەبەث**

**مانای وشە:**

**دا:** ها، وشەی خەبەردار کردنە؛ **نائەهل:** نابابەت؛ **لێ:** بەڵام.

**پوختەی مانا:**

هەرگیز نەکەی دڵی‌خۆت، بدەیە سەر پێ‌نەزان‌و نەگونجاوان. جا کە پەندی توئەدەم، لە

عیبرەتێکەوە یە کە خۆم گرتومە. من گەوهەری عومرم دابەوانەی کە شیاوی نەبون.

**٣ دا دسەیرا عیشق بێدلبەر نەچی**
**لێ دبت سەیرا تەبی دلبەر عەبەث**

**مانای وشە:**

**سەیر:** ڕۆیشتن؛ **عیشق:** ئەوین؛ **لێدبت:** لێدەبێتە.

**پوختەی مانا:**

دەخیلە بەبێ دڵبەر بەرێگای عیشقێدا مە بەرێبوار. چونکە ڕێبواری بێ دڵبەر، ڕۆیشتنەکەی بەفیڕۆ دەڕوات. واتا کەسێك کە بەبێ پیری شارەزا، لای وابێ بە خودا دەگا، هەرچی دەیکا بەهرەی بۆ نادات‌و بەئاوات ناگات.

**٤ پور دپەی وەصلێ مە سەعی‌و جەهدەدا**
**جەهدە ئو سەعیا مەهاتن دەر عەبەث**

**مانای وشە:**

**پور:** زۆر؛ **دپەی:** لەشوێن؛ **وەصل:** پێك گەیشتن؛ **سەعی:** کۆشش؛ **جەهدە:** تەقالا؛ **هاتن‌دەر:** دەرچون.

**پوختەی مانا:**

ئێمە بۆ گەیشتن بەیار، زۆرمان کۆشش کرد. هەموی بە فیڕۆ چو، هیچمان بۆنەکرا.

**٥ ئاه وی‌کوشتم بدەربا خەنجەرێ**
**ما دمیلاکێ درەت خەنجەر عەبەث؟**

**مانای وشە:**

**وی‌کوشتم:** ئەو کوشتمی؛ **دەرب:** زەبر؛ **ما:** چۆن؟، کەی؟؛ **میلاك:** جەرگ‌و هەناو؛ **درەت:** دەروا.

**پوختەی مانا:**

من کە وتم کۆششم بەفیڕۆ چو، ڕاست نیە. ئاخ‌و داخمە لە ئێشی ئەو زەبری خەنجەرەی، کە یار دەجەرگ‌و هەناوانی گێراوم. مەگەر ئەو خەنجەر لێدانە، کەم کارێکە کە من لە دەستی یار پێم گەیشتوە؟ دیارە کارەکەم بێبەهرە نەبوە.

٦ دل ژدەربا کاشوان بو پارەپار
گوێ دمەیدانێ دبت صەد کەر عەبەث؟

**مانای وشە:**

**کاشوٚ:** شەق، گوٚچانی گەمەی گوٚیێن؛ **پارەپار:** لەت بەلەت؛ **کەر:** کەرت، لەت.

**پوختەی مانا:**

دڵم وەگ گوٚ، لە مەیداندا بە زەبری شەق‌و گوٚچانی دڵبەر، لەت‌و پەت بوە. جا چوٚن دڵ بە خوٚڕایی دەبێتە صەد پارچە؟ دیارە یار بەزەی بە دڵما هاتوە. بوٚیە بەرکاشوٚی داوەو لەت‌و کوتی کردوەو ئەو صەد پارچە بونەی دڵم، بە خوٚڕایی نەبوە.

٧ مەهدەرا وێ سوختەئێ ئیروٚ بکن
ئەز دبێژم نابت ئەوٚ مەهدەر عەبەث

**مانای وشە:**

**مەهدەر:** تکا؛ **سوختە:** تازە فەقێلە، (یان، سوتاو)؛ **ئیروٚ:** ئەمڕوٚ؛ **ئەز:** من؛ **نابت:** نابێت؛ **ئەڤ:** ئەو.

**پوختەی مانا:**

وەرن ئەی خێرەومەندان، ئەمڕوٚکوٚ بینەوە بوٚتکاکردن دەربارەی منی سوتاوی ئەوین‌و تازە شاگردی ڕێگەی یارناسین. من دەڵێم تکای ئێوە بە فیڕوٚ ناچێ‌و یار بەزەی پێمدا دێت.

٨ کفشە مەعنا کی ل لەوحی سیم دی
نوقطەیی میسك‌و خەتی عەمبەر عەبەث

**مانای وشە:**

**کفش:** دیار، کەشف؛ **مەعنا:** واتە؛ **لەوح:** تەتەڵە؛ **سیم:** زێو؛ **نوقطە:** خاڵ؛ **میسك‌و عەمبەر:** دو بون‌خوٚشی ڕەنگ ڕەشن.

**پوختەی مانا:**

مەڵێن تکا بێ بەهرەیە بوٚتوٚ، کە بەخت ڕەشیت‌و یار وەك زێوی بێ خەوشە. کێ دەتوانێ بڵێ لەسەر تەتەڵەی زێوین خاڵ‌و خەتی ڕەش، خەسار بوە. بەڵکو جوانتری دەکا. یار کە پاك‌و بێ‌خەوشە، ئەگەر منێکی بەختڕەش، وەك ڕەشایی خەت‌و خاڵی عەنبەرین‌و میسك ئاسایی،

لەلای خۆی جێبکاتەوە چیتیایە؟...

یاخۆ: ئەگەر خاڵی وەك میسك بچێتە سەر خەتی عەمبەر، دەبێتە غەمبەرو ئەوسا غەمم لادەچێ.

**٩ دا «مەلا» هشیار بی لێ پور کەسان**
**سینە پور لێدانە سەنگو بەر عەبەث**

**مانای وشە:**

**دا:** ها، دەغیلە؛ **لێ:** بەڵام، (یان، لەو)؛ **پورکەسان:** زۆر کەس؛ **سینە:** سینگو بەر؛ **سەنگ:** بەرد؛ **بەر:** بەرد.

**پوختەی مانا:**

هۆی مەلا! دەغیلە وشیاری خۆت بە، لات وانەبێ کۆششت بەفیڕۆ ناچێ. زۆر کەس زۆریان لەوریگەدا، بەرد لەسنگی خۆیان داوەو هیچیان بۆ بەهیچ نەکراوە. پیاو دەبێ تەنیا چاوی لە بەزەی خوابێو نابێ لای وابێ بەسەرمایەی کۆشش پێدەگا.

# قصیدەی بیست‌ودوهەم

## «یار ببینە»

**١ نامی عەنبەر شکەنی بێت ژعەنبەر مەکە بەحث**
**بل ژوی سلسلە ئو زولفی موعەنبەر مەکە بەحث**

**مانای وشە:**

**نام:** ناو؛ **شکەن:** شکێن؛ **بەحث:** دوان؛ **بل:** بەغەیرەز، بێجگە؛ **سلسلە:** زنجیر؛ **موعەنبەر:** عەنبەراوی.

**پوختەی مانا:**

تاکەزی‌و پرچی بەزنجیرەی عەنبەراوی یار، لە خەیاڵ دایە. یان، لەبەرچاوە. بەراستی بازاری عەنبەری لەبرەو خستوە. جگە لەو نابێ باس بکرێ، عەنبەر دەبێ خۆی ون‌کا لە شەرمان.

**٢ قەکە لێقێ‌و ژنیقێ بوەرین قەندو نەبات**
**ژلەبی لەعلی شەکەر بیژو ژشەککەر مەکە بەحث**

**مانای وشە:**

**قەکە:** بکەرەوە؛ **نیڤ:** نێوان؛ **بوەرین:** داوەرێنە؛ **شەکەربیژ:** شەکردابێژ، (یان، وتەشەکر).

**پوختەی مانا:**

بزەیەکت بێتە سەر لێوان‌و لێوت لێك بکەوەو قەندو نەبات، لەلێوی شەکر دابێژ، (یان، شەکر بێژت) داوەرێنە ئەمناوەوەو، هەرگیز باسی شەکری دەسکردی بنیادەم مەکە. چونکە ئەو بەرانبەر بە شەکری لێوی تۆکە بەرەنگی لەعلی ئاڵە ـ نەك هەر بێ‌تامە تاڵیشە.

**٣ ب سەر ئەنگوشتی عەقیقی بدە فینجانا رەحیق**
**ئابی حەیوانی تەچین ناڤێ ژکەوثەر مەکە بەحث**

**مانای وشە:**
**ئەنگوشت:** قامك، تلی؛ **عەقیق:** گەوهەرێکی رەنگ ئاڵە؛ **رەحیق:** مەی؛ **ئابی حەیوان:** ئاوی حەیاتێ؛ **چین:** وڵاتێکە؛ **کەوثەر:** سەرچاوەیەکە لە بەهەشت.

**پوختەی مانا:**
یارە جوانەکەم! تۆ بەو قامکە یاقیقییەت، فینجانی مەی ببەخشە بە هەرکەس؛ ئیتر ئاوی حەیاتت داوەتێو پێویستناکا وەك ئەسکەندەر بەشوێنیدا هەتا وڵاتی چین بڕواو دەستیشی نەکەوێ. نەك هەر ئەوەندە بگرە نابێ لە بەرانبەر ئەو فینجانە مەیەی تۆدا باسی ئاوی کەوثەری بەهەشتیش بکرێت.

**٤ زەریئێن شەهلەو دورڕدانەبین شاهیدی بەزم**
**ژگەنم رەنگو سیەچەردەو ئەسمەر مەکە بەحث**

**مانای وشە:**
**زەری:** سەوزە رەنگ، سپی پێستی ئامالێ زەرد؛ **شەهلا:** چاوکاڵ؛ **شاهید:** دڵبەر؛ **شاهید:** حازر.

**پوختەی مانا:**
من کە دەڵێم تازولفو لێوو پەنجەی فینجان لەسەری تۆهەبێ، نابێ باسی عەنبەرو قەندو ئاوی حەیاتو کەوسەر بکرێ. وەك ئەوەیە کە لە کۆڕێکی بەزمو ئاهەنگدا، جوانچاکی وەك دەنکە دورو چاوکاڵ بەزم گێڕبنو کچانی رەش پێستو گەنم رەنگو رەش تاڵەش، خۆ بنوێنن کە هیچ نمودیان نابێو ناشێ باسیان بکرێ.

**٥ دێ بیشارەت بئیشارەت ژنەیێ بێتە سیماع**
**تو ژنایێ دسەمایێ بکە باوەر مەکە بەحث**

**مانای وشە:**
**بیشارەت:** مزگین؛ **نەی:** بلوێر؛ **سیماع:** شنەفتن؛ **سەما:** هەڵپەڕکێ.

**پوختەی مانا:**
مژدەی گەیشتن بەمراد، گەرەکە لەگەروی بلوێرەوە بەرگوێ بکەوێ. تۆ لەکۆڕی سەماو بەزمدا،

به لۆرینەوەی بلوێر باوەڕبکە کە دل دەزرینگێنێتە وەو، لەباس‌و خواس وازبێنە.
هەروەك مەولەوی لە سەرەتای مەثنەویدا فەرمویە:

گوێ لەبلوێر بگرە بیری لێکەوە  شیوەنی دەردی جودایی لای ئەوە

**٦ وی نیهالی بەدەر ئاغوش‌و بدی جانی شیرین**
**شاخی عومری بخوە بەرژێو ژقەیسەر مەکە بەحث**

**مانای وشە:**

**نیهال:** نەمام؛ **ئاغوش:** هامێز؛ **شاخ:** لك؛ **ژێ:** لەو.

**پوختەی مانا:**

ئەو نەمامە دەباوەش بگری‌و گیانی شیرینی لە ریگەدا بدەی‌و لە هەمو درێژایی تەمەن‌دا، لکێك لەو نەمامە بوخۆت تەرخان کەی؛ ئیتر ناشێ لەبەرانبەرتا ناوی قەیسەر بگوترێ. چونکە توی کە بەو بەهرەیە بگەی لە هەمو قەیسەران بەختەوەرتری.

**٧ ئایەتێ حوسنێ موفەصەل کە ژکەششافی جەمال**
**علمی عیشقێ بکە تەفسیرو ژدەفتەر مەکە بەحث**

**مانای وشە:**

**ئایەت:** پاژێك لە سورەتی قورعان؛ **ئایەت:** نیشانە؛ **حوسن:** جوانی؛ **موفەصەل:** شی‌کراوە؛ **کەششاف:** دوزەرەوە؛ **کەششاف:** تەفسیرێکی قورعانە؛ **تەفسیر:** راوە؛ **دەفتەر:** کتێب، پەڕاو.

**پوختەی مانا:**

کاکی ئەویندارى خودا! تو بو روشن کردنەوەی جوانی خودا کارێکت بە دەفتەرو کتێب‌و تەفسیران نیە. تو کە جوانی خودات دیت، خوت دەتوانی زانستی ئەوین شی کەیەوەو لە هەمو تەفسیران باشتری بەخەڵك تێ بگەیەنی.

**٨ رازی دەهرێ ژسوپیهرێ تو نزانی بجەدەل**
**حیکمەتی داوەرە تو ژحیکمەتی داوەر مەکە بەحث**

**مانای شە:**

**راز:** نهێنی؛ **دەهر:** زەمانە؛ **سوپیهر:** عاسمان؛ **جەدەل:** دمەقاڵە؛ **حیکمەت:** زانستی هێژا؛ **داوەر:** ناوی خوایە.

**پوختەی مانا:**

به دەمەقاڵەو کتێب خوێندنەوەو روانینە عاسمان، نهێنییە گرینگەکانی زەمانە، رون نابنەوە. حیکمەتی خودا ئەوەنیە کە مەمانان پەی پێ بەرین. تۆ لەباسی حیکمەتی خودا گەڕێ.

**٩ ئابی حەیوان تە دڤێتن توببە هەمرەهی خوضر**
**جامی جەم بینو ژداراو سکەندەر مەکە بەحث**

**مانای وشە:**

**ئابی حەیوان:** ئاوی حەیاتێ؛ **دڤێتن:** دەوێ؛ **هەمرەه** : هاوڕێ؛ **خوضر:** سەوز؛ **خوضر:** ناوی یەکێك لە پیاوانی خودایە کە دەڵێن ئاوی حەیاتی خواردۆتەوەو هەرگیز نامرێو هەر بە سەوزی واتا، بە لاوەتی دەمێنێتەوە؛ **جامی جەم:** ناوی ئاوێنەیەکە لە ئەفسانەدا، کە جەمشید تێی راونیوەو هەمو شتێکی تێدا دیوە؛ **دارا:** خونکاری ئێران بوەو لە ساڵی (٣٣٣ بەر لەمیلاد) لە بەر ئەسکەندەری خونکاری یۆنان بەزیوە.

**پوختەی مانا:**

تۆ دەتەوێ ئاوی ژیانی هەمیشەییت دەس‌کەوێ کە گەیشتن بەخودایە. دەبێ پیرێکی دەستگیری خدر ئاسایی بکەیە هاوڕێو رێنیشاندەر. ئەوسا جامی جەمت دێتەبەر چاو؛ هەموشتێك دەبینی. ئەگینا باس لە ئەسکەندەرو داراو چیرۆکی کۆن، هیچ بەهرەت بۆنادات.

**١٠ ژئەزەل عاقیبەتی کار کو مەعلوم نەبت**
**جامی مەی نوش‌و ژتەقدیری موقەددەر مەکە بەحث**

**مانای وشە:**

**ئەزەل:** هەرەزو؛ **عاقیبەت:** بنەتا، دوایی؛ **تەقدیر:** لێکدانەوە؛ **موقەددەر:** ویستی‌خودا.

**پوختەی مانا:**

هەر لەرۆژی بناوانەوە، کە تێ نەگەیەنراوین دواییمان بەچی دەگاو چارەنوسمان چیە؛ چاك‌وایە پیاڵەی بادەی ئەوین بخوێنەوەو سەرخۆشی ئەوین بینو لەوە نەکۆڵینەوە کەیار چی بڕیار داوە بۆمان. هەرچی خۆی‌داینناوە دەبێ پێی شادو شوکور بین.

**١١ دلێ یارێمە نەبو نەرم بەصەد ئابی گری**
**ژدلی دلبەری ماوو بەری مەرمەڕ مەکە بەحث**

**مانای وشە:**

**گری:** گریان؛ **بەر:** بەرد.

**پوختەی مانا:**

دڵی یارەکەمان، بە فرمێسکی زۆری صەدجار گریان نەرم نەبو. تۆ ناشێ دڵی رەقی یاری ئێمە، دەگەڵ رەقایی بەردی مەڕمەڕدا ـ کە زۆر سەختە ـ بەراوردبکەی‌و لێی بدوێی.

**١٢ تیر صەد تێنە جگەر سینە لبەر مایە چەپەر**
**ژدل‌و جەرگی‌کول‌و سینەیی کەرکەر مەکە بەحث**

**مانای وشە:**

**تێنە:** دێن؛ **جگەر:** جەرگ؛ **سینە:** سینگ؛ **چەپەر:** سەنگەر؛ **کول:** بریندار؛ **کەرکەر:** لەتلەت.

**پوختەی مانا:**

لەسەر کۆنەو لەمژۆڵەکانی یارەوە بەصەد صەد تیر، بەرەو جەرگم دێن. تەنیا سەنگەرو مەتاڵم سنگی بێتین‌و تاومە. دەسا ئیتر خۆت دەزانی برینی جەرگ‌و دڵی‌بریندارو سینگی لەتلەت کراوم هەرباسی ناکرێ کە چۆنن.

**١٣ شیری ئەلماسی کشینت تو ژلامیع دەخەبەر**
**قەکرت حوققەیی یاقوت ژگەوهەر مەکە بەحث**

**مانای وشە:**

**لامیع:** بروسکە دەر؛ **لامیع:** تروسکەی هەور؛ **قەکرت:** بکرێتەوە.

**پوختەی مانا:**

لەکاتێکا کەیار قامکی سپی‌و تروسکەداری بۆ سەرکۆنەی ئەویندار، رادەدێرێ، تۆ لاتوایە، بروسکەی هەور دیاری داوە. ئەگەر لێو ببزێوێ‌و ددانی بەرچاو کەوێ ـ کەدەمی وەك قوتوی لەیاقوتە ـ ناشێ تۆ باسی گەوهەر بکەی. چونکە گەوهەر لەبەرانبەر دەم‌و ددانی یاردا، هیچ برەوێکی‌نیە.

**١٤ ژشەفەق زوهرە خویابت توبنێ پەروینان**
**جەبهەتی ئەو بنومێت تو ژمەهو خاوەر مەکە بەحث**

**مانای وشه:**

**شەفەق:** کەنارەی سوری عاسمان لەئێوارەدا؛ **خویا:** ئاشکرا؛ **بنێ:** برّوانە؛ **پەروین:** ئەستێرەی پێرو؛ **جەبهەت:** توێڵ؛ **بەنومێت:** بنوێنێ؛ **مەه:** مانگ؛ **خاوەر:** روّژهەڵات.

**پوختەی مانا:**

لەلاجانگی یار ـ کە سپیەو نزیك شەوی پرچەو تیشکی سوری رومەتی داوەتەوەو ئەو لاجانگە ـ لە زوهرە جوانترە ـ دیاری بدات، توّ چوّن دەبیّ برّوانیە جوانی ئەستێرەی پیروّ؟ هەنیەی یار خوّی بنوێنێ، کێرای دەکەویّ باسی خوّرو خوّر هەڵات‌و مانگ بکات؟

**١٥ لروی یاریّ دو مەهنەو مەقران‌دینە دمەست**
**تو ژسەیرا قەمەری طالع‌و ئەختەر مەکە بەحث**

**مانای وشە:**

**نەو:** نویّ؛ **قران:** نزیکی؛ **قەمەر:** مانگ؛ **طالع:** هەڵاتو؛ **ئەختەر:** ئەستێرە، شیاوی باسە ابراهیم پێغەمبەر، ئەستێرەو مانگ‌و روّژی دیوە. لای وابوە خودای ئەون. کە دیتونی ئاوادەبن؛ گوتویە ئاوا بوم خوّش ناویّو داهێنەریان خودای منە.

**پوختەی مانا:**

توّ چیتە باس لە هەڵاتنی مانگ‌و ئەستێران دەکەی‌و بە بەڵگەیان دادەنێی؟ وەرە سەیری من‌کە. من دومانگی تازەهەڵاتوی یەکشەوە مەست‌و سیوەنگیم لەنزیك یەکەوە لەروی یاردا دیوە کەئاوا بونیان بوّنیەو گومانم نەماوە کە یار شیاوی پەرستنەو کارم بەباسی مانگ‌و ئەستێرە نەداوە.

ئەستێرەناسان دەڵێن: ئەگەر دوئەستێرەی بەودمڵیك نزیك بن، دنیا بەختەوەر دەبیّ. مەلا دەڵیّ نەك دوئەستێرە، من دومانگم لە نزیك یەکەوە دیوە کە مایەی ئەو پەرّی بەختیاریمە.

**١٦ پور ژدیم‌و خەت‌و خالان تەخەبەر دایە «مەلا»**
**نەظەری وەر بدە بەژنیّ ژموفەسسەر مەکە بەحث**

**مانای وشە:**

**دیم:** روخسار؛ **وەر:** وەرە؛ **بەژن:** قەدو باڵا؛ **موفەسسەر:** راوەکراو.

**پوختەی مانا:**

هوّ مەلا! توّ زوّر بەتەواوی دەربارەی پەسنی روخسارو خەت‌و خاڵی‌یار دواوی. دەوەرە چاوێکیش

لەو بەژن‌و باڵاشەنگ‌و چەلەنگە بکەو ئیتر ئـەوپەڕی شـیرینکاری خـودات بۆ دەردەکەوێ‌و نیازت بەوە نامێنێ که دەربارەی داهێنانی بێ‌وێنەی خودا مانای کتێبانت بۆ لێکدەنەوە.

## قصیدەی بیست‌وسێهەم

# بازاری جیهان

۱ تو سەحەرگە بەتەماشا وەرە بازاری حُدوث
لێ‌تە بێ‌فائیدە ئازار نەدەت خاری حُدوث

۲ دا ژدل غونچە لەبەك نازك‌و تەردانە بژیری
ب تەبەسسوم ب‌تەرا بێتە ژگولزاری حُدوث

**مانای وشە:**

**حُدوث:** پەیدابون، فەیلەسوفان بەدنیا دەڵێن حُدوث، چونکە خۆی نەبوەو خوا سازی‌داوە؛ **حُدوث:** روداو؛ **حدوث:** کارەسات؛ **لێ:** بەڵام؛ **خار:** درك؛ **دانە:** تاقانە، بێ‌وێنە؛ **ب‌تەرا:** دەگەڵ‌تو؛ **تەبەسسوم:** بزە.

**پوختەی مانای ئەودو بەیتە:**

لە دەمی بەربەیانێكدا، وەرە بازاری دنیا بۆ تماشایە. بەڵام هۆشت هەبێ، بێ‌بەهرە ئازارت نەدا درکی. هەتا بتوانی بەدڵی خۆت یەکێکی جوانی بێ‌وێنەی تەڕو ناسك ـ کە لێوی خونچە ئاسا تەنگ‌و رەنگ ئاڵە ـ لەگەڵتا بێ‌ولە گوڵزارا بەرەو روی‌تۆ بزەی بێتێ.

۳ صەد گریهمن ددلن لەو کو چەپو راست دکر
شاهی حوسنی قیدەمێ زولفی گریهداری حدوث

**مانای وشە:**

**لەو:** لەبەرئەوە؛ **حوسن:** جوانی؛ **قیدەم:** هەرهەبو، بەرانبەری پەیداکراو.

**پوختەی مانا:**

لەوساوە کە پادشای جوانی خودایی ـ کە ئـەو جـوانیە هەر هەبوەو پێشـینەی نیە ـ زولفـی یارمی بەلای راستو چـەپدا خسـتوەو هەریەك لەو کەزیانە، هەزار چینو گرێی تێکەوتوە؛ منی هەژار بەصەد جێ دلپڕلە گرێمو هاوارمە لەدەست زەمانەو بەو حاڵەش هەر شادو رازیم.

٤ **بل ژسولتانی قیدەم من بتو ئیقرار نەهن**
**گەر لکا بامە نهەن متقەبو بزماری حدوث**

**مانای وشە:**

**بل:** بەجگە؛ **سـولتان:** دەسـتەڵات دار؛ **تو:** هیچ؛ **کاب:** گوێزنگ؛ **نەهن:** نین؛ **نهـەن:** دانێن؛ **متقـەب:** مەتکەو، ئامرازی کون کردن.

**پوختەی مانا:**

من کە دڵم داوە بەو جوانیەی یارو صەتان گرێم کەوتوتە دڵ لە دیتنی زولفـی چینچینو پڕگرێی؛ هەربوێیەیە کە بەجـوانی خـوای دەزانمو لام وایە بەرلە پەیدابونی دنیا، هەر بوەو گوڕانی بەسـەردا نایە. ئەینا هەرگیز جگە لەخـوا، دڵم نادەم بەهیچ شـتێك کە رودەداو پەیدا دەبێ. تەنانەت ئـەگەر گوێزنگم بەمەتکەو کون کون بکەنو بزماریشـی لێ داکوتن؛ دڵداری خـوامو هیچـیتر. جـوانی خودا لەروی سەلمادا دەبینم.

٥ **دل ددەریایی قیدەم قافە بثابت قەدەمی**
**گەرچی دایم لسەرێ فەرقەمە مینشاری حُدوث**

**مانای وشە:**

**قیدەم:** هەربو؛ **قـەدەم:** پا؛ **قـاف:** دەیانگـوت چیایەکە دەوری دنیای داوە وبنی لەدەریادایە؛ **فـەرق:** تەپڵەسەر؛ **مینشار:** هەرە، مشار.

**پوختەی مانا:**

دڵم لەدەریای ئەوینی ئەو جوانیە خودا نوێنەدا، وەك کێوی قاف خۆی داکوتاوەو پێ داگرە. ئەگەر بێتو بەمشاری کارەساتو روداوەکانی سەر دنیا ـ کە لام هیچە ـ تەپڵە سەریشم شـەق بکـەن؛ نە دەلەرزم، نە لە ئەوین دەس هەڵدەگرم.

٦ **بەڵکو دیوار بگوهبن بخودێ کی بخودێ**
**ب تورەنگی نەکری ئەشکەرە ئەسراری حُدوث**

**مانای وشه:**

**بەڵکو:** بەشکەم؛ **خودێ:** خودا؛ **ئەشکەرە:** ئاشکرا.

**پوختەی مانا:**

مەلا! زۆرت پێ لێ هەڵێناوە. نەکەی بۆخاتری خودا، بۆ خاتری خودا؛ بەهیچ باراندا نهێنیەکانی روی‌داوەو نهێنیەکانی دنیایە، ئاشکرا کەی. تەقائەوە دیوار خاوەن گوێ بێو لێنەزانان قسەی دڵت لێبیسن.

**٧ لەمعەیەك گەر ژکەناری قیدەمێ پورتەوی دەت**
**دێ ژبەر وێ سەعەتی مەحوبن ئەنواری حُدوث**

**مانای وشە:**

**لەمعە:** تروسکە؛ **پورتەو:** تیشك؛ **سەعەت:** دەم، کەمترین وەخت، سەعات؛ **مەحو بون:** لەبەین چون؛ **ئەنوار:** رۆشناکیان.

**پوختەی مانا:**

ئەو دڵدارەی گەیشتۆتە بارەگای یار؛ نابێ بەهیچ جۆر ئەوی لە یاری دەزانێ، نەك لای‌خەڵك، بگرە لای خۆشی بیدرکێنێ. چونکە تەنانەتی ئەگەر هەر تەنیا تروسکەیەکیش لە خەرمانەی تیشکی جوانی یاری ئەزەلی ـ کە خوایە ـ بداتە سەر ئەم دنیایە، هەرچەند تیشك‌و رۆشناکی لەدنیایە. لەتاوی ئەو، دەستەو لەجێ لەناو دەچن.

**٨ وی بەصەد پەنجەرەیان دایە شوعاعا قیدەمێ**
**گونبەدی عیشقێ لەسەر کورسی‌یی دەووارى حُدوث**

**مانای وشە:**

**وی:** ئەو؛ **شوعاع:** تیشك؛ **دەووار:** خول‌خولە، زۆر بەسوڕانەوە.

**پوختەی مانا:**

ئەو نهێنیەی کە من دەڵێم نابێ وناشێ بیدرکێنم‌و خەڵکی لێ ئاگادار بکەم؛ نهێنی لە نێوان خوداو دڵدارەکانی خودایە کە بریەتین لە: ئەولیا واتا بەفەرمودەی سەعدی:

بولبول دەوەرە فێری ئەوین‌بە لە پەپولان  نوزەت نەیە باش هەڵبکروزیت‌و بسوزیت

نەك لام وابێ کە تیشکی هەمیشە بویی (ئەزەلیەت) خودا، بەرپیوارو نادیارە، نەخێر، ئەو

رۆشناکیە لە صەتان رۆچنەو دەلاقەوە لەم گونبەزە خول‌خولەو سەر لێ سوڕماوەی دنیای نەهەتا سەری داوەو بە هەزار جۆر دێتە بەرچاو. بڕوانیە گیاندار یان بێ‌گیان، هەرچی ئافەریدە هەیە، نیشاندەری ئەو تیشکەیە... تەنانەت جوانی دڵبەران، زۆر بە ئاشکرا، ئەو جوانی خودایی‌یە پیشان ئەدات.

**٩ تو خُدوثێ وەمەبین قەنج نەظەرکی جارەك**
**ل ئەساسی قیدەمێ دانی‌یە دیواری خُدوث**

**مانای وشە:**

**وە:** ئاوا؛ **قەنج:** باش؛ **نەظەر:** روانین، تماشا؛ **ئەساس:** هیم؛ **دانی‌یە:** داندراوە، داینراوە.

**١٠ هەڕە ئەصلێ خۆەو تەرتیبی قیاسی ژێ‌کە**
**گەر نزانی چیە یەك‌جار بەری داری خُدوث**

**مانای وشە:**

**هەڕە:** بچۆ؛ **تەرتیبی قیاسی:** بە بەراورد کردن هەرشتە لەشوێن خۆ دانان.

**پوختەی مانای هەردوك بەیت:**

تۆ ناشێ هەروا بەسەرچڵی بڕوانی‌و بیر نەکەیتەوە. ئەگەر باش هەر لەم دنیایەو چێی‌تێدایە بە زیتی‌و وردی بڕوانی، باشت بۆ رون دەبێتەوە، کە هیمی دنیاو روداوەکانی کە رودەدا لەسەر خواستی خودای، هەربوەو هەر دەبێ، دامەزراوەو خۆبەخۆ پەیدا نەبوگە. جا ئەگەر هەتا سەرچاوە پێدا بچی‌و بەراوەردێکی ورد بکەیت‌و بەباشی هەر شتەی هەیە بەریەوە سەر بنچینەکەی ئەوسا بۆت رون دەبێتەوە بەری داری دنیای فانی لەچی‌و لە کوێوە هاتوەو سەرەتای بە چیەوە بەندە.

**١١ ئاتەشێ عیشقێ شبێ زێر وجودێ حەل کەت**
**هەیە مومکین نەفرت زەیبەقی فەررارى خُدوث**

**مانای وشە:**

**ئاتەش:** ئاگر؛ **حەل:** توانەوە؛ **شبێ:** وەك؛ **زەیبەق:** جیوە؛ **فەررار:** زۆر بزۆزو دانەسەکناو.

**پوختەی مانا:**

هەروەك چۆن زێڕ لە بۆتەدا، لەسەر ئاگر دەتوێتەوە؛ ئێمەش بەتینی ئەوینی یاری خۆمان

تواوینەوەو خشتو خاڵی خۆشەویستی دنیایی‌مان ـ کە وەك جیوە بۆ هیچ کەسێ ئـۆقرە ناگرێ‌و لەناو دەستاندا رادەکا ـ لەکۆڵ کەوت. دیارە تینی ئـاگرێکی زێڕی پێ بتاوێتەوە، جیوە هەر خـۆی لەبەر ناگرێ.

«نالی دەربارەی دەس لەدنیا بەردان، بۆ دڵبەرەکەی فەرمویە:

بۆتۆ کە بیکرو تازەو وەکو حۆری جەننەتی  قەیدی چیە عەجوزەیی دنیا بدەم تەڵاق؟

**١٢ الله الله کو دعومرێ خۆ توجارەك نەبهی**
**چصەدا تێتە ژوی گونبەدێ دەوواری حُدوث**

**١٣ تو ژبەر پەردەیی وەهمێ وەرە دەر تا ببهی**
**چنەوا تێتە بصەد نەغمە ژ ئەو تاری حُدوث**

**مانای وشە:**

**تو جارێك:** هیچ جاران؛ **نەبهی:** نەبیسی، نەتبیست؛ **وەهم:** خـەیاڵی پوچ؛ **نەوا:** ئـاواز؛ **نەغمە:** هەوای موزیك؛ **وەتەر:** ژێ تارو کەمان‌و کەمانچە؛ **الله الله:** وشەی سەیر مانە واتا؛ زۆر سەیرە.

**پوختەی مانای هەردوك بەیت:**

کابرای بێ‌خەبەر لە دەردی دڵی ئەویندارانی جـوانی خـودایی! زۆر پێم سـەیرە، کە لەبەر سـوڕ خـواردنت، لەناو ئـەم گونبەزە سـوڕدەرەدا ـ کە دنیایەو هیچ مان‌و بەقـای بۆنیە، وا کەوتویە ناو گێژی خەیاڵاتەوە، گوێچکەی دڵت کپ‌و کەڕەو هیچی بەکەڵك نابیسـی. وەرەدەر لەناو خـەیاڵات، ببیسە چەند هەواو دەنگی هەمە جۆر. کە حیکایەت لە گەورەیی‌و جوانی بێ‌وێنەی یار دەکا، لە ژێ کەمانچـەی دنیایە دێتە بەر گوێ. من دەیبیسـم تۆ نایبیسـی. بەراسـتی زۆرم بەزەیی بەتۆدا دێ‌و سەیرماوم.

**١٤ حال‌و موستەقبەل‌و ماضی دخوەدا تێك یەکن**
**صوبح مەوجودە بعەینی خوە دئیڤاری حُدوث**

**مانای وشە:**

**حال:** ئێستە؛ **موستەقبەل:** ئـایندە؛ **ماضـی:** رابردو؛ **تێك:** تێکـڕا؛ **عەینی خـوە:** بێ زیادو کەم، تەواو پڕبەپڕ.

**پوختەی مانا:**

لەو شـوێنەدا کە ئێمەی دڵدار گەیوینێ، ئـایندەو رابردەو ئێسـتای تیا نەماوە. بەرەبەیان‌و ئێوارەو

درەنگو زو، لە بەرچاوی لەدڵداری بێ ئاگایان هەیە. لای ئێمە بەیانو ئێوار، هەر یەکێکەو لەبارەگای یار، حیسابی کاتو ساتو بەیانو ئێوارێك نیە. پێغەمبەری خوا فەرمویە: «لەکن خودا، بەیانیو ئێوارە نیە» وادیارە مەلا ئیشارەی بەو فەرمودەیە کردوە.

## ١٥ راستو چەپ گاڤو سەعەت هەر لمە ئەوداتینت
## ذوالفقاری قیدەمێ حەیدەری کەرراری حُدوث

**مانای وشە:**

**گاڤ:** کات؛ **سەعەت:** دەم؛ **ذوالفقار:** شیرە دو دوخەکەی بەناوبانگی ئیمام عەلی؛ **حەیدەر:** شێر؛ **کەرراز:** ئەوی زۆر بادەداتەوە سەر دوژمن. چەرخی؛ **حەیدەری کەرراز:** نازناوی ئیمام عەلی بوە.

**پوختەی مانا:**

ئەوانەی تانەی نەزانی لەچاوی دڵیان پەڕیوەو بەرەو خودا سەر دەکەون؛ قسەکانیان دوتۆمەنو یەکترناگرن. بە دەردی سەعدی گوتەنی: گا یەکجار باڵا نشینم. گاپشتی پای خۆم نابینم. دەمێك لە گەشەی سەرخۆشی بەبەختی خۆیان دەنازن. کاریان بەدنیاو قیامەتو بەهەشتو دۆزەقیش نیە. لە هەموشت باڵاترن. دەمێك دێنەرێکی هەردیو دەردی دڵیان لەزەمانە دەس پێدەکا؛ هەژارانە دەیکەن بەنوزەو کروزەو خۆ بە گوناهبار دەزانن‌و دەترسن نازیان بشێوێ.

جا کە مەلا لە شیعرەکانی پێشوی‌دا، دەگەڵ سەرچاوە تێکەڵەو لە نهێنی تایبەتی شارەزا بوەو زێڕی قاڵەو جیوەی دنیای لەلابایە. لەم بەیتانەی ئایندەدا جوری‌تر خۆ نیشان دەداو بەئاخەوە پێمان دەڵێ:

هەروەك چۆن ئیمامی عەلی بەشیرەکەی دەکەوتە جەستەی دوژمنان؛ دنیاش لەراستو چۆپەوە ئاوا دڵو گیانی منی وەبەر شیری بەڵا داوە.

## ١٦ راستو ئەڤرازو نشوڤێ مەبوارن یەکو یەك
## لێتنێ وێ لمەبو دائرە بەرواری حُدوث

**مانای وشە:**

**راست:** دەشتایی؛ **ئەڤرازو نشوڤ:** هەورازو نشێو؛ **بوارن:** بورین؛ **یەکو یەك:** یەکی یەکی؛ **دائرة:** جەغز؛ **بەروار:** گەوە، ریگە لەقەدی چیا.

**پوختەی مانا:**

هیچ هەورازو نشێوم هەڵنەبواردوە، کە پێیان‌دا رانەبورم. تەنیا گەوەی دنیا ماوە کە وەك جەغز،

دەناوی‌دا هەڵدەخولێمو قەتیس ماوم.

**١٧ دێ لقەلبێ مە چدەت لامیعە یا ئیسلامی**
**کو لجانێ خوە مەخەف بەستی‌یە زوننارى حُدوث**

**مانای وشە:**

**لامیعە:** تروسکەدەر؛ **خەف:** بەنهێنی؛ **زوننار:** پشتێندی گاورانە.

**پوختەی مانا:**

دەسا ئێمەی کە بە رواڵەت ئیسلامین‌و لەبنەوە زینناری دنیاپەرستی‌مان لەپشتایە، چۆن بەئـاوات‌و تەمابین کە وەبەر تیشکی بێ‌گرێی ئیسلامەتی راست بکەوین؟

**١٨ رەنگ‌و ژەنگێ حەدەثێ نەقشی حُدوثێ مە ددل**
**بدە بەر رەندشی عیشقێ ئەوە قەصصارى حُدوث**

**مانای وشە:**

**حەدەث:** روداو؛ **رەندش:** رەندە، چڵك‌بەر؛ **قەصصار:** گازر.

**پوختەی مانا:**

لە روداوە کارەسا تەکانی دنیا، دڵمان ژەنگی هەڵێناوەو رەنگی زۆر خراپ گۆراوە. چار هەر ئەوە بە دەس ئەوینی بسپێرین کەبۆمان خـاوێن کاتەوە. ئـەوین بۆ دڵ وەك گازرە بۆ پارچـەی چڵکـن‌و گەمار.

**١٩ جان لسەر دەستێ نهایی درّیا جانان‌دا**
**روح صەف‌صەف کو قەوەستانە دبازارى حُدوث**

**مانای وشە:**

**نهایی:** داندراوە؛ **جانان:** یارو دڵبەر؛ **قەوەستان:** راوەستان.

**پوختەی مانا:**

لەکاتێکـا کە هەمو گیانێك دەیەوێ لەبازاری جیهـان‌دا بمێنێتەوەو رێزبەرێز لێی راوێسـتاون؛ من گیانم والەسەر دەستم کە لە رێگەی یاردا بیدەمو خۆم لەدنیا رزگار بکەم.

**٢٠ دیٚ ژغەفلەت برەتن سایە زەوالیٚ ئەی دل**
**رونەنیٚ داتو ئەمانەت لسیهاداری حُدوث**

**مانای وشە:**

**دیٚ:** وێدەچیٚ، رەنگە؛ **غەفلەت:** نەکاو؛ **برتن:** بروات؛ **زەوال:** لادانی روٚژ لە ناوەندی عاسمان؛ **رونەنیٚ:** دامەنیشە؛ **ئەمانەت:** خاترجەمی، دەغیلە؛ **سیها:** سێبەری.

**پوختەی مانا:**

دڵی سەرچڵو سەرەروٚ لەوانەیە لەنەخافلٚ سێبەری جەنگەی نیوەروٚی ژیانی دنیاییت برەویٚو بکەویە ئاسوٚی روٚژپەری بەرەو نەمان. دەغیلە هەرگیز خاترجەم لەبن سێبەری دنیادا روٚمەنیشە.

**٢١ تو ژفەصلیٚ وەرە ئەصلیٚ کو دڤیٚ دەیری خەراب**
**دا نەبی مەرکەبی جەهلیٚ تو دبن باری حُدوث**

**مانای وشە:**

**فەصل:** جیایی؛ **ئەصل:** رەگەز؛ **دەیر:** نوێژگەی رەبەنانی خاچپەرست؛ **خەراب:** وێران؛ **مەرکەب:** ئەوی سواری دەدا، بارەبەر.

**پوختەی مانا:**

تا لەم دنیا وێرانو بەقورٚیٚ گێراوە، بیٚدەرەتانو گیروٚدەی؛ وەك بارەبەر لە ژێر باری نەزانی دای. بادەرەوە سەر رەگەزو سەرچاوەتو واز لەم جیابونەوەیەت بەهوٚی دنیاوە بهێنە تا لەبنبار قوتار ببی.

**٢٢ دا نیگاری خوە بصەد رەنگی ببینی ئیروٚ**
**وەرە جارەك بکە سەیریٚ تو دئەطواری حُدوث**

**مانای وشە:**

**نیگار:** جوانی دڵبەر؛ **سەیر:** تماشا؛ **سەیر:** گەشتو گەڕان؛ **طەور:** بار، حاڵەت؛ **طور:** کێوێکە لە سارای سینا.

**پوختەی مانا:**

ئەم دنیایە هەرچەندە زوٚر خراپیشەو بەخەرابە دێتە حیساب؛ بەڵام باری زوٚر لە باریٚسی تیٚدایەو چیای توریش ـ کە موسا لەویٚ دەگەڵ خوا دەئاخاوت ـ لەم جیهانەس. توٚ گەرەکتە یاری خوٚت

ئەمڕۆ بەصەت ڕەنگ بێتە بەرچاو، خۆت ئامادەی گەشتێکی موسا ئاسا کەو بگەرە توری سینایە.

**٢٣ تو بحالیٚ مە دزانی چیە هەر لەحظە «مەلا»**
**مە ددل تێتو دەرت خەنجەری غەدداری حُدوث**

**مانای وشە:**

**لەحظە:** چاوتروکانێك؛ **غەددار:** بیٚ ئەمەگو بەڵێن شکێن.

**پوختەی مانا:**

مەلا! گەرەکمە پێت بڵێم من چۆنمو دەردم چەندە. لەهەر چاوتروکانێکدا، خەنجەری دنیای بیٚ بەڵێن دەناو دڵما دێتو دەچێت، تێی دەچەقێتو دەردەچیٚ.

## قصیدەی بیست‌وچوارەم

# سەوڵی ناز

**١ شمشادی خەرام‌و سەروی غەنناج**
**جانان دبرت بەعیشوە تاراج**

**مانای وشە:**

**شمشاد:** داری‌شمشاڵ؛ **سەرو:** داری سەوڵ؛ **خەرام:** لەنجەو لار؛ **غەنناج:** زۆر بەناز؛ **عیشوە:** قەمزەو ناز؛ **تاراج:** تاڵان.

**پوختەی مانا:**

ئەو بەژنە بەلارو لەنجەو زۆر بەنازە، کە لە سەوڵو شمشاڵ دەکا؛ بە سیلەی چاو داگرتن‌و ناز فرۆشتن گەلە گیان بەتاڵان دەبات.

**٢ من دی سەحەرێ دخوابی مەستی**
**بێ دەنگ تەزەرو، لال دورراج**

**مانای وشە:**

**خواب:** خەو؛ **تەزەرو:** باڵداریکی پنۆك پنۆکی کلکدرێژە؛ **دورراج:** پۆر.

**پوختەی مانا:**

من لە بەرەبەیانێکدا، کە هێشتان پۆرو تەزەرویش، لاڵو پاڵبون‌و بۆخوێندن وەخۆ نەکەوتبون؛ یارم دیت کە هێشتان خەواڵویی شەو، بەری نەدابو.

٣ بشكفت ژغونچه نيرگزا مەست
بو فەرق ژسەر قەديفە ديباج

٤ جەبهەت كەشفى ژصوبحى صادق
نورىٚ كو قەدا لسەر شەبى داج

**مانای وشە:**

فەرق: جيايى؛ فەرق: تەپلەسەر؛ قەديفە: پارچەی مەخمەر؛ قەديفە: گولٚيكە؛ ديبا: پارچەی ئاوريشم؛ جەبهەت: توٚيلٚ؛ صوبحى صادق: بەيانى رون؛ نور: روٚشنايى؛ نور: گولٚ؛ داج: تاريك.

**پوختەی مانا:**

يار كە مەستى خەوالٚو بو، چاوەكانى ـ كە وەك دو نيٚرگزى مەستن ـ بەروى گولٚزاردا هەلٚينا. پارچەی ئاوريشمى سەرپوٚشى لەسەر ناوچاوانى لادا. لەخوٚشى ئەو ديمەنەی ئەو، نيٚرگز چاوى داپچراندو لە خونچەييەوە بوبە گولٚ. گولٚى قەديفەی رەنگ ئالٚيش بوٚ لاسايى ئەو روخسارەو بوٚ ديدارى، خوٚى لە سەرپوٚشى گەلٚاى شين، رزگار كردو هەمولا دەبەژنى رٚامايىن. روناكىو صافى هەنيەی يار كە دەركەوت، تاريكايى شەوە زەنگى لەبەررەوىو بەيانى رونى وەدەر خست.

٥ ئەلماسى نومانە شوبهى ميصرى
دانين جەگەرىٚ مە دل كر ئاماج

٦ نەسرينو بنەفشە تەووزاندن
ماوەرد درەشاند شوشەيى عاج

٧ جوهتى حەبەشان بطُرْفَةُالعَيْن
ئانى قەدەرەك ژئەسپەهان باج

**مانای وشەی ئەو سىٚ بەيتە**

نومانە: نواندیان؛ ميصرى: شيرى ميصرى كە بە تيژو جەوهەر دار بەناو بانگە؛ دانين: دايان گرت، هاتنىٚ؛ ئاماج: نيشانە؛ نەسرين: گولٚيكى زوٚر سپيە؛ تەووزاندن: رازاندنەوەو رىٚكو پىٚك كردن؛ ماوەرد: گولٚاو؛ رەشاندن: پرژاندن؛ شوشە: گولٚاودان؛ عاج: ئيسكىددانى فيل؛ جوهت: جوت؛ حەبەش: خەلٚكى حەبەشە؛ طُرفَةُالعَيْن: چاو تروكانيٚك؛ طرفە: جوانو لەبەر دلٚان؛ عەين: چاو؛ ئانى: هيٚناى.

**پوختەی مەبەست:**

ديمەنيٚكم دىٚتە بەرچاو:

مەلا دوای نوێژی بەیانی ـ کە دنیا زۆر ماتو کشە ـ لە مزگەوت دەرکەوتوە، گەشتێك دەکا... بەگیانو دڵ، چاوی دڵو گیانی چاوی، بەرەو شانشینی کۆشکی سەلمای گراوی، دەڕوانن. لەپڕ پەنجەرەی هەیوانی روبە باخچە، دەکرێتەوە، یار خۆیەتی، چاوی هێشتان مەستی خەوە، بەژنو باڵای بەرزو تەرزی، تڵدەدا دەلەرێتەوە. چاوێك بە گوڵاندا دەگێرێو بزەیەك دێتە سەر لێوی. کارەکەرێك ئاوێنەو شانەو گوڵاودانو کلو کلتوری بۆ دێنێو لەسەر کورسی روبەروی دای دەمەزرێنێ، کە خانم خۆی وەرازێنێو لە داهێنانی پەلکەی شۆڕ، دڵی دنیا بشۆرێنێو بشێوێنێ.

کەزی دادێن، لەلادانیان، لاجانگی سپی دەنوێنێ. بە کلچۆك چاوان دەرێژێ. دەستێك بە بروێاندا دێنێ. کڵاو زێڕێکی پڕ پەرەنگ لەسەر دەنێ. بەسینگو بەروٚكو کەمەر، چەند لیزگە لە زێڕو گەوهەر، سەربەرزو بەختەوەر دەکا. لە وێنەدانی ئاوێنە، خۆیشی عاشقی خۆی دەبێ. جا واوەیلا لە مەلای دڵ بریندارى ئەویندارى دورە هومێدو هەژارى پاكو بێگەرد! لەم کاتەدا، چی بەسەر دێت؟ سەرچاوەی شیعر دەجۆشێ، فیچقە دەکا. مەرەکەفو قاقەزو قەڵەمی ناوێ. ئەشکی سورو بژانگو پەڕەی دڵ، هەیە. دەبابزانین لەم سێ بەیتەو بەیتەکانی ئایندەی ئەم قصیدەدا، ئەو دەڵێ چی؟

بروٚ ـ کە وەك شیری میصری بەکەوانەن ـ بەمشتو ماڵی سەرپەنجەی وەك ئەڵماسی تیژیان لێهات. دڵمی کردە نیشانەیان، جەرگیشمیان پارەپارەکرد. لاجانگی سپی زێوینو کەزیە رەشو بۆنخۆشەکەی، خونچەی نەسرینو وەنەوشەی پێ گەشاوەو پشکوتنو بۆ دیداری دەستێکیان بەخۆدا هێناو رازانەوە. گوڵاودانی عاج، لە تاوی لاجانگو مەچەکی سپیو بۆنی خۆشی بسکی خاوی، لیکاوی لەدەم دەپڕژا. کل فرۆشانی ئیصفەهان ـ کە بەکلچاکی ناودارن ـ لەوە ترسان، چاوی رەشی بێ سورمەی یار ـ کە بازاری کلە سوبحانیش دەشکێنێ ـ برەوی سەودایان بەرێ. ملیان بۆ خوڵامی چەماندو بونە باجدەری چاوانیو لە چاو تروکاندنێکا سەرانەیان گەیاندە لای ئەو دو حەبەشیە مەستانە. ئەگینا نەکەزیەکانی کاریان بەعەطرو گوڵاوەو نە چاوە مەستە کانیشی کلیان دەوێ. بۆنی خۆشی خودادادەی، بسکی خاویو رەنگی لە ئەزەل دارژاوی جوتە چاوی، هیچ کارێکیان بە دەسکردی بەندەی خوداوە بەند نیە.

**٨ سیما کو نوما نەما لهش سیم**
**سیماب ژخەجلە مایە رەجراج**

**٩ میرئاتی سکەندەری لپێشە**
**(بحرُو لهاالْعُکوسُ امواج)**

**١٠ دوٚرا قەمەرێ ژبەر شەفەقدا**
**کو سپێدە لفەرقێ سەر نها تاج**

**مانای وشه:**

**سیما:** کەسم؛ **هش:** هۆش؛ **سیم:** زێو؛ **سیماب:** جیوە؛ **خەجلە:** شەرمەزاری؛ **رەجراج:** بەلەرزە؛ **میرئات:** ئاوێنە؛ **سکەندەر:** دنیا گرێکی بەناوە، دەڵێن ئاوێنەیەکی هەبوە، هەمو دنیای نیشان داوە؛ **عکوس:** وێنە دانەوە؛ **ئەمواج:** شەپۆل گەل؛ **دۆر:** دەورە؛ **شەفەق:** رۆشنایی ئاسۆ لە ئێوارەدا؛ **سپێدە:** بەربەیان؛ **نها:** داینا.

**پوختەی مانای ئەو سێ بەیتە:**

کەسمو بیچمە رەزاسوك و رازاوەکەی، کە دیاری دا؛ زێو لەتاوان، لە هۆش چو، سپی هەڵگەڕا. جیوە لەشەرمی لەرینی بەژن و باڵای، لە رەوت و لارو لەنجەدا، لەرزی لێهات. ئاوێنە کە وێنەی جوانی بێوێنەی هەمو دنیای ئەدایەوە؛ دڵی کەوتە شەپۆلدان و شەپۆلی جوانی دەوێدا، ببوە توفان و فەرتەنە. سپیایەتی بەربەیان، بە دیمەنی ئەوناسکە سپیە لە خۆشیان، بە سوپاسەوە قەدەمی وەك تانج نایە سەر. تەنانەت روناکی ئاسۆی ئێوارانیش، لە عەیبەتان، رۆژو شەوی لێ گۆڕابو. چوبو دەوری مانگی دابو، کە هیچ نەبێ، کەموسکەیەك وەك روخساری یار دەنوێنێ. مەبەستی مەلا ئەوەیە؛ بریقەی کڵاوزێڕەکە لە دەورەی سەرو سیمای یار، وەکو روناکی ئاسوبێ لە دەوری مانگی چاردەدا دێتە بەرچاو.

**١١ چەرخە، فەلەك و مەلەك دبازن**
**(شمسُ وکواکبُ وابراج)**

**١٢ زوهرە بەقیرانی قابەقەو سەین**
**(والنَجمِ اذا هَویٰ بِمِدْراج)**

**١٣ دەنگێ مەلەکان زمیهنە زەمزەم**
**ئەرواح ژعیشقێ تێنە میعراج**

**مانای وشە:**

**چەرخ:** عاسمان؛ **چەرخ:** کۆزی هەڵپەرکێ؛ **فەلەك:** عاسمان؛ **فەلەك:** زەمانە؛ **مەلەك:** فرشتە؛ **بازین:** سەماکردن، لەیزتن؛ **شەمس:** خۆر؛ **کەواکب:** ئەستێرەگەل؛ **ئەبراج:** رێبازەکانی ئەستێران؛ **قیران:** نزیك بونەوە؛ **قاب:** ئەندازە؛ **قابەقەوسەین:** ئەندازەی ژێکەوانێك؛ (یان، ئەندازەی دودەست لە پەنجە تا هانیشك)؛ **نەجم:** ئەستێرەکۆی پیرۆ؛ **هەوی:** داکەوت؛ **مِدراج:** پلەپلە؛ **زمیهتن:** گاڵەگاڵ کردن؛ **زەمزەم:** ویرە ویر، زەمزەمە؛ **زەمزەم:** بوێسە؛ **زمەزم:** گورەو هەرا؛ **تێنە:** دێنە؛ **معراج:** بەرەو سەر کەوتن.

**پوختەی مانا:**

مەلای ئێمە کە لە بۆتەی ئەوینی خوداناسیندا، قاڵ کراوەو پاڵێوراوە؛ لەپڕ دڵی دادە خورپێو

هۆشی گیانی لەسەیری جوانی سەلمایە ـ کە پاژێکی زۆر وردیلە لە دەریای جوانی خودایە ـ رادەپەڕێو خورەی سەرچاوەی دێتەگوێ. حاڵی لێ دێ. هەمو نهێنی پشتپەردەی خاكو ئاوی ئەم زەمینەی دێتە بەرچاو. چیببینێ؟ نەك هەر ئەو لەجوانی خودای جوانیدەر بە سەلماكەی ئەو، سەر خۆشەو دڵی دەجۆشێ؛ بگرە هەردو عاسمانو هەرچی لە ناویاندا هەیە، كەوتونە خۆشیو زەمزمەو هەڵپەركێو بەزمو دیلانە. فەرمویەتی:

كۆزی هەڵپەركێو سوردانە، عاسمانو فرشتەكانو رۆژو ئەستێرەو بورجەكان، سەما دەكەن، زوهرە، بەدەم هەڵپەركێوە نزیك بۆتەوە لە پیرۆ. ئەستێرەی كۆش، بەسەماوە پلەپلە بەرەو ئەو بەیانە جوانە، دادەكەوێ. پۆڵپۆڵ فرشتە لێك كۆنو هەرایانە، گاڵەیانە، ناڵەیانە، هەڵدەپەرن، دادەپەرن، بە ویرەویر، بە دەنگی قەو پەسندی ئەو جوانیە دەدەن. هەمو گیانێكی بەختەوەر، بەرەو تیشكی جوانی خودا، بۆسەر كەوتن ملە دەكەن. گەرەكیانە زوی بگەنێو سەیری بكەن. «سەعدی»ش لەمبارەدا دەڵێ:

گەڵای شینی داران لەكن پیاوی وشیار  لەپەسنی خودا هەر پەلەی دەفتەرێكە

شیاوی باسە، مەلا لەم چەند بەیتانەدا، میعراجی پێغەمبەریشمان، بۆ باس دەكا. كە چۆن لە گەڕانەوەیداو گێڕانەوەی ئەو سەفەرەی كافر باوەڕیان نەدەكردو عوتبەی كوڕی ئەبولەهەبی زاواشی، زۆر بێعەدەبانە دواندیو گوتی: بڕوات بە ئەستێرەو خوای ئەستێرانیش نەماوە... خودا سورەی «نەجم»ی ناردو لەسەر راستی روداوەكەی ئەو سەفەرە، هەر بە ئەستێرە سوێندی خواردو فەرموی:

«سوێند بە پیرۆ لەوكاتەدا دادەكەوێو بەرەبەیان ئاوا دەبێ. ئەو هەواڵەو نە گومبوە، نەگومرایە. لەخۆیەوە قسە ناكا. هەرچی دەیڵێ لەخواوەیەو فرشتەی زۆر تواناو بەهێز فێری دەكا... ئەو فرشتە وەحی بەرە. لە ئاسۆگ خۆی نیشانداوەو لەپاشانیش بە ئەندازەی ژێكەوانێو نزیكتریش، خۆی لێ نزیك كردۆتەوەو فەرمانی ئێمەی پێداوە.»

مەلای خواناس كە لە حاڵاتی جەزمەدا، زۆر نهێنی گرینگی ئاشكرا كردون. سور دەزانێ لەوانەیە وشكەسۆفی كە سەریان لەهیچ دەرناچێ؛ بڕوانەكەن. بە بزەی پڕ بەزەییەوە فەرمویەتی:

١٤ دل بەحرە ئو صەدهەزار مەوجن
زاهید چخەبەر ژبەحری مەوواج؟

**مانای وشە:**

زاهید: تەركەدنیا، لێرەدا مەبەست وشكە صوفیە؛ مەوواج: زۆر بە شەپۆل.

**پوختەی مانا:**

دڵی منی پێگەیشتوی تێگەیشتو، وەك دەریایەو لە صەد هەزار لایەنەوە، شەپۆل دەدات.

وشکەسۆفی ـ کە لەسەر خۆڵ مەلە دەکا ـ خەبەری لە دەریا چییە؟! «نالی» دەڵێ:
بڕوانە وشکە صۆفی یو رەقصی بە هەروەلە  دیسان لەبەحری وشکی هەوا کەوتە پێ مەلە

**١٥ بوریو بەغەنجەکی «مەلا» کوشت**
**ئەو غونچە لەبا دەلالو غەنناج**

**مانای وشە:**
**بوری:** رابرد؛ **غەنج:** ناز؛ **دەلال:** بە عەرەبی نازەو بە کوردی جوان چاکە؛ **غەنناج:** زۆر بەناز.

**پوختەی مانا:**
دیارە مەلا بەئەمەگە. چاکەی سەلما، لەبیر ناکا کە بەو دیدارەی بەیانەی لانەی دڵی، شێواندوەو گەیاندویەتە ئەو حاڵەی کە زۆر نهێنی گرینگی بۆ دەرکەوێ، دەڵێ: ئەویارە دەم بیچکەڵانەی لێوئاڵەی لەبەردڵانە، لەو تولحی بەرەبەیانە، بەنازەوە هات رابردو مەلای هەژاری لەگیان کرد.

## قصیدەی بیستو پێنجەم

# «سەروەری جوانان»

**١ دل ژعیلاجێ کو بدەرکەت میزاج**
**دێ ژلەبی نوش عەطابت عیلاج**

**مانای وشە:**

**عیلاج:** دەرمان؛ **عیلاج:** چارە؛ **نوش:** رەواقی هەنگوین؛ **عەطا:** بەخشین.

**پوختەی مانا:**

دڵێك کە نەخۆشی بگاتە دەرەجەیەك کە بە هیچ کەس دەرمان نەکرێت. لە لیکی رەواق ئاسایی لێوی تەنکی‌یار چارەی دێت.

**٢ ئایینەیی جامی جیهان‌بینی جەم**
**بادەیی لەعلینە دجاما زوجاج**

**مانای وشە:**

**جام:** پیاڵە؛ **جام:** شوشە: جام: ئاوێنە؛ **جیهان‌بین:** دنیابین؛ **جەم:** ناز ناوی پاشایەکی کۆنی ئێرانە کە گوایە پیاڵەیەکی هەبوە هەمو دنیای تێدا دیوە؛ **بادە:** مەی؛ **زوجاج:** شوشە.

**پوختەی مانا:**

بادەی ئاڵ بە رەنگی لاڵ، کە دەناو پیاڵەی شوشە بکرێ؛ دەبێتە پیاڵەکەی جەم کە خۆرەوەی هەمو شتی دنیای فراوانی دێتە بەرچاو.

٣ ژاڤی حەیاتێ بمەدا شەربەتەك
زیندە کرین ما ژعەدورا نەشاج

**مانای وشە:**

**ژاوی:** لەئاوی؛ **عەدو:** دوژمن؛ **نەشاج:** گریان‌و شیوەن.

**پوختەی مانا:**

مردبوم، یارم لە ئاوی ژیان ـ کە مەیەك بو، لیکی وەك رەواقی خۆی تێدابو ـ کە شەربەتێکی دەرخوارد دام، زیندو بومەوەو گریان‌و شین‌و قورپێوان هەربو دوژمنان مایەوە.

٤ بەندکرم گەرچی شبی فیل یوم
سیم بەری ساعیدو بازو ژعاج

**مانای وشە:**

**ساعید:** قوڵ؛ **بازو:** باسك.

**پوختەی مانا:**

منێك کە بەلای خۆمەوە، لە هێزو پێزو توانا دا، خۆم بە هاوتای فیل دەزانی؛ کەچی ئەندام زێوینێکی قوڵ‌و باسك سپیواشی بەرەنگی ددانی فیل، گرفتاری خۆی کردم‌و بەندو پێوەندی کردم. «نالی» دەڵێ:

ئەلا ئەی ئاسکی ناسك بەباسك  شکاندت گەردنی صەد شێری شەرزە

٥ ئەختەری ئیقبال‌و مەهی بورجی بەخت
میهری سپهرێ کەمەرو تەخت‌و تاج

٦ کوس‌کو هەنگافت بشاهی لتەخت
پادشەهان نەقدی رەوان دان خەراج

٧ خوسرەوی شیرینی لدەر بەندی حوسن
سیم بەران لازمە لێ موهرو باج

**مانای وشە:**

**ئەختەر:** ئەستێرە؛ **ئیقبال:** بەخت؛ **میهر:** خۆر؛ **میهر:** خۆشەویستی؛ **سپیهر:** عاسمان؛ **کوس:** تەپڵ؛

**هەنگافتن:** لێدان؛ **رەوان:** رەواج؛ **رەوان:** گیان؛ **خوسرەو:** پاشا؛ **شیرین:** جوان‌و لەبەردڵان؛ **شیرین:** ژنی خوسرەوی پەرویز، کە فەرهاد لەسوێی‌مردو لە دەربەندێك کۆشکی هەبو کە جێگەی ئێستا شارێکە لە کوردستان، بەناو قەسری شیرینەوە؛ **موهر:** مۆر.

**پوختەی مانا؛**

یارە جوانکیلانەکەی من، بەراستی دەکرێ بەپادشای هەمو جوانانی سەر زەمین دابندرێ. ئەستێرەی بەودم وپیت‌و مانگی بورجی بەختەوەری، بونە کەمەری زێڕینی‌و تەختی لەسەر رۆنیشتنی. خۆر لەعاسمان بەئاواتە، وەك تانج لە سەر سەری ئەوبێ. یاری‌من کە گەیشتە سەر تەختی پادشایەتی جوانان‌و لەخۆشیان تەپڵیان بۆکوتا. پادشایانی دنیا، تێکڕا ئامادەیی خۆیان شاندا کە نەغدینەی گیانی خۆیانی بە شاباش‌و باج بۆ بەرن. ئەو جوان‌و لەبەر دڵانە کە لە دەربەندی جوانی‌دا، هەر بۆ خۆیەتی‌و هیچ کەس‌نا. پێویستە ناسك ئەندامان بەدەستی گەل نامەی خوڵامی‌و بەندەیی بۆ مۆرکەن‌و سەرانەو پیتاکی پێ بدەن.

**٨ سککەیی شیعرامە بەناڤێ تەهات**
**لەو بەعەیاری دجهان‌دا رەواج**

**مانا:**

شیعری ئێمە ـ کە سکەکەی بەناوی تۆوە لێدراوە ـ بۆیە بەعەیارتەواوی لە هەمو دنیا ناسراوەو پەرەو بڕەوی وا زۆرە.

**٩ ئابی رەوان من دیە شیعرا «مەلا»**
**(یُنْکَرُ لِلماء لِسوءِالْمِزاج)**

**مانای وشە:**

**من‌دیتومە؛ یُنْکَرُ:** ئینکار دەکرێ؛ **للماء:** بۆئاو؛ **لِسوءِالمِزاج:** لەبەر بەد میزاجی.

**پوختەی مانا:**

من دەبینم شیعری مەلا بەرەوانی، وەك ئاوی کانی رەوانەو هەتا بڵێی‌خۆش‌و جوانە. کێ دڵی لەئاو ببێزێ دیارە بۆخۆی لەپاڵە خۆی‌دا نەخۆشەو هیچ تاوانێکی ئاو نیە.

## قصیدەی بیست‌و شەشەم

# «مەی چارەیە»

۱ دیسا ژنو بێ‌حاله دل ساقی وەرین جاما زوجاج
موشتاقی خەمرا ئاله دل لێ خۆشی ئانی بت میزاج

**مانای وشە:**

ژنو: سەرلەنوێ؛ وەرین: بهێنە؛ زوجاج: شوشە؛ موشتاق: بەتاسە؛ خەمر: بادە؛ خۆش: ساغ؛ ئانی: دەس‌بەجێ؛ میزاج: تەبیات.

**پوختەی مانا:**

مەیگێڕ! بەو پیاڵە بلورینەی خۆت سا بادەیەکم بۆبێنە، وا سەرلەنوێ، دڵ بێ‌حاڵەو ئارەزوی بادەی ئاڵ دەکا. هەر بمگاتێ، دەس‌بەجێ دڵو تەبیاتم ئازاو ساغو خۆش دەبنەوە.

۲ ساقی کو دیم مەهوەش بتن کاکول ژشیڤا رەش بتن
قەرقەف بلا ئاتەش بتن ئەم دێ بوی دل کین عیلاج

**مانای وشە:**

دیم: روخسار؛ مەهوەش: مانگ ئاسایی؛ شیڤارەش: شەوی تاریکی ئەنگوستە چاو؛ قەرقەف: بادە.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر مەیگێڕ وەك مانگ جوان‌بێو کاکوڵی وەکو شەوەزەنگ رەشی توخ بێ؛ بائەو مەیەی دەمانداتێ، وەك ئاگر جەرگ سوتێن بێ. گوێ نادەینێ و دەردی دڵمان دەرمان دەکا.

**٣ دا ئەم بوی دل حەی بکین پێ سینە داغو کەی بکین**
**صەد مەنزلان پێ طەی بکین ئەودێ دسەیرێ کەت رەواج**

**مانای وشە:**

**حەی:** زیندو؛ **کەی:** داغ؛ **طەی:** پێچانەوە؛ **سەیر:** رۆیشتن؛ **کەت:** دەکا؛ **رەواج:** برەو.

**پوختەی مانا:**

مەیگێڕ! بادەی ئاگرینمان پێ ببەخشە، تا دڵمان زیندو کاتەوە. سینەو هەناومان، داغ بکا. مەی دەستی تۆ، بۆ ڕێڕەوان دنەدەرەو بیخوێنەوە دەتوانین صەد مەنزڵ ببڕین و نەوەستین.

**٤ بێ نورو ناری موحبەتێ بێ نەقش و صونعی قودرەتێ**
**ناچین مەقامی وەصلەتێ (نورٌ لَنا وَاللَّیْلُ داج)**

**مانای وشە:**

**نار:** ئاگر؛ **موحبەت:** خۆشەویستی؛ **مەقام:** جێگە؛ **وەصلەت:** پێك گەیشتن؛ **لَنا:** بۆئێمە؛ **لەیل:** شەو؛ **داج:** تاریك.

**پوختەی مانا:**

شەو تاریکە. سەر دەرناکەین. نازانین بەرەو کوێ دەچین. ئەگەر روناکایی و گڕی ئەوین و نەخشی دەسکردی توانایی خوای مەزن ڕێگەمان بۆ ڕۆشن نەکات؛ هەرگیز ناگەینە ئەو پایە کە بە بارەگای یار بگەین.

**٥ ئەڤ نار سیقالادلە دائیم لوی قالا دلە**
**نەوروزو سەرسالاد لە وەقتێ هلیتن ئەوسیراج**

**مانای وشە:**

**سیقال:** مشت و ماڵ؛ **قال:** گاڵەو هەرا؛ **هلیتن:** هەلێت؛ **سیراج:** چرا؛ **سیراج:** بریەتیە لە خۆر.

**پوختەی مانا:**

ئاگری ئەوین و خۆشەویستی، کە دڵی من هەمیشە بۆی دەگاڵێ و لەتاسەی ئەوا دەناڵێ؛ تەواو دڵ مشت و ماڵ دەکاو هەرگا خۆری ئەوینی یار، تیشك بخاتە دڵەوە؛ لێی دەبێتە جێژنی نەوروزو ئازادی:

٦ حەتتا بنورا بادەیێ رەنگین نەکی سەججادەیێ
دوری ژوی شەهزادەیێ دوردانەیا گەردن ژعاج

**مانای وشە:**

**سەججادە:** بەرماڵی نوێژ، دوگرد؛ **دوردانە:** گەوهەری تاقانە.

**پوختەی مانا:**

ئەی رێژەوی رێگـەی ئـەوین! باش‌بزانە، تا دوگردت لەناو شـەرابدا رەنگ نەکەی؛ ناگەیتە لای ئەو شازادەی کە گەوهەری تاقانەیەو گەردنی‌سپیە وەکو عاج.

«مەحوی» لەو بارەوە دەڵێ:

بەنوری بادە کەشفی ظولمەتی تەقوا نەکەم چبکەم؟
بە نورێکی وەها چارەی شەوێکی‌وا نەکەم چبکەم؟

«حافظ» دەڵێ:

ئەگەر پیرت گوتی دوگردە مەی هەڵگێشە بی‌کێشە
بە فەرمانی بکە خۆی شارەزایەو رێگە ناگۆڕێ

٧ دوردانەیا گەردەن بلور رەیحان لسەر وەردێن دجور
هەی‌هەی بەمەستی تێنەدور خاڵا لنك فەرقێ بتاج

**مانای وشە:**

**وەرد:** گوڵ؛ **جور:** گوڵی گوڵاوێ؛ **لنك:** لەکن.

**پوختەی مانا:**

ئەو گەوهەرە تاقانەی گەردن بلورینە ـ کە رێحانەی بسکـەکانی کەوتونە سـەر گوڵی گوڵاو ـ ئـەو بسکە رێحانیانەشی، مەستی جوانی خاوەنیانن. هەر لەپەستا، دێنە دەورەی ئەو خاڵی سـەر هەنیە جوانەی کە بەرانبەر بە نێوانی سەر دیار ئەداو نەخشێکە لەبن تاجەکەی.

مەبەستی مەلا ئەوەیە: یار بسکەکانی لاجـانگی لەسـەر گۆناوە لادەخـاو بەرەو سـەر هەڵیان دەوێزنێ و لەنزیك خاڵی سەر توێڵی بە کڵاوەکەی بەندیان دەکات.

٨ میهراتە پوڕ ئەبتەر کرین خالان ژبەر بسکان دەرین
زولفا موسەلسەل عەنبەرین چین‌چین ژچینێ تێتە باج

**مانای وشه:**

**میهر:** ئەوین؛ **ئەبتەر:** بێپیت؛ **موسەلسەل:** بەزنجیرە کراو.

**پوختەی مانا:**

لە ڕێی خۆشەویستی تۆدا، دەردێکمان بەسەر هاتوە، بەهرەو پیتمان لەدەس داوە. دەسا بەزەییەکت هەبێ، خاڵەکانت ـ کە ژێر بسکەکانت کەوتون ـ دەر بهێنەو بیان نوێنە. ئەو کەزیانەت ـ کە بە زنجیرەت هۆنیون‌و بە بەرامە بازاری عەنبەر دەشکێنن بادەرکەون. خەڵکی چینێ پێی بزانن. ئەگەر چی میشکی خوتایەش لای خۆیانە. دەستەدەستە دێنەلات‌و باج بۆ ئەو کەزیانەت دێنن.

**٩ تەنها نەکوردستان ددن شیرازو (ینگ)و وان ددن**
**هەریەك لسەر چەهڤان ددن ژ ئەسپەهان تیتن خەراج**

**ماناکەی:**

جگە لە خەڵکی کوردستان ـ کە شانازی بە جوانی کچی کورد دەکەن ـ خەڵکی تریش لەشیرازو ینگ (؟) و وان‌و ئیصفەهان‌و شوێنی تریش، باج بۆ ئەو جوانیەت دەنیرن‌و چی بفەرموی لەسەرچاوان پێکی دێنن.

**١٠ چەهڤێن بەلەك قەوسێن هەلەك چەرخ‌و فەلەك، غالب مەلەك**
**(فی حُبِهَا عُمری ذَلَك) (والحب یجری فی عَجاج)**

**مانای وشە:**

**چەهڤ:** چاو؛ **هەلەك:** هیلاك‌و خەتەر؛ **هەلەك:** خوارەوەبو؛ **چەرخ‌و فەلەك:** هەڵپەرکێ بەکۆز؛ **غالب:** بەشی هەرە زۆر؛ **مەلەك:** پەری‌و فرشتە؛ **فی حُبِهَا:** لە ئەوینی‌دا؛ **عُمری:** تەمەنم؛ **ذَلَك:** لەسەر ئاوا بونە؛ **والحب:** ئەوینیش؛ **تجری:** دەڕوا؛ **فی‌عَجاج:** لە گێژەڵوکەدا.

**پوختەی مانا:**

لەو کۆزی هەڵپەرکێیەدا ـ کە بەشی زۆر لە سەماکەر وسوردەران وەك فریشتەو پەری دەچن ـ چاوی بەڵەك‌و بروی کەوانی پیاوکوژی ئەو نازدارە، دەردی داومێ. لە ئەوینی ئەو چاوانە، تەمەنم لە ئاوابونەو هێشتان گەمیەی ئاواتانم دەبەر گێژەڵوکە دایەو زۆر چەتونە گەردەلول تێکی نەشکێنێ.

١١ شاهید هەزار ڕەنگ خەمملین ڕەقص‌و سەما پێ کەمملین
ئیرۆ «مەلا» ئەم صەد دلین ساقی وەرین جاما زوجاج

**مانای وشە:**

**شاهید:** دڵبەر؛ **خەمملین:** خۆیان ڕازاندەوە؛ **کەمملین:** بێ کەمایەسی بون.

**پوختەی مانا:**

لەم بەزم‌و ئاهەنگ‌و کۆزی سەمایەدا، دڵبەران بەهەزار تەرز خۆیان جوان ڕازاندبووەو کۆرەکە هیچ کەمایەسی تێدا نەبو. مەلا! ئێمە ئەمرۆ دڵمان لەصەد جێوە لەتلەت بوە. مەیگێڕ وەرەو پیاڵەی بلورینت بێنە، تاوەخۆین‌و برینی دڵمان دەرمان کەین.

«نالی» دەڵێ:

بۆچی نەگریم صەد کەرەتم دڵ دەشکێنی مەی چۆن نەرژێ شوشە لەصەد لاوە شکاوە

## قصیدەی بیستو حەوتەم

# «رازداری»

**١ پوڕ مەکە اِسراف دقەتلیٚ مُباح**
**(سَفكُ دَمِ الْعاشِقِ مالا یُباح)**

**مانای وشە:**

**اسراف:** لەرادە دەرکردن؛ **مُباح:** نهێنیٚ درکێنراو؛ **مُباح:** رەواو حەڵاڵ؛ **سَفْك:** ڕژاندن؛ **دَم:** خوێن؛ **ما:** شتێکە؛ **لایُباح:** دروست نیەو رەوا نابیٚ.

**٢ سینە بدەستیٚ خوە مُبارەك قەکە**
**(تَغرِفُ کَمْ فی کَبَدی مِن جِراح)**

**مانای وشە:**

**تَغرِف:** دەزانی؛ **کَمْ:** چەند؛ **فی:** لە؛ **کَبَدی:** جەرگم؛ **جِراح:** برینان.

**پوختەی مانای ئەو دو بەیتە:**

کوشتنی دڵدارەکانت لە ئەندازە دەرکردوە. کە دەشتەویٚ هەر بیان‌کوژی. وا بەکۆمەڵ مەیان‌کوژەو وامەکە، بە زۆریکاری‌و هەژار کوشتن، ناوت دەرچیٚ. چونکە هێندێك دڵداری وایان لەناودا، وا لە ئەویندا سوتاوە، هەربینا گیانی دەر دەچیٚو خوێنەکەشی ناخەنە گەردنی توٚوە. بۆنمونە من خوٚم دەڵێم: بە دەستی ممبارەکی خوٚت، سینەم شەق‌کەو لە هەناوانم برٚوانە، تابزانی کە چەند برینی کاریگەر، لە جەرگم‌داو مزگێنی مەرگم پیٚ دەدەن. من هەر لەسوێی توٚ، گیان دەدەمو کەسیش ناڵیٚ خوێنی بەناهەق ڕژاوەو کەس گوناح ناخاتە سەرتوٚ.

«سەعدی» لەو کوشت‌و کوشتارە توڵەی دەویٚ. بە عەرەبی گوتویە:

دەڵێن راموسانی کچی جوان خەتایە ئەدی رشتنی خوێنی عاشق رەوایە؟!
واتا: ئەم حەقیچە بەم حەقیچە.

**٣ دل ژهەواياته دفكرێن دهور**
**(فی لُججٍ بَینَ هُبوبِ الرّیاح)**

**٤ عیشق كوگەها كێ وەلعەقلی خوەما؟ (یان، عیشق گەهاكێو لعەقلی خوەما؟)**
**(یَفتِكُ بالْعاشِقِ حُسنُ الْمِلاح)**

**مانای وشە:**

**هەوا:** ئەوین؛ **هور:** ورد؛ **لُجج:** لوججەگەل؛ **لوججە:** نێرینەو پڕایی ئاوی بەربەرین؛ **هبوب:** هەڵکردنی‌با؛ **ریاح:** باگەل؛ **گەها:** گەیشت؛ **یَفتِك:** دەکوژێ بێ‌ئەمان؛ **حوسن:** جوانی، باشی؛ **مِلاح:** بای گەمیە ئاژۆ؛ **ملاح:** جوان چاکان.

**پوختەی مانا:**

منێك كەخۆم بە خاوەن ئاوەز دەزانی ودەمگـوت دڵم‌كانگـای بیری ژیرانەیە؛ لەوەتا بومە دڵدارت، خـــۆمو دڵم، وەكو گەمیەی بادەوانی ـ كە لەناوەندی دەریادا، قـــەتیس مابێو لە هەمو لا، بای گەردەلول دەوری دابێو رای‌تەكێنێو بی‌رەتێنێو نزیك‌بێ تێكی بشكێنێ ـ هومێدم لەمان بڕاوە.

هەركەسێ تریش كە وەك من، لە ئەویندا‌ریدا بگاو كاڵی‌و تاڵی بەجـێ بێڵێت؛ وەك ئـەو گەمیە لێقـەوماوەی لێ دێت. تەنانەت ئـەگەر باش باش‌و بەئـــارەزوی گەمیەوان بێت؛ لە گێژاوی دڵداری‌دا، بێگومان لەبەریەك دەچێ. ئاخ لەدەس ئەوینی جوانان!! دڵدارکوژی بێ ئامانن.

**٥ دێ دو سیەهسورمەیی چەهقێن خوەكەت**
**خاكی رەهی یارێ صەبا هەر صەباح**

**٦ توزو غوباری سەحەری بەرچەمەن**
**(قَدْ نَشَرَالطّیبَ و بِالْمِسكِ فاح)**

**مانای وشە:**

**صەبا:** شنەی بای رۆژهەڵات؛ **صەباح:** شەوەكی؛ **چەمەن:** مێرگو چیمەن؛ **قد:** لێرەدا مانای تەواو؛ **نَشَرَ:** بڵاوی كردەوە؛ **فاح:** بۆنی‌دا.

**پوختەی مانا:**

ســروەو شـنەی بەیانان ـ كە لەرۆژهەڵات هەڵدەكا ـ هەمو رۆژێ بەخـــاكی بەرپێی یارەكەم،

چاوەکانی خۆی دەریژێ. توزی پاڵای یارە باڵا بەرزەکەی من، بۆنی خۆشی دا بە مێرگو باغی گوڵانو بۆنی میسکیش نیسکێك لەو توزەی تێدایە کە هێندە بەرامە خۆشە.

۷ فێرسو رمباز گەهان یەك بتیر
(أَخمَدُ فی‌البینِ قَتیلُ‌الرماح) یان، (قَتیلُ‌الرماح)

مانای وشە:

فێرس: ئازای سوارچاك؛ بەین: نێوان؛ بەین: دور کەوتنەوە، هجران؛ قَتیل: کوژراو؛ رماح: رمبگەل؛ أَخمَدُ: سوپاسو تاریف دەکەم.

پوختەی مانا:

بە نازەوە، چاوەمەستەکانی لێك ناپیلوەکانی لە دولاوە، بەتیرورمبی بژوڵان، هاتنە سەریەکو تێك‌گیران. لەو ناوەدا، ئەحمەدی بێ سوچو تاوان، بەنوکی ئەو بژانگانەی لەرمب درێژترو تێژتر، شەهید کرا!

ئەگەر قتیلَ بی؛ واتا: سوپاسو ئافەرین دەکەم لەو کەسەی کە هەر دوربەدور کوشتەی ئەو مژوڵانەیە.

۸ (بوسە زنان هرکە بران آستان  مَکَّنَ مِنْ جَبْهَتِهِ لابَراح)

مانای وشە:

بوسە: ماچ؛ بوسە زنان: بەماچ کردن؛ بَرْ: لەسەر؛ آستان: پێش دەرگا؛ مَکَّنَ: بۆی‌لوا؛ مِنْ: لە؛ جَبْهَه: سەردارو سەرومر؛ جَبْهَه: سەردەرانە؛ لا: نا؛ بەراح: لاکەوتن، جێهێشتن.

پوختەی مانا:

هەرکێ هەرجارێك بۆی بلوێ، سەر لە دەرگانەی یار بسوێو سەرداری ماڵ رێگەی بدا، سەردەرانەکە راموسێ؛ تازە هەرگیز لاناکەوێو هەتاهەتایە، لەژیانی بەختەوریدا رادەبوێرێ.

۹ (حَلَّ لَهُ القتلُ بِشَرْعِ الْهَوىٰ  مَنْ کَشَفَ‌السِّرَ وَبالسِّرِ باح)

مانای وشە:

حَلَّ: رەوایە؛ قتل: کوشتن؛ شەرع: دەستور؛ هَوىٰ: ئەوین؛ من: کەسێ؛ کَشَفَ: پەیدای کرد؛ سِرّ: نهێنی؛ باح: درکاندی.

**پوختەی مانا:**

مەلا! تۆ بۆچ ئەم نهێنیەت ئاشکرا کرد، کە ماچێك لە دەرگانەی یار، هۆی هەرمان‌و سەرچاوەی هەمو خۆشیانە؟ بە شەریعەتی دڵداران، هەرکێ بەسرێك بزانی‌و ئاشکرای کا؛ کوفرەو کوشتنی رەوایە.

«حافظ» دەڵێ:

وتی ئەویارە کە سەرداری قەنارەی شادکرد

سوچی گەورەم ئەوەبو رازی دڵی خۆم درکاند

**١٥ حوسنی ئەدایاتە «مەلا» هەرکێ دی**
**(صحَّ لَهُ إنكَّ عَيْنُ الْفِصاح)**

**مانای وشە:**

حوسن: باشی‌و جوانی؛ ئەدا: پێك هێنان؛ صَحَّ: بەراست گەڕا؛ لَهُ: بۆئەو؛ إنَّكَ: تۆ؛ عَيْن: سەروەر، سەردار؛ فِصاح: قسەرەوان گەل.

**پوختەی مانا:**

مەلا! هەرکەسێ کردەو هونەرتی چاو پێ بکەوێ‌و بزانێ چەند جوان‌و رەوان شیعر دەڵێی؛ بێ‌گومان بۆی دەردەکەوێ، کە تۆ سەروەرو سەرداری زمان‌تەڕو پاراوانی.

«نالی» دەڵێ:

نالی عەجەب بەقودرەت‌و حیکمەت ئەدای دەکا

مەعنایی زۆرو گەورە بە لەفظی کەم‌و بچوك

## قصیدەی بیستو هەشتەم

# «حوسنا موقەددەس»

**١ حەیف دقەیدا خاكو گیل بت عارفی چالاك روح**
**دیٚ موجەررەد بت كو پورتەو دەت ژنورا پاك روح**

**مانای وشە:**

**حەیف:** مخابن؛ **قەید:** بەند، زنجیر؛ **گیل:** حەڕی، قور؛ **چالاك:** چوست؛ **موجەررەد:** روتەوەبو؛ **پورتەو:** تیشك.

**پوختەی مانا:**

زۆر حەیفە گیانی چاكی بزۆزو چالاكی خودا ناس، لەناو بەندی قورو خاكی لەشی سەرزەوی بمێنێ. پێویستە ئەو بەندو كۆتەی فرێبدا تا سەرلەنوێ گیانی پاكی وەبەر تیشكی جوانی خوای تاك كەوێ.

**٢ قەیدی خاكو گیل نەبت دابیٚ حیجابو پەردە بیٚ**
**میثلی بەدریٚ جارنان تێخت خوسوفیٚ خاك روح**

**مانای وشە:**

**حیجاب:** پەردە، لەمپەر؛ **جارنان:** هێندیٚ جاران؛ **تێخت:** بخاتە؛ **خسوف:** گیرانی مانگ.

**پوختەی مانا:**

وا باشە گیان ئازادبیٚو هیچ لەمپەڕو بەندی خاكو قوڕی لەبەرو لەسەر نەمێنن. چونكە تا دیلو یەخسیری ناو ئەو كەلاكە خاكەیە؛ چاری ناچار با وەك مانگی چاردەش وابیٚ، توشی گیرانیٚ هەر

دەبێو خاك دەیگرێ.

شیاوی باسە، گیرانی مانگی عاسمانیش، هەر لە سۆنگەی زەمینی خاكو ئاوی‌یە، كە دەبێتە لەمپەر لە نێوان مانگو رۆژ.

**٣ شەمعی سەرنور نادرت گەر ئەو نەكەت پەرهیز دل**
**ذەوقی جاما عیشقێ ناكەت گەر نەكەت ئیمساك روح**

**مانای وشە:**

**شەمع:** مۆم، شەم؛ **پەرهیز:** پارێز؛ **ذەوق:** چێژە؛ **ئیمساك:** خۆڕاگرتن لە خواردنو...

**پوختەی مانا:**

مۆم ئەگەر لە ناوەرۆكدا، پیسو خۆڵاوی بێت؛ هەڵ نابێو روناكی نادات. رێرەوی رێگەی عیرفانیش، هەروەهایە. ئەگەر بەدڵ پارێز لە خڵتو خاشی دنیایی نەكا؛ هەرگیز روناكایی جوانی خودا، لەسەری خۆی دا نابینێ. هەتا عارف خۆی لەهەمو لەزەتو خۆشیان دور نەگرێو لەم دنیایە واز نەهێنێ، لەبادەی ئەوینی خودا، چێژە ناكات.

**٤ دل بطایەك نێرگزان‌دە نازكەك تەروەندە دە**
**گول دكن تەشبیهی خاران هەرخەس‌و خاشاك روح**

**مانای وشە:**

**طا:** چڵ، قل؛ **تەروەندە:** نوبەرە، تازە پشكوتو؛ **خار:** چقڵ؛ **خەس‌و خاشاك:** زبڵو زاڵ، پڕوپوش.

**پوختەی مانا:**

رێبواری سەر رێگەی عیرفان، لەدوای ئەوە كە لەخۆشیو شادی دنیا دەست بەر ئەداو دڵو گیانی بەپارێزو خۆراگرتن، تەمیزو بێخڵتە دەكا؛ ئەوساش دەبێ لە هەڵبژاردنی یاری دەستگیردا، پەلە نەكاو فریوی رواڵەت نەخوا. كەسێك كە دەستی بگاتە باغی گوڵانو رێگەی بدەن گوڵێك بۆخۆی هەڵبژێرێ، باتێگەرێو چڵێك نەرگزی ناسكی تازە پشكوتوی نوبەرەی بێهاوتا، بكاتە هی خۆ. ئیتر وەك ئەوانە نەبێ كە روحیان لە زبلو زاڵداو چقڵانیش بەگوڵ دەزانن.

**٥ جامی عیشقی پاكی روحانی طەهورا باطینە**
**ئی‌نەنوشی هەروەها حەتتا ئەبەد ناپاك روح**

**مانای وشه:**

**طەهور:** خاوێن‌و خاوێن کەرەوە؛ **باطین:** دەرون؛ **نوشین:** وەخواردن.

**پوختەی مانا:**

بادەی ئـەوینی پاکی خـوداناسی ـ کە تایبەتی گیانپاکانە ـ دڵ‌و دەرون لە پیسـیەتی دەشـواتەوە. هەرکەس لەو بادە نەنۆشـێ، هەزار سـاڵیش تێبکـۆشێ گیانی بۆ هەتا هەتایە گەمارو چڵکـن دەمێنێ.

**٦ هەیئەتا کەیف‌و کەمی بێ‌کەیفە کەیفا عارفە**
**دێ بمێنت گەر نەبت ناچار بێ‌تریاك روح**

**مانای وشە:**

**هەیئـەت:** تەرز، رواڵەتی؛ **کەیف:** چـۆنیەتی؛ **کەمی:** چـەندی؛ **کەیف:** ئـارەزو؛ **دێ‌بمێنت:** هەردەمێنێ؛ **تریاك:** دەرمانی دژی ژەهر.

**پوختەی مانا:**

چۆنی خوداو تەرزو بیچم‌و چەندایەتی رەوشـت‌و ئـاکارەکانی (صـیفاتی)، هەرچـی باس دەکرێ‌و دەگوترێ، لەراستی‌دا هیچـی دەگەڵ راسـتەقـانی تەواو یەکتر ناگرنەوە. هەرکەسـێ هەرلە ئەندازەی ئاوەزو بیرکردنەوەی خۆی بۆی چوە. دڵ‌و گیانی رێزەوانی رێگەی عیرفان، بەو چـەندو چۆن لێکدانەوەی ئاکارو تەرزو دیمەنی خودای مەزن، ژان لەگیان‌و دڵ پەشێوو سـەرسـوڕماون. هەرگا یار یاری کردن‌و چاوی دڵیان لەدینی دیداری گەش‌بو؛ لەو دڵەتەپێ‌و دودڵیەی توشیان بوەو ـ چون مارانگەزتە، پێچ دەخۆن ـ رزگار دەبن. کێ بە خوا بگا، تێ‌دەگا، کە بۆ ئـەو یارە تاقـانە، نە چۆنی هەیەو نە چەندی. خۆی‌و صیفەت‌و ئیرادەی هەر یەکەو خـۆی سـەرچـاوەیەو لێك جیانین. واتا بەدەردی کورد دەڵێ: خودا یەکەو نابێ بەدو.

**٧ دێ بەگولزارا جەمالا سەبزە پوشان وی چکەت؟**
**ئی دمیهرێ‌دا نەبت دل پارەپارە، چاك روح**

**مانای وشە:**

**جەمال:** جوانی؛ **سەبزەپوش:** لیرەدا بریەتیە لەو کەسانەی دەگەڵ خودا تێکـەڵاون‌و هەرگیز سـیس‌و پیر نابن‌و لەناو ناچن. (ناوی حەزرەتی «خضر» کە کورد دەڵێن: «خدر» واتا هەمیشە سەوزو دور لەسیس‌بون‌و وشك بون)؛ **میهر:** ئەوین؛ **چاك:** دادڕاو.

**پوختەی مانا:**

کەسێکی لە دڵداری پاکدا، دڵێ لەتلەت نەبوبێتو پارچەی گیانی دانەدڕابێ، قەت ڕێی‌نابێ بچتەناو باغی گوڵانی ئەو جوانانەی کە تا هەتا بە ئەوینی یار، زیندون‌و سیسی‌و کزی‌و هەڵوەرینیان نایەتە ڕێ.

**٨ بەر ژجان دەررا کەیەك ڕەوشەن‌ترو والا دڤێت**
**صورەتی حوسنا موقەددەس دابکەت ئیدراك روح**

**مانای وشە:**

**بەر:** پێشتر؛ **دەرراکە:** زۆر زو لەشت گەیشتو، زۆر لەسەر هەست؛ **والا:** بەرز، هێژا؛ **صورەت:** شکڵ؛ **موقەددەس:** پیرۆز؛ **ئیدراك:** پێ‌زانین.

**پوختەی مانا:**

هەر ئەویندارێکی خودا، کە بەنیاز بێ بە دیداری یار شادبێ، پێویستە سەرەڕای گیانی خاوێن هۆش‌و بیرو تێ‌گەینەکی زۆر لە پلەی بەرزا هەبێت؛ تا توشی هەڵەموت نەبێ‌و هەڵنەدێرێ. ئەوسا دەکرێ بەدیداری ئەو جوانیە هەرە پیرۆزە، گیانی شادبێ‌و لە بەندی خەمان ئازادبێ.

**٩ گەر خەبەرداری ژسیررا (کُنْتُ کنزاً) گوهبدێر**
**دا بەصەد تەورێ بەیانکەت مەعنی‌یێ (لولاك) روح**

**مانای وشە:**

**کُنتُ:** بوم؛ **کەنز:** گەنجینە؛ **گوه :** گوێ؛ **تەور:** جۆر؛ **لولاك:** تۆ نەبای.

«دوفەرمودەی پیرۆز (حدیث قدسی) هەیە، پێغەمبەر لەزوان خوداوە فەرمویەتی: من گەنجینەی نهێنی بوم، ئەم جیهانەم هەر بۆیە کردوە بناسرێم. جارێکی تریش فەرمویە: گەر تۆ نەبای، ئەم عاسمانانەو جیهانەم ساز نەدەدا.

ئەگەر ئێمە بە رواڵەت بینی‌و سەرچڵی لەو دو فەرمودە بڕوانین؛ وا ئەزانین پێچەوانەو دژ بەیەکن. ئەم سازدانە بۆکامیانە؟ بۆ ناساندنی خودایە؟ یان بۆ ڕێزنان لە پێغەمبەر؟

بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین، زو تێ‌دەگەین هەردوك لا لکی دارێکن‌و ناو ئاخنی تابارێکن. با بزانین چۆن؟! خوا ویستویە خەڵك دروس‌کا بیناسن. پێغەمبەری هەڵبژاردون‌و ناردونی مرۆ ئاموژگاری بکەن کە بیناسن. محمدیش (ص) بەرانبەر بە فەرمودەی خۆی «من ببومە پێغەمبەرو هێشتان بابەدەم لیتەبو» پێشینەی پێغەمبەرانەو لەدوای هەموانیش هاتوە. خودا گیانی محمدی بەر لە هەرشت وەدی هێنا. واتا ماك‌و هەوێنی سازدانی دنیا محمدە. بونی پێغەمبەرو جیهان وەك دو شەنگڵە بەرەکەتەن کە لێك جیا ناکرێنەوە. «شێخی‌خانی» لە پێشەکی «مەم‌و زین» دا لەو بارەوە بە کرمانجی فەرمویەتی. کە سۆرانیەکەی

ئەمەیە:

گەنجینەیی گەوهەری وەشێراو
پاش پەردەیی کردە دێتە بەرچاو
چی جوانو بەنرخی ئەم جیهانەن
لەجوانی خودای نەمر نیشانەن
دای جوانی نەمر بروسکەیەك لەم
پێغەمبەری ئێمە هاتە بەرهەم
ئەو تیشکی خودایە بۆ هەمیشە
بۆ هەرشتێ بۆتە پنچو ریشە
گیانان لەگیانی ئەو پەیا بون
چەند تیرەو و هۆز لەیەك جیابون
سەرپاکی لەتیشکی رونی ئەوبون
گش هاتنو بون لەبونی ئەوبون
هێشتا نەزەوی، نە عاسمان بو
ئەو سەروەری هێزی سەروەران بو
عاسمانو زەوی لەبەر ئەوی بون
بووی بو فریشتە سەرنەوی بون
پێغەمبەرێ بو لەلای خودا ئەم
پێ خوێ یەکی قوربو باوە ئادەم
ئەو پەنجەرەیەو خودا دەوێرا
تیشکی لە دڵی رەشی مە گێرا

**پوختەی مانای بەیتەکە:**

ئەگەر لە مانای نهێنی «گەنجینە بوم» ئاگاداری، دەگوێ بگرە؛ بزانە گیان چۆن بەصەد تەرزو جۆر مانای «گەر تۆ نەبای»ت پێ دەڵێ...

**١٠ لامیعی سیررا تەجەللی سەر لطوری دل ددەت**
**ضەبط ناکەت وێ مەجالێ صەد هەزار ئەفلاك روح**

**مانای وشە:**

**لامیع:** تروسکەدەر؛ **تەجەللی:** خۆشاندان؛ **ضەبط:** راگرتنو گرتن؛ **مەجال:** وەخت، دەم؛ **ئەفلاك:** عاسمانان.

**پوختەی مانا:**

هەروەك موسا لە کێوی تور، لە خوا پاڕاوە بیبینێ، خودا فەرموی: تۆ نامبینی، بەڵام بڕوانە ئەو کێوە. ئەگەر خۆی لەجێی خۆی داگرت، سا ئەوسا کە توش دەمبینی. وەختێ خودا خۆی نیشانی چیاکە دا، لەبەریەك چو. موسا بە بێهۆشی کەوت.

ئەگەر تیشکی جوانی خودا خۆی بۆ دڵ ئاشکرا بکا؛ گیان خۆی ناگرێ. ئەگەر صەدهەزار عاسمانیش لە هەمو لاوە بیگرن، وەك کێوی توری بەسەر دێ.

**١١ هەردو ئیلانێن تەدیمن طەوقی گەردەنکر مودام**
**دامە هەربێتن تەبەسسوم وەكگولا ضەححاك روح**

**مانای وشه:**

**ئیلان:** مار؛ **طەوق:** بەندی بەئاڵقە؛ **مودام:** هەمیشە؛ **ضەححاك:** زۆر بەپێکەنین؛ **ضەححاك:** گوڵی جوان پشکوتو.

**پوختەی مانا:**

مەلا لەپاش ئەوهەمو ئاموژگاریانەی خواناسانەو دەنگو باسانەی، چۆنیەتی بەخوا گەیشتنو تێگەیشتن لەمانای ئایەتو حەدیث؛ بۆ وچانێك بادەداتەوە سەر دنیاو دیسان رودەکاتە سەلمای دڵ رفێنیو فەرمویەتی:

چەند خۆشە پیاو دیلی تۆبێو خەڵکیش بەوکارە بزانن، کە تۆ یەخسیرو دیلی خۆت رست کردوە. جا بۆئەمە من کە هەردو پرچی وەك ماری رەشتم دیت، کردمنە تۆقی گەردنم، تا لای هەموکەس شانازی بەو بەختەوەریەم بکەمو هەمیشە وەك گوڵ گەش‌ببمو لەخۆشیانا هەربخەنمو بزەم لەسەر لێو لانەچێ.

**١٢ جەوهەری حوسنی ئەدا تەنها دبت مەقبولی طەبع؟**
**گەر نەصەیقەل دەت بنورێ عیشق وەك حەککاك روح**

**مانای وشە:**

**جەوهەر:** گەوهەر، عەصل، لێرەدا بەمانا هونەرە؛ **صەیقەل:** مشتومالّ؛ **حەکاك:** ئەوی شتدەڕنێ تا ژەنگی لێ بکاتەوە.

**پوختەی مانا:**

شیعرو گفتی من، بۆیە لە چاو قسەی خەڵکی‌تر زۆر لە بەردڵانەو خەڵك پێیان خۆشە، چونکە گیانم کە بەتیشکی ئەوین قاڵە، زمانو دڵو مێشکمی بە خاوێنی راهێناوەو وەکو ژەنگرن ژەنگاوی مشتومالّ دەکا. ئەویش مشتو ماڵی داون، بۆیە وا خۆشو لەبارن.

**١٣ دی بوێ ئەندازو تەرزی کی دبێت سیحری حەلال**
**گەر نەبالا طەبع بت وەك پەهلەوان چالاك روح**

**مانای وشە:**

**دی:** لێرەدا بەمانا دەنا؛ **سیحری حەڵال:** بریەتیە لە شیعرو وتاری زۆرباش.

**پوختەی مانا:**

دەنا کێ دەتوانێ بەم تەرزو بەو ئەندازە زۆرە، سیحری حەڵاڵی بەدەمدا بێ. ئەوە کاری کەسێکە

که گیانی وەك پاڵەوانی زۆرچوستو بەکار مرخیشیعری بەپایەو پلەی بەرزە تی گەیاندبێ.
«نالی» دەڵێ:

فارس و تورك‌و عەرەب هەرسێم بەدفتەر گرتوە
نالی ئەمرۆ خاوەنی سێ مولکە دیوانی هەیە

**١٤ دل بڕم ئاڤیهت‌و وی لێ بارکر قەوسی شەڤین (یان، چەڤین)**
**دێ بدەت بەر گەزمەیان بێسوچ ئەو سەففاك روح**

**مانای وشە:**

**ڕم:** رمب؛ **ئاڤیهت:** هاویشت؛ **بارکر:** ئامادەی کرد؛ **شەڤین:** بەرەنگی شەو؛ **گەزمە:** تیر؛ **چەڤین:** چەماو.

**پوختەی مانا:**

ئەویارە عاشق کوژو خوێن ڕێژە، بە ڕمبی مژوڵان جەرگی هەنگاوتومو ئێستا بەوە نەوەستاوە؛ دو بروٚ کەوانیەکانی ـ کەچەماون‌و ڕەشن وەك شەوی زوٚر تاریك ـ ئاراستەی گیانم کراوەو دەیەوێ ئەو بێگوناهەش هەر بێتاوان بەرتیران دات.

**١٥ شەهسەوار ئیروٚ کەمەند ئاڤیهتنە قەلبێ «مەلێ»**
**بەند ناکەت غەیری فیتراکاتە صەد فیتراك روح**

**مانای وشە:**

**فیتراك:** بەن سامورتە.

**پوختەی مانا:**

ئەمرۆ زوٚر لەوانەی کە لە مەیدانی جوانی‌و دڵبەری‌دا بە سوار چاك دەژمێردرێن؛ ویستیان دڵی‌من بخەنە ناو کەمەندی خوٚیانەوەو لە توٚم بستێنن. بەڵام خەیاڵیان خاوە، من بەوانە ناگیرێم‌و گیانی من تەنیا بەبەن سامورتەی پشت زینی ئەسپی توٚنەبێ؛ لە هیچ بەندێکی دیکەدا، ئوٚقرە ناگرێت‌و ناگیرێ.

«سەعدی» دەڵێ:

ئەگەر توٚ راو بکەی وەحشی بە خوٚشی دەبنە نێچیرت
هەمو گیانێك گرفتاربونی توٚی بوٚ بەختەوەر بونە

## قصیدەی بیستو نوهەم

# «کلیلی دڵ»

**١ عیشقێ کوبدەن بەیەکدو ئەرواح**
**پەیوەستە دڤێ بەهەفبن ئەشباح**

**مانای وشە:**

**بەیەکدو:** بەیەکتری؛ **پەیوەستە:** پێکەوەلکاو؛ **پەیوەستە:** هەمیشە؛ **بەهەڤ:** پێکەوە؛ **ئەشباح:** شەبەحگەل؛ **شەبەح:** تارمایی، ئەو تەرزو شکڵەی کە گیان لەپاش دەرچون لەلەش بەخۆیەوە دەگرێ کە لەشیش نیەو هەروەك لەشە دنیاییەکە دەچێ؛ **شەبەح:** ئەو زنجیرەی لاقی دیلی پێ دەبەستن.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر گیانان لەبەر بارەگای خودادا ئەوین پێکتر بگۆڕنەوەو بەتەمابن هەر ئەویندارى یەکتربن؛ زۆرپێویستە تارمایی گیان هەڵگریشیان هۆگر بەیەکتر بگرن و بۆ هەمیشە خۆیان بەزنجیری ئەوین بەیەکەوە ببەستنەوەو هەرگیز لێك جیانە نەبنەوەو تەواو هەروەك تێکەڵاوی لەش و گیانی دەورانی ژیانی سەردنیا لێکدرابن.

**٢ جان و جەسەدان کو ئیتتیحادن**
**(والْماءُ لَهُالمِزاج بالراح)**

**مانای وشە:**

جەسەد: لەش؛ **ماء:** ئاو؛ **لَهُ:** بۆئەو؛ **مِزاج:** تێکەڵاوی؛ **راح:** بادە، مەی.

**پوختەی مانا:**

تێکەڵاوی لەش و گیانی ئەویندارانی بەراستی و دەرون خاوێن و داوێن پاك، تا لەروی خاكبون

چۆن بوە. دوای دەرچونی گیان لە ڕکەی لەشـی خـاکیش، هەڕۆا دەبن. تێکـەڵی گیان‌و تارمایی گیان هەڵگـری ئـەوینداران، وەك لێكدانی مەی‌و ئـاوە کە تازە بەهیچ ئـاوایەك لەبەریەك هەڵناوێردرێن.

**٣ وەصلاتە لجان‌و دل حەیاتە**
**(مَنْ ذاقَ مَرارَةَالنَّویٰ طاح)**

**مانای وشە:**

**مَنْ:** کەسێ؛ **ذاقَ:** چەشتی؛ **مَرارە:** تاڵی؛ **نَویٰ:** دوری، هجر؛ **طاحَ:** بەهیلاك‌چو؛

**پوختەی مانا:**

نزیکی‌و گەیشـتن بەتۆ، مایەی ژیانی گیان‌و دڵە. کەسـێك تاڵایی دوری تۆی تام‌کردبێ، گومانت نەبێ مردوە.

**٤ تەنها نە دسینە من خەدەنگن**
**(مِنْ لَحظِكَ فی‌القلوبِ أرْماح)**

**مانای وشە:**

**خەدەنگ:** تیر؛ **لحظ:** چاو، تماشا؛ **قلوب:** دڵان؛ **ارماح:** ڕمگەل.

**پوختەی مانا:**

نەك هەرمن گرفتاری تۆم‌و سینگم پڕە لە تیری نیگـای لاتیلی چـاوەکانت. رمی تیژی مژۆڵانت ـ کە لە تەماشا کردنا دڵ دەپێکن ـ زۆر دڵی وەك دڵی منیان هەنجنیوە.

**٥ پەروین ژشەفەق سەحەر خویابون**
**(لابِدعَ وَفیهِ مِنكَ مِصباح)**

**مانای وشە:**

**پەروین:** کۆ ئەستێرەی پێرو؛ **شەفەق:** لێرەدا بەمانا کوردیی‌یەکەیە کە بە شەبەقی روناکایی بەیان دەڵێن؛ **خویا:** ئاشکرا: **لابدعَ:** تازەیەك‌نیە، واتا شتێکەئاسایی؛ **فیهِ:** لەودایە؛ **مِنكَ:** لەتو؛ **مصباح:** چرا.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر ئەسـتێرەی کۆ، بەرەو روناکی بەربەیان هاتن‌و خـۆیان ئـاشکراکرد؛ هیچ نائـاسایەتی نیە.

چونکه روخساری تۆ، به شەوارەی خستبونو بە تیشکی چراوە هاتن.

٦ (لَوْمِستَ مِنالهویٰ کَبانِ  لابِدعَ وَقَدْ تَمیدُ ارواح)

**مانای وشە:**

**لەو:** ئـەگەر؛ **مِسـتَ:** راژای، لەریتەوە؛ **مِنَالهـوی:** لەبەر شـنەبا؛ **کَبانِ:** وەك نونەمامی داری بان کە داریکی زۆر شەنگو شوخە؛ **قەد:** لیرەدا خودیاریشە؛ **تَمیُد:** دەلەریو دەهەژی.

**پوختەی مانا:**

ئـەگەر دەبینم کە لەبەر شـنەبایەك، بەژنو بالات، بەنازەوە بەملاو ئـەولادا رادەژی؛ بە نائـاسایی نابینم، چونکە تۆ وەك ئیمە لەشنی. لە نازکیدا گیانیکـیو گیانیش دیارە بە هاسـانی شـنەبا یەك دەیلەرینی.

٧ سەییاح مەدین دخەلوە ئیرۆ
الله کو چخەلوە ئو چسەیاح!؟

**مانای وشە:**

**سەییاح:** سائحگەل؛ **سائح:** پینج مانا دەدا، رەبەنیك بۆ خواپەرستی روبکـاتە چیاو چـولان، ئـاوی رەوان، وتار نەخشین، گەریدە بە ولاتاندا، روژوەوان؛ **مەدین:** ئیمە دیمان؛ **خەلوە:** کونجی تەنیایی.

**پوختەی مانا:**

ئەمرۆ لە کونجی تەنیایی بەچاویدل سـەیرم دەکرد، رەبەنانی خـواپەرسـتو دەمبەروژوی مروی نویژو روژی پاكو دنیاگەری زمان شـیرینو دەمپاراو، کە گشـتیان وەكمن دلداری دیداری یاری نازدار بون؛ دەستە دەسـتە وەك ئـاوی رەوانی ناو جـو. بە بزەی هومیدواریەوە، هەر دەهاتنو تی دەپەرین. ئای خودایە. لەو کونجە خاموشە چیم دیت!!

٨ (اِفتحْ بِلِقاكَ قُفْلَ قَلْبی  فالْقَلْبُ لَهُ لِقاكَ مِفْتاح)

**مانای وشە:**

**افتح:** وەکە؛ **لِقا:** توشهاتن؛ **قُفل:** قفل؛ **قَلْبی:** دلم؛ **لَهُ:** بوئەو؛ **لِقاكَ:** توش هاتنت؛ **مِفتاح:** کلیل.

**پوختەی مانا:**

دلم بە جاریك داخراوەو تەنیا بەتوگەیشتنو دیداریتو، دەتوانی بوم بکاتەوە.

٩ بەرقیٚ کو ڤەدا ژبەر نیقابیٚ (فاللّامعُ مِنْ سَناهُ قَدْلاح)

١٠ قەوس‌و قەزەحان نومان ژبالا (والْعَنْبَرُ مِنْ شَذاهُ قَدْفاح)

١١ ژایینە دلیٚ «مەلا» جەلادا (مِنْ طَلْعَتِهِ فَقد صَفا الرّاح)

**مانای وشەی ئەو سیٚ بەیتە:**

**بەرق:** بروسکە؛ **ڤەدا:** دای، دایەوە؛ **نیقاب:** روپۆش؛ **لامع:** تروسکەدەر؛ **سَنا:** رۆشناکی؛ **لاحَ:** دیاری‌دا؛ **قەوس‌و قەزەح:** پەلکە رەنگینە؛ **شەذا:** بۆن‌و بەرامە؛ **فاح:** بڵاوەوەبو؛ **جەلا:** مشت‌و مالٚ؛ **طلعة:** دیتن، هاتنەدەر؛ **صَفا:** پاڵاوتەبو؛ **راح:** بادە.

**پوختەی مانای ئەوسیٚ بەیتە:**

دیارە پارانەوەی مەلا قبولٚ بوە. بوٚیە دەڵیٚ:

بروسکیٚکی تروسکە زوٚر. لەو دیو پەردەی پیوارەوە چەخماغەی‌دا، ریٚژنەی بەزەیی لە دوهات‌و دای‌باراند کەی‌کەم ئیستەی‌کەم. دڵی سیس‌و تینوی ژاری هەزاران کزونزاری دورە هومیٚدو بیٚچارەی ئیٚمە گەلی ئەویندارانی پاراوبون‌و گەشانەوە. لەو هەمو ئالٚو واڵایەی ئەو باڵایە، پەلکە رەنگینە وەدی هات. عەنبەر کە بوٚن‌و بەرامەی ئەو بەژن‌و باڵا نەمامەی بەرکەوتبو، بوٚن خوٚشی بڵاو کردەوە. دڵی مەلا کە تا ئەوسا وەك ئاوٚینەی ژەنگاوی رەش هەڵگەڕابو، بە نەنمی پریشکەی هەوری بەزەیی خاوٚیٚن بوٚوە. گیانی کە لەخشت‌و خاڵی دنیا وەك بادەی پرتڵتەو خڵتە شلوٚیٚ ببو. بەو دیمەنە دڵرفیٚنە واپاڵیٚوراوە، هیٚند رونە یادەی نمونەش نایگاتیٚ.

## قصیدەی سیهەم

# «ناڵەی دڵ»

**١ ئاهێ ژدەردی دل دکت هەرچی کودی ئازاری چەرخ**
**دەربێ لنیڤا دل ددەت لامیع صیفەت نوباری چەرخ**

**مانای وشە:**

**ئازار:** ژان؛ **چەرخ:** زەمانە؛ **دەرب:** زەبر؛ **لامیع صیفەت:** وەك بروسکە؛ **نوبار:** جۆرە کەوانێك بوەکە چەند سەرە تیری وێکرا دەرکردوە.

**پوختەی مانا:**

هەرکەس وەك من، ژانی دەستی زەمانەی پەستی چێشتبێ؛ ناچارە دەردی دڵبکاو ئاخ هەڵکێشێ. کەوانی دەستی زەمانە، تیران داوێتە دڵی من بە زەبرێکی هێند دەستو برد، دەڵێی بریسکە لێم دەدا.

**٢ تێن سینەیان پەیکان نهین ئامانجی وان تیران ئەمین**
**داما بەلایێ دەر کەمین هەر گوشە دۆر ماداری چەرخ**

**مانای وشە:**

**پەیکان:** سەرەتیر؛ **نهین:** بەنهێنی؛ **ئەمین:** ئێمەین؛ **دام:** داو؛ **دەرکەمین:** لەبۆسەدا؛ **دۆرمادار:** دەوراندەور.

**پوختەی مانا:**

زەمانە لەهەر گۆشەو کەناران، بۆسەی بەڵای بۆ داناوینو دەوری داوین. سەرەتیران بەرەو سینگمان دەهاوێژێو ئێمەی نیشانەی تیرانین.

٣ بیرا خوتینن غەنجەیان عاشق دنیڤ ئەشکەنجەیان
ئاڤێتە دل بەرپەنجەیان هەردەم ژنو شونقاری چەرخ

**مانای وشە:**

**غەنجە:** ناز؛ **ئەشکەنجە:** ئازاردان؛ **ئاڤێتە:** دەهاوێتە؛ **شونقار:** جوڕێك بازی زۆر چنگاڵ تێژو بەهێزە.

**پوختەی مانا:**

لەجەنگەی ئازاردانێکدا، کە لە زەمانەی دەبینین؛ سەبوریمان هەر بەوە دێت، کە نازی یارمان دێتە بیرو ئازارمان لەسەر سوك دەبێ. بەڵام زەمان لێ ناگەرێ ئاسودە بین. هەر دەمێك سەرلەنوێ، دڵمان دەخاتە بەر پەنجەی دەردو ئازاران. کە وەك شمقار نچیر دەگرێ، هەڵیدەدڕێ.

٤ کوڤان لەطیفان گول عیذار شونا گولان روستینە خار
لەو تێن ژبولبول ئاهوزار نیڤا جیهێ گولزاری چەرخ

**مانای وشە:**

**کو:** لەکوێ؟؛ **لەطیف:** نەرمو ناسك؛ **عیذار:** لاجانگ؛ **روستینە:** رواون.

**پوختەی مانا:**

کوان؟ بۆنەمان لاجانگ وەکو پەڕەی گوڵان؟ بەداخەوە لەشوێن گوڵان درك رواون. بۆیە بولبول، لەشوێنی چۆڵی گوڵاندا، لە چنگ دنیا گریانو ئاخو ئۆخیانە.

٥ صەد بازیان ئەڤ حیلەباز تینت بحیلە کارساز
گەهگە هکو نازەو گەهنیاز سەححارو پڕ مەککاری چەرخ

**مانای وشە:**

**بازی:** عوێن؛ **گەهـ** : جار، گا؛ **سەححار:** زۆر جادوگەر؛ **مەککار:** زۆر بەگزی.

**پوختەی مانا:**

ئەم زەمانە، هەتا بڵێی جادوگەرێکی بەفێڵە. بەنازو قەمزەو عیشوەبێ، بەنیازو نوزەو کزی بێ، کاری خۆی بەپیاو پێك دێنێو صەتان فێڵی لەبن سەردا.

٦ هەرچی بخونت صوحبەتێ ئاخر دجاما شەربەتێ
زەهرا هەلاهیل دێ دەتێ دادل نەدن ئازاری چەرخ

**مانای وشه:**

**بخونت:** بانگ بکا؛ **صوحبەت:** هاودەمی؛ **هەلاهیل:** گیایەکە کە شیرەکەی ژەهرێکی زۆر کوشندەیە.

**پوختەی مانا:**

هەرکێ بەدەنگیەوە بچێو دڵ بەزەمانە خۆش‌بکا، زیان دەکا. لە جەنگەی دۆستایەتی دا، کە شەربەتی ئەداتە دەست؛ ژەهری هەلایلی تێدایەو دەیەوێ دەرمان خواردوی کا. دەغیل نەکەن باوەر بە زەمانە کەن‌و دڵی خۆتانی بدەنێ.

«مُحی‌الدین عەرەبی» دەڵێ:

کەیارم دیتی مەستم، دەستی بەستم، دامیە بەر شیران

بەڵێ هاوپیاڵەیی حەزیا سزای جزیای بەدودا دێت

**٧ ئەڤ ئەررەیا ژەهری ددان من ژێ ددل دانن سینان**
**مالبەهری فەرقێ دوژمنان بێتو برەت مینشاری چەرخ**

**مانای وشە:**

**ئەررە:** هەڕە، مشار؛ **من‌ژێ:** لەوی؛ **سینان:** نوکەڕمب؛ **مینشار:** مشار.

**پوختەی مانا:**

زەمانە وەك مشارێکە، ددانەکانی بەژەهر ئاو درابن. من زۆر نوکەڕمبم لەدەست دنیا لەدڵ دایە. با ئەو مشارە ژەهراویە، هەر بەشی دوژمنانمان بێتو لەسەر تەپڵە سەری ئەوان بێتو بچێت.

**٨ دوژمن ژجان تالان بتن ئەو خوە هەروٚ نالان بتن**
**میلاك‌و دل کالان بتن لێ بێت ورەت غەداری چەرخ**

**مانای وشە:**

**تاڵان:** پوڕ؛ **هەروٚ:** هەموروٚژێك؛ **نالان:** بەناڵە؛ **میلاك:** سی‌و جەرگ‌و دڵ؛ **غەدار:** قەدارە، قوڵە شیرێکی دم ساتوٚری‌یە؛ **کالان:** بەرگی شیرو خەنجەر.

**پوختەی مانا:**

دەبا سەرەرای مشاری ژەهراوی، قەدارەی زەمانەی غەددار، دڵ‌و هەناوی دوژمنان کالانی‌بێ. یا خوا گیانیان بەتاڵان چێو هەمو دەمان بناڵێنن.

٩ داڤ کوهنه خانی میثلی دەیر چەندین کەواکیب تێنه سەیر
پەیکان بداڤێ شوبهی طەیر هەرژێ دبارن ناری چەرخ

**مانای وشه:**

**داڤ:** دەئەو؛ **کوهنه:** کۆن؛ **خان:** کاروانسەرا؛ **دەیر:** شوێنی رەبەنان؛ **سەیر:** تماشا؛ **سەیر:** رۆیشتن؛ **شوبه:** وەکو؛ **نار:** ئاگر.

**پوختەی مانا:**

دەو کۆنه خانەدا ـ کە وەك دەیری رەبەنانە ـ چەندو چەندجار، ئەستێرە دێن‌و دەڕوانن‌و بەجێی دێلن. ئەو هەر لەسەر رەوشتی پیسی خۆیەتی. پەیکان دەگرێتە ئەستێرانیش کە وەك چۆلەکە راویان‌کا. لەم زەمانە هەمیشە ئاگر بارانەو دنیا دۆزەقی یارانە.

١٠ شەمسێ بشەمسی جام بجام حەتتاد کن دۆرێ تمام
ئاتەش درێژە هەر مودام ئەڤ گونبەدی دەواری چەرخ

**مانای وشه:**

**شوموس:** بادە؛ **شەمس:** بریەتیە لە مەی؛ **شەمس:** دوژمنی زۆر سەخت؛ **شەمس:** هەلتۆزاندن‌و بار نەبردن، چەموشی؛ **مودام:** مەی.

**پوختەی مانا:**

زەمانە وەك مەیگێرێکی دلپیسە. بەنیازی دوژمنایەتی پێك لەسەر پێك، بادە بۆ خەڵك تێ دەکا. بە هەموانی دەچەشێنێ‌و بەو مەیە دەیان مرێنێ. بادەکەی ئەو ئاگرێکە بۆگیانی وەخۆرەوەکان. لەو گونبەزە خول‌خولەیە ئاور دەرژێت.

١١ ئاگر دئاب‌و گیل دکەت قەلبان ژقەلبان هل دکەت
میتقەب دجان‌و دل دکەت دائم ئەڤستن کاری چەرخ

**مانای وشه:**

**هل دکەت:** هەڵ دەکا؛ **هل‌دکەت:** هەڵ دپچرێ؛ **میتقەب:** مەتکەو؛ **ئەڤستن:** ئەوەن.

**پوختەی مانا:**

ئاگر دەخاتە ناو لەشی مرۆ، کە لە ئاو وگڵە. دڵان توشی یەك دەکاو پێکیان دا دەگیرسێنێ‌و

لێکیان هەڵدەپچرێ. گیان‌و دڵان کون‌کون دەکا. هەمیشە کاری زەمانە ئەو کارە نالەبارانەن.

**١٢ چەندی کو خوبان بێن رەزم  من‌ژێ ددلدانن گەزم**
**ئامانجێ وان رەمزان ئەزم  سەرعەسکەری سەییاری چەرخ**

**مانای وشە:**

**خوب:** جوان چاك؛ **رەزم:** جەنگ؛ **من ژێ:** من لەو؛ **گەزم:** تیر؛ **رەمز:** نیشانی نهێنی؛ **ئەز:** من؛ **سەر عەسکەر:** فەرماندە؛ **سەییار:** گەروك.

**پوختەی مانا:**

هەرچەندی جوان چاکان، دڵیان لەدەردی زەمانە دەرەنجێو دەیانەوێ بەگژی داچن؛ منی کڵۆل بەر دەکەوم. لە وتاری بەتێکوڵیان تێگەیشتوم کەمن کراوم بە ئامانجو منیان بەسەرکردەی بەڵای زەمانە داناوە. هەربۆیە منی بێچارە، دایم دڵم بەتیرو تانەی چاو جوانان بریندارە.

**١٣ من پورشەقان حەتتا سەحەر  دانینە رێ سەمعو بەصەر**
**ئەو ماهرو مابێتە دەر  تا ببمە نەوبەت داری چەرخ**

**مانای وشە:**

**سەمع:** گوێ؛ **بەصەر:** چاو؛ **نەوبەتدار:** جەزایەرچی، کێشك‌گر.

**پوختەی وتار:**

گەلێك شەوان تا بەیانی، لە دەورەی یانەی ئەویارە، گوێ لەسەر هەستو چەمەرام کە بەشکو بەختم بیهێنێ، ئەو رومانگە سەر لە پەنجەرە دەرێنێو دوا بە رۆژ رەشی من بێنێ. ئەگەر زەمانەش ـ خوا نەکا ـ نیازی وابێ بەردوزیپکی ساردو گەرمی لەرێ دانێ، خۆم بکەمە بەڵا گەردانی باڵاکەی.

«کوردی» دەڵێ:

چاوەکەم زانیوتە بۆچی خەولە چاوم ناکەوێ
چونکە من پێش خزمەتم پێش‌خزمەتان نانون شەوێ

**١٤ کەس دی ل‌لەوحی سینەدا  نەقشەك وەهاتی بێ غەلەط**
**هەر دەم ژنو یەك تازە خەط  تاڤێتە دەر پەرگاری چەرخ**

**مانای وشه:**

**لەوح:** تەتەڵە؛ **وەهاتی:** ئاواهاتو؛ **ئاڤێتە:** دەهاوێتە؛ **پەرگار:** جەغز کێش، جەغزینگ.

**پوختەی مانا:**

هەرچی دەردو ئازاری بەشی دڵدارانە، بە پەرگاری دەستی زەمانە، لە تەتەڵەی سینەی من نەخش کراوەو هەمو دەمو کاتێك خەتێکی تازە دێتە سەر خەتانو هەرگیز نوسەری بەڵایان، بۆ جارێکیش هەڵە ناکا، هەڵم بوێرێ.

«ئەنوەری» دەڵێ:

هەر بەڵایێ کە لەعاسمانەوە دێ  بەر لە هەرشت دەڵێ کوا مالّی فلان

**١٥ ما ژحەسرەتا شیرین لەبان  خەوتێتە چەهڤان قەط شەبان**
**فەریاد دەربەر کەوکەبان  پرسێ بکە ژبێداری چەرخ**

**مانای وشە:**

**ما:** بۆچی، مەگەر؛ **فەریاد:** هاوار؛ **دەربەر:** لەپێش؛ **بێدار:** نەخەوتو.

**پوختەی مانا:**

من کەوتم شەوان هەتارۆژ ناخەومو دڵو چاوم بریوەتە ئەو سەرسەرایەی، یارتێدا. مانای وانیە دەتوانم بنومو نانوم. بۆچی مەگەر لە عەزرەتو ئاواتی دینی لێوانی شیرینی وەکو هەنگوینی، خەو تخون چاوان دەکەوێ؟ هەیهات، منی دڵدار شەو هەتا رۆژ، هەر هاوارمەو ناڵەم گەیوەتە عاسمانو ئەستێرەشم لە خەو کردون. ئەگەر برۆوا بەمن ناکەی، باسم لە زەمان بپرسە، کە شەوو رۆژ لە خولدایەو خەوی نایەو ئارام ناگرێ. تا بزانی کە هەرگیز منی نەدیوە لە خەودابم.

«سەعدی» دەڵێ:

درێژی شەو لە برژانگم بپرسە  کە هیچ تاوان بەسەر یەکدا نەهاتون

**١٦ ڤان رەهرەوێن هیممەت بولەند  بەردانە مەیدانێ سەمەند**
**سەر گەشتەبن حەتتا بەچەند  ئەو رەکبی مەشعەلداری چەرخ**

**مانای وشە:**

رەهرەو: ریڤنگ؛ **سەمەند:** ئەسپ یان ماینی شێ؛ **سەرگەشتە:** سەرگەردان؛ **رەکب:** دەستەی سواران؛ **مەشعەلدار:** گرهەڵگر.

**پوختەی مانا:**

ئەو ڕێبوارە بەجێو پایەبڵندانە کە ئەستێرەن لەو عاسمانە. بە ئەسپی شێ لە مەیدان هاتو چۆیانە. وەك دەستە سوارانێك دەچن کە لەشەو دابەرەو بەزمو ئاهەنگ دەچنو چۆڵە چرایان لە سەرشانە. بەڵام لەچونو هاتن‌دا، سەرگەردانن. نازانن بەرەوکوێ دەرۆن، بۆ هەڵدێن؟ بۆئاوا دەبن؟ کەی دوایی بەم ئاهەنگە دێ کە ناومان ناوە زەمانە.

«خەییام» دەڵێ:

لەم جەغزە کەشوێنی هاتو چۆی هەموانە — بێ ژێرو سەرەو دور لە نەمانو پوانە
کێ زانی لەکوێوە هاتوەو کێوە دەچێ — هۆزانو نەزان وەك یەکە، سەرگەردانە

**١٧ گاڤەك ژدەنگێ زەنگلان ئەیمەن چرونین مەنزیلان**
**هەی‌هەی دبینن مەحمیلان فەریادە هەر قەنتاری چەرخ**

**مانای وشە:**

**گاڤ:** تاوێکی‌کەم؛ **زەنگل:** زەنگولە؛ **ئەیمەن:** هێمن؛ **رونین:** دانیشین؛ **مەحمیل:** کەژاوە؛ **قەنتار:** قەتار، گەلە بارەبەر پێکەوە لە کاروان‌دا.

**پوختەی مانا:**

لە بەر دەنگی زەنگی کاروانی بارکردن بەرەو ئەودنیا، کە زەمانە سازی داوەو کەژاوە لە دوی کەژاوە دێتەبەرچاوو هەروا هەیدیی بارکردنە؛ کوا دەتوانین ـ با بۆ کەمە تاوێکیش بێ ـ بە ئارامیو خاترجەمی لەم دنیایە پاڵ دەینەوەو دانیشینو قاچ راکێشین.

«حافظ» دەڵێ:

چلۆن پێمەوابێ ئاسودە دەژیم تاسەر دەگەڵ یاران
دەبیسم زەنگی کاروان بانگ‌دەکا زو لێبنێن باران

«خەییام» دەڵێ:

هەربێنە بەرەو هەڵخولو هاتو چۆیە — گوێ هەڵخە هەمو دەنگی بژیو ڕۆڕۆیە
خەرمانی ژیانە سورە، گەردون سەرکار — ڕۆکردنو پێوانی مەیە لەوکۆیە

**١٨ پورمن ژڤێ چەرخێ «مەلا» کیشا نەئافاتو بەلا**
**ئەبلەهدبینم وی هەلا هەرچی ژدل بت یاری چەرخ**

**مانای وشە:**

**ئافات:** زیان گەل؛ **ئەبلەهـ :** کەمئاوەز؛ **هەلا:** هۆی؛ **هەل:** وەخت.

**پوختەی مانا:**

مەلا! هەر من خۆم دەیزانم ئەم دنیایە، چـەند بێفـەڕو ئـازار دەرو بێبەقـایە، زۆرم زیان لەدەس دیوەو فرەم جەزرەبەی چەشیوە. با پێت بڵێم، لە کاتـو ساتی ژیاندا، هەرکەس بەدڵ ببێتەدۆسـتی زەمانە، زۆر بێئاوەزو نەزانە.

## قصیدەی سی‌و یەکەم

# «شەپالا شەنگ»

**١ دلبەرێ ئیرۆ سەحەر ئاڤیتە جەرگێ من دو دۆخ**
**یەك لسینە، یەك ددلدا لەو ژمن تێن ئاخو ئۆخ**

**مانای وشە:**

**دۆخ:** راستایی تیر؛ **دۆخ:** کوتەکی سەر بەبزمار، دۆق؛ **ئۆخ:** هاواری ئێشان؛ **ئۆخەی:** چخۆشە.

**پوختەی مانا:**

یاری نازدار ئـەمرۆ لە بەرەبەیاندا، کە چـاوی هاتنە بەرچـاوم؛ لە دولاوە بەرتیری مژۆڵی داوم. لە لایەك سینەی پێکاوم، لایەك دڵی وەبەرداوم. جـا بۆیە هەر ئـاخو ئـۆخمە. بۆ هی بەرسـینەم کەوتوە، دەڵێم ئاخ دڵمی نەپێکا. بۆ ئەوەیش دڵمی گرتوە، دەڵێم ئۆخەی بە ئاواتی خۆم گەیشتم.

**٢ ئاخو ئۆخێن من ژدل تێن لی ژبەر تیرا قزل تێن؟**
**یان ژکوڤانێن دکول تێن ژێ دزیت هەر خون‌و زۆخ**

**مانای وشە:**

**لێ:** بەڵام؛ **قزل:** سور؛ **کوڤان:** کوان‌و برین؛ **کول:** بەژان؛ **دزێت:** دەدەڵێنێ؛ **خون:** خوێن؛ **زۆخ:** زوخاو.

**پوختەی مانا:**

بەڵێ دڵم هەر بەدڵ، ئاخو ئۆخیەتی. ئاخۆ لەبەر سەرەتیرە کە بە خوێنی منی بێ بایەخ، سور بون؟ یان لە برینی زۆر بەژانە، کە بە دایم خوێن‌و زوخاو دەدەڵێنێ‌و ترسی هەیە تیری تێژی بژانگی‌یار، شەڵال‌و ژەنگاوی بکا؟

٣ خون ژدل جۆجۆ رەوان تێ وەك عەقیق‌و ئەرغەوان تێ
لێ ژدەست سەلوا جەوان تێ ئەو شەپالا شەنگ‌و شۆخ (یان، سەلوارەوان)

**مانای وشە:**

**رەوان:** جاری، دانەوەستاو؛ **عەقیق:** یاقیق؛ **ئەرغەوان:** گوڵێکی ئاڵی دارە؛ **سەلو:** سەرو؛ **سەلوارەوان:** بریەتیەلە بەژن‌و باڵای شۆخ؛ **جەوان:** تەڕو تازە پێگەیشتو؛ **شەپال:** خونچیلانەی خوێن شیرین.

**پوختەی مانا:**

جۆگەجۆگە خوێنم لەبەردڵی دەڕوا. خوێنی من نەدەبو جوان با. بەڵام چونکە بەدەستی سەلما رژاوە - کە بەژنی وەك داری سەوڵی تازەنەمام، ڕێکەو تاخوا حەزکا خونچیلانەو رەزا سوك‌و خوێن شیرینە - خوێنەکەشمی جوان کردوە. هەر تنۆکەی بەرەنگی دەنکە یاقیقەیان وەك گوڵی ئەرخەوانە.

٤ ئەو شەپالا شۆخ‌و شەنگە کافرە، ڕوم‌و فەرەنگە
دامە بەر جۆتەك خەدەنگە ظالمێ کُشتم بەدۆخ

**مانای وشە:**

**کافر:** بریەتیە لە بێبەزەیی‌و دڵڕەق؛ **ڕوم‌و فەرەنگ:** لە زاراوەی شاعیراندا بە سپی پێستی زۆر جوان دەڵێن؛ **خەدەنگ:** تیر؛ **دۆخ:** ذلیلی‌و زەبونی.

**پوختەی مانا:**

ئەونازدارەی لەبەردڵەی شۆخ‌و شەنگە، چەند بەدیمەن سپی‌و نەرمە، هێندەش دڵی ڕەق‌و سەختەو بەزەیی پێمدا نەهات‌و لەدولاوە دامیەبەر شیری بژانگ‌و زۆر بە زەلیلی کوشتمی.
«نالی» دەڵێ:

دەخیلت بم، نەخیلی با روطابی وەها شیرین‌و سینەنەرم‌و دڵڕەق

٥ ظالمی کوشتم شەپالێ نازکی غەنجێ دەلالێ
بون حیجابا زولف‌و خالێ ئیدەك‌و عالاو تۆخ

**مانای وشە:**

**قەنج:** پەسندو بێخەوش؛ **دەلال:** دڵگرو جوان؛ **حیجاب:** پەردە؛ **ئیدەك:** سوخمە؛ **عالا:** بریەتیە لە پارچەی ڕەنگینی تویڵپیچ؛ **تۆخ:** جوققە، لێك هاڵان‌و پێچان‌و بەرەو ژورو قیت هەڵگەرانەوەی مو لە

ناومراستی ناو چاوان، که وەك جوققەی پادشایانی لێدێت؛ **توخ:** بەو جوققەیان دەگوت کە لە موی ئەسپ پێکدەهێنراو لەجیاتی میدالێ دەدرا بە پیاوانی ئازای هەڵبژاردە، لە سەریانی دەن.

**٦ نەترکو تایێن بەریشی ئی دزێرن پێڤە ویشی**
**من دوفیرس دین دپێشی مروەتو ئینصاف یوخ**

**مانای وشە:**
**نەترەك:** مانگوڵەی بەر لەرزانە؛ **تا:** هەودا؛ **ریشی:** ریشو؛ **ویشی:** هێشو؛ **فیرس:** سوارچاك، سوکەڵەسوار؛ **مروەت:** پیاوەتی؛ **یوخ:** نیە.

**پوختەی مانای ئەو دوبەیتە:**
ئەو خونچیلە خوێنشیرینەی دنیا پەسندەی جوانچاکە، زۆر بەزۆردارانە کوشتمی. چونکە هەر نەمتوانی بەدڵ، سەیری خەتو خاڵی بکەم. دەسماڵو هەنیەپێچەکەی، موی پێشەسەری پێچراوی بەرەو ژور هەڵگەراوەکەی، لاگیرەی پێچە سەرەکەی، هەودای بەریشوی دەسماڵی کە هێشوی زێڕیان پێوە بون؛ بونە پەردە لە نێوان چاوی بەتاسەمو دینی کەزیو خاڵەکانی وەك دەمەویست، پێشاوپێش هەر چاوەکانیم دیت کە بە مەستی وەك دوسوارچاك، هێرشبەرن بو سەر دوژمن، بە سیلەو گوشە روانیمیانو بێ بەزەییو لێ راوەستان گیانو دڵیان شەقار کردم. دادو هاوار لەدەس ئەو چاوە مەستانە؛ نە پیاوەتیان دەگەڵ کردم نەهیچ ئینصافیشیان هەبو. ئەگەر ئینصافیان هەبوایە، یەکجارەکی دەیان کوشتم.

**٧ لەو هەرفتم ئەز ژمەیلێ شوبهەتی سیهلێ و سەیلی**
**موحبەتو عیشقا دلەیلێ ئەز کرم یەکسەر پلوخ**

**مانای وشە:**
**هەرفتم:** تێك روخام، تێك تەپیم؛ **مەیل:** ئارەزو؛ **سیهل:** گلو خوڵێك کە وەك رەملێ سێلاو دەیبا؛ **لەیلێ:** گراویەکەی قەیسی عامیری؛ **ئەزکرم:** منی‌کردە؛ **یەکسەر:** بەتەواوی؛ **پلوخ:** پوڵوە ئاگری زۆر گەش؛ **پلوخ:** داپەڵوخاو، تەواو رزیو.

**پوختەی مانا:**
هەر لەترسی زۆرداریو دورەئینصافی چاوانیەتی کە قەڵای ئارەزوی دینیم تێك تەپیوە. بومە ئەو خوڵە نەرمیلەی کە لافاو وەبەرخوێ دەداو بە دارو بەردی دا دەدا. ئەگەر قەیس لە ئەوینی لەیلایەدا پێ داگر بو، ناگاتە من. من لە ئەوینی لەیلای خوم لەسەر هەتا پێ ئاگرمو بەسوتانەوە

گرشەمەو هەربینا هەر داپڵۆخام.

**٨ دەست نەهیلم ئەز ژدینێ شوبهی فەرهادی شیرینێ**
**وەر ژبەر عیشقو ئەڤینێ من درێ چت ئەف کلۆخ**

**مانای وشە:**

**نەهیلم:** هەڵناگرم، بەرنادەم؛ **دین:** دیتن‌و تماشا؛ **فەرهاد:** ئەوینداره بەناو بانگەکەی شیرین کە چیای بێستونی تاشی؛ **وەر:** تەنانەت ئەگەر؛ **کلۆخ:** کەللەسەر.

**پوختەی مانا:**

بەڵام نابێ کەس لای وابێ، من بەم سوتان‌و کوژران‌و ئاوبردنە، وازم لە دیداری یار هێناوە. تا هێزم هەبێ‌و بۆم بلوێ، دەچمە سەرسوێ‌و بۆ دیداری یار دەڕوانم. من لە ئەوینی شیرینی ئەو شیرینە. کە لە گیانم شیرینترە ـ ئەو فەرهادەم کە دڵ لە ئەوین بەرنادەم. تەنانەت ئەگەر سەریشم لەو ڕێگەدا بدۆرینم‌و وەکو فەرهاد، بەدەستی خۆم دوایی بە ژیانی خۆم بێنم.

**٩ صوحبەتا چەرخو سەما تێ وەك «مەلا» صەد موبتەلا تێ**
**زەمزەمو ئاڤا حەیاتێ موشتەری صەد شیخو شوخ**

**مانای وشە:**

**صوحبەت:** کۆڕی دۆستانە؛ **صوحبەت:** باس؛ **چەرخ:** سوڕدان؛ **سەما:** هەڵپەڕکێ؛ **موبتەلا:** گیرۆدە؛ **حەیا:** شەرم؛ **حەیات:** ژیان؛ **زەمزەم:** ئاوێکە لە مەککەو پیرۆزە؛ **زەمزەم:** ویرەویر؛ **موشتەری:** کڕیار.

**پوختەی مانا:**

لە کۆڕێکدا کە نازداران دێنە سەماو گەڕی دیلان دەبێتە کۆزو بادەی وەکو ئاوی ژیانی تاهەتایی‌و پیرۆز وەك ئاوی زەمزەمەو چۆڕەچۆڕی زەمزەمەی دێ‌و تنۆکەی شەرم لە سەرروی شەرمین‌و نەرمینان دیارە؛ بە صەتان لە پیرو لاوان، وەك مەلا گیرۆدە دەبن‌و بەدڵ لە خودا دەخوازن لەو کۆرەدا، ڕێگە بدرێن.

## قصیدەی سی‌و دوهەم

# «چداوەتە»

**١ هەی هەیا رەقص‌و سەمایا تە چخوەش بەستی‌یە چەرخ**
**کو دبورجێ بسەما تێتە لسەر دەستێ خوە بەرخ**

**مانای وشە:**

**سەما:** هەڵپەرکێ؛ **سەما:** عاسمان؛ **چەرخ:** کۆز؛ **چەرخ:** خولدان بەگەرمی، چەرخ بەستن.

**پوختەی مانا:**

کۆرۆ کۆزی بەزم‌و سەمای کە تۆی تێدای‌و ئەو هەراو هوریاو بەهـ بەهـ و ماشاللە، لەو جـوانیە گوتنەی ئەو کەسانەی لە سەمادا تۆ دەبینن؛ وای کۆرۆ گەرم داهێناوە، دەنگـی گاڵەو تینی ئـەوینی دڵداران، لە عاسمان دەنگـی دایەوە، بورجـی بەرخ (خـاکە لێوە) ـ کە خـــۆر لەودا لە هەمو دەمان گەشترە ـ بە رۆژەوە لە خۆشیان هەر هەڵدەبەزێ‌و بە چوار پەلان سەما دەکا.

**٢ صوفی‌یێن هەر دطەوافێ حەجەرالاسودە قەصد**
**گول‌و سونبول بسەماتێن حەمی‌یان زەمزەم‌و چەرخ**

**مانای وشە:**

**طەواف:** لەدەورەگەران؛ **حەجەر:** بەرد؛ **ئەسوەد:** رەش؛ **حەجەرالاسـود:** بەردی رەشـی حـاجیان کە دە دیواری کابە گیراوەو ماچی دەکەن تا حەجەکەیان بەرکەوێ؛ **حەمی:** هەمو.

**پوختەی مانا:**

هەروا پۆڵ‌پۆڵ، شیخ‌و صۆفی، بۆ زیارەت‌و راموسـانی خـاڵی رەشـت، لە کابەی روت لە دەورەی

سەرت، دەگەڕێن. لە کاتێکا کەزیەو بسکت، لەبەر شنەی هەناسەی ساردی دڵداران، وەك لقی گوڵو سونبوڵان کە سروەی بەیان لێی دەدا، دەلەرێنو دێنو دەچن. حەجیان هەر لەبیر نامێنێو تێکڕا دەیکەن بە زمزەمەو چەرخو خوڵدان.

**٣ نەقشی ئەلماسی لئەلماسی بنێ گرتیە حەرف**
**خەطی یاقوتی لیاقوتی شکێناندیە نەرخ**

**مانای وشە:**

**ئەلماس:** گەوهەرێکی سپیو رونی هەرە بەنرخە؛ **بنێ:** بڕوانە؛ **حەرف:** رەخنەو ئیراد؛ **یاقوت:** گەوهەرێکی رەنگ ئاڵە؛ **نەرخ:** بایی، نرخ.

**پوختەی مانا:**

پێستی سپیو تیشکدەری روخساریار ـ کە بۆجوانی بەئەڵماس دەشبهێندرێ ـ بڕوانە تانە دەئەڵماس دەگرێو کردویەتە گەپجاری خۆی. چونکە ئەو نەوەك ئەڵماسە هەر ساکار بێت، دەستی خودا، بە چەندین رەنگ رەنگاندویە. ئەو سوراییەی کە خوا لە لێوو کوڵمی ئەو خەتی داوەو لەچاو خەتان وەك خەتی یاقوتی وایە؛ نرخی یاقوتو ئەڵماسی شکاندوە.

**٤ کەرخین ئەم دقیامێ مە ژدل پەردە دراند**
**عارفی وەقتمو مەعروف بلابێتە ژکەرخ**

**مانای وشە:**

**کەرخین:** تەزین؛ **کەرخین:** وەرەزبوین؛ **قیام:** راوێستان، هەستان؛ **عارف:** پیری تەریقەت، خواناس؛ **مەعروف:** بەناوبانگ؛ **کەرخ:** گەڕەکێکە لە بەغدا، شیخ مەعروفی کەرخی ـ کە لە ئەولیای بەناوبانگ بوە ـ لەوێ ژیاوەو هەر لەو کەرخەشدا نێژراوە.

**پوختەی مانا:**

ئێمە زۆر راوێستاوینو راستی پلەو پایەی خۆمان لە خواناسین دەرنەبڕیوە. پەردەیەکم گرتبۆوە کە کەس لە تێکەڵاوبونی گیانو دڵم دەگەڵ یار خەبەردار نەبێت. نەك نائاگادارو بەدکاران ئینکار بکەن؛ بەڵام کەلەم وێستانەدا، ئێستا هەستم بە تەزینو لەبەر سەرکۆنە نەبەزین کروەو ئەوین پێمدەڵێ: خۆم دەرخەم. ئەدرکێنم کە من ئەمڕۆ ئەو عارفو خودا ناسەم لە دنیادا تاکم نیەو لەناو جەرگەی گیان پاکاندا، بەناوبانگم. ئەگەر یەکی وکو مەعروفی کەرخی بەناوبانگ ئەمڕۆ زیندو بایەتەوەو بهاتایەتە سەر دنیا، ئۆبالی بۆ لەمل دەدام کە هەرچی دەیڵێم تەواوە.

٥ دابناسی خەتەری ریّ تونەبیّ غافڵبی
دیجلەیە لیّ دپڕن بڕبڕی پیلو بەرو مەرخ (یان، بەربڕی پێل)

**مانای وشە:**

**دیجلە:** زیّ گەورە بەناوبانگەکە؛ **لیّ:** لەوێدا، تێیدا؛ **بەر:** سنگ؛ **بڕ:** برستوتوانا؛ **پێل:** شەپۆل؛ **پیل:** فیل؛ **بەر:** بەرد؛ **مەرخ:** بودڕو کەندەڵان، ئاودڕ.

**پوختەی مانا:**

کاورای ڕێبوار لە ڕێگەی خوداناسیندا ـ کە ئەتەویّ بگەیە کاروانی ئێمەی دڵخۆش بە ئەویندارییمان لات وانەبیّ هیچ دژواریت نایەتە ریّو گەیشتن بە دیداری یار، زۆر هاسانە. ئەمکارە وەك لە دەجلەدانە، لە هەرەتی تەوژمو سەرریژ کردندا، بەر شەپۆلی وا دەکەوی، تواناو بڕست لە فیل دەبڕیّ. گاشەی لوسو زەلامت زۆر دێنە بەریّ کە نەدیتە تیّ هەڵدەنگوی، لەپڕ سەرەنگریّ دەبی. پڕیە لە کەندالّو ئاودڕ، تیّ دەکەویو نوقم ئەویو گێژت ئەداو ئەت خنکێنیّ. دەغیلت بم، تا نەزانی کە مەلەوانی لە زەبریو دەتوانی لەو خەتەرانە خۆ دەربازکەی، مل لیّمەنیو خۆی لیّ مەدە.

٦ پیری شەعارە دشیعریّو «مەلیّ» شال فروش
تونیشان منمەدە فەرخی کولنکمن بویە فەرخ

**مانای وشە:**

**شەعار:** کوێنچن؛ **شەعار:** هەرزە وێژی کوڵان گەڕ؛ **شال:** پارچەی پەشمینە؛ **فەرخی:** فەرروخی شاعیری دەرباری غەزنەویان؛ **فەرخ:** جوجەڵە.

**پوختەی مانا:**

مەلا ئەمڕۆ لەبازاری هونەری شیعرو شاعیری، کاڵای پەشمینە دەفرۆشیّ، تۆ ناشیّ لە بەرانبەریا ناوی فەرروخی بهێنی. ئەو لەچاو من، کوێن فرۆشو هەرزە وێژێکی هەرجایی حیساب دەکریّ. فەرروخی بەرانبەر بەمن، جوجەڵێکە زەرنەقوتەو هێشتا توکی لیّ نەڕواوە.

# قصیدەی سی‌و سێهەم

## «دەریایەکە»

**١ سیرری وەحدەت ژئەزەل گرتیە حەتتا بەئەبەد**
**واحیدو فەردە بذاتیٚ خوە وی‌نینن چوعەدەد**

**مانای وشە:**

**وەحدەت:** تاکی‌و بی‌ٚشەریکی خودا؛ **ئەزەل:** هەربو؛ **ئەبەد:** تاهەتا؛ **واحید:** یەك؛ **فەرد:** تاك؛ **نینن:** نین؛ **چو:** هیچ؛ **عەدەد:** هەژمار.

**پوختەی مانا:**

بەڵگەی پەی‌بردن بە یەکایەتی‌و بی‌ٚشەریکی خوداو هەربویی‌و هەرمانی، بە پانایی‌و رۆشنایی هەر بوییەکەی‌و هەرمانی لە بەرچاوە. خۆبەخۆ یەك‌و تەنهایەو ژمارە کردن هەڵناگری‌ٚ.

**٢ دقیدەمدا ئەزەل‌و عەینی ئەبەد هەردو یەکن**
**سەرمەدیٚت وە دخوازت نە ئەزەل بت نە ئەبەد**

**مانای وشە:**

**قیدەم:** هەرە پێشینەیی؛ **عەین:** تەواوخۆی؛ **عەین:** سەرچاوە؛ **سەرمەدیٚت:** هەرمانی بی‌ٚکەم‌و مەرج.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر وتمان خودا هەرە پێشونەیەو خۆی زەمان‌و جیهانی بەرهەم هێناوە؛ ئیتر پێشینەو دواینە ـ ئەگەر هەبی‌ٚ ـ بۆ عەقڵی کورتی ئێمەیەو لە بازاری یەکایەتی‌و هەمەکارەیی خودادا، ناکری‌ٚ باسی

رابردوگو ئێستاو ئایندەو پاشەڕۆژ، هەر بکریە.

**٣ فەرقە واحید ژئەحەد لێ دمەقامی صەمەدی**
**بحەقیقەت کویەکن هەردو چواحید چئەحەد**

**مانای وشە:**
**واحید:** تاك؛ **ئەحەد:** یەك؛ **مەقام:** جێگە؛ **صەمەد:** بێنیاز لە هەمو شتو جێ نیازی هەمو شت.

**پوختەی مانا:**
واحد بۆ کەسێك دەبێژن، کە هیچ کەسێ لە ئاکاردا، تایئەو ناکاولە صیفات دا تاقانەیە. ئەحەد بۆ کەسێك ئەگوترێ کە لە چۆنایەتی خۆیدا، (لە ذاتیدا) بێ هەواڵو بێ شەریکە. جا ئەگەر گوتمان واحیدە یاخۆ ئەحەد، هەر یەکێکەو جیاوازی لەناودا نیە.

**٤ یەکە دەریا توبزان قەنج چمەوجو چحوباب**
**دئەصلدا کو حەمی ئاقە چئاڤو چجەمەد**

**مانای وشە:**
**قەنج:** باش، راست؛ **حوباب:** بڵقیسەراو؛ **حەمی:** هەمو؛ **جەمەد:** سەهۆڵ.

**پوختەی مانا:**
زۆرباش سەرنج دەو تێبگە. ئەگەر ناوی دەریامان برد، شەپۆڵو بڵقی سەراویش، هەر دەریاکە دەگرێتەوە. سەهۆڵو ئاویش هەروەتر یەك رەگەزن.

**٥ ئافتابی ئەحەدیەت دخوەدا گرتیە کەون**
**نەکو عەورەك هەیە لێگرتیە چەهقێن مەرەمەد**

**مانای وشە:**
**ئافتاب:** تیشکی هەتاو؛ **کەون:** هەرچی ئافەریدەو داهێنراوی نێوان عەرزو عاسمانە؛ **عەور:** هەور؛ **رەمەد:** چاوێشە.

**پوختەی مانا:**
بەڵگەی تاقانەیی خودا، وەك خۆر تیشکی هەمو دنیای داگرتوەو لە رۆژیش ئاشکراترە. بەڵام ئێمەی چاوێشەدار، چاو پروشینو لە بەرچاومان هەورێك هاتوتە بەر تیشكو ناتوانین هەتاو ببینین.

٦ حوسنی ذاتی بتو لاتان ژجەمالا صەمەدە
ژمیثالی صەنەمیٚ وەهکو تەجەڵایە صەمەد

**مانای وشە:**

**حوسن:** جوانی؛ **لات:** ناوی‌بتە؛ **صەنەم:** بت؛ **تەجەڵا:** ئاشکەرابون.

**پوختەی مانا:**

ئەو جوانیە دڵ‌ڕاکێشەرەی، بت‌پەرستان لە بتانی‌دا دەبینن‌و بویتە هۆی بت‌پەرستنیان؛ هەر تیشکی جوانی خودایە داویەتەوەو داویەتەوان. ئای چەند سەیرو سەمەرەیە! لە هەیکەلی بتانیش‌دا، خودا چەند ئاشکرا دیارە.

٧ غەیری دەریا نیە صەحرا بحەقیقەت ئەمما
ژروی کەیفە کوئەڤ ئاڤە بوی شوبهی زەبەد

**مانای وشە:**

**کەیف:** چۆنیەتی؛ **شوبهی:** وەکی؛ **زەبەد:** کەف.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر ڕاستت دەوی، ساراش هەر دەریایە. بەڵام تەرزێك گۆرانی بەسەر هاتوە، ئاوبەئاوی ماوەتەوەو ڕەملی سارا، کەفێکە دەریا چنیویە.

شیاوی باسە، خودا بەرلە وشکانی‌و بەژ، دەریای هێناوەتە بەرهەم. وردەوردە تێکوڵی لیٚ‌پەیدا بوەو ئاوەکەی بەجێی هێشتوەو بەژ وەکو کەف کردن وایە کە لە دەریاوە دەرچوبیٚو توێی بەستبیٚو کەژو کۆی لیٚ پەیدا بوبیٚ.

٨ کُلَّ یَوْمٍ هُوَ فیْ شَانْ» نەبی غافل ژیٚ
هەر پەیاپەی ژشئونان دکرت فەیض‌و مەدەد

**مانای وشە:**

**کُلَّ یَوْمٍ:** هەمو ڕۆژی؛ **هُوَ:** ئەو؛ **فیْشَانْ:** لەحاڵێکدا؛ **ژیٚ:** لیٚ؛ **پەیاپەی:** بیٚ پسانەوە، بەدوای یەکا؛ **شئونان:** حاڵاتان؛ **دکرت:** دەکا؛ **فەیض:** بەهرەگەیاندن؛ **مەدەد:** یاریدەو کۆمەگ.

**پوختەی مانا:**

خوا لە قورعانا فەرمویە: هەرچی لە عەرزو عاسماندان، نیازیان لە خودا دەخوازن. خوا هەر ڕۆژیٚ

حاڵەتێك بەخـــۆوە دەگرێ. بۆ ئـــەم حـــاڵەت گۆیزانەوە، زۆر مانا لێدراوەتەوە. دەڵێن دەر بارەی کوشـتنو لە نەبو زیندو کردنو رۆزی پێدانو لێخـۆشبونو تاوانبار تەنبێ کردنو توبە بەخشـینو چاو پۆشینو لێك جیاکرنەوەی یاران‌و پێك‌گەیشتنی دورانە. واتا خودا هەمو کارێکی لەدەس دێو پیاو نابێ ناهومێد ببێو ناشێ لەنیاز بۆ بارەگای، سستی بکا.

مەلا بە مریدی رێ دەڵێ: چاوت لە بەزەیی خوابێ. دڵیشت لەسەر ئـاگابێ. بەهرەو یاریکـاری خودا، بێ پسانەوە بەرەو دنیاو خەڵکی دنیا بە رێوەیە. لێی بخوازەو مەیژە ناگا.

**٩ گەر دئادەم بدیا سیرری عیلم ئیبلیسێ**
**(حیَنما أبْصَرَهْ کَبَّر حیناً وَسَجَدْ)**

**مانای وشە:**

**ئیبلیس:** شەیتان؛ **حینما:** هەرکە؛ **أبْصَرَه:** چاوی پێ کەوت؛ **کَبَّرَ:** اللەاکبری گوت؛ **حیناً:** دەمێك؛ **سَجَدَ:** سوژدەی برد.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر شەیتان نهێنیەکانی زانستی بزانیبا، کە ئادەم چی دەپاڵدایەو خودا فێری چی کردوەو بنیادەم چەند لەلای خودا، دەسـتی قـــەدری لێ نراوە؛ هەر کە تازە لەشـــی بابە دەمی دەدیتکە لە قـــوڕ دروسکراوە، بێ خۆگرتن، لە دوای بەخودا هەڵگوتن سـوژدەی دەبردە بەر ئـادەم. بەڵام نەیزانیو تێداچو.

**١٠ چزەمانو چمەکانو چجهاتو چحدود**
**چمەقادیرو تەفاصیلو حیسابن چعەدەد**

**١١ چمنافاتو لزومن چقیاسو چمیثال**
**ئەف چتەولیدو چتەرکیبە چروحن چجەسەد**

**١٢ سەر بعیجزێ ددرت قووەتی دەرراکەیی ما**
**(رَجعَ الْعَقْلُ کَلیلاً وَمَتیٰ قامَ قَعَدْ)**

**مانای وشەی ئەو سێ بەیتە:**

**زەمان:** دەم؛ **مەکان:** جێ؛ **جهات:** لاگەل؛ **حدود:** کەوشەنان؛ **مەقـادیر:** ئـەندازەگەل؛ **تەفـاصیل:** زۆر درێژەدان؛ **حیسـاب:** هەژمار؛ **عەدەد:** ژمارە؛ **منافـات:** پێچـەوانان؛ **لزوم:** پێویســـت؛ **قیاس:** بەراورد؛ **میثال:** نمونە؛ **تەولید:** بەرهەم دان؛ **تەرکیب:** لێکدان وتێکەڵ کردن؛ **جەسەد:** لەش؛ **ددرت:** دە دات؛ **دەرراکە:** زۆر لەسەر هەسـتو شـتزان؛ **ما:** ئێمە؛ **رَجَـعْ:** گەڕایەوە؛ **کەلیل:** کول‌و برّســت برّاو؛ **مَتیٰ**

کەنگیٚ؛ **قامَ:** هەستا؛ **قَعَدْ:** دانیشت.

**پوختەی مانا:**

توٚژینەوەو لیٚکدانەوەو پێوانەی کاتو شوێنو جیٚو هەژماردنو پێك‌گرتنو شت لەبەریەك راگرتنو دوان لەمەربەرهەم هێنانو پاژ لەیەکتر گاوکردنو باسی‌بونو چوٚنیەتی گیانو لەشانو ژماردنو بژاردنو هەرنابیٚو ئەشیٚ کردنمان، لە بەرانبەر زانستی خودای مەزن‌دا، کەڵکی نیەو بەهرە نادا. ئاوەزو هوٚشی بنیادەم، تا بیری لیٚدەکاتەوە، سەری لە بەردی رەق دەداو هوٚشی تیژی زوٚر بەکولیو کەلەلایی، بەرەو خوٚی دەگەریٚتەوەو هەرگا ویستی هەڵبویٚستیٚ؛ گورجیٚ روٚدەنیٚشیٚتەوە.

## ١٣ حیرەت‌و عیجزە سەرەنجام دبابیٚ نەظەری (کَیْ بِخالق نَظَرِ قاصِرِ مَخْلُوقْ رَسَدْ؟)

**مانای وشە:**

**حیرەت:** سەرسوڕمان؛ **عیجز:** زەبونی؛ **سەرەنجام:** ئاخری؛ **باب:** درگا، پاژیٚك لە کتیٚب؛ **نەظەر:** تماشا؛ **خالق:** داهیٚنەر؛ **مخلوق:** داهیٚنراو، دروس کراو؛ **قاصِر:** کورت؛ **رَسَد:** دەگا.

**پوختەی مانا:**

هەرچەندی لیٚکی دەیەوەو گەو بەگەو تیٚکی کەیەوەو بیدەیە بەر بیری تیژو، بتەویٚ لە نهیٚنیەکانی زانستی خودا بزانی؛ بیٚبەهرەیە. ئەو کارە بە چاوی روالەت، زوٚر دژوارە بزاندریٚ. ئاخر بیرو روانینی کورت‌و نەبەگەی دروس کراو، کەی دە وەستاکەی خوٚی دەگات؟

## ١٤ گفتوگوٚی مەعریفەتیٚ چەندی «مەلا» پەیداکی؟ گەوهەرا مەعریفەتیٚ ناگیهیٚتیٚ کەس بخیرەد

**مانای وشە:**

**مەعریفەت:** ناسین؛ **خیرەد:** عەقل‌و ئاوەز.

**پوختەی مانا:**

مەلا! هەرچەندی بخوینی‌و لە وتوویژ دەربارەی ناسینی خواوە، کارامەو زمان پاراوبی؛ دیسان هیچ دادت بوٚنادا. کەس بەعەقلیٚ گەوهەری خودا ناسینی دەس ناکەویٚ. مەگین خوا کوٚمەگی بکا.

## قصیدەی سی‌و چوارەم

# «جێژنە پیرۆزە»

**١ عیدەوو هەرکەس ژدیداراتە لێ پیرۆزە عید**
**ئەز تنێ مەحرومی دیدارم بصەد مەنزل بەعید**

**مانای وشە:**

**عید:** جێژن؛ **مەحروم:** بێبەش؛ **بەعید:** دور.

**پوختەی مانا:**

رۆژی جێژنەو هەرکەسێکی تۆببینێ، جێژنی لێ پیرۆز دەبێ.

هەرمنم تەنیا بەخت رەشمو لە دینت بێبەشم. من لەدوری تۆ دەگەڵ خۆشی، بە صەد قۆناغ جودام.

**٢ هەرسەحەر دهنێرم ئەز جانا بئاهانرا ژدل**
**(بارَكَ‌اَلْباری بِاسْعادٍ عَلَیْها یَوْمَ عید)**

**مانای وشە:**

**بارَكَ‌اَلْباری:** خوا مبارەکی‌کا؛ **بِأسعاد:** بە بەختەوەری؛ **عَلَیْها:** لەسەر ئەو مێوینە؛ **یوم:** رۆژ.

**پوختەی مانا:**

گیانە من لە ناخ دڵمەوە، هەمو رۆژێك سەرلەبەیان، بە هەناسە سارده‌کەمدا وڵام دەدەم: خوایە هەمو رۆژی یارم بە ختەوەری‌و جێژن‌و شادی‌و دڵخۆشی بێ.

٣ دەرگەهێ لوطفاتە خانم مال مەحروومان قەبێ
(انَّ کلباً باسِطاً ذِراعاً بالْوَصید)

**مانای وشە:**

خانم: ئەی گەورەی من؛ خانم: ژنی بەرێز؛ ما: توێلێی؛ انَّ: لێرەدا بەمانا ئەوا؛ کلب: سەگ؛ باسِط: راخەر؛ دەهر: زەمان؛ ذراع: دەست لە پەنجەوە تا هەنیشك؛ وَصید: ژێر دەرانە، پێش دەرگانە.
خوا لەباسی ئەصحابی کەهفا فەرمویە: «سەگەکەشیان لەبەر دەرگای ئەشکەوتەکەدا کەوتوەو هەردو چەمۆڵەی داداوە.»

**پوختەی مانا:**

گەورەم (یان، خانمە جوانەکە)! منیش وەکو گەماڵەکەی پیاوچاکانی ناو ئەشکەوت، دێر زەمانە لە دیاری بەر دەرگانەکەت، چاوەنوێری لاواندنەوەم. توێلێی جارێك ئەو دەروە لەمنی ناهومێدو دورە بەخت بکرێتەوە؟!

٤ پیرەمەردم عاشقم ئیروٚ مورادا من ببەخش
(یا حبیبی یامُرادی یامُنیٰ قَلْبِالْمُرید)

**مانای وشە:**

مُراد: جێنیاز؛ مُرید: بەنیاز؛ مُنیٰ: ئاوات؛ حبیب: خوٚشەویست.

**پوختەی مانا:**

پیرەمێردم، ئەویندارم، چاوی دڵم هەر لەتوٚیە خوٚشەویستەکەی جێنیازم. توٚ ئەو پەرێی ئاواتمی. دەسا بەزییت پێما بێو توزێکم بلاوێنەوەو دیدارێکم پێ ببەخشە.

٥ (فَرَّ عَقْلی مِنْ لَهیبی مِثْلَباز اَوْعُقاب)
(ذَابَ روحی مِثْلَما انْحَلَّ فی نار جَلید)

**مانای وشە:**

فَرَّ: رای‌کرد؛ مِنْ: لە؛ لَهیبی: بلێسەی‌من؛ مِثْلَباز: وەك بازێك؛ اَو: یان؛ عُقاب: هەڵو؛ ذابَ: توایەوە؛ مِثْلَما: هەر وەکو؛ انْحَلَّ: لەبەریەك بڵاوبو، تاوایەوە؛ نار: ئاگر؛ جَلید: سەهوڵ.

**پوختەی مانا:**

ئاخر تاکەی دوربم لە دیداری دەرگات. عەقڵێکم‌بو، بەگور وەکو بازو هەڵو، لەبەر تینی بلێسەی

دڵو هەناوم، لە هێلانەکەی تەرەبو. ئەو گیانەش کە لە لەشمابو، وەك چۆن سەهوڵ لەسەر ئاگر دەتوێتەوە، تاوایەوە.

٦ (دَمعُ عَینی مِنْ بُکائی مِثلَ نَهرٍ فی سُکوب)
(نارُ قَلْبی مِنْ غَرامی فی ضَرامٍ فی‌الْوَقید)

**مانای وشە:**

**دمع:** ئەسرین؛ **عینی:** چاوم؛ **بُکائی:** گریانم؛ **نَهر:** چەم؛ **سکوب:** دارژان؛ **نارُقلبی:** ئاگری‌دڵم؛ **غَرام:** ئەوین؛ **فی:** لەناو؛ **ضَرام:** گڕپە؛ **وَقید:** دەستە چیلەی ئاگر.

**پوختەی مانا:**

هێند گریاوم، لوزەوی فرمێسکی چاوم، وەك ئاوی روبار، دێتە خوار. دڵ وا بە ئەوین سوتاوە، ئێژی گڕپەت لە پوش‌و پەڵاش بەرداوە.

٧ دل ژبەر ناری مەجازی بِالْحَقیقَتْ بو پەرەنگ
(نارُ قَلْبی فی‌هَواهُ مثلُ نار فی‌الحَدید)

**مانای وشە:**

**مەجازی:** داهاتوی بەدەڵ؛ **حەقیقەت:** راستو رەسەن؛ **پەرەنگ:** پۆلو، سکڵ؛ **هَوا:** ئەوین، مەیل؛ **حَدید:** ئاسن.

**پوختەی مانا:**

دڵم کە بەرلە دڵداری ساردو سڕبو، هەرکە ئاوری ئەوینی تێدا هەڵکرا، راست وەك سکڵی گەش‌و بەگرشەی بەسەرهات. ئەوئاگرەی کە لە ئەوینی یارەوە لەدڵمدا هەڵگڕاوە، وەك ئاسنی سورەوەبو، دڵم نەرمو پڕلەتینە.

شیاوی باسە، ئاسن کە سور دەبێتەوە، تینەکەی زۆر بەتەوژمەو درەنگیش سارد دەبێتەوە.

٨ (کَیْ خَلاص اَزْ دوزَخِ هِجر تو یابَمْ ای جَوان)
(هَر نَفَسْ دارَد صَلاءو نعرهٔ هل مِنْ مَزیدْ)

**مانای وشە:**

**اَز:** لە؛ **یابَم:** گیرم ئەکەوێ؛ **دارَد:** هەیەتی؛ **صَلاء:** بانگ‌وقاو؛ **نَعْرَه:** گورە؛ **هەل:** ئاخۆ؛ **مَزیدْ:** زیادە.

**پوختەی مانا:**

کەی لە دۆزەقی دوری‌تۆ، رزگار دەبم، یارە تازە پێگەیوە کەم؟ کە ئەم دوریەت هەمو دەمان بە نەعرەتە هاوار دەکا: ئاخۆ لەوە زیاتر هەیە بیسوتێنم؟

لێرەدا مەلا ئیشارەی بە ئایەتێکی قورعان کردوە کە فەرمویە: رۆژی قیامەت خوا لە جەهەنەدەم، دەپرسێ ئەرێ پڕ بوی؟ دەڵێ ئاخۆ پتر هەیە بۆمی بێنن؟!.

**کێ دزانت من ژرمبازان دەما ئۆغلمە تێن**
**تێنە دل صەدرم ژوان‌و سینە تێنێ صەد جەرید**

**مانای وشە:**

**ئۆغلمە:** جەنگی مەغڵوبە، هێرشی توندو تیژ؛ **جەرید:** جلیت، کورتە رمب.

**پوختەی مانا:**

کێ دەزانێ من لەدەستی چاوی مەستتچم بەسەردێ؟ بێ‌بەزە کەوتونە جەستەی گیانی پرژانی دڵم. بویتە کۆلکی گۆرۆ مەیدانی جلیت بازانی شۆرە سوارو نیشانی نیشان پێکان بە پەیکانان. هەردەمێ دێن‌و دەچن، سینگم بە رمبان کون کونەو دڵ بە نوکی تیری برژانگ بویتە بێژینگ.

**٩ من ژصەففەینان ژنیڤا مەقتەلێ رم تێنە دل**
**لێ لوان دەستان نیهن خونا غەزایا ئەز شەهید**

**مانای وشە:**

**صەففەینان:** دورێزان؛ **نیڤ:** ناوەراست؛ **مەقتەل:** شەڕگە؛ **مەقتەل:** برینی‌کاری؛ **لێ:** بەڵام؛ **نیهن:** نین؛ **غەزا:** پەلامار بۆسەر دوژمن، خەزا؛ **شەهید:** کوژراو لە راهی خوادا؛ **شەهید:** حازرو ئاگادار.

**پوختەی مانا:**

کەزیەکانت لە دولاوە بە هۆی سروەی شنەباوە ـ کە تێکەڵ بەیەکتر دەبن‌و روخسارتم لێ دەشێرنەوە ـ وەك لێكدانی دوڕیز لە شەڕکەران دەچێ. کە پەلاماری یەك دەدەن. منی بێچارەی هەژاری دڵ بریندار، لەو ناوەدا بێ سوچو تاوان، دەکوژرێم. خوێنیشم بەفیڕۆ دەڕواو کەس کوشتنم ناگرێتەخۆو شەهیدی گوژەر نەناس خۆم.

شیاوی باسە، شەڕی صەفین کە لە ساڵی ٣٧ ی کۆچی، سەفەرەمانگ. لە دەم فورات، لە نزیکی شاری رەققەی لای حەڵەبێ، لە سوریا، لە مابەینی عەلی‌و معاویە روی داوە، لەم بەیتەدا ئیشارەتێکی بۆ کراوە. کێشە زۆرە؛ ئاخۆ کوژراوی ئەو شەڕە هەمویان شەهیدن یان‌نا؟

**١٠ موصحەفا حوسنو جەمالێ سورەتا خالو خەتان**
**(ماتَلَوْنا غَیْرَ حَرْفٍ لا وَ قُرآنٍ مَجید)**

**مانای وشە:**

**موصحەف:** قورعان، پەراوی؛ **حوسنو جەمال:** جوانیو خوشیکی؛ **سورەت:** بەقەدریو گەورەیی؛ **سورەت:** بەشێکی سەربەخۆ لە قورعان یان لە کتێب؛ **ما:** نە؛ **تَلَوْنا:** خوێندمان؛ **حەرف:** پیت؛ **لا:** نا؛ **وَقُرآنٍ مَجید:** سوێند بە قورعانی جێگەورەو پیرۆز.

**پوختەی مانا:**

سوێند بەقورعان، منی دڵداری سەرگەردان لەوەتا هەم، بە ئاواتم لە کتێبی پڕلە پەڕی جوانیو دڵگری ئەویارەو بەتایبەتی، لە سورەتی خەتو خاڵی سەر رومەتی تێر بڕوانم. بەڵام هێشتا جگەلە پیتی «نا»م نەخوێندوەو هەر وشەی نام گوێ لێ بوە کە ئەو نایەش «لا»ی تێکنانی نێوان دو بڕوکانیەتی.

«نالی» دەڵێ:

وتم ئایا بەزاری خۆت دەپرسی حاڵی زاری من؟
بڕوی هێنایە یەك وەك شکڵیلا یەعنی کە بێزارم

**١١ گەرچی هەردایم ژمیهرێ نەینەکا دل بەدرە من**
**وەك هیلالێ صوبح تێم ئەز جارنانبم ناپەدید**

**مانای وشە:**

**میهر:** خۆر؛ **میهر:** ئەوینو خۆشەویستی؛ **نەینك:** ئاوێنە؛ **بەدر:** مانگی چاردە؛ **هیلال:** مانگی یەکشەوە؛ **تێم:** دێم؛ **بم:** ببم؛ **ناپەدید:** نادیار.

**پوختەی مانا:**

هەرچەند هەمیشە دڵەکەم وەك ئاوێنەی کە تیشکی رۆژ بداتەوە؛ لە تیشکی ئەوین رۆشنەو وەك مانگی شەوی چاردەهەم، روناکەو بگرە زیاتریش؛ بەڵام جارجار کە پرشنگی دیداریم لێ لادەکەوێ، دەبمە ئەو مانگە یەکشەوەی کە بەیانی بوی بڕوانن. کە هەر نیەو بە یەکجاری تواوەتەوە.

«نالی» بەیارەکەی دەڵێ:

ئەی میهری میهرەبان وەرە سەربام بامیداد  تا مەهروان بین بەهیلالی شەوی محاق

**١٢ ما بلەعلێن جانفزا ناڤێ مەبینت جارەکی**
**(بِالدُّعا بَلغْ تَحیّاتی لِسَلْمیٰ یا بَرید)**

**مانای وشە:**

**ما:** بەڵکو؛ **لەعلێن:** لەعلان؛ **جانفزا:** پیتدەر بەگیان؛ **بالدُّعا:** بە نزاو پاڕانەوە؛ **بَلغْ:** بگەیەنە؛ **تَحیّاتی:** درودو سەلامەکانم؛ **لِسَلْمیٰ:** بۆ سەلمایە؛ **یابَرید:** ئەی پەیتی نامەبەر.

**پوختەی مانا:**

ئەوە خوایە بەڵکو سەلما جارێك یادێك لەمن بکاو بەو دو لێوە تەنكو ئاڵە یاقیقیانەی ـ کە گەشەی گیان لەوان رایە ـ ناوی مەلا بدرکێنێ. دەتو خـوا! پەیتی نامەبەر وێرای درودو سـڵاوان، بۆ پێكهاتی ئەم ئاواتەم، لەبەر سەلما بپارێوە.

**١٣ تو ژ «مەلا»یی هەر بپرس ئەسراری عیشقێ حەل دکت**
**ڤێ موعەممایێ چزانن صەد مەلاوو موستەعید؟**

**مانای وشە:**

**حەلدکت:** هەڵ دێنێ؛ **موعەمما:** مەتەڵ؛ **موستەعید:** فەقێی لەسەر ئیجازە، بەرەژورتر لە سوختە.

**پوختەی مانا:**

تۆ گەرەکتە نهێنییە دژوارەکانی دڵی دڵداران بزانی؟ ئـەو مەتەڵە هەر لای مەلای جـزیری هەڵدەهێندرێو کەسی‌تر نا. مەلایان‌و خوێندەوارانی لەزەبر، بە سەتانیش هیچی لەهیچ لێنازانن.

**١٤ ئەر بکوشتن وەر بهشتن ئەمرو فەرمانا تەبت**
**(أَخمدُ عَبْدُ رقیقٌ واقِفُ بَیْنَ الْعَبید)**

**مانای وشە:**

**عەبد:** کوێلە؛ **رەقیق:** بەنی‌و کوێلە؛ **رەقیق:** تەنك، باریك، نەرمونیان؛ **واقف:** راوێسـتاو؛ **عەبید:** کوێلەگەل.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر دەتەوێ بمکوژی،یان دەتەوێ بمهێڵیەوە، فـەرمانت چـۆنە با وابێو بەدڵ رازیم. ئـەحمەد کوێلەی ئـاڵقەبەگوێی بەر دەرگاتە. بۆ فـەرمانت لەناو کوێلەکانی دیتدا، هەڵوێسـتاوەو گوێ لەمستو لەسەر هەستە.

# قصیدەی سی‌و پێنجەم

## «دادو مەدەد»

۱ نەی شەککەرا گەردن ژعاج دیسا ژرەشتوزێن صەمەد
قەوسێن لبالا فەرق‌و تاج کەیبەر رەشاندن بێ‌عەدەد

**مانای وشە:**

**نەی‌شەککەر:** قامیشی شەکر؛ **رەشتوز:** رەشی بریقەدار؛ **صەمەد:** بێ‌نیازو جێ‌نیاز؛ **کەیبەر:** تیری دەم‌پانی وەك چەقۆ؛ **لبال:** لەکن؛ **لبالا:** لە بەرەژور.

**پوختەی مانا:**

بەژنی باریك بەراستی‌و شوشی‌و شیرینی ـ کە برەوی قامیشی شەکر دەشکێنێ ـ و، گەردنی زەردی سپی واش ـ کە عاج لە تماشا کردنی رادەمێنێ ـ ئەوا دیسان لەو جوتە بروێ سێونگی زۆر رەشی بریقەداری بەکەوانەی کە نێوانیان لە بڵندایی باڵای‌دا، بەرانبەر بە دوڕ کاکوڵ‌و تانجی سەریەوە دیار دەدەن‌و ئەو دو کەوانە رەشانە دەسکردی وەستای بێ‌هاوتای دنیاسازدەری بێ‌نیازە؛ دەستی بە تیرەبارانی هەژاران لە دڵداران کرد.

۲ کەیبەر رەشاندن بێ‌حیساب میصری کودان سیقال‌و تاب
صەد روستەم‌و ئەفراسیاب کوشتن لوان کەرکر جەسەد

**مانای وشە:**

**رەشاندن:** پرژاندنی؛ **سیقال:** مشت‌و مالێ؛ **تاب:** تیشکەو بریقە؛ **کەر:** لەت؛ **جەسەد:** لەش.

**پوختەی مانا:**

جگـە لەوە چـاوی مەسـتی بە مژۆڵان، تیرەبارانی دڵمی‌کردو لە هەژمار بەدەر بۆی هاویشـت؛ بروکانی ـ کە وەك شیری میصری تیژو خـوارو جـەوهەردارن ـ وەها مشـتو ماڵ کریاوو بریقـە داری کردبون، کە نەك هەر منی هەژاری بەستەزمانیان پێ دەکوژرا، ئەگەر روسـتەمی دەسـتانو ئەفراسیابی تورانی وەبەر هاتبا، بە قەڵتێك دای‌دەهێنانو کەلاکیشیان هەنجن دەبو.

٣ صەد پادشاهو خوسرەوان جان دان ژعیشقێو رەوان
نەسرینو لەبسێ ئەرغەوان من دین لبەژنا سەرو قەد

٤ من دین لبەژنا عەرعەرین تایێن زەبادو عەنبەرین
بایی صەبادا چەنبەرین زولف چونە سەرنورا صەمەد

**مانای وشە:**

**خوسرەو:** قەراڵ؛ **رەوان:** گیان؛ **لەبس:** جلك‌و شمەك؛ **عەرعەر:** دارێکی راسـتو بڵندە؛ **تا:** هەودا؛ **تا:** لابار؛ **زەباد:** بۆن خۆشێکە لە جانەوەرێك هەڵدەوەرێ کە وەکو پشیلە دەچێ؛ **چەنبەر:** گەو، ئاڵقە.

**پوختەی مانا:**

من یارمدیت چبینم؟ ئـەو باڵا سـەوڵو عەرعەرە، بە بەرگی ئـاڵو واڵاوە. دەتگوت نەمامی عەرعەرەو بە نەسرینو ئـەرخـەوان گوڵی کردوە. کەزیەکانی ئـەتوت تاتای میسکـی زەبادو عەنبەریان بەر گرتوە. لەو کاتەدا بای بسکان هاتو ئاڵقەی زولفان، چونە سەر رومەتی جوانی کە تیشکی روناکی خودا دەداتەوە. جا نەك هەرمن صـەد پادشـاو قـەراڵیش ئـەوە ببینن لە عەزرەتان گیان ئەدەنو فەراقی رەشیان لێدەبڕێ.

٥ زولف چونەسەرنورا زولال جارەك وەرە بایێ شیمال
بسکان ژسەر دیمێ قەمال زولفان ژبەر جوتێ ئەسەد

**مانای وشە:**

**زولال:** رونو لوسو رەوان؛ **دیم:** روخسار؛ **قەمال:** بماڵەوە؛ **ئەسەد:** شێر.

**پوختەی مانا:**

بای‌شەماڵ! دەستم دامێنت. وەرە ئەو بسکـە رەشـانەی کە نوری روخسـاری یاریان داپۆشـیوە، لادەو ئەگەر دەتوانی رامالەو با ئەو چـاوانەش ببینم. کە لە کوشـتنی دڵداران، لە جـوتێك شـێر خەتەرترن. چونکە من بەدڵ ئاواتمە بەو چاوە جوانانە بمرم.

٦ سەححار جوهتی جادوان ئیروٚ ژرەمزا ئەبروان
دل گرتو دابەر کاشوان کەر کر لمسکینان کەبەد

٧ دل گرتو دابەر خەنجەران کوشتم نیگارو دلبەران
مە ژدەستی ظولما ئەسمەران دادو مەدەد، دادو مەدەد

**مانای وشە:**

**سەححار:** جادوگەر؛ **رەمز:** ئیشارەت؛ **کاشو:** گوٚچانی گەمەی شەقێن؛ **ئەسمەر:** گەنم رەنگ.

**پوختەی مانا:**

ئەو دوچاوە سیحراویانەی ـ کە وەك دو جادوگەر وانە ـ چاوێکیان لە بروٚیان داگرتو تێیان گەیاند کە دڵمیان لەبەر لابەرێ. بروٚی چەماو لەچەشنی گوٚچانی شەقێن، دڵیان کردم بە گوٚی مەیدانو رفاندیانو کەلە خەنجەریش تیژترن، ئەو بێچارەیان هەنجنیو لەتبەلەت کرد. هاوار لەمن منی هەژار، بەر زوڵمی زوٚردار کەوتومو زوٚر کاری من نازەنینێکی دڵبەرو زەرد ئەسمەرە. ئەی خوایە بەدادم بگە، نیازم زوٚر بە یارمەتیتە.

٨ دلبەر ژلەعلێن خوٚی شەفاف دامن مەیا گولگونو صاف
دەریایی عیشقێ قافو قاف پەیوەستە تێتن جەزرو مەد

**مانای وشە:**

**شەفاف:** رونی شوشەیی؛ **گولگون:** گوڵ رەنگ؛ **قاف:** کێوێکە لە دەریاداو دەوری هەمو دنیای داوە؛ **جەزر:** کشانەوەی دەریا؛ **مەد:** هەڵکشانی دەریا.

**پوختەی مانا:**

مەلا دیارە زوٚر زو دوعای قبوڵ دەبن. لەپاش ئەو دادو هاوارە، دیارە دڵیان داوەتەوە. کە فەرمویە: یارم لەو جوتە لێوانەی ـ کە وەك بلور، رونو پاكو لەئاڵیدا لە لاڵ دەکەن ـ بادەی گوڵرەنگی روناکی پێ چەشاندمو تێی گەیاندم کە ئەگەر لەسەر واز نەبو، جارجارە دڵی ئێشاندم؛ گوێ نەدەمێ چونکە ئەوین وەك دەریایەو هەمو دنیای داگرتوەو دەریاش بێ جەزرومەد نابێ. جارێك لێم نزیك دەبێتو جارێکیان دەستم نایگاتێ.

٩ حوسنا مونەززە بێ میثال سەردا لیباسێ خەتو خال
سەر گەشتە حەیران ماو لال ئەحمەد کودی نورا صەمەد

**١٠ الله ژنورا سەرمەدی یەك قەطرە یەكدا ئەحمەدی**
**شیرینیو رەمزەك وەدی مەدهوشما حەتتا ئەبەد**

**مانای وشە:**

**مونەززەھ** : پاكو دور لە كەمایەسی؛ **سەرگەشتە:** سەرگەردان؛ **حەیران:** حەپەساو، سەرسورماو؛ **رەمز:** ئیشارە، نهێنی؛ **مەدهوش:** تاساو.

**پوختەی مانا:**

منی دڵدار، كە ئەو جوانیە پاكو بێ عەیبو بێ وێنەم بە گلێنەكانی خۆمدیتو سەیری خەتو خاڵانم كرد، كە بونە نەخشی روخساری، بە یەكجاری بۆم دەركەوت كە وێنەی نوری خودایە لەو روخسارە جوانەدایە. ئیتر تاسام، سەرم سوڕا، لاڵو پاڵ بوم. خوایە نوری بێئاوابونو سنورت كە خۆی نیشانی بەندەدا، چەند گرینگە . من تنوكێكم لە دەریای نوری هەمیشەیی تۆ، پێگەیشت. شیرنایەتیو مژدەی نهێنی وای داومێ، كە هەتاهەتا سەرخۆشو بێ هۆشم دەكات.

## قصیدەی سی‌و شەشەم

# «سەفینەی مەی»

۱ ئاهۆ دەستی وێ سرێ دل بەمەیێ حەواله کر
هەرچی لمن‌کری «مەلا» جامی مەیا دوساله کر

**پوختەی مانا:**

ئەی‌داخه کەم! هیچ نازانم مەبەستی نهێنی چبو. دڵه دەرده دارەکەی من، حەواڵەی پیاڵەی مەی کرا. مەلا! هەرچی بەسەرت هات، لەو باده کۆنەی بزانه.

«حافظ» لەو بارەوه دەڵێ:

چل‌ساڵه دەردەدارمو وا تازه تێ دەگەم  چاری هەژاری دڵ‌بەجغار مەی دوساڵه بو

۲ شەنگێ بناز مەششها میسکو زەباد وەششها
روی‌ما دبن پیانه هێژ زێده لمن دەلاله کر

**مانای وشه:**

مەششها: ڕۆیشت؛ وەششەها: وەشێنرا، داوەری، پەرژو بڵاو بۆوه؛ هێژ: هێشتا، هێمان؛ دەلال: ناز؛ ما: ئێمه.

**پوختەی مانا:**

ئەو شەنگ‌و شۆخه بەنازه، هاتو رابرد. ڕەوته بەلەنجەو لارەکەی، میسکو زەبادی دەوەشاندو بۆنی خۆشی بڵاو دەکرد. بۆ پایەنداز لە ڕێبازی، ئێمەی دڵدار، روبەعاسمان تخێڵ بوین‌و ویستمان بەختەوەرمان بکاو پێ لەسەر چاوانمان دانێت. بەڵام پێ لەچاوی تەڕو سور نان، بۆ بەری پێ ناسکەکەی ئەو، دیاره زۆر بو. بەنازەوه هێشتا ئێمەی بە تاوانبار دەرێناوەو منەت دەکا.

۳ چیچەکو گول سەحەرگەهان نەستەرەنێن دخەرگەهان
تێك ژمیسکو ماوەرێ ماهێ خونافو ژاله کر

**مانای وشه:**

چیچەك: گوڵ؛ سەحەرگه: دەمی بەیانی؛ نەستەرەن: جورێ گوڵەباغی ئاڵه؛ خەرگه: خێوەتی گەورە؛

**خەرگەی کەسك:** بریەتیەلە عاسمان؛ **خەرگەی مانگ:** خەرمانە؛ **ماوەر:** گوڵاو؛ **ماه:** هەیڤ؛ **خوناڤ:** شەونم؛ **ژاله:** شەونم، ئاونگ.

**پوختەی مانا:**

یارم لە بەرەبەیاندا، کە روخساری خۆی نیشان‌دا، کوڵمی سورو لێوی ئاڵی‌و لاجانگی ژێرتای دەسماڵی‌و هەنیەی مانگ‌و کەزی‌و بسکی، بەرامە بڵاوکەرەوەی لەبەر ئەم عاسمانە شێنەو لەسەر ئەم کۆنە زەمینە، دیمەنی دا. هەرچی گوڵبون، لە خۆشیانی‌و لەشەرمانی کە لەجوانی‌دا تای‌ناکەن، ئارەقیان کرد. عاسمانیش بەئەستێرەوە، لە عەزرەتی ئەو دیدارەو لە پرشنگی ئەو روخسارە، تك‌تك ئاوی لەلێوان‌و ئەسرین لەچاوی دەباری. کە ئەو ئەسرینانە، دەگەڵ خوەدانی گوڵاندا، تێکەڵ بون‌و شەونم ئەنگوت. بەڵام نەك ئاونگی بێبۆن، لە نیزیکی ئەو تازە گوڵە نازدارە، بۆنی میسك‌و گوڵاوی وەخۆ گرتبو؛ بەکوردی لێکی دەینەوە مەلا دەڵێ:

لە بەیاندا کەگوڵ شەونمیان لەسەر بو، یار هاتەدەر، لە ناو گوڵان پیاسەی کرد.

٤ **دیمی دبسك‌و خەمری‌یان تاوو لەفێن دشەتری‌یان**
**مانە تەمام کەسك‌و صوڕ بەدرە لدوڕی هالەکر**

**مانای وشە:**

**دیم:** روخسار؛ **خەمری:** پەرچوکە، نیوەرو بەندێکی توڕی‌و بەگەو؛ **لەف:** پیچ؛ **شەتری:** گولینگەی بان شەدە؛ **کەسك‌و صوڕ:** کوڵکە زێڕینە؛ **بەدر:** مانگی‌پڕ؛ **بەدرە:** بەهەڵپەو پەلە؛ **بەدرە:** کۆمەڵێك لە سکەی زێڕو زێو.

**پوختەی مانا:**

دیمەنی ئەو دەمو چاوە، لە ناو بسك‌و گێل‌گێلەو گوڵینگەو دەرزی‌و لاگیرەو خرینگەو سەرپۆش‌و سەرپێچو هەوری‌و گەردنبەندان، وەك مانگێك دەهاتە بەرچاو کە لە شەوی چاردەدا بێو پەلکەزێڕینە بوبێتە خەرمانەو دەوری لێدابێ.

٥ **دوڕ کرین ژسونبولان چیچەك‌و بشکوو گولان**
**دل مە ژرەنگێ بولبولان شبهەتی داغی لالەکر**

**مانای وشە:**

**دوڕ:** دەورە؛ **بشکوٚ:** بشکوژ، خونچە؛ **شبهەت:** وەکو؛ **لالە:** گوڵە مێلاقە.

**پوختەی مانا:**

بەو کەزیانەی، کەوەك سونبول بۆنیان خۆشە، خونچەی لیوو گوڵی کوڵمی خستوتەناو پەرژینەوەو دڵم لەتاو نەدیتنی، داخ لەدڵەو وەك مێلاقە، رەش‌بوە جەرگ‌و هەناوی‌و، بومە هاودەردی بولبولان لە ناڵەو گریانی بەکوڵ.

نالی دەڵێ:

گریانی بەیانانی منە یا عیشی خەندەت پشکوتنی گوڵ مایەی لێنانی شەواوە.

٦ پیری موغان ژشیشەیێ دامە سەفینەکێ مەیێ
شوکری خودێ کوقولزمەك من‌ژخۆرا قەباڵەکر
مانای وشە:

موغ: مەلای زەردەشتی؛ پیری موغان: مەیخانەچی؛ پیری‌موغان لە زاراوەی عارفان‌دا، بەپیری تەریقەت دەڵێن؛ سەفینە: گەمیە؛ سەفینە: لەزاراوەی مەیخۆران‌دا، پیاڵەی پڕە؛ قولزوم: لەبنیچەدا ناوی دەریای سورەو چونکە نیزیك بەشاری «قولەیزمە»ی نزیك سویسی میصربو ئەو ناوەی بەسەرا بڕاوە. بەڵام لەشیعری شاعیران‌دا تەنیا واتای دەریا دەدا؛ قەباڵە: تاپۆ.

پوختەی مانا:

پیری تەریقەت، لە بادەی دڵداری خودا، پیاڵەیەکی دەخوارد من‌دا. سوپاس بۆخوا، کە لە سایەی ئەو پیاڵەوە، دەریایەکم وەگیر کەوت. واتا دڵم بوبە دەریا لەناسین‌و ئەوینی خودای مەزن‌دا.

٧ خضری برەمزو موعجیزێ مەست مەدی ددینگزێ
هات پیالەیەك ددەست ئەشکەرە صەد پیالەکر
مانای وشە:

خضر: سەوز؛ خضر: ناوی یەکێك لە نزیکان بەخودایەو مەرگی لێ دور کەتۆتەوە دەڵێن ئاوی ژیانیشی خواردۆتەوەو هەمیشە هەر جوان دەمێنێ؛ رەمز: نهێنی‌و ئیشارە؛ موعجیز، موعجیزە: ئەو شتەی لە عەقل‌و دەسەڵاتی ئادەمی بەدورە؛ دینگز، دینیز: دەریا.

پوختەی مانا:

پیری‌من وەك خدری زیندە، لە دەریای دڵما خۆی نواند. ئێمەی دی مەستی ئەوینین؛ پیاڵەیەکی لەدەستدا بو، بەو پیاڵە صەدپێکی دامێ‌و صەد ئەوەندە مەستی کردم.

شیاوی باسە، قورعان باسی موسا دەکا، کە توشی یەکێك هاتوە زۆر لەخۆی زاناتربوەو لە دەریادا پێکەوە بون. تا ئاخری چیرۆکەکە. دەڵێن ئەو پیاوە خدر بو. مەلا لێرە ئیشارەتێك بەو باسەی قورعانەش دەکات.

٨ غونچە لەباژەرەنگ گولێ دیمێ بسیرنوما «مەلێ»
شوبهەتی بولبولان سەحەر لەومە فغان‌و نالەکر

مانای وشە:

لەب: لێو؛ سیرنۆ: نهێنی؛ فغان: هاوار.

پوختەی مانا:

خونچە لێوەی بەرەنگ گوڵە. بەنهێنی لەبەیان‌دا، روخساری نیشان مەلادا. هۆی ئەمەیە کە هەمو بەرەبەیانان، وەك بولبولان ئێمە گاڵەو ناڵەمانە.

## قصیدەی سی‌و حەوتەم

# «حەجی کەورە»

۱ دەری مەیخانەیا عیشقیٚ سەحەر عارف زیارەت کر
بٚئابی چەشمو خونیٚ دل وضو بەستو طەهارەت کر

**مانای وشە:**

**چەشم:** چاو؛ **وضو:** دەسنوێژ؛ **طەهارەت:** پاك‌و خاوێنی.

**پوختەی مانا:**

خواناس (عارف) لە بەرەبەیاندا، دەرگای مەیخانەی ئەوینی نیشاندرا. بۆ ئەوەی بۆماچ کردنی سەردەرانەو چونە ناو مەیخانە بشیٚ، گەرەك‌بو پاك‌و خاوێن بیٚ. لەسەر دەستوری خواناسان، لە خوێنی دڵدا خۆی ششت‌و بە ئاوی چاو دەسنوێژی گرت.

۲ ورین جاما هیلالی دا ژعەکسی ماهی نەو بینی
کو خانی میهرو جەرگی چەرخ‌و خوانی روزە غارەت کر

**مانای وشە:**

**وەرین:** بهێنە؛ **هیلالی:** لە بیچمی مانگی یەکشەوە (یان، لە رەنگی مانگی یەکشەوە)؛ **عەکس:** گەراندنەوە؛ **ماهی نەو:** مانگی تازە؛ **بینی:** ببینی؛ **خان:** ماڵ؛ **خوان:** سفرە.

**پوختەی مانا:**

مەیگێڕ! بەو پیاڵەی سەر دەستت کە لە شکڵی مانگی نویٚ دروست کراوە، مەیێکی زەردی تیشك دەر وەك مانگ بێنەو بمان دەریٚو روخسارتی تێدا بنوێنەو بروٚکانت لەو بادەی لەرەنگ ئاوێنەدا

تماشاکه، که هەرچەند لەگوێن مانگی نوێ، کەوانیو باریك دەنوێنن؛ چۆن پشێوی‌و ئاژاوەیان ناوەتەوە؟ تیری ئەوان لەو ماڵە کەوانیانەوە، ماڵی خۆرو جەرگو هەناوی عاسمان‌و سفرەی رۆژوی رۆژو دارانی تاڵان کردو سوتاندنی. لەوساوە تۆ دیاریتداوە، نە رۆژ پەرستن لەباوەو نە رۆژو لەبەرمانگ دیتن.

**٣ بمیزان قەوسی ماهی‌نەو لوەجهێ دلبەرێ من دی**
**ژچەشمو گوشەیی ئەبرۆ بدۆر جامێ ئیشارەت کر**

**مانای وشە:**

**میزان:** تەراز، بەرانبەر؛ **میزان:** بورجی تەرازو لە عاسمان؛ **قەوس:** کەوان؛ **قەوس:** بورجێك لە عاسمان؛ **وەجە:** روخسار؛ **وەجە:** لا؛ **بدۆر:** بۆ دەورەی.

**پوختەی مانا:**

من کەوانەی برۆی یارم، لەبەر هەنیەی بەدی کردن. کە وەك مانگی تازە هاتو، لە گۆشەی عاسمانی ساودا، هاتە بەرچاو. لە تەرازی‌و رێك‌و پێکی‌و کەوانەی ئەودوکەوانە، بورجی کەوان لە عاسمانا، دەگەڵ ئەستێرەی تەرازو شەرمەندە بون کە گرۆی لێ بردبونەوە. یاری نازدار، بە گۆشەی برۆو تیلەی چاو، هانەیان دام کە لە پیاڵە نزیك‌کەوم‌و لە تیشکی ئەوان لەمەیدا سەرخۆش‌و دورە هۆش‌ببم.

**٤ بئەبصاران نەظەرمن چو ژچەرخی قەوسی ئەبرۆیان**
**شوکور خوازین کو چاڤان کار بەرعەینی بەصارەت کر**

**مانای وشە:**

**ئەبصار:** چاوگەل؛ **بەصارەت:** عیلم‌و زانست؛ **نەظەر:** تماشا؛ **چەرخ:** سوڕاندن، بزواندن؛ **چەرخ:** جەغز؛ **چاڤان:** چلۆن؛ **چاڤان:** چاوگەل؛ **عەین:** چاو؛ **عەین:** خودی‌خۆ، تەواو.

**پوختەی مانا:**

کاتێ یارم گۆشەی برۆی بزواندن‌و بەتیلەی چاو تێی گەیاندم بادە وەخۆم؛ چاوم لە جەغزی برۆکەی هەڵخلیسکاو چاوە مەستەکانیم دیتن‌و بەوان مەست بوم. سوپاس بۆخوا، کە چاوانم هەلێك کاریان لەروی زانینەوە توش‌هات. سەیر ماوم چلۆن ئەوجارە بەختی‌من ئەوەندە باشی هێناوە؟

**٥ ژسەر دیمیٚ نیقاب ئاڤیتو دەستورا طەوافیٚ دا**
**دسەعییٚ بەیتو ئیحرامیٚو من ئەسوەد زیارەت کر**

**مانای وشە:**

**نیقاب:** روبەند؛ **دەستور:** ئیجازە؛ **طەواف:** دەدەورە گەڕان؛ **سەعی:** ڕۆینی بەپەلەو غاردان بەتایبەتی بۆ حاجیان لە هەرەتی حەجدا؛ **بەیت:** ماڵ، ماڵی‌کابە؛ **ئیحرام:** دەربەستبون بە چەند شتێك کە هەرەتی حەج مەرجە بۆ حاجی؛ **ئەسوەد:** رەش، بەردی رەشی حاجیان.

**پوختەی مانا:**

یار روبەندی لەسەر روخساری تورٚ هەڵدا. ئیجازەی‌دا کە لە دەوری سەری گەڕێمو دنیا لەخۆم حەرام کەمو بەرەو کابەی روخساری ئەو، بەغار بڕۆم. خوا شوکور حەجم قبوڵەو خاڵی وەك بەردە رەشەکەی حاجیان ـ پیرۆزو رەنگ شەوەم ـ زیارەت کرد.

**٦ ددیداریٚ هەزاران جان نثاری مەقدەمی یارن**
**کەسیٚ جانان بجان بینت دعیشقیٚ وی تجارەت کر**

**مانای وشە:**

**نثار:** پەرژکردن، شاباش؛ **مەقدەم:** جێگەپێ، پێوقەدەم؛ **تجارەت:** قازانج لەماملە.

**پوختەی مانا:**

لە ڕێگەی دیداری یاردا، هەزاران گیان بەشاباشی بەری پێی کەم، لەقازانجمە. کەسێك یاری بەچاوی گیان ـ وەکو من دیومە ـ ببینیٚ، لە بازاری ئەوینیٚ، سودی بیٚهەژمار وەگیر دێنیٚ.

خوا لە قورعانا فەمویە: «خودا لە خاوەن باوەڕان گیانو ماڵیانی کڕیوەو بەهەشتیان لەبات دەداتیٚ. دەچنە خەزا لەرای خوادا، کافر دەکوژنو دەشکوژرێن. خوا لە تەورات‌و ئینجیل‌و قورعان‌دا، ئەم گفتەی داوەو کیٚ لەو پەیمان پتەوترە؟ مزگێنی لەو سەودایەتان، کە بڕیارتان لەسەر داوەو لەراستی‌دا، سەرکەوتنێکی گەورەیە.»

**٧ بدیناری دنیٚ زینهار دا یاری خوە نەفروشی**
**کەسیٚ یوسف فروتی وی دعالەمدا خەسارەت کر**

**مانای وشە:**

**زینهار:** دەغیلە؛ **عالەم:** دنیا؛ **خەسارەت:** زیان.

**پوختەی مانا:**

دەغیلتبم نەچی هەرگیز بە زێڕو ماڵی دنیا، یار وەگۆڕی. کەسێکی یوسفی میصری فرۆشت، هەر خوێ لەدنیادا، زیانبار بو.

**٨ تنێ ئەو سەجدەیا شوکرێ تەبر میحرابی قەوسەینان**
**کودەلق‌و شەمل‌و سەججادە بقێ ئاقێ قەصارەت کر**

**مانای وشە:**

**دەلق:** خەرقەی پڕلەبینەی دەروێشانە؛ **شەمل:** ئەو چارەکە یان عەبایە کە دەلەشیان دەهاڵێنن؛ **سەججادە:** دوگردی نوێژ؛ **قەصارەت:** شوشتن؛ **قەصصار:** گازر، جلشور.

**پوختەی مانا:**

تەنیا هەر ئەو سوژدەو کرنوشەت بەکار هاتوە کە بەرانبەر بە میعراوی کەوانەی بروی یار، بو سوپاسی دیدارەکەی بەجێت‌هێناو هەرکەسێکیش وەك‌تو خەرقەو بەژن‌پوش‌و بەرماڵەکەی بەئاوی چاوو خوێنی دڵ نەشورێ، بە ئاواتی دڵی ناگاو کرنوشی لێ قبوڵ ناکرێ.

**٩ دبەحثی لەعلی لەب هەرخام نارت طەبعی ئەلماسی**
**وەلی تەئثیرو فەیضی میهر تەدبیری حەرارەت کر**

**مانای وشە:**

**خام:** کاڵ، خاو؛ **نارت:** ناگاتە؛ **تەئثیر:** کارتێکردن؛ **فەیض:** بەهرە؛ **فەیض:** سەرزێژ کردن؛ **میهر:** خۆر؛ **میهر:** ئەوین؛ **حەرارەت:** گەرما.

شیاوی باسە، لەعل‌و ئەڵماس دو گەوهەرن، کە دەڵێن کارتێکرنی روژ بە صەتان سنال لە دڵی بەردا سازیان دەدا.

**پوختەی مانا:**

هەرکاڵو خاوێك ناتوانێ مرخی وەك ئەڵماس برابێو بتوانێ لەباس‌کردنی لەعلی لێوان‌دا سەرکەوێ. کەمن دەتوانم لێی بدوێم، تیشکی خۆری ئەوینی بە سەرزێژی من، ئەو گەرمایەی داوە بەدڵ کە بتوانێ لەم دژواریە سەر دەر بکا.

**١٠ دئیعجازی بەیانێدا سوخەن گەر بێتە ئینصافێ**
**دزانت موختەصەر هەرکەس «مەلێ» سیحرە عیبارەت کر**

**مانای وشه:**

**ئیعجاز:** شتێك كه لەتوانای كەس‌دا نەبێ؛ **سوخەن:** وته؛ **موختەصەر:** كورته؛ **عیبارەت:** قسەدر كاندن.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر خەڵك هەروا كەمێك ئینصافیان بێ، باش دەزانن مەلا لەو شیعرانەی خـۆی‌دا، كارێك‌دەكا كە بەهیچ كەسێك ناكرێ‌و هەرچی لەدەمی دەردەچێ وەك سیحری جادوگەرانە.

شیاوی باسە، مەلا لەم قصیدەیە دا، شوێنی حـافظی گرتوەو دوقصـیدەی خـواجە حـافظ، لەو كێش‌و قافیەو مانایە، لەناو دیوانەكەی‌دایە.

# قصیدەی سی‌و هەشتەم

## «هەمیشە بە هار»

١ خەلقۆ لمن کن شیرەتێ ئەو دلبەرا زەررین کەمەر
من دی دحالی غەفلەتێ هات دەر ژبورجێ وەك قەمەر

**مانای وشە:**

**خەلقۆ:** گەلۆ؛ **شیرەت:** تەگبیر؛ **بورج:** مزڵگەی مانگ؛ **بورج:** باڵە خانەی کۆشك.

**پوختەی مانا:**

خەڵکینە تەگبیرم چی‌یە؟ چم لێ دەکەن؟ نازانن ئەمرۆ چەمدیە؟ لەپڕ دیتم یار ـ کەمبەرەی زێرن لەپشت ـ لە باڵەخانە دیاری‌دا، وەك مانگ هەڵێ.

٢ هاتدەر ژبورجو پەنجەران دڵگرتو دابەر خەنجەران
ئەڤ رەنگە حالی دلبەران لەو عاشقان خون بون جەگەر

٣ قەلبو جەگەر من بونە خوین لەورا کونو دەربون برین
ئەی جان وەرە حالم ببین وەر روح ژقالب بێتەدەر

**مانای وشە:**

**جەگەر:** جەرگ، کەزەب؛ **روح:** گیان؛ **قالب:** بەدەن.

**پوختەی مانا:**

هەر کە پەنجەرەی کردنەوەو لە دورەوە لەژوری باڵەخانەی‌دا خۆی نیشاندام، ژانێکی وام لەدڵ وەستا دەت گوت بەرخەنجەر دراوە. خوێن لەجەرگو هەناومەوە، هەڵدە چۆڕاو کۆنەبرینم

کولانەوە. وەرە ئەی گیانی شیرینم. تۆ هیچنەبێ، لە برینەکانم بڕوانە کە دەشزانم گیانی ئامانەتی ناو لەش هەرتۆی لێنزیك کەویەوە؛ خۆی لەلەش رادەپسکێنێو بۆ سەیری بەژنو باڵای تۆ، دێتە دەرێو نایەتەوە. کە بەراستی دەبێتە مایەی شانازیم.

٤ **جانی من ئەر بێ سەر جەسەد مزگین بئافاقان رەسەد**
**عالەم حەمی پێبن حەسەد ئینسانو جینو جانەوەر**

**مانای وشە:**

**جەسەد:** لەش؛ **ئافاق:** ئاسۆگەل؛ **ئافاق:** هەمودنیا؛ **رەسەد:** دەگا؛ **عالەم:** هەرچی ئافەریدەیە؛ **حەسەد:** ئێرەیی؛ **جین:** جنۆکە؛ **جانەوەر:** زیندەوەر.

**پوختەی مانا:**

یارم ـ کەگیانی بەراستم هەر خۆیەتی ـ گەر بێتە سەیری برینان، گیانە سیسەکەی ناو لەشم، بۆ دیداری دێتە دەرو بەیەکجاری لە لانی لەش تەرە دەبێ. کەوابو یار دێتە سەیری جەندەکە بێگیانەکەی من. بەڵام هەر بگاتە سەرم، لە دنیادا دەبێتە قاو. خۆشیو مژدەی دیدارەکەی گش ئاسوێەك بەرخۆ دەدا. هەرچی ئافەریدە هەنە، مرۆو جنۆکەو زیندەوەر ئێرەیی بەلاشەم دەبەن.

٥ **عالەم حەمی تێكبونە صەف سەیرین لشاهی من بەخەف**
**هاتن تماشا چار تەرەف شاطر خومار تیتن دبەر (یان، خیمار)**

٦ **هات پادشاهی پور سوپاه قامەت ئەلیف دیم شوبهیماه**
**دادو مەدەد صەد ئاەوئاه زولفان عەقارب تینە سەر**

**مانای وشە:**

**سەیرین:** روانیان؛ **شاهی:** شادی؛ **شاه:** پاتشا؛ **خەف:** نهێنی؛ **شاطر:** چوستو مەزبوت؛ **شاطر:** جڵەوداری پاتشایان؛ **خومار:** مەی گەستە، سەرگێژی سەرخۆشی؛ **خیمار:** نیوە روبەندێك؛ **سوپاه:** لەشکر؛ **قامەت:** بەژن؛ **عەقارب:** گەلە دوپشك.

**پوختەی مانا:**

مەلا بەخەیاڵ داینا‌وە، کەیار بەزەی پێدا هاتو هاتە سەیری کەلاکە برینداراەکەی. فەرمویەتی: هەمو دنیا کۆ بوتەوەو رێزیان لە دەورم بەستوە. کە هیچ نەبێ بە دزیەوە، هەست بە شادی لەشەکەم کەنو لەو پاتشای نازدارانەش، بەسیلە چاوێك بڕوانن. پیادەی جڵەوداری ئەسپی ئەو مەستە فەرمانڕەوایەش، لە جوانیەکەی مەی گەستەیەو پێشی تماشای گرتوە، کەزیەکانیشی ـ

که سەریان بەئاڵقە هەڵگـەڕاونەوە ـ وەك دوپشـك لەو سـەرەوە، گەف لە تماشـاکەر دەکەن. خیماریش نیوەی روخساری داگرتوە، هەی داد، هەی خـودا کۆمەگێك لەدەس ئێرەیی پاسـداری ئـەو نازدارەو کەزیەی ئـەو باڵا نەمامەی کەوەك پیتی ئـەلف راسـتەو تەختی هەنیەی وەك مانگـوایە.

**٧ گەستیمە خەلقۆ عەقرەبێ مەستم ژشەوقا غەبغەبێ**
**طالع تنێ مەد کەوکەبێ ئیرۆ عەقارب تینە دەر**

**٨ ئیرۆ عەقارب هاتە خوار چو نیڤی باغی گولعوذار**
**ئەو بوغچەیا هەر لێ بوهار لەو بولبولان لێقال‌و شەر**

**مانای وشە:**

**شەوق:** مەیل، ئارەزو؛ **شەوق:** پرشنگ؛ **غەبغەب:** بەرچێلە؛ **عوذار:** لاجانگ؛ **بوغچە:** باخچـە؛ **بوهار:** بەهار؛ **قال:** گاڵە.

**پوختەی مانا:**

لە پرشنگی سپیایەتی ژێر چەناگەی، چاوم بەشەواره کەوتو بە بۆنی ئارەزو، مەست بوم. هۆشـم نەبو، سەری نوکی کەزیو بسکی ـ کە وەك کلکـی دمارەکوڵ ببوە ئـاڵقە ـ پێیەوە دام، سسـتی کردم. بۆ چارەنوس، کە لە فاڵنامە دەڕوانم هەر بورجی دوپشکی عاسمان لە بەختمە.

بەڵێ ئەمڕۆ کەیار کەزی بەشانە کرد، گەوەکانی هاتنە سـەر رومەتی جـوانی، دەتگوت هەزار دمارەکوڵ کەوتونە ناو گوڵزارەوەو لاجانگی وەك گوڵ ناسکـی داپۆشـرابو. بولبولان لە پیواربونی ئەو گوڵزارە، هەر بەهارە، کەوتونە ناڵین‌و گاڵین‌و لەگەڵ بەختی رەش، شەڕیانە.

**٩ بی‌حەد ژدل نالی‌و کەیب دا بوغچەیا رضوانی غەیب**
**ڤا نالی‌یان نینن چوعەیب صوهتینە ئەم دل بوسەقەر**

**مانای وشە:**

**بیحەد:** لەهەژمار بەدەر؛ **بی‌حەد:** بێسزادان؛ **کەیب:** ماتی‌و خـەمگینی؛ **رضـوان:** بەهەشـت؛ **رضـوان:** بەهەشتەوان، رەزەوان؛ **سەقەر:** جەهەندەم؛ **غەیب:** نادیار.

**پوختەی مانا:**

ناڵەو گاڵەی خەمبارانەی ئەویندارانە، هێند لە ئەندازە دەرچوە؛ ئـەو بەهەشـتی خـودایەشـی ـ کە

روی یاره ـ داگرتوه. بەڵام ناڵین بۆئێمەی دڵداری بێبەش، سزای نیەو ئاساییی‌یە. چونکە ئێمە دلمان وەك جەهەندەم گەرمەو خەڵکی جەهەندەمیش لەولا ناڵەیانەو دەنگیان دەگاتە ناو بەهەشتو هاوار دەکەن کە ئێوە فریامان کەون.

**١٠ صوتن لمن جەرگو هەناڤ وەردێن دهور گرتی خوناڤ**
**زولف هاتە سەر لێ کربلاڤ بایێ نەسیم وەقتێ سەحەر**

**١١ ترسم موخالیف بادەتێ زولفێن ددورا جەبهەتێ**
**راکت قیاما ساعەتی عالەم بیت زیرو زەبەر**

**١٢ ظاهیر دبێژم پەندگیر دادل نەدی زولفا حەریر**
**شوبهی «مەلێ» مێنی ئەسیر گوهدێرە قەولی موعتەبەر**

**مانای وشە:**

**وەرد:** گوڵ؛ **هور:** ورد؛ **موخالیف:** پێچەوانە؛ **جەبهەت:** توێڵ؛ **زیرو زەبەر:** ژێرو ژور؛ **راکەت:** هەستێنێ، پەیداکات؛ **قیام:** هەستان؛ **ساعەت:** روژی قیامەت؛ **پەند:** ئامۆژگاری؛ **گیر:** بگرە؛ **قەول:** گفت؛ **موعتەبەر:** بەئیحتوبار.

**پوختەی مانا:**

گوڵی روخساری ئەویارە، لە بەیانا وردە شەونمی لەسەربو. کەزیەکانی بەسەردا هاتو بای بەیان، لەسەر روخسار پەخشی‌کردن. سەیری گوڵانم لەدەس چو، لە تاوانا جەرگو هەناوم سوزاون. زۆر دەترسم ئەو بای پێچەوانەی بەختە، کارێك بکا، زولفان لە دەوری هەنیەشی بهاڵێنیو قیامەت لە دنیا رابێنیو دنیایە ژێرو ژور بکاو ئیتر بۆ دڵداری هەژار، هیچ دەروی خۆشیان نەمێنێ.

کاکی رێبوار! من کە مەلام، دەبێ بە رواڵەت پێت بڵێم: دڵت مەدە بە کیژۆڵەی بسك ئاوریشمی دڵرفێن. با وەك من گیرۆدە نەبی. بەڵام ئەم ئامۆژگاریەی من لە دڵمەوە هەڵنەقوڵیوە. پەندی بەراستیم ئەوەیە، دڵ دەگرۆی جوان چاکێك نیو گیرۆدەبە؛ تا ئامادەی دڵداری یاری مەزن بیت.

## قصیدەی سی‌و نوهەم

# «مەستی ئەبەدی»

**١ جانا ژجەمالاتە موقەددەس قەبەسم ئەز**
**گەر حورو پەری‌زادە نەظەرکی تەبەسم ئەز**

**مانای وشە:**
**موقەددەس:** پیرۆز؛ **قەبەس:** بزوت؛ **نەظەر:** تماشا؛ **ئەز:** من.

**پوختەی مانا:**
گیانە من لەخۆمەوە هیچ‌نیم. من گرێکم‌لە کۆی گرێ تۆوە هاتوم. من نەهوریم دڵ دەیگـرێ، نە لەشوێن پەریان دەگەڕێم؛ من لە دنیاو قیامەتما تماشایەکی تۆم بەسە.

**٢ میثلی مەهی نەو گەرتە دقیتن مەبینی**
**میزەبکە جامیٚ تو دبینی چکەسم ئەز**

**پوختەی مانا:**
راستە من لە دڵداریدا، هێندە لاوازو بێ‌رەنگم کە وەك مانگی یەکشەوەم بەسـەر هاتوەو دەبێ زۆر ورد بۆم بڕوانن تادەم بینن. بەڵام تۆ ئەگەر بەنیازی من‌ببینی، بڕوانە پیاڵەی مەیەکت خـۆت ببینە، منیش هەرتۆم، مەڕوانە رەنگـی دنیاییم. منیش‌و تۆش هەر دانەوەی تیشکـی جـوانی خـوای مەزنین.

**٣ یەغما ژمە جان‌کر کو تەجەللایی لدلدا**
**من روحی دقالب توی تەنها قەفەسم ئەز**

**مانای وشه:**

**یەغما:** تاڵان؛ **تەجەللا:** ئاشکرابون؛ **قەفەس:** رکە.

**پوختەی مانا:**

یاری نازدار! هەرکە پرشنگی جوانی تۆ، خۆی بۆ دڵم ئاشکرا کرد؛ گیانە رواڵەتیەکەمی بەتاڵان برد. ئێستا تۆم گیانی شیرینیو من بومە قەفەسێك بۆتۆ.

**٤ حوبیا تەیە من رادهەژینی کوبنالم**
**شەب تابسەحەر ناله ژرەنگێ جەرەسم ئەز**

**مانای وشه:**

**راهەژاندن:** راتەکاندن، راژاندن؛ **شەب:** شەو؛ **جەرەس:** زەنگوڵە.

**پوختەی مانا:**

وەك دەنگی زەنگ، بەهۆی دەستێك پەیدا دەبێ کە زەنگوڵە رادەژێنێ؛ ناڵەی منیش نە بە خۆمە. ئەوینی تۆ دەمخاتە سەر ناڵەکردن.

**٥ من‌گۆ مەهی نەو چاشیتی‌یی ئەبروی یاری**
**گۆ من چحەدە شوبهەتی نەعلی فەرەسم ئەز**

**مانای وشه:**

**چاشیتی:** چەشیت، چەشن، لەگوێن؛ **گۆ:** گوتی؛ **نەعل:** نالێ؛ **فەرەس:** ئەسپە چنیرچمێ.

**پوختەی مانا:**

بەمانگی تازەهاتوم گوت: تۆ لە چەشنی بروی یاری. گوتی: رامناکەوێ ئەو پەسنە. من وەك نالی ئەسپانم.

«نالی» دەڵێ:

بەسەروم وت کە راستو سەرکەشو بەرزی کەچی، لەرزی
کە فەرقیشم بگاتە ئاسمان بەندەی قەدی یارم

**٦ ساقی ژئەزەل یەکدو قەدەح باده بەمن‌دا**
**حەتتا بئەبەد مەستو خومارو تەلەسم ئەز**

**مانای وشه:**

**ئەزەل:** رۆژی بناوان؛ **قەدەح:** پیاڵە؛ **ئەبەد:** بێبڕانەوە؛ **تەلەس:** شـل و شـەوێق و خـۆنەگر، مەسـتی کەلەلا.

**پوختەی مانا:**

هەر لەرۆژی بناواندا، مەیگێڕ دوپیاڵە مەیدامێ. تا هەتایە مەسـت و سـەرخـۆش و کەلەلا دەمێنمەوە. ئەغیار بونەوەم بۆ نییە.

**٧** **جانا تویی من جان، گولی بێخار گەرمبێ**
**مینەت کو نەوەك بولبولی میحنەت عەبەثم ئەز**

**مانای وشە:**

**خار:** درك؛ **مینەت:** سوپاس؛ **میحنەت:** مەینەت؛ **عەبەث:** بێهودە.

**پوختەی مانا:**

گیانە لەوسـاوە تۆم گیانی، وەك خێوی گوڵی بێ درکم. سـوپاس بۆخـوا، کە وەك بولبول بابەدەست و رەنجخەسار نیم. چونکە گوڵی یاری بولبول بە چقڵ دەوری دراوە.

**٨** **صەد جەورو جەفا دی بەمە ناچین ژدەرێ تە**
**یەکسەر تو نەباتیی و لطەبعی مەگەسم ئەز**

**مانای وشە:**

**نەبات:** شەکرێکە لەکوڵاندنی چەوەندەر بەدەست دێ؛ **مەگەس:** مێش.

**پوختەی مانا:**

صەد جـارانیش جـزیام دەی و بێئـەمەگیم دەگەڵ بکـەی؛ لە دەرگاکەت لاناکەوم. تۆ نەباتی و تەبیاتی، منیش وەك مێشە، لە شیرنایەتی دەگەرێم.

«سەعدی» دەڵێ:

دڵ وەلا ناکەوێ هەر دێتە وەلات تا ماوە  شانە هەنگوین! لە وزەی مێش نیە لات لێلادا

«ناری» دەڵێ:

مێشی خاڵت نافرێ بەس باوەشێنی کە بەناز  چونکە پابەندە بە شەهدی رومەتی زیباتەوە

٩ گەروە تە دڤێتن ببری سەر بکە فەرمان
داڤێ سەعەتێ سەر ببرم خوەش مقەسم ئەز

١٠ سەرتا بقەدەم ئەز بصوژم شوبهی «مەلا»یێ
پەروانە صیفەت صوهتمو بی صەوتو حیسم ئەز

**مانای وشە:**

**سەعەت:** دەم؛ **مقەس:** قەیچی؛ **صوژین:** سوتان؛ **حیس:** هەست؛ **صەوت:** دەنگ.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر دڵت وادەخوازێ هەر سەرم پێوە نەمێنێ؛ فەرمانت هەر بدە بەخۆم. لەسەر پەراندنی خۆمدا، وەك مقەستم؛ هەر دەستبەجێ دەیپەرێنم. ئەوسا وەك مۆم ـ کە بۆ داگریساندن هەودای سەری دەقرتێنن ـ سەرتاپام بۆسوتان دەبێو دڵدارانیش بە دەردی پەپولە دەبەم. هەروەك خۆمی مەلا، لە چەشنی پەپولە سوتامو هیچ دەنگو هەستیشم نەبو.

## قصیدەی چلەمین

# «دڵ دەریایە»

١ طورم بەدڵو پەیرەوی موسایم ئەز
ئاتەش پەرسو نوری تەجەللایم ئەز

٢ باری ژ «وَعَلَّمْ» کو خەبەردار کرین
ئیرۆ توبزان ئادەمی ئەسمایم ئەز

**مانای وشە:**

**باری:** خودا؛ **عَلَّمَ:** فێری کرد؛ **ئەسماء:** ناوان؛ **ئەسما:** هەرە بەرز.

**پوختەی مانا:**

لەقورعانێدا هاتوە: خوا بەفرشتەکانی فەرمو: «من جێنشین لەسەر زەمین ناودێر دەکەم. گوتیان: ئاخر لەسەردنیا، کاری خراپ وەدی دێنێو خوێن دەرژێنێ. ئێمەش پەسندی تۆ دەدەینو بەپیرۆزی تۆ هەڵدەڵێین... فەرموی ئەوی من دەیزانم، ئێوە سەرتان لێدەرناچێ.» خوا ناوی هەموشتێکی فێری ئادەم کرد. لەپاشان لەبەر فرشتانی راناو فەرموی: «ئەگەر لاتان وایە راستن، ناوی ئەمشتانە بڵێن. گوتیان خوایە، پاکی هەر بۆتۆ رەوایە. هەرچی بۆخۆت فێرمان نەکەی، لێی نازانین. زاناو هەمەکارە خۆتی. فەرموی: ئادەم! ناوی ئەوانەیان پێبڵێ. کاتێ ئادەم ناوەکانی لەلای فرشتەکان درکاند؛ خودا فەرموی: نەموت پێتان، من نادیاری عاسمانانو سەرزەویشم ئاگا لێیەو دەیانزانمو هەرچی ئاشکرایبکەنو هەرچی گومو نهێنیتانە دەیزانم؟»

مەلا دەڵێ: لەشوێن موسام، کە لەگەڵ خوا گفتوگۆ کەمو بیدینم. لەلایەکیش وەك چیای تور، نوری خوا خۆی نیشانداوم. وەك موسا، بەرەو ئاگر چومو بۆتاوێك ئاگرپەرست بوم کەچی هەرخۆم نوری خودام. لەوساوە کە خوای بانیسەر، هەمو ناوی فێری بابەدەم کردوە؛ من ئەمرۆ

ئەشێبزانی کە جێبەرزتر ئادەمیم.

**٣ ئینشائی علومی لەدونی چونکە مەزانی**
**زانی بحەقیقەت کوچئینشایم ئەز**

**مانای وشە:**

**ئینشاء:** ایجاد؛ **علومی لەدونی:** زانستە تایبەتەکانی خودا.

**پوختەی مانا:**

چونکە خودا لە زانستیە تایبەتەکانی ـ کە هەر نزیکانی خۆی لێ شارەزا دەکا ـ تێگەیاندم؛ ئەوسا لەراستیدا، بەخۆم زانی کەمن چلۆن ئیجادێکم.

**٤ حەرفێن رەقەمی لەوحی وجودا مەبخوان**
**داقەنج بزانی کو چئیملایم ئەز**

**مانای وشە:**

**رەقەم:** ژمارە؛ **لەوح:** تەتەڵە؛ **ئیملا:** نوسینەوەی گوتراو.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر تۆ بەو پایە بگەی کە بتوانی لەسەر تەتەڵەی فەرمانی دێرینەی خودا، ژمارەو ناوان وەخوێنی؛ ئەوسا باش بۆت دەردەکەوێ کە من چۆن لەروی سیایی نزیکانی خودای گەورە، نوسراومەوە.

**٥ ظاهیر توپەریشانیی حالیمە نەبین**
**مەجموع دذاتێ خوەو طوغرایم ئەز**

**مانای وشە:**

**ظاهیر:** رواڵەت؛ **پەریشانی:** بڵاوی و پەشێوی؛ **نەبین:** مەڕوانە؛ **مەجموع:** کۆ؛ **طوغرا:** مۆری بەقیچەڵفیچی پادشایان لەسەر سکەو فەرمان.

**پوختەی مانا:**

نابێ تۆ لەوە بڕوانی کە بەرواڵەت، پەرێشان و حاڵپەشێوم. لەراستیدا، من وەك مۆری پادشایان، هەرچەند بەدیمەن تێكهاڵاوو وشەکانی لێك بڵاون، بەڵام جوان و پڕلەمانان؛ منیش هەروام.

«حەریق» لەباسی شێخی خۆیدا دەڵێ:

هەم حاضرو هەم غایبو هم جەمعو پەرێشان

ئەم جەمعە نەقیضەینە لەتۆ بوبە ریوایەت

«حافظ» دەڵێ:

لەمەیخانان گەدام ئەمما لەمەستیدا وەرە سەیرم

ستێرەم وان لەبەر دەستانو نازم پربەعاسمانە

٦ عالەم چب ئیعرابو حروفو کەلیماتن
ئەو نوقطە دنەفسا خوەوو مەعنایم ئەز

**مانای وشە:**

**ئیعراب:** سەرو ژێرو بۆر؛ **کەلیمات:** وشەگەل؛ **نوقطە:** خاڵ.

**پوختەی مانا:**

هەمو دنیا، بە سەرو بەرو ژورو ژێرو هەمو وشەو هەمو پیتێك ـ کە بونە ناو بۆ ئافەریدانی خودا ـ لە خاڵێکەوە دامەزران کە ئەویش بونی خودایە. دەسا من دەرچوم لە پیتو سەرو ژێران. من هەرخۆم، ئێستا بومەتە ئەو نوختەیەو مانای نوقطەش لەمندایە.

مەلا لێرەدا، وەکو زۆر لە صوفیەکانی مێژویی، وا تێکەڵ بەخودابوە؛ کە جیاوازی لەناو خۆی، وەك ئافەریدێك و خودای سازدەری نەدیوە.

٧ صەد نیلو فورات تێنو دەرن قەلبی مەدا
پێ ناحەسهین قولزمو دەریایم ئەز

**مانای وشە:**

**نیل:** چەمی گەورەی میصر؛ **فورات:** روباری بەناوبانگی شَطُالعَرَبْ؛ **تێنو دەرن:** دێنو دەرون.

**پوختەی مانا:**

صەتان روبار بەپڕایی نیلو فورات، لەزانستو بەهرەی خوایی بەناو دڵما تێدەپەرن. من کە بۆخۆم بومە دەریا، هەست پێ ناکەم.

٨ توژ نوسخەیی تەوحید مەخون ئایەتی نەفیێ
بێ ئالەتی ئیثبات کوالأیم ئەز

**مانای وشه:**

**نوسخه:** وەنوسراو؛ **تەوحید:** بەتاك زانین؛ **نەفی:** دان‌پێدا نەهێنان؛ **ئالەت:** ئامراز؛ **ئیثبات:** وەراست گەڕاندن؛ **الّا:** بێجگە.

**پوختەی مانا:**

ئەی کەسێکی ئەو نوسراوە دەخوێنیەوەو (لااله‌الاالله)یە. و مانای‌وایە هیچ شت نیە کە بۆ پەرستن رەوابێ، جگە لەخوا. ناوی شتو کەس زیادە. هەر بێجگە لەخوا هیچ مەڵێو ئەو بێجگەیەش بزانە خۆم دەگرێتەوە.

شیاوی باسە، زۆر لە صوفیان، وەك «بایەزیدی بوستامی» و «محی‌الدین ابن العربی» و «هەللاج»و گەلێك وەك ئەوان، وەها تێکەڵ بەخودا دەبون، کە دەیانگوت خوا ئێمەیەو ئێمە خوداین‌و هەر یەکین‌و نەلێك جوداین. هەللاج دەڵێ: من خودامو خوا لە باڵاپۆشەکەمدا. محی‌الدین عەرەبی دەڵێ: هەرچەند پەسنی خودا ئەدەم پەسنی خۆمە...

**٩ صەد نەقل‌و ریوایەت دمەیا صافی‌یە مویەك**
**ئیرۆ کو ژپیرێ خوە بفتوایم ئەز**

**مانای وشە:**

**نەقل:** راگۆیزان؛ **ریوایەت:** گێڕانەوە؛ **فتوی:** ئیجازەدان.

**پوختەی مانا:**

ئەوەی کە دەڵێن وانوسراوەو واگوتراوەو دەبێ وابکرێو وانەکرێ، لەکن صوفی کە دەگەڵ خودا تیکەڵە؛ وەك مو وایە کە لەناو بادەی بێخلتە دیاری بدا. من هەرچی دەیڵێمو دەیکەم، بە فتوای پیری دەستگیر رێمدراوە.

**١٠ پەیوەستە تو هەربانگی مەکی شوبهەتی نایێ**
**بێیارو مەیو ساز مەگۆ نایم ئەز**

**ماناکەی:**

کاورای مەلای زانستە رواڵەتیەکان! ئەگەر قورگت وەك بلوێر بلورێتەوەو گازیم بکەی کە بێمو ببمە پەیرەوت؛ بێبەهرەیە. من پێم گوتوی کەناچمە ناو کۆڕێکەوە، بادەو سازو یاری بەنازی لێ نەبێت.

**١١ هەرچی تەبڤێتن ژمە وەر جان بخوێبێتن**
**جانا بکە فەروار ڤەوەستایم ئەز**

**مانای وشە:**

**وەر:** تەنانەت ئەگەر؛ **فەروار:** فەرمان؛ **ڤەوەستان:** هەڵوەستان.

**پوختەی مانا:**

یارە جوانە تاقانەکەم، هەرچیەکم لێ داوا بکەی، گیانیش دەگەڵ. بۆ فەرمانت هەڵوەستاوم و ئامادەم کە پێکی بێنم.

**١٢ صەد شیش ددلدانە ژمیهری مە «مەلا»یێ**
**لەو هەر بفغان میثلی نەیو نایم ئەز**

**پوختەی مانا:**

ئێمەی مەلا، دڵمان بەئاگری ئەوین دەبرژێنرێ. لە صەد لاوە لەشیشی مژۆڵ دراوە. کزەو چزەو هەڵچزانم، وەك بلوێر دەنگ ئەداتەوەو هاواریەتی.

«ناری» دەڵێ:

روت وەکو ئاگر، موژەت وەك شیش و ئەبرۆت قیمەکێش
میروەحەت زولف و کەبابت جەرگی پارەی ناریە

## قصیدەی چل‌و یەکەم

# «عیشقی مەجازی»

**١ عاشق ئەر جارەك ژبالا لێ بدەت بەرقا مەجاز (یان، موجاز)**
**دێ لنك صاحیبدلان حەتتا ئەبەدبت سەرفیراز**

**مانای وشە:**

**بالا:** بەژن؛ **بالا:** بەرەو ژور؛ **بەرق:** بروسکە؛ **مەجاز:** نارەگەزی؛ **موجاز:** مەرەخەس کراو؛ **سەرفیراز:** سەربڵند.

**پوختەی مانا:**

هەرکە جارێك بروسکەیەك لەدڵداری، وەبەر دڵی هەرکەس کەوێ؛ تاهەتایە، لەکۆڕی دڵ‌روناکان‌دا ڕێگەدەدرێ‌و سەرفرازە.

**٢ کەشفی ئەسراری صیفاتان بێ‌محەببەت نابتن**
**صورەتی ئەسما دقێتن دابکین ژێ فەهمی‌راز**

**مانای وشە:**

**کەشف:** پێ‌زانین؛ **صورەت:** وێنەی دیاردی؛ **ئەسما:** ناوان؛ **فەهم:** تێ‌گەیشتن؛ **راز:** نهێنی.

**پوختەی مانا:**

هەتا گیانێك تامی ئەوینێ نەچێژێ؛ وزەی نابێ کە لە رازی نهێنی بارەگای خودا، هیچ بوێژێ‌و هیچ تێ‌بگا. گەرەکە ئاکاری خوداو وێنەی ڕەوشت‌و صیفاتی، بێتە بەرچاوو دەربخرێ. ئەوسا دەکرێ بێژین خودامان ناسیوە. یەکێك لە صیفاتی خودا، خوشیکی‌یە.. پیاو هەتا ڕێز لە جوانی‌و

دڵراکێشانی جوانانی سەردنیا نەگرێ، چوزانێ جوانیەکەی خودا مانای چیە؟! خوا بۆ ناوی خۆی ناوە جوان؟ جارێ دەبێ لەو جوانانەی، کە بەر تیشکی جوانی خودا کەوتون، دڵ بۆ دڵداری رابێنێو ئامادەبێ تا لەجوانی خواش حاڵی‌بێ.

«جەلال‌الدین رومی» دەڵێ:

ئەو مەلایەی لە دڵداری بێ خەبەرە گاجوتێکە، مێزەرێ زلی لەسەرە

**٣ لامیعا حوسن‌و جەمالێ دی ژعیلمێ بێتە عەین**
**عیشق دا ژێ هلبتن کی‌دی حەقیقەت بێ مەجاز**

**مانای وشە:**

**لامیع:** بریقەدەر؛ **عەین:** خودی‌شت؛ **هلبتن:** هەڵبێت.

**پوختەی مانا:**

پێویستە هەست بە بریقەی جوانی کردن، لەچاو راگویزرێو بێتە دڵو گیان بیچێژێو لێی تێبگا. هەروا دیتنی دوراودورو پێزانینی بەکارنایە. دڵداری جوانی دنیایی، کە ناونراوە: ئەوینی بەدەڵ (عیشقی مەجازی) وەك ئەو بەردەستێیە وایە کە ئاگری پێ هەڵ دەکەن. تا ئەو نەبێو پزیسکی لێ نەبێتەوە، بڵێسەی ئاگریش نیە.

**٤ حوسن‌و حوب بێیەکدو نابن دی بکن شاهو گەدا**
**نور نادەت شوعلەیا مەحمود بی شەمعا ئەیاز**

**مانای وشە:**

**حوب:** خۆشەویستی؛ **مەحمود:** سوڵتان مەحمودی غەزنەوی کە دەڵێن دڵی خۆی داوە بە خوڵامێکی کە ناوی «ئەیاز» بوە.

**پوختەی مانا:**

تینی جوانی‌و خۆشەویستی، لێك جیاواز ناکرێنەوە. لە بازاری دڵداریدا، شاو گەدا، دێنە رێزی یەك. ئەوینی بەگرپەی مەحمود، لە چوڵەچرای روی ئەیازی هەڵگیرساوەو لەو بارەگای ئەوینەدا، ئەیاز لە مەحمودی ئاغای بەرێزترە.

**٥ مەعنی‌یا عیشقێ دزانی ئایەتا حوسنێ بخون**
**داتو حەرفێن موحبەتێ یەكیەك ژهەڤ کی ئیمتیاز**

**پوختەی مانا:**

ئەگەر لەمانای ئەوێنێ دەگەڕێی، دەبێ ئـایەتی جـوانی بزانیو بیشـیخوێنیو زۆری خـۆتێدا سەرراست کەی. تا بتوانی پیتەکانی خـۆشەویسـتی شـی‌کەیتەوەو پلەپلەی ئـەویندارییت بۆدەرکەوێ.

**٦ کی خەبەردار بت ژعیشقێ کەی ژبەر وەستاگرت**
**گەرچی راه ئەز ذەررە ذەررە سینەسوزو جان‌گوداز**

**مانای وشە:**

**وەستا:** وەستان، وچان؛ **راه:** ڕێگە؛ **ذەررە:** تۆسقاڵ؛ **سوز:** سوتمان؛ **گوداز:** توانەوە.

**پوختەی مانا:**

کێ لەئەوین ئاگادار بێت، هەرگیز لەڕێی دڵداری‌دا، وچانو پشـو نازانێ. باریگـەشـی هەمو توزو تۆسقاڵێکی سینگ‌سوتێنو گیان‌تاوێن بێت.

**٧ عاشقان بێ‌گاڤ لەوگالین ژدل تێن شوبهی رەعد**
**وان ژبالا لێ‌دبارن وەك بروسکان رەمزو ناز**

**مانای وشە:**

**بێ‌گاڤ:** بێ‌وەخت؛ **رەمزو ناز:** ئیشارەتو ناز.

**پوختەی مانا:**

دڵداران وەختو بێ‌وەخت بۆیە وەك‌هەور دەناڵنو حاڵیان نیە، چونکە لە بەژنو باڵاوە تیری چاوان وەك لەدوی هەورەتریشقەی بەریژنە بۆیان دەبارێ.

**٨ ئافەرین صەدئافەرین هەی‌من ژوان‌را ئافەرین**
**ئی‌ژتیرێن دلبەران دایم ددل پەیکان‌و گاز**

**مانای وشە:**

**پەیکان:** سەرەتیر؛ **گاز:** قەیچی، قرتێن.

**پوختەی مانا:**
هەرئەوانە هونەرمەندو دڵپەسندن، کە دڵیان بەگازی ئەوینیٚ قرتینراوەو سەرەتیریان تیٚ چەقاوە.
صەد ئافەریم بوٚ ئەوانەو ئافەرینم پیٚش‌کەش بەو دڵ بەئەوین گازانە.

**٩ گوٚە دەئاوازی نەییٚ وەقتی سەما تیٚن موغبەچە**
**فەهمی رازیٚ گەردکی چاوا دنالن چەنگو ساز**

**مانای تیٚکڕا:**
وەرە صوفی، لەو کاتەدا کە بەزمە لەمەیخانەداو بەچکەگاور مەی‌دەگیڕن‌و بەدەم سەماوە سوڕ دەدەن؛ ئەگەر هیچ لەنهیٚنی ئەوین گەیەنرابی، دەزانی‌کە دەنگی چەنگو لیٚدانی بلویٚرو سازان چیت پیٚ دەڵیٚن.

**١٠ ئەو دلی من وەك کەبوتەر نابتن کەس لوٚمەکەت**
**لەو دڤیٚ توریٚوەدا کەفتی مەدین صەد شاهباز**

**مانای وشە:**
کەفتی: کەوتو؛ شاهباز: بازی‌سپی؛ کەبوتەر: کوٚتر؛ لەو: چونکە.

**پوختەی مانا:**
بوٚکەس ناشیٚ سەرکوٚنەی دڵی من بکا؛ کە چوٚن کەوتوٚتە توڕەوە. دڵم وەك کوتریٚکی بیٚهیٚز، لەتوڕی ئەوینیٚك گیرە کە صەد شاباز لەو توڕەدا گیروٚدەن‌و کەوتونە پەلەقاژەوە.

**١١ وەر دلوٚ داچین تماشایا جوانانیٚن چەمەن**
**وی‌هلانی سەربنازو سایەبان دایی نیاز**

**١٢ زولف‌و سونبول موشك‌بوی‌و بسك‌و سوسەن سوٚرشیرین**
**سەرو بالا سەبزپوش‌و گل‌نیشان‌و غونچەباز**

**١٣ نیرگزیٚن قامەت زومەررەد سەرگران هاتن خەرام**
**چارئەطرافان برەف رەف لیٚبمەش تیٚن سی‌و قاز**

**١٤ دل بکی‌دەم ئەز ژوان هەریەك بغەنجان دلدبن**
**دل روبایین، جان فزایین، دلبەریٚن عاشق‌گوداز**

**مانای وشەی ئەو چوار بەیتە:**

**وەر:** وەرە؛ **دلۆ:** هەی‌دڵ؛ **چین:** بچین؛ **چەمەن:** مێرگ، چیمەن؛ **هلانی:** هەڵی‌هێناوە؛ **سوڕ شیرین:** دڵکێش‌و رەزا شیرین؛ **باز:** ئاواڵە؛ **زومەررەد:** گەوهەرێکی سەوزە؛ **خەرام:** لەنجە؛ **رەفرەف:** پۆل‌پۆل؛ **غەنج:** ناز؛ **دل‌رۆبا:** دڵرفێن؛ **جان‌فزا:** گیان‌گەشێن؛ **گوداز:** توانەوە؛ **نیشان:** خاڵ.

**پوختەی مانا:**

ئەی دڵ وەرە بچینە سەیری مێرگۆڵان. تازەگوڵان سەریان بەناز هەڵێناوەو خۆیان وەبن سێبەر داوە. گوڵی سمڵ، بۆنی میسك‌و عەنبەر دەدەن. وەك بۆنی زولفی یارەکەم. سوێسنە لە رەزاسوکی‌داو لەبۆن‌و بەرامەی خۆش‌دا، وەك بسکی ئەو شۆخە دەچێ. داری سەوڵ سەوزە پۆشە. وەك بەژنی‌یار کە جلکی سەوز دەبەرکا. بەڵام ئەوەندەیان فەرقە، کە باڵای یار، خاڵی‌هەیە. وەك کلەسوبحانی دەچێ‌و خونچەی دەمی پشکوتوە، کە لە باڵای سەوڵا نیە. گوڵی نێرگز کە لاسکیان وەك زومەررەدە، لەسەوزایی. وەك چاوی مەستی یارەکەم بە سەرخۆشی‌و بە لەنجەو لار، خۆ دەنوێنن. لەهەرچوارلاوە، پۆل‌پۆلی قازو قورینگ، دێنە سەیرانی مێرگۆڵان‌و لەناویاندا دێن‌و دەچن. هەرچی دەیبینم بەنازو دڵرفێنەو گیان گەشێنەو ئەویندار دەتوێنێتەوە؛ تێماوم کامیان پەسندکەم‌و خوی پێ‌بگرم‌و بیکەمە خەمرەوێنی خۆم؟

**١٥ عەقدی ئیحرامێ دەما دلبەر خویابێ فەرضی عەین**
**سەجدەیەك بەروان دوبرهان ناگرت جیهصەد نوماز**

**مانای وشە:**

**عەقد:** بەستن؛ **ئیحرام:** کەوتنە ناو هەرەتی حەجەوە کە زۆرشت لەپیاو حەرامە؛ **برە :** برۆ؛ **فەرضی عەین:** هەرە پێویست؛ **نوماز:** نوێژ.

**پوختەی مانا:**

مەلا کە پەسنی مێرگۆڵان لە جەنگەی بەهارادەداو دڵخۆشی دڵ دەداتەوە کە پێکەوە برۆنە سەیری گوڵان‌و هۆگر بەهێندێکیان بگرێ؛ دڵی بیری‌دەخاتەوە کە ئەویندارى بەراستی، ناشێ بەجگە لە یارەکەی، دڵ‌بدا بەهیچ شتی‌تر. بۆیە دەڵێ:

خۆ بێ‌بەش کردن لە زۆرشت لەکاتی زیارەتی کابەی پیرۆزو بەرزی دڵداران، وەك نوێژ لەسەر پیاو واجبەو سوژدە بردن بەرەو میحرابی برۆی یارێ هێندەبەجێ‌و جێ‌گەورەیە کە صەد نوێژی بەرەو میحرابی مزگەوتان، جێی ناگرن.

## ١٦ عیدەوو میری‌مە ئیروٚ دەرگەهی لوطفیٚ ڤەکر
## گوٚ «مەلا» هنگی بخوازی دیٚبدەم بەس توبخواز

**مانای وشە:**

**هنگی:** ئەوەندەی.

**پوختەی مانا:**

جیٚژنەیەو ئەو سەروەرەی من، ئەمروٚ دەرگای ئیلتیفات ولاواندنەوەی خستە سەرپشت. فەرموی مەلا! هەرچی نیازیٚکی توٚ هەتە، لیٚم بخوازە. توٚچیت ئاواتە، دەت دەمیٚ.

خوا لەقورعانا فەرمویە: «ئەگەر بەندەی من! لیٚتپرسن خودا چوٚنە؛ من‌نزیکم بەدەنگ ئەو کەسەوە دەچم کە هانام دیٚنیٚتە بەریٚ. دەبا هاوارم بکەنیٚو برٚوای تەواویان بەمن بیٚ. شایەت شارەزای ریٚبن.

## قصیدەی چل‌و دوهەم

# «کۆڕاوی چاو»

**١ ژرەعنا نێرگزێن تەی‌مەستو خون‌ریز**
**زەمان بوعەهدی جەنگ ئەنگیزی چەنگیز**

**مانای وشە:**

**رەعنا:** نەرم‌وشل؛ **رەعنا:** توندو بزۆز؛ **رەعنا:** جوان؛ **عەهد:** دەوران؛ **جەنگ ئەنگیز:** شەر هەڵایسێن؛ **چەنگیز:** خانە خوێن ڕێژە بەناوبانگەکەی مغول (لە ١١٦٢ تا ١٢٢٧ م) کە هەر لەچینەوە تا سەرکەنارەی دەریای رەشی، خستە ژێرچۆکی خۆیەوە.

**پوختەی مانا:**

لەسۆنگەی نێرگزی مەستی دوچاوی‌تۆ ـ کە خوێنی هۆگران دەرژن ـ زەمانی بێ‌ئەمانی خوێن‌ڕژانی دەوری چەنگیزمان وەبیر دێنێ... دەبێ کێ‌بێ، بەتیری چاوەکانت، نەنگوا بێت‌و دەبێ کێ‌بێ، کە لەم کوشتارە بێ‌ئامانە سەر دەرکا؟!

«حەریق» دەڵێ:

قرانی عاشقانە کەس‌نەما دەرچێت‌و سەر دەرکا
مەگەر بۆ موفلیسی وەك‌من کەبێ‌قران‌و پەناباتم

**٢ تەجانێ من دڤێت ئەی جانی عالەم؟**
**ژمن بستین بلەعلێن خۆی شەکەر ریز**

**مانای وشە:**

**دڤێت:** دەوێ؛ **شەکەر ریز:** شەکر هەڵرێژ.

**پوختەی مانا:**

**تۆ کەگیانی هەمو ئافەریدەکانی؛ کەنگێ بەزمت بەمن‌دادێو بەو لێوە ئاڵی یاقیقیو شیرینە شەکر پژانەت، فەرمان دەدەی کە بەگیان دەبەرت مرم؟ دەتۆخوا دڵم مەشکێنەو خۆت دوایی بەژینم بێنە.**

**٣ دو عەنبەر بو لشمشادێ ب مەستی**
**قەبەستن لەو هەوابو عەنبەر ئامیز**

**مانای وشە:**

**قەبەستن: بەستنەوە؛ لەو: بۆیە؛ ئامیز: تێکەڵاو.**

**پوختەی مانا:**

**پرچەکانت لە دولاوە ـ کە هەمیشە بۆنی خۆشیان لێ بڵاوە ـ لە جوانی بەژنو گەردنت مەستی شەشدانگ لە دەوری لاجانگ دەهەژانو بەملاو بەولادا دەکەوتن. لەبەژنی راستو بێگرێی وەك داری شمشاڵت بەستن چونکە مەستن. کەچی هێشتان راناوەستنو بزۆزن. کە رادەژێن بۆنی عەنبەر بڵاو دەبێ. بۆیە هەوا لە دەوری تۆ بەبۆنی خۆش هەڵازناوە.**

**٤ ژئاخا ئاستانێ مستەکی بین**
**لداغان دا ببینم خوەش صەبا تیز**

**مانای وشە:**

**ئاخ: خاك؛ ئاستان: سەردەرانە، بارەگا؛ تیز: بەپەلە؛ خوەش: ساغ.**

**پوختەی مانا:**

**ئەی سروەبا! زۆر داخدارو بریندارم. تۆخوا کەدێی، لەرێی خۆتا، لەخاکی بەر دەرگای یارم، مشتە خوڵێکم بۆبێنە. دەرمانی دەردم هەر ئەوەو یەکاویەك هەمو برینم سارێژدەکاو بلۆقم دەپوچێنەوە.**

**٥ تنێ فەرهاد دزانت لەذذەتێ عیشق**
**کووی جان دایە شیرینێ، نە پەرویز**

**مانای وشە:**

**لەذذەت: خۆشی؛ پەرویز: نازناوی خوسرەوی پادشای ئێرانی مێردی شیرینی بەناوبانگە.**

**پوختەی مانا:**

حەزلێ کردویی خوسرەوم بۆشیرینێ، بەدڵ نیە. وەك پێویستە دەردی دڵی نەچێشتوە. تەنیا فەرهاد تامی ئەوینی چەشیوەو خۆشی دیوە؛ کە گیانی شیرینی خۆی دا بە شیرینە دڵبەندەکەی.

«سالم» دەڵێ:

بەئیمای دیدەیی مەعشوقە عاشق کێو لەبن دێنێ

لەلای سالم کەندەی بێستون موژگانی شیرین بو

**٦ تەب‌و تابی هەزار ئەشکەنجە دادل**
**ژشیرازی نیگاهی مەستی تەبریز**

**مانای وشە:**

**تەب:** تا؛ **تاب:** یاو، هەڵچۆقان؛ **ئەشکەنجە:** ئازار؛ **شیراز:** ناوی شارێکە؛ **شیرازە:** کەنارە؛ **شیرازە:** بەندی بنەکتێب؛ **تەبریز:** ناوی شارێکە؛ **تەبریز:** نوبەتێ رێژ، نوبەتێ پەرێن؛ **نیگاه:** روانین.

**پوختەی مانا:**

روانینی چاوی مەستی یار کە دەرمانی گش‌دەردانەو بەسیلەی چاو، یاووتا چا دەکاتەوە ـ بۆمن پێچەوانەی هێنا. هەر کەتیلەی چاوی دامێ؛ هەزار ئازاری دابەدڵ. دڵم وەك نوبەتێ داران هەڵدەچۆقێ‌و هەڵدەبزۆقێ.

**٧ اِلهی نیرگزا مەی مەست‌و نازك**
**ژدەستی خوارو بەدخواهان بپاریز**

**مانای وشە:**

**اِلهی:** ئەیخوایە؛ **خوار:** ناراست؛ **بەدخواه:** دڵپیس.

**پوختەی مانا:**

ئەی خودایە! ئەو یارەی من ـ کە وەك چڵەنیرگز شلك‌و تورتەو چاوی گرۆی لەنیرگسی مەست بردەوە ـ بی‌پارێزەو وامەکە خوارو بێفەڕان، بۆ چاوێنی تماشای کەن.

**٨ کولێ تێت ئەو قەبایی ئاسمانی**
**لەطیفا شەنگ‌و نازك وەك بەلازیز**

**مانای وشه:**

**کولیٚ دیٚت:** چەندەی لیٚدیٚت؛ **قەبا:** کەوا؛ **ئاسمانی:** بەرەنگی عاسمان؛ **بەلازیز:** گەزیزە.

**پوختەی مانا:**

ئەی خودایە! ئەو کەوایە رەنگ عابیەی، چەندە جـوان لیٚ دەوەشـیٚتەوە. نەرمە، شـەنگـە، لەشـیناسکـەو هەروەك گوڵە گەزیزەی دەمەو بەهارە، کە سـەرەڕای دیمەنی جـوان، موژدەی نەمانی دەمی زستانی خەمانو هاتنی هەرەتی خوٚشیو دیمەنی جوانی بەهاری بەپیٚوەیە.

**٩ سەوا شەك ریهتە دیسا عالەما دل**
**بجادویی دوچەشمی فیتنە ئەنگیز**

**مانای وشە:**

**سەواش:** شەڕو هەرا؛ **ریهتە:** رژتیە؛ **عالەم:** جیهان؛ **فیتنە:** گومڕایی، ئاژاوە؛ **ئەنگیز:** هەڵایسیٚن، هوٚ.

**پوختەی مانا:**

ئەو چاوە سیحر بازانەی، کە دنیا لەسوٚنگەی ئەوان، پڕلە ئاژاوەو هەرایە؛ ئەوا دیسا خوٚیان نواندو بەجیهانی رواڵەتیەوە نەوەستاون. دنیای دڵی خاوەن دڵانیشـیان تیٚکـداو پڕیان کرد لە پشـیٚویٚنیو ریٚگەی چارەیان لیٚگوم‌کرد.

«نالی» دەڵیٚ:

وەرە تا عالەمی قەلبت نیشان‌دەم  کەوا فەقری غینایەو مردنیژین

**١٠ «مەلا» جانیتە چاوان پەهلەوان کر**
**لتاییٚ خەمریان زولفا دلئاویز**

**مانای وشە:**

**پەهلەوان:** پاڵەوان، تەناف‌باز؛ **خەمری:** بسکوٚڵە؛ **دلئاویز:** دلٚپیٚوە هەڵاوەسراو؛ **ئاویزە:** هەڵاوەسین.

**پوختەی مانا:**

مەلای دڵدار! سـەرم لەکارت سـوڕماوە. توٚ لەلایەك، دڵت بەتای کەزیەکانی گیروٚدەیەو هەڵواسـراوە، لەولاشـەوە، گیانت هەروەك هونەرمەندانی تەناف باز، لە سـەرتای بسکـوٚڵەکانی دیٚنو دەچن. چوٚن ناترسی؟

**١١ ژحوسنا بێنیشان نادەی نیشانەك**
**«نیشانی» گەرژدل نەكراتە پەرهیز**

**مانای وشە:**

**بێنیشان:** نادیار؛ **نیشانی:** نازناوی مەلایە لەشیعردا.

**پوختەی مانا:**

جوانی یارم وێنەی نیەو وەك هیچ جوانیەكی‌تر ناچێو كەم‌كەس هەیە ئەم جوانیە، بەچاو ببینێ. توش ئەی نیشانی بوێژ! بوێە توانیوتە بی‌بینیو پەسنی بدەی، چونكە لەخوت لەگیان‌و دڵ، دەستت بەرداو جگە لەیار، پارێزت لە هەمو شت كرد.

**١٢ خەباثەت طەبعە ژەهلی سەگ سرشتە**
**یەقین ئەوكەر ژجانان لەو دكەت بیز**

**١٣ مەبین ئەو گەر بصورەت ئادەمینە**
**هەمی دارن ژئێگر ڕاكری ریز**

**مانای وشە:**

**خەباثەت:** پیسی؛ **ژەهلی:** لە ئەهلی، لە رەگەزی؛ **جانان:** دڵبەر؛ **بیز:** خوپارێزی، قێز؛ **صورەت:** شكڵ، بیچم؛ **ئێگر:** ئاگر.

**پوختەی مانا:**

تو تادڵ نەدەی بەیارێك، نابی بەپیاو. ئەوكەسانەی دەڵێن دڵداری خراپەو بەبێزەوە لێی دەڕوانن؛ وەك كەرانن هیچ تێناگەن. دەرون‌پیسن وەك سەگ بە گڵاویان بزانە. تو مەڕوانە كە لەبیچما وەك مرۆنە. گشتیان داری قەڵاشكەرین بو سوتاندن ریز كراون.

## قصیدەی چل‌و سێهەم

# «شەو و ڕۆژ»

١ تودزانی بەخودێ من توخەیالی شەب‌و ڕوز
بەخەیالا خوە مەدام من تو لبالی شەب‌و ڕوز

**مانای وشە:**

مەدام: هەمیشە؛ بال: دڵ؛ لبال: لەکن؛ شەب‌و ڕوز: شەوو ڕۆژ.

**پوختەی مانا:**

ئەی‌یار! سوێندەکەم بەخودا. واتا سوێندەکەم هەر بەخۆت. خۆت دەزانی کە شەوو ڕۆژ، هەر بیر لەتۆ دەکەمەوەو تۆ لە خەیاڵم دەرناچی. بەبیری خۆم، هەمیشە لەناو دڵمدای‌و شەوو ڕۆژ هەر لەلای خۆمی‌و لەدیدارت بێ‌بەش نابم.

٢ هەر بەمیزان درەشێنی جەگەرێ تیرو خەدەنگ
ژنەسەق صاعیقە مەژقەوسێ هیلالی شەب‌وروز

**مانای وشە:**

درەشێنی: دەپرژێنی؛ نەسەق: تەرتیب‌و تەکوزی؛ صاعیقە: بروسکە؛ قەوس: کەوان؛ هیلالی: لەبیچمی مانگی یەکشەوە.

**پوختەی مانا:**

خوا فەرمویە: «هەمو شتێك لەخوداوە ئەندازەی بۆ داندراوەو بەتەکوزی‌و ڕێکوپێکی، دێتە بەرهەم.)

مەلا دەڵێ: ئەگەر بروسکە لەهەورەو ئەگەر تیر لە کەوان رادێو ئەگەر نیوە جەعزو کەی مانگ، بۆ وەختو کات ناسینەوەو بۆ روناکی دێتە بەرچاو؛ تۆ بەمیزان بەوپەڕی ڕێکوپێکیەوەو بێهەڵبواردن، بەبێ هیچجار هەڵەکردن، جەرگی منت وەبەر تیری بژانگ داوەو لەکەوانەی مانگییەکشەوەی بروڕا، ئەو تیرانەم دادەرژێنە سەر جگەریو شەوو ڕۆژیشیان بۆنیە.

**٣ میثلی گوێیین تەرەوان نال ژدلی میسکین تێن**
**ئەمنزانن توچرا هەروە دنالی شەبو روز**

**مانای وشە:**

**گوێیین:** باڵندێکە شەو هەتا ڕۆژ دەناڵێنێو بێدەنگ نابێو هەرلات وایە لەبەر خوێیەوە دەڵێ: نا. نا؛ **رەوان:** بەدویەك داهاتنی بێپسانەوە؛ **چرا:** بۆچی، لەبەرچی؛ **میسکین:** هەژار.

**پوختەی مانا:**

مەلا ئەی دڵداری هەژار! چیتە وەکو گوێیین، هەر دەنگی ناڵەو ناناکەت لە دڵیبێچارە دەبیسرێ. ئەگەر گوێیین هەرلەشەودا دەناڵێنێ، دڵیتۆ بەشەوو بەرۆژ ناڵەیەتیو پشونادا.

**٤ تە بفەریادو فغانان بخوە بولبول کەرکر (یان، کرکر)**
**الله الله ژچدەردێ وەدکالی شەبو روز**

**مانای وشە:**

**فەریادو فغان:** دادو هاوار؛ **کەر:** گوێکپ؛ **کر:** ماتو بێدەنگ؛ **کالین:** لەبەر دەرد هاوار کردن.

**پوختەی مانا:**

دەمانگوت بولبول لەخوێندن چەقەسروێەو بێدەنگ نابێ. بەڵام توێ دڵ بریندارى تیری بەژانی دڵداری، بەهاوارو گاڵەو ناڵەت کارێکت کرد، کە تەنانەت هەرخوێ بولبول وازی لەخوێندن هێناوەو کرومات‌و دوژ داماوەو لە بەرهاواری زوری تۆ، گوێی کەربوە. کە شەوو ڕۆژ، نای بڕیەوە. دەبێ دەردت چەند گران بێ؟ هەرخودا بۆخوێ دەیزانێ، راستی سەیرە، راستی سەیرە.

**٥ داکو دلبەر قەدەمێ لێ بنەهەد رەوشەن کەت**
**لەو توخونی وە ژچەهقان قە دمالی شەبو روز**

**مانای وشە:**

**قەدەم:** پێ؛ **بنەهەد:** دابنێ؛ **لەو:** بۆیە؛ **قەمالین:** ماڵینەوە.

**پوختەی مانا:**

تۆ شەوو رۆژ، هەر خەریکی خـــوێن لەچـــاوانت دەماڵی. بەخـــەیاڵی کە جـــارێکیار، بەلاتا بێو بتلاوێنێو پێ لەسەر چاوانت دانێو ببێتە مایەی رۆشنیو سۆمای چاوە کوێرەکانت. کە لەســوێی دیدارێکی ئەو، تانەیان پەریوەتە سەر. جا ناشتەوێ یار پێ لەخـــوێن بنێو ئـــەو لاقـــە ناســـکو خاوێنەی خوێناوی بێت.

**٦ تەتنی ذەوقو صەفا کر بصەیین دلبری‌را**
**سەرنخون گاه شوبی‌نون گاه وەکو دالی شەبو روز**

**مانای وشە:**

**صە:** سەگ؛ **گاه:** جار؛ **شوب:** وەکو؛ **نون:** ماســـی؛ **نون:** پیتی «ن»، لە ئـــەلفـــوبێتکەدا کە قـــەدیم بەراوەژوی ئێستایان دەنوسی: **دال:** داڵاش؛ **دال:** پیتی «د» لە ئـەلفو بێتکـەدا؛ «ن» و «د»: دەبێتە، ند؛ **ند:** واتا هاوتاو هەواڵ.

**پوختەی مانا:**

مەلا! ئەگەر خۆشی لەژیانتدا دەس‌بکەوێ، هەر ئـەوسـایە کە دەگەڵ سبـەگی بەر دەرگای یاری دڵبەر، کەوتبویە بەزمو کایە. جـــارێك لاســـای ماســـی‌گرتوت دەکردەوەو خـــۆت وەك «نون» هەڵدەگێڕاوەو جارێك وەك دال باڵت ئەگرتو بەرەو ئەو سـەرنخـون دەهاتیە خـواری‌و ئـــەویش پەلاماری ئەدای‌و بەوکایە دەگەڵ کردنەخۆت کردە هەواڵو هاوتای.

«نالی» دەڵێ»:

هەر لەحظە دەڵێم من سەگی دەرگامو رەقیبیش — دێتە سەرو چاوم کەمنیش سەگ‌مەگەسێکم
گرتویە سەگت چاکمو لای تۆمەوە دێنێ — یعنی وەرە نالی کەمنیش دادرەسێکم

**٧ فتوەیا پیری «مەلا»یان تو بایلهامی نەبی**
**قی‌مەیێ هەر وەدنوشی بحەلالی شەبو روز**

**مانای وشە:**

**فتوی:** ئیجازەدان؛ **ایلهام:** خستنەدڵەوە؛ **نەبی:** پێغـەمبەر؛ **نەبی:** کەســی کە لە نادیار پیاو ئـاگادار دەکا، پێشگۆ؛ **حەلال:** رەوا؛ **نوشین:** وەخواردن.

**پوختەی مانا:**

مەلا چیتە دەتبینم بەشـــەوو بەرۆژ بەبێ وچـــان مەی دەنۆشـــیو لات رەوایە. ئـــاخۆ لاتوایە

نەخۆشیو بەفتوای شـــەرعی پێغـــەمبەر، کە مەی بۆ دەرمان حـــەڵاڵە دەخـــۆیتەوە؟ یان پیرە دەستگیرەکەت ڕێگەی داوی بخۆیەوە؟

## قصیدەی چل‌و چوارەم

# «ئاوێنەی دڵ»

**١ شاهیدی جیلوەنوما قودسی‌یی فەیروزە لیباس**
**هەرچی ڕەنگی‌تە نیشان‌دەت تونیشانی خۆبناس**

**مانای وشە:**

**شاهید:** دڵبەر؛ **جیلوە:** خۆ ئاشکرا کردن؛ **قودسی:** پیرۆز؛ **فەیروزە:** پیرۆزە.

**پوختەی مانا:**

پێغەمبەری خوا (ص) فەرمویە: (هەر کەسێکی خۆی نەناسێ، خواش ناناسێ).
مەلا دەڵێ: تۆ مەگەڕێ‌و چاو مەگێرە، کە دڵبەرت دەلیباسی ڕەنگ پیرۆزەو عاسمانی یان بەهەر ڕەنگێکی دیکە، خۆت‌نیشاندا؛ دەبێتە مایەی ناسین‌و شارەزاییت. تۆ هەرخۆت یەك لەو ڕەنگانەی، کە یارت خۆی پێ دەنوێنێ. کەوابو تۆ خۆت بناسە، ئەوسا کەیارت ناسیوە.

**٢ حوسن بێ ئایینەیی عیشق تەجەللی نادت**
**عیشقی مەحمود دمەعنی نەمەکی حوسنی ئەیاس**

**مانای وشە:**

**ئایینە:** نەینك؛ **مەحمود:** پەسند؛ **مەحمود:** مەبەست مەحمودی غەزنەوی؛ **نەم:** تەڕایی، نم؛ **نەمەك:** خوێ؛ **ئەیاس:** هەیاسی خاس، دڵبەری مەحمود غەزنەوی.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر تۆ خۆت باش نەناسی‌و دڵت ئەوەندە پاك‌نەبێ لەئەوین، کە وەك ئاوێنە بنوێنێ‌و بوێار،

دەوێرا بڕوانی؛ هەرگیز چاوی دڵو گیانت، بەجوانی دڵبەر ناکەوێ. ئاوێنەی دڵی دڵدارە، کە دڵبەری تیا دیارە. دڵو دڵدارو دڵداریش، تنۆکێکن لەدەریای پڕلەشەپۆلی خۆ ئاشکراکردنی‌یار. ئەوینی پاکو پەسندی، سوڵتان مەحمودی غەزنەوی، شەیەکبو لە دەریای جوانی هەیاسی خاسی دڵبەری. (یان، چێژەی خۆشی دڵداریەکەی، ئەو دڵ بەهەیاس دانە بو کە خوێو تامێکی تێ گەڕێ.)

**٣ هەرچی رەنگی‌تە بقێتن خوە ببینی للهِ**
**نەظەرێ وەربدە کاسێ چخۆش ئایینەیە کاس**

**مانای وشە:**

**للهِ:** بۆخوا؛ **نەظەر:** روانین؛ **کاس:** پیاڵە، کاسە.

**پوختەی مانا:**

دەغیلە بۆخوات پێدەڵێم، کە دەتەوێ خۆت ببینی، داخۆ لەکام پلەدایو بەکام رەنگی. چاو لەولاو لەملا مەگێڕە، بروانە پیاڵەی پر لەمەی، ئەوینی پاکو بێخەوشت. بڕوانە خۆت، کە خۆشت وەکو ئاوێنە، وێنەی یارت تێدا دیارەو ئەوسا تێدەگەی چرەنگیو سەنگت لە بارەگای یاردا چەندە. ئەی‌نامە خوا پیاڵە چۆن ئاوێنەیەکی وێنەدەرە!!

**٤ توشەرابێ بغەرابێ بنەهەنگان دەدەمی**
**دێ کیفایەت بەچرەنگێ مەبکت کوزەوو طاس**

**مانای وشە:**

**غەراب:** جۆرێ کەشتی بارکێش؛ **غەراب:** مەشکە؛ **غەراب:** دۆڵچەی گەورە؛ **غەراب:** پیاڵەی زێوینی مەیخۆران، غەررابە؛ **قەررابە:** کوپەی گەورە؛ **کوزە:** گۆزە، جەررە؛ **تاس:** زەرک.

**پوختەی مانا:**

مەی‌گێر! تۆ ئێمە ناناسی. ئێمە لەدەریای ئەوین‌دا، بوینە نەهەنگ، بە زەرکو پیاڵەی چکۆڵە. سەرخۆش نابین. تینوایەتیشمان ناشکێنێ؛ ئەشێ بادە بۆ نەهەنگان بکرێتە ناو گەمیەی باری. ئەوسا بەنیازبی مەستببینو بەنیاز بگەین.

بوێژێکی فارس دەڵێ:

تینوایەتیم بەتاسو زەرک چاری ناکرێ  مەیگێڕ بەگۆزە بادە بڕێژە بەقورگما

## ٥ ڕەمزو رازێن نەیو نایێ کوسەماعینە هەمی
## ژمحالاتە بعەقلێ خوە بزانی ژقیاس

**مانای وشە:**

**ڕەمز:** ئیشارە؛ **سەماع:** بیستن؛ **محال:** ناومکین، نەشیاو؛ **قیاس:** بەراورد کردن.

قیاس لەزانستی مەنطقدا، مەبەستێکە چەندلای جیاجیای هەیە. ئەگەر یەکێکیان سەلمێنرا؛ خوانەخواهی ئەوی‌تریش دەسەلمێنرێ. بۆنمونە، ئەگەر گوتمان: جیهان گۆڕانی بەسەر دێت. هەرچی گۆرانی بەسەربێت، دیارە دروست کراوێکە. کەوابو ناچارین بێژین دنیا تازە پەیدابوەو هەر لە پێشورا وا نەبوە.

**پوختەی مانا:**

ئاوەز لەناسینی یاردا، بێچارەیەو بێکارەیە. ئەوی لەوبارە دەیبیسی، لەرێگەی گوێوە دێتە دڵ. بیستنی دەنگی بلوێرێ، چلۆنایی قامیشت بۆ دیاری ناکا. تۆ ناتوانی لەبیستنی بەڵگەی تاقانەیی یارت، یار وەك‌پێویستە، بناسیو بزانی بەراستی چۆنە. بەراورد کردن لێرەدا، لنگی شەلەو چاوی کوێرە. گەرەك واز لەبیستن بێنیو بۆخۆت ئەوەندە بکۆشی، تایار روبەرو دەبینی. هەردوك پیاڵەی بیستنو بەراوەرد کردن، دەس بۆمەبە. بە دەفری گەورەی وەك گەمیە، بادەی یارناسین پێداکە.

## ٦ وی‌دکەت مەغلەطە هەردەم لحەریفان بجەدەل
## بدوجامان قەدخۆن سیرەت ئەبیەض وەسواس

**مانای وشە:**

**مەغلەطە:** هەڵەکاری، بەهەڵە بردن؛ **حەریف:** هاوپیشەو هاودەم؛ **جەدەل:** دەم لەدەم نان، کێشەی بەدەم؛ **قەدخۆن:** دەخۆنەوە؛ **ئەبیەض:** سپی؛ **وەسواس:** دودڵی.

دەڵێن شەیتانێکی سپی، کاری دودڵیو گومانە کە بیخاتە ناو دڵی خاوەن باوەڕان.

**پوختەی مانا:**

ئەو کەسانەی گەرەکیانە کە بەمەنطیقو فەلسەفەو بەبیستنو بەراوردکردنی خۆیان، چۆنیەتی یارمان بۆدەرخەنو بەو دوپیاڵە گێژمان‌کەنو هۆشمان بەرن؛ وەك ئەو شەیتانە سپیەوان، کە توشی هەڵەی گومانو تەڵەی دودڵیمان دەکەن. بونی خودا، دەلیلو بەڵگەی پێناوێو ئەوانەی لەوبارە دەدوێن، دەنگی بلوێریان بیستوەو بلوێرو بلوێرژەنیشیان هەر نەدیوەو ناشی بینن. لنگیان‌دارەو ناتوانن ئەم ڕێگە سەختو دژوارە لەپێش بەرن.

**٧ دەستگیری تەنەبت خضری عینایەت لقیدەم**
**ناگەهی ئابی حەیاتێ بدو عەسکەر ئەلیاس**

**مانای وشە:**

**خدرو ئەلیاس:** دو پیاوی خوان تا ئاخرەزەمان دەمێنن. خدر بەسەر بەژ رادەگاو ئەلیاس چاودێری دەریایە. دەڵێن خدر ئاوی ژیانی خواردۆتەوەو بە سەرچاوەکەی دەزانێت؛ **عەسکەر:** کۆمای خەڵك؛ **ئەلیاس:** هەی ناهومێدی؛ **عینایەت:** مشور خۆری، ئاگاداری.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر هەر لەرۆژەکەی بناوان، خدری لاواندنەوەی خودا، دەستت نەگرێو ریگەی سەرچاوەی ژیانی هەرمانت پێنیشان نەدات؛ تۆ لەسۆنگەی دەمدەمانێو قسە بەزۆرانی دانی کۆمای بەراوردکەرانو بیسەرانی قسەو باسان؛ هەرتاسانو ناهومێدیت بۆ دەمێنێ.

**٨ توبنێ ماهی نەوو دەستی قەضایێ هەیهەی**
**نەلزەرعی فەلەکێ بەلکە لعومری مەبداس**

**مانای وشە:**

**بنێ:** بنۆرە؛ **قەضا:** فەرمانی پێكهاتوی خودا؛ **هەیهەی:** بێوچانو پسانەوە؛ **زەرع:** چێندراو.

**پوختەی مانا:**

تۆ لەمانگی نوێ بڕوانە، کە لەدەست قەضاو قەدەردا، بۆتە داسێك جگەلە چێنگەی عاسمانێ تەمەنی مەش درەو دەکا.

«حافظ» دەڵێ:

لە داسۆکەی مانگی یەکشەوەم دەروانی لە چێنگەی شینی عاسمانێ
پوش‌و پاری تەمەنی خۆم هاتە بیرو زانیم کاتی درویەنەی هات

**٩ تورکی خونریزو خوماری مە بیەك غەمزە یەکی**
**زوهدی چلساله لمن زیرو زەبەر کر ژئەساس**

**مانای وشە:**

**تورك:** لە زاراوەی شاعیرانداە بێ بەزەیە؛ **غەمزە:** عاشیرەت وەچەم؛ **زوهد:** تەرکەدنیایی؛ **زیرو زەبەر:** ژێر بەرەژور؛ **ئەساس:** هیم.

**پوختەی مانا:**

چل‌ساڵان هەر چلەم کێشـــاو خـــۆم لەدنیا دورخســـتەوە. بەتیلەی بێبەزەییانەی چـــاوی یارە چاومەستەکەم، هەر لەبناغەوە هەڵتەکاو ژێرو ژور بو.

مەبەستی مەلا ئەمەیە: رێرەو نابێ هەرلای وابێ یار هەمیشە لەباری بەزەیی دایە. ئـەو یارەی ئـەو ـ کە خـودایە ـ دەگەڵ دلۆوانی‌و بەزەش، تورەیی‌و قـــەهری لەلایە. لەوانەیە هەمو ژیانت لەتاعەتا بەخت کەی‌و بەرتورەیی خـودا کەوی‌و بەدبەخـت بی. هەر ئـەو خـــوایەی کە بۆ «لوت» بەزەو خـۆشی‌یە؛ بۆ گەلە نافـەرمانەکەی، توشـــی‌و نەگبەتی دەنێرێ. وەك لەقـــورعانی پیرۆزدا، سەبارەت بە سزادانی هاوشاریانی لوت فەرمویە:

«هەر کەفەرمانی ئێمەهات، سەرومان خستە ژێرەوە (ژێرو ژوربون) ئەوساش بەگزمو لەقورێ وشکەوەبوی تێك‌تەپاوی رێزکراوی نیشانەدار، بەگەل بەردبارانمان کردن.»

**١٠ ژلەبی لەعلی شەکەربار قە نەکر پرسا «مەلێ»**
**میصری‌یان گەزمە رەشاندن کوکشاندن ئەلماس**

**مانای وشە:**

قە: هەرگیز، قەت؛ مە: ئێمە؛ لێ: بەڵام؛ مەلێ: مەلا؛ میصری: شیری میصری کە جـەوهەردارو نایابن؛ کشاندن: کێشانی.

**پوختەی مانا:**

هەرکارێك یار کەیفی لێبێ، چۆن چۆنی‌و بۆچی‌و لەبەرچی، مافی کەس‌نیە بپرسێ. ئـەوین پرس بەکەس ناکاو هەر بۆ خـۆی هەمەکارەیە. دەبڕوانە هەرگیز بەو دولێوە ئـاڵە شـەکر بارەی هێشـتا حاڵی نەپرسیوین. بەڵام کەوانەی دوبرۆی کە لەشـیری میصـــری دەکەن‌و لەتیخـــی ئـــەڵماس تیژترن، جەرگیان بریم. تیرەبارانی دڵمیان کرد.

## قصیدەی چلو پێنجەم

# «زوننار بەس»

١ دلیەکە دێعیشق یەکبت عاشقان یەکیار بەس
قیبلەدێ یەکبت قولوبان دلبەرەك دلدار بەس

**پوختەی مانا:**

خوا زۆر لە ئەندامی ئێمەی، وەك دەستو پاو چاوو گوێو لێو، جوت دروست کرد. بەڵام دڵمان هەریەکێکە. بەوەدا دەبێ تێبگەین، بیرو هۆش‌و ئەوین‌و خوداناسین مان، کە بە دڵمان سپێراوە؛ پێویستە لەسەر تاقانێك ساغ بێتەوە. دڵیەکە ئەوینیش یەکبێ، دڵبەر یەکبێ، روگە یەکبێو هەر دڵەی دڵبەرێکی بێو بڵاو نەبێ. جابزانین من‌بەرانبەر بەو ئامۆژگاریە، چۆنم کرد؟

٢ من دبەندا زولفەکی دل دابدەستی پیری عیشق
لەو دعیشقیدا کوبەست ئیحرام یەك زوننار بەس

**پوختەی مانا:**

لەتاکە بەندیخانێکدا ـ کە پرچی پرپێچی یارە ـ دڵم گیرا. خۆم‌بە ئەوینێکی پاك‌و بێوێنەو تاقانە، ئەسپارد. دڵبەرم فەرمانی دامێ، بۆ زیارەتی روی ـ کە تەنیا روگەی پیرۆزم هەر ئەوە ـ ئامادەی ئیحرام بەستن بم. ئەگەر ئیحرامی حاجیان فۆتەیەو لەدو پارچەیە؛ فەرموی: تۆ لەتای بسکی من، زوننارێك ببەستی، بەستە.

٣ طەرح‌و طەرزی بونە زوننارو چەلیپا یەکبیەك
لەومە زوننارو چەلیپا یەکتنێ یەکجار بەس

**مانای وشە:**

**طەرح:** بیچم؛ **طەرز:** دیمەنی ڕێك؛ **طەرز:** جۆر؛ **چەلیپا:** خاچ.

**پوختەی مانا:**

کەزی یارم، جار لە کەمبەری دەهاڵێنو دەبنە زوننار. جارجارەش بەسەر یەکدا دێنو لە وێنەی خاچێك دەنوێنن. ئێمەی گیرۆدەی ئەوینی ئەو تاقانە، کە دەبینین زوننارو خاچی زولفانی، هەر یەکێکن؛ هەرکامێکیان بپەرستین، دەزانین یەکتا پەرستینو بەیەکجارە هەر بۆ یەکێك ئەویندارین.

٤ **هن ژنك دێرێ قەتێن قەستا کەنشتێ هن دکن**
**نەی ژوانم نەیژوانم من دەری خەممار بەس**

**مانای وشە:**

**هن:** هێندێك؛ **ژنك:** لەکن؛ **کەنشت:** نوێژگەی جولەکان؛ **خەممار:** بادەفرۆش.

**پوختەی مانا:**

من لام وایە، یار لە هەمو جێیەك هەیە. خوا فەرمویە: «رو دەکوێ کەن، خوا لەوێیە.) ئەوانەی ڕەبەنی دێرنو هاتوچۆی کلیسا دەکەن؛ ئەوانەش کە دەڵێن جوینو سەرلە کەنشتەکان دەدەن؛ دەگەڵ ئەوانەی لەدەرکی مەیخانەدا بونە سیپاڵ؛ گشتلەگشت رویان دەیارەو یار لەهەمو شوێنان دیارە. جا ئێمە بۆ یار پەرستن، لە بەر دەرگای بادە فرۆش، لا ناکەوینو بەسمانە.

٥ **گەرچی تێن ڕەقصو سەمایێ هەر سەحەر صەد نەیشەکەر**
**من دبەزما سوڕ شیرینان ئەو شرین ڕەفتار بەس**

**پوختەی مانا:**

هەرچەندە هەمو بەرەبەیانان، صەتان جوانی بەژن زراوی شەکراوی، وەك قامیشی شلکی شەکر، لە کوڕێ سەما دەلەرنو دڵو چاوان بەزوڕ بەرەو خوێیان دەبەن؛ بەڵام من لەناو ئاهەنگی ڕەزاشیرینو روحسوکان، تەنیا دڵم گیرۆدەی ئەو شوخە بە لەنجەو لارەو شیرین ڕەوتو ڕەفتارەیە.

٦ **وەهچوالا گەوهەرن هاتن لیباسێ جیسمو جان**
**من ژوان حوری سرشتان ئەوپەری روخسار بەس**

**مانای وشه:**

**وەھ** : ئای‌سەیر؛ **والا:** جێ‌بڵندو بەوەج؛ **جیسم:** لەش؛ **حوری:** کیژی بەهەشتی؛ **حور:** سپی چاورەش.

**پوختەی مانا:**

من زۆر گیانی جێ‌بڵندو رەگەزپاکم دێنە بەرچاو، کە هاتونەتە ناو بەرگی خوێن‌و رەگی لەشی ژیانی دنیایی. کە هەموویان لە جوانیدا، سەرسوڕێنن‌و پەك‌پەك‌و بەھ بەهیان دەوێ. من لەناو ئەو گەلە حوری‌و ئەو پەری‌و فرشتانەدا، ئەم یارەم هەڵبژاردوەو دڵی‌خۆم پێ‌سپاردوەو، جیا لەو کەسم ناگەرەکە.

**٧ حەوجە سیحری سامیری نینن کو زولفا رەش بکت**
**چەشم بەندا دلروبایان کاکولا عەییار بەس**

**مانای وشە:**

**حەوجە:** نیاز؛ **سامیری:** خەڵکی سامرە؛ **سامرە:** پاتەختی وڵاتی جوان‌و لەشوێن شاری «نابلس»ی ئێستادابوە. وەختێ موسا لەکاتی گوم‌بونی خۆیو پەیڕەوانی لە بیابانی سینادا، بەرەو چیای تور بەرێ‌بو کە لەگەڵ خوادا بدوێ؛ موساناوێك کە خەڵکی ئەو سامرەیە بو، لە زێڕی زەنبەری ژنان، کوتەڵە گوێلکەی سازکردو جادوی لێکرد. لەدواوە فوی‌پێدادەکرد، بوی دەبوڕاند. گوتی: ئەمە بپەرستن. واز لەموساو خواکەی بێنن. زۆر جولەکەی لەموسا هەڵگەڕاندەوە. جا لە زاراوەی شاعیران، سامیری بە جادوگەری هەرە زانا ناسراوە.

**چەشم بەند:** چاوەبەست؛ **عەییار:** ئەسپی ئارام نەگرو سەرهەڵگر؛ **عەییار:** نازناوی ئەو ئازایانە بو کە وەك سوارانی ئەوروپای چەرخەکانی ناوەراست بون؛ **عەییار:** فێڵبازو چاوبەستو پیاو خەڵەتێن.

**پوختەی مانا:**

کەزیە رەشەکانی یارم، ئەگەر وازی بچێتە سەر جادو کردن. هەزار سامری بەپولێك. ئەو کاکوڵە عەیارانەی، بو چاوبەستی ئەو جوانانەش ـ کە دڵ لەعالەم دەفڕێنن ـ کیفایەتە.

**٨ بولبولان صەدگول دچاڤن چاڤ لصەد گول دی دکن**
**من دباغی گولعوذاران یەك‌گولی گولزار بەس**

**پوختەی مانا:**

من کەیفم بە بولبول نایەو لامۆایە هیچ لە دڵداری نەزانیوە. لە کاتێکا کە دەڕوانێتە صەد گوڵان، چاو لەصەتی دیش دەگێرێ. من لەم باغی جیهانەدا ـ کە لاجانگ وەك گوڵی زۆرن ـ تاقە گوڵێکم هەڵبژارد. تەرو تازەو گوڵ بەدەمەو گوڵی لەزاری دەبارن.

٩ من دباغی گولفرۆشان دی عەجەب رەسمەك غەریب
خارطەبعان گول‌ددەستن گولپەرستان خاربەس

**پوختەی مانا:**
دەباغی گوڵفرۆشاندا، ئەوی من‌دیم کەس نەیبینێ. بەراستی سەمەرەو سەیرە. ئەوکەسانەی وەك درك وان، دەسکەگوڵیان بەدەستەوە. ئەوانەش کە گوڵپەرستن، هەر درکیان بەنصیب دەبێ.

١٠ ئەو جەفا دەرچو ژحەد ظوڵماتە برحەتتا بچەند؟
رەحمەکی جارەك نەکی هەی‌ظالم ئەڤ ئازار بەس

**ماناکەی:**
تاکەی وا ئازارم دەدەی، ئەی نازدارە زۆرداره کەم؟ دەسا جارێك بەزەییت بە منی هەژارا بابێتەوەو ئەو ئازاردان‌و سزایە ببرێتەوە.

١١ غەرقی دەریایی گوناهین تەشنەیی لوطفا حەقین
رەحمەتێ ئامورزگارو شەفقەیی غەففار بەس

**مانای وشە:**
**تەشنە:** تینو؛ **لوطف:** نەرمی؛ **حەق:** خودا؛ **رەحمەت:** بەزەیی؛ **ئامورزگار:** گوناح بەخش؛ **شەفقە:** رحمو دڵنەرمی؛ **غەففار:** زۆر بەخشندەی گوناه

**پوختەی مانا:**
لەدەریای گوناح خنکاوم، تینوی لاواندنەوەی خودام. بەزەو روحمی خوای بەخشندە بۆمن بەسە.

١٢ ئەهلی دنیایی سەراسەر دژمنێن من‌بن «مەلا»
پشتە مێری من عەلی‌بێ، حەیدری کەرار بەس

**پوختەی مانا:**
ئەگەر خەڵکی هەمو دنیا، دوژمنم بن؛ گوێ نادەمێ. ئیمام عەلی حەیدەری کەرارە پشتیوانمە، بۆمن بەسەو چاوم لەهیچ‌کەس ناترسێ.

## قصیدەی چل‌و شەشەم

# «گولا کەش»

**١ ئیرۆ مەلا سەراپا لەوتێك بومە ئاتەش**
**من‌دی سەحەر خەرامان نەی‌شەکەرا شرین مەش**

**مانای وشە:**

**سەراپا:** لەسەر تاپێ؛ **ئاتەش:** ئاگر؛ **خەرامان:** بەلەنجەولار؛ **مەش:** رەوت.

**پوختەی مانا:**

ئەمرۆ مەلا گرم‌گرت. سەرتاپام بوبە ئاگر. دەزانی بو؟ بەیانی بەژنی زراوی یارم کە بەلەنجەولار، دەهات‌و هەر شیرنایی لێ‌دەرباری هاتە بەرچاو.

**٢ یارەب چطورفە میوە ئەڤ رەنگە مەی دبەخشت**
**شیعرا مەتێ پەرێشان، نەظما مەتێ مشەووەش**

**مانای وشە:**

**یارەب:** ئەی خودا؛ **طورفە:** جوان‌و نایاب؛ **رەنگ:** جۆر؛ **نەظم:** هۆنراو؛ **مشەووەش:** تێکەڵ پێکەڵ.

**پوختەی مانا:**

ئەی خودایە چۆن میوەیەکت دروس کرد! ئەوەندە جوان‌و بەتام‌و بەبەرامە، کە ئەو بادەی لێ سازبوەو من نۆشیومەو ئەوەندەی لەهۆش دەربردوم‌و مەستی کردوم؛ کە شیعرم تێکەڵ پێکەڵەو هۆنراوەم پەرژو بڵاون.

٣ دل‌گەشتە مەژ دێری، ناچم کەنیشتەیی قەط
میحرابی وی بمن‌ڕا وەردا بچینە «لالەش»

**مانای وشە:**

**دل‌گەشتە:** دل‌بێزراو؛ **دێر:** ماڵی ڕەبەنانی خاچپەرست؛ **کەنیشتە:** نوێژگەی جولەکان؛ **لالەش:** ڕوگەو شوێنی هەرەپیرۆزی یەزیدی‌یەکان.

**پوختەی مانا:**

دڵم لەدێران بێزراوەو ڕوش ناکەمە کەنیشتەی‌جو. من لەکوێ‌بم، دەزانم یارم لەوێ‌یەو پەرستنی لەهەمو شوێنان ڕەوایە. من ڕوم دەمیحرابی بڕۆی ئەوە. ئەگەر بچێتە لالەشیش، من سوژدە لە لالەش دەبەم. جا ئەگەر میحرابی بڕۆی لە لالەشە، وەرە تابچینە لالەش.

٤ مەحبوب وەك ستێرە گۆڤەندو عیشقبازی
تێکل بچین سەمایێ هشیارو مەستو سەرخۆش

**مانای وشە:**

**مەحبوب:** خۆشەویست؛ **گۆڤەند:** زەماوەندو بەزمو ئاهەنگ؛ **تێکل:** تێکەڵاو؛ **سەما:** عاسمان؛ **سەما:** هەڵپەرکێ.

**پوختەی مانا:**

سەیرانە، بەزمە، ئاهەنگە، هەرکیژێك لەو گۆڤەندەدا، جوانە، دڵرفێنە، شەنگە. کۆڕی داوەت وەك عاسمان دێتە بەرچاوم، کە پڕلە ئەستێرەی گەشە. وەختە؛ وەختی دڵداری‌یە. وەختی هەڵپەرکێو یاری‌یە. کەس نەوەستێ؛ ئەوی خۆی لەلا وشیارەو ئەوی مەستو سەرخۆشی چاوی یارانە، با تێکەڵ بینو دەس‌بگرینو لەو سەمایەدا بەشداربین.

«حافظ» دەڵێ:

چۆن هەواییکە لە بلوێر ژەنەوە؟ وەسەمای خستوە مەستو ئەغیار.

٥ حەیوان لکو دمینت ئەم مفتی‌یێ زەمانین
بیتن ژدەستی ساقی جاما زولالی بێ‌غەش

**مانای وشە:**

**حەیوان:** زیندەوری جگە لەئینسان؛ **حەیوان:** زیندویەتی؛ **لکو:** لەکوێ؛ **ئەم:** ئێمە؛ **مفتی:** فتوادەر؛ **زولال:** ڕونو ڕەوان.

**پوختەی مانا:**

ئەوی لەوکۆڕو بەزمەدا، بە وشیاری خۆی راگرێ، مرۆنیەو لە حـەیوانیش نزمترە. کێ دەڵێ مەی لەوەختی وادا حـــەرامە؟ وامن کە مفتی زەمانەم فتوا دەدەم بخـــۆنەوە. با بادەی رەوانی پاك و بێ خڵتەو تڵتە، لەدەستی ناسکی مەیگێڕ وەرگرن و لێ رانەوەپستن.

**٦ وەر گۆهدە چەنگو نایێ شیرین کوبێن سەمایێ**
**جامێ بنوشە قێڕان چسادەوو چزەرکەش**

**مانای وشە:**

**قێران:** پێرا، دەگەڵ؛ **زەرکەش:** زیرکفتکراو؛ **وەر:** وەرە.

**پوختەی مانا:**

کاورای وشکە صوفی! وەرە لەوکاتەدا کە ئـەو جـــوان و شـــیرینانە دێنە کۆڕێ، گوێ لەدەنگـــی چەنگو شمشاڵان راگرەو دەگەڵ جوانان، پیاڵە فـڕکەو گوێ مەدەرێ مەی ســاکارە یان رەنگینە، پیاڵە گڵین و سەنگینەیان بلورین و رەنگینە.

**٧ طالع کوتێتو فرصەت موهلەت لنك حەرامە**
**من عومری نوح نینە وەر ساقیو بلەزخوەش**

**مانای وشە:**

**طالع:** بەختو تالح؛ **فـرصەت:** هەل؛ **موهلەت:** ماوەدان، موڵەت، درەنگـــی؛ **نوح:** پێغـــەمبەرێك بو کە تەمەنی پاڵی وە هەزارساڵ دا؛ **لەز:** پەلە؛ **خۆش:** زو؛ **ساقیو:** هوی مەیگێڕ.

**پوحتەی مانا:**

هەرگا هەلێك لە تەمەنەتدا هەڵکەوت، کە بەختەکەت چاکی هێنا؛ گەرەکە گوردی خۆت بگری و دەرفەت لەدەستەخۆت نەدەی. ئێستا بۆمن ئـەم دەرفـەتە هەڵکـەوتوە، کە رێم دەم کۆڕە کەوتوە. نارەوایە خۆبگرمو لەدەستیدەم. خۆ تەمەنی نوحیم نیە، کە لام وابێ هەلی دیکەش هەڵدەکەون. هاکا مردم. دە مەیگێڕ! دەستم دامانت زوبە. وەرەو خۆش بروو بادەم بوتێکە.

**٨ نەی شەکەرا شیرین قەد مە ژدەست تەمەی دقێتن**
**داسینە پێ جەلادەین رەوشەن بکین دلی رەش**

**مانای وشه:**

**جەلادان:** مشتومالْ؛ **رەش:** تاریك.

**پوختەی مانا:**

هەرێ هەی مەیگێڕی بەژن‌و باڵا شیرین‌و جوان! بەو دەستە ناسکانەی خۆت، مەیمان دەیە؛ تا سینگی پرخەم‌و کوڵی، پێ لەدەردان مشت‌و مالْ کەین. تا ئەودڵەی کە لەداخی زەمانە، رەش هەڵگەڕاوەو روناکی تێدا نەماوە؛ تێشکدارو پرلە روناکی کەینەوە.

**٩ جامید چکن بحوسنێ کووان نەظەر لخوارە**
**خەرطەبعەتێن دئەبلەھ چنیرگزو چکەربەش؟**

**١٠ کورە خۆ ناسپێرت جارەك بدەست دەلیلان**
**ئەبلەھچکەت تەوافێ نابینتن بەری رەش؟**

**١١ بێزێ دکت ژقەنجان ژرەمزو نازو غەنجان**
**قەدرێ گولان چزانت کەربەش دڤێت کەرێ رەش**

**مانای وشەی ئەم سێبەیتە:**

**جامد:** وشك هەڵاتو، رەق‌و تەق؛ **نەظەر:** روانین؛ **خوار:** ژێرو؛ **خەر:** کەر؛ **طەبعەت:** میجاز، تەبیات؛ **ئەبلە:** دەبەنگ، ناتێگەیشتو؛ **کەربەش:** کەرکۆڵ، گیایەکە درکاوی کەر زۆری حەزلێ دەکا؛ **کور:** کوێر؛ **دەلیل:** شارەزا، چاوساغ؛ **بەری‌رەش:** بەردی رەشی حاجیان؛ **قەنج:** جوان‌و باش.

**پوختەی مانای ئەو سێبەیتە:**

وشکەصوفی مێشك وشکی نەگەیشتوی دەبەنگی تێنەگەیشتو، وا ئەزانن هەر لەروی جوانان بڕوانن، دنیاو قیامەتیان دەدورێ‌و نەوەك توشی نەزەر ببن، سەریان دەبەر خۆیان ناوەو لە نەویایەتی دەڕوانن‌و هەر دەیان‌بینی سەرشوڕن. ئەوانە خوا لێی گوڕیون. نازانن تماشای جوانی، روانین لە تیشکی خودایە. بێزیان لە نازو نیمنازو لەنجەولاری نازداران دێت. ئای کە شێتن!! لەلای ئەوان ـ کە لەمیزاجی کەران‌دان ـ نێرگزو کەرکۆڵ هەریەکەو بۆ لەوەڕەو بگرە کەرکۆڵیان لەنێرگز، پێخۆشترە. وشکەسوفی وەك کوێر وایەو دەشیەوێ لەماڵی کابە، بوخلێتەوە. بەڵام شارەزاو چاوساغی دەگەڵ نیەو پەیداش ناکا. نازانم لە راموسانی بەردی رەش ـ کە وەك خاڵی لەیلای منە ـ چۆن سڵنابێ. یان بێ چاوساغ، چۆن دەیبینێ؟

**١٢ فەیضامە شوبهی نیلە ئەم دەجلەوو فوراتین**
**گەر شیخ، وەر ئیمامە قێرایەمن کەشاکەش**

**مانای وشه:**

**فەیض:** بەهرە؛ **فەیض:** سەررێژکردن؛ **دەجلەو فورات:** دو چۆمی گەورەن؛ **شیخ:** پیری سەربەرماڵ؛ **ئیمام:** پێشڕەو؛ **قێڕا:** دەگەڵ، پێڕا؛ **کەشاکەش:** کێشەکێش.

**پوختەی مانا:**

ئەوسۆفیە سەرکزولکانەی روگرژانە، کە بونە شێخی بەرماڵو خۆیان بەپێشەنگ دەزانن؛ هەڕەش لەبڕە، ناکەنەوەو تڵپاتی تەڕێش نازانن. دێن دەگەڵ من کێشە دەکەن. وەك تنۆکە ئاوێکم دێنە بەرچاوان کە شان‌لەشانی دەریا دەن. ئێمە وەك نیلو فوراتو روباری دەجلەین لەزانستو، بەهرەمان لێ سەررێژ دەکا. نازانم بەو چۆرەچۆرە، چیان دەگەڵ ئێمە پێدەکرێ؟!

**١٣ شوخا کو ئەز دبەندێ دل گرتیە کەمەندێ**
**لەطیفە زوهرە سیما، ئەبرۆ هیلالو مەهوەش**

**١٤ برهێن ژقەوسی قودرەت نیشانەکر «نیشانی»**
**لامع ژبەر دەبارن چیەنگی یەك وە پەروەش**

**مانای وشە:**

**لەطیف:** نەرمو ناسك؛ **سیما:** دیمەنی روخسار؛ **مەهوەش:** لەچەشنی مانگ؛ **قودرەت:** توانایی؛ **لامع:** تروسکەدار؛ **یەنگی:** جۆرێك تیر؛ **وەش:** وەشاندن، بڵاوکرنەوە.

**پوختەی مانا:**

ئەویارە شۆخو نازدارەی، کەمن کەوتومە کەمەندیو لەبەندی ئەودا گیرۆدەم؛ زوان‌خۆشە، نەرمو نیان‌و ناسکە، وەك ئەستێرەی زوهرە گەشە، بروی مانگی یەکشەوەیە، هەنیەی وەك مانگی چاردەیە. بروکانی کە توانایی خودای مەزن، رای‌کێشاون بە کەوانی «نیشانی»یان تیرەباران کرد. ئای لەو تیرانەی دەبارن، چەند تیژو بروسکەدارن‌و پەڕوەشێنن‌و ریشەی بریندار دەردێنن.

**١٥ ألله لمن حوباتە چشە ککەرو نەباتە**
**ژنو قەدێ جوان‌بم بیهن‌بکم گولا گەش**

**مانای وشە:**

**ألله:** نامەخوا؛ **حوب:** خۆشەویستی؛ **بیهن:** بۆن.

**پوختەی مانا:**

ئەی نامەخوا! ئەوینی تۆ بۆمن وەك شەكرو نەباتی تێكەڵ بەئاوی حەیاتە. تۆ گوڵێكی تازەو گەشیو زۆر بۆن‌خۆشی. هەرجارێك بۆنێكت‌بكەم، هەرچەند پیرم، سەرلەنوێ جحێڵ دەبمەوە بۆئەوین، تێهەڵدەچمەوە.

## قصیدەی چلو حەوتەم

# «شەهیدی ئەوین»

**١ شەبی قەدریٚ لمە رەوشەن کە تو روحی وەرە خوەش**
**مە ژنو خوٚش‌کە لسەر چەهقیٚ شەهیدیٚن خوە بمەش**

**مانای وشە:**

**شەبی‌قەدریٚ:** لَیْلَةُالقَدْر؛ **روح:** گیان؛ **روح:** فرشتەی وەحی‌بەر؛ **روح:** وەحی؛ **ژنو:** سەرلەنویٚ؛ **بمەش:** برۆٚ؛ **بمەش:** بەرۆیشتن.

دەربارەی شەوی قەدرەوە، سورەتیٚکی قورعان هەیە خوا فەرمویە: «لە شەوی قەدرا، قورعانمان نارده خواریٚ. چی ئەزانی کە لَیْلَةُالْقَدْر چی‌یە؟! شەوی قەدر، لە هەزار مانگان باشترە. لەو شەوەدا، فرشتەو فەرمانی خودا دەربارەی هەمو مەبەستان بەئیزنی خوا، دەهەٚنیرٚدریٚنە خواریٚ. ئەو شەوە دور لەئازارە تاسپیٚدە دەردەکەویٚ».

**پوختەی مانا:**

ئەی‌یار! توٚ گیانی، فرشتەی راسپیرٚاوی خواو گیان‌بەروەری. ئەمشەو وەك لَیْلَةُالْقَدْر ممبارەکە ئەی خوٚش هاتی‌و بەهاتنت، دیسانەوە گەشاینەوە. وەرە پات لەسەر چاوانی کوژراوانی چاوەکانی خوٚت دابنیٚو چەند هەنگاویٚك بەسەر ئەوچاوانەدا بروٚ باپلەو پایەی شەهیدمان بەنصیب‌بیٚ.

**٢ ما لمن‌کی نەظەرەك لوطف ژدل غەمزە نیهان**
**برەشینی جەگەری ریش ژقەوسی‌خوە بوەش.**

**مانای وشە:**

ما: بەلٚکو؛ **ما:** ئارەزومە؛ **لوطف:** بەزەیی‌و التفات؛ **نیهان:** یەنهیٚنی؛ **ریش:** بریندار؛ **وەش:**

وەشاندن، چاندن، پرژاندن.

**پوختەی مانا:**

دەی بەڵکو بێتە دڵتەوە، پەنامەکی نیوە ئاوریکم لێ وەدەی. لە کەوانی بروێانڕا، جەرگو هەناوی زامارم، بەرتیران دەیو سەرەتیری لێ بچێنیو بەئارەزوم بگەیێنی.

**٣ سەحەری جومله شەهیدێن تەبەڕم ئاڤیهتێ**
**ئی ژمارینە یەکایەك مەحەمی شەشصەدو شەش**

**مانای وشە:**

**جومله:** هەمو، تێکڕایی؛ **رم:** رمب؛ **ئاڤیهت:** هاویشت؛ **حەمی:** هەمو.

**پوختەی مانا:**

ئەوانەی کوژراوی توێو بەرەبەیان بەڕمبی بژانگ کوشتوتنو بونە شەهیدی ئەوینێ؛ لەسەر ژماردنی ئیمە بەتێکڕایی، هەمو دەبنە شەشصەدو شەش؟؟ رستی «بدل دعشقی فداء» کە واتا: لە ئەویندا ریدا وا سوتابون، کە بەئاواتی دڵی خوێ، خوێان بەقوربان کردوە. لەسەر ژمارەی ئەبجەدی دەبێتە شەشصەدو شەش. من وای بوچوم. لامواید نیازی وابوە کە هەریەك لەو کوژراوانە؛ بەدڵ فیدای ئەوینێ بون. وێشدەچێ من نەمزانیبیو نیازی مەلا، لەوباسی شەشصەدوشەشە، رازو نهێنیەکی تربێ.

**٤ لێ شەهیدێن تە بئەژمار بخەنجەر کوشتی**
**هێ نەچو خون ژبرینان صەدو هەفتادو دو لەش**

**مانای وشە:**

**خەنجەر:** تیخی بەرپشتێند، لێرەدا مەبەست لەخەنجەر برینی لوەکردنە؛ **هێ:** هێشتا.

**پوختەی مانا:**

بەڵام سەرەرای ئەوانی؛ بەڕمبی بژوڵ پێکراونو لەرای توەدا، گیانیان داوە. هێندێك کوژراوی تریش بون، کە بە خەنجەری سەرکوەنە،یان بە خەنجەری عەزرەتو ئاواتی تو، شەهید بونو هێشتان خوێنیان لەبرینان نەتکاوەتەوە. ژمارەیان بەلەش، صەدو حەفتاودون!!

لێرەشدا من، هەر هاوارم بو ئەبجەدەکە بردوە؛ کە مەلایان لەقەدیمدا، زوڕجاریان دەکار هێناوە. رستی «نوسلوك» بەپێی ئەبجەد، دەبێتە صەتو حەفتاودو. واتا: ئەوانەی ناشیبون، تازە

هاتبونه ناو ڕێزی ڕێرەوانی خوداناسین؛ لە تامەزرۆیی دیدارت، گیانیان دەرچو. لێرەش‌دا، بەهەڵە چوبم هیچ دورنیەو رەنگە نیازی شتێکی جیاواز بوبێت.

**٥ جەنگی هیندی دکرن فێرس‌و رمبازی عەرەب**
**توخ‌و عالا دفرەنگینە کەمانداری حەبەش**

**مانای وشە:**

**فێرس:** سوارچاك؛ **توخ:** جوقەی سەری فەرمانرەوا؛ **عالا:** ئاڵا؛ **دفرەنگینە:** هی فەرەنگن.
لە زاراوەی شاعیران‌دا، «هیندی» بۆ خاڵی رەش دەڵێن. «رمبازی عەرەب»، مژۆڵن. پرچیش بە «رەشی حەبەشی» دەشبهێنن.

**پوختەی مانا:**

بەژنی یارم، لەگەڕی زەماوەندێ‌دا، دلەریەوە. بروکانی وەك کەوانداری حەبەشی، ئامادەی تیر پێ‌هاویشتن بون. چاوەکانی وەك سوارچاکانی ئازا، بە رمبی‌مژۆڵانەوە هێرش دێنن. خاڵی رەشی سەرگونایان دابوە بەرێ‌و لەسەر ئەوەی کام رەشترن، ببوە شەڕیان. کاکوڵی هەڵگەڕاوەوەو بسکانی کە وەکو ئاڵای جەنگ دەشەکاوە؛ برەوبەری ئەو ئاوریشمە نایابە بون، کە لەوڵاتی فەرەنگان بەدیاری دێنن.

**٦ توبنێ رومو عەجەم کوشتنە زەنگی دکەمین**
**هانە هەرتێتە پەیاپەی ژطەرەف روم خوەش‌و خوەش (یان، رەوم)**

**مانای وشە:**

**بنێ:** بنورە؛ **زەنگی:** رەشی ئەفریقایی؛ **هانە:** کومەگ؛ **پەیاپەی:** یەك لەدو یەك بێ‌پسانەوە؛ **رەوم:** شلکەی گوێ، جێگەی گوارە.

**پوختەی مانا:**

لەناو کوردەواری خومان، بۆ شەڕی زور گەورە دەڵێن: وەك شەڕی رومو عەجەمە.
تو بڕوانە، لەو سەربادانەی یارەکەم، لەدیلانا. کەزیەکانی لەسەر رومەت. وێك دەکەون. دەڵێی شەڕی نێوان رومو عەجەمە رویداوەو لەشکریان گەیشتونە یەك‌و لە هەردولای گوارانەوە، کومەگ بۆ هەردولایان دێ‌و هیچ پسانەوەو سانەوە، بەرچاو نایە. خاڵی رەشیش کەدەڵێی بەچکە زەنگیەکی بەستەزمانە ـ لەترسان خوی پەنا داوەو لەبەر کەزیان داپوشراوەو ئەویش وەك ئیمەی ئەویندار، ئەگەر نەش‌کوژرایێ چاکە.

**٧ دامه شەهزادە بدەستێ خوە موبارەك قەدەحەك**
**نەغوبارەك ژخوماریيو نەتوندیو نەغەش**

**٨ دوقەدەح مەی بنیشانی ددرت رەنگ برەنگ**
**نێرگزا نازكو رەعناو گولا تازەیە گەش**

**مانای وشە:**

**موبارەك:** پیرۆز، بەودم؛ **قەدەح:** پیاڵە؛ **غوبار:** تۆز؛ **خومار:** سەرێشەی دوای مەستی؛ **توندی:** تیژی، تورەیی؛ **غەش:** خەوش؛ **رەعنا:** نەرمو شلو بزۆزو جوان.

**پوختەی مانا:**

یارەكەم ـ كە لەچاو جوانان، شازادەیە ـ بەدەستی ممبارەكی خۆی، پیاڵەیەكی دایە دەستم؛ كە بەدەستی پیرۆز ببو. زۆریش روی دەگەڵما خۆش‌بو. گەردی دەردی سەخۆشانی لێ دیار نەبو. نەرمو نیان، دەیدواندم. نەتورەیی نە فریودان‌بو. دوجار پیاڵەكەمی پڕكرد. بەڵام لەچی لەدوجۆر بادەی رەنگاورەنگ. لەبادەی چاوە مەستەكەی وەك نێرگزی تازە پشكوتو لەمەی روانینی كوڵمەكەی كە وەكو گوڵی گەش دەچو. لەوساوە من سەرخۆشێكم نەدەترسم لەخوماریو نەلام وایە، ئەو مەیەی دراوە بەمن، خەوشی تێداو چێژەی تاڵو تیژی دەدا.

**٩ غالباً ئەهلی زەمانی ما «مەلا» ئادەمییین؟**
**قەنەماین ژكەرێ مەی رەشو گایێ تەیی بەش**

**مانای وشە:**

**غالباً:** زور بەو پڕایی؛ **ما:** بۆچی، مەگەر؛ **قەنەماین:** نەماونەوە؛ **بەش:** حەیوانی توێڵ سپی.

**پوختەی مانا:**

زۆربەی خەڵكی ئەمزەمانە، مەگەر لات وایە ئینسانن؟ نەخێر لەبیچما وەك مرۆن؛ بەڵام لە عەقڵو كەماڵدا، لە كەرە رەشەكەی ئێمەو گاهەنیە سپیەكەی ئێوە بەجێ ماون.

**١٠ عارفێن ئەهلی بەصیرەت ژنەسەق مەردومی چەشم**
**سورمەپۆشن دبەیاضیو قەبایی خوەیی رەش**

**مانای وشە:**

**ئەهلی بەصیرەت:** ئەوانەی دڵیان روناكەو خوا دەبینن؛ **نەسەق:** هەروەك، لەچەشنی؛ **مەردومی**

**چەشم:** گلێنەی چاو؛ **سورمە:** کل؛ **بەیاض:** سپیەتی؛ **قەبا:** کەوا.

وا دیارە پیاوانی گەورەی تەریقەت، لە ڕۆژگارانی مەلادا، کراس سپیو کەوا ڕەش‌بون. بۆسوننەتیش، کلیان دەچاویان کێشاوە. مەلا پەسنیان دەداو دەڵێ:

ئەو خواناسە دڵ‌ڕونانە، کە بەدڵ خودا دەبینن؛ لە کراسی سپیو کەوای ڕەش‌و سورمە لەچاو کێشانیاندا، وەك گلێنەو بی‌بیلەی چاو، دێنە بەرچاو. ئەویش بەسورمە ڕێژراوەو کەوای ڕەشی دەبەردایەو لەناو سپیایی دا دەژی.

## قصیدەی چل‌وهەشتەم

# «رەقصی مەستانە»

**١ سەلوا سەهی قەد خەمملی لەو کەمملی مەستانە رەقص**
**وەر صوحبەتێ گەر قابیلی دێبێت ورەت شاهانە رەقص**

**مانای وشە:**

**سەلو:** سەرو؛ **سەهی:** راستو بێگرێ؛ **خەمملی:** رازایەوە؛ **کەمملی:** بێکەمایەسی بو؛ **صوحبەت:** هەواڵەتی؛ **قابیل:** شیاو؛ **رەت:** دەڕوات.

**پوختەی مانا:**

بەژنی وەك داری سەوڵی راست رازایەوە. ئیتر گۆوەندی مەستانە، زۆر تەواوە. ئەگەر خۆت بەشیاوی کۆڕی ئەو جێژن‌و بەزمە دەزانی، وەرە تێوێ. ئەو داوەتە شاهانەیەو شای رەقصانە.

**٢ مەستانە مەستان نوشە نوش قەرقەف دجامان هاتە جوش**
**مادێ بمینت کەس لهوش وەقتێ کوبێن دوڕدانە رەقص**

**مانای وشە:**

**نوش:** خوارنەوە؛ **نوشانوش:** بەگیانت خۆش‌بێ؛ **قەرقەف:** بادە؛ **دوڕدانە:** گەوهەری تاقانەی بێهاوتا.
**ما:** مەگەر.

**پوختەی مانا:**

گوێ بگرە مەستان مەستانە، هەر دەنگی نۆشانۆشیانە. بادە دەناو پیاڵان‌دا، هاتۆتە جۆش‌و دەهەژێ. لەکاتێکا کە مەیگێڕی وەك مرواری بێهاوتا، بادە بگێڕێ؛ مەگەر هیچ کەسی واهەیە،

هۆشی بەلاوە بمێنێ؟ ئەگەر مەستی بادەش نەبێ، بەو دیمەنە، سەرخۆش دەبێو بێهۆش دەبێ.

٣ صوحبەت بسازان هاتە ساز پێ مەووجی دەریای ناز
دادل ژنو بایێ مەجاز وی کەشتیی‌یێ سوککانە رەقص

**مانای وشە:**

**مەووجی:** شەپۆلی‌دا؛ **کەشتی:** گەمیە؛ **سوککان:** ئامرازی دارین یان ئاسنین، کە لە دوای کەشتی دەبەستن‌و شارەزایی رێگا بەوە؛ **مەجاز:** بەدەڵ؛ **موجاز:** درست.

**پوختەی مانا:**

کۆڕی بەزم، بە دەنگی سازان سازدرا، دەریای ناز، کەوتە شەپۆڵدان. ئەم کۆڕە، وەك گەمی وایە؛ بەناو دەریای نازدا دەروا. سوکانەکەش هەڵپەرکێیە. جا هەروەك گەمیە بای باشی دەبێ هەبێ بۆئاژۆتن؛ دڵداری لەباتی بایەو گەمیەکە بەرێوەدەبا.

٤ مەحبوب بیعەینی کەوکەبن رەقصا کوتێ دلبەر هەبن
صەدجان گرامی من هەبن باڤێمەرێ ئەرزانە رەقص

**مانای وشە:**

**بیعەینی:** هەرتەواو وەك؛ **تێ:** تێدا؛ **گرامی:** بەنرخ‌و خۆشەویست؛ **ئەرزان:** هەرزان، کەمنرخ.

**پوختەی مانا:**

ئەو جوانە خۆشەویستانە، هەر وەك ئەستێرەی بەرعاسمان هەرلەدور دەدرەوشێنەوە. ئەو گۆوەندەی جوانی وادڵبەری لێبێت؛ ئەگەر صەد گیانی شیرینم دەبەردابێو بیهاوێمە سەر رێگەی کۆزی هەڵپەرکێ؛ لامەوایە هیچم نەداوەو ئەو شاباشەم زۆر بە بێنرخ دەزانم.

٥ گرشمەوو رازا بەری عارف ڤەنابن لی دەری
حەتتا دنێڤا ئاگری ئەو خەف نەبت پەروانە رەقص (یان، خۆف نەبت)

**مانای وشە:**

**گرشمە:** ناز؛ **بەری:** سادەو ئاسایی؛ **ڤەنابن:** ناکرێنەوە؛ **دەری:** دەرگا؛ **خەف:** ون‌و وەشێراو؛ **خۆف:** ترس.

**پوختەی مانا:**

راستە ئەوینی مەجازی، دەرگایەکە بەرەو ئەوینی راستینەی خوداناسی. بەڵام ئەوینی مەجازیش، مەرجی هەیە. ئـەگەر تەنیا بەنازێكو بەرازو نیازێکـی سـەرچـڵ، لاتـوابێ وەهای گەیاندوی، کە دەرگای ئەوینی خودات لێ داناخـرێ؛ بە هەڵەچـوی. عارف دەبێ لە ئـــەوینی مەجـــازیدا، وەك پەپولە خۆی بخاتە ناو گرەوەو بسوتێو لەبەینبچێ. ئەوسا شیاوی ئەوینی خوای مەزن دەبێ.

٦ **پەروانەیی شەمعا گەشین زولفین وەنازك راوەشین**
**شەوکین ددلدا پێخۆشین مەژ پەنجەیی شێرانە رەقص**

**مانای وشە:**

**شەوك:** درك؛ **پێخۆشین:** پێشادین.

**پوختەی مانا:**

ئێمە بۆسوتان، ئـامادەین. وەك پەروانەین لە ئـەوینـدا. لە دەورەی رومەتی گەشـت. ئـــامادەین گرمان تێبەربێ. بۆ خۆش بونی ئەو ئاگرەی کە ئێمەی پێ دەسوتێنی؛ کەزیە هەودا ناسکـەکانت راوەشێنەو باوەشـێنی‌کە، گەشـــتر بێ. دڵمان هەرچـــەند پڕیە لە درکی ئـــازارت؛ بەڵام ئێمە پێی دڵشادین. لەو گووەندە کەتۆی تێدای، دەزانم منی پێدەمرمو خۆم لەبەرچـاوت ناگرم. دەزانم من وەك لەناو چەموڵەی شێردا، سەمابکەم وایە. بەڵام ئەگەر بش‌مرم، قوربانی تۆبم؛ ئەوە ئـەوپەڕی ئاواتمە.

٧ **عالاو تایێن قرمزین ئەصلان دبەردا بەرزین**
**نێرگز دباغان تەووزین نەی‌شەکەران نیشانە رەقص**

**مانای وشە:**

**عالا:** ئاڵا، مەبەست لێرە لفکەی سەرو دەسماڵیەتی؛ **تا:** هەودا؛ **ئەصلان:** شێر؛ **بەرزین:** شـاڵاویان هێنا؛ **تەووزین:** رازانەوە.

**پوختەی مانا:**

لفکەی شۆڕی شەدەو دەسماڵ، هەودای گوڵینگەی سورو ئاڵ، بونە نەخش لەو روخسارە. چاوی مەستی دڵدارکوژی، وەك شێری پەلامار دەرن. بۆلاسایی بەژنی جـوانت، نێرگز لەباغو چیمەنان، زۆرجوان خۆیان رازاندەوە. نەمامی قامیشی شەکریش، بەدەم باوە دێنو دەچـن. لاسـای لەرینی بەژنی‌تۆ دەکەنەوە، کە دەرەقصی.

**٨ وەقتی خویابن ئەرغەوان گولچیچەكو تەرحێن جەوان**
**قێرا نەبێ سەلوا رەوان عارف لفەرقێ جانەرەقص**

**مانای وشە:**

**خویا:** ئاشكرا؛ **گولچیچەك:** گوڵی پشكوتو؛ **تەرح:** لك؛ **جەوان:** تەروتازە؛ **قێرا:** دەگەڵ؛ **فەرق:** جودایی.

**پوختەی مانا:**

لە هەرەتی بەهاران‌دا؛ كە ئەرخەوان دێنە بەرچاو؛ گوڵ دەپشكون؛ لكی ناسك‌و شل‌وول، بەدەم باوە دێن‌و دەچن؛ ئەگەر ئەو بەژن‌و باڵایەی یاری نازدار ـ كە وەك سەوڵ راست‌و شەنگە ـ خۆی دەرنەخا؛ رێڕەوی رێگەی خواناسی، دەبێ سەمای گیان لەلەش جودابون، واتا: هەروەك پەلەقاژەو هەڵبەزینی مەلی تازە سەر لێهەڵقرتاو رەچاوكا.

**٩ ئیرۆ شەكەرخەندێ برین دەستێ سپی زەندێ برین**
**دیسا بگۆ قەندێ برین دەردی مەلێ دەرمانە رەقص**

**مانای وشە:**

**شەكەرخەند:** بزەشیرین؛ **برین:** بردینی؛ **زەند:** باسك.

**پوختەی مانا:**

ئەمرۆ یاری لێوبەبزەو خەندەشیرین، بەو دەست‌و باسكە ناسكانەو سپی‌و جوانەی دیسان بردینیە گۆوەندێ. دەردی ئێمە دەرمانەكەی هەر سەمایەو هیچی‌ترنا. (یان، بۆ دەردی دڵی مەلا رەقص‌و هەڵپەركێ، دەرمانە.)

## قصیدەی چل‌و نۆهەم

# «وەصلی گیان»

١ مە ژبل حوسن‌و جەمالێ چغەرەض
بێ جەمالی ژپیالێ چغەرەض؟

**مانای وشە:**

بل: جگە؛ غەرەض: مەبەست‌و نیاز.

**پوختەی مانا:**

ئێمە جگە لەتماشای جوانی‌و دیمەنی لەباری یاران، هیچ ئاواتی ترمان نیە. ئەگەر سەیری بەژن‌و باڵای رێك‌و جوانی مەیگێڕ نەبێ؛ کارمان بەپیاڵەی مەی چیە؟!

٢ گەرنە تەشبیهی دوبرهێن‌تە بتن
مە دعیدان بهلالێ چغەرەض؟!

**پوختەی مانا:**

ئـەگەر بۆیەنەبێ کە هیلال وەك بروکانی تۆ دەچـێ‌و جێژنەمان بەدیتنیەتی؛ هەرگز بۆیم نەدەڕوانی. جێژنی‌من هەر ئەوسایەیە، کە مانگی یەکشەو دەبینم‌و بروی تۆم بیردەخاتەوە.

شاعیرێك ناینناسم دەڵێ:

وەرە سەرسوانەوو گۆشێکی بڕۆتمان شان‌دە  کۆمەڵی رۆژوگران، چاوەنواری جێژنن

«مەولەوی» فەرمویە:

هەرمانگێ‌نەو بۆ حاڵم پەشێوەن  هیلالش شێوەی ئەبروی تۆش پێوەن

**٣ گەرنە قەصتا دلو جانی مە دکت**
**مەژوی شوخو شەپالی چغەرەض؟**

**مانای وشە:**

**شوخ:** شەنگ؛ **شەپال:** رەزاشیرنو خونچیلانە.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر بومان رون نەبوایە، کە ئەو شوخو نازەنینە، رەزاسوكو خوینشیرینە، لیبراوە کە گیانو دلمان برفینیو ژینمان بەتیری دلداری دوایی‌بینی؛ ئیمە بو شوینی دەکەوتین؟ ئیمە ئەگەر بەئەوینی بەکوشت بچین، ئەوپەری بەختەوەریانە.

**٤ گەرنە روحی‌مە دپەی دلبرتن**
**مەژوی قەنجو دەلالی چغەرەض؟**

**مانای وشە:**

**قەنج:** دلپەسند؛ **دەلال:** جوانی نازدارو رەزاشیرین؛ **پەی:** شوین؛ **برتن:** بروات.

**پوختەی مانا:**

گوتمان دلبەر، بەلام نابی هەر بەدلبردن رازی‌بیو گیانمان نەبا. ئەگەر لەدوای دلبردنی، گیانیشمان دەگەل خوی نەبا؛ هیچ ئاواتو ئارەزومان، لەو شوخو جوانو شیرینو نازەنینە بوپیك نەهات.

**٥ گەرنە بیسمی‌تە موعەممابن حروف**
**مە بشکلی خەطو خالی چغەرەض؟**

**مانای وشە:**

**بیسمی:** بەناوی، بەئیسمی؛ **موعەممە:** مەتەلی دژوار؛ **حروف:** پیتگەلی ئەلفو بیتکە؛ **حروف:** کەناران؛ **شکل:** تەرح، وینە.

**پوختەی مانا:**

لە قورعاندا، چەند پیتیك لەسەر سورەتان، دەبیندری. وەك: ا- ل - ر - ق - ك - ھ - ع - ص - ن - ط - ھ - ی - س... ئەوکەسانەی قورعانیان ماناکردوە، لەبارەی ئەوپیتانەوە،

گەلێك شتیان درکاندوە. دەڵێن ئـەوانە هەریەکێك نیشـانەی ناوێکـی خـودان. هێندێکیان رو دەپێغەمبەرەو هەرپێغەمبەر خـۆی زانیویە. واتا: بۆ ئێمەی کەم زانا، ئـەو پیتانە، وەك مەتەڵۆکەی دژوار وانو خواو پێغەمبەری‌خوا نەبێ، کەس بەتەواوی نازانێ. مەبەسـت چیوە؟ «بۆ ئـەوباسـە، بڕوانە تەفسیرەکانو لێرەدا بۆ درێژەدانی، مەودانیە ـ هـ .»

مەلا دەڵێ: من هەر بۆیە دەڕوانمە خـەتو خـاڵانو لە دیداری یار دەنوڕم؛ لە کەزی بەشکڵی لامو چاوی لەسەر بیچمی صادو میمی دەمو ئـەلفـی قـەدو خـاڵی نوختەو بڕوی وەك نون، ورد دەبمەوە. دەزانم هەریەك نیشانەی یەکێك لە ناوەکانی تۆن. دەمەوێ ئـەو مەتەڵۆکە هەڵبێنمو بەو ناوانە تۆ بدوێنم. ئەگینا من هیچ‌کارێکم بەو خەتو خاڵانە نیە.

«نالی» دەڵێ:

لەبت میمو قەدت ئەلفو زولف چیم  دەزانی بەو سیانە طالبی چیم

٦ نەکو شەرمەندە ژرویی تەبوا
ئافتابی بزەوالێ چغەرەض؟

**مانای وشە:**

شـەرمەندە: فەیت‌کار؛ تەبوا: تۆبوایە؛ ئـافتاب: خـۆر؛ زەوال: لاکەوتنی رۆژ بەرەو ئێوارە لەناوەراسـتی عاسمان.

**پوختەی مانا:**

خۆر ئەگەر لەروی تۆ ـ کە لەو جوانترو روناکترە ـ بەشـەرمدا نەکەوتایە؛ لەناوەراسـتی عاسـمانێ لای نەدەداو بەرەو ئێوارو ئاوابون، نەدەرۆیشت.

٧ قەستی وەحدەت دکرت روح بروح
وەرنە عاشق ژویصالێ چغەرەض؟

**مانای وشە:**

قەست: نیاز؛ وەحدەت: یەکیەتی؛ ویصال: پێك‌گەیشتن.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر ئێمەی دڵداری ژار، ئاواتە خوازی ئەو کاتەین کە دوری لەناو هەڵگیرێو بەدۆست بگەین؛ بەوتەمایە نین کە بەلەش بەیەك بگـەین. دەمانەوێ گیان لەگەڵ گیان‌دا، تێکـەڵبێو گیانی ئێمە دگەڵ گیانی یاردا، ببنە یەکو هەرگیز جودا نەبینەوە.

**٨ دشەبی قەدرێ تەجەللا توبکی**
**مەلپەی مومو شەمالێ چغەرەض؟**

**مانای وشە:**

**تەجەللا:** خۆئاشکرا کردن؛ **شەمال:** مۆمی داگیرساو.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر لە شەوی قەدردا (لَیلَةُالقَدْر)، تۆ تیشکی خۆت، بۆئێمە ئاشکرا بکەی؛ کارمان بەمۆمو چۆلەچرا، دەبێ چی‌بێ؟

**٩ نە جەمالاتە تەجەللی بکرت**
**مە ژخوبان بەجەمالێ چغەرەض؟**

**مانای وشە:**

**خوب:** جوان؛ **تەجەللی:** خۆ دەرخستن.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر ئێمە، تماشای جوان‌چاکان دەکەین؛ تیشکی جوانی بێ‌هاوتای تۆ، لەروی ئەواندا دەبینین. ئەگینا ئێمەو جوانی چی‌و تماشای روپاکان لەچی؟

**١٠ نە ژلەعلێن تە «مەلا» بەحثی بکت**
**مەژقێ بەحثو سوئالێ چغەرەض؟**

**پوختەی مانا:**

مەلا کە پرسیاران دەکاو باس‌و خواس دادەمەزرێنێ، هەر دەیەوێ سەروبنی قسەکانی بەباسی جوانی لێوی‌یار ـ کە بەرەنگی لاڵەو ئاڵە ـ دوایی بێنێ. ئەگینا هیچ بەپرس‌و باس کاری‌نیە.

## قصیدەی پەنجاهەم

# «عەنبەر بار»

**١ دیسا لبەدری کاتبی  کێشا ژنو ژەنگاری خەط**
**نورە رەشاندی واهیبی  دەر گەردشی پەرگاری خەط**

**مانای وشە:**

**کاتب:** نوسەر؛ **کێشا:** کێشای، رەسمی کرد؛ **ژەنگار:** سەوز؛ **ژەنگار:** تیشکی مانگو رۆژ؛ **ژەنگار:** ئاو، بادە؛ **ژەنگار:** توندو تیژو سوتێن؛ **واهب:** ناوی خوایە واتا بەخشندە؛ **دەر گەردشی:** لەگەڕانی؛ **پەرگار:** جەغزینگ.

**پوختەی مانا:**

ئەوا دیسان دەستی توانای خودای مەزن، خەتی سەوزی سەوزەی گەندەموی بەبریقەی بە پەرگاری قودرەتی خۆی، لە کەناری مانگی چاردەی هەنیەی یارم، جێکردەوە. گەندەموی چی هەموی رۆشناکیو نورە، لە دەوری مانگی هەنیەیو خۆریروی، دیاری دەدەنو ناکرێ هەر ناوی بنێن خەت.

**٢ حەرفێن ژقودرەت نقطە پور  مادار حەوضا لەعلو دور**
**ئەڤ رەنگ کیدیوە بەسورّ  قودرەت نمون زەنگاری خەط**

**مانای وشە:**

**حەرف:** پیت؛ **حەرف:** کەنار؛ **قودرەت:** توانایی؛ **پورّ:** زۆر؛ **مادار:** دەورە؛ **حەوض:** جێئاو؛ **دور** مرواری؛ **سورّ:** دڵکێشی؛ **نمون:** نوێن، نیشاندەر.

**پوختەی مانا:**

ئەو خەتە سـەوزەی کە وتمان سـەوزە گەندەموی لاجـانگو کەناری ژێر چـەناگەیەو دەوری لەمانگو روژ داوەو ئێژی بە پەرگار کێشراوە؛ پرکراون لەخاڵی رەش، کە لەو سپیایەتی ئـاسوی روشنی جەغزی دەوری رو، دەدرەوشێنو هێندێکی دیش لەو خـاڵانە، بو تاڵانی دڵی دڵدار، پەرێونە کەنارو دەوری دەمی تەنگی کە دەڵێی حەوزوکەی لاڵەو، (لەعل) پڕە لە دورێ ددانان. دەکێ شتی هێندە جوانو دڵرفێنی دیوە؟ کێ دەتوانێ رەخنە لەو خەت کێشە بگرێ، کە ئـەو خـەتە گەندە موە پڕلە خاڵانەو ئەو خاڵانەی دەوری لێوی یاری بە پەرگاری قودرەتی خوی بوکێشاوین.

**٣ ئەو چیچەکێن شەتری شبیهت ئەفعی صیفەت قەلبێ مەمیهت**
**سەلوا ژبالایی وەریهت ئەڤ پەردەیا گولناری خەط**

**مانای وشە:**

**شەتری:** گوڵینگە؛ **شبیهت:** وەکی، لەچەشنی؛ **ئەفعی:** مار؛ **میهت:** مژی؛ **سەلوا:** هەنگـوین؛ **سـەلوا:** خەم رەوێن؛ **سەلوا:** شێلاقە، مەلێکە. خـوا لە بیابانی سـینادا، گەزوو شـێلاقەی بو جـوەکانی هەواڵی حەزرەتی موسا، باراندوە. لە قورعاندا فەرمویەتی: (هەورمان نارده سەرسەرتان نسێو لێبکـا. هەروا گەزوو شێلاقەشمان بو ناردنە خوار)؛ **بالا:** بەژن؛ **بالا:** سەرو، ژورو؛ **ریهت:** رژت.

**پوختەی مانا:**

چاوم بەسەلمایە کەوت. سایەی سوری گوڵهەناری راراو خەتخـەتی دەبەردا. گوڵینگـەی سـەرو شەدەکەی هاتبونە خوار، کە بەدیمەن لەگوڵ دەچون. بەڵام بو پێوەدانی دڵ، ببونە ماری پێوەدەر. ئەو شیرینەی وەك هەنگـوینەو ئـەو خـەمروێنە بێوێنە ـ کە باڵای دەهاتو دەچـو ـ هەر دەتگوت بەزەیی خودا لەو باڵایە بوئێمەی لە موساییەکانی ئاوارەی دەشـتی سـینایە بو دیتنی بەژنی رێکـی تینوترو بێتینو هێزو تاوتر بوین. گەزوی دیداری یارمانی بو باراندینو بەسـێبەری ئـەو باڵایە، تینو تاوی گەرمایی دڵی تاراندین.

**٤ نەقشو نیگارین دلبەران دەرجێن ژرمزێن ئەسمەران (یان، دورجێن...)**
**هەرتێن ژدەست نەیشەکەران مەژ گولشەنی فەرخاری خەط**

**مانای وشە:**

**نیگار:** نوسین، بوت، دڵبەر، یار؛ **نیگار:** خەنەی دەسـتو پێی جـوانان؛ **نیگـار:** نەخش؛ **دەرج:** روشـتن؛ **دەرج:** توومار؛ **دەرج:** چونەناو؛ **دورج:** قوتوی جەواهیرات؛ **فەرخار:** مەڵبەندی جـوانچـاکان؛ **فـەرخـار:** بتخانەو دێر؛ **فەرخار:** رازاوەو جوان.

**پوختەی مانا:**

وادیارە مەلا، ئەو سێ شیعرە پێشەکیانەی، دەربارەی جوانی خەتی‌موی لەدەوری روخساری یارو باسی پیرۆزی دیداری؛ هەر بۆیەبو پێمان‌بڵێ: نامەیەکم ئەمرۆ بەدەستی کیژێکی بەژن زراو بەدەس گەیشت کە سەلما بۆخۆی نوسیبوی‌و تێی‌دا دڵی‌دابومەوەو فەرموبوی نامەی تریشت بۆ دەنوسم.

لە مەڵبەندی جوانانەوە، کە بۆمن وەك بوتخانەیە بۆبت‌پەرست، لەناو باغچە رازاوەکەی، نامەیەکم بۆ نوسرابو. کیژێکی باڵا نەمامی وەك قامیشی شەکر راستو شیرن‌و پڕلە لارو لەنجە، نامەی کە پێچرابووە ـ وەك تۆمار ـ دایە دەستم. تۆماری چی؟ قوتولکەی جەواهێرات‌بو. بەو دەستە سپی‌و ناسکانەی، نەخشاندبوی؛ کە لەپیرۆزی‌و قوژیدا، نەك هەر دڵدار، دڵبەرانیش دەیان پەرست. ئەو خەتەی لەوی درابو، گشتی دەت‌گوت چاوی رشی جوانەکانی گەنمرەنگە. لەپاڵ یەکتر ریزکراون‌و پرن لە رازی دڵداری. مژدێکی بۆمن تێدابو، کە نامەی منت هەر بۆدێن. دڵت خۆش‌بێ... ئەی من چیم کرد؟

**٥ مە دەس‌خەتا تەرحێن شەلال خال‌و خەطێن نورا زەلال**
**دانی دصندوقان لبال مالی مەصەد قینطاری خەط**

**مانای وشە:**

**تەرح:** لکی‌شلك‌و نەمام؛ **شەلال:** خەمرەوێن؛ **شەلال:** باریکی لوسی، کەم گەڵا؛ **دانی:** دانا؛ **لبال:** لەکن؛ **بال:** دڵ؛ **مالی:** ماڵیەوە؛ **قینطار:** وەزنێکە بەرانبەربە دوصەتو پەنجاو شەش کیلۆو چوارصەد گرام.

**پوختەی مانا:**

ئێمە هاتین ئەو دەس‌خەتە خەمرەوێنەی کە کرابو بە تۆماریك، وەك لکەدار، یان نەمامێك دەبیندرا کە لەگەڵا روت کرابێ‌و لەناوی‌دا، نوخطەو خەتی یاری‌تێدا، کە وەك لە روناکی‌و نوری خودا نەخشرابێ وابو؛ نامانە ناو صندوقخانەی دڵمانەوەو لە گۆشەی دڵدا، هەڵمان‌گرت‌و نەمان‌ویست لەلامان لاچێ. دوای هاتنی ئەو نامەیە، صەد قینطار کتێبی دەسخەت، کە بەردڵم کەوتبون‌و لە بەرم بون؛ بە کتێبەوەو بەزانستی ناو دڵمەوە، هەموم یەکجاری ماڵیەوەو جگە لەو خەتە پیرۆزە، هیچی نەماوگشتی لەبیرم چونەوە.

**٦ بەرگێن گولا رەیحانی‌یێ کاتب نموچەك دانی‌یێ**
**کەس دی‌بوێ شیرانی‌یێ دەر صەنعەتی جەبباری خەط**

**مانای وشه:**

**بەرگ:** پەلك؛ **رەیحانی:** وەكریحانە، جۆرە خەتێكە؛ **نموچەك:** نمونەیەكی پچوك؛ **شیرانی:** شیرنایەتی؛ **صەنعەت:** دەسكرد؛ **جەببار:** قەرەبودەر؛ **جەببار:** شكستەبەند؛ **جەببار:** بەرزێ كەدەست پێی راناگات؛ **جەببار:** دەسەڵاتداری سەربەخۆ. **جەببار:** ناوی ئاكارێكی خوایە.

**پوختەی مانا:**

ئەوقاقەزەی كە خەتی دەستی یاری لەسەر دیاربو، پەلكی گوڵبو بەشێوەخەتی ریحانیو بەرامەی گوڵو ریحانەی بڵاو دەكرد. جوانیو خۆشی خەتی دەستی ـ كە دەبوە شكستە بەندی دڵشكاوان ـ لەناو خەتان، هێند تەرزو پایەبەرزبو، دەستیهیچ بنیادەمێكی نەدەگەییە. بەڵام هونەری خۆی نەبو، نمونەی كاری خەتخۆشی ئەزەلیبو. خوا سیمای روخساری یاری بەجوانترین خەت، خەتداوە. ئەویش لەبەر ئاوێنەدا، روانیویەتە خەتی توانایی خوداییو توانیویەتی نمونەیێكی زۆر گچكەی لەسەر قاقەز، نیشانبدا. ئەو شیرنایەتیو جوانیەی، لەو نامەیە دەبیندرا، دیارە كاری خوای جەببارەو لەبەری نوسراوەتەوە.

**٧ ریحانو سونبول تێهەنە صەد چیچەكو گول تێهەنە**
**زەرباڤو بولبول تێهەنە ئەو بەغچەیا گولزاری خەط**

**٨ گول چیچەكو نەقشێن غەریب نەسرینو رەیحانێ عەجیب**
**لێ راستو چەپ بویین صەلیب جەدوەل كەشین زوننارى خەط**

**مانای وشە:**

**زەرباڤ:** زەردەزیرە، قەناری؛ **صەلیب:** خاچ؛ **جەدوەل:** جوگەئاو، چەمەك؛ **جەدوەل:** خەتدانی خانەخانە؛ **جەدوەل:** جەغزی بەجەغزینگ كێشراو.

**پوختەی مانا:**

هەر وەك ریحانەو سونبولی زولفەكانی خەتی ریحانیو بۆن خۆشی، گوڵی پشكوتوی سەرچڵی گەشو ئاڵی بەرەنگی كوڵمەو لێوانی، نامەكەیان وەك گوڵزاری روخساری رازاندوتەوە. تەنانەت لە خوێننەوەیدا، خورەی ئاوی چەم دەبیسم. دەنگی قەناریو بولبولان كە وەك ئێمە دڵیان لە پەڕیگوڵانە، دێتە بەرگوێی گیانو دڵان. خەتەكان هێندێ وەك زولفی، تێكپەڕیونو وێنەی خاچن. هێندێكیان وەك تاڵەكەزی كەمبەرگری لەوێنەی زوننار دەنوێنن. گشتی هانەی هەستم دەدەن، كە وەكو شێخی سەنعانی چەلیپاو خاچ بپەرستمو لەرێیار، زوننار ببەستم. دەیسا ئەگەر دەڵێم نامە. نامە خوا لەروی خەتیخوا هەڵگیراوە بێگومانم. باش دەزانم دەسكردی بەندە وانایە.

٩ ئیروٚ سەحەر طوغرا نیشان ئیعراب‌و حەرفێن زەرفشان
هاتن دگەل بایێ صەبان مەژ جانبی دلداری خەط (یان بایێ‌صیبان)

١٠ ئیروٚ بەراتا ئەحمەدی طوغرا نیشان زەرکەش مەدی
خەطی هومایون کێ وەدی شیرین‌و مەعناداری خەط

**مانای وشە:**

**طوغرا:** موٚری‌تایبەتی سوڵتانان؛ **ئیعراب:** بەیانی مەبەست؛ **ئیعراب:** بزاوی سەرپیتان؛ **حەرف:** کەنارو پیت؛ **زەرفشان:** زێڕ وەشێن؛ **صەبا:** ئارەزو، تاسە؛ **صەبا:** شنەی روٚژهەڵاتی؛ **صەبا:** دڵبەری؛ **صیبا:** منداڵی؛ **صەبَ:** عاشق‌و دڵدار؛ **بەرات:** خەڵات؛ **بەرات:** خەڵات نامەی پایەبەرزان؛ **بەرات:** نازناوی شەوی نیمەی شابان کە شەوێکی زوٚر پیروٚزەو خوا روٚزی تێدا بەش دەکا؛ **خەتی هومایون:** دەسخەتی سوڵتان.

**پوختەی مانا:**

ئەمرٚو لە بەرەبەیاندا، دەگەڵ هەنگوتنی سروە، بەدەستی کیژێکی جوانی تەرٚوتازە، نامەیەك کە هەمو عومرم بوٚی بەتاسەو ئارەزو بوم؛ گەییە دەستم. نامەی خەڵات‌و بەرات‌بو، لە شەوی جێژنی بەراتا، لە لایەن پێغەمبەرەوە (ص) بوٚ هاوناوی ـ کە ئەحمەدە ـ ناردرابو. موٚری سوڵتانی جوانانی لێدرابو. بە زێرکفت نەخشێنرابو، هەموبزاو و مەبەست‌و پیتەکانی خوێنەریان زێرەوشان دەکرد کێبێ خەتی تایبەتی هیچ سوڵتانێکی دنیایی، واشیرین‌و پرٚ لەماناو جوان‌و رەوانی دیتبێ؟ خەنی لەخوٚم خەڵات کرام.

١١ الله دبەر (قالوا بلیٰ) دایە غمەکت قەلبیٚ «مەلیٚ»
ئاڤیهتە چەرخی جەدوەلیٚ ئەڤ رەنگە عەنبەرباری خەط

**مانای وشە:**

**دبەر:** لەپێش (قالوا بَلیٰ) گوتیان ئاریٚ؛ (خوا کە گیانی دروست کردن، بەرلە چونەلەش لێپرسین: ئایا من خودای ئێوە نیم؟ ئەو گیانانەی پاك خوڵقابون، گوتیان ئاریٚ توٚ خوای ئێمەی. ئەوانەش کە پیس گورابون‌و دەبو بەکافری بمرن، گوتیان نا توٚخوای ئێمەنیت)؛ **چەرخ:** سورٚان، خول.

**پوختەی مانا:**

گیروٚدەییم بەداوی بسکی سەلمایە، کاری خوایەو لەدەستەڵاتمدا نیە. بەرلەو روٚژەی کە خوا گیانان دروس‌بکا؛ بریاری‌دا، من لەناو جەغزی دڵداری ئەو کیژەدا، سەرگەردان‌و گێژو ورٚ، بسورٚێمەوەو بەدەوری خوٚمدا خول‌بخوٚم. بەڵیٚ کەزی بوٚن‌عەنبەری دڵبەریشم، خەتێکی دەستی

خودایه؛ که فەرمانی گرتنی منی تێدایە.

«نالی» دەڵێ:

بێ فایدەیە مەنعی من ئێستا کە لەگریان  بۆ عاشقی بێچارە زو ئەو ئاوە رژاوە

## قصیدەی پەنجاو یەکەم

# «شەپۆلی خوێن»

۱ خون کوژدل بمەوج بێت ئەشکی ڕەوان مەتێنە خەط
نیل ژدیدەیان دزێت کەفتمە ناڤێ شوبهی بەط

**مانای وشە:**

**ئەشك:** ئەسرین؛ **ڕەوان:** گیان؛ **ڕەوان:** جاری؛ **نیل:** خم؛ **نیل:** روباری میصر؛ **بەط:** مراوی.

**پوختەی مانا:**

دەریای دڵم کە دەکەوێتە فەرتەنەو شەپۆل دەدا، فرمێسکی رون لەسەر چاوەی چاوی گیانمەوە سەردەکاو ڕێز دەبەستێو پاڵە پەستۆی یەکتر دەداو لە چاوانمەوە هەڵدەرژێو روباری نیل، دروست دەبێو من لەو ناوە، وەك مراوی بەسەر ئاوەوە خولدەخۆم.

۲ کاتبی نەقشی قودرەتێ زێڕ ڕەشاندی سەر خەتێ
ئەرزەنو دیمو جەبهەتێ پێ نەقشاندو کرنوقەط

۳ جەبهەتو دیمێ نەققشاند میسكو زەبا دلی ڤەشاند
نورێ ژظولمەتی ڕەشاند تازە کشاندی خەطبخەط

**مانای وشە:**

**ڕەشاند:** پرژاند؛ **خەط:** سنور؛ **سەرخەط:** سەرسنور؛ **ئەرزەن:** چەناگە، ئەرزینگ؛ **جەبهەت:** توێڵ؛ **تازە:** زۆرجوانو پەسند.

**پوختەی مانای ئەو دوبەیتە:**

وێنەکێش‌و نوسەری قودرەتی خـودا، بۆنمونەی دەسکـردی جـوانی هەرە جـوان؛ یارەکەی منی دروس کرد. هەروەك روپەرەکانی قورعان، بەزێرکفت دەنەخشێنرێن؛ ئـەویش دەوری روخسـاری یاری دڵبەرمی، بەزەردایی لەسەر سپی، رازاندەوە. لەناو تاریکایی خەستی کەزی‌و پۆڕی، تیشکی روناکی لاجانگی، پەرێشان کرد. تیشکی تاوێ لەسـیلەی پڕایی کەزی بەپرژاوی، هاتە بەرچـاو. چەناگەو هەنیەو کوڵمەکەی، لە گزمولەی زۆر بچوکی میسك‌و زەباد، شوێنی سنوری بۆدانان‌و لەو ناوەدا، خەت‌و خاڵی بە جوانترین وێنە رشتو، هەزاران دڵداری پێکوشت.

**٤ حورو فرشتە کێوەدین نازك‌و خوب‌و سوڕ شیرین**
**دیمێ نمونە بەربکین صورەتی چین نوما غەلەط**

**مانای وشە:**

**خوب:** جوان‌چاك؛ **سوڕ:** دڵکێشی؛ **بەربکین:** لەبەری دروس‌کەین؛ **غەلەط:** هەڵە.

**پوختەی مانا:**

ئەوانەی حورو فرشتەیان دیوە، بابێن بڵێن: کەی جوانی وەك سەلما هەبوە؟ کێ ئەوەندە ناسـك‌و جوان‌و خوێن‌شیرین‌و دڵگیر دەبێ؟ ئـەگەر لەبەر روی سـەلماوە وێنەیەك هەڵگـرینەوە؛ وێنەکانی «مانی» نەققـاش، ـ کە پێغـەمبەری چینێبو، موجـزاتی وێنەگری بێ هاوتابو ـ لەبەرانبەر وێنەی ئەودا، پریە لە خەڵەت‌و پەڵەت.

**٥ شیعری «مەلێ» کو وەك ژوان دایەتە جانی مەروڤان**
**پورمە لبەرگێ ئەرغەوان دینە غەزەل لنك شەطەط**

**مانای وشە:**

**رەوان:** گیان؛ **جان:** **گیان؛ مەروڤ:** مرۆ، پیاو؛ **شەطەط:** دور لەراستی.

**پوختەی مانا:**

شـیعری مەلا، وەك گیان وانە؛ زۆری دڵمردوی بێئـاگای وەگیان هێناو فێری دڵداری کردن‌و خستنیە سەررێی خواناسی. زۆر غەزەل‌و شـیعری واهەن، زۆر بەرێزو زۆر پرمانان. وێژەوانان، لە پەڵکی ئەرخەوان رەنگا دەینوسـنەوەو بەدیاری دیدەن بەیەکتر. بەڵام گشـتیان لەبەرانبەر شـیعری مەلا، پڕهە ڵەو لەرێ لادەرن.

## قصیدەی پەنجاو دوهەم

# «کوانێ غەلەط»

١ مەی نەنوشی شێخی صەنعانی غەلەط
ئەو نەچو نیڤ ئەرمەنستانی غەلەط

٢ میثلی موسی وی تەجەللایا تەدی
ئێتودی کانی خەطا هانی غەلەط

**مانای وشە:**

**کانی:** کوانێ؛ **هانی:** کێهە.

**ماناکەی:** شێخی صەنعانی، چیرۆکی لە (منطقُ‌الطّیر)ی عەطاردا هاتوە. شێخێکی سەربەرمالّ بوەو زۆر مریدو دەرویشی بون. رۆژێك سەری هەڵگرتوە، روی کردۆتە هەرمەنستان. چاوی بە کیژێك کەوتوەو عاشق‌بوە. کیژە هەرمەنی، گوتویە: بەو مەرجە دەبم بەیارت؛ لە دینی ئیسلام وازبێنی. پەڕی قورعان بسوتێنی. زوننار لە پشتت ببەستی. مەستی بکەی. ببی بە بەرازەوانی من. شێخی دڵدار، هەمو مەرجەکانی یاری بەگیان‌و دڵ پێك‌هێناوە. تا رۆژێکیان شێخی چازان واز لە بەرازان دەهێنێ‌و رۆژی ئیمان، تیشکەی دەداتەوە دڵ‌و کوڵ دەیگرێ‌و دێتەوە سەر دەقی پێشوی. کیژی دڵبەر، کە بەدڵ گیرۆدەی شێخە؛ شوێن نچیری خۆی دەکەوێ‌و بازی دڵداری خودایی راوی دەکاو دەیکا بە قەرەواشی شیخ.

مەلا دەڵێ: شیخی صەنعان، کە گەییە ئەرمەنستان‌و بادەی لەدەستی چاومەستان، فرکرد؛ هەڵە نەبوە. هەروەك موسا لە چیای تورا، خودا نوری خۆی نیشاندا؛ خوا لە روخساری ئەو کیژە هەرمەنیەدا، دیاری داوەو شیخ بەتیری خوا پێکراوە. دەیسا خەڵەت لەکوێ دایە.

**٣ وی‌نەدی بەژنا تەوودایی قیاس**
**حیکمەتی لەو چویە بورهانی غەلەط**

**مانای وشە:**

**وی:** ئەوی؛ **قیاس:** بەراورد؛ **حیکمەت:** زانینی شت لە ئەندازەی توانای مرۆ؛ **بورهان:** بەڵگەو دەلیل.

**پوختەی مانا:**

ئەوکەسەی چاوی بە بەژنت رۆشن نەبوەو تۆی نەدیوەو هەر لە ئەندازەی عەقڵی خۆی، لەتۆ دەدوێو بە بەڵگە هێنانەوەی زۆرو بەراوردکردن، دەگەڵ شت، لای وایە دەزانێ چۆنی؛ زۆر هەڵەیەو تانەت بینن نازانن‌چی. خوا فەرمویە: (هیچ شتێك وەك خودانیە)

**٤ سطوەتا لەیلی یەقین مەجنون تەپاند**
**وەرنە قەیس ناکەت بیابانی غەلەت**

**مانای وشە:**

**سطوەت:** دەست بەسەراگرتنی زۆرەکی؛ **مەجنون:** شێت، نازناوی قەیسی عامیری کە عاشقی لەیلێ بوەو بۆی شێت‌بوەو روی کردۆتە بیابان‌و سەرگەردانی دڵی بوە؛ **تەپاند:** توش‌کرد؛ **وەرنە:** ئەگینا.

**پوختەی مانا:**

دەستی زۆرداری دڵداری لەیلایە بو، کە مەجنونی توشی توشی‌و خەمباری کرد. ئەگینا قەیسی ماڵوێران، نەدەکەوتە بیابان‌و بەشێت ناوی دەرنەدەچو.

**٥ وەك «نیشانی» نەقش‌و نیشانەك تەدی**
**ئی‌کو نیشانەك تەدی کانی غەلەط**

**مانای وشە:**

**نیشانی:** نازناوی مەلایە؛ **نیشانە:** درۆشم؛ **کانی:** کوانێ.

**پوختەی مانا:**

مەجنونیش هەروەکو مەلا، نیشانێکی لە جوانی تۆ ئەی خودایە! لەروی لەیلایەدا دیوە. هەرکەس هەڵوەدای نیشانەی جوانی تۆیێ؛ هەرگیز رێگەی خەڵەتی هەڵنەبژاردوە.

٦ ئەز گەهام ئاڤا حەیاتێ خەف ژدل
خوضر ڤاژی چویە حەیوانی غەلەط

**مانای وشە:**
**گەهام:** گەیشتم؛ **خەف:** نهێنی؛ **خوضر:** خدری زیندە؛ **ڤاژی:** بەراوەژو؛ **حەیوان:** ئاوی حەیاتێ.

**پوختەی مانا:**
من بێ ئەوەی کەس بزانێ، لە رێگەی دڵی خۆمەوە، توشی ئاوی حەیاتێ بوم. دیارە خدر کە لە دنیا بۆی گەڕاوە، بەراوەژوی لێ تێگەیوەو هەڵەبوە.

٧ شانشینێن نازکان ضایع مەکون
دانەبێنی دل بڤێ خانی غەلەط

**مانای وشە:**
**شانشین:** باڵەخانە، تەختی پادشا؛ **ضایع:** گوم؛ **مەکون:** مەکە؛ **دا:** تا؛ **نەبێنی:** نەبەستی؛ **خان:** کاروانسەرا.

**پوختەی مانا:**
چاوت لەدیداری یارت، مەتروکێنەو ئاور مەدە سەر دنیایە. ئەگینا وەك ئەوەت لێدێ، کە شانشینی نازداران بەجێ دێڵێو دڵی دەگرۆی کاروانسەرایەکی وێرانو بۆگەن دەبەستێ.

٨ الله الله چەرخو دولابی دنێ
نوقطە قەط ناکەت ددەورانی غەلەط

٩ روزو شەب هەر سەیری دیدارا تەتێن
ناکرن ئەو دەورو سەیرانی غەلەط

١٠ هون نەبێن مەششاطەیی خەف دانیە
هەم قیران کرد خالو نیشانی غەلەط

**مانای وشە:**
**دولاب:** خەرەك؛ **سەیر:** تماشا؛ **سەیر:** گەڕان؛ **مەششاطە:** بەشانەکەر، بوك‌رازێنەوە؛ **دانی‌یە:** دای‌ناوە؛ **هون:** ئێوە؛ **نەبێن:** نەڵێن.

**پوختەی مانا:**

ئەی نامەخوا خەرەكو چەرخی دنیایە، چەند تەكوزو ریكو پیك دەسوریتەوەو هەرگیز بەقەت نوختەیەكیش، هەڵەنابیّ. ئەی خودایە! ئەو شەوو روژەی كە دادیّن؛ دیّنە سەیرانی جوانی توّو لەو بەشویّن یەكدا هاتنەیان، هەرگیز هەڵەیەك رونادا. ئەی ئەوانەی لاتان وایە شت دەزانن! نەچن بڵیّن: بەرانبەر بەیەككردنی خاڵو روخساری جوانان لەدنیا، رازیكەو دەستی وەستاكار نەیگەیوەتیّو، بوّخوّی لەخوّوە رسكاوە. خوایەك هەیە كە هەرشتەی لەشویّنی خویدا داناوەو زانایەكە هەرگیز كاری هەڵە ناكات.

**١١ دی بسەرجانیّ مەموروەت دامەئیخ**
**بشكویّن بەندا گریبانی غەلەط**

**مانای وشە:**

**دی:** دەسا؛ **بسەر:** لەسەر؛ **موروەت:** پیاوەتی؛ **دامەئیخ:** دامەخە؛ **بشكو:** قوّپچە؛ **گریبان:** یاخە، پیّسیر.

**پوختەی مانا:**

دەسا ئەییار! بەزەت پیّمان دابیّتەوەو پیاوەتیمان دەگەڵ بكە. قوّپچەی یەخەت جاریّك هەرچەند بەهەڵەش بیّ؛ لەروی چاوی گیانی دڵداران دامەخە. با سەیرت كەنو سەبوری، بەدیدارت پەیدابكەن.

**١٢ سەرنەبی بەركفری زولفیّ عاقیبەت**
**ئەز دترسم لیّ ژئیمانی غەلەط**

**پوختەی مانا:**

كابرای دڵدار! ئەگەر سەرت بەرانبەر بە كوفری زولفی رەشی دڵبەر، دانەنویّنی؛ زوّر ترست لەئیمانت بیّ. كە لەریّگەی خواناسین بەهەڵە چوبیت.

**١٣ پەهنیاویّ چەرخو دولابی دنیّ**
**نیسبەتا ئەربابی عیرفانی غەلەط**

**١٤ نوسخەیی عالەم هەمی عینوانەكە**
**نوقطەیەك نابت دعینوانی غەلەط**

**مانای وشه:**

**پەهنی:** پانایی، هەراوی؛ **دنێ:** دنیا؛ **نیسبەت:** لەگوێرەی؛ **ئەرباب:** خاوەنان؛ **عینوان:** ناوونیشان.

**پوختەی مانا:**

پانایی‌و هەراوی دنیاو چەرخ‌و خەرەکی عاسمانان ـ کە زانایان دەیکەن بە بەڵگەی بونی خوا ـ لەلای ئەوانەی خواناسی بەراستینە؛ بەڵگەیەکی زۆر هەڵەیە. هەرچی لەسیایی دنیادا، ئافەریدە جێکراوە؛ بەتێکڕایی درۆشمێکی بچوکی خوداناسینەو لەو درۆشمەش‌دا هیچ هەڵە، روی نەداوە.

**١٥ قولزم‌و بایێ موخالیف تێبرن**
**دانە کەلشێن داری سوککانی غەلەط**

**١٦ دابزانی پەهلەوانی مویەکی**
**دەست نەدی للهِ میزانی غەلەط**

**مانای وشە:**

**قولزم:** دەریا؛ **بای موخالیف:** بای پێچەوانە؛ **تێ:** تێدا؛ **نەکەلشێن:** نەقەڵشێن؛ **سوککان:** ئامرازی گەمیە ئاژۆتن؛ **پەهلەوان:** تەناف‌باز؛ **میزان:** ئامرازی راستەو پاستە کردن.

**پوختەی مانا:**

ئەی ڕێرەوی ڕێگەی خواناسینی بەراست! باش بزانە کە تۆ لەناو دەریادای‌و بای پێچەوانەش زۆر هەیە. دەبێ زۆر ئاگات لەخۆت بێ. نەچی لەخۆت بایی‌بی‌و خۆت بە تەناف‌باز بزانی‌و بڕوات وابێ کە دەتوانی گەمیەی ئاوات، بەبێ وەستا، لەو دەریایەدا دەرانی‌و توشی هەڵەو پەڵە نایەی. دەغیلت بم نەکەی بەئەندازەی مویەك، دەست بۆ ئامرازی گەمیەکەی ئەمناوی دەریایەت بەری. بترسە داری سوککانی، لەوانەیە قەڵش بەرێ‌و لەگێژاودا، سەر دەرنەکەی.

**١٧ وی ددەستێ من گولاگەش پوڕ خوناڤ**
**حەیف بولبول چو گولستانێ غەلەط**

**مانای وشە:**

**پوڕ:** تژی، پڕ؛ **خوناڤ:** ئاونگ.

**پوختەی مانا:**

**ئەوی ڕێڕەوی عیرفانەو دەیەوێ یاری ببینێ؛ بابێتە لام. من دەزانم یار لەکوێ‌و چۆن دەبیندرێ.**

دڵم بە بولبول دەسوتێ، کە بۆ دینی گوڵ دەچێتە ناو باغچوڵان. گوڵی گەشی پڕ لەئاونگ، والەناو لەپی منداییەو ئەو بەهەڵە چۆتە جێی تر.

**١٨ هێژ سەهوا خامەیی بو وەرنەمن**
**ئەڤ غەلەط ناکرد دیوانێ غەلەط**

**مانای وشە:**

**هێژ:** هێشتا؛ **سەهو:** هەڵە؛ **خامە:** قەڵەم؛ **ناکر:** نەدەکرد؛ **دیوان:** بارەگای گەوران؛ **دیوان:** کتێبی شیعران.

**پوختەی مانا:**

من کە ئەم رازەم دەربریو لە دیوانە کەمدانوسیم: گەیشتومە گوڵی گەشی پرلە ئاونگ. هەڵە لەقە لەمەکەم بو. دەنامن کەزۆر شارەزای دامو دەستوری بارەگای یارەتاقانە کەی خۆمم قەت ئەوهەڵەم لێرونادا کەرازی دڵ بدرکێنم.

**١٩ وی لسەر بەژناتە ئەڤ سەیوان ڤەدا**
**وەرنە نادا رۆژ سەیوانی غەلەط**

**مانای وشە:**

**سەیوان:** هەرچیسێبەر ئەدا، چەتر، کەپر؛ **ڤەدا:** هەڵیدا؛ **وەرنە:** ئەگینا.

**پوختەی مانا:**

رۆژ کە هەمو روناکییەو ناشێ سێبەر لە هیچ لاخۆی لە بەربگرێ، رێگەدەدا سێبەر هەبێ تابەژنی تۆ لەگەرمایە بپارێزێ. واتا هەڵە لەرۆژەوە رویەداوە پێی سپێراوە وابکا.

**٢٠ گەھ دلو گەھ جان دبن تورکێن تەتێن**
**ناکرن یەغماو تالانی غەلەط**

**مانای وشە:**

**گەھ** : جار؛ **تورك:** مەبەست چاوە؛ **یەغما:** تاڵان.

**پوختەی مانا:**

تورکی چاوت، دێنە تاڵان. جارێ گیانو جارێ دڵمان لێ دەسێنن، دەیرفێنن. تاقەجارێکیش

نەمان‌دی؛ واز بهێنن‌و هەڵەیەك لەكاریان‌دا بێ.

**٢١ مەشرەبی تورکان فورات‌و نیل‌کر**
**تەشنەلەب چو طەرفی عوممانی غەلەط**

**مانای وشە:**
**مەشرەب:** جێگەی وەخواردن؛ **تورك:** لێرەدا بەمانا زۆرکارەو لەوانەشە هەر مەبەست تورك‌زمان بێ کە زۆرساڵان نیل‌و فورات هی‌ئەوان بو.

**پوختەی مانا:**
باس لێرەدا لەسەر بەشی خودا داوە. تورکی دڵرەق، لەسەر نیل‌و فوراتێ، ئاو دەخونەوەو ئەوانەش کە لێویان وشکی تینگی‌یە؛ بەهەڵە دەچنە سەرلێوی دەریای عومانی تاڵ‌و سوێر، بۆ ئاو خواردن.
«نالی» دەڵێ:
سەهم‌و نەصیب ئەصلی‌یە باسی گیاوو گڵ نیە  توتنە خەرجی سوتنە مودنە ماچی لەب دەکا!!

**٢٢ پیری حیکمەت بین لویفقامەشرەبان**
**کەس نەدی مەی ریهتە فینجانی غەلەط**

**مانای وشە:**
**ویفق:** بەپێی، بەگوێرەی؛ **مەشرەب:** تەبیات‌و واز؛ **ریهت:** رژتی.

**پوختەی مانا:**
پیری مەیخانەکەی ئێمە ـ کە زۆر وردبین‌و زانایە ـ لەوساوە مەی‌مان دەداتێ، بۆ هەرکەسەی بەرانبەربە تەبیاتەکەی، بادە دەدا. کەس نەی‌دیوە قەت بەهەڵە، مەی دەفینجانێك بریژی‌و مەیەکە دەگەڵ تەبیاتی خۆرەوەکەدا، نەسازێت.

**٢٣ راستە یەك‌قانون سەراسەر نینەتێ**
**خوەهری‌و پێچین، پەریشانی‌و غەلەط**

**٢٤ پاك‌طەبع‌و قووەتەك مەوزون دڤێت**
**دانەدەت صەنعەت بئیدمانی غەلەط**

**مانای وشه:**

**خوەهری:** خواری، لاری؛ **پەریشانی:** بڵاوی؛ **مەوزون:** ڕێكوپێك؛ **ئیدمان:** خوپێ گرتن.

**پوختەی مانا:**

پیری مەیخانەكەی ئێمە ـ كە باسم كرد ـ دامو دەستورێكی وەهای لە مەیخانەدا داناوە؛ كە هەرگیز خواریو بڵاویو پێچو لاری، لە كەسەوە سەر هەڵ نادات. ئەم قانونو زاكونەشی، نیشانەی هیممەتی بەرزو توانایيو هێزی زۆریەتی؛ كە هەرگیز قازانجو سودی پیشەكەی خۆی، دەپێناو هۆگر گرتنو خوپێگرتنی چەڵو مل، نادۆرینێو هەڵەناكا.

**٢٥ مەردومێن چەهقێن مەلێ عەكسا خوەدی**
**وەك «نیشانی» ما لنیشانێ غەلەط**

**مانای وشه:**

**مەردوم:** بیبیلەی چاو؛ **عەكس:** ڕەنگدانەوە؛ **نیشانی:** نازناوی مەلا؛ **نیشان:** خاڵ؛ **مەلی:** ئێمەلەو.

**پوختەی مانا:**

مەلای دڵدار، كە دەی روانیە روخساریيار؛ لە ئاوێنە روناكتربو. شكڵی بیبیلەی چاوی خۆی، لە روخساری یارا دەدیت. وای زانی خاڵی سەرگۆناس. بە غەڵەط چو.

«حەمدی» دەڵێ:

بازاری دەهرە قیمەتی ئەشیا بەجێگەیە  مێشێ گەیشتە روی نیگارێ لەخاڵ ئەچێ

## قصیدەی پەنجاو سێهەم

# «ئاگری ڕەوان»

**١ بێ لەبی لەعل «مەلا» من ژمەیا ناب چحەظ؟**
**صوحبەتا تێ نەبتن یار بەهەرحال چحەظ!**

**مانای وشە:**

**ناب:** بێخەوش؛ **حەظ:** بەش، بەهرە؛ **صوحبەت:** کۆڕی هەواڵان.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر ئەو لێوە ئاڵە، ڕەنگ لاڵەم لێدیار نەبێ؛ من چدڵخۆشیم بە مەی بێ؟ جا با ئەو بادەش، بێ خەوش‌و زۆر نایابێ. ئەگەر یارم، لەکۆڕی یاران‌دا نەبێ؛ با ئەو کۆڕە بەهەشتیش بێ، من هیچ خۆشی لێ نابینم.

«نالی» دەڵێ:

شەرابی لەعلی روممانی لەنالی  حەرامە بێمەزەی ماچێکی لێوان

«سەعدی» دەڵێ:

هێندەگێل نیم فێرنەبوبم چی‌حەرامە وچی‌حەڵاڵ  مەی لەگەڵ تۆدا حەڵاڵەو بێتۆ ئاوم لێحەرام

**٢ قەدەحەك بادە بدەستێ خوە لقەلبی‌مە بڕێژ**
**عاشقی سوختە بێ ئاتەشی سەییال چحەظ؟**

**مانای وشە:**

**سوختە:** سوتاو؛ **ئاتەش:** ئاگر؛ **سەییال:** ڕەوان، جاری.

**پوختەی مانا:**

گڕم‌گرت لە ئەوینی تۆ دڵم هەمو بۆتە پشکۆ. لەو مەیە زۆر مەستی هێنەی کە وەك ئاگر. بەڵام ئاگرێکی ڕەوان، هەر پریشك‌و ئاورینگی لێ دەبێتەوە. پیاڵەیەك ئەگەر نەرێژیە ناو دڵ؟ کوڵوکوم، دانامرکێتەوە.

**٣ نەکو وەك طەیر ژموژینی‌تە ببارن پەیکان (یان، ژرەمزێن‌تە)**
**ژبرینێن ددلی شوبهەتی غیربال چحەظ؟**

**مانای وشە:**

**طەیر:** باڵدار، وێشدەچێ نیازی تەرنەبابیلەبێ، کە لەشکری ئەبرەهەی پادشای یەمەنیان سەنگباران کرد؛ **تەیروك:** تەرزە؛ **موژینی‌تە:** مژۆڵانی تۆ؛ **ڕەمز:** ئیشارەت؛ **غیربال:** بێژنگ، قەڵبیر.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر لە مژۆڵەکانتەوە، بە فەرمانت، پەیکان وەك تەرزە نەبارن بۆ سەر دڵمو بە دەردی پەیژەوەکانی ئەبرەهەی یەمەنی نەبەن‌و هەمو ئازای وەك بێژنگی کون‌کون نەکەن؛ ئەودڵە بەهرەی چی‌هەیە؟

**٤ حەظظو لەذذەت مە بعومرێ خوە دعیشقاتە نەدی**
**هەم بقان دەردو غەمان زێدە تو ئیسال چحەظ؟**

**مانای وشە:**

**حەظظ:** بەخت؛ **لەذذەت:** خۆشی؛ **ئیسال:** ئەمساڵ.

**پوختەی مانا:**

لە هەمو تەمەنی خۆمدا، لە ئەوینی باڵاکەی تۆ، هیچ بەخت‌و خۆشیم هەر نەدیت. ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ، خەم‌و دەردم پتر دەبێ. دەبێ ئەمساڵ بەختی کڵۆڵ چیم بۆبکا؟!

«نالی» دەڵێ:

هەمو ڕۆژێ لەتاو هیجرانی ئەمساڵ  تەمەنای مردنی پێراره بێ‌تۆ

**٥ حوسن‌و سوڕ ذاتی نەبت، جەذبە لدل دەت مەحبوب**
**مە ژزولف‌و خەطو خال‌و قەدی مەییال چحەظ؟**

**مانای وشە:**

**ذاتی:** دەخوێەتی خوودا؛ **جەذبە:** راکێشان؛ **مەحبوب:** خوشەویست؛ **مەییال:** بەلەرە.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر یار وەك بەرو جوانە، لە دەرونشیدا جوان نەبێو بەدڵکێشی دڵمان بەرەو خوێ نەکێشێ؛ تەنیا زولفو خەتو خاڵو بەژنی بەلەرەی زراوی، بەهرەی چییە؟

**٦ عیلمی عیشقی بتو لاتان بریوایەت نابت**
**قەدەرەك حال کونەبت شبهەتی هەرقال چحەظ؟**

**مانای وشە:**

**لات:** ناوی بتێكبوەو لێرەدا هەر مانای بت دەگەیەنێ؛ **ریوایەت:** گێڕانەوەی باس؛ **قەدەر:** ئەندازە؛ **حال:** زانستی دەرونی؛ **قال:** گفتی سەرزمانی.

**پوختەی مانا:**

دڵ دان بەبت، پەرستنی جوانان وەكبت، بە گێڕانەوەی سەرهاتی فڵانو فیسارە دڵدار، بەهرە نادا. گەرەك بە ئەندازەی وتار، لە دەرونو هەناویشدا، هەست بە ئەویندارى بکەیت. تا تێبگەی حاڵی عاشق نەك هەر هێندە، کە تۆ لە خەڵکت بیستوە.

**٧ بە دەوی پاك چکەت فەسحەتی مەیدان کونەبت**
**موستەمیع گۆ نەدرت موطریبو قەووال چحەظ؟**

**مانای وشە:**

**بەدەوی:** چۆڵپەرست، صەحرانشین؛ **پاك:** سوارچاکی هونەرمەندی بێعەیب؛ **فەسحەت:** گوشادی؛ **موستەمیع:** بیسەر؛ **گۆنەدرت:** گوێدێر نەبێ؛ **موطریب:** بەزمگێڕ؛ **قەووال:** زۆربێژ، خۆشبێژ؛ **قەووال:** بەو مەلا گچکە یەزیدیانە دەڵێن کە بە ماڵانەوە دەگەڕێنو گۆرانی دینی دەڵێنو کرێی زمانیان دەستێنن.

**پوختەی مانا:**

ئەسپی عەرەب زۆر کەحێلو نەجیمزادەن. سوارچاکی زۆر چالاکیشیان لەناو هەیە. مەیدانی ئەسپغاردانێ ئەگەر نەبێ؛ سوار چۆن هونەری خوێ دەرخا. با بەزمگێڕ، باقەووال، زۆریش بزانن. ئەگەر کەس گوێ یان لێ نەگرێ، کام بەهرەو بەشیان پێدەگا؟

**٨ دورێی ناسوفته دبێژم ژەبی لەعل «مەلا»**
**گەر رەوان بەخش نەبت نەظم کەرولال چحەظ؟**

**مانای وشە:**

**دورْ:** مرواری درشت؛ **سوفته:** سواو، سماو، **نەظم:** هۆنراو.

**پوختەی مانا:**

مەلا! شیعرت دەربارەی لێوی ئاڵی یار، وەك مرواری سەرمۆرو دەست لێنەدراوە. بەڵام ئەگەر هۆنراوەکەت گیانی بیسەر نەبزوێنێو گیان وەبەر وشکەسوفیانی دورە دڵداری نەهێنێ؛ قسەبو کەرو لاڵ دەکەی کە هیچ بەهرە ناگەیەنێ.

شاعیرێك‌ناناسم دەڵێ:

خەڵکی هەمو کەرن، منی خەو دیتە بێزوان  توانام نیە بڵێم وبڵێم. نای‌بیەن ئەوان

## قصیدەی پەنجاو چوارەم

# «موبتەلای زولف»

**١ سەرددت ئاوی کەوثەری  زەمزەمەو سەمای زولف (یان، زلف)**
**سایەنومایی خاوەری  سیدرەیی مونتەهای زولف**

**مانای وشە:**

**سەرددت:** سەر دەگەیەنێتە؛ **کەوثەر:** چاوە کانیەکە لە بەهەشت؛ **زەمزەم:** ئاوێکی پیرۆزە لە مەککە؛ **زەمزەمە:** دەنگی سەبرو ویرەویر؛ **سیدر:** داری کنار؛ **سیدرةُالمُنتَهیٰ:** دارکناری ئەوپەر، دارکناریك لەلای راستی عەرشی خوداوەیە. **سەما:** عاسمان؛ **سەما:** هەڵپەرکێ؛ **سایە:** سێبەر؛ **خاوەر:** خۆرهەڵات؛ **زولف:** نزیکی؛ **زولف:** پێشکەوتن؛ **زولف:** قەدرو حورمەت؛ **زولف:** بەشێك لەشەوی لای‌بەیان؛ **زیلف:** باغچە.

**پوختەی وتار:**

بەژنی یارم وەك دارەکنارەکەی دەستە راستی عەرشی خوایەو هەمو بەرزایی دنیایەی بەزاندوە. لك‌وپۆپی، کە بریەتین لە پۆرۆ کەزی‌و بسکانی، کە بەدەم بای بسکانەوە، سەما دەکەن؛ سێبەر لە رۆژهەڵات دەدەن. واتا: لەوجێ کە روخساری یار دەنوێنێ‌و خۆیان نزیك دەکەنەوە، تا سەریان دەگاتە سەر لێوکە چاوەی ئاوی کەوسەرەو خورەو زەمزەمەی کەوسەرێ لە خۆشیانا تانە دەزەمزەمێ دەگرێ. پرچی رەشی، نمونەیەك لە تاریکی نیوەشەوی لای بەیانە. روی وەکو باغچەی بەهەشتەو ئەوبسکەی بەسەماکردن لەو باغچەدا، دێتو دەچێ. خۆی زۆر بەقەدر دەزانێ‌و لە هەرشت بەختەوەرترو لەپێشترە.

**٢ سایەنومایی جەبهەتێ  نەقش‌و خەطی ژقودرەتێ**
**نوقطەو حەرف‌و جەزمەتێ  بال‌و پەرین هومای زولف**

**مانای وشه:**

**جەبهەت:** هەنیە؛ **نەقش:** نەخش؛ **حەرف:** پیت؛ **جەزمە:** زەنە؛ **هوما:** مەلی پیرۆزە کە دەڵێن سێبەر لەهەر کەسێك بکا، دەبێتە خونکارو پاشا.

**پوختەی مانا:**

هەنیەو روخساری یاری‌من، بە دەستی قودرەتی خودا نەخشێنراوەو خەت دراوە. پڕە لەپیتی نورانی. نونی بەراوەژوی بروی، صادی چاوی، ئەلفی کەپوی، میمی‌دەمی، لەملاو لەولاش بە نوختەو زەنەی وردە خاڵ، دەورە دراوە. بو ئەوەی بەتینی تاوی، ئەو تازە خەتدراوانە، کاڵنەبنەوە، بسکی ـ کەوەك شاباڵی پیرۆزە وایە ـ سێبەر لەو بەهەشتە دەکا.

**٣ بالو پەرێن صیفەت هوما سایە لجەبهەتیٚ نوما**
**خەمری‌و لەف دچن سەما یەكبیەك ئەو لبایی زولف**

**مانای وشە:**

**خەمری:** پەرچوکە؛ **لەف:** پێچراو؛ **لبا:** لەکن، دەگەڵ.

**پوختەی مانا:**

پرچەکانی بەتێکرایی، بڵاوی‌و بادراوی‌و بسکی، وەك شاباڵی پیرۆزی مەلی پیرۆزەن. کاتیٚ لەبەربا دەلەرن، سێبەر دەخەنە سەر توێڵی‌و لەخۆشی ئەو بەهەشتەیە دێنە سەما.

**٤ نەترك‌و بەرگ‌و شەتری‌یان رەقصە ژرەنگی خەمری‌یان**
**بازو عوقاب‌و قومری‌یان سەیرە سەحەر تەبایی زولف**

**مانای وشە:**

**نەترك:** مانگوڵەی بنی لەرزانە؛ **بەرگ:** پەرەنگی‌زێڕ وێنەی گەڵا؛ **شەتری:** گوڵینگەی سەر؛ **عوقاب:** هەڵو؛ **قومری:** یاکەریم؛ **تەبایی:** ئاشتی؛ **تەبا:** دەگەڵ؛ **ژرەنگ:** وەکو، لەچەشن.

**پوختەی مانا:**

کە سروەو شنەی‌بای بەیان، لەو پرچو بسکانە دەدا؛ وەرە سەیریٚ چلوٚن بەزم‌و گوٚوەندێکە. هەروەك پەرچوکەو بسکانی ـ کە دەلەرێن ـ خشڵەکانی، بە گوڵینگەو مانگوڵەو لەرزانەکانی‌و ئەو زێڕانەی کە لە وێنەی بازو هەڵوو قومری‌یانن؛ دەلەرنەوەو لە خۆشیانا سەما دەکەن.

**٥ هەرمە ژبورجی سونبولە پەنجە دسینەو و دلە**
**دورو درازو موشکیلە قیصصەیی ماجەڕایی زولف**

**مانای وشە:**

**بورج:** کۆشك؛ **بورج:** مزڵگەی ئەستێرە لە عاسمان؛ **سونبولە:** گوڵی دەغڵ؛ **سونبولە:** شکڵی بورجێکە لەعاسمان، کە شەشەمین بورجی ساڵە؛ بە دیمەن چەند ئەستێرەییکن بەتێکڕایی وێنەی کیژ عازەوێك دەدەن. وەك فرشتە دوباڵیشی لێ رواوە. بە دەستێکی داوێنی بەلادا دەکا. زۆر لەزانای ئەستێرەناس ناویان ناوە «عەذرا» واتا کیژی شونەکردو؛ **دراز:** درێژ؛ **موشکیل:** دژوار؛ **قیصصە:** چیرۆك؛ **ماجەرا:** روداو.

**پوختەی مانا:**

ئەوکیژە تازە عازەبەی لەو شانشینو کۆشکەدا ـ کە لە عاسمانی جوانیدا، وێنەی بورجی سونبولەیەو پرچەکانی وەك دوشاباڵی فریشتە لەسەر تا پایان گرتوە ـ داوێنی بەلادا دەکا وا دەزانم خەریکی کوشتنی منە. زۆر دەترسم وەك با بەدەم، دڵی بۆ گوڵە گەنمەکەی بەهەشتیخوا بەهەڵەی برد؛ دڵە هەژارە کەی منیش، بۆ سەیری پرچی بادراوی، رکەی سینە هەڵتەکێنێو بێتە دەرێ. ئەوسا بەبێدڵ بکوژرێم. لەوترسانە، من هەمیشە، دەستم بەسینەو دڵمەوەو دڵەتەپێم وێکەوتوە. چیرۆکی منو کەزیەی یارەوەك درێژی کەزیەکانیو تێكهاڵقانی تایەکانی پڕلەگرێو ئاڵۆزاوەو زۆر دژوارە باسکردنی.

شاعیرێك ناینناسم دەڵێ:

لەشەوی پرچەکەتا گازنی دڵ دوایی نەهات  لەگلەی بەختی رەشم رۆژی قیامەت چدەکا؟

**٦ بەستنە زولف دەر کەمین حەلقە بحەلقە چین بچین**
**یەغمە دکن دلان نهین تێنە یەقین خەطای زولف (یان، نینە...)**

**مانای وشە:**

**کەمین:** بۆسە؛ **یەغمە:** یەغما، تاڵان؛ **خەطا:** هەڵە؛ **خەطا:** وڵاتی خەتایە کە بەئاسکی میسك بەناوبانگە.

**پوختەی مانا:**

ناهەق نیە هەمیشە دەستم لەسەر دڵمبێ، لەترسانا. ئاڵقەئاڵقەو چین لەسەرچین، کەزیەکانی بونە داو لەرێگەی دڵانو دەیانگرنو دەیانکەنە ماڵی تاڵان. لەهەمو لا بەداوەوە بۆسە بۆدڵ داندراوە. ناشتوانین خەتای ئەوکارە، بخەینە سەر پرچەکانی. ئەوان وەك ئاسکی خەتایە بارەمیسك هەڵدەرێژن. دڵی هەژار چۆن بەو بۆنو بەرامە خۆشە، گێژ نەبنو نەچنو نەکەونە داوەوە.

«نالی» دەڵێ:

زولفت لەقەدتدا کە پەرێشانو بڵاوە ئەمرۆ لەمنی شیفتە ئاڵۆزو بەداوە

**٧ رومو عەجەم ژهەر طەرەف جەنگو سەوا شەوان بخەف**
**هیندیو زەنگی صەف بصەف هاتنە بەر لیوایی زولف**

**مانای وشە:**

**سەواش:** شەرویێك هەڵپرژان؛ **زەنگی:** قولەرەشە؛ **لیوا:** ئاڵا.

**پوختەی مانا:**

لەهەردوك لا، رێزی پەرچوکەو بسکانی ـ کە بەدەم باوە دەلەرن ـ وەك لەشکری رۆمو عەجەم، تێك بەربنو پێك دابدەن. لەسەرو، توشیەك دەبن. وردەخاڵە رەشەکانی ـ کەدەڵێی رەشی زەنگینو لەفلفلی هیندی دەچن ـ لەبن ئاڵای پرچەکاندا، پەناگرتەو خووەشارتون.

**٨ هەردەمو هەرسەعەت ژنو پێتە دسینە نارودو**
**صەبرو قەراری مِن ژکو عاشقو موبتەلایی زولف**

**مانای وشە:**

**پێت:** گرپەو بڵێسە؛ **نار:** ئاگر؛ **دو:** دوکەڵ؛ **موبتەلا:** گیرۆدە.

**پوختەی مانا:**

من واگیرۆدەو دڵداری پرچی یارم؛ وا لەتاوان، بێ وچانو بێئارامو بێقەرارم؛ کە هیچ ئاگام لەخۆ نیە. ئاگر بەربوتە هەناوم. وا سوتاوم هەمیشەو هەمودەم لەنوێ، گرو گرپەی دڵی ژارم، لەسینەوە دێتە دەرێو دوکەڵی هەناسەم بەرزە.

**٩ زولفی سیاهی بێوەفا قەط مەنەدی ژوی صەفا**
**کوشتمە ئەز بصەد جەفا ئاه ژدەست جەفای زولف**

**١٠ زورو فەقیرو موبتەلا زاهیدو صوفیو مەلا**
**کوشتنە ئەو بصەد بەلا کەس نەکەفت بەلایی زولف**

**مانای وشە:**

**وەفا:** ئەمەگ؛ **قەط:** هەرگیز؛ **صەفا:** خۆشیو ئاشتی؛ **جەفا:** ئازار؛ **زور:** زویر، وەرزەزو نارەحەت.

**پوختەی مانا:**

ئێمە هێندە بەو کەزیە ڕەشە هەڵدەڵێین؛ ئـەوەندە خـۆشمان گەرەکە. کەچـی ئـەو نامان لاوێنێو صەد بەڵامان بەسەردێنێ. هەرگیز خـۆشیمان لێنەدیو هەر ئـازاری دڵمان دەدات. ئێمەی دڵدار، زویرو هەژار، کە بە هەزار، صـــوفیو مەلاو تەرکەدنیامان تێدایە؛ بەو کەزیانەوە گیرۆدەینو کوشتەی ئەو کەزیە ڕەشانەین. ئاخ لەدەست ئازاری زولفی. داخ لەدەست بێ ئەمەگیەکەی.

## قصیدەی پەنجاو پێنجەم

# «فینجانا صەدەف»

**١ ئیرۆ ژشەهکاسا سورێ مەی هاتە فینجانا صەدەف**
**مینەت کوئیرۆ دیم دورێ دامن مەیا حوسنا خوەخەف**

**مانای وشە:**

**شەهکاسە:** شاکاشی؛ **مینەت:** سوپاس؛ **دیمدور:** رومرواری.

**پوختەی مانا:**

زۆر لەخودا منەتبارم. کە یارە رومرواری یەکەم، لە بادەی دڵگریو جوانی ـ کە خودای گەورە پێیداوە ـ بەنهێنی بە شاکاشی کردە ناو صەدەفی دڵم. بەو بادەی دیداری یارە، لەمەیخورەوە مەستترم.

**٢ خەف دامە جاما کەوثەری شیرین قەدو لەب شەککەری**
**بایی صەبا دا چەنبەری هاتن سەما شەتریو لەف**

**مانای وشە:**

**چەنبەر:** ئاڵقە؛ **شەتری:** گوڵینگ؛ **لەف:** پێچراو.

**پوختەی مانا:**

بادەی دیدار ـ کەیار منی پێ سەرخۆش کرد ـ بادە نەبو؛ پیاڵێك لە ئاوی کەوثەری بەهەشتێ بو. کە لەو باڵا تەرزوجوانو لێو قەیتانەشەکرینانەوە پێم گەیشت. لەو کاتەدالەبەختیمن، شنەئەنگوت، گوڵینگەی سەرومێزەریوبسکوڵە پیچدراوەکەی. کەوتنەسەماوبەدەم باوەئاڵقەیاندا و رادەهەژان.

٣ شەتریو زولفو بەلگو پەر هەمیان لدیم دەعویو شەر
ئیلان لسەلویٚ بونەگەرٚ عەقرەب خویان ئەز هەر طەرەف

٤ عەقرەب نهن ئەو سونبولن بو عەنبەرن داڤا دلن
نیشان ژمیسكو فلفلن وان سینەیێ من كر هەدەف

**مانای وشە:**
**بەلگ:** گەڵا، خشڵی لە شكڵی گەڵادار؛ **پەر:** خشڵی لەگوێن گەڵاگوڵان؛ **ئیلان:** مار؛ **گەرٚ:** گەرٚان.

**پوختەی مانا:**
ئوٚخەی چەند دیمەنیٚ جوانم هاتە بەرچاو. گوڵینگو كەزیو پەرەنگی خشڵەكانی، تێكرٚایی دەلەرینەوە. قەفقەف كەزیە رەشەكانی ـ وەكمار ـ لەو بەژنو باڵایە هاڵابونو دەبزوتنەوە. سەری بسكی هەڵقرتاوی هەڵگەراو بەرەو بەرەوژور، لاسای كلكە دوپشكانیان دەكردەوەو لە هەمولاوە دەبینران.

بەهەڵەچوم، دوپشكی چی؟ ئەو بسكانە، لەسونبولن؛ بوٚن عەنبەرن؛ داوی دڵن. ناوو نیشانیان بپرسی، لە رەشیدا بەشی میسكو، لەتیژیدا، ئیسوٚتن كە ئەویش رەشە. ئەو هەموانە: كەزیو بسكو خشڵەكانی دڵیان كردبومە نیشانە.

٥ داسینە جوهتیٚ تیر خوەشە قەوسی هیلالی توز رەشە
یەكتیر پورٚ كوشتن لەشە خونیٚ دجەرحان دایە كەف

٦ منخون بجوٚ تێتن ژدل ئەو بازییٚ بیٚ توٚرو سل
داكەفتە نیڤ توٚرا قزل قومری نەهشتن رەفبرەف

٧ رەفرەف نهشتن زاغزاغ دانین لدل من داغداغ
دیكی بمینت ساغساغ وەستانە لەشكر صەف بصەف

**مانای وشە:**
**خوٚش:** تیژروٚ؛ **توزرەش:** رەشی بریقەدار؛ **جەرح:** برین؛ **كەف:** خەستاوی صابونو ئەسپوٚنو...؛ **كەف:** لەپی دەست؛ **سل:** سرك و قوشقی، سلٚ؛ **قزلٚ:** سور؛ **رەف:** پوٚل؛ **زاغ:** قاڵاو؛ **داغ:** بەئاسنی گەرم چزاو؛ **داغ:** كێو.

**پوختەی مانا:**
لە كەوانەی مانگی یەكشەوەی بروٚیان، جوتە تیرێك زوٚر بەپرتاو، هاتنە سینەم. ئەوا دلٚ خوێن

دەدەڵێنێو بە جۆگە لەبەری دەروا. ئەگەر بۆمن دوتیر هاتن؛ هەریەکێکیان هەزار کەسی پێ کوژراوەو لەشی لەخوێندا گەوزاندونو کەفی خوێنی ئەو دڵدارە کوژراوانە وا بە لەپی سوری گەشی یارەوەیە. چاوی یارم وەك ئەو بازەن، کە نەتۆڕ خۆی لەبەر دەگرێ، نە لە سرکیو سڵیانیشی بۆ هیچکەس دەستەمۆ دەبێ. دڵداری یار، لە هەمو توخمو توۆیك بون. زۆری وەكمن، هەژاروکەی دڵ بریندارو خوێناوی. زۆریش لەوانەی دنیایی، دەبنە دڵدارو،دڵیان لەراست ئەوینی پاك، رەشو برشە. واتا هێندێکمان بەستەزمان، وەك قومری توق لەگەرداندا و هاوارمان دەکرد یاکەریم. هێندێکیش وەك قەلە رەشە، دیدار شومو دەمبەقڕەو گرانجان بون. بازی چاوی ئەو یارە، بەڵەك چاوەمان، بەرلە هەرشت، ئێمەی گیروەدەی توڕەکەی ـ کە بەخوێنی دڵمان سوربو ـ پۆڵپۆڵ کوشتو هەر تاقیشی لێ نەهێشتن. ئەوجار نوڕەی راوکردنی قاڵاوان هات. قەل بەقەلی هەڵبژاردنو بەدەستی مەرگی ئەسپاردن. بۆکڵۆلیم، تەنیا هەرمنی هێشتەوە؛ بەو دڵە بریندارەوەو بەو هەڵبواردن لەکوشتنە، داخی دڵم چەند داخی تری هاتە سەرو داغ وەك کێو، بەسەریەکدا هات. ئاخر ئەگەر کڵۆڵیو بەدبەختی نەبێ؛ کێ لەبەر ئەو چاوە بازەو ئەو هەمو تیری کەوانەی جوتە بروو مژۆڵانەی، وەك من ساغیساغ دەمێنێ؟! جگە لەچاوو بروۆیان، ئاخر کەزیەکانیشی هەن. کە هەتا با لێیان بدا، پێك دادێنو دڵدار دەبەرپێدا دەچن. دەبڕوانە هەر ئێستاکە ریزریز بەرانبەر بەیەکتر راوێستاون...

## ٨ صەفصەف مەدین هیندیو زەنگ چەنگیز هات تەیموری لەنگ
## خەفوان رەشاندن دل خەدەنگ تەشبیهی تیرێن خان شەرەف

**مانای وشە:**

**چەنگیز:** لەبەشی زێدا باسکرا؛ **تەیموری لەنگ:** (٧٣٦-٨٠٧ کۆچی) بەرانبەربە (١٣٣٦- ١٤٠٥ میلادی) لەشاری کەش، لای سەمەرەقند هاتەدنیا. تەمەنی ٢٤ سالبو، کە بە خوێنریژ ناوی دەرکرد. لە روسیا موسکۆشی گرت. شاری بەغدایەی وێران کرد (١٣٨٦ م) لە سالی ١٤٠٢ ی میلادی سوڵتان بایەزیدی دوهەمی عوثمانیانی بەدیل گرت لەکن (ئەنکارا). سەمەرقەند پایتەختیبو؛ **خان شەرەف:** کوڕی خانئەبدال، میری جزیری بوتانێ کە شەرەفخانی بدلیسی لە سالی ١٠٠٥ کۆچی زۆر بە ئازاییو خێرخواییو ئیمانداری، بەو خانشەرەفە هەڵدەڵێو چەند روپەڕی لە شەرەفنامەکەی خوێدا، بۆ خانشەرەف تەرخان دەکات. مەلای جزیری رۆژگاری ئەوخانە، لە جزیر ژیاوەو لە مزگەوتی دەسکردی ئەو، دەرسی عیلمی گوتوتەوەو هەر لەو مزگەوتەش نیژراوە؛ **هیندی:** شیری دەسکاری هیند.

**پوختەی مانا:**

کەزیەکانی لەدولاوە، بەرانبەربەیەك وێستابون. لەوناوەدا، بروۆ دیاربون لە شیری هیندی براتر. خاڵت دەدین زۆر لە قولەزەنگییان رەشتر. شنەبای بسکان هەڵیکرد. هەردوك لەشکری کەزیانی،

وەك لەشكـری تەیمور لەنگو چـەنگیزخـانی بێروحمانە، گەینە یەکتر. تیر بۆ دڵی‌من، داباریـن. بەڵام زۆر تیری نادیاری. لەتیژیو کاریگەری‌دا، دەت‌گوت تیری خـان‌شـەرەفـن کە بەدوژمنیەوە دەنێ.

**٩ تیرەك ژقەوسێ مال زراڤ تی‌دل قەوی تاڤێژە ناڤ**
**خون تێ‌پوڕی تەشبیهی ئاڤ فەریادو ئەفغان صەد ئەسەف**

**١٠ جان دی نەدت ئەو مال‌خەراب هەرسینەیێ جوتەك غوڕاب**
**تێدابرن پەنجەو کولاب وی جان ژدەست وی روح دکەف**

**مانای وشە:**

**مال:** گوشـادی ناو کەوان؛ **زراڤ:** باریك؛ **قـەوی:** توند، بەهێز؛ **تاڤێژە:** دەهاوێژێ؛ **ئـەسـەف:** داخو حەیف؛ **کولاب:** قولاپ.

**پوختەی مانا:**

تیرێکی خان‌شـەرفیانەی مژۆڵانی، لەماڵی کەوانی ناسکـی بروکانی، بە تەوژم، وە دڵم کەوت‌و لە ناوەراستەکەی چەقی. خوێن سەری‌کرد وەك ئاوی رەوان، رەوان‌بو.
ئەودڵەماڵ‌وێرانەی‌من، چەندبێ‌بەخـت‌وچـەندگیان سـەختە؛ جگـە لە تیژی مژۆڵیش، لە دولاوە بسکەکانی ـ کە وەك قاڵاون بەرەشی ـ پەنجـەو قـولاپیان لەسـینەی سـەردڵم گیرەو گیانم بەدڵ ئامادەیە خۆی بەدەست ئەو دوانەوە داو گیانی لەسـەر دەسـت داناوە. ئـامادەیەو بەتاسـەیە کە بەقـوربانی تیری کەن. بەڵام دڵم بەم هەمو برینەشـەوەو بەو هەمو خـوێن لەبەرچـونەش؛ هەر واماوەو هەرگیان بەدەستەوە نادا.

**١١ جانێ مەلێ روحا مەلێ نورا ژقودرەت نوقطە لێ**
**رەمزەك نهین دامن وەلێ نالی ژبەر وەك نایو دەف**

**پوختەی مانا:**

گیانە راسـتینەکەی مەلا ـ کە ئـەو گیانە ئـامانەتیەش هەر لەورایە ـ نیشـانێکی لە نوری توانایی بەرزی، بەنهێنی نیشـانی گیانی مەلادا، کە تنۆکێك‌و نوختەیەك لە دەریاو پەراوی گەورەی خواناسی بو.
وا لەوسـاوە گیانی مەلا، وەك بلوێر دەسـتی بەناڵە کردوەو،وەکو دەفـەی دەس دەروێشـان، کەوتۆتە دڵەتەپێوەو هەر تەپە لە دڵیەوە دێت.

## قصیدەی پەنجاو شەشەم

# «تانە لەگوڵ»

**١ نازکامن دسەمایێ بسەرئەنگوشتی عەقیق**
**دامە ئیرۆ دسەرایێ قەدەحەك تازە رەحیق**

**٢ مە ژدەستو یەدی بەیضا قەدەحەك صافی قەخوار**
**(شعشانیِ کَنَجْمِ بسناهُ و بریق)**

**مانای وشە:**

**ئەنگوشت:** ئەنگوست، تلی؛ **سەرا:** کۆشك و سەرسەرا؛ **رەحیق:** مەی؛ **تازە:** لە نەوعی هەرە باش؛ **یەدی بەیضا:** دەستی سپی، (یەك لە موجزاتی موسا، دەستێك لەناو باخەڵنان و بەسپیەتی دەرهێنان بو)؛ **شعشعانی:** روحسوك و خۆش‌دیمەن؛ **شعشعان:** شەرابێك کە ئاوی تێکەڵ کرابێ؛ **نەجم:** گیا؛ **نەجم:** ئەستێرە؛ **سەنا:** رۆشنایی؛ **بەریق:** تروسکەدەر.

**پوختەی مانا:**

یارە ناسك و نازدارەکەم، ئەمڕۆ لە کۆشکەکەی خۆیدا، لەکاتی سەماو هەڵپەرکێ، پیاڵەیەك بادەی زۆر توندو بێخڵتەو تڵتەی تێکردو بە سەرپەنجە سورەکانی ـ کە یاقیقیان بەزاندوە ـ و بەو دەستوپەنجە ناسکانەی وەك دەستی سپی موسایەو بە موجزات دەژمێردرێ؛ بەمنی بەخشی. خواردمەوە چۆن بادەیەك بو؟ رەوان، بێخڵتە، دیمەن جوان، لە ئەندازە دەگەڵ ئاوا تێکەڵکراو. لەروناکی و بریقەدا، وەکو ئەستێرە دەدەرەوشا.

**٣ سیرری لەعلی لەبی جان‌بەخش نزانی تو ببەحث**
**(أَعِدِالنَّظْرَةَ یاناظِرُ فالسِرُّ دَقیقْ)**

**مانای وشە:**

**أَعِذ:** دوپاتەی کەوە؛ **نظْرە:** روانین؛ **ناظر:** تماشاکار؛ **ناظر:** بەکێشەو دمەقاڵە؛ **دَقیقْ:** باریك، ورد.

**پوختەی مانا:**

کابرای بەدەم داتمەزراندۆتە قسەو باس، دەربارەی ئەو لێوە تەنکەی ـ کە گیان بەمردو دەبەخشێ ـ لێم رونە چی لێنازانی. دیسان تماشای کەرەوە، دیسان زۆر لێی وردبەرەوە. رازی تەنکایی لێوانیو نهێنی پچوکی زاری؛ لە وزەی باس لێوە کردنی سەرزارەکی زۆر بەدەرە.

«نالی» دەڵێ:

بەحثی سیرری دەهەنی نوقطەبەنوقطە بگەڕێی  سەری مویێ نیە بێنوکتە لەدیوانمدا

**٤ بلەبی لەعلی شەکەرخەندە شکێنا شەکەرەك**
**(أنا بالْوعدِ لَواثِقْ فَلَهاالْوَعْدُ وَثیق)**

**مانای وشە:**

**وەعد:** پەیمان؛ **واثق:** بە باوەڕو خاترجەم؛ **فَلَها:** بۆ ئەو هەیە؛ **وثیق:** قایمو پتەو.

**پوختەی مانا:**

یار بەو لێوە تەنکو جوانەی ـ کە وەکو دەنکی لالْ ئاڵەو لەکاتی پێکەنینیدا، شەکری لەلێوان دەباریٚ ـ ئەمروٚ شەکری بوٚمن شکاندو بەلێنی دیداری دامیٚ. دڵم خوٚشە. چونکە دەیناسم. بەلێنی ناشکێنیٚو لەپەیمان پێك هێنانیٚدا، زوٚرپتەوە.

**٥ دریا دوررى مورادیٚ مە سەریٚ دانیەریٚ**
**(خُضْتُ فی‌الْبَحرِ وَلاٰزَوْرَقَ والْبَحرُ عَمیقْ)**

**مانای وشە:**

**خُضْتُ:** خوٚم تیٚخست، چومەناو؛ **فی‌الْبَحر:** لەدەریا؛ **وَلاٰ:** نەیش؛ **زَوْرَق:** بەلەم؛ **عمیق:** قوڵ.

**پوختەی مانا:**

هەڵوەڵا بوم کە مرواری مرادان، وەدەس خوٚم بخەم. سەرم لەو ریٚگەیە دانا. خوٚم هاویشتە ناو دەریاوە. هیچ بەلەمیشم پیٚنەبو؛ دەریاش بەگیٚژو بیٚپەی بو.

٦ مه ژغەفلەت سەحەرێ دی‌و دو رەمزان کوشتم
خوەش بحەققێ خوە گەهیشتم (أَنَا بِالْقَتلِ حَقیق)

**مانای وشە:**

رەمز: ئیشارەت؛ خوەش: زو؛ أَنَا: من؛ قَتْل: کوشتن؛ حَقیق: مستەحەق.

**پوختەی مانا:**

لە بەرەبەری بەیاندا، لەپر دەیار هەڵەنگوتم. بەدیتنی چاوی، کۆژرام. زوم توڵەی ئەو دینە داوە؛ گوڕی گیانمە، کوشتنم بۆئەو رەوایە.

٧ قەط نەگۆ قەتلە دکم بێ‌گونەهو مەظلومە
(رَشَقتنی بِنبالِ وَرَمتنی بِرَمیق)

**مانای وشە:**

رشَقَتنی: هاویشتیە من؛ نِبال: تیرگەل؛ رَمَتْنی: پێ‌یەوە نام، بۆی فرێدام؛ رمیق: سوکە تماشا.

**پوختەی مانا:**

هیچ بەزەیی پێما نەهات. نەیگوت بێ‌سوچو تاوانە، بۆ بیکوژم. بێ سێو دو، بەر بارانی تیری دامو بەگۆشەی چاو، سەیری کردم. تاگیان بۆ دیتنی چاوی لەقالبی لەش بێتە دەرێ.

٨ تیرورم هەردو لدلدان لجەگەر چەسپان‌کر
ئەو ژخونا مەنەرشتی تلی‌یین صوهری عەقیق

**مانای وشە:**

چەسپان: لکاو، پێوە نوساو؛ تلی: قامك؛ صوهر: سور.

**پوختەی مانا:**

بژۆڵی لەپیلۆەکانی سەرو ژێرو ـ کە وەکو رمبو تیران وان ـ لە دڵدران‌و جەرگیشمیان پێوە درو.
ئەو قامکە سورە ئاڵانەی لەخوێنی ئێمە رشتوە. نازانم کێ لە شاعران گوتویە:
بەرگی گوڵە یان خوێنی دڵە ناو لەپی مشتت  دەینی بە ملت عاشقی بێچارە کە کوشتت

٩ سوسنێن تەی تەرو نازك لگولان طەعنە ددن
(فَبِها الْعَنْبَرُ فائحٌ و بِهاالمِسكُ عَبیق)

**مانای وشه:**

**فیها:** بەو؛ **فائح:** بۆندەر؛ **عبیق:** بۆن‌بڵاوکەر.

**پوختەی مانا:**

بسکەکانت کە بەسوێسنەی تەڕوتازە دەشبهێنرێن؛ تانە دەگوڵی تر دەگرن. چونکە عەنبەر لەسایەی پرچەکانی تۆ، بۆنی هەیەو میسکیش بەرامەی ئەوانی لەباخەڵدا.

**١٠ چبەکوشتن چبەهشتن توکو فەرمان بکری**
**ئەز بحوکمیْ تە خوەشم (أَحْمَدُ عَبدُ وَرَقیق)**

**مانای وشە:**

**عەبد:** بەندە؛ **رەقیق:** بەندە، بەنی.

**پوختەی مانا:**

من هەرپێم خۆشە دەربارەی من فەرمان بدەی. ناوی منت بێتە سەرلێو. ئیتر فەرمان بەکوشتن یان بەهێشتن‌بیْ، فەرقی نیە. هەر دڵخۆشم. ئەحمەد خوڵامێکی تۆیەو بەندەی ئاڵقەبە گوێتانە.
«حافظ» دەڵیْ:

وەدەر نرێمو سزای زۆر درێم، گرژ نابم  گوناح‌و کفرە وەرەز بون لە شەرعی دڵداران

## قصیدەی پەنجاو حەوتەم

# «لەعلین شەفەق»

۱ من‌دی ژغەفلەت جام دکەف شاهی نەجەف دل کر هەدەف
رۆژ هات شەرەف ستێر بونە خەف هەر چارطەرەف نورا یەقەق

۲ ظولمەت نەما صوحبەت وەما نورا شەمالان چو سەما
لێ ئەو دەما زولف بون جەما هاتن سەمایێ یەك نەسەق

**مانای وشە:**

**کەف:** لەپ؛ **شاهی نەجەف:** ئیمام عەلی؛ **هەدەف:** ئامانج؛ **شەرەف:** بڵندایی؛ **ستێر:** ئەستێرە؛ **خەف:** وەشارتو؛ **یەقەق:** زۆرسپی؛ **ظولمەت:** تاریکی؛ **صوحبەت:** گفتوگۆ؛ **صوحبەت:** کۆبونی دۆستانە؛ **شەمال:** مۆم؛ **لێ:** لەو؛ **جەما:** کۆمبو؛ **نەسەق:** ڕێکوپێکی‌و بە تەرتیب.

**پوختەی مانا:**

لەپڕ، چاوم بەیار کەوت. نیشانەی لەدڵ گرتبو. وەکو چۆن ئیمامی عەلی، بەنیازی شەڕی کافران، ئامادەی مەیدانێ دەبو؛ سەرەڕای چاوە مەستەکەی، ـ کە هەستی عالەمیان دەبرد ـ پیاڵەی بادەی لەدەستابو. لەوکاتەدا روی‌نیشاندا؛ نورێکی زۆر سپی‌و بەهێز، هەرچوار قورنەی دنیای داگرت. ئەستێرە خۆیان شاردەوە. خۆر هاتەدەر تا لەو سەرە، تماشای‌کا. تاریکی بەجارێك ڕەوی. تەنانەت گڕی سەرمۆمان، بۆ تماشای دیداری ئەو، هەڵکشان تا چونە عاسمان. لەودەمەدا کەزیەکان دەوری رویان‌داو لە خۆشی‌و جوانی دیمەنی، هەمو زۆر بە ڕێك‌و پێکی، دەستیان بەرەقص‌و سەماکرد.

۳ وەردان گولاف گرتن خوناف لێ‌من دناف صوهتن هەناف
من‌دی بچاف زولفێن بلاف لێ‌بونە داف بەندکر بناف

٤ نورا بەصەر گفتو خەبەر قەندو شەکەر زولفان لسەر
خالین دقەر بایێ سەحەر دابێتەدەر صوبحا بحەق

**مانای وشە:**

**وەرد:** گوڵ؛ **خوناڤ:** ئاونگ؛ **تاڤ:** تیشك‌و تینی هەتاو؛ **داڤ:** داو؛ **بناڤ:** لەناوەندا؛ **بەصەر:** چاو؛ **قەر:** رەش؛ **صوبحا بحەق:** فەجری صادق، بەیانی راست.

**پوختەی مانا:**

گوڵان بەدینی کوڵمەکەی ئاونگی گوڵاویان لێنیشت. بەڵام من لەتاوو تینان، بەجارێك جەرگ‌و هەناوم، بەتیشکی روخساری سوتا. بەچاو دیتم؛ کەزیە پەرژو بڵاوەکەی، بونە داو لە دەوری گوڵنای بۆ ڕاوی دڵی دڵداران‌و ئەو روخسارە جوانەیان، دەنێوان خۆگرت.

سروەی بەیان! تۆخوا وەرە. زولفان لەسەر وردە خاڵی رەش لابەرە. با ئەودەم‌و لێو شیرینەی گفت خۆشە ـ کە روناکی چاوانمانە ـ روی بۆ ئێمە هەڵبێتەوەو سۆمامان بێتەوە چاوان‌و بەختی رەشی سەرگەردانمان، لە تاریکی‌شەوی زولفان‌دا، توشی بەربەیان بێتەوەو بەیانی لاجانگ ببینێ.

٥ مە ژبەهریان پوڕ نالیان شەڤ تاریان جەنگ بومیان (یان، مە ژبوهری‌یان...)
وەر کوشتی‌یان ژوان بەنگی‌یان بوان تلی‌یان خوەش کەگیان

٦ کر شەفقە میر ئانی مەبیر بەردان مەتیر کرمە ئەسیر
نەگها فەقیر زولفا حەریر ئاڤیهتە شیر داپێ مەحەق

**مانای وشە:**

**بەهر:** روناکایی زۆر بەهێز؛ **بەهر:** تروسکەی بروسکە؛ **بوهر:** پشوبران؛ **وەر:** وەرە، سەیرکە؛ **تلی:** قامك، تبل؛ **ئەسیر:** دیل؛ **فەقیر:** هەژار؛ **حەریر:** ئاوریشم؛ **مەحەق:** لەناوبردن، مراندن، هیلاك.

**پوختەی مانا:**

لەو شەڕەدا ـ کە لەنێوان، ڕێزە پرچەکانی قەوماو لەسەر روپێك‌دا هاتن‌و شەوی تاریك لەمە داهات ـ ئێمەی دڵدار، گشمان هەناسەمان سواربو. لەتاو کەوتین. کوژراوی تیری مژۆڵان، لەو تاریکیەدا، گەل بەگەل، گیانیان سپارد. وەرە سەیرکە! کوژراوان،کەبێ تاوان، بەتیری ینگی کوژراون‌و کوشتەی مژۆڵانی چاون. بۆ خوا شوکور، میری جوانان ئێمەشی وەبیر هاتەوەو، چەند تیرێکی دەئێمەش گرت‌و یەخسیری پرچی خۆی کردین. دەمانەویست دڵو گیانمان بە هەودای ئاوریشمی خاوی کەزیەکانی، هەڵاوەسرێن. بەڵام کوا بۆ پیاوی هەژار، دەستی دڵو دڵی گیانی، بە هەودای بسکی یار بگات؟ چاری ناچار، هەر بەدینی بروٚ شیر ئاساییەکانی، بەرقەڵت دراین، و

هەر نەمایین. دەسا ئێستاش نەچوە بچێ یاری نازدار. تۆ ئـەگەر قـرانمان تێخـەی؛ پەکی بازاری خۆت دەخەی. هەروەك مردنت بەدەستە، ژیانەوەش وا لەپەنجەتا. بەو قامکە باریکـانەی خـۆت، کەزیت لەسەر رو لابدە، تا هەمو کوژراوی دەردت، پێکەوە زیندو ببنەوە.

**٧ ای موشتەری دیمی زەری نەبر سەری نەی جانبەری**
**ئاڤیت سەری گاڤا بەری لازم هەری وی ئەڤپەری**

**٨ کەلبی دەری نیشان بەری تیر ئاوری موژگین پەری (یان، ئاوڕی)**
**بەحرو بەری عشقو سوڕی ئاڤیهتەری سەرما قەلەق**

**مانای وشە:**

**موشتەری:** کڕیار، مەبەست دڵدارە؛ **دیم:** روخسار؛ **زەری:** سپی ئامال زەرد، سەوزە رەنگ؛ **نەبرسەری:** سەری خۆی دوڕاند؛ **نەیجانبەری:** نەگیانی دەربرد؛ **ئاڤیتسـەری:** سـەری هاویشـت؛ **گاڤـابەری:** لەهەنگاوی هەوەڵدا؛ **لازم هەری:** هەر لازمیە؛ **کەلبی دەری:** سەگی دەرگا؛ **نیشـان بەری:** دروشـمێك هەڵگری؛ **تیرئاوری:** تیری ئاگرینی؛ **تیرئـاوڕی:** تیری ئـاوڕدانەوە؛ **موژگین:** بژانگـان؛ **ئـاڤیهتەری:** هاویشتە ڕێگە؛ **قەلەق:** لە نارەحەتیان بەجوڵەو بزوتن.

**پوختەی مانا:**

ئەو دڵدارەی بە ئارەزوی دیتنی ئەو، دەمو چـاوو روخسـارە سـەوزەڵەی سپی، ئـامال بەزەردی بێگەردی دڵ تاڵان کەری دڵبەر بێ؛ گەرەك ئەوەندە بزانێ، کە لە ڕێگای دڵداریو بەیار گەیشتن، هەوەڵ هەنگاو دوڕاندنی سەرو گیانەو، ئەشێ سەری لەم ڕێگەیەدا بروا. دەنا هەنگاوێکیش نارڕوا. با بۆ نمونەی دڵداران، من ببینن؛ چونکە ئـەو پەریزادە شـۆخەی وا بەدڵکێشـیو دڵبەری خـۆی، دەریاو بەژی خستۆتە ژێرفەرمانەوە. سەگی دەویست کە پاسی ئەو هەمو سـامانەی جـوانی بکـا. منی هەڵبژارد پاسداربم. سەگی پاس لە دەرکی هەرکەس، دەبێ داغی خاوەنی لە لەشـی دیاربێ. ویستی بەتیری ئاوڕی ـ کە ئاوری لە مژوڵانی دەپریشکان ـ من داغبکا. خۆ ناشکرێ هێندە خۆی نزمکاتەوە، دەس لەمندا. تیری ئاورینی هاویشتمێ. لەجیاتی داغ سەرم پەریو ئێستاش سـەرم بە سەرسورمانەوە، لە بەر پیی داو لەسەر ڕێدا، هەڵدەبزوقێو نارەحـەتە کە نیشـانەی داغی یاری، پێوە نیە تا بیکاتە شایەتی شەهید بونی خۆیو لەناو کوڕی کوژراوانی دڵداریدا، بەشانازی نیشانی دات.

نازانم کێگوتویە:

ڕێرەوی ژیر لەبیابانی ئەوین وشیار بە  سەربەبادانو نەمان مەرجی یەکەم هەنگاوە

٩ من‌دی دنه‌و بی‌ٔیار ته‌و (نه‌و) سوندی (سوندم) ب‌ئه‌و بیم بیٔ ده‌ره‌و
من‌بو ده‌قوسی بوی ئه‌و شیقان مه‌له‌و نایی‌ٔمه خه‌و

١٠ هیستر ره‌وان تین وه‌ك جوان تیردان ئه‌وان ره‌ش ئه‌بروان
دل وه‌ك گوان به‌رکا شوان سه‌ر لوئلوان به‌رگین وه‌ره‌ق

**مانای وشه:**

**دنه‌وبیٔ:** له‌وه‌ختی کیٔشك‌و شه‌و بیٔداری‌دا؛ **ته‌و:** ته‌واو؛ **نه‌و:** تازه؛ **بیم:** ده‌بیٔژم؛ **بیٔ ده‌ره‌و:** راستو بیٔدروٚ؛ **ده‌ق‌وسی:** ده‌رده‌باریکه، سیل‌ودیق؛ **شیقان:** شه‌وانه؛ **شیقان:** شیٔواند؛ **له‌و:** بوٚیه؛ **نایی‌مه خه‌و:** خه‌وی ئیٔمه نایه؛ **نایی‌مه‌خه‌و:** ناکه‌ومه خه‌وه‌وه؛ **هیستر:** هسر، فرمیٔسك، ئه‌سرین؛ **جوان:** جوان، جوٚگه‌لان؛ **گوان:** گوٚگه‌لی شه‌قیٔن؛ **کاشو:** گوٚچانی گه‌مه‌ی گوٚییٔن؛ **لوئلوان:** مراوری‌یان؛ **به‌رگ:** په‌ڕه؛ **وه‌ره‌ق:** گه‌ڵا.

**پوخته‌ی مانا:**

لیٔم ده‌پرسن بوٚ هیٔنده زه‌ردو لاوازو په‌ژارو کزو نزاری؟ خواردن‌و خه‌وت لیٔ حه‌رامه‌و هه‌میشه ده‌گری‌و ده‌باری‌و گوٚنای زه‌ردت، فرمیٔسکی پیٔدا دیٔنه خوار. راستو ده‌وی، راستی ده‌لیٔم‌و سوٚیند به‌یار، دروٚ ناکه‌م. شه‌ویٔك له‌شه‌و بیٔداریم‌دا؛ که گیان به‌ره‌و باره‌گای یار، پاسی ده‌داو دلٚم سه‌ری له‌ژیٔر ده‌رانه‌ی ده‌ماڵی. به ئاشکراو به‌ته‌واوی، یاری خوٚم هاته به‌رچاوی‌و ئه‌و دیداره بوٚمن نوی‌ٔبو. واله‌وساوه، بوٚ ئاره‌زوی دیداری یار، جاریٔکی‌تر، ده‌رده باریکه‌م گرتوه. جا هه‌رچی له‌منی کردوه‌و ژیانی منی شیٔواندوه، ئه‌و شه‌وه بو که یارم خوٚی‌دا نیشانم. جا چوٚن من خه‌و ریٔگه ده‌ده‌م بیٔته چاوم؟ چوٚن شه‌و ده‌نوم؟ هه‌ر چاوه‌نوٚڕی دیداری دوباره‌ی ئه‌و یاره‌م ده‌بم. له‌و سوی‌ٔیانه، ئه‌سرین له‌چاوم ره‌وانه. وه‌ك جوٚگه‌لان فرمیٔسکی رون له‌سه‌ر لاڕومه‌تی زه‌ردم، وه‌ك مرواری له‌سه‌ر گه‌ڵای وه‌ریوی پاییزان، ده‌بیندریٔن.

شیاوی باسه، له‌و نوسخانه‌ی که‌من دیومن؛ ئه‌و شیعره ئاوا نوسراوه:

من‌دی دنو بی یاری تو سندسه أوبیم بی درو
من بو دقوسی بوی أو شیقان مه‌لو نایی‌مه خو
هیستر روان تین وه‌ك جوان تیردان أوان رش ابروان
دل‌وك گوان برکا شوان سر لوءلؤان برگین ورق

من بوٚ ئه‌وه شتیٔك له شتیٔك حاڵی بیم؛ ده‌ستیٔکی که‌مم تیٔداوه. به‌ڵام ره‌نگه خوٚیٔنده‌وار باشتر بزانیٔ‌و سندس که به پارچیٔك ده‌ڵیٔن؛ له‌و شیعره‌دا، جیٔ بکاته‌وه‌و باشتر مانای لیٔداته‌وه ـ هه‌ژار ـ

١١ به‌ژنا شه‌پال دیمی بخال ئیعراب‌و دال قه‌وسیٔ هیلال
نه‌قشیٔ جه‌لال جاما زه‌لال خه‌مرا حه‌لال صوحبه‌ت بحال

**١٢ ئەز طەلبەیا ئاوا حەیا  تی‌بوم تیا کەژ بادەیا**
**جاما خویا بو عیشوەیا  یار لەو پەیا پەی تێن سەبەق**

**مانای وشە:**

**شەپال:** خونچیلەو دڵگرو رەزاشیرین؛ **ئیعراب:** دەربڕینی مەبەست؛ **ئیعراب:** بزاوی سەرپیتان؛ **دال:** شارەزایی کەر؛ **دال:** پیتی (د)؛ **جەلال:** شکۆ؛ **جەلال:** ناوی خودا؛ **خەمر:** بادە؛ **صوحبەت:** گفتوگۆ، هەواڵەتی؛ **حال:** ئێستا؛ **حال:** چڵونەتی باری دەرون؛ **طەلبە:** داخواز؛ **حەیا:** حەیات، ژیان؛ **تیا:** تیهـ ، سەرگەردان‌و ری‌گوم کردو؛ **خویا:** ئاشکرا؛ **پەیاپەی:** بی‌بڕانەوە؛ **سەبەق:** ملەکار لە کی‌بەرکی‌دا. **کەژ:** کە، لە.

**پوختەی مانا:**

من هەڵوەدای ئاوی ژیان بوم. لەو ریگەدا، سەرگەردان بوم. تا خوای گەورە، وێنەی جوانی نەمری خۆی، لەروی سەلمادا، نیشاندام. ئەم وێنەی جوانی خودایە، ئەی خودایە چۆن نەخشاوە؟! بەژن تابڵێی ریك‌و پێك‌و رەزاشیرین‌و ئێسك‌سوك. وردەخاڵ لەسەر روانی‌و کەوانەی مانگی یەکشەوەی بروکانی‌و بسکی وەکو دال شکاوی، وەك نوسراوی سەرو ژێرو بۆرکراوی؛ زۆر هاسان لە دڵدارانیان حاڵی دەکرد، کە ئاشکرا نوری خوایەو لە روخساری سەلمادایە.

ئەو دیدارە، وەك جامێکی پڕلەبادەی حەڵاڵی روشن‌و زوڵاڵ؛ کە بەرهەمی عیشوەو نازی تی‌کرابو، صەدقات لەبادەی ئاسایی بەهێزتربو. منی مەست‌کردو دەستم‌کرد بە گفتوگۆ دەگەڵ یارم. بەڵام گفتوگۆ نەبەدەم، بەدڵ، بەگیان، بە دەرونی پڕلە ئاگری دڵداری. دەمەقاڵەی تێدا نەبو؛ دەمە حاڵ‌بو. بوبە مایەی ژیان‌و مان‌و هەڵنەوەرین. هەر بوبەشە کە دەستەدەستە دڵداران، ملە دەکەن‌و لەغاران. بە ئارەزون وەك‌من بە ئارەزو بگەن. وەك‌من چێژەی بادەی دیداری یاربکەن.

**١٣ جانی «مەلی» ژقالو بەلی  بەندم وەلی دەر کاکولی**
**بەلگێن گولی رو هەیکەلی  ئەو میسکە لی جارەك هەلی**

**١٤ پەردەو ستور دابی قصور  بێتن ظوهور دیمی بنور**
**نورا غەفور خالێن دهور  جاما طەهور لەعلێن شەفەق**

**مانای وشە:**

قالو بەلی: گوتیان ئاری، لەپێشدا باسمان لێوە کرد؛ **وەلی:** بەڵام؛ **بەلگێن:** گەڵایانی؛ **هەیکەل:** وشەیەکی لەرەگەزدا یونانی‌یە، واتا بەژن‌بڵند، بەلەنجەولار، بت‌و کۆتەل؛ تمثال؛ جێگەی قوربانی موقەددەس لەکلیسا؛ **هلی:** لادری، لاکەوی؛ **ستور:** پەردەگەل؛ **قصور:** دریغ، کۆتایی؛ **ظهور:** دیاردان؛ **غەفور:** ناوی خوایە بەمانا بەخشندەی گوناح؛ **طەهور:** خاوێن کەرەوە (خوا فەرمویە:

بادەی طەهور دەرخواردی بەهەشتیان دەدرێ)؛ **شەفەق:** سورایی ئاسۆ ئێواران.

**پوختەی مانا:**

سەلما گیانە شیرینەکەی مەلا! هەر لەو ساوە خوا گیانەکانی دروس‌کردو هێشتا دەناو رکەی رەشی لەشی خاکی نەکردبون؛ من گیرۆدەم. بەڵام گیرۆدەی کاکوڵت. گیرۆدەی ئەو دیمەنەتم کە وەك بت دەپەرستری‌و وەکو بتی زۆر جێگەورە، جوانکراوە. سەری کوڵمەت، وەکو پەڕی سورەگوڵە. وردە خاڵت، وەك هەڵوەرێنراوی میسکن. بەئاوات لەخوا دەخوازم، پەردەو لەمپەر لەنێوانمان‌دا نەمێنێ، روخساری گەش‌و رۆشنت ـ کە نمونەی نوری خوایە ـ خۆی بنوێنێ. خاڵە وردەکانی سەرروت، لێوەکانت ـ کە وەك پیاڵەی مەی‌و بادەی بەهەشتی‌یەو رەنگی ئاڵی لاڵ ئاسایەو لەو بەرزە سورایی ئاسۆی عاسمانی جوانی و نازداریت دێتە بەرچاو ـ بەچاوی دڵ، تێربیبینم.

**١٥ یار هاتو مەست، صوبحا ئەلەست من دەست بدەست دی‌جام ددەست**
**کاکول دبەست تایەك قەرەست قێرا شکەست نیشانە قەست**

**١٦ ئەو لەب شەکەر وا هاتە دەر رابو ژبەر تایێن دبەر**
**خالێن دقەر زولف چونە سەر ئەصلان سەحەر لێبون فەرەق**

**مانای وشە:**

**صوبحا ئەلەست:** بەرەبەیانی ئەو رۆژەی خودا گیانی دروست کردن؛ **دەست بەدەست:** روبەرو، لەنزیکەوە؛ **قەرەست:** دەرچو، دەرپەڕی؛ : **نیشان:** خاڵ؛ **قەست:** ئامانج؛ **رابو:** هەستا؛ **بەر:** پێش؛ **دبەر:** لەبەردا؛ **قەر:** رەش؛ **ئەصلان:** شێر؛ **ئەصلان:** رەگەزان، بنەڕەتان؛ **فەرەق:** ترساو، بڵاو؛ **فەرەق:** پەیدابونی سپیایەتی بەرەبەیان.

**پوختەی مانا:**

لەرۆژی هەرە بەرێوە، کەخوا گیانی دروست کردن؛ زۆر لەنزیك، توشی ئەوسەلمایەی خۆم‌بوم. پیاڵە بەدەست، هاتە دەرێ. بەلەنجەو لار، دەستی برد کاکوڵەکانی شانە بکاو تێك‌پەڕێنێ، چەپکە تاڵێك لەو ناوە، جیا بونەوەو خۆیان گەیاندە خاڵی رەشی سەر رومەتی. ئەو لێو شەکرینە شیرینە، کە پەیدابو هەمو گیان، لەبەری هەستان؛ تەنانەت تاڵێ بسکانی ـ کە دەوری خاڵانیان دابو ـ لەبەر ئەو نازدارە، هەستان‌و چونەوە سەر بنکەی خۆیان لەو سەرەدا. بەو تاڵ لەسەر خاڵ‌لادانە، شەو نەماو سپێدە دەرچو. (یان، کە زولفەکانی هەڵاوێزنی چاوی کە بەهەیبەت شێرن، بەو بەیانە مەستانە خۆیان وەدەر خست، شێران لەترس‌و عەیبەتان، واترسان هەر زراویان چو.)

## قەصیدەی پەنجاو هەشتەم

# «یەک و یەک»

**١ دلبەرا من سەحەری هات بتۆخو بیەدەك**
**صەد یەدەك بون دبەری تێك بسنجابو وشەك**

**مانای وشە:**

**تۆخ:** جوقەی سەر لە تۆپەڵێكمو؛ **یەدەك:** سوخمە؛ **سنجاب:** جانەوەرێكە خزمی سموورە، كەوڵەكەی زۆر بەنرخە؛ **وشەك:** وشەگ، جانەوەرێكە خزمی شێرو پشیلەو لەتایەفەی گوێ رەشانە. كەو ڵەكەی زۆر بەقیمەتە.

**پوختەی مانا:**

یارەكەم بەریبەیان هات. كاكۆڵی وەك جوقەی شایان، لەسەر دیاربو. سوخمەیەكی دەبەردابو بەصەتان سنجابو وشەگ، بەئاوات بون كەوڵیان لەو سوخمەدا بوایە.

**٢ یاربو چومە بواری بزیارەت كەفی پا**
**(قالَ یاعاشِقُ هاتیكَ یَدی هاتِ یَدَكْ)**

**مانای وشە:**

**بوار:** رێباز؛ **كەفی‌پا:** بەریپێ؛ **قال:** گوتی؛ **یاعاشِقُ:** ئەی دڵدار؛ **هاتیك:** ئەوەتانێ: **یَدی:** دەستم؛ **هاتِ:** بدە؛ **یَدَكْ:** دەستت.

**پوختەی مانا:**

خۆم خستەسەر رێبازەكەی، كە ماچی بەری پایبكەم. فەرموی دڵدار دەستت بدە هەڵت هێنمهانێ دەستم، ماچیبكە.

**٣ دلوجان هەردو مەدانێ کو ئیجازەت ژمە خواست**
**(قُلتُ أستَوْدِعكَ الْبارِی اللهُ مَعَكْ)**

**مانای وشە:**

**قُلتُ:** گوتم؛ **أستَودِعُكَ:** بە ئامانەتت ئەدەم؛ **باری:** خودا؛ **مَعَك:** دەگەڵتو.

**پوختەی مانا:**

یار کە رابرد، فەرموی بەئیجازەی تو ئەوا دەڕۆم. گوتم بەخودات دەسپێرم، خوات دەگەڵبێ.

**٤ تەدقێ صافو زەغەل ژێك قەدی تەجرەبەکە**
**داعیارێ بتەمامی بنومێتن تەمحەك**

**مانای وشە:**

**صاف:** پاکو بێخەوش؛ **زەغەل:** چروك؛ **ژێك‌قەدی:** لێك‌بکەیەوە؛ **عیار:** هەڵسەنگانو ناسین؛ **محەك:** ئامرازی کڕاندن؛ ئەو بەردەی چونیەتی زێڕی پێ دەردەخەن.

**پوختەی مانا:**

دەتەوێ بێخەوشو چروك، لەیەکتری هەڵاوێری. پاکو پیسان، تاقی کەوە. محەك دەزانێ زێڕ تەواوە، یان چەند مسی تێکراوە.

واتا ئەگەر لاتوایە دڵداری راستنیم، بمئەزمو تابوت دەرکەوێ چەند پاکو ساغم بوئەوین.

**٥ دەوری زولفاتە موسەلسەل بنەظەر حەل کونەبت**
**نەظەری صافی دلی سەر ددرت نوقطەیی شەك**

**مانای وشە:**

**دەور:** دەورەدان، سال، خەرمانەی مانگ؛ **دەور:** لەزاراوەی زانایانی عیلمی کەلامدا، دو مەبەست بەستە بەیەکن کە بێیەکتر یان‌ناکرێو ئاکام هەردەبێتەوە یەکو پێدابڕۆ؛ **موسەلسەل:** بەزنجیرە؛ **موسەلسەل (یان، تەسەلسول):** لە زاراوەی زانایاندا، چەند کارێك یا چەند مەبەستێك یەك بەیەکەوە لکاونو هیچیان بەبێ هیچیان نابنو بڕانەوەشیان بونیە؛ **نەظەر:** دیتن بەچاو؛ **نەظەر:** لە زاراوەی زانست، چەند مەبەستێکی ئاشکرا بێنیە پاڵیەك تا ناتاشکرای پێ دەرخەی؛ **شەك:** گومان؛ **نوقطەی شەك:** واتا کە لە دەورو تەسەلسولدا، پیاو سەرگەردان دەمێنێتو ریگەی حەل‌کردن ون دەکات. بەخەیاڵو نەظەرییە، بەڵگەیەك دەدوزێتەوە کە کلیلی رزگار بونە. واتا بەگومانی دەراوی دەرەتان رەچاو دەکا؛ **سەر ددرت:** سەر هەڵدەدا.

شیاوی‌باسەمەلا لەوبەیتە شیعرەدا، مەبەستەکانی لێك‌جیای عیلمی‌حیکمەتو کەلامی، داونەپاڵیەك.

**پوختەی مانا:**

دەورەدانی خەرمانەی مانگی روخسارت، کە زنجیرەی لێك نەپساوی کەزیەکانت، لەکەزیە بێبڕانەوە کانت دەوری‌داوە؛ سەری ئێمەی لەناو ئەو جەغزە بێدەرکە، گێژ کردوەو کەوتوینە باسی دژواری دەورو تەسەلسول لەسەرروت. کەزیت جوانیەکەی لەروتە، جوانی روت بەو پرچانەوە. هیچیان بێ یەکتریان ناکرێو هەتا زۆر لێی بکوڵینەوەو لەنوختەی خاڵ وردبینەوەو بەگومان بەهۆی خاڵەوە، دەرەتانێك بەدی‌بکەین؛ لەشك‌و گومان دەرناچین‌و لەوهەمو بەچاو دیارانە، ناگەینە مەبەستی نادیار، کە هۆی جوانی لەبسك‌و خاڵ‌و رودایە. دەبێ چاوی دڵمان رون‌بێو، بەو بروانینە جوانی‌تو. ئەوسا سەرەتای کڵافەی گومان‌و شك، سەرهەڵدەداو دەزانین جوانیت لەچیەو حاڵی دەبین.

«مەلا حیسام‌الدینی سەرا» دەڵێ:

بە صوغرایی دەمو کوبرایی چاوت مەطلەبێکم بو

بەصەد دەورو تەسەلسول هاتە پێش زولفی پەرێشانت

**٦ ئاهوا من نەکورەنجەك تە بخاطر بگەهت**
**بەخودێ‌کی تو کو ئەوسەگ بەخودی هاتە مەسەك**

**مانای وشە:**

**خاطر:** دڵ، بیر؛ **بەخودێ‌کی:** تۆبی‌و خودا؛ **خودی:** خۆبەخۆ، لەخۆیەوە؛ **مەسك:** گیران؛ **مەسەك:** لەناچاری قافیەوە هاتوە.

**پوختەی مانا:**

ئاسکە چاوجوان‌و ناسکەکەم! تۆبی‌و خودا لەمنی دڵدار ـ کە سەگی بەر دەرکی خۆتم ـ دڵ مەگۆڕەو لێم مەرەنجێو مەڵێ سەگ هاتوەبۆ راوەئاسك. نەخێر ئەم سەگەی بەردەرگات. خۆی بە ئارەزوی دڵی‌خۆی، کردۆتە نێچیری چاوت‌و گیرۆدەی داوی جوانیتە.

نازانم کام شاعیر دەڵێ:

سەیری نابینم نێچیروانێك بەشوێن نێچیرەوە

سەیری خۆش ئەو حانەیە نێچیر وەدوی راوکەر کەوێ

**٧ بئەڤینێ مەلەك‌و چەرخ‌و فەلەك تێنە سەما**
**رەوشەنن تێك بمیهرێ ژسەما تابسەمەك**

**مانای وشه:**

**میهر:** هەم رۆژ هەم خۆشەویستی‌و دڵداری؛ **سەمەك:** ماسی، نیاز ئەو ماسیەیە کە زەمینی لەسەر پشتە.

**پوختەی مانا:**

سەروبەر عاسمان‌و زەوی‌و بەرزو نەوی‌و هەرچی لەناویاندا هەیە، بە فریشتەو بەعاسمان‌و بە عەرزەوە، تەنانەت بەو ماسیەشەوە کە دەڵێن لەژێر عەرزایە، لەشۆق‌و شەبەق دانەوەی خۆری ئەوینی خودایی کەوتونە سەماو هەڵپەرکێ‌و بێ‌ئارامن.

**٨ نەکو پەیوەستە بیەك‌بن ژسوری عیشقێ دوروح**
**دێ بئەشباح ببن واصیل‌و پەیوەستە بیەك؟**

**مانای وشە:**

**سوڕ:** دڵکێشی، جازیبە؛ **ئەشباح:** تارمایی‌گەل؛ **ئەشباح:** بریەتیە لەو گیانانەی کە لەسەر زەوی کۆچ دەکەن‌و بەدیمەن دەچنە ناو لەشێکی روناك کە لە لەشە گڵینەکەی ژیانی سەرزەمینیان دەکا؛ **واصیل:** گەیشتو؛ **پەیوەستە:** هەمیشە؛ **پەیوەستە:** لکاو.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر دوگیان لەسەردنیا، بەر کێشەری دڵداری نەکەوتبێتن‌و ئەوین لێکیان پیلۆز نەکا؛ چۆن لەو دنیا لەپاش کۆچ‌کردن لەزەوی، تارمایی ئەو دوگیانانە بەیەك دەگەن‌و هەمیشە پێکەوە دەبن؟!

**٩ ژموسەمما عەدەدو کەثرەتی ئەسما تومەبین**
**زەیدو عەمرێن مەحەتا چەند؟ دونینە یەك‌ویەك**

**مانای وشە:**

**موسەمما:** ناوبراو، ناونراو؛ **کەثرەت:** زۆری؛ **زەیدو عەمر:** ناوی پیاوی کەس‌نەناسن، کە لەکتێبی رێزمانانداا بۆنمونە باسیان دەکرێ.

**پوختەی مانا:**

لەبازاری دڵداریدا، من‌من‌و تۆتۆ یەك‌نیە. با لەناونرانیش جیابن؛ بۆ ناسینەو رزگاربون لەسەر تاسینە. زەیدو عەمر هەر یەکێکن. مەڵێ دوانن. ئەوین دوەتی نازانێ.

شیاوی باسە: مەلا باسی ناوە زۆرە کانی خودا دەکا کە هەمویان ناون بۆ تاقە خودایەك.

## ١٠ چفەصاحەت بمەلاحەت وەددێری تو«مەلا» ئەڤ ئەدایاتە دشیعرێ وەشرینو بنەمەك

**مانای وشە:**

**فەصاحەت:** گفتەرەوانی؛ **مەلاحەت:** مەزەداری؛ **نەمەك:** خوێ، لێرەدا بریەتیەلە دلڕفێنیو مەزەداری.

**پوختەی مانا:**

مەلا! بەراستی لەشیعرا گاڵە دەکەی. ئەوگفتو لفت رەوانیو قسەبەتامو خوێیانەت چلۆن بوڎێن؟ شیعرەکانت هەتا بڵێی رێكو شیرنو مەزەدارن.

# قصیدەی پەنجاو نویەم

# «پارەی جەرگ»

**١ تَعالیٰالله زەهی حوسنا موبارەك**
**تەبارەك، صەد تەبارەك، صەد تەبارەك**

**٢ مەگەر شیرین بقویٚ شیرانی‌یی‌ٚ بو؟؟**
**(الا شَمْسُ الَملاَحَةِ قَدْ تُشارَكْ)**

**مانای وشە:**

**تَعالَالله:** پایەبەرزی بوٚخوا؛ **زەهی:** چزوٚر، عەجایب؛ **موبارەك:** پیروٚزو بەپیت؛ **تەبارەك:** پیروٚزی بوٚخوا؛ **شیرانی:** شیرنایەتی؛ **ئەلا:** ئاگاداربە؛ **شەمس:** خوٚر؛ **قەد:** لیٚرەدا واتای (دەبیٚ؟)؛ **تُشارَك:** هاوبەشی لەگەلٚ بکریٚ.

**پوختەی مانا:**

چوٚن جوانیەکە خودای گەورە بەتوٚی‌داوە؛ دەس‌رەنگینی‌و پایەبەرزی هەر بوٚخوایە. هەی ماشاالله صەد ماشاالله! صەد ماشاالله! کەی شیرینەکەی کە فەرهاد دڵی‌دایە، بەجوانی‌و شیرینی توٚبو؟ توٚ خوٚریٚکی لەعاسمانی دڵکیٚشی‌و مەزەداریدا. خوٚر لەعاسمان هاوتای کوانیٚ؟

**٣ ژغونچیٚن بوغچەیا ویٚ گولعوزاریٚ (یان، گولعیذاری)**
**ژهەر غونچە ددلدا مایە خارەك**

**مانای وشە:**

**بوغچە:** باخچەی گوڵان؛ **عیذار:** لاجانگ؛ **ما:** ئیٚمە؛ ددلدا مایە: دەدڵدا ماوە (یان، دەدڵی ئیٚمەدایە).

**پوختەی مانا:**

لەهەر خونچێکی ناو باغچەی گوڵی ئەم گوڵ لاجانگەدا، درکێکی داخو عەزرەتمان لەدڵدایە.

٤ **لتەخنی دلبەری رونیٚ بشاهی**
**لتەشاهی موبارەك بت موبارەك**

٥ **ژدیداریٚ مورادا من ببەخشە**
**مورادا من ژتە دیدارە جارەك**

٦ **ددل دائی یودیسا دل دصوٚژی**
**(أتحرق یاملیكَ الْحُسن دارَك؟)**

٧ **عیزاری گەر لمن دی تو لدلدە**
**لانَ الْقلبَ قدیهوی عیزارَك) یان (عِذارَك)**

**مانای وشە:**

**شاهی:** شادیو دڵخوٚشی؛ **دصوٚژی:** دەسوتێنی؛ أ: ئایا؛ **تَحرق:** دەسوتێنی؟؛ **یا:** ئەی؛ **ملیك:** خاوەن، پادشا؛ **حُسْن:** جوانی؛ **دارَك:** ماڵیخوٚت؛ **عیزار:** تیری هەردو قەراغ تیژ؛ **عیزار:** سەرکوٚنەو لوٚمە؛ **عِذار:** لاجانگ، کاکوڵ، رومەت؛ **لانَ:** چونکە؛ **یَهْوی:** عاشقەبە.

**پوختەی مانا:**

توٚ سەردا ی دڵبەرانیو هەمو دڵبەر توٚیان بەگەورە قبوڵە. دەبە شادی لەسەر تەختی گەورەییو سەروەری جوانان، روٚنیشە. لێت پیروٚزو ممبارەكبیٚ.

هەر شایەکی لەسەر تەختی بەختەوەری جێگیردەبیٚ، هەژاران دەلاوێنێتو خێریان بەسەردا بەشدەکاو بەخشش بەبیٚ بەشان دەدا؛ منی هەژاری دڵدارت، هەمو ئاواتو ئارەزوم، دیتنی دیداری توٚیە. بیکە بەخێر بوٚجاریك خوٚتم نیشاندە.

زوٚر پێم سەیرە توٚ لەناو دڵمدا دەژیو کەچی بەر ئاگری دەدەی. پاشای جوانی جاوادەبیٚ توٚ ماڵی خوٚت بسوتێنی؟! ئەگەر هەر بڕیارت داوە، بەتیری تانەو سەرکوٚنە، یان بە پەیکانی نوك‌تیژی سەری بسكو موی کاکوڵت، من بکوژی؛ دڵەکەم تیرەباران‌کە چونکە ئەوی گیروٚدەی لاجانگو کاکوڵانتە دڵە شێتو دێوانەو بیٚ ئارامەکەمە.

٨ **تەجەرگیٚ من ژدل کر پارەپارە**
**(فَجارَكْ یا بدیعَ الْحُسن جارَكْ)**

**مانای وشە:**

**ژدل:** هەر بەراستیو لەتەهیدڵ؛ **جارَك:** هاوسات؛ **جارَەك:** پەنادانیتوٚ؛ **جارك:** پەنابەربەتوٚ؛ **بَدیع:** تازە

داهاتو؛ **حُسن:** جوانی.

**پوختەی مانا:**

لە تەهی دڵدا دەتەویست جەرگەکەم پارەپارەکەی. ئەوا کردت. ئەی تازە جوانی بێوێنە! چۆن تۆ دەبێ گوێ بەو فەرمودەیە نەدەی کەپێغەمبەر فەرمویەتی: هاوسایەکەت، دیسان هاوسات ئەمجاریش هەر هاوسایەکەت. خۆت ئەزانیت؛ جەرگ هاوسای دڵەکەمەو تۆش لە دڵمای. کەوابو جەرگ هاوساتە. پەنام بدە، پەنام بەجوانیت هێناوە. خوا فەرمویە: (ئەگەر کافری خوا نەناسیش بێتە پەنات، پەنای بدە). تۆ چۆن لە ژێر پەنای خۆتا، منو دڵو جەرگو هەناوی سوتاوم، پەنا نادەی؟؟!

**٩ وەرە خانم بکوژ بستە بخەنجەر**
**«مەلێ» ئەمما بدەستی خۆی موبارەك**

**مانای وشە:**

**بستە:** بیترس، بەراشکاوی، بێسڵ کردن.

**پوختەی مانا:**

میروگەورەم! (یان، خانمە نازەنینەکەم!) لە کوشتنم بەخەنجەران هیچ سڵمەکە. خوێنەکەمت لێ حەڵاڵبێ. بەو مەرجەی بەو دەستە جوانو پیرۆزەی خۆت خەنجەرم لێ داوەشێنیو دوایی بە بەدبەختیم بێنی.

## قصیدەی شێصتەم

# «چاوی بەڵەك»

**١ نازكەك من سەحەرێ دی بجەمالا خوە نەوەك**
**حورو ویلدان‌و پەری بو نەبەشەر بونە مەلەك**

**مانای وشە:**

**ویلدان:** ئەو كوڕە تازەلاوانەی لە بەهەشتان؛ **بەشەر:** مرۆ.

**پوختەی مانا:**

سەرلەبەیان، جوانێكی ناسك‌و نازدارم، هاتە بەرچاو. وەك چی ئەچو؟ سەرگەردانم بڵێم وەك‌چی. كچۆڵە چاورەشەكان‌و لاوە خوێن‌شیرینەكانی بەهەشت‌و پەری‌و فرشتە، لێم رونە ـ بەجوانی ـ نەدەگەینە ئەو. خۆ مرۆش هەر باسی‌مەكە.

«خانی» دەڵێ:

پەسنت چیدەم؟ ئەوەندە جوانی  وەك هەرچی بڵێم جوانی وانی

**٢ وەر تەماشایی شەهیدێن خوەكە جارەك توبنێ**
**(أحسَن اللهُ تَبارَك) ژدو چەهقێن دبەلەك**

**مانای وشە:**

**بنێ:** بنۆرە، بنێرە؛ **أَحسَنَ:** چاكەی‌كرد، جوانی دروس كرد؛ **تەبارەك:** گەورەیی‌و پیرۆزی بۆخوا.

**پوختەی مانا:**

گەورەیی‌و پیرۆزی بۆخوا؛ جوانی چۆنی دروس‌كروە. تۆ بۆئەوە كەبزانی چەندە جوانی، هەر

جارێك وەرەو بنوێرە لە كوژراوانی چاوانت. ئەی نامەخواو پەنا بەخوا، لەو دوچاوە بەڵەكانەت.

٣ سونبولێن تەر لگولان پال بەمەستی ددرن
سوسنێن تازە لنەسرین وەرەقان بونە هەلەك

**مانای وشە:**

**ددرن:** دەدەن؛ **وەرەق:** پەڕە؛ **هەلەك:** ئاڵقە؛ **هەلەك:** سەرگەردان؛ **هەلەك:** بەلاداهاتن‌و شكان؛ **هەلەك:** تەماحی زۆر؛ **هەلەك:** تینوەتی گیای بێباران.

**پوختەی مانا:**

كەزی یارم ـ كە بە سملی تەر دەشبهێنرێن ـ بە دینی كوڵمە سورەكەی ـ كە وەك پەڕی گوڵی ئاڵە ـ سەرخۆش بون‌و بەمەستی پاڵیان وەگوڵدا. سوێسنەی هەرە پەسندو جوان ـ كە مەبەست بسكەكانیەتی ـ لەسەر پەری هەرە سپی گوڵی نەسرین ـ كە نیازم لەلەجانگانە ـ بونە ئاڵقە. یان، لە تاوان تێك شكان‌و بەولاو بەملادا دەكەوتن.

٤ نازكامن كوبمەستی دچەمەن هات خەرام
ژحەسەد چونە خوسوفێ مەهو میهری دفەلەك

**مانای وشە:**

**حەسەد:** ئێرەیی؛ **خوسوف:** قوپان؛ **خوسوف:** گیرانی مانگ.

**پوختەی مانا:**

یاری ناسك‌و نازداری من، كە لەجوانی خۆی مەست ببو، بە لەنجەو لار، هاتە گوڵزارو مێرگوڵان. مانگ‌و خۆر كەدیتیان یارم زۆر جوانترو لەبارترە لە هەردوكیان، لەعاسمان خۆیان شاردەوەو بەپەڵەی ئێرەیی گیران.

٥ ئی ژغەفلەت تەببینت كو دمینت هەیهات
تە بچەهڤێن دبەلەك كوشتنە مەظلوم گەلەك

٦ ذەررەیەك عیشق گەهاكێ‌و ژعەقلێ خوە نەبر
(كُلُّ مَنْ صادَفَهُ داهِیَةُالْعِشقِ هَلَكْ)

**مانای وشە:**

**هەیهات:** دورە، هەیهو؛ **گەلەك:** یەكجار زۆر؛ **كُلُّمن:** هەركەسێك؛ **صادَفَهُ:** توشی‌هات؛ **داهیە:** بەڵای

زل؛ **هەلەك:** بەهیلاكچو.

**پوختەی مانا:**

هەركەس لەپڕ تۆ ببینێ، چۆن دەمێنێ؟ دورە مانی، هەیهوی دەوێ. تۆ بەو چاوە بەڵەكانەت، زۆر بێسوچو گوناحت بەكوشتن‌داوە. هەر توزقاڵێك لە ئەوینێ، وەكام پیاوی ژیر بكەوێ؛ ئاوەزی لەبەر نارفێنێ؟ هەركەس توشی بو بەتوشی ئەو بەڵایە ـ كە ناو نراوە دڵداری ـ دەبێ فاتیحای بخوێنن.

**٧ خوسرەوی عیشقێ كورونیشتی لسەر تەختی وجود**
**(فَتحَ‌الْقلبَ عَلَی‌الْفَورِ وَلِلرّوحِ مَلَكْ)**

**٨ وە چعیشق‌و چسەلامەت كود دورن ژیەكی**
**(كُلُّ مَنْ یَسئلُكُ حُبّاً سُبُلَ‌النّارِ سَلَكْ)**

**مانای وشە:**

**وجود:** بون‌و هەیەتی؛ **فَتحَ:** كردیەوە؛ **فَتحَ:** گرتی؛ **قلب:** دڵ؛ **علی‌الْفَور:** دەستەولەجێ؛ **مَلَك:** بوبە خاوەن؛ **یَسئلُك:** دەروابە؛ **حُبّ:** ئەوین؛ **سُبُل:** ڕێگایان؛ **نار:** ئاگر؛ **سَلَك:** ڕوێشت پێدا.

**پوختەی مانا:**

پادشای ئەوین هەركە گەییە سەرتەختی سەروەری دنیاو هەبون. دەستەولەجێ بوبە خێوی موڵكی‌گیان‌و هەمو شاری‌دڵانی‌گرت.

ئێوە چۆن دەگەڵ ئەوین‌دا باسی مان‌و ساغی‌دەكەن. هەركەسێ ڕێگەی ئەوینی گرتۆتە بەر خۆی خستۆتە ناو ئاگرو لەسەرپۆلوان هەنگاو دەنێ.

**٩ ئاهی بێ‌گاڤ ژدل‌تێن مە ژپێتاد جەگەر**
**بەس توبێ فەیدە نەصیحەت كە مەدل بویە پەلەك**

**١٠ ما ژعومرێ مەچمابت وەرە ئیدی قمەرا**
**دا دئەقطاری وجودێ بكرین سەیری مەلەك**

**مانای وشە:**

**گاڤ:** وەخت؛ **پێت:** بڵێسە؛ **فەیدە:** بەهرە، فایدە؛ **پەل:** پۆلو، سكڵ؛ **ما:** ئەشێ؛ **قمەرا:** وێرای ئێمە، دەگەڵمان؛ **ئەقطار:** مەڵبەندگەل؛ **سەیر:** ڕوێشتن، تماشا.

**پوختەی مانا:**

بۆ جەرگی من، وەختو بێوەخت نەماوە. هەمو دەمان، لەو بڵێسەی کە تیایە؛ دوکەڵی هەناسەی بەرزە. برا بەس ئامۆژگاریم‌کە، بەهرەی نیە. سەرەرای جەرگی پڕ لەگڕ، دڵیشم وەك سکڵ وایەو هەر خۆی، پەنگری ئاگرە. هەودای تەمەن، وا هەڵدەکرێو بۆ مردن زۆرم نەماوە. یاری جوانم دەسا بەزەییت پێمدابێ. بمخە شوێن خۆت؛ با لەهەمو مەڵبەندی ئەم دنیایەدا، گەشتێکی فرشتەئاسام بەنصیببێ.

**١١ دەستیوائێ کو ژحوسنا تەڤەدا لامیعەکی**
**«نَظَرالشَمسِ مِنَالشَرقِ اِلیٰالْغَرْبِ دَلَكْ:**

**١٢ ئافتابێ کونە تەصویر ژحوسناتە بتن**
**(نورُهٰا فیٰنَظَری ظُلْمَةُ داجٍ وَحَلَكْ)**

**مانای وشە:**

**استیواء:** راستبون؛ **خەتی ئیستیوا:** ئەو هێڵەیەکە روژ لە ناوەندی عاسمان بەرخۆی دەدا؛ **ڤەدا:** دایەوە؛ **لامعە:** بروسکەدار؛ **نَظَر:** چاو، تماشا؛ **مِنَالشَرْق:** لە خۆر هەڵات؛ **اِلیٰالْغَرب:** بۆلای روژ پەڕ؛ **دَلَك:** بەرەو ئاوابون چو؛ **نورُها:** رۆشنی ئەوخۆرە؛ **فیٰنَظَری:** لەبەرچاوی من؛ **ظُلْمَة:** تاریکی؛ **داج:** شەوی تاریك؛ **حەلەك:** زۆرتاریكو رەش.

**پوختەی مانا:**

لە جوانیتۆ، بروسکەیەك گەیشتە خەتی ئیستیوا. خۆری هێندە شەرماوی کرد، کە چاوەی چاوی لە ئالی روژهەڵاتەوە وەرگێڕاو، روی کردە لای خۆرپەڕەوەو بەرەو ئاوابون، راخوشی... ئەو خۆرەی کە وێنەی جوانیت نەداتەوە، لەبەرچاوم رەشە وەك شەوی تاریکی ئەنگوست لەچاو.

**١٣ ژهەوێ بەند تەکرم شوبهەتی بایێ دسڤك**
**چژ بسکاتە ببێم؟ ئاه ژبسکاتە چەلەك**

**١٤ ئەز ژزولفاتە ڤەرستم مەطەلەب کر لەبی لەعل**
**لێ دچاها ذەقەنێ بێسەروپا چومە هەلەك**

**مانای وشە:**

**هەوا:** ئەوین؛ **هەوا:** با؛ **هەوا:** بەرزایی، حەوا؛ **سڤك:** سوك؛ **ببێم:** بێژم؛ **چەلەك:** چەلەنگو شوخ؛ **چەلەك:** خوارایی سەری دارگوچان؛ **ڤەرستم:** راپسکام؛ **ذەقەن:** چەنە؛ **هەلەك:** سەرگەردان، پشوسوار، هیلاك.

**پوختەی مانا:**

لە ئەوینت وا تاسابوم، دامابوم کە بۆکوێ بچمو چمبەسەردێ. لەپڕ بەندی بسکەکانت ئاڵقەیان‌دا لەگەردنمو وەك بایەکی سوكو بێسەنگ، هەڵیان بڕیم. لە حەوادا، ملم لە پەلەقاژە نا. ئاخ لەو بسکە رەشانەی تۆ! نەك هەرمن، باشیان ـ بەوسوکی‌یە ـ لەناو خۆیاندا گرتوە.

لەپڕێکا خۆم لەگەوی بەندی بسکانت، راپسکاندو بەهەڵەداوان دەچومە تماشای لێوە ئاڵەکەت. خوتو خافڵ دەچاڵی چەناگەت کەوتم. وەك مەلێکی بێباڵو پەڕ، بێ دەستوپێ، لەو چاڵەدا سەرگەردانمو بێپشومو بەرەو نەمان شوڕ دەبمەوە.

«حافظ» دەڵێ:

دڵە نەم‌گوت کە بەپارێزبە لەپرچی یارم  باش تەنانەت لەگەوی بسکی ئەوا گیراوە؟!

## ١٥ بئومیداتە هومایێ نە «مەلێ» تۆر قەدا وەر تماشای جیهان بویە هەمی‌تورو شەبەك

**مانای وشە:**

**هوما:** پیرۆزەی سێبەرپیرۆز؛ **قەدا:** نایەوە؛ **شەبەك:** تۆڕی‌راو.

**پوختەی مانا:**

نەهەرمەلا بە هومێدی گرتنی سێبەرەکەی تۆ، کە پیرۆزەی سێبەر پیرۆزی بەودمی. داوی ناوە. وەرە سەیرێ هەمو دنیا تەپکەو داوەو هەمو عالەم وێڵن لەشوێن سێبەری تۆ. بۆ هەرکوێ دەچی هەر تەپکەو فاقەو داوموسکە دانراوەو لەرێتا نراوەتەوە.

## قصیدەی شێصت‌وی‌یەکەم

# «دڵ پەرەنگە»

۱ کو ئیشارەت ببیشارەت بدرت نەغمەیی چەنگ
ژروی ئایینەیی دل برتن پەردەیی زەنگ

۲ فەهمی راز ئەر بکری وەربیهی موژدەیی ساز
چەنگ بێ پەردە دبێژت نەنەی‌و نای بدەنگ

**مانای وشە:**

**بیشارەت:** مزگێنی؛ **نەغمە:** ئاواز؛ **زەنگ:** ژەنگ؛ **ببهی:** ببیسی.

**پوختەی مانا:**

هەر ئەگەر مزگێنیەکی خۆش، لە ئاوازی چەنگەوە چەنگ لە دڵماندا؛ ئـاوێنەی دڵ مشـت‌و ماڵەو ژەنگی لەسەر رادەماڵێ. ئەگەر لەوانەی کەشیاوی راز پێ‌وتن‌بی‌و لەنهێنیان حاڵی‌ببی؛ وەرە گوێ لە سازان بگرە، کە چۆن رازان وەدەر دەخـەن. چـەنگ بەئـاشکرا پێت دەڵێ چخـــەبەرەو بلوێرو شمشاڵیش بەدەنگ بانگت ئەکەن.

۳ وەه کوبێ شاهیدو مەحبوب تەعومرێ خوەبوار
کارەکی رابەبکە وەقتە کوئێوارە درەنگ

٤ بەری مەقصودێ ژطوبی نەگرین مەعلومە
مە ژدەستی خوەیی کوتاهو ژپایی خوەیی لەنگ

**مانای وشه:**

شاهید: دڵبەر؛ **بوار:** رابوارد؛ **رابە:** هەستە؛ **طوبیٰ:** خێرو خۆشیو بەختەوەری؛ **طوبی:** دارێکە لە بەهەشت. بەهەشتیەکان دەچنە بنی؛ **کوتاه** : کورت، کن؛ **لەنگ:** شەل.

**پوختەی مانا:**

بەداخەوە تەمەنی خۆت بێیارو دڵبەر گوزەراند. هەستە چارێکی خـۆت بکـەو کارێك بکـە. تەمەن گەیوەتە ئێوارەو هەربینا لەدنیا دەرچوی.. هەتاخێوی ئەمدەستە کورتو قولانەو، ئەم لاقە شـەڵو گێڕانەی؛ هەر دەبێ بەتەمانەبی بەر لەداری بەختەوەری دا بوەرێو بیچنیەوە.

خەییام» دەڵێ:

حەیفم لەدڵێ دێ کە بەبێ سوتمانە  دڵداری تێا نەکردوە هێلانە
هەر روژێ کە بێ دڵبەرو بێ دڵداری  بێنرخە پروپوچە زیانی ژیانە

**٥ دلی یارێ مە نەبو نەرم بصەد ئابی گری**
**ئەئەرێ دێ چبکەت ئاب بصەد قەطرە لسەنگ؟**

**٦ سینە گەھ تێت کوبکەربێت ژدەربێ عیشقێ**
**مە جەگەر شوبهەتی باروتەو دل مایە پەرەنگ**

**مانای وشە:**

**ئاب:** ئاو؛ **گری:** گریان؛ **ئەئەر:** شوێن؛ **دەرب:** زەبر؛ **پەرەنگ:** پوڵو، سکڵ.

**پوختەی مانا:**

زۆر گریامو زۆرم فرمێسك داباراند. بەڵام دڵی ئەویارەیمن، بەئاوی چاو نەرم نابێ. بەردی رەقـە. ئـاو کەنگـێ کاری لێدەکا. دیومە وەسـتای کەڤـرتاشین بەرد دەکوڵن، باروت دەکەنە ناوکوڵیاو. پوڵوێکی لەسەر دادەنێن. بەرد ئەتەقێو بەجارێك لەبەریەك دەچـێ. سـینگم جـارجار لەبەر زەبری خۆشەویستنی ئـەو یارە، بەدەردی بەردەکە دەچـێ. جـەرگم رەشـە وەك باروتو وەکو باروت ئاگرگرە. دڵەکەشم بەتەواوی بویتە پوڵو. چۆن سینگی هەژار نەتەقێو هەڵنەتەکێ؟!

«بابا هەژاری موکوریانی» دەڵێ:

بەگریەم پێکەنی، خەندەت بەشینە  دەڵێی پاش‌گریە نوڕەی پێکەنینە!
دڵت گەر صەدپەکی سینگت نەرمبا؟  نەرم بوی ئێستە بوماچێك لەسینە

**٧ بچرەنگێ مەددل خەفبیتن گەوهەری عیشق**
**عاشقان موحبەتو میهرا زەریان کفشە ژرەنگ**

٨ کفشه مەجموعو پەریشانیی حالی مە ددل
ژسەری زولفا پەریشانو ژبسکا تەیە شەنگ

**مانای وشە:**
**کفش:** دیار، کەشف؛ **زەری:** سەوزە رەنگ، سپی پێستی ئامالْ زەرد؛ **مەجموع:** توپەلْ؛ **پەریشان:** بڵاو.

**پوختەی مانا:**
گەوهەری بیْوێنەی ئەوین، چۆن دەتوانین لەناو دڵماندا وەشێرین. خۆشەویستی زەرد ئەسمەرو سەوزە رەنگان، زەردی دەدەن بەرەنگی دڵدارەکانیانو دڵیان دزی گەوهەری لیْ دەردەکەویْ. لەولایشەوە سەری پرچی پەریْشانو توپەڵە موی بسکی شەنگت، پەریْشانیو بڵاوی دلْو دەرونمان وتێکە ڵاوی پڕایی دڵدارەکانت، نیشان ئەدەن.

٩ نەتنیْ گەزمە دبارن مە ژقەوسی دوهیلال
مە ژموژگانی سیەد تێنە جەگەر تیرو خەدەنگ

١٠ میثلی وی قەوسی هیلالی کو دونون رەیحانی
کی نیشان دانە ژشیرازو کیْئانینە ژیەنگ

**مانای وشە:**
**رەیحانی:** وەك ریحان؛ **رەیحانی:** شێوە خەتێکی زۆر جوانە؛ **شیرازو یەنگ:** دوشارن بەکەوانی چاك ناسرابون.

**پوختەی مانا:**
جگە لەوەی کە لەکەوانی دوبرۆی ـ کە وەك مانگی یەکشەوەنە ـ تیرمان بەسەردا دەبارنو، ئەو کەوانە برۆیانەش، لەوانەنین کە لەشیرازو ینگەوە، دەیان هێنن. نەخێر ئەوانە بەتیشکن وەك مانگی یەکشەوە دەچن، کە خەڵك دەس لەبان چاوان بەخۆشی بۆیان دەڕوانن. دەگەلْ تیشكو بەرچاویشدا، وەك دونونی زۆر هونەرین کە بە دەسخەتی رەیحانی نوسرابنو بۆنی ریحانانیش دەدەن؟ لە تیری مژۆڵەکانی، رەشیو تیژیش، بیْبەش نەبوین. لەپەستا تیری ئەوانیش دادە رژێنە سەر جگەرمان.

١١ هەر لەدۆرا حەجەرئەسوەد حەبەشان چەرخو طەواف
تێنو قوفا عەرەفاتیْ بسەمانوبیو زەنگ

**١٢ صەف بصەف تورك‌و موغول دوگوش‌و هیندی دکەمین**
**بعەجەب هاتنە جەنگێ حەبەش‌و روم‌و فەرەنگ**

**١٣ میرو کرمانج لهەولان (لهۆلان) قەدەرەك وەستانە**
**لێبنیقێ بصەف‌و تیپی عەرەب هاتنە جەنگ**

**مانای وشە:**

**حەجەر:** بەرد؛ **ئەسوەد:** رەش؛ **چەرخ:** خول؛ **وقوف:** وێستان؛ **عەرەفات:** جێگەیەکە لەمەککە حاجی وچانی لێدەدەن؛ **نوبی:** خەڵکی نوبە کە وڵاتێکە لەنێوان میصرو سوداندا؛ **زەنگ:** خەڵکی زەنگبار، قولەرەشە؛ **موغول:** خەڵکی مغولستان؛ **دوگوش:** شەڕو کێشە؛ **میر:** نەجیمزادە؛ **کرمانج:** لێرە مەبەست ئاپۆرەی کوردە؛ **هەول:** ترس؛ **هۆل:** گەمەی شەقێن؛ **تیپ:** دەستەسوار.

**پوختەی مانا:**

هەرگا یارم دێتە دەرێ، یا لە پەنجەرەی کۆشکەوە سەر دەردێنێ‌و تماشای دەشت‌و دەر دەکاو، رێزی بسك‌و کەزیەکانی بەسروەی با دەهەژێن‌و خاڵ‌و میلان لەرومەت‌و گەردن‌و لاجانگەکانی دا دەپۆشن‌و جاروبارە دیاری دەدەن؛ دڵم دەڕوا. دیمەنی سەیرو سەمەرەم دێنە بەرچاو. جارێك دەڵێم: خاڵی سەرڕوی، بەردی رەشی حاجیەکانە. بسکەکانی ـ کە بەرەشی وەك حەبەشی‌و نوبی‌و زەنگین ـ لە دەوری، چەرخ‌و خولیانەو دەڵێی حاجین لە تەوافێ‌و لەسەر چیای عەرەفاتی ئەوباڵایە جار دەوێستن پشو دەدەن، جار لەخۆشیان سەما دەکەن. خۆ ئەگەر شنەبای بسکان، توزێك بەهێزو گور هەڵکاو کەزیەکانی بلەرێنێ‌و بیان خاتە سەر دەم‌و چاوی‌و لەسەر هەنیەی بێن‌و بچن، یەکجاری دڵم دەشێوێ‌و کۆنە شەڕی دەوڵەتانم دێتە بەربیرو خەیاڵ‌و خۆم هەر لەبیر دەچێتەوە. لەلام وایە کەزیەکانی لە دولاوە بۆکێشەو شەڕو ئاژاوە، ئامادەنە. لەشکری تورك‌و مغولان لەلایەك‌و لەشکری حەبەشی‌و رۆم‌و فەرەنگ لەو ئالیەوە بۆیەك‌دێن‌و دەبێتە شەڕو پێك‌دادان. خاڵە رەشە ئیسوتیەکەی ـ کەوەك ئیسوتی هیند ئەچێ لە رەشی‌و جەرگ‌بری‌دا ـ لەبۆ سەدا ماتەی داوەو دیاری نادا. لاجانگ‌و بەرچێڵەی سپی ـ کە لەپاکی‌و روناکی‌دا وەك بەگزادەو ئاپۆرەی سادەی کوردانن ـ لەو مەیدانە بۆ سەیری گۆی چەناگەیو بسکی سەرلێچەماوەوەی کاشۆ ئاسای راوێستاون‌و لایان وایە جەنگ بەسەروان‌دا نایە. بەڵام زۆر خەیاڵیان خاوە. پرچەکانی پەرێشانی ـ کە لە بێ‌روحمی‌و دڵ‌رەشی، وەك عارەبە رەشکە وانە ـ هێرش دێنن‌و ئەو مەڵبەندانەش دەستێنن کە بۆمن‌و چاوی دڵم، جێگەی هومێدو ئاوات بون.

**١٤ ژگوهەر غونچە گوشایی دکرت دورجێ عەقیق**
**بشەکەر خەندە زەنی گەر بگریت شەککەری تەنگ (یان، تونگ)**

**مانای وشە:**

**گوهەر:** گەوهەر؛ **گوشایی:** بکەیەوە؛ **دورج:** قوتوی جەواهیرات؛ **خەندە:** کەنین؛ **زەنی:** لێدەی؛ **بگریت:** دەگری؛ **تەنگ:** بار؛ **تەنگی شەکر:** بریەتیەلە لێوی دڵبەر؛ **تونگ:** کوپەڵەی دەمتەنگ.

**پوختەی مانا:**

خونچەی دەمت، بپشکوێو ددانە وەك گەوهەرەکانت ببیندرێن؛ یاقیق لەبەر تەریقی خۆی، دەرگای قوتوەکەی تێیدایە گاڵەدەدا، تا نەیبینن. ئەگەر بەلێوی شەکرینت، زەردە خەندەی شەکربارت بێتە سەرزار؛ باری شەکر بەدیل دەگریو شەکر لەناو تونگەی دەمتەنگ بەزەی بەخۆی دادێتەوەو بۆ حاڵی زاری خۆی دەگریو لە عەیبەتان دەتوێتەوە.

**١٥ وەرە بیپەردە «مەلا» وێ غەزەلێ بینە مەقام**
**هەردەما بینە سەما دەفبدەفو چەنگ بچەنگ**

**مانای وشە:**

**پەردە:** لەمپەر، هەوای گۆرانی، ژێ تارو تەنبور؛ **پەردە:** قۆناغ لەتەریقەتدا؛ **غەزەل:** گۆرانی دڵدارانە، بەستەو هۆنراوەی دڵداری؛ **مەقام:** لاوكو گۆرانی؛ **مەقام:** کۆڕو مەجلیس؛ **دەف:** دەفە؛ **دەف:** پەلەکردن؛ **دەف:** تەنشت.

**پوختەی مانا:**

مەلا! وەرە ئەو غەزەلەت بەراشکاویو بێ وەشارتن، بخە کۆڕی یارانەوە. با بەهەوای گۆرانیەوە بیخوێننەوەو با کۆڕەکەش دەفەو چەنگی تێدا لێدرێ. لێم رونە لەو غەزەلەی تۆ، دەفە وەپەلە دەکەوێو لەسەر تەنیشت، دەس بەسەما کردن دەکاو چەنگیش بەدەنگیشو بەچنگ، هەڵدەپەرێو هەڵدەبەزێ.

## قصیدەی شێصت‌و دوهەم

# «درمانی دەردان»

**١ گەر بدیا (گەر نەدیا) ئەو صەنەما سور جەمیل**
**نازلی ئەرضان نەدەبو جوبرەئیل**

**مانای وشە:**

**صەنەم:** بت؛ **جەمیل:** جوان؛ **نازل:** داکەوتو؛ **جوبرەئیل:** فرشتەی وەحی.

**پوختەی مانا:**

روی مەلا دەپێغەمبەرەو بەسیمای جوانی نورانی پێغەمبەری‌خوا (ص) هەڵدەڵێ. کە پێی دەڵێ:

ئەگەر فرشتە جوبرائیل، ئەو سیما جوانەی لەعاسمانان‌دا بدیبای کە بۆ دڵان وەك‌بت جێگەی پەرستنی‌و ئەو هەمو جوانی‌و دڵکێشیەت لەلاهەیە، داڵدەدەکەوتە سەرزەمین. هەر لەعاسمان، لەجوانیت دەبورایەوە. بەڵام چونکە تۆی نەدیبو زۆر بە تەمابو بت‌بینێ‌و دڵ‌و چاوی بەدیدارت رۆشن‌و شادو گەش‌بکا. هاتە سەرزەوی‌و لێت‌گەڕاو دۆزیتیەوەو بە دیدارت بەختەوەربو. (یان، ئەگەر بەگیان نەی دیبای کە خوا چەندی دڵکێشی‌و جوانی بەشداوی، بۆ دیتنت دانەدەکەوتە سەرعەرزان.

**٢ من نەظەرەك حوسن‌و جەمالا تەکر**
**ئایینەیەك دی مژنورا جەلیل**

**٣ لەو ژلەبی لەعلێ تە جامبۆ خەجل**
**بادەیی ئەنگوری کوجا، سەلسەبیل**

**مانای وشه:**

**جەلیل:** خاوەن‌شکۆ، یەکێك لە ناوەکانی خوایە؛ **خەجل:** فەیت‌کارو شەرمەزار؛ **ئەنگور:** تریٚ، هەنگور؛ **کوجا:** لەکویٚ؛ **سەلسەبیل:** ناوی کانیەکی بەهەشتە؛ **م:** من.

**پوختەی مانا:**

لە دەرفەتێك روانیمە روخساری جوانت. ئاوێنەم دی تیشکی خودای لێوە دیاربو. بوٚیە لەتاوی لێوی توٚی ئالٚ، پیاڵەی بادە، لە شەرمان سور هەڵگەراوە. چونکە دەزانیٚ ئەم لەکویٚ کە ئاوی تریٚی تێدایەو لێوی یاقیقی توٚ لەکویٚ؟ کە لیکاوی لەسەرچاوەی سەلسەبیلە.

٤ دیلمە هەزاران تە دبەندیٚ وەلیٚ
(لیس لنا عنك مجالُ بدیل)

٥ (ماأنا وَحدی بكَ مِنْ مُغرَمٍ. یان، مغرمٍ)
(کم لك قبلی شغفاً مِن قَتیلْ)

**مانای وشە:**

**دیل:** یەخسیر؛ **لیس:** نیە؛ **لنا:** بوٚمان؛ **عنك:** لەتوٚ؛ **مجال:** دەرفەت؛ **بدیل:** بارتەقا؛ **ما:** نە؛ **أنا:** من؛ **وحدی:** تەنیا خوٚم؛ **بك:** بەتوٚ؛ **مِنْ:** لە؛ **مغرەم:** شێتی ئەوین؛ **مغرم:** ئەویندار؛ **شغف:** پەردەی دلٚ؛ **شغف:** بەهەڵپە لە دلداری‌دا؛ **قتیل:** کوشتە.

**پوختەی مانا:**

یارە جوانە تاقانەکەم! دەزانم بەجگە لەمنیش هەزاران دڵداری ترهەن کە ئامادەن بەگیان‌و دلٚ، خوٚ بەقوربانی توٚبکەن‌و لەسەر ژێردەرانەت بمرن. ئەوانە هەمو دیلی‌توٚن. گیروٚدەی داوی دڵدارین. منیش نەبم، توٚ بە هەزاران دڵدارت، لە دەورەیەو پەکت لەسەر کەس ناکەویٚ. بەڵام بوٚ ئێمە دەڵێی چی؟ توٚ ئەو گەوهەرە تاقانەی کە وێنەی توٚ، لەم سەرزەویە، تازە نایەتەوە بەرچاو. کیٚ هەیە وا بەدلٚ‌وگیان، خوٚمانی دەگرێو بنێین؟ هەر توٚمان هەی.

٦ داروی دەردیٚ مە تویی جانی من
(هَلْ بِسویٰ الْوَصْلِ شِفاءُ الْعَلیلْ)

٧ صەبرو سکون چونە مەنیف دەجلەدا
لەو ژدو چەشمان مە دزێت ئابی‌نیل

٨ بەس نەمە صەد چەشمە ژچەشمان دزێت
(مَزجُ دَمٍ دَمعُ عُیونی یَسیلْ)

**مانای وشە:**

**دارو:** دەرمان؛ **هەل:** ئاخۆ؛ **بسوی:** بەغەیرەز؛ **وصل:** پێك‌گەیشتن؛ **شفاء:** خۆش‌بون؛ **عَلیل:** نەخۆش، دەردەدار؛ **سکون:** ئۆقرە؛ **دەجلەو نیل:** دو روباری گەورەن؛ **نیل:** خم، چویت؛ **چەشمە:** کانی، سەرچاوە؛ **مَزج:** تێکەڵ؛ **دَمْ:** خوێن؛ **دَمعْ:** ئەسرین؛ **عیون:** چاوان؛ **یسیل:** رەوان دەبێ.

**پوختەی مانا:**

بریندارو دەردەدارم. صەبرو قەرارم نەماوە. هەرچی ئارامو ئۆقرەم بو، لەناو روباری فرمێسکی وەکو دەجلەی بەتەوژمم، بەدەم شەپۆلی ئاودا چو. فرمێسکی رون، لە چاوانم وشکاوی هات. رەنگی فرمێسکی ئێستاکەم چویتین کەنیشانەی شینە بۆدڵ، جار سوری تێکەڵ بەخوێنن‌و وەك قورآوە سوری نیل، دەنوێنن. هەرمن وانیم، بە صەتان چاو وەك سەرچاوە ئەسرینی خوێن، هەڵدەرێژن. سا بەزەییت پێما نابێت. دیتنی تۆ دەرمانی هەمو دەردانەو خۆت دەزانی هەر گەیشتن بەوباڵایە، چابون‌و شابونی تیایە.

٩ پورْ مەنەظەر داتە ژسەر تاقەدەم
(قد رَجعَ الطَّرْفُ وَعَقْلی کَلیلْ)

١٠ میثلی تەما بونە؟ وەیا ما دەبن؟
رۆژ کو تەجەللایە چحاجەت دەلیل؟

**مانای وشە:**

**رَجعَ:** گەڕایەوە؛ **طرف:** چاو؛ **کَلیلْ:** کول‌و بێسوْ؛ **ما:** بۆ؛ **دەلیل:** بەڵگە.

**پوختەی مانا:**

وا دیارە یار بەزەی بەمەلای هەژاردا هاتۆتەوە. خۆی شان‌داوەو مەلا تێری تێڕوانیوە کە فەرمویە: زۆرم روانیە ئەوجوانیە. هەر لەسەر هەتا بەری‌پێم، بەچاو پێوا. بەڵام هیچ تێنەگەیشتم. چاوم بەکولی‌و بێسوْیی، بەروناکایی ئەنگوت‌و لە رومەتی هەڵبەزیەوەو دابەزیەوە، بەشەکەتی. دەروانمەچی؟ چۆن پەسنت دەم؟ کەجوانی‌و بەڵگە بۆجوانیت بهێنمەوە. خۆرەتاو کەخۆی نیشاندا، ئیتر بەڵگە بۆ بونی خۆر، هیچ مانای تێدا نامێنێ. بۆچی جوان‌و نازداری وەکو تۆ هەرگیز لەدنیادا هەبوە؟ یان تازە دێتە سەرزەوی؟

«مەولەوی رۆمی» دەڵێ:

بەڵگەیە بۆ بۆنی خۆشی گوڵ، گوڵاو  ڕۆژی ڕۆشن شانەدا تیشکی هەتاو

**١١ (قَدْ سَلَبَ الروُحَ عَلىٰ غَفْلَةٍ)**
**(اِذهَجَمَ اَلْقَلْبَ بِطَرفٍ كَحيلْ)**

**١٢ گەرچی لبەر ضەربو جەفان فیلبوم**
**بێ مەفەر ئەز مات کرم شاهوفیل**

**مانای وشە:**

**سەلب:** داگیرکردن، زەوت؛ **غەفلەت:** نەخافڵ، لەنکاو؛ **هَجَمَ:** پەلاماری‌دا؛ **کَحیل:** بەسورمەڕێژراو؛ **ضەرب:** زەبر؛ **جەفان:** ئازاران؛ **شاه:** بێزەلەتو بەدشکڵ؛ **شاه:** داشە گەورەکەی شەترنج؛ **فیل:** کەمزانو بیرسست؛ **فیل:** جانەوەرێکی زەلامە؛ **فیل:** داشێکی گەمەی شەترنجە؛ **مەفەر:** دەرەتان.

**پوختەی مانا:**

یار بەتیلەی چاوەکانی ـ کە هەر دەڵێی بەکلە سوبحانی ڕێژراون ـ لەپڕ دای‌بەسەر دڵمداو لەنەکاو بێ هەستو چرپە، گیانی دەست بەسەردا گرتو تاڵانی‌کرد. هەرچەند من خۆم لەبەرانبەر زەبرو ئازار، وە کو فیل بە هێزدەزانی؛ لە کایەو گەمەی دڵداری، گیانم داناو ئەو سەروەرو شای جوانانە، وەهای منی ـ فیلئاسایی ـ دەماڵی، کول پەستاوتوە کە هیچ دەرەتان نەماوە لێی دەرچەمو بیرو مێشکیشم کارناکا کە تەگبیرێك بۆخۆم بکەم. بۆیە دژومات داماومو لەوگەمەدا ماتکراوم.

**١٣ جان ددرم گوفت بیەك بوسە دە (یان، گفت...)**
**لی‌ببتن لەعلی شەکەرخا کەفیل**

**مانای وشە:**

**گوفت:** وتی؛ **گفت:** بەڵێن؛ **بوسە:** ماچ؛ **شەکەرخا:** شەکرکرۆژ؛ **کەفیل:** دەستەبەر.

**پوختەی مانا:**

یارم فەرموی: خەمێ مەخۆ ئەگەر گیانت لەرێگەی دڵداری دەرچێ، لێوی ئاڵی شەکربارم، دەستەبەرەو بەڵێن ئەدا، کە لەو دنیا بەماچێك بتخوێنێتەوە. دەی‌سا من چۆن ئەو سەودایە بەگیان ناکەم؟

«هەژار» دەڵێ:

سەرو ماڵو گیانم دابە ماچێك  وتی پێك‌نایە زۆری من کەمی تۆ

١٤ گەرچی دنیڤ حەلقەیی شیرانم ئەز
(لَیْسَ عَلَیْنا لِعِدانا سَبیلْ)

١٥ زور «مەلا» فیرقەتیْ ئەبتەر کرین
(اِنَّ مِنَ‌السّاعَةِ یَوْمَ‌الرَّحیلْ)

**مانای وشە:**

**لیسَ عَلَیْنا:** بەسەر ئێمەدا نیە؛ **عِدا:** دوژمنان؛ **سَبیل:** ڕێگە؛ **زور:** زوڵم. زۆر، زویری‌و خەم؛ **زۆر:** گەڵیك؛ **ئەبتەر:** دوابڕاوو بێ‌پیت؛ **ساعە:** ڕۆژی قیامەت؛ **یَوْم:** ڕۆژی بەرانبەری شەو؛ **رَحیل:** بارکردن.

**پوختەی مانا:**

زۆر لەو خەڵکە کە دەبینن، زەردو کزو لانەوازم؛ وا دەزانن دوژمنان جزیایان داوم. نەخێر. من لەناو ڕێزی دڵداران ـ کە هەمو لەسایەی دڵیان وەك شێری بەهەیبەت وان‌و کەس ناوێرێ بەدوژمنی توخنیان کەوێ ـ ترسم لە دوژمنان نیەو دوژمنان ڕێیان ناکەوێ بگەنەمن. بەڵام دەستی زۆری دوری لە پەڕوپۆی کردومەوەو خۆشی لەبیر بردومەوەو پیتو پێزم لێبراوە، ڕۆژی جیابونەوە لەیار، پاژێکە لە ڕۆژی قیامەت، کە منداڵیش لە عەیبەتانی پیردەبن.

## قصیدەی شێصت‌و سێهەم

# «بادەی سەبەدی»

١ شاهیدی قودسی نیشان حوسنە ژرەمزا ئەزەل
دامە بدەستی سورێ جامی مەیا لەم یەزەل

٢ مەی کوبچت ساغرێ هێژ ددەست دلبەرێ
صوندی بخالق دخوم رۆژە دبورجا حەمەل

**مانای وشە:**

**قودس:** پاکی‌و پیرۆزی؛ **قودسی نیشان:** سەر بەبارەگای بەرزو پیرۆزی خودایی؛ **لەم‌یەزەل:** هەرگیز لانەچوە، هەمیشەیی‌و نەمر؛ **ساغر:** پیاڵە؛ **صوند:** سوێند؛ **خالق:** دروس‌کار، داهێنەر، مەبەستخوایە؛ **حەمەل:** بەرخ؛ **بورجا حەمەل:** بورجی هەوەڵ بەهارێ، خاکەلێوە.

**پوختەی مانا:**

دڵبەری من ـ کە لەجوانی ئەزەلی‌و ئەبەدی خودا، نیشانەیێکی پیرۆزە ـ بەدەستی دڵ‌راکێشی خۆی، پیاڵەیەك بادەی بارەگای دوانە هاتوی خوای مەزنی، دایە دەستم. بادە لەناو پیاڵەدا، کەهێشتا هەر لەدەست یاردا. دەتوانم سوێند بەخوا بخوم کە رۆژێکە لەسەرەتای بەهاردا دێتە بەرچاوان. کە ئەو سەردەمانە، رۆژ لە هەمودەمانێ گەشترە.

٣ دیم دجامێ مەدی سورێ دمەدامێ مەدی
لەو مە ژمەیخانەیێ گرتی‌یە بەر دەر مەزەل

٤ هەر ژکەڤانی بوەش قەبضە زەری گوشە رەش
گەزمە بجوهت تێنە دل کەس دمرت بێ ئەجەل؟

**مانای وشه:**

**مەدام:** هەمیشە؛ **مەدام:** بادە؛ **بوەش:** وەشێنەر؛ **قەبضە:** دەسگرە، جێدەست لە شیرو کەواندا؛ **جوهت:** جوت؛ **ئەجەل:** وەختی دیاری کراوی مەرگ؛ **مەزەل:** مەنزڵ، جێگەی ژیان.

**پوختەی مانا:**

دەپیاڵەدا وێنەی روخساری یارم دیت. لەو مەیەوە رازی دڵراکێشی خودا، خۆی نیشاندام. بۆیە هەروام لەبەر دەرکی مەیخانەدا، بومبە سیپاڵو کردومەتە ماڵی حاڵی یەکجاری خۆم.

دایمو دەرهەم لەکەوانی تیر پرژێنی دەست وەشێنی بروکانی، کە زەردە وردە موەکانی ناوەراستی وەك دەستگیرەی کەوان زەردەو هەروەك پەڕە تیری لەزێڕوانەو ئەو تیرانە گوشە رەشنو بەرەشاوی دڵی ئێمە، ئاو دراون. جوتجوت تیرم بۆ دەبارن. هەرجارە لەبرۆ یەکەوەو هەرجارە لەچاوێکەوە. هەمو تیر لەدڵ دەنیشن. کەچی بەو حاڵەش هەر دەبزومو هێزی ناڵینم هەرماوە. بۆ نەمردوم؟ چونکە خودا هێشتا لە رۆزی نەکردومو هیچکەس تاوەختی خۆی نەیە، نامرێ.

«شیخ رەضا» دەڵێ:

دەزانی بۆ لەدوری تۆ نەمردم ئەمن سەگمەرگمو گیانسەختو دڵڕەق

**٥ حوسنو سورا صورەتێ کەس ددرت قودرەتێ**
**لەو دئەصل دورە ژێ طەعنەیی (لَمَا أَفَلْ)**

**مانای وشە:**

**صورەت:** شکڵو وێنە؛ **قودرەت:** توانایی؛ **ژێ:** لێ؛ **طەعنە:** تەوس، تانە؛ **لَمَا اَفَلْ:** وەختێ ئاوابو..

خوا لەقورعاندا دەربارەی ابراهیمەوە فەرمویە: «کە شەوی لێتاریك داهات، ئەستێرەی دیت. گوتی ئەمەیە خودای من. کاتێ ئەستێرە ئاوابو، گوتی: خۆشم لە ئاوابوان نایە. کاتێ کە مانگی دیت هەڵات، گوتی: ئەمەسا خودای من. هەر کەدیتی مانگ ئاوا بو. گوتی ئەگەر خودای خۆم شارەزام نەکات، یەکێ دەبم لە گەلی رێ لێ ونبوان. وەختێ دیتی وا رۆژ هەڵات، گوتی: ئەمە خودای منە، ئەمە لەگشت گەورەترە. وەختێ خورەکەش ئاوابو، گوتی خزمینە بیزانن من بەدورم لەو شتانەی ئێوە بەشەریکی خوای دەزانن.»

**پوختەی مانا:**

جوانیو دڵکێشی لە یاردا، لە دەسکردی هەمو داهێنەرێکی جیا لەخوا، زۆر بەدورە. ئەو جوانیە نەوەك ئەستێرە یامانگە. نەوەك رۆژە کە ئاوابیو تانەو تەوسی تێ بگیرێ. جوانی یارم کە وێنەیەك لە جوانی خودای مەزنە، پەیدا نەبوە لەهەرە پێشینەوە هەبوەو هەر دەشمێنیو هەڵاتنو ئاوابونیشی بونیە.

٦ زوربەوە تێتن عەرەب تێك چەڤاندن قەصەب
قەنج بچەهڤان مەدی جەنگو جیدالا جەمەل

**مانای وشە:**

**زوربە:** یەتەوژم؛ **زوربە:** بەشی هەرەزۆر؛ **عەرەب:** لە زاراوەی بوێژە کوردەکاندا، بەمژۆ لی جوانان دەڵێن؛ **چەڤاندن:** تێکیان‌راکرد؛ **چەڤاندن:** چەماندیانەوە؛ **قەصەب:** قامیش؛ **قەصەب:** رمبی بەقەف؛ **جەمەل:** وشتری نێر؛ (شەری جەمەل بەناوبانگە. دوای کوژرانی عوثمانی خەلیفەی سێهەم؛ تاوان خرایە سەر عەلی، عایشەی ژنی پێغەمبەر، دەگەڵ طەلحەو زوبەیردا ـ کە هەردوکیان ئەصحابە بون ـ بۆ خوێنەخوێی لە عوثمان، لە شکریان هێنا سەرعەلی. لەبەیانی رۆژی دەی مانگی جیمادی دوهەمی ساڵی سی‌وشەشی کۆچی؛ لە نزیك بەصرا دو لەشکر پێك هەڵپرژان‌و تێك‌چرژان. عایشە لە کەژاوەدا ـ کە لەسەر پشتی وشتربو ـ سەر کردەیی شەڕی دەکرد. طەلحە لەمەیدانا کوژرا. زوبێر بەپەندی عەلی کرد. لە شەڕەکە خۆی کێشاوە، لە مەیدان دەرکەوت‌و کوژرا. تابەرە بەری ئێوارە، بلێسەی شەڕ هەر گەرمبو. یەك لە چەکدارانی عەلی، بەناوی «مالکی ئەشتەر» خۆی گەیاندە بەر کەژاوەکەی عایشەو پەلی وشترەکەی پەیکرد. کەژاوەکە بەلادا هات. عەلی عایشەی بەدیل‌گرت. زۆر بەحورمەت ناردیە بەصراو بەمحمدی برای‌دا. ـ مُحمّد کوڕ ئەبوبەکر ـ بەرێی کردەوە مەدینە. لەو شەرە عەلی سەرکەوت‌و دەستی بەسەر عیراق داگرت. شەر بەناوی وشترەکەی عایشەوە ناوی دەرچو.)

**پوختەی مانا:**

وەختێ دەمدی یاری نازدار، بەچاوی بەڵەك دەیروانی‌و بژانگی درێژو کورتی، وەك رمب‌و تیری رەش دەچون؛ کە پیلوی‌پێك دادەهاتن؛ وام سەرشێواو کەوتمە دەریای مەترسی‌و خەیاڵاتەوە، کە شەری جەمەل دەبینمو هەروا چەکداری عارەبن بەتەوژم پەلاماری یەکتر دەدەن‌وبە تیرو بەرمب، تێك بەربون.

٧ شیرو رمان قێك ران پەنجەبرن تێكران
لەو مەدکن ژیكران قیمەدکن دل دگەل

**مانای وشە:**

**قیکران:** تێکڕا؛ **قیمە:** گۆشتی هەنجناو.

**پوختەی مانا:**

بەچاوی خەیاڵ باش دەمدی، کە چەکدارە عارەبەکان، بەشیر بەرمب، بە چنگورك، یەکتر دەکوژن‌و دەدڕن، هەر بۆیەشە کە ئەو مژۆڵە رەشانە، لاسای عەرەب دەکەنەوە. ئێمە گەلی دڵدارانیان، تێکڕا وەبەر زەبر داوەو دڵمانیان پێ هەنجناوە.

٨ نازك‌و قەنجا شەپال دل ڤەگەرینت محال
لێ ژمەدێ دل ببەت دل بمەدەت موحتەمەل

**مانای وشە:**

**محال:** نەشیاو؛ **موحتەمەل:** وێدەچێ، رێگەی تێدەچێ.

**پوختەی مانا:**

یاری جوان‌و خونچیلانەو نەرم‌و ناسك، تازە کەدڵمان دەستێنێ رێی تێ ناچێ هەرگیز بۆمان وەگەرێنێ. بەڵام رەنگە لەجیاتی ئەو دڵ بردنە، دڵمان داتێ‌و توزێك دڵداریمان بدات.

٩ نەی‌شەکەرو دیم دورێ دامە بدەستی سورێ
جام‌و قەدەح شوبهی ئاڤ لەو مەرەوان تێن غەزەل

١٠ گەرچی دچەهڤێن (أنا) عالەم «مەلا» کر فەنا
(دونَ فَنا بابِکُمْ إِنَّهُ عَبْدُ أَقَلّ)

**مانای وشە:**

**أنا:** من؛ **عالەم:** هەمو ئافەریدەی خوا؛ **مەلا:** پر؛ **فەنا:** لەبەین‌چو، نەبو؛ **فەنا:** بەر دەرگای حەوش؛ **باب:** دەرگا؛ **إِنَّهُ:** ئەو؛ **أَقَلّ:** کەمترین.

**پوختەی مانا:**

ئەو بەژن قامیشە شەکرەی لارومەت وەك مرواری‌یە، بادەیەکی پڕلە رازو دڵ‌راکێشی، دەناو پیاڵەو جام دا دامێ. پیاڵەو جام لەرەنگی ئاو بون. بۆیە هەڵبەستەکانی من، ئەمرۆ وەك ئاوی رەوانن. من بەو مەیە وا سەرخۆش بوم، هەمو دنیا لەبەرچاوم تاوایەوەو هەستم نەدەکرد هەر بش بێت. خۆم وا تێکەڵ بەخودا دیت، بانگاوازم دەکرد «هەرخۆم». بەڵام هەرچەندکە خۆم لە توشدا دەبینم، وەکی دیکە من لە بەر دەرگانە کەی تۆدا، سەری نیازم لەسەر خاکەو خۆم بەکەمترین و سوکتر بەندەی بارەگات دەزانم.

## قصیدەی شێصت‌و چوارەم

# «مەنصورە دڵ»

١ ئیرۆ ژرەمزا دیم دوریٚ مینەت کومن مەسرورە دل
دلبەر بفنجانا سوریٚ مەی دامەوو مەخمورە دل

٢ رەمزەك نهین ئاڤیتە دل میهری ژباطن میهتە دل
شەهزادەیی سورٚ ریهتە دل شەهکاسەیا فەرفورە دل

٣ هوٚستایی عیشقیٚ دل هەڤوٚت سەرتا قەدەم هنگی دصوٚت
رەمزا (اناالحق) هەر دگوٚت باوەر بکن مەنصورە دل

**مانای وشە:**

**مەسرور:** شاد؛ **مەخمور:** مەست؛ **میهت:** مژی؛ **ریهت:** رژاندی؛ **فەرفور:** کاسەی چینی، فەخفوری؛ **هەڤوٚت:** فێری کرد؛ **هەڤوٚتن:** فێرکردن، تەعلیم؛ **هنگی:** ئەوسا؛ **انا الحَق:** من‌خوام؛ **مەنصور:** سەرکەوتو؛ **مەنصور:** حوسێن کوری مەنصور کە بە مەنصوری هەللاج بەناوبانگە. خواناسێك‌بو جەزمە دەیگرت‌و لەوەختی حاڵ‌لێهاتن‌دا، هاواری دەکرد: «من‌خودام». لەسەر ئەوتاوانە ساڵی ٣٠٩ ی کوٚچی بەرامبەربە ٩٢٢ ی میلادی گرتیان، جەزرەبەیان‌داو کوشتیان.

**پوختەی مانا:**

سوپاس بوٚخوا، من ئەمروٚ زوٚر دڵم شادە. دڵبەری‌من کە شاو شازادەی جوانانەو روخساری وەك مرواری‌یە. لەبادەی دڵرفێنی خوٚی، فینجانێکی بوٚتێکردم. بادە هەر گەیشتە دڵم، لەرازی نهێنی‌و گرینگ، ئاگادار بوم. دڵ لەدەرون ئەوینی هەمیشەیی مژت. وەك شاکاشی گەورەی لێهات کە پڕبێ لەمەی ئەوینیٚ. ئەوجار ماموٚستای ئەوین هات؛ دڵمی فێری دڵداری کرد. وا لەوساوە دڵ سەرتاپای بوٚتە ئاگرو گری بەرزەو (هەر خوٚم خودام) دەدرکێنی‌و بویتە هاودەنگ دەگەڵ

مەنصوری هەللاجدا. باوەربکەن دڵم هیچ تاوانی نیەو لە ئەویندا، سەرکەوتوەو هەرچی بڵێ، پێویستە باوەری پێبکەن.

٤ دل لێبدەت نورا مەیێ وەقتی سەواش‌و هەی هەیێ
فەهم ئەر بکت وەحیا نەیێ ژێدت خەبەر مەئمورە دل

٥ نورا ژقودرەت لێ دونون ژێرا دنالن ئەرغنون
وەر ئایەتا عیشقێ بخون خۆش نوسخەیەك مەسطورە دل

**مانای وشە:**

**سەواش:** شەڕو هەرا؛ **هەی‌هەی:** گورەگورێ مەستانە؛ **وەحی:** وڵامی‌خوا؛ **مەئمور:** فەرمانبەر؛ **ئەرغنون:** ئەرگانون، سازێکە یۆنانی پێشو سازیان دەکرد. حەوت لولەی کورت‌و درێژی هلۆڵیان لەیەکتر دەبەست. وەك بلوێر تێیان دەتوراند. مەزامیریشیان پێ دەگوت. سرودی داود پێغەمبەر کە ناو نراون مەزامیر، وا دیارە حەزرەتی داود لەلێدانی ئەوسازەدا زۆر سازبوە. سازێ تریش بەناوی ئەرغنون هەیە کە وەك دەفەی جوڵا دەچێو زۆر هەودای تێلی تێدایە. لەزاراوەی شاعیراندا، هەمو سازو ئامرازێکی موسیقایە؛ **نوسخە:** نوسراوە؛ **مەسطور:** خەتدراو.

**پوختەی مانا:**

دڵ گەر بەر تیشکی مەی کەوێ لە جەنگەی مەستی‌و هەو هەوێ
لەوەحیی بلوێریش بگات فەرمانبەرە خەبەر دەدات

روخساری یار، تیشکی توانایی خودایە. خوا ئەگەر سوێندی بەنون خوارد؛ دونون لەو روخسارە دایە. کە بونە قاشی بروێان. هەرچی سازو بەئاوازن، بۆ بروێ ئاواتەخوازن‌و لەتەهی دڵیان دەناڵن.

وەرە صوفی ئایەتی ئەوین وەخوێنەو رامەمێنە. تابزانی کە دڵ نوسخەی خەت دراوی ئایەتی تیشکی روی‌یارەو زۆریش خۆش نوسراوەتەوە.

٦ تەفسیری سیررا ئایەتێ عارف دقێتن گوە دەتێ
رازا رموزێن قودرەتێ گەر دین بکت مەعذورە دل

٧ دل کەعبەیە مەولایەلێ ناری کەلیم ئیسایە لێ
بانگی (اناالله) دایە لێ هەم کەعبەو و هەم طورە دل

**مانای وشە:**

**تەفسیر:** راوە، ماناکردنەوە؛ **گوەدەتێ:** گوێبداتێ؛ **رموز:** ئیشارەت گەل؛ **دین:** شێت، لیوە؛ **مەعذور:**

عوزر قبولێ؛ **مەولا:** بەردەست؛ **مەولا:** دۆست؛ **مەولا:** گەورەو خاوەن؛ **نار:** ئاگر؛ **کەلیم:** دوێن؛ **کَلیمُالله:** نازناوی موسایە کە خوا دەیدواند؛ **اناالله:** من خودام.

خوا لەقورعانی پیرۆزدا، روبە پێغەمبەر فەرمویە: «ئـەدی تۆ چیرۆکی موسـات گەیوەتەلا؟ کە ئـاورێکی چاوپێکەوتو بە خێزانەکەی خۆیوت: ئاگرێکم بەدی کروە ئەشێ بچم بەڵکو سـەرە بزوتێکتان بۆ بهێنم. یان لەسەر ئەو ئاگرەوە توشـی شـارەزایەك بیم. وەختێ لێی نزیك کەوتەوە. بانگـی لێ کرا: موسـا! من خوداتم سۆلەکانت دابکەنە، تۆ لەناو شیوی پیرۆزدای.»

**پوختەی مانا:**

ئایەتی خوا پرە لە رازی نهێنی. خواناسی بەراسـتی دەوێ گوێچکـەی بداتێو تێبگـا مانای‌چیە؟ ئیشارەتو رازی توانایی خودایی، ئەگەر دڵ، شـێتو دین‌بکـا؛ نابێ سـەرکۆنەی دڵبکـرێ. دڵ کابەیەو خودای تێدا. ئاگرەکەی موسای بانگ دەکرد، لەچـاوگەی دڵدا دایسـاو «من‌خـوداتم»ی بەموسا گوت. دڵ هەم کابەیە هەم طورە.

٨ صەد حوو صەد جوبارەتێ صەد گولشەن‌و گولزارە تێ
چەندان ژعیشقێ نارەتێ صافی نەظەر دی نورە دل (یان عیشقی یارەتێ...)

٩ صوحبەت کوکامیل بو بری جارەك بجایی عەنبەری
قەلبێ بئاڤێ مەجمەرێ خوەش عەنبەرو کافورە دل

**مانای وشە:**

**گولشـەن:** گوڵجـارْ؛ **کامیل:** بێ‌کەمایەسـی؛ **بری:** برۆی؛ **بری:** ببەی؛ **بری:** بریا، خـۆزیا؛ **عەنبەر:** بۆن‌خۆشێکە لەورگی جورەماسیەك‌دا؛ **مەجمەر:** مقەڵی، ئاگردان؛ **کافور:** شیرەی دارێکـە لەژاپون‌و چین‌و ئەندونیزیا دەڕوێ. بۆنی خۆشەو بۆ سەرێشـەی بەکاردێنن‌و لەشـی مردوی پێ دەهەنون تا نەگەنێ. بۆ بۆن خۆشی بەسەر ئاگریشی دادەکەن.

**پوختەی مانا:**

ئەو دڵەی من، لە پیرۆزی ئەوینەوە، بۆتە بەهەشت. پریە لەجۆگەو روبارو تژیە لە گوڵ‌و گوڵجارو ئەوەندەی دڵداری تێداو، ئاوری ئەوین ئـەوەندی تێ هەڵگـراوە، ئـەگەر بەچـاوی رون‌و پاك لێی بنوڕی؛ ئاگر نیەو تیشکـی خـوایە. خـۆزی هەرگا کوڕی یاران گەرم دەبێ، جـارێك لەجیاتی عەنبەرێ، دڵم بخەیە سـەر پۆلوان، لە ئـاگردانی مەجلیس‌دا. تابزانی چـۆن لەعەنبەرو کافـوریش بۆن خۆش‌ترە.

١٠ شوخ‌و شەپالا لەب ژقەند ئەو نازکا وی قەنجو رەند
وی دل ژدل دلداو خوەند ئیرۆ یەقین فەغفورە دل

**١١** **ئەر دل ژتە مەسرور بتن  من ژی «مەلیێ» دەستور بتن**
**دی کت جیهان پڕنور بتن  لیێ دائیما رەنجورە دل**

**مانای وشە:**

**قەنج:** لەبار؛ **رەند:** جوان‌و پەسند؛ **خوەند:** خوێندیەوە؛ **فەغفور:** قەراڵی مەملەکەتی چین؛ **دەستور:** ئیجازە؛ **دی‌کت:** کارێکی وادەکا؛ **رەنجور:** نەخۆش‌و دەردەدار.

**پوختەی مانا:**

یارە شۆخ‌و خونچیلانەو لێو قەندەکەم، ئەو ناسکە جوان‌و ڕێك‌و دڵپەسندە، ئەمڕۆ بەراستی‌و هەر بەدڵ، دڵی هەژارمی خوێندەوەو لاواندەوە. دڵی من ئێستا دەتوانێ بە قەراڵی چینیش بڵێ: کاورای هەتیمچە چکارەی؟ من هەمیشە دڵم بە دوری‌و بێ‌مەیلیت نزارو دەڕدەدار بوە. بەڵام ئێستا کە دڵداریت داوەتەوە ئەو شادیەی هەروا بمێنێ‌و منی مەلاش ڕێگەی بدەم کە رازی دڵ بدرکێنێ؛ لێم رونە کارێ وا دەکا هەمو دنیا پربێ لەنور.

## قصیدەی شێصت‌و پێنجەم

# «زەکات بەعەبد»

١ شەربەتا لامو بیان ئەز بەحەیاتێ نادم
بادەیا لەعلێ بئاڤا ظولوماتێ نادم

٢ حورو ویلدان‌و پەری جومله جەمابن ئیرۆ
مویەکی پێ ژخەطێ وی بت‌و لاتێ نادم

٣ گەر بدەت دەست طەوافا پی ودەستان بگرم
وی مەجالێ بوقوفا عەرەفاتێ نادم

**مانای وشە:**

**شەربەت:** شلی‌نۆشین؛ **لامو:** لەب، لێو؛ **حەیات:** ژیان؛ **حەیات:** ئاوی ژیان؛ **ظولومات:** تاریکستان؛ (سەرچاوەی ئاوی حەیاتێ لەناو تاریکستان دایە)؛ **جومله:** بەکۆمەڵ؛ **طەواف:** لەدەورە گەڕان.

**پوختەی مانا:**

تەڕایی وشەی ئەو لێوانەت، نادەم بەئاوی حەیاتێ. چۆن بادەی ئاڵی خودایی بە ئاوی تاریکستانێ دەگۆرمەوە؟!

هۆری‌و لاوانی بەهەشت‌و فرشتەو پەری، کۆوەبن‌و بێنەسەودا؛ من هەمویان بەتێکڕایی بە تاڵێك موی سەرو پۆری ئەو بت‌و لاتەی خۆم ناکڕم. ئەگەر خودا بەختم بداو دەدەوری یارم بگەڕێم‌و لەجیاتی بەردی رەش ماچ‌کەم، ڕێگەم هەبێ بکەومە سەرپاو پلی‌و دەستەکانی رابموسم؛ پێم لە ڕاوەستانی حاجیان، لە عەرەفاتێ باشترەو بەخێرترە.

٤ ئەزویار گەر شەڤەکێ هەردو هەمئاغوش ببین
لَیْلَةُالقَدْره مە ئەوشەڤ ببەراتێ نادم

٥ جانی شیرین کو ژیارڕا بخودان ئەز دکرم
نە بیاریٚ خوە دوەقتیٚ سەکەراتیٚ نادم

**مانای وشە:**

**ئاغوش:** هەمێز، باوەش، هەمبێز؛ **لَیْلَةُالْقَدْر:** شەوە پیرۆزەکەی رەمەزان؛ **بەرات:** شەوی پازدەی شابان کە رسق‌و رۆزی تێدا بەش دەکریٚ؛ **خودان:** صاحیب، خاوەن؛ **سەکەرات:** وەقتی گیانەڵاو.

**پوختەی مانا:**

گەر منویار، شەوەکی یەکدی دەباوەش بگرین، شەوی قەدری منە، هەرگیز بە بەراتی نادەم. یار ئەگەر گیانی منی جاریٚ بەخاوەن کربا؛ لە سەرەمەرگ‌و دەمی گیان لەبەدەن دەرچونا، جگە لەو یارە، گیانم بەکەسی تر نادەم.

٦ شەربەتا زەهری هەلاهیل کو حەبیبیٚ مە بدەست
بگولاب‌و شەکەرو قەندو نەباتیٚ نادم

٧ نەبقانون کوئیشارەت بشیفاییٚ بکرت
ئەز هیلاکیٚ خوە دعیشقیٚ بنەجاتیٚ نادم

٨ طەلبەکر وەصلیٚ ژدلبەر مە بعنوانی زەکات
گوٚ تو عەبدی‌و بعەبدیٚ خوە زەکاتیٚ نادم

**مانای وشە:**

**قانون:** رێوشوێن؛ **ئیشارەت:** دەس‌نیشان کردن؛ **شیفا:** خوٚش بونەوە؛ **نەجات:** رزگاری؛ **شیاوی باسە:** قانون، شیفا، ئیشارات، نەجات، ناوی چوار لە کتێبەکانی ئەبوعەلی ابن‌سینای بەناوبانگ (٣٧٠ تا ٤٢٨ ی کوٚچی)؛ **عینوان:** ناوونیشان؛ **عینوان:** مەبەست.

**پوختەی مانا:**

جامی ژەهراوی هەلاهیل بیٚ کە یار بمداتیٚ؛ بە گوڵاوو شەکەرو قەندو نەباتی نادەم. گوێم لە رێو شوێنی حەکیمان نیە چاکم کەنەوە. لە ئەویندا بمرم، چیمە بەسەر رزگاری.
وتم: هوٚ جوانیٚ! بەشم‌کوا لە زەکاتی جوانیت؟ وتی: توٚعەبدی. زەکاتی مە بە کوٚیلان ناشیٚ.

٩ وی بپەیکی بکرین مات رەقیبی دیسا
بروخ‌و فیل‌و فەرەس ئەز شەهوماتیٚ نادم

١٠ دسەمایا سەحەرێ دەست بکەس دی ئیرۆ
غەیری شیرین قەدو مەوزون حەرکاتێ نادم

١١ هاتە دەستێ مە درەقصێو دگۆ بل ژمەلێ
دەست بکەس دی دسەمایا کو مەلاتێ نادم

**مانای وشە:**

**پەیك:** پیادەی شەترنج؛ **رەقیب:** چاو نەزێر، هاوبازی؛ **روخ:** قەڵا. کە داشێکی گەمەی شەترنجە؛ **فەرەس:** ئەسپ؛ **فیل** و **فەرەس:** دو داشن لە شەترنجدا؛ **شامات:** واتا، شای شەترنج لە کار کەوتو مرد. یان، ماتەیدا؛ **مەوزون:** رێك و پێك؛ **حەرەکات:** بزاو؛ **بل:** جگە؛ **کومەلاتێ:** کە مەلای تێدابێ؛ **شامات:** شامەگەل؛ **شامە:** خاڵی سەررۆ.

**پوختەی مانا:**

چاوچنۆکی پیس و شۆفارو زمان‌شرّ؛ کە لەبازاری دڵداری بویتە سەربارو چەل‌ومل؛ ئەوا دیسان توشی ماتی کردم. پیادەی پێیەو دەیەوێ بارگین و فیل و قەڵاکەشم لەناو بەرێو پاشان شاماتم پێبڵێ. من هەرگیز نابێ بدۆزێمو قەت رێگەی شاماتی نادەم. وا ناکەم لە سەیری خاڵان دەگەڵما ببێتە هاوبەش. بڕیارە ئەمڕۆ بەیانی، کۆڕی سەما دامەزرێنن. من دەستی خۆم باهەرکێبێ بەجگە لەو بەژن باریکەو لارو لەنجە رێك و پێکەو خوێن شیرینە، بەکەس نادەم. ئۆخەی شوکور ئەوا لەگەڕی هەڵپەرکێ، یاری شۆخم دەستی گرتمو بەدەم فەرموی: لەهەرکۆری داوەتێکدا مەلای لێ بێ، من جگەلەو دەستی هیچ کەسی تر ناگرم.

هەر لەبارەی شەترەنجەوە «حەریق» دەڵێ:

هەمو عالەم دەزانێ من کە سەودای زولفی تاتاتم
لەخانەی کوڵمدا کولم بەفەرزی شای روخت ماتم

«کوردی» دەڵێ:

تۆ بەو دوروخی خۆتەوە وەك شاهی و فەرزە — دایم کە لەپێش ئەسپەکەتا وەك نەفەرت بم

«هەژار» دەڵێ:

کش‌وماتە جیهان لەژوانی لەنوێ — گەلاوێژ بۆمە دەڕوانێ لەسەر سوێ
چریکەی بولبولێك دێ وا دەزانم — چپەی ماچی منوتۆی هاتە بەرگوێ

## قصیدەی شێصت‌و شەشەم

# «فینجان‌و جام»

١ عیدەوو داعالەمێ بانگی صەفایێ خاص‌و عام
ماهی نەو ئەبرو نوماندن چو ژبەر عەورو غەمام

٢ خوەش بدۆر جامێ ئیشارەت‌کر هیلالێ ساقیان
ماهتابێن زوهرە سیما چاردەسالی تەمام

٣ نامەطەی‌کر روزەئی عیدێ قەکر فەصلا مەیێ
لێ بزەمزەم تێن بئاوازی نەیێ فینجان‌و جام

**مانای وشە:**

**عەور:** هەور؛ **غەمام:** هەور؛ **ساقی:** مەیگێڕ؛ **ماهتاب:** مانگەشەو، تریفە؛ **طەی:** پێچانەوە؛ **روزە:** ڕۆژو؛ **فەصل:** کژ، هەرەت؛ **زەمزەم:** زەمزەمە، ویرەویر.

**پوختەی مانا:**

ئەوا جێژنەو هەمو عالەم گەورەو کچکە، گش لەگشتیان بەدڵخۆشی مژدە دەدەن، کەوا ئەمرۆ مانگی لەنوێ ـ وەك بروێ‌یار ـ خۆی نیشانداو پەڵەهەوری لەبەر رەوین.

بۆ مەیگێرانیش بروێ یار ـ کە لەمانگی یەکشەوە گەلێك جوانترە ـ هاتە بەرچاو. بە گۆشەیەکی نازاوی تێی گەیاندن کەدیسان با دەبگێڕن. جا ئەگەر مانگی عاسمانێ، زەردو لاوازو باریکەو هیچ روناکاییشی‌نیە؛ مانگی مەیخۆرو مەیگێڕان، لە روخسارێکەوە دیارە کە لەباتی چاردە شەوی مانگێ، ئەو چاردە ساڵی تەواوە ڕۆژ لەڕۆژێ جوانتر دەبێ‌و ئاوابون‌و کەم‌کردنیشی بۆنیە. دیمەنی ـ بەتیشك‌و رونی ـ وەك زوهرەیە. بەڵام پتر لەمانگی شەوانی چاردە، تریفەی داوەتە دنیا. نامەی ڕۆژو پێچرایەوەو فرێدرا. هەرەتی مەی وەخواردنە؛ لەم ڕۆژەدا، فینجان‌و پیاڵەی

مەیگێڕان، بەدەنگو صەدای بلوێران، هەر خرینگەو زرینگەو ویرەویریانە.

«خەییام» دەڵێ:

ئۆخەی کەنـەمـا بـاوی خەیاڵی خاڵی  مەیگێڕی دەبینمەوە بەبادەی ئاڵی
گێرەی ڕەمەزان بەربو ئەوا جێژن هات  دەمبینی لەدەم گاوو کەران داماڵی

٤ شاهیدێن گوڵڕەنگ ساقی بەلکە نەسرینن بەشەر
ئی دلەبسێ ئەرغەوانی نێرگزێن عەرعەر خەرام

٥ یارەب ئەو روحن موجەسسەم یان میثالی روحن‌ئەو
لەو بسیرێ جامان دبەخشن نازکێن شیرین کەلام

٦ ئەو چعالی گەوهەرن هاتن لیباسی جیسمو جان
عیشوەیێن وان شوبهی ئیکسیرێ دقەلبانن مەقام

٧ وەك «مەلێ» گاڤەك تنێ غائب ژدیداری نەبم
وەربیم وێ ساعەتێ لێبن ژمندا صەد سەلام

**مانای وشە:**

بەشەر: بەشەڕە، پێست؛ لەبس: بەرگوشمەك؛ موجەسسەم: هاتوەتە ناو لەش، بەچاو دەبینرێ؛ میثال: پەیکەر، کۆتەڵ؛ گەوهەر: ڕەگەز؛ گەوهەر: جەواهێر؛ کەلام: گفتو لفت؛ ئیکسیر: تۆزێکە بەسەر مسی‌داکەی دەیکاتە زێڕ؛ قەلب: دڵ؛ قەلب: چروك؛ مەقام: جێگە؛ گاڤەك: تاوێك؛ گاڤەك: هەنگاوێك؛ وەر: وەئەگەر؛ وەك: دەغیلە، هۆشتبێ.

**پوختەی مانا:**

ئەی خوایە! ئەو مەیگێڕانە، بەو هەمو شوش‌و ناسکیە، گیانن ئێمە دەیان بینین؛ یان پەیکەرن بۆ نازکی گیان، نیشاندان؟ چۆن گەوهەرێکن ئەوانە؟ دەبێ لەچی دروست بوبن‌و چۆنە هاتونە ناو لەشی بنیادەمەو؟ زمان خۆشن، بەنازو ناسك ئەندامن، ئەگەر پیاڵەت دەدەنەدەست؛ وادەزانی بەنهێنێ ئەوپیاڵە هات. چونکە هێند رون‌و ناسکن نایان‌بینی. نازو قەمزەی ئەوان دەیکەن، دڵی قەڵبیش وەکو ئیکسیر دەکا بەزێڕ. دڵمان بویتە مزڵیان‌و لەناو دڵماندا دەرناچن. مەلا هۆشت لەسەر خۆبێ! نەچی جارێك بۆ تاوێکیش هەنگاوێکیش لەیارت دور بکەویەوە. ئەگەر هەرتاوێك دورکەوتی، سەلامان بنێرەو بڵێ: من ئیتر لەدنیا دەرچوم.

شیاوی باسە، بەعەرەبی لەباتی بڵێن فـاتیحای بۆ فـلانەکەس بخـوێنن؛ دەڵێن: سـەلامی لەسەربێ.

## قصیدەی شێصتو حەوتەم

# «جەذبە یا عیشقێ»

۱ دانەیێن عەنبەر لنەسرینان رەشاندن خال خام
سوسنێن نازك لسەرخالان چەڤاندن دالی دام

۲ جەبهەتو دیمێ لقودرەت لێ نڤیسی حەرف و حەرف
کاکولان تاتا لسەر حەرفان کشاندی لامو لام (یان، لامْلام)

۳ لیلةالقدرو بەراتن زولفو جەبهەت صوبحی‌عید
دیم وەکو فەصلا بەهارێ لێقیامەت قەددو قام

**مانای وشە:**

**دانە:** دەنك؛ **خام:** خاو؛ **چەڤاندن:** لارکرنەوە؛ **حەرف:** کەنار، لێوار؛ **لام:** پیتی (ل)؛ **قام:** بەژن؛ **قام:** هەستا؛ **لاملام:** کەس لومە ناکرێ؛ **قەد:** نوشتانەوە.

**پوختەی مانا:**

ئەو لارومەتو لاجانگەی ـ کە وەك پەڕی‌گوڵی نەسرین، ناسك‌وسپین ـ خاڵی رەشو بەبەرامەی وەك عەنبەری خاوی دانەدانە لێپرژاوە. بسکەکانی کە لە سوێسنە زۆر تورتو زۆر بۆن‌خۆش‌ترن؛ لەسەر خاڵان لار بونەوە، وێنەی دالن (د)و بونە داو لە راوگەی دڵان. دەستی هونەری بەهێزی خودای مەزن، چەند پیتێکی زۆر پیرۆزی ناو قورعانی وەکو: صادەکانی چاوی‌و نونی برۆو ئەلفی کەپۆو لامی بسکو میمی دەمو نوختەی خاڵان ـ کە دڵان دەبەن بەتاڵان ـ لەسەر هەنیەو روخساری یار، لە ناوەوەو لە کەناران نەخشاندوە. کاکوڵەکان لەسەروی ئەو پیتانەوە، بەزوانی حاڵ پێمان دەڵێن: دڵدار کەشێتو هاریش‌بن، لۆمە ناکرێن. شەوی رەشی کەزیەکانی وەك شەوی لیلةالقدرو بەرات وانە، کەهەم تیشکی جوانی خوایان دەناودایە؛ هەم هەمو بەرەکەتو

پیتی رۆزی دڵمان لەوانرایە. تەختیٚ سپیناو چەوانی، سپێدەی جەژنی پیرۆزە. روخساری جوانتر بەهارە، نەخێر. وەك باغی بەهەشتە، کە هەرگیز پائیزی نیە. ئەگەر دەڵێن بەهەشت لە رۆژی قیامەتا دەبیندرێ، دەلەو باڵایە بڕوانن. کە هەرگا یار هەڵدەوستیٚ، قیامەت دەکاو هەرگا قەد دەنوشتێنێتەوە ئێمەی دڵدار، قیامەت بەچاوان دەبینین.

٤ ئەوپەری وەقتیٚ دسوندوس‌دا ژقوندوس بت خویا
بەندەدیٚ شاهو گەدابت خوسرەوی شیرین کەلام

٥ هەرکەسی جارەك دیە ئەو زیندەما حەتتا ئەبەد
وی نەدیتی ئەوپەری رو، زیندەگی لیٚبت حەرام

٦ هەرکەسی جامیٚ ژدەستی وی بنوشت نوش‌بت
ئی ژوی دەستیٚ نەنوشی زەهربت ئەو لیٚ مەدام

**مانای وشە:**

**سوندوس:** پارچەی ئاوریشمی بەزێڕ چنراوی زۆر نایاب؛ **قوندوس:** تاریکایی خەستی شەویٚ؛ **گەدا:** پارسەك؛ **مەدام:** هەمیشە؛ **مەدام:** بادە.

**پوختەی مانا:**

ئەو پەریە ناسك‌و نازدارە، دەم‌کوڵو شیرین وتارە ـ کەشای سەرتەختی جوانی‌یە ـ بە بەرگی ئاڵو واڵاوە ـ کە لە قوماشی سوندوسە ـ لەشەوی ئەنگوست لەچاوا، بێتەدەرو خوٚی نیشان‌داو تیشکی روخساری لەدنیا پرشنگ بدا. هەمو شاهانی سەرزەوی، باخوسرەوی شیرینیش‌بن؛ لەبەر دەرکی ئەو دەکەون‌و لە دامێنی ئەو دەنەون‌و دەبنە عەبدێکی سەرکزی‌و بەگەدایی لەدەرگای شانازی دەکەن. چونکە هەرکەس هەرجارێك یارم ببینیٚ، هەرگیز مردن توشی نابیٚو هەرکەس چاوی بەو دیدارە رۆشن نەبیٚ، خوٚشی‌و ژینی لیٚ حەرامە.

هەر ئەو بادەی، لەدەستی ئەو ئەخورێتەوە، نوٚشی گیانەو بەگیان خوٚشە، بەدەستی ئەو ژەهریش هەمیشە لەبادە بەرێزترە. هەرکەسیٚ لەیارم دورەو دەیەویٚ بادەبنوٚشیٚ، یاخوا بادەی لیٚ ببیٚ بە ژەهری مارو سندان‌و قوززە لقورتی‌بیٚ.

٧ وان درەقصێدا کودیم ئاور پەیاپەی دانەمن
بەرق‌و تیرێژان لدلدان جەذبەیا عیشقی رەڤام

٨ عومرەکە دوربوم ژجانان کەتمە بەندا فیرقەتیٚ
ناگەهان پەردە هلاتی گوٚ: مەلایم السلام (یان، مولایم...)

**مانای وشه:**

**وان:** ئەوان، بۆ ڕێزگرتن بۆ یەکێك ئەوان دەگوترێ؛ **ئـاور:** ئـاگر؛ **ئـاورۆ:** بۆ دواوە روانین، بەتیلەی چـاو روانین؛ **پەیاپەی:** بەشوێن یەکا، خۆش‌خۆش؛ **تیرێژ:** تیشك؛ **جەذبە:** کێش؛ **رەڤـام:** رفێندرام؛ **هلانی:** لای‌برد، لای‌گرت؛ **مولایم:** هێدی‌و لەسەرخۆ؛ **مەلایم:** مەلای من؛ **اَلسلام:** سـڵاوت لێ؛ **اَلسـلام:** هەر نەماوی.

**پوختەی مانا:**

لەکۆڕی گوێبەندو بەزما، یار دیتمی‌و لەسـەریەك ئـاورێ وی دەدامو ئـــاوری دەهەناوم بەردا. بروسکەو تیرێژی جوانی، هاتنە دڵو کێشەری ئەوین رای‌کێشامو رفاندمی‌و من هەرنەمام. دوری لەیار هەرتاوێکیش بێ، عومرێکـــە. من عومرێك بو کەوتبومە ناو زیندانی خـــەمی دوری یاری دڵبەند. ئەو روژە لەو گوێوەندەدا، لەپر یار لە پەردە دەرهات؛ لەمپەری جودایی پەڕاند، زوڕ بەنەرمی پێمی فـەرمو: مەلای منی؟ سـڵاوت‌لێ. هەر بەو توزە دواندنەی ئیتر من یەکجـــاری مردم. ئەلفاتیحا.

## قصیدەی شێصت‌و هەشتەم

# «نەترک و بازن»

١ رەمزێن‌تە دجانان نە بەئەندازە درازن
هەریەك بهەزار رەنگ رەوانێ مە دخوازن

٢ وان دەر بەلجانان مەوەکی بەرق‌و بروسکان
تیرێ تە دجانان نەتنێ سینە گوداز‌ن

٣ جانا ژجەفایاتەو ظولمێ چخەبەر دین
کوتیر ژجەوراتە ددلدامە بگازن

٤ پەروانەو بولبول بدلن شوعلەیی عیشقێ
لێ‌کوتو نەظەردی بخوە ئەو گولشەنی رازن

**مانای وشە:**

**درا‌ز:** درێژ؛ **رازان:** راکشان؛ **درازن:** رادەکشێن، خۆ درێژ دەکەن؛ **رەوان:** گیان؛ **رەوان:** پەلەو خۆش‌رۆ؛ **دەرب:** زەبر؛ **دەرب:** رێگە؛ **سینە گوداز:** سنگ تاوێن؛ **جەور:** زوڵم؛ **جەور:** لەرێ کلابون؛ **جەور:** دەنگی بەقەوی هەورە تریشقە؛ **گاز:** گەزی پێوان‌و گەزی ددان؛ **گازن:** گلەو شکایەت؛ **گولشەنی راز:** باغچەی پڕلەنهێنی؛ **گولشەنی‌راز:** کتێبێکە شیخ محمودی شەبستەری (ساڵی ٧١٧ کۆچی) لە هەزار بەیتا، دای‌ناوەو هەموی هەرباسی عیرفانە.

**پوختەی مانا:**

ئیشاراتی نهێنی تۆ، لەگیاناندا، لەو ئەندازەیە دەرچو، کەهیچ گیانێك دەری بەرێ‌و گیانمان زۆر بەرتەسك‌ترە لەوەی رازی تۆی تێ‌بچێ‌و جێی بێتەوە. کە لە گیاندا پاڵ دەکەوێ. هەریەك لەو رازی واگرینگ بە هەزار رەنگ‌و تەرزەوە خۆ دەنوێنێ‌و دەیەوێ گیانمان بستێنێ‌و بە پەلە بیبا بۆ

خۆی‌و دەرسی دڵداری ئەوینی پێ ڕەوان‌کاو گیان ئەو ئـەرکەوا گرانەی زۆردژوارە، بۆ هەڵگیرێ. رازی ئەوین، وەك تیرێکن لە بروسکەی عاسـمان دەکەن. تەنیا بەوەندە بەس ناکەن. سـینەمان بتاوێننەوە. نیشـانەیان لە گیانمانەو هەر دەپێکـن. یارە گیانە شـیرینەکەم، چـۆن ڕێم دەکەوێ بەگلەیی لەدەست ظوڵمت بناڵێنم. ئەوی منیش ئازار دەدا، هەر ڕوحمو بەزەیی تۆیە و من نایزانم. من لەدەس تیران دەناڵم. تیریش گلە لەبەختی خـۆ دەکەن؛ کە تۆ دورت خسـتونەوەو لە دڵی مندا جێگـات داون. چیرۆکی منو تیری‌تۆ، وەك چیرۆکی بولبولو پەپولە دەچـێ. بە ڕواڵەت گڕی ئەوینێ بڵێسەی داوەتە دڵیان بەڵام بێ‌ینە باری ڕاستی؛ ئـەو هەردو دڵسـوتاوانە بونەتە گوڵجـاری ڕازان‌و لەناو بەهەشتی ئەویندا، دێن‌و دەچن‌و دڵیان بویتە گوڵشەنی ڕاز. پڕیە لە باسی خواناسی.

٥ پەیوەستە ژوەصلێ تەدمێنم کوسەراسەر
بشکوژ وطەلیسمو وەرەقو نەترکو بازن

٦ سوببوحی‌و قودوسی‌و حورێن دبەهەشتێ
پەیوەستە شەبی قەدری لیقایاتە دخوازن

**مانای وشە:**

**پەیوەستە:** هەمیشە، بێ‌نێوان؛ **بشکوژ:** قوپچە؛ **طـەلیسـم:** پارچێك خشـڵی زێوینە. دوعای لەسـەر هەڵدەکەن تا لە جنۆکەو دێوو درنج بپارێزرێن؛ **وەرەق:** گەڵا، خشـڵێکە وەك گەڵا دەچـێ؛ **نەترك:** مانگوڵەی لەرزانە؛ **باز:** دەرزیلەی خشڵ بەشکڵی‌باز؛ **بازن:** دەسـتەوانەی لە زێڕو زێو؛ **سـوببوح:** ناوێکـی خوایە؛ **سوببوحی:** بەو فـرشتانە دەڵێن کە هەر دەڵێن سـوببوح، سـوببوح، واتا خـوایە پاکی هەربۆتۆیە؛ **قوددوس:** ناوی‌خوایە؛ **قوددوسی:** ئەو فریشتانەن کە هەمیشە دەڵێن قـوددوس، قـوددوس، واتا خـوایە هەر تۆ خاوەنی پیت‌و پیرۆزیت؛ **لیقا:** توش‌بون.

**پوختەی مانا:**

یاری نازدار! خۆت لە دڵی من بەئـاگای. جیا لەتۆ، هەمو شـتێك لەبەرچـاوم بێگـانەیە. دەمەوێ ئـەگەر بتگەمێ هیچ‌شـت، هیچ ئـافەریدەیەك بەگیان، بێ‌گیان، بەنهێنی نێوان منو تۆ نەزانێ. نامەوێ تەنانەت قوپچەو خشڵە زێڕو زێوەکانیش، کە تەلیسمو پەلك‌و خرینگەو مەنگوڵەو دەرزیلەو لەرزانەو بازن‌و خـرخاڵن‌و لەسـەر تاپای تۆ هاڵاون؛ پێ بزانن. بەزرینگـە، دەنگ دەدەن‌و لێم تێك دەدەن. بۆیە هەمیشە لەهاتن بۆ بارەگاو دیداری تۆ، من داماوم‌و بەش‌بڕاوم.

نازانم کێ گوتویە:

مەڵێ بۆ نامە نانوسی، لە نێوانی منو تۆدا  قەڵەم بێگانەیە نابێ لەرازی ئێمە ئاگابێ

٧ سونبول بسەماتێن‌و گولان پەردە دراندن
بشکفتنە ئاڵ‌ئاڵ‌و هشین بونەتەڕازن

٨ جوبار درەوانن چەمەنان تەرح جوانن
مەستانە برەف رەف لکەناران سی‌و قازن

٩ هەریەك بتەماشاگەهی حوسناتە ژهەرجا
تەشبیهی نیگاران بجەمالاتە دنازن

**مانای وشە:**

**ئاڵ‌ئاڵ:** گوڵێکی کوێستانە؛ **هشین:** شین، کەوە؛ **هشین:** سەوز؛ **تەراز:** ڕێك‌و لەبارو بەرانبەر؛ **تەڕازن:** مێرگی بەتەڕایی، تەرەزن؛ **تەرح:** بیچم، لق، چڵ.

**پوختەی مانا:**

ئەی‌دڵە! وەرە بڕوانە؛ بەهارە دنیا خەملیوە. سملان بەدەم شنەباوە سەمایانە، دەلەرنەوە. گوڵی گوڵاو ـ کە خونچە بون‌و لە شەرمان، دەرنەدەچون ـ لە خۆشیانا، سەرخۆش بون. پەردەیان دڕاند. بڕوانە چلۆن پشکوتون. گوڵی ئاڵ‌ئاڵ، بەهەزار ئاڵ‌و واڵاوە، خۆ دەتوێنن. هەرچی چیمەن‌و مێرگوڵەن، لە خۆشیانا گەش بونەوەو لەتاسەی دیداری گوڵان، ئاویان دەچاوان تزابو. ئێستە لە خۆشی دیمەنیان، هەمو دەمیان پڕ لەئاوەو لە تریقەی خەندەی جوگەلان، هێند پێکەنین، شین بونەوە. بڕوانە چەند ڕێك‌و پێکن، تیپی گوڵان، بە تەکوزی هەڵوێستاون. جوگەی ئاوان، بە رەوانی‌و بیچمی چیمەن وابەجوانی، کارێکی وای‌کرد کەسی‌وقاز لەو دیمەنە گەشکە بین‌و وەك سەرخۆشان، بێنە دەورەی گوڵ‌و ئاوان‌و پوڵ پوڵ لە دەورەیان گەرێن. یاری گیانم! دڵی‌دڵم! هەم گیان هەم دڵم، هەم گوڵم. ئەو هەموانە چگوڵن، چمەلن؛ چقل. چئەو سەوزەی لە چیمەندا پێ‌دەکەنن؛ گشتیان سەریان دەرێناوەو بە چاو، بەدڵ‌دەروانن‌و بەتاسەوەن توببینن. هاتونە سەیری جوانی تو. هەمو گیاندارو بێ‌گیانێك، وەك هەمو جوان‌و دڵبەران، بەجوانیت شانازی دەکەن.

١٠ تیران لمەدەت دوست مەتێ سێنە هەدەف‌کر
نازان لمەکەت یاری، مەزاری‌و نیازن

١١ میحرابی دوئەبرو کو ژبالاتە خویابن
دەر سەجدەگەهی عیشق نیازی مە نەمازن

١٢ گەر حوسن‌و مەحەببەت بسەراپەردەیی جان‌بن
گەه شاهو گەدا، گەه بخوە مەحمودو ئەیازن

## ١٣ ئەڤ حورو پەریچیهره بتولاتی جەمالێ
## دەر صورەتی تەحقیق «مەلا» عەینی مەجازن.

**مانای وشە:**

**هەدەف:** ئامانج؛ **زاری:** گریان‌و شیوەن؛ **نیاز:** پاڕانەوە؛ **نەماز:** نوێژ؛ **نەمازە:** تایبەتی؛ **چیهره:** روخسار.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر یار تیرمان باوێتێ؛ ئێمە سینەی بۆدادەکەین بەنیشانە. ئەگەر ئەو دەسکا بەنازان؛ ئێمە بەگریان‌و نیازو پاڕانەوە دەیدوێنین.

ئەگەر طاقی بروکانی، لەو باڵایە بێنە بەرچاو؛ سوژدە دەبەین لە جێگای سوژدەی ئەوینداە. نوێژەکانمان تایبەتین‌و نوێژو نزای دڵدارانەن. ئەگەر جوانی دەگەڵ ئەوینی راستیدا، بکەونە ناو سەرسەرای گیان‌و تێکەڵاوبن؛ نەشایەتی لەناو دەمێنێ‌و نەروتی، لە بازاری ئەوێنێ، سوڵتان‌و گەدا دەبنە یەك‌و مەحمودو هەیاسێك نیە. هەر یەك لەوان هەم مەحمودە هەم هەیاسە. چونکە تازە لە بۆتەیەكدا تواونەوەو جیاوازی لەناو نەماوە. ئەو جوانانەی کە وەك حوری‌و روخساریان وەکو پەریانەو، ئەو بتە جوان تاشراوانەی ـ کە خەڵکیان پێ گومرا بوە ـ ئەگەر بەراستی برۆانین‌و بەوردی لێی وردبینەوە؛ پێدەزانین جوانی بەدەڵن‌و جوانی راست لەپشت پەردەی ئەزەلیەوە تیشکی داونێ.

# قصیدەی شێصت‌و نۆیەم

# «دەینی بوسە»

١ مەلامە لگەردنا دلبەر ژنوصەد بوسە ماین دەین
مەجالێ دێ بخوازم ژێ دبێ دەینێ‌تە (فَوْقَ‌الْعین)

٢ برەمزا قاب قەوسەینێ ژوان بورهان خەبەردارین
(فَاَتِ‌الْقَوْسَ بٰاریهٰا اَلاٰ یارامیَ الْقوسَیْن)

**مانای وشە:**

**مەجال:** وەخت؛ **دبێ:** دەبێژێ؛ **دەین:** وام، قەرز؛ **فَوْقَ‌الْعَیْن:** باڵای چەم، لەسەر چاو؛ **قاب قەوسەین:** بە ئەندازەی ژێ کەوانێك (باسمان لێکرد)؛ **فات:** دەبێنە؛ **بٰاریها:** تاشەرەکەی؛ **الا:** هوێ؛ **یا:** ئەی؛ **رامی:** هاوێژ؛ **قەوسەین:** دوکەوان.

**پوختەی مانا:**

یار دەیفەرمو ئەگەر لە ئەویندا مردی؛ ماچێکت پێ قەرزداربم. تۆ لە کۆنە قەرزان گەڕێ کە نەگەیون. وا سەرلەنوێ، صەدجار لەبەر پێیدا مردوم. دەبێ صەد ماچی گەردنیم لەسەری‌بێ. هەتا دەڵێم کوا قەرزەکەم، دەڵێ قەرزت لەسەر چاوان. ناڵێ لەسایەی گەردنم، دیارە دیسان وای‌نیازە چیم پێ نەگا. هەر لەباسی قابەقەوسەین لەرازی نهێنی بروێ ـ کە ئەندازەی دوکەوانن ـ ئاگادارین. کەوان بدەرە دەست وەستا، ئەی تیر بەدو کەوان هاوێژ.

هەروەك لەکوردی‌دا دەڵێن «نان بۆ نانەوا رەوایەو گۆشت بۆ قەصاب». لەناو عەرەب بۆتە مەسەل «کەوان بدە دەس کەوان تاش». واتا هەریارم دەزانێ دڵان بەتیری مژۆڵان‌و لە کەوانی بروێ کەوانیەکەیەوە، بهەنگێوێ. هەمو تیر هاوێژێکی‌تر، بابچنەوە ماڵی خۆیان.

٣ ژسیررا لامەکان واجب تەنەززول‌کر دئیمکانێ
(فَأَيْنَ الْعِلْمُ، أَيْنَ الْعينْ، وَأَيْنَ اللأَيْن إِذْلاأَيْنْ)

**مانای وشە:**

**لامەکان:** بێ‌جێگە؛ **واجب:** پێویست؛ **واجب‌الوجود:** خودا، واتا بێ‌گومان هەر هەیە؛ **ئیمکان:** شیاوی، ئیمکان لە زاراوەی فەلسەفەدا، بۆ کردارێك یان شتێکی‌وا دەبێژن کە لەسەر بون‌و نەبونی پەك نەکەوێ. وەك بونی مرۆو شینایی‌و جانەوەرو دورەگیانی بێ‌بزوتن. ناوی مومکین لە بە رانبەر وشەی واجبدا دەگوترێ؛ **أین:** لەکوێ؛ **عَینْ:** چاو، بەرچاو؛ **إذ:** کە.

**پوختەی مانا:**

خودای گەورە، لە نهێنی بێ‌جێگەیی دەستی هەڵگرت‌و خۆی لە شیاوان (لەئێمکانی)دا، نیشان‌داین. وەك خۆی فەرموی: «گەنجینێکی نهێنی بوم، ئافەریدەم هێنانە گۆڕ تا بمناسن» ئەگەر لەبەر ئەو رازە گرینگە نەبا؛ چۆنمان دەتوانی بیناسین؟ کوانێ زانست، کوا سۆمای چاو، کوا شتی دیار، تەنانەت کوا لەکوێ هەبو، کە ئەگەر خوا، دنیای دروس نەکردایەو وەخت‌و رۆژو شەوو دەمی دانەنایە؛ وشەی کوانێ‌و لەکوێش، نەدەزانرا چیە. بۆخوای گەورە نە دەم‌و کات‌و سات هەیەو نە جێگەو شوێن.

٤ ژمابەینا دوئەبرویان پەیاپەی بەرقی لامیع تێن
بعەینی گەرببی صافی چنورەك صیرفە ئەو مابەین

**مانای وشە:**

**مابەین؛** نێوان؛ **مابەین:** دەرباری سوڵتان، هۆدەی چاوەنۆڕی بۆ دیتنی سوڵتان؛ **صیرف:** خالیص‌و پاکی بێ خەوش.

**پوختەی مانا:**

لەنێوان هەردو ئەبرۆیان، لە سەریەك هەر بروسکەی پڕتروسکە دیار دەدەن بۆمن. بەچاوی رون‌و بێ‌تانە، کە بی‌بینی، دەزانی لەو نێوانەی‌دا نیشانەی کامە نوری‌پاکە دەنوێنێ.

٥ بدەستورا تەدا، وی ژی ژڤێ ناڤێ ڤەرێکم ئەز
(فَصَفِّ الْعَيْنَ نُورَالْعَيْن أَلاٰ يا زَيْنَ كُلِّ الزَّيْنْ)

**مانای وشە:**

**دەستور:** ئیجازە؛ **ویژی:** ئەویش؛ **ژڤێ‌ناڤێ:** لەونێوانە؛ **ڤەرێکم:** بەرێ بکەم، لەنێوان لابەم؛ **فَصَفّ:**

دەسا رون بکەوە؛ **نورالْعَیْن:** ئـەی نوری چـاو؛ **ئـــەلا:** بریەتیەلە: دەگەڵ تۆمە؛ **یا:** ئـــەی؛ **زَیْن:** زینەتو جوانی؛ **کُلّ:** هەمو، گش.

**پوختەی مانا:**

یاری تاقانەی بێهاوتام! ئەگەر تۆئیجازە بدەیو ریگـە بدریم بۆ بارەگای نزیکـانت؛ من گەرەکمە ئەو نیوانەش کە بروی یاری دنیاییو لەوانەوە تیشکی خـۆتت نیشـانداوم؛ لە ناو بچـیو چـــاوم بەخۆت ـ کە سوڵتانی سـوڵتانانی ـ بە بی نیوانو ناوبژیو پەردەو لەمپەر رون بیتەوە. دەزانم ئـەو دیتنەی تۆ، چاوی دڵی رونی دەویو ئـــەشـــی تانەی لەســـەر نەبی. دەســـا بەزەییت پیمدا بیت. روناکایی چاوەکانم چاوی دڵم رونکەرەوە؛ با جوانیەکەت بی پەردە بیتە بەر چاوان؛ ئـەی جـوانتر لە هەمو جوانانو ئەی مایەی جوانی گشجوانیك لەعالەمدا!

**٦ بەهایی عیشوەیەك لەعلان مەیەکسەر (مامَلَكْ) بەخشی**
**دلو جان ژی لسەردانیو ظالم هیژ دبیژت: دەین**

**مانای وشە:**

**بەها:** نرخ، بایی؛ **یەکسەر:** بەیەکجارەکی؛ **مامَلَك:** هەرچی شکـی دەبرد، هەرچـی هەمبو؛ **هیژ:** هیشـتا، هیمان.

**پوختەی مانا:**

لە نرخی نازی لیوانی، بەجاریك هەرچی هەمبو دام
دلو گیانیش کرا پارسەنگی، زاڵم هەر دەڵی: کوا وام
«نالی» دەڵی:
قیمەتی ماچی دوصەد کیسەیی ساغەو نیمە غەیری یەك کیسەیی صەدپارە لە گیرفانم دا

**٧ مەلا هەروی ببین هەروی ئەگەر هەروی دناسیتو**
**(هُوَالْمَغبود. هُوَالْمشهود. بَلْ لاغَیْرَ فی‌الدّارَیْن)**

**مانای وشە:**

**هُوَ:** ئەو؛ **مَغبود:** پەرسراو؛ **مَشْهود:** دیارو بەرچاو؛ **بَلْ:** بەڵکە؛ **لاغیر:** نەشتیتر؛ **فی‌الدّارین:** لە هەردوك ماڵاندا، واتا، دنیاو قیامەت.

**پوختەی مانا:**

مەلا لەکویی؟ لە بارەی کیوە تۆ دەدویی! ئـەگەر یاری تاقـانەی سـەروەری یاران، دەناسـیو تانە

لەسەر چاوی دڵت نیە؛ هەر لەو بڕوانە هەر لەوی. هەر ئەو شیاوی پەرستنە. هەر ئەو دیاری بێ پیوارە. تەنانەت ئەوەش بزانە کە لە هەردوك دنیایاندا، جگە لەخۆی؛ هیچکەس نیە کە بۆ پەرستنێ بشێ.

## قصیدەی حەفتایەمین

# «چیرۆکی جوانیت»

١ من دبەر (قالوابَلیٰ) باطن ڤەویرا بو ئەڤین
هێژ لسەر عەهدا ئەلەستم تابرۆژا ئاخرین

٢ من دڤێ لێ ئەشکەراکەم جارەکی داغا نهین
(گُفْتَمْ اورا ما دُعاگوی ِ توایم أیْ حورعین)
(أغرضَتَ عَنّی وَقالَتْ ماذُعاءُ الْکافِرین)

**مانای وشە:**

**قالوابَلیٰ:** باسی‌کرا؛ **ڤەویرا:** دەگەڵ ئەو؛ **عەهد:** پەیمان؛ **عەهدا ئەلەست:** پەیمانی ئەو رۆژەی کە خوا گیانی دروس کردن؛ **گُفْتَم:** گوتم؛ **ما:** ئێمە؛ **حورِعین:** کیژە چاو رەشەکەی بەهەشت؛ **عین:** چاو گەورە؛ **عین:** گاکێوی کە زۆر بەچاو جوان ناسراوە؛ **أغرَضَتْ:** روی وەرگێڕا، نارەزایەتی نیشان‌دا؛ **عنّی:** لەمن؛ **قالَتْ:** گوتی ئەو مێوینە؛ **ما:** چیە؟؛ **دُعاءُالکافرین:** نزای خوانەناسان. خوا لەقورعان وتوویژی جەحەنەمیان دەگەڵ پاسەوانی تونی ئاورمان بۆباس دەکاو فەرمویەتی: «ئەوانەی لەناو ئاگران بە پاسداری دۆزەق دەڵێن: داوامان بۆ لەخوا بکەن رۆژێك لەسزامان سوك‌کا. پاسدار لەوەراما دەڵێن: راسپاردەتان لە ئێمەوە نەهاتەلا، بە بەڵگەی زۆر ئاشکراوە. دەڵێن بەڵێ: دەڵێن بۆخۆو دوعابکەن. دوعای کافران، جیا لەرێ لێ‌ون‌کردن؛ چیتر ناکا.»

**پوختەی مانا:**

من بەرلەو رۆژەش کە خودا گیانی بۆ لەشان دروست کرد؛ ببومە دڵداری یارم لە دەرون‌دا. هەتا ئێستاش، هەر لەسەر پەیمانم ماوەونەگۆڕاوەو، تا دوارۆژیش هەروا دەبم. هەمو ئاواتم ئەمەیە جارێك داخی ناودڵم ئاشکرا بکەم.

پێم گوت: ئێمە نزاگوتین، هوی چاورەشە بەهەشتیەکە! روی لەمن وەرگێڕاو گوتی: دوعای

کافر بەچی دەچیٚ؟!

٣ ئەی شەهی عالیجەناب، پور عاجزو پەرگەندەئەم
ئاه ژدەست جەورا ئەڤینیٚ چبکرم؟ من بەندەئەم

٤ صەبرو طاقەت من نەمان لیٚ بیٚکەس‌و دەرماندەئەم
(گر بخوانی ور برانی بندەام تازندەام)
واجِبٌ لی اِمتِثالُ الْآمرِ ماذا تَامُرین)

**مانای وشە:**

**عالی:** بڵند؛ **جەناب:** لایەن؛ **عالیجەناب:** وشەی ریٚزگرتنە بوٚگەوران، واتا: پایە بەرز؛ **پەرگەندە:** پەراگەندە، پەریٚشان وبڵاو؛ **دەرماندە:** داماو؛ **بخوانی:** بانگ‌کەی؛ **برانی:** دەرکەی؛ **واجب:** پیٚویست؛ **لی:** بوٚمن؛ **اِمْتِثالْ:** بەجیٚهیٚنان؛ **ئەمر:** فەرمان؛ **ماذا:** چی؛ **تامُرین:** ئەمر ئەفەرموی خانمەکە.

**پوختەی مانا:**

پادشای پایەبەرزی جوانان! زوٚر وەرەزو پەریٚشانم. ئاخ چی‌بکەم لەدەس ئازاری ئەو دڵداریە. من کوٚیلەی توٚم. ئوٚقرەو ئارامم پیٚنەما. یەکجار بیٚکەس‌و داماوم. گەر دەرم‌کەی یان وەمخوێنی، من هەر کوٚیلەم هەتا زیندوم. پیٚك هیٚنانی فەرمانی‌توٚ، بە ئەرکی پیٚویست دەزانم، چوٚن دەفەرموی تا وابکەم.

٥ صوهتم ئەز پیٚتا ئەڤینیٚ تیٚك بو ئەم گەردو هەبا
(اِنَّ لی آیاتُ صِدْقٍ کانَ فی‌هَذا اُلنَّبا)

٦ حوری‌یا روٚژا لیقائیٚ، نازکا مەخمەرقەبا
(حَبَّذا رَوْضاتُ نَجْدٍ زُرْتُها عَهْدَالصَّبا
(رَوْضَةٌ یَجْری عَلیٰ اَرْجائِها ماءُمَعینْ)

**مانای وشە:**

**پیٚت:** گرٚ؛ **گەرد:** توٚز؛ **هەبا:** توٚزە وردیلەی دەوری هەتاو؛ **اِنَّ‌لی:** تەواو بوٚم هەیە؛ **ئایات:** نیشانگەل؛ **صِدْقْ:** راست؛ **کانَ:** بو؛ **فی:** لەناو؛ **هذا:** ئەم؛ **نَبا:** خەبەر؛ **لیقا:** توش‌هاتن؛ **مەخمەر:** پارچیٚکە؛ **حَبَّذا:** چەند خوٚش‌بو، ئای کەباش‌بو؛ **روضات:** باغچەگەل؛ **نەجد:** زورك؛ **نەجد:** تەپوٚڵکەی بیٚگیا؛ **نەجد:** ناوی ئەو گردەیە کە قەیسی عامری (مەجنون) لەسەر ئەویٚ دوربەدور دەیرٚوانیە رەشماڵەکانی هوٚبەی لەیلیٚو گوٚرانی پیٚدا هەڵدەگوت؛ **زُرْتُها:** دیدارم لیٚکرد؛ **عَهْد:** زەمان‌و چاخ؛ **صِبا:** منداڵی؛ **یەجری:** رەوان دەبیٚ؛ **عَلیٰ:** لەسەر؛ **ئەرجائِها:** لایەن‌گەل؛ **ماء:** ئاو؛ **مَعینْ:** رەوان.

**پوختەی مانا:**

بەگڕی ئەوینێ سوتاوم؛ توزو خوڵیشم بابردی. دروٚ ناکەم شایەتم هەن. هەرچی بو، دڵداری کردی. حوریەکەی بەهەشتی خودا، نازکوڵەی کەوا مەخمەرم! بیرێك لە هەژاریم بکە. ئاخر بێتو چوٚن دەربەرم؟ خوزگەم بە دەوری منداڵیو چونە نەجدی پڕلەوەڕی. چەند کانیو ئاویشی لێبون. داخم ئەو خوٚشیە تێپەڕی.

شیاوی باسە، ئەو بەیتە لە شیعرەکانی قەیسە بوٚ لەیلای داناوە. گوٚیا دەگەڵ لەیلایەدا بەمنداڵی لەنەجد، بەرخو کاریان دەلەوەڕاند.

**٧ من لسەر بەدری مونیر مەکتوب دیە نەقشی سەواد**
**سەر بەیەك ئانی دونونان خەططی رەیحانی دوصاد**

**٨ حادری من سەجدەبر لەو غەرقی خونێ بو فوئاد**
**بَرْ دَرِ باغِ وصالَشْ هاتِفی آواز داد:**
**(هٰذِهِ جَنّاتُ عَدْنٍ فادخُلواها خالِدِین)**

**مانای وشە:**

**سەواد:** رەشایی؛ **حادری:** دەسبەجێ، هەرلەجێ؛ **فوئاد:** دڵ؛ **بەردەری:** لەبەر دەرکی؛ **وصال:** پێك گەیشتن؛ **هِذِهِ:** ئەمانە؛ **جَنّاتْ:** باغات؛ **عَدْن:** ئەو بەهەشتەی خوا دابوی بە بابە دەم؛ **فادخلواها:** بچنە ناویەوە؛ **خالدین:** هەتاهەتایە.

**پوختەی مانا:**

لەسەر مانگی چاردەشەوەی ترێفەدەر، من نەخشێکی رەشم دیوە. دو نونی خەتی ریحانی ـ کە وەك دو بروٚی یارم دەچون ـ گوٚشەیان دابوە سەر دوصاد ـ کە بە چاوی یار، دەشبهان ـ دڵم بوبە گوٚمی خوێنێ لەو دیمەنەو سەرم خستەسەر سوژدەوە. لەو حانەدا، لە دەرکی باغی یارەکەم ـ کە جێ ژوان بو ـ دەنگێکی بێرەنگم دەبیست دەیگوت: ئێرە بەهەشتی ئادەمە بچنە ژورو لێی دەرمەچن.

**٩ نائیتن گوٚتن بقال شەرحو بەیانی حوسنیتو**
**دی بحالو سێربناسن دل فەسانێ حوسنی تو**

**١٠ خوەش «مەلا» ئامانجی تیرانکر کەمانی حوسنیتو**
**قِصّەی عِشْقِ جَلالو داستانِ حُسنِ تو**
**تِلْكَ أنباءُ یَقولُ اُلنّاسُ مِنّا بَعْدحین**

**مانای وشه:**

**فەسانە:** ئەفسانە، چیرۆکی کۆن؛ **داستان:** سەرگوروشتە؛ **تِلْكَ:** ئەمانە؛ **أنباء:** دەنگ‌و باس‌گەل؛ **یقول:** دەڵێ؛ **ناس:** مەردم؛ **مِنّا:** لەئێمە؛ **بعد:** دوای؛ **حین:** ماوەیەك لە رۆژگار.

**پوختەی مانا:**

هەر بەگفتی سەرزارەکی باسی جوانی تۆناکرێ. دەبێ ئەهلی دڵ بزانن چیرۆکی جوانی تۆ چۆنە. ئەم جوانیەی چەندبە باشی‌مەلای وەبەر تیران داوە. چیرۆکی دڵداری «جەلال» لەگەڵ باسی‌جوانی تۆدا، دەبن بەباس‌و خەبەرێك کە مەردم لە دواروژێکا، بۆ یەکتری دەگێڕنەوە.

شیاوی باسە، وەختە بڵێم بێگومانم ئەو شیعرانە هی بوێژێکی ناو «جەلال» بوە. مەلا تەضمینی کردوە. بەڵام داخەکەم نەمزانی ئەو مەلا جەلالە کێبو. جەلال‌الدین رۆمی نەبوە. جەلال‌الدین دەوانیەکی شاعیر هەبو؛ لە چەرخی نۆ تا سەرەتای چەرخی دەهەم (٨٣٠ تا ٩٠٨) ژیاوە. نازناویشی فانی‌بوە. سەیرئەوەیە: لە هەمو ئەو نوسخانەدا، کەمن دیومن؛ هەوەڵ لەتی دوامین بەیتی قصیدەکە، زیاد لەهەموان، تەواو کوردانە نوسراوە. نوسیویانە عشقا جلال‌و داستانا. بۆ ئەوەی سێ لەتەی مەلاش وەك ئەوبچێ. پاشڵەکانیان دەگەڵ ئەو هێناوەتەوە. بەیانا، فەسانا، کەمانا، ئەمانە هەر ویستویانە قصیدەکە خرۆپڕ هەر هی مەلابێ بەڵام پیاو کە مرخ‌و چێژەی شیعری مەلای باش چێژتبێ؛ دەزانێ شیعری ئەو نیە (هەژار)

## قصیدەی حەفتاو یەکەم

# «کەمان کشاندن»

۱ صەنەمیٚ ژقەوسی ئەبرو دوهیلالی نەو نوماندن
دوکەمان لبورجی میزان بغەضەب لمن کشاندن

۲ نە دونون بخەط موقابیل ببەدیع خەط نقیسی
دوهیلالی دەستی قودرەت، بقیرانی یەك نیشاندن

**مانای وشە:**

صەنەم: بت؛ میزان: بورجێکە لەعاسمان، تەرازو؛ میزان: بەرانبەر؛ غەضەب: تورەیی؛ موقابیل: بەرانبەر، روبەیەك؛ بەدیع: تازەی کەس نەدیتو؛ نیشاندن، نیشاندەن: دانان.

**پوختەی مانا:**

ئەویارە جوان‌و دڵگرە ـ کە هەمو جوانێکی دیکە، دەیپەرستن‌و بوٚتە بتی دڵدارانی ـ بروٚکانی هاتە بەرچاو، هەرنە بروٚ، وەك دومانگی یەکشەوەبون، لەعاسمانێك‌دا دیار بدەن. ئەو دومانگە لەنوێیانە ـ کە زوٚر لەبارو میزان‌بون ـ لە مزڵگەی ئەوباڵایە، وەك دو کەوانی میرغەضەبی ئەویندارکوژ، لەمن کێشران (تەرازو کێشانی هەیە). دەستی قودرەتی خودایە کە ئەو دومانگە یەکشەوەی لە عاسمانی صافی توێڵی بەرانبەر بەیەك داناوەو نیشانی مەردمی‌داوە. دیارە موجزات قەوماوە. لەبەر چاوی هونەرمەندانی خەت پەسند، جوتێك نون بون. لەسەر تەتەڵەی نورین‌دا، دەستی بەهێزی ئەزەلی خەتی دابون. نون دەچاوی ئەوان‌دا با، لەودو نونانە دانەبون.

۳ چبەراتی حوسنە یارەب بنیشانی پادشاهی
بطەرەف دوطورٚرە طوغراوە بەماوەری رەشاندن

**مانای وشە:**

**بەرات:** خەڵاتنامەی گەورە گەوران، جەژنی ڕۆزی بەش‌کردنێ؛ **طەرەف:** لا؛ **طوررە:** پەرچوکەی بڵاو لەسەر توێڵ، کەنارە، مێزەربەند، ریشوی بانەدراوی بڵاو؛ **طوغرا:** فەرمان، مۆری قیچەڵفیچی سوڵتان؛ **ماوەر:** گوڵاو.

**پوختەی مانا:**

ئەی خودایە! ئەو روخسارەی داوتەبەیار؛ چۆن خەڵاتو بەراتێکە بۆ دڵتەڕانو دڵداران لەدنیادا. کە بۆت ناردون. ئەگەر بەراتی پادشایان، هەر تەنیا مۆرێکی پێوە. ئەوبەراتە کە نیشانەی پاداشو بەخششی زۆرتەو لەجیاتی جێژنی بەراتە؛ لەهەردولاوە مۆری تۆی کە دوکەزی بەلادا کراوی بەگرێو ئاڵقەو طوغرا ئاسان. پێوە دیارەو دەوریان لەپەرچوکەی هەنیەی ـ کە لە قاقەزی مەرجانیش سپیترو ناسك‌ترە ـ داوە بەجوانیو لەباریو، بۆنو بەرامەشیان هێندە خۆشن دەڵێی گوڵاو دەپرژێنن؛ نەك گوڵاویان لێ پرژاوە.

**٤ ئەلیفو دولامو هێدین مەدئایەتا جەمالێ**
**ژجەگەر مەکر تەسەللیو ژسینە دەست فەشاندن**

**مانای وشە:**

**تەسەللی:** سەبوری؛ **دەست فەشاندن:** دەست هەڵتەکان، دەست بەردان.

**پوختەی مانا:**

روی یاری من، لەقورعانی جوانی خوادا، ئایەتێکەو نیشانەی جوانی خودایە. لێم دەڕوانی کەپۆکەی وەکو ئەلفێکی راستو شوشو، کونە کەپۆی وەك هێ یەکی دوچاویلکەی دەستی گەورەترین خەتخۆش. دولابسکە سەرهەڵگەڕاوەکانیشی بەدوپیتی لام «ل» دەبیندران. ناوی «الە»م خوێندەوەو لە عەیبەتان وازم لەژیانی خۆم هێنا. سەبوریمهات کە جگەرم سوتاوەچش، دەستم لە سینەشم بەرداو دەستم لەدنیاش راوەشاندو شێتی جوانی خودایی بوم. شیاوی باسە، هێندێك لەبوێژانیدی، دەمیان بەهێی وەکو زەنە «ە» شبهاندوە.

سەید رەشید (شەهید) دەڵێ:

کەدوخاڵم لەراستەی بێقلت دیت  خەمێکم گەر هەبو لێمبوبە صەد خەم

**٥ نەتنێ ژقشتو زولفان مە دسینە صەد کولابن**
**لجەگەر سیەکەمانان دوهەزار تیر رەشاندن**

٦ ژجەگەر «مەلا» پلینگان بکولابو چەنگ کەرکر
ئەسەدان ژی پەنجەقێران دلو سینە هەڕژشاندن

**مانای وشە:**

**قشت:** ڕێزە بسکێك کە بەڕێکی بەقەیچی خشتیان دەکەنو لەسەرهەنیە دادەوەستن؛ **کولاب:** قولاپ؛ **قێران:** دەگەڵ، پێرا؛ **هەڕژشاندن:** هەڵدراندن؛ لەبەریەك‌بردن.

**پوختەی مانا:**

دەردی جەرگو هەناوی من، دوسەرەیەو دەسەرەیە. پەرچوکە قشتیلەکانیو کەزیەکانی بە بژانگی سەربەقولاپ، تێروپڕ لەجەرگم نیشتن، دوهەزار تیریان تێچەقاند، ئەوجار نوڕە راوی چاوی، دەستی پێکرد. ئەوچاوانەی بوڕاوی دڵو هەناوان پڵنگو شێریان ناگاتێ. بە مژوڵان پەنجەیان لەسینەو دڵم، وەکار خستو قولاپیان لێگیر دەکردو کوتو پارچەو لەتیان دەکرد بەراستو چەپیان دادەبرد؛ بەجارێك لێکیان هەڵوەشاندو لەکاریان خست.

نازانم کێ گوتویە:

مەدە شوشەی دڵم بەوچاوە مەستەت  بەسەرخۆشی دەترسم بیشکێنێ

## قصیدەی حەفتاو دوهەم

# «دەردی دوری»

١ خەشمیٚ لفەقیران مەکە زوپادشاهیٚ من
پرسیٚ بکە جارەك لخەطائو گونەهیٚ من

٢ تەفتیش بمومویکە ئەر ئەم بخەطائین
هینجا نەکەبیٚتن تەوەلاتی‌تە جیهیٚ من

**مانای وشە:**

**خەشم:** تورەیی؛ **هینجا:** هیٚنگین، ئەوسا؛ **ولات:** مەڵبەند؛ **جیهی:** شوێنی.

**پوختەی مانا:**

توٚ لەجوانی‌دا پادشای، من دڵداریٚکی هەژارم. بەرگەی تورەبونت ناگرم. خوٚم بەگوناحبار نازانم. لام وانی‌یە بوٚ هەژاران، دڵبە جوانی‌دان گوناحە. جا ئەگەر لەنەزانیەوە کاریٚکم‌کرد، کە خوانەکا گەردیٚکی خستە سەردڵت؛ هەرگوزو گومبەت مەرەنجیٚ، نیٚوچاوانت گرژ مەکەو خوێنم بیٚتاوان مەرێژە. توٚ هیچ نەبیٚ، لەتاڵ تاڵی کەزی‌و پرچە کافرە دڵرەشەکانت ـ کەپرن لە میسکی خەطاو دڵی‌منیان بەند کردوە ـ پرسیٚك‌بکە؛ داخوٚ دڵی بەندکراوم، هیچ گوناهی لیٚ روداوە؟ با موبەمو دڵی هەژار بپشکنن ئەگەر جیا لەئەوینی باڵات، هیچ شتیٚکی دی لەلابو؛ ئەو بەداویٚك بخنکیٚنەومنی دڵتاڵانکراویش لە دەورەی خوٚت، لەو وڵاتەش کە توٚی تیایی‌و بوٚتە مەڵبەندی دڵداران. بتاریٚنەو جیٚی‌من بدەبە یەکی‌تر.

«نالی» دەڵیٚ:

سەری هەرموی بەدەنم تەرزە تەمەنناییٚکە  گەردشی توکی‌سەرم هیٚلەگی سەوداییٚکە

٣ جەوراتە بەهیتینو جەفایاتە پەریتین
قوربانی تەبم گۆبدە جارەك گلەهیٚمن

٤ زانی کو ژبەر جەورو جەفایان ئەلەمین دلٚ
رەحمیٚ بگەدائیٚ خوەکە سولتانو شەهیٚمن

٥ سی ساله ژدەردو ژبەلایاتە هیلاکین
حەتتا بفەلەك هەر درٚتن ئاهوئەهیٚ من

٦ ما یەك نەفەسەك من دبتن صەبرو قەرارەك
قەد بیٚتەوو بیٚتە دبتن میثلی سەهیٚمن

**مانای وشە:**

**بەهیتن:** توانەوە؛ **پەریتن:** پەرٚتاندن، وردو خاش‌کردنو لەبەین بردن؛ **گلەهـ** : شکایەت، گازندە؛ **ئەلەمین:** ئەلەم، ئیٚش‌وژان؛ **ئەلەمی:** ئیٚشا؛ **بەلا:** بەلٚا؛ **بەلا:** گیروٚدەیی؛ **ئاهو ئەهـ** : ئاخ‌و نالە.

**پوختەی مانا:**

بە جزیادانو ئازاران، تاواندیتین. لەبەریەکت هەلٚتەکاندینو بەجاریٚك هەر وردو خاش بوین، لەبەین چوین. دلٚی برژاوم پرژانە، ئەوەبو بە ماوەی سیٚ (سی) سالٚ، بەدەردی گرانی دوری گرفتارم، کە تاویٚکیش لەدوریتدا لیٚم بە هەزارسالٚ دەبوریٚو خوٚت دەزانی ئوٚقرەو ئارامم نەماوەو هەناسەی ساردم لەدوریت، وەك بلٚیسەی تەندوری سور، گەرمو گورٚەو چرە دوکەلٚی هیٚندبەرزە، سەری گەیوەتە عاسمانان. ئەو بەژنو بالٚاراستەی توٚ ـ کەتانەی لە سەولٚی بەژن ریٚك‌ولوس دەگریٚ ـ سیٚبەریٚکی دەبیٚ هەبیٚ. من سیٚبەریم. توٚ بفەرموی‌و نەفەرموی، تازە هاتوم؛ لا ناکەوم. دەسا ئەی سولٚتانو شاهی بەراستی من!گویٚ مەدە سوچو گوناهی ناراستی من.. لەراست منی ئاوارەی بیٚ دەرەتانی گەدای جوانیت؛ لە تاواندنەوە وازبیٚنەو بە لاواندنەوە، وەم خویٚنە. دلٚم خوٚینە جاریٚك گلەو گازندەکانی ببیسەو دادی بدە.

٧ گر شوبهەتیٚ پەروانە دبەزمیٚ تە چصەد گرٚ
صەدنالە هەزار رەنگی وەکی چەنگ وژیهیٚ من

٨ نورین قەدەحا خەمرو حەیاتا مابسەردان
گەروی بدەتن دەست بدەست موشتەری هیٚمن

٩ یەك عیشوە «مەلایی» ببوها بیٚتە ژلەعلان
صەدجان مە هەبن هیٚژ کوموقەصصیر دبەهیٚمن

**مانای وشه:**

**گر:** گرتی؛ **گڕ:** پێت‌و بڵێسه؛ **ژیهه** : ژێ‌تار؛ **بسەر:** سەربەسەر؛ **هێ‌من:** هەی لەمن؛ **بوها:** نرخ؛ **بەهێ:** نرخ.

**پوختەی مانا:**

لەبەزمێکدا توێ تێدابی، بە هەزار ئاهەنگ‌و هەوا، لەچەنگ بەسینگا کوتان‌و لەشی لاوازو باریکم - کە وەك ژێ‌کەمان زراوە - گوێت لە دەنگی وەکی چەنگ‌و ناڵینی بلوێری دەبێ.

من بەخەیاڵی خاوی‌خۆم وام داناوە یار بەدەستی ناسکی‌خۆی، لەبادەی بەرروناکایی تیشکی کوڵمی، پیاڵەیەك بداتە دەستم؛ ژیان‌و هەستم لەبەرانبەری‌دا بدەم‌و سەربەسەر سەودا سەربگرێ. ئاخ ئەگەر یار بەو سەودایە رازی بوایەو دەستی دەناو دەستم نایەو بیفەرموایە وا سەری‌گرت. هەی لەبەختم، لەناو هۆزی کریاراندا، کەس وەکو من سودی‌نەبرد.

مەلا ئەوقسانە چین دەیانکەی؟ کەی‌یار سەودای وا پڕ لەزیان قبوڵ‌دەکا. ئەگەر هەرتەنیا نازێکی بە بزەی لێوە ئاڵەکەی، بەنرخی صەدگیان بفرۆشێ هێشتان تۆ ئەگەر کڕیاربی، لەقازانجتەو هێمان لەو نرخەی دیهێنێ زۆرت کەمتر پێ دراوەو نرخی تۆ کورتی هێناوە.

## قصیدەی حەفتاو سێهەم

# «دور ناکەوین»

١ ئەز نزانم سەبەبێ یار چرا دور کرین
شاهی شیرین‌دەهەنان ئەم ژخوە مەهجور کرین

٢ میثلی گۆی بێ‌سەروپا بومە لبەر ضەرب‌و شەکان
لەو بچەوگانی جەفایا خوە ژدل هور کرین

**مانای وشە:**

**چرا:** بۆچی؛ **دەهەن:** زار، دەم؛ **مەهجور:** تەرك‌کراو، دورەوەخراو؛ **ضەرب:** زەبر؛ **شەك:** لێدان بەگۆچانی شەقێن؛ **چەوگان:** گۆچانی شەقێن.

**پوختەی مانا:**

هیچ تێ‌ناگەم، چۆن بو دڵم تا ئەو رادە خۆی خوێن‌تاڵ کرد؛ کە سەرداری لێو شیرینان‌و دەم قەندان، ویستی لای لێ لابدەم‌و دور کەومەوە.

من وەکو گۆی گرۆڤەربوم، دەبەر زەبری گۆچانی دوری دیداری، رادەرفێنرام‌و لێ دەدرام. بەڵام هەرمام. ئەوجار ناچار وردی‌کردم‌و پێی رێ‌خستم، لای‌وابو لەناوی‌بردم. بەڵام ئەویش بەهرەی نەدا.

٣ دامە صەد جامی فیراقێ ژخوە غائیب نەبوین
ژویصالێ قەدحەك دامەوو مەخمور کرین

٤ نوری چەشمی‌مە کو عالەم مە بچەشمێن تە ددی
بجەمالا خوە تەوەك دیدەیی بێ نور کرین

٥ نەفەسەك بێ تەمەناچی نەدژین بێتە دەمەك
ژتەهات ئەمری هومایون تەوە مەئمور کرین

**پوختەی مانا:**

صەت پیاڵەی ژەهراوی دوری، بەگیان‌و دڵم چەشاندو دیتی من لەهۆش دەرناچم‌و لەدەرگای ئـەو نەدیارو بەرپیوار نابم، لەلایێ ترەوە بۆمهات. بە ڕۆخـۆشی بانگـی کردم. وای بەدیداری مەسـت کردم، خۆم‌و هەموشتم لەبیرچو. لە سەرخـۆشیان پیلوی چـاوم بەســەر یەکتردا لکـــاون‌و هێنده سست‌و لەش‌گرانن، لێك نابنەوە کە دوبارە بی‌بینمەوە..

ئەی‌یارە مەستە چاوەکەم! تۆی سۆمای چاوی گیان‌و دڵ، هەمو دنیام هەر بەخۆشی‌و سۆمای چاوێکەوە دیوە، کە هەر خۆت بەمنت بەخشیوە. بەجوانی‌تۆ روناك‌بوە. ئێسـتا کە جـوانیت نەبینم، وەك چاوی کوێرم بەسەردێ. دڵم دەستەکوتێ‌دەکاو گیانم سەرە نگرێ دەبێ‌و ڕەتان دەدا. گیان‌و دڵی بەراستم تۆی. تۆ هەناسەی، بەبێ هەناسە چۆن دەژیم؟ ئـەگەر گەدای دەرکی ماڵم، ئـەگەر دڵدارێ خـوێنتاڵم، دەسکـاری تۆم. فـەرمانی پیرۆزی تۆبو، کە من وابم؛ من‌و گیانم، ڕاسپاردەی بەر فەرمانی تۆین. گوڵچنی سەر خەرمانی تۆین. ئێمەی فەرمانبەری کزو زەبون‌و ژارو خاکەسەر هیچکارە نین، هەرخۆتی خۆت.

٦ مە دزانی کو تودێ (عاقِبَةُ الْأَمْر) چکی
لەبی لەعلی شەکەرین ئاه کو مەغرور کرین

٧ ذەررەیەك بوم دهەواياته دویرانەیەکی
میثلی ڕۆژێ بشوعاعا خوە تەمەشهور کرین

٨ ژ (أَنَاالْحَقْ) بلەبێن لەعل خەبەردار کرین
بگولابا سەری زولفا خوە تەمەنصور کرین (یان، بکولابا...)

**مانای وشە:**

**عاقیبة:** ئاکام؛ **ئـەمر:** کار؛ **مەغرور:** بادی‌هەوا، بەفیز؛ **مەغرور:** فـریودراو؛ **شـوعاع:** تیشـك‌و تیرێژ؛ **أَنَاالْحَقْ:** من‌خوام؛ (باسی‌کرا).

**پوختەی مانا:**

هەر کەدڵت کردینە هۆگری جوانی خۆت، دەمانزانی ئاکامی دڵداران چـۆنەو چـۆن توشـی دەردی دڵ دەبین‌و چلۆن پەندێکمان پێ دەدەی. بەڵام چی‌بکەم لەدەست شیرنایەتی لێوی ڕەنگ ئاڵ، کە بەدینی فریودرام‌و لەبەندی دڵداری خـرام‌و کرامە پەندی عالەمێ‌و لەناو ڕێزی دڵداران‌دا، ناوم‌براو

ناومزڕا. تۆ بە ئەوینی لێوانی سەلما ناوێك، توشی ئەوینی بەتینی راستەقانی خۆتت کردم. دەگەڵ نورت دا تێکـەڵبوم. گیانم وەك ئـەوتۆزە وردەی لێهـات کە لە دەلاقـەی وێرانە لەتیرێژی رۆژ دەهاڵێو دەبیندرێو ناوبانگی بەئـەویندارى رۆژ بڵاو دەبێ. لەخـۆشی ئـەوتێکـەڵ بونە، دەگەڵ تیشکت، گیانم لەخۆی بایی ببو، خۆی بەتۆ دەهاتە بەربیر؛ هاواری دەکرد «من خودام». بەتاوانی درکانی نهێنی دڵی، بەرەو بۆنی گوڵاوی کەزیت راکێشـاو بە قـولاپی کەزیانتدا هەڵاوەسـیو بەدەردی مەنصور هەللاجی مەشهورت برد.

## ٩ مونصەریف مادبوبین ئەم بەدوصەد جاری «مەلێ» لێ بوێ کەسرو ئیضافێ ڤەخۆ مەجرور کرین

### پێش گوتنەك:

«لە رێزمانی عارەبیدا (نەحو) **مونصـەریف** بەوشـەیەك دەڵێن کەبزاوی سـەرو بۆرو ژێرو جـوت بزاوی (تەنوین). بەپێی پیتو ئامرازی تربچتە سـەرێ. **نامونصـەریف** بریەتیە لەو چـەندشـتانە کە هەر لە بارێك دەمێنێو ئەگەر ئیضافە نەکرابن؛ بزاوەکانیان ناگۆرێت. **ئیضافە:** بەرسـتێك دەڵێن لەدووشـە پێك هێنراوەو یەكمانای ئەویکەیتریان تەواو دەکا. بەوی هەوەڵ دەڵێن **موضاف**، دوهەمیان **مُضـافُالیه**، لەدەسـتوری خوێندنەوەدا، مُضافُالیهِ ژێردارەو عارەبان پێی دەڵێن **مەجرور**. موضافو چـەند پیتی دیش هەن. کەناویان ناون **جارّ (یان، حەرفی جەرّ)**، ئامرازی جەرّ، هەرگا دەکەونە سـەرناوێك، ناوەکە ژێر پەیدا دەکا. وشـەی «احمد» لە رێزمانی عەرەبیدا، ئەگەر چیئیضافەنەکرێ؛ لەبەر دوشت لەمونصەریفی بێشـە: یەکیان وەزنی وشەکەیە، دوهەم ناوی ئاشکرایە (ئیسمی عەلەم) مەلا ناوی: احمد بوە.»

### مانای وشە:

**مونصەریف:** وازلێ هێن، وەگەڕیاو؛ **جار:** هەل؛ **جارّ:** راکێشـەر؛ **کەسـر:** شکـان؛ **کەسـر:** بزاوی، ژێر لەدوای پیتان؛ **ئیضافە:** زیادە، سەربار؛ **ما:** بۆچی.

### پوختەی مانا:

بەدوصەت ئەوەندەش جزیای دڵو مەینەت کێشانو ژانو برکو گیان کێشانەش، بۆچی وازمان لە دڵداری تۆ دەهێنا؟ نەخێر. ئێمە بۆیە نەهاتوین بگـەرێینەوە. تەنانەت من کە ناوی رواڵەتیم ئەحمەدیشەو ناوەکەشـم بۆهیچ ئـامرازێکی کێشـان بار ناگۆرێو دانانەوێو نەوینی پێ کەسـری شانە. بەڵامتۆ کە لە ئەوینیدا، هەوەڵجار بە ئاڵقەو چینی تێكشکـاوی بسـكوکەزی یارت گرتمو ئەوینی جوانی دنیاییت کردە سـەرباری ئـەوینی راسـتەقینەو بە دو زنجیر لە دولاوە بەندت کردمو راکێشرام. چاری ناچار منی زەبون، ملم شۆرکردو بۆرمخواردو تێكشکـامو دانەویام بۆ تیروتانەی نائاگاو نائاشنایانو ملیگیان بەدەم پەتەوە، وەك مەنصـور لەژیانیشبومو بەکافـریشیان لەقـەڵەم دام. بەڵام ئێسـتاش لەدڵداری پێژەوانیمو بەهەمو دەردێکـی شـادمو هەرگیز وازی لێ ناهێنمو

ناوەگەڕێم.

«مەحوی» دەڵێ:

هەتا حەق ناصرە هەر حەقمە مەنظور وەکو مەنصور ئەگەر بکرێم بەدارا

## قصیدەی حەفتاو چوارەم

# «پێتا ئاتەشێ»

۱ ئیرۆ ژحوسنا دلبەرێ دیسا هیلاك‌و سەرخوەشین
رەمزێن دوی شیرین‌سورێ صوهتم بپێتا ئاتەشین

۲ صوهتم ببەرقا لامیعە ئەو نەجم‌و بەدرا طالیعە
شەمسا سەمایێ رابیعە لەوپڕ دشەوقێ شەووشین

۳ پڕشەو وشاندن وی دلە زولفێن سیاه سەردان ملە
تورا موخالیف سیلسیلە سەلوا عەقارب لێ‌مەشین

**مانای وشە:**

**پێت:** بلێسە؛ **ئاتەشین:** ئاگرین؛ **نەجم:** ئەستێرە، وردیلەگیا؛ **طالیع:** هەڵاتو، دەرکەوتو؛ **رابیع:** چوارەم؛ **شەوق:** ڕوشناکی، ئارەزو؛ **شەووشین:** ئاڵوزبوین، شێواین؛ **مل:** شان؛ **موخالیف:** ناتەبا، پێچەوانە؛ **مەشین:** ڕوێشتن.

**پوختەی مانا:**

ئەمڕۆ دیسان ـ وەك هەمودەم ـ سەرخۆش‌و کەلەلاو شەکەت، لەهێز کەوتوم. جوانی دڵبەر هیچ ئاهێکی بۆ نەهێشتوم. ئیشارەو نازی ئەوجوانە رەزاشیرین‌و دڵکێشە، بەگڕی کوڵمەی ئاگرینی سوتاندمی، برژاندمی. سەرەرای ئەو بەگڕسوتانە بەبروسکەش هەڵپروزام؛ ئەوی مابوم لێی سوتاندم. یاری‌من هەر شتێك نیە، هەمو شتی جوان هەر خۆیەتی. چاوەکانی وەك ئەستێرەی کاروان کوژە، ڕێ‌لە کاروانی دڵداران هەڵدەدەکەن. هەنیەی وەك مانگی چاردەیە، لەشی ئێمەی کڵۆڵ‌و بێ‌تالح‌و بێ‌بەش ـ کە لەکەتان بێ‌رەنگترو هڵۆڵ‌و بێ پۆو سوکترە ـ دادەرزێنێ‌و ئاوی چاومان وەك ئاوی دەریاو دەراوان دەبزوێنێ‌و بەرەو باڵای‌خۆی دەکشێنێ. روخساری وەکو ڕۆژ

وایە. لەعاسمانی بڵندی بەژن‌و باڵای‌را ـ کە سەر لەعاسمانی چوارەم دەسوێ ـ تیرێژی جگەر سوتێنی بەرێ دەکاو پڕشنگی زۆر بەتەوژمی دێتە چاومان؛ هیچ نابینین‌و سەریشمان لێدەشێوێ. هێشتان زۆر بەڵای دی‌ماون کە لەو باڵایە دەی بینم. ڕێزی کەزیە ڕەشەکانی لەسەر ملی سپی‌و جوانی، وا پاپۆکەیان خواردوە، ئاڵقە ئاڵقە دێنە بەرچاو بۆ دڵە بەدبەختە کەی من، هەریەك پێچەوانەی یەکتر بونە زنجیر لەملی دڵ‌و، هەریەك بۆخۆی رادەکێشێ‌و چەند گەوێکیشیان ـ تۆرئاسا ـ مەلی دڵم راودەکەن‌و لەو زیندانە ڕەش‌و بۆن خۆشە گەوگەوە، بەصەد داو شەتەکی دەدەن. باسی بەژ نەنەمامەکەی هەرناکرێ. بسکە سەرهەڵگەراوەکان، لەو باڵایە گیان دەگەزن، پێوەدەن. تۆ هەردەڵێی وێنەی دمارە کوڵانن لەمیسکی‌ڕەش [illegible] بون‌و، لەبەدبەختیم وەگیان هاتون‌و لەسەرداری سەوڵی باڵای دێن‌و دەچن.

٤ سەلوا عەقاریب لێ وەطەن ئەو نازکا نورین بەدەن
قەندی درێژن گفت‌و کەن بسکان دلێ کر باوەشین

٥ بسکا سیا ڕەعنایە مەست یەکدی بحەیران پێڤە بەست
حەمیان بمەستی حەلقەبەست دەربەندی ئەو زولفا ڕەشین

**مانای وشە:**

**کەن:** پێکەنین، خەنین؛ **باوەشین:** باوەشێن؛ **حەیران:** سەرگەردان؛ **حەیران:** چاو بە ڕۆشناکی لەسۆ کەوتن؛ **حەیر:** کۆبونەوەی ئاو؛ **حەیر:** باغ؛ **حەیر:** نۆبەتێ، تاولەرز؛ **وەست:** وەستا، نەڕۆیشت؛ **حەمیان:** هەمویان، گشتیان.

**پوختەی مانا:**

مەلا سەوڵ‌و دوپشکی چی، تۆ چی ئەڵێی؟! یارم بەژنی لەتیشکی جوانی خودایەو لەناسکیش ناسکترە، لەکاتێکا قسان‌دەکاو پێدەکەنێ؛ قەند دەوەرێ. بۆ دەرکردنی دڵی‌مە ـ کە وەکو مێشی لاسارە ـ بسکی کردۆتە باوەشێن. بسکی ڕەشی شلك‌و بەلەرەو شۆخ‌و شەنگ؛ بەمەستی لەتویا دەگەڕان. لەناو ئەو باغی بەهەشتەو لەبەر بۆن‌و بەرامەی خۆش، ڕێگەی دەرچونیان گوم‌کردو بەسەرگەردانی مانەوە. وەك نۆبەتی دار، دەلەرزین. لەترسا پاڵیان دایەیەك‌و لە دەورەی یەکتر بەئاڵقە هەڵوێستان‌و سەرخۆشانە لێکتر هاڵان‌و دەستیان کرد بە تاڵانی دڵان‌و سەیرانی خاڵان. ئێمە لەوساوە گیرۆدەی بەندی ئەو کەزیە ڕەشانەین.

٦ ئێسیر کرم زولفا چەلەك ئەو حوریا شوبهەت مەلەك
تیردان ژرەشتوزێن هەلەك مەجروحی قەوسی پەڕۆەشین

٧ تیردان ژقەوسیٚ مالزراڤ ئەو گەوهەرا پورشەوقو تاڤ
صوٚتن لمن جەرگو هەناڤ لەو تیٚك لجەرگیٚ هەرشین

٨ جەرگو جەسەد تیٚك صوٚهتنە لەو خەف خەدەنگان نوهتنە
ژقەوسی هیلالی ژیهتونە حەیرانی دیما مەهوەشین

**مانای وشە:**

**ئیسیر:** دیل، یەخسیر؛ **چەلەك:** خوارەوەبو وەك سەرە گوٚچان؛ **چەلەك:** چەلەنگو شوٚخ؛ **هەلەك:** گوٚشە خوارەوەبو؛ **هەلەك:** ئالقە؛ **هەلەك:** هیلاكو بە مەترسی؛ **تاڤ:** تیشك؛ **تاڤ:** تەوژم؛ **نوهتن:** سمین؛ **تونە:** هەرنیە؛ **هەرشین:** لەبەریەك بلاوبون، پلیخانەوە، داپلوٚخین.

**پوختەی مانا:**

دیلی ئەو پرچی چەلەنگم؛ ئەو فرشتەی شوخو شەنگم؛ تیری لەبروی رەشی بریقە دارەوە ـ کە زوٚر جیٚترسو هیلاکە ـ بە کەوانە هاتنە دلم. بریندارى ئەو کەوانە پەرٚوەشیٚنەم. ئەو گەوهەرە ـ کە تیریٚژی بەتەوژمن ـ جەرگو هەناوی سوتاندم. جەرگم هەر داپلوٚخاوەو هیچ کەلکی پیٚوە نەماوە. لەشیشم وەك جەرگم سوتا. ئەو هەمو تیرانەم دیٚنیٚ؛ ناتوانم خوٚم پەنا بدەم، چونکە تیرەکان نابینم. کەوانی بروٚی باریکەو وەك کەوانی خەلکی دیٚکە ژیٚیەکی پیٚوە دیارنیە. لە روخساری وەکو مانگیش ـ کە چاومی لیٚ ناتروکیٚنمو لەجوانیەکەی سەرسوٚر ماوم ـ مەودای خوٚشارنەوەم نیە.

٩ هەم بەدرو هەم زەهرایە دیم ژوی عالەما کوبرایە دیم
خوەش دەست خەطو طوغرایە دیم حەرفان ژمیسکیٚ لیٚنشین

١٠ لەوحیٚ ژنوسیقال بدن هەردەم ژنو ڤە خال بدن
دادل بیەکدی پال بدن نوقطان ژزیٚرابیٚ وەشین

**مانای وشە:**

**زەهرا:** صافیبیٚگەرد؛ **کوبرا:** هەرە گەورە؛ **نشین:** نیشانە؛ **نشین:** دانیشتو؛ **لەوح:** تەتەلە؛ **سیقال:** مشتومالٚ؛ **خال:** سەرپەرشتی؛ **خال:** خاوەن؛ **نوقطە:** دلوٚپە، نوختە؛ **نوقطە:** دیاری بوٚبوك؛ **زیٚراب:** ئاوەزیٚر، زیٚری صاف؛ **وەشین:** بوەشیٚنە.

**پوختەی مانا:**

روخساری یار، لە مانگی چاردە جوانترە، مانگ پەلەی رەشی تیٚداهەن؛ لە جوانیەکەی بونە بەلا. بەلام رویٚیار، لە پەلەی ناشیرین پاکەو هەموی هەر صافی بیٚگەردەو لە عالەمی بالادا جوانتر

دیمەنە.

دەسا قوربان توخوا دیسان سەرلەنوێ هەر وەکو بەرێ، خۆت بۆدڵان وەرازێنە. تەختی هەنیەت ـ کەوەك تەتەڵەی زێوینە ـ بەدەست پێدا هێنانی خـۆت، مشـتومالێ کەو هەرگیز لە بەخێوکردنی خۆ مەبوێرە؟ چەند دڵۆپێك لە ئاوەزێر بکە بە خشـڵی دەوروبەر. تا دڵان بۆ تەماشـایە پاڵەپەسـتوی یەکتر بدەن.

**١١ زولفا سیاه عەنبەربکە خەملی ژزیرێ زەربکە**
**زەرباف‌و دیبا بەربکە میسك‌و گولابێ لێرەشێن**

**١٢ ماوەرکە طەرح‌و پشکوان جیرانی بەرگ‌و لولوان**
**ئەو عەرعەرو سەلوا جوان شەتری بمەستی لێخوشین**

**مانای وشە:**

**خەمل:** خشڵ؛ **زەرباف:** پارچەی رایەڵزێر؛ **دیبا:** حەریر؛ **ماوەر:** گوڵاو؛ **طەرح:** قلەگیای شـلك؛ **طـەرح:** تیسکی بسکوڵان؛ **رەشین:** بپرژێنە؛ **بشکو:** قوڕچە، خـونچە؛ **بەرگ:** گەڵا، نیاز ئـەو پەرەنگـە خشـڵانەیە کەوەك گەڵا ساز دراون؛ **شەتری:** گوڵینگەی سەروپۆر؛ **خوشین:** خشەیان هات؛ **خوشین:** بەخشەخشە.

**پوختەی مانا:**

لە خۆرازاندنەوەکەت دا، بیرت نەچـێ کەزیە رەشـە عەنبەرینەکانیشـت بەخـودان‌کە، دایان‌بێنە، خشڵی زێڕی زەرد لەخۆتدە. زەڕی‌و حەریر دەبەربکە، میسك‌و گوڵاو لەجلەکانت بپرژێنە، تیسکـی جوانی بسکەکانت‌و قوڕچەکانی یەخـەو بەرۆك کە هەروەك چڵی شـلك‌و شـۆخ‌و غونچـەی گوڵان دێنە بەرچاو. لە هاوسایەتی مرواری‌و گەڵای خشڵی گەردنت دان، بابۆنی گوڵاو بڵاوکەن.

ئۆخەی ئـەوا یار نیازی دڵەکەی‌منی پێك هێنا. سـەرلەنوێ خـۆی رازاندەوە، دە لەوبەژن‌و باڵا شلك‌و رێکـەی ـ کە وەك داری عەرعەرو سـەوڵی نۆنەمام، تەرزو جـوانە ـ وردبنەوە، چـۆن رێزە گوڵینگەکانی خشەیان‌دێ. ئێژی مەستی ئەو جوانیەن‌و ناڵەو گاڵەی مەستانەیان دێتە بەرگوێ.

**١٣ شەتری وتایێن صوڕو زەر بایێ نەسیم دایێ سەحەر**
**لوێ جەبهەتێ هەژیان دوپەر لەورا سوکارا بێهشین**

**١٤ مەشها سەحەر یارێ شەفیق دامن بئەنگوشتێن عەقیق**
**ژوی بادەیا نورین رەحیق مەخموری خەمرا بێغەشین**

**١٥ مەخموری وێ جامی ئەزم یەغما کری رامی ئەزم**
**چاو نێری پەیغامی ئەزم پەروانەیی شەمعا گەشین**

١٦ پەروانەیی صۆتی کەبەد دلبەر ژبەر بورجا ئەسەد
تیردان ژرەشتو زین صەمەد لەو تێك ژخونێ نەققشین

**مانای وشە:**

**مەشها:** رۆیشت، گەڕا؛ **شەفیق:** دلۆوان‌و خاوەن بەزەیی؛ **ئەنگوشت:** تلی، قامك؛ **رەحیق:** بادە؛ **یەغما:** تاڵان؛ **رام:** کەوی؛ **رامی:** تیر هاوێژ؛ **رامی:** داواکار؛ **چاونێر:** چاوەنواڕ؛ **پەیغام:** وڵام؛ **کەبەد:** جەرگ؛ **صەمەد:** ناوی خوایە، واتا بێنیازو جێنیاز.

**پوختەی مانا:**

گوڵینگەو هەودای سورو زەرد، کە وەبەر بای بەیان کەوتن؛ لەو هەنیە پاکەی یارەوە، جوتێك شاباڵ ـ کەبسك‌و کەزیەکانی بون ـ هاتنە بەرچاو وەمان‌زانی رۆژ گیراوەو قیامەت لەدڵداران داهات. (هەر وەکو خودا فەرمویە: (رۆژی قیامەت خەڵکی دەبینی سەرخۆشن. بەڵام مەستنین، جزیای خودا زۆر بەتەوژمو بەترسە)؛ هەمو دڵدار بەو دیمەنە سەرخۆش بوین‌و لەسەرهۆش چوین.

سپێدە بوکەیاری‌دڵ بە بەزەیی هات‌و رابرد. بەقامکی وەك یاقیقی خۆی پیاڵەیەك لەبادەی دامێ، سەرمەستی ئەو پیاڵە منم. تاڵان کراوی تیرهاوێژو کەوی لەبەردەستی راوکەر منم. چاوەنۆری وڵام منم. پەپولەی دەوری مۆمی گەش، هەر بۆخۆمم. پەپولەی جەرگ سوتاوم، دڵبەر لەسەروی چاوانرا لەکەوانی بروکانی ـ کە رەشو بریقەدارو دەسکاری توانایی خودان ـ جەرگمی تیرەباران کرد. بۆیە لەخوێن‌دا گەوزاوم.

١٧ کوشتم بقەوسی عەنبەرە شۆخی ژدل ملدان بەرە
ئێخستەدل صەد پەنجەرە ئەڤ رەنگە ئەم میحنەت کەشین

١٨ میحنەت کەشین روزو شەبێ دەرفیرقەتا شیرین لەبێ
ظولما ژبەر دەستێ تەبێ ئەو عەدلە ئەم پر پێ‌خوشین

١٩ ظولما توکی پرپێ خوەشم صۆهتی دلێ هیجران کەشم
میثلی پەرەنگێ ئاتەشم روحەك موجەررەد بێ‌لەشین

٢٠ من‌دی سەحەرگاها ئەلەست جامەك ژکەوثەر دوست ددەست
ژێدا «مەلێ» لەو مایە مەست حەتتا حەیاتێ سەرخوەشین (یان، حیسابێ...)

**مانای وشە:**

**میحنەت:** مەینەت؛ **میحنەت‌کەش:** مەینەت‌کێش‌و بەئەرك‌و ئازار؛ **دەر:** لە؛ **فیرقەت:** جیایی؛ **عەدل:**

رەوا، عەدالەت؛ **موجەررەد:** روتو روتەوەکراو؛ **کەوثەر:** کانیاوێکی بەهەشتە. خوا بە پێغەمبەری فەرموە: «ئێمە کەوثەرمان دابەتۆ»؛ **ژێ:** لەوی؛ **لەو:** بۆیە؛ **حەیات:** ژیان؛ **حیساب:** رۆژی قیامەت.

**پوختەی مانا:**

کوشتمی بەو کەوانی بروی؛ دەڵێی لەعەنبەر سازبوە. ئەو شۆخو شەنگە چەلەنگە هەر بەگاڵتەو شۆخی‌کردن، بەراستی شانی دایە بەرو بەدڵ وەبەر تیرانی دامو باش پێکرام. صەد دەلاقەی دەدڵ کردم؛ ئەگەر بێ‌ئەجەل نەمردم، مەینەت کێشانەکەم هەیە. نەلەبەرتیران خەمدەخۆم، شەورۆژو دەمو ژەمان لە دوری دیداری یاری لێو شیرینم، دەردەدارمو خەمبارم.

یاری شیرین !ئەگەر ئەو هاوارە دەکەم، لام وانی‌یە تۆ زوڵمت لەمن کردوە. من دەسکردی دەستی خۆتم، رامگری یان بمشکێنی، وەم خوێنی یان ئازارم دەی، لە هەزار بەردو دارم دەی، مافی خۆتەو هەمو ئاکارت رەوایەو، عەدالەت لەشوێن خۆی‌دایە. هەرچی دەربارەی من بکری، با ئازارو مەینەتیش‌بێ، زۆر پێ رازیمو دڵشادم.

بەڵام گەرەکمە پێت‌بێژم، کە دڵم لە دوری دیدار وا سوتاوە بۆتە پەنگری ئاگرو، هەر گرشەی دێت. سوپاس بۆتۆ کە لە ڕکەی ئاوو خاکی لەشی رەشم، روتت کردم. بومەوە بەوگیانە پاکەی کە هێشتا لەلەشدا نەبوم. لە بەیانی ئەو رۆژەدا، کە خوا گیانی ئافەریدانی سازدابو،بەرلەوە بەسەر لەشانیان‌دا بەش‌بکات؛ یاری خۆم دیت، پیاڵێکی لەئاوی کەوثەر لەدەستابو، چۆڕێکی بەشی من لێ‌دا، هەر لەو ساوە، من مەستی بادەی دڵداریم، تا دشچمە دنیای بونو یەکجاری نیشتەجێ دەبم؛ هەر بەمەستیو یار پەرستی دەمێنمەوە.

شیاوی باسە: خواناسان لەلایان وایە، پیاو تا لەم دنیایە نەڕوا، نەکەوتۆتە پلەی ژیان. وەك مەولەوی تاوەگەوزیش لەمبارەوە فەرمویەتی:

باڵام کردەوە مەیل وەلای پەستی  وردیکەلانەن دەروازەی هەستی

## قصیدەی حەفتاو پێنجەم

# «ماتەش پەرەسین»

١ وەرە جانم کو چنازك وەرەسین
ژگول‌و نەستەرەنان ئەم تەبەسین

٢ تو شەهەنشاه بەسی من ژبتان
نەموحیب هەر نەکەس‌و خارو خەسین

٣ ژخوه خانم قەدی ناکی مەبتیغ
تو نەباتی‌و لطەبعیٚ مەگەسین

٤ هەر شەقم نەعرە زەنان تابسەحەر
بسەگی کوی‌تورا هەم نەفەسین

٥ بیٚ‌تو بالله نەبوین یەك نەفەسەك
مەتوی روح‌و موجەررەد قەفەسین

**مانای وشە:**

**وەرەس:** گیایەك‌و گولیٚکی سورە بوٚ رەنگی سور دەکار دەکریٚ؛ **رەسین:** گەیشتون؛ **مُحِبّ:** خوٚشەویست؛ **خەس:** درٚك؛ **خارو خەس:** پروپوش؛ **قەدی:** دەرکەی: **مەگەس:** مێش؛ **نەعرە:** نەعرەتەو هاواری بەقەو؛ **نەعرەزەن:** هەراوقاوکەر؛ **هەمنەفەس:** هەواٚی نزیك.

**پوختەی مانا:**

گیانە دەوەرە برٚوانە! چەند گوٚلی ناسك گەیونی‌و خوٚ لە بەرچاوان رادەنیٚن. وەرەس‌و گوٚلی گولاویٚ‌و گولٚ نەستەرن، هەریەکە بانگ دەکا کەمن لەهەموان تەرزو خونچیلەو دلٚگرترم. بەلٚام من لەناو گولٚاندا، هەر توٚم بەسە. توٚ لەناو جەرگەی جوانان‌دا، شای شایانی‌و لەناو مەکوٚی ئەو

بتانەی بتپەرستان گیرۆدەی بون؛ تۆم هەڵبژاردو تۆ بەسمی. من زۆر بەرزەفـڕی دەکەم، نابم بەیاری ناکەس‌و درك‌و داڵان. گوڵ‌و بت‌و پادشایانی سەرزەوی لەچاو تۆ، وەك خت‌و خاڵن.

گەورەی من خـانمەجـوانەکە! خـۆت بۆ دەرکردنی ئێمە ماندو مەکە. نەك هەر بەدەسـت هەڵتەکاندن، بە تیخیشـەوە بۆمان بێی، دەسـت بەرنادەین. تۆ نەباتی‌و ئێمەش خـۆمان وەکو مێشین‌لە شیرنایەتی خۆشمان دێ. شەو هەتا رۆژ، هەر نەعرەتەو هاوارمە و بەگیان‌و بەدڵ دەناڵم دەگەڵ سـەگی بەردەگانەکەت هاواڵم. سـوێندم بەخـوا. هەناسـێکمان بەبێ یادی تۆ نەداوە، تۆ گیانمانی‌و ئێمە بوینە رکە بۆتۆ. بەبێ‌تۆ بێ پشودان‌و لەشێکی پوکی بێ‌گیانین.

٦ جەذبە دل رادهەژینت ژمە لەو
دشەڤان ناڵە ژرەنگێ جەرەسین

٧ مە ژزلفێن دبتان رەشترەبەخت
سەحەران تێت پەری پێ نەحەسین

٨ وەرە مەیخانەیی شاهید پەرەسان
شەمعی تە ئەرنە بئیسین چکەسین

٩ مە ژناری دیەنوراتە ددل
لەو ژعیشقی‌تە هەرئاتەش پەرەسین

١٠ عەینی عیشقین‌و ددل ئاتەشێ طور
ژسەنا بەرقی جەمالێ قەبەسین

**مانای وشە:**

**جەذبە:** راکێشان؛ کێشان؛ **رادهەژینت:** رادەژێنێ؛ **جـەرەس:** زەنگـوڵە؛ **حـەسـین:** پێزانین، هەستپێکردن؛ **پەرەسان:** پەرستان؛ **بئیسین:** بئایسێین؛ **نار:** ئاگر؛ **نور:** رۆشنایی؛ **ئـاتەش‌پەرەس:** ئاگر پەرست؛ **عەین:** کانی؛ **عەین:** هەرخۆ؛ **سەنا:** رۆشنایی؛ **قەبەس:** بزوت؛ **بت:** لێرەدا بەمانا دڵبەرە.

**پوختەی مانا:**

زەنگوڵە تا ڕای‌نەتڵەکێنن ئاواز نادا. منیش کێشەری دڵداری رامدەژێنێ؛ بۆیە دەنگی ناڵەم بەرزە.

چارەنوس‌و بەختەکەی من، زۆر زۆر لەپرچـی دڵبەران رەشـترو پرگرێ‌ترە. دەوەرە ئـەو بەختە رەشە، بەری‌بەیان پەریت بەلادا تێ‌پەڕێ‌و هەست پێ‌نەکەی!. یاری چاومەسـت! وەرەو سـەرێك لەمەیخانەی ئەوانەی جوانی پەرستن، دابنیشە. مەڵێ تاریك‌و تنوکە. ئەگەر خۆمان نەکەینە مۆم‌و لەبەرتۆ ئاگر دەخـۆمان بەر نەدەین، تاتۆ لەبەری دانیشـی؛ دیارە ئێمە زۆر ناکەسـین‌و لەدڵداری‌دا بەدەڵین. ئێمە لەگری ئاگری دڵی خۆمان‌دا، رۆشناکی تۆمان دیوە؛ بۆیە لەسـەر خـۆشەویسـتیت

پێمان دەڵێن ئاگرپەرست.

ئێمە خۆمان سەرچاوەی کانی ئەوینین‌و هەرخۆمان تەواو ئەوینین‌و ئـاگری کێوە کەی‌توریٚ ـ کە بە موسای گوت من خودام ـ لەناو دڵی من دایسیٚ. من لە بروسکەی جوانی‌تۆ، ئەو بزوتەم کە موسای بەرەو طورکێشا. شیاوی باسە، خوا لە قورعان، دەربارەی بروسکـەی هەور لە شـوینێکدا فەرمویەتی: (نزیکە تیشکی بروسکەی هەورەکانی خوا دەینێریٚ سۆما لەچاوان برۆفێنیٚ.)

**١١ تە دڤیٚ داوی بری بت نهەدا**
**ببرم سەر بدوئەنگوشت مقەسین**

**١٢ گەرچی یەکسەر لروخێن فیل صیفەت (یان، لرەخێن...)**
**راستو چەپ بازی لسەیری فەرەسین**

**١٣ بمەیی صافی بدین خەرقەی زەرق**
**بخەراباتی موغان ئەر برەسین**

**١٤ ئەم قەدیم بادە دنوشین ژطەهور**
**لەو موقیم مەستو خومارو تەلەسین**

**١٥ مە شەڤان جام دکەفو یار دبەر**
**هەی‌هەی‌و صوحبەت‌و میری عەسەسین**

**مانای وشە:**

**داوی‌بری:** دوابڕاو، لەبنەهاتو؛ **نهە:** هەرئێستا؛ **رەخ:** لا، طـەرەف؛ **روخ:** رو؛ **روخ:** قـەڵا لە شـەترنجدا؛ **فیل:** داشێکی شەترنجو جانەوەرێکی زەبەلاح؛ **بازی:** کایە، گەمە؛ **فـەرەس:** ئـەسپی سـواری‌و ئـەسپی شەترنج؛ **زەرق:** شین؛ **زەرق:** فێڵو گزی؛ **خەرابات:** مەیخانە؛ **ئەر:** ئەگەر؛ **برەسین:** بگەین؛ **طەهور:** پاك‌و خاوێن‌کەرەوە؛ **تەلەس:** شرو شەپرێو؛ **بەر:** باوەش: **عەسەس:** جەزایەرچی؛ **موقیم:** نیشـتەجـیٚ؛ **موقیم:** هەمیشە.

**پوختەی مانا:**

گەر دەتەویٚ ئەوسەرە پڕگوٚنگەڵەی‌من لێخەت وەبیٚو بیری دڵداری لەسەردا بنەبریٚ؛ فەرمان بدە تا بەدو پەنجەی دەستی خۆم، بی‌پەڕێنم. لە سەری خۆم پەراندن‌دا وەك مقەستم.

گەرچی لە گەمەی ئەڤیندا، وەك قەڵا، کەوتومە پەرو، وەك فیل، کولاو کول بوٚی‌دەچـم؛ بەڵام ئەمەم هەر بوٚیەیە شوفار بەکارم نەزانن. ئەگینا من وەك ئـەسپ وامە. دوخـان دەروم بادەدەمەوە بەردەرگای ماڵەکەتان.

هەر بەو مەرجەی بگەمە دەرکی مەیخانەو پیری موغان رێگـەم‌بدا بچمەژوریٚ؛ ئـەم روپوٚشـە

پڕپینەیەی صۆفیانەیەم ـ کە پڕە لە حیلەو گزیو دزیو فزی ـ بە بادەی رونی دەفرۆشم.

ئێمە هەر لەئەزەلەوە، بادەی پاکی بەهەشتیمان خواردۆتەوەو دەخۆینەوە. بۆیە هەمیشە مەستینو شروورۆ وەك سیپاڵە کۆن، لەدەرکی مەیخانە کەوتوینو نیشتەجێ بوین. ئێمە هەرچەند بوینە سەرۆکی دارۆغەو ئەشێ مەیخۆرەوەو دڵدار، لێن بترسن؛ بەڵام هەر شەو تابەیانی دەگەڵ خەیاڵی یارمدا، هەم باوەشو گوڕەو هەرای مەستانەو وتوویژمانە.

**١٦ مە سەراپەردەیی حورانە مەقام**
**ژسیا زولفی بتان ئەر قەرسین**

**١٧ قەلبی ئەعیان دکرت حبّو وجود (یان، وەجود)**
**عیشق ئیکسیرەو ئەم سیمو مسین**

**١٨ مولهیمی غەیبی وە ئیملا دکرت**
**مەدەدو فەیض ژروحُالْقُدُسین**

**١٩ جەوهەری عالیی‌یە عونصور مە «مەلا»**
**بیلحەقیقەت نەژخوار ئوستوقوسین**

**مانای وشە:**

**قەرسین:** رزگاربین، راپسکین؛ **قەلب:** بەراوەژو کردن؛ **ئەعیان:** عەین‌گەل؛ **عەین:** شتی دیاری وبەرچاو؛ **حوبّ:** ئەوین؛ **وجود:** بونێك کەلەبەرچاوەو چاو هەستی پێدەکا؛ **وەجود:** وەجدگەل؛ **وەجد:** ئەوینو خۆشەویستیو تاسە؛ **ئیکسیر:** دەرمانێکە دەیانگوت بەمسو زێوی داکەن دەیکا بەزێڕ؛ **مولهیم:** ئەوی بیر دەخاتە دڵەوە؛ **ئیملا:** گوتن بۆ نوسینەوە؛ **روح:** گیان؛ **قودوس:** پیرۆز؛ **روحالقُدُس:** جوبراییل؛ **جەوهەر:** رەگەز: **عالی:** بڵندو پایە بەرز؛ **عونصور:** ماك؛ **بیلحەقیقەت:** لەراستیدا؛ **خوار:** ژێرو؛ **خوار:** زەبون؛ **ئستۆقوس:** وشەیەکی یونانیە بە ماکی بنچینە دەڵێن کە بریەتین لە خاكو باو ئاگرو ئاو.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر ئێمە لە ناو داوی کەزی رەشی ئەو جوانانەی کە لەدنیا گرتویانین، رزگار ببین؛ دەگەینە ئەو سەرسەرایە کە حۆری زۆری تێدایەو لەوێدا پاڵ دەدەینەوە.

ئەوین ئیکسیرێکی سەیرە. هەر کانێکی تۆ دەیبینی، مسە یان زێوە یان هەرچی؛ تەنانەت دڵو گیانی مەش، وەردەگێریو دەیکاتە زێڕی بێخەوش. لەپشت پەردەی پێوارەوە ئیلهام نێرێك وای خەبەردا، کە جوبرائیل بەهرەدەرو کۆمەگو یاری مەلایە. ماکی مەلا رەگەزەکەی زۆرجێ بەرزەو ئەگەر بەراستی تێبگەن، لە خاكو باو ئاگر وئاو نەجیمترە. چونکە هەرکەس بە ئەوینی خوا، ئاشنا بێ؛ ئیتر قاپێلکی گڵینی فڕێدەداو دەبێتە گیانێ نورانیو کاری بەچوارماك نامێنێ.

## قصیدەی حەفتاو شەشەم

# «هەستی هەرشاندن»

١ پەیوەستە دوئەبرو لمە مەحبوب کشاندن
صەد گەزمە پەیاپەی لئەزی خەستە رەشاندن

٢ تیرەك ژکەمانیٚ غەضەبیٚ دا جەگەری ریش
ملدانە بەرو سەر ژدوگوشان قەوەشاندن

٣ جوهتیٚ ئەسەدان پەنجە لسەرسینە نهاندن
کوللاب گهاندن دلو هەستی هەرشاندن

٤ بورهیٚن تە ژقودرەت کونومان گوشەیی ئیعجاز
پەیوەستە کەمانان لگوهان گوشە کشاندن

**مانای وشە:**

**پەیوەستە:** پێکەوە لکاو، هەمیشە؛ **پەیاپەی:** یەك لەدویەك؛ **غەضەب:** تورەیی؛ **ریش:** زامار؛ **قەوەشاندن:** دایوەشاندن؛ **نهاندن:** دایانا؛ **هەستی:** ئێسك، پێشە؛ **هەستی:** بونو ژیان؛ **گوشە:** قوژبن، کلکە؛ **گوه** : گویٚ؛ **ئیعجاز:** موٚجزات؛ **خەستە:** نەخوٚش؛ **خەستە:** شەکەت.

**پوختەی مانا:**

یاری دلٚگرو خوٚشەویست، دوبروٚ پەیوەستەکانی، ریٚکو باریکو کەوانی، بەرەو خواربوٚ لاجانگی برد، وەك کەوان لەروم بکێشیٚ. بەشوێن یەکداو بیٚپسانەوە صەدتیری بوٚمنی زامار.کردەپلار. لەوناوەدا بەتورەیی تیریٚکی لەو کەوانەوە کە لە شیری سەربران زوٚر بەسامترە، لە جەرگی بریندارم دا. چوٚنی پێکا؟ وەك کەوانداری دەست راستی نیشانەپێك شانی دابوە بەر گوٚشەی کەوانەی بروٚو لەسەر هەر توك گوٚشەی گیرەی بنەتیران، سیٚرەی گرتو دایوەشاندمیٚ. راوکەر

که نێچیر دەپێکێ، تاژی دەنێرێ بۆی بگـــرێ. بەڵام ئـــەوْ شـــێری کەوی‌هەن ـ کە چـــاوە مەستەکانیەتی ـ لەدوای پێکانی جەرگی‌من، بەپەیکانان؛ ئەوشێرانە پەنجەیان خستە سەرسینە.
شیاوی باسە وەك باسمان کرد «أَسَدْ» کە عارەبان بەشێر دەڵێن، بە ئەبجەدی شێصت‌و پێنجە «عَیْن» کە بەچاو دەڵێن، صەتو سی‌یە. دوشێر دەبن بەچاو.

**٥ میهراتە دجانێ خوە ژدل خەف کربو دل**
**دل‌چو جەگەرو سینە لسەر جانێ ڤەشاندن**

**٦ نونێن تە هیلالی بقیران یەك ژسورا حەق**
**بێ‌عەیب لدیمێ قەلەمێ غەیب کشاندن**

**٧ نەققاشێ ئەزەل ئیسمی جەمالێ کونڤیسی**
**حەرفێن تە موجەسسەم ژسورێ تازە رەشاندن**

**٨ رەیحانی‌و دیوانی‌و هەم ثولث‌و موسەلسەل**
**یەك‌یەك وەهەزار رەنگێ ژحوسنێ نەقشاندن**

**٩ ئەڤ ئایەتی نورێ ژ«مەلا» راکو نڤیسی**
**کاتب ژسورێ نوقطە بزێرابێ رەشاندن**

**مانای وشە:**

**خەف‌کربو:** شاردبویەوە؛ **شاندن:** ناردنی؛ **موجەسسەم:** بەرزو بەرچاو؛ **رەیحانی‌و دیوانی‌و ثولث‌و موسەلسەل:** چوارشێوە خەتی هونەرین؛ بەمانا وەك ریحان‌و رەوای ماڵی پاشایان‌و سی‌یەك‌و بەزنجیرەن.

**پوختەی مانا:**

من مەیل‌و خۆشەویستی‌تۆم، لەکونجی قـوڵی دڵمدا، وەشـارتبو. تۆ دڵت‌برد هەرچـی تێشـــی‌دابو بردت. گیان وەبەر تاڵانێ کەوت، کە لەناو دڵم جێگیربو. تەنانەت جیرانەکانی دڵیشـم هەر بەدەردە کەی گیانم چون. جـــەرگم کە هاوســـای دڵم‌بو؛ ســـینگم کە ئـــەنوای دڵم‌بو؛ هیچیان نەمان‌و تێداچون. ئەو دونونە بەراوەژوە، لە چەشـــنی مانگـــی یەکشـــەوە، لە لایەن هێزی کێشـــەری خوداییەوە بەقـەڵەمی نادیاری بەبێ‌هیچ کەم‌و کوریەك‌و کەمایەســـیەك لەروت کێشـــران. ئـــەو شکڵ‌نوسە ئەزەلیە کە ناوی جوانی دەنوســـی. پیتی ناوی تۆی بەزۆپی‌و لەبەر چـاوی، لەســـەروی جوان‌چاکان نوسی‌و دڵکێشی‌و رەزاشیرینی هەرە پەسندی لێ‌پرژاند. ئەمجـار کەوتە نەخشـاندنی. بە هەمو شێوەی هونەری بسك‌و خاڵ‌و کەزی‌و روخسارو لێوەکانی، بە قـەڵەمی قـودرەت کێشـاو ئەوسا وەکو نەخشـاندنی یەکەمین روپەری قـورعان، بەزێرکفـت دەوری لێداو هەزاران رەنگـــی جۆرجۆری لەو بەژنەدا، جێ‌کردەوە.

## قصیدەی حەفتاو حەوتەم

# «نازو خەشمان»

١ شۆخو شەنگی زوهرە رەنگی دلژمن بر دل ژمن
ئاورێن هەیبەت پلەنگی دل ژمن‌بر دل ژمن

٢ وێ شەپاڵێ میسك خاڵێ دیم دوری گەردەن شەماڵێ
جەبهەتا بسكان سەماڵێ دل ژمن بر دل ژمن

٣ زولفو خالان نونو دالان وان ژمن دل‌بر بتالان
گوشەیێ قەوسێ هیلالان دل ژمن بر دل ژمن

٤ دیم نەدیرێ بوعەبیرێ خەمریو گیسو حەریرێ
سینەکر ئامانجی تیرێ دل ژمن بر دل ژمن

٥ سورشیرینێ نازەنینێ کوشتمو ناکەت یەقینێ
وی بچەنگالا ئەڤینێ دل ژمن بر دل ژمن

**مانای وشە:**

**ئاورێ:** خێسە، ئاورێ؛ **هەیبەت:** مەترسی؛ **شەماڵ:** موم؛ **نەدیر:** ئاگری سەر کێوان بۆ خەبەردان؛ **گێسو:** پرچی هونراو؛ **یەقین:** باوەڕ؛ **نون‌ودال:** ند؛ **ند:** هاوتاو شەریك.

**پوختەی مانا:**

یاری جوانی شۆخو شەنگم وەکو ئەستێرەکەی زوهرە، هەر لەدور دەدرەوشێتەوەو هەرچەند ئاورآن وەپیاو دەدا، وەك پڵنگ چەند بەهەیبەتە، ئاورێ هێندە جێگەی ترسە. دڵی بردم! دڵی بردم!

ئەو خونچیلەی رەزاسوکەی خاڵ لەمیسکە، روخساری وەك مرواری‌یەو سای‌گەردنی وەکو مۆمی ماڵەمیران، زەردو بەرزو کەڵەگەتەو، بسکەکانی لەسەر هەنیەی لەسەمادان. دڵی بردم!دڵی بردم!

بسك‌و خاڵ ـ کە وەك یەك رەشن ـ بۆ کوشتنی من بونە یەك، دڵی منیان بەتاڵان برد. گۆشەی کەوانی بروۆیان ـ کە چەشنی مانگی یەکشەوە باریك‌و لەبارو جوانن‌و هەمو عالەم بەتاسەوە لێی دەروانن ـ دڵیان بردم! دڵیان بردم!

باڵای وەکو چیا بەرزە؛ کوڵمی سوری وەکو ئاگری سەر چیا، لەدور دیارەو دڵداران ئاگادار دەکا، کە دەس لە دڵیان هەڵگرن. بسکۆڵەو کەزی هۆنراوی ـ کە لە نەرمی‌و بریقەدا، وەك حەریرن ـ سینەیان کردە نیشانەو بەگەل تیرەبارانیان کرد. دڵیان بردم! دڵیان بردم!

ئەو دلکێشە خوێن‌شیرینەی نازەنینە، باوەرناکا کە کوشتومی،بەچنگوروکی ئەوینێ. دڵی‌بردم! دڵی‌بردم!

٦ **فەتل‌و تابان داغورابان ئەبلەق‌و جوهتێ شیبابان (یان، شۆرابان)**
**دامە بەرپەنجەو کولابان دل ژمن‌بر دل ژمن**

٧ **خوەش خەرامی ئەز غولامی نازکی شیرین کەلامی**
**طوطیا ئەیوان مەقامی دل ژمن‌بر دل ژمن**

٨ **ماهرویی میسك‌بویی سوڕ پلەنگی شیرخویێ**
**وی بزولفا شوبهی گویی دل ژمن‌بر، دل‌ژمن**

٩ **هەردو چەشمان نازو خەشمان کی ژبەروان عەقل‌و هش‌مان**
**ساعەتا من‌دی بوەشمان دل ژمن‌بر، دل ژمن**

١٠ **ماهتابێ، ئافتابێ دیم ژروژو شەب نیقابێ**
**خوەش بچەنگال‌و کولابێ دل ژمن‌بر، دل ژمن**

**مانای وشە:**
**فەتل:** پێچان؛ **تاب:** بادان؛ **غوراب:** قاڵاو؛ **ئەبلەق:** رەشوسپی؛ **ئەبلەق:** سەرگەردان؛ **ئەبلەق:** بەردی مەرمەڕ؛ **شۆراب:** گوڵینگەی شۆڕ؛ **شیباب:** چاوگەی ئاگر؛ **غولام:** بەندە، کۆیلە؛ **ئەیوان:** دیوەخانی شاهان؛ **ئەیوان:** هەیوان، بەربێڵایی؛ **سوڕ:** رەوشت؛ **خەشم:** تورەیی؛ **هش:** هۆش؛ **وەشم:** خاڵ، عارەبان بەخاڵی کوترا‌و دەڵێن.

**پوختەی مانا:**
ئەو کەزیە شەوە رەشانەی ـ کە وەك باڵی قەلە رەشەن ـ لە رەشی‌دا، بە بادانەوە پێچانی‌و دەگەڵ

سیپایی لاجانگی، وەکو شەوو بەرەبەیان، هەر سپیو رەش، دەچونەوە، جوتە گوڵینگە شوڕەکەی سەرو شەدەی، جارجار وەکوڵمی دەکەون ـ کە وەکو چاوگی ئاگرەو دڵی دڵدار دەسوتێنێو هەردێ بڵێسەی خۆش دەبێ ـ کەزیەکانی لەلایەکو جوتە گوڵینگ دەپاڵ واندا، بەجوت پەنجەو قولاپیان لەمن گیرکردو، دڵمیان بردهەی دڵەکەم رۆ.

من بەدڵ بومەتە کۆیلەیلارولەنجەی واخۆشو دڵرفێنەکەی. قسەی هێندە لەدەم خۆشەو گفتو لفتی هێندشیرینە، کە تەنانەت توتیەکەی لەدیوەخانێ بەگێڕانەوەی گفتیار، دڵی بردوم! دڵی بردوم!

یارم کەلێم تورە دەبێ؛ رەوشتی وەك شیرو پڵنگ، دڵی ژاری لێدەترسێ. بەڵام ئەگەر بوێرم تماشایبکەم؛ روی وەك مانگی لەچاردەیەو بۆنی میسکی دەگەڵ تریفەکەی لێدێ. ئاخ لە دەستی زولفەکانی کە سەریان وەکو گۆچانێ خواربوتەوە. دڵی منیان وەك گۆبردو هەر بردیانو ئێستەش بردیان.

دوچاوی یار، چلەوەختی نازکردنا، چلەکاتی تورەبوندا، عەقڵو هۆش لەپیاو دەستێنن. دڵدار لەهۆش دەتەکێنو لە سەیری روی، رادەمێنن. من جارێك لەو رامانەمدا، خاڵەکانی سەرکوڵمیم دیت. دڵیان بردم! دڵیان بردم!

روخساری روژی روناکە، لەژێر پەردەی رەشی روبەندە کەیدا دەدرەوشێ. کە وەك شەو روژی گرتوە. لەو شەوەشدا، هەنیەی مانگی تریفەو گرشەگرشیەتی. بسکە سەرقولاپیەکانی، چنگیان داوەتە هەناوم. دڵیان بردوم! دڵیان بردوم!

**١١ سەروی نازی سەرفیرازی شوبهی زێڕ رەمزا مەجازی**
**دامە بەر چاکوچو گازی دل ژمن‌بر دل ژمن**

**١٢ بەژنو بالا توخو عالا من‌کرن قێکرا مطالا**
**چیچەکا تەرحێن دوالا دل ژمن بر دل ژمن**

**١٣ میری غازی شیری طازی قێکران من دین ببازی**
**کر لمە ژغەفلەت قەگازی دل ژمن‌بر دل ژمن**

**١٤ شیرو خشتن زولفو قشتن هن قەشارن هن قەهشتن**
**پەهلەوانان دەست قەمشتن دل ژمن‌بر دل ژمن**

**١٥ روهنیا چەهقێن «مەلا»یێ ئەو تەجەللایا تەدایێ**
**یا ژئەحمەد دل رەقایێ دل ژمن‌بر دل ژمن**

**مانای وشه:**

**سەروی‌ناز:** داری سەوڵی لەسەوڵان جوانتر؛ **سەرفیراز:** سەربڵیند؛ **چاکوچ:** چەکوچ؛ **گازی:** گلەیی؛ **گازی:** بانگ کردن؛ **گاز:** قرتێن، گاز؛ **مطاڵا:** توژینەوەو تێروانین؛ **غازی:** پەلامارەدەر؛ **طازی:** روت؛ **بازی:** کایە، گەمە؛ **خشت:** نێزەی پچوکی هاویشتنێ؛ **قشت:** موی سەر هەنیەی هەڵپاچراو؛ **قەهشتن:** هێشتنەوە؛ **پەهلەوان:** قارەمان؛ **قەمشتن:** هەڵماڵین؛ **رەڤایێ:** رفاندویە؛ **روهنیا چەهڤ:** روناکی چاو؛ بینایی چاوان، ناوی خودایە.

**پوختەی مانا:**

ئەو بەباڵا سەوڵی نازەی، کە لەناو داری سەوڵاندا، هەڵکەوتەیەو بەراستیو شوشی دەنازێو سەربڵندە (یان، لەناو سەربڵیندان‌دا، وەك سەوڵی‌ناز خۆدەنوێنێو شانازی بەراستیو رێکیو شلكو باریکی خۆی‌دەکاو) لەناو ئەو نیشانگانەدا ـ کەخوا بۆ وێنەی دڵداری لەسەردنیای هێناونە رو ـ یارم وەك زێڕی بێخەوشەو جوانانی‌تر مسو زێویان تێکەڵاوە. لەسەر چەقو لاساریم لە دڵداریدا، بەر کوتکی لۆمانی‌دامو بەگازی گازنان دڵمی لێ جدا کرمەوەو بردیو بردی!

بەژنو باڵای بە جوقەی کاکوڵانیەوەو پلکەو پەلکەی سەرپۆشیەوە، هاتە بەرچاو. ملمنا لە توژینەوەو تێوە رامان. لەوناوەدا، گوڵی سەرچڵی جێبەرز، ـ کە کوڵمی‌بو ـ دڵی بردم! دڵی بردم!

دڵبەریەکەی هەر وەکو میری هێرش‌بەر، بەهروژمە؛ بەشیری بروی کشاوی تازە ساوی، گەمەی دەکرد. لە نەکاو بانگی منی‌کردو دڵمی بردو، دڵەکەم‌چو!

کەزیو پەرچوکی سەرهەنیەی، توئێژی ئەوشیر، ئەمنێزەن. هێندێکیان وەشێردراوی ژێرکڵاونو هێندێکیشی بۆ گیان کێشانی دڵداران، هێشتونەوە. بەدەم باوە هاتنە لەرە، دەت گوت پاڵەوانی ئازان دێنە مەیدان. یاریش ئەو زەندو باسکانە، سپیو ناسکانەی هەڵماڵی. یاخوا خێربێ. دەبێ چیبکا؟ ئاکامی ئەو خۆسازدانە، دڵبردن‌بو. دڵمی‌بردو! دڵمی‌بردا!

خوایە ئەی بینایی چاوان! تۆ چیت بەسەر مەلا هێنا، تۆ تیشکتدا لە روخساری ئەو جوان‌چاکە. روناکی جوانی تۆم‌دیوەو دڵی‌بردوم. هەر ئەو خۆ دەرخستنەی تۆ بو، دڵی ئەحمەدیشی رفاند. ئەحمەد ناوی پێشوی مەلابوە. ئەحمەد ناوی پێغەمبەرە (ص) دورنیە مەبەستی مەلا لێرەدا پێغەمبەریش بێو نیازی وابێ هەر ئەو جوانیەی کە پیغەمبەرت بەرەو خۆت پێراکێشا، ئێستا لەروی سەلما نیشان منتداوەو دڵی بردوم، خۆشی لەخۆم.

## قصیدەی حەفتاو هەشتەم

# "دیمی بخال"

**١ مەلەو فینجان لسەردەستە کو مەهتابا هیلال ئەبرو**
**نوماین‌من دمیرئاتیٚ مەیا صافا زەلال ئەبرو**

**٢ بشیرینی، بزیبایی، برەفتاری، ببالایی**
**بنیٚ نونین دطوغرایی لبالا هەردوفال ئەبرو**

**٣ بلا بیت (صائِمُ‌الدَّهر)ی (بِلاإفطار) جارەك بت.**
**کەسی زانی ژدلبەر وی خویابن هەردوسال ئەبرو**

**مانای وشە:**

**مەهتاب:** طاڤ هەیڤ، مانگەشەو؛ **لبال:** لەنك؛ **صائِمُ‌الدَّهر:** هەمیشە بەروٚژو؛ **بیلا:** بەبیٚ؛ **افطار:** روٚژو کردنەوە؛ **بلا:** بڵان.

**پوختەی مانا:**

من بوٚیە فینجانی بادەم لەسەر دەستەو لیٚی دەروانم؛ یارم ـ کە روخساری مانگی، تیشك دەرەو بروٚکانی وەکو مانگی یەکشەوە نە ـ لەناو بادەی بیٚخەوش‌و رون‌دا ببینم‌و بادەبیٚتە ئاوێنەی تریٚفەی روی، چاوم بەبروٚیان بکەویٚ‌و مژدەی جەژنیان لیٚ‌وەرگرم.

توٚ برٚوانەو ماشەالله لەکاری خواکە. هیٚندە شیرین، ئەوەندە جوان، ئەو بەژن‌و باڵای شوش‌و ریٚك، بەو هەمو لارو لەنجەوە، نونی بروٚی کە نیشان‌و موٚری پادشای گەورەیەو ئەو خاڵانەی لە دەوری ئەو دوبروٚیانەن. کیٚ دیویەتی؟ لیٚم رونە کەس. ئەگەر یار بەڵینیٚ‌بدا، کە لە دوساڵ‌دا تەنیا جاریٚك دیٚتە بەرچاو؛ پیٚویستە هەمو دڵداریٚك روٚژوی دوساڵانە بگریٚ‌و بەبیٚ خواردن‌و خواردنەوە، چاوەریٚ‌بیٚ بەشکو خودا بەختی بداو جاریٚك چاوی بەو بروٚیانە بکەویٚ‌و جیٚژنی هەرە پیروٚزی بوٚ

هەڵ بکەوێ.

٤ مەشی مەستانە ڕەیحانی دڵێ من دی دئامانجێ
ڕەشاندی سینەیێ تیران بقەوسی هەردومال ئەبرو

٥ سەحەرگە زوهرە سیما وادەچو گولشەن بسەیرانێ
بسەر چەهقێن نیشانیدا خەرامی ئەو هیلال ئەبرو

٦ دبێن خاوەر پەرستی تو نزانن من دکەشفێدا
نوماین من دشەرقێ نازکا گەردەن شەمال ئەبرو

٧ تنێ ماهەر تەرازونە دبابی حوسن کێشانی
هیلالی خاتەمی حوسنن لوێ دیمێ بخال ئەبرو (یان، خاتیم...)

**مانای وشە:**

**مەشی:** ڕۆیشت؛ **مال:** ماڵی کەوان، خوارایی کەوان؛ **خاوەر:** خۆر هەڵات، لێرەدا مەبەست خۆرە؛ **کەشف:** دیاری کردن؛ **کەشف:** لە زاراوەی صۆفیاندا، لەبەر ڕەوینی نهێنیانە، دەڵێن کەشفو کەرامات؛ **خاتەم:** ئەنگوستیلە؛ **خاتیم:** دوایی پێهێن؛

شیاوی باسە، سوڵتانان مۆری بەنیشانی مانگیلەیان تایبەتی بەفەرمانی ئەوانەوە دەنا کە تەرخانبێو هەمو کارێك بەکەیفی خۆی بکاو کەس خۆی لەو بەزلتر نەزانێت.

**پوختەی مانا:**

لە دەمی بەرەبەیاندا، یارم ـ کە تیشکی ڕوخساری وەك ئەستێرەی زوهرەدەچو ـ هاتبوە ناو باغچەی گوڵان بۆ سەیرانێ. بەژنو باڵای دەلەریەوە دەتگوت چڵە ریحانەی شلكو بۆنخۆشەو با لێی دەدا، لارو لەنجەی مەستانەبو. بەهەوای سەخۆشیو مەستی لەجوانی خۆی، خەیاڵی کرد ڕاوێك بکا. دڵمی بەتەماڵ هەڵێناو کردیە ئامانجی تیرانی. لەماڵی هەردو کەوانی بروکانی، تیری دەهاویشتە سینەم. مردم، لەبەرپای تخێڵبوم. بەنازەوە بەسەر چاوە سیسەکانمدا دەبوری. واتا لەپاش کوشتنم لاواندمیەوەو ئەو پاوو پلە پیرۆزەی، لەسەر چاوی بەموڵەق وەستاوم دانا. بۆ کروشمەو خەڵوەکێشان، لەجیاتی ڕوبکەمە ڕوگە؛ ڕوبە خۆرهەڵات مات دەبم. پێم دەڵێن تۆ ڕۆژ پەرستی. نازانن من لەودەمەدا، کە گەیمە پلەی دڵرونیو نهێنیم بۆ ئاشکرابون، ئەو ناسکەی گەردن وەك مۆمی گەورەماڵ زەردو بڵندو بەشوقە، لە ئالی خۆرهەڵاتەوە گۆشەی بروی نیشان داوم. چۆن هەتا هەم، ڕو لە شوێنێکی تر دەکەم؟

بروی یارم گەلێك شتە. بۆ کێشانی جوانی بەخەڵکی دنیادان لەدولا دوتای تەرازون. لەولایشەوە، مۆری بەمانگیلەی پاتشای پاتشایانە کە داویەتی بەجوانیەکەیو لە ڕوخساری

بەخاڵی خۆ نیشان‌دەدا.

٨ مە جەوهەر عونصرەك خامیس نوما ئیرۆ دطالیعدا
دڤێ تەقویمی ئینسانی لطالیع بونەفال ئەبرو

٩ بزوننارا ددێرێدا لهنداڤا چەلیپایێ
بمیحرابێ مەبر سەجدە بەلێ ئەمما خەیال ئەبرو

١٠ دمابەینا دو ئەبرویان دبینم قاب قەوسەینێ
ددەتمن طورفەتو لعەینێ جەوابا صەد سوئال ئەبرو

**مانای وشە:**

**جەوهەر:** رەگەز؛ **عونصور:** ماك؛ **خامیس:** پێنجەم؛ **طالیع:** دەرکەوتو؛ **طالیع:** بەخت؛ **تەقویم:** رێك‌و لەبارکردن؛ **تەقویم:** ساڵ‌پێو؛ **فال:** لەکتێب روانین بۆ تالح؛ **فال:** خۆشی وەرێ هاتن.

خوا فەرمویە: (ئێمە بیچمی بنیادەممان بەجوان‌ترین رێکی‌و لەباری دروست کرد)؛ **هنداڤ:** لەلایەن، لەدیار؛ **قاب‌قوسین:** ئەندازەی ژێ کەوانێك؛ **طورفەتوالعەین:** چاو تروکانێك.

**پوختەی مانا:**

ئەمرۆ فاڵم بۆ بەختی خۆ دەگرتەوە؛ باسی بروێ یاری هێنا. دیارە بەختەکەم هێناویەو زۆر مژدەی خۆشم پێدەگا. روانیمە کتێبی ساڵ‌و مانگ نیشاندەری وەخت‌و زەمان. هەر لە رۆژی بناوانەوە تا ئەمرۆ، بۆم دەرکەوت کە خوای گەورە، ئەو دەمەی مرۆی لە چوار ماکی ئاوو ئاگرو خاك‌و با، هێنا بەرهەم؛ بۆمن ماکی ئەوینیشی دەکار هێنا، من ماکی پێنجەمم هەیە کە ئەوینەو ژیانم لەسەر ئەوین بەندە. زوننارم لە پشتێ دابو لە دیاری خاچیش وێستابوم، سوژدەم دەبرد. بەڵام سوژدەم بۆ وان نەبو، بۆ میحرابی بروێ‌یاربو، کە بەخەیاڵ هێنابومە بەرچاوی دڵ. دەنێوانی دوبروێ‌دا، نێوانی ژێ‌کەوانێکم دێتە بەرچاو، کە هەر لەچاو لێك نانێکدا، وەرامی صەدپرسیاری‌من دەداتەوە. لێرەدا ئیشارەتێك بەهاتنی فرشتەی وڵام بەر بۆلای پێغەمبەر (ص) هەیە.

١١ دباطین سەجدەگاهێ من لبەروان هەردو ئەبرونە
بیعەینی طاقی میحرابن دعیلمی ئەهلی حال ئەبرو

١٢ ئەگەر دەعوایی موسایی دعیشقێدا بکم جائز
«مەلا» دایم تەجەللایە ژوێ‌طەرحا شەلال ئەبرو

١٣ بشیرینی، بزیبایی، چکاتبو وەکێشایی
تعالی‌الله نیشان‌دانە وەشیرین ئەو میثال ئەبرو

١٤ نه شیرینا لدەربەندی، نه مەحبوبی سەمەرقەندی
نەکێشاین بڤێ رەندی لنەقشی بێ زەوال ئەبرو

١٥ نیشانا قاب قەوسەینان کو قەوس ئاویتە ئەبصاران
دتەقویما تەجەللایێ بسەرلێ بون هیلال ئەبرو

**مانای وشە:**

**بعەینی:** هەرتەواو؛ **بعەینێ:** لەچاوان، لەبەرچاوان؛ **طەرح:** لق‌وقل؛ **شەلال:** باریك، هەودای باریك؛ **تعالی‌الله:** پایەبەرزی بۆخوا؛ **میثال:** نمونە؛ **بێزەوال:** لەنەمان بەدور؛ **ئەبصار:** بەصەرگەل؛ **بەصەر:** چاو؛ **نیشانا:** ئەی‌نیشانی؛ **نیشانا:** نیشانەی؛ **نیشان:** ئایەت.

**پوختەی مانا:**

لەتەهی دڵو گیانەوە، جێگە بۆ سوژدە بردنمو روگەی نازو نیازانم دوبرۆی یارن. لەزانستی رێگەناس‌و ئەهلی حاڵدا، کەوانەی برۆ میحرابی راستینەو بەمیحرابی شیاوی سوژدە دێتە بەرچاوی رێرەوان.

ئەگەر بڵێم لە ئەویندا، من بەپلەی موسا پێغەمبەر گەیشتوم؛ رێی تێ دەچێ، ئەو جارێکیان بەدیداری خودا شادبو. من هەمیشە لەو لقە ناسکانەی برۆی دڵبەرەوە رۆشنی خودا دەبینم.

کام نوسەرو کام وێنەکێش لەدنیادا، توانیویەتی ئەو شیرینی‌و ئەم جوانیە نیشان‌بدا. بەرزایەتی هەر بۆ خوایە. کە برۆی یاری تاقانەی وا بەتاق هێناوەتەوەو جوانتر نمونەی بێوێنەی، لەو برۆیە جێ‌کردەوە.

زۆر وێنەکێشی لەزەبر، وێنەی شیرینی فەرهادو شکڵی جوانانی بەناوی سەمەرقەندیان بەدی‌هێنا. بەڵام هیچیان نەگەیونە ئەو جوانیە نەمرو هەرهەیەی کە لەبرۆی یارمدا هەیەو خوا بۆخۆی خەتی لێداوە.

ئەو ئایەتەی کە دەربارەی نزیك‌بونی ژێ‌کەوان لەقورعانایەو ئێستامن کەوانی برۆ، کەنیشانەی صنعەتی جوانی خودایە دەی‌دینم، سۆمای چاوان لەدینی هەڵدە بەزنەوەو بەرەودڵ کەوانە دەکەن‌و تیشکی وەك پەلکەزێرینە دێتە بەرچاوی گیان‌ودڵ. روخساری‌یار لەرێکی‌داو لەجوانی دەسکاری خودا، دیاردەیەکەو مانگی یەکشەوەی برۆکەی مۆری تەرخانی خودایە بەوی داوە، کە لەسەر جوانان سەروەر بێ.

## قصیدەی حەفتاو نوێیەم

# «خەمراحەلال»

١ من‌دی سەحەر شاهی مەجەر لەبسی دبەر مەخموربو
ئەودیم زەری سوڕ موشتەری یارەب پەری یاحور بو

٢ حوری وەشە، شیرین مەشە کاکول رەشە، خال حەبەشە
خالێن دقەر میسکاتەتەر نازك بەشەر کافور بو

٣ نازك لەطیف، گەردەن ظەریف لەبسی شەریف، کیمخەو قەدیف
من‌دی بوەخت، ئەو نیك‌بەخت ئیروٚ لتەخت فەغفوربو

٤ فەغفور سورە، سیما دورە هەیبەت پورە، پورڵدل گورە
ئەو هاتە مەش، من چونە هش دل‌من دعیشقێ فوربو

٥ دل‌بو کەری زایا بەری لازم هەری دی‌ئەو زەری
من‌دی گەلەك، ئەو سورمەلەك وەك مەشعەلەك پورنو ربو

٦ مەی بەرکەفێ مەشها صەفی سوزا دەفێ داقەرقەفێ
حوسنا لدیم وەصفان نەشیم هەرچی دبیم ژێ دوربو

٧ دامن سروش وەر مەی‌بنوش ذەوق‌و خوروش لەو چوم ژهوش
ژوێ عیشوەیا یاربو خویا ئەو نە ژمەیا ئەنگور بو

**مانای وشە:**

**مەجەر:** کاکێشان؛ **زەری:** سەوزەرەنگ؛ **قەر:** رەش؛ **تەتەر:** تاتار. کە وڵاتەکەیان بە ئاسکی میسك ناسراوە؛ **کیمخە:** پارچەیەکی نایابە، کیمخوا؛ **قەدیف:** قەدیفە، مەخمەر؛ **گور:** بلێسە، گڕ؛ **فور:** لە کوڵین‌دا، وەکوڵ هاتو؛ **کەری:** پارچە، لەت؛ **زایا:** هەر لەوەی؛ **لازم‌هەری:** هەر پێویستە؛ **گەلەك:** زۆر،

زیاد؛ **فەنەر:** چرای هەڵواسراو؛ **مەشها:** ڕۆیشت؛ **مەشها:** جێگەی ئارەزو؛ **قەرقەف:** بادە؛ **ئەنگور:** تری؛ **سروش:** وەحی، فرشتەی وەڵام بەری خودا؛ **خوروش:** هاوار، هەرا؛ **ذەوق:** چێژە.

**پوختەی مانا:**

هەر وەکو چۆن خۆر لە حاندی پۆلە ئەستێرەی کاکێشان سەرداریکە؛ یاری منیش لەچاو جوانانی سەردنیا، وەك خۆر وایە، لەنێو جەرگەی ئەستێراندا. سەوزە ڕەنگە، وەك ئەستێرەکەی موشتەری هەر لەدور دەدرەوشێتەوەو دڵ دەکێشێ. ئەمرۆ سپێدەی بەیان بو کە توشی بوم. خوایە چمدی؟ خۆریو پەری کەی وا دەبن؟ بە بەرگی ئاڵو واڵاوە، چاوی مەستی تەواو خەو بەری‌نەدابون. وەك چاو ڕەشانی بەهەشتە، لەنجەو لاری زۆر شیرینە. کاکۆڵ ڕەشە، خاڵی وەك خەڵکی حەبەشە، لە ڕەشیان بریقە دەدەن. خاڵی نەتەنیا ڕەشنو بەس؛ بۆنیشیان وەك بۆنی میسکی ئاسکی تەتەر، تۆمار بەتۆمار لێپڕژە. پێستی ناسکی پێتوابو لەکافورە. نەرمو نیانو گەردن کێل، دەناو پۆشاکی ماقوڵدا، کە زوربەی کیمخواو مەخمەربو، من لە هەلێکدا بەدیم کرد. های لەبەر بەختی باشیخۆم. ئەو ئەمرۆ لەچاو جوانیتر وەك قەراڵی چینێ وایەو لەسەر تەخت پاڵکەوتوەو دینی هۆی بەختەوەریانە. لە دڵکێشانیش سەرداره. ڕوخساری وەکی مرواری، دیداری بۆ دڵدارانی بە هەیبەتێکە مەپرسە. هەرکە دەستی بەگەڕان‌کرد، هۆشم نەما. دڵم گڕی تێ هەڵگڕاو، زوخاوی ناوی هاتەکوڵو سەرریژی کرد.

هەر لە یەکەم چاوپێ کەوتن، دڵ لەتببو. دڵ پارە بون بە دیتنی هیچ شتێکی سەیر نیەو ئەرکی دڵە، کە بە دیتنی پڵپڵ بێ. یارم کە لە دڵکێشیدا، دەتگوت فرشتەی خودایە؛ گەلێك‌جار هاتە بەرچاوم، ئیتر بۆیە دڵ بەلەتبون ڕانەوەستاو هەربوبە چۆڵە چرایەك، پڕ لە ڕۆشنایی جوانی ئەو. ئەوگڕەشی لە ڕوخساری‌یار هاتەگیان چونکە ڕوخساری یارەکەم، وەك فەنەرەو دڵم لەوێوە داگیرسا. خاڵی نوختەی لە عەنبەرە. بۆنی وەك گوڵاو بڵاوە. لێوی وەکو شەکری خاوە. لە بادەی جوانی خۆی مەستو پیاڵە ی‌بادەی ـ کە چینی‌بو ـ لەسەر دەستی بە مەستی دەهاتو دەچو، دڵدار ئارەزوی دەکردو بە عەزرەتی دیداری‌بو. پیاڵەی مەستی دەری بادە، لەسەر دەستی پاکی بێ خەوشی دڵبزوێن. یار بردیە ناو ڕێزی یاران. بوبە بەزم، سوزەی تەپەی دڵی دەفە، کاری کردە سەر شەرابیش. ئەویش کەوتە لەرزەو سەما. بۆم ناکرێ پەسنی یار بدەم، هەر لە باسی‌جوانی ڕوخساری داماوم. هەرچی دەیڵێم زۆر لێی دورەو یارم وەك هیچشتێك ناچێ. (خوا دەفەرموێ: هیچ شتێك وەك خودا ناچێ). فرشتەی وەحی پێی‌گوتم: وەرە بادەبخۆرەوە. هەر چێژەم کرد، هاوارم لەبەر بڵندبو. بورامەوە. بۆم دەرکەوت، ئەو بادە هین تری نەبو. بادەی نازی یارەکەم بو. گیرۆدەی بومو لەخۆ چومو لەدنیایە تەرە بومو ڕومکردە بەهەشتی خودا.

**٨ من‌دی بخواب ئەو ماهتاب دادل کولاب جوهتی غوراب**
**دل شەو وشاند خوی لی ڕەشاند خوەش هەر شاند، تێك هوربو**

٩ هورکر جەسەد قەوسێن صەمەد تیردان کەبەد. دادو مەدەد
جەرحان ژنەو، خونەدایە کەو عیشقا مەلەو مەشهور بو

١٠ لەو یەك نەسەق، من تێن سەبەق نورا یەقەق دادل شەفەق
شیرین لەبی دیم کەوکەبی لێ بەندە بێ دەستور بو

١١ دلبەر نەظەر دامن سەحەر خەجلیم ژبەر لێ ئەو قەدەر
زانم گووا ئەو مەهروا وەك لولوا مەنشور بو

١٢ پاش فیرقەتێ زۆر موحبەتێ مژطەلعەتێ چوم حەضرەتێ
وەصلا حەبیب من بو نەصیب مەلعون رەقیب رەنجور بو

١٣ جاما زەلال خەمرا حەلال یاری شەپال دامن بحال
عیشقا غەدار صوهتی ستار نیڤماو یار صەد سوربو

**مانای وشە:**

**شەووشاند:** شێواندی؛ **رەشاند:** پرژاندی؛ **هەژشاند:** پلیخاندیەوە؛ **کەو:** داغ؛ **نەسەق:** نەظمو تەرتیب؛ **سەبەق:** ملەو کێبەرکێ؛ **یەقەق:** سپایی زۆرسپی؛ **دەستور:** ئیجازە؛ **گوو:** گوتن، گفت؛ **مەنثور:** نەهۆندراو، پەخشو بڵاو؛ **طەلعەت:** روخسار؛ **حەضرەت:** حضور، لای‌خوێ؛ **رەنجور:** نەخۆش‌و لەش‌بەبار؛ **سور:** وارش.

**پوختەی مانا:**

لەو بێهۆش‌و بورانەوەی ـ کە لە دینی بەسەرم هات ـ دەمدی‌وەك خەون ببینم، ئەومانگە تیشك هاوێژە، بە سەرمەوە هەڵوێستاوە. دوشتی رەشی وەك باڵی قاڵاو لێم هاڵان‌و پەنجەیان لەدڵم گیرکردو وەك قولاپی لێدەن وابو. دڵیان لەشوێنی خۆی لابردو. هێلانەکەیان لێشێواند. بەجارێك لەت‌و پەتیان کرد. تا تەواو وردو خاش‌کرا، ئەوسا کە خوێیان پێوەکرد؛ تا زامی پترژان بکا. پاشان جوتێك کەوانی رەش ـ کە بە دەستی توانای خودا راکێشرابون ـ جەرگمیان تیرەباران کردو لەشیشم پارچە پارچەبو. خوا هاوار بەدادم بگە. زامی جەرگ‌و هەناوانم ـ کە بەداغی دڵداری هەڵچزێنرابون ـ سەرلەنوێ لێم کولانەوەو خوێن جێ داغەکەی داپۆشین. هەر ئەم دەردو ئازارەش بو، کە بوبە هۆی ناوبانگی ئەویندارى من. هەر بۆیەشە کەوا بەرێز، بە تەکوزی، نورو روناکی زۆر بەهێز، دێنە دڵ‌و روناکایی تێدەگێڕن. بەو سوتان‌و داغ‌کران‌و جزیادانەش، بۆم نەبو هاوارێك بکەم، یان هیچ نەبێ، بناڵێنم. چونکە یاری شەکر لێوی رو ئەستێرە، دەستوری بەمن نەدابو کە هاوار کەم.

بەڵام یارم بۆخۆی بەزەیی پێماهات. هەر لەو بەیانە خۆشەدا، بە دڵخۆشی لێمی روانی. من لەشەرمان نەمدەتوانی بڕوانمە سیماو روخساری. بەڵام ئەوەندە دەزانم کە قسەی دەکرد.

گفتەکانی وەك مرواری لێ دەپڕژا.

زۆر لەمێژبو، لەیار دوربوم. بۆ خوا سوپاس بەودیدارەی کە روبەرو بەچاو دیتم؛ خەمی دوریم لێتاران‌و سەبوریم هات. ئۆخەی ئەوا بەدیداری یار گەیشتم. شوفار وەختە لەعەزرەتان وەزگ بدەن. لە ئێرەییان لەش بەبارو شەرمەزارن. هەی نەحلەتی خوایان لێبێ.

یاری نازداری خوێن‌شیرین، کە منی بەدەم خوێندەوە، گفتەکانی بادەی حەڵاڵی‌بەهەشت بون - کە هیچ تڵتەی تێدانیە. هەرچەند صەد لەمپەرو وارش، لەنێوان من‌و یار هەبو، کەپێك بگەین؛ بەڵام ئەوین زۆر بەهێزە، لەمپەری لەبەر پەڕاندمو پەردەی بەرپیواری سوتاندو منی‌بەو دیدارە شادکرد.

شاهی جەڤین غەم ژی رەقین ماری شەقین ئیساند ئەڤین
دەردو بەلاوین چون هەلا عومرەك مەلا مەهجور بو

١٤ پورمن زەجر دیتن هەجر مابو ئەجر صبح‌و فەجر
شەمعا مە هەل‌بو صەد محەل مینەت مەدل مەسرور بو

١٥ یار وەعدەدا بلەعلێن خوەدا وەربا مەدا چین پەردەدا
دسپێدەیێ چوم وەعدەیی کوژ بادەیێ مەخمور بو

١٦ ئیحرام مەبەست ئەسوەد بقەست یار هاتە مەست ئەز چومە دەست
جوهتی حەبەش تیردان بوەش حەججا مەخوەش مەبرور بو

١٧ ڤێ کاکولێ چینێن دلێ قەلبێ «مەلێ» داڤ دانەلێ
داڤا دلان نیڤ سونبولان سەرصوڕ گولان مەنقور بو

**مانای وشە:**

**شاهی:** شادی، گۆوەند، شایی؛ **جەڤین:** کۆوەبون؛ **شەڤین:** وەك شەوی رەش؛ **شەقین:** خوارو چەماو؛ **ئیساند:** ئایساندی؛ **بەلاوی:** بەلوایان، دەردوئازارگەل؛ **هەل:** بەرەژور؛ **ئەجر:** پاداشت؛ **فەجر:** سەرەتای بەیان؛ **مەحەل:** جێگە؛ **مەحەل:** جار؛ **وەر:** وەرە؛ **بامە:** دەگەڵمە؛ **چین:** دەچین؛ **مەبرور:** بەخێرو قبوڵ؛ **چینێن دلێ:** چینی تێدان؛ **مەنقور:** دندوك لێدراو، غونچەی تازە پشکوتو کە هێشتا تەواو بڵاو نەبوە، بولبول دەچێتە سەری بەدندوك لێیدەدا، تاخۆی بەتەواوی نیشاندا. پێی دەڵێن: گوڵی مەنقور.

**پوختەی مانا:**

بەمەی کەیار خوێندمیەوە، خۆشی‌و شادیم لێ کۆ بووە. خەمو کوڵ لەبەریان رەوین. کەزیەکانی - کە وەکودوشا ماری رەش لەسەرشان پاپۆکەیان بو - بزوتن‌و خۆیان راوەشاندو باوەشێنی گرێ ئەوینیان بۆکردم. هەرچی دەردو بەڵا هەبون، بەرەو ژورچون. پەڕینە کێو. بەڵێ عومرێك لەیار

دوربوم. لەو دوریەدا زۆرم ئازارو جەفا دیت. هەزاران سوپاس بۆخودا؛ کە توڵەی دەردی کردەوەو شـەوە زەنگـی لەســەر بەختی رەشــم رەواندو بەسپێدەی بەختەوەری دیداری یاری گەیاندم. وا لەوساوە لەصەدلاوە، مۆمی خۆشیم داگیرساوەو تیشـك دەدا. کێ بێ لەمن دڵخـۆش‌تربێ؟ یار بە لیۆە ئـاڵەکانی، بەڵێنی پێدامو فــەرموی: وەرە لامان هەر بەتەنیایی دەت‌بینم. لە بەرەبەیانێکدا چوم؛ کە هێشتان لە بەندی شەوێ بەیان تەواو بەرنەببو. دیارە زیارەتی ئـەو، حـەجـە. ئیحـرامم بەسـت، روم‌کردە خـاڵی ســەر گۆنای ـ کە وەك «حَجــرُالاسوَد» رەش‌و بەودمو پیرۆزە ـ یاری چاومەست، لەجوانی مەست، دیداری‌دا. چومە راموسانی دەسـتی. لە دوچـاوە رەشـەکانی، تیری مژۆڵم دارژانێ. بۆم دەرکەوت کە حەجەکەم قبوڵ بوە.

(شیاوی باسە: لەوەختی حەج ئەگەر بارانە بباریۆ حاجی بچنە بەر پلوسکـی بانی کابە، کە پێی دەڵێن: لوسی رەحمەت. و، تەربین؛ نیشانەی حەج قبوڵ بونە). ئـەو کاکوڵە بەچینانەی، داویان بۆ دڵی هەژاری مەلای دڵدار ناوەتەوە. داو لەنێو چڵە سونبولی بسکانی‌دا شێراونەوەو گەیشتونە سەر کوڵمانی. کەتازە لە پشکوتنان. جاچۆن دڵم پێوە نەبێ؟!

## قصیدەی هەشتایەم

# «بەختی درویشان»

١ دەدەستدا یەنگیەك نوبار مندی ئەو كەمان ئەبرو
لبالا جەدوەلەك جەبباری لیدا هەمقیران ئەبرو

٢ كوحەق ئەڤ حەرفو خەط كیشان لطالایی مە دەرویشان
دو قەوسان گوشە لی بادانو سەرپەیوەستەمان ئەبرو

٣ تە دیداری، تە رەفتاری، تە ئەلماسین شەكەر باری
بعەینی ری لسەر صادان، دونون رەیحان نومان ئەبرو

٤ (بِحمدِالله) بفەیروزی لوەجهی دلبەری مندی
كوماهی نەو نیشان مندان لطاقی ئاسمان ئەبرو

٥ تعالی‌الله نیشان دانە، بحوسنی ئەو نەسەق دانە
ژنەقشو صەنعەتی حەق ئەڤ نیشان چەشم، ئەڤ نیشان ئەبرو

٦ ژرەعنا نیرگزین شەهلا مەجالی هەمقیران بینم
هەزار رەمزو ئیشاراتن ژوان قەوسین چەڤان ئەبرو

٧ «مەلا» دل تیك تەپەیكانن، ژمەحبوبان مە نیشانن
كەماندارین دغەددارن دبورجا ئەسمەران ئەبرو

**مانای وشە:**

**نوبار:** تازە وەكارخراو؛ **جەدوەل:** جەغزینگ؛ **جەبباز:** زور خاوەن زور؛ **جەبباز:** ناوی خودایە؛ **طالا:** بەخت؛ **تەدیداری:** دیداری تو؛ **بِحَمدِالله:** بە شكورانەی خوا؛ **فەیروزی:** سەركەوتن، بەمرادگەیشتن؛ **وجە:** روخسار؛ **چەڤان:** چەماو، خوارەوەبو.

**پوختەی مانا:**

یارم کەخۆی جوتە بڕۆی وەك کەوانن؛ ئەمڕۆ دیتم کەوانێکی کاری یەنگی تازەکاری لەدەستا بو، روانیمە بەژنو باڵاکەی، لەو باڵایە، جەغزینگی قودرەتی خودا، دو بڕۆی بەرانبەر بەیەك زۆر لە ئەندازەو ڕێكو پێك دارژتبو. خوا ئەوپیتە پیرۆزانەی ـ کە ناویان خەتی ڕوی‌یارە ـ چۆن کێشاوە. دەڵێی خەتی بەسەر بەختی ئێمەی هەژارانی دەڕۆیش‌دا کێشاوە. هەردو کەوانی بڕۆیان سەریان گەیشتۆتە یەكو گۆشەیان بای داوەتەوەو بەرەولا ڕومەت چەماون. وەك پیتی ڕێن لەسەر صادان. کە دوبەدو، وشەی «رص»یان لێ ساز دەبێ. کە واتا، پاڵپێکەوەداو. بۆ کوشتنی ئێمەی دەڕۆیشی جەفاکێش؛ دیداری تۆ، ڕەفتاری تۆ، ددانی سپی ئەڵماسی ـ کە لە دەمی شیرینتدان ـ ئەو دوبڕۆیە ـ کە وەك دو نونی هەرە جوان، بەخەتی ڕیحانی نوسراو ـ بۆ نیشیان، وەك ڕیحانەیە. خۆزگەم بەوەی دەیان بینێ.

سوپاس بۆخوا بەختم هێنای وسەر کەوتم. بڕۆی یارم لەسەر هەنیە پاکەکەی دیت. کە عەیناً مانگی یەکشەوە، لە عاسمانی ساو. بنوێنێ چۆنە؛ وابو. گەورەیی هەر بۆ خودایە. چەند ئاکارو کردەوەکانی جوانن. دەبروانن، چۆن بەتەکوزیو ڕێكو پێك ئەو روخسارەی رازاندەوە. چاوی‌و بڕۆی هەریەکەی نیشانەیەکن لە صنعەتی خودای جوانی.

لەکاتێکا کە دوبڕۆی چەماوەی وەکو کەوانی بەرانبەر بەیەك دەبینمو ئەو چاوە مەستو کاڵانەی لەژێریاندان؛ هەزار ئیشارەتو بەڵگەم لەدەست ڕەنگینی داهێنەر نیشان دەدەن.

مەلا! تۆ خۆت هەمو گیانت لە دڵبەر نیشانی پێوە. بەتایبەتی دڵی ژارت، پڕ لە تیری دڵداری‌یە. ئەو کەوانداره بەهێزە، لەو کۆشکەوە ـ کە بورجی گەنم ڕەنگانە ـ بە کەوانی بڕۆیان دڵی پێکاوی.

## قصیدەی هەشتاویەکەم

# «ماهی نەو»

١ وی سپیدە ژبورجی قەوس ئەبرو نوماندن ماهی‌نەو
خوەش ژقەوسی ئەبروان ڤێرا کشاندن ماهی‌نەو

٢ گۆشەیێن نونان بسەربادان ژقەوسی بێ وەتەر
میثلی ئەنگوشتانەبی صەدسیر بەیاندن ماهی‌نەو

٣ کەششفی بەدرا تەمام ئەحسەن ژبالا طەلعەتی
ژە ستیوادا گەزمەیان چەرخێ رەشاندن ماهی‌نەو

٤ وی لوەجهی ئافتابێ گاهی کفش‌و گاهی خەف
عارفی ئەهلی بەصارەت حەییرراندن ماهی‌نەو

٥ مل دزانم دانە بەر قەوسێ هیلالی گوشە زەر
لەو ژبالا گوشەیێن نونان لڤاندن ماهی‌نەو

٦ ئەز دبێژم دی لمن دیسا جەگەر صەد پارەکن
وی بمیزان هەردو شیرازی چەڤاندن ماهی‌نەو
داخلی مەجلیس بوی ئیشەڤ «نیشانی» لەو کوخەف
جامی روحانی لئەهلی دل نەشاندن ماهی‌نەو

**مانای وشە:**

**بادان:** بەبادان، چەرخاندن؛ **بەیاندن:** درکاندن، مەعلوم کردن؛ **کەششفی:** ئاشکرابو؛ **ئەحسن:** جوانترو باشتر؛ **کفش:** دیاری؛ **حەیێراندن:** سەرگەردان کردن؛ **لڤاندن:** بزواندن؛ **شیراز:** شارێکە جێگەی سەعدی‌و حافظ؛ **شیراز:** دارێکی سورە وەك بەڵاڵوك دەچێ؛ **شیرازی:** جۆرە کەوانێك بوە کە لەشیراز دروست کراوە.

**پوختەی مانا:**

ئەم بەیانە، مانگی تازە وێنەی بڕۆ لە بورجی قەوس، خۆی نواند. من وای بۆ چوم، کە ئەم مانگە، لە وێنەی بڕۆی یاری‌من، دروستکرا. گۆشەی بڕۆی وەك نونی سەر بەرەو ژێری، لە کەوانی ژی تێ نەخراویکیان دەکرد. کە بۆ سەربەبادانی دڵدارانی ئامادەیە. هەروەك قامکی ممبارەکی پێغەمبەر (ص)، کە مانگی تازەی لەتکردو صەد نهێنی کەس نەزانی ئاشکرا کرد.

یارم کە روخساری دەرخست، مانگی چاردەو جوانتر لە مانگی چاردە بو. لەو باڵایە ـ کە سیمای لیۆە خویابو ـ شەوی چاردە بێ مانگی یەکشەوە دیارە. بەڵام روخساری یاری من، لەسەر خەتی ناوەراستی عاسمانی ساوی هەنیەیدا بڕۆی کە وەك مانگی نوێ، لەو عاسمانەوە تیرداوێ بۆ دڵداران دێتە بەرچاو.

روخساری یارم وەك خۆرە، کەچی بڕۆی ـ کە وەك مانگی یەکشەوەیە و نەدەبو دەگەڵ خۆر دیاربێ ـ جارجار دیارو جارجار ونە. نەك هەرمن بگرە ریناسانی چاوی دڵرون، وەك من لەو مانگی تازەیەی ئەو روخسارە سەرگەردان بون. من دەزانم یارەکەی من، شانی داوەتە بەرکەوان، واتا ئەبڕۆی ئامادەی تیر هاوێژی کرد. بۆیە لەو ژوروی عاسمانە، گۆشەی مانگی نوێ دەبزون‌و دەیانەوی لاسای بڕۆی ئەو کەنەوە؛ کە لەو باڵا بڵیندەوە دیاری دەدا.

وا بیردەبەم، بڕۆکانی ـ کە وەك کەوانی شیرازی‌و حەستەم ترن ـ دیسان خەریکن جەرگی‌من بەصەد لەت کەن، بویە وا دیسان چەماون. وەك مانگی نوێ‌و ڕێك بەرانبەریەك وێستاون.

نیشانی! وادیارە ئەم شەو بە دزیەوە چوبویە ناو کۆڕی بەزم. هیچ کەس تۆی بانگ نەکردبو بۆیە ئەو مانگی تازەیە، جامی بادەی گیان گەش کەری، بۆ دڵدارەکانی نەنارد.

## قصیدەی هەشتاو دوهەم

# «جەردەی دڵان»

١ ژرەمزێ دلبەرێ دیسان لمن باطین ڤەژین دەردە
دلەبسێ طاریی‌یێ من دی خویا بو ئەو سیا چەردە

٢ دلەبسێ طاری‌یو نورێ پەری رەنگێ صیفەت حورێ
ژوادی ئەیمەنا طورێ موقەددەس کر لمن عەردە

٣ ژنارو نوری تەقدیسێ تەجەللاکر لمن دیسێ
لسەر تەختێ خوە بەلقیسێ هلانین بێ‌حیجاب پەردە

٤ حیجابو پەردە ئاڤیهتن صەبا رەیحان هلاڤیهتن
ژبورجان تیر پورێ ریهتن گەهان من راستو چەپ جەردە

**مانای وشە:**

**باطین:** هەناو؛ **باطین:** بەنهێنی؛ **ڤەژین:** ژیانەوە؛ **لەبس:** پۆشاك؛ **سیاه چەردە:** گەنم رەنگ، رەش‌ئەسمەر؛ **وادی ئەیمەن:** شیوی هەرە پیرۆز؛ **تقدیس:** پاکی‌و پیرۆزی؛ **دیسێ:** دیسان، دەئایسێ؛ **هلانین:** لای‌دان؛ **هلاڤیهتن:** پەخش‌و بڵاوی‌کردن؛ **جەردە:** رێگر؛ **جەردە:** تیری بێ‌پەر؛ **جەردە:** جلیت.

**پوختەی مانا:**

خەنی لەخۆم، ئەوا بۆ جارێکی تریش، یاری خۆم دیت. ئەم جاریش بە جۆرێکی تر کە فێڵێکی داهاتوبو لە دڵبردن، خۆی نیشاندام. بەرگی رەش‌بو. خۆی لەوێدا وەك رۆشناکی دەینواند. گەنمەرەنگە، وەك هۆری بەهەشت، چاورەشە. ئاکاریشی حۆریانەیە. ئەو دیدارە، وەك چیرۆکی موساو چونی بەرەو چیای طور، وایە. کە هەم ئاگر، هەم نوری خودای بەدی‌کرد. بەو دیدارەی ـ

که ماڵەکەی وەك شیوی هەرەپیرۆزی جێ راوەستانی موسایە ـ تیرێژی‌یار، دایە دەرو هەمو دنیای کردە سەرزەوی ممبارەك، وەك هەردی بیت‌المقدس. وەکو شازادە بلقیسێ لەسەر تەخت رۆنیشتبو. روبەندی بەروەوە نەبو، پەردەی لادان. سروە، ریحانەی بسکانی پەخش‌کردو رای هەژاندن. بۆن‌و بەرامە بڵاوبو. لە دودەری‌و شانشین‌را، لەمنی روانی. چاوی مەستی بەمژۆڵانی بەرێژنە تیریان تێ‌گرتەو لەراستو چەپ، رێگری دڵو گیان رفێن، دەورەیان دامو کردیانم بە کۆلکی ئەزمون بۆ جلیتان.

۵ کرم ئامانجی میزراقان ددلدا تیر چون فاقان
بجەللادی خوە ئەو خاقان دبێژت هێژتو خەنجەردە

٦ بدەربێن خەنجەران کوشتین بخونا صوهر لێمشتین
دچینا سونبولێن قشتین مەدل پڕمیسك‌و ماوەردە

۷ گولێن هەر میسکی ئەذفەرلێ عەبیرو عەنبەری تەرلێ
سەمایا سوسنان هەرلێ بزولفان ماتو ماوردە

**مانای وشە:**

**کرم:** کردمیە؛ **میزراق:** کورتەرمب، نێزە؛ **فاق:** گیرگەی تیر لە ژی‌کەوان‌دا، بنی تیر کە دەکەوێتە سەر ژی‌کەوان؛ **خاقان:** قاقان، قەراڵی مەملەکەتی چین؛ **لێمشتن:** تێ گەوزاندن، تێ‌وەدان؛ **قشت:** بسکی سەر هەنیە؛ **ماوەرد:** گوڵاو؛ **ئەذفەر:** زۆر بۆن خۆش‌و بێن بڵاوکەر؛ **عەبیر:** چەند بۆن‌خۆشێکی تێکەڵاو؛ **عەنبەری‌تەر:** عەنبەری هێشتا وشك نەکراوی تازە لەورگی ماسی عەنبەر دەرهێنراو؛ **ماوەر:** گوڵاو؛ **ماتو:** دەی‌ساتو؛ **ما:** بۆچی؛ **تو:** هیچ.

**پوختەی مانا:**

چاوی مەستی کە بەرەو رومی هەڵێناو لەراستو چۆپ وەکو چەتە شاڵاویان بۆگیان‌و دڵ بردو تیریان تێ‌گرت. مژۆڵیشی وەکو نێزە بەرێزە، دەدڵم چەقین. سەرەرای ئەمەی کەتیری غەمزەو نازی چاوەکانی، هەتابن چەقینە دڵمو کرام بە نیشانە نێزە، ئەو قەراڵی مەملەکەتی دڵدار کوژان، میرغەزەبی چاوەکانی لێ‌هان دەدام. کە نیزیك‌تر تماشام‌کەن. واتا، نە وەك دوربەدور بۆی تەواو نەبم، با بە خەنجەری مژۆڵان تەواوم کەن. ئیتر هومێدی ژینەوە بۆ گیان‌ودڵ لەناو بچێ. بە زەبری خەنجەری کوشتین. دڵی دەخوێنی خۆ گەوزاندو خەنجەرە خوێناویەکانی، پێ سریەوە. بەڵام دڵی هەرزەکارم، بەو هجوم کردن‌و کوشتنە، زۆر دڵخۆشە. لە تماشای بسکە سەر قرتاوەکانی بان هەنیەکەی، پربو لە بۆنی میسك‌و گوڵ. لە تماشای گوڵی رومەت، تاهەتایە بۆنی میسکی هەرەباش‌و بۆنی عەنبەری هەرتەری، لێ نابڕێ. لە سەیری عاسمانی روخسار ـ کە

سوێسنەی بسکـان لەوێدا سـەمایانەو دەلەرنەوەو بەو کەزیانە لە رەشـیەتیو بۆنخـۆشیدا، تانە دەعەنبەر دەگرن ـ کە نزیك کەوتون لەدڵم. دڵ ئـەوەند بۆنی گرتوە، کە نیازنیە گوڵاو لە لاشەکەی مردوی بپرژێنن؛ وەك بۆ مردوی دورلەدڵداری دەکاردێنن.

**٨ بسەروی سونبولێن تاری بهەڤرا بازیو یاری**
**بجودا خون ببت جاری ژقەوسان گەزمەیان بەردە**

**٩ ئەزم ئامانجی وان تیران ژپەیکانانو سەرتیران**
**بویم پولاد لبەر شیران سەراسەر تێكمام بەردە**

**مانای وشە:**

**وی:** ئەو، مەبەست روخسـارە؛ **پەیکـان:** سـەرەتیر؛ **پولاد:** پۆڵا؛ **تێكمام:** بەتێکـڕایی‌مام؛ **بەردە:** لەپێشی‌دا؛ **تیر:** سەرکۆنە، تیرو تانە.

**پوختەی مانا:**

لەسەر ئەو روخسارە پاکەت، بسکەکانت ـ کە رەنگ رەشو لە بۆنخۆشی‌دا، سـونبولن ـ پێکـەوە گاڵتەو گەپیانەو دێنە یاریدەی یەکتری. ئەگەر تماشا دەستبدا ـ وەك دەسـتی‌دا ـ کوژرانی چـیو مردنی چی؟ هەزار هێندە جەزرەبەو ئازاری بدرێ، هێند بەو بەرامانە مەستە، هەست پێناکا. دەبێ منەت بەو، لەبەریشـت وەدەپارێم تا دەتوانی لە کەوانی بروٚ کەوانیەکانتەوە، تیر باوێژە، بم کە نیشانەو بمپێکە. با بەجوٚگە خـوێن لە لەشـمەوە جـاری بێ. تابوٚتدەکرێ کارێكبکـە، برینم پتر کاری‌بن. گوێ نادەمێ. هێندەم سەرەتیری چـاوی، پر لەنازو تیری بەهانەی نازاویم وێ کەوتوەو نوکی مژوڵ وەك سەرەتیر لەگیانی دڵم چەقیون، هەمو گیانم وەکو پوڵای لێهاتوە. شیرم لێدەن زرینگـەم دێ، چـونکە لە هەر لاو یم‌کەوێ، هەر سـەرەتیری وەبە ردێ. گیان بەئـاواتی دیداری چاوەکانت هەر دەمێنێو هیچ هێزێك لەبنەی ناهێنێ.

**١٠ کو دلبەر هاتەوی یولێ ژبەر پوڕ هن کەتن چولی**
**ژقەنجان کورەڤاند هولێ ژمەحبوبان برن نەردە**

**مانای وشە:**

**یوڵ:** ڕیگە، رەوشت؛ **هن:** هەن؛ **قەنج:** جوانو لەبار؛ **هوڵ:** بازی‌گوێین؛ **تو:** هیچ.

**پوختەی مانا:**

کاتێ دڵبەر لەخـۆپوٚشین بەروبەندی وازی‌هێناو رەوشـتی خـۆنیشاندانی کردەپیشـە؛ زوٚرکەس

هەبون، لەتاوان شێتو شەیدابون. کەوتنە چۆلان. دڵبەرانی لەبارو جوان، لەمەیدانی ملەی جوانیو دڵرفێنیدا، دۆڕاندیان. گوێ سەرکەوتنی بۆخۆی برد. لە باری جوانیو لەباریو لەنەردی گەردن زەردیدا، دەستی هەمو نازدارانی لە تەختە بەستو صەد دەستی لێبردنەوە.

١١ ژقەددو بەژنو بالایێ ژرەنگێ دیمو سیمایێ
تو رەنگی قەط خەبەر نایێ دحوسنێ جەوهەرەك فەردە

١٢ بخەملو رەنگو رەعنایی بمەحبوبی، بزیبایی
بئەو حوسنا خودێ دایی ژگول رەنگان گولا زەردە

مانای وشە:
تورەنگی: هیچ رەنگێك؛ رەعنا: شلكو شۆخ؛ زیبا: جوانی بەردڵ؛ خودێ: خودا؛ خەمل: خشڵ؛ جەوهەری فەرد: ماکی بێهاوتا؛ جەوهەری فەرد: ئەو عەصڵەیە کە خۆی بەخۆیەوە بەندەو بوبەشو پاژکردن ناشێ.

پوختەی مانا:
هیچ جوانێكو خوێن شیرینێك، بەرەنگو خشڵو زەنبەریش خۆ جوان بکەن؛ هەرگیز لە رەزاشیرینیو رەنگو رو، لە بەژنو باڵاو سیمادا، توزقاڵێکیش وەك یار ناچن. جوانی یارم ـ کە تایبەتی بەشێکە، خوا بەوی داوە ـ لە دنیا جەوهەری تاکەو ماکی جوانی هەر خۆیەتیو کەس ناتوانێ بەشێکی لەوجوانیە هەبێ. گوڵی زەرد، لەو ئێرەییانەی کە نەیتوانی وەك ئەو جوان بێ؛ رەنگی زەردە. شیاوی باسە، خوا فەرمویە: «هیچ شتێك وەك خودانیە». مەبەستی مەلا ئەوەیە، جوانی سەلما، وێنەی جوانی خوای سەلمایەو کەس لەرەنگی خودا نیە.

١٣ نەباتو شەککەرا لێڤێ نەسیمێ وی گولو سێڤێ
هلینت پەردەیا شێڤێ شیفایا هیندەکی دەردە (یا، هندکی...)

١٤ ژنەقشو صونعی جەبباری موطەررا طوررەیا طاری
لنورێ میسکی تاتاری لسەروان خەمریان بەردە

١٥ لبەر روژی بیت خێلی بنێرم قامەتا عێلی
قەدیفو زەرکەشو تێلی زەبادو میسكو عەنبەردە

مانای وشە:
هلینت: لادا؛ شیفا: عیلاج؛ هندك: کەم؛ موطەررا: کوەکراو؛ طوررە: بسکی لای لاجانگ؛ طاری:

تاریك؛ **خێلی:** تەمو سـێبەر؛ **بنێرم:** بڕوانم؛ **عێلی:** بڵند؛ **قـەدیف:** مەخمەر؛ **زەرکەش:** زەررى؛ **تیلی:** پارچەیەك کە هەودای زێوو زێڕی تێوە درابێ؛ **زەباد:** بۆن خۆشی زەباد، کە جـانەوەرێکـە لە بەرەی شـێرو پشیلە.

**پوختەی مانا:**

شەکرو نەباتی لێوانی، سێوی چەنەی، گوڵە باغی سەر کوڵمانی ـ کە سروەی هەناسـەی سـاردم دەیانگـاتێ ـ شـەوە رەشـی کەزیەکانی ـ کە بونە پەردە لەروی‌دا ـ وەلا بەرێ. هەر کەمێك لە دیتنی‌وان، دەرمانی هەمو دەردانە.

ئـەوبسکـە لێك هاڵاوانە، کە بەم لاو بەولادا کراون‌و رەنگـی تاریکـاییان هەیەو بۆنیان وەك میسکی تاتاری، تۆمار بەتۆمار بڵاوەو لەسـەر وانیش پرچ بەندت ـ کە لەسـەر تویڵ دیاری ئـەدا ـ لەسەر روخساروە لابەرە؛ با ئەو نورو تیشکی خـوایە، بێتە بەرچـاوی دڵداران‌و ئـەو سـێبەری بسکانەی‌تۆ چیدی بەری روژێ نەگرێ‌و مەخمەرو زەڕری وزێڕپۆیان با لەجیرانەتی لەشت، بۆنی عەنبەرو زەبادو میسك بگـرن. بێرە دەرێ با دەو بەژن‌و باڵایە زراوەو کە لەگەتەی تۆ ـ کە نمونەی دەسکاری خوای شیرینکارە ـ تێر رامێنم.

**١٦ بسیماڤێ بزێراڤێ توروژێ نەقشەکی باڤێ**
**کودا ئەرژەنگ ژوێ ناڤێ لبەر روژێ نەبت پەردە**

**١٧ ئەگەر بەرقەك ژوێ روژێ ژبەروێ عیقدو بشکۆژێ**
**بدت قەلبێ وەکی دۆژێ لبەر دۆژە دبت بەردە**

**مانای وشە:**

**سیماڤ:** ئاوەزێو؛ **باڤی:** بهاوێژە؛ **ئەرژەنگ:** وێنەنامەی مانی وێنەگرو پێغەمبەری موجـزات وێنەکێشـان؛ **وێ‌ناڤی:** ئەو ناوە؛ **عیقد:** گەردانە؛ **بشکۆژ:** قوپچەو خونچە؛ **دۆژ:** جەهەندەم؛ **دۆژەھ** : دۆزەق؛ **بەرد:** سەرما، ساردی.

**پوختەی مانا:**

یاری نازدار! هەر تۆ روژێك وەرە دەرو خۆت نیشان‌دە، با ئەو نەخشەی دەستی خـودا، ببیندرێ. با لەشەرمان، وێنەنامەی موجـزاتی مانی، ون‌بێ‌و خـۆ وەشـێرێ‌و خـۆ لەبەر روژی روت نەگرێ‌و، نەبێتە پەردەی بەرچاوان‌و چاوان بەخۆ خەریك نەکا. من لێمرونە هەر لەو شوێنی بە گەردانەی کە دنیای لێ سەرگەردانەو لەو سینەو بەروکەی قـوپچەت لێ‌کردۆتە جـەزایەرچـی. توزێك وەکو بروسکەیەك دیاری بدات. دڵی پرلە ئاگری من ـ کە لەناو بڵێسەی ئەوینی تۆدا، قەتیس ماوە ـ لە

سوتان رزگاری دەبێو تەنانەت دۆژەهی گەورەش، لەرویا سارد دەبێتەوە.
شیاوی باسە، مەلا چیرۆکی ئیبراهیم پێغەمبەر بیر دێنێتەوە. کە بتەکانی شکاندو لەسزادا، خستیانە ناو ئاگرەوە، خودا فەرموی: «ئاگر ساردی سڵامەت بە!» ئاور نەیتوانی ئیبراهیم بسوتێنێ.

**١٨ دمەیدانێ شیرین غەنجان بچەرخن میثلی شەطرەنجان**
**تورابا بەرپیی قەنجان زەبادو عەنبەرین گەردە**

**١٩ دبت بێژن وی سوڵتانی بهەفت ئایاتی قورئانی**
**لمەحبوبان تو خاقانی وەرە دەربێ لقەیصەردە**

**مانای وشە:**
**مەیدان:** گۆڕەپان؛ **تورّاب:** خۆڵوخاك؛ **گەرد:** تۆز؛ **قەیصەر:** قەراڵیرۆم؛ **هەفت ئایاتی قورئانی:** واتا، هەمو قورعان، یان سورەتی فاتیحا، یان حەوت سورەتی هەوەڵی قورعان. کە لەقورعاندا خوا فەرمویە «وَ اتیناك سَبعاً من‌المثانی» داومانە پێت حەوتی لێكچو. ئەوکەسانەی تەفسیرنوسن، زۆریان لەوبارەوە گوتوە.

**پوختەی مانا:**
ئەگەر لە دەشتایی جێ داوەتێکدا؛ هەمو نازدارانی رەزاشیرین، کۆبینەوەو بەلاسایی تەختەی شەترنج، هێندێکیان لەپلەی جوانیدا، بە وەزیرو روخو فیلو ئەسپ، دابندرێنو هێندیك پیادە بمێننەوەو بەتێکڕاش ئەوەندە جوانو نازداربن، کە تۆزی بەر پاڵاکەیان، وەك عەنبەرو زەبادی دابێژراو وابێ؛ بەتێکڕایی‌و بێ لامو جوم، تۆ بە شای خۆیان دادەنێن. سوێندم بەحەوت ئایەتەکانی قورعانێ، تۆ لە ناو جوانانی دنیا، وەکو قەراڵی چینێ وای. تانجی سەری قەیصەرانی. دەتوانی لەباری جوانی، زەبریکێ باش لەوانەدەی کە بەجوانی خۆ دەنازن‌و لایان‌وایە، بونە قەیصەر لەناو جوانان.

**٢٠ مەلا زانم ژمەجذوبان تنێ ناژی توبێ خوبان**
**دەما دلدی بمەحبوبان بشوخو شەنگو ئەسمەردە**

**٢١ دەما جەللاد بێن بازی بشیرو خەنجەرێن طازی**
**لدەرگەدا نەکی گازی دەلالو نازپەروەردە**

**٢٢ ئەمانەت دا ژبێ هوشی دورێن ناسوفتە نەفروشی**
**«مەلا» زانم ژمەدهوشی تەدل بێخوابو بێخوردە**

**مانای وشه:**

**گازی:** گله؛ **گازی:** بانگ، هاوار؛ **سوفته:** سماو؛ **مەدهۆش:** لەهۆش‌چو.

**پوختەی مانا:**

مەلای دڵدار! دەزانم چیت. ئەگەر ڕێڕەوانی تەریق ـ کە هاتونە ناو ڕێزی خوا ناسانەوەو ئەوینی خودا کێشاونی‌و دڵو گیانیان لەهۆش چوە ـ گشتیان بەبێ یاری مەجازی، هەڵبکەن؛ تۆ لەو ناوە، تەنیا کەسێکی هەڵناکەی. جا ئەگەر هەردڵیش دەدەی بە دڵبەرێکی دنیایی؛ شۆخ‌و شەنگی گەنم ڕەنگی وەك سەلمات قەط دەسناکەوێ. دڵەکەت دەقەبەڵ ئەوکە.

هەرگاش چاوە دڵدارکوژەکانی ـ وەك میرغەزەب ـ بەشیری تیژی بروێان، بەخەنجەری مژۆڵانیان هاتنە گەمەی دڵدارکوشتن؛ نەچی هاوارو دادبکەی! ئەویارە، هێندە ناسکەو هێند نازدارە، لە دەنگی گلەت دەڕەنجێ. نازکوڵەیە، مەیرەنجێنە. توزێکیش ئاگات لەخۆتبێ تۆ لەکاتی حاڵلێهاتن، ڕازی گرینگ ـ کە وەك مرواری نەسماون ـ ئەدرکێنی. دەزانم خەوو خواردنت لێ حەرامەو دڵت گەرمەو هۆش‌و گۆشت، لەدەست داوە، بەڵام دیسان ناشێ ئەوی ناشێ بێژی، بێژی.

## قصیدەی هەشتاو سێیەم

# «عیشق وجەذبە»

١ دلبەری سەرداری خوبان ئەز نزام ئاگاه هەیە
حەبسی زیندانیٚو ئەسیرو گرتیی‌یٚ دەرماندەیە؟

٢ گرتی‌یم مایم دحەبسیٚ کی گەلوٚ مەهدەر بکت؟
جارەکی ناڤیٚ مەبینت پورٚ ئەوابەك زێدەیە

٣ میحنەت‌و حالیٚ ئەسیران کی لمیران عەرضە کت
دی‌بتن پورسی لمن لەو پور برەحم‌و شەفقەیە

**مانای وشە:**

**ئاگاه:** خـەبەردار؛ **دەرماندە:** داماو؛ **گەلوٚ:** خـەڵکینە، ئـاخوٚ؛ **مەهدەر:** تکـا؛ **ئەواب:** خێر؛ **میران:** میری‌گەورە؛ **عەرضە:** لەبەر ڕانان؛ **لەو:** چونکە؛ **شەفقە:** بەزەیی؛ **ئەز نزام:** من‌نازانم.

**پوختەی مانا:**

من نازانم ئەو دڵبەرەی سەروەری گش جـوان چـاکانە، خـەبەرداره کە من لەزیندانی ئـەوا بەندو دیل‌و سەرگەردانم، زوٚر دەمێکە بەندکراوم‌و لەو زیندانەدا داماوم. ئاخوٚ هیچ کەسی وا هەیە جـارو باریٚك، ناوی ئێمەی بێتە بیرو ئەو خێرە گەورەیە بکـا. مەینەت‌و دڵپەریشـانی یەخسـیرانی ئـەو جوانی‌یە، بە عەرضی میری مەزنی موڵکی جوانی بگەیەنێت؟ لیم رونە لێمان دەپرسێت. چـونکە دەیناسم کە بەزەو دلوٚوانی یەکجار زوٚرە.

٤ گەر بپرٚست جارەکی خاتون لحالیٚ سوختەیی
قوفل‌و زنجیر دیٚ ڤەبن بیٚئیسم‌و دەست‌و میفتەیە

٥ بەندو زنجیر دێ ڤەبن جەرحێن دکول دێ خوەش بکت
لەو کوناقێ دلبەرێ دەرمانێ دەردێ بەندەیە

٦ هەرچی بێڤیری کو ناڤێ دلبەرێ بیتن لسەر
خوەش دبت حادر (هادر) دگاڤێ بێگومان‌و شوبهەیە

**مانای وشە:**

**خاتون:** وشەی رێزلێنانە بۆ ژنان؛ **سوختە:** تازە فەقێلە؛ **ئیسم:** ناو، مەبەست ئیسمی ئەعظەمە، ناوی هەرە گەورە؛ **میفتە:** کلیل؛ **کول:** بەژان، بەناسۆر؛ **بێڤیر:** نەخۆشی لەسەر مردن، لەهێز کەوتو؛ **حادریاهادر:** دەستەو لەجێ؛ **دگاڤێ:** هەر دەمو دەست.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر جارێك ئەو خاتونە پایە بەرزە، لەمنی تازە فەقێلەی دەرسی دڵداری، پرسیار بکاو بڵێ چۆنە؛ قوفڵ‌و زنجیری دەست‌و پێم، بەبێ دەست لێدانی کەس‌و، بێ کلیل‌و بێ خوێندنی ئایەتی قفڵ کرنەوەو ناوی دایکی موسا زانین، دەکرێتەوە! هەر ناڤی خۆی لەبەربێنێ؛ یان هەر دەردێك دڵمان بگرێ‌و ناوی ئەو بێتە سەر زارمان کارمان سازەو رزگاری‌و چا بونەوەمان، کە کوێلەی بەردەرگای ئەوین‌و بە ئەوینی ئەو گیراوین. بەوی بەندە. هەر بەندەیەکی لەش بەبار، ـ با کەوتبێشتە گیانەڵاو ـ ناوی یارمی لەسەر بێنن، دەستەولەجێ، نون دەلەشیدا نامێنێ‌و چابونەوەی هیچ گومانی تێدا نیە.

٧ بێگومان خاکا رێاوی توتیاو دانەیە
گەر دچەهڤێن کور ڤەئینن خوەش دبن پێ دیدەیە

٨ مەییتی صەدساڵە ژی وی ری ڤبەر ڤەبری کەڤت
دی ڤەژی روح بێتە سەر ساتا خوەبیتن زیندەیە

**مانای وشە:**

**توتیا:** بەردێکە بۆ روناکی چاو دەیهارن‌و چاوی پێ دەرێژن؛ **ڤەئینن:** دانێن، تێبکەن؛ **مەییت:** مردو؛ **ڤبەر:** دەسەر، دەبەر؛ **سات:** کات؛ **دانە:** دەرمانێکی چاوانە.

**پوختەی مانا:**

خاك‌و خۆڵی رێبازەکەی، وەك توتیاو دانە وایە. ئەگەر دەچاوی کوێر کرێ؛ بێگومانم دەستبەجێ، سۆمای دێتە بەرو زۆر بە رۆشنی دەبینێ.

ئەگەر یارم، رێگەی بەسەر گۆری مردوی صەدساڵەدا برۆا. یان دەبەر گۆری بیورێ؛ هەر

ئەوساتە کۆنەمردو گیانی دێتەوە بەرلەشو وەك گوێزی ئازا، دێتە دەر.

**٩ مەییتان لەورا دکت یەکسەر دلان یەغما دکت**
**ئیسمی ئەعظەم ما دزانت یا مەسیح ئەو بخوەیە**

**١٠ ئەز دبێم عیسایە ئەو، یا بوعەلی‌سینایە ئەو**
**لەو برەمزو عیشوە یان پورٚ موعجیزاتو شیوەیە**

**١١ عیشوەو رەمزێن دوی تەشبیهی بەرقیٚ لامیعن**
**کوهی قاف بت کەردکت ساتا خویا بت پەردەیە**

**مانای وشە:**
**ما:** مەگەر، چما؛ **مەسیح:** هەنواو؛ **مەسیح:** دەستپێدا هێنراو؛ **مەسیح:** ممبارەك؛ **مەسیح:** شوەو بەدفەرٚ؛ **مەسیح:** نازناوی عیسا پێغەمبەرە لە ممبارەکیان؛ **مەسیح:** بە جرجالٚ دەڵێن لەبەر شومیو جوت قۆشەیی؛ **کوهی‌قاف:** کێوی قاف (باسکراوە)؛ **کەر:** لەت.

**پوختەی مانا:**
جا وەختیٚ یارم دەتوانیٚ مردو زیندو بکاتەوە؛ دیارە تاڵان کردنی دڵان، کارێکی زوٚر هاسانترە. ئاخوٚ ناوی هەرە گەورەی، فێر کراوە؟یان هەر خوٚی وەکو عیسایە، کە دەیتوانی بە ئیزنی‌خوا، کوٚنەمردوش زیندو وەکات؟ بەڵام دیسان لەوناوە سەرم سورٚماوە. ئاخوٚ وەك عیسا نەفەسی ممبارەکە؟ یان وەك ئەبوعەلی‌سینا، بە لێزانی نەخوٚشان خوٚش‌دەکاتەوە؟ بە ئیشارەتی چاوانی، دەڵێم موٚجزەی عیسایە. بە گفتو نازو نیمنازی دەڵێم بژیشکی چازانە. هەم شێوەو هەم موٚجزاتی، وەك بروسکەی تروسکە دەر، یەکاویەکن. یار دیار نیە، ئەو موٚجزاتە دەنوێنیٚ. ئەگەر تاوێك خوٚی نیشانی دنیا بداتو پەردە لەناوا نەمێنیٚ؛ چیای قافیشی بێتەبەر، لەتلەت دەبیٚ.
خوا فەرمویە: «ئەگەر ئێمە ئەوقورعانەن ناردبایەتە سەر کێوێك؛ دەتدی سەری کز دەکردو لەترسی‌خوا، شەقار دەبو، هەڵدەتەکا.
مەلا، لەو چەند بەیتانەدا، ئەو ئایەتەو باسی موساو کێوی طورو نوری خوامان وەبیر دێنیٚ.

**١٢ پەردەیا مەحبوب دنیڤ قەلبان کودیٚ کەرکەر بکت**
**قەط دپەردیٚ خەفدبن خورشیدو ماهو زوهرەیە**

**مانا:**
ئەو پەردەی دڵبەر، لەنێوان خوٚیو دڵمان رای‌هەنگاوت؛ دڵمی خستە تاریکایی. ئەو پەردەیە لەتلەت بکاو فرێی بدات؛ دلٚ وەك خوٚرو مانگو زوهرە، تیشك‌ئەداو هیچ ئافەریدێکی خودا،

وەك ناتوانێ پەردە لەبەر خۆرو مانگو زوهرە بگرێتەوە. ناتوانێ دڵمان داپۆشێو روناکی لێ نەدیو بکا.

١٣ زوهرەو خورشید من دیتن دقەوسێ هەم قیران
سوررى دا دل عەقرەبان چەرخو سەماوو هەیهەیە

١٤ عەقرەبو قەوسو قەزەح، ڤێرا موقابیل موشتەری
رۆژو شیڤو نورو تیرێژ، بەرقو هەم ئیسپێدەیە

١٥ ئەو حەمی ڤێکرا مەدین، تێکل دچەرخێ جارەکی
هی ژوان بێحالم ئەز ئەحوالو عیشقو جەذبەیە

**مانای وشە:**

**هەمقیران:** نزیكو بەرانبەر بەیەك؛ **سورر:** دڵکێشی؛ **قەوسو قەزەح:** پەلکە زێڕینە، کەسكو سۆر؛ **موشتەریو زوهرە:** دو ئەستێرەی گەریدەن؛ **تیرێژ:** تیشك؛ **ئیسپێدە:** سپێدە، بەرەبەیان.

**پوختەی مانا:**

چاوم‌کەوت بە رومەتو چاوەکانی؛ کە دوبرۆ کەوانیەکەی لەسەر دیار بون. دەت گوت خۆرو ئەستێرەی زوهرەو موشتەری، لە مزڵگەی قەوسی عاسمان، لێك نزیكو بەرانبەر بەیەك دیار ئەدەن. دڵکێشی ئەو لێك‌نزیکیە، بسکە سەر خوارەو بوەکانی ـ کە وەك کلکی دمارەکوڵی رەش دەچن ـ بزواندەوەو دەت‌گوت لە خۆشیان دەرەقسن. لارومەتو کەزیو هەنیەو لاجانگو تیشكو پرشنگی چاوەکانی، دەتوت خۆرو شەوو رۆژو بریسکەو بەرەبەیانن. پارچەی هەمەرەنگەی سەرپێچو خشڵی سەرو، گەردانەکەی، ببونە کوڵکە زێڕینەی بەر هەتاوێ. من جارێکی ئەوانەم هەمو بەچاوان دیتن. کە لە کۆڕی هەڵپەرکێدا، تێکەڵ ببون. وا لەوساوە، حاڵم شرەو دڵم سەری لێشێواوەو جەزمەی ئەوینێ گرتومیو بەرمنادا.

١٦ حال ژوێ رەمزێ گەها من مەستی وێ رەمزێمە ئەز
سەرخوەشم حەتتا ئەبەد بێجامو نوقلو بادەیە. (یان، نەقلو...)

١٧ سەرخوەشم بێ جامو مەی، رەمزا نهین ئەبتەر کرم
ناگەهان تیر دانەدل لەو کوشتە حادر سوختەیە

١٨ کوشتیان خون دێن لیقائێ لەو بوی دی خۆش‌ببن
هێڤیان قەط نابرم مەقصود مە دیدارا تەیە

**مانای وشه:**

**نوقل (یا) نەقل:** مەزەی بادەخۆران؛ **ئەبتەر:** دوابراو، بێسەروبەر؛ **حادر:** دەست بەجێ؛ **سوختە:** فەقێلە؛ **سوختە:** سوتاو؛ **لیقاء:** توش هاتن؛ **هێقی:** هومێدو هیوا.

**پوختەی مانا:**

لە ئیشارەو نازو غەمزەت، حاڵەتێکم بەسەرداهات، کە هەتا دنیادنیایە، بەبێ بادەو پیاڵەومەزە سەرخۆشم، لالامو ناکەم. رازی نهێنی ئەوینێ، وزەو هێزی لێ ئەستاندم. لەپر تیر دابارینە دڵو کوژرامو سوتێندراشم. دەڵێن شەهید دەبێ بەخوێنی لەشەوە بنێژرین. چونکە بەو خوێنەگەشەوە، دەچنە لای یارو بە دیداری یار، شاد دەبن. جامن پێم خۆشە هەزارجار، لە ئەوینی تۆدا بمرمو دڵەکەم خوێناو هەڵێنێو گیانیشم خوێن بدەڵێنێ. بەو هومێدە کە بەو هوێە تو ببینمو هەرگیز نابێ ناهومێدی بەلاما بێت.

«کوردی» دەڵێ:

شەهیدی عیشقمو مەمشۆنو کفنم بۆمەکەن یاران
گەواهی حەشرە بۆ دەعوای شەهادەت بەرگی خوێنینم

«مەولەوی» فەرمویە:

هەرساتێ صەدجار بەوتیر بەو تەرکەش زیندەگیو مەردەن ئامان وەشەن وەش

**١٩ هێڤیان قەطنابرم جارەك تودینێ شەفقەکی**
**عەقدی ئیحرامێ دێبینم حادری بمسەجدەیە**

**٢٠ سەجدەیا بەر ئەسوەدان نادم بصەد حەج ئەکبەران**
**سوند بوان زولفانو خالان هەچ وەکی بێژم وەیە**

**٢١ سوند بوێ زولفا سیاه ئەز عابیدێ حوسنا تەمە**
**خەف دنوشم وێ شەرابێ خوەش شەرابو قەهوەیە**

**مانای وشە:**

**دین:** دیتن؛ **شەفقە:** مەرحەمەت؛ **عەقد:** بەستن؛ **ئیحرام:** نیەتی حەجکردن؛ **حەج ئەکبەر:** حەجی هەرە گەورە، ئەگەر شەوی جەژنی قوربان هەینیبێ پێی دەڵێن حەجی گەورەتر، چونکە پێغەمبەر فەرمویە: «هەینی حەجی هەژارانە» دوحەج پێکەوە رو دەدات؛ **هەچوەکی:** هەروەکو؛ **قەهوە:** بادە؛ **خۆش:** بەتام؛ خۆش: بەپەلە.

**پوختەی مانا:**

هەرگیز لەو هیوایە نانێم. کە تۆ جارێك بە دیدارێك مەرحەمەتم دەگەڵ بکەی. هەر بتبینم،

دەزانم دەبێ وەك حاجی، نیەتی ئیحرامێ بێنم. لەخۆشیانا سوژدە دەبەم. سوژدە بردن‌بۆ بەر خاڵت ـ کە وەك حَجَرالأسْوَدن بەصەد حەجی هەرەگەورەی ناگوڕمەوە. سوێندەکەم بەو کەزیانەی‌تۆ، هەرچی دەیڵێم قسەی دڵمە. دیسان سوێندم بەو پرچو کەزیە رەشانەت؛ من جوانی تۆ، دەپەرستم. لە بادەی مەستی هێنەری، ئەوینی تۆ ـ کە لە هەرشت بەتامترە ـ بێ خۆگرتن دەخۆمەوە.

**٢٢ عومرەکە دصوژم بخەف چەهڤ نێری یەك پرسەك تەمە**
**دا بەیان‌کەم شەرحی حالی دل بحەرفو نوکتەیە (یان، نوقطەیە)**

**٢٣ صەدهەزار بار شاکرم ئەز کو ژبەلقیسا پەری**
**هودهودی شیرین زەبان ئیروٚ خەبەرداریٚ مەیە**

**٢٤ ئیسمو ناڤیٚ تەی‌شەریف حەی‌کر لمن قەلبیٚ مری**
**لەو دمەدحیٚ تەو ئەنائیٚ بوییمە چەنگو نەیە**

**٢٥ شوبهەتیٚ چەنگیٚ دنالم هێژ ژدەست داغا قەدیم**
**هەروەکی مەشعەل دصوژم دوست نزام ئاگە هەیە؟**

**مانای وشە:**

**چەهڤ‌نێر:** چاوەروان؛ **نوکتە:** وردەکاری، باریك‌بینی؛ **بار:** جار؛ **شاکر:** بەسوپاس؛ **شەریف:** بەرێز، ممبارەك؛ **ئەنا:** پەسن؛ **حەی:** زیندو؛ **مری:** مردو؛ **مەشعەل:** چۆڵەچرا؛ **نزام:** نازانم.

**پوختەی مانا:**

من عومرێکە چاوەنوڕم. تۆ هەرجارێك لێم‌بپرسی حاڵت‌چۆنە؛ تا زوٚر ورد بوٚتی باس‌بکەم.

هەزاربارو هەزار جاران، سوپاس بوٚخوا. کە پەپوی گفتو لفتخوٚش، ئەمرۆ منی لەو پەریە ناسك‌و نازداره ـ کە وەك بەڵقیس لەسەر تەختی سەروەری جوانان، جیٚگیرە ـ خەبەردار کرد. هەر ناوی پیروٚزی توٚی برد، دڵی مردوم زیندو بووە. وا دەمبینی کە لەپەسنو تاریفتدا، دەنگم وەك چەنگو نەی وایەو وەك بلوێر لەبەر ئەو داخەی کە لە مێژە دڵمی پیٚ کون‌کون کراوە، دەناڵێنم. وەك چۆڵە چرا، هەمو ئەندامم بوٚتە گرٚ. دەسوتێم بەڵام نازانم دوٚست هیچ ئاگای لەمن هەیە؟

**٢٦ من دڤیٚ سەرلاستانیٚ هەروەکی تولان نەهم**
**بەلکە جارەك کەیل (لەیل) بپرٚست ئەڤ چمەحروم تو لەیە**

**٢٧ گەر بناڤیٚ تولەیان جارەك ڤەخونت بەندەییٚ**
**ب «مەلیٚ» خوەشتر ژمالو گەوهەرو گەنجینەیە**

## ٢٨ گەوهەرو گەنجێن مەلێ حوسنو جەمالا دلبەرە صەد (تعالیٰالله تبارك) ئەڤ چحوسنو جیلوەیە

**مانای وشە:**

**تولان:** تولەگەل؛ **تولە:** سەگی چکولە؛ **نەهم:** دانێم؛ **کەیل:** هەلبژاردە؛ **کەیل:** قەیل، فەرمانرەواو سولتان؛ **مەحروم:** بەش‌برّاو؛ **تعالی:** پایەبەرزی؛ **تبارك:** پاکی‌و پیرۆزی؛ **تعالیٰالله تبارك:** بەرزی‌و پاکی‌و پیرۆزی بوخوا.

**پوختەی مانا:**

بەئاواتم وەك سەگەکانی دەرماڵی، سەرم بەر دەرگانەی بسومەوە. شایەت جارێك ئەو سەروەرەی لەناو جوانان هەلبژاردە، بپرسێ ئەو تولە بەستەزمانەیەی بەئاوات نەگەیوە چی‌یە؟ هەر کەجارێك منی‌کوێلە، بەناوی تولە بانگ‌بکاو، بەو بەزەی بم خوێنێتەوە؛ بو منی مەلا لەهەمو دارایی دنیاو گەوهەرو گەنجینەکانی، باشترو دلخوش‌کەرترە.

گەوهەرو گەنجینە لای‌من، جوانی‌و لەباری دلبەرە. ئەی خوداٰیە! پایەبەرزی‌و پاکی‌و پیرۆزی، بو تویە. کە ئەو جوانی‌و دیمەنە لەبارو ریکەت، داوە بەیار. چەند زورە؟ هەر خوت دەیزانی.

# قصیدەی هەشتاو چوارەم

## «سینە کە بابە»

١ فەلەکا ئەطلەسیٚ سەرگەشتە دجاما مە حوبابە
مەوج ددەت قولزومی عیشقیٚ مەلسەر دەست غورابە

٢ دل کەمەربەستەیی عیشقە مەخوە زوننار پەرەستین
مەیو مەعشوقە دوعائیٚ مەئو سەجادە قیبابە

٣ ژحیجابیٚ وەرە دەر نازك‌و مەستانە بمەش‌تو
تەجیهان زیروزەبەر کر بخودیٚ ئەڤ چحیجابە؟

**مانای وشە:**

**فەلەکی ئەطلەس:** لە زاراوەی ئەستێرەناسانی پێشین لەسەروی هەمو عاسمانان‌و هیچ ئەستێرەشی لیٚ نەبون؛ **سەرگەشتە:** سەرگەردان؛ **حوباب:** بلقی سەرئاو؛ **قیباب:** پەرۆی ناوگیرفان؛ **قولزوم:** دەریا؛ **غوراب:** پیالە؛ **غوراب:** جۆرێك گەمیەی قەدیم؛ **زیرو زەبەر:** ژێرو ژور.

**پوختەی مانا:**

دەریای ئەوین، لە دڵی مەدا شەپۆل دەدا. پیالەیەك‌مان لەسەر دەستە کە دەمانەویٚ مەستمان کا. هەمو هەردو عاسمان‌و تەنانەت عاسمانی ئەطلەس، وەك بلقێکە بەسەر بادەی ناوپیالەی سەر دەستی مەوە.

دڵم بۆتە کەمەربەستەی ئەوینی پاك. زوننارى یار دەپەرستین. نوێژو نزاو پاڕانەوەم، هەرڕو بەدڵبەرو مەیەو بەرماڵەکەم، پەرۆی مەی‌سرینەوەیە. لەو پشتپەردە، وەرە دەریٚ. مەستانەو بەفیزو بەناز، سەیریٚ بکەو، بڕوانە چۆن ئەم جیهانەت، بە پیواری دیداری خۆت، سەروژێر کرد. تۆبی‌و خودا، ئەم لەمپەرەت چۆن پەردێکە کە هێندە دەردی پێداوین.

«خەییام» دەڵێ:

بۆ ژانی دڵان هەر مەیە دەرمانی بێ  زانا ئەوەیە تامی لەمەی زانیبێ
ئەو کۆنە پەرۆی لێوی لەمەی پێ دەسڕن  بەرماڵی هەزار صوفی بە قوربانی بێ

**٤ دەستی جیبریل هلاڤیت ژبەژنا تەنیقابێ**
**بیەقین قافە لروژی وەرە، دەرسینە نیقابە**

**مانای وشە:**

**جیبریل:** فرشتەی وڵامدەر؛ **هلاڤیت:** لای گرت؛ **قاف:** «ق» ناوە بۆ قورعان، ناوی خوایە واتا تواناتر لە هەمو توانایان؛ **قاف:** ناوی کێوێکە دەوری دنیای داوەو دەیانگوت خۆر شەوانە لەپشت قاف ماتە هەڵدەگرێو دەحەسێتەوە؛ **لروژێ وەرە:** لە خۆرەوە.

**پوختەی مانا:**

تۆ وەکو خۆر، چۆن لەپشت کێوی قاف پەنای دەگرتو قاف لێی دەبو بە پەردەیەك، نەمان دەدیت؛ چاوی دڵمان تۆی نەدەدیت. خودا بەدەستی فرشتەی وڵام بەری؛ پەردەی لەبەر بەژنت لاداو، پەردەی سینەی گیانی ئێمەش کە لەمپەرێكبو لەنێوان، وەلا کەوتو توانیمان روناکایی تۆ، بەدڵو گیان، هەست پێبکەین. قورعانو ناوی خوای‌توانا، بونە هۆ ئەتۆ بناسینو لەسینەدا جێگەت بەدڵ بۆبکەینەوە.

شیاوی باسە، من وام مانا لەو بەیتە لێ داوەتەوە، چیترم بەبیردا نەهات. زۆر وێ دەچێ نەم زانیبێو ماناکەی لەمەقوڵتربێ (هەژار)

**٥ مە بئیشراقی سوئالەك ژلەبی غونچە گوشاکر**
**کو بئیلهامی دزانی دسوئالا مە جەوابە**
**(یان، گۆ بئیلهامی دزانی دسوئالاتە جەوابە)**

**مانای وشە:**

**ئیشراق:** تیشكدان؛ **ئیشراقیون:** ئەو کەسانەی سەر بە فەلسەفەی ئیشراقن، کە بەخۆیان گوتوە ئیشراقی. فەلسەفەی ئیشراق لای وایە زانستی راستو دروستو بێخەوش، تەنیا لەرێی دەرونی رونو دڵی روناك پەیدا دەبێو هیچی‌ترنا. داهێنەری ئەم فەلسەفە لە ئیسلامدا، شیخ شەهاب‌الدین سوهرەوەردی کوردە کە سالی ٥٨٧ کۆچی مەلاگەل بەگژی‌داهاتنو لای سوڵتان صلاح‌الدینی ئەیوبی بە کافریان لەقەڵەمداو فەرمانی بە «مەلیك ظاهیر»ی کوری خۆیدا گرتیو کوشتی. وەك هەمیشە کورد کوردی کوشت. ئیشراقیەکان کاریان بە قسەکردن نەبو. رازی دڵیان دەخوێندەوەو بە تماشای بیچمو کەسم دەیەکتری دەگەیشتن؛ **ئیلهام:** بیرخستنە دڵەوە.

**پوختەی مانا:**

ئێمە هەر لەرێی دەرونەوە، پرسیارێکمان لەو لێوەی ـ کە هەمو خونچەی پێ دەپشکوتن ـ کرد. دەشمانزانی هەر لەرێی دڵیەوە دەزانێ کە وەرام بۆ پرسیارەکە هەر لەناو پرسیارەکەدا. ئەو دەزانێ منچیم دەوێو دەشزانێ کەمن دەزانم ئاواتم بۆ پێك ناهێنێ. یان بەخستنەدڵم گوتی تۆ دەزانی وەرام هەر لە پرسیاری خۆت دایە.

«هەژار» دەڵێ:

گوڵی باخان لەشەرمی کوڵمە سورە  لەروی ئەو پەلکی گوڵ ئەستورە زورە
گوتم مردم نەگەیمە ماچێ فەرموی  هەژار بمبورە دورە ئەو سنورە

٦ **توبنێ سازێ بئاواز چرەنگی مە دخوازت**
**اللەاللە بخودێ قەط دبهی ئەڤ چخیطابە؟**

٧ **گوهدە نایێ ژلەبێ لەعلێ بقانونێ حیکایەت**
**دی چشەهدە بدە فێرا بدرت شەهدە رەبابە**

**مانای وشە:**

**توبنێ:** توبڕوانە؛ **دبهی:** دەبیسی؛ **خیطاب:** دواندن؛ **سازو دەڤو قانونو رەباب ـ یان، روبابە:** ناوی چەند ئامرازی موسیقان.

**پوختەی مانا:**

تۆ بڕوانە ئامرازەکانی موسیقا، بە دەفەو بلوێرو روبابەو قانونەوە، چۆن دڵو گیانمان دەخوازنو چۆن وەزوان حاڵ دەمان دوێنن؟ چۆن بەناڵەو سۆزەی دەرون، چیرۆکی دوری دیداری، لێوە ئاڵەکانی یارێ، ئەدرکێنن؟ ئەی خودایە! سەیر ماوم ئەوانە چەند بەئاشکرا شایەتی لە جوانی یارو دڵی کڵۆڵی دڵدارانی ئەو لێوە جوانانە ئەدەن؟!

«جلال‌الدین رومی» دەڵێ:

گوێ لەبلوێر بگرە دەکرو زێتەوە  زامی دەردی دوری پێ دەکولێتەوە

«هێمن» دەڵێ:

شیوەنێکم پێیە نەی نەی کردوە  بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردوە

٨ **خوەش پەریشان صیفەتو مەجمەعەیی صورەتی حالین**
**پیری عیشقینو جوان طەبعو دلێ عەهدی شەبابە**

**مانای وشه:**

**خوەش:** سەیر؛ **پەریشان:** بڵاو، شەپرێو؛ **مەجمەعە:** جێگـەی کۆبونەوە؛ **صـورەت:** شکـڵ؛ **صـورەت:** سیایی؛ **عەهد:** زەمان، چاخ؛ **شەباب:** لاوێنی.

**پوختەی مانا:**

ئێمەی دڵدار، زۆر لە بارێکی سەیرداین. چەند شـتی دژ بەیەکترمان لەلا کۆیە؛ لە ئـاکاردا، پەرژو بڵاوو شپرێوین. کەبێیتە سـەیری دەرونمان، خـروپرین‌و گردو کۆین‌و سـیایی پەرێشـانیمان لەلا کۆیە. پیربوین لەدەردی ئـەویندا‌و بوینە پیری دەسـتگیری ئـەویندا‌ران. بەڵام دڵمان هێشـتا لە ئەویندا لاوەو تەبیات‌و ئاواتەکانمان، هەر پیر نابن‌و هێشتا لەتافی جوانی‌دان.

**٩ دورە دەستین ژخەیالان مەدڤێ یەك ژخودێ را**
**خەف دبەحثا مەژدل بێت‌و برت عەینی ئەوابە**

**١٠ مە موشەررەف‌کە دو چەشمێن مە بیساطا قەدەمێ‌کە**
**پورْ لنك من هەیە مەی، مێزەکە من سینە کەبابە**

**مانای وشە:**

**ژدل:** بەدڵ؛ **عەین:** کانی، بەتەواوی؛ **ثەواب:** کاری خێر؛ **موشـەررەف:** بەپیرۆزی گەیشـتو؛ **بیسـاط:** رایەخ؛ **مێزەکە:** برْوانە.

**پوختەی مانا:**

بەخەیاڵ دێمە دیدارت بەڵام دەستی خەیاڵاتیشم نات‌گاتێ. خێرەو مەندێکم گەرەکە لەرای خـوادا، نەهێڵی شوفار بزانن بە نهێنی‌و بەدڵ، لەنێوانمان بێت‌و برْواو داوای دیدارم بۆبکات. زۆر خێرێکـی گەورەدەکا. دەیسا وەرەو بەهاتنت گەورەمان کەو بەسەر رایەخی چاومان‌دا هەنگاو بنێ. مەفەرمو، لە وزەی‌دا نیە، میوانداریمان لێبکـا. فـرمێسکی سـورم بادەیە، لە کوپەی دڵی هەڵ دێنجـم‌و هەرچەندی بتەوێ هەیە. دڵ‌و جەرگ‌و هەناویشم لە ئەویندا، بویتە کەباب‌و برژاوە.

«مەولەوی» فەرمویە:

هەمراز ئاخ‌و داخ ناڵە نەوای نەی  دڵ کەواو، چەم جام، خەم ساقی، هون مەی

**١١ کەسك‌و صوْران توبنێ چەرخ لدوْرا دو هیلالان**
**دوقیران مانە بەرابەر شەفەقێ پەردە عیصابە**

**مانای وشە:**

**کەسك‌و صوْر:** پەلکەزێرینە؛ **شەفەق:** روناکی ئاسۆ؛ **عیصابە:** هەنیەپێچ.

**پوختەی مانا:**

**وادیارە یار تکـــای مەلای هەژاری دڵ بریندارى، قبوڵ کردوەو هاتوّتە کوڕی ســەماوە. مەلا بە دیمەنی یار هەڵدەڵیو فەرمویەتی:**

**دەبڕوانە، خشڵو زەنبەرو پەلکەشوڕو گوڵینگەو سەرپێچۆ شەدە، لە دەورەی ئـەو روخسـارەدا ـ کە لە ڕوڕ بەتیریژترە ـ چوّن وەك کوڵکە زێڕینە دەنوێنن، کە دەورەیان لە خوّردابێ. سەیر ئـەوەیە دومانگـــی یەکشـــەوەی بروّش، لەو ناوەدا دیاری دەدەن. کە ناوی لێ ناون: بروّو ڕێك و پێك و بەرانبەرنو، سپیایی تەختی هەنیەکەی لەبن بسکـــان، وەکو روناکایی ئـــاسوّی بەرە بەیان دێنە بەرچاو؛ بەڵام پارچەی توێڵ پێچـی وەك پەڵە هەورێك لەوســەرە بویتە لەمپەرێك لەنێوانی چـاوی منو دیداری ئەو هەنیەپاکە.**

**«نالی» دەڵێ:**

**دەسروّکەیی هەوری چیجابێکە کەتێیدا (شمسُ فَلَكِالحُسْن أنارَتْ فَتَوارَتْ)**

**عەرعەران تا دشەپالن وەرقان جەذبە یەڤێرا**
**نێرگزان سەر دگرانن، لبنەفشان خەمو تابە**

**١٢ چیچەکێن قەوسو قەزەح رەنگ هەزار رەنگ سەمایە**
**سونبولان گرتی خونافو لگولان تازە گولابە**

**١٣ مەستو هشیار هەمە کەج کولەهن رقصو سەماتێن**
**ئەز نزانم چنەسەق کەیفە نزانم چشەرابە**

**مانای وشە:**

**تا: لق؛ سەرگران: زوّرمەست؛ خـەم: لارەوەبو؛ تاب: پێچ؛ تازە: هەم نوێ هەم زوّرباش؛ کەج کولەھ : کڵاو لار؛ نەسەق: تەرتیبو تەکوزی؛ کەیف: دڵخوّشی.**

**پوختەی مانا:**

پوّل بەپوّلی کیژی نازدار، باڵا وەك نەمامی عەرعەر شـلكو خـونچیلانەو دڵگـــر، کە دەلەرن. پەرەنگـی زێڕی خشـڵەکان ـ کە لەبیچمیگەڵای دارن ـ وەك من توشـی جـەزمە دەبنو دەگەڵ سەریان رادەهەژێن. نێرگسی چاو هێندە مەستن، سـەرگرانن. وەنەوشـە لە شـــەرمی بسکـــان، خواربونەوەو پێچ دەخوّنو لاتوایە ئـەوانیش وێرای سـەماکەران سـەما دەکەن. هەزاران گوڵی پشکوتوی هەمە رەنگە، لەو دەشتی جێداوەتەدا، بە سروە کەروّیشکە دەکەن. ئێژی ئـەستێرەن لەعاسمان دەدرەوشێنو تێکڕا وەك پەلکـــە زێڕینە، دێنە بەرچـــاو. لە خـــوّشیان هاتونە ســـەما. سـونبولو گوڵ، پر ئـاونگن. گوڵاوی نوێو هەرە بەبوّن، بەبارانەو، وەك شـــاباشی دڵدارانە

لەبەریاران. هەرچی دیبینی نازدارەو کڵاو لارەو لەسەمادا بەتەمایە لەگشتیان جوانتر هەڵپەڕێ. ئەی خوایە! چەند دڵخۆشکەرەن؟ پیاو لە دیداریان مەست ئەبێ. تێ ناگەم چۆن بادەیە کە لەو روخسارە سادەو پاکانە دەباری‌و پیاو سەرخۆشی بێهۆش دەکات.

**١٤ خاکی‌پایین تە درێزا سەگو تولان خوە دەناسین**
**مەنەسوچو نەگوناهو نەخەطا ئەو چعیتابە؟**

**١٥ ژویصالا خوە زەکاتێ بدە میسکین‌و فەقیران**
**کو جەمالا تەیە کامیل دکەمالا خوە نیصابە**

**مانای وشە:**

**خاکی‌پا:** خۆڵی‌ڕێباز؛ **عیتاب:** سەرکۆنە؛ **ویصال:** گەیشتن؛ **زەکات:** پیتاکی ئایینی؛ **فەقیر:** نەدار؛ **میسکین:** هەژار؛ **کامیل:** تەواو؛ **کەمال:** تەواوی؛ **نیصاب:** رادەی زەکات لێکەوتن.

**پوختەی مانا:**

وا دیارئەدا یار مەلای لۆمە کردوە کە بۆچی روی لەو وەرگیراوەو پەسنی کیژی تری‌داوە؟

دەڵێ: تۆنابێ سەرکۆنەم بکەی. بێگوناهم؛ چاوی دڵم هەر دەتوێەو هەرچی دەگەڵتۆش دەیبینم‌و لەلام جوانە، بەتیشك‌و شەبەقی جوانی بەژن‌و باڵای تۆی دەزانم. من خۆم وەك ئەو تۆڵەو سەگانەی بەردەرگانەکەت دێنمە حەساو کە دەکەونە ژێر خاك‌و پات‌و بەتۆزی پاڵا واڵاکەت بەختەوەرو سەرفیرازن. من گەدایەکم لەدەرگات. دور لەباڵات گەلێك نەدارو هەژارم. جوانی‌و نازداریت نامەخوا. هێندە زۆرە، زۆر پێویستە زەکاتەکەی لێ دەربکەی. کەست لەمن مستحەق‌تر دەسناکەوێ. دەستی من وکەرەمی تۆ.

«حافظ» دەڵێ:

لەرادە دەرکەوت جوانی‌و لەباریت  هەژاری تۆم بەئاواتی زەکاتم

**١٦ عاشقی مەسئەلە خواهی وەرە ئەم موفتی‌یێ عیشقین**
**دەستەکی سوننەتە تێدا دیەکێ نەصصی کیتابە**

**١٧ دلبشو توژقێ نیفاقێ کوبدەت سینە بەراقێ**
**بصەفا هەمرەهی ئەربابی دل‌و ئەهلی صەفابە**

**١٨ نەظەرا عەینی عینایەت بمەدا شاهی ویلایەت**
**ژعینایەت نەظرێ دل مەتژی عیلم‌و عوبابە**

**مانای وشه:**

**خواه:** داواکار؛ **سوننەت:** رەوشـت؛ **سـوننەت:** فـەرمودەی پێغـەمبەر؛ **نەص:** دەق؛ **کیتاب:** کتێب؛ **نصی کیتاب:** دەقی ئایەتی قورعان؛ **نیفاق:** دوڕویی؛ **بەراق:** بریقـە؛ **صـەفـا:** پاکی‌و تەبایی؛ **ئـەرباب:** خاوەنان؛ **ئەهل:** خزم‌و ناسیاو؛ **ئەهلی صەفا:** ئاشتی خوازان؛ **إخـوانُ الصَّـفـا:** کۆمەڵێکـی نهێنی‌بو. لە چەرخی چوارەمی کۆچـی، ناوەندەکەی لەشـاری بەغدا وبەسـرابو. لە هەمو وڵاتی ئیسـلام زۆرکەس ببونە پەیڕەویان. دەیانەویسـت موسـوڵمان دژبەیەك نەبن‌و هەمو پێکـەوە تەبابن. تاواش نەبن بەهیچ نابن؛ **عینایەت:** دلوڤوانی‌و دڵسۆزی؛ **ویلایەت:** گەورەیی، دۆستی؛ **عوباب:** جێشەپۆل‌و نێرینەی‌ئاو.

**پوختەی مانا:**

رەنگە هێندێك لەلایان خۆش نەهاتبێ، مەلا خۆی لە ڕێزی سەگی بەردەرگای‌یار، حیساب بکا. لە وەرامی ئەوجۆرە کەسانە دەڵێ: تۆ چوزانی ئەوین‌و دڵداری چـی‌یە؟ هێشـتا زۆرت دەوێ، فێربی. ئەگەر دەتەوێ لەوباره شت بزانی، وەرە لەلای من هوین ببە. من لەم زانستە بەرزەدا ـ کە ئەوینە ـ بومە مفتی. لە دەستێکما قورعان هەیەو فەرمودەکانی پێغەمبەر بەو دەسمەوە؛ هەرچـی دەیڵێم، هەرچـی دەیکـەم، بەرانبەر بەمانی دەکەم. تۆی بەرواڵە وادەنوێنی کە دڵداری‌و لە دڵیشـتدا، لەدڵداری بێخـەبەری. دوروی. پیاوی منافـق‌و دوروش، لە کافـران خـراترە. دەس لەو دورووییە هەڵگرە. تیشکێکی رونی ئەوینێ با ئەو دڵە رەشەت رون‌کاو بروسکەیەکی تێبگەرێ. ببە هاورێی خـاوەن دڵان. لە کۆمەڵی پاکاندا، ببە بەهەندام‌و لەدژایەتی وازبێنەو دەگەڵ ئێمەدا هەواڵبە؛ تا بەپایەی ئێمە بگەی، گەورەی بەرزو خاوەن شکـۆی مەملەکەتی ئـەویندارى جـارێك سـیلەی چـاوێکی بە بەزەییەوە داوەتە من. لەوسـاوە دڵم‌و دەرونم، بۆتە دەریای زانسـتان‌و لە هەمو لا شەپۆل دەدا.

**١٩ لەبی لەعلێن تەدبی هەر بیەکێ نوقطەیێ عیلمن**
**بخەطی حەرفی ئەلیف جەزمە شوبی حەلقەیی بابە**

**مانای وشە:**

**دبی:** دەبێژی؛ **نوقطە:** ماکی ناوەندی کە رەگەز و بنچینەی هەمو شـتێکە؛ **خـەط:** نوسـراو؛ **جـەزم:** درزبردن؛ **جەزم:** بەش؛ **جەزم:** زەنەی هاوکاری سەرو ژێرو بۆر ئاڵقەیەکی زۆر پچوکە (ه) پیتی ئەلف (ا) کە لە چوار نوقطەی لەسەریەك دروس دەبێ؛ دروشمی ناوانی خـوا (ألله، أوّلَ، ئـاخر. ئـامر، أحَـد)و دو صیفەتی خوا (ئەزەلی‌و ئەبەدی‌یە)؛ **حەلقەی باب:** ئاڵقەی دەرگا.

**پوختەی مانا:**

لێوی وەك لاڵ ئاڵەکانت، دەڵێی هەردوك بەتێکـڕایی تەنیا نوختەی ناوەندی هەمو عیلمانن. ئـەو

نوختەیە بە نوقطەی سەرەتای پێتی ئەلفی ناوی خودا، درزی داوەو زەنەیەکی کە نیشانەی راوەستانە، لێسازبوەو ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە هەمو ئافەریدەیەك بەزنجیرە سەریان بەیەکترەوەیەو لێوەکانت دەبنە پشوگەی گیانان‌و ئیتر لەوێ کە نوختەی بناغەی ئەلفە رادەوەستن. هەروەها بوێە لەونوختە بویتە ئاڵقە، کە بزانین ئاڵقەی دەرگای زانستیمان، بەزانستانی دانستە لێوی توێە، تا لەو خەبەر وەر نەگرین؛ ناتوانین بچینە ژوری بارەگای زانستی خودا.

**٢٠ خەت‌و خالین‌تە بمومو ژمەرا مەسئەلە گویین**
**مەژوان حاشیەیان سینە تژی شەرحی لوبابە**

**مانای وشە:**

**حاشیە:** پەڕاوێز؛ **شەرحی لوباب:** توژینەوە لەکاکڵان؛ **شەرح:** توێ کراو؛ **لوباب:** دڵان؛ **لوباب:** چەند کتێبێك لە دەورانی مەلایەتی شێخی جزیری، بەوناوە هەبون:

١ـ لوباب (کاکڵان): نوسینی ئەبوالحسن محاملی لە شەرعی شافعی‌دا. ئیمام‌الحرمین‌و جەلال بەکری، شەرحیان لێکردوە.

٢ـ لُباب‌الالباب (کاکڵەی دڵان): ژینامەی ١٦٩ شاعیرە لەساڵی ٦١٨ ی کوچی لەلایەن سەدیدالدین محمدی عەوفیەوە نوسراوە.

٣ـ لُباب‌الاحیاء: نوسینی ئەحمەد غەززالی. پوختەی (احیاءالعلوم)ی محمدی غەززالی. نوسەر لەساڵی ٥٢٠ کوچی مردوە.

٤ـ لُباب‌المعنوی: هەڵبژاردە لە مەثنەوی. نوسینی حوسێن کەمال‌الدین کاشفی. کە ساڵی ٩٠٦ یان، ٩١٠ ی کوچی مردوە.

٥ـ لُباب‌فی‌النحو: ڕێزمانی عارەبی، نوسینی ابوالعباس ئەحمەدی ئیسفەراینی کە ساڵی ٤٠٤ یان، ٣٩٨ کوچی مردوەو زوڕکەس شەرحی لەوکتێبەی کردوە.

**پوختەی مانا:**

خاڵو میلێ توڕژتوتن. هەر مویکی موبەمو وەرامی پرسی دژواری‌من ئەدەنەوە. ئێمە لەو پەڕاوێزانەی کە لە لاجانگ ئاوێزانەو بریەتین لە کەزیەکانت؛ سینەمان هەموی توێ توێیەو کاکڵی سینەش ـ کە دڵمانە ـ توێ کراوەو پڕکراوە لە زانستی‌و ئێستا وەك شەرحی لوبابە.

**٢١ ئابی حەیوان تەدڤێ راست بنوشی شەبی قەدرێ**
**دەست بەرگەردەنی پڕپیچو خەمی زولفی دوتابە**

**٢٢ مە ژبسکێن تە گریهدار ژبەختێ خوە گرینە**
**مە ژزولفێن دخەمو‌تاب ددلدا خەمو‌تابە**

**مانای وشه:**

**دوتا:** دولا؛ **دوتا:** قەدکراو، بەسەریەکا هاتو؛ **دوتا:** دولابار؛ **گریهدار:** بەگریٚو چین لەسەرچین؛ **خەم:** لار؛ **خەم:** غەم؛ **تاب:** پێچ؛ **تاب:** تین‌و تاو.

**پوختەی مانا:**

لەوشتانەی کە شەرحی خەت‌و خاڵی یار باسی‌دەکا، یەك ئەوەیە: ئەگەر بەراستی دەتەوێ شەوی بەرێزی دیدارم، بوٚت دەس‌بداو ئاوی ژیانی دیدارم بخوٚیەوەو هەرگیز نەمری؛ دەبێ لەخەمی کەزیەکەی ئاڵوزاوو چین لەسەرچین‌و لارەکەم، کزومات‌و دەس‌لەگەردن بوٚی دانیشی‌و دەستی هومێدو ئاواتت، بەشکاوی بکەیتە وەباڵی ئەستوٚت. ئەوسا بزانین چوٚن دەبێ. یاری جوانم! ئەوامن لەو بسکە رەشە پرگرێیەت، بوٚ بەختی رەشی خوٚم دەگریم. لەپێچو لاری‌و قەدقەدی، دڵم پڕە لەپێچی دەردو خەمان‌و لەصەدلاوە قەدکراوە.

**٢٣** **تەدڤێ بەرق‌و بروسکان برەشینی؛ تو نەظەردە**
**تەدڤێ روٚژ خویا بت؛ ژشەباکێ تو خویابە**

**٢٤** **تەدڤێ زیرو زەبەرکی مە؛ دوزولفان بدە بەربا**
**تە دڤێ قەنج قیامەت لمە رابت. بخوە رابە**

**مانای وشە:**

**شەباك:** پەنجەرە؛ **بخوەرابە:** بوٚخوٚت هەڵسە؛ **قیام:** قیامەت، هەڵسان.

**پوختەی مانا:**

یاری نازدار! ئەوجار نوٚرەی منە بڵێم چی‌بکە. گەر دەتەوێ تروسکەی عاسمان لێمان‌دا؛ توٚ خوٚت تماشامان بکە، ئەوا بەبروسکەی چاو،دەمرین. ئەگەر دەتەوێ خوٚر هەڵێ؛ سەر لە پەنجەرە دەربێنەو خوٚت نیشانده. گەر بەنیازی هەمو دنیا ژێرو ژورکەی؛ کەزیەکانت بدە بەربا. ئەگەر ویستیشت دڵداران قیامەتیان لێرابێ؛ بوٚخوٚت هەستە. ئەوە قیامەتیش دەقەومێ.

**٢٥** **قەصدی سەرچەشمەیی حەیوانی حەقیقەت‌کە «نیشانی»**
**بجیهانێ مەبە مەغرور کوجیهان عەینی سەرابە**

**٢٦** **سەرکەشی شیوەیی ئەربابی وەفا نینە رحێ‌من**
**تە ژدل صوهتی مەلا، بەس بمەلێرا بجەفابە**

**مانای وشه:**

**قەصد:** نیاز؛ **سەرچەشمە:** سەرچاوە؛ **حەیوان:** ژیان؛ **حەقیقەت:** راستینە؛ **سەراب:** تراویلکە؛ **سەرکەشی:** لاساری؛ **وەفا:** ئەمەگ؛ **رحیٚمن:** روحی‌من، گیانەکەم؛ **جەفا:** ئازار.

**پوختەی مانا:**

ئاوی ژیانی بەراستی، کەوتن بەسەر راستی‌دایەو ئەگەر دەتەویٚ نەمر بی؛ لەدوی راستی هەڵوەدابە، نابیٚ بەدنیا بایی‌بی‌و فریوی دنیایە بخوٚی. دنیا وەك تراویلکەیە. چاوت بەئاوی دەزانیٚو لەراستی‌دا، بیابانیٚکی بیٚرونەو دەم تەرٚناکا. ئەی‌یار! هەرچەند ئازاریشت بەدڵ دەکرٚم. بەڵام توٚش بەزەت پیٚم‌دابیٚ. لە لاساری دەست هەڵگرە. ئەمەگداری واهەڵدەگریٚ کە هەروەك ئازارم دەدەی، جاروبار بشم‌لاویٚنی. توٚ زوٚر بەدڵ مەلات سوتاند، دەبەسیە ئازارم مەدە.

## قصیدەی هەشتاو پێنجەم

# «دەردی بێ دەرمان»

١ موحبەتێ میحنەت دزورن حوب دبێم بێشك بەلایە
عومروژی خوەش پێ دبورن صۆتن‌و دەردو جەفایە

٢ صۆتن‌و دەردێ ئەڤینێ عیللەتێ داغو برینێ
خوەش دبن مائەو بدینێ شەربەتا لێڤان موفایە

٣ هەردلێ صۆتی بئولفێ یار نەدەرمان‌کت بزولفێ
تا ئەبەد ئەو بەندو قولفێ عیشق دەردەك بێ دەوایە

٤ عیشق دەردەك بێطەبیبە لێ موفا وەصلا حەبیبە
کوشتمە جەورا رەقیبە پورێ لەعینی روسیایە

**مانای وشە:**

**ژی:** ژیان؛ **عیللەت:** هۆ؛ **موفا:** چارە؛ **ئولف:** هۆگر؛ **قولف:** ئالقەی جۆش‌دراو؛ **جەور:** نارەوایی؛ **رەقیب:** چاونەزێر؛ **روسیا:** رورەش.

**پوختەی مانا:**

مەینەتی دڵداری زۆرن من دەڵێم دەردو بەڵایەو بێگومانم...

گەرچی دڵداری سەرانسەر دەردو ئازارو سوزانە. بۆ ژیان هۆی سەرگەرمی‌یەو پیاو دڵی پێ شادو خۆشە. چونکە رەنگە یار هەلێك لێمان وەپێچێو بێتە سەر پێکراوەکانی چاوەکانی. دەردی دڵداری‌و برینی گیان‌و جێداخو سوتانێ هەر بە دیدارێکی یارێ دێنەوە سۆ، خۆ ئەگەر لەو لێوە ئاڵەی، شەربەتێکمان بۆ بنێرێ؛ چاری گش دەردو برین‌و سوتن‌و ئازارو ئێشە. هەر دڵێکی

هۆگری یار، گەر بسوتێو یار بەپرچان باوشێنی لێنەکاتوپێی نەچارێ؛ تا هەتایە هەر دەناو بەندی کەزیدا، وەك لەناو ئاڵقەی بەیەکدا جۆش دربێ؛ هەر بە دەور خۆیا ئەسوڕێو شوێنی دەربازبونی‌نابێ. دەردی دڵداری بەژانەو زۆر گرانە. هیچ بژیشکێك چاری ناکا. جا مەگەر یار بێتەهاوارو بەدیداری، کە بۆگش دەردان مەفایە لێی رەها کات. یار دەهات گەر چاونەزێران لێگەڕابان. ئاخ لەدەس دەستەی شوفاران. چەندە شومو روسیان. خوا نەحلەتیان‌کا.

٥ داغو کەی من لێ هەزارن گول ددەست شەو کێن بخارن
سوڕپەری دێووی کەنارن ئەهرەمەن خاتەم رەڤایە

**مانای وشە:**

**کەی:** داغ؛ **شەوك:** درك؛ **خار:** چقڵ؛ **دێو:** عیفریت؛ **ئەهرەمەن:** شەیتان؛ **خاتەم:** ئەنگوستیلە، کلکەوانە؛ **رەڤایە:** رفاندویە.

**پوختەی مانا:**

داخ لەدەس چەپ گەردی گەردون. لەو هەزارداخم لەدڵدا. گوڵ دەداتە دەستی درکان. دێو لەکن پەریان دەبینم. بەچکەشەیتان هەنگولیسکی ڕارفاندو بردی بۆخۆی. شیاوی باسە، مەلا لێرە نەقڵی تەختی سولەیمان‌و کلکەوانەکەی باس‌دەکا. کە چۆن دێوێك لێی رفاندو تەختەکەی کردە شوێنی خۆی.

٦ طەبع دیوان دەست گەهشتی حورو ویلدانین بەهیشتی
عاشقی دلبەندی قشتی جان بدەت یەکجار رەوایە

٧ میحنەتو جەورا حەبیبێ قەهرو ئازارا رەقیبێ
حەق تنێ دامن غەریبێ لێ شوکور باخوەی وەدایە

٨ روهنی یاوێ شەوقو تاڤێ شەربەتا قەندو گولاڤێ
کەس نهن مەحروم ژناوێ لێتنێ بۆمن غەلایە

٩ بێنەصیب من‌دی ژجامی دوردور مەحروم ژرامی
گرتی‌یێ وێ قەیدو دامی ئەڤ غەریبێ جان فیدایە

١٠ دورەدەستم بێنەصیبم دلبەرم خانم حەبیبم
پوڕ ژدیناتە غەریبم روحو راحەت من لیقایە

**مانای وشه:**

**قەهر:** تورەیی، غەم؛ **غەریب:** ئاوارە؛ **غەریب:** زەبون‌و بێچارە؛ **باخوە:** خودا؛ **غەلا:** قاتی‌و گرانی؛ **رامی:** ئۆقرەو ئاسودەیی؛ **قەید:** بەندو زنجیر؛ **خانم:** گەورەم؛ **راحەت:** ئاسودەیی؛ **راح:** بادە.

**پوختەی مانا:**

دێومیجازی توش‌و بەدفەر چاوەدێری‌کیژولاوانی‌ناو بەهەشتبن؛ دیقی مەرگی‌عاشقانە.

مەینەت‌و ئازاری یاریٚ، تورەیی‌و ژانی شوفاران، خوا لەناو گش دڵداراندا داویەتی بەمنی کڵۆڵ. ناشکوری ناکەم بەشی خوایەو ئەوەندەی داوەپێم. رۆشنی ئەو تیشك‌و تاوەی کوڵم‌و چاوەی، ئەو هەمو شەکرو گوڵاوەی لێوی‌یارم؛ هەر بەتەنیا بۆمنی بێچارە قاتەو هەرکەسی‌تر، هیچ نەبیٚ توزێکی دیوە. دیتنی ئەو مەستە چاوە، هەر لەمن رێی بەستراوەو دەرکی ئۆقرەو شادیانم داخراوەو هام لەناو زیندانی خەمداو گیان لەسەر دەست‌و ئامادەم خۆم بەقوربان‌کەم لەرێدا. یاری دڵبەر! میرو گەورەم! خۆشەویستم! دەردی دوریت زۆر گرانە. زۆر دەترسم‌پیٚ نەوەستم دەربەرم. بۆدیدارت زۆر زەبونم. زۆر بەتاسەم. گیانی من بیٚ‌دیتنی‌تۆ، چۆن دەمێنیٚ!

١١ پۆرٚ مولازم دێم لیقاییٚ مامە حەتتا مولتەقاییٚ
من رحیٚ شیرین دداییٚ هودهود ئەر مزگین بداییٚ

١٢ هودهودیٚ ریضوانی غەیبیٚ صەد خەبەر شیرین ژجەیبیٚ
دادلیٚ من موردە حەی‌بیٚ گۆە لەریٚ من وەك صەبایە

١٣ چەهقە نێرم گۆە لرێمە لیٚ صەباریٚ دایە بێمە
عەرضحالا صوحبەتیٚ مە بەندەیەك صادق مەلایە

١٤ جان‌فیدایی من درێدا فیرقەتیٚ دەردەك وەلێدا
قالبەك بیٚ‌روحە وێدا کوشت دبێم من لیٚ رەوایە

**مانای وشە:**

**ملازم:** هەمیشە لیٚ، هەمیشە دەگەڵ؛ **مولتەقا:** توشی یەك‌بون، ژوان؛ **ریضوان:** باغچەگەل؛ **ریضوان:** رەزەوان؛ **جەیب:** دڵ‌و سینە؛ **موردە:** مردو؛ **حەی:** زیندو؛ **بێمە:** دەبێژم؛ **عەرضحال:** رانانی چلۆنەتی.

**پوختەی مانا:**

هەمیشەودایم لە دەرگام، لاناکەوم؛ بەڵکو چاوم بەیارم رون‌بێتەوە، دەمێنمەوە، ناهومێد نیم. ئەگەر ئەو چاوەنوٚرێیەی من، تا رۆژی حەشریش بمێنیٚ؛ کە لەویٚ توشی یەك دەبین. ئاخ ئەگەر پەپوی نامەبەر ـ کە باغچەوانی بەهەشتەو دەتوانیٚ یارم ببینیٚ ـ خەبەرێکی دڵخۆشکەرەی

بۆهێنابام؛ صـــەد گیانم‌با، لە مزگێنی‌دا دەمدایە،بەمژدەی‌وا،دڵی مردولەم دەژیاوە. گوێ لەســـەر هەستو چاوەڕێم. دەڵێم بەڵکو بەسروەدا، خەبەرێکـی خـۆشم بۆبێت. من لامۆایە، سـروە دەردو داخـی دڵی‌منی، گەیاندۆتە بارەگای یارو،دڵداریو ئـەمەگداریمی باس‌کردوە. یار فـــەرمویە: مەلا کۆیلێکی راستمەو گیانی بە قوربانی منەو دوری لەمن، زەبرێکی وای لەدڵ داوە؛ کە ئێستا لەشـی بەتاڵەو گیانێکی تێدا نەماوە. منم کُشتم، بەڵام ئەگەر دڵبەران دڵدار بکوژن لە ئـاینی ئـەویندارییدا، رەوایە. چی‌تیایە؟

**١٥ دەم بدەم ئەو چەهقە نێرە بێتە نیشانەك مەژێرە**
**دابیت ئەو زیندە قێرە یاری صادق بێ بوهایە**

**١٦ عاشقێن صادق دکێمن ما دبێ صەدجان فدێ‌من**
**زانم ئەو ناژیتە بێ‌من عاشق‌و پڕ موبتەلایە**

**١٧ عالمین ئەم قێ دزانین جیسمە ئەو ئەم روح‌و جانین**
**قەط ژهەڤ باطین خویانین گەرچی ظاهیر ئەو جودایە**

**١٨ هودهودێ وێ رەمزو رازێ بابو ئەو چو گوفت بسازێ**
**قیصصەبر بەحثا مەجازێ قاصیدەك خۆش طەبع بایە**

**مانای وشە:**
**ژێرە:** بۆئەو؛ **قێرە:** دەگەڵی، پێڕا؛ **بوها:** نرخ؛ **جان‌فـدێ:** گیان‌فیدا؛ **موبتەلا:** گیرۆدە؛ **ژهەڤ:** لەیەکتر؛ **ظاهیر:** رواڵەت؛ **باطین:** بنەڕەت‌و دەرون؛ **بەحثامەجازی:** باسی دڵداری دنیایی.

**پوختەی مانا:**
هەمیشە واچاوەنۆرە، کە نیشانی لەلای ئێمەوە بۆبچێت‌و دەگەڵ گەینی نیشـانەکە، بژیتەوە. یاری وا راست، هەرگیز نرخی تەواو نابێت. دڵداری بەراست، زۆر کەمن. لە صـەتان یەکی وەك مەلا، هەڵدەکەوێ گیانی لەرای دڵدا بدات. دەزانم ئەو بێ‌من ناژی.

زۆر گیرای دڵداری منە. تێدەگەم زۆر باش دەزانم ئـــەولەشـــەو من بومە گیانی. لە رەگەزو لە دەرون‌دا، من‌و مەلا بەهیچ کەس لێك ناکرێینەوە، هەر یەکێکین، بەڵام بەرواڵەت لێك جیاین.

پەپوی ئەو رازو نیازانە ـ لە بەختانم ـ ئەوجار بابو. هەرچی بەسەرمن هاتوەو هەرچی ناڵەو دادو هاوارم کردوە، گشتی لەمن وەرگرتوەو بەگوێی سازو بلوێری داسـرکاندوەو بلوێرو سـاز، بەگوێی دڵبەریان داداوەو لەپێشـــەوە وەك چیرۆکی دڵدارانی دنیایی باســیان کردوە. های لەمنت کەوێ سروەبا! چەند پەیکێکی خاوەن مرخی.

١٩ بادەمی وەقتی مەجالدا چو کو ئەویارە بپالدا
قیصصەیا حالی بحالدا گوە ددیرت یاربایە

٢٠ موحبەتا مەحبوبو لاتان پوڕ قەکر زیوەر صیفاتان
دایە قەلبو روحو ذاتان ڕۆژ دمیرئاتێ خویایە

٢١ صوحبەتا صوری دوقیسمە قوفلو میفتاحو تەلیسمە
هن ژروحن هن ژجیسمە نارو نورە هن هەوایە

٢٢ حوببی جیسمانی دوروژن گەرچی دل پڕبێ دصوژن
خەف جەگەر پەیکان دنوژن میثلی نەقشی بێ بەقایە

٢٣ گول حەتا صوهرن بطێقە بین تەبەسسوم پێقە پێقە
بولبولی سەرخوەش دنێقە نەغمەو نالو نەوایە

**مانای وشە:**

**مەجال:** بوار؛ **لاتان:** بتان؛ **ذات:** هەبو، هەرهە؛ **میرئات:** ئاوێنە؛ **صوری:** شکڵی؛ **میفتاح:** کلیل؛ **جیسم:** لەش: **دنوژن:** دەسمن، کونەدەکەن؛ **بەقا:** مانەوە؛ **پێقە:** بەویوە؛ **پێقە:** دەگەڵ؛ **نەغمە:** ئاوازیبەسوز؛ **نەوا:** ئاوازی بەقەو؛ **طێ:** تا، لق.

**پوختەی مانا:**

کاتێ با بواری درایەو یار لەسەر تەختی نازداری، پاڵ کەوتبو؛ ویستی گوێ لە سازان بگرێ. دیتی هەلەو یار ئامادەی گوێگرتنە. چیروکێکی بەزمان بلوێرەوە بوگوت. کە پڕیبو لەباسو خواسی دڵداران. چون دڵداران یاری خویان دەپەرستن. باسی ئەو ناسكو نازدارە دڵبەرو دڵرفێنانەی کرد کە لە دنیا بەناوبانگبون. وردەوردە، لەباسی خشڵەبەران کەوتە سەر باسی ئەوانەی بەگیان دڵداری یەکتربون. لە رواڵەت خوشەویستنەوە گەیشتە چیروکی دڵی ئەویندارانی دەرونیو پێی راگەیاند کە سەرەتای هەمو جورە دڵداریەك دەگەڕێتەوە بو خوداو رومەتی جوان ئاوێنەیەو بەرانبەر کراوە بەخورو تیشکی خورە لە ئاوینەدا دیارە. دڵداری رواڵەت بینیش، دەبتە دوبەش. هەر بەشێکیان چەند قفڵو تەلیسمی هەیە بەکلیلیخوی دەکرێتەوە. هێندێك ئەوین لەگیانەوەن. هێندێکیان هەر سەربەلەشن. هێندێکیان ئاگرو تیشکن. هێندیکیشیان بادی هەوان.

ئەوینی لەش، هەر دورۆژە. هەرچەندە زور دڵسوتێنەو بەنهێنی پەیکانی جەرگان کون دەکەن. بەڵام وەك نەخشی سەرئاوەو لەناو دەچیو زور نامێنێ. گول هەتا لەسەر چڵانەو گەشو ئاڵەو، زەردە خەنەی لەلیوانە؛ بەرەو روی بزەیان دێتێ. بولبول لەناو دڵبەراندا، لەخوشیان مەستو سەرخوشەو دەناڵینیو دەگاڵینیو جارجار بەسوزەو بە ورتەو جارجار دەنگیلی هدڵدێنی.

٢٤ هەرچی جیلوا بو ژناڤی نوگولەك دی گرت خوناڤی
وی ژدل چو موحبەتاڤی ئەو بیادی راتەبایە

٢٥ هەرکەسێ موحبەت ژروحە موبتەلای نورا سبوحە
وی ددلدا صەد جروحە جەذبەو لەرزین‌و تایە

٢٦ هەر دوروح یەك نوری طاڤن چەرخەك‌و دوستێر دناڤن
هەردو دانەو مورغی داڤن ئیسمی حەی داڤ لێڤەدایە

٢٧ نورە پڕ نادر وجودە گەرچی ئەووەل نارودودە
بەرقی لامیع دی‌لکودە حوب دقەلبان کیمیایە

٢٨ عارفی جەوهەر شوناسی ئی بقێ وصف‌و لیباسی
دی قەدر بیهتەر بناسی مەقعەدی صیدەقێ جەزایە

**مانای وشە:**

**جیلوا:** سیس؛ **نو:** تازە، نوێ؛ **یادی:** ئەوی‌تر؛ **تەبا:** ئاشناوئاشت؛ **سوبوح:** سوبوح، واتا، پاك‌و پیرۆز؛ **سوبوح:** ناوی‌خوایە؛ **جروح:** برینگەل؛ **طاڤ:** هەتاو؛ **دانە:** دەنك؛ **حەی:** زیندو؛ **حەی:** ناوی خوایە؛ **دود:** دوکەڵ؛ **کیمیا:** بەو زانستەیان دەگوت کە مس‌و زێو دەکا بەزێڕ؛ **جەوهەر:** گەوهەر، رەگەز؛ **مقعَذ:** جێگەی دانیشتن؛ **صِدق:** راستی؛ خوافەرمویە:«لەخواترس‌و خۆ پارێزان، لە بەهەشتان‌و چۆمان‌دا لەجێ نیشتنی راستی‌دا، لە لای خودای توانا دەبن».

**پوختەی مانا:**

بەڵێ هەتا گوڵ تورت‌و شەق مابێ؛ خوێن شیرینەو بێ دڵدارو بولبول نابێ. بەڵام هەر گوڵێك سیس‌بێ‌و هەڵبوەرێ؛ دڵداری لێ دەتەکنەوەو رودەکەنە گوڵی تازەی دەم بەئاونگ. بەڵام دڵداری گیان بەگیان، لە دڵداری گوڵانی دنیایی جیایە. دڵدار گیرۆدەی پاکی‌یەو رۆشناکی گرتوتەوە. صەد برینی دەدڵدایەو هەمیشە لەجەزمەدایەو گیانی توشی لەرزو تایە. لە ئەوینی پاکی گیانی، گیانی دڵبەرو دڵداران، هەرتك تیرێژی تاوێکن. دو ئەستێرەن لەناو عاسمانە ساوێکن. هەردوك دانەن. هەردوك مەلن. هەردوك داون. هەردوك بەجوت بەداوی خودا گیراون. دڵداری دوگیان بەپاکی، هەرچەند لەدەس پێ‌کردنا ئاگر گرتن‌و دوکەڵی هەناسەی تێدا؛ بەڵام ئاکام تیشکێکی یەکجار نایابەو تیشکی بروسکەی گیانی پاك، لە هەرچی‌دا، برەوی پێ‌پەیدا دەکا. دڵداری دڵی ئاسنیش دەکاتە زێڕ، کیمیایە. دور ناسێکی گەوهەری ئەوینی گیانی، باش بناسێ. دەزانێ چەندە بەنرخەو دەزانێ دڵداری گیانی، لەناو بەهەشتی خودادا، جێگەی بۆ دیاری کراوەو خۆشترین جیگا هین ئەوە.

٢٩ دور نەکی داوی ژدەریٚ خوە وەرنەگێڕی ژوی بەری خوە
بوریە ئەو دسەری خوە سەر دناڤا ریٚ نهایە

٣٠ مادبت ئەو دورە دەستبت دیٚ ژفینجاناتە مەست بت
جام ژشەهکاسیٚ بدەست بت ئەبتەران ئەومەی دەوایە

٣١ یار پورٚ حوسنەك لبال‌بو دلبەرەك غایەت جەمال‌بو
ئەو بحال ئاگەه بحال‌بو شوبهیٚ ویٚ شەفقەو عەطایە

٣٢ مەهدەرا وی خەیر خوازی نوکتەیەك ژوی رەمزو رازی
وی‌بدل صەح‌کر ژسازی موغنی‌و قانون‌و نایە (یان، مەغنی‌و...)

**مانای وشە:**

**بەر:** رو؛ **بەر وەرگێڕان:** رو وەرگێڕان؛ **بوریە:** بوردوە، دەستی هەڵگرتوە؛ **ئەبتەر:** دوابڕاو، لێرەدا مەبەست زوٚر چارەرەش‌و پەشێوە؛ **مەهدەر:** تکاو شەفاعەت؛ **صەح‌کر:** تێگەیشت، پێ‌زانی؛ **موغنی:** موغەننی، گوٚرانی‌بێژ، بەزم‌گێڕ؛ **مەغنی:** مەغنا، گوٚرانی.

**پوختەی مانا:**

سروەبا، تکاکاری‌من، دەگەروی بلوێرەکەدا، بەیارمی گوت. دڵداری وا پاك‌و گیانیت نەکەی لە دەرکی خوٚت دورکەی. نەچی روی لیٚوەربگێڕی. دڵداری وا دەستی لەسەری بەرداوەو دەمێکە لەگیان بوریوە. سەری پر دەبازی ریٚیە، کەیار بەسەریا ببوریٚ. چوٚن رەوایە دڵداری وا، لەبەر دەستتدا نەوەستیٚو لەپیاڵەی دەستت مەست نەبیٚ؟ پیاڵەی چی؟ بوٚ دڵداری‌وا گەرەك مەی بە شاکاشی‌بیٚ. بوٚ نازشێواوو دوابراوی شێتی ئەوینی گیانی پاك؛ بادەی دەستی توٚ دەرمانە. چاکترین چارەی دەردانە. یاری نازدار، ئەوەندەی جوان‌و لەبارە، ئەوەندەش دڵنەرم‌و باش‌و دڵاوایەو صەدئەوەندەش، بەدڵ‌و بەگیان‌و شیارەو لە دەردی دڵ، ئاگاداره. لە دەنگی سازو ئاوازی قانون‌و بلوێرو سازان، پەی بە هەمو رازان بردو، لە تکای شنەبای خێرەو مەند، زو تێگەیشت. کە لەو بەزمە کێی مرازە.

٣٣ یوسفی دەوروزەمانیٚ گو نەسیم هان ڤیٚ نیشانیٚ
لیٚ ژبوٚ نەکهیٚ دەهانی نەخوەشان ئەو لیٚ شیفایە

٣٤ ماوەرا بەلگین گولیٚبو بیهن‌و بویا کاکولیٚ بو
داروی قەلبی مەلیٚبو لەو بچەهڤین من جەلایە

٣٥ با نەسیم دیٚ چی لەزینی ساغ‌و سالم ماتو بینی
ڤیٚ کومیدی لیٚ گەهینی دا سواربت لیٚ پەیایە

**مانای وشه:**

**هان:** بگره، ها؛ **نەکهه:** بۆنی خۆش؛ **بیهن:** بۆن؛ **لەزینی:** پەلە دەکەی؛ **کومید:** ئەسپی کوێت؛ **کومێد:** ئەسپی مرادان؛ **پەیا:** پیادە.

**پوختەی مانا:**

ئەونازدارە تاقانەیەی کە وەك یوسف لەناو خەڵکی میصرا چۆن گرۆی جوانی بردەوە؛ لەم رۆژگارەی ئێمەدا، لەچاو هەمو جوانی دنیایە، یوسفەو هەمو کەس بۆ دیداری ئەو، دەست دەشکێنن و دڵیان بەسەر تیغ دادێنن. گوتی: سروە بای تکاکار، بەو نیشانەی کە تۆ لە نزیکی مندا، ئەوەندە بۆنت خۆش بوە. هەر نەخۆشێك هەڵتمژێ، دەست بەجێ چاك دەبێتەوە. دەمو زاران بۆن خۆش دەکا. ئەو بۆنە لەگوڵاوی پەلکی گوڵی سەر رومەتو لە عەنبەری کاکۆ ڵانمەوە بۆ تۆدێ؛ دەرمانی دڵی مەلایە. (یان، دەرمانی دڵی ئێمەبو، چاویشمانی وەسەر بینایی خستەوەو، کۆنە چیرۆکی یاقوبو بۆنی کراسەکەی یوسف، روی دایەوە). فەرموی دە بەو نیشانەوە، بەپەلە بۆم بگەمەلا، فریای کەوە. باسواری ئەسپی مرادیێو چی دی لەشوێن خێڵوێڵ نەبێو نەڵێ پیادەمو ناگەمە شۆرە سواران. لەتۆم دەوێ. بەسڵامەتی بۆمی بێنی.

٣٦ غەفلەتی بایی نەسیم هات خەف ژبال یارێ کەریم هات
پۆرۆ بئیحسانەك عەظیم هات قاصیدی شاهو گەدایە

٣٧ دل نەفەس دیسان ببەرهات لەو حەکیم لوقمان بسەر هات
نافعێ دەردێ جەگەر هات طالعی کەوکەب نومایە

٣٨ من کو ئەو نیشان گەهیشتێ ئەڤ دلی صەد داغی رەش تێ
ذەررەیەك خەوش لێ نەهیشتی ئیسمی ئەعظەم پێ گەهایە

٣٩ چومە سەرپشتا کومەیدی من ژی پۆرۆ ئەوژان و کەیدی
بەحروبەر مەلبەر خوەطەی دی دەشتو چۆڵو کەربەلایە

٤٠ مەو نەسیم خوەش پەنجەتێکرا وی دچین وەك طەیر ڤیکرا
بەحثێ زولفا یار پێکرا بوری عیشقێ پۆرۆ فرایە

٤١ گونبەدا نورین خویابو سپێدەیا صادق نومابو
یەك بیەك شەوقێ ڤەدابو قەصرو ئەیوان و سەرایە

٤٢ قومری و بولبول دخونن لێ عەجەب ئەو خوەش دەمینن
هەر سەحەر مەحبوب دبینن عەندەلیب ڤێرا تەبایە

٤٣ بوغچەیا صوڕ گول دگەش‌تێ چیچەك‌و ڕەیحانی ڕەش‌تێ
دلروبایان بێنە گەشتێ سونبولان تاتا سەمایە

٤٤ سەبزەیا شەبنم گولاڤ لێ صوڕ عەقیقان دوڕ خوثاف لێ
دلبەران سەیران‌و ڕاڤ لێ عەرعەران سیتاب دایە

**مانای وشە:**

**غەفلەتی:** لەنکاو؛ **خەف:** نهێنی؛ **خەف:** سوك؛ **بال:** کن، نك؛ **کەریم:** بەخشندە؛ **عەظیم:** مەزن؛ **نافیع:** بەهرەدەر؛ **طالیع:** بەخت؛ **طالیع:** دەرکەوتو، هەڵاتو؛ **داغی ڕەش:** تیراوێ، بریناڕەش؛ **ئیسمی ئەعظەم:** ناوی هەرە مەزن، یەك لەناوەکانی خوایە تەنیا نزیکان لەخوا دەیزانن؛ **طەی:** قەد، پێچراو؛ **کەربەلا:** ناوێکی ئارامی ـ ئاثوریە، واتا، نزیکی‌خوا. لەو شوێنەی کە ئێستە شاری کەربەلای عیراقی لێهەیە، بتێك هەبوە کە بە بت گوتراوە «اِلە»، جێپەرستن؛ **کوڕب:** واتا نزیك؛ **کوڕب‌ئیلاە،** بوتە کەربەلاو چونکە ئیمام حوسێنی لێ شەهید کراوە، لەزوڕ دنیادا ناسراوە. لە زاراوەی کرمانجی‌دا، بە بیابانی چۆڵ‌و واحیدەلقەهار دەڵێن، کەربەلا؛ **طەیر:** مەل؛ **بوڕ:** ئەسپ، ئەسپی مراد؛ **فرایە:** تیژباڵە، زوڕ بەفڕینە؛ **عەندەلیب:** بولبول؛ **تەبا:** بەشوێنەوە، ئاشت، هەواڵ؛ **گەشت:** سەیران؛ **دوڕ:** مرواری؛ **سیتاب:** سێیەری کاتی هەتاو.

**پوختەی مانا:**

منی چەمەرای بەتاسە، لەپڕدیتم، سروەی پیرۆز ـ کە لەنێوان شای جوانان‌و منی گەدای هەناسە سارد، ببوە پەیامنێری لەش سوك ـ بەکزەیەکی نهێنی هاتەوە لام‌و ئەوچاکەیەی ـ کەزوڕ خێرەومەندانە بو ـ پێگەیاندم و تێیگەیاندم؛ کە لای یاری بەخشندەوە مژدەی خۆشی بوهێناوم. دڵی مردوم کەوتەوە هەناسەدان‌و ئاهێکی تێ گەڕایەوە. سروە لێمبو بە لوقمان‌و چارەسازی هەرە چازان، بەرگی ژیانی دەبەر جەرگ‌و هەناوم کرد. توزی پاڵای سوڵی یاری دەچاوم کرد. مژدەی ئەو وەك ئیسمی ئەعظەم، بەهرەدەر بو، صەد برینی سەرەتیران لەدڵمدا ـ کە گش ببونە تیراوێ ـ گوشتەزونیان هێنایەوەو توزکاڵێك خەوشی تێنەماو هەربومەوە گوێزی ئازاو ئازا خوم ئامادە کردو پەڕیمە سەر خوانی زینی ئەسپی مراد. دەردو داخی ڕوژانی دوریم ـ کەدیبوم ـ فەراموش کرد. سروەش دەگەڵما گەڕاوە. بەجوتە فڕین لەدەشتان، لەسەر چۆڵ‌و کەربەلایان. من‌و سروە، پەنجەمان تێك پەڕاندبو. وەك دو باڵداری زوڕ هەواڵ، پێکەوە لە شەقەی باڵدەن، نەدەکرا لێك جوێ بینەوە؛ چونکە ئەسپە بوڕی ئاوات، زوڕ تیژباڵەو پیاو دەترسێ لەو بەرزە بەو خوش فڕینەی چاوی ڕەشکەو پێشکە بکاو لەسەر زینەکەی بپەڕێ. من‌و سروە لەو ڕێگەدا، لەپەستا باسی کەزی یاری نازدارمان، و تووێژ بو؛ لە ئاکاما گونبەزی نورین دەرکەوت. سپێدەی بەرەبەیانی ڕاستیمان هاتە بەرچاوان. کوشك‌و سەرسەراو دیوان‌و بەربێلایی‌و هەیوان‌و باڵەخانەکان، تیشکیان لەیەك دەگەڕاوە. لە گوڵجاری حەوشی یاردا، هەزاران گوڵ پشکوتبون. ڕەشەریحانەش لەوناوە، دەگەڵ

گوڵان لاسای کوڵمو کەزیەکانی جوانو بۆنخۆشی ئەویانبو. یاکەریمو کەناریو بولبولو سێرو، سەرمەستی دیمەن ببونو، پەستەو مقامیان خۆش دەگوت. من لەوناوە سەیر مابوم کەچۆن مەلو بولبولەکان، چەندبەیانیان یاریان دیوەو توانیویانە لەخۆشیان گیانیان دەرنەچێو چۆن هێزی خۆیندنیان ماوە؟ زۆر جوانی دڵرفێنم دین. لەوناوە سەیرانیان دەکرد. تاتای بسکیان ـ کە وەك لقە سمڵ وابون ـ دەلەرینو لەشادبون بەنزیکیار، کەوتبونە سەماو هەڵپەرین. تنۆکی شەونمی بەیان، لەسەر چڵچڵی سەوزەڵان، ببوە گوڵاو، گوڵی ئاڵی بەرەنگی لاڵ، مرواری ئاونگی لەسەر، دڵرفێنان بەدەم گەشتو گەڕانەوە، سەرگەرمی راوی دڵانبون. بەژنو باڵا نەمام عەرعەر، نسێیان لە گوڵەکان دەکردو دڵی گوڵیان بەنێچیر بۆ خۆیان دەبرد..

٤٥ بوم شەریف ئەز باستانێ شاهیدێن وێ گولستانێ
ساقیان جامجام ددانێ کەوکەبان سەیوان قەدایە

٤٦ چەندەکی چیمەن حەرەم (خورەم) بو لێمەدام ئەو صوبحە دەم بو
من بهیش باغێ ئیرەم بو لێ صەبا گومن سەبایە

٤٧ صەفبصەف ویلدان پەریبون بەندی زولفا عەنبەری بون
تێك لدیمێ موشتەری بون رەقصو گۆڤەندو صەفایە

٤٨ پورۆ عومرمن چو بسەختی لێشوکر خوازم ژبەختی
زوهرەیەك بو ئەو لتەختی بەلکو بێم (شَمْسُ الضُحا)یە

٤٩ پەردەیا خەلوێ کوهلدا یەنگیەك مندی دملدا
گەزمەیا ژەهری لدلدا قەط نەگۆ قەتلو خەطایە

٥٠ حادری چوم سەجدە ژێرا لێ نیەت ئێحرام نەڤێرا
عاشقی ئەڤ گەزمە تێرا هەرچی طاعەت کت رەوایە

**مانای وشە:**

**شەریف:** بەریز؛ **سەیوان:** سایەدەر؛ **حەرەم:** پاوان؛ **مەدام:** هەمیشە؛ **ئیرەم:** بەهەشت؛ **ئیرەم:** بەهەشتی شەدداد؛ **شمس‌الضحیٰ:** روژی چێشتەنگاو؛ **بێم:** دەبێژم؛ **خەلوە:** جێی تەنیایی؛ **مل:** شان؛ **حادری:** فەوری؛ **طاعەت:** خزمەتو بەگوێکردن.

**پوختەی مانا:**

بەدیتنی ئاسانەکەی، سەرفرازو ممبارەك بوم. چیببینم؟ هەروا جوانی ناسکو نازدار لەوناو باغە مەی دەگێرنو پیاڵە بەپیاڵەراناگا. لە دەوری یار دێنو دەچن خزمەتکارن، ئەوەندەش شوشو شەفافو رێكو جوانکیلەو لەبارن؛ وادەزانی ئەستێرەی لەدەوری مانگنو بونە چەتری دەوری

سەری. چیمەنی خۆشی بارەگا ـ کە پاوانی چاوانی ئەویندارانی گیان‌بەگیانە ـ قەت شەوی بەسەردا نایەو هەمیشە بەرەبەیانی رون‌و ساوی بەهارانە. بە بیری‌خۆم دەمگوت ئێرە باغ‌و باغاتی بەهەشتە. بەڵام سروە لەبەر خۆیەوە دەی‌سرتاند، گوڵجاری باغچەی سەبایەو نشیمەنی بەلقیسایە. لە دەوری ئەو سەرسەرایە، بەزنجیرەو رێزبەرێز هەروا کوڕی‌لاو، کیژی لەباری مەستەچاو، دەبیندران لەویلدان‌و حوریان دەکرد. گش سادەو پەریزادە بون کە هەموشیان یەخسیری کەزی عەنبەربۆی یاری منن، گشتیان وەك من، ئەویندارى روخسارى بون‌و گیرۆدەی داوی ئەوینێ. تێکڕا لەخۆشی ئەو هەلەی کە دڵبەرمیان لێ‌نزیکە؛ گەشکەببون. لە دڵشادی بەسەماوە سوڕیان دەدا. سوپاس بۆخوا هەرچەند لەتەمەنی خۆشما زۆرم پەژارەو خەم دیوە؛ ئێستا بەبەختم دەنازم. کە گەیشتومە ئەوپایەی بەراموسانی ئاسانەی یاری نازار، سەرفیرازم.

یارم لەسەر تەختی نازان، شۆق‌و شەبەقی دەداوە. وەك ئەستێرەی کاروانکوژەی نیوە شەوان، دەدرەوشاوە. نەخێر زوهرەو گەلاوێژو ئەستێرەی چی؟ خۆری دەمەو چێشتەنگاویش، لەتاوی ئەو تاوی نەبو؛ لەشەرمان دەتاوایەوە.

پەردە لەنێوان لادرا یار کەوانێك بەشانەوە ـ کە بریەتی‌بو لە کەزی رەشی دڵ‌وگیان گەز ـ بە کەوانی دەبیندران. چۆن کەوانێك؟ هەرتیرێکی کە لەوێوە بێتە ناودڵ، ئێژی بەژار ئاو دراوە. دڵم پێکراو هیچ نەشی‌گوت کوشتنی هەژار گوناحەو نارەوایە. دەس‌بەجێ چومە سەر سوژدە بەرەو باڵای، نیازی ئیحرامم دانەبەستو بەنیازی زیارەتی کابەی ئەو روخسارە، بەدڵ لەدەوری دەگەڕام. مەڵێن حەج بێ‌ئیحرام بەستن رەوا نابێ. دڵی هەرکەس کە تیری ئەوی لێ‌درابێ، هەرچۆنێك تاعەتی بۆبکا، زۆر دروستە.

**٥١** چوم زیارەت پێ‌و دەستی لێ نهیشت ئەووەل بقەستی
دا بصوژت روح‌و هەستی عاشقان صوتن جەزایە

**٥٢** شەربەتا وەصلا خوە نادەت تا هنەك عاشق جەزادەت
دلبەران ئەڤ رەنگە عادەت مەهروان کەمتر وەفایە

**٥٣** پیشەیێ وان غەنج‌و نازە صەنعەتێ عاشق نیازە
یار لبەر زاران ئیجازە شەربەتا شیرین موفایە

**٥٤** چوم طەوافا پێ ودەستان شوبهەتی سەکران‌و مەستان
ئەهلی حال‌و خوب پەرستان وان ژعومر ئەو موددەعایە

**٥٥** تللی‌یێن نازك شەمالین من‌لسەر چاوی خوە مالین
طالبی وەردین بخالین دل دڤێ فکری تەیایە

**مانای وشه:**

**زیارەت:** ماچکردن؛ **بقەستی:** لەنقەست، بەنیازێك؛ **هەستی:** بون‌وو جود؛ **هەستی:** پێشە، ئێسقان؛ **هنەك:** هێندێك؛ **عادەت:** رەوشت‌و خو؛ **مەهرو:** رومانگ؛ **غەنج:** ناز؛ **نیاز:** پاڕانەوە؛ **زار:** زارە، گریانی بەکوڵ، ناڵە؛ **سەکران:** سەرخۆش؛ **خوب:** جوان‌چاك؛ **موددەعا:** داواو ئاوات؛ **تللی:** تلهی، تبل، قامك، ئەنگوست؛ **شەمال:** مۆم؛ **تەیا:** سەرگەردان‌و لێشێواو.

**پوختەی مانا:**

هەر کەدیتم، سوژدەی سوپاسم بۆخوا برد. کە دیداری یاری شاندام. سەرم لەسوژدە هەڵێناو خۆم دەدەوری سەری گێڕا، باڵا گەردانی باڵای‌بم، کە حەوجار تەوافیشم کرد؛ دەستم دەلاقی وەڕینا کە ماچی کەم‌و بخوازم دەستیشم داتێ رای‌موسم. بەڵام سەر لە هەوەڵەوە، روی‌گرژ کرد. ئەو تورەییەش بە قەستی‌بو، دەزانم لە ئانقەست وای‌کرد. ویستی گیان‌و سەرتاپای بون‌و نەبونم، تەنانەت ئێسکەکانیشم بسوتێنێ. ئەزمونی دڵداران وایە، لەبەر سوتان خۆ رابگرن. هەمو دڵبەرانی رومانگ، ئەو ڕێو شوێنەیان هەیە. بەرلەوەی دڵدار ئازاردەن، بواری نادەن دڵیان بەدیداری شادکەن. ئەوەی ئێمە ناومان ناوە وەفاو ئەمەگداری یاران؛ لەلای چاومەست‌و نازداران، زۆر کەمتر لەدڵدارانەو ئەمەش هەر لەخۆیان جوانە. ئەوان دەبێ نازبکەن‌و دڵدار دەبێ بپارێتەوەو خۆ کزکاو بناڵێنێ‌و ئەوسا لەپاش گریان‌و شیوەن‌و ناڵین، ئەگەر لاوێندرایەوە، ئەو پەڕی خۆشی‌و شادی‌یە. وەك خواجە حافظی خۆمان فەرمویەتی:

لەچی‌و بۆچیت نەبێ، هەرکەس بەئاکارێکەوە جوانە

کەیارت روی‌گرژکاو نازبکا، تۆ هەر بپارێوە

بەدوای نازو نیمنازاندا، ڕێگەی دام دەستی راموسم، تویڵم ڕەپەنجەی پای بخەم. لەخۆشیان هۆشم نەمابووەك سەرخۆش‌و مەستی دەبەنگ، تلم ئەداو بەم‌لاو بەولادا دەکەوتم. ئەوەی من لەو دیدارە دیم‌و پێی خەنی‌بوم، هەمو ئەهلی حاڵی دیکەو هەمو جوان پەرستانی دیش، لە درێژایی تەمەنیان، گەورەتر ئارەزویانە. یار بەو قامکە ناسکانەی کە بۆمنی پەپولە وەکو مۆمیك‌بون داگیرسابن؛ فرمێسکی لێ سڕیمەوە. من تاوێك بەسەر چاوی خۆمدا ماڵین، ویستم چاوم گەش‌بنەوەو بزانم راست یارم‌دیوە یان خەونێ خۆشە دەیبینم؟. بە دەردی «نالی» گوتەنی:

وەها مەستی تماشای چاوتە نالی کەنازانێ  بە بێداری دەبینێ یان لە نەشئەی مەستی‌و خەودا

ئێمە زۆر ساڵ‌و زەمانە، بەدڵ لەشوێن سەیری پەڕی گوڵی ئاڵی کوڵمەی یاری، روبە وردەخاڵ، هەڵوە داین؛ لە بیابانی سەرگەردانی‌دا، سەرگەردان، بێ دەرەتان رای دەبوێرین.

**٥٦ چو عومر مە دڤێ خەیالێ ماشەڤەك عیدان دسالێ**
**بێم زیارەت زولفو خالێ رۆژو شەو من ئەو دوعایە**

**٥٧** **چەرخ دترسم کت شتابێ زو ئەجەل پێدەت ریکابێ**
**جان برەت مەدڤێ عەذابێ ئەڤ سیاه رەنگ ئەژدەهایە**

**٥٨** **چەندەکی صادق جەمابن ئەر ببێژی جان فیدابن**
**وەك «مەلێ» لازم تونابن وی ژدل جانێ خوەدایە**

**مانای وشە:**

**ئەجەل:** وەختیمردن؛ **ریکاب:** ئاوزەنگی، رکێف، زەنگو؛ **ئەژدەها:** حەزیا، هەژدیها، زەها؛ **جەمابن:** کۆببنەوە، کۆمببن؛ **لازم:** سوربزانە، باوەڕبکە؛ **تو:** هیچ.

**پوختەی مانا:**

تەمەنم بەوبیرە بوریو خەیاڵ دەکەم، ئاخۆ دەست ئەدا شەوێکی لەساڵاندا، توشی ئەو جەژنە خۆشەبم، بێمە سەیری ئەو کەزیو خاڵە رەشانەت؟ زۆر دەترسم زەمانە وەپەلە کەوێو مردن بەو پەلە کردنەی، پابنێتە ناو رکێفو گیانم لەدوی خۆ رەکێشکاو منی ئاوات پێکنەهاتو، تا هەتایە، بەو پەژارە بتلێمەوە. مردن وەك هەژدیهای رەشەو بەزەیی بەکەسدا نایە. نەوەك بمرمو نەتگەمێ، پێویستە مەلا بناسی. هەرچەندی دڵداری بەراست کۆوە بینو بەفەرمانێك لە لێوانت گیانیان بکەن بەقوربانت؛ لێت رونبێ هەرگیز هیچکەسیان ناگاتە من. من هەر بەدڵ، بە ئارەزو گیانی خۆمت قوربان دەکەم، پێیناوی تۆ پێم بفەرموی.

## قصیدەی هەشتاو شەشەم

# «تونگی شەکر»

١ طوررەیی تابدار عەنبەرکە
خەمریی‌یێن شەنگ میسکی ئەذفەر کە
٢ لگولان میسك‌و عەنبەریٚ برەشین
ژگولاڤیٚ جونەسری‌یان تەرکە

٣ کەسك‌و صوٚرێن ژرەنگی قەوس‌و قەزەح
ژسەراپا گولاڤ‌و ماوەرکە
٤ سورمە پوشین سوری بسەرکل‌دە
عاقیلان لیٚ خەراب‌و ئەبتەر کە

٥ هەر سەحەر دەستەکی ژنو وەرگر
عەرعەری تێکدا سەراسەر کە
٦ نیرگزێن سەرگران هلین جارك
دوقیرانی لیەك بەرابەرکە
٧ قەدو قاما شەریف‌و نازك‌و تەرٚ
لیٚ سەراسەر بفەصلین، کەرکە

**مانای وشە:**

**تابدار:** بەپێچ؛ **جونەسری:** هێشوی نەوعەدار خورمایەکی بەنرخ‌و هەرەباشە؛ **خەراب:** مەست؛ **خەراب:** وێران؛ **وەرگر:** وەرگیرە، بگوٚرە؛ **فەصل:** برٚینی بەرگ‌درو.

**پوختەی مانا:**

کاریٚ بکە بسکی بەلادا کراوت، عەنبەر توشی تاووتویٚ کەن، با پێچ بخوٚن‌و بتروسکێن. بسکوٚلە

هەڵگەراوەکەت، بابێتە مایەی شۆخو شەنگی میسك. میسكو عەنبەری بسکانت، بەسەر گوڵی رومەتتدا، پەرژ بکە. خشڵەکانت ـ کە وەك هێشوی خورما لەو باڵایەوە دیار دەکەنو گزوفتی چاوان ـ دەدەن ـ با لەناو گوڵاوی شەرما، شەهەڵێنن. با لەسەر تاپا، شمەکی کەسكو سورت بن بە پەڵکەزێرینەی پاش بارانی پڕلە گوڵاو لە دەوری تیشکی باڵاکەت. چاوت رەشی دەستی خوایەو هیچ کاری بە سورمە نیەو پڕە لە کلی دڵکیشیو رەزاسوکی. بەڵام لەترسی چاوێنی ئەوانەی شێتی تۆنینو خۆیان بەعاقڵ دەزانن؛ بە تۆزێ کل، دایان پۆشە. با عاقڵان مەستو هەناو تێكروخاوو دوابراو کات. هەر بەیانیەك دەستێك جلینوێبگۆڕەو، لەنەمامی عەرعەری باڵای هاڵێنە. دڵی هەمو بەژن نەمامانی شلكو ناسكو خوێنشیرین لە عەزرەتان بەر قەیچیدەو لەتلەتی کە. ئەوچاوانەت ـ کە وەکو نێرگسی مەستن ـ هەڵیانبێنەو هەمو جارێك دو ئەستێرەی بەختەوەری بەرانبەر بەیەکتر بکە.

**٨ تو بمەش کوك بسەردەری قەصرێ**
**بخوە کو، کی؟ لشاهو قەیصەر کە**

**٩ وەرە وەك رۆژ بسەردەری کەلەهێ**
**عالەمێ تێکدا مونەووەر کە**

**١٠ وەك گولەك زەردی بوغچەیاتە مەئەز**
**تومە تێکل خوە وەك گولازەرکە**

**١١ زاهیدی هویشك طەبع سەودایە**
**بدو جامان طەبیعەتی تەرکە**

**١٢ ڤەکە جارەك بخەندە شەککەر تونگ**
**تێك میصرا مە قەندو شەککەرکە**

**١٣ پێ لسەر دیدەیی «مەلێ» دائین**
**خەلوەیا صوفیان موکەددەر کە**

**١٤ خەطَو خالان نیشان «نیشانی» دە**
**مەژناڤێ خوەرا بدەفتەر کە**

**مانای وشە:**

**بمەش:** بروَ؛ **کوَك:** کەیفساز؛ **کوَك:** زوَر پوَشتە؛ **کەلەھ** : قەڵا، کوَشکیمیر؛ **هویشك:** وشك؛ **سەودا:** نەخوَشی کەللەیبون؛ **سەودا:** ئەوین؛ **سەودا:** مامڵە؛ **طەبیعەت:** میجاز، تەبیات؛ **تونگ:** تونگە، کوپەڵەی دەمتەنگ؛ **میصر:** شار؛ **خەلوە:** کونجیتەنیایی؛ **موکەددەر:** تاریكو لێل؛ **دەفتەر:** پەڕاو.

**پوختەی مانا:**

زۆر بەفیزو کەیفسازی، لە سەربانی دەرکی کۆشکێ وەرەو بچۆ، بە هەزار پاشاو قەیصەران گەمە بکەو بەمبڵێ: کواچت‌کردوەو لەو پرسە: کابرا ئەتۆ کێی؟ تۆ وەکو خۆری ناو ماڵی لە کۆشکەوە سەر دەرێنە؛ هەمو دنیا رۆشن کەوەو دوایی بەتاریکی بێنە. مەڵێ مەلێ ماتو رەنگ زەردی! دزێوی، گوڵی سور بەتەنیا جوان نین. من رێ دەبێمە باغچەکەت با زەردی لە ئاڵان هاڵێو دیمەنەکە لە بارتر کات. وشکە صوفی کە خۆی بە دڵدار دەزانێ؛ نەخۆشێکی گەللایی‌یەو سەودا گەرێکی خەسیسە. دەیەوێ بە دو دوعاو نوێژ، بەهەشت بکڕێ. دوپیاڵە بادەی پێبدە با تەبیاتی تەر بێتەوە.

دڵم خەڵوەتگەی سوفیانەو رۆشناکی لە دەلاقەی چاومەوەیە. وەرە پایەك لەسەر چاوەکانم دانێو لێڵایی بەچاوی کزی وشکەسوفیەکاندا بێنە. خاڵو میلان نیشانی نیشانی بدە. با ناوی مەلای دڵداریش لە دەفتەری دڵداراندا، بێتە بەرچاو.

## قصیدەی هەشتاو حەوتەم

# گول و بولبول

١ گەرچی بولبول جەوهەری ذاتی گوله
لێگولێ رەونەق ژعیشقا بولبوله
٢ گوهده ذیکری حالو جوشا بادەیێ
وی ببولبولرا دخونت بولبوله
٣ سوسنان صەدرەنگ ئاڤیهتن کەمەند
وان نەگۆ دلبەندی تایەك سونبوله
٤ سونبولان سەیوان لدیمێ تازەکر
ئافتاب ئیرۆ دبورجا سونبوله
٥ عەرعەرین رەنگین ژتایێن صۆرو زەر
قومریان صەدرەنگ شورو غولغوله
٦ زەمریا عیشقێ ژبالا هاتە خوار
قودسیان ئاڤێهتە چەرخێ هەلهەلە
٧ نێرگزا نازکقەدی شەهلایە مەست
دینکرم ئەز بولبولان سەودا گوله
٨ زلفو بسکان پورژمن دلبر بەلێ
رشتەیا جانێ مەلێ ئەو کاکوله
٩ بولبولو پەروانە ئەو فەصلو دەمن
جینسی عیشقامن تنێ دەردی کوله
١٠ من ددل ناصورەکی دا هەستی یێ
لاجەرەم هێژ نەشئەیا داغا کوله
١١ طەبعی لامیع وەش زمینەت بو حَسَنْ
من ددەستدا ذوالفەقارو دولدوله

١٢ هشکەروی بەدفیعل چی هین‌کر عەجەب
بارَكَالله خوەش بەزی ئەسپیٚ قوله
١٣ قەط قەریٚکیٚ ڤی دەمیٚ حاضر دبت
قیصصەیا فەصلیٚنە کاری سونبوله

**مانای وشە:**

**جەوهەری ذاتی:** ژیٚهاتوییو هونەری سەربەخوٚ؛ **رەونەق:** برەو؛ **جوش:** قوڵت؛ **بولبوله:** لولەی لولیٚنە؛ **نەگوٚ:** توٚمەز، توٚمەڵیٚ؛ **تازە:** زوٚرباش‌و جوان؛ **ئافتاب:** خوٚر؛ **شورو غولغوله:** هەراو هوریاو زەنازەنا؛ **هەلهەلە:** تلی‌لیلی‌و هەلهولە؛ **شەهلا:** رەنگی‌کاڵ بوٚچاو؛ **زەمری:** بەفو دەموسیقا، تورٚیٚن، وەك بلویٚرژەن‌و...؛ **هەستی:** ئیٚسك، وجود؛ **لاجەرەم:** بیٚگومان؛ **فەصل:** کژی‌ساڵ، لیٚك هەڵپچران؛ **نەشئە:** کەیف، نیشە؛ **لامیع:** بەفیز؛ **وەش:** لەچەشن؛ **حەسەن:** باش؛ **بو:** باوك؛ **بوحەسەن:** کونیەی ئیمام عەلی؛ **من ددەستدا:** دەدەست مندا؛ **ذوالفەقار:** دوخدار؛ **ذوالفەقار:** ناوی شیری ئیمام عەلی، چونکە دوخی هەبو، وەك ساتوٚر نەبو؛ **دولدول:** سیخوٚر کەژوشکیٚکی گەورەیە؛ **دولدول:** ناوی ئیٚستریٚکی رەش‌بوٚرەی پیٚغەمبەر (ص) بوە، داویە بە ئیمام عەلی؛ **هشکەروٚ:** وشکەروٚ، رەوتی ئەسپی تەعلیم نەدراو؛ **بەدفیعل:** توٚسن‌و بەدفەرٚ؛ **هین‌کرن:** فیٚرکردن؛ **خوش‌بەز:** تیژلە غاردان؛ **قەریٚکی:** بەریٚوە؛ **قیصصە:** سەرگوروشتە؛ **قەصیٚ:** برٚین، هەڵپاچین؛ **قوله:** کلك کورت، کویٚتی قاپەرەش، نارەسەن؛ **کول:** غەم، هەمو، تەشەنەی دەرد، ژان؛ **سونبوله:** برجیٚك لەعاسمان، گوڵی وشکی دەغلٚ؛ **سونبول:** گوڵی سملٚ.

**پوختەی مانا:**

ئەگەرچی هەمو هونەرو جەوهەری بولبول لەگوڵرایەو ئەگەر گوڵی جوان نەبوایەو نەبوبا بە ئەویندارى؛ ئەو بەستەو گورانیەی ئیٚستای، کوا دەزانی. بەڵام گوڵیش برٚەوی لەسای بولبولە. ئەگەر ئەو پیٚی هەڵنەگوتایە؛ ناوی گوڵ وا دەرنەدەکەوتو ناوبانگی بڵاو نەدەبو. واتا، دڵبەرو دڵداریش، هەردوك دەبیٚ سوپاسگوزاری ئەوین‌بن. کە کردونی بەتای یەك‌و بەبیٚ یەکتر، هیچ کارە نین. تو گویٚبگرە کە بادە لە لولیٚنەوە بە قوڵتە دەرژیٚتە پیاڵە. ئەویش چوٚن وەکو بولبولان، چریکەی دیٚو باسی حاڵی ئەویندارى‌و، کوڵی دڵی هەژار دەکا. ماك‌و جەوهەری هەرشتیٚك لەدنیا، بە دڵداریەوە بەسراوەو ئەگەر دڵداری نەبوایە، دەبو دنیا کونده بەبوی لیٚ بخویٚنیٚ. هەرچی بوەو هەرچی هەیەو هەرچی دەبیٚ، هەم دڵدارە هەم دڵبەرە. سویٚسنەی بوٚن‌خوٚش‌و سوروزەردو هەمە رەنگە، لە گوڵجاڕان کەمەندی ئەوین داویٚژن، کە دڵی بولبول دەداوخەن. بەڵام ئەگەر زوانیان بوایە؛ دەمان‌زانی دڵی خوٚیان بە تاڵیٚك تای سونبولیٚوە ـ کەبسکی یارەکەی منە ـ هەڵواسراوە. بسکی وەك سونبولیٚ یارم، سیٚبەریان لە روخساری کرد. کە لەوپەرٚی جوانی دایەو تابڵیٚی تەرٚو تازەیە ـ بەڵام نەخیٚر سیٚبەری چی؟ روخساری یارەکەم ئەمروٚ ـ کە بەبسکان داپوٚشراوە ـ وەکو خوٚرە لەناو بورجی سونبولەدا.

نەمامی عەرعەری باڵای لەبەر لەرزانەو پڵپڵەو گوڵینگەو پەلکەشوٚرانی زەردوسوری، ئیٚمەی

دڵداری وەك مەلی یاکەریم خستەسەر صەدجۆر هەراو قوڵەو ناڵەو گاڵە. بلوێرژەنی هەوای ئەوین، لەعاسمان بو؛ خودا ناردیە سەرزەمین. فرشتەکان ئەوکاتەی بەرێیان دەکرد، تلیلیلیو هەلهەلەیان لەعاسمان دەنگیئەداوە.

ئەگەر بولبول شێتی ئەوینی گوڵانن، من بێهەستو شێتی دەستی دو نەرگسی کاڵو مەستی بەژن زراوی بەنازم. کەزیو بسکی بەڵێ زۆرجار دڵیان بردومو دەشیبەن. بەڵام گیانم بەداوی کاکوڵی بەندەو بەو هەمو دڵڕاتەکانە، بەندی ژیانم هەر نەپساوە. پەپولەو بولبول دڵداران، بەڵام لەوەختی گوڵاندا، یان لە سەردەمی شەوانداکە موّمو شەم داگیرساون؛ واتا دڵداری دەمدەمینو لە گوێن من نین. ئەو بابەتە ئەوینداریەی کە لای منە، لای کەس نیە. دەردو ژانی بێبڕانەوەو گشت لەگشتە. ئەو ناسوڕەی دەدڵم دایە، ژانی داوەتە ئێسکانمو هەمو وجودی داگرتوم. زۆرژان دەکا، لێشم رونە ئەو دڵخۆشیو نەشەو کەیفەی کەمن هەمە، بەرهەمی ئەو داغو کوڵو خەمو ژانەی دڵی خۆمە. خەمی ئەوین، دەبتە ئامیانی خۆشیانم. میجازی من، طەبعی شیعرم، زۆر لە خۆبایيو سەرکێشبو. وەك بارگیری توّسن دەچو. وشکە روّشبو. سوپاسگوزارم بوّخودا، کە بوّم هاتە سەر رەدایەو ئێستا باشە. هەروەك چۆن ئیمامی عەلی، زولفەقاری دەخستەکارو چۆن دوڵدوڵی بوّسواری خوّی راهێنابو؛ طەبعی شیعرم ئەوێستا لەدەستی مندا ئاوا برّاو ئاوا رامە. طەبعی شیعرم کە وشکەروّو بەد ئاکاربو، نازانم چیبو بەسەبەب، کەوا بەجوانی راهێنیو رەوتی پێشوی پیّ بگوڕیو ئەو رەوانیەی پیّرەوانکا. بەخوا سەیرە! ئەی ئافەریم ئەسپە قولە ئوبالّ بە ئەستوّم خوّش بەزی. لێمرونە فێرکارەکەیتوّ، زوّرت دەگەلّ ماندو بوە تا فێری ئەم رەوتەی کردوی. ئەگینا چۆن هەر لەڕیداو بیّ ماموّستا، گوزو گوممەت وا ئامادەو حازری هەرکارێك دەبوی؟ نەخێر، چیروّکت چیروّکی گوّلە گەنمی گەیشتوە کە دوکژی ساڵی بری، تازە وەختی درەویەتی.

## قصیدەی هەشتاو هەشتەم

# «داڤادل»

١ یاریٚمە پورٚ نیشانو سورٚ سیما ژدورٚ دیم کەوکەبە
ئەو لەب شەکەر نازك بەشەر جەبهەت سەحەر کاکول شەبە

٢ شەب کاکولە خال فلفلە چین سونبلە داڤا دلە
من غەفلەتی دی قبلەتی وەك ماە دتەیسا غەبغەبە

٣ مندی بخەف صوحبەت بدەف شاهی نەجەف، فینجان دکەف
نونیٚن ژیەنگ بەردان خەدەنگ وی پورٚ ژتەنگ شیرین لەبە

**مانای وشە:**

**بەشەر:** پیٚست؛ **جەبهەت:** هەنیە؛ **شەوە:** بەردیٚکی رەشی بەنرخە؛ **فلفل:** ئیسوٚتی رەش؛ **قیبلەتی:** بەرانبەرم؛ **تەیسان:** بریقەدان؛ **غەبغەب:** بەرچیٚلە؛ **نەجەف:** تەپوٚلکە، ئاوگیٚرەوە، دەفری گوشاد؛ **شاهی نەجەف:** ئیمام عەلی؛ **کەف:** لەپ.

**پوختەی مانا:**

یاری‌من خالٚ لەروی زوٚرن، کە هەمویان زوٚر دلٚکیٚشن. سەروسیمای لەدورٚ ئەکات. روخساری وەك ئەستیٚرەیە. لیٚو شەکرینە، پیٚست ناسکە، هەنیەی وەك بەرەبەیانە، کاکوٚلی رەشی وەك شەوەن، کاکوٚلی ـ کە وەك شەو وایە ـ خالٚەکانی وەك ئیسوٚت دلٚ دەسوتیٚنن. چین لەسەرچین کەزیەکانی ـ کە وەك سونبول بەبەرامەن ـ داوی‌دلٚن.

من لەنەکاو بەرانبەر چاوم پیٚکەوت، بەرچیٚلەی سپی وەکو مانگ لەسپایەتیان دەبریقا. بەدزی دیتم، دەفەی پیٚبو... فینجانی مەی لەسەر دەستی، لیٚوی دەوری دەمی تەنگی هەر شیرنایی لیٚ دەباری. بروٚی وەکو کەوانی یەنگ ـ کە وەك دونون دەیان نواند ـ بەردەسریٚژی تیرانیان دام.

هاوارم کرد: ئیمام عەلی، هانام بەتۆ!

مەیگێڕ بەپیاڵەی زێڕەوە وەرەو بادەکەت بگێڕە. ئەو دڵکێشە جوان‌و شەنگە، وازی لەمەی خواردنەوەیە. با مەستبێ‌و روخسارە پڕلە نورەکەی ئاشکراکاو وردەخاڵانمان نیشان‌داو لێوەکانی - کە مەی بەهەشتیان پێوەیە بێتە بەرچاو.

٤ خال‌و خەتی شۆخ قامەتێ مە ژڤێ کتێب‌و دەسخەتێ
هەردەم ژنەو دل فەیضە ئەو ئەڤ عیشق‌و سەودامەو هەبە

٥ من بێ قەدار ئەو سیر ڤەشار عیشقا غەدار صوهتی سیتار
میهرا بوتان خال‌و خەتان صندوقەخان‌و مەقلەبە

٦ دیمێ بخال ئەو نون‌و دال ئیسمی جەلال بەژنا شەپال
یەکتا ئەلف نایێ وەصف من عەقل طفلی مەذهەبە

٧ حەتتا نەمام سالەك تەمام شیرین کەلام ما دامە جام
بی جەهد قەط تێن ئەمرو خەط هەرچی‌کو مەطلەب مەنصەبە

٨ دەرماندەییم، حەیران تەییم پیرانەییم خوەش بەندەییم
زارا بسیر دل ژیم قەکر دەرحەق مەپڕ ئەرزان مەبە

٩ بەرگین گوڵێ ئەو میسکەلێ هور هور وەلێ دەرحەق «مەلێ»
بی‌پەردەو خوەش مەعدەوو یەك وەعدەوو پوڕ شەفقەبە

**مانای وشە:**

**سەودا:** ئەوین؛ **مەوهەبە:** بەخششی خودایی؛ **قەدار:** قەدەر، ئەندازە؛ **سیتار:** پەردە؛ **صندوقەخان:** صندوقخانە؛ **مەقلەب:** جێگەی دڵ؛ **دال:** شارەزاکەر؛ **ئیسمی جەلال:** ناوی خودا؛ **مەذهەب:** ئاین، ڕێوشوێن؛ **ئەمروخەط:** فەرمان‌و دەسنوس؛ **مەطلەب:** نیاز؛ **مەنصەب:** پلەو پایە؛ **زار:** ناڵەو هاوار؛ **ئەرزان:** بێ‌موبالات، گوێ‌نەدەر؛ **خوەش مەعدە:** روخۆش، رەنگ خۆش.

**پوختەی مانا:**

ئەوین بەخششە لەخواوە، چاوی دڵ، رون دەکاتەوە. من لەسایەی ئەوینەوە توانیم لە پەڕاوی جوانی کە دەست نوسی خودای تواناو دەس رەنگینە؛ بەژنی شەنگی ئەونازدارەو خاڵ‌و میلی سەر روخساری بخوێنمەوەو هەڵیان بێنم. وا لەوساوە هەمو دەمان دڵم پڕیەتی لەبەهرەو هەروا نوێشی بەسەردا دێت.

نهێنی سۆزو ئەوینم. لە صندوقخانەی دڵمدا، شاردبۆوە. زیاتر لەوە کە دەتوانم دەرم نەبری، بەڵام چدەکەی لەئەوین؟ ئەو زۆرداره بو بەئاگر، سەرپۆشی لەسەر لاگرت‌و، نهێنی‌و دڵیشمی

دەگەڵ، ئاگرداو کردیە خۆڵەمێش‌و نهێنی هەمو بەبادان. بروٚکانی، روخساری بەوردەخاڵی، بەژنی زراوی بەرچاوی کە لە بیچمی ئەلفەو بێ هاوتایە لە دنیایە. نامەخوا ئەوەندە جوانن. ناوی خوامان بیردێننەوە، کە چۆنی دروست کردوە. دڵم ـ کە خۆی وەك منداڵەو عەقڵم کاڵەو پێویستی بەفێربون هەیە ـ هەتا بگات؛ وا وەك منداڵێکی بچوك کە تازە دەیبەنە فێرگە؛ خەریکی دەرسی ئەلفەم. هێشتا تەواو رەوانیشم نەکردوە. ئەویارە زمان شیرینەی کە فێرکاری دڵداریمە ساڵێك رەبەق گوێی پێ‌نەدام، تا هەر نەمامو لەناو چوم. ئەوسا پیاڵەی دایە دەستم بۆیە مەستم. ئەو ئازارو جزیادانەش، زۆر رەوابو. هەرکەس گەرەکیەو بەنیازە لەبارەگای ئەویندارى پلەو پایەی وەدەس کەوێ؛ نابێ لای وابێ بەبێ‌کار، بەبێ هەڵسورو تەقالا، بەهیچ دەگاو نامەی پایەی بۆ دەنێرن.

ئەی‌یار! بم‌بەخشە کە دەڵێم، جزیام کێشاو لە تۆڵەی‌دا، پیاڵەم لەدەستی تۆ وەرگرت. مامڵەو سەودا لە بارەگای تۆدا نیە. تۆ هەموت بەزەیی‌و روحمی‌و ئێمەش تەنیا لەسەرمانە، لێت وەپاڕێین. سەرگەردانتم، بەقوربانتم، هەژارو پیرو داماوم، کۆیلەی خۆتم. گریان‌و ناڵەی نهێنی نیوەشەوان، دڵو هۆشی لێ‌کردمەوە. لەبەرت دەپاڕێمەوە. بەسە ئیتر دەربارەی من، خۆمەبوێرەو وردەخاڵێ ـ کە وەك میسك پرژاونە سەر پەلکی گوڵی لارومەتت، لە منی نزار مەشێرەوە. پەردە لادە، بەزەییت بێ. تەنیا جارێك، دەگەڵ مەلای دڵداری خۆت روخۆش‌و بەڵێن شیرین‌بە.

## قصیدەی هەشتاو نۆهەم

# «پەریشانی مەلا»

١ ئیرۆ ژدەربا خەنجەریێ لازم بئیشانی مەلا!
تەشبیهی زولفا دلبەریێ زانم پەریشانی مەلا!

٢ زانم پەریشانی ژدل بێحەد بئیشانی ژدل
تەشبیهی بریانی ژدل بالله نەئینسانی مەلا!

٣ بالله چطەبعەت ئادەمی یەکسەر دبێم یەك عالەمی
دەریای قافو قولزومی یان چەرخی گەردانی مەلا!

٤ یارەب چوی میحنەتکەشی سەرتا قەدەم تێك ئاتەشی
مەجروحی قەوسێ توزرەشی لەودل بپەیکانی مەلا!

٥ زانم ژعیشقێ دۆژەهی بەحرەك ژناری ئاسیهی
ئیرۆ لماهی خەرگەهی تەشبیهی سەیوانی مەلا!

٦ ئەڤ سینەیا وەك نایو نەی پورێ لێ کشاندن داغو کەی
هێ دل بنائەهلان ددەی یارەب چنادانی مەلا!

**مانای وشە:**

**دەرب:** زەبر؛ **بئیشانی:** پرژانی؛ **لازم:** بێگومان؛ **بێحەد:** لەڕادەبەدەر؛ **بریان:** کەباب؛ **دبێم:** دەبێژم؛ **دەریای قاف:** بەحری موحیط، کە دەیانگوت کێوی قاف دەوری دنیای داوەو پێشیشی لەهەرچوارلاوە دەریایە؛ **چەرخی گەردان:** عاسمانی گەروٚك؛ **میحنەت:** ئازارو مەینەت؛ **کەش:** کێش؛ **ئاتەش:** ئاگر؛ **مەجروح:** بریندار؛ **قەوس:** کەوان؛ **توز رەش:** رەشی بریقەدەر؛ **دوژە:** جەهەندەم؛ **نار:** ئاگر؛ **ئاسیهق:** چاڵوك؛ **ئاسی:** زوٚر دژوار؛ **ماه:** هەیف؛ **ماهی خەرگەهی:** بریەتیە لە جوانی دڵبەر؛ **خەرگاه:** بارەگای گەوران؛ **سەیوان:** سایەدەر؛ **کەی:** داغ؛ **نائەهل:** ناباب، نەگونجاو؛ **نادان:** نەزان.

**پوختەی مانا:**

مەلا! ئەمرۆ لەبەر نوکی خەنجەری سەری مژۆڵان، لێمرونە ژان‌و سۆت زۆرن. وەکو پرچی ئاڵۆزی یار، پەرێشان‌و بیربڵاوی. بەوهەمو ئێش‌و ژانەوە، بەوهەمو دڵپرژانەوە، بەوگش پەرژو بڵاویەوە، چۆن دەردەبەی؟ بەخوا تۆ وەك هیچکەس ناچی. مرۆ ناتوانێ خۆبگرێت. تۆ هەرماوی!! من ئێژم تۆ ئادەمی نیت؛ تۆ عالەمێکی بەتەنیای. دەریای، یاخۆ ئەو عاسمانەی کە خول دەخوا. ئەی خوا هاوار چەندت دەردو ئازار چەشی. سەرتاپا ئاگری گەشی، بریندارى کەوانی رەشی زۆر رەشی. دڵت بە پەیکان داچناوە. دڵت لەئەوین ئاگرە؛ وەك ئاگری جەحەندەمێ. وەك دەریایەکی ئاگری؛ لەئاگری زۆر دەورەدەرو سوتێنەر. دەڵێی بەدارکە چاڵوکان، نێڵدراوە. گرت بەرزە. گەیوەتە تەشقی عاسمانی ئەوباڵایەو، خەرمانەیە لەدەوری هەیقی روخساری یاری خوێن‌شیرین، هاڵایە. سینگت وەك بلوێر کون‌کونە. داخی دڵداری لێدیارە. ئەگەر بێتو دڵتبدەی بەدنیایەو جگەلەیار، هیچ کەسی ترت لەبیربێ؛ دەردەکەوێ کە زۆر نەزان‌و دەبەنگی.

١٠ دورڕدانەیا دیم گەوهەرە ئایینەیا ئەسکەندەرە
بێ مروەتی دلکرکەرە مەجروحی خالانی مەلا!

١١ بی‌مروەتی دلهەرشاند تەشبیهی شیشێ لێکشاند
کەرکر جەگەر خوێ لێ رەشاند ئاتەش لسەردانی مەلا!

١٢ ناری ژرەنگی دوژەهێ حوسن‌و جەمالا وی مەهێ
مەدپەردەیا ڤێ خەرگەهێ خەفکر چعوممانی مەلا؟

١٣ ئیرۆ لعومری خۆی تەلەف بێشاهیدو جاما صەدەف
بێچەنگو سازو نای‌و دەف زانم پەشیمانی مەلا!

١٤ زانم تەکوهی طورە دل لەو هەربنارو نورە دل
شەهکاسەیا فەرفورە دل لەو مەستو سەکرانی مەلا!

**مانای وشە:**

**دورڕدانە:** گەوهەری تاقانە؛ **دوردانە:** قوتوی مرواری؛ **کەر:** لەت؛ **بێمروەت:** بێپیاوەتی، بێئینصاف؛ **هەرشاند:** لەبەریەکی‌برد؛ **خەف:** وەشارتی؛ **تەلەف:** فیرۆ؛ **صەدەف:** دایکی مرواری؛ **نار:** ئاگر؛ **سەکران:** سەرخۆش.

**پوختەی مانا:**

دڵی مەلا، کە هەمیشە خەیاڵی ئەوروبەخاڵەی گەوهەرینەی لەناودایەو بۆتە قوتولکەی گەوهەران‌و هێندە رونە ـ وەك ئاوێنەکەی ئەسکەندەر ـ لێی برۆانە، هەمو دنیای تێرا دیارە؛ یار

شکاندی‌و بی‌ئینصاف نەیگوت خەسارە، بۆ لەتی کەم؟ لەپاش لەت کردن، قیمەی کرد. تێکی هەڵشێلا، بە ئیسوتی خاڵەکانی کزاندیەوە. بەشیشی بژۆڵیەوە کردو هێندێکیش خوێی لەلێوی نمەکینی خۆی پێوەکردو تینی ئاگری رومەتی، لەسەر دانا، وا لەبرژانەو بەژانە. تۆ بزانە ئاگری ئەوین - کە تەواو وەك ئاگری جەهەنەمە - جوانی یارم - کە لە ئەندازە بەدەرە - دەناو بارەگای دڵمدا جێی بۆتەوەو وێك ناکەون. وەشارتیشن کەس پێ نازانێ لەوێدان. بەراستی دڵی تۆ مەلا! هەراوە وەك دەریای عومان. مەلا! ئەمرۆ یارت نەدی. پیاڵەی صەدەفی پڕبادەت، لێ وەرنەگرت. گوێت لە دەنگی سازو بلوێرو دەفو چەنگ، نەگرتوە؛ کە لە کۆڕی ئەودا هەیە. واتا ژیانت بەفیرۆ چو. پەشیمانی لەوژیانە.

دڵت پر ئاگرو نورە؛ دڵی چی هەر کێوی طورە. کە خودا خۆی نیشان‌داوە. لەبادەی ئەوین تژەیەو بۆتە شاکاشی هەڵازناو. بۆیە دەت‌بینم سەرخۆشی.

**١٥ هەرسینەتا بێ ناتەمام ناپوختە خام، بی‌میهرو جام**
**غەرقین دخونا دل مەدام لەعلا بەدەخشانی مەلا!**

**١٦ پوڕ لەعلو دوڕ تەژ کلکی عیشق ئانینە نەظما سیلکی عیشق**
**دەربەڕرو بەحری مولکی عیشق مەعلومە خاقانی مەلا!**

**١٧ بی‌حەد لقەلبێ شوبهی نەی جەوراتە دانین داغو کەی**
**لەو بی‌حەمەل خوش نینە مەی ئەمما بەشیرانی مەلا!**

**١٨ مینەت ژطالیع هەم ژبەخت ئاصەف بتەختو بەختو رەخت**
**بەلقیس ئەوی ئانی بوەخت ئیرۆ سولەیمانی مەلا!**

**١٩ ئەو هەردو لەعلو هەردو وەشم گەهگە بنازو گەهـ بخەشم**
**ئەو بەژنو بالا هاتەچەشم مە دسەیری روحانی مەلا!**

**مانای وشە:**

**ناپوختە:** پێ‌نەگەیشتو؛ **خام:** خاو؛ **میهر:** ئەوین؛ **مەدام:** هەمیشە؛ **مەدام:** بادە؛ **لەعل:** لاڵ، کە بەردێکی بەنرخە؛ **بەدەخشان:** ناوچەیەکە لە ئەفغانستان سەربە مەڵبەندی فەیضا بادە، لاڵی زۆرباش لەوێ دێنن؛ **کلك:** قەڵەم؛ **نەظم:** هۆنینەوە؛ **سیلك:** لیزگە؛ **بەڕر:** بەژ؛ **خاقان:** وشەیەکی تورکی جەغەتایە، نازناوە بۆ قەراڵەکانی چینو خانەکانی مغول، تەنانەت سوڵتانەکانی ئەستەمبوڵو قوڵە پادشاکانی قەجەریش ناوی خۆیان دەنا خاقان. کە بەکوردی بویتە «قاقان»؛ **حەمەل:** بەرخ؛ **حەمەل:** هەوەڵ‌مانگی بەهار، کە روژ لەبرجی کاورە؛ **شیرانی:** شیرنایەتی؛ **بەشیر:** مژدەدەر؛ **ئانی:** هێنای؛ **طالیع:** چارەنوس؛ **ئاصەف:** وەزیری دەستی راستی سولەیمان پێغەمبەر؛ **رەخت:** شتومەك؛ **بەخت؛ بەختی:** لوکی‌بەربار؛ **بەلقیس:** بەڵکیس، شازادەخانمی سەبا لە یەمەن، کە بەتەگبیری وەزیری دێو بۆ سولەیمانیان بەبوك هێناو پەپو

دەڵاڵی نێوان‌بو؛ **وەشم:** خاڵ؛ **خەشم:** تورەیی؛ **سەیر:** گەشت؛ **روحانی:** گیانی.

**پوختەی مانا:**

هەر سینەیەك، هەر هەناوێك، ئەوینداری نەزانیبێو تامی بادەی دڵدارانەی نەچێژتبێ؛ هەرگیز ناگاو پوختە نابێو ناتەواوەو شلو خاوە. خۆشی هەر لەخۆتە مەلا! دڵت نوقمی خوێنی ئەوینی دڵدارەو ئەوخوێنە لێت بۆتە بادەو هەمیشە سەرخۆشت دەکات، بەراستی تۆ ئێستاکانێ لەچاو خەڵکی ـ کە وەك خشتی کاڵ ماونەوە ـ وەکو لەعلی بەدەخشانی. نەك هەرخۆت بویتە لەعل وبەس؛ لەعلو دورت لەنوکی قەڵەم هەڵدەرژێنو بە لیزگەی ئەوین هۆنراون. لەسایەی ئەو نوسینانەت، ناوت لە دەریاو بەژ هەیەو، ئێستا تۆ وەك قەراڵێکی لە مەڵبەندی ئەویندارانی.

یاری نازدار! زۆرت داغ بەدڵەوە ناوم. سەرەو ژێر حەو کونت تێکرد. ئێستا بلوێرەو دەناڵێ. وا مانگی سەرە بەهارە، جەنگەی بادە فرکردنە. بادەش بێکەبابی گۆشتی بەرخو بێ شیرنایی، ناتەواوە. جەرگم هەیە بۆ کەبابت، دڵم بلوێرەو لێدەدا. لێوەکەشت لە شیرینی شیرین‌ترە، (یان، مزگینیو بەڵێنی تۆ کە دەتبینم، دەبێتە نوقڵی مەجلیسێ). مەلا دا دەنگ! ئەوا گوێم لە مژدە دەرێکە، دەڵێ یار هات. خودایە لێت منەتبارم، دیارە بەختم وەك ئاصەف بۆ سولەیمانە، کە بەڵکیسی بەتەختەوە، بەکەلو پەلی بەریەوەو بەکاروانی شرو شاتاڵی جیازەوە، گەیاندە ماڵی سولەیمان. مەلا! تۆش لە مرۆ بەولاوە سولەیمانی ئەم زەمانەی. یارهاتو چاوم پێکەوت. دوخاڵ لەدەوری لێوی بون. نازی دەکرد، بەناز خۆی لێم تورە دەکرد. گیانم کەوتە گەشتو سەیرانو سەیرانێکی زۆرگیانانەی لەو بەژنو باڵا جوانەکرد.

شیاوی باسە، بریان لەناو کرمانجان‌دا، بەو کەبابە دەڵێن کە گۆشت دەخرێتە قوڵکەوەو تۆزێك بەگڵ دای‌دەپۆشن، ئاوری لەسەر دەکەنەوە تا دەپیشێ.

## قصیدەی نەوەدەمین

# «زولفان شەکە»

١ ئەی شاهیدی قودسی، ڤەکە بەندیٚ ژنیقابیٚ
تاچەند وەسەر گەشتە بمینین دحیجابیٚ

٢ بسکیٚن ژحەریری توژنو ماوەریٚ لیٚکە
زولفیٚن ژعەبیریٚ شەکە باڤیٚ خەمو تابیٚ

٣ قشتیٚن دخوە چینچین بدە بەر میسکو زەبادیٚ
تاییٚن دعیصابیٚ برەشینن بگولابیٚ

٤ هەریەك بهەزار رەنگ لبەژناتە سەماتیٚن
خەمریٚو لەفو شەتریو تاییٚن دعیصابیٚ

٥ من جان یەدی بەیضایە ژئیسان چخەبەردەم؟
من ئاتەشی موسا دیە گولناری شەرابیٚ

**مانای وشە:**

**شەکە:** بەشانەبکە؛ **خەمو تاب:** خوارو پێچ؛ **عیصاب، عیصابە:** پارچەی توێڵ پێچ؛ **لەف:** پێچراوو لول‌دراو؛ **گول:** پوٚلو؛ **نار:** ئاگر؛ **گولنار:** گوڵە هەنار؛ **ئیسان:** ئایسان.

**پوختەی مانا:**

ئەی دڵبەرە عاسمانیەکەم! بەندی روبەندەکەت وەکە؛ با بتبینینو چیدیکە لەژێر پەردەی دلٚ کوێری‌دا، ماتو سەرگەردان نەمێنین. گوڵاوێکی عارەقی روت، لەو بسکە ـ وەك ئاوریشمانەت بپرژێنە. کەزیەکانت ـ کە هەمو بوٚنێکی خوٚشیان لیٚبڵاوە ـ بەشانەکە. پەرچوکە سەرخشت بوەکانت ـ کە چین لەسەر چین وێستاون ـ بوٚنی میسکو زەبادیان بالیٚ بوٚن بکەین. ئەو تاڵە

بسکـــانەی ـ کەوا کەوتونە ژێر هەنیەپێچـــت ـ وەدەرخـــە؛ با بۆنی گوڵاو، بڵاو بێ. بسکـــوڵەی داهێڵدراوت، وردەکەزی لول‌دراوت، تاڵ‌تاڵە موی بەر کڵاوت، تای گوڵینگەی سەرو شەدەت، لەو باڵایەی باڵاتەوە، سەما دەکەن.

چیم لەباسی موسا داوە؛ کە بەنیازی سەلکـەبزوت، بەرەو ئـاگرێك پەل بوە کە دایسـاو ئـــاگر گوتویە من خواتمو، موجزاتی دەستی سپی، بە خەڵات لەخوا پێگەیوە؟ من ئەو ئاگرەی کە موسا، لەشـــیوی پیرۆزدا دیتی؛ لەبادەی رەنگ گوڵهـــەناری لێوی یارم، خـــۆی شـــانداوم. گیانم ـ کە لەکورەی نێڵی ئەویندارىدا قاڵ‌بوە ـ لە دەستە سپیەکەی موسا، رۆشن‌ترەو سەرتوپی موجیزاتانە.

٦ مینەت کو ژبەختی خوەو طالع بنصیبم
حوسنا تەیە ئیرۆ ژمەرا چویە نیصابێ

٧ عیشقا مە ژبەر مەوجو عەجاجێ بوە دەریا
وی زیرو زەبەر کت مە بدەست هیندو غورابێ

٨ نەهچەرخی سپیهرێ ژهەوایا تەوو میهرێ
سەرگەشتە نەئەو تێك قمەرا شوبهی حوبابێ

٩ وەك با دلەزینی تو کومێدێ دبەزینی
عومرێ مە عەزیزی بخودێ بەس کەشیتابێ

١٠ یاپێ بزیارەت بدەمە، یا سەری ئەنگوشت
دەستێ خوە مەئاڤیتیە بێچارە ریکابێ

١١ من رێ ژسەرابێ بشەرابێ برو مونکیر
حەتتا بئەبەد، تەشنە جەگەرما دسەرابێ

**مانای وشە:**

**نیصاب:** رادەی زەکات لێکەوتن؛ **نصیب:** بەش؛ **عەجاج:** گێژەڵوکەو فەرتەنە؛ **غوراب:** جـۆرێ گەمیەی بادەوەیی؛ **هیند:** هیندو، هیندی؛ **هیندو:** بریەتیە لە دڵرەش‌و بێبەزەیی؛ **نەهـ** : نۆ؛ **حوباب:** بڵقی سەراو؛ **لەز:** پەلە؛ **لەزین:** پەلەکردن؛ **کومێد:** کوێت؛ **بەزین:** غاردان؛ **شیتاب:** پەلە؛ **ریکـــاب:** ئـــاوزەنگـــی؛ **سەراب:** تراویلکە؛ **مونکیر:** بێباوەڕ؛ **تەشنە:** تینگ.

**پوختەی مانا:**

جوانیت لەراده بەدەرە. زەکاتی جـوانیت لەســـەرە. ئـــەی خـــوایە! زۆر منەت بارم، کەمن نەدارو هەژارمو لەوانەیە لە زەکاتی جوانیەکەت، بەشم بەرکەوێو تێر بتبینم.

ئەوینی من، بویتە دەریا؛ شـــەپۆل دەداو دەکەوێتە ڤـەرتەنەوەو گێژم دەدا. لەشـــم لەناو ئـــەو

دەریایە، وەکو گەمیەی باژۆ وایەو نەوسی‌چنۆکو بەدکارم، لە گەمیەوانی بێ‌فەڕی هێندۆك، زۆر ئەحمەق‌و دڵڕەق ترە.زۆر دەترسم شەپۆلی دەریای دڵداریم، لەپڕ سەروژورم بکاو سەروماڵم تێدا بچێ.

هەرنۆ نهۆمی عاسمانێ بە خۆرەوە، لەناو دەریای ئەوینی تۆ، بە منیشەوە، وەك بڵقی سەراو دیار ئەدەن‌و سەرگەردانن.

چیتە ئەی‌یار! ئەی سوکەڵە سواری نازدار! بۆچ پەلەتە؟ بۆ ئەسپی کوێت ئاوا بەپڕتاو غاردەدەی؟ تۆ نازانی عومری منی‌و عومری هەرە خۆشەویستمی؟ تۆبیو خودا، وا زو مەڕۆ، پەلە کەم‌کە. کەس حەزناکا عومری بەپەلە ببوری. منی هەژاری بێچارە، لە ناچاری، دەستم دەقوڵفی ئاوزەنگیت وەرێناوە. نە وەکا زو بەجێم بێڵی‌و بەسەرگەردانی‌و بە وێڵی بمێنمەوە. بەزەییم لێ دریغ‌مەکە، یان ئەنگوستت نیشان بدە تارای‌موسم، یان ڕێم‌بدە، پای ناو ئاوزەنگیت ماچبکەم.

هی‌وا هەیە بڕوای بە دڵداری نیەو لۆمەم دەکا. منیش ڕۆژێك وەك ئەوان بوم. لەدوی بەردە تراویلکە، هەڵوەدا بوم. بەڵام وامن لەسەراب رزگارم بوەو لەجیاتی ئاو، بادەی ئەوین دەخۆمەوە. بێ ئاگاش لە دەردی ئەوین، هەروا لەتونیان تل‌ئەدەن‌و لە عەزرەتی تنوکێك ئاو، جەرگیان ڕەشە.

**١٢ سیرپوش‌و قیبابامەیە تەسبیح‌و موصەللا**
**وەر دا بدرینین لخوە ئەو پەردە قەتابێ**

**١٣ لِلّە وەرە ساقی بدو جامان مە جوان‌کە**
**موطریب بدەفێ رابدە سیگاهو شەبابێ**

**١٤ وەر گۆهبدە نایێ کو شیرین‌قەد دسەمایێ**
**پور حەل کرنە مەسئەلە قێ فەصلی خیطابێ**

**١٥ جاما نەشەکەرلەب بمەدەت عەینی حەرامە**
**فتوا وەنوما حاشیەیا شەرحا لوبابێ**

**١٦ موفتی‌مە نەی‌و نایەو نەی قەولی قەدیمە**
**باوەڕتە نەهن؟ گوهبدە بەر چەنگ‌و روبابێ**

**١٧ نەردامە چبازی بنومیتن مە ژی رازی**
**بەندین دسوئالێ‌و گوشادین دجەوابێ**

**١٨ ئەز چومە سەرایێ کوشیرین قەد دسەمایێ**
**گۆ ئەڤ نە«مەلایی» مەیە؟ بێ‌پەردە بلابێ**

**مانای وشە:**

**قیباب:** گومەز؛ **موصەللا:** جێ‌نوێژ، بەرماڵ؛ **قەتابێ:** پسابێ، درابێ؛ **سیگاه:** ئاهەنگ‌و هەوایەکە؛

**شەباب:** شمشاڵ، بلوێری ئاسنین؛ **فەصلی خیطاب:** قسەیەك كە هەموقسان ببڕێت؛ **حاشیە:** پەڕاوێز؛ **شەرح:** راوە؛ **لوباب:** كاكڵان؛ **لوباب:** دڵان؛ **لوباب:** ناوی كتێبێكی شەرعە. ابوالحسن محاملی ـ كە لە ٤١٣ هەتاوی مردوە ـ دایناوەو ئیمام‌الحرمین، عبدالملك نیشابوری (٤٢٠-٤٧٩ كۆچی) شەرحی كردوە؛ قەولی قەدیم لەشەرعی شافعی (محمدی كوری ئیدریس (١٥٠-٢٠٤ كۆچی) بەفتواكانی سەرەتایی شافیعی دەڵێن. كە بەرلە هاتنی بۆعیراق (١٩٤) نوسیونیو كەمیان مانو لەبرەو نەكەوتن؛ **نەرد:** تەختەی تاوڵی؛ **شەرح:** توێ، لا؛ **بەند:** شەشدەر؛ **گوشاد:** داشی تەنیا كە دەكوژرێ، فەتح.

**پوختەی مانا:**

ئەم تەزبیحو دوگردەمان، كردۆتە رازپۆشی خۆمانو لە پەنایان هەرچی نارەوایە دەیكەین. وەرە صوفی با ئەو پەردەی نێوان خۆمانو خەڵكی‌تر پس‌پس‌كەینو، بدرێنین. تۆبیو خودا، مەیگێڕ وەرە! بە دوپیاڵە لەو بادەیە جوانم‌كەوە. دەی با كاكی بەزمگێڕیش، بە هەوای شمشاڵو دەفە، ئاهەنگێكی سێگا لێدا. كابرای بەپرسیاری لاسار! تۆ ئەوكاتەی كەیارە بەژن نەمامو شیرینەكەم دێتە سەماو، دەنگی بلوێر دەویرێنێ، وەرە سەیرێ. بزانە چۆن مرقەت دەبڕێو ناچارت دەكا كڕ ببی. مەڵێن بادە هەمو دەمان نارەوایە. بەڵێ ئەگەر یاری شەكر لێو نەفەرموێ بخۆرەوە؛ نابێ وەخۆین. بەڵام ئەو بۆخۆی بیهێنێو خوڵقم بكا؛ حەڵاڵە وەك گەزۆ مازو. باوەڕ ناكەن؟ دە بڕوانە شەرحی لوباب كە مەبەستم ناو تویێی دڵی دڵدارانە. تا بزانن دڵی دڵدار فتوای چۆنە؟

مفتی ئێمە ئەویندارانە، بلوێرو شمشاڵو سازە. نە قسەی كۆنو لەكار كەوتوی، لەدڵداری بێخەبەران. باوەر ناكەی؟ گوێ لە دەنگی چەنگو روبابێ بدێرە تاتێبگەی.

نەردێنی ئەوین زۆر سەیرە. خراپیش بۆ دڵداران بێ، قبوڵیانەو زۆریش رازین. بۆ داواكردنی مەبەست، شەشدەرمانە. ناشێ هەر دەم ببزوێنین. لە وەراما كە هەر بڵێین بەڵێ قوربان، لەگش‌لا گوشادمان داوەو دڵبەر چۆنی ئارەزوی بێ، لێمان دەداو دەمان كوژێو بەو دۆڕاندنەش دڵخۆشین. گۆوەندبو لە بارەگای میر. یاری بەژن زراوی رەزا شیرینم، سەمای دەكرد. كە منی دیت، فەرموی: ئەوە مەلای خۆمان نیە؟ دەبا بێپەردە، بێتە ناو.

## قصیدەی نۆتویەکەم

# «بەهیشتایرەمی»

١ هێڤی‌و تەوقە دکم ئەز ژخودانا حەشەمێ
وێ نیگارو صەنەم‌و پادشەهو موحتەشەمێ

٢ جارنان بەندەیی دل‌صۆهتی‌یی مەهجور ڤە ڤەنێر
بلەبی لەعلی شەکەربارو ژعەینی کەرەمێ

٣ پرسیارەك لمە جارەك بکە شیرین دەهەنا من
کو پەریهتینە فیراقاتە لسەر دەردو غەمێ

٤ ئەرنە هودهود ژسەبا بێت وەکی بادی صەبا
دی ژهیر کو بگەهت دەست ڤپەیکی حەرەمێ

٥ پرسیارا لمەبت وەرنە خوە مەهجوری غەریب
دێ لکی عەرضە بکم ڤێ غەم‌و دەردو ئەلەمێ

٦ شەرحی حالی غەمی عیشقاتە ژکو تیتە نویسین
مەدحی ئەو صافی جەمالاتە کوجاتێ رەقەمێ

٧ وێ مەجالێ کو جەمالا خوە تەجەللا دکری
لازمە سەجدە ببین بەرتە دوێ گاڤ‌و دەمێ

٨ سەجدەبن بەرتە رەوایە دحەمی مەزهەب‌و دینان
کێ دبت موشریك‌و کافر ژوێ شیرین فەمێ

٩ حاشەللهِ کوبکم ئەشکەرەڤان غوصصەوو دەردان
وەر بصوژم ژغەمی عیشقی‌تو سەرتا قەدەمێ

١٠ مه بصەحرای ویصالا خوه دەرین تو ژخودێرا
وەرنه وەقته کوببین غەرقەیی بەحرا عەدەمێ

١١ ژگولستانی جەمالاته گولەك بێته ظهورێ
ژدنێ دێ بچتن ناڤی بەهیشتا ئیرەمێ

**مانای وشه:**

**تەوقه:** تَوقَعْ، چاوەنوڕی پێكهات؛ **خودان:** خێو؛ **حەشەم:** كۆیلەو دەستو پێوەند؛ **موحتەشەم:** بەشەرمو حەیا؛ **موحتەشەم:** پایەبەرزو گەورە؛ **پەریهتن:** داتوڵان؛ **هیر:** ئێرە؛ **پەیك:** قاصید؛ **حاشا:** بەجگە؛ **حاشەللهِ:** نەبەخوا، خواگیربم، موشكوڵوزمەبم؛ **كوجا:** لەكوێ.

**پوختەی مانا:**

ئەی دڵبەرە بەنازەكەم! ئەی بتی‌رەزا شیرینم! ئەی سەرداری دڵوگیانم! ئەی دەریای شەرمو حەیایە! ئەی پایەبەرزی بێوێنە ـ كە هەزاران دڵداری هەژار كۆیلەتن!ـ لەبەرت دەپاڕێمەوەو هیوادارم، دڵوان‌بی‌و بەدەنگ لاڵانەوەكەم بێی. جارجار بە چاوی مەرحەمەت، نیوە ئاوڕێكی بەزەیی، وەسەر منی كۆیلەی دورەدیداری خۆت وەدەی. بەو لێوە ئاڵە تەنكانەی ـ كە لە تونگەی شەكر دەكەن‌و شیرنایەتیان لێ دەبارێ ـ لێم بپرسی حاڵت چۆنە؟ تا بزانی كە لە دوریت، ژان‌و كوڵ دایان توڵاندوم.

مەلاقسان دەبزركێنی، كێ گوێی لە پاڕانەوەتە. ئەگەر شنەبای بەیانی ـ وەك پەپو سلێمانەكەی سولەیمانی ـ لەنێوانی یارو تودا، نەیەو نەچێ؛ چۆن تۆ لێرە لەو كونجی خەمخانەیەدا، دەستت دەگا بە قاصیدی بارەگای یار، كێ نامەی پڕپاڕانەوەت دەباتە حەرەمسەرای میر؟ ئەگەر سروە ئەوپیاوەتیەی بكردایەو بەزەی پێمابهاتایەو بیتوانیایە كارێك بكا، یار لەدەردم ئاگاداربێو ئەوە خوایە لێم بپرسێ، كارم باشە. ئەگینا منی بێكەسی ئاوارەو سەرگەردان‌و وێڵ، باری دەردو غەمو ئازار، لەلای چكەسێ هەڵرێژمو چۆن دەردی خۆم، بەناموو ئەغیار ببێژم؟ خوا ئەیزانێ هەزار ئەوەندەش بسوتێمو لەئاگری ئەوینێدا هەڵپروزێمو سەرتاپام ببێته قەقنەس؛ جگە لەیار، نهێنی‌دڵ لای هیچ‌كەسێ نادركێنم.

دەسا ئەی‌یار! تۆبیو خودا، بەدیدارێك لەو دەریای خەمەم دەربێنە. تا بەجارێك نەخنكاوم‌و نەفەوتاوم، بمخەسەرسارای هێمنی‌و رێم نیشانده چۆن دەتوانم تۆببینم. لە گوڵجاری جوانی تووە، تەنیا چڵێك خۆبنوێنێ، لەدنیادا ناوی بەهەشتی ئەودنیا، لەبیر خەڵك دەچێتەوە.

جوانیەكەی تۆ، تەنانەت لەخەمو كوڵی میش، زۆر زۆرترە. ئەگەر باسی دەردی ئەوین، لەبەر زۆری، زۆر دژوارە بێته نوسین؛ لەتوانای كام نوسەردایە پەسنی جوانی‌تۆ بژمێری؟یان بەكتێبی بسپێری؟

لەوکاتەدا کە روخسارت روبە دنیا خۆ دەردەخا؛ لەسەر هەموکەس پێویستە، دەستەولەجێ سوژدەبەرێو کرنوش بکا. سوژدە بردن بەرەو روی‌تۆ ـ کە تاقانەی لە جوانی دا ـ بە هەمو مەزەب‌و دینێك راستو دروستو رەوایە. ئەوکەسەی بڕوا نەهێنێو لای‌وابێ کەس وەك تۆ دەچێو شەریکت بۆ پەیدا بکا؛ هەر بەگفتی لێوە شیرینەکانی خۆت، کافرەو لەدین دەرچوە. چۆن کافرو دڵ‌ڕەشێکەو چەند خوێن تاڵە ئەو بێ‌تاڵەی، بڕوای بەدەمی شیرینت نەهێنابێ، کە وێنەی نەبوەو نەدەبێت.

١٢ گەرببم بەرتە سجودێ دەدەما کەشفو شهودێ
مەلدل دێ بدرت پورتەوی نورا قیدەمی

١٣ (قِبْلَتی وَجْهُكَ فی کُلّ صَباح وَمَساء)
بدو ئەبروی تە جانا دخورم ئەز قەسەمێ

١٤ مویەکی ئەز ژتە نادم بدوصەد زین‌و شیرینان
چەدەبت گەرتو حەسیب کی مە بفەرهادو مەمێ

١٥ تە فەرەنگو عەرەبستان‌و مەجەر تێك ستاندن
جەلەوێ خوەش وەگەرین هاتی یەنوبا عەجەمێ

١٦ ما ژدیوانێ سەعادەت سەکری شوبهی «مەلایێ»
تو بناڤێ مەگەدایێ بکشینە قەلەمێ

**مانای وشە:**

**کەشفو شهود:** دیاری‌دان‌و حازربون، لە زاراوەی صوفیان‌دا بەو دەمە دەڵێن کە دەگەڵ خوا تێکەڵ دەبن‌و لەنیزیکەوە خوا بەچاوی‌گیان دەبینن؛ **قیدەم:** هەرەپێشو: ئەزەل؛ **قِبْلَتی:** روگەی من؛ **وَجْهُكَ:** روخساری‌تۆ؛ **فی کُلّ:** لەهەمو؛ **صباح:** بەیانی؛ **مساءِ:** ئێوارە؛ **قەسەم:** سوێند؛ **زین:** دڵبەری مەم، کە دڵبەرو دڵداریکی کوردی بەناوبانگن‌و بەیتیان بە کرمانجی‌و سۆرانی هەیەو شیخ ئەحمەدی خانی (١٠٦١-١١١٩ ك. م) کتێبی بەشیعری لەوبارەوە بەناوی «**مەمەوزین**» داناوەو بە زۆرزمان وەرگەڕاوەو لە دنیادا بەناوبانگە. هەژاریش ئەوەکەی خانی بە سۆرانی وەرگێڕاوەو دوجارانیش چاپ‌کراوە.

**شیرین:** ژنی خوسرەوی پاشای ئێران‌بو، حەزی لە فەرهاد ناوێکی کوردی کەڵهۆری بەردبڕ کرد. خوسرەو پێی گوت: ژنەکەی خۆمت ئەدەمێ، بەومەرجە کەژی بێستونم بۆ کون‌بکەی. فەرهاد بێستونی کون‌کردو بەتەمابو شا بەڵێنەکەی پێك‌بێنێ. بەڵام درۆی دەگەڵ‌کراو قاو داخرا، کە شیرین‌مرد. فەرهاد لەتاوی شیرینێ، هەر بەو قوڵینگی دەستی خۆی، هەستو خوستی لەخۆ بڕی‌و لەرێی گیانە شیرینەکەی گیانی شیرینی بەخت‌کرد. پادشای گەواد، سەرەڕای بێ‌ناموسیەکەی قەتڵیشی کرد.

چیروکی فەرهادو شیرین، لەلایەن دو بوێژی کورد، یەکیان «**ئەلیاسی نیظامی**» کە لەنێوان ساڵانی پلەی چوارەمی سەدەی شەشی ـ کۆچی مانگی ـ لە مەڵبەندی گەنجەی ئاران، پای ناوەتە ناو دنیاوەو

لەیەکەمین دەیەی ساڵەکانی چەرخی حەوتەمدا مردوە. شیرینو فەرهادەکەی ئەو بەفارسییەو لەراستیشدا دادی داوەو هەمو بوێژو ئەدیبی فارسیزمانی بوێزداون. دوهەم «**خانای قوبادی**» کوردی گوێرانە. کە مێژوی ژینی نازانین. بەکوردی هوندویەتەوەو چاپکراوەو نمونێکی بیوێنەیە.

**مەجەر:** مەجارستان؛ **عەجەم:** خەڵکی ئێران، خاکی ئێران؛ **سە، سەح:** بیسن؛ **سەکری:** بیستراو.

**پوختەی مانا:**

من هەرکاتێ لەگەڵتا روبەرودەبمو چاوم بەدیمەنی پاکت پیروز دەبێو سوژدەی سوپاس دەبەمە بەر ئەو بەژنو باڵا بەرزەیتو؛ نوری هەرە پێشینەو لە دوا نەهاتوت، تیشك ئەداتە دڵمەوەو تاریکیم لەبەر دەڕەوێ. هەمو بەیانیو ئێواران، سوژدە بەرەو میحرابی بروی تو دەبەم. روی تو، تەنیا روگەی منە. گیانە سوێندم بە دوبروت، کەمن تاڵێك لەموی کەزیت، بە صەد جوانی وەکو زینو شیرین، ناگوڕمەوە. دەیسا خو قیامەت رانابێ کەتوش ئێمە بەفەرهاد، یان مەم بزانیو بەتیلەیچاو، لێمبڕوانی. باسی جوانیت عەرەبستانو فەرەنگو مەجارستانیشی داگرت. ئەمجارە نوڕەی ئێرانە، بەجوانی خوت، بەرخوتی دەی. جڵەوی ئەسپت بادەوە بەرەو ئێران. با لەجوانیت بیبەش نەبن.

شیاوی باسە، عوثمانیەکان لە روژگاری ژیانی مەلا، عەرەبستانیان گرتبو؛ مەجارستانو زوربەشیان لە ئوروپا لەدەستابو. هەمیشەش دەگەڵ ئێراندا، لەشەڕو مشتو مڕدا بون. وەك مەجنونەکەی عامیری، کە لێیان پرسی، دەربارەی ئیمام عەلیو معاویە تو چیئەڵێی؟ حوکم بەکامیان رەوایە؟ گوتی: ئەگەر راستو دەوێ، حوکم شیاوی لەیلایمنەو بو هەموکەس نارەوایە. مەلای دڵداری سەلمایەش دەڵێ: داگیرکردنی دنیایە هەر بو جوانی ئەو دڵبەرەیمن رەوایەو تا ئەو هەبێ، هیچ سوڵتانێك رێیناکەوێ بڵێ منهەم. لەبارەگای بەختەوەری ـ کە سەراو پەردەکەی توێە ـ لە دەفتەری سیایی ناوی بەختەوەران بەدیدارت؛ بیستوتە لەشوێنێك ناوی کوڵکە مەلایەك نوسرابێ؟ ئەگەر هەبو، ئەوا منی پارسەکی بەر بارەگاشت، لەپەنا ئەودا بنوسە. یان، زور ناجوڕە ناوی گەداو کوڵکەمەلا، دە دەفتەری تودا هەبن. رێیان ناکەوێ بیێنەناو. ئەگەر بیستت کەناوی منی پارسەکو کوڵکەمەلا، لە دەفتەری دڵدارانتدا نوسراوە. بوخوت قەڵەمیان بکێشە، هەر ئەو قەڵەم لێکێشانەت، کە بەو دەستە ناسکانەت دەیانکێشی؛ گەورەترین مایەی بەختو تالحمانە.

## قصیدەی نۆتو دوهەم

# «کۆڤانا گیان»

١ غەما عیشقێ پەریهتم ئەز حەبیبا غەمرەوین کانێ
سەراسەرتێك بەهیتم ئەز ژدەردێ فەرق‌و هیجرانێ

٢ فیراقا دلبەرا رندە بەهیتم ئەز وەکی فندە
موسلمانەك درێ من‌دە خەبەربت بالی سولطانێ

٣ خەبەربت بال شەکەرخایێ شەپال‌و خوب‌و زیبایێ
کومیرە بەلکە بیرنایێ ئەسیرەك وی دزیندانێ

٤ ئەسیرم لەرزەیو تاڤێ نەطاقەت ڤێ نە پەرواڤێ
ژحەبساوی قەمن ناڤێ بکم فەریادو ئەفغانی

٥ م ناوی ئەز بفریادکم لظولما دلبەرێ دادکم
صەحی دێ شوبهی فەرهادکم بدم روحێ ژکۆڤانێ

٦ ژکۆڤانا تە شیرینێ دنالم شوبهی گۆیینێ
درێژم هێسترێن خوینێ وەکی طاڤێ دبارانێ

**مانای وشە:**

**پەریهتن:** برژانی لەڕادە بەدەر؛ **بەهیتن:** توانەوەو چۆقان؛ **رند:** جوان‌و لەبار؛ **فند:** مۆم؛ **بال:** نك، کن، لا؛ **لەرزەو تاڤ:** تاولەرز؛ **پەروا:** تابشت، ترس؛ **فەریادو ئەفغان:** دادو هاوار؛ **صەحی:** بەراستی؛ **گۆیین:** باڵداریکی شەوبێدارەو هەر دەنالێ؛ **طاڤی بارانێ:** تاوی باران، رێژنە؛ **هێستر:** ئەسرین، هرس؛ **کۆڤان:** عەزرەت، دەردو کوڵ‌و کەسەر.

**پوختەی مانا:**

گڕەی ئەوین‌وای برژاندم، لە کەڵك بوم. بەتینی دەردی جودایی، هەمو لەشم تواوەتەوەو داتوڵاوە. لەو توانەوەی لەشی کزم - کە زەردیشەو وەکموم دەچێ - دەکرێ شەمم لێ‌دروس‌کەن‌و داگیرسێم. خۆشەویستی خەمڕەوێنی لەجوانی‌دا بێ‌تاو بێ‌وێنە، لەکوێیە دەفریامبێ؟ کوا موسوڵمانێ خێرەومەند توشم ببێ‌و لەڕای‌خودا، خۆ ماندوکا. دەنگ‌وباسی کەساسی من، بەو سوڵتانی گش‌جوانانە بگەیەنێ. ئەو سوڵتانی مەڵبەندی هەمو نازداران، خونچیلانەو خوێن شیرین‌و جوان‌و باش‌و بەئاکارەو لەکاتی قسەکردنا، شەکری لەزاری دەبارێ. موسوڵمانەکەی خێرەومەند، بەونیشانانەی من دەڵێم با بیناسێ. ئەو لەسەر جوانان ئەمیرەو، کاروباری دڵبەران‌و دڵداران گشتی لای ئەوە. سەری قاڵە لەوانەیە هەر لەبیریشی نەمابێ کە یەخسیرێك لە زیندانی دڵاندا بێ‌دەرەتانە. بەڵێ ئەویەخسیرە منم. سەرەڕای دیلی. لەرزوتای تاسەو ئارەزوی، تابەتای ئەوکەزیە بەلەرزانەی ئەو، توشی توشی لەرزو هەڵچۆقانیان کردوم. هێزو تابشتم نەماوە. ناشمەوێ لەبەندی ئەودا، هاوار بکەم. بڵێم زوڵمم لێ‌کراوە. راستت دەوێ، من دەمەوێ دەرسێك لە فەرهاد فێربیم. گیانی خۆم لەعەزرەت دینی دیداری یاری شیرینم بەقوربان کەم. لەعەزرەت توێ گیانی شیرین، شەو هەتا رۆژ، وەکو گوێین دەناڵێنم. وەك ڕێژنەی تاوی بارانێ، فرمێسکی خوێن، لەچاوانم دادەبارن.

۷ وەکی بەرقی بوهاری ئەز ژدەست چەشمێن خوماری ئەز
دکم فەریادو زاری ئەز مەگەر جارەك کی ئیحسانێ

۸ تو پورئیحسان‌و خوەی نەشمی لدەرویشان ئابێ خەشمی
چبیتن گەر بنیڤ چەشمی نەظەرکی تولا ئاستانێ (یان، تو لئاستانێ)

۹ لمن پرسەك بدلداری دبت هەمپایی دیداری
ڤەڤە وەستایم دفەروازی لعەبدێ خوە کە فەرمانێ

۱۰ دفەرمانێ ڤەڤە وەستایم دبەندا خدمەتی دایم
وەکی گوێ بێ سەروپایم هەمان لێدی تو چەوگانێ

۱۱ لبەر چەوگان‌و کاشویان ژدەربا تورك‌و هیندویان
دبازم هەروەکی گویان دەما ئەوتینە مەیدانێ

۱۲ دەما ئەوتین ببازی تێن دگەل قەوسێن شیرازی تێن
چموکارن؟ دتازی تێن بدەعوا تێنە لێکدانێ

۱۳ بدەعوا تێن مە یەغما کن دعامی شورو غەوغا کن
سواش‌و فیتنەیان راکن بشیر ئەوتێنە تالانێ

## ١٤ دوتالانچی دمەشهورتیٚ ژمەعدەن عەینی کافورتیٚ
## دتیٚکەل ظولمەتو نورتیٚ مەکوفریٚ دی دئیمانیٚ

### مانای وشە:

**خوٚی:** خیٚو؛ **خەشم:** رك؛ **نەشم:** ناوی بەرزو پایەی بەرز؛ **هەمپا:** بەرانبەر؛ **فەروار:** فەرمان؛ **هەمان:** ئیتر ئامادەیە؛ **کاشوٚ:** داری سەرخواری گەمەی شەقیٚن؛ **دبازم:** غار دەدەم؛ **بازی:** گەمە؛ **تازی:** روت؛ **موکار:** زوٚر تیژ کە مو هەڵدەگریٚ؛ **دەعوا:** شەرٚ؛ **یەغما:** تاڵان؛ **عامی:** ئاپوٚرەی خەڵك؛ **شورو غەوغا:** پشیٚوی‌و هەراهەرا؛ **سواش:** شەرٚو دمەقاڵە؛ **مەعدەن:** کان؛ **عەین:** کانی.

### پوختەی مانا:

لەدەست ئەو چاوە مەستانەت، کە لەو دیوی پەچەی روبەندە وە هەر گرشەگرشیانەو، وەك بروسکەی هەوری پری مانگی گوڵان، دەتروسکیٚن‌و تریشقەو گرمەو بارانیان بەشوٚین‌دادیٚ. ئەوامنیش وەکو هەوری بوهاران، ناڵەناڵم دیٚو، بەتاو ئەسرین دەباریٚنم؛ ئەسرینی خوٚین. دەڵیٚم جاریٚك بەباریٚکدا، بەزەت بەمنی هەژاردا بیٚ. دەزانم هەر پیٚم بزانی، بەزەت دادیٚت. ئەتوٚ زوٚرچاك‌و پرچاکەو دلوٚوانی‌و لەراست روت‌و گەدایان رك لەدلٚ ناگری. هەمو ئاواتی من هیٚندە، کە جاریٚکیان، لە گوٚشیٚکرا، بەچاوی کز، لەئاسانەکەت بنوٚڕم. توٚش بەتیلەی چاوەکانت، تولەی بەر ئاستانەی خوٚت، تماشاکەی. ئەگەر واکەی، چناقەومیٚت‌و بەو دیدارە، دیواری کابە ناروخیٚ. ئەگەر هەر ناشتەویٚ بمبینی، پرسیٚکی لەحاڵم‌کە، کە پرسیارت لەمن، کەمتر لەدیدارت نیە بوٚمن. ئیتر دیدارە یا پرسیار؛ بەدەست خوٚتە. ئەمن کوٚیلەم، لەخزمەتدام. چفەرمانیٚك بدەی، سازم بەجیٚی بیٚنم. وەکو گوٚی‌بازی ئامادەم لەبەر شەقتا. سەری سەرکیٚش‌و پای راکردنم لانین. بەگیان‌و دلٚ، بەئاواتم بەگوٚچانت خەڵاتم‌کەی. چخوٚشە دلٚ وەکو گوٚیەك لەمەیداناو دویاریکەر، یەکیٚ چاوت ـ کە وەك تورکان، لەحاند بیٚ دەستەڵاتان زاڵم‌و تیژن ـ ئەویتر کەزیەکانی رەنگ شەوەت ـ ویٚنەی چەتەی هیندی بیٚئامانن ـ وەبەر کاشوٚی دەن‌و رایدەن؟

گەلیٚك‌جار، پرچ‌و بسکی‌توٚ، دەگەلٚ چاوت، بەشیری خواری دوبروٚوە ـ کە وەك جوتیٚك کەوانی کاری شیرازن‌و تیری مژوٚڵان داویژن ـ دیٚنە یاری شیرو تیرو کەوان‌بازی. بەڵام چەند شیری موکارن‌و لە کالانیش دەرکشاون. بەشیری روت، بەریژنەی تیر دەگەنە یەك. پیاو لای وایە، شەرٚیان لەناو خوٚیاندایە. کەچی نەخیٚر کیٚشە بوٚ دڵی مەلایە؛ هاتون تاڵانی دلٚبکەن. هەراو ئاژاوە بەرپاکەن. قیامەت لەدنیایە راکەن. ریٚزی دڵان بشیٚوینن. هەراو هوریا لەناو خەڵکا بنیٚنەوە. سەرتەریدەی ئەو دزانەش، چاوەکانن؛ هەر ئەوانن بوٚ تاڵانی دڵی هەژار، بەناوبانگن. شیری بروٚ وەکار دەخەن. هەڵدەکەنە سەر دڵداران دڵیان دەبەن. ئەمما چەند تاڵانچی جوانن؟ دڵدار حەزدەکا بیان‌بینیٚ‌و صەدجار گیانی بدورٚینیٚ. سپی‌و رەشن. واتا دوچاوی بەڵەکن. سپیایەتی لەکانی کافورسپی تر؛ رەشیەتی‌یەکەش وەکو ئەو تاریکستانەیە ئاوی حەیاتی تیٚدایە. سەیرە چلوٚن

تاریکـی‌و نور، گەیونە یەك؟ ئێمە کەلێیان دەڕوانین، کوفـرمان دێتە بەرچـاوان، کەدەناو خواناسین‌دایە.

١٥ مەکفری دی دئیسلامبێ ژشەرقێ ظولمەت‌و شامبێ
ژزولفان عەنبەری خامبێ کەناری خال‌و نیشانێ

١٦ دو زولفی عەنبەر ئەفشانن دو لەعلی شەککەرستانن
دو چەشمی سیحری فەتتانن دلێ‌من وان خەدەنگ دانێ

١٧ دلێ‌من وان خەدەنگ لێدا دبورجا روزو شەب تێدا
لسەلوا مارلڤین پێدا بمەستی هاتە سەیرانێ

١٨ لسەلوا مار بلەف هاتن دبورجان تیپ بصەف هاتن
ژباطین تیر بخەف هاتن ژبەر بەندا گریبانێ

١٩ ژبەر بەندا نیقاباوی لبەر فەتلا عیصاباوی
جەمالا ماهتاباوی مەبەدرەك دی دسەیوانێ

٢٠ هەیڤ بو ئەو دظولماتێ دخۆم صوندێ بئایاتێ
کونوری‌دا سەماواتێ ئەسەد هات راستی میزانێ

٢١ قەمەر هات راستی پەروینان ژبۆ خەملێ شەمال ئینان
م نێرگز دی دنەسرینان دنیڤ باغێ گولستانێ

٢٢ دباغێ من مەدام دلتێ جنەسری‌و سوسن‌و گولتێ
بنەفش‌و طەرح‌و سونبولتێ چەڤین سەر شوبهی رەیحانێ

٢٣ لدیمێ سونبولان سەردان چەڤین سەرسوسن‌و وەردان
لماهێ عەقرەبان گەردان دسەردا ئابی حەیوانێ

٢٤ ژعیشقێ لەو «مەلا» خەستە ژحەرفا بادەیێ مەستە
ژهوش‌و عاقلی رەستە لدەر گوشێن دمەیخانێ

**مانای وشە:**

**شام:** شەو؛ **ئەفشان:** بڵاوکەرەوە؛ **فەتتان:** جوانی دلشێوێن، ئاژاوەچی؛ **لڤین:** جوڵان، بزوتن؛ **لەف:** پێچ؛ **تیپ:** کۆمەڵێکی لەشکر؛ **گریبان:** بەرۆك، پێسیر؛ **فەتل:** لێکهاڵاو، بادراو؛ **سەیوان:** سایەدەر؛ **سەیوان:** خرمانە؛ **خەمل:** رازاندنەوە، رازانەوە؛ **جنەسری:** دارخورمایەکی نایابە؛ **چەڤین:** خوار بونەوە، چەمانەوە؛ **گەردان:** لەگەڕدان، بەدەورەدا؛ **خەست:** تیرو توخ؛ **خەستە:** نەخۆش‌و ماندو؛ **حەرف:** کەنار؛ **حەرف:** تیژ لە چێژەدا؛ **حەرف:** پیت؛ **رەستە:** رزگاربو؛ **دەرگوش:** جوڵانەی بەگوریس‌و پەڕۆ کە منالۆ

نەخۆشی تێدا دەحاوێنەوە.

**پوختەی مانا:**

بۆچی دەڵێم کوفرم لەئیسلامدا دیوە؟ زولفی رەشی ـ کە عەنبەری خاو بەردەگرن ـ هاتبونە دەوری خاڵانیو دەتگوت تاریکایی شەوێ، دەوری روخساری وەك رۆژی بەتیرێژی یارمی داوە. ئەو روخسارە لەپاکیدا، وەك ئیمانی موسوڵمانی خوداناسی بەراستییە. زولفو خاڵە رەشەکانیش، وەکو کافر دڵیان رەشە. ئاوا من ئیسلامو کوفرمپێکەوە دین.

پرچی عەنبەر دەپرژێنن؛ لێوەکانی هێند شیرینن، تۆ ئێژی بونە شەکراوا. چاوی جادوی دڵشێوێنن، هەر ئەوان بون، دڵی منیان بەرتیراندا.

لەو مزڵگەی عاسمانی روخساری پاکرا ـ کە وەك رۆژ لەناو شەودایە ـ دڵم تیرەباران کرا. دو رەشماری کەزی یارم، لەباڵای راستی وەك سەوڵی، جوڵانەوە. وەك سەرخۆشان تلیاندەداو دەیانروانیە ئەم تیرهاویشتنەی چاوان. جەرگو دڵپێکانی منیان، بەخۆشو سەیر دەزانیو سەیریان دەکرد. کەزی رەشمار، هەر دو نەبون؛ زۆر بون. رێز بەرێزو تەکوز وەك تیپی لەشکری راهێندراو، هاتنە پێشێ. هێندێکیان لەگەردن هاڵانو سەریان گەیاندە سەر بەرۆك. لەبەر دوگمەو بشکۆژی سەر بەرۆکیەوە بەدزیەوە زۆر تیر داباریە هەناوم.

لەبن بەندی روبەندیدا، لەژێر ئەو بسکە لولانەی ـ کە بەر توێڵپێچی کەوتبون ـ جوانی هەنیەی وەکو ترێفەی مانگەشەو، دەبریقاوە. هەنیەی یارم، وەك مانگی چاردە شەوێك دی؛ کە هەنیەپێچ خۆی لێکردبوە خەرمانە.

روخساری دەناو بسکاندا، وەك مانگ لەناو تاریکاییدا، دەینواند. بە ئایەتان سوێندێ دەخۆم کە تیشکی روخساری یارم، روناکایی دایە عاسمان. بورجی ئەسەد، خۆی بەرانبەر بەمیزان کرد. وەك چۆن چاوە مەستەکانی، لەراست بروی وەك تەرازوی نازکێشانێ، خۆ دەنوێنن؛ مانگو هێشوی ئەستێرەی کۆ، هاتنە پاڵیەك. تا وەك ناو چەوانی یارو لیزگە مرواری سەرتوێڵی، خۆ نیشاندەن. کۆ ئەستێرەی بورجی میزانو ئەسەدو پێرو، مانگیش پێرا. هەریەك مۆمیخۆی هەڵکردو لالەبەدەست بە بەهانەی رازاندنەوەی ئەو روخسارە، هاتنە دیدار. کە لەخۆیان جوانتریان چاو پێبکەوێ.

ئەدی منی دڵداری ژار، کە پڕکوڵمو دڵم بۆگوڵ دەکورکێنێ؛ لەو بەژنو باڵاو روخسارە، چیم بەدیکرد؟! نێرگسی کاڵی چاوانی، لە کەناریش لاجانگی سپی وەك نەسرین، لەناو باغچەی بەهەشتی ئەو روخسارەدا ـ کە دڵم باغەوانیەتیو لێی دەرناچێ ـ بەژنی وەك داری جنەسری ـ کە خورمایەکی زۆر شۆخو زۆر بەرشیرینو نایابە ـ هەڵوێستابو. هەر شیرنایی لێ دەباری. بسکی بۆنخۆشی وەكسوێسن، گوڵی رومەت، وەنەوشەی خاڵ، چڵی ریشوی سەرو شەدەی، گوڵی سملی پەرچوکەکەی، گشتی لەریحان بۆنخۆشتر، لە رەشەریحانە رەشتر، نوسەری قودرەتی

خودا، له شێوه خەتی ریحانی، نوسیبونیو سەری خوار کردبونەوە. کەزیە بۆن سونبولەکانی، سەریان لەروخساری دەدا. بەسەر بسکی وەك سوێسنیدا چەمابونو گشتلا دەوری پەڕەی گوڵی سەررومەتی ئاڵیاندابو. کەزیەکانی سەرچەماوەم، وەك دوپشکی لەعەنبەر دروستکرابنو هاتبنەگیان بەدی دەکرد؛ کە پاسی لاجانگی دەدەن. ئەو لاجانگەی ئاوی ژیانی تێدایەو لە دەوری مانگیش دەسوران. کە مانگ لەبورجی عەقرەبدا، زۆر بەتیشکە. بۆیە مەلا ئەمرۆ لەباسی دڵداری، هێندە خەستەو قسەکانی هێندە کرژن. چونکە بادەی توندو تیژو خەستو خوڵی ئەوینی دەرخوارد دراوەو مەستو کەلەلا کەوتوە. لەوشتانەی کە ناو نراون عەقڵو هۆش، رزگار بوە. هێزی بزوتنی نەماوە. ئەوا لەناو مەیخانەدا، خراوەتە جوڵانەوەو رای دەژێنن. بەپیری منداڵ بۆتەوە.

«مەحوی» دەڵێ:

لەپێ کەتومو نەفسم بۆ هەوا دەشنێ وەکو منداڵ

لەبەر پیری سەرم خۆی ناگرێ، من تازە پێ دەگرم

شیاوی گێڕانەوەیە:

شەرحدەری ئەم دیوانە بەعەرەبی، نوسیویەتی: شیخ عەلی فەندەکی گوتی: لەخەوما شێخی جزیریم چاوپێ کەوت. گوتم قوربان، تۆ «ئابێخەشمی»ت کە فەرموە، من لامواید «ئا» یەکە زیادە. تێ ناگەم. مەلا فەرموی: تۆ نازانی. «ئا»لە مانای ئاریدایەو زۆر لەکورد دەکاری دێنن. «ئابێ خەشمی» کەوتۆتە بەیتی هەشتەمی ئەم قصیدە.

# قصیدەی نەوەدو سێهەم

# «سەمەن سایان»

**١ بحوسنا (احسن التّقویم) و ظاهیر صورەتی ذاتی**
**نەظەردی (عَلَّمَ الأَسماء) و باطن عەینی میرئاتی**

**مانای وشە:**

**احسَن:** باشترین، جوانترین؛ **تَقْویم:** راستو رێككردن، هەڵخستنەوە؛ **صورەت:** وێنە؛ **ذات:** خۆ؛ **ذات:** بریەتیە لەخودا؛ **عَلَّمَ:** فێری‌كرد؛ **اَسماء:** ناوان؛ **ظاهیرو باطن:** دەرو ژور؛ **عەین:** هەرخودی؛ **عەین:** چاو؛ **عەین:** خۆر؛ **میرئات:** ئاوێنە.

**پوختەی مانا:**

خوا فەرمویە: (ئادەم نوێنەری خودایە لە سەرزەمین. هەمو ناوێكیشی فێركرد.) فەرموشیەتی: (ئێمە مرۆمان جوانترینو رێكو پێكتر لە هەرشتێك هەڵخستەوە.) پێغەمبەری خواش (ص) فەرمویە: (خوا عینسانی لەسەر وێنەی خۆی سازداوە.)

جا ئەگەر لە دڵبەری من ورد ببیەوەو ئاگایەكت لەو ئایەتو فەرمودانەی خوداو پێغەمبەریش هەبێت؛ زۆر شتت لێ حاڵی دەبێ. لە رواڵەتە كەی برۆوانەو ئەو جوانیو ئەو دڵرفێنیەی بێنە بەرچاو، تابزانی ئەوكەسەی ئەوی لەشكڵی خۆی هەڵخستەوە، چۆن جوانێكەو چۆن هەر تەنیا ئەوە كە دەبێ بپەرستری‌ۆ كەسی‌تر نا. خۆ ئەگەر بەچاوی دڵت، وردتر لە رواڵەت بروانیو قوڵتر بچیتە ژورەوە؛ تێدەگەی كە جوانیو رێكی ئەندامی ئەو دڵبەرەی من، جگە لە ئاوێنە نیە، كە بەرەو خۆر راگیراوەو جوانی سیماو بەژنو باڵای، تیشكێكی جوانی خودایە داویەتەوە.

**٢ دپابوسا سەمەن سایێ مەنێری بەژنو بالایێ**
**(لَعَلّی اَبلغُ الاَسبٰاب، اَسبٰابَ السَّموٰات)**

**مانای وشه:**

**بوس:** ماچ؛ **سەمەن:** گوڵی یاسەمەنە؛ **سا:** (وشەی پاش‌بەندە)؛ **بەمانا:** وەکو؛ وردکەر، خۆڵێدەر. دێت؛ **سەمەن‌سا:** وەك یاسەمەن، یاسەمەن بەرپێ دەر، خۆڵە یاسەمەن دەر؛ **لَعَلّی:** شایەتامن؛ **اَبْلِغُ:** بگەم؛ **اسباب:** لایەن‌و پێ‌پیلکەو کەنار؛ **سَمٰوات:** عاسمانان، بڵندابیان.

**پوختەی مانا:**

ئەو پاوپلە ناسکانەی ـ کە یاسەمەن ئەگەر بۆی بلوێ ماچیان کاو خۆیان لێدا، شانازی بە بەختی دەکاو هەمیشە بەو ئاواتەوە لە رێبازی کەوتوتەوە. پەلامارمدا ماچیان‌کەمو خۆم خستەسەر پێڵاوەکەی. لەو خوارەوە خێسەم لەبەژن‌و باڵای کردو تێمهە ڕوانی. دڵی نەزان، ئارەزۆیکی بەدڵدا هات؛ کە بەڵکو رۆژێك لەرۆژان، بگەمە سەیری عاسمانی جوانی لەو باڵایەو بڕوانمە مانگی روخساری. بەڵام دڵەنەزانەکەم وەك فیرعەون لێی شێوابو. وەکو قورئان باسی دەکا، کە لە وەرامی موسادا بە هامانە ـ وەزیرەکەی خۆی ـ گوتوە: هامان بورجێکم بۆ سازکە، بەشکو بەوێدا بگەمە پلەپلەی عاسمانان‌و کەنارەکانی بگەڕێم؛ تا بزانم ئەوخوایەی موسا لەکوێیە؟! خەیاڵ پڵاوی دڵەکەم، وەك خەیاڵ پڵاوی فیرعەون، پرو پوچەو دەستی بەباڵا ڕاناگات.

**٣ ژڤێ تەقویمی ئینسانی نەظەردا سیرری سوبحانی**
**(فَهذا اَلْوَجهُ مِنْ اَجْلیٰ بَراهینِ وآیاتِ)**

**مانای وشە:**

**ئینسان:** مرۆ؛ **ئینسان:** ئەمجۆرە؛ **ئینسان:** بی‌بیلەی چاو؛ **سوبحان:** پاك‌و دور لە هەڵە؛ **سوبحانی:** خودایی؛ **هٰذا:** ئەمە؛ **وجە:** روخسار؛ **اَجْلیٰ:** رۆشن‌تر؛ **بَراهین:** بُرهان‌گەل؛ **بُرهان:** بەڵگە؛ **آیات:** ئایەتان، **آیَت:** نیشانە.

**پوختەی مانا:**

هەر چاوێکی کە خاوەنی بی‌بیلەیەکی بینابێ‌و بەو بروانێتە یاری من ـ کە نمونەی هەرەجوانی دروست کردنی ئینسانەو بەوجۆرە کە نهێنی‌خوا، بۆ نیشان‌دانی دەسکاری بێ‌هاوتای خۆی شانی‌داوە ـ کافریش بێ، ناچاردەبێ ئیمان بێنێ. چونکە ئەو روخسارە پاکە، رۆشن‌ترو بەهێزترین بەڵگەو نیشانەی قودرەتی لەبنە نەهاتوی خودایە.

**٤ کونوری عیشقێ لامیع‌دەت لطوری قەلبی جامیع دەت**
**دسەیرا (بَرْزَخُ الاسماء، نِهایاتُ بِدایاتی)**

**مانای وشه:**

**لامیع:** تروسکەدەر؛ **جامیع:** کۆ، کۆکەرەوە؛ **سەیر:** گەشت؛ **بەرزەخ:** بەرزەك، نێوان، لەمپەر، ماوەیەك دەناو دودەمدا؛ **نهایات:** پاشینەکان؛ **بدایات:** پێشینەکان.

**پوختەی مانا:**

ئەویندارى راستو دروست، گەرەكبیرى بڵاو نەبێت؛ جگەلەیار، هیچشتى بەدڵدا نەیەت. دڵى بۆیار کۆکاتەوەو خروپڕ بیدا بەیارو ئاوڕ وەهیچ نەداتەوە، کە یارى لەبیرباتەوە. جا ئەوسایە ئەبێ هومێدێکى هەبێ کە تروسکەى نورى خودای ئەویندارانو، وەك چۆن لەکێوى طورىدا، لەویشبداو لەبەر روناکى ئەوتیشکە بەناو ناوەکانى خوادا ـ کە هەریەکێك لەوناوانە جۆرە بارو حاڵەتێك لە رێرەوىرێ پەیدادەکا ـ پێهەڵێنێ؛ ئەوە خوایە بەشکو بگاتە هەوارى بەختیارىو بە یەکجارى لەگەڵ یارى هەرە نازدارى؛ کۆوە بێت. سوپاس بۆخوا، کەمن لەم گەشتو سەفەرە پرخەتەرە، گەیشتومە دواییەکانى تازە دەست پێکراوەکانم.

نازانم کێ گوتویە:

دنیا لەدڵما ناحەوێنمەوە  گشکى دەربەستە وەدۆس دریاوە

**٥ نیشانێن طورەیى طوغرا دوەصفى زوهرە سیمایان**
**(لِعِنْوانِ التَّجَلّى مِنْ بَراعاتِ الْعِباراتِ)**

**مانای وشە:**

**عینوان:** نیشانو بەڵگە؛ **تەجەللى:** بە روناکى خۆنیشاندان؛ **بەراعات:** بارع گەل؛ **بارع:** سەرکەوتو لە ئاکارى پەسندا؛ **بارع:** زۆر دەمپاراوى قسەرەوان؛ **عِبارەت:** تەرزىقسە، قسەدەربڕین.

**پوختەی مانا:**

بۆشایەتىو بەڵگەى هەرە زۆپو دیارى، کە نورى خودا داویەتە روخسارى پاكو جوانچاكو بیچمو سیماى زوهرەئاسایان؛ ئەو مۆرە بەقیچەڵ فیچەى قودرەتىیە، کە پادشاهى پادشایان بۆى ناردونو بۆىکردون بە بسكو کەزى. تۆ بڕوانیە ئەوبسکانەى لە دەورى رون، فەصیحترین عیبارەتن بۆ ناوونیشانى دەسکارى خودای مەزنو زو تێدەگەى کە نورى خوا بە مۆرەوە، بەمۆرى لە روخسارى جواندا دێتە بەرچاو. پێغەمبەرى خوا فەرمویە: (چاکەتان لە روى جوانبوێ).

**٦ دلۆ وەر سەیرى بالایان دگولزارا سەمەن سایان**
**(بِها تَهْتَزُّ باناتُ لَنا مِنْ مَیْسِ قاماتِ)**

**مانای وشە:**

**سەمەنسا:** وەك گوڵە (یان، چڵە یاسەمەنە)؛ **بِها:** لەوێدا؛ **تَهتَزُّ:** رادەژێ؛ **لَنا:** بۆمان؛ **مَیْس:** لەرینەوەى

بەناز؛ **قامات:** قامەت‌گەل؛ **قامەت:** بەژن.

**٧ سەمایا جوملە دیم دورتێ بئیعجاز ئەهلی سورێ پورتێ**
**(بِهٰا تَصطَفُ قاماتُ بِعیدانٍ وَنایاتِ)**

**مانای وشە:**

**جوملە:** بەتۆپەڵ‌و کۆمەڵ؛ **ئیعجاز:** موجزات شاندان؛ **تَصطَفُ:** ڕێزە دەبەستێ؛ **عیدان:** عودگەل؛ **عود:** ئامرازێکی موزیکە؛ **نایات:** نەی‌گەل.

**پوختەی مانا:**

ئـەی‌دڵ! وەرە لەو کۆڕەدا کە بویتە باغچـەی نەمامی بەژن‌و باڵا لەگوێن قلەیاســەمەنان، تاوێك چاوێك بەو بەژن‌و باڵاشەنگانەی چەلەنگانەدا بگێڕە. چەندجـوان بەدەم هەڵپەرکێوە دەلەرنەوە؛ تۆ ئێژی نەمامی بانن، ڕادەهەژێن بەدەم‌باوە.

چۆن ڕەقصـێکە؟ سـەرلەبەر ڕوخسـار مروارین، لەوێدا کۆن‌و، هەموێان لە دڵکێشـی‌دا گەیونە پلەی موجزات نیشان‌دان. بۆ ئەهلی دڵ‌و دەروێشان، پڕن لە بەڵگەی ڕێشاندەر بۆئەوینێ. چـەند جوان‌و لەبار بەهەوای عودو تارو بلوێرەوە، ڕیزەبەریز دەستیان گرتوەو باڵایان پێکەوە داوەو کۆڕی داوەتیان جۆش‌داوە.

**٨ سەمایێ ڕاستو چەپ تینن شەمالێن خاصە هلتینن**
**(فَیَا للهِ فی مَیْلا تِها مِنْ عَطْفِ بانات)**

**مانای وشە:**

**ڕاست:** جورێکە لەرەقص؛ **چەپ:** نەوعێکی تریەتی. لە وڵاتی بۆتان بیستو پێنج جۆر هەڵپەرکێ هەیە، کە دوجۆریان ناویان ڕاستو چـەپە؛ **شـەمالێن خـاصە:** مۆمی تایبەتی، مۆمی صـافی زەردی بەژن‌بڵندی ماڵە میران کە بخـوری تێکـەڵ دەکراو دەگەڵ ڕوناکایی‌دانیش بۆنی خـۆشی بڵاو دەکرد؛ **هلتینن:** بڵندەدەکەن، ڕای‌دەدێرن، هەڵی‌دەکەن؛ **فَیَاللهِ:** ئەی‌نامەخوا؛ **مەیل:** لارەوەبون؛ **عَطف:** گەڕانەوەو خوارەوبون؛ **عَطفُ:** بەزەیی‌و خۆشەویستی؛ **بانات:** بان‌گەل؛ **بان:** دارێکی بەلەنجەولارو شۆخ‌و شەنگە.

**پوختەی مانا:**

لە سەمادا، بەلای ڕاستو چۆپەدا دێن. جۆری ڕاسـتو چـەپ دەرەقصـن. هەمو وەك شـەمی تایبەتی هەڵکرابن، تیشك دەدەن. شەمی تایبەت لەوناوەدا، بەدەست خذمەتکارانەوە هەڵێنراون تا کۆڕی داوەت ببینرێ. ئەی نامەخوا! لەو نەمامە شلك‌و بەنازو ڕێکانە. چۆن بەهەناسـەی دڵداران، دەلەرنەوەو خوار دەبنەوەو ڕاست دەبنەوە! دەڵێی خەڵفی شلکی بانن بەدەم سـروەی بەیانەوە دێن‌و

دەچن. ئێمەی دڵدار، لەو دیدارو تماشایە، چیمان کەمە؟ هەر تەنیا مەیگێڕو بادە. دەسا زوکەن:

٩ ببێژن غەمزە ئەلماسێ بزەمزەم بینە شەهکاسێ
کوحەل‌کت مەعنی‌یێن ئاسێ (فَیَا هَیَا لَنَا، هاتِ)

**مانای وشە:**

**ئاسێ:** دژوار، عاسێ؛ **فَیَا:** دەئەی فڵان؛ **هَیَا:** پەلەبکە؛ **لَنَا:** بۆمان؛ **هاتِ:** بهێنە.

**پوختەی مانا:**

بڵێن بەو جوانە مەیگێڕە کە هەر چاوداگر تنێکی، وەك نوکی تیخی لەئەڵماس، جەرگ‌بڕە. بە زەمزەمەی گۆرانیەوە خۆرخۆرێ بادە بکاتە ناو شاکاشیەوەو بمان‌داتێ. تا ئەوبادەی کە هەمو گیروگرفتی سەختو دژواریش هەڵدێنێ، لە نەزانیمان دەربێنێ. دەسا مەیگێڕەشۆخەکە! پەلەبکەو رامەمێنەو بۆمان بێنە.

١٠ دبینی نەغمەیا چەنگێ دەما ئاڤیهتە ئاهەنگێ
بقانون وی دخونت مە (لِمیعادٍ وَمیقاتِ)

**مانای وشە:**

**قانون:** رێوشوێنی دیاری‌کراو؛ **قانون:** ئامرازێکی موزیك؛ **میعاد:** ژوانگە؛ **میقات:** وەختی دیاری‌کراو.

**پوختەی مانا:**

مەیگێڕ گیانە! دە بلەزەو بادەبێنە. وادەبینی ئاوازەی چەنگ، بە ئاهەنگە تایبەتیەکەی ـ کە توش وەکومن تێی دەگەی ـ بەرانبەر بە رێوشوێنی ناو دڵداران، بانگ‌مان دەکاتە جێ ژوانێو کاتی بەیەك گەیشتنمان بەگوێی دڵدا دەسرکێنێ.

١١ ژرەمزین غەمزە چالاکی بدل دی بێنە ئیدراکی
(مَعانٍ لَمْ یَسَعْها اَللَّفْظُ مِنْ ضَیْقِ الْعِبارات)

**مانای وشە:**

**چالاك:** چوست؛ **ئیدراك:** تێگەیشتن؛ **مَعانٍ:** مەعنایان؛ **لَمْ یَسَعْها:** لەوزەی‌دا نەبوە؛ **لفظ:** وتەی دەم؛ **ضَیْق:** تەنگی.

**پوختەی مانا:**

هەر بە چاوداگرتنێکی زۆر چاپوکانە لە دڵبەر ـ کە شوفارو نابابان هەستی پێنەکەن ـ دڵ دەزۆر مانای وا دەگا، کە لەوزەی دەمو گوتن بەدەربوەو هەرگیز وتاری وا نەبوە کە بتوانێ ئەو مانایانە دەربڕێ. زمان لەوە بەرتەنگترە کە ئەو مانا نهێنیانە ئاشکراکا.

ئەحمەد شەوقی دەڵێ:

زوانی زوان لەسەیری لێوی ئاڵی لاڵو پاڵ داما

بەسرتەی دڵ وتوویژی دەکرد چاوم دەگەڵ چاوی

**١٢ ژنازك دلبەرا نازك دسەهمێ دی مەئیعجازك**
**(وَكَمْ مِنْ خَشْفِ غِزلانٍ أهابَتْ لَيْثَ غاباتِ)**

**مانای وشە:**

**نازك:** نازێك؛ **سەهم:** بەش؛ **سەهم:** تیر؛ **كَمْ:** چەند؛ **خَشْف:** کارمامز؛ **غِزلان:** ئاسکان؛ **أهابت:** ترساندی؛ **لَيْث:** شێر؛ **غابات:** لێرەوارو جەنگەڵ.

**پوختەی مانا:**

لەکاتێکا کە ئەو یارە نازارەی من، نازی بەسەر دڵدارانیدا بەش دەکرد؛ لەو بەشەی کە بەمن برّاو نازێکی وەكتیر هاتە من. ترسێکیوا روی تێکردم، کە بە موجزاتم زانی. دەشزانم زۆرجار کارمامز، شێری جەنگەڵ دەترسێننو زۆر رویداوە شێر لە کارمامز ترساوە.

ابنُالفارض (٥٧٦-٦٣٢) دەڵێ:

وەك لەو دڵە هەژارەی من قەوماوە لەکێ قەوماوە؟

خۆی بە شیرەدڵ دەزانیو چاومامزێك راوی ناوە

«نالی» دەڵێ

ئەلا ئەی نازەنین ئاهو بەباهۆ دڵی صەییادی خۆت هێنایە لەرزە

«هیمن» دەڵێ:

ئەمن دەمگوت لەدنیا تابمێنم لەبەرکەس ئەستەمە سەر دانەوێنم

کەچی ئێستا لەداوی بسکی تۆدا گرفتارم گوڵم، مو ناپسێنم

**١٣ نەتەنها پێشبەری یارین، ژئەمری کُن خەبەردارین**
**(وَمَنْ أهواهُ سارٍ فیمَسارِی كُلَّ ذَرّاتی)**

**مانای وشە:**

**پێشبەر:** روبەرو؛ **كُن:** ببە؛ **وَمَنْ:** ئەوکەسەیش؛ **أهواهُ:** دڵم لەسەریەتی؛ **سارٍ:** لەگەڕانایە؛ **مسارِی:**

شوێنانی گەڕیان؛ **کُلّ:** گش؛ **ذَرَاتی:** وردیلەکانم.

**پوختەی مانا:**

ئەم ئەوینە گیان برژێنەی ـ کەمن لەژیانا توشی‌بوم ـ کاری ئەمڕۆ ودوێنێ نیە. لەو ڕۆژەوە کە چاوم بەویارە کەوتو ڕوبەڕوی بوم، پەیدا نەبوە. هەر لەوساوە خوا فەرمانی بە ئافەریدەکان داوە، «ببە»و ئەوانیش «بون». من گیرۆدەی ئەم ئەوینەم. ئاگادارم کەخوا ئەوینی ئەمجوانەی چۆن تێکەڵاوی گیانم کردو، هەمو توسقاڵە وردیلەی لەش‌وگیانم، ئەوینی ئەوی تێکەڵەو تازە لێك هەڵناوێردرێن.

**١٤ (هُوَالأَوّلُ، هُوَالآخِرُ، هُوَالظّاهِرُ، هُوَالْباطِنُ)**
**(هُوَالْمَعْبود وَالْمَشْهودُ فی‌کُلّ الْهُوِیّاتِ)**

**مانای وشە:**

**هُوَالْاَوّلُ:** ئەو یەکەمە؛ **هُوَالْآخِرُ:** ئەو دواییە؛ **هُوَالظّاهِر:** ئەو دیارە؛ **هُوَالْباطِن:** ئەو ناوەڕۆکی نادیارە؛ **هُوَالْمَعْبود:** هەر ئەوە دەپەرستری؛ **والْمَشْهود:** حازرو بەرچاویش؛ **فی‌کُلّ:** لەگش؛ **هُوِیّات:** هُوِیَّتْ گەل؛ **هُوِیّه:** بەڵگەی راستینی بونی شتێك، پێناس.

**پوختەی مانا:**

ئەوکەسانەی لایان‌وایە هەوساری کارو ژیانمان لەناو لەپی خۆمان‌دایەو گوناهی دەردی ئەوینمان، دەکەوێتە سەرشانی دڵو چاوانمان؛ زۆر زۆر هەڵەن. ئەوانەیش کە لایان وایە دڵداری یەکێ وەکومن، بۆ کیژێکی سەلماناوەو دنیایی‌یە؛ لەوی پێشوش هەڵەترن. نەخێر بابە، تێنەگەیون. خوا کە هەرگیانەی بەکارێك سەرگەرم‌کرد. ئێمەی کردە ئەویندارى جەماڵی خۆی. هەر لەرۆژی بناوانرا تا دوامین کات ـ کە ئەو دوا مینەش هەرنایە ـ ئێمە ئەویندارى جوانی خوداین. جا لەکوێدا، یان لەکێدا خۆی نیشانداین، خۆی دەزانێو ئێمە سوتانو برژانو گریانی دڵدارانەمان لەسەرشانەو ئەرکێکە دەبێ بەجێبێت. یاری سەرەتایی خوایە. ڕواڵەتو بەرپیوار خوایە. جێگەی پەرستنمان خوایە. ئەوی دێتە بەرچاو خوایەو ئێمە خۆمان نە خۆمانین، نە دەزانین چین. یاخۆ کێین. هەرخوا ناوونیشانمانەو هەر خۆی بەڵگەی پێناسمانە. ئەوین ئەوینی خودایەو مەلاو سەلماو هەمو دڵبەرو دڵداری ئەمجیهانە، بەدەوری جوانی خودادا وەك ئەو تۆزکاڵە تۆزانەن، کە لە دەوری تیرێژی ڕۆژێ خول دەخۆن...

**١٥ ژلا شَیْئی، ژمەعدومی، مەناسی سیرری قەییومی**
**(سُجُودی فی‌تُرابِ الْمَحْوِ مِنْ اَعْلیٰ اَلْمَقامات**

**مانای وشه:**

**لاشیئی:** نەتشتی؛ **مەعدوم:** لەبەین‌براو؛ **قەییوم:** راگرو پارێزەر؛ **قەییوم:** ناوی خوایە؛ **سُجُودی:** سوژدەکانم؛ **تُراب:** خۆڵ؛ **مەحو:** نەمان؛ **اَعلیٰ:** بەرزترین؛ **مقامات:** شوێنان، جێگەیان، پلەوپایەگەل.

**پوختەی مانا:**

ڕێڕەوی ڕێگەی خواناسین، تا وشەی منی لەلابێو بڵێ من دەبم بەدڵدار، من وادەکەم، من وادەچم، من ئیمانم بەخوا هەیە؛ هەرگیز بەهیچ ئاواتێکی دڵی ناگا. دەبێ من‌من‌و خۆخۆیی‌و ئێمەو ناموێی‌و توتوێی، هەر لەئارادا نەمێنێ. بڕوای وابێ کە یاری نازداری گیانان، هەرخۆی بەکاری رادەگاو دەیپارێزێ. نابێ لەبەرانبەر ئەودا، نقەی هەبێ. بڕو بیانوی بەهەشت چون‌و جەهەندەم نەچونی نەبێ. ئەویندارى بەراستی‌بێو هیچی‌ترنا. هەرچی یار بەسەری دێنێ، دڵی شادکا. با سوتان‌و قورپێوان‌بێ. نابێ بڵێ ئاخ! من‌سوتام. وشەی من لە شەریعەتی دڵداریدا شەریك بوێار پەیدابونەو بە دەردی کافران چونە.

سا لەسایەی یاری نازدار، رازی نهێنی نازناوی قەییومی خوام‌بوٚ دەرکەوت. من‌منی‌و خوێەتیم نەما. ئەگەر خوٚم بەشت دەزانی، لەناوم برد. لەسەر خاکی هەرنەمانم سوژدەی سوپاسم بوٚیار برد. ئەو سوژدانەم گەیاندیانمە بەرزو بەرێزترین پایە لەناو کوڕی ئەویندارانی، لە بارەگای بەرزی یاردا.

**١٦ بحەق رەندیٚ خەراباتم ژدێریٚ ڤیٚ دەمیٚ هاتم**
**چهێڤی هون دکن ئیروٚ ژڤیٚ رەندیٚ خەراباتی**

**مانای وشە:**

**رەند:** گوێنەدەرو گەللایی؛ **خەرابات:** مەیخانە؛ **هون:** ئێوە.

**پوختەی مانا:**

رەنگە هێندێك لەوکەسانەی کە بەعاقڵ ناسراون‌و لەراستیشدا هیچ لە دەردی دڵ نازانن؛ تەوس‌و توانجم تێبگرن، کەمن چون قسەی وا دەکەم، کە دەگەڵ ئاوەزی ئەوان یەکتر ناگرن؟ چەندم پێخوٚشە تێمبگەن، کەمن لەدەستەی ئەوان نیم. راستی دەڵێم من سیپاڵی مەیخانەمو تازە لەدێرێوە هاتوم. گوێ نادەمە لوٚمەو لەقەم. دەسا ئێوە لە گەللایی ناومەیخانە، چیتان دەوێ‌و چون بەهیوان باربگوٚرێ؟!

**١٧ دعیشقیٚ شیٚخی ثانیمە بدل بەحری مەعانیمە**
**(لذی‌حِجرٍ وَذی قَلْبٍ شِفاءٌ فی اِشاراتی)**

**مانای وشه:**

**ثانی:** دوهەم؛ **مەعانی:** مەعناگەل؛ **ل:** بۆ؛ **ذی:** خاوەن؛ **حِجر:** عەقڵو ئـاوەز؛ **قَلْب:** دڵ؛ **شِـفاء:** چـارە؛ **اشارات:** دەسنیشان‌گەل؛ **شفاءِو اشارات:** ناوی دوکتێبی ابن‌سینایە.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر شێخی صەنعانی یەکەمین کەس‌بو کە لە ڕێگـەی دڵداریدا، دەسـتی لەدنیاو دین بەردا؛ من دوهەمم. داومەتە سەر ڕێوشوێنی ئەو. جا ئەگەر لە ڕواڵەتی‌دا مەستمو زوننار دەبەستمو یارم بتەو دەیپەرستم؛ لە دەرونم ئـاگادار بن. دەریای تژی لە زانسـتم. بۆ ئـەوانەی دڵیان هەیەو ئـاوەزیان دڵدارانەیە؛ ئیشارەی من چارەی هەمو ژان‌و دەردو نەخـۆشیانەو هیچ کارێکیان بە بژیشکـی وەکو ئیبنوسینا نیە.

**١٨ دئیقلیمی سوخەن میرم دشیعرێ دە جەهانگیرم**
**(وَیعلو مَوکِبَ الْعُشّاقِ اَعْلامی وَرایاتی)**

**مانای وشە:**

**سوخەن:** وتار؛ **یَعْلو:** بەرز ئەبێت؛ **مَوْکب:** دەستەی سـوارو پیادە پێکـەوە؛ **عُشّـاق:** دڵداران؛ **اَعْلام:** عَلَم گەل؛ **عَلَمْ:** ئاڵا؛ **رایَتْ:** بەیداغ.

**پوختەی مانا:**

گوتم دڵم دەریایەکی پرزانستەو ئێشـارەتم دەرمانی دەردی عاقڵانە. واتا: هەم زانام هەم حـەکیم. هەر هێندەش‌نیم. لە مەڵبەندی دەمپاراوو قســەرەوانان‌دا، میرم. لە شــیعر هۆنینەوەدا، دنیام خستۆتە ژێر دەسـتم. هەرگاش دەسـتەی دڵبەسـتەی داوی دڵداری، ســوارو پیادەو بۆرە پیاگو نەجیمزادە، بەیەکەوە بەرەو دیداری یاربچن؛ من رەمکێش‌و هەر لەپێشـمو بەیداغو ئـاڵاکانی من، لە ئاڵای گشت بەرزترو بڵندتر خـۆ نیشـان دەدەن. واتا هەم زانام، هەم بژیشـك، هەم میرم، هەم جیهانگیرم. هەم سەرداری دڵدارانم.

**١٩ چخوەش نورەك زەلالی تو دقەلبی من شەمالی تو**
**(وَقَلْبی حَیْثُ فِیهِ الْحُبُّ مِصْباحٌ بِمِشْکاتِ)**

**مانای وشە:**

**زەلال:** صافو ڕۆشن؛ **وَقَلْبی:** دڵیشم؛ **حَیْثُ:** هەرگا، لەهەرکوێ؛ **فِیهِ:** تیا؛ **مِصباح:** چرا؛ **مِشکات:** تاقە، دەلاقەی بەتاق سەرگیراو.

**پوختەی مانا:**

یاری نازدار! ئەو هەمو پایەو پلانەی تۆ بەمنتدا، لە سایەی ئەو نەمانەبو کە لە دڵداری توشمبو. دڵم کەدنیاو هیچ‌کەسی تێدا نەما؛ تۆی هاتیە ناو. تۆ چەندنورێکی روناکی. تۆ مۆمێکی داگیرساوی لە تاریکایی دڵمداو دڵمت روناك کردۆتەوە. دڵم هەرگا دڵداری تێدا بایسێ. وەك چرایەك لەناو دەلاقە دابندرێ دەلاقەکەش هەر رۆشنە.

خوا فەرمویە: (وێنەی نوری خودایی من، وەك چرایە کە لە دەلاقە دانرابێ.)

## ٢٠ تەقاضا وە دکر حیکمەت کو چەرخو لەولەبی بابن
## (هُوَالْفَعَالُ لاتَغْتَرْ بِأَسبابٍ وَآلاتِ)

**مانای وشە:**

**تەقاضا:** حوکم، داوا، رەوادیتن؛ **حیکمەت:** لێزانی؛ **لەولەب:** لۆلەپ، هەرلوسێکی خرهەڵدراو کە لەناو شتێکی دیکەدا، چەرخبخوا؛ **هُوَ:** ئەو؛ **فَعَالْ:** زۆرکارا؛ **لاتَغْتَرْ:** فریومەخۆ؛ **أَسْباب:** هۆگەل؛ **آلات:** ئامرازگەل.

**پوختەی مانا:**

کابرای خۆ بەعاقڵزانی دنیاپەرست! کە لاتوایە خۆت دەتوانی هۆی ئاسودەییت پێك‌بێنیو هەلو دەرفەت بە ژیری‌خۆت بۆ بەهرەی خۆت برەخسێنی؛ زۆر پێچەوانەی تێگەیوی. خودای گەورە. بۆیەی ئەم عاسمانو عەردە خستۆتە خولو هەر بە بایەك دەیچەرخێنێ، تا هی وەك‌تۆ تێبگەیەنێ کە هەرچی جگە لەخوایە، وەکو خولخولەی بەربایەو بادی هەوایەو بەربادە. بە ئەسپابو ئامرازو هزرو بیری خۆت، بەس بنازە. فریو مەخۆ. تەنیا خودایە کارایەو هەرچی ئەو نەیکا، رونادا‌و هەرکەس دەس دەکاری خوادا، لەقەلە بەختی خۆی دەداو چارەرەشە تاهەتایە.

## ٢١ ئەزەل عەینی ئەبەد یەك‌ئان دەدەییومی دقەییومی
## تەنەززول دیتە تەفصیلیٚ (بآناتٍ و اوقاتِ)

**مانای وشە:**

**ئان:** دەم، تاو؛ **دەییوم:** زۆر خۆراگر؛ **قەییوم:** راگرو پارێزەر؛ **تەنەززول:** دابەزین، هاتنەخوار؛ **تَفْصیل:** درێژەدان‌و رۆشن کردنەوە؛ **أَوْقات؛** دەمان، کاتان.

**پوختەی مانا:**

کاورای خۆت زۆر بەزانا زان! رەنگە بێژی ئەی ئەم هەمو بارگۆرانەی دەورو زەمانە بۆچییە؟

ژیان‌و مەرگ‌و شادی‌و خـەم‌و زۆروکەم‌و روتی‌و بەرگ‌و دوری‌و سـەبوری بۆ هەیە؟ خـوا بۆچـی ئەمهەمو دژەی لەیەکتری کۆکردەوەو؟ ئەم نێوانەی ئـەزەلیەت‌و ئـەبەدیەتی بۆ بەوانە پڕکردەوە؟ دیسان دەڵێم بەهەڵە چوی. بۆ خوا وەخت‌و کات‌و زەمان‌و دەم نیە. نێوانێکیش لەنێوانی ئـەزەلی‌و ئەبەدییەتی ئەودا نیە. خـوا کە هەربوەو هەر دەبێ‌و خـۆی راگرو پارێزەری ئـەم ئـەزەلیەت‌و هەتا هەتایی خۆیەتی؛ نە گۆڕانی بەسەردا دێت، نە گۆڕاوە. بەڵام بۆ تێگەیاندنی ئێمە ئافەریدەکانیەتی، کە وای بە رەوا زانیوەو رەوای دیوە، لامان وابێ نێوانێك دەئـارادایەو گۆڕان بەســەر دنیاو ژیانی زەوین‌دا دێ. خـوا هەرشـتەی لەکاتی خــۆی، بەرانبەر بە لێبرانی خــۆی لەدنیا، دادەبەزێنێ‌و لە کارایی بێچونی خۆی، ئێمەی نەزان، وردەوردە حـاڵی دەکاو کردونیە محـەکی ئـەزمون بۆ بڕواو هزرو ژیریمان.

## ٢٢ تَعالی‌الله ژئیحسانی بدلداری بدل‌دانی
## «مەلا» ئیرۆ تەکر پاشا لسەر چەهقێن مەلێ هاتی

**مانای شیعر:**

هەی نامە خوا لەو چاکەیەی دەگەڵمت‌کرد؛ کە هاتی‌و بە دیداری خۆت شادت کردم. لاوانتمەوەو زۆرت دڵداری دامەوە. ئەمڕۆ بە خەڵاتی شایان خەڵات کرام. یار بە خێربێی سەر هەردو چاوی من هاتی.

## قصیدەی نەوەدوچوارەم

# «خەیالی خال»

١ ئەی نەسیمی سەحەری مادمەجالا صبەهی
صەد سەلامان بگەهینی ژمەوێ پادشەهی

٢ عەرعەرا قامەت ئەلیف نەی شەکەرا شوخو شەپال
نازکا سیمتەنو خوسرەوی زەرین کولەهی

٣ دبەرێدا توببوسی بدوصەد زاریو لوطف
ئاستانو دەرو دیوارو شەباکێن کەلەهی

٤ نامەیا جەورو جەفاوو ئەلەمو دەردو غەمان
دیبدەستی زەرییێ موحتەشەمێ سەروی سەهی

٥ بەلکو دلبەر ژروی عادلیو مەرحەمەتێ
رەحمەکیکەت بفەقیرانو بپرست گلەهی

٦ حەق دزانت وشەڤان شوبهەتی ئاڤین درەوان
مە بدل زاریو کالینە حەتا صوبحگەهی

**مانای وشە:**

**کولەهێ:** کڵاوێ؛ **لوطف:** نەرمی؛ **شەباك:** پەنجەرە؛ **کەلەھ** : قەڵا، کۆشکی میرنشین؛ **ئەلەم:** ئێشو ژان؛ **گلە:** گلی، شکایەتو داد؛ **کالین:** زوڕەو دەنگیگریان.

**پوختەی مانا:**

شنەبا! دەستم دامانت، لەکاتی بەربەیانێکدا وەرەو سڵاوی من بەرە بۆ ئەو سەرداری جوانانە ـ کە لە مەڵبەندی جوانیدا پادشایە ـ نیشانەشت با پێبڵێم. باڵای وەکو تازەنەمامی عەرعەرە. راستە

وەك پیتی ئەلفێکە، کە خەت خۆشی زۆر لە زەبر نوسیبێتی. هەر شیرنایی لێدەبارێ. وەك قامیشە شەکری تەڕە، شۆخو شەنگو شلكو ناسكو خونچیلەو رەزاسوكو لەبەردڵە. ئەوەندە سپیو ناسکە، زێو شەرم لە لەشی دەکا. تانجێکی زێڕی نیشانەی پادشایەتی هۆزی جوانان لەسەر ناوە. شنەبا گیان! بەرلەوە بچیە خزمەتی، خۆت کزبکەو تا دەتوانی کزە بایەکی نەرمبە. سەر لە ئاسانەکەی بسو. دەرکو دیوارو پەنجەرەی کۆشکی شاهانە راموسە.

ئەوساکە ئەو نامەیەی من ـ کە پڕە لە باسو خواسی دەردو کوڵو ئێشو ژانو سزاو ئازارو کۆڤانو کەسەرو عەزرەتو ئاوات ـ بدە دەست ئەو رەنگ سەوزەڵەی پایە بەرزو شەرمێونە ـ کە لەناو جوانانی دیدا وەك سەوڵێکی هەرە نایاب لەناو داراندا دەنوێنێ ـ ئەوە خوایە بەشکو دڵبەر بکەوێتە سەر دادپرسیو باری بەزەیی بجوڵێو دڵی بەهەژار بسوتێو بڕیار بدا کە بە دادی من رابگا.

خوا دەیزانێ بە درێژی هەمو شەوگاران، بارانی هسرم رەوانەو لەتینی خەم، خۆشم تەواو تاواو مەوەو هەر بومە ئاو. وەکو خورخورێ ئاوی چەم، دەنگی گریانم دەبیسرێو تاروژ هەر ناڵەو زاڵەمە.

۷ ماژبەر دەربی فیراقاتە سکونەك مەهەیە؟
جەرگودل هەردو بنالینە وەکی چەنگو ژیهێ

۸ پەردەیا خێلیو چارێ تو ژسەردیمی هلین
دا ژشەوقاتە بخەف بت شەفەقا میهرو مەهێ

۹ دین ئەگەر بێتە بەها، جان ددرم لێ ئەمما
مە هەزار جانی عەزیزی دهلیتن دبەهێ

۱۰ قەط دبت وەك تە شەپالی نە دشامو نە دشەرق؟
کێ نیشاندا دجەهان میثلی تە خوندکارو شەهێ

۱۱ عالەمەك شەهدەئیا حوسنو جەمالا تە ددت
تو زولەیخای زەمانیو چحاجەت مەدەهی

۱۲ حەق نیگەهداری تەبت پادشەها سەرو قەدان
بکەناری مە فەقیران بکە جارەك نیگەهێ

۱۳ خوبیو دلبەریو نازو تەلەططوف بتەشێن
خوسرەوا پادشەهانیو خودانا جەبەهی

**مانای وشه:**

**سکون:** ئۆقره؛ **خێلی:** روبەند؛ **چاری:** چارۆکەی سەر؛ **دهلیتن:** تێ هەڵدێنێ، بارتەقای دەکا؛ **خوندکار:** خونکار، پادشای گەورە؛ **شەهدەیی:** شایەتی؛ **زولەیخا:** ناوی کوێخاژنێکی میصری بوە، کە یوسف پێغەمبەری بۆ کوێلەیی خۆی کڕیوەو تەماحی تێکردوەو گەلێك فێڵی لێکردوە کە سواری بێ. یوسف خۆی تێ نەگەیاندوەو توشی دامێن‌تەڕی نەبوە. قورعان لە سورەی یوسفدا باسی‌دەکا. بەڵام ناوی لە زولەیخا نەهێناوە. ناوەکە زولەیخا نیە، زەلیخایەو عارەب بەودەردەی بردوەو مانای لوسی جێخلیسکی بچوك دەدا.

**مەدەھ** : پەسن، تاریف؛ **نیگەهی:** تماشایەك؛ **بتەشێن:** شیاوی‌تۆن؛ **خودان:** خاوەن؛ **جەبەھ** : جبەخانەو قوڕخانە؛ **نیگەهدار:** ئاگادار.

**پوختەی مانا:**

مەفەرمو با ئارام بگرێو هەدابدا. بۆچی لەبەر زەبری دوریت ئۆقرەم ماوە؟ جەرگو دڵم لەبەر ناڵینێ ڕۆژو شەو، ئێژی چەنگو ئامرازی ژێدار ئەژەنن، بێدەنگ نابن. دە بەزەییەکت پێمابێت. ڕوبەندو سەرپۆشت لادە، با ئەو ڕوخسارەت دەرکەوێو بۆ تەماشات ڕوناکیو تیشکی مانگو خۆر، وەکو من لە سوچێکەوە بێنە سەیرانی جوانیتۆ (یان، تا مانگو ڕۆژ، لە ڕوناکیدان بکەونو هەموکەس هەر بڕوانێتە تۆ). ئەگەر دیتنی دیدارت بەکڕین‌با؛ من هەر گیانم هەیەو دەمدا. بەڵام دیارە بێبەهرەو ناهومێد دەمام. چونکە نرخی دیدارێکت هەزار گیانی زۆر بەرێزیش بارتەقانەی نایەتەوە.

خونچیلەو ڕەزاشیرینی وەكتۆ، لەدنیادا نیە. نە بەشەو ئەستێرەو مانگو نە بەڕۆژ خۆری خۆرهەڵات، دەگەنە تۆ. وەك تۆ پادشاو خونکاری جوانو نازداران لەدنیادا، نەدیتراوەو ناش بیندرێ. نە هەر من، دنیا سەرانسەر شایەتی جوانیو نازداریو لەباری تۆن. تۆ زەلیخای ئەم زەمانەی. لەپێ هەڵگوتن زیاتریو ئاتاجیت بە تاریف نیە.

ئەی سەرداری بەژن‌شۆرو پەلکە شۆران! خوای مەزن ئاگادارت بێو هێندەت بەزە بخاتە دڵ، سیلەی چاوێك بدەی بە ئێمەی هەژاری دڵداری خۆت. بەراستی پایەی سەروەری پاتشایانی موڵکی جوانی هەر لەخۆت دێ. جوانیو نازو دڵرفێنیو ناسك‌ئەندامیو شەفافی، کاڵایەکن پڕ بەباڵاتو تەنیا لەتۆ دەشێنەوە. بەزەمو ڕحمو دڵوانیش شیاوی خۆتەو هەر لەخۆت دەوەشێنەوە.

١٤ حەجەر ئەسوەد بدرت دەست زیارەت بکرم
نەذری من‌بت بگرم خواس طەریقا مەکەهێ

١٥ ژ ئەزەل حەق «بمەلێ» دایە ژعیشقێ قەدەحەك
تا ئەبەد مەستو خەرابین ژمەیا وێ قەدەهێ

**مانای ئەو دوبەیتە:**

خاڵی گۆنات ـ کە هەر وەکو حەجەرالاسوەد پیرۆزە ـ ئەگەر جاریٚ دەستی بدایە رای موسم (یان، ئەگەر بەدەست ئیشارەم بوٚ بکردایەو دەستی خوٚم ماچ بکردایە)؛ مەرجەو نەزری سەرشانم بیٚ: بەپیٚ خواسیو بەسەر قوٚتی ریٚگەی مەکەم بگرتایەو لەمەکەدا لەسەر حاجیان نازو شانازیم بەبەختم بکردایە.

خوا هەر روٚژەکەی بناوان، پیاڵەیەك بادەی ئەوینی دا بەمەلا. هەتا هەتایە بەبادەی ئەو پیاڵەیە مەستو سەرخوٚش‌و بیٚهوٚشین.

## قصیدەی نۆتوپێنجەم

# خەدەنگاماوران

١ ئیرۆ ژنو پورئاتەشم دیسا ژرەمزا دلبەرێ
مەجروحی قەوسی پەروەشم تیردانە نیڤا جەگەرێ

٢ تیردان ژقەوسێ ئەسوەدە شەهزادەیا شیرین قەدە
کوشتینە وەك من چەند صەدە وێ پادشاهو بەکلەرێ

٣ وێ بەکلەرێ پورێ کوشتنە ئەنگوشت بخونێ رشتنە
ما ئەهلی دل قەط هشتنە؟ صوهتینە میثلی مەجمەرێ

٤ لێ ئەز تنێ سەر تا قەدەم یەکسەر دصوژم دەم بدەم
وەصفێن دعیشقێ ئەز چدەم؟ نایێن حیساب‌و دەفتەرێ

٥ وەصفێن ئەڤین‌و عیشقەهێ حوسن‌و جەمالا وێ شەهێ
نایێنە شەرح‌و مەدەهێ ئەحسەن ژنەقشی بەشەرێ

٦ ئەحسەن ژحوسنا دیم دورێ شیرینی‌و گفت‌و سورێ
صەد زاهید ئێخستن ژرێ وێ‌نازك‌و لەب شەککەرێ

٧ شەککەر دنیڤ لێڤانەوی ریحان لدۆر سێڤانەوی
مەشعەل دنیڤ شیڤانەوی تەیسێ ژرەنگی فەنەرێ

٨ فەنەر نیە نورا حەقە حوسن‌و جەمالا موطلەقە
بەرقە سپێدەو شەفەقە زوهرەو شەمسا خاوەرێ

٩ زوهرەو ماهو موشتەری من دین لدیمێ ئەنوەری
زولفا موسەلسەل عەنبەری سەردایە حەوضا کەوثەرێ

## ١٠ حەوضا ژکەوثەر چەشمەتێ یاجیە درەوضا قودرەتێ هەردەم ژنو وی سەردەتێ خەمریو تایێن عەرعەرێ

### مانای وشە:

**پەروەش:** پەڕە پرژێن؛ **بێكلەر:** گەلەبەگ؛ **بیكلەر، بێگلەر:** نازناوی میریمیران بو كە بەسەر گەلەبەگێك رادەگەیشت؛ **رشتن:** رەنگاندن؛ **ئێخستن ژرێ:** لەرێ لایدان؛ **فەنەر:** چرای ناو شوشە؛ **ئەنوەر:** هەرە روناك.

### پوختەی مانا:

ئەمرۆش لەسۆنگەی ئیشارەی چاوی دڵرفێن، سەرلەنوێ پڕبوم لەئاگر. بەكەوانی برۆكانی، تیریمژۆڵ ـ كە وەكو تیری پەڕدارن ـ دامبارینێو دەناو جەرگم هەڵچەقینو جەرگو گیانم بریندارن. ئەوشازادە چەلەنگو رەزاشیرینە، هەر بەو كەوانە رەشانەی برۆكانی، چەندین جار صەد لە پاشاو میری میرانی، بەدەردی ئێمە بردوەو لەگیانو ژیانی تەكاندون. دەستی بەخوێنی دڵدارانی پایەبەرز رەنگاندوە. هەر میرو پاشای كوشتوە؟ نەخێر.. ئەیبۆچی قرانی دەكۆمەڵی دڵدارانی نەخستوە؟؟ گش لەگشمان وا سوتاوین، هەر خۆمان بوینە ئاگردان. بەڵام من لەچاو هەموانیان زۆرتر سوتاومو برژاوم. بەبێوچان هەمو دەمان گرم بەرزەو سەرتاپام لەسوتاندایە. نازانم دەربارەی ئەوین چیبیژم؟ لە دەفتەرا جێگەی نابێو بۆشم نایەتە حیسابێ. پەسنو تاریفی ئەوجوانە ـ كە پادشای گش جوانانە ـ و باسی ئەوینو دڵداریم، بەزمان رۆشن نابێتەوە. هەر ئەوەندەم لەتوانایە، بڵێم خوایە چەند صنعاتكارێكی چاكی. چۆن نەخشێكت لەو بنیادەمە كردوە. شیرینكاری هەر بۆ تۆیە. شیرنایەتیو گفتو لفتی دڵرفێنن، دڵكێشیو سیمای وەك دورت، داوە بەیار، كە بەبزەی لێوی شەكریو تەنكو ناسك، صەد سۆفی سەرگەردان كردو لەرێ دەربرد.

شەكر لەلێوی دەبارێ. كوڵمی سوری دەناو بسكاندا دیار ئەدا. وەك ریحانەی دەوری سێوی لاسور دەچێ. روخساری لەناو بسكاندا تیشك دەدا، وەك چرای دەناو شوشەدا. شوشەو چرایچی؟ زۆر هەڵەی. نوری خوایە. جوانی بێگەردی خۆیەتی، بروسكەی داوەتە سەرروی. بەرەبەیانی لاجانگو سورایی ئاسۆی عاسمانی، لە كوڵمانیەوە دیاری داو، گرشەی چاویو تیشكهاوێژی روخساری ـ كە لە زوهرەو خۆر رونترن ـ هاتونەرو. مانگی هەنیە، زەردی گەردن، تیشكی سپیەتی بەرچەنەی. لەو روخسارە هەرەرونو تیشكدارە، وەكو زوهرەو مانگی چاردەو مشتەری دەتروسكێنەوە. كەزی زنجیرەكراوی عەنبەراوی، سەریان داوە لە قوڵكەی گەردنی زەردی، كە لەجێی حەوضی كەوثەرە. بەڵێ سەرچاوەی كەوثەرێ لەوێوەیە. جێگەی كەزیان، لەناو باغچەی دەسكاری خودای تواناداو هەر لەپەستا بسكوڵەی بەلادا كراوی لەسەر نەمامی عەرعەری بەژنو باڵای سەر دەبزێویو دەروانێتە ئەو روخسارە.

١١ خەمری درەش بسکا حەریر وەربون لدۆربەدرا مونیر
بورجا کوحاکم لێ دومیر من دین لتەختی کیشورێ

١٢ تەختی دمیرو بەکلەران مەیدانی جوقا گۆی گەران
ئەصلان‌و جوتی مەی‌خوران مەی‌دان شەرابا ساغرێ

١٣ ساغر بدەست، سەرخۆش‌و مەست وەقتی سەحەرگەهدەست بدەست
غەفلەت دوبەکلەر مەی پەرەست کوشتم بدەربا خەنجەرێ

١٤ کوشتم بدەربا کەیبەران گەزمەو خەدەنگا ئاورآن
رەمزو ئیشارات‌و سورآن دان دل ژنیڤا پەنجەرێ

١٥ دان دل ژبەر حوسنا بنور بەرقا تەجەللایا صودور
لەو صوهتیەم وەك کوهی طور حوبب‌و ئەڤینا وێ زەرێ

١٦ حوبیا تەما خوەش هشتمە؟ هەررۆ ژنو ئەز کوشتمە
یەکسەر ژخونێ رشتمە تیرو خەدەنگێن مەجەرێ

١٧ گەزمێن دشیرین نازکی دەربین دوی رمبازکی
چوبینە نیڤ دل گازکی من‌داد ژظولما دلبەرێ

١٨ دلبەر چبێ‌حەد ظالمە جارەك نەکر پرسێ لمە
لازم بحالێ عالمە لێ‌پورۆ ددیرت غەدەرێ

١٩ لازم بقەتلا من دڤی هێژ ئەڤ ددل ماری شەڤی
پەیکان دجەرگێدا چەڤی بەندکر بشەوکا عەنبەرێ

٢٠ بەندکر کولاب‌و پەنجەیان دلما دنیڤ ئەشکەنجەیان
من ئاه ژدەست وان غەنجەیان کوك‌و کوبارین دین‌بەرێ

**مانای وشە:**

**وەربون:** کۆبونەوە؛ **کیشوەر:** مەملەکەت؛ **جوق:** دەستە، تاقم؛ **گۆی‌گەر:** گۆباز؛ **کەیبەر:** تیخ‌و تیری دەم‌پان؛ **گاز:** گەزی‌پێوان؛ **غەدەر:** پەیمان‌شکێنی؛ **شەوك:** درك؛ **شەوك:** قولاپەی سەرلەزەنبەری ژنان؛ **ئەشکنجە:** شکەنج، چین؛ **کوبار:** زۆر بەرێزو بەدەمار؛ **کوك:** سازو تەیار؛ **صُدور:** سینەگەل، لایانی سەرو؛ **چوبینە:** چوبونە.

**پوختەی مانا:**

بسکۆڵەی رەش، کەزی وەکی ئاوریشمی خاو، دەورەیان‌دا لە مانگی چاردەی بەترێفەی ناو چەوانی. کەزی لەم‌لاو لەولای توێڵی، وەك دوحاکم لە مەملەکەتی مانگێدا حوکم بکەن، وام

دەدیتن. یان ئەو هەنیە پاك و ساوەو دانەی خاڵی رەش لەو ناوە، وەك مەیدانێك لەعاسمانی ساودا دەچو، گوێەکی رەشی لێ دیاربێو میرو بەگلەری کەزیانی، دەگەڵ بسکو پەرچوکانی، بوبنە دودەستەی گوێەنێو بەکاشو بەرەو ئەوخاڵە هێرش بەرن و کایەبکەن.

چاوەکانی ـ کەوەك دوشێری مەست وانە ـ بەپێوانە بادەیان لەکوڕ دەگێڕا، لە بەیاندا کە بای بسکان کەزیەکانی دەلەراندن و دەگەینە لای پیاڵەی پربادەی چاوانی و سەرخوش ببون. لەهەردولا بەجوتە، یەکتریان گرت و دەست لەدەستا ئەو دومەستە هەڵیان کردە منی هەژار. بەرخەنجەری تاڵی سەری زولفانیان دام. تیرو پەیکانی ئاوڕان، کە هەروا ئاورینگیان دێنان، چاوداگرتن و ئیشارەو نازی دڵکێش، کە لە پەنجەران دەدیتران گشتی وەکو تیری دەمپان، دەناو دڵو جەرگم چەقین.

لەو جوانیەوە کەتیشکی جوانی خودایەو دەرون روشن دەکاتەوە بروسکەیەکم بەدی کرد. ئەوینی ئەو سەوزە رەنگەی دایەسینەم. بوێە وەك طوری سینایە ـ کە کەوتە بەر تەجەللایە ـ بەو تەجەللایە گری گرت. یاری نازدار! لێم مەپرسە ماوی یان نا؟ خوت دەزانی، خوتی هەمودەم کوشتوتم. بو هیشتوتم قەت زیندوبم؟ بڕوانە تیرەکانی خوت ـ کە لەتیری کاری خەڵکی مەجارستان بڕاترن ـ هەمو بەخوێنم شەڵاڵن و بەرەنگی ئاڵ رەنگ کراون. تیری نازی ناسك ئەندامی خوێن شیرین، زەبری رمبی بژوڵی ئەورم هاوێژە: هەریەك گەزێك بە دڵمدا چوبونە ژور. هەی داد لەدەس ئەو ناهەقیەی یار لێم دەکا. بەراستی دەردم دەداتێ. دەزانێ حاڵم چلونەو جارێك بەدەردم راناگاو لێم ناپرسێ. بەراستی پەیمان شکێنە، فەرموبوی برینی تیرم بە پرسیاران دەرمان دەکەم. کەچی نای کا: دیارە گەرەکیە بم کوژێو تازە نەیەمە بەرچاوی. بوێە هێشتا سەرەتیری ماری رەشی بەرەنگ شەوەی، لە هەناوما چەماونەوەو بە ئاڵقەی داوی عەنبەرین بەستونیە وە؛ کە نەلەقێن و دەرنەچن. قولاپەی سەری بسکانی، پەنجەیان لەدڵ داگیرەو دڵ گیروڵەی چینچینی یەك لەسەریەکی پرچانیەتی. هاوار لەدەست ئەو نازانە، هاوار لەو چاوە بازانە، کە هێندە سازو تەیارو بەحورمەتن و کاریشیان ئیمان بردنە.

**٢١ رەمزو سورێن شیرین لەبان تیروژو بەرقێن کەوکەبان**
**رێزا موسەلسەل عەقرەبان گەردان لە دوڕا قەمەرێ**

**٢٢ من دین لدوڕ بەدرا تەمام حەرفێن دمەکتوب دال و لام**
**وی پێشرەوی باطن رەقام یەغما کرم سیمین بەرێ**

**٢٣ سیمین بەرانەی شەکەری ئەو حوریا نیسبەت پەری**
**بەژنا شیرین دیمی زەری بو ژگولاب و ماوەرێ**

**٢٤ بو ماوەرو شیرین لەبێ وی خوب و نورین غەبغەبێ**
**بەدرا دبورجا عەقرەبێ کەنگی ژبەر پەردێ دەرێ**

٢٥ بەدرا ژقودرەت لێ دونون ئەو قاتلا ئەسوەد عیون
پورْ راکرن وی قەتلو خون عالەم پەریهت یەغما کرێ

٢٦ هەردەم بظولمێ وە دصوژی قەلبێ ژحوبیا تەی تژی
لازم دبێم مندێ کوژی کەس نینە چیتن مەهدەرێ

٢٧ کەس نینەرەت مەهدەر بکت بەس گرتیان ئەبتەر بکت
خەملێ ژزێری زەر بکت شەفقەت ژیەکتا بدرێ

٢٨ شەفقێ بدیداری خوەکت قەستا بریندارى خوەکت
شەهیدی رەشماری خوەکت ئی‌سەر لفەتلا پیشتەرێ

٢٩ فەتلی سیاه ماری شەڤین ریحان بدور سەروان چەڤین
ئاخر بسەلوێدا رەۆین خەفبون دتایێ چەنبەرێ

٣٠ خەفبون دنیڤ تورا قزل ئیلان میثالی سەر لەمل
کوشتین وژەهر ئاویتە دل هێژ کوشتی‌یێن رەمزا بەرێ

٣١ کوشتینە ئەم شیرین لەبێ تەحلی کەشین روزو شەبێ
گەر ئەز ببینم ئەوبخوەبێ ناکم ژدل هێژ باوەرێ

٣٢ ئەو نازکا نیسبەت گولێ جامەك ژکەوثەردا «مەلێ»
مەستم ژبەر قالو بەلێ حەتتابروژا مەحشەرێ

**مانای وشە:**

**گەردان:** خول‌دەر؛ **گەرْدان:** گەرْیان؛ **نیسبەت:** بەرەگەز؛ **عیون:** چاوان؛ **مەهدەر:** تکا؛ **ئەبتەر:** دوابراو؛ **پیشتەر:** لەپێشەوەتر؛ **قزل:** سور؛ **ئیلان:** مار؛ **مل:** شان؛ **تەحلی:** تاڵی؛ **کەشین:** خۆرەوەین.

**پوختەی مانا:**

غەمزەو نازی زۆر دلْ‌کێشە. لێو شیرینە، تیشك‌و بروسکەی ئەستێرەی سەر روخساری، کە بریەتین لەخشڵی سەرتوێڵو گوارەی، رێزی بەزنجیرەهاتوی بسکی، وەك دوپشکی رەشی لەعەنبەری خاوکراوی، کە لە دەوری روخساری، وەك مانگی چاردەی دەگەڕان‌و دەوریان دابو؛ بسکی وەك دال «د»و لابسکی وەك لامم «ل» دین کە واتا دلْ لێرە بەندن. ئیتر لەپێشدڵداراندا من‌بوم لە تەهی دەرونم رفێندرام‌و سینگی لەزێو چەرموگ‌ترو نەرم‌و بەشۆق، دلْو دینی تاڵان کردم. سینەو بەروکی وەك زێوە، باڵای وەکو چڵەقامیشێکی لوسە شەکری پێوە. حوریەو بەرەگەز پەری‌یە. بەژن شۆخ‌و رەنگ زەری‌یە. بۆنی گوڵاو بڵاو دەکا. لێوی شەکرەو بۆی‌گوڵ دەدا. تیشکی بەرچەنەو لاجانگی، لەدلْ دەدا. هەنیەی لەژێر پرچۆکانی وەك مانگی چاردە لەبورجی

عەقرەبی عاسمانی ساودا، پەناگیرە. خوایە کەی ئەو مانگە جوانە، لەپشتی پەردە دێتەدەر. لەسەر مانگی چاردەی هەنیەی دونونی سەرەو بەرەژێر لە خەتی خودا دەبینم. کەلێم بونەتە کەوان‌و بەهانە دانی چاوانی کە لە کافران رەشترن‌ولە کوشتنی ئێمەدا بێ‌بەزەترن؛ دەستیان بەکوشت‌و کوشتار کرد. دنیا پربو لە ئاژاوە. هەمو ناوچەو مەڵبەندی دڵانیان سوتاند. هەرچی وەبەرگیریان کەوت، تاڵانیان کرد. ئاخر یارە دڵرەقەکەم! خۆت دەزانی دڵم پڕە لە ئەوینت. چۆن رەوایە هەمیشە ئاوا بەناهەق ئەنوای ئەوین بسوتێنی؟ من دەڵێم بڕیارت داوە، نەمهێڵی لەسەر دنیایەو خۆشت لەچاری من‌نایە. کەسی واشم پێ‌شك‌نایە، رۆژێك بینێرمە تکایەو تکات لەخزمەت‌دا بکاو چی‌دی دیلی ئەوینت دوابراو نەکەی. بۆ چاری دڵی دیلانیش، هێندە بەسە خۆت بە زەنبەری زێڕی زەرد، وەرازێنی، بیستنی خرمەی خشڵان‌و دیتنیان لەو بەژنە جوانەت، دەرمانی دەردی دڵانە. منی تەنیاو بێ‌کەس‌و بێ‌دەرو دیلیش، کە دەردم یەکجار گرانەو لە دیلی‌تر هیلاکترم؛ بە دیداری روخساری خۆت، چا دەبمەوە، دەسا وەرە منی مەلای ئەویندارو کوێلەو دیل‌و بریندارت، بەدیدارت دڵخۆش‌بکە. من نامەوێ ساغ‌بمەوە. من ئاواتمە تۆ خۆت بێیتە سەرسەرینم‌و بەهۆی سەری بە قولاپەی کەزیەکانت ـ کە وەك سەری رەشماری بەژەهر دەچن ـ تەواوم کەی، ببمە شەهیدی ئەوینت.

ئەو کەزیانە کەمن دەڵێم ماری رەشی سەربەئاڵقەن. بۆنیان هێند خۆشە دەشتوانم بێژم چاکترین رەشەریحانەی بۆن خۆشن‌لە دەوری باڵای وەك سەوڵا لار بونەوە. لەولاشەوە وەکو ماری پاپۆکەدەر لە سەرشان پاپۆکەیانەو، بەپرچ بەندی سورو ئاڵ شێراونەوە. رەشماری ئەو جوتە کەزیە، درێشوکەیان هاتەدڵ. ژەهریان پژاند، لایان وایە من ماران گەستەی ئەوانم. بەڵام نەخێر من‌هەر زۆر لەمێژینەوە هەر ئەو ساتەی کەوتومە ناو گێژی ئەوین، دەستم لەگیانم بەربوە. ئێستاش لەپاش گیان‌دەرچونیش، شەوو رۆژ لەتاو ئەو لێوە شیرینانە تاڵی‌کێش‌و بەئازارمو ئاخ هەڵکێشم. نازانم تکاکارەکەم بەکام باردا چارەم دەکا؟ ئەویارەی کەمن دەیناسم، ئەگەر ئێستا هەر بە چاوی خۆم‌بی‌بینم، لەبان سەرینم وێستاوە، لە خۆشیانا باوەر ناکەم. هەرجارێکیش چاوم بەچاوی بکەوێ؛ حەو روحم‌بێ، تازە ناژیم. گەشکە دەگرمو بۆی دەمرم. ئەوناسکوڵەی رەگەز گوڵە، بەرلەوە خوا گیانی ئێمە دروس بکا؛ پیاڵەیێکی لەئاوی کەوثەرێ دامێ. منی مەلای دڵدارو هەژارو بێ‌کەس‌و زەبون، هەتا رۆژی عەشرێ مەستم. ئەغیار بونەوەم بۆ نیە.

## قصیدەی نۆتو شەشەم

# «سولطانی بوتان»

١ لاتی حوسنیو شەهی خوبانی
بخوه هەم خانیو هەم خاقانی

٢ یوسفی ثانی تو ئیرۆ خانم
کو بحوسنا خوه نەدیری ثانی

٣ بسورۆو هەیبەتو سەهمی خوه پورۆی (پەری)
بتەشینت لبوتان سولطانی

٤ بطەبل خانەیی شاهی وەرە تەخت
کو تو ئیرۆ شەهی کوردستانی

٥ کاکولێ بەردە بسەر خالو خەتان
کو موسەلسەل بنومێت رەیحانی

٦ ئیسمی ئەعظەم تەدڤێ چلئیسمێ (چلئیسمێ)
ژدوحەرفان بموعەمما زانی

**مانای وشە:**

**لات:** بت؛ **نەدیری:** نیتە؛ **بتەشیتن:** بەتۆ دەشێت، بۆتۆ رەوایە؛ **طەبلخانە:** نەقارەخانە، دەستەی موزیکی شایانە.

**پوختەی مانا:**

تۆ نمونەی خودای جوانیو، جوانان دەبێ بتپەرستن. خونکاری گش نازدارانی. چاوجوانان ناوی

خان بێنن، بەتۆ دەڵێن. ئەگەر باسی قەرالۆ قاقانانیان کرد؛ تۆ مەبەستی. خانمە ناسكو نازدارەكە! تۆ ئەمڕۆ یەكەمین جوانی لەدنیادا. ئەگەر لە مێژوش بنوڕین، تۆ لەپاش یوسف دوهەمیو بۆخۆت هیچ دوهەمت نیە. بەدڵكێشیو هەیبەتو سامێك كە هەتەو ـ لەو بابەتەدا زۆرزۆری ـ سولطانی هەمو نازداران شیاوی خۆتەو بۆت هەیە پەڕی سوڵتانی لەسەرت دەی.

دەسا با نەقارەخانە، تەپڵی شادیو خۆشی لێداو تۆ لەسەر تەختی سەروەری هەمو جوانان جێگیربە. ئاشكرایە كە كێژە كورد، لە جوانیدا لە هەمو دنیا بێ وێنەن. تۆش لەچاو گش كچەكوردێك، وەك پادشای لەچاو گەدایان. واتا: ئەمڕۆ تۆ خونكاری كوردستانی. كاكوڵەكەت بابێتە سەر خاڵو میلت. تا رەشەریحانەی بۆنخۆش، بەزنجیرە خۆ بنوێنێ؛ ببنە نمونەی دوشێوە خەتی ریحانیو موسەلسەل، بەرێكوپێكیو بەجوانی.

تۆ بۆ دنیا هێنانە بەر فەرمانی خۆت، بۆ ئیسمی ئەعظەم مەگەڕێو گوێ مەدەرەی كەدەڵێن دەبێ چلناوان لەناوی خودا لەبەركەی. شایەت لەناو ئەو چلەدا، توشی ئیسمی ئەعظەم ببیو بەجامی چلكلیل ئاوێ بخوێتەوەو بەخۆیداكەی. تۆ لە دوپیتی روخسارت، ئەو مەتەڵۆكە هەڵدێنی. صادی چاوت ـ كە صاد خۆی ناوی قورعانە ـ ئەلفی بەژنت ـ كە بەڵگەی زۆر لەناوانی خوای گەورەیەو دوجاران لەناوی گەورە (اسمی ئەعظەم)دا هاتوە ـ بەڵگەت بەسە، كە تۆ توێنیو نوری خودا، لەتۆی داوەو ئەو هەمو جوانیەی پێت داوەو دەتوانی لەسەر دنیایە شانازی لە زەمین بكەی كە بەو جوانیە خودا دادەت، هەنگاوی لەسەر هەڵدێنی.

**٧ چبەرات‌بو وەبسەردا كاكول**
**چین‌بچین میسك بطوغرارانی**

**٨ تە چحاجەت بسولەیمانی‌یێ حوسن**
**خاتەمەك (خاتَمَكْ) لەعلە بگەوهەر ئانی**

**٩ چخەط ئەشكستە موسەلسەل یارەب**
**كو تەپێ نەسخ كری دیوانی**

**مانای وشە:**

**خاتَمَكْ:** ئەنگوستیلەی تۆ؛ **خاتەمەك:** ئەنگوستیلەیەك؛ **خەتی شكستەو موسەلسەلو نەسخو دیوانی:** چوار شێوە خەتی هونەریو جوانن؛ **نەسخ:** سرینەوە، لەناوبردن؛ **نەسخ:** نوسینەوە؛ **شكستە:** شكاو؛ **موسەلسەل:** بەزنجیرە؛ **دیوان:** بارەگای مەزنایەتی؛ **دیوان:** كتێبی شیعر.

**پوختەی مانا:**

ئەو كاكوڵە چین لەسەر چینەی تۆ هەتە، مۆری پادشای شاهانە بۆت بەخەڵاتەوە نراوە. خەتی

بەرات‌و مۆرەکە، نە رەنگە نە مەرکەفە. میسکی چینە، چین لەسەرچین داندراوەو لە سەر سەری تۆ نراوەو لەبەر چاوان رانراوە. تۆ هیچ کارت بە ئەنگوستیلەی سولەیمان ـ کە بەهۆی ئەو، حوکمی لەسەر دنیا دەکرد ـ نابێ‌و نیە. تا بەجوانی، لەسەر جوانان داوای سولەیمانی بکەی؛ ئەنگوستیلەی سەرداری‌و فەرمانرەواییت لەسەر عالەم، لێوی ئاڵی رەنگ لاڵتەو لە بنیادو رێزە گەوهەر، رێز کراوە. هەرچی بەلێو بیدرکێنی، هەمو خاوەن ژیان‌و گیانێك، بەگیان‌و دڵ پێکی دێنێ‌و دێویش ناتوانێ بیرفێنێ‌و ئەو کەتنەی بە سلێمان‌کرا، بەتۆش بکرێ.

ئەی خودایە! چنەخشکێت لەروی یاری من شان‌داوە؟ بسك‌و پەرچوکەو کاکوڵ‌و کەزیەکانیت، بەهەمو شێوە خەتێکی دەستی قودرەتت کێشاوە. هێندێك شکاون بۆجوانی، هێندێك هۆنراو بەزنجیرە، هێندێك رێك‌و پێك، وەك نەسخ. هێندێ‌وەك خەتی دیوانی، لەبەر چاو ئاڵۆزو تێکەڵ. لە راستیشدا مولەموتێ نەپەڕیوە. هەمو نەخشی هونەراوی خەڵکی زەویت پێ سرێیەوەو لەدیوانی شاعیراندا، وات‌کرد هەر ئەو بنوسنەوە. یان، لەبەری بنوسنەوە.

**١٠ گەرچی پورخال‌و نیشانی ئەمما**
**بنیشانی کو تو بێ نیشانی**

**١١ ئەی پەری حور سرشتێ هەرچەند**
**ببەشەر ئادەمی‌و ئینسانی**

**١٢ سورێ (سیررى) سوبحان تە ژحوسنی دنومێت**
**(أحسَنُ‌الله) ژسورا (سیرا) سوبحانی**

**١٣ چحەدی عەقلە قیاسی تەکرت؟**
**ئەڤە بورهان کوتو بێ بورهانی**

**مانای وشە:**

**سورْ:** دڵکێشی؛ **سیرر:** حیکمەت؛ **سوبحان:** پاك؛ **سوبحان:** ناوی خودا؛ **احسن‌الله:** بنازم بەکاری خوا، خوا چەند جوانی‌کرد؛ **حەد:** کەوشەن، سنور؛ **بورهان:** بەڵگەی زۆر رون.

**پوختەی مانا:**

ئەگەرچی چاو لە رواڵەتدا، خاڵ‌و خەتی تۆ دەبینێ‌و لای‌وایە بونە نیشانەت، لە خەڵکی دیت جیاکاتەوە؛ بەڵام چاو بە هەڵە چوە. نیشانەی تۆ لە بێ‌نیشانی تۆدایەو رەنگت نیەو دەهەمو رەنگانیش‌دا هەی. هەرکەسێ دەڵێ من دیومە، دیارە نەی دیوی‌و ناتناسێ. هەرکەسێ کە تۆ ناسێ. هەر هێندەی لێ حاڵی دەبێ، کە تۆ هیچ نیشانت نیەو نازانێ تۆ وەك‌چی دەچی.

بەریەکەی ئامیان حورەیەکەهەرچەند لەرواڵەتا مروی، پێستی مروت دەبەردایە؛ بەڵام ئەو

دڵکێشیە پاکەی دەتۆدایە، نوێنەری رازی نهێنی سوری هونەری خـودایە. ئـەی نامەخـوا لەو حیکمەتەی خوا نواندویە! صەد ماشاالله لەو دەسکارە جوانەی خودا.

لەرادەی عەقل بەدەرە، بەراوەردت دەگەڵ ئافەریدەکان بکرێ.' بەڵگە لەسەر جـوانی بێ وێنەت لەدنیا، بێ بەڵگەییو سەرگەردانی دڵدارانتە.

١٤ مە تەمەننا ژنەسیم خاکی رەهە
پێبکین دیدەیی دل نورانی

١٥ نەفەسەك بێتەمە نابی بِالله
نەتنێ روحی تو روحو جانی

١٦ صەد هەزاران ژتە پەیکان ددلن
لێ لسەروێ مەتنێ دەرمانی

١٧ تە برینێن مەکە واندن دیسا
ژنو ئاگرتە لداغان دانی

١٨ تە «مەلا» پور دجگەر گەزمە نەلۆ (لەو)
وە پەریشانیو پرئێشانی

**مانای وشە:**

**روح:** گیانی ماك، کە خوا فەرموی: هەر خۆم دەیزانم چلۆنە؛ **جان:** گیانێکـە دەزگای لەشـی زیندوەری، لە ماوەی دیاری کراوی ژیانی ئەم سەرزەمینەدا پێ سپێراوەو دەبەر فەرمانی گیانەکەی سەرەکیدا. کە فارس بە رەوانو جان ناویان ناون؛ **کەواندن:** داغکردن؛ **لۆ:** بۆچی؛ **لۆ:** کابرا، لاوۆ؛ **لەو:** بۆیە.

**پوختەی مانا:**

دەسـتەو داوێنی شـنەباین. تۆزێك لەتۆزی رێبازت بۆمە بێنێ. تا دەچـاوی دڵمانی کەین، دڵمان رۆشن ببێتەوە. سوێند بەخودا، هەناسێکیش بێتۆ ناژیم. تۆ هەر روحی بەتەنیامنی. تۆ روحیشـمو رەوانیشـمی. زۆرم سـەرەتیری دوریت لەدڵدایە. دەرمانی برینی دڵم، لەدەسـت دیداری تۆدایەو بەکەسیتر چارم نایە. فەرموت ناتوانی بمبینی. ئەی خوا هاوار. برینە جێ داخەکانی جەرگو دڵم، هێشتا هەر خوێنیان دەدەڵاند. سەرلەنوێ داغت پێوەنانو ئاگرت تێ بەردانەوە.

کاورای مەلای دڵداری ژار! چیتە هێندە پەرێشـانو دەم بەهاوارو پرژانی. دڵبەرت تۆی خوێندوتەوە کە جەرگی بەتیر هەنجنیت. کێیتر وەك تۆ بەختەوەرە، یار بەتیرانی وەخـوێنی؟ چـونە بەچاکە نازانیو گلە دەکەی؟

## قصیدەی نەوەدو حەوتەم

# چین و ماچین

١ مزگین ژمەرا بیتە ژسور شیرینێ
جانی خوەیی شیرین ددرم مزگینێ

٢ صەدچین دخوەدا گرتی‌یە زولفاتە بچین
شیعرا مە وەحەق لەو چو حەتا ماچینێ

٣ نەقشێن فەلەکان گوهدەدرن قێ نەظمێ
تەنها نەبەشەر هەر دکرن تەحسینێ

٤ عیشقی ژخودێدا تو بخازی ژێرا
گەردی لنەیارەك خوەبکی نەفرینێ

٥ یەك سەجدە تنێ فەرضە ددینێ عیشقێ
بن بەرقەدی یارێ دمەجالی دینێ

٦ عاشق کوبدل فاتیحەیا عیشقێ خوێند
ئایات یەکایەك دکرن ئامینێ

٧ مە ژلەعلی لەبی یاری خوە قەخار ئاقێ حەیات
ئەغیار بلاتێکی بچن دارینێ

**مانای وشە:**

**چین:** قەدیم بریەتی‌بو لە مەڵبەندی کاشغەرو خوتەن، کە بە ئاسکی میسك ناسرابون؛ **ماچین:** کورتەی مەهاچین، چینی گەورە. کە ئێستا مەهاکە فرێدراوەو هەر چین ماوە؛ **تەحسین:** ئافەریم؛ **نەیار:** دوژمن؛ **نەفرین:** توك.

**پوختەی مانا:**

هەرگا مژدەی دیدارێکم لەیاری خوێن شیرین بوبێت؛ گیانی شیرین بەمزگێنی دەدەم بەو مزگێنی هێنە. پرچەچین لەسەر چینەکەت ـ کە صەد چینیش پتر دەبێ ـ ناوی هاتە ناو شیعری من، بوبە شیعرم وەك میسکی خەتاو خوتەنێ بەبون خوشی بەناوبانگە. تەنانەت خەڵکی ماچین‌و چینی گەورەش، ـ کە میسك ماڵی خوێانە ـ بەئاواتن ئەو شیعرانەی منیان هەبێ. نەك تەنیا خەڵکی رەمەکی بە شیعرم دەڵێن ئافەریم؛ ئەو ئەستێرەی دەدرەوشێن‌و بونە نەخش لە عاسمانان، پەسنی هونراوەی من دەدەن. ئەوەش هەموی لەسایەی پرچی هونراوی بە ئاڵقەو داوی چین‌چینە. ئەوینی کەزی تو وای‌کرد، کە من هێندە دەم پاراوبم. ئەگەر دوژمنێکت هەیەو دەتەوێ توکی لێبکەی، بڵێ خوایە ئەوینی بخە دڵەوە. لایەك دەسوتێ‌و دەپروکێ‌و لە لایەکیش کینەی لەدڵدا نامێنێ‌و دەبێتە دوست. لە ئاینی دڵداراندا، لەکاتی دیتنی یاردا، سوژدەیەك بو بەژنی فەرضە. سوژدەی تریش ئەگەر بەرین، سوننەتەو خێری تێدایە.

«نالی» دەڵێ:

خەتات فەرمو کە خوشە چین‌و ماچین  کە ناچین لێرە خوشە چینی ماچین

ئەو دڵدارەی خوی دەقەبەڵ ئەوین‌دە کاو بو پێکهاتنی سەوداکە، سورەی فاتیحا دەخوێنرێ؛ هەمو ئایەتی قورعانێ دەڵێن خێری لێبینی؛ پیروزت بێ. دەڵێن خدر دەگەڵ موسا، لەنێوانی دو دەریایان لە شوێنێکا بەناو «دارین» توشی یەکبون. کە چیروکی ئەم توش‌بونە، لە قورعانێدا هاتوە. بەڵام ناوی خدر ناباو دارینیشی تێدانیە. من لە لێوی یارەکەی خوم، ئاوی ژیانم خواردوتەوە. با ناموێان بەتێکرایی بەشوێن خدرو ئاوی ژیاندا بەرەو دارین هەڵوەدابن.

۸ لازم بخوە ئایینەیی (روح‌القُدسی) تو
لەوکەس نەدیەن حوری بقێ ئایینێ

۹ جائز بتە (مِنْ حَیْثُ بَشَرْ) نسبەت دان
بیهن‌و شەفەق‌و نازکی‌یا نەسرینێ

۱۰ ئەڤ رەنگی فەصاحەت ژبەشەر سیحری حەلال
ئیعجازی بەیان ئانی‌یە بەرتەدوینێ

۱۱ دانالەو ئاهین‌مە ژدل صەح بکری
وەر گوهبدە هنداڤی سەری بالینێ

**مانای وشە:**

**ئایین:** رەوشت، خشڵ، شکو، جوانی؛ **مِنْ حَیْث:** بەو ئیحتوبارەی؛ **بەیان:** وتار، رون‌کرنەوە؛ **تەدوین:** کوکردنەوە؛ **هنداڤ:** لەدیار، نیزیك؛ **بالین:** سەرین، باڵگە؛ **صەح‌بکری:** ببیسی.

**پوختەی مانا:**

یاری نازدار! بەبیری‌من، تۆ دەبێ ئاوێنەیەك‌بی جوبرایلت تێدا دیاربێ. ئەگینا قەت حـوڕی‌و پەری واجوان‌و شەنگ نەرەخساون. چونکە لە بیچمی ئادەمیت، دروستە پێت بڵێن: مرۆ. ئەگینا بۆنی وا خۆش‌و روخساری وا تیشك‌دەرو ناسکی پێسـت ـ کە وەك پەلکـی گوڵی نەسـرین دەچـێ ـ کام بنیادەمی وا هەیە؟ گفـت‌و لفتت هێندە رەوان‌و شـیرینە؛ وتارت هێندە رەنگینە؛ بویتە جـادوگەر لە دڵان‌و جادوەکەشت بەشەرعی خودا رەوایەو دەکرێ بڵێین موجزاتە.

بۆ ئەوەی دەنگی ناڵین‌و ئاخەهەڵکێشـانم بیبســـی؛ دەبێ بێیتە نزیك ســـەرینی جێگـــاکەم، کە نەخۆشم‌و تیا کەوتوم. ئەوسا بەحاڵ نوزەی منت گوێ لێ دەبێ‌و خۆم نابینی.

مُتَنَبّی» (٣٠٣-٣٥٤ کوچی مانگی) تاك‌بەیتێکی هەیەدەڵێ:

ئەوەندزاروزەبونی‌تۆم‌کەلێم بڕوانی‌نام‌بینی  مەگین‌دەنگم بیبسی‌وباوەڕی‌بێنی کەهەرماوم

«حاجی‌قادر» دەربارەی دەمو بەژنی‌یار فەرمویەتی:

تا دەستی نەدا خەنجەرو نەیفەرمو دەسا دەی  حاجی بکوژن خێرە مەدەن ئیتر ئەمانی

ئیمکانی لەلای ئەو عولەمای مو دەقەڵێشن  عەنقاو وەفا بو چمیانی، چدەهانی

١٢ فەرهاد دزانت تو ژپەرویز مەپرس
ئەطواری غەمێ عیشق‌و سورا شیرینێ

١٣ بێ‌نوقطە نهن دائیرە ئیحسانکە «مەلا»
دەووار چکت دائیرەیا تەکوینێ

**مانای وشە:**

**نهن:** نین؛ **ئیحسان:** چاکە؛ **دەووار:** زۆر خول‌دەر؛ **تەکوین:** پێك‌هاتن؛ **ئەطوار:** گۆڕان گەل، بارگەل.

**پوختەی مانا:**

پەرویزی مێردی شیرینێ چوزانێ ئەوین یانی‌چی؟. دەبێ لە فەرهاد بپرسین. ئەو دەزانێ دڵکێشی شیرین تاکوێ‌بو. ئەوین چەند جۆرە دەردی هەن. هەمو جـەغزێك نوقـطەی ناوەندی هەر هەیە. ئەوین ئەو نوختەی ناوەندەس لە جەغزی ئەم جیهانەدا. هەتا پیاو بەو نوختە نەگا، سـەرگەردانەو بەدەوری جەغزا خول‌دەخوا. دەسا ئەی‌یار! بەزەییت بە مەلادا بێت. شـارەزای کە لە بارەگات؛ کە چیتر بە سەرگەردانی بە دەوری جەغزا نەسـوڕێ. با بگـاتە تۆ؛ کە نوختەی ئـەو جـەغزە گەورەی هەمو ئافەریدەی تێدا، هەرتۆی، هەرتۆی.

١٤ ژمابەینا دوئەبرویان دبینم قا بە قەوسەینێ
(تَعالَی‌الله) بنێ رەمزی چرەنگ ئاڤیتە مابەینێ

١٥ بنیٚ نونێن لسەر صادان کوکاتب گوشە لیٚ بادان
سەراسەر قاف تاقافە رموزا (حِکْمَةالْعَینیٚ)

١٦ بەقا نینن لبوٚ تشتی، حەتا کەنگی بکین پشتی
دعیشقا وان پەری رویان وەرن دنیایە دادەینیٚ

١٧ ببەرقا شیرو ئەلماسان بتیرێژێن دشەهکاسان
سەراسەر ئەهلی دنیاییٚ دصوژی (طُرفةُالعینیٚ)

١٨ مەلاباللە، دڤیٚ دەوریٚ بڤیٚ رەنگیٚ بڤیٚ تەوریٚ
نیشان‌دا وەك نیشانی کەس دەرانین دورٚ ژبەحرەینیٚ

**مانای وشە:**

**تَعالَی‌الله:** پایەبەرزی بوٚخوا، نامەخـوا؛ **حِکْمَةُالْعَین:** راسـتی تەواو؛ **حیکمەت:** سـورٚ؛ **عەین:** چـاو؛ **حِکْمَةُالْعَین:** کتێبێکە لەعیلمی حیکمەتدا نوسینی «نەجم‌الدین قـەزوێنی»؛ **پشـتی:** کوڵەپشـت، تێلەکە؛ **پشتی:** پاڵەوپشت؛ **دەینیٚ:** بدەینیٚ؛ **طُرفَةُالْعَین:** چاو تروکانێك؛ **تەور:** رەوانی ئاو؛ **بەحـرەین:** دو دەریا؛ **بەحرەین:** ناوی مەڵبەندێکی میر نشینە لەسەر خەلیج کە دەریاکەی جێگەی راوی مرواری‌یە؛ **نَصیٚ:** دەق.

**پوختەی مانا:**

لەنێوان دوبروٚیاندا، بە مەودای ژیٚ کەوانێك دێتە بەرچـاوی دلٚو گیانم. خـودایا گەورەیی بوٚتو. بەچەند رەمزو ئیشارە، ئەم نێوان دو بروٚیە نەخشـاوە. دە برٚوانە کە ئـەو جـوتە بروٚیانەی لە شکڵی نون، لەسەر چاوانی وەك صادن «صـ » دەسـی توانای هونەرمەندی خـودای گەورە، بەرەو تیلە چەماندونی. وەکو نەصصێك گەیاندویە. ئیشارەی راستی ئەو چاوە، هەمو دنیای لەقـاف تا قـاف، وەبەر داوەو لە دەسکاری خودای جوانی، نیشانێکن. کتێبی حکمةالعەینی وەلا ناوەو کەسـیٚ ئـەو چاوو ئەبروێە بەچاوی دلٚ تماشاکا، چەددی هەس لە وەستای کارسـازی بیٚنیازی جـوانی وابیٚ وێنە حاشا کا؟!

دنیایە کە بیٚبەقایەو هەرچی لەناویشـی‌دایە، بوٚ کەس هەتا سـەر نەمایە. تا کەنگـیٚ پاڵی پیوە دەین؟ تا کەنگـیٚ لەکوڵمانی دەین؟ وەرن وەك من بکـەن یاران، شـتی دنیا بە دڵداری وەگوڕێن‌و لەسەودادا بزانن ئێمە سەرکەوتوین.

«نالی» فەرمویە:

بێزارە لەتوٚ.ئێستە هەم‌ئاغوشی عەدوتە دنیا کەدوێنیٚ حەرەمی موحتەرەمت بو

بروٚی وەك شیری ئەڵماسن لەتیژیدا، تروسکەی چاوەکانیشی، لە شاکاشی گروٚی مەیخـوٚری دڵداران، بەدی‌بکریٚ. لە چاو لێك‌نانی یارم‌دا، لە ماوەی چاوتروکانێك، هەمو دنیا بە گرپەی ئاگرو تینی ئەوینی خوٚی دەسوتێنیٚ. مەلا سـوێندت دەدەم بەخـوا! لەوان روٚژان وەکو شـیعرت رەوان‌و

جوان‌و ڕەنگینەو بەماناو خۆش‌و سـەنگینە لە توانای کام غەواص‌دایە لەناو دەریاش دوڕو مرواری وابێنێ کە نیو هێندەی بنرخێنن.

## قصیدەی نەوەدو هەشتەم

# پەسنی میری بۆتان

١ ئەی شەهەنشاهی موعەظظەم! حەق نیگەهداریێ تەبێ
سورەیی «اِنّافَتَحنا» دۆرو مادارێ تەبێ

٢ هەرکەناری پێقە وەرگێری عینانی هیممەتێ
زوهرە بێپەیکی تەوو کەیوان رەکیبدارێ تەبێ

٣ دائیما مەنزلگەها سوراتە بت بورجا شەرەف
طالیعی فەرخوندەوو بەختێ سەعید یارێ تەبێ

٤ سەبعەیی سەییارەو نەهچەرخی سەرگەردان بقێ
گەردشو دەورێ عەجەب دەرخدمەتو کارێ تەبێ

٥ ماهتابا دەولەتێ یەك پورتەوەك شەمعا تەبت
ئافتابا رەفعەتێ، بەرقەك ژئەنوارێ تەبێ

٦ لامیعێ فەتحا ئەزەل بەرقێ ژبەر تاجێ تەدت
کەوکەبا سەعدا ئەبەد، نەجمەك ژسەییارێ تەبێ

**مانای وشە:**

**نیگەهدار:** ئاگادار؛ **دۆرومادار:** لە دەوراندەور؛ **پێقە:** بۆلای؛ **عینان:** جلەو؛ **رەکیب:** رکێف، ئاو زەنگی؛ **رەکیبدار:** مەیتەر؛ جلەودار، پیادەی گەلێ سواران؛ **سور:** وارش؛ **شەرەف:** بلندیو گەورەیی؛ **فەرخونده:** ممبارەك؛ **سەعید:** پیرۆز؛ **سەبعە:** حەوت؛ **سیارە:** گەرۆك؛ **سەبعەی سیارە:** حەوت ئەستێرەی گەرێدە لەعاسماندا، نەچەقیو؛ **دەر:** لە؛ **پورتەو:** شەبەق؛ **دەولەت:** بەختەوەری.

**پوختەی مانا:**

ئەی پادشای زۆر بەقەدر! خـودای مەزن ئـاگای لێتبێ. سـورەتی «إِنَّافَتَحنا»ـ کە خـەڵاتی سەر کەوتنی پێغەمبەرە لەسـەر کافـران ـ هەمیشـە لە دەوری تۆبێ. بۆ هەرکوێ جڵەووەرگێری؛ زوهرە قاصیدی ڕێگەتبێو زوحەل بێتە مەیتەرت: رکێفەکەت بۆ دابگرێ، تا سـوار دەبیت. ئـەو بورجەی کە مزڵی تۆیەو کەوتۆتە ناو وارشی شارو ناویان ناوە بورجی شەرەف، بەراسـتی بورجـی شەرەفەو بە وجودی نازەنینت، شەرەفی پەیدا کردوە. یاخـوا هەمیشـە ئـاوابێ. هەمیشـە هەر بەختەوەر بی‌و گش‌ڕۆژت جەژنی پیرۆزبێ. حەوت ئەسـتێرە گەریدەکانی عاسـمانێ، بە عاسـمانی خول‌دەرەوە ـ کە سەرگەردان چـەرخ دەخـۆن ـ بەو گەڕانە سـەمەرەوە لە کارو خـزمەتی تۆبن. تیشکی مانگی دنیاداری‌و سەرکەوتن‌و بەختیاری وەك گری مۆمی تۆ وابێ، کە گری مۆمی پێشـە تۆ، لەمانگەشەو ڕۆشنترە. خۆرەتاوی پایەبەرزی بروسکـەی ڕۆشـنی تۆبێ. تروسکـەی خـودای ئەزەلی، بۆ سەرکەوتن بەسەر نەیارانی دەوڵەت لەتانجەکەت دا بتروسکـێ. ئـەسـتێرەی بەودمی عاسمان، تا هەتایە یەك لە کێشك‌گرانت بێ.

۷ بەرقی سوبوحی کو ئیشراقێ لصەد جانان ددەت
ئەو کو کەشفا دل‌دکت رەمزەك ژئەسراری تەبێ

۸ رایەتا فەتحێ ژنەصراتە کو هەر مەنشور بو
شەهسەواری فەرری سوبحانی عەلەمداری تەبێ

۹ نەی‌تنێ تەبریزو کوردستان لبەر حوکمێ تەبن
صەد وەکی شاهی خوراسانێ دفەرواری تەبێ

۱۰ گەرچی دەر ئیقلیمی رابیع هاتی‌تەختی سەلطەنەت
پادشاهی هەفت ئیقلیمان سەلام‌کاری تەبێ

۱۱ چیمەنا سولطانی‌یێ یەکلا لەیەك باغێ تەبت
گولشەنا خاقانی‌یێ خارەك ژگولزاری تەبێ

۱۲ ئی ژئەمرا تەی موکەررەم سەرکەشی کت میثلی شەمع
بەرسەری تیخێ تەوو مەقتولی موکاری تەبێ

**مانای وشە:**

سوبوح: خودا؛ ئیشراق: تیشك هاوێژی؛ نەصر: سەرکەوتن، یاریدەدان؛ مەنشـور: بڵاوکراو، شـەکاوو هەڵکراو؛ عەلەمدار: ئالا هەڵگـر؛ ئیقلیم: مەڵبەند؛ رابیع: چـوارەم؛ سـەلطەنەت: دەسـتەڵات‌و فەرمانڕەوایی، سوڵطانی؛ چیمەنی سوڵتانی: بنکەی تەیموری لەنگ‌بو لەئێران؛ موکار: تیژی موهەڵگر.

**پوختەی مانا:**

تروسکەی نوری خودا، هەرگا لەصەد جورەگیانان بدات؛ دەزانێ چیان دەدڵدایە. رازان بۆتۆ ئاشکراکاو رازداری نهێنی تۆبێت.

ئاڵای مەملەکەت گرتنت، هەر بشەکێو سەرکەوتو بی. شاسواری شەوکەتی خودا، ئەو ئاڵایەت بپارێزێ. نەك هەر کوردستان بەتەنێ، یاخوا تەورێزیش هی تۆبێو فەرمانرەوای خوراسانیش، سەر بۆ فەرمانت نەوی‌کات. هەرچەند لە مەڵبەندی چوارەم چویە سەر تەختی گەورەیی. بەئاواتم پادشای حەوقورنەی دنیایە بێنە سڵاوت. لە تەیموری لەنگ، زلتربی. لە خانی مغول، گەورەتر. چیمەنی سوڵتانی تەیمور، تاکە گوڵە مێلاقەیەکی باغتبێ. باغچەی خاقان، درکێك لە گوڵزاری تۆ نەهێنێ.

هەر کەسێکی لەفەرمانی بەرێزی تۆ سەرکێشی کات؛ یاخوا وەك مۆم سەری بەتیخ بەبڕێن بچێو بەرتیخی موکارت کەوێ.

**١٣ شاهباز ئەرچەند پەروازی ببالا بێتو رەت**
**دی دنیڤ توراتەبێتو صەیدی شونقارێ تەبێ**

**١٤ شاهی پورهەیبەت ددیرت لێ بسەهمێ زێدەیی**
**ساعەتا غەفلەت خویابێ کوز دبن بارێ تەبێ**

**١٥ هەرسەری دەولەت هەبت، دێ هەر دنیڤ بەندا تەبت**
**هەرکەسی عاقل بتن، هەر دێ دچوکارێ تەبێ**

**١٦ ئی دڤیت ئازادە بت دی چەهڤنێر لوطفا تەبت**
**هەرچی ئیستغنا ددل بەر مینەتو پارێ تەبێ**

**١٧ هەرکەسی قەستەك ددل دێ قەستی دەرگاهێ تەکت**
**ئی دخاطر ئەرجوکت دی هەر رەجاکارێ تەبێ**

**١٨ ئی نە دەولەتخواهی حەضرەت بت ژنیڤا جانو دل**
**شوبهەتی ئەهلی شەقا بەر قەهرو ئازارێ تەبێ**

**مانای وشە:**

**شاهباز:** بازی‌سپی؛ **پەرواز:** فڕین؛ **کوز:** پشتچەماو، کووڕ؛ **چوکاری:** چاکیری، خزمەتکاری؛ **ئازادە:** سەربەست؛ **ئیستیغنا:** بێنیازی؛ **پار:** بەش؛ **ئەرجو:** ئاوات، رەجا؛ **حەضرەت:** حضور؛ **حەضرەت:** وشەی رێزلێنانە؛ **شەقا:** بدبەختی؛ **شەقی:** یاغی؛ **ئەهلی شەقا:** جەهەندەمی؛ **قەهر:** توڕەیی.

**پوختەی مانا:**

ئەوانەی شاباز ئاسایی بەرزەفرن، هەرچەندی‌کە بێن‌و بچن، هەر دەکەونە تورێی تووەو دەبنە راوی شمقاری‌تۆ. شای ئیرانێ، هەیبەت‌و مەترسی زۆرە؛ بەڵام ئەوبەشەی لێزیادە. دەمەوێ لەخوت‌و خافڵ پەیدا ببێ‌و پشتی لەژێر باری تۆدا، دابنەوێ. هەرسەرێکی خوا بەخت‌و ئیقبالی دابێ، خۆی دەخاتە بەر دالدەی تۆ. هەرکەس ئاوەزی لەلابێت، هەر خزمەتکاری تۆ دەکا، کێ بخوازێ ئازاد بژی؛ چاوەنۆڕی بەزەی تۆیە. کێ دەیەوێ بێ نیازبێ؛ بەر منەتی ئەو بەشەیە تۆدەیدەیەی. هەرکەس نیازی لەدڵدایە، بێتە دەرگات نیاز رەوایە. کێ ئارەزوی هەرچی‌دەکا، بابێو لەتۆ داوا بکا.

هەرکەسێکیش بەدڵ‌و گیان تۆی خۆشناوێ؛ یاخوا وەکو جەهەندەمیانی بەدبەخت، قەهرو ئازاری لێباری.

**١٩ ما بعەیش‌و نوش‌و شاهی ئەوقەدەر عومرێ تەبت**
**چەندەکی سالیك موجەددەد (سالیکی موجەدەد) بێت‌و بێ، زاری تەبێ**

**مانای وشە:**

**ما:** ماو، باقی؛ **عەیش:** ژیان؛ **عەیش‌و نوش:** خۆش رابواردن؛ **شاهی:** شادی؛ **شاهی:** خونکاری؛ **قەدەر:** ئەندازە؛ **سالیك:** سالێك؛ **سالی:** بەژمارەی ئەبجەدی صەتویەکە. قەرن، صەت ساڵە. بەو ساڵەوە کە قەرنی تازە دەست پێدەکا، دەبێتە صەتو یەك؛ **موجەددەد:** تازەوەکراو؛ **موجەدەد:** بەبەهرە؛ **بێت‌و بێ:** هەر بێن‌وبێن؛ **زار:** سازگارو موافق؛ **زار:** منالْ؛ **زار:** زەبون؛ **زاری:** لاوێنی.

**پوختەی مانا:**

هەر باقی‌بی‌و خۆش رابوێری. تەمەنت هێندە درێژبێت، کە هەتا قەرن کۆن‌دەبن‌و سەرلەنوێ تازە دەبنەوە، هەمو قەرنێك تۆ هەر لاوبی‌و زەمان دایم لەگەڵ تۆدا سازگار بێ‌و، تۆ هەمیشە هەر خونکار بیت.

شیاوی باسە: نیمەی دوهەمی ئەمبەیتە، وا نوسرابو: «چندکی سالِك مجدد بیت‌و بیزاری تەبی» منەت‌بارم خوێندەواران لەمن باشتری بزانن. هەژار

**٢٠ هەرکەسی نە ژجان دوعاگوی‌و ئەناخوانی تەبت**
**گرتی‌یێ قەیداتەو ئامانجی نوباری تەبێ**

**٢١ مەدرەکی عیلمی ضەمیرێ شەممەیەك وەصفا تەهات**
**وەرنە کی‌عالم‌بشەئنی قەدرو میقداری تەبێ**

## ٢٢ قەستو داخوازا «مەلیێ» دائیم ژجان‌و دل‌ئەڤە
## هەر دبەندا خزمەتێ پیش دەستی دیداریێ تەبێ

**مانای وشە:**

**نوبار:** تازەکەوان؛ **ضەمیر:** بریەتیە لە دڵو هەناو؛ **شەممە:** کەمێك؛ **شەئن:** رەوا، دەربارە؛ **میقدار:** ئەندازە؛ **مەدرەك:** هوی تێگەیشتن.

**پوختەی مانا:**

هەرکەس نزا بو تو نەکاو لە دڵەوە پەسنی تو نەدات؛ یاخوا لەزنجیری تودا شەتەك دریو بەتیری تو سەکەتبیێ.

بە ئەندازەی زانستو هەستی دڵی خوم، ئەو کەموسکە پەسنەم داوی. دەشزانم لە هەمو دنیا کەس بە ئەندازەی جەنابت پایە بەرزو بەریز نیە. لە دەست کێ دێ وەکو تو هەی، پەسنت بدات؟ لەگیان‌و دڵمەوە دەڵیم: هەر بو ئەوەی بە دیداری تو شادبیم؛ خزمەتکاری‌و بەردەستی تو بویتە ئەوپەڕی ئاواتم.

## قصیدەی نۆتو نۆیەم

# دیسان پەسنی میرشەرەف

١ خانی‌خانان لامیعی نەجماتە هەر پرنور بێ
کەشتی‌یا بەختێ تە ئەز بایێ موخالیف دوربێ

٢ کەوکەبا سەعدا شەرەف طالیع دنیڤ بورجا تەبت
داتنێ‌تو ژچەرخی بالا شوبهی مەه مەنظور بێ

٣ ئەنجومی چەرخی موحەددەب هەر ژذاتی تەی شەریف
کەسبی ئەنواری بکن حەتتاکو نەفخا صور بێ

**مانای وشە:**

**خانی‌خانان:** سەروەری سەروەران؛ **طالیع:** دەرکەوتو، هەڵاتو؛ **طالیع:** بەخت؛ **مەنظور:** بەرچاو؛ **ئەنجوم:** نەجم‌گەل؛ **نەجم:** ئەستێرە؛ **موحەددەب:** پشت‌کوڕ؛ **نەفخ:** پف؛ **صور:** کەڵەشاخ کە قەدیم تێیان دەتوڕاند وەك شەیپوری ئێستا. بۆ ئاگادار کردنی دنیا لە هاتنی کاتی قیامەت فرشتە ئیسرافیل دە کەڵەشاخ دەتوڕێنێ؛ خوا فەرمویە: (هەرگا دەصور توڕێندرا، باسی شانازی بەرەگەز لەناو دەچێ)؛ **سەحەرگاهان:** دەمەو بەیانان.

**پوختەی مانا:**

ئەی مەزنی هەمو سەروەران! ئەستێرەی بەتیشکی بەختت، هەمیشە هەروا پرنوربێ. گەمیەی بەختت لەبای پێچەوانەی ژیان، خوا بی‌پارێزێو بەدوربێ ـ هەر وەکو ناوت شەرەفە، ئەستێرەی شەرەفو ئیقبالێ، هەر لەناو بورجەکەت دابێ. تا لەو عاسمانە بەرزەوە ـ کە بریەتیە لە ماڵەکەتو سەری لەعاسمانێ دەسوێ ـ وەکو مانگ تریفە بداو لەبەر هەمو چاوان دیاربێت.

ئەستێرەکانی عاسمانی، پشت چەماوە هەتا رۆژی قیامەتێ دێ، لە ئەستێرەی ئیقبالی تۆ،

تیشـكو روناكی وەرگرن. خـۆر بەیانان بەرلە جێی‌تر، گزینگ لە كۆشكـــی تۆ دەدا. دیارە بەنیازە هەمو رۆژ، رۆشنی لە زیارەتی تۆ بەنصیب بێو ئەوسا بەســەر دنیایەی‌دا، پەخشـان بكـات. (دیارە كۆشكی میر لە جزیرێ لەجێی‌تر بەرزتر بوەو هەوەڵ گزینگ لەوی داوە.)

٤ ئەختەرا تە ژپەردەیا غەیبی ئەگەر بیتن ظهور
دێ بتن (نِصفُاُلنَّهار)ی وەر شەبی دەیجور بێ

٥ (آیَةَاَلكُرسی)و (ئەنعام) هەیكەلا توخی تەبن
بێ‌نیهایەت پور مرادو بێ‌عەدەد مەنصور بێ

٦ هەركەناری وەرگەرینی پیڤە عەزمو هیممەتێ
رایەتا فەتحێ بنەصرا (لَمْیَزَلْ) مەنشور بێ

٧ خەیمەتا نوری عینایەت ظِلّ مەمدودی تەبت
سورەیی (اُمُّاُلْكِتابْ) ماداری حەضرەت سوربێ

٨ پاشی نەوشیروان دبێم دی حاكمی عادل توی
مێثلی حاتەم دێ بدانێ دەرجیهان مەشهور بێ

٩ ما جزیرێ شوبهی داری تەختی هەفت ئیقلیم بت
هەم بحوكم وسەلطەنەت ئەسكەندەرو فەغفور بێ

**مانای وشە:**

**ئەختەر:** ئەستێرە؛ **نِصفُاُلنَّهار:** نیوەرۆ؛ **دەیجور:** تاریكی توخ؛ **هەیكەل:** حەمایەڵو نوشتە؛ **پێڤە:** بۆی، بۆلای؛ **ظِلّ:** سێبەر؛ **مەمدود:** درێژكراو؛ **اُمُّاُلْكِتاب:** سورەتی فاتیحا؛ **نەوشیروان:** پادشایەكی ئێران بو بە خاوەن‌داد ناوی كردوە؛ **حاتەم:** عارەبێكی هۆزی طەی كە بە دەهندە ناوی دەرچوە؛ **دان:** بەخشین؛ **توخ:** جوققەی پاتشایەتی.

**پوختەی مانا:**

وەك لەپێشەكی باسكرا؛ لە زەمانی میرشەرەفدا، شاری «جـزیرابۆتانێ» وارشـێكی لە بەردی تاشراو لێكراوە. هەمو قورعان لە بەردەكان هەڵكەنراوە. مەلا دەڵێ: ئەستێرەی تۆ، ئەگەر لە پەردەی بەرپیوار لە شەوی تاریكە شەودا بێتە دەرێ؛ دنیا دەبێتە نیمەرۆ. لەبەر خوا دەپارێمەوە ئەو قورعانە بەسورەتی فاتیحاو ئەنعامو ئایەتەلكورسیو تێكراوە، هەروەك لە وارشـی شـارەكەی پایتەختت پارێزگارن؛ نوشتەی جوققەی سەریشتبن. هەمیشـە سـەر سـەلامەت بیو بە هەمو ئاواتان بگـەیو سـەركەوتنت بە سـەر دوژمن، لەبنە نەیەت. بەرەو هەركوێ بڕیار بدەی هێرش بەری، ئاڵای پیرۆزیو سەركەوتت شەكاوە بێو، قـەت نەنەوێ. تیشكی بەزەیی خـودایی، وەكو

سێبەر دەگەڵت بێو سێبەرت کورتی نەهێنێو هەر خاوەن پایەو سایەبی. سورەی پیرۆزی فاتیحا، وارشـــی دەورو بەرت بێو لە بەڵایان بتپارێزێ. بەبیری من، فـــەرمانڕەوای هەرەبەداد، پاش ئەنوشیروان هەر تۆ بوی. بە بەخشینیش وەك حـاتم، ناوبانگـت دەڕوا. بە هومێدم شـاری جـزیرا بۆتانێ. پاتەختی هەر حەوت ئیقلیم بێو بە شەوکەتو حوکمرانی، وەك ئەسکەندەرو فەغفوربی.

١٠ میثلی جەم جاما زەرین خالی نەبێ تە ژبادەیێ
دا ژخەمرا شادمانی دائیما مەخمور بێ

١١ ما دباغی عەیشو نوشی هەر بسازو ئەرغنون
کامرانو کامبەخشو دلخوشو مەسرور بێ

١٢ چەندەکی شیرین بسوڕ دەربەندی دیوانا تەبن
بەندی شاپوری تەبن تا خوسرەوو شاپور بێ

**مانای وشە:**

**جەم:** کورتەی ناوی جەمشید کە پادشایەکی ئێران بوە؛ **مەخمور:** سـەرخـۆش؛ **دەربەند:** خـذمەتکـاری دەستەو نەزەر؛ **دەربەند:** ئەو شوێنەی شیرینی فـەرهادی لێبو؛ **شـاپور:** کوڕیشـا؛ **شـاپور:** ناوی پادشایەکی ئێرانبو کە هێرشی کردە سەر عەرەبانو پەنجاهەزار دیلی لێگرتنو شانی سمینو بە پەتێکیەوە بەستنەوەو عەرەب بەناوی شاپورەکەی شانان (ذوالاکتاف) ناوی دەبەن؛ **خوسرەو:** پاشا، مێردی شـیرینی فەرهاد، شاپور وێنەکێشـێكبو ببوە دەڵاڵی خـوسرەو، شـیرینی بۆ تاو دەکرد. مەلا لەوشـیعرەدا،زۆری تەڵە ناوەتەوە.

**پوختەی مانا:**

وەك جەمشید خاوەن شکـۆبی. جـامت دنیای تێرا دیاربێ. هەمیشـە لەبادەی شـادی مڕو پڕبیو هەرگیز پیاڵەت خاڵی نەبێ. لەباغی خۆشگوزەرانی هەمیشە دڵشـادو سـازبیو ئـاهەنگو بەزمت بگەڕێ. بەمراد بگەی. خەڵکیش بەمراد بگـەیەنیو هیچ کەمایەسـی نەهێنی. هەرچـی جـوانو خوێنشیرینو دڵ دەکێشن بەرەو خـوێان؛ نۆکەری دەسـتەو نەزەربن لە دیوانت. هەرچـەند شـاو شازادە هەیە لە دنیادا، ببنە نۆکەری کوڕیتۆ، هەمو فەرمانڕەوای نامۆ، وەك عارەبیان لێ بقـەومێ بەدەستی شاپوری ئێران، خوسرەوو دەڵا لەکەشیو شـیرینەکەی دەربەندیشـی، خـذمەتکـارو کارەکەری ماڵی تۆ بن.

١٣ هیندیکو رۆژو شەڤن تێك عیدو لەیلی قەدربن
جام مەدام پڕ بادەبت، لێ نە ژمەیا ئەنگوربێ

١٤ شوبهەتی روحالقُدُس عەردیٚ تو پیٚ لیٚ داینی
سەبزەوو رەیحانو نەسرینو گولی مەنقور بیٚ

١٥ هەردەری نەعلیٚ فەرەس شوبهەت بوراقیٚ قیٚ کەڤت
چەشمەیی حەیوان ژئەو عەردیٚ موبارەك فوربیٚ

١٦ ما تەعومری خضرو نوحو مولکی (ذوالقَرْنَیْن) بتن
گونبەدا چەرخی مولەممەع هەر بتە مەعمور بیٚ

١٧ خاصی تەشریفاتە بن دەریاو دەربەندی عەجەم
دا خەلاتێن هەر سەحەر صەد زەرکەشو مەخمور بیٚ

**مانای وشە:**

**ئەنگور:** تریٚ؛ **لیٚداینی:** لیٚ دادەنێی؛ **مەنقور:** دندوك لیٚدراو؛ **نەعل:** نالٚ؛ **بوراق:** ئەو فرشتەی بوبە ئەسپی پێغەمبەرو بو میعراج سواری بو؛ **فوربون:** فیچقەکردن؛ **نوح:** پیرە پێغەمبەرێك بوە تا تەمەنی نوسەتو پەنجا ساڵی دەگەلٚ ئومەتەکەیا ژیاوە. باوەڕیان پیٚ نەهێناوە. نەفرینو توکی لیٚکردون. خوی گەمیەی لە دار تاشیوەو هەوالٚو کەسو کاری خوی‌و لەهەمو زیندەوەرێکیش نیرو مێوێکی تێناوە. ئەوسا باران دای‌کردوە، لافاو دنیای داگرتوە. هەرچی جانەوەر لەدنیان جگە لەوانەی ناو گەمیە، لەو لافاوەدا خنکاون. گەمیەش لەپاش لەهی نەمان، لەسەر دوندی کێوی «جودی» لە کوردستان نیشتوتەوە. نیرومیٚ تێك بەربونەوەو ژیانیان بەسەر گرتوتەوە؛ **مولەممەع:** بریقەدار کراو؛ **مەعمور:** ئاوەدان؛ **تەشریف:** خەلات؛ **دەربەند:** بەندەر؛ **مەخمور:** مەخمەر، قەدیفە.

**پوختەی مانا:**

هەرچەندەی روژو شەوی تون، جیژنەو لەیلەتولقەدربن؛ پیالٚەت هەمیشە پڕمەی بیٚ. بەڵام بادەی تریٚ نەبیٚ. بادەی خوشەویستی خوابیٚ. وەك نازانم کیٚ گوتویە:

لە ئەسپابی فەرەح ساڵونی عەیشت پر تەدارەك بیٚ

شەوت هەر روژو روژت جەژنو جەژنت لیٚ مبارەك بیٚ

یا خوا لەکویٚ پیٚ دادەنێی، ودمی وەکو شوێن پای فرشتە جوبرەئیل وابیٚ. لە ودمی ئەو، ئەو زەمینە پڕبیٚ لە سەوزەو ریحانەو غونچەی خەریك پشکوتنو لقە نەسرین. یاخوا نالی ئەسپەکەی تو، وەهەر زەمینێك دەکەویٚ، ودمی ئەسپە باڵدارەکەی پێغەمبەری کە بەسواری ئەو چوە میعراج، بوویش هەبیٚ. ئاوی ژیانیٚ لەجیٚ نالی فیچقە بکات. تەمەنت وەکو تەمەنی نوحو خدران، هەر لەدو بیٚو پاتشایەتی ذوالقەرنەینت بە نصیببیٚ کە باجی لە روژیٚ ئەستاندو پێشی بە عاجوج باجوج گرت. تایبەتی خەڵات دانێت بن بەندەرگەو دەریای ئێرانیٚو، لە بەهرەی وان، هەمو روژیٚ لە بەیاندا ـ کە تەشریف دێنیە دیوانیٚ ـ صەتان پارچەو باڵاپوشی زەریٚو مەخمەر، بەسەر نزیکانی خوتدا، دابەش بکەی.

١٨ گەرچی دەر دیوانی حەضرەت پور حەقیرین شوبهی مور
چەشمێ تە چەشمی سولەیمانی بحالی مور بێ

١٩ ئی نەوەك گۆی بێ سەروپا بێت دبەندا خدمەتێ
ما دچەوگانا تەهەر پەرکەندەوو مەقهور بێ

٢٠ مالیسانێ من دوعاگویی لدەر حەق وەصفی خان
مەظهەری سیررا کەلامێ وەك درەختا طور بێ

٢١ هەر دمەدحێ تەو ثەنایێ سینەوو قەلبی مەلێ
بێ تەفاوت قولزوما پور لوئلوئی مەنثور بێ

٢٢ ژاستانی دەولەتێ غایب نەبێ جارەك «مەلا»
دا ژفەرمانی موکەررەم دەمبدەم مەئمور بێ

**مانای وشە:**

**حەقیر:** بێنرخو سوك؛ **مەقهور:** غەزەب لێ گیراو، تێشکاو، خەمگین؛ **لیسان:** زمان؛ **مَظْهَر:** دیاری دەر؛ **درەخت:** دار؛ **مەنثور:** پەرژ؛ **موکەررەم:** بەرێزو حورمەت؛ **مەئمور:** فەرمانبەر؛ **بی‌تەفاوت:** بێفەرق.

**پوختەی مانا:**

خانی سلێمان ئاسایی، من خۆم لە بارەگای تۆدا ـ کە پریە لە پیاوی گەورە ـ وەك مێروله دێتە بەرچاو. بەڵام تۆش هەروەك سلێمان، لە مێروله‌ی دەپێچاوە، بەچاوی خۆشی‌و بەزەیی وەملاوێنە. هەرکەس وەك گۆی گرووەرو بێپاوسەر بو بەهرەی تو هەڵنەسوری؛ گوریەتی لەبەر کاشوی تو، سەرگەردان‌و پەربڵاوو تێك شکاوبێت. زمانم لەپەسنی تودا، وەك چیرۆکی ئەو دارەیە کە لە طوری موسای دەدواند. دار نەیدەدواند، خودا دواندی. خودایە، کە توی خۆشدەوێ. پەسنی‌تو فێری زمانی بەستەزمانی مەلا دەکا. لەوساوە کە پەسنت ئەدەم، دڵو سینەم وەکو دەریا پرن لە مرواری پرژاو.

هەرگیز مەلای لەدەرگای خوت دور مەخەوە، با هەمیشە گوی بەفەرمانی بەرێزی جەنابت بێو شانازی بە بەختی بکات.

## قصیدەی صەدەمین

# «بەیانی باش»

### بەشێوەی سەربەندی (تَرجیعبَنْد)

١ (صَبٰاحُ‌اُلخَیر) خانێ من — شەهی شیرین زەبانێ من
توی روحو رەوانێ من — ببت قوُربان تە جانێ من
تعالی‌الله چذاتی تو — چوێ شیرین صیفاتی تو
نەوەك قەندو نەباتی تو — یەقین روحو حەیاتی تو
حەیاتو راحەتا جانم — (صَبٰاحُ‌اُلخیر) یاخانم!
وەرە بیناهی‌یا چەهڤان — ببینم‌بەژن‌و بالایێ

٢ (صباح‌الخیر) مەستا من — لەطیفا جام‌بدەستا من
خومارو مەی پەرستا من — توی مەقصودو قەستا من
ژمەقصودان توی بەس من — ببن بەرچەرخی ئەطلەس من
ژغەیرێ تە نەڤێت کەس من — برەشتوزین موقەووەس من
دبەندا زولفی چەوگانم — (صباح‌الخیر) یاخانم
وەرە بیناهی‌یا چەهڤان — ببینم بەژن‌و بالایێ

٣ ژوێ زولفێ، ژوێ بەندێ — رەهابم لێ ژپەیوەندێ
سیە چەشمێ سپی زەندێ — تە صوهتم شوبهەتێ فەندێ
شوبی شەمعو شەمالم ئەز — ژبەر حوببا تەلالم ئەز
ضەعیفم وەك هیلالم ئەز — صیفەت گوێین دکالم ئەز
ڤە بولبولرٚا بئەفغانم، — (صباح‌الخیر) یاخانم!
وەرە بیناهی‌یا چەهڤان — ببینم بەژن‌و بالایێ

٤ ڤە بولبوبرا شەڤو روٚژێ — لسەروی تەرحو بشکوٚژی
ئەنی ماهی، شەفەق روٚژی — تە صوهتم شوبهەتی دوٚژێ
کو دورم ئەز ژوێ حورێ — تنی جارەك لسەر سورێ
ژوادی ئەیمەنا طورێ — تەجەللا کر دنیڤ نورێ

ژوێ‌صوهتی‌دل‌و جانم (صباح‌الخیر)یاخانم!
وەرە بیناهی‌یا چەهقان ببینم بەژن‌و بالایێ

۵ ژحوسنا وی تەجەللایێ یەدی بەیضاو بالایێ
چوەصفان بێم خەبەر نایێ وەلێ دل جەذبەیی دایێ
نەهشیارم ژوێ بەرقێ ژ زەرتاجێ لسەر فەرقێ
سپێدە دا هەتا شەرقێ بەلێ نائێخمێ فەرقێ
ژضەربی‌عیشق‌نالانم (صباح‌الخیر) یاخانم!
وەرە بیناهی‌یا چەهقان ببینم بەژن‌و بالایێ

٦ ظەریفی نازکی شەنگی صیفەت حوری پەری رەنگی
بروژێرا تو هەڤدەنگی دورەشتوزین سیە رەنگی
کشاندن لێ نەوەك جاران خەدەنگێن قەوسی نوباران
ژرەنگی شیرو موکاران رەشاندن سینە وەك باران
ژوێ‌ضەربی‌پرێئیشانم (صباح‌الخیر) یاخانم!
وەرە بیناهی‌یا چەهقان ببینم بەژن‌و بالایێ

۷ قەکە جارەك خەت‌و خالان لسەروان مەسنەدو پالان
بخونە لێ مە عەبدالان ببینین عیدو سەرسالان
ئیجازەت دی مە دەستوری پەری رەنگی صیفەت حوری
ژنیڤا ظولمەت‌و نوری بنوشین مەی دفەرفوری
ژدل تالانی خالانم (صباح‌الخیر) یا خانم!
وەرە بیناهی‌یا چەهقان ببینم بەژن‌و بالایێ

۸ ژشەهکاسا کو قەرقەف تێ مەیا نورین موشەررەف تێ
نیشانەك دلبەرێ کەفتێ ژبومن هەر سەحەر خەف تێ
ژوی جامی دنوشم ئەز سەحەر لەو نەی لهوشم ئەز
ژعامی لێ دپوشم ئەز بجان هەرلێ دکوشم ئەز
کوغالیب‌مەست‌وسەکرانم (صباح‌الخیر)یاخانم!
وەرە بیناهی‌یا چەهقان ببینم بەژن‌و بالایێ

۹ وەرە پێشبەر مەلایێ خوە شەهیدو موبتەلایێ خوە
بشەفقەت کە لیقایێ خوە «مەلا» نەمرت بدایێ خوە
مەسیحایی لبیماران کەسین گەزتی دو رەشماران
شەهیدێن شیرو موکاران کری ئامانجی نوباران
لدیداراتە حەیرانم (صباح‌الخیر) یا خانم!
وەرەبیناهی‌یا چەهقان ببینم بە ژن‌و بالایێ

**مانای وشە:**

**صباح‌الخیر:** بەیانی باش؛ **شەهی:** پادشای؛ **شەهی:** جێی ئارەزو؛ **یا:** ئەی؛ **خانم:** گەورەی من؛ **خانم:**

خاتونەکە؛ **پەیوەندی:** گرفتاری، گیرۆدەیی؛ **ئەنی:** هەنیە، توێڵ؛ **وەلێ:** وەهاڵێی؛ **بەلێ:** ئاری؛ **بەلێ:** بەڵام؛ **نائێخمێ:** ناخەمێ، نایەخم؛ **ضەرب:** لێدان؛ **ضەرب:** ژەنینی موزیك؛ **عەبدال:** دەرویش و هەڵوەدا؛ **سەرسال:** نەورۆز؛ **قەرقەف:** بادە؛ **پێشبەر:** روبەرو؛ **مەسندوپال:** پاڵەو پشت.

**پوختەی مانا:**

شیاوی باسە: هەمو وشە دژوارەکانم مانا کردەوە. خوێندەوار دەیانزانێ. ئەگەر گوێ نەدەینە یەك بەیەکی وشەکان؛ ماناکە وای لێدێ:

**١٠** **بەیانت خۆش و گەش خانم** — **کزەو هیوای دڵو گیانم**
**لەبسکت دایە تای ژیانم** — **ئەوینت بۆتە ئامیانم**
**بڵێم تۆ چەندە شیرینی!؟** — **نەوەك قەندی نەهەنگوینی**
**ئەتۆ گیانی ئەتۆ ژینی** — **ئەتۆم هێزی ئەتۆم تینی**
بەقوربانتدەکەم گیانم — بەیانتخۆش و گەش خانم
وەرەروناکی چاوانم — ببینم بەژن و باڵاکەت

**١١** **لەمەستی چاوەکەت مەستم** — **نەما هۆشم بڕا هەستم**
**بەنازو غەمزە ناوەستم** — **بەخێری خۆت وەرە دەستم**
**لەجوانیت بویە پیری من** — **ئەوینتە دەستگیری من**
**تەنێ هەرتۆی لەبیری من** — **ئەتۆی سەردارو میری من**
**پەنای بۆمن کەسی بۆمن** — **ئەتۆ فریا رەسی بۆمن**
**خەنیم تاتۆ هەسی بۆمن** — **لەعالەم تۆ بەسی بۆمن**
گراوی داوی کەزیانم — بەیانتخۆش و گەش خانم
وەرەروناکی چاوانم — ببینم بەژن و باڵاکەت

**١٢** **دڵم بەربێ لەکەزیانت** — **رەها نابم لە چاوانت**
**لەپەنجەی ناسك و جوانت** — **گرم گرت بومە شەمدانت**
**ئەویندارى ژیان تاڵم** — **پەپولەی رومەتی ئاڵم**
**گڕی تێچو پەڕو باڵم** — **دەسوتێم ناشێ بشناڵم**
لەتاوان بێ سەروزمانم — بەیانتخۆش و گەش خانم
وەرەروناکی چاوانم — ببینم بەژن و باڵاکەت

**١٣** **خودا، لەو بەژن و باڵایە** — **لەناو ئەو ئاڵو واڵایە**
**پشێوی خستە دنیایە** — **دڵم پۆلوی لەبەربایە**
**گرێکی خوا لەطور جارێ** — **کە موسا دی لەسەر دارێ**
**ئەمن دیتم لە تالارێ** — **دەسا چۆن ئۆقرە ناتارێ**
لەتینی دینێ بریانم — بەیانتخۆش و گەش خانم
وەرەروناکی چاوانم — ببینم بەژن و باڵاکەت

١٤ شەوەی بسکۆڵو کاکوڵی سپێدەی لاملو قوڵی
بەرو سینگی سپیو سوڵی پەلو پوزی خرو خوڵی
لەهەرلا ڕێزی بشکۆژێ کڵاوی زێر لەسەر ڕۆژی
دەدەن پرشنگو تیرۆژی دڵم هەر دەستی دەکرۆژێ
وەکودڵخانەوێرانم بەیانتخۆشوگەشخانم
وەرەروناکیچاوانم ببینمبەژنوباڵاکەت

١٥ لەشۆخیو ناسکیو شەنگی لەچاوی مەستو سیوەنگی
پەریزادەش پەڕی ڕەنگی ڕوحم کەوتە نەفەستەنگی
کەزیت وەك جوتە ڕەشمارن بروت وەك شیری موکارن
مژۆڵت تیری پەڕدارن بەرەو جەرگم سەرەو خوارن
بەبرژانگانەبرژانم بەیانیتخۆشوگەشخانم
وەرەروناکیچاوانم ببینمبەژنوباڵاکەت

١٦ لە ڕۆژی جێژنو سەرساڵان کەدارو دەستە لێت هاڵان
بپرسە حاڵی بێ حاڵان بفەرمو بێنە دیار خاڵان
چنا قەومێ ئەگەر وابێ یەقینم کابە کەچ نابێ
ئەوەندەت با لەرای خوابێ دەگەڵ دڵدار دڵت چابێ
نەماوی وردەخاڵانم بەیانیتخۆشوگەشخانم
وەرەروناکیچاوانم ببینمبەژنوباڵاکەت

١٧ لەبادەی بەردەمیم ڕوانی لەوێنەی ڕومەتی جوانی
دڵم بوراوە ئەوعانی لەهۆش خۆم چوم لەرامانی
لەوێ ڕۆژێوە بێهۆشم پەرۆشو ماتو خاموشم
وتم ڕازێکە دەیپۆشم بەڵام هەیهاتە تێکۆشم
بەسەرخۆشیچدەتوانم؟ بەیانیتخۆشوگەشخانم
وەرەروناکیچاوانم ببینمبەژنوباڵاکەت

١٨ بزەی ئەو تەنکە لێوانە شیفان بۆ شێتو دێوانە
لەرەی ئەو شەکرە سێوانە لەگش ئازارێ هەتوانە
نەخۆشی چاوی بەخومارم بەنازانت بریندارم
مەلای ژاری بەئازارم دەبا نەمرم بکەچارم
لەدەستتدایەدەرمانم بەیانیتخۆشوگەشخانم
وەرەروناکیچاوانم ببینمبەژنوباڵاکەت

## قصیدەی صەتو یەکەم

# «بتی جوانان»

١ صەنەما سور ژصەمەد، شەوق ژحەق دایە وجودێ
گەر عەزازیل بدیتا، نەدبر غەیری سجودێ
غەرق بوم ئەز دغەما عیشقێ دوەقتی سەحەری بو
کو تەجەللایی جەمالێ لمیثالی بەشەری بو
نە ژلەونی بەشەران من دیە لێ دیمی زەری بو
ئەز دبێم روحی قودوس بو بخوەیا حورو پەری بو
لەو بحوسن‌و نەظەرێ رەمز ژسررا قەدەری بو
خەمری‌یێن سەیر لدیم حەلقە لدۆرا قەمەری بو
صەد خەدەنگ دانە جەگەر سینە ژضەربێ بەکەری بو
لمە ئێش‌و ئەلەمان زێدە ژتیرا قەجەری بو
دل ژمە بویە پەلەك جان‌و جەسەد تێك سەقەری بو
لەومە شەب تا بسەحەر نالەیە وەك مەغنی‌یێ عودێ
صەنەما سور ژصەمەد، شەوق ژحەق دایە وجودێ
گەر عەزازیل بدیتا نەدبر غەیری سجودێ

**مانای وشە:**

**عەزازیل:** شەیتان، مەلەك تاوس؛ **ضەرب:** زەبر؛ **بەکەری:** لەتوپەت؛ **قەجەر:** خۆش‌بەز، بەپێ؛ **قەجەر:** ناوی عەشرەتێکی مغولی‌بو. کە تەیموری لەنگ سالی ٨٠٣ هێنانیە ئێران‌و شەرکەری صەفەویانیش بون. لە ساڵی ١٢١٠ را تا ١٣٤٤ کۆچی مانگی پادشایەتی ئێرانیان لەدەستابو؛ **پەلەك:** پۆلوێك، پەنگرێگ؛ **سەقەر:** جەحەندەم؛ **مەغنی:** مەغنە، ئاواز؛ **عود:** سازێکە وەك تار دەچێ.

**پوختەی مانا:**

شەپاڵێکی کە وەك بت دەیپەرستم من، تروسکەو شۆقی نوری خوایە؛ دیتومە لە دنیایە.

ئەگەر شەیتان لەباتی بابەدەم، یارمی بدیتایە؛ هەزار سوژدەی دەبرد یەکجێ بەرەو ئـەو بەژن‌و باڵایە.

بەیانێك بو کە پرشنگی خودای جوانی، وەکو عینسانێ خۆی شاندام. بەرەو دەریای ئەویندارى‌و خەمی هاندام. لەگێژاویا نوقوم بوم؛ بێسەرو شوێن چوم.

بەدیمەن ئادەمیزاد بو لەبەر چـاوم؛ بەڵام جـوانی وەها سـەوزەو بەنازو غەمزە، قـەت نابێ لەدنیابێ. بڵێم حۆری‌و پەری بو؟ نا. دەڵێم هەر عەزرەتی جوبرایلە هاتبوە بەرچاوم.

لەرەی پەرچەم بەدەم سـروەی بەیان لەو مانگـی روخسـارەو لە دەورەی سـێوی کوڵمانی، نمونێك‌بو لە کردەی جوانی بێوێنەی دەسی رەنگینی خوای جوانی. وەبەر تیری تەاشـای دام؛ بە پەیکانی بژانگ پێکرام‌و جەرگم ئەنجن ئەنجن‌بو. خـودا هاوار! بەچـی ئـاو داون ئـەو تیری بژۆڵانە؟! لەجێ تیری قەجەر فیشتەر بەدەردو ئێش‌و پڕژانن. لە دیداری بروی لاری، لەش‌و گیانم بە یەکجاری، وەکو کوانوی قەڵاشکاری، لەگوێن تەندوری گڕسـورە، لەدور هاڵاوو تینی تێ. دڵی چوڵ‌و بیابانم پەرەنگێکـە کە لەو چـوڵە لەبەربا بێ. لەتاوی دیتنی چـاوی، دەناڵێنم بە سـوتاوی، شەوو روژ دەنگی ناڵینم، وەکو بلوێرو شمشاڵە لە گاڵیندا.

شەپاڵێکی کە وەك بت دەیپەرستم من، تروسکەو شۆقی نوری خوایە؛ دیتومە لەدنیایە.

ئەگەر شەیتان لەباتی بابەدەم، یارمی بدیتایە؛ هەزار سوژدەی دەبرد یەکجێ بەرەو ئـەو بەژن‌و باڵایە.

**٢** **نەظەرەك وی بەشەری لەب شەکەری حوری سرشتێ**
**نادرم ئەز بمەی‌و کەوثەرو حورێن دبهشتێ**
**ئی دی‌یە ئەو بخوە جارەك دعەجێبم کو بهش‌تێ**
**تەژوان قەوس‌و کەڤانان چخەدەنگن دبەوەش‌تێ**
**ئەوە من شافی‌یی دەردان مەچحاجەت بنڤشتێ**
**گەر بکت حوسن‌و جەمالا خوە تەجەللا دکەنشتێ**
**دبتن بەیتی قودوس، ئەهلی زیارات ژحەبەش‌تێ**
**سینە پوت خانە یەئیرو، مەژدیم‌و قەدو قشتێ**
**بدلی سادە چکم ئەز؟ کو تەجەللا نەگەهیشتێ**
**ئەوەمن قبیلەیی جەبهەت دقیام‌و دقعودێ**

صەنەما سوڕ ژصەمەد، شەوق ژحەق دایە وجودێ
گەر عەزازیل بدیتا نەدبـر غەیـری سجودێ

**مانای وشه:**

**سرشت:** ماك‌و ئامیان؛ **نادرم:** نادەم؛ **ئی‌دیه:** ئەوی دیتویه؛ **شافی:** شفادەر؛ **نڤشت:** نوشته؛ **کەنشت:** هەم کلیسا، هەم نوێژگەی جو؛ **پوت:** بت؛ **جەبهەت:** تویڵ، روبەرو؛ **قیام:** هەڵسان؛ **قعود:** ڕۆنیشتن.

**پوختەی مانا:**

نیگای چاوێکی ئەو جوانە ـ کە چاوی هوڕیە کانیشی لەبەر پرشنگی هەڵنایە ـ و لە تاسەی لێوی شیرینی، تکەی لێکاوی دەمیانە، بەبادەی پاك‌و ئاوی کەوثەرو حوڕی بەهەشتی گەر وەگوڕم؟ شێت‌و دێوانەم. ئەوی جارێك ئەوی دیبێ؛ ئەگەر جارێك وەسەر هۆش بێتەوە، سەیرە.

ئەتۆ بڕوانە لەو جوتە کەوانانەی بروێانی‌و سەری نوکی بژۆڵانی ـ کە پەیکانان دەبارێنن ـ چڕاست هاوێژو توندو تێژو لەش‌دا بێژو دڵ‌پێکن. ئەمن جەرگم بەسەر ئەو نوکی پەیکانانەوە ماوەو بەخوڕ زوخاوێ هەڵدینێ. بژیشکی‌وا لەکوێ بێنم بەدەرمان‌و بە هەتوانان برینی گیان وەبرژێنێ؟ عیلاجی دەردی دڵداران نە لوقمان پێی دەچارێن‌و نەکاری نوشتەنوسانە. بەتەنیا یارە چارە، هەرەوکو ئازار لەوی رایە، ئەویش دەرمانە بۆ دەردم.

ئەگەر پرشنگی روخساری، لە گۆشێکی کلیسا، ورشە ورشی بێ؛ حەبەشیانیش بەرەو خۆی رادەکێشێ بێنە کرنوشی. «مەلا باسی لەدایك بونی عیسامان وەبیر دێنێ. کە ئەستێرێك لەهەنداو غارەکەی زێدی، قەتیس مابو. مەجوسی‌و پیاوی جێگەورەی حەبەشیانیش ـ کە بەو ئەستێرەوە هاتبون ـ بەهۆی ئەستێرەکە زانیان مەسیح هاتۆتە دنیاوە.» لە نوێژان‌دا، لە سوژدەمدا ئەمن کرنوش بەرەو یارم دەکەم. لەدانیشتن لەهەستانا هەمیشە روبە دڵەرم‌و ئەوێستا کە دڵ‌و گیانم وەکو بتخانەیێك وایەو بتی من کوڵم‌و پەرچوکەی گەش‌و ئاڵ‌و ڕەشی بۆن خۆشی نازداره. دڵی ساکار چلێبکەم من؟! بەبێ پرشنگی دڵداری.

«مەحوی» دەڵێ:

سەر کە شوڕێکی نەبێ، من زرکە تاڵم بۆچی‌یە؟

دڵ کە عیشقێکی نەبێ، شوشەی بەتاڵم بۆچی‌یە؟

شەپاڵێکی کە وەك بت دەیپەرستم من، تروسکەو شوقی نوری خوایە؛ دیتومە لەدنیایە.

ئەگەر شەیتان لەباتی بابەدەم، یارمی بدیتایە؛ هەزار سوژدەی دەبرد یەکجێ بەرەو ئەو بەژن‌و باڵایە.

**٣ قبیلەیا ئەهلی دلان گەر بکتن کەشف جەمالێ**

**یا تەجەللا کە ژبەر تاج‌و پەران قەوسی هیلالێ**

**کی بدل کافرە ئی سەجدە نەبت جەبهەت‌و خالێ**

**یا نەدت شەهدە بئایات، دوێ وەقت‌و مەجالێ**

**(لیلَةُالْقَدره) بمن ئەو سەعەتو عیدە دسالی**
**شەفقە کر پەردە هلانی سەحەری شوخو شەپالیٚ**
**ئەییساندیم ژئەنوارو سوری شوبهی شەمالیٚ**
**مەشها مەست شەکەر لەب بمەدا مەی ژپەیالیٚ**
**نەگهام سەجدە ببم پورٚ خەجلیم ئەز ژویصالیٚ**
**حادری بەرقی لدلدا، ژتەجەللا وشهودیٚ**
صەنەما سور ژصەمەد، شەوق ژحەق دایە وجودیٚ
گـەر عەزازیل بـدیتـا نەدبـر غەیـری سجودیٚ

**مانای وشە:**

**پەرٚ:** پەرەتاوس کە شازادە خانمان لە دەوری تانجـە زیٚرٚەکەی سـەریان دەدان؛ **شـەهدە:** شـادەوئیمان، شایەتی؛ **مەشها:** روٚیشت، رابرد؛ **خەجلیم:** شەرمەزار بوم؛ **حادری:** فەوری.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر جاریٚك بەرەو ئەهلی دڵان، ـ یارم ـ پەچەو روپوش لەرولادا؛ کەوانەی مانگـی دوبروٚکەی، لە خوار تانجو پەراندا بیٚتە بەرچاوان؛ دەبیٚ کیٚ هیٚندە کافـر بیٚو دڵی رەش بیٚ، نەچیٚتە سـوژدە بوٚ ئەو توٚیڵٚو خاڵانەو نەکا باوەر بەوەندە ئایەتانەی وا لە روخساری ئەوا دیارن؟ شەوٚیك. شـەونا. لە نیٚوانی شەوو روٚژا، ـ کە تازە بەربەیان دەنگـوت ـ بەزەی بەمنی هەژارداهاتو روبەندی لەرو لادا. بەدینی چاوی‌دڵ پشکوت، لەسەیری بەژنو باڵای شوٚخو شەنگـی، واقو ورٚ دامام. لە دڵکیٚشـیو لەمەستی چاوەکانی، هەر گرٚم گرت. لەچەشـنی موٚمیٚ داییسـام. بە مەسـتی هات بەلاما، ئـەو شەکرلیٚوەو بە مەی جوانی مەسی کردم. لە شەرمانا لەبیرم چـو کە سـوژدەی بوٚبەرم ئـەوسـا. بروسکـەی روٚژی روخسـاری، دڵی گرتم. لە جیٚوە کاری خـوٚی کردو دڵی بردم. چلوٚن سـوژدەم لەبیرچو؟! خوایە توٚبە.

شەپالیٚکی کە وەك بت دەیپەرستم من، تروسکەو شوٚقی نوری خوایە؛ دیترمە لەدنیایە.

ئەگەر شەیتان لەباتی بابەدەم، یارمی بدیتایە؛ هەزار سوژدەی دەبرد یەکجیٚ بەرەو ئـەو بەژنو باڵایە.

٤ **روهنی‌یا چەشمو چرایامە نزام هیٚژ دبیرم**
**کو دزیندانو حەبس خانەیی وی بەندو ئەسیرم**
**ژخەدەنگیٚن قەجەری سینە تەژی گەزمە ووتیرم**
**دل دنیڤ حەلقەیی زولفا سیەها بو ژعەبیرم**
**تیٚك پەریشان ژلەڤو شەتری‌و تایین ژحەریرم**
**تو هەیی من ددنیٚ لەو ددنیٚ بەگلەرو میرم**

**زێرو مال ئەرچی نەدیرم تە ددیرم نە فەقیرم**

**ژ ئەڤیناتە شەپالێ دشەڤان شوبهی نەدیرم**

**ژلەبی لەعلی شەکەرباری تە وەك شەککەرو شیرم**

**مە ژسەر تا بقەدەم صوهتنە وەك ئاتەش‌و عودێ**

صەنەما سور ژصەمەد، شەوق ژحەق دایە وجودێ

گەر عـەزازیل بـدیتا نەدبـر غەیری سجـودێ

**مانای وشە:**

**روهنی:** روناکی؛ **تو هەیی من:** تۆ بۆمن هەی؛ **تە ددیرم:** تۆم هەیە؛ **نەدیر:** ئـاگری سـەر چیا؛ **عود:** نەوعە دارێکە بۆبخور دەیسوتێنن.

**پوختەی مانا:**

تۆی بۆ شـەوی بەختم چـرای. تۆ سـۆمایی چـاوەکانمی. من هەر بەو بیرەوە دەژیم کە گیرۆدەی ئـەوینی تۆمو لە بەندی تۆ رەها نابم (یان، ئـاخۆ هیچ لەبیری ماوە کەمن یەخسـیرو دیلی ویم؟ هەناوم پر لەتیری تیلە چاوی تۆن ـ کە لە تیری کاری قەجـەر، حـەسـتەمترن ـ دڵم دەناو گەوی رەشی هەرە بۆن خۆشی کەزیتدا، سەرگەردانە. وەکو بسکی لولدراوت، وەك گوڵینگەی سـەرو شەدەو هەوری لاری بان کڵاوت ـ کە لەسەر ئاوریشمی پرچان پەرێشانن ـ پەرێشانم. کێ لەمن بەختەوەر ترە؟ هەتا تۆم هەی، خۆم بە بەگلەر، بەمیری میران دەزانم. جا با زێڕو ماڵ شك‌نەبەم. تا تۆم هەی، ناڵێم هەژارم. لەسـایەی ئـەوینی تۆوە، هەمو شـەوگار، بەهۆی گڕی دەرونمەوە ـ وەکو ئاگری سەرچیا ـ لەهەمو ئاقاران دیارم. لەسای باسی لێوە ئاڵە شـیرینەکەت، هێندە خـوێنم شیرین بوە، قسەکانم چێژەی شیرو شەکر دەدەن.

هەم ئاگرم لەئەوینت هەم بخورم، بۆخۆم دەخـۆم دادەسـوتێمو دوکەڵەکەم ـ کە یادێکـی تۆی تێکەڵە ـ بۆنی لە عودو بخوران، زۆر خۆشترە. تۆ مەخلوقێکی تایبەتیت.

شەپالێکی کە وەك بت دەیپەرستم من، تروسکەو شۆقی نوری خوایە؛ دیتومە لەدنیایە.

ئەگەر شەیتان لەباتی بابەدەم یارمی بدیتایە؛ هەزار سوژدەی دەبرد یەکجـێ بەرەو ئـەو بەژن‌و باڵایە.

**٥** **بی‌حیساب شوخ‌و شەپالێ «لمەلێ» قەهرو غەدەر کر**

**نە ئەم ئانینە خەیالێ نە لخالێ مەنەظەر کر**

**قەط نەکر شەفقە، لیباسی غەضەبێ زیدە دبەر کر**

**عیللەتا جەورو جەفاوو ئەلەمێ جی بجەگەر کر**

**عەڵلاندین دفیراقێ ستەمێ سینە بکەر کر**

**ئاه!حەتتا مرنێ ئەڤ ژمەرا داغو کەسەر کر**

**سەفەرا شامو عیراقێ لمە خوەش لازمو فەرکر**
**بمەدا ژەهرو رەقیبان ددەڤێ شەهدو شەکەر کر**
**ئەم بوین پێتو پەرەنگ، لەو ژویصالێ مە حەذەر کر**
**نازکو نەیشەکەرو خوبو شرین قەددو خدودێ**

صەنەما سوڕ ژصەمەد، شەوق ژحەق دایە وجودێ
گـەر عـەزازیل بـدیتا نـەدبر غەیری سجودێ

**مانای وشە:**

**قەهر:** غەزەب؛ **غەدەر:** بێشەرتی؛ **عیللەت:** سـەبەب؛ **عیللەت:** نەخـۆشی؛ **عەڵلاندین:** تەفـرەی داین، خافڵاندینی؛ **ستەم:** زوڵم؛ **ستەم:** حەستەمو دژوار؛ **کەسەر:** خەمو کوڵ؛ **فەر:** کورتەی وشەی فـەرض؛ **پێت:** بڵێسە؛ **پەرەنگ:** سکڵ؛ **خدود:** کوڵمان؛ **دەڤ:** دەم، زار.

**پوختەی مانا:**

یاری چەلەنگو شـۆخو شـەنگ! رەنگـە لەمەلا دڵتەنگ بێ. لە بەڵێنی دیداری پاشگـەز بێتەوە. بەخت رەشم هەر بەیادیشیدا نایەم. لە ئاوڕ وێدانەوەشی، دورە بەشـم. سـەرەڕای بێ ایلتیفـاتی، بەرگی غەزەبی پۆشیوەو تێکـۆشیوە دەردەکەم لێ گرانترکا. دەردو کوانی زۆر بەژانی داخـی دڵنو لەناو قوڵایی جەرگمدا جێ خۆش دەکەن.

بۆ دیداری دەم خافڵێنێو هەر ئەمرو بەسبەم پێدەکا. ئەم دەستاو دەست پێکـردنە، داخـی دڵمن هەتا مردن. لە عەیبەت دەردی دەرونم، ئـاوارەبوم؛ هەتا شـامو عیراقیش چـوم. بەڵام بەچـی سـەبوریم دێت؟ بەراسـتی ناهەقـی یارم لەمنی دەکا، لە ئـەندازە دەرکەوتوە. ژەهری دوری دەدا بەمن، کەچی شوفارو بەدکارم، لە دەوری ئەو، هەمو ڕۆژێك روی دەبینو لە رەواقـی هەنگـوینی دەمی شیرینی، دەمشیرینن.

راستو دەوێ، من مافی گلەییم نیە. ئەو بەژن شۆخو شیرینەی، وەك قـامیشە شـەکر دەچـێ. ئەو کوڵمە ئاڵو ناسکانەی، لە پەڕەی گوڵی گوڵاوێ ناسکترن. چۆن بەرگەی ئاگر دەگرن؟ منێك کە لە تینی ئەوین، گڕم بەرزەو هەمو گیانم بۆتە پۆلو؛ دەبێ لەخـۆی بپارێزم. واگریمان فـەرموی مەلا با بێتەلامو بمبینێ. چـۆن دەوێرم بچمە دیاریو لەو ناسکـە نزیك ببمەوە؟ یاری من لەو بتانەیە کە ناشێ پەرسیارەکەی تخون کەوێ.

شەپاڵێکی کە وەك بت دەیپەرستم من، تروسکەو نوری شۆقی خوایە؛ دیتومە لە دنیایە.

ئەگەر شەیتان لەباتی بابەدەم یارمی بدیتایە؛ هەزار سوژدەی دەبرد یەکجـێ بەرەو ئـەو بەژنو باڵایە.

## قصیدەی صەتو دوهەم

# تیری نیگا

### بەشێوەی کلکەدار (مُستَزاد)

۱ یارامیَ قَلْبی بِسِهامِ اُللَّحَظاتِ! هَیْهاتَ نَجاتی
مازالَ فِداءُ لَكَ روحی وَحَیاتی مِنْ قَبْلِ مَماتی

**مانای وشە:**

**یارامی:** ئەی هاوێژەر؛ **قَلْبی:** دڵم؛ **بِسِهام:** بەتیرانی؛ **لَحَظات:** نیگایان؛ **هَیْهات:** زۆر دورە، چەتونە؛ **نجاتی:** رزگاریم؛ **مازال:** هەز هەیە؛ **فِداء:** قوربان؛ **لَكَ:** بۆتۆ؛ **روحی:** گیانم؛ **وَحَیاتی:** ژیانیشم؛ **مِنْ قَبْل:** لەپێش؛ **مَماتی:** دەمی مەرگم.

**پوختەی مانا:**

ئەی ئەوکەسەی دڵت کردمبە ئامانجی تیری نیگات! زۆر دژوارە رزگاریم بێت. گیان‌و ژینم قوربانی تۆن. هەر بە قوربانیشتی دەکەم، هەتا ماوم‌و نەفەوتاوم.

۲ نَمَقْتُ اِلی بابِكَ یاقُرَّةَ عَیْنی! بِالدَّمع كِتاباً
اشْهَدْتُ علی‌الْوَجِد مِدادی وَدَواتی سَلْ مِنْ عَبَراتی

**مانای وشە:**

**نَمَقْتُ:** نوسیم؛ **الی‌بابك:** بەرەو دەرگات؛ **قُرَّة:** فێنکایی؛ **عَیْنی:** چاوم؛ **بالدّمع:** بە فرمێسك؛ **کتاباً:** نامەیەك؛ **أشْهَدت:** ئاگادارم کرد؛ **عَلی:** لەسەر؛ **وَجْد:** ئەوین، تاسە، مەیل؛ **مِدادی:** مەرەکەفم؛ **ودواتی:** مەرکەف دانەکەشم؛ **سَلْ:** بپرسە؛ **من:** لە؛ **عَبَراتی:** فرمێسکانم.

**پوختەی مانا:**

فێنکی‌و سۆمای چاوەکانم! نامەیەکم بە فرمێسکی خوێنین نوسی‌و بۆ ئاسانەتم بەڕێ کرد.

مەرەکەفو دەواتەکەش بە ئەوینی منیانزانی؛ دەتوانی لە ئەشکم پرسی.

٣ مُذْ زَيَّنَكَ ٱلدَهْرُ بأزْهارِ جَمالِ  يارَوْضَةَ حُسْنٍ!
أَخْجَلْتَ طَلَ الْوَردِ بِحَبِّ ٱلْوَجَنٰاتِ  بينَ ٱلْعَرَمات

**مانای وشە:**

**مُذْ:** لەوەتا؛ **زَيَّنَكَ:** رازاندویتەوە؛ **دَهْر:** زەمانە؛ **ازهار:** گوڵان؛ **جَمال:** جوانی؛ **رَوْضە:** باغچەو گوڵجار؛ **حُسْن:** جوانی؛ **أَخْجَلْتَ:** شەرمەزارت کرد؛ **طَلْ:** ئاونگ، شەونم؛ **حەب:** دانە؛ **وَجَنات:** وجنەگەل؛ **وجنە:** کوڵمە؛ **بَيْن:** نێوان؛ **عَرَمات:** نوختەگەلی رەش لەسەر سپی.

**پوختەی مانا:**

لەوساوە دەستی زەمانە بەجوانی تۆوە خەریکەو بەگوڵانت وەدەڕازێنێو، تۆی کردۆتە باغچەی گوڵان؛ ئاونگ لەشەرمی ئارەقی دانەدانەی، دەوری خاڵانی سەرگۆنات، سەردادەخاو زۆر تەریقە.

٤ جِلْبابُ دُجى صُدْغِكَ اِلْهٰابُ فُؤادى  يَحْكيكَ عِياناً
نيرانُ جحيمى حُجِبَت بالشَهَواتِ  مِنْ كُلَ جِهٰاتى

**مانای وشە:**

**جِلباب:** سەرپۆش؛ **دُجىٰ:** تاریکی؛ **صُدغ:** لاجانگ؛ **اِلْهٰاب:** گرپەگرتن؛ **فُؤاد:** دڵ؛ **يَحكيْك:** بۆت دەگێڕێتەوە؛ **عِياناً:** بەئاشکرا؛ **نيران:** ئاگر؛ **جَحْيم:** جەحەندەم؛ **حُجِبَتْ:** بەرپیواربوە؛ **شَهَوات:** ئارەزوگەل؛ **مِنْ كُلِ:** لەگش؛ **جهات:** لایەنان.

**پوختەی مانا:**

بسکی رەشت ـ کە لاجانگیان داپۆشیویو هاتونە سەر کوڵمەی سورت ـ ئاشکرا تێت دەگەیەنێ: کە دڵم چۆن گرپەی بەرزەو ئاگری ئەوین لەدڵما ـ کە وەك ئاگری دۆزەقە ـ لە هەمولاوە ئارەزوی دیداری تۆو رەشایی بەختی نەگبەتم، دایپۆشیوەو لەبەر چاویتۆ نەدیوە.

٥ فى ظُلْمَةِ اَصْداغِكَ مُذْ اَصْبحَ مِسكٌ  ياظَبىَ حَريمٍ
قَدْ اَحْرَقَ فى الصَينِ قُلُوبَ ٱلظَّبِيٰاتِ  نارُ ٱلحَسَراتِ

**مانای وشە:**

**فى ظُلْمَة:** لەتاریکایی؛ **اَصداغ:** لاجانگان؛ **اَصْبح:** گەڕیاوە، بوەتە؛ **اَصْبحَ:** کەوتۆتە بەرەبەیانەوە؛ **ظبى:** ئاسك؛ **ظَبيٰات:** ئاسکان؛ **حَريم:** ئەندەرونی ماڵ؛ **قد:** لێرەدا بەمانا بێگومان؛ **اَحْرَقَ:** سوتاندی؛

**فی‌الصّین:** لەچین؛ **قلوب:** دڵان؛ **حَسَرات:** عەزرەتو ئاواتان.

**پوختەی مانا:**

هەر لەوساوە، لە شەوی کەزیەکانتەوە بۆنی میسك، لە سپیایی بەربەیانی لاجانگت پەرژو بڵاوە؛ بەکۆمەڵ کەژاڵانی چین ـ کە میسکی چاك والای‌وانە ـ و تێگەیشتون میسکیان رەواجی نەماوەو ناگاتە ئەو بۆنە میسکەی لەتیسکی بسکی تووە دێت. بەعەزرەتو ئاواتەوەن، بگەنە تو. زۆریش ئێرەییت پێدەبەن، کە توی کارمامزێکی ماڵی، گروت لەوان بردوتەوە. بەئاگری ئێرەییو تاسە، سوتاون‌و دڵیان لەسوێت پڕوکاوە.

٦ کَمْ تُحرِقُ اَحشایَ وَفی فیكَ زُلالُ  والشارِبُ مِنهُ
یَحکی خَضِراً مَورِدُهُ ماءُ حیاتِ  لا فی‌اُلظُّلُماتِ

**مانای وشە:**

**کَمْ:** چەند؛ **تُحرِقُ:** دەسوتێنی؛ **أحشای:** هەناوم؛ **فیكَ:** دەمی‌تو؛ **زُلال:** ئاوی شیرین‌و رەوان؛ **شارب:** خوڕەوە؛ **مِنهُ:** لەو؛ **خَضِر:** سەوزەگیا؛ **خَضِر:** عەزرەتی خدری زیندە؛ **مَوْرِدُه:** شوێنی خواردنەوەی، کانیەکەی؛ **ماءُحیات:** ئاوی ژیان؛ **فی‌الظُّلُمات:** لەتاریکستان‌دا.

**پوختەی مانا:**

ئەو لێوە شیرینانەی تو، لەبان دەمی بیچکەڵانەت ـ کە سەرچاوەی ئاوی ژیانی شیرین‌و فێنك‌و رەوانن ـ هەرکەسێ خوا بەختی‌بداو لەو لێوانەی تو هەڵمژێ؛ وەك سەوزەیەك لەئاوی ژیان پاراو بوبێ، قەت سیس‌نابێ. یان، وەك خدری زیندەی نەمر، گەیشتۆتە سەرچاوەی ژین؛ نەش‌گەیوەتە تاریکستان، هەتاکەی دڵ دەسوتێنی‌و هەروا تینوم دەهێڵیەوە؟ دە بەزەییەکت پێمابێت.

٧ مِنْ «اَحْمَدَ» فی‌لَیْلَةِ أصداغِ مِلاحٍ  لاحَتْ کَلِماتُ
مَنْ یَسمَعُها فاح بِمِسكِ‌اُلدَعَواتِ  جَیبَ‌اُلْغَدواتِ

**مانای وشە:**

**مِلاح:** خوێن‌شیرینان، جوانان؛ **لاحَتْ:** دیاری‌دا؛ **کَلِمات:** وشەگەل؛ **یَسمَعُها:** دەی‌بیسێ؛ **فاح:** بۆنی بڵاوکردەوە؛ **دعَوات:** نزایان؛ **جیب:** دڵ، ناوەروك؛ **غَدَوات:** بەیانان.

**پوختەی مانا:**

چەند وتاریك لەپەسنی شەوی کەزیانی‌و، بەرەبەیانی لاجانگی سپی‌و جوانی یاری‌نازدار، لە

جەنگەی بەرەبەیاندا، ئەحمەدی دڵدار درکاندی؟ کێ بیان‌بیسێ بۆنی میسکیان لێ هەڵدەمژێ. کە لەناوهێنانی بسکی، بۆن‌خۆش‌و بەبەرامەبون.

## قصیدەی صەتو سێیەم

# چرای کوردستان

١

پور ژدیناتە غەریبم خانم
ژتەسەر تابقەدەم حەیرانم
هەربجان تەشنەلەبی لەعلانم
دل دبەندا گریها زولفانم
موسیفو جورعەکەشی هیجرانم
نوقطەیا دائیرەیی زیندانم
لەو شوبی دایرە سەرگەردانم
بادەنوشی قەدەحی حیرمانم
بدل ئاتەش ژجەگەر بریانم
لەو پەریشانەو پوڕ ئیشانم
عاشقی نازکو مەحبوبانم
تومەبین بێسەرو بێسامانم
گولی باغی ئیرەمی بوهتانم
شەب چراغی شەبی کوردستانم
چطەبیعەت بەشەرو ئینسانم؟
للهِ‌الحَمْد چعالی شانم
دەری‌یایاری‌لریزاصانم(یان،سانم)
لەو دئیقلیمی سوخەن خاقانم
صبەهی عیدەوو ئەز پێزانم
کوبکێراتە سەحەر قوربانم
خوەش‌بریندارەکی بێدەرمانم
جارەکی‌شەفقەکە،روحم! جانم!
ژخودێرا قەکە بەندا بەری‌یێ
دین بەرێ حوری میثالێ زەری‌یێ
نازکێ نەی‌شەکەرێ سورپەری‌یێ

**مانای وشە:**

**موسیف:** دڵبەداخو خەمبار؛ **جورعە:** قوم، فڕ؛ **حیرمان:** بێبەشی؛ **سامان:** دارایی؛ **بێسەروسامان:** بێسەروبەر؛ **بوهتان:** مەڵبەندی بوتان لەکوردستان؛ **شەب‌چراغ:** چرای شەو، گەوهەری هەرەنایاب کە بەشەو دەتروسکێ؛ **عالی‌شان:** پایەبەرز؛ **صان:** سەگان؛ **سان:** رانان، رانراو.

**پوختەی مانا:**

سەروەرەکەم! بو دیدارت زوڕ بەتاسەم. سەرتاپام لەسەر هەتا پێت سەرگەردانە کە چەند جوانی؟ گیانم تینوی دینی لێوی تەنکو ئاڵتە. دڵم گراوی کەزیانتە. پڕلەداخم، ژەهری دوریتم چێژتوە.

لەزیندانی ئەوینتدا، بومەتە نوختەی ناوەندی. بۆیە جەغزی سەرگەردانەو لەگش‌لا بێدەرەتانم. لەجیات بادە، بێبەشیم لەدیداری تۆ، دەرخوارد درا. دڵم وەك ئاگردانێكە، جەرگمی لەسەر دەبرژێ. پڕلەژان‌و پەرێشانم.

دڵداری خوێن شیرینانم! دۆستی ناسك‌و نازدارانم! لێم مەڕوانە کەوا بێسەرو سامانم. **تاقەگوڵەی بەهەشتەکەی مەڵبەندی چیای بۆتانم! بومە شەوچرای کوردستان. بابمناسن کەمن** چتۆ مرۆڤێکم، چۆن کەسێکم. سوپاس بۆخوا، لەسایەی ئەوینی تۆوە؛ جێبڵندو پایەبەرزم. خۆم لەڕیزی دڵداران‌دا جێکردەوەو، خۆ بەسەگی دەرگای یار دەزانم. بۆیە وا گفت رەوانەو لەچاو شاعیران قاقانم. دەزانم سبەینێ جێژنەو منت دەوێ بۆ قوربانت؛ چونکە هەرچەند برینداری ئەوینی تۆم، بەلەش ساغم‌و، نامگەرەکە دەرمان بکرێم، لە ئەوینت رزگارمبێ. دەسا گیانە شیرینەکەم! بەزەت بەگیانی من‌دا بێ. بیکە لەراهی خودادا، دوگمەی سینە بترازێنە، با بەرلە قوربانی کردن، بڕوانمە ئەوسینە جوانەت. تۆ وەك حوریت، تۆ دین‌بەری، تۆجوانترین سەوزەرەنگی، تۆناسکی، تۆ وەکو قامیشەشەکری ـ لەباڵادا ـ تۆ وەکو پەری دڵکێشی.

**٢**

**سوسەنێن تازەو میشکین والان — بەس پەریشان‌کە لسەر سەرمالان**
**قەکە جارەك تو ژدۆرا خالان — ژدل ئەم داینە بەر چەنگالان**
**خەنجەرو شیرو رمێن قەتتالان — نەظەرێ وەربدە صاحیب حالان**
**کو ئەسیرین ددەست حەییالان — لەو ئەلف تێن مە دحەرفێن فالان**
**کولشکلی رەقەمێ سەرسالان — توی مورادا مە ژعەرعەر بالان**
**زەمزەم‌و دەنگ‌و زمیهنا لالان — جەذبەدا مە بهەزار ئەحوالان**
**لەو دنالین ژنەسەق عەبدالان — کو بمەستی ددرن یەك پالان**
**عەنبەرین خەمری‌و سوسن ئالان — صوهروزەر،شەتری‌وچیچەك‌ئالان**
**میصری‌یان دل مە ژخوە کر کالان — تە ژقەوس‌و قەزەحێن خەلخالان**
**کو بوین دایرە شوبهەت هالان — خەمری‌یین‌خەمزەدەنیسبەت‌دالان**
**کو چەڤاندینە ژرەنگ کۆپالان — میصری‌یان وەربدە بەر سیقالان**
زوهرە رەنگێ‌و شەفەق موشتەری‌یێ — دین بەرێ حوری میثالێ زەری‌یێ
نازکێ نەیشەکەرێ سورپەری‌یێ

**مانای وشە:**

**والا:** بەرزو بەقیمەت؛ **مالان:** ملان؛ **سەرمال:** دەسماڵی سەر، سەرپۆش؛ **قەتتال:** کوژەر؛ **حەییال:** خاپینۆك؛ **بالان:** باڵایان؛ **لال:** بێزمان؛ **ئالان:** رەنگ‌ئاڵان؛ **ئالان:** هاڵان، لێك هاڵان؛ **خەلخال:** قوڵبەند، پاوانە؛ **هالان:** خرمانانی مانگ؛ **خەمزەدە:** لارەوەبو؛ **کۆپال:** گۆچان؛ **سیقال:** مشت‌ومالێ.

**پوختەی مانا:**

کەزیەکانت ـ کە وەك میسکی بەقیمەتو، وەك سوێسنی تەڕوتازەن ـ بەس بەسەر دەسماڵەکەتاو لەسەر ملان، بڵاوبکە، جارێك لەدەوری خاڵانیان وەلا بدە. ئەو بسکە سەربەقولاپانەت، چنگیان لەناو دڵمان گیرن. هەم خەنجەرن، هەم شمشیرن. هەم رمبی دڵدار مرێنن. فێڵەبازن بەرەو خۆیانمان دەکێشن. دەتۆ وەرە سەیرێکی دڵداران بکە، چۆن ئەسیرن لەناو زیندانی پرچاندا. لە ناچاری فاڵمان بۆ خۆمان گرتەوە. ئەلفی هێنا. واتا: ساڵەکەی خۆش دەبێو بە دڵداری بەژن ئەلفێك ـ کە وەکو عەرعەر بەرچاوە ـ دەمێننەوە. وەشوێن بەختی خۆمان کەوتین. ڕێمان کەوتە نزیکیتۆ. خرمەو زرمەو گرمەو قرمەی، زێڕو زەنبەری بێزمان ـ کە لەجوانیت سەرخۆش ببونو دەهەژان، جەزبەو حاڵی لێمان هێنا. گشمان وەکو دەمان بینن، وەك عەوداڵانی شوێن خاڵان، ناڵەمانەو، لە ئەوینت وا سەرخۆشین، پاڵمان بەیەکەوە داوە، تا نەکەوینو بۆنزیکیت گشتمان پاڵەپەستۆمانە. هەی لەوەی زوتر بتگاتێ. لابسكو کەزی عەنبەریو لەگوێن لقە سوێسنەی تازە، لێك هاڵاون. گوڵی ئاڵی سەرکوڵمانت، دەگەڵ گوڵینگەی سەرپێچت، وێك دەکەون. بازنەو خرخاڵو لاسەرەو گوڵو گوارە، لەدەوری مانگی روخسارت، بە خەرمانە دێنە بەرچاو. بسکەکانت وەکو داليك چەماونەوە. سەریان وەکو گۆچان. لارە. بروکانت ـ کە وەك شیری میصری دەچن ـ دڵی مەیان کردە کالان، دەریان کێشەو لەخوێن مشتو ماڵیان بکە. بەرەنگ زوهرەی، بەتیشك چەشنی موشتەری، وەکو حوریەکی دینبەریو سەوزەرەنگی. نازکیو نەیشەکر ئاسای. بۆ دڵکێشان وەك پەری وای.

**٣**

**سونبولێن تازە موثەننا نەکری — طوررەیا شەنگ موطەررا نەکری**
**خەمریان شیفتە، طوغرا نەکری — عەرعەرێ. خارەو دیبا نەکری**
**دلودین غارەتو یەغما نەکری — سەری سەودا زەدەسەودا نەکری**
**گوهریی نەرگسی شەهلا نەکری — کوشتیی خەنجەری بوررا نەکری**
**ساعەتێ قێ سەعەتێ را نەکری — مە ژقەیدا خوە تەسەللا نەکری**
**لێ خەرامێ ژمە، مەستا نەکری — ژمە دل کەعبەو بوتخانە کری**
**دەعویی دلبەریی دا نەکری — جیلوەیەك میریو شاهانە کری**
**پیشی شەمعاخوە، مەپەروانەکری — دلی غەمدیدەیی ما، شانەکری**
**لمە بێپەردە تەجەللا نەکری — وەهە جارەك مە تەوەللا نەکری**
**غەنجەکی قەنج لمەللا نەکری — جەگەری ریش موداوا نەکری**
**بکوژی عاشقو پەروا نەکری — لشەهیدێ خوە تماشا نەکری**
ما، وە، دلبەر دکرن دلبەریێ — دین بەرێ حوری میثاڵێ زەریی

نازکێ نەیشەکەرێ سوڕ پەریی

**مانای وشه:**

**موثەننا:** نوشتاو، قەدکراو؛ **موثەننا:** دولایەنە؛ **موطەررا:** لول‌دراو؛ **شیفتە:** شێواو؛ **سەودا:** شێت، مامڵە، ئەوین، رەش؛ **گوهری:** گۆری، قوربان؛ **ساعەت:** قیامەت؛ **تەسەللا:** سەبوری، تەرك؛ **تەوەللا:** بەسەرکردنەوە، دۆستی؛ **تەوەللا:** هەڵوەدا، دورخراو.

**پوختەی مانا:**

سونبولی تازەی کەزیانت بەدولا نەنوشتێنیەوە؛ لابسکان پیچو لور نەدەی؛ بسکی ئاڵۆز ـ وەك مۆری سوڵتان ـ رێك نەخەی؛ تافتەو خارا دەبەر بەژنی ـ وەکو عەرعەر ـی خۆت نەکەی؛ تا دڵو دینمان تاڵان کەیو بەخەنجەری مژۆڵانت بمان‌کوژیو بمان‌کەیە قوربانی نێرگسی چاوی مەستو کاڵتو، سەری شێتی ئەویندارمان، بۆخوت نەبەی؛ هەر ئێستە قیامەت رانەکەی، لە زنجیری کەزیەکانت رەها نەبین؛ ئێمە دڵمان بوتخانەیە کە تۆی تێدایو لە سایەی تۆ بۆتە کابە. تۆ بە مەستیو بەلەنجەو لار روی تێ نەکەی؛ داوای دڵبەری بێوێنەی تێدا نەکەیو، خۆت دەر نەخەی کە بزانن تۆ میرو شای دڵبەرانی، ئێمە نەکەی بەپەپولەی بەرمۆمی‌روت. دڵی خەمبارمان شاد نەکەی؛ هەمیشە هەر دەرمان بکەی، جارێك خۆتمان نیشان نەدەی؛ نازێکی زۆر نازەنینانە بەرامبەر بە مەلا نەکەی؛ـ کە جەرگە بریندارەکەی دەرمان بکرێ ـ هەر دڵداری خۆت بکوژیو گوێ نەدەیەی، هەر تەماشای کوژراوەکانیشت نەکەی؛ چۆن پێت بڵێم تۆ لە دڵبەری دەزانی؟ تۆ دڵبەر نیتو دین‌بەری، ئەی یاری سەوزەڵە رەنگی حۆری‌ئاسا!

٤

هەردوقەوسێن‌تەژقودرەت‌نەژیەنگ ژێ بمیزان برەشینن مە خەدەنگ
بدرن سینە بسەرپەنجە پلەنگ رومپشت‌دەت‌عەجەمی‌بێتەفرەنگ
لێ‌نەوەك‌واقیعەیاگیووپەشەنگ هلبتن قەنج ژنیڤ ئاتەشی جەنگ
تێن‌سواشێ‌حەبەشی‌ونۆبی‌وزەنگ تو دزانی چنەهەنگن چنەهەنگ
ڤەکەلەعلان‌توژسەرشەککەری‌تەنگ کوژموراداتە بوین پێتو پەرەنگ
مەستی جەوراتە مەبێ بادەو بەنگ بێتە جانا لمە عالەم بویە طەنگ
ژجەفایاتە نەما قەط لمە رەنگ تو دزانی چدەبیژت نەیو چەنگ؟
ژچپەیوەستە دنالن سەرە دەنگ مە دخونن قەدو بەژنا تەیی شەنگ
چبکم فەیدە، کو ئیڤارە درەنگ موطریبان‌دانەکەون‌چەنگ‌ژچەنگ
دانەدت پەردەیێ ئایینەیێ زەنگ کو ژچەنگامە بنالت خەرچەنگ
وەك مەلایی بهزار رەنگ ئاهەنگ بفغان بێت ژبەر صەد فرسەنگ
نەکری تەرك توڤێ کافریی‌یێ دین بەرێ حوری میثالێ زەری‌یێ
نازکێ نەیشەکەرێ سورپەری‌یێ

**مانای وشه:**

**واقیعه:** روداو، جەنگ؛ **پەشــەنگو گیو:** دو پاڵەوانی چیرۆکن؛ **نوبی:** خــەڵکــی ژوروی میصــر که رەش‌پێستن؛ **سەرەدەنگ: بەستەی گۆرانی؛ خەرچەنگ:** قــرژاڵ، برجــی ســەرەتان لە عاســمان؛ **ئاهەنگ:** هەوای گۆرانی؛ **فغان:** هاوار؛ **فــرسەنگ:** فــرسەق، پێوانەی ڕێگــەیە بریەتیە لە چــوارهەزارو چوارصەتو هەشتاو دومیتر.

**پوختەی مانا:**

بەو کەوانەی بڕۆیانەت ـ کە کرگاری تایبەتی دەستی قودرەتێن ـ ڕێكو پێك تیران بگرە دڵ. با لە هەردولاوە کەزیت، لەسەر گۆنات بەیەك بگەن. وەك لەشکری ڕۆمو عەجەم، پێکا بدەن. با چاوە مەستەکانیشت ـ کە وەك فەرەنگی ئیسلام‌کوژ، لە هەژار کوشتن زۆر خێران ـ بێنە ویزەی گیانی سیسم. ورده خاڵت ـ کە لەگوێن حەبەشــیو زەنگینو لەناو دەریای جــوانی تودا، وەك نەهەنگــی تینو بەخوێنی دڵداران دێنە بەرچاو ـ بێنە بەرچاو. باجــەنگ جــەنگــی مەغلو بەبێ و، لەشــەڕەکەی **پەشەنگو گیو ـ کە شانامە باسی دەکا ـ حەســتەم تربێت، ئــاگری جــەنگ پێتوبڵێســەی بڵند بێو، ببێتە کڵ بۆ سوتانی دڵو گیانم، لەدوا هەناســەی ژیانمدا، چــاوێکم بەگڕ بکــەوێ.** واتا: سەرکوڵمەت ببینم ـ کە لە لابەلای بسکان‌دا، وەك گڕی ئــاگر لە شــەودا، تروسکــەی دێ ـ لەم ئاواتەم نیازم وایە، لێوە لەعل ڕەنگەکانت ـ کە تونگی تەنگی پرشەکریان داپۆشــیوە ـ بکــرێنەوە، بەبزەو بە بەزەییەوە، وەدرۆم خەیتەوەو بفەرموی: دڵداری ژار، تۆ لەمێژە لەتاسەی ئێمە سوتاوی، گڕت تێچو، بویە پۆلو، بویە سوتو، سوتاو چۆن دەسوتێتەوە؟! ئەوسا بزەو زەردەخەندەشــت ببینم، ئەوەندەی مەستی ئەوینم، صەدئەوەندەی تر مەستببم.

یاری نازار! گیانی شیرینی گش‌گیانان! خۆت ئــەیزانی کە نات‌دینم. دنیای هەراو لەبەر چــاوم، وەکو دڵو بینم تەنگە؛ هەرچی دەی‌بینم ـ دور لەتۆ ـ وەك روخساری خۆم بێ‌ڕەنگە. دەگوێ‌بگرە، ســەروینی لۆرینەوەو دەنگ دانەوەی بلوێرو چــەنگ، دنەی منو دڵو گیانە نزارەکەم دەدەن، کە هەڵوەدای دیداری بەژنی شەنگت بینو، بەتینی ئەوینت بژینو، بیر لەچیتر نەکەینەوە.

بەختەوەرم کە لەوەتا لەسەر دنیام، گراوی داوی بسکــانم. تیا پیربوم، گەیشــتومە زەردە پەری ژیانی ئــامانەتی دنیا. بەرەو ئــاسۆگی جیهــانی هەرمانی دڵداران دەچــم. زۆر زامی کاریم، لەنازی چاوی مەستی تۆ، لەدڵدان؛ کە دەبنە مایەی شانازیم لەناو یاران. بەئــاواتم، هەتا کاتی ئــاوابونم، بۆ ئەوەی دڵم ژەنگ نەگرێو دڵرونو دڵنیا بڕۆم؛ بەزمگێران، بە بلوێرو چەنگو بەدەنگ، لەگەڵ منا هاودەنگبنو ئــاوازەمان هەردو عاســمانان دابگــرێو، لەبەر تۆ بپارێینەوە، کە دەغیلە لەو کافریەو دڵدار کوژیەت واز نەهێنی. ئەی دین بەری چــەشــنی پەری بۆدڵکێشــی! ئــەی بالا **قامیشەشەکری سەوزەرەنگی شۆخو شەنگی حۆری‌ئاسا!**

**۵** **نیرگزا مــەستی چیــای بوهتــانی نــازکو شــەنگ شــوبی ڕەیحانی**

چخەط ئیشکەستەو پورعینوانی — کو تەپێ نەسخکری دیوانی
اَلله الله ژچرەنگ ئینسانی — یوسفی لەبشەکەری عیبرانی
بەسە گەر وەکتە بدیرت ثانی — (اَحسَنَالله) ژسورا سوبحانی
کو جەمالەك وە مونەززە ئانی — وەکتە سەر تابقەدەم نورانی
دمیثالەك بەشەری دادانی — مە بئیلهامی ئیلاهی زانی
بنیشان قودرەتی بی نیشانی — چنیشان؟ ظولمەتی نورئەفشانی
لجەمالا صەمەدی بورهانی — تو لدەر حەق مەچرا ئەرزانی
کو سەحەرگە بمەشی سەیرانی — تە مەلایێ خوە قەجارەك نانی
بسەر ئەفرازیو عالی شانی — سەجدەبت بەر قەدەما سولتانی
زینەتا حوسنو سوڕا خوبانی — تاجی فەرقی سەری مەحبوبانی
تو بشیرانیو لەب شەککەرییێ — دینبەرێ حوری میثالێ زەرییێ
نازکێ نەیشەکەرێ سوڕ پەرییێ

**مانای وشە:**

**نەسخ:** بێبرەو کردنو لەناودان؛ **عیبرانی:** جولەکە؛ **مونەززە:** پاکو بێخەوش؛ **ئەرزان:** گوێپێ نەدەر، بێموبالات.

**پوختەی مانا:**

وەکو ریحانەی شلك وای. بەڵام بەچاوی کاڵترا، لەو نەرگسە کاڵانەی تۆ، کە لەچیای بۆتانێ دەروێن. خەتو خاڵی بەعینوانو پڕلەنازت، دیوانی ناوی جوانانیان لەبەین برد. ئەی نامەخوا! تۆ چجۆرە ئینسانێکی؟ ئەگەر یوسفی جولەکە تۆببینێ، دەزانێ دوهەمی هەیە. تۆ حۆریەکی لەگیان رسکای، سەرتاپات لە تیشکی خوایە. گەورەیی هەر بۆ خودایە. جوانیەکی وا پاکی هێنا، خستیە قاپێلکی بنیادەم. ئێمە لەخواوە زانیمان کە تۆ نیشانیکری خوای بێنیشانی. تۆ لەناو تاریکی لەش دایتو، پرشنگ بڵاو دەکەیتەوە. تۆ بەڵگەی بۆ جوانی خودا. چۆنە جارێك مەلات رێ نەدابێتە لات، تا سوژدە بەرێتە بەرپێتو شانازی بەبەختی بکات؟!

تۆ نەك تەنیا گیانی شیرنی، گیانی گیانیشمان هەر خۆتی. جوانیو دڵکێشی هەموکەس، لەتۆرایە. تۆ تانجی سەری جوانانیو بەخوێن شیرنیو رەزاسوکی، کەس تات ناکات. وەکو حۆریتو دین دەبەیتو سەوزە رەنگیو نازکی وەك نەیشەکەریو پەری ئاسایی دڵکێشی.

## سەرنجێك:

قصیدەی «یەلمومی عیشقیٚ» پاشـــلٚ ئـــەلفـــە. لە زوربەی زوٚری دیوانە دەســـخەتو چاپکراوەکاندا، رەمکێشەو لەپێشەوەیە. لە شەرحـە عەرەبیەکەدا، دوا خـراوەو نوسـراوە: «دەلێن هی شێخی جزیریە».

لە بەر زوٚری شیعرەکانی، کە دوسـەتو هەشـــتاو چـــوار لەتەبەیتی دوپارچـــەیەو لەبەر دژواری وشـەکانو ماناکانیان، منیش رامگوێزایە دواوە. مانای وشـــەکانم کردو بە سـەرچلیش بەپێی توانا، لە پوختەی ماناکانیش دوام. بەبیری‌من، تەنیا شـەرحـــی ئـــەم قصیدە، وەك پێویستە کتێبێکی ئـەسـتورو سـەربەخـوٚی دەویٚ. کە بیرو برٚوای لێك‌جیای فەیلەسوفانی لاهوتزان‌و خاوەن مەنطیق، شی‌کاتەوە. ئەوسا فەرمودەی جـزیری روٚشـن دەبن. بەداخەوە لەبەر بەرتەنگی جێگاکەو، نەفەس تەنگیم لەزانستا، ئەم ئـەرکەم بوٚپێك نەهێنرا. هێندەم توانی، رچە بوٚ خوێنەر بشکێنم، خوٚ ماندوکاو سەر لە سـەرچـاوەکان بداو باشتر لەخوٚمی تیٚ بگا. خودا یاربیٚ.

هەژار

## قصیدەی صەتو چوارەم

# "یەلمومی عیشقی"

| | |
|---|---|
| ١ ئەلله سەحەرگاها ئەزەل | یەلمومی عیشقی شوعلەدا |
| نورا جەمالا لەم یەزەل | ذاتی تەجەللایا خوەدا |
| ٢ ذاتی تەجەللا بولذات | بی‌ئیسمو ئاثارو صیفات |
| سیررا حروفین عالیات | خەفبو دسەترو پەردەدا |
| ٣ ذاتی موقەددەس بو وجود | جوشش نەدابو بەحری جود |
| وەصفو ئیضافاتو قیود | یەك ژی تەجەللایی نەدا |

**مانای وشە:**

**یەلموم:** چۆنەچرا، خەتیرە؛ **حروف:** پیتان؛ **عالیات:** بلندان.

**پوختەی مانا:**

ئەی نامەخوا! لەبەرەبەیانی هەرە پێشین‌دا، چۆنە چرای ئەڤین هەڵکراو تیشکی‌دا. نوری جوانی خودای نەمر، هەر لەخوداوە دیاری بو. هێشتا هیچ ناوو نیشانێکی بۆ خوی بڕیار نەدابو کە ئێمە بەو هوێەوە بیناسین. رازی پیتە بەرزکانی ناوی خودا، هێشتان لەژێر پەردەدابو. خودای گەورە، خوی هەر هەبو؛ بەڵام هێشتان دەریای بەخشش بە روی ئێمە داپۆشرابو، هەڵنەقوڵی‌بو. پەسنی چۆنەتی خودا، فەرمانەکانی بۆ بەندە، چارەنوسی قەرەبەختو بەختەوەران، دیار نەکرابون.

| | |
|---|---|
| ٤ حوسن‌وجەمالی‌خواستئەڤین | ڤیکرا دیەك ذاتی جڤین |
| نورا قەدیم بو عیشقو ڤین | وان لیك نازو عیشوەدا |
| ٥ عیشقا ژنورا لایەزال | حوسنو جەمالا بی میثال |
| ئەیساند یەلمومو شەمال | دیسا خوەلی پەروانە دا |

٦ حوسن‌و محەببەت هەر هەبو — حەق عاشقی ذاتی خوەبو
موحتاجی حوسنەك دی نەبو — نەقل‌و ریوایەت پێ وەدا
٧ بورهانی عەقل ئەو کر قیاس — ئیسم‌و کەمالا تێن دخاص
ئەووەل ئەلیفێ پێ بناس — ڤێ نوری ئەو پورتەو ڤەدا
٨ ئەونورە دایێ شەوق‌و طاڤ — عالەم خویابو، ما دناڤ
بەر قێن خوە ئاڤیتن بلاڤ — رەنگ رەنگ بەرق‌و لەمعەدا

**پوختەی مانا:**

جوانی خودا، ئەڤینی ویست؛ ئەڤین لەذاتی خودادا، هاتە بەرهەم. نورو ئەڤین لێکتر هاڵان‌و نازیان لەسەر یەکدی دەکرد.

ئەوین لەنوری نەمر بو. جوانی بێ‌وێنەش هەر خوابو. نورو جوانی گەیاندە یەك، هەردوکیان هەم ببونە موم، هەم پەپولە بو یەکتری.

جوانی‌و ئەوین ـ وەك ذاتی خودا ـ قەدیمن. خودا بوخوی ئەویندارى جوانی خوی‌بو. ئاتاجی هیچ جوانیەك نەبو، کە جوانی خوی پێ تەواوکا. ئەم باوەرە لە ریوایەتدا هاتوە. عەقل بەبەڵگە دینەوە، خوای ناسیوەو بەراوردی دەگەڵ شتی‌تر کردوەو بوی رون بوە، کە خوا هەیەو ناوی تایبەتی لێ‌ناوەو بێ‌کەمایەسی زانیوە. خوا بەرانبەر بەهەرشتێك ـ وەك پیتی ئەلفی ئەلف‌وبا ـ سەرەتایەو پیتەکانی تر لەورایەو لەوەوە هاتونە بەرهەم. ئەو یەکەمە، نوری خوی دەدنیا گێراو پرشنگی بڵاو کردەوەو تروسکەی بەچەندین جوردا، عالەمی دەناو خو پێچا.

٩ سوبحان ژرەمزا خالیقی — نورا سپێدە صادقی
تاڤێتە قەلبی عاشقی — لەرزین‌و تاوو جەذبەدا
١٠ مەعنایی عیشقێ بێم چی‌یە؟ — لەومن بچەشمێ دل دیە
عەکسا جەمالەك صافی‌یە — لامیع دمیرئاتا مەدا
١١ حوسن‌و محەببەت ذاتەکن — مەعشوق‌و عاشق لاتەکن
لێ صورەت‌و میرئاتە کن — هەریەك دمەعنایێ خوەدا
١٢ گەر دلبەرو، وەر عاشقن — عارف دڤیدا صادقن
ئایینەیی نورا حەقن — جێ‌جێ، دواندا جیلوەدا
١٣ عاشق ئەوە، دلبەر ئەوە — ظاهیر ئەوە، مەظهەر ئەوە
روح‌و بەدەن گەوهەر ئەوە — هەر شاهدەك دورڕدانەدا
١٤ هەر شاهدەکدا دیم ژدور — روحەك دبەخشی برەمزو سور
خەطی غوباری نوقطە پور — کاتب ژبالا نوسخەدا
١٥ حەرفێن کشاندی کاتبی — نورا دروح‌و قالبی
یەك‌یەك بئیسمی واهبی — أعراب‌و جەزم‌و نوقطەدا
١٦ نورن ژسەرحەتتا قەدەم — نەققاشی سەرمەشقی قیدەم

پێ زەیینـاند لەوحی عەدەم هـەریـەك بیەكدی چەشنەدا
١٧ ئەڤشكل‌وصورەت‌چەشنەئین ئـەصلن لبـالاتەر هەئین
نیسبەت بوان ئەم سایەئین تـەرتیب خـەلاقی وەدا
١٨ عـالەم بعـالەم ئەو نەسەق بـو ئاینە ئەسمـائی حەق
نـورا تـەجـەللایا توتوق عكس‌و خـەیـالەك سـادەدا
١٩ هەر هەیئەتا لێ روح‌و جیسم كلكێ كـولی دانی تەلیسم
هەریەك ژیەكرا بونە ئیسم لەو حەرف حەرف ئەندازە دا
٢٠ ئەم تێك هەوییاتین یەقین ئیسمین ژمەصدەر موشتەقین
مەوهوم‌و لاشەی موطلەقین عـەكسین دنیڤ ئـایینەدا
٢١ پـورتەو ژعـەینی نـورەكی تین‌تین تـەجـەللا طورەكی
ئەو سـەرددت یەك فـورەكی لـەو چـەند لبلب قـەطرەدا
٢٢ ئەو شاهدین بێری ژعەیب هەر جیلوە لێ دائی دغەیب
قێ عالەمی ئەو تێنە جەیب دیسـا لهـا ئەو جیلـوەدا
٢٣ رەنگ‌رەنگ حوسنی صورەتان نەقش‌و نیگارێن دەست خەتان
بـالاو بـەژن‌و قـامەتان شیرین لەبـان پور خەندەدا
٢٤ شیرین لەبین قەد نەیشەكەر سیمین بەرێن نـازك بەشەر
زولفان ستـاربو روژ دبەر بـسكان لمـسكێ طەعنەدا
٢٥ گولدەستەیێ نورێن قیدەم دەستان ژئەنگوشتان قەلەم
ئەو لالـەیی بـاغی ئیرەم مـاوەر لـبەلگان ژالە دا
٢٦ هن ئەسمەرن، هن دیم زەری مەهپەیكەرن، سورێ موشتەری
ویلدان‌و حورو ئەو پەری هـاتن لیبـاس‌و جامەدا
٢٧ چـەندی بخەمل‌و رەونەقن تەزیین ژحوسنـا موطلەقن
تیـك جیلوەیی نـورا حەقن عیشقـا ئـەزەل پێ شیوەدا
٢٨ حـوسنا مونەززەھ بێنیشان وی لێ نقیسی زەركـەشان
خـال‌و خەطێن عەنبەر فشان هەركەس بوان دل یەغمەدا
٢٩ داروی حـوسنـا دلبەران بخەمل‌و لیبـاس‌و زیوەران
بیتـە شهودا بـەصـەران بینـاهی‌یـا هەر دیـدەدا
٣٠ بنمیتـە حوسنی رەنگ‌رەنگ نـای‌و دەڤـو قانون‌و چەنگ
ئەو عیشقەوان تینت بدەنگ لەو وان بحوسنێ نەغمەدا
٣١ سیررا كەلامی ئەقدەسی دەمدەم دلەبسێ ئەنفەسی
تیتن تەنەززول بێحسی نەبگوفتو گویێ قیصصەدا
٣٢ وە دوێن كو عوششاقن هەبن دلـدارو مـوشتـاقن هەبن
وی شەمسی ئافاقن هەبن داكفـش بـیت دسپێدەدا
٣٣ دا كفش بین كەوكەب دچەرخ رابن هەزار مەعروفی كەرخ
شبلی‌یو سەعدی ئالی فەرخ عیشقێ دوان كەشفا خوەدا

٣٤ داحوسن‌وحوب‌دن‌مەظهەران  کفش‌کن لهەر عەردو دەران
عـاشق بخـونن دەفتـەران  دلبـەر محـەببەت نـامەدا
٣٥ حـوسن‌و جـەمال‌و عیشقەیە  ئارام دپـەردێـدا نـەیـە
مەحبـوب لەو حەتتـا هەیە  نـابت دپـەردەو خەلوەدا
٣٦ مەحبـوب‌و خـوب‌و دلبەران  بـگری لوان هـەفتێ دەران
دی خـوە ژشباك‌و پەنجەران  ظاهیـر بکن دهەر عەردەدا
٣٧ ئـەو لالـەیین گول تازەتەر  فـەصلا بـوهـاری بیتەسەر
جی‌جی‌بەهەڤرا تینەدەر  خوەش خوەش دعەردی خارەدا
٣٨ رمزەك غـەریب‌و فـاطـری  پـەیـدا ببت تیـڤ خـاطری
قـووەت تـەنینن راگـری  خـەفکی دنیڤ قەلبێ خوەدا
٣٩ مـەفهوم کوبو مەعلوم ددل  زیـوەر بدی تی صەد عەمیل
بینت لیبـاسك پور خەمل  هیندی کـو سەعی‌و جەهدەدا
٤٠ لـەفـظو عیبـارات جامەیە  مەحبـوب مەعنایێ بخوەیە
لێخـەمل حـوسنەك زێدەیە  لـەورا بحـوسنێ زیبـەدا

**مانای وشە:**

**ئیعراب:** بزاوی پیت، دەربڕینی مەبەست؛ **جـەزم:** زەنە، سـوربون‌و پێدا گرتن؛ **چـەشـنە:** چێژەو تام، نمونە؛ **توتوق:** خێوەت‌و پەردەی زل؛ **توتوق:** عاسـمان؛ **هویە:** بەڵگـەی بون؛ **مەصـدەر:** چـاوگ؛ **موشتەق:** وەرگیراو، لەت‌بولەشت؛ **مەوهوم:** خەیاڵی؛ **لاشەی:** نەتشت؛ **لبلب:** دانەدانە؛ **بێری:** بەری، پاك‌و دور؛ **جەیب:** دڵ، ناوەند؛ **لیها:** لەوێ؛ **دیسالها:** هەروا ساڵان؛ **ژالە:** شەونم؛ **ئەنفەس:** هەرە هێژا؛ **ئافاقن:** ئاسوگەل؛ **فاطر:** وەدی‌هێن، داهێنەر؛ **مەفهوم:** زانراو، مەبەست؛ **عەمیل:** کەرەت، جۆر.

**پوختەی مانا:**

پاکی‌و پیرۆزی بۆخودا. رۆشناکیەکی ـ وەکو بەیانی بەراستی ـ هاویشتە دڵی دڵداران، کە توشـی جەزمەو لەرزین بون. بامن مانای ئـەوین بێژم چـۆنەو چیە؟ خـۆم بەچـاوی دڵ دیتومە، تیشك‌دانەوەی جـوانی‌یەو، دڵی دڵدار، ئـاوێنەیەو دەینوێنێ. جـوانی‌و ئـەوین لە رەگەزدا هەر یەکێکن؛ دڵدارو دڵبەر بوتێکـن. هەرتك ئـاوێنەی یەکترن. بەڵام هەریەك بەبارێکـدا. ئـەوانەی بەراست خواناسن، چبنە دڵبەر یان دڵدار، ئـاوێنەن لە بەرانبەری نوری خـوداو بەدوجـێ خـۆی نیشانداون. دڵدار خوایە، دڵبەر خوایە، رەگەز خوایە، هەمو جوانێکی بێوێنە، وێنەی خوامان نیشان دەدا. خوای تێدایە. خودا لەجوانی جوانان دا، بۆتە دڵکێشی‌و نازداری، خاڵو میلی دڵ تاڵانکـەر، خەتی وردی دەستی نوسەری قودرەتە، لەو باڵاوە خەت دراوە، بەرچـاو خـوایە، جـوانی دیاری‌دەر هەر خوایە، خودا تیشکە لەلەشی بنیادەمان‌دا. ئـەو پیتانە کە درۆشـم‌و نیشـانگەی جـوانی بێوێنەن‌و، بونە سـەرو بۆرو نوختەو زەنەو، ئیشـارەتن بۆ دڵکێشـی‌و، لە روخسـارو بەژن‌و باڵای

نازداران دەخوێندرێنەوە؛ بە نوری خودا رەنگاون‌و چەند سەرمەشقن دادراون‌و، لەسەر تەتەڵە نوسراون‌و، لە نەبوڕا هێندراون‌و هەریەك مانای تایبەتی بەخۆیان هەیە، تا ئێمە لەبەر سەرمەشق خوا بناسین. ئەو شکڵانەی تۆ لەسەرزەوی دەیبینی، هەر لەعاسمان خەتدراون‌و، عەصلەکەیان وا لەوێیەو سێبەریان داویەتە چاومان. ئێمەو هەمو ئافەریدە سێبەرێکین کە سایە دەرمان خودایە. دنیا ئەمدیوەو ئەودیوی، بەو هەمو رێك‌و پێکیەوە، ئاوێنەی ناوی خودایە. نوری خودا، لەو خێوەتە کەوە رەنگەی ـ کە عاسمانە ـ خۆی نیشانی زەوین داوەو، زەمین وەکو ئاوێنەیەك ئەیداتەوە. هەر هەندامێك‌و هەر گیانێك، پیتێکی بۆتە درۆشم‌و، سەر بەناوێکی خودایەو، هەر پیتەی نیشاندەرێکی ئەندازە دارو پێوراوە، بۆ ناسینی داهێنەرو سازدەری ئەم دوجیهانە. ئێمە بوینە بەڵگە بۆ بونی وەستاکار. ئێمە ناوین، لەچاوگەیەك ساز دراوین، راستت بوێ، خۆمان هەرنین، وێنە شاندەرین، ئاوێنەین. خوا لە ئاوێنەدا دیارە. نورێکە لە طوری داوە. لەو نورە چیا سوتاوەو کلی چیا سۆمایی دەدا بەچاوان.

کردەوەی نهێنی خودا، جۆشێك دەدا؛ بەشوێن یەکدا تکەتکە تنۆك دەرژێ. خودا بەجوانی بێ غەوشە. هەرجار لەبەر پیوارەوە خۆی دەردەخا. دنیایەك دەناو خۆ دەگرێ‌و هەزاران رەنگ، هەزاران جۆر جوانی دڵکێش نەخش دەکاو، خەتی ئەدا، بەژن‌و باڵای راست‌و رێك‌و لێوی شیرین‌و پرخەندە، پێستی نازك‌و زێوین رەنگ، کەزی رەشی بە رەنگی شەو، روخساری وەکو رۆژی رون، بسکی لەمیسك بۆن‌خۆشتر، پەنجەو ئەنگوستی دەناسك، خڕو خۆڵی قۆڵ‌و باسك، شەونمی گوڵان لەکوڵمە، ـ کە وەك مێلاقەی بەهەشتن ـ بەتێکڕایی دەسکەگوڵەو لە نوری ئەزەلی خواوە بە دیاری هات. ئەو نورە رەنگان دەگۆرێ‌و دەچێتە ناو لەشانەوە. تۆ دەبینی هەر لە جوانان، هێندێکیان شیرین ئەسمەرن، هێندێك سەوزەن، کورن، کچن، پەریزادەو حۆری‌و لاوی ناو بەهەشتن، روخسار هەیڤن، دڵکێشن وەکو مشتەری. هاتونە ناو شمەکەوە. رازاونەوە، زۆر بەبرەون. ئەوانە گشتی تروسکەی نوری خودان؛ ئەوینی رۆژی بناوان سازی‌داون. بۆ نیشانەی دەسکاری خۆی خاڵ‌و خەتی عەنبەرینی لێ کێشاون. دڵانیان پێ تاڵان دەکات. خوا ویستویە. ئەو جوانیەی داویە بەجوانان، فێرکارێك بێ، بۆ چاوی دڵ، روناکی خودا بدینێ. هەر ئەو ئەوینەی پێشینە بلوێرو دفەو سازی‌تر وەدەنگ دێنێ. تا هەریەکەی رازێك لە دڵکێشی‌و رندی جوانی خودا بدرکێنێ. رازی فەرمانی خوای گەورە، بەبێ زوان، هەر هەلە بەجۆرێکی‌نوێ‌و هەر دەمە بەرەنگێکی جوێ، دێتە بەرگوێی دڵ‌و گیانان، بێ ئەوە گوێمان پێ بزانێ‌و، باسی جوانی هەرە پیرۆزی خوا دەکا.

رازی ئیرادەی خودایی، دەیەوێ دڵداری هەبن. وەك بەرەبەیان لە دنیا بڵاو دەبێ، تاچەند رۆژێکی لەدوا بێ، کە ئاسۆیان روناك بکەن، تا ئەستێرەی جوان بدرەوشێن. هەزارانی وەکو شبلی‌و سەعدی‌و شیخ فەرخ، بە ئەوینیەوە بسوتێن‌و باسی جوانیەکەی دەربرن. تا دڵداران کتێبی ئەوین وەخوێنن‌و، جوانی ئەزەلی بناسن. ناشێ جوانی‌و ئەوینی جوانی ئەزەلی، دەناو پەردەدا

بمێنێ. هەمو جوانێك حەفتا دەرکیشی لێداخەن، لە پەنجەرەو رۆچنانەوە دێتە دەرێ. بەڵام بەساتو وەختی خۆی. گوڵ بەبەهار لە زەوی غار دێتە دەرێو، خۆ نیشانی دنیا دەدا. هەرگا ئیشارەتی خودا بداتە دڵ، قەت بۆت ناکرێ هەمیشە لەناو دڵتدا بیشێریەوە. هەر ناچاری راستی بڵێی، جا بەکام زمانی دەڵێی؟ چۆنت بۆدێ؟ ئەوە بەستە بە دەم راستی خۆتە. قسە، لیباسو زەنبەرە. دڵبەر، مانایەو کاکڵە. زەنبەری باش، جوانی پتر وەدەر دەخا. ئەگینا نرخی جوانیەکە بێ کەمایەسیو نوقصانە.

٤١ من ئەڤ میثال لەو بوتە بەست — زوران بزولفان دل ڤەبەست
هەرچی تەدی صورەت پەرەست — دوررى یەتیم بێ فەیدەدا

٤٢ پیسو خەراب و زشتو عار — ما ئەو بخەملێ تێنەکار؟
ئی دقەیدی لەبسێ نەدیە یار — حوببی بخوە داڤی نەدا

٤٣ چاری هلین یاری ببین — نە دپەردەیا طاری ببین
صەد جاری ئەر کاری ببین — گول وی دنیڤا بوغچەدا

٤٤ ئەو بومورادا کردگار — لەوکر ئیرادەو ئیختیار
ڤی بوغچەیێ هەرلێ بوهار — گول گەش دباغی غونچەدا

٤٥ بایێ ئەڤینێ کولڤی — ئەو قشتو زولفی سەر چەڤی
هەردەم هەزار دل داکەڤی — خال لەو ددامێ دانەدا

٤٦ بەحرا وجودی جوشی هات — نورەك تەنەززول بو ژذات
هاتن تەعەییون تێك صیفات — ئەشیاء ظهور عیلمییەدا

٤٧ ئەشیا دعیلمێ بون ظهور — ئیسمان ژفەیضا ئیسمی نور
تەقویم بەستن بێقصور — حوکمی صیفاتی سەبعەدا

٤٨ ڤی عالەمی تەقویم بەست — هەرئیسمەکی فیعلاخوەخوەست
حوکمی تەصەرروف دا بدەست — هەروی دمولكو قەبضەدا

٤٩ ئەعراض و عەین و جەوهەران — واحید ژئەصل و مەصدەران
تاثیر بەخشی مەظهەران — صەد رەنگ حەرف و صیغەدا

٥٠ فەیضا حروفێن عالیات — بەحثا سطورێن سافیلات
ئایاتو وەصفین موحکەمات — تەرتیب عوشرو سورەدا

٥١ کاتب نڤیسین ئەو حروف — هەرطالبی پێ بو وقوف
هاتن ژدل صەد ئاهو ئوف — سەرخەط للەوحێ سادەدا

٥٢ ئەودەستخەطێن کاتب صەمەد — واحید لسەر لەوحا ئەحەد
نەقشەك رەشاندی بێ عەدەد — جەعدا جەمالێ شانەدا

٥٣ ئەسما تەکامول راست کرن — بالا فەواعیل راست کرن
جیجی قەوابل راست کرن — ژێ عیللەتەك صورییە دا

٥٤ ئەسما موقابیل بونە زەوج — لێ جومله ژێبون فەوج فەوج

بەحرا وجودێ هاتە مەوج مەوجان دبەحرێ لوججەدا

٥٥ جوشش کودا دەریای جود دایینە یا ئیسمی وەدود
جارەك تەجەللابو وجود فورەك ژنوری ژێ وەدا

٥٦ فورەك ژنوری ویڤەکر گەنجا ظهوری پیڤەکر
مفتە بقفل کەنزێڤەکر هێژوی دقوفلو مفتەدا

٥٧ حوسنەك مونەززە صەووراند نورا حەبیب ژێ ئافراند
عالەم دکونهێ حەییراند روحالقدس جان نەفخەدا

٥٨ عەرش‌و جیهات لێ بو حەیات ئەو شاهیدی قودسی صیفات
ژبونا یەقینا نوری ذات سەیوان‌و شەوق‌و هالەدا

٥٩ حوسنا ژعیشقێ صەووری غارەت کرن حورو پەری
هەرچی دکونهێ فەککری ئەو ما دعیجزو حیرەدا

٦٠ ئەو صورەتی میرئاتی حوسن ژێ بو ظهور ئایاتی حوسن
لێ بو تەجەللا ذاتی حوسن قێ حوسنێ ئەو سەرچەشمەدا

٦١ سەرچەشمە یا حوسنێ ئەوە خورشیدە، عالەم پورتەوە
گەر بەدرە، وەر ماهی نەوە وەر موشتەری یان زوهرەدا

٦٢ ویلدان‌و حورو گەر پەری شیرین‌و مەحبوبێن بەری
هەمیان ژحوسنا خاوەری نورێ دەوان یەك ذەررەدا

٦٣ نورێ ژنورا ئەحمەدی سیررا صیفاتێن سەرمەدی
دایینەیا ذاتێن خوەدی کەشفا کەمالاتێ خوەدا

٦٤ ئەو بو قەلەم، ئەوبو عەقل لەو پێ حەدیثێدا نەقل
دەریای عیلم ئەو بو شەقل تەفصیلی عیلمێ جوملەدا

٦٥ ئەوبو دجوملە رابیطە میزان‌و ئیسم‌و باسیطە
فەیضا حەق ئەو بو واسیطە چەشمی وجودێ سورمەدا

٦٦ یەك‌بو ئەلیف، یەك نوقطەکر چەند شکلی دی لێ زێدەکر
هەردەم پەیاپەی صیفرەکر بالا ببالا روتبەدا

٦٧ واحید ژنورا وی دورێ پەیمانەوو جاما سورێ
مەی ریهتێ ئانی بەرفرێ هەم جام، هەم پەیمانەدا

٦٨ غەیب‌و میثالن هەردە سیلك پەیوەستە ئانین میمی میلك
ئەو کاتبی ئەلماسی کلك ژوی خامەیی ئەو رەشحەدا

٦٩ نورا تەجەللا هاتە عەرش ئەسما هەمی لێبونە نەقش
شەوقا دوان چو تابفەرش ئیسمان بذاتێ سەجدەدا

**مانای وشە:**

**زشت:** ناحەز؛ **عار:** شورەیی؛ **لەبس:** پۆشاك؛ **ئەرکاری:** ئەگەر دەتوانی؛ **تەعەییون:** دیاری‌کردن؛ **تەقویم:** راست‌کردن؛ **صیفاتی سەبعە:** حەوت صیفەتان، مەبەست حەوت صفەتی ئەزەلی خودایە کە

بریەتین لە: «هەبون»، «زانین»، «توانایی»، «ویستن»، «گوتن»، «دیتن»، «بیستن»؛ **ئەعراض:** عەرەضان؛ **عەرەض:** شتێکە بنەڕەتی نەبێو بەسەر بنەڕەتێکدا هاتبێ، بێتو لەبەینیش بچێت. ئەگەر تایبەتی بە رەگەزێك بێ، وەك پێکەنین، یا نوسین. کە تایبەتی مرۆیە، عەرەضی خاصی ناوە. ئەگەر جوڵانە ـ کە هەمو زیندوی تێدا هاوبەشن ـ عەرەضی گشتی (عام) ناوە؛ **قەبضە:** لەناودەست گرتن؛ **باسط:** بڵاوکەرەوە، راخەر؛ **سافیل:** نزم؛ **عوشر:** دەیەك؛ **عەشەرە:** دە ئایەتی قورعان؛ **وقوف:** ئاگا؛ **جەعد:** موی‌لول؛ **فواعیل:** کارکەران؛ **ئافراندن:** دروست کردن؛ **کونهـ** : بونی‌شت وەك هەیە؛ **سەرمەد:** بێ برانەوە؛ **شەقڵ:** درۆشم؛ **سیلك:** هەودا؛ **میلك:** خاوەنی؛ **عەرش:** تەختی لەسەر دانیشتن؛ **فەرش:** رایەخ، مەبەست زەمینە؛ **نەفخە:** فو.

**پوختەی مانا:**

بوێەم نمونە هێناوە، چونکە زۆر کەس دڵیان دەکەزیان هاڵقاوە. هەر کەست دیت رواڵەتی دەپەرستێ، گەوهەری بە خەسار داوە. شت جوان نەبێ، کەی بە خەملاندن جوان دەبێ؟ پیاو نابێ بروانێتە رو، تا دڵ بدا. دەبێ لەگیان ببیە دڵدار، چاوت لە رواڵەتی نەبێ، گیانە بۆ دڵداری دەبێ. لەش تاریکیە لە دەوری گیان، لەش وەك وارشی باغچەیە. گیان گوڵە لەو دیو وارش‌دا. خودا گیانی پاکی ئێمەی، وەکو باغچەیەك سازداوە، پرە لە غونچەو گوڵی جوان‌و، هەرگیز پایزی بۆنایە. خودا جوانی رواڵەتی سازدا، پەرچوکەو کەزی سەرخواری بەدەم باوە، وە جوڵە خست. خاڵی لەرو جێ کردەوە، تا ببنە دانەو داو بۆ گیان‌و، دڵدار لە ئەوینی ئەوان گیرۆدەبێو لەوێوە بە ئەوینی گیان گرفتار بێ.

خودا ویستی عالەم سازدا. تیشکەی نوری خۆی بەری کرد، تا کار هەموی بەتەکوزی وریکی پێك بێن. کرداری خۆی لەسەر ئافەریدان بەش کرد. هەمو شتێك هاتە زانین‌و دیاری‌دا. ناوانی خواو، حەوت رەوشتە نورانیەکەی، بێ کەمایەسی هاتنە رو. هەر ناوێکی چی هەڵدەگرت، ئەوەی دایەو جۆرێك کاری شیاوی واتای ناوەکەی لێکردە ئەرك. ماك‌و رەگەزو داهێنراو، لە بنچینەدا دەبنە یەك. بەڵام بۆ ئێمە ـ بە رواڵەت ـ لێکتر جیان. پیتی ناوەکانی خودا، هەریەکەی بۆ دەستەوجونێك وەکار کەوتن. بڵندیان بەرزەوە کردو، ئەوی شیاوی نەویایەتین نزمیان کردن. هەر ئاگادارو دڵرونێك کە لەو پیتانە بزانێ؛ دەزانێ هەرچی رودەداو بون‌و نەبون، لە دەستەڵات کەس‌دا نیە، جگە لە خوا. ئەوسا دڵی هاوار دەکاو دەناڵێنێ، کە دەزانێ خۆی بۆی ناکرێ خۆشبەختی‌و قەرەبەختی خۆی بخاتە رو. خوای بێنیازو بێ شەریك، لەسەر تەتەڵەی ئەزەلی، زۆری نەقش‌و نیگار چێکرد. کاکوڵی لولی شانە کرد، هەمو مایەی تەواوبون‌و کاری بونی بۆ رێك هێنا. بە رواڵە کردنی بەهۆ، بۆ دیاری دانی دەسکاری. نیشان دەری ناوەکانی بە کۆمەڵ بەرانبەر کردن. فەرمانی بەدەریای بون‌دا، شەپۆل بداتو سەررێژکات. لە ئاوێنە ئەوناوەی‌خوا کە «وەدود»ەو واتای زۆر پر لە ئەوینە، تروسکە یەك تیشکی وەدا. ئەو تیشکە بوبە کلیلی‌قفڵی گەنجینەی نهێنی‌و بوبە مایەی ناساندنی نوری خودا، لە سەر زەوین‌و عاسمانان. لەوتیشکە پێغەمبەری خوا: «محمد «ص» هاتە

بەرهەم. جبرایل گیانی وێ هێناو خستیە ئەو قاپێلکە پاکە. ئەو نورە تاك‌و تاقانە، کرایە ئامیانی ژیانی گش ئافەریدەکانی دیکە. جوانیەکەی ئەو ـ کە لە ئەوین ساز درابو ـ دڵی حۆرو پەریزادانی تاڵان کرد. ئەگەر رۆژە، ئەگەر مانگە، ئەگەر زوهرەو موشتەری‌یە، ئەگەر جوانی لاوەکان‌و کیژی وەك حۆری‌و پەری‌یە، گشتی تۆزقاڵێك لە جوانی، نوری ماکی پێغەمبەری خودای تاکە. هەوەڵین قەڵەم هەر ئەو بو. هەوەڵین عەقڵ درا بەو. بۆ دەریای زانست درۆشمە. ئەو نێوانە بۆ ئافەریدەکان‌و خواو، لە قیامەت تکا کاریانە. چاوی هەبون بەو دەرێژری‌و بەهۆی ئەو لە ئاکاری خوا شارەزا بوین، کە پێشوکوی دروست کردوین. خودا خوێ نوختەی ناوەندە. نوختە دەکرێتن بە ئەلیف، ئەلیف صیفری لێزیاد کران. ژمارە هەر بەرە ژور چو، ئەلیف بەزۆر شکڵ‌و بیچمان چەرخ درا، ناوو پیتی لێ چێ کران. ئەلیف نیشانەی یەکیەتی خوای نیشانداو، بو بە نیشانەی یەکەمین نوری پرشنگدەری خودا. کە مُحَمَّدی نازدارە، سەبارەت بەو پیاڵەی بادەی خواناسینی پێ فرکردین. میمی ناوی مُحَمَّدی نیشانەی پادشایەتیەتی لەسەر عالەم. لەپاش ناوی مُحَمَّدی ناوی تریش سەریان هەڵداو، لە دەورەی ناوی نەخش بون. ناوو خاوەن ناوەکانی زەوی‌و عاسمان سوژدەیان برد.

| | | |
|---|---|---|
| ٧٠ | کاتب قەلەم دیسا گەراند | ئیسمەك ژئیسمان صەووراند |
| | کورسی ژنوری ئافراند | جەننەتی خولدو سیدرەدا |
| ٧١ | سەرچەشمەیا نورا سەخی | بەحرا جەمەد دابو رەخی |
| | فەیضی ژبەردا بەرزەخی | داگرت‌و گەهگە فورەدا |
| ٧٢ | ئەو بەرزەخا رەنگ ئایینە | هەنگی کو ئەشیا دایینە |
| | وان تی شەمال ئیسایینە | ژێ صورەتەك عەکسییەدا |
| ٧٣ | وەصف‌و کەمالا تێن سبوح | حەرفێن کیتابا عەقل‌و روح |
| | ئیسمە دڤێ لێ بن وضوح | لەو لەوح‌و کلك‌و خامەدا |
| ٧٤ | ئەو نوسخەیا عالی ئیسم | لەو حەك دڤێ ژێرا جیسم |
| | داحەرف لێ بن مورتەسیم | حەرفان شکل نوریەدا |
| ٧٥ | نوقطی کو مەعنایەك دڤێ | تەرکیبی ئیملایەك دڤێ |
| | صورەت هیولایەك دڤێ | روحان دنەفسی جوثئەدا |
| ٧٦ | ماتێنە دیتن حوسن‌و سوڕ | بێ بەژن‌و بالایێن ژدوڕ |
| | کاتب ژڤان حەرفێن دپوڕ | نونەك خەیالی بەصمەدا |
| ٧٧ | دوردانەیین خاوەر میثال | ئایینە یێن تێدا شەمال |
| | نورەك مونەززە ئەو جەمال | مەی‌کر دنیڤا شیشەدا |
| ٧٨ | روحانیێن قودسی میثال | دێ بێن لیباسی خەطو خال |
| | ساقی مەیا گولگون‌و ئال | تینت دفینجانا مەدا |
| ٧٩ | مەی کو دجامێ بیتە نوش | بێدەنگ‌وصەوت‌هەرتیتەگوش |

ژێ تێته دل هەردەم سروش — لەو ئەڤ شەراب ئالودەدا
٨٠ ئەڤ رەنگ تەجەللاکر سوبوح — شاهی ژشەهکاسا فوتوح
مەی ریهته جاما عەقلو روح — روژبو دقەوسی قوببەدا
٨١ روژ بو دنیڤا نەینکی — کاتب ژحەرفی عەینکی
نیڤ گوشەیا قەوسەینکی — طوغرا بئیسمەك تازەدا
٨٢ طەی‌کر دنیڤ طوغرایە ئیسم — تەکسیر کر حەرفێن طەلیسم
حوسنا موقەددەس بو دوقیسم — حوکمی تەجەللایێ وەدا
٨٣ یەك عەقلو روحی ئەعظەمە — میصباحو نورا عالەمە
حەووائو نەقشی ئادەمە — بی موددەو بی مادەدا
٨٤ ئێ دی کو نەفسا کوللی‌یە — حوسنەك موقەددەس عالی‌یە
ئەو ژی بروحرا ئەصلی‌یە — وان هەردو هەڤرا سایەدا
٨٥ ئایینەیی ذاتی یەکن — لەو دلبەرو لاتی یەکن
ڤیکرا دمیرئاتی یەکن — هەم تازە تازە عیشوەدا
٨٦ ئەوتێن بجەمعی فەرعو ئەصل — مائیل دبن ڤێکرا بوەصل
نابن‌ژیەك‌ئەوفەرق‌وفەصل — حوکمی ویصالێ پێ وەدا
٨٧ ڤێکرا کوبونە وەصلو جەمع — بارین ژمابەینێ دو لەمع
ئیسا ژئەرواحان دو شەمع — شەمعا نفوسان شوعلەدا
٨٨ ئیسا ژئەرواحان قەبەس — پورژ شوعلەتێن نورین قەفەس
نەفسان بعیشقێ دانەفەس — قەلبان بحوبێ لەهجەدا
٨٩ ئەو لاتو حوسنو عەینی‌نور — صورەت بصورەت تێن ظهور
ئینسو پەری، ویلدانو حور — جی‌جی دواندا جیلوەدا
٩٠ هەریەك ژفەیضا ئیسمەکی — تێن صورەتا طەلیسمەکی
لەو مەعنی‌یا هەر جیسمەکی — پورژ تەو ژنوری لێ ڤەدا

**مانای وشە:**

**خولد:** تاهەتایی، بەهەشت؛ **جەمەد:** سەهوڵ؛ **بەرزەخ:** لەمپەر، بەرزەك؛ **وضوح:** ئاشکرا؛ **مورتەسیم:** کێشراو بە قەڵەم؛ **هیولی:** وشەیەکی یونانی‌یە: ئامیانی هەمو گیاندرانە کە هێشتا نەهاتونەتە سەر شکڵو بیچم، صورەت دوای هیولا پەیدا دەبێ؛ **بەصمە:** وشەی جەغەتایی‌یە، واتا: مورو شەقڵ؛ **فتوح:** فەرحانی‌گەل؛ **نەینك:** ئاوێنە؛ **طەی:** پێچانەوە؛ **تەکسیر:** شکاندنەوە؛ **ئەعظەم:** گەورەترین؛ **نەفس:** ئەوگیانەی سەروکاری دەگەڵ لەشی زیندو هەیەو بەردەستی گیانی گەورەو بنەرەتی‌یە؛ **نەفسی‌کول:** لەزاراوەی صوفیاندا گیانی هەمو عالەمەو نوێنەری عەقڵی یەکەمە کە هەمو وەدی هاتو لەو پێکهاتون، پێشی دەڵێن «نەفسی رەحمانی»؛ **لەهجە:** قسەکردنو زمان‌گرتن.

**پوختەی مانا:**

نوسەر قەڵەمەکەی گەڕاند، ناوێکی تری وەبەر هات. کورسی‌لەنور وەدی هێنا. بەهەشت‌و داری نەبگی کرد. دەریای سەهۆڵ لەنێوان بو، سەرچاوەی نور، لەو لەمپەرە سەرریژی‌کرد. بە فیچقەهات. بوبە مۆمێك پرشنگی لە ئاوێنەدا. دەبوایە تەتەڵێك هەبێ، رەوشت‌و ناوی بەرزی خوای لێ بنوسرێ، تەتەڵەو قەڵەم دروست بون. بڕیار درا هەر گیانێك دەچتە هەرلەشێك، سیایی لەوشوێنە بنوسرێ.

جوانی‌و دڵکێشی خودایی، خرایە ناو لەشی جوانان. تیشکی خۆرئاسایی جوانی، لەگیانەوە دایە لەشان. جوانی دیارو رواڵەتی ـ وەکو بادە ـ دڵدارانی گیانی پاکی پێ سەرخۆش بون. عەقڵ‌و روح کەلەلا کەوتن. هەر ئەو جوانیەی خودایی، خۆی بەشکرد بە دو بەشەوە. بەناوی ئادەم‌و حەووا هاتە دنیا. حەواو ئادەمیش ـ بە رەگەز ـ هەر یەکێکن. هەردوك سێبەری نوری خوان. هەردوك ئاوێنەن بۆ یەکدی. لك‌و قەوارەی یەکترین، بۆیە بەرەو یەکتر دەچن‌و تێکەڵ دەبن. دوگیان وەك دو شەم ئایسان. گڕیان گەیانده دەورو بەر. بەرو بەهرەیان زیادی کرد. هەمو زیندوی بەرەی ئادەم، بە ئەوین هەناسە دەدەن. هەمو دڵێك، بە ئەوینێ گەشە دەکا. هەر زیندوێك، بەرانبەر بە ناوێکی خوا، لەسەر ئەم دنیایە دەژی‌و خوا بڕیاری خۆی بۆداوەکە چۆن بژی.

| | |
|---|---|
| ٩١ دێ سیرری تەولیدێ ببێم | نەبوەهم‌و تەقلیدێ. ببێم |
| مەعنی ژتەوحیدێ ببێم | دل ڤی ئەدایێ شەهدەدا |
| ٩٢ مەعشوق‌و عاشق هەردو لات | مەجذوبی دی یەك بن صیفات |
| حینا کو بویەك التیفات | بەعضەك صیفاتان حیصصەدا |
| ٩٣ های‌و هویا سوببوحی یان | رەقص‌و سەمایا قودسی‌یان |
| تەشبیهی جوقا صوفی‌یان | فەریادو ذیکرو لەرزەدا |
| ٩٤ وەستانە شاخیص صەفصەفن | باطین دعەینی‌دا خەفن |
| تەشبیهی بەرقا خاطیفن | لامیع دچەرخی تیسعەدا |
| ٩٥ بزازو جاما بادەیێ | یارتیتە نیڤا حەلقەیێ |
| مەدهوش‌و مەستی وێ مەیێ | شاش‌و کولاه ئاشوفتەدا |
| ٩٦ رەمزا دجاما شەربەتێ | خەف تێتە نیڤا صوحبەتێ |
| هەرچی کو فینجانێ دەتێ | وی جان بنەذرو صەدقەدا |
| ٩٧ شەمعا ویصالێ هەرگەشە | شەوقا شەمالێ ئاتەشە |
| خەمرا پەیالێ بێغەشە | ساقی عەجەب رەنگ بادەدا |
| ٩٨ ساقی عەجەب رەنگ بادەریت | عاشق ژمەعشوق ئەو دڤیت |
| فینجان بفینجان داومیت | کاما دلێ بیچارەدا |
| ٩٩ ئەشیا لپەی هەڤ وەللدین | یەك‌یەك ژوەصلێ بەذدین |
| هەم‌مەصدەرین،هەم‌مەوردین | ڤێ قولزومێ ئەڤ رەشحەدا |

١٠٠ ئەو رەشحەدا وێ قولزومی مەی هاتە طاسا عالەمی
جاما جیهان‌بین دا جەمی بەسکەندەری ئایینەدا
١٠١ عەکسا ژحوسنا مەی فروش ئاڤیتە فینجانین بپوش
ناگە دجامان هاتە جوش فوری دنیڤا کوزەدا
١٠٢ ساقی ژدەنگی بولبولە ئاڤیتە چەرخی غولغولە
روحان لدۆرێ سیلسیلە گوڤەندو رەقص‌و حەلقەدا
١٠٣ مەحبوب خوە نیشاندا صەفێ جارەك دجاما قەرقەفی
هاتی بئاوازی دەفێ طەنبورو چەنگی نەغمەدا
١٠٤ عەینی طەبیعەت جسمی‌کول بشکفت دوێ باغێ دوگول
عیشقێ گەراندی جامی مول حوسنی دواندا پەنجەدا
١٠٥ بەرزەخ ببەرزەخ بونە راست نینن دنیڤدا کیم‌و کاست
مەنزل بمەنزل هلگوهاست حەتتا کو دۆر چو حوققەدا
١٠٦ ئاڤیتە دۆردانا خوەدۆر ئیساند ژمیصباحا خوە سۆر
دولابی نەجمی نەحس کر میهرا ستێرا سەعدەدا
١٠٧ چەوگسانی بایی لامەکان فولکا فەلەك قائیم سوکان
تەشبیهی گوێ دا بەرشەکان هەر بی‌سکون‌و سوکنەدا
١٠٨ ئەو کامیلی بی‌عەیب‌و نەقص چەرخین‌بهەریەك‌نەوع‌وشەخص
وی یەك‌بیەك ئانینە رەقص تی سەبعەیی سەییارەدا
١٠٩ هەر نەھ بقێ جەهدو لەزی چەرخن لدۆرا مەرکەزی
بەحرا دوعالم لێ کەزی تێ ئەو حوباب سەرگەشتەدا
١١٠ بەحرا دوعالەم لێ زەبەد مەوج‌و حوبابن هن جەمەد
پەیوەستە تێتن جەزرومەد سەیوان لصەحرایێ ڤەدا
١١١ ئەو خێڤەتا کەوکەب میثال گەهبەدرە تیتن گەهەیلال
سێدە دوازدە ماهو سال چەرخن دسەیرا تیسعەدا
١١٢ مندل ژفەهمێ قاصیرە ژوی صورەتی چار باگرە
پێ کر تمام ئەو دائرە نەقشەك ژوی تەروەندەدا
١١٣ یەك ژی ژتەقویما قەدیم لی بونە سەق حوکمی حەکیم
ئاڤیتە وی لەوحی رەقیم تیك عالەمی پێ شوعلەدا
١١٤ هنگی کوخەطو نوقطەنە ئەوضاع‌و ئەشکال تێ هەنە
هەریەك بمقداری خوەنە ئەصلا تەصەوور، رێ نەدا
١١٥ میقدارو شکلێ هەندەسی کیم زیدەیەك پێ ناحەسی
تەصویر دکر أقلیدُسی حەتتا بسەطحی سوفلەدا
١١٦ مەرصەف دناوڤان مەشعەلان قەطعا مەسافا مەرحەلان
سیررا بروج‌و مەنزیلان رەسما سلوکی جادەدا
١١٧ ئەو یەك‌بیەك خالی نهن بێ حیکمەتەك عالی نهن

**١١٨**

| | |
|---|---|
| گـەرڤـان سوڕەك حالی نهن | ئەو رەقـص چرا مەستانە دا |
| مەستـانـە گۆڤەنـدێ دكن | رەقصێ لدۆر فـەنـدێ دكن |
| قەستـا شـەكەرخەندێ دكن | لەعلان ژگەوهەر خەندە دا |

**مانای وشە:**

**تەولید:** بەرهەم هێنان؛ **تەقلید:** لاسا؛ **شـەهدە:** شـایەتی؛ **ئیلتیفـات:** ئـاوڕوێدان؛ **دی‌یەك:** یەكتری؛ **حیصصە:** بەش؛ **شاخیص:** دیار؛ **خاطیف:** رفێن؛ **تیسـعە:** نۆ؛ **زاز:** سـاز؛ **شـاش:** شـاشك، مێزەر؛ **ئاشوفتە:** شێویاو؛ **ریت:** رژاندی؛ **میت:** مژتی؛ **كام:** كاو، مراد؛ **وەللدین:** زان؛ **بەذدین:** لەبەین چـون؛ **مەصدەر:** شوێن بردە؛ **مەورد:** جێ‌هاوردە؛ **رەشحە:** شە، تەڕایی؛ **بپوش:** بەسـەرپۆش؛ **بولبولە:** لولەی لولێنە؛ **مول:** بادە؛ **هەلگـواست:** رای‌گوێزا، هەڵی‌بوارد؛ **دولاب:** چـەرخ؛ **كڕ:** ماتو خـوست؛ **فـولك:** گەمیە؛ **شەك:** شەقی گوێێن؛ **سەبعە:** حەوت؛ **سەییارە:** گەرۆك؛ **سەبعەی سەییارە:** حەوت ئەستێرەی بەگەڕی نەچـەق؛ **كەزی:** قـەوزە؛ **زەبەد:** كەف؛ **تەروەند:** تازە داهاتو؛ **رەقیم:** نوسـراو؛ **مەرصـەف:** شەقام؛ **أقلیدُس:** فـەیلەسـوفی ریاضـی زانی یۆنانی (٣٠٦-٢٨٣ بەرلە میلاد) لە ئـەندازیاری روكارو نورپێواندا بەناوبانگە.

**پوختەی مانا:**

رازی بەرهەم ئەدركێنم. من بە ئاشكرا دەیزانم نەك بڵێم خەڵك وا دەڵێن.

یارو دڵدار بتی یەكن. لە ئـاكارێ خـودا پێی داون، هاوبەشـن. بەو هۆیەوە دەگەنە یەك. بەو پێك‌گەینە، فـرشتەكانی عاسـمانی، پیرۆزبایی‌و شـاباش‌و هەر بژی دەڵێن. وەك كۆڕی بەزمی صوفیانە، دێن‌و دەچن‌و جێژنەیانە. سازو بادەش ـ كە وەرگێڕی زمانی گیانی پاكانن ـ دێنە گۆڕێ. كۆڕی بەزم، گەرم دادێ. صۆفی مێزەرو كڵاوی بڵاو دەبێ. هەركەس لەو بادە بنۆشـێ، گیانیشـی لەرێ دەبەخشێ. مەی پێك گەیشتن بێ خەوشـە، شـۆقەكەی هەمیشـە گەشـە. دڵبەر بادەی دڵ تاڵانكردن دەگێڕێ، دڵدار لەو مەیە هەڵدەمژێ‌و، بەكاو دەگا. گش ئافەریدە بەوجۆرە لە پێگ‌گەین رولەزیادین‌و تۆرەمە بڵاو دەبنەوە. عالەم لەم چۆرەچۆرەوە، وەكو دەریای لێ‌هاتوەو، هەزار جـەمی بە جامەوەو صەتانیش وەك ئەسكەندری ئاوێنە لەدەستا دیوە.

تیشكـی روخسـاری مەیفـرۆش، بە نهێنی دایە پیاڵە، پیاڵە دڵی وەجـۆش كەوت. مەی ناوكوپەشی گرتەوە. ئەویش بەفیچقە دەركەوت. گیانان كەوتنە هەڵپەركێ‌و گۆوەندو سەما. یار ـ كە خوایە ـ جارێك لەجامی بادەدا، خۆی نیشانی خەڵكی دەداو جارێك لەناو دەنگی بلوێر، خۆی دەر دەخا. بە دیار كەوتنی نوری ئەو، سـرشت ـ كە گشـتایی‌لەشـە ـ گەشـەوەبو. دو گوڵ لە باغی‌دا پشكوت. ئەوین مەی لە كۆڕێ گەڕاند. جوانی خیستە ژیڕ دەستی خـۆی. لەمپەر لەنێواندا نەمان. هەمو كارێكـی راسـت هێنا. پلەپلە هەر پێدا هات. هەتا دوڕ كەوتە ناو دوڕدان. چـرای دڵكێشـی خودایی تیشكی دایە. ئەستێرەی ودمی بۆ هەڵات. شـومی خـۆی نەگرت‌و هەڵات. بای رەحمەتی

خودای مەزن، گەمیەی زەمانە دەگیڕێو، ناهێڵێ لەکار بکەوێو، ئەو گەمیە توندو پتەوەی، وەبەر کاشوێ قودرەت داوەو، لە چەشنی گوێ لە مەیداندا، ئەی‌سوڕێنێ. هەمو کەس‌و هەمو شتو، حەوت ئەستێرە گەڕیدەی عاسمانیش پێرا، لەو مەیدانەدا خول دەدەن. هەر نوێ عاسمان وا بە کوشش‌و بە پەلە، لە دەوری ناوەند خولیانە؛ نوختەی ناوەند دەریایەکە، هەردوك دنیا وەکو قەوزەی قەراخی وان. (یان، هەر دودنیا وەکو کەف لەسەر ئەو دەریایە دیارن.) لەو قەوزەدا یان، لەو کەفە شەپوڵ هەیە، بڵقی سەرئاو دێتە بەرچاو، هەیە دەریای سەهوڵ بەستە، دەریای بە هەڵکش‌و داکش، چەتر لەسەر سارا دەگرن. ئەو خێوەتە پان‌و بەرینە ببینە. جارێك مانگی یەك‌شەوەمان نیشان دەدا، جارێك مانگی چاردە شەوە. سی‌ڕۆژەی مانگ، دوازدە مانگەی هەمو ساڵان، ئەو نوێ عاسمانە لەگەڕدان، دڵم بوێ ناکرێ تێبگا، هەر چوار لای گرێ پوچکەیە. هەمو دەمان، ئەو جەغزە، بەو سوڕانەیان تەواو دەبێو، هەر دمێکیش نوبەرێکی تازە دەدەن. یەکیش لە کاری سەرسوڕێن ـ کە قودرەت بەرهەمی هێنا ـ ئەو راستو پاستە کردنەی پێشینەیە ـ کە لە سەر تەتەڵەی نوسی‌و دنیای پێ ڕۆشن کردەوە ـ ئەو هەمو خەت‌و نوختانەی لە زەوین‌و عاسمانێ بە هەمو جوڕ، شکڵو بیچم دێنە بەرچاو؛ هەموی دە ئەندازە یەکدان، کە هەندەسەی ئەندازیاری هەرە ماهیر بوێ داناون، زیادو کەمی تێدا نیە. تو بڕوانە لەو نەخشە ئیقلیدسیانە، لەمەڕ عاسمان‌و عەرزەوەو تەنانەت لەخوارو تریش دێنە بەرچاو. پیاو چون سەری سوڕ نامێنێ؟ نێوان ئەستێرەو ئەستێرە، وەکو جادەی خوشکراون. رازی بورجان ـ کە مەنزڵ بەمەنزڵ دیارن‌و بونە شەقامی هەمیشە بو گەشتی خوڕ ـ ئەو هەمو شتە سەیرانە بەتاڵو بێکاکڵ نابن. سوڕێکی بەرزی خودایان تێدا هەیە. ئەگەر ئەو عەرزو عاسمانە، شتێکیان لێ حاڵی نەبوە؛ ئەدی بوچی مەستانە کەوتونە سەما؟!! ئەوانە چەند پەپولێکن بە دەوری نوری خوداوەو دەیانەوێ بەیار بگەن، بزەیەکی بەزەیی ئەویان پێبگات.

| | |
|---|---|
| ١١٩ تێن بایێ چەرخ‌و لەو لەبان | تەدویرو سەیرا کەوکەبان |
| شەعشەعنی‌یا روزو شەبان | دولاب هەر تێ ژێ صەدا |
| ١٢٠ صورەت بصورەت لێ‌کشاند | لەوحی هەیولا نەققشاند |
| زیڕاف ژنوری لێ رەشاند | تەقویم‌و شکل‌و خانەدا |
| ١٢١ کاتب دچەرخێ جەدوەلێ | خوش نەقشەك ئاڤیتی وەلێ |
| کرحاشی‌یا هەفت هەیکەلێ | نیف کولیاتی خەمسەدا |
| ١٢٢ دانین دپەرگاران ئەصل | بەستن موقابیل‌دا فەصل |
| ڤێکرا دەوائر بون وەصل | بەرزەخ ببەرزەخ خەسفەدا |
| ١٢٣ چار عونصورن چار طەبعەتن | ڤێکرا بمیزان ڤێك کەتن |
| هەڤرا موخالیف سیرەتن | دەر صورەتی شەخصییەدا |
| ١٢٤ حەتتا بمیزان چار ئەصل | بهەڤرا نەبن جەمع‌و وەصل |

١٢٥ جیسمان ژهەڤ نابن فەصل بازو ژبازو شەق نەدا
چار اُمَّهاتن سێ بەنات هەربێ قەرارن بێ تەبات
١٢٦ پورْعیشق‌و مەیلن ئیلتیفات قێ تازە دەیری کوهنەدا
هن سوفلەوی بازی دکن هن مەیلی ئەڤرازی دکن
١٢٧ خوەش رەقصی شەهبازی دکن سەرگەشتەنە دحالی خوەدا
هەر هەیئەت‌و هەر جیسمەکی هەر فەردو نەوع‌و قیسمەکی
١٢٨ روح‌وی ددەستی ئیسمەکی مایی دقەبضەو پەنجەدا
کوللاب بدەستی واهیبە یان راکدە یان جاذیبە
١٢٩ یان خافِضە یان ناصِبە یان رەفعەیە، یان جەزمەدا
ئەو جەزمەدایی مەرکەزان ئی دل ژبەر شەوق‌و لەزان
١٣٠ حیکمەت بقانونێ بزان ئەهلی دل ئەو ژێ گوفتەدا
رەمزێن نجوم‌و هەیئەتێ عەقلی موجەررەد نارەتێ
١٣١ بێ‌نوری عیلمی وەحدەتێ ئەو ما دشەککو شوبهەدا
فەییاضی عیلمی من لەدون پەی‌پەی ژبەحرا کان‌و کون
١٣٢ گەهگەه بئوستادی سوخون وی گەوهەرەك ناسوفتەدا
فەیضا عولومی فەلسەفە پور کفشە لێ سترو خەفە
١٣٣ من‌دی دجامەك قەرقەفە فینجان بجان من جورعەدا
هەر نەه فەلەك لێ کاخەکن دورو دراز لێ ئاخەکن
١٣٤ تی‌دارن ئەو ژی شاخەکن قێ طەرحی ئینسان میوەیە
ئینسان بەرە، عالەم درەخت سولتان ژخەلوەت هاتە تەخت
١٣٥ پێ زەیینین ئیقبال‌و بەخت دەولەت ژبالا طالەدا
سولتان ژبالا هاتە خوار لاهوت بناسوتێ ڤەشار
١٣٦ پەیوەستە بو نوقطا مەدار دەورا عروجی گەرْوەدا
دەوران گەهاندن هەرطەرەف عاشق گەرْاندن صەف‌بصەف
١٣٧ مەحبوب بفینجانا صەدەف دوردانەیا سەییالە دا
ساقی کودامن ئەو سولاف فەیضا مەیا گولگون‌و صاف
١٣٨ زائیل کرن شوبهەو خیلاف عیلمەك ژبەژنی روقعەدا
عیلمەك نوما دل پێ نموج قەلبێ بعیشقێ کت عروج
١٣٩ دێ طەی‌بکت چەرخ‌و بروج شەهپەر لدارا سیدرە دا
دولاب‌و چەرخی‌نەه فەلەك پیش‌دەستی کورسی‌بون‌هەلەك
١٤٠ سەرگەشتە هاتن ئەو گەلەك دوێ نوقطەیا مەوهومە دا
ئەحسەن ژڤێ نەظمێ لەطیف چەندی سەبوك هاتی خەفیف
١٤١ مەحبوب‌بدەستێ‌خوێ‌شەریف نەقدی مە موهرو سککەدا
ئەحسەن ژڤێ وەصفی رەفیع ئەشکال‌و ئەوضاعێن بەدیع
١٤٢ تیتن ژنورێ وەك رەقیع بێ عەیب‌و نەقص‌و رەخنەدا

**مانای وشە:**

**تەدویر:** گروڤەری؛ **شەعشەعنی، شەعشەعان:** تیشکەو ترێفەو روشنی؛ **هەفت هەیکەل:** حـەوت عاسمان؛ **کولیاتی خەمسە:** پێنج گشتی‌یەکان. کە بریەتین لە: جسن‌و جۆرو بەندو عەرەضی تایبەتی‌و گشتی (جنس‌و نوع‌و فصل‌و عرض خاص، عرض عام)؛ **خەسف:** روچون؛ **خەسف:** گیران، کە بو مانگی دەلێن؛ **اُمَّهات:** دایکان؛ **چارأُمَّهات:** بریەتیەلە: چـوار ماکی ئـاوو ئـاگرو خـاك‌و با؛ **بەنات:** کیژان؛ **سـێ‌بەنات:** بریەتیەلە: گیاندارو روەك‌و کرەك (حیوان، نبات، جماد)؛ **خـافیض:** نەوێن؛ **ناصـیب:** وەسەرخەر؛ **رفعە:** بلندی؛ **جەزم، جەزمە:** وەستاندن؛ **عیلمی لدنی:** زانستی تایبەتی خوایی؛ **کان:** بو؛ **کُن:** ببە؛ **سوخون:** وتان، وتە؛ **کاخ:** کوشك؛ **ئاخ:** خـاك؛ **شـاخ:** لك؛ **سـولاف:** بادە؛ **روقعـە، رەقیع:** تابلۆی بەخەتی روقعی نوسراو؛ **نموج:** نمونە؛ **حەلا:** شیرین؛ **جەلا:** ئاشکرا، صاف.

**پوختەی مانا:**

چەرخ‌و لولەپ باو دەخون، چەرخ‌و خولیانە، ئەستێرەکان لەناو جەغزی دیاری کراو، بە سورڕدانەوە دەگەڕێن. هێندێك بەشـەو هێندێك بەروژ، دنیا روناك دەکەنەوەو، دوڵاب‌و چـەرخـی دنیایە هەر هاڕەی دێ. سەر روپەری مەڵبەندی بون، بە هەزاران شکل‌و رەنگ، نەخشـێندراوە. پەراوێزی بە ئاوە زێڕ لێ کراوە، وەکو ساڵ پێو خانە خانەو چاوە چاوە خەت دراوە. پەراوێزی حەوت غاسـمان، بە پێنج ناودێرە گشتیەکان واتا: جسن‌و جۆرو بەندو عەرەضی تایبەتی‌و گشـتی، رەنگێنراوە. ماك‌و رەگەز ـ کە نوختە ناوەندیەکە یەو، هەبون لە دەوری خـولدەداو، بویتە جـەغز بەرانبەر بەو ئافەریدانەی لەخۆیان جوێ دەکاتەوە ـ نیشان درا. هەمو لەمپەر لەنێوانی بون‌و نەبودا هەڵگیرا.

خاك‌و ئاوو ئاگرو با ـ کە هەر چواریان دژی یەکن ـ بە ئەندازەی پێویستی‌بون، تێکـەڵ کران. بەبێ ئـەو لێك کوبونەوە، بونی مرو زۆر دژواربو. ئـەو چـوارانە ماك‌و داکن. سـێ کچیان هەن. گیاندارو روەك‌و کرەك. (حیوان‌و نەبات‌و جـەماد). هیچـی تاوێك هەدا ناداو، ئـەویندارن، وێڵی یارن، بە ئاواتن لەو دێری تازەی زۆرکونە، بەرەو ماکە بادەنەوە. هەروا ئاور ئـەدەنەوە بە هومێدی ئەورۆژەی بگەڕێنەوە دەقـی پێشـو. هێندێك سـەربەرەژێر دەچـن؛ هێندێك روەو هەوراز دەبن؛ سەرگەردانن دەخـولێنەوە. هەر بیچمێکـی دێتە بەرچـاو، لەهەر جـون‌و هەر توخمێك بێ، بەر فەرمانی ناوێکی خودای گەورەیە. قولاب لەدەست بەخشـندەدا، جـا رای‌دەگرێ، یان دەیکێشـێ؛ بەرەو ژێری دەکاتەوە، یان بەرەو هەورازی دەبا؛ لە پەنجـەی ئیرادەی ئـەودا، ئـەوانەی دەڵێین ناوەندن‌و چرکە ناکەن. وەکو زەنەی کە لەسەر پیتان دادەنرێ؛ خـودا زەنەی لەسـەر داناون‌و نابێ بیزون. قسەم قسەی ئـەهلی دڵەو قـانونی رازی خـوداییم پێ گوتراوە. ئـەو نهێنیەی لە گەڕی ئەستێران دایە، زانستی مرو نایگـاتێ. گەرەکە زانسـتی خـوایی فـریاکەوێ‌و لە دودڵی رزگارمان

کات. زانستی تایبەتی خودا، لە دەریای ببەوبوی خۆی را جارو بارە، دوڕێکی هەرگیز نەسماوی بە مامۆستای قسەزانان ـ کە پێغەمبەرەو فەرمویە: «لەگشت عەرەب فـەصـیحترم»ـ بەخشش داوەو لە هێندێك رازی نهێنی، حاڵی کراوە. بەهرەی زانستی فەلسەفـە زۆر دژواریو، وەشـیراوەی تێدا دیارە. بەڵام گەلێك شـتم لەوبادەیەوە دەسـت کەوت، کە فینجـانێکم لێ فـڕکردو گیانم بەو مەیە سەرخۆش‌بو. زۆر شتی بۆ ئاشکرا بون.

بە ژمارە ئێژین نۆعاسمان. بەڵام گشـتیان نۆ نهـۆمی ئـاواییەکن. ئـەگەر دورتری بۆبچین، ئەویش هەروەك زەوی ئێمەن. وارشو دیواری ماڵێکن. هەر نۆعاسمان، وەکو قەوارەی داریکە، زەمین لکێکە لەو دارە. مرۆ میوەی ئەو لکـەیە. مرۆی میوەی ئـەو درەختە، زۆر بەرزبو. لە نەبورا هاتە بونو ناوی نرا بەرزترو سـەروەری هەمو عالەمیٚ، بەخـت شـانازی پێدەکرد. زۆر لە ڕێزو برەودا بو. لەو باڵایەوە دابەزی، لەپلەو پایەی نزیك خـوایی، خـۆی هاویشـتە ناو نزمایی‌و بەرگە نورانیەکەی گۆریو بەرگی مرۆڤـی کردەبەرو لەو بەرگەدا خـۆی شـاردەوە. لەسـەر زەویش، هەمیشە نوختەی ناوەندبو. ئارەزوی بەرزبونەوەی تێدا ژیاوە، کەوتە کۆشش‌و سوڕ خواردن. یاری مەزن بە فینجانی سـەدەفـەوە، بە ئـەویندارانداً گەڕا؛ دوڕی تاواوەی ـ وەکو مەی ـ بۆ تێکـردن. مەستی کردن. مەیگێر چۆڕێکی دابەمن. هەمو رازم بۆ دەرکەوتن. لە بەژنو باڵای یارەوە زانستی راستی پێویستم، وەکو تابڵۆیەك خوێندەوە.

زانسـتیٚ ـ کە نمونەی دامیٚ ـ چلۆن دڵم بەهۆی ئـەوینی باڵای ئـەو دەتوانیٚ بۆ باڵا بچـیٚو، عاسمانو برجان وەپێچیٚو شاباڵی لە سیدرەبسویٚ. گیانم فڕی گەیشتە بارەگای خـودا. سـەیری هەر نۆ عاسـمانم کرد. کە بە ئـاڵقە لە دەوری کۆڕی خـودا بون. سـەرگەردان لە دەوری نوختەی خەیاڵیدا، خولیان دەخواردو دەرەتانیان شك نەدەبرد.

مەلا ئافەرین بۆ شیعرت! لەشان خۆشو سـوكو ناسـك هۆندوتەوە. یار بەدەسـتی ممبارەکی مۆری ئافەریمی دامیٚ ـ کە سکەی بەناوی ئەو بو.

ئافەریم بۆ ئەو باس‌کرنو نیشان دانی شکڵی زۆر جوانی بیٚوێنەی کری خـودا ـ کە هەموی لە نوڕێکی پاكو چاكو بیٚ خەوشو بیٚ‌کەمایەسی هاتە بەرهەم ـ پەسنەکانت زۆر شیرینن، هەر بۆیە دڵ دادەگرنو جەزمەیەکی زۆر پەسندو بەشکۆ دەخەنە ناو هەناو.

# «چارین»

## ١

قەوسی دهیلالی بدەلالی کەشها
بەژناتە ژشەنگی بدرەنگی مەشها
ماری ژحەریری دعەبیری خوشها
ماوەربو ژوان زولفی دزەنگی وەشها

## ٢

ئاخا قەدەما موحتەرەما پایی پەریمە
وەك طوطی پەیاپەی لزەبانێ شەکەریمە
هەرلەحظە دبێ بێت، کو دەچم رەهگو زەریمە
ئیدی چببێژم کو کەریم ابنی کەریمە

## ٣

شمشاد خەرامەك کو مەدیبو سەحەری
جامەك ژشەرابێ بمەدا وی قەمەری
تیرەك کو ژقەوسەین دوی‌دا جگەری
قوربانی خوەکر جانی شیرین روخ فەنەری

**مانای وشە:**

**بدەلالی:** بەنازو جوانی؛ **کەشها:** کێشرا؛ **درەنگی:** بەگرانی‌و تەمەڵی؛ **خوشها:** راخوشی؛ **وەشها:** پرژێندرا؛ **ئاخ:** خاك؛ **کەریم:** سەخی‌و بەخشندە، نەجیمزادە؛ **فەنەر:** چرای ناو شوشە.

**پوختەی مانا:**

کەوانەی مانگی یەکشەوەی بروکانت، یەکجار بەجوانی کێشراون‌و زۆر بەنازەوە بۆم کێشران‌و تیریان دەگیان‌و دڵم گرت. بەژنی شەنگت، لەبەر نازی زۆر گرانت، بەگرانی ڕێوەدەچێ. کەزی ڕەشت، وەکو ماریکی زەنگی ئاوریشمین، خوشی‌بێتەناو چەندین بۆن‌خۆشی تێکەڵاو، خۆی ڕاوەشاند. بۆنی گوڵاوی بڵاوکرد.

من ـ کە وەك توتی گفتخۆش ـ دەمو ڕاوێژم شیرینە؛ هۆی ئەوەیە لە جیات شەکر، خۆڵی بەرپێی یار دەچێژم. هەردەمێکی یار دەیەوێ دەرچێتە دەر؛ دەڵێ: بڵێن با بێتەلام. دەچم دەبم بە ڕێبازی. چۆن شوکری ئەوچاکەی بکەم؟ نەجیمەو نەجیمزادەیەو زۆر دڵاواو بەخشندەیە.

بەژنی وەکو دار شمشاڵیم، لە بەرەبەیانیك بەرچاو هات. بە لارو لەنجە دەرۆیشت. ڕوی وەك مانگ‌بو. پیاڵێکی پربادەی دامێ‌و، تیرێکیشی لە کەوانی بروێانرا دەجەرگم گرت. دەی هەزار جار گیانی شیرین قوربانی ئەو کوڵمانەی بێ، کە وەکو فەنەر بەتیشکن.

# لیزگەی صەتو شەشەم

# «شیعرز»

وادیارە مەلایەکی خەڵکی «فەنیك»، شـیعری لەمەلا دزیوەو بەناوی خـۆی لەلای خـەڵکـی خوێندۆتەوەو رەخنەی لەمەلا گرتوە، کە لەشیعرا ناگاتە من. مەلا بەم چـەند بەیتە شـیعرە، گاڵتە بە شیعردز دەکا. ناویشی نەزرینگاندوەو بە «پازدە» ناوی بردوە. بەبیری من، دەبێ مەلاکەی شیعردز، زوبێر بوبێ کە لە شێوەی کرمانجـیدا، زۆر ناوان هەڵدقـرچێنن: بە رەشـیدان دەڵێن: رەشـۆ. بە مُصطَفیٰ دەڵێن: مصطوبە زوبێران دەڵێن: زبۆ. زبۆ، بە ئـەبجـەد پازدەیە. لەوانەشـە شـتی تربێو نەمزانیبێ.

**هەژار**

**١ قەوی مەشهورە کو ناڤێ تە مەلا خەمسە عەشەر**
**تو بشیعرا نەتەگوتی خوەدکی قەندو شەکەر**
**٢ دوری ناسوفتە دهونی! مە نەدی میثلی تە قەط**
**نە دسەمتێ عەجەمێدا نە دئیقلیمی تەتەر**
**٣ ئەڤ چشیعرو غەزەلن مەدحو ئەنایا خوە دکی**
**دجڤاتانوە دبێژی مە بطەعنو بخەبەر**
**٤ ئەڤ چتەقلیدو شەطاطن چبەطاطن تودکی؟**
**سەری ڤیرا دهەژینی، بدوصەد ئاهو کەسەر**
**٥ تە دزانی فنیکاتە نەمەکان غزلانە**
**چبوها تێنە مەتاعێ تە، ئەیا بێ سەروبەر!**
**٦ دەستو پایان ژبەرێ زیدەبکی دێ تەبکم**
**میثلی حەممادی عەرەب، هەر وەکی شێخئانی بسەر**
**٧ ئەحمەدم سینە سوپەر پێش بەری تیرا فەلەکێ**
**دەعوە داری تە مەئیرۆ تو ژدەحلێ وەرە دەر**

**مانای وشه:**

**قەوی:** زۆر؛ **سەمت:** لا، ئالی؛ **خەبەر:** جوێن، قسە؛ **شەطاط، شەطەط:** دەلەسەو لافی پوچ؛ **بەطاط، بەطەط:** درۆ؛ **فنیك:** ناوی مەڵبەندێکە؛ **فەنەك:** دەڵەك؛ **غەزل:** رستن؛ **غەزەل:** شیعری دڵداری؛ **غِزلان:** ئاسکان؛ **بێسەروبەر:** هەژارۆکە؛ **دەحل:** بێشەی دەسنێژ.

**پوختەی مانا:**

زۆر مەشهورە کە ناوت مەلا پازدەیە. بە شیعرێك کە هی خۆت نیە، خۆت لای خەڵك شیرن دەکەی! وا دەردەخەی، کە مرواری کونەکراوت هۆندۆتەوە! پیاوی وەك توم، نە لەئێران، نەلە وڵاتی تاتار دیوە. خۆت بەشیعر بە جەنابی خۆت هەڵدەڵێی و تانە دەشیعری من دەگری و، بەخراپە باسم دەکەی! ئەم درۆو دەلەسە چیە؟ تۆ ناوت لێناون شیعرو بەئاخو بە خەمباریەوە دەیان بێژی و سەرتی دەگەڵ رادەژێنی؟! خۆت دەزانی دەڵەکاوا بەرەگەی کارمامزان نیەو، بەتەڵەکەو کەڵەك دەڵەك، ناکرێن بەئاسکی چاو بەڵەك. بە چاوەراوو گاڵەگاڵ، گاڵ لە تاڵایی ناکەوێ. هەڵبەستەت کە دەڵەك نامەن، ئەو پروپوچە بێتامەن. کە هیچکەس بەهیچی ناوێن.

هەرێ کابرای شیعردزی، گزی کەری بێ سەروبەر! ئەگەر لە تەشکە بەرەی خۆت ئیتر پتر پێ راکێشی، لێت رونبێ، بەو دەردەت دەبەم، کە شێخەکە، بەسەر کاورای عارەوی، حەممادی ناوی هێنابو.

من ئەحمەدم، نەترسێکم، کە بەرانبەر، بەتیری بەڵای زەمانە، سینگم مەتاڵو قەڵغانە. ئەمەوێ بەگژتا بچم. دەسا مەلا پازدەی دەڵەك! لە کەڵەكو مێشەدا، خۆت مەڵاس مەدە، بۆم وەرەدەر.

# «وتوویژی مەلاو میر عیمادالدینی جزیری»

مەلا: سەلاما من ئەنا خوانی — سەحەرگەه،گەوهەرئەفشان بت
بصورەت ئەمری سوبحانی — سەرئەلقابوزەرئەفشان بت
بخدمەت عەرضی سولتانی — عەبیرو عەنبەر ئەفشان بت

مانا:

سڵاوی منی پەسن‌دەر، لە بەرەبەیانا، بە خذمەتی جەنابت سەرفرازو بۆن خوش بێت‌و بە ناوی تۆ، ببێتە گەوهەر پژێن‌و خوا بۆ قبوڵبونی نزام دەربارەی تۆ فەرمان دەرکا.

میر: سەلامـا صانعی قـادر — مەلا دا پێ موعەططەر بێ
موفەررەح بێ مەلێ خاطر — پەیاپەی لێ موکەررەر بێ
ژجامـا خـاطری عاطر — مەژی ئایینە ئەنوەر بێ

مانا:

سڵاوی خوای داهێنەرو توانا، لە مەلا بێ، هەمیشەش بۆی دوپاتە ببێتەوەو لەسایەی مەلاوە، دڵی ئێمەش وەك ئاوێنەی مشت‌ومال‌کراو بێ.

مەلا: ژرەنگ ئایینـەیا جامێ — مە باطن رەوشەن‌و صافە
دەرەمزا کوفرو ئیسلامێ — یەقین فەهمی‌تە کەششافە
ژبـەرقـا نـوری ئیلهامێ — درەخشـان قاف تاقافـە

مانا:

ئێمە هەناومان وەك ئاوێنەیە کە بەرانبەرت، لەسـایەتەوە روناکەو، چـونکەتۆ ـ لە زانایی‌دا ـ وەك

تەفسیری کەششاف وای‌و، زۆرباش لە کفرو ئیسلام حاڵیت‌و، تیشکی زانستت، دنیای تەنیوە. منیش بە تیشك‌دانەوەت رۆشنم.

**میر: درەخشانی درەخشان‌بو — سەنا بەرقی تەجەللایێ**
**دجامێ مەی بەلەخشان‌بو — بفەیروزی جەلا دایێ**
**وەکی لەعلی بەدەخشان بو — ددەستێ ماهسیمایێ**

**مانای وشە:**

**درەخشان:** بریقەدەر؛ **سەنا:** روناکی؛ **بەلەخش:** لەعل؛ **بەدەخشان:** شوێنێکە بەلەعلی باش ناسراوە؛ **فەیروزی:** سەرکەوتن.

**مانا:**

لەوەتا تۆ پەیدای‌و درەوشاوی؛ نوری خوامان بەچاو دیوە. شەرابێکمان دەس کەوتوە، وەك لەعلی بەدەخشان وایە، کە لەسەر دەستی جوانێکی رو وەك زێو بێ‌و زۆر سەرکەوتەو بەختەوەرین.

**مەلا: ژدَستێ شەککەر ئامیزان — سەراسەر غەرقی مەستیمە**
**سەمەن بویو دلاویزان — برەیحانێ خوە بەستیمە**
**ژتۆرا فیتنە ئەنگیزان — دوئەژدەر مەست گەستیمە**

**مانا:**

من لەمەستی‌دا خنکاوم. مەی ئەوینم بە شەکری دولێوانەوە فرکردوە. دڵ بەبسك هەڵاواسراو. بە بۆنی لاجانگی سپی ـ کەوەك گوڵی یاسەمەنە ـ گیرۆدەبوم. بە رەشەریحانەی کەزی، شەتەك درام. چاوی مەست ـ کە فیتنەگەرن ـ بە هەژدیهای کەزیانی بەگەستن داوم.

**میر: دورەشماری‌سەمەن‌سەربو — مە دل مابو خەیالێدا**
**کوسونبول‌هات‌وکەرکەربو — دبەر گۆشی هیلالێدا**
**ژعەکسا ساقی ئەنوەر بو — شەرابا مە پەیا لێدا**

**مانا:**

دوکەزی وەك دوماری رەش، لەسەر یاسەمەنی لاجانگ هاتە بەرچاو. دڵم خەیاڵی لێ‌کردن. بسکی ـ کەوەکو سونبول بون ـ هاتنە سوچی مانگی لەنوێی برۆیان‌و لەسەر روخساری دابەش بون. مەیگێڕ تیشکی‌دا پیاڵەکەم، بادەی پیاڵە تیشکی داوە.

**مەلا:** شەرابـا نابی روممـانی — شەفەق‌دا عیقدی پەروینیٚ
موسەلسەل مابو رەیحانی — خـەطیٚ نـازك لنەسرینیٚ
غەرەض شکلیٚ تەبو مانی — ژنەقشیٚن چـین‌و ماچینیٚ

**مانا؛**

بادەی وەکو دەنکی هەنار، تیشکی لە گەردانەکەی دا. گەندە موی ناسك لە لامل، بەزنجیرە وەکو خەتی موسەلسەل‌و ریحانی جوان، هاتە بەرچاو. ئەگەر مانی، لەچین خـەریکـی شکلان‌بو؛ نیازی وابو وێنەی جوانی توٚ نەخش‌کا.

**میر:** میشـالی صـورەتی چینیٚ — غـەلـەط مانی خەطا کێشا
کـومن دیبـو لئایینیٚ — ژبـەر زولفـا دوتا کێشا
مە دی‌بو شکلی شیرینیٚ — تـو ئوستادان وەنا کێشا

**مانا:**

مانی لەچین، کە لای‌وابوە جـوانترین شکلی کێشـاوە، بە هەلە چـوە. دەبوایە وەك‌من یارم دیت ـ کە لە ئاوێنەی دەروانی‌و لەدولا کەزی پەخشان بو ـ ئـەویش دیبای ئـەوسـا بە جـوانی دەیزانی، جوان یانی‌چی. ئەو شکلە شیرینەی من‌دیم، هیچ وەستایەك ناتوانیٚ وەك ئەوی دەرخا.

**مەلا:** کـو کێشا کاتبیٚ غەیبی — خـەطـەك زیبا ژکافوری
چئـایەت بـو ژلارەیـبی — رەشاندی عاریضان نوری
دیـاقوتا مەدی مـەی‌بیٚ — ژدەستیٚ ویٚ صیفەت حوری

**مانای وشە:**

**کو:** چلوٚن؛ **لارەیب:** بیٚ‌گومان.

**پوختەی مانا:**

ئەی نامەخوا! دەستی هونەرمەندی خودا، چـوٚن لەو لەشـەی وەکو کافـورە چـەرموگەو، لەو لاجانگانەی وەك نورن، چتوٚ حوٚری بەدی هێنا؟! جـوانی یارم، ئـایەتێکـە بیٚ‌گومانی توانایی خـوا ئیسپات دەکا. دیتم بەپەنجەی یاقوتی، مەی ئەوینی دەرخواردی دلداران دەدا.

**میر:** ژنـەشئا بـادەیـا کاسی — بذات ئەز غەرقی عیرفانم
بـویٚ جامیٚ بویٚ طاسیٚ — صیـفەت کیسراو خاقانم
ژبەرقا غەمزە ئەلماسی — لتـەختیٚ دل سولەیمانم

**مانا:**

هەر لەو مەیەی کەیار بەجامو تاس دایمێ، لەهەستی خودا ناسیندا، هەر نوقوم بوم. وا سەرخۆشم، خۆم بەقاقانو بەکیسراو سولەیمانیش ناگۆرمەوە.

**مەلا: سولەیمانی مە ئەز دیسا سەحەر هودهود بیشارەتکر**
**جەواب ئانی ژبەلقیسا بحالو سوڕ عیبارەت کر**
**بجان ئەز خوەش کرم عیسا دەماوی ئەو ئیشارەت کر**

**مانا:**

من سولەیمانی دوهەمینمو پتریش. سروەی بەیان، وەك پەپوسلێمانەکە بو کە مژدەی بەلقیسی پێبو. بە مزگێنیو بەئیشارەتی چاویار، وەکو لازار، بەفوی مەسیح دیسان ژیاوە؛ گیانی نەماوم ژیایەوە.

**میر: دەما عیسا ئیشارەت کر لمن عەظمی رەمیم حەی بون**
**دلوجانی مە غارەت کر دریٚ مەعدومو لاشەی بون**
**ئەدا لەو خوەش عیبارەت کر مە هەمسیرٚ موغنیو نەی بون**

**مانای وشە:**

**عەظم:** ئێسك؛ **رەمیم:** رزیو، پواو؛ **هەمسیرٚ:** هاوراز.

**پوختەی مانا:**

لەرێی یاردا، دلٚوگیانم بەتاڵان چو. نەمامو بومە بابردە. لە بلوێرو لەگۆرانی ـ کە هاوراز بون ـ وەهام زانی، کەیار گۆشێکی چاوی دایەمن فەورەن وەکو عیسا ـ کە مردوی رادەکردن ـ هەمو پێشەی رزیوم ژیانەوەو دوبارە گیانم هاتەوە بەرلەش.

**مەلا: نەیومەغنا مە هەمرازن درەمزا ئایینا(یان،ئایینەی) جامیٚ**
**لمن مەحرەم دەفو سازن ددن بیٚ پەردە پەیغامیٚ**
**دنالن کەوکەبو بازن هەزار رەنگی دئیلهامیٚ**

**مانا:**

لە تێگەیشتنی رازی نهێنی ـ کە لەبادەی ناوپیاڵەدایە ـ هاورازم زۆرنو دڵم لە زۆر شتان، ئاگادار دەکەن. بلوێر، گۆرانی، دەف، ساز، گوارەی ئەستێرە ئاسایی، بازنەی دەستی لە خرینگەدا.

میر: دنالن غونچەوو دەنگ هات ژبەلگی نێرگزا نازك
ژتایێ عەرعەرا شەنگ هات بپەروازی خوە شەهبازك
مەشا سەلوا سەهی رەنگ هات گهـا روحێ مە ئاوازك

مانا:

دەنگێگ هاتە بەرگوێی گیانم. لەچەند دەنگێك تێکەڵاوبو. قـرچەی دڵی غونچـەی بەتاسـەی نەپشکوت، خشەی لەرەی چڵەنێرگز، هاشەی گەڵای عەرعەری شەنگ، فـرەی باڵی بازی سپی، مژدەو ئارەزوی دیتنی بەژنی یار بو، کە سەوڵێکی بێوێنەیە لەدنیادا.

مەلا: زەهی شاهینو شەهبازی بنازو قەنجیو غەنجان
چتەیغون بو دپەروازی وەشیرین دامە بەر پەنجان
درەمزا سیحرو ئیعجازی برمریزا گوهەر سەنجان

پوختەی مانا:

جوانیو نازی ئەو نازدارە، زۆر بازی سپیو شاهێنی وەکو سوێسکە خستونەتە ژێر چـەنگـی خـۆ. منیش وەبەر پەنجەی هاتم، بوێە هێندە قسەزانم.

میر: گوهەرسەنجن دحوسنێدا دوئەبرو میثلی میزانی
دو شەهلابون دقەوسێدا گرانبو سەر لکێشانی
هیلالن گوشە لێ پێدا ژسونبول راستو چەپ دانی

مانا:

دوبروێ تەرازوی نازکێشانێن. کە هاتە سەر کێشانی نازی چاوە کاڵەکانی، مەستو سـەرگران ببو سەری دەکرد. بۆ پارسەنگدانو بۆ یاریدەدانی تای تەرازوەکە، بسکی وەك سونبولی لە گۆشـەی بروێان جێکردەوە.

مەلا: دوسونبولهاتە سەر بەدرێ موسەلسەل طوررە طوغرانە
بەراتو لەیلەتولقەدرێ مەلائیك صەف گرێدانە
ژبالا حەلقەیی چەترێ لبەدرێ تازە سەبەانە

مانا:

بسك هاتۆتە سەر هەنیە، لەشکلی موری سـوڵتانە. کەزیو کاکوڵ وەکو چـەترێك لەسـەر ئـەو هەنیەوە دیارە. دەڵێم موری دەسی غەیبە، کە ئەمشـەو لەیلەتولقـەدرەو فـرشتەی خـواش هەمو

هاتونه سەیرانێ.

**میر:** لبەدرێ کاتبی حوسنێ نقیسی عەنبەری سارا
شیرینە غالبی حوسنێ بنیشانا جەمال ئارا
نەظەردە طالبی حوسنێ کو دلبەر دل بەری خارا

**مانای وشە:**

**سارا:** خالیص، بێخەوش؛ **خارا:** رەق، مەرمەر؛ **ئارا:** وەرازێن.

**مانا:**

نوسەری جوانی، بە عەنبەری بێخەوش، روخساری یاری رەنگاند. بەخاڵان رازاندیەوە. تۆ کە بەتاسەی بۆ جوانی؛ ئەوندەشت ئاگا لێبێ، کە ئەو یارە ناسکەهەندامە، دڵی وەك بەردی رەق سەختە.

**مەلا:** دتورا عەنبەری چینان ژقودرەت روح پەروەردن
دلێ بت صەیدی شاهینان یەقین‌دێدەستژێبەردن
دنازێن عیشوە شیرینان مەدل هەر پورغەمو دەردن

**مانا:**

نازان دەکا، ناهێڵی گیانم بچێتە ناو تۆری کەزی چین‌چینی ـ کە برەوبەری عەنبەرە ـ چونکە گیان لەو تۆرەدا وەکەیف دێو گیان پەروەرە. هەر دەردو داخم دەداتێ، دڵم بۆتە نچیری شاهێنی چاوی. بەوگیرانەش زۆر دڵخۆشم، دڵێك کەچاو ڕاوی بکەن؛ تازە دەبێ یەکجاری دەستی لێ بەردەی. ئەوچاوانە نێچیرێ خۆ نادەنەوە.

**میر:** ژقودرەت نوقطەیا نورێ بصورەت بو لنیشانێ
ژبەرقا ئاتەشی طورێ چشەوقەك دایە پەروانێ
ژعەکسا جامی فەرفوری کو ئاتەش هاتە فینجانێ

**مانا:**

بریقەی رەشایی خاڵان، شکڵێکن لەنوری خودا. بادەکە وەکو ئاگرێك لە پیاڵەی چینی دەدرەوشا؛ لەو جۆرە ئاورە نورەبو، کە موسا لە طورێ دیتی. دڵ بەو گرە، وەکو پەپولە گرێ‌گرت.

**مەلا:** ژوێ نورێ ژوێ ناری مە موسایی قەبەس ئیسا

چئاتەش‌بو دوی داری لطەیری دل قەفەس تیسا
ژعیشقا نەقشی جەبباری ژئاگر من نەفەس دیسا

**مانا:**

لەو تیشکە ئاگرەی موسا، من هەر بۆخۆم بومە بزوتو ئاییسام. خوایە چلۆن ئاگرێك‌بو لەو دارەدا؟! کە بویتە قەفەس بۆ دڵمو هێشتا هەر تروسکە دەدا. لە ئەوینی خودای گەورە، هەناسەشم گرێ بەتینی ئاگرە.

میر: ژئاگر من نەفەس هِل‌بو ژروخساری‌شەب ئەفروزی
ژبومن حەللی موشکیل بو برەمزا موعجیز ئاموزی
دنارو نوری کامیل بو ژبەرقا وی جیهان سوزی

**مانا:**

لە ئاگری ئەو روخسارەی وەك مانگ، شەو پرتیشك دەکا. هەناسەی ساردم گرێ‌گرت. بە ئیشارەتی چاوانی ـ کە وەك بروسکەی دنیا سوز، گرشەی دەهات ـ هەمو مەسەلەی دژوارم لێ حاڵی بون.

مەلا: بنێ بەرقا تەجەللایێ مەلائیك دین دئادەمدا
ژرمزا بەژن‌و بالایێ چغەوغا بو دعالەمدا
ژبالا طالعەك دایێ سولەیمان دی دخاتەمدا

**مانا:**

بنوڕە بروسکەی دیاردەی خوا، فرشتەکان لە ئادەمدا دیتیان‌و سوژدەیان برد. سولەیمان لە ئەنگوستیلەدا دیتی، حوکمی لەدنیا کرد. هەر ئەونورە، لە بەژن‌و باڵای یارمدا چۆنی هەرا لەدنیادا ناوەتەوە؟

میر: کەسی‌بێ‌پەردەمەحرەم‌بت دڤێ‌بێ‌پەردەوەك‌نەی‌بێ
روباب‌و چەنگ هەمدەم بت دطاعەت‌مەستی‌بێ‌مەی‌بێ
دەدەستدا جامەوەك‌جەم‌بت ژرەنگ ئایینەیا غەیبێ

**مانا:**

کەسێك لەبارەگای یاردا، بە ناموێی لێی نەروانن، دەبێ خۆی ئاشکرا بکاو بێ‌پەردە بلوێرئاسایی، دەنگ هەڵێنێ. دەگەڵ سازاندا هاورازبێو، جامی دەستی لە جامەکەی جەمشێر پتر نهێنی بۆ ئاشکرا کات. ئەشێ بێ‌بادە هەر مەستبێ.

**مەلا:** دڤێ ئایینــەیێ زانی چحیکمەت تیتە تەعلیمێ؟
کو حەرفێن تازە نورانی دلەوحێ سینە تەقویمێ
ژبـالا طـوری ئینسانی نەظەردە ساعیدی سێمی

**مانا:**
دەزانی لەو ئاوێنەدا، چۆن رازێك فێری پیاو دەکرێ؟ پیتی تازەو روناکی‌دەر، لەســەر تەتەڵەی دڵی دڵداران، وا نوسراوە، کە خوا ئەمجـار لەباتی کێو، خـۆی نیشـانی بەژن‌و باڵای یارم داوە. بڕوانە باسکی زێوینی، تا ئەمرازەت لێ حاڵی‌بێ.

**میر:** شەفەق‌دا سیمی ئەندامێ ژبالا پورتەوەك نوری
بگر ئایینەیا جامێ ژدەستی‌مەستو مەخموری
تو جارەك‌گوهدە پەیغامێ ژدەنگی عودو طەنبوری

**مانا:**
لە باڵاوە، تیرێژی نور لەو هەندامە زێوەی داوە، بڕوانە پیاڵەی ســەردەســتی کە لەجــوانی یارم مەستە. یان گوێ‌بدە دەنگی سازان، تا تێ‌بگەی کە راست وایە.

**مەلا:** بقانون گوهدە ئایینێ بزانی‌دا سورا سازان
ژحیکمەت تینە تەدوینێ بەعەینی مەعنی‌یا رازان
ددامــا عیشوە شیرینێ ددت طەیری مە پەروازان

**مانا:**
تۆ لە رێ‌وشوێن دەرمەچۆ! ئەوسا گوێ هەڵخە. دڵکێشـیەکی دەناو دەنگـی سـازان‌دایە؛ هەموی باسی نهێنی هێژاو بەنرخـەو مانای زۆر دژوار تێ دەگەی. من کە ئـەو رازە گرینگـە لەســازانەوە دبیسم، مەلی دڵم لەناو داوی نازشیرین‌دا، بۆ دەرکەوتن دەکەوێتە پەلەقاژە.

**میر:** دپەروازی هوما رەنگین مەسەردا تاجی ئیقبالێ
شەهی‌کەیخوسرووزەنگین سەرئەفرازین دڤێ حالێ
وەرین ساقی‌مەیارەنگین مەدل مایە دڤێ قالێ

**مانای وشە:**
**زەنگی:** فەرمانرەوای موصل؛ **زەنگین:** دەوڵەمەند.

**پوختەی مانا:**

ئێمەی دڵداری بەراستی، فڕینمان وەك پیرۆزەیە. تاجی سەری کەیخوسرەوو فەرمانڕەوایانی زەنگی، لەسایەی سەری ئێمەیە. زۆر لەژیانی خۆمان رازینو سەرفرازین. مەیگێڕ بادەی ڕەنگین تێکە! منچیو ئەو دەمەقاڵە چی؟ دیارە هێشتان زۆرماوە، لە خۆهەڵکێشان وازبێنم.

**مەلا:** درێدا خاکی دەرگاهم — بەلی ئەووەل ژڤێ خاکی
بلا بێپایەوو جاهم — مەپێچو فەرقی ئەفلاکێ
شکارەك دەرخوری شاهم — دوی بەندێ دفیتراکێ

**مانا:**

من دەرێگەی دڵداریدا، دەبمە خاکی بەردەرگانە، ئەمما دەبێ خاکی دەرگانەکەی یارم قبوڵم کات. ئەو بەختەوەریەم بداتێ. ئەوسا کە پام لەسەرسەری هەمو عاسمانان دادەنێم؛ ئەگەر بەخاکی بەردەرگام قبوڵ بکا؛ پادشایان بەشانازی دەیانەوێ راوەبکەنو لەبەن سامورتەیان دابم.

**میر:** گران بەندم دبەندێدا — دقەیدا شاهی شەهبازان
دوسەرپەنجە دزەندێدا — گەهیشتن یەك شوبی بازان
ددەستی شەهلەوەندێدا — بشاهینیو رمبازان

**مانای وشە:**

**شەهلەوەند:** سواری شۆخ، شورەسوار.

**مانا:**

لە زیندانی دڵداریدا، یەخسیرێکی بەندگرانم. بەزنجیری شای شابازان، بەستراوم. دو سەرپەنجەی تێکپەڕاندن. ئەو باسکە سپیو ناسکانەی هاتنە سەریەك. من نێچیری شۆرەسوارێکم لە رمبازی بێهاوتایەو بە چاوانیشی شاهێنە.

**مەلا:** بشیرانرا کو رمبازم — درەمزا قابە قەوسەینێ
بیعەینی گولشەنی رازم — دبابی حیکمەتول عەینێ
مولازم حەضرەتی لازم — حیجاب راکت ژمابەینێ

**پوختەی مانا:**

ئازایەتیم هێندە هەیە، خۆم لەبەر شیری کەوانی بروێانی راگرتوە، کە بەرمبی مژۆڵانیش

لانەکەوتوم. وەك کتێبی گوڵشەنی راز، پرم لەرازی نهێنی صوفیانە. سوڕی چاوانی دەزانمو، دەتوانم وەکو کتێبی حیکمەتوالعەین، شەرحی بکەم. خۆم لامۆایە شیاوی ئەوەم بۆخدمەت لە بارەگای یار، جێگە بدرێم.

بە هومێدم، پەردە لەنێوان هەڵگرێو، بۆ هەمیشە بەخدمەتکارم حیساب‌کا.

**میر: ژمابەینێ بذاتێ چت — کو واصلبی بمەحبوبێ**
**نە تەنهادی صیفاتێ چت — ئەگەر دلمەستیمەطلوبێ**
**بطوغرایەك بەراتێ چت — بموهرا ئەمری مەنصوبێ**

**مانا:**

بەباسی هونەر کردنێ، کەس ناتوانێ بگاتە یار. ئەو دڵدارەی کە مەستی بادەی ئەوینەو یاری دەوێ؛ گەرەك خۆی لەبیر نەمێنێ؛ ئەوسا موری پلەو پایەی خەڵات دەکرێو دادەمەزرێ.

**مەلا: دمەنصوبا ویصالێ دا — بلاصاحیب مەقام ئەوبت**
**دبەر قەوسێ هیلالێ دا — ژفەیروزی بجام ئەوبت**
**دئەسراری پەیالێدا — دقێمیسکێنخیتام ئەوبت**

**مانا:**

بەڵێ لەو خۆ هەڵکیشانە پەشیمانم. یار خۆی چیدەوێ بریاردا، سوپاس دەکەم. با جێگە ئەو دیاری بکا. پلەو دامەزران هەر بەوە. لە پیاڵەی مەستی هێنی چاوەکانی، لەژێر کەوانی بروێان هەرخۆی دەبێ رێگە بدا سەیر بکەمو پیاڵەی سەرکەوتن بنۆشم. لەرازی ناو پیاڵەشدا، بڕانەوەی وەك میسك هەر بەدەست ئەوە.

**میر: دخەتما قێ خیتامێدا — غەرەض میهراشەهەنشاهە**
**خەطو خالی دجامێدا — ژنەشئا ئیسمی اللەهە**
**دبەحثا زولفو دامێدا — مەلایا قەنج کوتاهە**

**مانا:**

لە بڕانەوەی ئەم دواییەدا، دەڵێم: لەباسی زولفو داوی دڵداریو وێنەی خەتو خاڵ لە پیاڵەی بادەدا، مرازمان ئەوینی پادشای پادشایانی جوانیە کە خودایەو ناوی خوا، لە جوانی یاردا دەبینینو نەشئە دەمان گرێو گەشکە دەکەین. بەڵام مەلاگیان هەرچەندی باس بکەین هەر کورتی دێنین.

**مەلا:** دئیقلیمی سوخەن خاقان — رەوان‌بەخش‌وشەکەرریزی
نەهن وەك تە دئافاقان — بجان‌ڕا عەنبەر ئامیزی
ژسیمین ساعیدو ساقان — بسەححاری گوهەر ریزی

**مانا:**

لە مەڵبەندی قساندا، بویە قاقان. شەکر لە دەمت دەباریٚ، گیان دەبەخشی. لە هەمو دنیا تات نیە. گیانمانت بوٚن‌خوٚش کردوە. قسەت ئیٚژی عەنبەری تیٚکەڵ کراوە. دەربارەی بەلەکی سپی‌و باسکی زیٚوین، جادوگەری لە شیٚعرداو هەروا گەوهەر هەڵدەریٚژی.

**میر:** بغەوواصی بسەححاری — تە دور ئانین ژبەحرەینیٚ
ژنەظماتە شەکەرباری — ژمیصریٚ تا بغەزنەینیٚ
بدیققەت‌بین‌صەدئەشعاری — دبیٚژی طرفەتولعەینیٚ

**مانا:**

لەشیٚعرا جادوگەر هەر توٚی! ئەتوٚ مرواری ناو بەحران دەهوٚنیەوە. لە شیعری‌توٚ، شەکر باری هەتا میصرو هەتا غەزنەینیشی داگرت. لە تاویٚکدا، لە تروکانی چاویٚکدا، صەتان شیٚعری بەمانا و وردو باریکت بەدەمدا دیٚت.

**مەلا:** ژبەحرا قولزوما میران — بغەوواصی گوهەر چینم
دبەحثا عیلمو تەفسیران — تو دەریایان وەنابینم
ژمیرو بەگلەرو چیران — غولامی میر ئەمادینم

**مانای وشە:**

**چیر:** دەسەڵاتدار.

**مانا:**

من لە دەریای گەوهەرەکانی مرخی‌توٚ، هەڵدەهیٚنجم. توٚ جگە لە شاعیری، لە زانستو شەرحو تەفسیردا، دەریایەکی. وەك توٚ دەریام هەر نەدیوە. لەناو میرو خونکارو دەسەڵات دارانی وڵات، بچوکی میر ئەمادینم.

**میر:** دباغی لەفظو مەعناییٚ — سوخەن من سەروی ئازادە
ژئیملائو ژئینشایی — مەلەوحیٚ دل نوما سادە
ژحوسنیٚ رەونەقەك دایی — کوشیخ‌ئەحمەد مەئوستادە

**مانا:**

لەناو باغی قسەی باش‌دا، قسەی من وەك سەوڵ وایە. بەر یك‌نادا، لە نوسینەوەو دانان‌دا، تەتەڵەی دڵم ساکارە. ئەگەر قسەم پەرەو برەوێکی هەیە، هەر بۆیەیە کە شاگردی شیخ ئەحمەدمو مامۆستام تۆی.

# «وەلام وەرامی فەقی تەیران وجزیری»

فەقێ: سوئالا من حەقیری — صەدەفەك تڤی كوتیكن
ئیرۆ كە لجزیری — حەقە كو لمەلێ كن
هیلاك ژدەربا تیری — چدەرمان هەیە لێكن
مەلا: سەلامێن ملیاكەتان — بێحەددو بێ حەسێبن
شوبهەتێن ئاڤێ شەتان — ژمەلا لمیم وحێبن
هیلاكێن ژزەحمەتان — دەرمان ژلامو بێبن
فەقێ: شەربەتا لامو بێیان — نادم ئەز وێ بحەیاتێ
مەعدەنا دالو رێیان — دبارینن نەباتێ
ئیظهار تكن مەعنیان — ژحوسنا بوت ولاتێ
مەلا: ژنەقشێ بت ولاتان — مە سینە بوتخانەیە
تەعەییونا صیفاتان — تەجەللا دقەلبێ مەیە
عیدو شەڤێ بەراتان — ژوانرا مە سەجدەیە
فەقێ: سەجدەیا شوكرێ جارەك — مەفەرضە د ویصالێ
نە پەردەبێ نە ستارەك — لبەر وەجهی هیلالێ
(اَحسَنَ‌الله، تَبارَكْ) — ژسیررا وێ جەمالێ
مەلا: جەمالا نورین صافە — دوەجهی تەجەللایێ
بحەرفێن خوە كەششافە — ضەمیر ددن مەعنایێ
حا،میم،عەین،سین، قافە — رەمزا وێ موعەممایێ
فەقێ: حێیەن دهەفت حامیمان — نوقطەیان لێ پەیداكن
باڤێنە جەم دوجیمان — عیشقی ژوێ هوەیداكن
ئیسمێندو طاسیمان — دومیمان ژێ جوداكن
مەلا: هەفت خوم تژینە بادە — دمەیكەدا قیدەمێ

خومـا کـومن مـوراده عیشقه ریهت جاما جەمێ
لـەوحێ لێنـونو صاده لـەو فـەیضیدا قەلەمێ

**تێبینی:**
هێندێك سورەتی قورعانێ، بە یەك یا بە چـەند پیتێك دەس پێدەکرێن. وەکو: **ق، ص، ن، طـه، یس، حم، المر، المص، طسم، کهیعص، حـمعسـق.** زانایان بەخـەیاڵ خـۆیان، مانایان بۆ دۆزیونەوە. گوتویانە: نیشـانەن بۆ ناوی خـودا، بۆ جـوبرایل، بۆ پێغـەمبەر «ص». هێندێکیان بۆ ناوی قورعان. بۆ هەر پیتەش مانایەکیان نیشانداوە.

هێندێکی دیش وتویانە: تەنیا مەبەست لەم پیتانە، وسکوتکرنی کافرانە. دەیانکـردە چـەقـەو هەراو گوێیان بۆ ئایەت نەدەگرت. کاتێ خوێندنی ئایەتان بەو پیتانە دەس پێدەکرا؛ سـەرنجـی رادەکێشانو کڕ دادەمان، بزانن چیان بەشوێندا دێت.

جا ئـەگەر زانای رواڵەت بین، وایان بۆچـون؛ عارفـانیش بەباری دڵداری خـۆیان مانایان لێ هەڵکراندون. شیاوی باسە، کە بشزانین حەوت سورەت بە وشەی «حـم» دەسپێکـراوەو یەکێ لەوان «عسق» بە دوای‌دادێت.

**مانای وشە:**
**حەقیر:** سوك‌و بێنرخ؛ **ملیاکەت:** فرشتە، مەلایکەت؛ **میمو حێ:** نیاز فەقـێ تەیرانە کە ناوی مُحَمدبوە؛ **سیتار:** ستار، پۆشەر؛ **کەششاف:** دۆزەرەوە؛ **ضەمیر:** پۆشراو، دڵ؛ **موعەمما:** مەتەڵ؛ **طاسم:** میمی لێ جیا کرێتەوە طاس دەمێنێ، کە بەمانا: زەرکە؛ **خُم:** کوپە؛ **جەم:** نك، کن؛ **جەم، «جم»:** ناوی پادشاکەی ئێرانە کە لە پیاڵەکەیدا هەمو شتێکی دنیای دەدیت؛ **هوەیدا:** ئاشکرا.

**پوختەی مانا:**
**فەقێ:** پرسی منی بێنرخ، بخەنە ناو صەدەفو بیبەنە خزمەت مەلا؛ کە لە شـاری جـزیرە. ئـاخۆ برینی تیران چارو دەرمانی چیە؟
**مەلا:** سڵاوی مەلائیکەتان بەقەد ئاوی شەتانو لە ئەندازەو هەژمار بەدەر، لە مەلاوە لەسـەر مەلا محَمدبێت. نەخۆشی ئەرکو ئازاران، دەرمانەکەی لە لێوانە.
**فەقێ:** شەربەتی لێو، بە ئاوی ژین ناگۆرمەوە. لێو لە سەردۆری ددانان نەباتان دادەبارێنن. واتای جوانی بوتانمان بۆ لێوە دەدەن.
**مەلا:** لەبەر نەخشی جوان چاکانی بت ئاسایی، سینەمان بۆتە بوتخانە. ئاکارو صفاتی خودا، خۆی نیشانی دڵمان داوە. جێژنانو شەوی بەراتێ سوژدەی سوپاسی ئەو خۆشیە بۆخوا دەبەین.
**فەقێ:** هەرگا پەردە لابدرێنو لەمپەر لەبەر چاو نەمێنێو ئـەو جـوانە روخسـار بنوێنێ؛ سـوژدەی سوپاس زۆر پێویستە. هەی نامەخوا، لە دڵکێشی ئەم جوانیەیە!

**مەلا:** جوانی نوریکی پاکە لە روخسار خۆ دەر دەخا. پیتیوا زۆر لە روخساران، کە زۆر خەبەران دەدەنو دلّ واتاکانیان دەزانیّ. «ح» کە وەك بسکی چەمیو دەچیّ. میمی دەمو چاوو ددان. عەینو سینو مانایان لەناو دڵدایە «قەلب». بونە رەمزی مەتەڵۆکێك بۆ هەڵێنان. «عسق» عەین سین قاف. واتا: عسق، سیّنوختە دەیکا بە «عشق».

**فەقیّ:** نوختە بۆ حەو حامیمەکان دانیّ. «حم» دوانیان لەژێر با بینە جم بە جامەوە. میم لە طاسم جیاکەرەوە، با بێتە طاس. ئەوا طاسو جَمْ پەیابون. سیّنوختەش بدە بە عسق، ببتە عشقو مەتەڵۆکە ئاشکرابیّ.

**مەلا:** حەوت «خُم» دارماڵن لەبادە، لە مەیخانەی ئەزەلیدا. لەو کوپەی ئێمە نیازمانبو، ئەوین رژا ناو جامی جەم. تەتەڵەی روی یاری نازدار، دو بروّی بە شکڵی نونی، لەسەر صادی چاو دیاردەدا. واتا: دەقی ئایەتی جوانی خوایی «نصّ» وهەر ئەوەشە کە «ن. والْقَلَم» نوسراوەو ئەو دیمەنە بەهرەی داوە بە قەڵەم، کەوا رەوانە.

**فەقیّ:** ساقیییّ خەمرا ئەزەل — نونو قەلەم ژی ئافراند
داریهتە لەو حا ئەووەل — رزقو نەصیب پیّ قەدراند
ئەوبو موراد موستەهەل — نەقشی مەجاز پیّ صەوراند

**مەلا:** نەقشیّ مەجاز طەلسمە — مەظهەر ژرەنگ میرئاتیّ
صورەت لبال مە ئیسمە — مەعنا بتەجەللا تیّ
حەرفێن دنورین جیسمە — کاف هایە دئایاتیّ

**فەقیّ:** کاف، ها ئیسمی کورە — طوغرایە دتەنزیلیّ
جیسم وەك کوهی طورە — ئیجماڵە دتەفصیلیّ
جەماڵە عەینی نورە — کەوکەب مە دقیندیلیّ

**مەلا:** کەوکەب دبێم بەشەرە — نورە کە مونەززەھ تیّ
چحوسنەك موصەووەرە — رەسمەك ژمِنَ‌الله تیّ
یەقین بخوە مەظهەرە — چەرخە کە صەد خەرگە تیّ

**فەقیّ** خەرگە بمن حیجابە — ستار دکت جەمالیّ
عەوریّ رەشو نیقابە — لەبەر وەجهیّ هیلالیّ
پەروانە لەو دعەذابە — مەحجوبە ژشەمالیّ

**مەلا:** شەمالژی عەینی نورە — شەوقە لبەر ستار تیّ
پەروانە بیّ دەستورە — دچەرخیّ، سەما دار تیّ
حەیران سیررا غەفورە — لەوجان فیدایی یار تیّ

**فەقیّ:** یار حەقیقەت خالیقە — چین جانفیدا قیّ کەوین
ریّ دروستەو صادقە — چرەنگ شونا ریّ کەوین
قەنج لەطیفەو لایقە — ئەر تقیّ باغیّ کەوین

**مەلا:** باغیّ ژنور وەرەق لیّ — یاردویّ دەظوهور بت

سپێـــدەیێ شـەفەق لێ مەظهەر ژعەینی نور بت
پورتەو ژحوسنی حەق لێ داعـەکـس بێقصـور بت
**فەقێ:** عـەکسێ ژحەق دبینین لدۆر وەجـهی مەحبوبان
لـحـالـکی نـامیـنین ژسـورا وان مـەطلوبان
گـە نالـین گە دخونین دوریـن ژوەصلی خوبان
**مەلا:** فـەریاد ژدەست فیراقێ ددوریـن ژسـولـطانان
تیـژن لـەونی بـراقێ هەیبـەتو سـورا خانان
روژ ئـانیـیـە ئیشـراقێ لـەو دمـرین ژکوڤـانان

**مانای وشە:**

**موستەهەل:** تازە دەرچـو، تازە هەڵاتو؛ **ئیجمال:** پوختەو کورتە؛ **تەفصـیل:** شـی‌کرنەوەو درێژەدان؛ **قیندیل:** جێچرا؛ **خەرگە:** خێوەتی گەورە، بریەتیە لە عاسمان؛ **عەور:** هەور؛ **مەحجوب:** پۆشراو، نەدیو؛ **سەمادار:** سەماکەر؛ **قـێ کەوین:** کۆشش کەین؛ **بەراق:** بروسکـە؛ **ئیشـراق:** دەرکەوتنی خـۆر؛ **نون:** ماسی، **دەستور:** یاساو رێوشوێن؛ **کوڤان:** عەزرەتو ئاوات.

**پوختەی مانا:**

**فەقێ:** مەی‌گێڕی ئەزەلی هەر وەك بادەی ئەوینی سازکرد؛ ماسیو قەڵەمیشی دروسـت کردو بە قەڵەم لەسـەر تەتەڵەی قـودرەت، بەشو بژیوی بۆ ئـافەریدە دیاری کرد، کە لەسـەر دنیای سەرپشتی ماسی دەژین. بۆیە بەوە دەستی پێکرد، تا نەخشی وێنە دەرەوەی خـوا نیشـان بدا؛ کە بەشەرەو بەشەریش بژیوی دەوێ.

**مەلا:** نەقشـی بەدەڵ ـ کەمرۆیە ـ وەك تەلیسـمەو کراوە بە ئـاوێنەیەك وێنەی بەرامبەر دەنوێنێ. ئەو بیچمو شکڵەی لامانە، وەك ناوێك هەر وشەیەکە؛ ماناکەی شەوقی خودایە. تیشکـی خـودا، وەکو چەند پیتی لەنورەو وەکو کاف هایناو قـورعانە. واتا هەر خـودا بەسـمانەو ئـەویش رێ نیشاندەرمانە. (هێندێك لایانوایە: کافو هێ لە کهیعص دا واتا خودا کافیو هادییە).

**فەقێ:** کافها ناوێکی زۆر قولۆو بەکاکڵە. مۆری پادشای شاهانە لە قورعاندا. لەشی مرۆش کێوی طورە؛ بەڵام کورتو پوختەیەتی، نوری خوا خـۆی نیشـاندەدا. جـوانی تەواو نوری خـوایە لە روخساری یار دیار ئەدا. نوری خودا، ئەستێرەیە دەنێو جێچرا نراوە.

**مەلا:** دەڵێم مرۆ ئەستێرەیەو نورێکی پاکی خـودایی لێوە دیارە. خـوا جـوانی خـۆی هێناوەتە ناو شکڵەوەو نیشانەی نەخشـی کاری خـۆی، پێوە ناوە. مرۆ نوێنەری خـودایە. دنیایە کە صـەتان عاسمانی تێدایە.

**فەقێ:** من عاسمانیش وەکو پەردەیەك دەبینم؛ جوانی خوامان لێ دەپۆشێ. لەبەر مانگـی جـوانی یارم، بوە بە هەورێکی رەشی روپۆش. پەپولەش دەردی منیەتی؛ لە دیتنی مۆم بێبەشە.

**مەلا:** مۆمیش هەر نوری خودایەو تیشکی لە نەدیورا بۆدێت. پەپولە ئەویندارێکە گوێ بەیاسای لە دڵداری بێخەبەران رانادێرێ، ئیجازەی پێ لازمنیە، هەر دەخولێتەوەو دەرەقصێ. سەرگەردانی رازی نهێنی خودایەو، گیانی خۆی بەقوربان دەکا.

**فەقێ:** بەڵێ یاری راست خودایە. گەرەکە بەگیانو بەدڵ تێبکۆشین، تا دەیگەینێ. ئەو رێگەی بۆشی داناوین. راستە رێیەو تێی گەیاندوین، کە بەکام رێگەدا بروێنو شوێن هەڵگرین. ئای چەندخۆشەو چەند رەوایە، بگەینە ناو ئەو باغەوە، کە یاری تێدا بەدیکەین.

**مەلا:** ئەو باغەی پەلکی لەنورەو، یار لەوێدا خۆ دەنوێنێ؛ تیشکی بەرەبەیان لەوێ لەسەر چاوەی نورەوە دێت. تیشکی جوانی خوای لێدەدا، وێنەدانەوەی تەواوە.

**فەقێ:** وێنەی جوانی خودای گەورە، لە روخساری جوانانرا دێتە بەرچاومان. ئەو دیتنەش هەمیشە بۆمان دەسناداو، لەبەرچاو بەرپیوار دەبێ. ئێمەش لەکاتی دیتنا، ئاهەنگو گۆرانیمانەو لە دوریدا دەناڵێنین. واتا: لە حاڵێك نامێنین.

**مەلا:** ئەیهاوار لەدەستی دوری، لە دیداری سەردارو خونکاری جوانان. دوری تیژدێ وەك بروسکەو پێی دەپروکین. دڵکێشیو هەیبەتی جوانی خودای مەزن، روژ دەهێنێتە خۆرهەڵات. خۆر دێتە سەیری جوانی خوا. ئەوجوانیەیە کەئێمە دڵمان پێداوەو، بەئاواتی دینی دەمرین.

**فەقێ:** کۆڤانێن میهرداران — بێ حەددو بێ ئەژمارن
تیرن تێن ژهەساران — صەد جارو صەد هەزارن
خەدەنگێن دنوباران — نهین لدل دبارن
**مەلا:** نهین لدل درشینن — تیران ژسیا گوشان
دومیرغەضەب دکشینن — لقەتلا مە مەدهوشان
ژعەینو قافو شینن — خەدەنگێن ئەسوەد دوشان
**فەقێ:** دونونن سیاه رەنگن — بسەر لمە کوکیشان
دەربێن ئەوان خەدنگن — لقەلبێ مە دەرویشان
عاشق ژدەست بهنگن — ژداغو زەجرو ئیشان
**مەلا:** داغێن مە پڕ دکولن — خەبەر ژی نایە گوتن
یەنگیان ضەرب لدلن — هەناو مەژێ پرصوتن
کەماندار رەش قاتلن — گەزمە لدل بجوتن
**فەقێ:** گەزمەیین عەین صادان — ئیشارەت رەمزو سورن
کشاندن گوشە بادان — مەحبوبە تیژ ئاورن
. تیرێن دوان جەللادان — باطین لدل دفرن
**مەلا:** ئاورین جوتێ بەلەك — بەرقی ژسەماواتێ
شەمسە دچەرخا فەلەك — هاتی بەنیڤ میرئاتێ
ئینسانە صورەت مەلەك — یان حورە دجەنناتێ

فەقێ: حـوری کـوتێك جەمابن پـەری هـەم دڤێ گاڤێ
هـەمـو ژرەنگ چرابن نیـزیکی شەمس‌و طاڤێ
ژشـەرمـا خویـا نابن ژحوسنـا وێ گولباڤێ
مەلا: شـەرمن ژدیـمێ زەری عەقـرەبان دەرب لدلدان
شەمس‌و مەهو موشتەری پێـرو دمـوقـابـل دان
ئینسـه بەشـکلی پەری یاحوری صفـەت ویـلدان
فەقێ: پێـرو یـەقـین کوخالن دعـیقـدا ثـورەییـایێ
دو روژو دو هیـلالـن لدیـمێ وێ لـەیـلایێ
بێ وەصفـو بێ میثـالن درەمزا شـەکـەر خـایێ
مەلا: برەمـزو گـفتو سـورّان نـەبـاتێ ئـەو درێـژن
عیشوەیێن لەعلو دوران لـولـو شـەکـەر دبێژن
خـەدەنـگێن دئـاڤـران عـاشقـان دێ بـرێـژن
فەقێ: عاشـقێن دەڤـو لیوان شـاباشـه ژخـودێـرا
سـەلـوا ببیـهوسێڤـان بـەلـگن ژزیڤـو زێرا
حـەرامن خـەوێد شێڤان لکـەسێ مـوحبەت ڤێرا
مەلا: کـەسێ کـو ئێك دڤیتن صـوهتـیـیـە بئـولفەتی
شەڤان کوئەڤ خەڤیتن ژبـەر دەربـا موحبەتی
عـاشق لپـەی‌وی تێتن ژجـەذب‌و ژفیـرقـەتی
فەقێ: فـیراقێ تێك حیرقەتە بـەعیـدە ژخـەیـالێ
طـوطـاگـە بـزەحمـەتە بـولبـول ژبـەر جەمالێ
گوێـین قـەت خەوناکەتە کـو دورە ژویـصـالێ
مەلا: زەحمـەت بمن ویصالە عـاشق ژبـەر جـەذبەیێ
لـەو تێت بـدەردو حالە ژبـەرقـا شـەعشەعەیێ
دەمـاهلبت شـەمـالە نـەظـەردە پـەروانـەیێ
فەقێ: پـەروانە لـەو دمرت خـوەش نینـە ئەو بژینێ
ضەعیفـە خـو نـاگـرت تیـژە بەرقـا ئـەڤینێ
دپـەردێ نـاصـەبرت دا رەت کەمـالا دینێ
مەلا: پـەروانـە لەو دصـوژی ژلەمعـەیـا جـەذبـاتێ
فـیـداکرن عـومـروژی دکـەشفـا سـوبـوحـاتێ
کـودا ژنـوڤـە ڤـەژی بـاقـی بت دحـەیـاتێ

مانای وشە:

**هەسار:** قەڵا، کەلهە؛ **سیاگوشان:** گوشـەرەشـان؛ **دوش:** شـان، مل؛ **هنگ:** نرکەو نالینی بەقـەو؛ بەرهەنگ: خـوینا‌و هەلینان؛ **گولباڤ:** خـونچەگوڵ؛ **دبێژن:** دا دەبێژن؛ **برێژن:** دەبرژینن؛ **حیرقـەت:** سوتان، سوتمان؛ **طوطاك:** توتەك، مەلیکە شەو بیدار؛ **گوێین:** مەلیکـی شـەو بیدارە؛ **شـەعشـەعە:**

روناکایی‌و تیشکدان؛ **ڤەژی:** بژیتەوە؛ **ژی:** ژیان.

**پوختەی مانا:**

**فەقی:** عەزرەتی تاسەی دڵداران، بەدەر لەرادەو هەژمارن، لەکۆشك‌و شانشینانرا، لە کەوانی تازەکاری بروێانرا، بەنهێنی هەزاران تیر دەگرنە دڵ.

**مەلا:** دو میرغەضەب ـ کە دو چاوی عاشق کوژن ـ ئەو کەوانانە دەکێشن. تیری گۆشەرەش لەگۆشەی رەشی بروێان، داوێژن؛ ئێمەی لەتاوان هۆش‌نەماو، دەدەنە بەر.

**فەقی:** وەك دونونی رەش دەنوێنن. تیریان بەدڵی هەژاری دڵداری بێچارە فێرە. لەو زەبرانە، ئێش‌و ژانمان هێندە زۆرە، دایم نرکەو ناڵەمانەو خوێناویان پێ هەڵێناوین.

**مەلا:** برین‌و داخمان دژوارن؛ دەباس نایەن چەند بەژانن. جوتە تیری ئەو کەوانداره کافرانەی، بەزەیان پێمان‌دا نایە؛ جەرگو هەناویان سوتاندوین.

**فەقی:** ئەو دوچاوە بادامیانەی ـ کە وەك دو سەرەصاد دەچن‌و هەتا بڵێی بەنازان دڵان دەکێشن ـ گۆشەی برۆ، وەکار دەخەن‌و لەگۆشەوە کە دەروانن، وەك ـ میرغەزەب بەرکەوە تیر باوێژێ لە ناوەندی دڵ دەچەقن. ئەی نامەخوا! هەر ئاوڕدانەوەی یاران، چەند کاریگەرن‌و چەند خۆشن.

**مەلا:** ئاوڕی دوچاوی بەڵەك، بروسکەن لەعاسمانەوە. روخساری ئەو ئاوێنەیە، وێنەی خۆرێ دەداتەوە. بەڵێ لەشکڵا مرۆیە، بەڵام ئاخۆ فرشتەیە یاخۆ لە حۆری بەهەشتە.

**فەقی:** حۆری‌و پەری لێك وەکۆبن؛ جوانی ئەو تازە خونچەیە دیاری‌بدا، لە شەرمان خۆ دەشێرنەوە. وەك چرایەك بەرانبەر بە خۆرەتاوێ بێ‌رەنگ دەبن.

**مەلا:** ئەو ئینسانەی جوانی پەری‌و حوری‌و، لاوی بەهەشتی هەمولەلایەو سەوزە رەنگە. کەزیشی لەشەرمی روی‌ئەو، هەمو سەریان هەڵگەڕاوەو، بونە دوپشك لە دڵمان. نەك هەر خۆرێکە بەتەنیا؛ مانگی هەیە، گرشەی موشتەری پێرایە، کۆ ئەستێرەی پێروشی لەرودا دیارە.

**فەقی:** بەڵێ خاڵەکانی پێرون، لەناو لیزگەی هێشوی کۆدا. هەرلا رومەتەی خۆرێکە. بروکانی دومانگی نوێن؛ دەمو لێوی شیرینی شەکر شکێنی، لەپەسن‌و پێهەڵدان نایە. گفتو بزەی، هێند دڵکێشن لەبەرچاوم. لەعلی لێوی‌و دورێ‌دانی، لەپەستاشەکر دابێژن، ئەو لەلایەك شەکر ڕێژن، لە لایەکیش ئاوری چاوی، دڵی دڵداران دەبریژن.

**فەقی:** دڵدان بەو دەمو لێوانە، خەڵاتێکە لە خودارا، کە توشی بوین. سەوڵی بەژنی بەهێو سێوی‌بەرگرتوە. گەڵاکانی زێڕو زێوی خشڵانیەتی. کەسێ بەراستی دڵداربێ، چاوی لەیار ناتروکێنێ؛ خەوی لەچاوان حەرامە.

**مەلا:** کێ دڵی بدا بەکەسێك، لەو هوگریەدا سوتاوە. زەبری دڵداری بەژانەو پێوە دەچێ. دڵدار نەك هەر شەو ناخەوێ لە تاوی دڵ؛ بگرە لەبەر کێشی ئەوین، لەترسی روژی جودایی، نایپەرژێتە خواردن‌و خەو، نە بە روژگارو نە بە شەو.

**فەقێ:** جودایی لەیار سوتانە؛ هێند بەژانە، نایەتە خەیاڵیشەوە. بەخەیاڵ لێکردنەوەشی دڵ دەسوتێ. لەو دەمەدا، دڵدار بەرانبەر بەیارەو، بولبولێکە بەرانبەر بە گوڵی دڵە. لەترسی جودابونەوە، وەکو توتاك، وەکی گوێین، شەو هەتاروژ دەناڵێنی‌و بیری لەشوێن پێك نەبرانە.

**مەلا:** بە بیری من، دیتنی یار لە دوریەکەی چەتون‌ترە. تیشك‌و تیرێژی جوانیەکەی، دڵدار بەرەو خۆ دەکێشێ‌و حاڵی لێدێ‌و بەیەکجارەکی دەشێوێ. تۆ لە پەپولە بڕوانە، کە مۆم هەڵبو، چی بەسەر دێت؟

**فەقێ:** بروسکەی ئەوینێ تیژدێ؛ پەپولە بێدارو بارو خۆنەگرە، ژیانی لەبەرچاو دەکەوێ‌و بەرەو مەرگ پەلە دەکا. راناوەستێ تا لە کورەی دڵداریدا بتوێتەوەو پاکژ ببێ‌و ئەوسا بگاتە ئەو پەڕی، ئاواتی دیتنی دڵبەر.

**مەلا:** پەپولەی ژار، بۆیە بەتیشکەوە دەچێ تابسوتێ؛ دەیەوێ بگاتە ئەوجێ کە سەرچاوەی ئەم تیشکەیە. ژیانی دنیا بەبا دەدا، تا بەدیداری پاکی خوا چاو رون وەکاو ئەوسا لەنوێ بژیەتەوەو تازە هەرگیز نەمرێتەوە.

**فەقێ:** حەیات لبامن وەصلە — دولات گەربین لاتەك
موراد بخۆ هەر ئەصلە — تێکدا بین صیفاتەك
ژهەڤ ئێك نەبن فەصلە — واحید بمینت ذاتەك

**مەلا:** واحید ذاتە کە فەردە — تەجەللا دا صیفاتان
بعەینی دل نەظەر دە — لجوملە تەعیینا تان
تەوەهوم بویە پەردە — بئیسمی بتو لاتان

**فەقێ:** لاتژی صورەتەك حەقە — ژئەسمائێت حەقانی
لبال من موحەققەقە — دنیڤ کەشفا سوبحانی
لاهوتە هەر موطلەقە — دنا سوتا ئینسانی

**مەلا:** ئینسان بمن ناسوتە — گەوهەر دنیڤ صەدەفێ
ژعیلما جەبەروتە — شەمس هاتی‌یە شەرەفێ
(تَنَزُّل) ژلاهوتە — مەحبوبە جام دکەفێ

**فەقێ:** کەفا کو کوزو کاس‌تێ — نازك‌و سپی زەندن
قەدەحا مەیا خاص‌تێ — بنێرن طالب چەندن
ڤەخون ژدەستی راستێ — بمەدحان مەحبوب خوەندن

**مەلا:** وەصفو مەدحێن مەحبوبان — لداغێت کول حەیاتن
قوتن ژبو قلوبان — گولاڤ، قەندو نەباتن
ژنەغما مەدحێن خوبان — عاشق بجەذبە هاتن

**فەقێ:** عاشق بوەصفو مەدحان — دفیراقێ دصەبری
نەسیم بێت ژوان تەرحان — بولبول نەشێ خوەبگری

خون‌دێ دەربت ژجەرحان — دی بـداغێن کول بمری

مەلا: بـولبولێن وێ گولشەنێ — ژئـەزەل ئـەو دبێـژن

تـا ئـەبـەد ژمـەعدەنێ — گـەوهـەران دا بـرێژن

حـەرفـەك ژوەصفان تنێ — عـالـەم تێـك نابرێژن

فەقێ: جـەماكن تێـك عالەمێ — حـەمی‌یـان بئوستاد كن

حـەرف ژلـەوحێ قیدەمێ — بـەشـەرحو بسەواد كن

نـائیتـە بـەر قـەلەمێ — بـەحران ئـەر بمیداد كن

مەلا: نەسرین‌و گول طەبەقەك — سەحـەر ژبـاغێ گولان

ژنـەستـەرەن وەرەقەك — بـەسـە مە صاحیب دلان

عـورفەخواهی سەبەقەك — چێتـر ژصـەد سجلان

فەقێ: ئەحسەن ژنو سەبەقان — قەلـەم ژقەندو نەباتێ

لسـەر صەفحا وەرەقان — دی رژی ئـاوا حـەیاتێ

دەس بدەس ژێ طەبەقان — مەلـەك دبن جـەنناتـێ

مەلا: نقیسـا تـە عـەنبەرن — زوبـادو میسك پێـژن

چشـاخێ نـەیشـەكەرن — قـەنـدو نەبـات درێژن

نـوطقـاتە خوە گەوهەرن — صەدبـار گـوهەر هاڤێژن

فەقێ: گـولم ددەستـی خاران — بیسمێ «مُحَمد» نـاڤم

بـولبـولـم دگـولـزاران — ژعـیشقێ لـەو زەرباڤم

دزومـرەیـا میهر داران — تـو روژی ئەز هـەطاڤم

مەلا: دورم ژگـولێ بخـوناڤە — لەوزەر شـوبهەتێ بیهم

سـوسن عـەرەق طلاڤە — دفیـرقـەتێ دبـرژەهم

لبـال خـودان دلاڤـە — تـو هەطـاقی ئەز سێـهم

فەقێ: بـرینـداری عیشقێ مە — دورم ژسیهـا بێهـان

زانن مـەددداحی كێـمە — دهـەزارو یـەكو سێهان

ئـەنـاخوانی «مەلێ» مـە — لـە هەمـو عەردو جێهان

مەلا: هینـدی كو دگازەهـم — دكێشـم صەبـرو حیرێ

شـوبهەتی چەنگو ژەهم — هیـلاك ژدەربـا تیـرێ

ئـەنـاخـوانی فەقەهـم — ئیـرۆ كـە دجزیـرێ

**مانای وشە:**

**كەف:** لەپی‌دەست؛ **جەبەروت:** خـاوەن دەستەڵاتی؛ **قـوت:** بژیو؛ **نابرێژن:** نابژیرن؛ **میداد:** مەرەكەف، جەوهەر؛ **عورفە:** ناسیاوی، عارفی؛ **سجل:** كتێب‌و سیایی؛ **سەبەق:** مەلەكارو پێشكـەوتو؛ **زەرباڤ:** زەردە زیرە؛ **طلا:** ئاونگ، شەونم؛ **دگازەهم:** گلەو داد دەكەم.

**پوختەی مانا:**

**فـەقـێ:** بەبیری من، چـونەلای یار، ژیانی راسـتە. لەمپەر لەنێوان نامێنێ. دڵبەری نوێنەری خوداش، هەر تێکـەڵ بە رەگەز دەبێ. دڵەتەپێ، لە وەبەر هاتنی صـیفەتانی خـوایی ـ کە قـەهرو گومراکردنە ـ لەناو دەچێو خاوەنی هەمو صیفاتان دەبێتە دۆسـت. ئـەوسـایە یەکتاپەرسـتی بەراستی، بۆمە دەست ئەدا.

**مەلا:** هەر ذاتی تاقانەی خوایە لە صیفەتاندا دیارئـەدا. تۆ بەچـاوی دڵ بروانە، کە هەرچـی خـوا هێناویەتە روکاری بون، گشتی هەر خـۆیەتی تێیدا. ئێمە چـاومان تانە بەسـەر، تارمایی خـەیاڵ دەبینێ. ئەگینا بتی سەردنیا ـ کە بتپەرست دەیپەرستن ـ تیشکـی ناوێك لە ناوانی خـودای تێداو تیرێژی ناوێك لێی داوە.

**فەقێ:** بەڵێ لای‌من ئاشکرایەو لە خواوە بۆم رون بۆتەوە، کە بتیش هەر کاری خوایەو دڵکێشـی خوا لە قاپێلکی بتان‌دایە. دەڕوانمە لەشی عیسانان، هەر خوا دەبینمو هیچی‌تر.

**مەلا:** عینسان وەکو صەدەفێکە بۆ مرواری، هەر خودایە ئەو گەهەرەی دەولەشـە صـەدەفـە دایە. لەزانستی دەسەڵات داری خواوەیە، خۆر تیشك ئەداتە دنیاو خوایە لەناو پیاڵەی سەردەسـتی یاری نازداردا، وەکو بادە خۆ دەنوێنێ.

**فەقێ:** ئەو لەپە دەستە ناسکانەی لەو باسکە سپیو ناسکانە راکشـاوەو قـومقوموکو پیاڵەی مەی لەسەر دەبینرێ. بادەی تایبەتی دەگیرێ، بۆ دڵدارانی تایبەتی؛ کەخوا باسی لە قـورعانێدا هێناون‌و بەهەواڵانی دەستەراست، ناو براون. سـا بروانە چـەند لەوانە داواکاری خـواردنەوەی ئـەو مەیە پاکەن. چۆن سەرخۆش‌و گەشکە دەبن‌و بەیاری گەورە هەڵدەڵێن؟!

**مەلا:** پەسـن‌و پێهەڵگـوتنی یاران، داغو برین سـارێژ دەکەن؛ دڵیان پێ دەبوژێتەوە. وەك شەربەتی حەکیمانن؛ لە ئاوازەو سۆزەی پەسنی جوانان، دڵدار جەزمە دەیانگرێ.

**فەقێ:** دڵدار بەباس کردنی یار، سـەبوریان لە دوری دێت؛ بەڵام لە دیاردا نازانم خـۆ رادەگرن؟ سـروەی بەچڵی نازکی باڵای ئـەودا رابوریۆ لە بولبول دات؟ خـوێن لە برینانی سـەر دەکاو لە کەسەران خۆی پێ راناگیرێو دەمرێ.

**مەلا:** بولبولانێ کە دڵداری باغچەی پرلە گوڵی خـوایین، لە روژی بناوانەوە تا هەتایە لە پەسـنی جـوانی بنچینەو هەرە پێشـو، بە باران گەوهەر هەڵرێژن. نەك هەر ئـەوان هەمو دنیاش وێرای ئەوان، پەسنی بدەن، یەك لە هەزاری ئاکاری وەدەر ناخەن.

**فەقێ:** هەمو دنیایە خرۆەکەن، دەرسیان بدەن، ببنەفێرکارو کارامەو خۆ خەریك‌کەن، تاقـە پیتێك لە تەتەڵەی پەسنی خودا شەرح کەن‌و بنوسنەوە؛ ئەگەر هەمو دەریاکانیش مەرەکەف بن؛ هێشتان لە وزەیان بەدەرە. خوا بە پێغەمبەری فەرموە:

«بڵێ ئەگەر دەریا مەرەکەف بێ بۆ نوسـینی وتەی خـودام. ئـاوی دەریاو شکـاوی دێ، بەرلەوە فەرمودەی خودا، ببڕێنەوە، تەنانەت ئەگەر دەریای‌دیش بێنەیاری.»

**مەلا:** یا لتەبەقێك لە پەڕەی گوڵو نەسرینان لەباغی گوڵان بچنرێن، بۆ خاوەن دڵی وەك ئێمە، تەنیا پەلکە نەستەرەنێك بەسەو، هیچی‌ترمان ناگەرەکە. پێشرۆیی‌یەك بەرەو ناسینی خوای مەزن، لە صەد کتێبان چاکترە.

**فەقێ:** ئافەریم بۆتۆی پێشکەوتو، قەڵەمت قەندو نەباتەو ئاوی‌حەیات دەرژێنێتە سەر روپەڕان. فرشتەکان هەر بە طەبەق بۆ دیاری دەیبەنە بەهەشت.

**مەلا:** نوسراوکانت عەنبەرن؛ میسك‌و زەباد دادەبێژن. وەکی لقەنەی شەکەرن، هەر شیرنایەتیان لێدەرژێ. گفتت سەرتاپا گەوهەرن‌و صەدبار گەوهەر هەڵدەرێژن.

**فەقێ:** من‌گوڵم لەناو درکاندا، ناویش نراوم «مُحَمَّد». بولبولێکم لە گوڵجاران. گڕەی ئەوینێ لێی داوم؛ بۆیە وا زەرد هەڵگەڕاوم‌و هەر بومەتە زەردە زیڕە. لەناو کۆمەڵی دڵداران، تۆ خۆری‌و من وەك هەتاوم.

**مەلا:** دورم لەگوڵی بەئاونگ؛ بۆیە وەك بەهێ ڕەنگ زەردم. روسوێسنەی ئارەق شەونم، لەمن دورەو لە دەردی دوری برژاوم. لەلای خاوەن دڵانەوە، تۆ خۆرەتاوی من سێبەر.

**فەقێ:** برینی ئەوینم لێن‌و لە سای بەیان دورە بەشم. لە هەزارو سی‌و یەکدا، دەزانی پەسنی کێ دەدەم؟ ئەمن پەسن بێژی «مەلا»م. لە هەمو هەردو هەر جێیەك.

**مەلا:** هەمیشە دادو هاوارمە. صەبر دەکەم، سەرگەردانم، وەکو چەنگ خوار بومەتەوە. وەك ژێ باریك‌و بەپێچم. بە زەبری تیران هیلاکم. وا ئەمرۆ لە جزیرێدا منم پەسن بێژی فەقێ.

## سەرنجێکی هەژارانە

زۆرجار دیوانی شاعیرێك، یان پەخشانێك لە نوسەرێك، هەرچەند ئەمدیو ئەودیو دەکەین؛ کەمەوایە کەمایەسیمان بێتە بەرچاو. جا نەخوازە ئەودیوانە یان پەخشانە، بەناوی پیاوێ بەناوبانگ، بەناوبانگبێ.

بەڵام وەرگێر ـ کە هەمو وشەو دێڕێکی بە وردی ورد دەکاتەوەو دەیئاژنێ ـ هەر پوشێکیشی تێدابێ، دیمەنی لەچاو گومنابێو، زۆر بەزۆپی خۆ دەنوێنێوە زو دەتوانێ ساغو ئەیاغ لێك هاوێرکا.

زۆر شێعرم لەم دیوانە دین؛ ئەگەرچی زۆریش ناسراون، بەهی جزیریم نەزانین. جزیری لە وردەکاری شاعیرانە، هیچکەس توزی نەشکاندوە. قافیەی زەدەداری نەبوە. لە کێش‌و رەوتی شێعردا، کەمتر شاعیری گەیونێ. هوی ئەمەشە: کە چوارسەدە لەسەر دەمو زاران ماون‌و نەفەوتاون.

جا هەروەك چیرۆکی «جامی» کە دابەزی‌و کەرەکەی خوی بەرهەڵدا کرد؛ گوتی ئەمەش بۆ خواجەبێت؛ جزیریش لە شاعیریدا گەیوەتە پلەو پایەیەك، هەر مەلایەك لەدوای جزیری هاتبێو شیعری وتبێ، کز یان قەڵەو، شل یان پتەو، چاری ناچار رەگەڵ سامانی رەوانی مەلای جزیری کەوتوە. هێندێکیش هەر سیرمە خۆر بون. لاسای ئەویان کردۆتەوە، ویستویانە لەنجەو لاری کەو فێربین، رەوتی خۆشیان لەدەس‌داوە. ئیتر پیاوی کۆڵکە خوێندەواری وەك خۆم، هەموی بەناوی جزیری وەرگرتون‌و بەممبارەکی زانیون‌و دەناو دیوانی ئاخنیون. چوارسەدساڵ لەمدەست بۆ ئەودەست، ئاڵوگۆریان پێ کراوە. وەها تێك هەڵشێلدراون‌و لێکدراون، فیلم دەوێ وەیان ناسێ. بە بروای هەژارانەی خۆم، لەوانەشا، کە لە پێشودا نوسیومن، هیوا هەیە ئاوەکی بن. بەپێی توانای هەژارانەم، وا هێندێکم هەڵبژاردون‌و بەدوای دیوانم ئەسپاردون. رەنگە زۆرکەس دەگەڵ منا هاودەنگ نەبن‌و هەر بەشیعری مەلای جزیری بزانن. لاشم وایە کەسانێکی چێژەی شیعری مەلایان باش بۆ دەرکەوێ، تێدەگەن بژارەکەی‌من بێجێ نەبوە. هەرچۆنێك بێت. ئەمانەش هەر شیعری کوردین‌و کورمانجین‌و سامانی نەتەوایەتین. ئەگەر شیعری مەلاش نەبن، حەیفە ون‌بن. ساوا ئێوەو ئەوشیعرانە کە بەهی مەلا زانراون‌و لە ناوەرۆکی دیواندا دەرخراون.

# غەزالی شەپال

١ دل ژمن بر دلبەرەك زیبا قەبا
چەهف غەزالو پور شەپالو مەهلیقا

٢ نازدارە ئەولتەختی دلبەری
دلروبایە، جان‌فزایە، روح‌شیفا

٣ حوری عینە ئەز نزانم یا پەری
یا گولەك رەعنا ژگولزاری وەفا

٤ یارەب ئەو گولدەستەیی، باغی ئیرەم
دور نەبت ژێ هەرسەحەر بادی صەبا

٥ صوّر گولەك من دی دگولزاری بمەش
لالەوو رەیحان لسەر تینە سەما

٦ سونبولێن رەعنا لبەر طاقی هیلال
وی دکن سەعیّی لسەر مەروەو صەفا

٧ نازکا من هەر دەما بیتن خەرام
صەد هەزار دل وێ لپەی وێ دەر قەفا

٨ ئەز چبێژم کو لمن لەعلێ دتە
پوڕ کرن بێ حەد لمن جەورو جەفا

٩ ئەی مەلا باوەر بمحبوبان مەکە
کاری وان هەر ئەخذی جانە بێ خەطا (یان، بێ‌عەطا)

**پوختەی مانا:**

ئەو نازدارە ـ کەوا جوانە ـ دڵی بردم. چاو کەژاڵە؛ خوێن شیرین‌و رەزا سوکە؛ چویتە سەر تەختی دڵبەری. وەك دڵبەرە، گیان‌پەروەرەو دەرمانە بۆ دەردی گیانم. نازانم حـۆریە یان پەری، یان چڵە گوڵی ناسکەو لە گوڵزاری ئەمەگداریەوە هێنراوە. خوایە ئەو یارەم ـ کە هەروەك دەسکە گوڵێکی بەهەشتە ـ سەلامەت بێ‌و هەمو رۆژێ، سەر لە بەیانی بێتە دەرو، لەبەر سـروە بسکـەکانی بێنە لەرین. چاوم لێ‌بو کە یارم هات. دەتگـوت گەشـتر سـورە گوڵەو لەناو گوڵزارا دەگەڕێ. بسکـی وەکو ریحانە بو کە لە سەر گوڵە میلاقە بێت‌و بچێت. زولفی جـوانی لەژێر کەوانەی بروێان، وا دەزانی حاجین لە صەفاو مەروایە. یاری نازداری بە لەنجـەو لار، ئـەگەر بروا، صـەد هەزار دڵ لە دواوە شـوێنی دەکەون. لێوی ئـاڵی زۆری دەردو ئـازار دامێ؛ بەڵام ناتوانم هیچ بڵێم. کاکە مەلا! باوەریت بە جوانان نەبێ، بە بێ‌سوچ دڵدار دەکوژن‌و دڵ دەستێنن‌و هیچ نادەن.

# جوتیك روكه

**١ شیوەیی دلبەری بزان سوننەتە شیوە عیشوە فەرض**
**هەردو نەظەر كوبن قیران واجبە یەك كرشمە فەرض**

**مانای وشە:**

**شیوە:** ریّو شوین‌و داب‌و دەستور؛ **شیوە:** خدەوخو؛ **شیوە:** نازو قەمزە؛ **شیوە:** فیّل‌و گزی؛ **شیوەگەر:** دلبەریّ كە زۆرباش لە بیچمی دلّدزین‌و دلّداری دەزانیّ؛ **عیشوە:** بە جۆریّك خۆنیشان‌دان‌و بزوتنەوەی دلبەرانە كەدلّدار وەتەماح بخا؛ **فەرض:** پیّویستیّكی بیّبڕانەوە لە كاتیّكی دیاری كراو؛ **فەرض:** موچەو بەشی دیاری؛ **فەرض:** جیّگەی ژیّ لە كەواندا؛ **سوننەت:** روخسارو دەوری روخسار؛ **سوننەت:** پەیڕەوی لە ئاكاری كەسیّك یا كەسانیّك؛ **سوننەت:** زەوشت، رەفتار، شەریعەت؛ **قیران:** لیّك نزیك‌بون، جوت كردن، بەرانبەربون؛ **نەظەر:** روانین؛ **واجب:** لازم‌و پیّویست؛ **واجب:** لەرزین كە زۆرتر بۆ دلّ دەگوتریّ.

**پوختەی مانا:**

كاكی ریّبوار! تۆ كە تازە گەیشتویە كاروانی دلّدارانەوەو دەتەویّ لەریّی دلّداری شارەزابی، با پیّت بلّیم ریّوشوینی دلبەران چۆنە؛ لە بارەگای دلّداریشدا چەند سوننەت‌و فەرض هەیە. نازكردن‌و خۆبواردن‌و تەوس‌و توانج تیّگرتنی دلّدارانە، شیّوەو رەوشتی یارانە. بەلّام هەمودەمان نیە. جار هەیە دەرت دەكەن‌و جارجارەش دەتلاوینەوەو ئەمە بە سوننەت حیسابە. بەلّام وەك فەرضە لەسەریان كە بەلارو لەنجەیان‌و چاوداگرتن‌و بزەیان، دلّداران شیّت‌و هار بكەن‌و دین‌و دنیایان تالّان كەن. جا هەرگا توشی یار هاتی‌و نیگات بەرانبەر نیگای بو، دەبیّ زۆر ئاگات لەخۆت بیّ؛ لەوانەیە دلّت دالەرزیّ، بكەوی، یار ناهیّلیّ لەبەین‌چی. نازو چاوداگرتنیّكی پربەزەیی ـ كە بە موچە دەیدا بە دلّداری ترساو لەچاو ـ گورجیّ دەتبوژینیّتەوەو مردوش بی، دەت ژینیّتەوە.

**٢ هەردو قیران کو قیبلەبن هەرچی دەما خویا بن ئەو (یان، هەردو قەران...)**
**وێ سەعەتێ ددینی عیشق لازمە یەك دوسەجدە فەرض**

**مانای وشە:**

**قیبلە:** روگە؛ **خویا:** ئاشکرا؛ **لازم:** پێویست؛ **قەر:** رەش رەنگ.

**پوختەی مانا:**

ئایینی دڵداران دەڵێ: کە چاوت بەیاردە کەوێو چاوتان دەیەکتر هەڵدەنگوێ، وەك بەرانبەربونی ئەستێرەی بەودمو پیرۆز دەگەڵ سیسە ئەستێرەیەکی بێروناکیو پیت وەهایە. تۆ بەروانین چی دەبینی؟ دو روگەی لە بیچمی میحراب، کە تاقی دو برۆیەتیو خاڵێکی رەشیش دەبینی کە وەك بەردی ماڵی کابە، دەبێ کرنوشی بۆبەریو ئەگەر دەستیشت نەیگاتێ، لەدورەوە ماچی بکەی. کەوابو دەبێ سێ سوژدە بۆ ئەو تاكو جوتە بەری. یاخۆ سوژدەی سوپاس بەری کە بەودیدارە گەیشتویو رکاتێك نوێژ بەرەو میحرابی ئەبرۆکەی دابەستی، کە دو سوژدەی تێدا هەیە.

**٣ خەرقەیی زەرقو ژەنگی زوهد من بمەیێ موغانە شوست**
**شوستوشوێك دمەیکەدێ ئەووەلی کار فەرضە فەرض**

**مانای وشە:**

**خەرقە:** باڵاپۆشی پرپینەی سۆفیان؛ **زەرق:** حیلەو مەکر؛ **مەیموغانە:** شەرابی کۆنی تایبەتی مەلاکانی زەردەشتی؛ **شوستوشو:** شیوو کوڵ؛ **مەیکەدە:** مەیخانە.

**پوختەی مانا:**

لەو مەیخانەی ـ کە تایبەتی دڵدارانە ـ پیسو پۆخڵ ڕێگە نادرێن. گەرەك زۆر پاكو خاوێن بین. تا بتوانین دەستەوداوێنی مەیگێڕ بین. هەلێك بەسەرمان کاتەوەو ئاوڕێکمان لێ بداتەوە. جامن چونکە زۆر باشم سەر لێ دەردەچو، کە یەکەم کار شیووکوڵە. سەرجلە پینەدارەکەی گزیکاریو وشکە صوفیەتی ژەنگاویم، بە بادەی موغانە شوشتو، ئەو فەرضە یەکجار پێویستەم بەجێهێنا. تا ڕێم دەن بچمە ژورەوە.

**٤ نەیشەکەرین شیرین زەبان مەست بجامو بادە یێن**
**فەرضە دبت ژتەوبەبێ سالکی عیشق تەوبە فەرض**

**مانای وشه:**

**سالك:** ریڕەو.

**پوختەی مانا:**

هەرگا باڵای بەلەنجەولار وەك قامیشە شەکری شـلك‌و بێ‌گرێ‌و شـیرین‌بار، پیاڵەی بادە لەسـەر دەستان‌و، خۆشیان مەست‌و بە دوچاوی مەستیشیان هانەمان بدەن، بادەیان لەدەسـت وەرگرین‌و بخۆینەوە، ڕێرەوی ڕێگـای دڵداری ـ کە هاتۆتە تۆبە کردن ـ تۆبەی هەرە پێویسـت‌و فـەرضـی ئەوحانەی، تۆبە لە تۆبە کردنەو بادەی دڵبەر وەخواردنە.

«پیرەمێرد» دەڵێ:

شکەنجی زولفی تۆبەی پێشکاندم تۆبە بۆ تۆبە

دڵی شیخ‌و ملی‌مول تێك‌شکا هەر بشکەنە ئەمشەو

٥ ساقی‌یی سیم ساقی‌ما زەهری هەلاهیلێ بدەست

جانێ مە شوکرو مینەتە تیز ڕەوانە ڕەقص فەرض

**مانای وشە:**

**سیم:** زێو؛ **ساق:** پوزو بەلەك؛ **هەلاهیل:** ژەهری گیایەکە؛ **تیز:** تیژ لەتام یان لە ڕۆیشـتندا؛ **ڕەوان:** گیان، بەرەوت، روناك.

**پوختەی مانا:**

ئەو مەیگێڕە دیدەمەستە، بە پوزو بەلەکی زێوین، بە پیاڵەی پرلە بادەوە بگەڕێ‌و خوڵقمان بکـات؛ چـۆن دەتوانین تۆبە ڕاگرین‌و پێ داگرین، کە مەی نارەوایەو ناخـۆین؟ لێی وەردەگرین، ئـەگەر ژەهری هەلاهیلیشـی تێدابێ دەیخـۆینەوەو بەغار دەڕۆینە ناو کۆڕی هەڵپەرکێوەو پێویسـتی سەرشانی دڵدار، بەجێ دێنین. با سەماکەش وەك هەڵبزۆقین‌و ڕەقصـی گیانە ڵاوی سـەربراو بێ. زۆریش سوپاس.لە مەیگێڕەکەمان دەکەین، کە لەجیاتی عیزرائیل خۆی گیان‌کێشمان بێت.

٦ خال ئەگەر بوەجهەکی بێتە قیرانی ئەبروان

شوبهەتی بەیتی مەقدیس‌و کەعبە دبن دوقیبلە فەرض (یان، دوقوبلە...)

**مانای وشە:**

**وەجە:** ڕو؛ **وەجە:** لا؛ **وەجە:** تەرح، جـۆر؛ **بەیتی مەقـدیس:** ماڵی پیرۆز، بَیتُ‌الْمُقَـدَّس، قُـدس، کە شارێکەو ڕوگەی کۆنی موسوڵمانان‌و ڕوگەی ئێستای خاچپەرستو جولەکانە؛ **قیبلە:** ڕوگە؛ **قوبلە:** ماچ.

**پوختەی مانا:**

ئەگەر جارێك بۆ دڵدارێك وا هەڵكەوێ، خاڵی رەشی لای گۆشەی باڵای چاوی یار ـ كە كەوتۆتە نزیك بروكەی ـ ببینێو دیارە وەك دو ئەستێرەی پیرۆزو زۆر بەودمی چاو پێكەوتبێ، وەهایە. نەك هەر ئەستێرەی بەودم، بگرە وەك دو قیبلەی ئێستاو كۆنی موسوڵمانانی دیتبێ، لەسەریەتی كە كرنوش بۆ هەركان بەرێو دوراودور ماچیان بۆبنێرێ.

**٧ ئەز كو ددەعوی عاشقی كفشە دكەت زەبان دەرەو**
**كەتمی شەهادەتێ دبت وێ سەعەتێ بشەهدە فەرض**

**مانای وشە:**

دەعوی: داوا؛ كفشە: كەشفە، مەعلومە؛ دەرەو: درۆ؛ كەتم: وەشارتن؛ شەهادەت: شایەتی، گەواهی: سەعەت: دەمۆكات.

**پوختەی مانا:**

ئەمن كەدەڵێم دڵدارم، بۆخۆم دەڵێم. ئەگینا هێشتا زۆر كاڵمو نەگەیشتومەتە ئەوپلەی كە ئەو نازناوە لەخۆم نێم. ئەگەر بەزمانی خۆم گوتم من دڵدارم، دیارە زمان درۆ دەكا. ئەگەر شایەتی لێنەدەم كە زمانێكی درۆزنە، لە فەرضێك وازم هێناوە. چون لەسەر هەركەس پێویستە كە دیتی درۆیەك دەكرێو خەڵك باوەری پێدەكا، دەبێ درۆزن رسواكاو درۆكانی ئاشكراكات.

**٨ جەبهەتو دیمو گەردەنێ پەردە دەما ژبەر بەرت**
**فەرضە مەلا لحاجیان سەعیو طەافو عومرە فەرض**

**مانای وشە:**

سەعی: رۆینی بەپەلە، نیوەغار؛ طەواف: دەدەورە گەڕان؛ عومرە: ئاوەدانی، گورگەلۆقەی نێوان گردی صەفاو مەروا كە لە مەككەنو گەڕان بە دەوری كابەداو زیارەت كردنی ماڵیخوا كە پێی دەڵێن «عومرە» لەكاتی حەج لەسەر حاجیان فەرضە بیكەن. بەڵام عومرە لەوەختی تریشدا دەبێو فەرض نیە؛ صەفا: بەردی لوسی سپی؛ مەروە: گیایەكی بۆن خۆشە.

**پوختەی مانا:**

هەرگا یارم پەردە لاداو هەنیەو گەردنو رومەتی بێنە بەرچاو، حاجی حەجیان لێدەكەوێ. تویڵی واپاك، كەزیو بسكی بەبەرامە، كوڵمی وەكو كابە روگە. خاڵی رەشی ئەو بەردەیە حاجیان لەدوراودورەوە ماچی دەكەن، هەر دیداری لە عومردا عومرەیەكی زۆر پێویستە.

# «دین بەر»

١ والله ژهەردو عالەمان من حوسنی جانانە غەرەض
لەومن ژحوسنا دلبەران هەر صونعی رەحمانە غەرەض

٢ ئەو کافرین جامە سیا هاتن بهەڤرا صەف بصەف
زانم کو هەرتین ئەو مەدام وان ئەخذی ئیمانە غەرەض

٣ ئیرو دلی من دل بەران ئاڤیتنە سەر صەد پەنگران
ئانین مەیا گولگون‌و صاف دان من کو بریانە غەرەض

٤ بشاهی بهەڤرا هەمنشین رەنگو روی هەف مە نەدین
هەریەك طەعامەك‌بو ئەڤین لەورا کوپر خوانە غەرەض

٥ عەقل‌و دلی من‌بر ئەوان شاهان برەمزو عیشوەیان
وان عەقل‌و دل ڤیکرا دڤین لەو ئەخذو ئیعطانە غەرەض

٦ من‌گو گەلو ئەی دلروبا فیتنا رەقیب فەیدە هەیە
گو صوند بحوسنا من کونە لی فیعلی شەیطانە غەرەض

٧ ئەو سونبولین بو عەنبەری رەیحان بنەفش‌و عەرعەری
لەوتین بدیمی‌دا بلەز وان سەیر لنیشانە غەرەض

٨ خالین مدەووەر فلفلین ماوەر ژبسکان لی وەرین
زولفین پەریشان تینە مەست بیهنا بیها وانە غەرەض

٩ دل‌گرت بداما سونبولان بەرداو دیسا حەبس‌کر
میرە کو ئەو هەردا ئیما گرتن‌و بەردانە غەرەض

**١٠ زان عیشوەیان دل هەرشاند سەرتیر ژخونیٚ نەقشاند**
**لەو ئەز دبیٚم جانیٚ مەلیٚ ئیروٚ تە قوربانە غەرەض**

**مانای وشە:**

**دوعالەم:** دنیاو قیامەت؛ **رەحمان:** روٚزیدەر، ناوی خوایە؛ **ئەخذ:** ساندن، گرتن؛ **غەرەض:** مەبەست؛ **پەنگر:** پوٚلو؛ **ئیعطا:** دان؛ **گەلو:** هەیاران، ئاخو؛ **فیعل:** کردە؛ **بیهنابیها:** بوٚنی بیٚیان، بەیان.

**پوختەی مانا:**

خوا ئەیزانیٚ لەسەر دنیاو لە قیامەتیش، جوانپەرستم. لەجوانیەوە دەسکاری خوام دیٚتە بەرچاو. کەزیەی یارم ـ کە وەك کافری جلرەشن ـ ریٚز بە ریٚز، دەوری رویاندا. ئەو روخسارەی وەك نوری ئیمان روناکە، بەلیٚ کافر ئیمانگرەو ئاین بەرە.

دلٚم بوٚ ئەوینی کولٚمەی بەگرشەو ئالٚ، چزو هوٚریەو، لەسەر صەد پەنگر هەلٚدەکزیٚ. مەی ئەوینیشم پیٚدرا؛ دیارە مەبەست کەباب کردنی بو، کە دلٚ بوٚ دوچاوی مەستی بیتە مەزە. لەناو یاراندا دانیشتم. بەبیٚ ئەوە هیچمان یەکتری ببینین، سفرەی ئەوین بوٚ دلٚبەران‌و دلٚداران زوٚر بەپیتەو هەریەك جوٚریٚك رازی دەکات. ئەوان ناز دەدەن بەئیٚمەو دلٚمان دەبەن، هەر خەریکی ئەو مامٚلەن؛ ناز دەدەن‌و دلٚ دەستیٚنن. پرسیم ئاخوٚ ئاژاوە نانەوەی شوفار، زیانیٚکی بوٚ ئیٚمە هەیە؟ گوتیٚ: نا. تەنیا کاریٚکی شەیتانی‌یە کە چاو نەزیٚران فیٚری بون.

بسك‌و کەزی ـ کە وەك سونبول‌و وەنەوشەن ـ لەو باٚلا وەکو عەرعەرە. هەمیشە بوٚ دینی خاٚلان، بە تاسەن‌و بەپەلە دیٚنە سەر روخسار، تا تیٚر لە خاٚلان برٚوانن.

ئەو بسکانەی، خاٚلە وەك ئیسوٚتەکانیان، بەگولاٚو تەر کردوٚتەوە. پرچەکانیش ـ کە سەریان گەیاندوٚتە سینگ ـ بوٚ هەلٚمژینی بەرامەی مەمکی وەك زەردەبیٚ هاتون. دلٚم بەبسکانی دەگریٚ‌و بەری‌دەداو دیسانیش دەیگریٚتەوە. میرایەتی خوٚی دەنویٚنیٚ، کە خاوەن بگرەو بەردەیە. بەناز دلٚی هەنجنیوم. تیری بەخویٚنم شەلاٚلن. بوٚیە دەلیٚم گیانی مەلا، توٚ ئەتەویٚ گیانی مەلا قوربانت بی‌و دلٚشادم بە قوربانتبم.

# «جنّة المأوی»

١ یارَبْ این گُلدَستەیی یا نَرْگِسِ رَعْنا است این
سَرو گُلْشَنْ یاألِفْ یاقامتِ رَعْنا است این

٢ این مَلَك یاشاهدِ قُدسی است یا ماهِ فَلَك
حور یاروحُالْقُدُس یا نورِ چَشْمِ ما است این

٣ کَوْکَبِ صُبحَ است یاخورشید یادُرّ یَتیم
یا تَنِ سیمین بَرَاسْتْ یا گَوْهَرِ والا است این

٤ عارِضَ است این یا شُعاعِ شَمْس یا بَدرِ مُنیر
لاله یانَسرین‌و گُل یا بادهٔ حَمْرا است این

**مانای وشە:**

**این:** ئەمە؛ **گُلدَستَه:** چەپکەگوڵ؛ **قامَت:** بەژن؛ **ماهِفَلَك:** هەیڤ؛ **روحُالْقُدُس:** جوبرائیل؛ **کَوْکَبِصُبح:** ئەستێرەی کاروان کوژە؛ **دُرِّیَتیم:** مرواری تاقانە؛ **تَنْ:** لەش؛ **سیمین:** زێوین؛ **بَرْ:** میوە؛ **بَرْ:** سینگو بەروك؛ **والا:** جێگەورە؛ **عارِض:** لارومەت؛ **شُعاع:** پرشنگ؛ **مُنیر:** روناکیدەر؛ **لاله:** گوڵە مێلاقە؛ **حمرا:** سور؛ **است:** پاشبەندی خەبەردانە، وەك «س» کوردیوایە؛ **این است:** ئەمەس.

**پوختەی مانا:**

ئەی خوایە! سەرم سوڕماوە؟ نازانم ئەوەی دەیبینم، یارەکەمە یان چەپکە گوڵ؟ یان نێرگزی شلكو بەلارو لەنجەیە؟ ئەو باڵایە، سەوڵە لەناو باغ رواوە؛ یان پیتی ئەلفە وا راستە؟ یان، بەراستی هەر بەژنی یارەکەی منە کە لە دنیادا تای نیە؟ ئاخۆ ئەمە فرشتەیە؛ یان، دڵبەرێکی پیرۆزی خودایی‌یە؟ یان هەیڤە لەعاسمان دیارە؟ نازانم حۆری بەهەشتە، یان فرشتەی وڵام بەرە،

یان هەر سۆمای چاوی خۆمە؟ ئەستێرەی کاروان کوژەیە؟ یان خۆری بەتیشك و تاوە؛ یان مرواری تاقانەیە یاخۆ لەشی میوە زێوەو بەروی وەکو زێو، دەتروسکێ؛ یان هەر پرشنگێکە لەخۆر. یان مانگی چاردەی بەترێفە؟ لێوەکان و سەری کوڵمە ئاڵەکانی و سپی لاجانگ؛ گوڵی گوڵاو ونەسرین و مێلاقە نە؟ یان بادەی ئاڵ.

۵ سُنبُلِ تَر یابَنَفْشَن، یاسوسن و گُل چیچَکە
زُلف یا مُشك خُتَن، یاصورَتِ طُغراست این

٦ غمزەاین یا گَزمەاین یاتیر یاسحر حلال
ساحِر این یاچشمِ شوخِ تُرکِ بی‌پَرواست این

۷ میم یایاقوت یاسَرچشمەی آب حیات
حُقّەی دُورّدانەاین یالعل شکَرخاست‌این

**مانای وشە:**

**سونبول:** سمڵ؛ **بنەفش:** وەنەوشە؛ **سوسن:** سوێسنە؛ **گول‌چیچەك:** گوڵی پشکوتو؛ **خوتەن:** وڵاتێکە بەئاسکی میسك ناسراوە؛ **صورەت:** شکڵ؛ **طوغرا:** مۆری سوڵتانان؛ **بی‌پەروا:** بی‌ترس و گوێ‌نەدەر؛ **حوققە:** قوتولکە؛ **دوردانە:** مرواری بی‌وێنە؛ **دورّدان:** مرواری‌دان؛ **شەککەرخا:** شەکرکرۆژ.

**پوختەی مانا:**

سمڵی‌تەرە؟ یان وەنەوشەو گوڵی پشکوتەو سویسنەیە؟ یان، مۆری پرپیچو جوانی سوڵتانانە بە میسکی خوتەن نوسراوە. یان، کەزیەیە؟ شتێك وەك تیر، بەر هەناوی دڵ دەکەوێ. تیری سیلەی چاوی توێە، یان جادوی ئەو چاوانەتە؛ کە جادو لە دڵان دەکەن. وەك تورك بی‌ڕەحمو بەزەن و گوێ نادەنە هەناسەی دڵی برژاوم. دەمو لێوتە من دەیبینم؟ یان قوتولکەی لە یاقوتەو مرواری دەناو کراوە؟ یان لاڵێکە بە شەکراو ئاخندراوە. یان سەرچاوەی ئاوی ژینە؟

۸ خطّ، یاقوسِ دونون مَکتوبِ مُشك اذفَرَند
یاهلال عید یا ابروی بی‌همتاست این

۹ کوی او یا کَعبه یا بَیتُ‌المُقَدَّس یا بِهِشتْ
خُلد یا فردوس این یا جَنَّةُ‌الماویٰ است این

۱۰ هاتفِ غَیبْ است این یا تَرجُمانِ روحِ قُدُس
بُلبل شیداست در گلزار یا مَلاّست این

**مانای وشه:**

**مەکتوب:** نوسراو؛ **ئەذفەر:** زۆر بۆن خۆش؛ **کو:** کۆلان؛ **او:** ئەو؛ **خُلْد:** بەهەشت؛ **فِردَوْس:** بەهەشت؛ **جَنَّةُالمأوی:** بەهەشت؛ **هاتِف:** دەنگی بێ‌ڕەنگ؛ **تَرْجُمان:** وەرگێڕ، دەمراست؛ **شەیدا:** شێتو گەللایی.

**پوختەی مانا:**

شکڵی دونونی سەرەو ژێر، وەکو کەوان دێنە بەرچاو. خەتەکەیان ئاخۆ بەمیسکی زۆر بۆن‌خۆش نوسەراوە؟ یان نون نین‌و مانگی لەنوێن، کە مزگێنی جێژنی پێوە؟ یان خۆ بروۆ بێ‌وێنەکەی تۆنە. شوێنێکی زۆر پیرۆز دیارە. لێم گوڕاوە: ماڵی «بیت‌المقدس»ە؟ یان کابەیە؟ یان بەهەشتە؟ یاخۆ هەر کۆڵانەکەیە کە ماڵی ئێوەی تێدایە؟ گوێم لە دەنگێکە زۆر خۆشەو خاوەنی دەنگ ڕەنگی نیە، فرشتە لە نەدیارەوە بانگ دەکا؟ یان وەرگێڕی فەرمایشتی جوبرائیلە؟ یان بولبولی لێ‌شێواوە لە گوڵجارا شیوەنیەتی؛ یان هەر مەلاکەی خۆمانەو شیعری خۆی دەخوێنێتەوە؟

شیاوی‌باسە: شیخ عەبدورەحمانی جامی (٨١٧ - ٨٩٨ کوچی) قصیدەیەکی وای‌هەیە کە شاعیر تەواو داویەتە سەر شوێپی‌و دەمەلاسکەی کردۆتەوە.

سەرەتای قصیدەی «جامی» بەم دو لەتە دەس پێ دەکا:

عارِض‌اَستْ این یا قَمَرْ یا لالهٔ حَمْرا است این

یا شُعاعِ شَمْسْ یا آیینهٔ دِلْها است این

بەم بەیتەش دوایی پی دێنێ:

قُمریِ باغِ جِنان یا بُلْبُلِ بی‌خانُمان

طوطیِ شکَّرشِکَنْ یا «جامی» شیدا است این؟

# «هەرتۆم بەس»

١ کەس نەدیە سەحەرگەھ کو چنازك وەرەسی تو
مە ژبەلگی گولو نیرگزی سەرمەست بەسی تو

٢ زانم نەتنیٚ کو یەدی بەیضا تو ددیٚری
وەر خوەش کە شەهیدیٚن خوە کو عیسا نەفەسی تو

٣ روحی‌تو نە جیسمی ژجەمالیٚ ب چئیسمی
رەنگ رەنگ تبی کەشفو شهودیٚ چکەسی تو

٤ روٚژیٚ تو لشەرقی بجەمالا خوە دبەرقی
بالله کو ژسەرچەشمەیی ئەقدەس قەبەسی تو

٥ بالله ژچنوری‌و تەجەللا لچطوری
گەگە لسەرا پەردەیی جان مولتەمەسی تو

**مانای وشە:**

**وەرەس:** گولیٚکی سورە، بوٚ رەنگ دەکار دەکریٚ؛ **یەدی بەیضاء:** دەستی سپی کە موجزاتی موسا پیٚغەمبەربو؛ **تبی:** دەبی؛ **شهود:** حازری، دیاری؛ **چەشمە:** چاوە، چاوەی ئاگر یان ئاو؛ **قەبەس:** بزوت؛ **ئەقدەس:** هەرە پیروٚز؛ **مولتەمەس:** داواکراو؛ **روحُالقُدُس:** فرشتەی ولّامبەر.

**پوختەی مانا:**

وەك من توٚم دی لە بەیاندا، کەس نەی‌دیتوی. کیٚ دەزانیٚ توٚ گولیٚکی چەند ناسکی؟ لە پەڕەی‌گولّو نیرگسی کالّو مەستەچەم، وازم هیٚناو هەر توٚم بەسی. من دەزانم دەستەکانت وەك دەستە سپیەکەی موسا، موجزاتن، بوٚ ئەوانەی پیٚت کافرن. بەلّام دەشزانم هەناسەت وەك

هەناسەی عیسا وایە؛ مردو زیندو دەکاتەوە. دەسا وەرە کوشتەی چاوە مەستەکانت بە هەناسێك زیندو کەوە.

تۆ چیت؟! تۆ وەك ئێمە لەش‌نیت. تۆ گیانێکی لەجوانی دروس کراوی‌و نازانم ناوت بنێم چی؟ ناو بۆ لەشـــان دیاری دەکرێ. گیان هەر گیانەو ناوێکـــی تایبەتی نیە. مەگەر پێت بڵێم: گیانی جوان. تۆ هەردەمەی بە رەنگێك خـۆت نیشـان دەدەی. کێ دەتوانێ بێژێ من ئـەو گیانەم دیوە؟ چوزانێ خـۆت نەگۆریوە. هەر تۆی رۆژێ لە خـۆرهەڵات سـەر دەردێنی‌و تیرێژو بریقـــەت هەیە. سوێندێ دەخۆم، تۆ لە چاوگەی هەرە پیرۆزی بارەگای خـودای مەزن، گڕە بزوتی‌و هاتویە سـەر دنیایە؛ تا دڵ‌وگیانی دڵداران بسوتێنی، تۆ بیوخـودا، با بزانین تۆ چـۆن رۆشـنی‌و نورێکـی؛ لەکام چیای تور خۆت دەرخست. گەلێك جـاران لە بارەگای گیانی گەورە تۆیان دەوێ. ئـاخۆ تۆ خـۆری عاسـمانی، یان فـرشتەی. هەر نەمزانی. حـۆری، لە رەگەزی پەری، یان فـــرشتەی وەڵام بەری خودا، خۆتی؟

٦ جانا جەرەس‌و رەهبەری عیشقاتە ئەزم قەط
ئاگە بفغان‌و حەرەکاتی جەرەسی تو

٧ مایەك نەفەسەك من دبتن بی‌تو وجودەك؟
دێ بێ تەچبم؟ هەم تو، رۆحی هەم نەفەسی تو

٨ عیشقاتە مەگۆ زێر صیفەت زەر دکرین گۆ:
ئیکسیرە ئەوینامە بیعەینی‌و مسی تو

٩ من‌گۆ ژنیگاران تو گولی‌بەس بشکوەبە
زانم نەموحیب هەر نەکەس‌و خارو خەسی تو

١٠ ئەی حور سرشتی لمە خۆش مەی وەتە بەرکر
جەنناتە ویصالا مەوو ئاتەش پەرسی تو

١١ من‌گۆ دشەڤان شوبهی نوجومان بطەوافین
گۆ عیشوە دزانن بچقەستو هەوەسی تو

١٢ من‌گۆ مەبتیغان ڤەدی ناکن ژدەرێ تە
گۆ ئەم ژنەباتین‌و لطەبعێ مەگەسی تو

١٣ من‌گۆ ژکەمەندا سەرێ زولفاتە ڤەرەستم
پەروازی لەبی لەعلی‌مە گۆ گەر قەرەسی تو

## ١٤ یەكدەم ڤە نەهیشتین تە دهامونی فیراقێ
## بێ هەمدەمی دەردان گۆ: چفەریادرەسی تۆ؟

**مانای وشە:**

**رەهبەر:** بەڵەد؛ **شكوە:** گەورەیی‌و جەلال‌و شەوكەت؛ **وەتەبەرگر:** وا لەپێشت داناوە؛ **جەننات:** باغات؛ **جەننات:** بەهەشتان؛ **نوجوم:** ستارەگەل؛ **ڤەدی‌ناكن:** دەرناكەن؛ **ڤەرستم:** رەها بوم؛ **پەرواز:** كەنارە؛ **هامون:** بیابان.

**پوختەی مانا:**

گیانە جوان‌و ئازیزەكە! من بومە زەنگوڵەی كاروان، بومە شارەزای سەر رێگە. تۆ هیچ ئاگات لە هاوارو بزوتنی منی ژاری دڵدار هەیە، كە باسی جوانی تۆ دەكەم‌و رێرەوان بەهۆی منەوە شارەزای دڵداری دەبن؟ تۆ دەزانی من بەبێ‌تۆ تاوێك ناژیم‌و تۆ شك‌نەبەم، منیش هەرنیم؟ تۆ هەم‌گیانی هەم هۆی هەناسەدانمی.

گوتم: ئەوینی باڵاكەت، رەنگی وەكو زێڕ زەرد كردم. گوتی: ئەوینی باڵای من، وەك ئیكسیرەو دیارە تۆی مس دەكاتە زێڕ.

گوتم: لەناو دڵبەران‌دا، هەرتۆی گوڵی هەڵبژاردەم. یاخوا هەر گەش‌و بەشكۆ بی.

گوتی: دەزانم ناتەوێ ئەوینداری ناكەس‌و درك‌و پوشان بی. من گوڵم‌و گش دڵبەری تر، لەچاومن پوش‌و پەڵاشن.

گوتم: هۆی بەچكە حۆریەكە، بادەی خۆشت لەپێش دانام. چۆن رەوایە بیخۆمەوە؟

گوتی: لە رێگەی دیدارم، ئەگەر ئاگر بپەرستی وەبزانە چویتە بەهەشتێ.

گوتم: شەوانە تا بەیان، وەك ئەستێران چاو لێك نانێم؛ لە دەورەی بارەگاكەی تۆ هەر خول دەخۆم.

گوتی: نازی من دەزانێ تۆ لەم گەروشەو بێداریە چیت گەرەكە؟

گوتم: بەتیخ‌و بە چەقۆش، كەس ناتوانێ لە دەرگای تۆم دورگاتەوە.

گوتی: بەڵێ من شەكرم‌و تۆش خۆت لێ كردوم بە مێش‌و دەورم دەدەی.

گوتم: ئۆخەی لە كەمەندی كەزیەكانت رزگاریم هات.

گوتی: ئەگەر لە كەنارەی لێوی ئاڵم رزگاریت بێ، سەز دەردەكەی.

گوتم: من لە بیابانی دوریتدا مابومەوەو بە هاوارمەوە نەهاتی.

گوتی: یەكدەم نەم هێشتوە بێهاودەم بی. دەردو داخم بۆ كردبوی بە خەمرەوێن، لەو چۆلگەیە. چۆن دەڵێی فریارەسم نیت؟

١٥ من‌گۆ: ژدلی شوبهی بخور خوەش ته بکەرکر
کەرکر بدولەعلێن خوه شەکەر، گۆ: عەدەسی تو

١٦ من‌گۆ: لروخانین نەکو کەچرەو وەکو فەرزین
شاه گۆته مه: کش، مات، لبازی فەرەسی تو

١٧ من‌گۆ: ژقەدیم ئەز مەیی عیشقاته دنوشم
گۆ: من ژعوشاقان نەتنێ مەی تەلەسی‌تو

١٨ من‌گۆ: دشەڤان شوبهی شەمالان وه دصوژین
پەروانه صیفەت جاهەرە، بێ‌صەوت‌و حیسی‌تو

١٩ من‌گۆ: بەصەرو قووەتی سەمعامه تویی، گۆ:
زانین ته ئەمین روح‌و موجەررەد قەفەسی تو

**مانای وشه:**

**بخور:** ئەوەی بۆ بۆنخۆشی دەسوتێ؛ **عەدەس:** نیسك، بۆ پیاوی بێ ئەمەگ دەڵێن وەك نیسکی بێ بەرو پشتەو بەقای نیە؛ **روخ:** قەڵای شەترنج؛ **رەخ:** کەنار؛ **فەرزین:** وەزیر لە شەترنجدا؛ **شا:** داشە زلەی شەترنج؛ **فەرەس:** ئەسپی شەترنج؛ **کش:** بروٚ؛ **مات:** بێ‌بزوتن؛ **مات:** مرد؛ **تەلەس:** سەرخۆشی کەلەلاو بێحاڵ؛ **جاهەرە:** دەسا بچۆ بەولاوە، دەبروٚ؛ **قوەت:** هێز؛ **سەمع:** بیستن.

**پوختەی مانا:**

گوتم دڵمت بۆ لەت لەت کرد؟ بۆ بخوری کوڕی یەزمت بەکار دەهات؟

بە لێوی ئاڵ، شەکری شکاندو پێی فەرموم: تۆ وەك نیسك هیچ بەرو پشتت بۆنیە. من چاکەم دەرباره کردوی کە دڵتم هەڵبژاردوە لەتلەتی کەم. تۆ بەوچاکەیە نازانی‌و هاتوی گلەییم لێ‌دەکەی؟!

گوتم: من لە دڵداری تۆدا وەك قەڵای شەترنج راست دەروٚم‌و جێگەم لەکەنار گرتوە. نەك وەك وەزیر راستیش بچم خواریش بروٚم.

ئەو شای کوٚمەڵی جوانانە دەری کردم. پێی گوتم: کش. تۆ هەر بۆ مات‌و کز بون‌و مردن‌و لەناوچون دەبی. چونکە وەك ئەسپی شەترنجی، لەسەر خەتی خۆت باز دەدەی. دڵدار ناشێ گلەی هەبێ‌و خراپەی دڵداران بڵێ.

گوتم: زوٚر لە مێژینەوە من فێری بادەی ئەوینتم. هەر بادەی تۆ دەخوٚمەوە.

گوتی: دڵداری من زوٚرن؛ لە مەستی بادەی ئەوینم بونە سیپاڵی مەیخانە. هەر تۆ نی، تا خۆت هەڵکێشی.

گوتم: شەوان وەکو موٚم سەرم بەگڕەو بۆت دەسوتێم.

گوتی: دەبڕۆ توش هەر وەکو پەپولە وای؛ هیچ دەنگو هاوارت نیە. پێم خۆشە دڵداری سوتاو لەئەوینم، هاوار بکاو ناڵەو گاڵەی شایەتی ئەویندارى بن.

گوتم: تۆ سۆمای چاوانمی. هێزی بیستنم لەتۆیە.

گوتی: دەزانم من گیانم لە لەشتداو تۆ قەفەسێکی گڵینی.

**تێبینی** = هەرکەس توزێك شیعرناس‌بێو ئەو دوقەصیدەی خوێندبێتەوە کە بە (جاناژجەمالاتە موقەددەس قەبەسم ئەز)و (وەرەجانم کوچنازك وەرەسین) دەست پێ دەکەن. دەزانێ ئەم شیعرانەی لێرەدان هی‌مەلانیەو هی‌کابرایەکە دەمەلاسکەی مەلای کردۆتەوەو نەشی پێکاوە ـ هەژار.

# «چاوی دەرەش»

١ دلبەری سەرداری خوبان ئەز نزام ئاگە هەیە
عارفە بحالی قلوبان عالمە بحالی مەیە
٢ عالمە بداغی فوئادان گەزمەیین‌وان نون‌و صادان
چونە دل حەتتا پەرادان یەنگی‌یی رەش گوشەیە
٣ گەزمەیین وان صادو نونان ئاورین ئەسوەد عیونان
رادکن ئەو قەتل‌و خونان من دیەو دل شەهدەیە
٤ لازمە لسولتان‌و میران پورس‌کرن حالی ئەسیران
ئەم کرین ئامانجی تیران سوختەیین دەرماندەیە
٥ هیژ نزانم میر دبیرین زانت‌ئەم‌سی‌سال‌ئەسیرین
چەهڤنیر پرسەك ئەمیرین لەو بروحم‌و شەفقەیە
٦ پور دبیم شەفقە لباله عارفەو صاحیب کەماله
جارنان بینە خەیاله پرس بکت چی لی‌هەیە
٧ شەفقە کت جارجار نهینی تولەیی ئاستان ڤەخونی
داڤەکەم داغا ببینی نارو پیت‌و شوعلەیە
٨ دابزانت پیت‌و نارم کوشتی‌یی جوهتی خومارم
موحبەتی صوهتم بوارم لازم ئەو زانت وەیە
٩ عالمە بدەردو برینی مادەما دیدارو دینی
خەف دبت رەمزا ئەوینی ڤی بزان بی شوبهەیە
١٠ هەردەما دلبەر دیاربت جان‌و دل تیك تاروما بت
دی چرەنگ موحبەت ستاربت خەف کرن بی فەیدەیە

**مانای وشه:**

**فوئاد:** دڵ؛ **بوار:** پشو لەسەر خۆ، رازی؛ **بوارم:** بواردمی.

**پوختەی مانا:**

ئەو دڵبەرەی سەرداری هەمو جوانانە، ئاخۆ بەحاڵی دڵیمە ئاگاداره؟ دەزانێ داخمان لە دڵەو، تیری بروو چاوەکانی هەتا پەڕان، لەناو دڵماندا جێگیرەو لە گوشەی کەوانی یەنگی هاوێژراون. تیری چاوو بروێان‌و ئاوڕی چاوی ڕەشی ئەو، پیاو دەکوژن‌و، خوم بەڵگەی ئەوقسەی خوممم، کە کوژراوی ئەو چاوانەم. منی کردە نیشانەی تیر؛ منی سوختەی ژارو فەقیر. ئەو ئەمیرە دەبو لەحاڵم بپرسێت؛ چاوەنوڕی ئەو پرسینەم. دەزانم بەزەیی هەیە. زانایە، لە دەردی من شارەزایە، هەر جارێك بێمە خەیاڵی، بپرسێ چیم لێقەوماوە، وەك سەگی ئاسانەکەی خوی، بانگم بکا، تاجێ داغی لەشم ببینی‌و بزانێ بە گرپەو پوڵوی ئەوینی ئەو بومە قەقنەس. کوژراوی چاوی خومارم. سوتاوم‌و پشو لەسەرخوم. بەڵام هەرکەسێ بەبینێ، دەزانی من ئەویندارم. چونکە هەرگا یار دەبینم، گیان‌و دڵم بەرباد دەبێت.

| | | |
|---|---|---|
| ١١ | هەردەما مەحبوب ظهور بت | زێدە مەظهەر بێ قصوربت |
| | دێ تەجەللایەك لطور بت | بەرقی لامیع جەذبەیە |
| ١٢ | جەذبەیێ دل ژوجود بر | خەفژبەرعەینی حەسود بر |
| | من دمیحرابێ سجود بر | لێ حەجەر نیشانەیە |
| ١٣ | سەجدەیا بەرنون‌و دالان | من‌طەوافا زولف‌و خالان |
| | ئەڤبەسنەصاحیب جەمالان | دابچین لێ عومرەیە |
| ١٤ | ئی یەکی صادق حەبینی | بێحیجاب گەر ئەو ببینی |
| | ما لهشیاری دمینی | سەرخوەشی بێبادەیە |
| ١٥ | عیشقە طوغرایا نهینی | هەردەما مەحبوب دبینی |
| | دێ بدل لازم بخونی | ئەڤ چئیسم‌و نوسخەیە؟ |
| ١٦ | لامیعا وێ حوسن‌و نورێ | گەرچی‌دل‌تی،شوبهی‌طورێ |
| | باطینا نایێ ظهورێ | لێحیجاب‌و پەردەیە |
| ١٧ | عارفن مەعنا شوناسن | لێ بصەد صورەت لیباسن |
| | غەیری‌مەحبوب‌وان‌نەناسن | خەف ژوان زانی مەیە |
| ١٨ | ئی لمن یەنگی کشاندی | صەدخەدەنگ قیرا ڕەشاندی |
| | دل ژدەربێ هەرشاندی | ئەز کری ئەختەر مەیە |
| ١٩ | لازم ئەو زانت بحالی | دلبەرو یاری موالی |
| | گەزمەیین‌قەوسی هیلالی | دەرب لنیڤا سینەیە |
| ٢٠ | هیژ دبینم مەحبوب نزانی | من ئەوە روحا گیانی |
| | پرس نەکر بیرا خوە نانی | ئەڤ چرا پەرکەندەیە؟ |

**مانای وشه:**

**ئەخترمە:** یەخسیر، چۆڵەچرا، یەلموم؛ **موالی:** دۆست.

**پوختەی مانا:**

هەرکاتێ یار خۆ دیاربکا، دیداری بێ کەمایەسی، کیۆی طوری پێ دەسوتێو، پیاو دەچێتە حاڵی جەزمە. جارێ یارم خۆی نیشان‌دام، تەواو دڵی لەناو بردم نەشی هێشت شوفار بزانن. خاڵێکم لەبەر بروی دیت؛ سوژدەم بوبرد. لە دەورەی خاڵانی گەڕان؛ دەوری بسك‌و کەزیەکانی پیاوی پێ دەبێتە حاجی‌و عومرەی خۆی بەجێ هێناوە.

دڵداری راست، ئەگەر ئەویارە ببینێ، لێت رون‌بێ هۆشی نامێنێو بادەی ناوێ، سەرخۆش دەبێت. ئەوین موری لای خودایەو هەرگا یارت لێ دیاربێ، دەزانی کاری خودایی چەند جوانەو خودا چەند جوانە. تروسکەی جوانی خودایی، هەرچەند خۆی نیشان دڵ دەدا، بەڵام بەچاو نابیندرێو پەردەی بەسەردا کشاوە. دڵدارانی زۆر دڵ وشیار، ئەو تیشکەی خوایە دەناسن. با لەصەد لیباسیش‌دا بێت؛ ئەوانە گوێ نادەن بەجل، هەر تەنیا دڵبەر دەناسن. منیش لەوانم زانیوە کە یاری بەراست کامەیە. یارەکەی من ئەو کەسەبو، کەوانی لەمن کشاندو صەد تیری هاویشتە دڵمو، منی‌کردە یەخسیری خۆی. دڵبەرم ـ کە دۆستی خۆمە ـ دەزانێ چیم لێ قەوماوە. کەوانی مانگی بروکەی تیریان لەنێوان سینگم‌دا، هێشتان دەڵێم دڵبەرم خەبەردار نیە. ئەودڵبەرەی گیانی گیانمە. چۆنە نەهاتۆتە بیری بڵی فڵان بۆ ئەوەندە پەرێشانە؟

| | | |
|---|---|---|
| ٢١ | چەندەکی تاقەت ددێرم | بمغوبار بەدرێ، قەشێرم |
| | گەر ژچەهڤان ئەز بوێرم | من زەنەخدان تەڵبەیە |
| ٢٢ | دابنوشم من ژلیڤێ | ماوەرا رەیحان‌و سیڤێ |
| | لوئلوییێن شەککەر دنیڤێ | ئابی حەیوان چەشمەیە |
| ٢٣ | چەشمەیا ئاڤا حەیاتێ | شەربەتا قەندو نەباتێ |
| | من لداغان ئەو موفاتێ | جان ژبۆ شوکرانەیە |
| ٢٤ | لەو وەکو سەوداو دینم | هەردەما دیمێ دبینم |
| | دین دبم، حەیران دمینم | موشتەری یا زوهرەیە |
| ٢٥ | شەمس‌دنیڤ‌بورجاشەرەفدا | صەدکەواکیب چار طەرەفدا |
| | موشتەری هاتی برەفدا | ئیستیوا چو قیبلەیە |
| ٢٦ | ئافتابی دەستیوایێ | ئەززبەرضەرب‌وجەفایێ |
| | جان‌فیدا تێمە لیقایێ | شوبهەتی پەروانەیە |
| ٢٧ | من توی مەقصود ژژینێ | من ژبەر مەوجا ئەڤینێ |
| | صەد دکم دیدارو دینێ | مەظهەرە بەس زێدەیە |
| ٢٨ | روهنی‌یا چەهڤێ نەبینان | مرشیدی مەجذوب‌و دینان |

| | | |
|---|---|---|
| | داروی دەردو بریتان | من طەلەب دینا تەیە |
| ٢٩ | بینەپێ نازك موبارەك | دەینەسەرچەهڤێن مەبارەك |
| | من‌جروح‌خوەش‌بن‌بجارەك | روهن‌ببن پێ دیدەیە |
| ٣٠ | بین کەفا نازك ژنورێ | تللی‌یین جاما طەهورێ |
| | بیهن ژماوەردو بخورێ | من زیارەت تەوقەیە |
| ٣١ | دالسەر چەهڤان بمالم | بولبولی وەردێن بخالم |
| | جارەکێ روحمێ که ظالم! | شەفقە خوی. حەقی وەیە |
| ٣٢ | ئەر نەکی رەحمێ‌تە میرۆ | دی‌چبت حالێ‌مە ئیرۆ |
| | قەط نەبی جارەك ئەسیرۆ | گرتی‌یێ سی‌سالەیە |

**مانای وشە:**

**زەنەخدان:** چەنە؛ **موفا:** چارە؛ **رەف:** پۆل؛ **دەینە:** دای‌بنێ؛ **کەف:** لەپ؛ **تللی:** قامك؛ **تەوقە:** ئاوات، تەوەقوع؛ **میرۆ:** ئەی‌میر.

**پوختەی مانا:**

بە هەمو توانا دەکۆشم بیمە تۆزی سەر ریگەت‌و مانگی روت لەروی شوفاران داپپۆشم. ئەگەر لەترسی چاوانت بەمۆیرایە، دەم‌گوت چەنەشت ببینم. خۆش‌بو، لە ریحانەی بسکت ـ کە وەکولمی وەك سێوی سورت دەکەوێ ـ و لەو لێوە وەکو شەکرانەت ـ کە مرواری ددانیان وەبن خۆداوە ـ فریکم هەلبمژیایە ـ کە وەك ئاوی ژیان وایەو بۆ هەمو داخان دەرمانە ـ بەگیان سوپاسم دەکردی. هەتا روخسارت دەبینم، هەر شێت دەبم. سەرگەردانم، نازانم کام ئەستێرەیە؟ موشتەری‌یە یان زوهرەیە، یان رۆژە لە بورجی شەرەف، دەستو پێوەند وەك ئەستێرە لە چوار تەرەف، دەوری داوەو موشتەریش دەگەڵ ئەو پۆلە هاتوتە سەیرو تماشاو رۆژ راستەریگەی ون‌بوەو، لەلای قوبلەوە دیار ئەدا. من گوێ نادەمە ئازاران. گیان دەکەمە قوربانی دەمی دیدارت. وەك پەپولە لە دەوری گرت دەسوتێم. هەر تۆی ئاواتم لە ژینا. دەریای ئەوین شەپۆل دەدا، بەئاواتم صەدجار چاوم پێت بکەوێ‌و دیارە زۆر زیادم ئاواتە. تۆ سۆمایی چاوی کوێری، رێ‌شاندەری شێت‌و جەزمە لێهاتوانی، دەرمانی هەمو دەردانی. بۆیە دەمەوێ بتبینم. عەرزت‌بکەم لاقت لەسەر چاوم دانێ، تا برینم چاك ببنەوەو، چاوم رۆشنتر بێتەوە. لەپی دەستت رابکێشە با ئەو قامکە ناسکانەی بادەی بەهەشتێ دەگێڕن‌و، بۆنی بخورو گوڵاویان لێ‌بڵاوە؛ زیارەت بکەم؛ بەسەر چاومی‌دا بماڵم. من بولبولی پەری‌کولمی نەخشێنراو. بە وردەخاڵم. بێ‌ئینصاف دەسا بەزەت بێ، بەزەیی ئاکاری خۆتە. ئەگەر بەزەت پێما نەیە، من چۆن بژیم؟ قەت نەت فەرمو ئەو ئەسیرەی سی‌ساڵە لە بەندی مندا، حاڵی چۆنە؟

٣٣ شون جیهی پەیکان و نەصلیٚ ژتلیین یاقوت و فەصلیٚ
ئەر نەکی دەرمان بوەصلیٚ ضەربی تیرو گەزمەیە

٣٤ گەزمەیین یاری کوباقیٚ نەژمەی و قەندو گولاقیٚ
بیٚت دەواکت وان دگاقیٚ ما حەیا تەك لیٚ هەیە؟

٣٥ نە تنیٚ قەندو نەباتی مەظهەری روح و حەیاتی
هەم بت و عوززاو لاتی لەو مە دل بتخانەیە

٣٦ خوٚندی لاتی ئازەری تو بیٚ چشیرین دلبەری تو
هەرجیهیٚ لیٚ بیٚوەری تو بیٚ خیلاف ئەو کەعبەیە

٣٧ ما دبت بیٚخن خیلافیٚ سەرددت باقیٚ نیصافی
ئەربکی بیٚمە طەوافیٚ من بئەسوەد سەجدەیە

٣٨ دا زیارەتکم نیشانیٚ بەر زوحەل بیتن قیرانیٚ
تولەیم سەر لاستانیٚ چەهقنیری موچەیە

٣٩ ما بزەهری شەککەرینی موچەدا دیٚ خەف بخونی
دا رەقیب مەلعون نەبینی پورٚ (عَلَیْهِ اللَّعْنَه) یە

٤٠ گەر ببەخشی دل مورادیٚ ژەو حەیات و خەمرو بادیٚ
دا نەکم گللەهو دادی دادمە دیسا بەرتەیە

٤١ گوهبدە گلەهو دادان حاکمی شەرع و بیلادان
دی تو داخوازو مرادان دی کەسی بیٚچارەیە

٤٢ دی تو دیساشەفقەتی کی بەو نیشانا جەبهەتی کی
مەژ حەریمین خدمەتی کی مەحرەمین بیٚ پەردەیە

٤٣ بیٚ نیشانین مە نیشان کی ماهو خورشیدیٚ قیران کی
بەندە کەلبیٚ ئاستان کی دور نەکی خوەش تولەیە

٤٤ دادەما صوحبەت بجوش بیٚ جام بخوەش لەعلان بنوش بیٚ
مەژ حەبیب صەددەنگ سروش بیٚ دین بەرو پورٚ عیشوەیە

٤٥ شەربەتاویٚ جام و طاسی یار کوتیٚ بیت ئینعیکاسی
بیت مەژی فەیضەك ژکاسی ئابی حەیوان ئەو بخوەیە

٤٦ ئی ژویٚ ظەرفیٚ قەخاری خوٚندی ئەو خەطی غوباری
مەستی یا چەهقیٚن خوماری قەنج دبیٚ ئەو زیٚدەیە

٤٧ من لدل تیرەك موغول دی تیٚك ژبەر خونیٚ قزل دی
لیٚ دبیم دەردیٚ کودل دی هیٚژ ژچەهقیٚن شەهلەیە

٤٨ روهنی یا چەهقیٚن مەلایی خالقی حوسنا تەدایی
حوب تنیٚ دامن گەدایی حوسن و حوب یەك چەشنەیە

٤٩ دیتی یە نورا یەقەق مە صەد نەسەق لەوتین سەبەق مە
پورٚ نەبی ئەرزان لحەق مە لیٚ مەلا خوەش بەندەیە

**مانای وشه:**

**نەصل:** سەرەرم؛ **فەصل:** بەند، بەندی ئەنگوست؛ **خـۆند:** خـاوەن؛ **بێوەری:** جـێگیربی؛ **نیصـاف:** ئینصاف؛ **موچـە:** جیرە؛ **زەهر:** دەم، زار؛ **گللە:** گلە، شکـایەت؛ **بلادان:** وڵاتان؛ **حـەریم:** مەحـرەم؛ **ئینعیکاس:** تیشکدانەوە؛ **خەطی غوباری:** شێوە خەتێکی زۆر وردە.

**پوختەی مانا:**

جێ سەرەتیرو رمبم لێن، ئـەگەر بەو بەندی قـامکانەی یاقـوتیانەت هەتوانی لەسـەر دانەنێی و، لەبادەو قـەندو گوڵاوی لێوەکانتم دەرخـوارد نەدەی، ـ کە چـابونم یەکاوەیەکە ـ تازە ناژیمەوەو دەمرم. تۆ نە هەر قەندو نەباتی، تۆ گیان‌و ژیانت لایە. تۆ بوتی، تۆی گەورەی بتی ئـازەری مامی برایمی. تۆ لەدڵمای. دڵم بویتە بتخانەیەك. تۆ هێند جوانی بچیە هەرکوێ ئـەوجیگـایە کابەیەکە. هەرکەسێکی ئینصافی‌بێ، دەزانێ ئەم قسەم راستە. ئەگەر چی وەك زوحەل شـومم، ریگـەم بدە خاڵت ماچکەم، با بڵێن زوحەل لەگەڵ رۆژ بەرانبەر بون. تولەی تۆم سەر لەبەر دەرگا، چـاوە نوڕم جیرەم دەیتێ. بەزارە شیرینەکەی خۆت، بانگم بکە بەدزیەوە، با شـوفار بەڕاز نەزانێ؛ خـودا وەبەر نەحلەتی خا. ئەگەر لەو ئاوی حەیاتەو لەو بادەیەی لێوەکانتم، پێ ببەخشی‌و، دڵم بە ئارەزو بگات، شکات ناکەم. شکاتیشم هەر لای خۆتە. خۆت فەرمانرەوای وڵاتی، هەر تۆی مراد پێك هێنەری. منیش بێکەسو بێچارەم. بەزەت هەبێ، سوێندت دەدەم بەو خـاڵانەی لە هەنیەتن. وابکـە لە ماڵدا مەحرەم بم، خۆتم لەبەرچاو ون‌مەکە. هەنیەو روخسارت بەجوتە بێنە بەرچـاو، واتا خـۆرو مانگـی تەواو، بەرانبەرن. من بکە سەگی دەرگای خـۆت، سـەگی چـاکم. تا ئـەگەر بەزەت گەرمبو، بەو لێوانەت بادەت فڕ کرد، گوێم لە دەنگە خـۆشەکەت بێ ـ کە وەك دەنگـی جـوبرایلە ـ نازی زۆرت دینم دەبات. ئەگەر وێنەت لە کاسەی مەیدا ببینم، بەهرەی بۆمن یەکجار زۆرە، وەکو ئاوی ژیانێ وایە. هەرکەس لەو دەفرەی خواردەوەو، خاڵ‌و میلی وردی تۆی بەچاوانی دیت ـ کە وەك خـەتی زۆر وردی هونەراوی وان ـ لە دیتنی چاوت مەسـتبو، باوەر دەکا کە بادەی تۆ، لە ئـاوی حـەیات زیاترە.

تیرێکی دەستکاری مغول، لە دڵی‌دام. خـوێنی گەشـم لەبەر هەڵنیشـت. بەڵام دەڵێم: ئـەو خوێناوە، لەو چاوە کاڵەی تورایە، دڵی من هەڵی هێناوە. روناکایی چاوی مەلا! خودا ئەو جوانیەی بەتۆدا، بەمنی گەداش دڵداری دا. جـوانی‌و دڵداری چـون یەکن؟ من نوری زۆر سپیم دیوە، زۆر ریك‌و پێك بەرەو من بەپەلە دەهات. هێندە بەهیچم مەزانە، مەلا کوێلەیەکی باشە.

# «گوڵی بێ دڕک»

١ ئیرۆ مەدی وەقتی سەحەر — ئەو دلبەرا سوندوس دبەر
دەیسا دلەبسێ صۆرو زەر — نورەك مونەززە بو بەشەر
بسکێن سیاه خالێن دقەر — رەش کاکولی زولف چونە سەر
ئەسوەد بو دایم سەجدە بەر — من بەستی عەقدا نییەتی
غەفلەت بسیرر من دا نەظەر — میران بقەتلێ کر غەدەر
تیردانە دل شاهی مەجەر — بێمروەت ئامانج کر جەگەر
فەریادو ئەفغان صەد کەسەر — وەصفان نەشێم لێئەوقەدەر
زانم کو رۆژبو هاتە دەر — سوبحان ژشاهی قودرەتی

**مانای وشە:**

**سوندوس:** حەریری تەنك؛ **عەقد:** بەستن؛ **نەشێم:** ناتوانم؛ **میران:** میری گەورە؛ **مەجەر:** کاکێشانی عاسمان؛ **شاهی مەجەر:** خۆر.

**پوختەی مانا:**

ئەمرۆ لەدەمی بەیاندا، دەیاری دڵبەرم روانی. بە بیچم بنیادەمێك بو؛ بەڵام ئەگەر راستت دەوێ، پرشنگی جوانی خودابو، دەناو بەرگی سورو زەردی حەریری تەنكو ناسکدا دەدرەوشاوە.

بسكو کەزیو کاکوڵی رەش، بەرەو خاڵی رەش چەمابون؛ کە وەك «حَجَرالأَسْوَد»ێ روگەی بەودمو پیرۆزە لاموابو سوژدەی بۆ دەبەن. منیش نیەتی خۆم دابەست، کە سوژدە بەرمە بەر خاڵیو ببمە حاجی. ئەو سەروەرو میری میرانی جوانانە، لە نەکاوێك گۆشەو تیلەچاوی دامن، زۆر بەناحەق فەرمانی کوشتنم دەرچو. تیری ئەو روخسار وەك خۆرە، بێ بەزەیی دامبارینێو جەرگمیان کردە نیشانە. هاوارو دادو هەزار داخ. چیم بەسەرهات، ناتوانم هەر باسیبکەم. هەر

ئەوەندەی لێ دەزانم، کە چاوم لێبو خۆر هەڵات. هەی‌نامەخوا! لە توانایی خودای مەزن. کە جوانی وای خۆڵقاندوە.

۲

سوبحان ژتە شاهی جەلال — هۆستایی پر قودرەت لبال
خاصا تەدایی ئەڤ جەمال — دیمێ ژقودرەت خەطو خال
کفش‌بو دقەوسێدا هیلال — ڤێرا مەدی بەدرا کەمال
لێبون‌نیقاب چەوگان‌و دال — وان یەك بمەستی دایە پال
لێ سەییری بایێ شیمال — پیچانە سەر نورا زولال
قەط کەس دی‌یین ئەڤ رەنگ میثال — موطریبەوەرە وەقتە مەجال
زازە بنائی‌زا بنال — ساقی وەرین خەمرا حەلال
جارەك لسەر دیمێ ڤەمال — زولفێن لدۆرا جەبهەتێ

**مانای وشە:**

**هۆستا:** وەستا؛ **لبال:** لەکن؛ **سەییری:** هەڵیکرد، رابرد؛ **زازە:** ئەی‌ساز.

**پوختەی مانا:**

خودای گەورەو خاوەن شکۆ! پاکی‌و پیرۆزی هەر بۆ تۆ. چەند وەستایەکی بەکارو دەس‌رەنگینی. ئەو خوێن‌شیرینی‌و لەباریەت بەتایبەتی دابە یارم. خاڵو میلت بەدانستە لە روخساری نەخشاندوە. مانگی یەکشەوەی بروکەی، لە بورجی کەواندا هەڵات؛ مانگی چاردەی هەنیەکەشی تیشك ئەدات. بسکی سەر وەکو کاشوێیان، پەرچوکەی وەکو دال شکاو، بونەتە پەردە لەسەر روی‌و، لە خۆشیان مەستو کەلەلا پاڵیان بە یەکەوە دابو. سروەی شەماڵێ هەڵیکرد؛ بسکی بەرەو سەری رادان. نوری پاکی خوا دەرکەوت. قەت کەس نمونەی وای دیوە؟ لێم رونە: نا. بەزمگێڕ! وەختەکەی وەختە با سازو بلوێر بناڵن. مەیگێڕ دەستت مەگێڕەوە! بادەی حەڵاڵم بۆتێکەو، هەر بەو دەستە ناسکانەت، بسکان لەسەر هەنیت لادە.

۳

زولفێن موعەنبەر کاکولین — بسکێن سیاه رەنگ سونبولین
تاتا بداڤ داڤ فەتتلین — چین‌چین بمەستی سیلسیلین
دایێ نەسیم تێك مەییلین — وی قەستە خالا فلفلین
ئەبلەق ژقودرەت خەمملین — وی بوغچەیی گول کەمملین
تێ عەندەلیب‌و بولبولین — رۆژ هاتە بورجا سونبولین
غەفلەت مەدی لەو خەجلین — مەحروم‌و مەهجور دل‌کولین
مەجروحی تیرێن قزلین — رەحمێ‌کە پور صوهتی دلین
ڤێ پەردەیێ جارەك هلین — باڤێ نیقابا ظولمەتێ

**مانای وشه:**

**فەتتلین:** لولیان‌خوارد؛ **سیلسیلین:** بونە زنجیرە؛ **مەییلین:** خوار بونەوە؛ **عەندەلیب:** بولبول.

**پوختەی مانا:**

بسکی رەشی وەکو سونبول، کەزیو کاکوڵی وەك عەنبەر، تاڵبەتاڵ لەیەکتر هاڵان‌و، مەستانەو چین لەسەر چین‌و بەزنجیرە دەبیندران. سروە لێی‌دان، خوار بونەوە. بەرەو خاڵان ـ کە لە فلفل رەشترو تیژو توندترن ـ رەش‌و سپی رازایەوە. باغچەی گوڵان بەوپەری جوانی خۆی‌نواند.

بولبول دەستیان‌کرد بە خوێندن. خۆر کەوتە بورجی سونبولەو لەپر دیتم، شەرمەزار بوم، رەنگم پەڕی. یاری روخسار وەکو رۆژم! لە دوری‌تۆ دەردەدارم، دڵ برینداروو هەژارم. تیری دوریت لە خوێنی دڵم شەڵاڵە؛ رەنگی سورە، دڵ بەگرە، وەك تەندورە، دەسا بەزەییەکت هەبێ، ئەو روبەندە لەرو لادە! با تاریکی لەسەر روناکی برەوێ.

| | | |
|---|---|---|
| ٤ | پرسێ بمیهداری خوەکە | لمەجنوبوحالداری‌خوەکە(یان،لمیهرداری) |
| | بەس قەهرو ئازاری خوەکە | قەستا برینداری خوەکە |
| | شەفقێ بدیداری خوەکە | تێك غەرقی ئەنواری خوەکە |
| | لێ ئەمرو فەرواری خوەکە | شەهیدی نوباری خوەکە |
| | گەستی‌یی رەشماری خوەکە | لەعلی شەکەرباری خوەکە |
| | بلەفظو گوفتاری خوەکە | دەرمانی کولداری خوەکە |
| | لی کەشفی ئەسراری خوەکە | مەخموری خەممارى خوەکە |
| | حەیرانی رەفتاری خوەکە | کوشتینە تیرا موجبەتێ |

**مانای وشە:**

**میهدار:** کوترێك کە دەخوێنێ؛ **میهردار:** خۆشەویست؛ **فەروار:** فەرمان: **کولدار:** خەمبار، بەژان.

**پوختەی مانا:**

پرسیارێك لە شێتو حاڵی‌هاتوت‌کە! لەوکەسەی زۆر خۆشیدەوێی وەك کوتر بوت دەناڵێنێ. بەسم غەزەبێ لێبگرەو چیدیکە ئازارم مەدە! وەرە سەر برینداری خوت! ئیجازەی بدە شەهیدبێو فەرمانی پێبدە بمرێ. رەشماری کەزیت پێوەی دات. بە لێوی شیرین‌و ئاڵت بیدوێنە. خەمباری توم، چارم بکە. لە نهێنیم ئاگادار کە. بمکە بە مەستی بادەی خوت، با لەخوتدا سەرگەردان بم. بەتیری ئەوین کوژراوم.

| | | |
|---|---|---|
| ٥ | وەر سەردە جارەك کوشتی‌یان | ئەختەر مەیین وان بەنگیان |

بەردە بملدا خەمریان بادەت سەحەر رەیحانیان
داغێن شەهیدو صوهتیان دانینە لێوان تللیان
کوژ موعجیزا خەماریان روح بێتە دیسا سەرگیان
هێژ نابرم قەط هێقیان وان شەفقەوو دلداریان
بالله ژنالو زاریان ضەربا فیراقو بیهریان
تەشبیهی توتاکێن چیان خەو ناکرین شەقتاریان
لێهێژ دخوازین شوکریان چەندی کورودین قیبلەتێ

**مانای وشە:**

**ئەختەرمە:** یەخسیر، چوڵەچرا؛ **بادەت:** بالێیدا؛ **بیهری:** بەتاسە؛ **توتاك:** مەلێکی شەوبیدارەو تابەیان دەنگیدێ.

**پوختەی مانا:**

جارێك سەری کوشتەت بدە؛ ئەسیری تازە کەوانتم. بسکت لەشان پەخش بکە؛ با با لە ریحانان بدات. قامکت لەسەر داغو برینی کوشتەی خوت بکە هەتوان؛ با گیانم بێتەوە بەرم. هێشتا هومێدم نەبریوە، چاوم لە بەزەیی تویە. بەخوا لە دەردی دوریتو، لە تاسەی دیداری جوانت، وەکو توتاك شەو هەتا روژێ دەناڵم. قەت خەو لەچاوم ناکەوێ، بەوحاڵە شرا سوپاس دەکەم هەتا رو دەکەمە روگە.

٦ دەردێ غەدار بێم فیرقەتە فیرقەت ژجان پور زەحمەتە
عاشق مرن هەر ساعەتە یا سەهل عاشق روحدتە
لێ دلبەر ئەقرەنگ عادەتە هەرچی دبەندێدا کەتە
ئەووەل ددت پێ ئولفەتە ذەوقو صەفائو صوحبەتە
گاڤەك گوئەو قێرارەتە ئانجا ژناگە غەفلەتە
شیری جەفایێ لێدەتە الله چوی بێ مروەتە
رەحمێ بعاشق نایەتە وی قەستە جان یەغما کەتە
حەتتا کو دل قەنج ژێبتە ئینصاف ژمەهرویان نەتێ

**پوختەی مانا:**

دەردی دوری زورگرانە؛ لێك جیایی لەشو گیانە. عاشق گیانبدا هاسانە. دەنا هەمو دەم مردوە. کرداری دلبەران وایە؛ پیاو بەرو خوشی دەکێشن، قسەی خوشی دەگەڵ دەکەن، لەپر بەئازار دەیکوژن. بەزەیان بەپیاو دانایە، نیازیان گیان تاڵان کردنە. جوانان قەت ئینصافیان نیە.

| | | |
|---|---|---|
| ٧ | یار قەستەجان یەغما کرت | دا موعجیزێ پەیدا کرت |
| | رەمزەك ژرەنگ عیسا کرت | یا سیحرێ بوسینا کرت |
| | ژەو لەعلی شەککەرخا کرت | دیسا شەهیدان راکرت |
| | ڤان کوڵەیان ئازا کرت | جارەك غەریبان شاکرت |
| | راستی یەدی بەیضا کرت | میسکی دجەرحان داکرت |
| | داخۆش بکت ئیحیا کرت | شەفقێ کە یارەب داکرت |
| | رەش کاکولان تاتا کرت | صەد حەلقە چینچین باکرت |
| | هەمیان لدیم طوغرا کرت | ئەمری هومایون سەرمەتێ |

**پوختەی مانا:**

یار بوّیە گیان تاڵان دەکا؛ ویستی موجزات بنوێنێ، لاسای عیسا بکاتەوە، یان ابن‌سینا ئاسایی خۆمان لێکا بە جادوگەر. بەو لێوانەی مردو زیندو بکاتەوە. بە دەستە سپی‌و ناسکەکەی میسك بە برینان‌دا بکات. کوێلان هەمو ئازاد بکاو دڵی غەریبان شادبکا.

دەخوایە وابکەی وا بکات. کاکوڵی رەش تاتا بکات؛ چینچین هەمویان بابداو بەربابدات. بیان‌کاتە موری سوڵتانی‌و فەرمانی پێ ئیمزا بکات.

| | | |
|---|---|---|
| ٨ | ئی‌گویی مەیدانێ تەبت | وەك من دزندانێ تەبت |
| | سەربەندی چەوگانێ تەبت | مەجروحی پەیکانێ تەبت |
| | یەغماو تالانێ تەبت | هەر روژێ قوربانێ تەبت |
| | بیماری موژگانێ تەبت | موشتاق‌و حەیرانێ تەبت |
| | صوهتی ژهیجرانێ تەبت | دی مەستو فینجانێ تەبت |
| | وی بەهر دنیشانێ تەبت | موچە ژبەر خوانێ تەبت |
| | لێ لوطف‌و ئیحسانێ تەبت | هەردەم بخونی حەضرەتێ |

**پوختەی مانا:**

کەسێ وەك من سەری گوێ‌بێ لە مەیدانت، لە زیندانی توّ دەرنەچێ، بە گوّچانی توّ هەڵسورێ، بریندارى تیری توّبێ، هەمو روّژ بەقوربانت بێ، بەدڵو بەگیان تاڵانت بێ، دایم لەژێر فەرمانت بێ، کوژراوی مژوڵانت بێ، حەیران‌و سەرگەردانت بێ، مەستی چاوی فینجانتبێ، بوّ خوت نیشانت کردبێ، لەبەر ماوی خوانت بخواو جارجارە بی‌لاوێنیەوەو پانگی‌کەی‌و خوّت ببینێ؛ چی تێدایە؟

| | | |
|---|---|---|
| ٩ | جانان بئەغیاران نەدی | خەمرێ بخون خواران نەدی |
| | وەردان بە مرداران نەدی | وان‌رێ دگولزاران نەدی |
| | رەیحان‌و گولناران نەدی | بوّوان ژژەین خاران نەدی |

تو رەمزو ئەسراران نەدی　　کوران تو ئەنواران نەدی
بنونەکی یاران نەدی　　ئیڤمەو خوە ئەستاران نەدی
تیران ژنوباران نەدی　　دەردان بیماران نەدی
ژغەیری سیّجاران نەدی　　ریشن نەدیرن طاقەتیّ

**پوختەی مانا:**

بادەی نەدەی بە ناموّیان‌و خوێنمژان، مەهێڵە مردار بێنەباغ؛ گوڵو ریحانیان نەدەیەی. جگە لە درّو مەیان دەریّ. مەهێڵە بەرّاز بزانن. مەهێڵە کوێران ببینن. عاشقانت ئازار نەدەی، لە بەدکاریان بپارێزە. یاری خوّت هەرزان مەفروّشە. خوّتیشمان لیّ دامەپوّشە. بە کەوان تیرمان تیّمەگرە. دەردمان لەسەر گران مەکە. لەسیّ پیاڵەش زیاتر بادەمان مەدەیە. بریندارین، تاقەتی مەست بونمان نیە.

۱۰ بەس عاشقان مەهجور بکی　　شوبهەت مەلیّ رەنجور بکی
قەلبی شکەستی هور بکی　　شونا برینان کور بکی
شەمعا مەژی پرنور بکی　　بزەهری خوە مەئمور بکی
تەنها مە بیّ دەستور بکی　　مەحرەم سەرایی حور بکی
وەصلا خوە دا فەغفور بکی　　ژوی بادەیی مەخمور بکی
نیڤ کاسەیا فەرفور بکی　　فەیضی لدلدا فور بکی
دیمیّ ژرەنگ کافور بکی　　دالان ژخالان دور بکی
پیّ عالەمیّ مەقهور بکی　　وەقتی سەحەر کو بادەتیّ

**مانای وشە:**

**ژەین:** غەیر، جگە؛ **کور:** قوڵ.

**پوختەی مانا:**

بەس عاشقان دور خەرەوە، بە دەردی مەلایان مەبە. دڵی شکاو بەس ورد بکە، شوێنی برین قوڵتر مەکە. موّمی مە چاکتر هەڵبکە؛ بوّخوّت فەرمانمان بدەریّ، با هەر تەنیا ئێمە بێینە ناو حەرەم سەراوە. بە دیدارت بمانکە شا. لە بادەی خوّت مەستمان بکە. بادە دەپیاڵەی چینی‌کە. بەهرە لە دڵ بە فیچقە بیّ. روت وەك کافوری سپی‌کە. بسکان لە خاڵان دورخەوە. دنیایە بێنە بەر حوکمت. دەمی بەیان کە سروەدیّ.

# «ئاخ جودایی»

| | | |
|---|---|---|
| ١ | قیٚ فیرقەتیٚ ئەبتەر کرین | فەریاد ژدەستی فیرقەتیٚ |
| | ژارو ضەعیفو زەرکرین | فەریاد ژدەستیٚ فیرقەتیٚ |
| ٢ | پور زەرکرین وەك زیرمام | چەهڤێن دلوطفی پیرمام |
| | دایم لریٚ چاونیر مام | فەریاد ژدەستی فیرقەتیٚ |
| ٣ | چاڤنێری رەفتارا تەبوم | موشتاقیٚ گولزارا تەبوم |
| | لەو دور ژدیدارا تەبوم | فەریاد ژدەستی فیرقەتیٚ |
| ٤ | دوربوم ژوی رەفتو چنیٚ | وان عیشوەیا گفتو کەنیٚ |
| | نایی بچەهڤان من دنیٚ | فەریاد ژدەستی فیرقەتی |
| ٥ | دنیا بمن مژبو، غەمام | خەو ژیلچەهڤان‌من‌حەرام |
| | عومرەك بڤیٚ حالی هەمام | فەریاد ژدەستی فیرقەتیٚ |
| ٦ | ساعەت لمن تێك سال بون | دائم لسەردەست فال بون |
| | حەرفێن دهاتن دال‌بون | فەریاد ژدەستی فیرقەتیٚ |

**مانای وشە:**

**زەر:** زەرد؛ **ژار:** کزوزەبون‌و بێچارە؛ **زیر:** داوەتێلی ساز کە دەنگی زۆر باریك‌و نزمە؛ **چاڤنیر:** چاوەروان، چەمەرا؛ **رەفتار:** رەوت؛ **رەفت‌و چن:** هاتوچو، رۆیشتن‌و چون؛ **گفت:** قسەکردن؛ **کەن:** خەنین؛ **غەمام:** هەور؛ **فال:** بۆ بەخت روانین، فاڵنامە.

**پوختەی مانا:**

دوابڕاوی دەس جوداییم؛ زەردو دەردەداری ئـەوم. وەکو سـیمە باریکـەکەی کەمانچـەو تار، کزو لاواز، هەمیشە چاولەرێی یارم. هانام بەپیری مەیخـانە دەفـریام بیٚ، هاوار لەدەس ئـەمدوریەیە. دەمەویٚ رەوتت ببینم؛ لە باغچەی جـوانیت بروانم. هەر چـونکە ئـەو نیازەم بو، لە دەرکی خـۆت

دورت کردم! هاتو چۆکانت نابینم. قسـەو دەنگـی پێکـەنینت، نایەنە گوێم. وەك لەدنیا نەبم وایە؛ دەردی جودایی بەڵایە. هاوار لەدەستی جودایی. دنیا بەمن هەورەو مژە؛ چاوم لەگەل خـەودا دژە. عومرێکە بەو ژانەی دەژیم. دەوەرە لامو بم کوژە!

هەرساتێکم لێ بەساڵە. چاوم لەفـاڵنامەو فـاڵە. هەوری دەوری تاڵەم تاڵە. هەر پیتێ بۆمدێ، هەر داڵە. لارو خوار، چەوتو چەواڵە. واتا دوری، واتا دڵە دەردی دوسـەر، دەرچـون لەدەرمانو دەوا. بەڵام وادیارە دالێکیان واتای دیداری دەگەیاند.

| | | |
|---|---|---|
| ٧ | ئیرۆ تنێ دەرهات ئەلیف | مەعنی دچو بەژنا شەریف |
| | یا خارە لێ کیمخەو قەدیف | فەریاد ژدەستی فیرقەتێ |
| ٨ | قێ فیرقەتێ پردل شەواند | جەرحێن قەدیم دیسا کەواند |
| | شیشێن دصوڕ تێدا طەواند | فەریاد ژدەستێ فیرقەتێ |
| ٩ | داغێن مەدیسا رەش‌کرن | یەکیەك ژنو ئاتەش کرن |
| | لێ زێدە پەنجو شەش کرن | فەریاد ژدەستێ فیرقەتێ |
| ١٠ | سەوداو سەوس‌و گێژ کرم | پوڕ هەر ددل خونرێژ کرم |
| | چەندان وەبو لێ هێژ کرم | فەریاد ژدەستی فیرقەتێ |
| ١١ | بالله ژنالەو زاری‌یان | گەزمێن دەوان خەمماری‌یان |
| | خەو ناکرین شەو طاری‌یان | فەریاد ژدەستی فیرقەتێ |
| ١٢ | شەڤ‌بو دنێ چەشمێ مەدا | حەتتا بەشیر مزگینی‌دا |
| | دێ بێ سەحـەر شاهی گەدا | فەریاد ژدەستی فیرقەتێ |
| ١٣ | مزگین کـودا من ئەڤ قەدەر | روحی شیرین من هاتە سەر |
| | خەیلەك لمن رون‌بون بەصەر | فەریاد ژدەستی فیرقەتێ |
| ١٤ | رون‌بو بدیدارێ تە دل | بو غەرقی ئەنوارێ تە دل |
| | نارەت ژفەرواری تە دل | فەریاد ژدەستی فیرقەتێ |
| ١٥ | مینەت مە دلدارێ خوەدی | دیسا ژنو یارێ خوەدی |
| | سوڵتان‌و خوندکارێ خوەدی | فەریاد ژدەستی فیرقەتێ |
| ١٦ | رەش کاکولێن سونبول لەڤین | مینەتمە دیسا غەم رەڤین |
| | نو بو لدل حوببو ئەڤین | فەریاد ژدەستی فیرقەتێ |

**مانای وشە:**

**ئەلیف:** هۆگر؛ **ئەلیف:** پیتی یەکەمی ئەلفوبێتکە؛ **خاراو کیمخە (یان، کیمخوا):** دو پارچـەی بەقیمەتن؛ **شەواند:** برژاند؛ **کەواند:** داغ کرد؛ **طـەواند:** خـوار کردەوە؛ **بەشـیر:** مژدەدەر؛ **سـەوس:** دەمدەمی‌و گەللایی، وازوازی؛ **خەممار:** بادە فرۆش؛ **خەیلەك:** زورێك، ئەندازێکی زۆر.

**پوختەی مانا:**

ئەمرۆ لە کتێبی فاڵنامە، ئەلف دەرهات. واتا: ئەو بەژن وەك ئەلفەی خاراو کیمخواو حەریرو مەخمەردە بەرە، تەشریف دێنێ؛ دەیسا بابێو دادم لەدەست دورەدەستی، لای ئەو بکەم. دڵ برژاوە، کۆنە برینم کولاوە، دیسانەوە داغ‌کراوە، شیشی سورەوە کراوم. دەناو دڵی داچەماون، جێ داخیش رەش هەڵگەراون، ئاگریشی تێ بەرداون. نەهەر جارێك پێنججار، شەش‌جار. هاوار لەدەستی جودایی.

سەودا سەرو هێرو گێژم، هەر خوێنی دڵ هەڵ دەرێژم. خۆم هەر هیچ بوم؛ دەردی جودایی توشم هات، لەوتۆزە هیچەشی کردم. تیری ئەو چاوە مەستانە، ئەو مەستە لەسەر هەستانەو، پیاڵەی شەراب لەدەستانە، خەوی شەویان لێ تاراندم، هەر دەگریمو دەبارێنم، نازانم لەدەستی دوری هەتا کەنگێ وا دەمێنم؟ هاوار لەدەردی جودایی.

دنیام شەوبو لەبەر چاوان؛ گوتیان هات نازداری باوان. هەر بەو مژدە دڵرفێنە، گیانم هاتە سەر گلێنە، چاویشم پێ رون بونەوە. تیشکی رون دەدڵم گەڕا، لە روناکی‌دا نوقم بو، ئامادەی هەر فەرمانێکە، چۆن دەفەرموی تا وا بکات.

سوپاس کە یارمان دیتەوە؛ جوانی خونکارمان دیتەوە. کاکۆل لە سروەبا نەوین. سوپای کوڵو کەسەر رەوین. دڵ پربولە خۆشیو ئەوین، هاوار لەدەستی جودایی.

| | | |
|---|---|---|
| ١٧ | دەردێ غەدار بێم فیرقەتە | فیرقەت ژجان پوڕ زەحمەتە |
| | یا سەهل کو عاشق‌روح‌دەتە | فەریاد ژدەستی فیرقەتێ |
| ١٨ | ناری فیراقو صوهتنێ | ئێشا خەدەنگێ نوهتنێ |
| | پرس کن ژعوششاقان تنێ | فەریاد ژدەستی فیرقەتێ |
| ١٩ | عاشق ئەون هەردێ مرن | چەندێك درەمزێن دلبەرن |
| | کەیبەر لدل من بێترن | فەریاد ژدەستی فیرقەتێ |
| ٢٠ | یارەب بدیداری خوەکی | من واصلی یاری خوەکی |
| | بەس صوهتی‌یێ ناری خوەکی | فەریاد ژدەستی فیرقەتێ |
| ٢١ | مەژدوست ساتەك دورنەکی | پەرکەندەیی مەهجور نەکی |
| | دیسا ژنو دل هور نەکی | فەریاد ژدەستی فیرقەتێ |
| ٢٢ | خاکا ریا دلبەر مەلا | بکشین دچاوان وەك جەلا |
| | دیدار قیسمەت‌بو هەلا | فەریاد ژدەستی فیرقەتێ |

**مانای وشە:**

غەدار: گران، زۆردار؛ زەحمەت: دژوار؛ نوهتن: سمین؛ بێتر: زۆرتر؛ پەرکەندە: بڵاو؛ پەرکەندە: بێپەرۆپۆ؛ جەلا: سورمە؛ هەلا: هۆشت بێ.

**پوختەی مانا:**

دەردی دوری زۆر گرانە. لەلەش جیابونەوەی گیانە. هێشتا گیان دانیش هاسانە، بەڵام ئەو زۆر بەسوتانە. تیری جەرگان کون‌کون دەکا؛ کونانیش خەم ئاژن دەکا. کەسێك خۆی دڵدار نەبوبێ‌و ژانی بەدڵا نەچوبێ، چوزانێ دوری چتامە؟ هاوار لەدەستی جودایی.

زۆر دڵدار هاتن‌و رابردن؛ بەنازی دڵبەران مردن. بەڵام من لەناو هەمواندا، پتر جەفاو دەردم دیوەو تیری دوریم تێچەقیوە. هاوار لەدەستی جودایی. خوایە بەزەییت پێما بێ؛ یارم لەگەڵما تەبا بێ، جەرگم لەسوتان رەهابێ، تازە لەمەش وردتر نابێ. هیچ کاتێ لێم هەڵماوێرە، چونکە ئەو بە توڕان فێرە. هاوار لەدەستی جودایی.

مەلا ئەگەر بۆت هەڵکەوت، دیسان چاوت بەیار کەوت، خاکی رێبازی دابێژە، چاوی خۆتی پێ بڕێژە، هۆشت بێ لەبیرت نەچێ! هاوار لەدەستی جودایی.

# «فرشتەی بەشەری»

١ صەنەما سورْ ژصەمەد نەیشەکەرا لەب ژنەبات
(أَحسَنَ‌اللهُ تَبارَكْ) ژسورا وىْ صەنەمىْ
ئەنوەرا رەنگ فرشتە بەشەرا حور سرشت
یا ژمیسکی خوتەنىْ خالو خەطو کاکولو قشت
گەر خوە نیشان سەقەری دەت دگرت حوری بەهیشت
کەعبەیا تىْ نەبت ئەو پوتکە دەیەو دیْرو کەنیشت
کو نەصیب دا ژئەزەل حەق ژمەرا عیشق نویشت
فەیدە ناکن لمە ئیسمو نەطەلسمو نە نویشت
ظاهیری‌دا مە عەذابەك وەکو باطین قُە بەهیشت
صوهتنىْ دا بە هەناڤانو جەگەر تیْك بریشت
قەصدی وەصلىْ مە بجان‌کر کو قُەداییىو نەهیشت
دەست نەهلین ژطەلەب گەرمە دریْ چت سەرو تشت
پشت نادەین دوهەزار خەنجەرو تیرو رمو خشت
مەسەری داینە ریْئو بخودیْ بەستی‌یە پشت
ئەوە من روحو حەیاتو ئەوە من قیبلەیی ذات
صەنەما سور ژصەمەد نەی شەکەرا لەب ژنەبات
(أَحسَنَ‌اللهُ تَبارَكْ) ژسورا وىْ صەنەمىْ

**مانای وشە:**

**أَحسَنَ‌اللهُ تَبارَك:** ماشەالله لە شیرینکاری خوا؛ **نویشت:** نوسی؛ **بریشت:** برژاندی، براژتی؛ **قُەداییىن:** دەری‌کردین، رای داین؛ **سەروشت:** سەرومالْ؛ **خشت:** نیْزە؛ **پشت نادین:** را ناکەین.

**پوختەی مانا:**

بوتە بەلارو لەنجەکەم بەژنی وەك نەیشەکەر ڕێکەو لێوی وەك نەبات شیرینە. هەی‌نامەخوا! لە دڵکێشی بتی جوانم. ئەو دڵکێشیەی لە خواوەیە. تیشك دەرە، ڕەنگی لە فرشتە دەکا؛ ئاکاری وەك حوری دەچێو بنیادەمە. خاڵو میلو کاکوڵو پەرچوکەی هەنیەی، لە میسکی خوتەن ڕەشترو بۆن خۆشترن. ئەگەر خوی شان جەهەندەم دات؛ حوری جەهەندەم دادەگرن. کە لە بەهەشت خۆشتر دەبێ.

خودای گەورە، ڕۆژی بەرێ، ئەوینی لە چارەم نوسی. بەدوعاو نوشتەو هەیتو هوت، لە دڵی من ناچتە دەرو هەرچی بکەن بێبەهرەیە. ئەوین ئەگەر بەرواڵەت دەردو ئازارو سزایە؛ لەراستیدا بەهەشتێکە خودا دەیدا بە دەرونمان. کەیفم سازە کە بە ئاگری ئەوینێ جەرگو هەناوم برژاوەو هەڵقرچاوەو پروکاوە. ویستم بمرم؛ لەرێی ئەوین، بەگیان بگەم بە دیداری. لەخوی دور کردمو نەی‌هێشت. بەڵام هەرگیز دەست هەڵگر نیم. سەرو سامانیشم بروات، گوێ نادەمە تیرو ڕەو نێزەو خەنجەر. با هەزارانیشم بوبێن، سەرم لەسەرری داناوەو پشتم بەخودا بەستوە. یارە گیانو ژیانی من. روگەم ئەوە. بتە بەلارو لەنجەکەم، بەژنی وەك نەیشەکەر ڕێکە؛ لێوی وەك نەبات شیرینە. هەی نامەخوا! لە دڵکێشی بتی جوانم. ئەو دڵکێشیەی لە خواوەیە.

**٢ زەری‌یا دیم دورو لەب شەکەرا عیشوە پەری**
**یا ژسەر تا بقەدەم تێك ژعەیبانە بەری**
**ژسەراپەردەیی لاهوت بصەد شیوە گەری**
**بێتەبەر عەینی شهودی دلیباسی بەشەری**
**(حاشَ‌لله) تو کسان دی‌بتن ئەڤ ڕەنگ زەری**
**دایە بەر قەندو نەباتی ژدو لەعلێن شەکەری**
**بی، تو یا لەبشەکەری یاتو نەباتا بەتەری (یان، تەبەری)**
**الله الله چتەجەللایە ژسیررا قەدەری**
**حاجیان سیلسیلە بەستینە لدورا قەمەری**
**دوری بەیتی ژصەفا تێنە سەمایا سەحەری**
**بی‌مرووەت کودو میران ژسوری مەی دسەری**
**نهیلن چینە طەوافی‌و زیارەت حەجەری**
**زەمزەمو غولغولەوو عومرەو عیدو عەرەفات**
صەنەما سور ژصەمەد نەی‌شەکەرا لەب ژنەبات
(أَحسَنَ‌اللهُ تَبارَك) ژسورا وی صەنەمی

**مانای وشە:**

**لاهوت:** خوایی؛ **کسان:** چلون؛ **بی:** ببیژە، بلی؛ **بەتەر:** کورتەی بێتر، کە بە مانا زورترە؛ **تەبەری:** نەباتی تەبەرزە، تەشوی تاش؛ **حاجب:** برو.

**پوختەی مانا:**

سەوزەڵەی روخسار مرواری، بەنازو غەمزەی لێوشەکر. سەرتاپا بێبەش لە عەیبان، پەری خوایەو ناردراوە لە بیچمی بنیادەمان دا دێتە بەرچاو. ئەگینا چۆن هیچ ئەو رەنگە سەوزەیەی و هەردو لێوە ئاڵەکانی ـ کە نەباتو شەکرو قەندیان بەرگرتوە ـ دەکرێ لەرێزەی خەڵك بێت؟!

تۆ بڵێ: شەکرە لە لێوت، یان لە نەباتی تەبەرزەس. ئەی خودایە چنهێنیت لە توانایی خودالایە. دو بروێ لەیەك پەیوەندت دەوری لەمانگی روت داوە. هەر بەیانیەك کە بسکانت بەدەم سروەوە دەلەرن و لەسەر هەنیمت ـ کە وەك عاسمانی ساو دەچێ ـ حەجێ دەکەن و دڵان پردەکەن لە خۆشی؛ ئێمەی دڵدار، زۆر بەتاسەین کە لە دەوری سەرت گەرێین، خاڵی رەشت وکو بەردە رەشی ماڵی کابە، رابموسین. بەڵام دو چاوە مەستەکەت ـ کە سەرمەستن ـ ناهێڵن ئەو حەجە بکەین. هەراو هوریای دڵدارانە، دیداری تۆ بۆ ئەوان جێژنی قوربانەو، زیارەتی تۆ وەکو عومرەو عەرەفاتە.

بتە بەلارو لەنجەکەم، بەژنی وەك نەی شەکەر رێکە. لێوی وەك نەبات شیرینە. هەی نامەخو ! لە دڵکێشی بتی جوانم. ئەو دڵکێشیەی لە خواوەیە.

٣ من بدل صورەتی جان دی ژبتان ئەو بتەنێ
ئەو تنێ سەروی رەوان دی ژظەریفێن چەمەنێ
سوسن و سونبول و گول چەرخە لدۆرا سەمەنێ
خەمری یان حەلقەئو چین دانە ژمیسکا خوتەنێ
سەر ددن چەشمەیی حەیوان و بزەمزەم درەنێ
لێ چشیرانی یە (الله) تەژوی کەفتو چەنی
ئەز دبێم بەدرە بدیم لێ دکەتن گوفتو کەنێ
یا یەقین روژە لشەرقی و شەفەق دانە دنێ
غەلەطم روحی قودوس هاتی یە نیڤ وێ بەدەنێ
دکەت ئیحیای مەواتان لسورو رەفتو چونێ
تەنهن باوەرو ئیمان نەظەرێ دی و بنێ
چتەجەللایە بوێ قیبلە مەلەك رو ددەنێ
ئازەری گەر بدیا هور دکرن لاتو مەنات
صەنەما سورۆ ژصەمەد نەیشەکەرا لەب ژنەبات
(أَحْسَنُ اللهُ تَبَارَكَ) ژسورا وی صەنەمێ

**مانای وشە:**

دەرنێ: دەچنێ؛ کەفت: لامل؛ مەواتان: مردوان؛ بنێ: برۆانە؛ ئازەر: باوك یان مامی برایم پێغەمبەر کە بتی دەتاشین.

**پوختەی مانا:**

لەچاو جوانان، ئەو بە تەنیا شکڵی گیانە، لە باغان‌دا، هەر ئەوە سەروی رەوانە. گوڵی سوێسنەو سمڵی کە پەرچوکەن، لە میسکی خوتەن رەشترو بۆن خۆشترن. لە لاجانگی گوڵی یاسەمەن ئاسایی دێن‌و دەچن. سەر دەگەیەننە سەرلێوان، کە سەرچاوەی ئاوی ژیان‌و، وەك چاوەی زەمزەم پیرۆزە. ئەی خوایە! لاملو چەنەی چەند جوانن. من دەڵێم روی مانگی چاردەس. بەڵام گفتو پێکەنینی لەمانگ زیادە. یان وەکو خۆرە، لە خۆر هاتو، جیهان رۆشن ئەکاتەوە. لەمەش هەڵەم، دەڵێم رەنگە جوبراییلی هاتبێتە ناو لەشەوە، رەوتو چونی وەکو عیسا مردو وەگیان دێنێتەوە.

گەر لەگفتم بەگومانی، تۆش وەرەو لەیار بروانە! تیشکی خوایەو لەفرشتان بۆتە روگەی پیرۆزو جوان. باوك یان مامی برایم کە ئەتوێ دیبا بە چاوان، بتەکانی هەمو دەشکاند.

بتە بەلارو لەنجەکەم، بەژنی وەك نەیشەکەر رێکە. لێوی وەك نەبات شیرینە. هەی نامەخوا! لە دڵکێشی بتی جوانم. ئەو دڵکێشیەی لە خواوەیە.

٤ نیرگزا مەستو شیرین‌و گول‌و نەسرینە ژرەنگ
شەکەرو لوئلوی مەنشورو بدل ئاهەن‌و سەنگ
مە ژبەر ضەربی ئەڤینێ بوە دل پێتو پەرەنگ
لەومە شەب تا بسەحەر نالەیە وەك مەغنی‌و چەنگ
دامە صەد رەنگ عەذابێ‌و نەهات دەر ژمە دەنگ
هەستی‌یان گرتی‌یە ناصوڕو مەژیدا هەیە ژەنگ
لەو نەهشیارو خومارین مە نە خواری مەی‌و بەنگ
لمە ئیرۆ دو کەمانداری حەبەش هاتنە جەنگ
تینە قەتلا مە دەدەستان دوسیە قەوسی ژیەنگ
درەشێنن مەوتێن‌مە دوهەزار تیرو خەدەنگ
جەگەری کون دکن‌و تێ دبەین میثلی تفەنگ
میثلی وی کافرو ظالم قەدیەن کەس دفەرەنگ
نازك‌و خوبو شەکەر خەندەئو شیرین حەرەکات
صەنەما سوڕ ژصەمەد نەی‌شەکەرا لەب ژنەبات
(أَحْسَنُ اللهُ تَبَارَك) ژسورا وی صەنەمێ

**مانای وشە:**

ئاهەن: ئاسن؛ مەژی: مێشك؛ تێ‌دبەین: بەنێواندا دێت.

**پوختەی مانا:**

چاوی وەك نێرگزی مەستە؛ خوێن شیرینە، بە رەنگی گوڵو نەسرینە. رو مرواری، لێو شەکرینە. دڵی وەك ئاسنو بەردە. من لە ئەوین دڵم بۆتە گرو پەنگر. شەو هەتا رۆژ، وەك دەنگی چەنگە ناڵینم. صەد جورە جەزرەبەی داوم، دەنگم نەهات. ئێسکم توشی برین بونو مێشکم ژەنگی هەڵێناوە. نە بادەم خواردوە نە بەنگ. دو بروی رەش ـ وەك دو کەوانداری حەبەش ـ هاتنە جەنگم.

دو کەوانی یەنگیان لەناو دەستان هەیەو، دو هەزار تیریان پێوەنام. جەرگم کونبو، وەکو گوللە بەناویدا دەرباز دەبن. کافری وا کێ لە فەرەنگستانیش دیویە؟! ناسکە، جوانە. بزەی وەکو شەکر وایەو رەوتی لەبەردڵ شیرینە.

بتە بەلارو لەنجەکەم، بەژنی وەك نەیشەکەر رێکە. لێوی وەك نەبات شیرینە. هەی نامەخوا! لە دڵکێشی بتی جوانم ئەو دڵکێشیەی لەخواوەیە.

**٥ دریا دوست مەلا یەك جیهەتو سادە دلین**
**مە حەتا جان هەیە حاشا ژطەلەب دەست بهلین**
**یا درێ سەر بدرین یا بمرادێ وەصلین**
**مە چپەروای رمین بەر وەشی شیرین قزلین**
**تا ئەبەد مەستو هیلاکێن ژشەرابا ئەزەلین**
**ژجەفاو ستەماوی ژجەگەر پوڕ دکولین**
**پەردەیا گوشە قەصەب لێ تو ژسەردیمێ هلین**
**کو دشەرقێ مەهو خورشید ژشەوقی بطلین**
**لەو ژسوڕ سورمە ددیرینو نەموحتاجی کلین**
**مەست دنیڤ توڕو لەفان مار لسەلوێ فەتلین**
**سورمە دارین ژسوری مەست ژقودرەت کەملین**
**مە ژغەفلەت دوژها دینو ژسەهمێ خەجلین**
**عیشوەگەر شیوەنومایا مەژوی روحو حەیات**
صەنەما سور ژصەمەد نەیشەکەرا لەب ژنەبات
(أَحْسَنَ اللهُ تَبَارَكَ) ژسورا وی صەنەمی

**مانای وشە:**

**بهلین:** هەڵگرین؛ **وەصل:** گەیشتن؛ **بەروەش:** لەپیشەوە وەشێن؛ **قەصەب:** پارچەی ئاوریشمچن؛ **بطلین:** دەست هەڵگرتن؛ **فەتلین:** پێچیان خوارد؛ **ژها:** هەژدیها.

**پوختەی مانا:**

مەلا! ئێمە لەرێی یاردا، راستو لەروین‌و دڵ ساکار. هەتا دەمرین دەست لە دڵداری بەرنادەین. یان بەئاواتی دڵ دەگەین، یان سەریشمان دەدۆرێنین. گوێ نادەینە رمبی نوك تیژی خوێناوی. هەتا هەتا لەبادەی ئەزەلی مەستین. لەدەست ئازاری دەستی‌یار، دڵ پرغەمین.

روبەندی ئاوریشم چنت لەرو لادە! با رۆژو مانگ، لە تیشکدان رابوەستن. چاومان پرە لە جوانی تۆ، ئیتر کارمان بەکل چیە؟ ماری کەزیت لە بەژنی سەوڵت پێچیان خوارد. چاوی مەستت کلی خودای تێ‌کراوە، بۆیە مەستن. دو هەژدیهای پرچتم دین، لە ترسان رەنگ لەروم نەما. زۆر بەنازی، نازان دەکەی. گیان‌و ژیانمان لەتۆرایە.

بتە بەلارو لەنجەکەم، بەژنی وەك نەیشەکە روایە. لێوی وەك نەبات شیرینە. هەی نامەخوا! لە دڵکێشی بتی جوانم. ئەو دڵکێشیەی لە خواوەیە.

# سوێند بە باڵا

١ ئەی نەسیمی صبەهی ما دمەجالا سەحەری
صەد سەلامان بگەهینی ژمەوی لەب شەکەری

٢ نیرگزا نازك وتەر نەیشەکەرا مەستو خومار
دیم دورو لەعل لەبو موحتەشەمو موعتەبەری

٣ بسكو گیسو ژحەریرن قەصەبن طُرەو زولف
نەژکافورە بەدەن خال ژمیسکی تەتەری

٤ دیم بەدرو ئەنیی، زولف لسەربونە هەلەك
ئەرقەمان حەلقەو گەردانە لدورا قەمەری

٥ ئاستانیو شوباكو کولەكو پەنجەرەیان
دابمسکینیو زاری توببوسی دبەری

٦ توزەکی بین بخوەرا تا بکرین کوحلی بەصەر
لطەریقا قەدەما، دلبەری وی رەهگوزەری

٧ دابینی صەنەما من تەبگین خوە بدەخەت
بکە تەلخیص جەوابی مە ژقی موختەصەری

٨ لەو کوپور شەفقە ددیرت کەرەمو لوطفو کەمال
ئاە ژدەست رەمزو سورین وی دورو گەوهەر خەبەری

٩ ما بزەهری شەکەری دوست بخونت جارەك
عەرضحالا کو نقیسی مە بخونی جەگەری

١٠ قەدەرەك شەفقە ژلوطفاتە تەمەننا دكرین
دامە مەحروم نەدیری تو ژلوطفو نەظەریٚ

١١ بخودیٚ قەط تە ددلدا ژخودیٚ ترس نەهن
دكری ظولمو جەفاییٚ تو لمن قیٚ قەدەری

١٢ ئەز بویٚ قامەتو بەژنیٚ لتە صوندیٚ دخورم
بەس‌كە ئەی پادشەها من لئەسیران غەدەری

١٣ ژبەر ئاهین مە دنیٚ ئاگرو دود بت نەعەجەب
مە ددلدا هەیە نارەك كو دصوژت سەقەری

١٤ نە بوینە نەدبن وەك تەشەپالی دجەهان
كی دی‌یە میثلی‌تە سیمین تەن‌و زەررین كەمەری

١٥ پاشی‌وان گەزمەیی چەهقین تە مەلا پیٚ كوشتی
ما خەدەنگن دكرن قەط لمەئیدی ئەثەری؟

**مانای وشە:**

**قەصەب:** زەری، پارچەی زیڕ تیٚوەدراو؛ **ئەرقەم:** ماری جنجیر؛ **كولەك:** كولانچكە، روٚچنە؛ **كوحل:** سورمە؛ **بگین‌خوە:** خوٚ بگەیینە؛ **تەلخیص:** پوختەكراو؛ **موختەصەر:** كورت‌كراو؛ **تەلخیص:** كتیبیكە لە كتیبیكی بە ناوی موختەصەر وەرگیراوەو پوختەی موختەصەرە؛ **خەبەر:** گفتو دوان.

**پوختەی مانا:**

سروە! لە بەرەبەیاندا، صەد سلاوم لەو لیٚو شەكرباره بكە. بەژنی وەكو نەی‌شەكەرە. شلكو تورتە وەكو نیٚرگس. مەستە چاوە، رومرواری لیٚوی لالە، پایەبەرزەو زوٚر بەریٚزە. كەزی‌و بسكو لابسكو پەرچوكەكانی، وەك ئاوریشم دەگەلٚ زیڕان تیٚكەلٚ دەبن. لەشی لەكافور سپی‌تر، خالی وەك میسكە بوٚن خوٚش‌و شەوە رەنگە. روخسار مانگە. هەنیەی بەو ئالقە بسكانەی لەسەریەتی، هەر دەلیٚی ماری جنجیرن لەدەوری مانگیٚ هالاون. سروە! زوٚر بەكزی ببورە، لە پیٚشانا دەرك‌و پەنجەرەو كولانچكەو لیٚوی دەلاقەكان ماچ‌كە. توٚزیٚكی سەرریٚی یاربیٚنە. تا بیكەینە سورمەی چاوان ـ هەر خوٚت بچو خزمەت یارم، نامەكەمی بدە دەستی وەرامەكەمٚ بە پوختەیی بوٚ بیٚنەوە. زوٚر بەبەزەو ئیلتیفاتە. ئاخ نازانی چەند دلٚكیٚش‌و پڕلە نازەو گفتی وەكو گەوهەر دەچن!.

ئەگەر جاریٚك بەزاری ممبارەكی خوٚی بانگم بكاو، ئەو عەریضەم ـ كە بە خویٚنی دلٚ نوسراوە ـ قبولٚ بیٚ؛ چەند خوٚش دەبیٚ؟ نوسیومە توٚزیٚك بەزەت بیٚ. لە بەزەت بیٚبەشم مەكە. جاریٚك ئاوریٚكم ویٚبدە. بەخوا توٚ لەخوا ناترسی؛ دەنا هیٚندەبت ئەو دەردە بەمن نەدەدا. سویٚندت ئەدەم بەو

بەژنە شۆخو شەنگەی خۆت، تۆ پادشای چاوجوانانی، هێندە لەمنی یەخسیری خۆت ظولمێ مەکە. لەبەر ئاهم ئەگەر دنیا پڕ لە دوکەڵو ئاگربێ، سەیر نیە. ئاوری دڵم جەهەندەمیش دەسوتێنێ. کێ لەدنیا لەش زێوینو کەمبەر زێڕینێکی وەك تۆی بەچاو دیوە؟ رەزا سوكو جوانی وەك تۆ، نە هەرگیز بوە نە دەبێ. دوای وەی مەلات بەتیری چاوەکانت کوشت؛ ئیتر تیری دیم بۆچیە. تیر هاویشتن بەهرەی نیە.

**بەیاری خوا، شەرحی د یوانی جزیری، دوایی هات.**

خوایە ئـەی بینایی چـاوان! سـوپاس بۆتۆ، کە بەزەییت بەمنی هەژاردا هاتەوە. ئـەو هێزو توانایەت دامێ، لەپاش مەمەوزینی خانی، دیوانی شێخی جزیریش - بەسـۆرانی-شـی کەمەوە، کە زۆری بۆ بەئاوات بوم. ئۆخەی ئیتر خەمم نەما، ئاواتم نەبردە ژێر گڵ؛ بشمرم ئـارخەیان دەمرم. لەقیامەتێش دەس‌بەداوێنی خاوێنی ئەو دو خۆشەویستەت دەگرم، لێم رونە خۆم لێنابوێرن.

لەچاپو بەرهەمهێنانی ئەم‌کتێبە، چـەندکەسـێکی هەژارپەروەری خێرەومەند، یارمەتیان دام. ئەگەر چاکەیان لەبیرکەم، خۆم بەبێئەمەگ دەزانم.

سوپاسی زۆر بۆ: «کاك ماجدی روحانی» کە وەختە بێژم بەقەدخۆم خۆی ماندوکرد، پاك‌نوسـی ئەو خەتەپیسەم، هەڵەو پەڵە هەڵگرتنەوەی، بەسەرچاپ راگەیشـتنی، وەئـەسـتو گرت. هەر ئەویش بوی دامەزراندم، کرێی چاپیان لێ نەستاندم.

سوپاس بۆ کارگێری سروش، «ئـاغای زەورەق»، بۆ بەرپرسـی چـاپخانەی ادارۀ سـروش «مهرپرور»ی خوێن شیرین، بۆ کیژی یەکجـار هونەرمەند «ئـابگینە» کە بەراستی لەپیتچنینی کوردیدا موجزاتە.

پێشەکیش سـوپاسی زۆرم بۆ ئـەو کوردە لاوانەیە، کە بەچـاوی رەخنەگری، لە نوسـراوەکەم دەڕوانن‌و هەڵەکانم دەدۆزنەوە.

پازدەی پوشپەڕی ساڵی ١٣٦٠ هەتاوی.

عبدالرحمن شرفکندی
هەژار